تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

# چەردە باسێك لە بارەی كوردانەوە

## میهردادی ئیزەدی

**ئەمین شوان**

لە ئینگلیزییەوە كردوویە بە كوردی

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى , عربي , فارسي )

# چەردەباسێك لە بارەی كوردانەوە

ناوی کتێب: چەردەباسێك لە بارەی کوردانەوە

نووسینی: میهردادی ئیزەدی

وەرگێڕانی: ئەمین شوان

بابەت: لێکۆڵینەوە

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج

تایپ: ئومێد عەبدولڕەحمان جاف

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٦٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: ١٠٢٥ ی ٢٠٠٦

چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٧

کوردستان -سلێمانی

www.sardamco.com

میهردادی ئیزەدی

# چەردەباسێك لە بارەی کوردانەوە

بەشی زمان و شارستانییەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك/ زانکۆی هارڤارد

ئەمین شوان

لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

سلێمانی ٢٠٠٧

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە ( ٣٩٥ )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# ناوەڕۆك


| لاپەرە | بابەت |
|---|---|
| ٩ | لیستی نەخشەكان ........ |
| ١١ | لیستەی خشتبەندییەكان ........ |
| ١١ | لیستەی هێڵبەندی و وێنەكان ........ |
| ١٥ | پێشەكی ........ |
| ١٩ | هەندێ تێبینی لەبارەی سەرچاوەكانی ئەم كتێبەو شتی گشتیی ترەوە ........ |
| ٢٢ | سوپاس و پێزانین ........ |
| ٢٣ | فەسڵی یەكەم: |
| ٢٣ | جوگرافیا ........ |
| ٢٩ | سنوورەكان و جوگرافیای سیاسی ........ |
| ٣٣ | چۆن دابەشكاری جوگرافیایی كوردستان نەخشەكێش كەین؟ ........ |
| ٤١ | دابەشكارییە ناوخۆییەكان ........ |
| ٤١ | فەسڵی دووەم: |
| ٤٥ | سەرزەمین و ژینگە ........ |
| ٤٧ | جیۆلۆجیای زەوی ........ |
| ٥٢ | ئاو و هەوا و ڕێژەی بارانبارین ........ |
| ٥٧ | ژینگەو ژیانناسی ........ |
| ٦٠ | شینایی و زیندەوەر ........ |
| ٦٠ | فەسڵی سێیەم: |
| ٦١ | مێژوو ........ |
| ٦٩ | پێشكەوتنی تەكنۆلۆژی پێش مێژوو و دواتر ١٠٠٠ — ٢٠٠٠ پ‌ز ........ |
| ٧٢ | تەكنۆلۆژیای كشتوكاڵ و بڵاوبوونەوەی زمانی هیندۆ — ئەورووپی ........ |
| ٧٢ | چاخە مێژووییەكان ........ |
| ٨٤ | مێژووی هەرەكۆن: ٢٠٠٠ — ٤٠٠ پ‌ز ........ |
| ٩٩ | مێژووی كلاسیك ٥٠٠ — ٦٠٠ پێش زایین ........ |
| ١١٦ | مێژووی ناوەڕاست ٦٠٠ — ١٦٠٠ پاش زایین ........ |
|  | سەرەتای مێژووی هاوچەرخ ١٤٩٧ — ١٩١٨ ........ |

مێژووی هاوچەرخ ١٩٤٩ — ١٩٥٩ ........ ١٣٧
مێژووی ئەم دواییانە، لە (١٩٦٠)ەوە تا ئێستا ........ ١٥٣
فەسڵی چوارەم: ١٦٧
جوگرافیای مرۆیی ........ ١٦٧
هۆزەکان ........ ١٧٠
هۆز و کۆنفدراسیۆنە هۆزیە کوردییەکان ........ ١٧٨
کۆچکردنە مێژووییەکان ........ ٢١٦
کۆچ و دەربەدەری ........ ٢٤٣
کۆچ پێکردن و بەزۆر نیشتەجێکردن ........ ٢٤٦
ئاوێتە بوون و تێکدا توانەوە ........ ٢٦٠
دیمۆگرافیا ........ ٢٦٦
ڕووکارەکانی ئایندە ........ ٢٨١
شارنشینی و مەڵبەندە شارییەکان ........ ٢٨٤
کەمینە نەتەوەییەکانی کوردستان ........ ٢٩٥
فەسڵی پێنجەم: ٣٠١
ئایین ........ ٣٠١
سەیرێکی گشتی ........ ٣٠١
ئیسلام ........ ٣٠٧
تیرەی فریشتەکان ........ ٣١٢
یارسانییەت ........ ٣٣١
عەلەوییەت ........ ٣٤٢
یەزیدییەت ........ ٣٥٠
ڕێبازبەندییە سۆفیگەرییەکان ........ ٣٦٢
ئایینی جوولەکە ........ ٣٧٠
مەسیحییەت ........ ٣٧٣
بابییەت و بەهائییەت ........ ٣٧٨
فەسڵی شەشەم: ٣٨٢
زمان، ئەدەب و چاپەمەنی ........ ٣٨٢
زمان ........ ٣٨٢
کرمانجی ........ ٣٨٩
پەهلەوانی ........ ٣٩٢
لەکی ........ ٣٩٥
ئەدەب ........ ٣٩٧
پەروەردە ........ ٤٠٥

| | |
|---|---|
| فەسڵی حەوتەم: | ٤١٤ |
| كۆمەڵگا | ٤١٤ |
| كەسایەتی نەتەوەیی | ٤١٤ |
| كەسایەتی نیشتیمانی | ٤٢٢ |
| پاڵەوان | ٤٢٣ |
| جیاكان | ٤٢٦ |
| جلش | ٤٢٧ |
| رێكخراوی كۆمەڵایەتی | ٤٣٣ |
| بارودۆخی ژن و ژیانی خێزانی | ٤٣٧ |
| فەسڵی هەشتەم: | ٤٤٥ |
| مەسەلە سیاسی و هاوچەرخەكان | ٤٤٥ |
| ناسیۆنالیزمی كورد و دەوڵەتی نەتەوایەتی | ٤٤٥ |
| جیۆپۆڵەتیك | ٤٥٥ |
| كەلتووری سیاسی و رابەرایەتی | ٤٦١ |
| دەستبژاردەی سیاسی ئەو دەمە | ٤٦٤ |
| ناوچەگەری | ٤٦٩ |
| حیزبە سیاسییەكان | ٤٧٣ |
| ئێران | ٤٧٤ |
| عێراق | ٤٨٠ |
| توركیا | ٤٨٨ |
| سوریا | ٤٩٤ |
| فەسڵی نۆیەم: | ٤٩٦ |
| ئابووری | ٤٩٦ |
| سەرچاوە سرووشتییەكان | ٤٩٦ |
| نەوت | ٤٩٦ |
| كانزاكانی دیكە | ٥٠٠ |
| ئاو | ٥٠١ |
| كشتوكاڵ | ٥٠٦ |
| ئابووری كۆچەری | ٥١٢ |
| پیشەسازییەكان | ٥١٦ |
| بازرگانی | ٥١٨ |
| دەرفەتی كاركردن | ٥٢٢ |
| فەسڵی دەیەم: | ٥٢٥ |
| كەلتوور و هونەر | ٥٢٥ |
| كەلتووری میللی | ٥٢٥ |
| فۆلكلۆر و چیرۆكە فۆلكلۆرییەكان | ٥٣٠ |

| | |
|---|---|
| میهرەجانەکان و ئاهەنگەکان و ساڵنامە | ٥٣٥ |
| شایی و هەڵپەرکێ | ٥٤٣ |
| شانۆ و فیلمسازی | ٥٤٦ |
| نەخش و نیگار و دیزاین | ٥٥٠ |
| ڕایەخ و تەون و جۆلاکاری | ٥٥٤ |
| جل و بەرگ و خشڵ | ٥٦٧ |
| کاری پەیکەرسازی و نەخشەکێشانی شار | ٥٧٥ |
| خانووسازی و نەخشەکێشانی شار | ٥٧٩ |
| مۆسیقا | ٥٨٤ |

# لیستی نەخشەكان


| ژمارەی نەخشە | بابەت | لاپەرە |
| --- | --- | --- |
| ١- | بەراورد لەنێوان رووپێوی كوردستان و ئەورووپای ناوەڕاست و ئەمەریكای رۆژهەڵاتدا | ٢٤ |
| ٢- | كوردستان لە چوارچێوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو شوێنانەی زۆربەی دانیشتووانیان كوردن | ٢٥ |
| ٣- | كوردان و پێكهاتە ئەتنیكییەكانی دراوسێیان | ٢٥ |
| ٤- | گۆڕانە سەرەكییەكان لە پێكهاتەی ئەتنی ناوچە كوردنشینەكان لە (٣٠٠٠)ساڵی رابردوودا | ٢٧ |
| ٥- | یەكە ئیدارییەكانی ئێستای كوردستان | ٣٠ |
| ٦- | حەوت بەشە ناوخۆییە سەرەكییەكەی كوردستان | ٣٤ |
| ٧- | دابەشكاریی كوردستان لەسەر بنەڕەتی ناوچە هەرە گەورەكان | ٤٠ |
| ٨- | سیستەمی چیاكانی باشووری رۆژاوای ئاسیا | ٤٢ |
| ٩- | بەرزی و نزمی زەوی | ٤٤ |
| ١٠- | نزمترین پلەی گەرمای ساڵانە | ٤٨ |
| ١١- | رێژەی باران بارین لە كوردستان | ٥١ |
| ١٢- | رەتبردی فەرهەنگی حەلەف لە كوردستان | ٦٨ |
| ١٣- | پاشانشین و شارە دەوڵەتەكانی كوردستان تا پێكهێنانی ئیمپراتۆریی میدیا | ٧٤ |
| ١٤- | ئیمپراتۆریی قوتیلەكان — دەورووبەری ٢١٠٠ پێش عیسا | ٧٥ |
| ١٥- | ئیمپراتۆریی میدیا لە هەرەتی بركردنی دەسەڵاتییدا | ٨٣ |
| ١٦- | پاشانشینەكانی كوردان لە سەردەمی پارتی و رۆمانەكاندا | ٨٧ |
| ١٧- | ئیمپراتۆرییەتی پۆنتیی كورد لە سەردەمی پاشا میترادائی شەشەمدا | ٨٩ |
| ١٨- | فەرمانڕەوایی بوەیهییە دەیلەمییەكان | ١٠٤ |
| ١٩- | ئیمپراتۆرییەتی كوردیی ئەیووبی | ١٠٨ |
| ٢٠- | قەڵەمڕەوی فەرمانڕەواییە كوردییەكانی چاخەكانی ناوەند | ١٠٩ |
| ٢١- | فەرمانڕەواییە كوردییەكانی سەرەتای چاخەكانی هاوچەرخ | ١٣٦ |
| ٢٢- | پاشانشینی زەندییەكان | ١٣٩ |
| ٢٣- | ئەو نەخشەیەی ساڵی ١٩٢١ پەیمانی سێڤرە بۆ كوردستانی سەربەخۆ داینابوو | ١٣٩ |
| ٢٤- | كوردستان و ئەرمەنستان دوابەدوای جەنگی جیهانیی یەكەم | ١٤٠ |
| ٢٥- | راپەڕین و بزووتنەوە نیشتیمانییە كوردییەكانی ١٨٨٠ — ١٩٣٩ | ١٤٦ |
| ٢٦- | بەشە كوردنشینە دابڕاوەكان ١٩٢٠ — ١٩٧٥ | ١٥٩ |
| ٢٧- | مۆزو گەلە مۆزەكان | ١٧٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٨- | نەخشەی کۆچکردنی کوردەکان لە سەدەی ١٥ – ٦ پێش میلاد | ٢٢٠ |
| ٢٩- | نەخشەی کۆچکردنی کوردەکان لە سەدەی (٥)ی پێش میلاد تا (٤) پاش میلاد | ٢٢٣ |
| ٣٠- | نەخشەی کۆچکردنی کوردەکان لە سەدەی (٥)ی پاش میلاد تا سەدەی (١٢) | ٢٢٠ |
| ٣١- | کۆچکردنی کوردەکان لە سەدەی (١٢)ی پاش میلادەوە تا ئێستا | ٢٢٨ |
| ٣٢- | داستانی سەرەکیی دەربەدەرکردنی کوردان لە سەدەکانی (١٦ و ١٧ و ١٨)دا | ٢٥٤ |
| ٣٣- | دەربەدەرکردنە گەورەکانی کوردان لە سەدەی (٢٠)دا | ٢٥٧ |
| ٣٤- | کاریگەریی جەنگی جیهانی یەکەم لەسەر ژمارەی دانیشتووانی کوردستان | ٢٧٧ |
| ٣٥- | شاروشارۆچکەکان لە کوردستانی باشوور و ناوەندو رۆژهەڵات | ٢٨٩ |
| ٣٦- | مەڵبەندە شارییەکانی کوردستانی رۆژاوا و باکوور | ٣٩٠ |
| ٣٧- | کەمینە نەتنییەکانی کوردستان | ٣٩٦ |
| ٣٨- | پێکهاتەی ئایینی کوردستان | ٢٠٢ |
| ٣٩- | پێکهاتەی زمانیی کوردستان | ٣٩٠ |
| ٤٠- | پارتە سیاسییەکان و سنووری سەرەکیی چالاکییان لەم دەمەدا | ٤٧٨ |
| ٤١- | کانە نەوتەکان و دەزگاکانی بەرهەمهێنان لە کوردستان | ٤٩٧ |
| ٤٢- | سیستەمی رووبار و چۆمەکانی کوردستان . | ٥٠٢ |

# لیستی خشتبندییەكان


| ژمارەی خشتە | بابەت | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١- | هۆز و كۆنفیدراسیۆنە هۆزییە كوردییەكان | ١٧٨ |
| ٢- | گۆڕانی دیموگرافی كوردان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. | ٢٧٢ |
| ٣- | تەرزیەندییەكانی دیموگرافی كوردان لە سەدەی بیستەمدا | ٢٨٠ |
| ٤- | أ- خشتبەندی دیموگرافی كوردان لە ئێستاو دوا ڕۆژی نزیكدا | ٢٨٣ |
| | ب- ڕێژەی پەرەسەندنی دانیشتووان لە رابردوو و ئاییندەی نزیكدا | |
| ٥- | پێكهاتە ئایینییەكان لە وڵات و شارە كوردنشینەكاندا و ڕێژەی (٪)یان | ٣٠٤ |
| ٦- | دەورانەكانی دروستبوون و ناوی بەرجەستەكەرەكانی ڕووحی گەردوون لە یارسانییەتدا | ٣٤٠ |
| ٧- | ئەو بەنداوانەی ئێستا لەژێر كاردان یان ئەم دواییانە تەواو كراون لە كوردستانی ڕۆژاوا و باكوور لە ئەنەدۆڵ | ٥٠٣ |


# لیستی هێڵبەندی و وێنەكان


| ژمارەی هێڵ | بابەت | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١- | ئاراستە دیموگرافییەكانی كوردان لە (٦٠٠)ی پێش میلادەوە تا (١٩٠٠) پاش میلاد | ٢٧٢ |
| ٢- | أ- خێزانی زمانە هیندو ئەورووپییەكان | ٢٨٥ |
| | ب- خێزانی زمانە هیندو ئەورووپییەكان - لقی زمانە ئێرانییەكان | ٢٨٦ |
| ٣- | نەخش و نیگاری سەرمافوور و بەڕەی كوردی | ٥٦٤ |
| ٤- | جل و بەرگی كوردستانی ڕۆژاوا و هەندێ ناوچەی پارچەی دابڕاوی خۆراسان و كوردستانی باكوور. | ٥٦٩ |
| ٥- | جل و بەرگی كوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات و ناوەند | ٥٧١ |

# نرخاندن

دوای سڵاو نیشانە بە نامەی ڕۆژی شازدەی نیسانی ئیمساڵتان دەربارەی كتێبەكەی میهردادی ئیزەدی كە مامۆستا ئەمین شوان كردوویە بە كوردی دەڵێم ئەو كتێبە بەپێی بۆچوونی من بەرهەمێكی زانستیی بە هادارو دانسقەو بێ ئەندازە بایەخدارە، بە نەخشەو نەخشەسازی و تابلۆ و لێدوانی قووڵ و بۆچوونی وردو هەڵسەنگاندنی بابەتەكی ڕازێنراوەتەوە، سەرچاوەكانی هەمە جۆر و پێویستن، بەشێكیان لەو سەرچاوانەن كە بە ئاسانی وەدەست ناكەون، پێم وایە دانەری نەك شانی لە شانی كوردناسە ناسراوەكان داوە، بەڵكو گەلێك جاران و لە زۆر خاڵی دەگمەندا بۆڕیشی داون.

وێڕای هەموو ئەوانەی وتمانن و گەلێكی تری وەك ئەوانیش نووسەر وەك زانایەكی ڕاستگۆ لە هەموو ڕوویەكەوە بە شێوازێكی بابەتەكی لەگەڵ خەرمانی فرە دەوڵەمەندی ڕووداوەكان و ئاڵوگۆڕە جیاوازەكانیاندا ڕەفتاری كردووە، وەستایانە بەدووی ڕاستیەكاندا چووە، ئاوڕی لە هەستو ئارەزووی هیچ لایەن و دام و دەزگایەك نەداوەتەوە، هەرچەندە وەك مرۆڤێكی دادپەروەر لە سەنگەری زۆر لێكراواندایە كە كوردان لە ڕیزی هەرە پێشەوەیاندان، بەڵام سۆزی نارەوای وەلا ناوەو چاوی لە زێدڕۆیی جارجارەی ئەوانیش نەپۆشیوە.

هەرچەندە بە كوردی كردنی بەرهەمێكی وا چڕو پڕی هەمەلایەنیی بە زوبانێكی ئینگلیزیی بەرز داڕێژراو كارێكی هەر وا ئاسان نییە كەچی پتر لە چاوەڕوانی هەموومان وەرگێڕی هاتۆتە دەست و بە كوردییەكی پەتی و ڕەوان و بێ گرێ سەرجەمی بابەتەكانی داڕشتوونەتەوە و گیانی كردوون بە بەرداو بۆ هەمووانی سەلماندووە وەرگێڕان هونەرێكی بەرزی نەوتۆیە كە لە وێزەی كەم كەسدایە، بریا دوكتۆر ئیزەدی بۆخۆی كوردیی دەزانی تا دڵنیا بووایە لەوەی

بەرهەمە ناوازەکەی لە بەرگێکی قەشەنگدا دەگاتە دەست کوردەکەو بەڵگەیەکی سەلمێنەری نوێی بۆچوونەکانی خۆی دەبینی کە سوورە لەسەر ئەوەی کورد هیچی لە کەس کەمتر نییە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا کە مشتێکن لە خەروارێك، ژمارەیەك تێبینی و خۆزگەم هەیە کە والێرەدا چەند نموونەیەکیان دەخەمە بەرچاو. نووسەر قۆناغی مێژووی هاوچەرخی کورد بە سالانی ١٤٩٧ تا ١٩١٨ دادەنێت کە ئەوە پێودانێکی ئەورووپاییەو بۆ کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان دەست نادات. هەمان کات نووسەر بەهۆی سەرچاوەکانییەوە کەوتۆتە ژمارەیەك هەڵەوە کە بەپێی بۆچوونی خۆم بەشێکیانم هەر لەسەر لاپەڕەکانی تەرجەمەکە تۆمار کردووە.

چەند ستایشی کارەکەی شوان بکەم هێشتا بەلامەوە کەمە، کاتی خۆی لە رێگەی وەرگێڕانییەکانییەوە، تایبەت لە رێگەی کتێبەکەی ئارشاك سافرستیانەوە باش لەم رووناکبیرەمان گەیشتبووم، بەم کارە نوێیەی هێندەی تر لام گەورە بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا ژمارەیەك پێشنیاریم بۆی هەیە، ناوەڕۆکی کتێبەکەی میهردادی ئیزەدی گەورەترین پێناسەی دانەرێتی، لەگەڵ ئەوەیشدا بریا وەرگێر پوختەیەکی چڕوپڕی دەربارەی نووسەر دەکردە چەپکە گوڵیی رازاوەی پێشەکییەکی گەلێك فراوان و قووڵتر لەوەی کردوویەتی. نکۆڵی لەوەیش ناکرێت کە وەرگێڕ زۆر باش بە چاپە کوردییەکەدا چۆتەوە و ورد هەڵەچنی کردووە، ئەوەی بەداخەوە هەمووان وەك پێویستە وا پەیڕەوی ناکەن، لەگەڵ ئەوەیشدا ژمارەیەکی زۆر هەڵەی تر خزاونەتە ناو چاپەکەوە و وەك بەڵگە چەند نموونەیەکم لەسەر کتێبەکە بۆ دەستنیشان کردووە، وێڕای ئەوەی لەسەرانسەری وەرگێڕدراوەکەدا سەردێڕێکی نوێ و ئاسایی وەبەرچاو ناکەوێت هەرچەندە هیچ نەبێت دەیتوانی سەرەتای هەموو پەرگرافە نوێکانی کارەکەی وەك دەقی ئینگلیزییەکەی ئیزەدی لێ بکات. چەند تێبینییەکی تری لەو جۆر و بابەتانەم لە شوێنی خۆیاندا لەسەر لاپەڕەکانی کتێبەکە دەستنیشان کردووە کە نە ئەوان و نە ئەمانەی وتمن بۆیان نییە نە زۆر و نە کەم لە نرخ و بایەخی بێ ئەندازە زۆر و بەرزی کارەکەی ئیزەدی و شوان کەم بکەنەوە. پێم وایە کتێبە نایابەکەی میهردادی ئیزەدی شایانی ئەوەیە بێ دواکەوتن بکرێتە تورکی و فارسی و فەرەنسی و رووسی و چەند دەتوانرێت هێند فراوان بڵاوبکرێتەوە.

لەگەڵ رێزمدا.

**کەمال مەزهەر**

**٢٠٠٦/٦/١**

# پێشەكی

هەر لە سەرەتای تۆماركردنی مێژووەوە، سەرزەمینە شاخاوییەكانی باكووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرزەمینی گەلێك بووە كە خاوەنی كەلتوورێكی جیاواز و ڕەسەنی ئەم جیهانەیە. هەندێ لایەنی ژیان و كەلتووری كوردان، لە ڕاستیدا، ڕێچكە دەبەنەوە ناو قووڵایی زیاتر لە پەنجا هەزار ساڵ لەمەوبەر و دەچنەوە ناو ئەشكەوتەكانی شانەدەرەوە لە دەوروبەری هەولێری كوردستانی ناوەڕاست. كەچی، سەرەڕای ئەو هەموو كەلەپوورە كۆنە و ئەو زیندووییە فەرهەنگییەكە لە كوردانـدا دیارە لەسەرچاوە مێژووییەكاندا كەمتر باس و خواسیان هاتووە. ئۆباڵی ئەمەش دەكەوێتە مل ئەو ڕاستییەوە كە كورد تا ئێستا نەبووە بە خاوەن دەوڵەت و دەسەڵاتی تایبەت بەخۆی، كەچی هەر لە سایەی دەوڵەت و دەسەڵاتەوە وڵاتانی وەكو توركیاو ئێرانو عێراق و سوریا خۆیان بادەدەن كە گوایە بەرزەكی بانان و خاوەن پێناسەی جیاوازی خۆیانن و هەر ئەمەش بۆیان بووە بە بەرەكەت و پێی بوونە بە نەتەوەی جیاواز و یەكڕەنگ لە كاتێكدا لە چەندین پێكهاتەی جیاواز و بەڵەك بەولاوە هیچی تر نەبوون.

لە هەمان كاتیشدا ئەم نەتەوە– دەوڵەتانە هەرگیز لە تەقەلای ئەوە نەسرەوتوون نەهێڵن كورد ببێ بە قەوارەیەكی ماڵ جیای نەتەوەیی و تا بۆیان كراوە خۆیان گوشیوە دەستبەرداری یەككرتنی بن.

هەر لەبەر ئەمە چیان بۆ كرابێ لە بواری چەواشەكاری و دیزە بە دەرخۆنەكردنی ڕەسەنایەتی و كەلتووری نەتەوەیی كورددا درێغیان نەكردووە نەك هەر ئەمە، تا بۆیان كرابێ كۆسپ و تەگەرەیان خستۆتە بەردەم هەموو هەوڵێك بۆ دەرخستنی ڕابردووی تیشكداری و گرنگی بوونی وەكو ڕەگەزێكی جیاواز. بۆ ئەم مەبەستەش ناو و ناتۆرەی بێ بنەما و بەلگەیان بە سەریدا سەپاندووە وەكو "توركی چیایی" لە توركیا و "عەرەبی نومەوی ڕەگەز" لە سوریا و عێراق بۆ یەزیدییە كوردەكان. لە پەنای ئەم كردەوەیەدا، لە وڵاتی وەكو ئێران و

ئازەربایجانی سۆڤیەتی و تورکمانستان، جیاوازیی ڕەگەزی کورد دەخرێتە ژێر لێوەوە. بەم کارەیان ئەم نەتەوە- دەوڵەتە تازە داکەوتوانە سەریان تەنانەت لە کوردەکانی خۆشیان شێواندووە و چەواشەیان کردوون.

بە ڕاستی، جێی سەرسووڕمانە کەوا تەنانەت تەڵەزمە سواڵەتێکی کۆنینە یان نووکە ڕمێکی ژەنگن، یان کەرتە گۆزەیەکی شکاو یان شتێکی تری لەم بابەتە کە بوترێ بەڵێ ئەمە هی کوردە و بە ئاسەواری کورد دادەنرێ لە هیچ مۆزەخانەیەکی ئەم سەرزەمینەدا خۆی نەگرتۆتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە مۆزەخانەکانی ئەمسەر و ئەوسەری جیهان پڕن لە ئاسەوارو پاشماوەی گەلانی تر.هەر لە سەردەمی بەردەوە بیگرە تا دەگەیتە مێژووی نوێی ئوستڕالیا و باکووری ئەمەریکا و دوورگەکانی پاسەفیك و وڵاتانی ئەفەریقا.

بەرەو مافوور و (لەم دوادواییەدا) هەندێ کاری وێنەکێشی و نەخشونیگاری لێدەرچێ، کەلەپووری مودێرنی دەستڕەنگینانەی کاری هونەریی کوردیش هەر ئەم دەریای نەناسین و پشت لێکردنە هەڵیلوشیون. بۆ نموونە، لە چوار بەش سێ بەشی ئەو مافوور و بەڕانەی ئێستا لە تورکیا دەسکرد دەکرێن، بەرهەمی دەستی ڕەنگینی ژن و پیاوی بەهرەداری کوردن، کەچی لە چوارچێوەی سنووری ئەو وڵاتە خۆیدا، کەس ناتوانێ ئەو ڕاستییە هەر باسیش کا.

لەم کارەمدا، من هەوڵم داوە کەلەپوور و میراتی لە کوردەوە بەجێماو، پاش تۆزتەکاندن، بخەمە سەربالّی های کردن. لە کاتێکدا بازاڕی شارستانیی دابەشکراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوکان بە دوکان و گوزەر بە گوزەر ناوی پێکهاتە نەتەوەییەکانی تریان پێوەیە، کڕین و فرۆشیان گەرمە و دەنگی های کردن تێیاندا دەگاتە ئاسمان، کەچی کوردانی بێ دەوڵەت لەو دووەرەوە سیسکەی چاویان دێ و نە دوکانێکیان هەیە نە گوزەر.

سەبارەت بەوەی کێ کوردە و کێ کورد نییە، ئەم کارە تەواوی ڕێز لە بیروڕای هەر کەسێك دەگرێ کە بڵێ من کوردم، بێ پەنگانەوە لەسەر شێوەی زمانی، جۆری ئایینی یان ئەو دەوڵەتەی لەناو سنووریدا دەژی.

لەم بارەیەوە هەر کۆمەڵێك کە لەسەرزەمینی کوردستان نیشتەجێ بێ، خۆی تا ئەمڕۆ جگە لە کوردبوون پێناسەیەکی تری هەڵنەبژاربێ، یان خۆی نەبەستبێت بە پێکهاتەیەکی ئەتنی یان نەتەوەیی ترەوە کە ئێستا یان جاران لە دەرەوەی کوردستان ژیابن، ئەوا بە کورد

دادەنرێ. هەر ئەم پێودانگە بۆ چەسپاندنی پێناسەی میسرییە كۆنەكان یان گریكەكان و پێوەندی ئێستایان بە میسری و گریكەكانی ئەم سەردەمەوە بە گشتی بە دروست دانراوە و كاری پێ دەكرێ.

بۆیە بەهەمان دڵنیاییەوە كە دانیشتووانی میسری سەردەمی فیرعەونەكان، بە باوباپیرانی راستەقینەی میسرییەكانی ئێستا دادەنێین، هەرچەند بە زمانێكی تریش دوابن، یان بەشێوەیەكی تر ژیابن و تەنانەت شێوە و ڕوخساری ڕەگەزیی تریشیان بووبێ، دەبێ دانیشتووانی كۆنی كوردستانیش بە باوباپیرانی دانیشتووانی ئێستاكەی بزانین. ئەم دیدە لەو فەسڵەدا بە دێژی دەردەخەین كە باسی پێناسەی ئەتنیكی دەكا.

ئەم كتێبە بۆ ئەوە دانراوە ببێ بە سەرچاوەیەكی كورت بەڵام بەڵگەچینكراو بۆ هەر بابەتێك كە سەرەداوێكی بچێتەوە سەر كورد، كەسەرباسی پشتەڵەكی مێژوویی و بنباسی دابەشكردنی جوگرافیانەبێ. لێرەدا تەنها سەرەداوە درشتەكان و هۆكار و جێ دەستەكان باس كراون، هەمووشمان لەو ڕاستیە باش ئاگادارین كە هەست و نەست و سەروبنی گەلێك هەرگیز لەناو سینگی یەك كتێبدا كۆ ناكرێتەوە، جا ئەو گەلەش گەلێكی وەكو كوردبێ كە هێشتا بەشێكی زۆری سەربووردی ژیانی لەناو دووكەڵ و تەپوتۆزی ونبوون و شارراوەییدا تا تەپڵی سەر خنكاوە. بۆ نموونە، هەر ئەم دەمە كەواین لە كۆتایی هەزارەی دووەمی مێژوودا و لە چاخی سەفەر و گەشتی تاریكایی ئاسماندانین، كەس نیە بوێرێ بەپشت ئەستووری بە بەڵگە و ژمارەبەندی دروست، ژمارەی هەموو كوردانی سەر ڕوی ئەم زەمینەمان بداتێ. هیوامان وایە ئەم كتێبە هەستی لێكۆڵینەوە زیاتر بووروژێنێ، تا ژەنگ لەسەر ئەم ڕاستیانە لادرێ و هەر خاوەن ئامانجێك بە ئاسانی و دروستی بتوانێ بگاتە مەبەستی.

ڕووی ئەم كتێبە لە زۆرترین ژمارەی خوێنەر و دەزگاكانی باس و هەواڵ و مامۆستایان و خوێندكاران و ئەدەب نۆست و شارەزایانی دیكەی مەیدانەكانی زانست و تەنانەت گەڕیدەكانیشە ئەمە سەرچاوەیەكی سووكەدەستە بۆ بە ئاسانی گەیشتن بە زانیاری، یان بۆ هەر كەسێك بیەوێ زانیاریەكی سەرپێی لەسەر كوردان و كوردستانی وڵاتیان دەزگیركا.

نووسەری ئەم كتێبە ئێستا خەریكی ئامادەكردنی كتێبێكی فراوانترە بە ناوی "لێكۆڵینەوەیەكی بنچینەیی سەرزەمین و گەلی كوردستان"ەوە. هیوا وایە لەوێدا زانیاری فرەتر

بخرێتە بەردەستی خوێنەر، لە بارەی کوردان و سەرزەمین و مێژوو کەلتوورییانەوە. لەپاڵ ئەو کتێبەشدا ئەتڵەسێکی تایبەت بە کوردان بە دەستەوەیە.

لە کاتێکدا دوا بژارکاری و تەتەڵە و گێژەی ئەم کارە لەدوا قۆناغییدا بوو، یەکیەتی سۆڤیەت کە دوا ئیمپراتۆرەیەتی مەزنی ئەورووپا بوو، باروبارگەی پێچایەوەوە و بوو بەمیوانی مێژوو.

تا ئەو کاتە کە دەوڵەتێکی تر پستی سەرزەمینەکانی ئەو وڵاتە دەگرێتەوە دەست، زاراوەی "یەکیەتی سۆڤیەت" یان هەر "سۆڤیەت" لەهەر شوێنێکی ئەم کتێبەدا هاتن هەر هەمان مانای گۆرینی کۆن دەگرنەوە.

کامبریج/ کانوونی یەکەمی ١٩٩١

## هەندێ تێبینی لە بارەی سەرچاوەكانی ئەم كتێبە و شتی گشتیی ترەوە

ئەو بیبلۆگرافیا و سەرچاوانەی تر كە لە دوای هەر یەكە لە بابەتەكانی ناو ئەم كتێبەوە پێشنیار كراون، ئەو سەرچاوە و بنج و بنەوانانە دەگرنەوە كە ئەم كتێبەیان لێ هەڵێنجراوە. زۆر گرنگە ڕاستییەك بزانین كە ئەمانە بە هیچ كلۆجێك لە هەموو شتێكدا لەگەڵ ناوەرۆكی ئەم كتێبەدا سەد ڕێكو كۆك نین. بە پێچەوانەوە، سەبارەت بە ساوایی مەیدانی دیراساتی كوردی، گەلێ لەم سەرچاوانە، تەنانەت لە بابەتە ئەساسییەكانیشدا، لەگەڵ زۆر بابەتی ناو ئەم كتێبەدا ناگونجێن، تەنانەت لەگەڵ یەكەمیشدا هەر نەكوڵەكن. هەندێ لەو سەرچاوانەی كە ناویان هێنراوە، لە كاری ترياندا لە هەڵوێست و بۆچوونی ڕابردوویان پاشگەز بوونەتەوە. بۆ نموونە لە بارەی مەسەلەیەكی گرنگی وەكو ڕەگوریشەكانی زمانی هاوجەرخی كوردییەوە زماناسێكی بەناوبانگی وەكو دێڤید ب. مەككێنزی ساڵی ۱۹٦۱ بۆچوونێكی لە بارەی ئەو پەیوەندییانەوە خستە ڕوو كە لەگەڵ زمانی میدییەكاندا، كەچی لە ۱۹۸۹دا لەو بۆچوونەی خۆی پاشگەز بووەوە[1]. كەواتە، هەموو سەرچاوە گرنگەكان، لەم كتێبەدا دراون بێ ئەوەی هەڵوەستە لەسەر هەڵوێست و بۆچوونەكانیان بكرێ، ئەویش تەنها بۆ ئەوەی ماوەیەكی تەواو بە خوێنەر بدرێ تا لە بیر و ڕا جۆراوجۆرەكان ئاگادار بێ. هیچ سەرچاوەیەك لەم كتێبەدا هاتبێ، لەم بە باڵابرینە بەدەر نییە.

هەندێ سەرچاوەی گشتی لە كۆتایی هەر یەكێك لە بابەتە سەرەكییەكاندا ناونووس كراون. بۆ هەر یەكەشیان كورتە سەنگاندنێك كراوە. بە گشتی هەوڵ دراوە تەنها بە ئینگلیزی سەرچاوەكان بدرێن بەڵام ئەمە لە هەندێ شوێن بازی بەسەردا دراوە، بۆیە هەندێ سەرچاوەی گرنگ كە بە زمانی فەرەنسی، ئەڵمانی و ڕووسیش نووسراون، خراونەتە پاڵ ئینگلیزییەكان، تا زۆربەی خوێندەواران نەكەونە گێژاوی بێهوودەكارییەوە، لە بیبلۆگرافییەكاندا، خۆم نەداوە لە ئاقاری ئەو سەرچاوانەی كە بە زمانە ڕۆژهەڵاتە ناوەڕاستییەكان نووسراون. هەرچی كاری

[1] بڕوانە Peter A. Anderewses (Ethnic groups in the Republic of Turkey) لە (1989 – P.531) Wesbaden: Ludung Rachestدا.

دانـەرە گریـك — رۆمـە کلاسیکییەکان و ئیسلامییەکانی سـەدە ناوەندییەکانـە، ئـەوا لەبـەر شۆرەتی بەربڵاویان، بە پێویستم نەزانی لە بیبلۆگرافیابەندیی ئـەم کتێبـەدا خانەیـەکی جیایـان بۆ تەرخان کەم.

لـە هـەڵاواردانی زمانـە ڕۆژهەڵاتناوەڕاسـتییەکاندا و ئەوەنـدەی پەیوەنـدی بـە سەرچـاوە پێشنیارکراوەکانەوە هـەبێ، نەخشەکان، زانیارییـەکانی سـەرژمێری و ئەتڵەسـەکان بـەدەرن، واتە تەنها ئاماژە بۆ ئەوان کراون.

تەنها ناوی ئەو کتێب و دەزگای بڵاوکردنەوانـە لـەم کتێبـەدا هـاتوون کـە لـەم (٣٠) ساڵەی دواییدا هاتوونەتە ناوانەوە. ئەو سەرچـاوانەی کـە لەلایـەن دەزگـای بڵاوکردنـەوەی زانکـۆ یـان مۆزەخانەکانەوە باسیان کراوە، بێ ناوی دەزگای خاوەن پەیوەندی تێ نەپەڕیون، چونکە ئەم دەزگایانە گەلێ زیاتر لـە دەزگاکـانی بڵاوکردنـەوە کـتێبی فرۆشتنیان هەیـە. شـار یـان وڵاتـی بڵاوکردنەوەش هەمیشە ناویان براوە.

ئـەو نەخـشە و وێنـە و خـشتەبەندییانەی لـەم کتێبـەدا دراون، هـەموو ئەسـڵێن و سەرچاوەکانیـشیان بـە ڕوونـی لـە داوێـنی هـەر یەکەیانـدا وتـراون، ئەوانـەی لـێ دەچـێ کـە زانیارییـەکانیان لەلایـەن نووسـەرەوە لـە چـەند سەرچـاوەی جیاجیـادا هـەڵێنجرابێ، لێرەشـدا سەرچاوەی زانیارییەکان لـە دامێنـدا و لـە چوارچێوەی بیبلۆگرافیاکانـدا دەستنیشان کـراون. سنوورەکانی کوردستان بە پشت بەستن بـە سەرچـاوەی بـاوەڕپێکراوی متمانـەدار لـە فەسـڵی "جوگرافیا"دا سنووربەندی کراون.

دەستەواژەیەکی زۆر، بێ دەست ترسان، لەنێوان سەرباسەکاندا کراوە و لە شوێنی پێویست ئاماژەیان بۆ کراوە تا خوێنەر بە ئاسانی بتوانێ بگەڕێتەوە سەریان و ڕاوێژیان پێ بکا، چـونکە ئەو سەرباسانە نەك یاریدەدەری دەسووبردن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، بەڵکو لـە هەنـدێ جێگەدا زۆر پێویستن بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی تەواوی بابەتەکانیش.

دەزانم بۆ کەسێك کە شارەزایی پڕی لـە زمانـەکانی کـوردی و فـارس و عـەرەبی و تورکیـدا نەبێ، هەرگیز ناکرێ بە ڕاستی و دروستی ناوەکان بە هیچ سیـستەمێکی دەربـڕینی دەنگـەکان وەکو خۆیان دەربڕێ و چونکە کاری ئەم کتێبە فرێ بە هیچ جۆرێك لە جۆرەکانی زمانەوانییەوە نییە، بۆیە لەم بوارەدا لە دروستکردنی گرانباری بۆ خوێنەر خۆم بە دوور دەگرم.

هەر لەبەر ئەم هۆیەش، بۆ دەربڕینی ناوەكان زمانی ستانداردی ئینگلیزیی ئەمەریكیم كردووە بە بەردەباز و ناوەكانم لە ڕووی دەنگی پیتەكانەوە پێیدا پەڕاندۆتەوە. لەم بوارەدا تەنها نیشانەیەكی دەنگی نەختێ ئاڵۆزیی ناوەتەوە، ئەویش دەنگی (ئا – â)یە كە لە وشەی وەكو (far، bar،car ) دەردەكەوێ چونكە (a) بێ سەرەكەی سەری، بەو جۆرە دەردێ كە لە وشەكانی (add، bad،sad )ی ئینگلیزیدا دەردەچن.

ناوی شوێنەكان، هەر بەو شێوەیە دەربڕاون كە كوردەكان بەسەر زاریاندا دێ، ئەوانەیان لێدەرچێ كە خۆیان لە بنەڕەتدا كوردی نین، یان كوردین بەڵام بەشێوەی تایبەتی دەردەبڕێن وەكو (ئەربیل، مەهاباد) كە هەردووكیان شاری كوردنشینن لەلایەن كوردان خۆیانەوە بە (هەولێر، سابلاخ) دەردەبڕێن. بۆ ئەوەی كارەكە بۆ خوێنەران زیاتر سانا بكەین، جۆری گۆڕان لە دەربڕینی ناوی شار و شارۆچكەكاندا لەژێر بابەتی "شارنشین و مەڵبەندە شارییەكان"دا باس كراوە.

ناوی هۆزەكان، تا كرابێ بەو شێوە كلاسیكیە كوردییەیان دەربڕاون كە مێژوونووسی كوردی بەناوبانگی سەدەی شانزەیەم (شەرەفخانی بدلیسی) نووسیونی. لەوە بەولاوە نووسراوەكانی مێژوونووسە ئیسلامییەكانی سەدەكانی ناوەند بەكارهاتوون. ئەمەم بەبێ هۆكارە نەكردووە، چونكە زۆر جار ناوی هەمان هۆز، یان لقەكانی، بە چەند شێوە دەردەبڕێ، بە تایبەتی ئەگەر لقەكان زۆر لە ڕووی شوێن و نیشتگەوە لێك دوور كەوتبنەوە. باشترین نموونە بۆ ئەم ناوگۆڕانە هۆزی ڕەشەوەندە، كە ئێستا هەر لە ڕۆخەكانی دەریای سپیی ناوەڕاستەوە پەڵە پەڵە نیشتەجێن تا دەگەیتە قەفقاسیا – ئاسیای ناوەندی سۆفیەتستان. هەر لەم سەردەمەی ئێستاماندا هۆزەكە بە چەند ناوی جۆراوجۆر ناوی دەركردووە كە هەر لە ڕاشڤەن ڕاشڤەند و ڕەشولەوە دەگرێتەوە تا دەگاتە ڕەشڤان و ڕەشخان و ڕەشكان. ئەم گۆڕانانە لەوانەیە ببێتە هۆی گومان خشتنە سەر یەكڕەسەنیی ئەم هۆزە كە بە سەر دوو هەزار میلی سەرزەمیندا پەرش بۆتەوە و خاوەنی مێژوویەكی پڕ لە كارەسات و ڕووداوە.

بۆ خاتری تێكنەدانی بیری خوێنەر، ئەو ناوانەی لە ئینسایكلۆپیدیای ئیسلامدا هاتوون، وەكو خۆیان نووسراون كە لای مێژووناسە كلاسیكە ئیسلامییەكان، یان جوگرافیاناس و ڕووناكبیرانی دیكەی ئەو سەردەمە باو بوون. ئەم ناوانە لە ژمارەدا زۆر نین و شێوەی دەربڕینیشیان بۆ ئەوانەی لەو بوارەدا شارەزاییان هەیە شاراوە نییە.

# سوپاس و پێزانین

کتێبخانە و مۆزەی کوردی لە برۆکلینی نیویۆرک مەردانە سەرچاوە بەنرخەکانی خۆی خستە بەردەستم، بۆیە بە پێویستی دەزانم بەشێوەیەکی تایبەتی سوپاس و پێزانینی خۆم بۆ ئەم دەزگایە دەربڕم هەردوو دکتۆر ڤێرا بۆدین و سەعید پوری ئاوەڵی دێرینم و خاتوو ئەناهید عەکاشەی هاوسەری خۆشەویستم، بەرێنومایی و سەرنجە بە نرخەکانیان، بۆ ئەم کارە بوون بە هاندەر و یارمەتیدەر بۆیە سوپاسی بێ پایانی هەردوو لایان دەکەم.

دەبێ سوپاسی تایبەتیش پێشکەش بە پرۆفیسۆر ویلەر تاکستی بکەم، بۆ سەرنجە بە نرخەکانی لە رێکخستنی ئەم کتێبەدا، هەروەها هاورێی دڵسۆزم دکتۆر لۆرەنس پۆتەر، کە پەیتا پەیتا لە نووا رووداو و گۆرانکارییەکانی کارووباری کوردان ئاگاداری دەکردم. هەروەها قەرزداری بەرێز تۆد بۆڵدوینم کە لە دارشتنی ئەم کتێبەدا لە چاوەدێری و رێنومایی و وردەکاری بەنرخ درێغی نەکردوە.

# فەسڵی یەكەم

## جوگرافیا

### سنوورەكان و جوگرافیای سیاسی

سەرزەمینی پان و بەرینی كوردان لە (٢٠٠) هەزار میلی چوارگۆشە زەوی پێكهاتووە — پانایی بەتەواوی هاوتای پانایی فەرەنسا یان ویلایەتەكانی كالیفۆرنیا و نیویۆرك پێكەوەیە. (بڕوانە نەخشەی ژمارە ١). كوردستان بەسەر سنووره شاخاویەكانی باكووری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەلاژاوە و بەوە ئەو سەرزەمینە لە یەكێتی سۆڤیەتی بەرێ جیادەكاتەوە. بەشكل لەپیتی (٧)ێكی ئاوەژووكراو دەچێ كە نووكەكەی ڕووی لە قەفقاس و لینگەكانی ڕویان لە دەریای سپیی ناوەڕاست و نۆكەندی فارس بێ (بڕوانە نەخشەی ژمارە ٢).

لە كاتێكدا ئەمڕۆكە كورد خاوەنی دەوڵەتی خۆی نییە، كە خاكەكەشی بگرێتەبەر، دەتوانین بەو سەرزەمینانە بڵێین كوردستان كە زۆربەی دانیشتووانیان كوردن. وڵاتی كوردان هاو سنووری ستراتیژیە لەگەڵ هەر سێ پێكهاتە ئەتنیەكەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا: عەرەبەكان لە باشوورەوە، فارسەكان لە ڕۆژهەلاتەوە و توركەكان لە ڕۆژئاواوە.

لە پاڵ ئەمانەدا، هەندێ كۆمەڵی بچووكی تریش هەن كە لەگەڵ كوردانددا هاو سنوورن، وەكو گورجیەكان (كە لازەكانیش دەگرنەوە) و ئەرمەنیەكان لە باكوورەوە، ئازەریەكان لە باكووری ڕۆژهەلاتەوە، لوڕەكان لە باشووری ڕۆژهەلاتەوە، توركمانەكان لە باشووری ڕۆژئاواوە (بڕوانە نەخشەی ژمارە ٣).

ڕووبەری ئەو سەرزەمینانەی دانیشتووانی كوردیان لەسەر جێگیر بووە، لەبارەی مێژووییەوە، هەمیشە لە گۆڕاندا بووە. ئەم سەرزەمینانە زیاتر شان بەشانی




نەخشەی ژمارە( ١ ) بەراورد لەنێوان ڕووپێوی کوردستان و ئەورووپای ناوەڕاست و ئەمەریکای ڕۆژهەڵاتدا



نەخشەی ژمارە(2) – كوردستان لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا



نەخشەی ژمارە ( 3 ) كوردان و پێكهاتە نەتنییە كانی دراوسێیان

تەنینەوەی کوردان بە دەوروبەردا تەسك بۆتەوە. ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە باری دیموگرافی و مێژوویی و ئابووری هەبووە (بڕوانە نەخشەی ژمارە ٤).

لە فەسڵی جوگرافیای بەشەرییدا شیکاریەکی دووری درێژی دەربەدەری و جێگۆڕکێ و تێکەڵاو بوون و توانەوەکان کراوە.

لە کوردستانی باکووردا، کوردەکان ئێستا لە نزیکەی نیوەی ئەو سەرزەمینەدا کە بە وڵاتی ئەرمەنییەکان ناسراوە، واتە ئەو سەرزەمینەی کە دەوروبەر و باکووری گۆلی وان لە تورکیای ئەم سەردەمەدا دەگرێتەوە نیشتەجێن. لەلایەکی ترەوە هەر لە سەدەی نویەمەوە تا سەدەی شانزەیەم، سەرزەمینە کوردنشینەکانی لای ڕۆژئاوا واتا پۆنتوس، کاپا دۆچیا، کۆماجین و سیلیسیا (قیلیقیا)ی ڕۆژهەڵات بەرەبەرە، لە دەست کوردان دەرکران و خرانە سەر قەڵەمڕەوی ڕۆمە بیزەنتی و ئارامییە سووری و دوایی تورکمانەکان و دواتریش تورکەکان. ئەگەر چی ئەم بارودۆخەی دواییش وا خەریکە لەم سەردەمەدا بەرەبەرە ئاوەژوو دەبێتەوە.

سەرزەمینێکی زۆری کوردستان لە باشووری زاگرۆس کە لەناوچەی کرمانشاوە دەست پێدەکا و دەگاتە شیراز (لە وڵاتی فارس/پارس/پارسی) و بەولاوەتریش هەتاهەتایە لەدەست چووە بەهۆی دەربەدەر بوونی کوردەکان و کۆچ کردنیان بەرەو باکووری ڕۆژئاوا و تێکەڵ بوون و توانەوەی بەربڵاوییان لەناو لۆرەکان و ڕەگەزی تردا.

ئەم پرۆسەیە لە سەدەی نۆیەمەوە بەردەوام بووە و ئێستاش نەبڕاوەتەوە و ئاسەوارەکانی بەزەقی لە لەکەکاندا خۆی دەردەخا کە هەرچەندێکو هێشتا بەزاراوەیەکی کوردی دەئاخاون (بڕوانە زاراوەی لەکی) و پەیڕەوی ئایینێکی تایبەتی کوردی دەکەن (بڕوانە یارسانی)، کەچی لەگەڵ لۆرەکاندا یەکگیربوونە و لەوان نزیکترن لە چاو کوردەکانی ترەوە (نەخشەی ژمارە ٤). جیاکردنەوەی کوردەکان لەپێکهاتە ئەتنییەکانی دراوسێیان لە باشووری کوردستان ئاسان نییە، واتا لەو شوێنانەدا کە هاوسنوورن لەگەڵ لۆرەکان لەمیحوەری هەمەدان- کرماشان- ئیلامدا لە سەدەی شانزەیەمەوە کوردستانی یەك پارچە دوو پارچەی گەورەی هاتۆتە سەر هەرچەندە لە ڕوی جوگرافیەوە بە دەمیەوەنین. زۆربەی دانیشتووانی ئەم دووپارچەیە کوردی ڕەهەندەی سەردەمانی کۆنن. پارچەکەی ئەنەدۆڵی ناوەند بریتیە لەسەرزەمینی دەوروبەری شارەکانی یۆناك و هایمانا و جیهانبەیلی خوارووی ئەنقەرەی

پایتەخت هتد (واتا كاپا دۆچیای دێرین)—

نەخشەی ژمارە(4): گۆڕانە سەرەكییەكان لە پێكهاتەی ئەتنی ناوچە كوردنشینەكان لە (3000) ساڵی ڕابردوودا

ئەم پارچەیە دەكشێتە ناو ناوچە شاخاویەكانی ناوەندی باكووری ئەنەدۆڵەوە (واتا پۆنتۆسی دێرین) و تا سنووری شارەكانی تۆقات، یوزغات، چوروم و ئەماسیا لە دەورووبەری ڕووباری سەوز (یەشیل ئیرماق) ناوەستێتەوە. لەمە، ناوچەی ناوەندی ژووروی ئەنەدۆڵ ئێستا كوردی زۆرترە لە پارچە كۆنەكەی ئەنەدۆڵی ناوەند. ئەو بەشە زۆر بچووكەی لێدەرچێ

کە بە زاراوەی (دیمیلی—Dimila) دەئاخاون، جێی گومانە کەم مەرز و بومە هیچ لە کوردە پۆنتیە دێرینەکانی لێ مابێ کە تا سەردەمی بە زۆر دەربەدەرکردنەکانی سەدەی (٩)ی ڕۆمە بیزەنتیەکان لەوێ دەژیان.

پارچەکەی تر ئەوی باکووری خۆراسانە و دەکەوێتە ڕۆژاوای ئێرانەوە و شارەکانی قۆچان و بووجنوردی ناوەند دەگرێتەوە و لەو دەربەدەرکردن و بەزۆر نیشتەجێکردنەوە هاتە کایەوە کە لە سەدەی (١٦)ەوە تا سەدەی (١٨) لە ئێراندا بەردەوام بوو.

لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە کوردستان بەسەر پێنج دەوڵەتی سەر بەخۆدا دابەشکراوە (بڕوانە مێژووی هاوچەرخ).

لەمانە بەشی گەورە بەر تورکیا کەوتووە (٤٣٪)، ئینجا ئێران (٣١٪) ئینجا عێراق (١٨٪) و سوریا (٦٪). (٢٪)شی بەر یەکێتی سۆڤیەتی جاران کەوتووە.

ئەم وڵاتانە کوردستانیان لە قۆناغی جیاجیادا بەسەر چەند یەکە و کەرتی ئیداریدا دابەشکردوە. لەم یەکانە، تەنها لە ڕۆژئاوای ئێران، یەکێکیان ناوە مێژوو— ییەکەی هەڵگرتووە ئەگەر چی بەناتەواوییش بێ، ئەویش پارێزگای کوردستانە کە شاری سنە پایتەختییەتی.

یەکێك لە ئاکامە هەرە ناڕەوا و قێزەوەنەکانی دابەشکردنی کوردستان لەنێوان ئەم دەوڵەتە ناتەبا و بلۆکە جیۆپۆلەتیك و بەرژەوەند جیاوازانەدا (بڕوانە فەسڵی جیۆپۆلەتیك) ئەوەیە کە مەرزوبوومی چوار کاتەیان هەیە (ئەگەر خۆراسانی تورکمانستانی بخەینە سەر ئەوە دەبێتە پێنج کاتە). وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش کە چوارجار بەقەی کوردستان پانە مەرزوبوومی چوار کاتەی هەیە. ئەگەر لەباری جوگرافیایەوە وەریگرین، کوردستان وڵاتێکی یەك کاتەیە، واتە بە سێ کاتژمێر پێش گرینویچ دەکەوێت. ئەو سێ کاتژمێرە، ماوەی نێوان پلەی ٣٥ و ٥٠ی ڕۆژهەڵاتی گرینویچ دەگرێتەوە. لەبەر ئەوەی کە بەشەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دەکەونە سەر هێڵی ٣٦ و ٤٩ لە ڕۆژهەڵاتەوە، ئەوە بەشێوەیەکی سروشتی دەبێتە وڵاتێکی یەك کاتە.

# چۆن دابەشكاری جوگرافیایی كوردستان نەخشەكێش كەین؟

وەكو هەموو لایەنێكی بوونی نەتەوەیی و پێناسەی تایبەتی كوردان، مەسەلەی لە چ سەرزەمینێك زۆرینەشن دیسانەوە هێشا هەر ناكۆكی و مشتومڕی لەسەرە. لە كاتێكدا نوێنەرانی پێكهاتە ئەتنییەكانی دراوسێیان، بە تایبەتی ئەوانەی لەسەر سەكۆی دەسەڵاتن تا بۆیان بكرێ سەرزەمینی بە چڕی كوردنشین تەسكتر دەكەنەوە.

هەرچی كوردەكان خۆیانن زیاتر بەلای زیادەڕۆییدا دەچن لەم بوارەدا.

ئەم بگرەوبەردەیە، كاری شارەزا دەركیەكیانیشی تا ڕادەیەك دژواركردوە بەڵام ئەوەی مایەی دڵنیاییە ئەوەیە، كەوا پشكنەر توشی سەریەشەیەكی زۆر گەورەنابێ لەم بارەیەوە، چونكە چ كۆن چ نوێ، زانیاریەكی زۆر باش لەبەر دەست دایە كە بێ پەكوپووك كردن كارەكە ئاسان دەكەن.

چ لە سەدەی ڕابردوودا، چ لەوەی ئێستادا گەلێ شارەزاو و زانستگای باوەڕپێكراو لیستەی پڕ لە زانیارییان لە بارەی تیرە كوردەكان و مەڵبەند و دابەشكاری و ژمارەیان لەگشت كون و قوژبنەكانی كوردستان داوە (بڕوانە فەسڵی تیرەكان)، لە پەنای ئەمەدا لەچەند جێ هەوڵدراوە ئەم زانیاری و ژمارەگیریانە نەخشەڕێژ بكرێن، كە یەكێك لە هەرە چاكەكانیان ئەو نەخشە گەورە ڕەنگا و ڕەنگەیە كە كۆمەڵەی جوگرافیایی شاهانەی بریتانیا دایناوە و ناوی ناوە "نەخشەی ڕۆژهەڵاتی توركیا لە ئاسیا، سوریا و ڕۆژاوای ئێران لە ڕووی ئێتنۆگرافیەوە - ١٩٦٠" كە بەڕێكەوت ڕاستە و ڕاستی كوردستان دەگرێتەوە. ئەم نەخشە كەم هاوتا و بە نرخە، ئەمڕۆكە پێویستی بە هەندێ دەسكاری هەیە، لەبەر ئەو گۆڕانەی كە بەسەر نەتەوەی ئەرمەن لە دەورووبەری گۆلی وان و هەندێ ئەم شوێن و ئەو شوێنی ئەنەدۆڵی ڕۆژهەڵات لە جەنگی جیهانی یەكەمدا هاتووە.

لە شەستەكانی سەدەی ڕابردوودا، حكومەتی توركیا دەستی كرد بە پرۆژەیەك كە ناوی "كوی ئینڤانتەر ئیتودلەری Koy Envanter Etudleri واتە پرۆژەی لێكۆڵینەوە لەسەر ژمارەبەندیی گوندەكان، ئەم لێكۆڵینەوەیە، دوایی لەپاش ساڵی ١٩٦٧ لە باریرا و دواتریش

هەر تەپس کرا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم ژمارەبەندیە زانیاریەکی پڕ بەهای لە بارەی پێکهاتەی ئەتنی وڵاتی تورکیاوە تا دەگاتە ئاستی لادێکان دایە دەست و بوو بەسەر



چاوەیەكی داتاكاری باش (لە كارێكی باش داتارێژكراودا (Nestman) نەخشەكێشییەكی، باوەڕپێكراوی دابەشكاریی ئەتنی ئەو ولاتەی پێشكەش كردووە (هەرچەندە پارچە دابڕاوەكەی كوردانی ئەنەدۆڵی ناوەندی نەگرتۆتەوە). لەو كارەدا سوودێكی باش لەو پرۆژەی ژمارەبەندییەی گوندەكان كە حكوومەتی توركیا ئامادەی كردووە و لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ كردووە وەرگیراوە (بڕوانە Ethnic Groups in the Republic of Turkey. P. Andrews. 1968)

ئەو زانیارییەی لە لێكۆڵینەوەكەدا هاتووە دەقاودەقە لەگەڵ نەخشەكەی كۆمەڵەی جوگرافیایی شاهانەی بریتانیا كە لەسەرەوە باسمان كرد، تەنها یەك جیاوازی لێدەرچێ، كە جێی سورسوڕمانە، ئەوەیش ئەوەیە كە لێكۆڵینەوەكەی توركیا سەرزەمینی كوردان لەوەی نەخشەكەی بریتانیا گەورەتر نیشان دەدا. لەوانەیە ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو هەموو تاراندن و ڕەتاندن و سەر لەنوێ نیشتەجێكردنەوانە بێ كە لەسالانی ١٩٢٩–١٩٣٨دا ڕوویان دا (بڕوانە فەسڵی نیشتەجێكردنە زۆرەملێكان و باری دیموگرافی).

نووسینگەی جوگرافیی هێزە چەكدارەكانی ئێرانیش لە چلەكاندا پرۆژەیەكی وەكو ئەو پرۆژەیەی ئامادە كردووە و لە فەرهەنگی جوگرافیایی ئێران لە دە بەرگدا بلاوی كردۆتەوە (بڕوانە أ. ڕەزمارا ١٩٤٦–١٩٥١). دوابەدوای ئەمە (The Village Gazatteer of Iran)ی دەركرد. (سەنتەری ستاتیستیكی ئێران ١٩٦٨– تا ئێستا بەردەوامە).

حكوومەتی كوكۆنیالی بریتانیا لە سەردەمی خاوەنداریكردنی عێراقدا و حكوومەتی فەرەنساش كە ئەویش خاوەندارێتی بەسەر سووریادا هەبوو (بە ناوچەی ئەنتاكیەشەوە بەرلەوەی سالی ١٩٢٨ بخرێتە سەر سووریا)، زانیارییەكی پڕیان داوە لە بارەی پێكهاتەی ئەتنیكی ئەو ناوچانەوە و كەرەستەیەكی باشە بۆ دەرخستنی سنوور و بارزەتی كوردستان.

لەپاڵ ئەمانەدا هەندێ نەخشەی ڕووسكردیش هەن كە لە شەستەكاندا كێشراون و تەنیا زانیارییەكی سەرەتاییان تێدایە. ئەمانە ناوچە كورد نشینەكانیان دەستنیشان كردووە و لەوكاتەوە بوونەتە سەرمەشق و نموونە بۆ لاولایەنی تر، لەوانە نەخشەیەكی ئەتنیكی كە ئاژانسی هەواڵگیری ناوەندی (CIA) ئەمەریكی دەری كردووە. چاكترینی بەرهەمە سۆفیەتكردەكان هینەكانی (Bruk–بڕووك)ن كە بە "Narody Peredny Azil 1960" ناسراون لەگەڵ نەخشەیەكی (١:٥٠٠٠٠٠٠٠)ی هەروەها ( Bruk and Apenchenko- Atlas Narodov Mira

1964) کە هەردووکیان ژمارەی دانیشتووانی چەند بەشی کوردستانیان داوە.
ئەو نەخشانەی لەم کتێبەدا هاتوون پشتیان بەم سەرچاوە باوەڕ پێکراوانە بەستووە.
بۆ زیاتر چوون بەتانی ئەم بابەتانەدا، ئەم سەرچاوانەی خوارەوە بگەڕێ:

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** *Map of Eastern Turkey in Asia, Syria, and Western Persia (Ethnographical)* (London: Royal Geographic Society, 1906, updated in 1914), with full-color sheet map at 1:2,000,000 scale; *Ethnographische Karte der Türkei: Vilayet Darstellung der amtlichen Türkischen Statistik 1935* (Berlin: Presse E. Zagner, n.d.), with sheet map at 1:2,500,000 scale; S. I. Bruk and V. S. Apenchenko, *Atlas Narodov Mira* (Moscow: Academy of Science, 1964); S.I. Bruk, *Narody Peredney Azii* (Moscow: Ethnographical Institute, 1960), with sheet map at 1:5,000,000 scale; J. F. Bestor, "The Kurds of Iranian Baluchistan: A Regional Elite," unpublished masters thesis, based on the author's field work (Montreal: McGill University, 1979); W. Barthold, *An Historical Geography of Iran* (Princeton: Princeton University Press, 1984); G. Le Strange, *The Lands of the Eastern Caliphate* (London: Cass, 1966, reprint of the 1905 original); H.W. Hazard, *Atlas of Islamic History* (Princeton: Princeton University Press, 1951); L. Nestmann, "Die ethnische Differenzierung der Bevölkerung der Osttürkei in ihren sozialen Bezügen," in Peter Andrews et al., *Ethnic Groups in the Republic of Turkey* (Wiesbaden: Reichert, 1989); *Annual Abstract of Statistics, 1970* (Baghdad: Government of Iraq, 1971); *Statistical Abstract 1973* (Damascus: Government of Syria, 1973); *Population Census 1970* (Damascus: Government of Syria, 1972); Captain Bertram Dickinson. "Journeys in Kurdistan," *Geographical Journal* 35 (1910), with map of Kurdistan at 1:2,000,000 scale; Captain F.R. Maunsell "Kurdistan," *Geographical Journal* 3-2 (1894), with map at 1:3,000,000 scale; Captain F.R. Maunsell "Central Kurdistan," *Geographical Journal* 18-2 (1894), with map at 1:1,000,000 scale; Lieut. Col. J. Shiel. "Notes on a Journey from Tabriz, through Kurdistan via Vân, Bitlis, Se'ert and Erbil, to Suleimaniyeh, in July and August 1836," *Journal of the Royal Geographical Society* 8 (1838), with map at 1:4,060,000 scale; T.F. Aristova and G.P. Vasil'yeva, "Kurds of the Turkmen SSR," *Central Asian Review* 13-4 (1965).

# دابەشکارییە ناوخۆییەکان

لە ڕووی مێژوو و بنەمای کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەوە، دەکرێ کوردستان بە سەر پێنج وردەبەشدا دابەش بکرێ: کوردستانی باشوور کە کرماشان مەڵبەندی مێژووییەی، کوردستانی ناوەند کە هەولێر، کوردستانی ڕۆژهەڵات کە مەهاباد، کوردستانی باکوور کە بایەزید و کوردستانی ڕۆژاوا کە دیاربەکر مەڵبەندی مێژوویيەتی. دوو پارچە دابڕاوە کوردنشینەکەی تر کە بریتین لە خۆراسان و ئەنەدۆڵی ناوەند باسێکی تایبەتی و سەربەخۆیان گەرەکە (نەخشەی ژمارە ٦).

بەپێی هەندێ بەڵگەی مێژوویی هەرەهەرە کۆن، کوردستان بەر دوو دابەشبوونی مێژوویی کەوتوە، هەر یەکەیان جۆرەتێکەڵبوون و یەکرەنگبوونێکی ئەتنی بەخۆیەوە بینیوە، ئەم دوو دابەشبوونە مورك و شوێن دەست و کاریگەریی خۆیان بەسەر زاراوەی زمانی و کەلتوورو ئایین و جیهانبینی کورداندا چەسپاندووە. ئەم باسانە بە دوورودرێژی لەو بابەتانەدا تاوتوێ کراون کە لە بارەی زمان و ئایین و ژیانی شارستانی و مەڵبەندە شارستانی و کۆچکردنە مێژوویی و گواستنەوە و جێنشینکردنە زۆرەملیکانەوە دەدوێن.

گەڕی کۆچکردنی چەند سەدەیی و بەردەوامی کوردەکان لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باکووری ڕۆژاوا، لە سەدەی سێیەمی پاش عیسادا یەکێتیی فەرهەنگیی کۆمەڵگای کوردەواریی لێکەوتەوە. بەڵام ئەم یەکیەتییە زۆری نەکێشا، چونکە لەم سەردەمەدا کوردستانی باکوور و ڕۆژاوا چوار سەدەی ڕەبەق کەوتنە ژێر ڕکێفی بیزەنتییەکانەوە و لەو بەشانەی کوردستان دابڕان کە کەوتبوونە ناو دەسەڵاتی ئیسلامەکانەوە. بەمەش ئەو یەکیەتییە فەرهەنگییەی کە خۆی گرتبوو بەرەبەرە هەڵوەشایەوە و کاڵ بووەوە (بڕوانە مێژووی سەدە ناوەندەکان).

هەر لەم هەڵکەوتە خۆیەوە، ئەو سنوور ڕێژیەی باکوور و باشوورەش کەوتەوە کە ئێستا لەنێوان کۆمەڵەی زاراوەکانی کرمانجی لەلایەك و زاراوەکانی دەورووبەری زێی گەورە لە عێراق لەلایەکی ترەوە، بەدی دەکرێ و ئاسەواریشی بەزەقی دیارە.

ئەو سنووڕڕێژییانەی کە لە سەدەی شانزەیەمدا لەنێوان وڵاتی فارس و وڵاتی عوسمانییدا کراون،


CENTRAL ANATOLIAN ENCLAVE
KHURASANI ENCLAVE
ALBURZ POCKETS
NORTHERN KURDISTAN
WESTERN KURDISTAN
CENTRAL KURDISTAN
EASTERN KURDISTAN
SOUTHERN KURDISTAN
TURKMENISTAN
IRAN
ANKARA
TEHERAN
BAGHDAD
Caspian Sea
Black Sea

بە ئەندازەی سنووررێژییەكانی نێوان بیزەنتییەكان و ئیسلامەكان درێژخایەن و كاریگەر و دابڕكەریوون. هەر خودی ئەم سنوور ڕێژیەشە كەوا بۆتە مایەی ئەو داتلێشانە دیارەی كە لەنێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژاوای كوردستاندا هەیە، كە لە گۆلی وانەوە دەست پێ دەكا و بە سنووری نێوان عێراق و ئێراندا دەكشێ.

## كوردستانی باشوور

كوردستانی باشوور ئێستا دوا مەڵبەندی زاراوەی گۆرانی – لەكی و ئایینی یارسانییە. لێرەدا تەنها كۆمەڵێكی یەكجاربچووكی دانیشتووان بە كرمانجیی باشوور دەدوێن. تەنانەت لەوانەیە لە فارسیش كەمتر باویێ هەرچەندە فارس لەو مەرزوبرومەدا بە زمانێكی خۆیی دانانرێ. سەرزەمینەكە پڕ شارنشینە و خەڵكێكی هەمە جۆرەی لێ دەژین، دانیشتووانی زۆر بە كۆنینەیی خۆیان دەنازن.

## كوردستانی ڕۆژهەلات

بەشێكی زۆری كوردستانی ڕۆژهەلات بەتایبەتی ئەوەی دەكەوێتە ئاقاری بیجار– مەریوانەوە تا ئەم دواییە لە ڕووی فەرهەنگەوە بەشێك بوون لە كوردستانی باشوور. ئێستا كرمانجیی باشوور تاقە زاراوەی باوە و ئیسلامی سونیش ئایینی زۆرینەی خەڵكەكەیە، كە بەپشتەڵەك كۆچەرزادەن و بەشێوەیەكی ئاشكرا لە شارنشینان جیان. ئەمە جووتكەسایەتیی لە ناخیاندا چەسپاندووە. لە كاتێكدا شارگەلێكی وەكو سنە و بیجار و مەریوان بۆنی هەست و كەلتووری كراوەی باشووری كوردستان دەدەن، خەڵكی لادێكان هێشتا پارێزگر و سركن. هۆی سەرنەكەوتنی گەلێ پارتی سیاسی كورد كە دەسكردی خۆماڵین ئەوەیە كە نەیانتوانیوە سووك و ئاسان هەست و سۆزی هەردوولای كۆمەلانی خەڵكی ولاتەكە بەلای خۆیاندا ڕابكێشن. بێ هیچ گومانێك ولاتەكە لەژێر كاریگەرییەكی بەتینی فەرهەنگی ئێراندایە، بەلام پەیوەندیەكان ئەوەندەی كوردستانی باشوور تێكەلاو و سفت و سۆڵ نین، بەتایبەتی لەناو گوندنشینیاندا.

**كوردستانی ناوەند:**

ئەم ولاتە هەمیشە ڕووی لە مێزۆپۆتامیا بووە و مێژووشی بەو سەرزەمینەوە گرێ دراوە. وەكو كوردستانی باشوور، ئەویش ڕابردوویەكی شارستانیانەی هەیە، بەلام كەشوهەوا و شێوەی خاكی بە هی كوردستان ناچن. كوردستانی ناوەند كەمتر چیاییە و بە مام ناوەندیترین

بەش دادەنرێ لە باری گەرما و سەرماوە. ڕاستییەکەی زۆر جار وڵاتەکە بە "گەرمیان" ناودەبرێ. لە ڕووی فەرهەنگەوە، کوردستانی ناوەند و باشوور بەیەك سەرزەمین دادەنرێن ئەگەرچی باشوور (٥) سەدەی لەژێر دەسەڵاتی فارسدا بریتۆتەسەر. (پێش سەردەمی دابەشکاری نێوان عوسمانی و فارس و هەر لەو کاتەوە مێژوو نووسراوەتەوە، کوردستانی باشوور لەباری فەرهەنگەوە ڕووی لە مێزۆپۆتامیا بووە).

ئەگەرچی ئیسلامی سونی ئایینی زۆربەی دانیشوانی کوردستانی ناوەندە، بەڵام لە پەنایدا ئیسلامی شیعەو یارسانی و عەلەوی و یەزیدی و دیان و ئایینی جولەکەش لە وڵاتەکەدا هەن و بوونە. جگە لەمە، هەموو زاراوە سەرەکیەکان لەم سەرزەمینەدا باون و هەموو بەشەکانی کوردستانی لەڕووی فەرهەنگ و جوگرافیاوە پێکەوە لکاندووە.

## کوردستانی ڕۆژاوا

کوردستانی ڕۆژاوا بە نیمەن بەشێکە لە دەریای سپیی ناوەڕاست، ئەگەرچی لە ڕووی جوگرافیاوە سەرزەمینەکە لە ڕۆخەکانی ئەم دەریایەوە لەنزیك ئەسکەندەریەوە دەست پێ دەکا و بەرەو زنجیرە چیای (١١٠٠٠) پێ بڵندی باکووری دەرسیم هەڵدەکشێ. کەشوهەوای گشت ناوچەکە خۆش و پڕ بەرەکەت و سەرتاسەری دارستان و لێرەوارە، لە ڕووی مێژووەوە، هەمیشە ئاوەدان بووە لە مێژەوە، مەڵبەندی شارستانیەت و پڕ لە شاری ئاوەدان و بەناو بانگ بووە لەسەرتاسەری جیهاندا و چاوی بەردەوام لە ڕۆژئاوا و وڵاتەکانی سەر دەریای سپیی ناوەڕاست بووە بۆ وەرگرتنی بابەتی مەدەنیەت و پێشکەوتن. وڵاتەکانی، ئەنتاکیە، ڕۆما، بیزەنتە یان ئەستەموول، هەمیشە سەرمەشق بوونە بۆ ئەم مەڵبەندە.

لەم مەڵبەندە بە ئەندازەی پەیڕەوانی ڕێبازی عەلەوی، ئیسلامی سوننی مەزەبیش هەن. لە ڕووی زمانەوە خەڵکەکە چ بە دیمیلی چ بە کرمانجیی ژووروو دەئاخاون، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا پەیوەندیەکی یەکجار لاواز لەنێوان ئایین و زماندا هەیە، ناکۆکی ناوخۆیی ئەوەندە خۆیان لە کاری کۆمەڵایەتی یان فەرهەنگیدا نانوێنن.

کوردستانی ڕۆژئاوا، لە ڕووی یەکیەتیی زەوییەوە لەسەرزەمینی کوردستان دابڕاوە ئەگەرچی سنوورێکی دووردرێژی لەگەڵ کوردستانی باکووردا هەیە، ئەمە لەبەر چۆڵەوانیەتی خودی کوردستانی باکوور لە لایەك و لەبەر کێوستانییەتیی چڕی ناوچەکە کە لێك جیایان دەکاتەوە، لەلایەکی ترەوە.

## كوردستانی باكوور

كوردستانی باكوور نموونەی زەقی و سەختیی سەرزەمین و دڕی و دژواری ئاووهەوای كوردستانە.

بەشێكی زۆری ئەم وڵاتە، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی دەكەونە سەر ڕۆخ و باكووری گۆلی وانەوە سەرزەمینی دێرینی ئەرمەنستانە و ڕوخسارە كوردییە زاڵەكەیان لە كۆتایی جەنگی جیهانیی یەكەمەوە وەرگرتووە. ئەم وڵاتە لەسەردەمانێكدا مەڵبەندێكی كشتوكاڵیی یەكجار گەورەو خاوەن ئابوورییەكی بازرگانی سروشت و شاریازێڕییەكی تەواو و ڕوختەبوو. هەموو ئەمانە لەو هەموو شەڕوشۆڕ و تاڵاندن و ڕەتاندن و لێقەومان و قەتڵوعام كردن و گۆڕان و شێوانی سروشتیەدا كە لە پێنج سەدەی ڕابردوودا بەسەر هەرێمەكەدا هاتن، وێران و خاپوور بوون (بڕوانە بابەتی سەرەتاكانی مێژووی هاوچەرخ و زەوی و زار و سروشت). دانیشتووانی هەرێمەكە دووركەوتووترین، یەكجاری خێڵەكی و لە باری ئابووری و تەكنۆلۆجیاوە پاخستەترینی دانیشتووانی كوردستانن.

ئەگەرچی بازێڕی وان گەورەترین شاری هەرێمەكەیە، مرۆڤ بە ئاسانی ناتوانێ ناوی بنێ ناوەندەشاری كوردستانی باكوور. لە هەموو هەرێمەكەدا، جگە لە ئاسەواری كۆنە شاری گەورە، شارێكی ئەوتۆنیە كە هی ئاماژە بۆ كردن بێ. كوردستانی باكوور خاوەنی چەندین سەنتەری فەرهەنگی بووە لە ڕابردوودا. تەنانەت كوچەك بازێڕێكی وەكو بایەزید (نۆغو بایەزیدی ئێستاكانە) سەردەمانێك گەورە شارو مەڵبەندێكی فەرهەنگی بووە. ئەم شارە زادەگای ئەحمەدی خانییە، كە ئەتوانرێ بە گەورەترین شاعیری كورد دابنرێ. ئەو دانەری داستانی مەم و زینە (بڕوانە بابەتی ئەدەب).

## خۆراسان:

لەو دوو پارچە سەرزەمینە كوردنشینەی كە لە خاكی كورد دابڕاون، خۆراسان كە دەكەوێتە باكووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، خاوەنی گرنگییەكی تایبەتە. ئەم سەرزەمینە پێكهاتەی ئەو بەزۆر گواستنەوانەی سەدەی شازدەیەم تا سەدەی هەژدەیەمە كە لە سەردەمی شاهە سەفەویەكاندا بەسەر كوردەكانی باكوور و ڕۆژاوای كوردستاندا هاتن. ئەم پارچەیەیان تا سنووری ئێران و كۆماری توركمانستان دەكشێ و لووتی دەگاتە ئەو هەڵەتانەی بەسەر

عەشقابادی پایتەختی تورکمانستاندا دەڕوانن.

بە پانایی هەندی کوردستانی ڕۆژهەلات و بە ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە نیوەی ژمارەی دانیشتووانی، لە ئاو هەواشدا، نەرمتر و ژینگەشی کەمتر لە هی کوردستانی باکوور لەوتێنراوە. لە باری شارستانیەوە، چەند شاری گەورەی وەکو قۆچان و شیروان و بوجنوردی تێدایە و خاوەنی کشتوکاڵێکی پەرەسەندووە.

لە سەدەکانی ڕابردوودا، ئەوەندە دووچاری فرتەنە و لێقەومان نەبووە وەکو ئەوەی زۆرینەی دانیشتووانی کوردستانی باکوور گرفتاری بوون.

داب و نەریتی کوردەکانی خوراسان لە هی سەرزەمینە ئەسڵییەکانیان ناچن، چونکە ڕەتاندنەکانیان بەتەواوەتی هاوکاتن لەگەڵ سەرەتای شێواندنێکی تەواوی کوردستانی باکوور و وێرانکردنی لەژێر پێی لەشکری هەردوو ئیمپراتۆریەتی فارس و عوسمانیدا. ڕەفتاری نەرم و جلوبەرگی سەیری ئەم کوردانە، بۆ نەوەکانی دواڕۆژیان سایشتێك جێ دەهێڵن، کە ئەگەر ئەو وێرانکاریە گەورانە بەرەنگاری وڵاتەکەیان نەبوایە، ئێستا لەچ باورتۆخێکی دەڕوونی ساتادا دەبوون.

زۆربەی هەرە زۆری کوردەکانی خۆراسان بە زاراوەی کرمانجی ژووروو دەئاخاون، بەلام چەندین سەدەی پێکەوەژیان لەگەڵ دانیشتووانی شیعەی دەوروبەرو نزیکیی هەرێمەکە لە شاری پیرۆزی مەشهەد لای شیعیان، خەڵکەکەی بەسەر سوننی مەزەب و شیعەدا دابەش کردووە، ئەگەرچی هەندێ لە دانیشتووان عەلەوی مەزەبن.

سەرزەمینی خۆراسان، هەروەها، مەڵبەندی هەندێ لەکی یارسانی ئایینیشە. ئەمانە لە کوردستانی باشوورەوە لە سەردەمی ئەفشاریەکان و لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەمدا پەڕاگەندەی ئەوێ کراون، ڕاستییەکەی، کەریم خانی دامەزرێنەری پادشاییەتی زەندی لە ئێران، کە دوای ئەفشارەکان هاتەسەر کار، خۆی بە بنەچە ڕۆڵەی یەکێك لەم خانەوادە لەکە ڕەتێنراوانەی هۆزی زەند بوو. پاش ئەوەی چوە سەر تەختی تاوس، کەریم زۆربەی تیرەکەی بردەوە مەرزوبوومی خۆیان. ئەوانەی لەوێ مانەوە ڕۆڵەی لەکەکانی خۆراسان و بیرجەندی قوهستانن.

**ئەنادۆڵی ناوەند:**

بەشە دابڕاوەکەی تر لە ئەنەدۆڵی ناوەند و باکووری ناوەندە لە تورکیا. ئەم هەرێمە بریتیە لەسەرزەمینێکی دووپەلکە و خاوەنی دووکەسایەتییە. پەلکی باشوور بریتیە لەو سەرزەمینە

وشك و برینگ و بێ خێرو بێرەی كە دەكەوێتە ڕۆژئاوای گۆلی (گۆلەخوێ – توز گولو)ی باشووری ئەنقەرەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیە شارەكانیشی هەژار و ڕووت و پەرپووتن.

لەم شارانە جیهان بەیلی، یوناك و هەیمانە جێی ئاماژەن. پەلكی باكووری دەكەوێتە سەرزەویەكی بەپیت وبەرەكەتی دەولەمەند كە زۆربەی هەلەتی دەورووبەری شارەكانی تۆقات، یوزغات، چوروم و ئەماسیا دەگرێتەوە. هەرچەندە شارەكانی یوزغات و تۆقات، هێشتا زۆربەی دانیشتووانیان كورد نین، بەلام هاكا ناكا گێژەلۆكەی گۆڕان ملیان لێ دەنێ و ڕووكاریان دەگۆڕێ.

پەلكە خوارینە دروستبووی هەمان ئەو ڕەتاندن و كۆچ پێكردنانەیە كەلە سەدەكانی (١٦–١٨)دا هەرێمە كوردنشینەكەی خۆراسانیان پێك هێنا.

پەلكە ژوورینە، بەرهەمی كۆچكاریی بەرەبەرەی كوردانە لەسەرزەمینی ئالۆزوو فرتەنەزەدەی كوردستانەوە... ئەم پەلكەیان، تا بڵێی ولاتێكی زیندوو پەرەسێنە و خەلكەكەشی باشترین ئاستی ژیانیان هەیە لەچاو كورداندا. ئەمڕۆش پەیتا پەیتا ڕووی لە تەنینەوە و گەشەكردندایە.

زۆربەی دانیشتووانی كوردانی ئەنەدۆلی ناوەند بە زاراوەی كرمانجیی كوردی دەدوێن، لە پاڵ (٪١٠)دا كە بە زاراوەی دیملی دەئاخاون. لە بارەی مەزەبەوە زۆربەیان سونین، لە پاڵ كەمایەتیەكی گرانی عەلەوی مەزەبدا. دانیشتووانی هەرێمەكە، خۆیان دەبەنەوە سەر لق و پۆپی تیرەی جۆرا و جۆر كە هەر یەكەیان خاوەنی مێژوویەكی قوولن.

لەكاتێكدا خەلكەكە خاوەنی حكوومەتی سەربەخۆی خۆیان نین، ئەم لق و پۆپە خێلەكیانە، دەكرێ بە دەزگایەك بشوبهێنرێن كە دەتوانێ جێگەی حكوومەت بگرێتەوە و كاروباری خەلكەكە بەشێوەیەك ڕاپەڕێنێ.

ڕاستییەكەی ئەم پێكهاتانە، لەسەر بنەمای هەندێ ڕاستی مێژوویی فەرهەنگی ئەوتۆدانراون كە لە هەزاران ساڵەوە حوكم فەرمایان لەناوخەلكەكەدا كردووە (بڕوانە بابەتی تیرەكان) (نەخشەی ژمارە ٧ ).

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:

**General Bibliography**

H.V. Handel-Mazzetti. "Zur Georgraphie von Kurdistan," *Petermann's Geographische Mitteilungen* 58 (1912); Walter Harris, "A Journey in Persian Kurdistan," *Geographical Journal* 6-5 (1895); Major Kenneth Mason, "Central Kurdistan," *Geographical Journal* 154-6 (1919); E. Smith, "Contribution to the Geography of Central Koordistan," *Journal of the American Oriental Society* II (1851); J.G. Taylor, "Travels in Kurdistan, with Notices of the Sources of the Eastern and Western Tigris, and Ancient Ruins in their Neighbourhood," *Journal of the Royal Geographical Society* 35 (1865); Jacques de Morgan, *Relation sommaire d'un voyage en perse et dans le kurdistan* (Paris, 1895).


Kharbanda Enclave
ZAFRAN
TEHERAN
LAKISTAN
ARDALAN
AWRAMAN
SURAN
KALHUR
PAHLA
BABAN
MUKRIAN
HAZABAN
BAGHDAD
HAKKARI
BAYAZID
ARTUSH
SHIRVAN
BAHDINAN
SANJAR
ZIRIKAN
JIBRAN
BELIKAN
SASUN
BAKRAN
MILAN
MOTIKAN
DILAMAN
ZILAN
BARAZ
ANKARA
Aleppo
BARAZ

# فەسڵی دووەم

## سەرزەمین و ژینگە

كوردستان، لە رووی پێكهاتەی جیۆفیزیاییەوە، بەشاخاویەتیەكەی جیا دەكرێتەوە. كوردستانی ئێستا پێك دێ لەناوچەكانی ناوەند و باكووری زاگرۆس، لە (٢/٣)ی ڕۆژهەڵاتی چیاكانی تۆرۆس و پۆنتۆس و نیوەی بەشی باكووری چیاكانی ئەمانۆس. دوویەشە گەورە و دابڕاوەكەی سەرزەمینی كوردان بریتین لە هەڵەتەكانی ریوەند (ریڤەند)ی كلكەی ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیای ئەلبورز كە دەكەوێتە ڕۆژهەڵاتی باكووری ئێرانەوە لە هەرێمی خۆراسان، هەروەها ناوەڕاستی زنجیرە چیای پۆنتۆسی ناوەند و باكووری ناوەندی ئەنەدۆڵ، كە نزیكە لە ئەنقەرەی پایتەختی توركیا (بڕوانە نەخشەی ژمارە ٨).

هەروا بێتەوە، لە چەند سەدەی ڕابردووەوە چەند پارچەی بچووكی دیكەی خاكی كوردنشین لە هەڵەتە بوركان پژێنەكانی بلووچستانی ڕۆژاواوە تا دەگاتە ناوەڕاستی زنجیرە چیاكانی ئەلبورز لە باكووری ئێران هەبوونە، ئەم پارچە پارچانە هەر بەو ئاراستەیەدا تا چیاكانی (ئولو)ی كەناری دەریای ئیجە لە ڕۆژاوای توركیا دەكشێن.

لە كوردستانی یەكپارچەدا، هەروەها لە بەشە دابڕاوە كوردنشینەكاندا، چیاكان تاقە نیشانەی سروشتی گرنگی وڵاتەكەن و بوونەتە دروستكەری مێژوو و پێكهاتەی نەتەوەیی و داب و نەریت و فەرهەنگی كوردان.

ڕاستییەكەی، لەگەڵ تەواوبوونی چیا و هەڵەت و دەسپێكردنی دەشتایی و نەرماندا، بوونی كوردیش یەكسەر دێتە دومایی.

زۆریەی چیا بەرز و لووتكە سەركەشەكان دەكەونە باكووری كورستانەوە. هەر وەكو ویلیام ئیگلتن پەسنی دەدا ئێرە وڵاتی "لافاوی بەخوڕ و چۆمی قووڵ و ئاودار و پردی

هەڵواسراوە".. کوردستانی ناوەندیش، لە بڵندایپیدا مام ناوەندە، ئاو و هەواشی، لە هەموو کوردستان خۆشتر و نەرمترە، بەشەکانی تری سەرزەمینەکە لەنێوان ئەم




نەخشەی ژمارە (8): سیستەمی چیاکانی باشووری ڕۆژاوای ئاسیا

دووشێوە كەش و هەوایەدان. چیاكانی كوردستان دەڵێی شوورەی سروشتن لەبەردەم هەردوو بانی[2] كاكی بەكاكی ئێران و ئەنەدۆڵ لە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتەوە كە هەردووكیان لە بیابانی عەرەبستان لە باشوور و باشووری ڕۆژاواوە و لە دەریای ڕەش لە باكوورەوە جیا دەكاتەوە.

بەشی هەرە تۆكمەی زنجیرە چیایەكە بە درێژایی سەرزەمینی كوردستان وەكو بڕبڕەی پشت لەم سەری وڵاتەكەوە بۆ ئەوسەری دەكشێ.

لووتكە هەرە بەرزەكانی چیاكانی كوردستان بریتین لە ئەڵوەند لە باشووردا (ئێران) كە ١١٧٤٥پێ بەرزە و هەڵگورد (یان ئەلگورد) لە باكووری ناوەندی كوردستان (عێراق) كە ١٢٢٤٩پێ بەرزە و چیای مونزور لە ڕۆژاوا (توركیا) كە ١١٧٤٤پێ بەرزە و چیای ئەرارات لە باكوور (توركیا) كە ١٦٩٤٦ پێ بەرزە (نەخشەی ژمارە ٩).

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:

**Further Readings and Bibliography:** Y. Abul Haggag, "North-east Iraq: A Physiographical Study," *Bulletin de la Societe de Geographie d'Egypte* 33 (1960); H. Bobek, "Forshungen im Zentralkurdischen Hochgebirge zwischen Van- und Urmia-See (Sudest-Anatolien und West-Azerbaidjan)," *Petermann's Geographische Mitteilungen* 84 (1938); R. Clayton, "The Mountains of Kurdistan," *Alpine Journal* (1887); Francis Halley, "The Gorge of the Qal'a Cholan and its Confluence with the Lesser Zab. Notes of a Tour in South Kurdistan in 1921," *Geographical Journal* 86-2 (1935); Jacques de Morgan, *Relation sommaire d'un voyage en perse et dans le kurdistan* (Paris, 1895).

[2] بان، هضبة plateau بڕوانە بانی مەقان، بانی زالیاو، بانی نەرمە- وەرگێڕ.


Mt. Jam (10,010 ft.)
Mt. Chāldir (10,485 ft.)
Great Ararat (16,946 ft.)
Little Ararat (12,870 ft.)
Mt. Reshkoh (12,336 ft.)
Mt. Halgurd (12,249 ft.)
Mt. Alvand (11,745 ft.)
Mt. Bisitun (11,014 ft.)
Mt. Shāwa (11,122 ft.)
Mt. Subhān (13,314 ft.)
Mt. Nimrod (9,567 ft.)
L. Van
Mt. Judi (6,436 ft.)
Mt. Sanjār (4,985 ft.)
Tur Abdin (4,774 ft.)
Mt. Munzur (11,644 ft.)
Nemrut Dāgh (8,556 ft.)
Mt. Elbistān (10,108 ft.)
Kurd Dāgh (3,606 ft.)
نەخشەی (٩): بەرزی و نزمی زەوی
لە 10000 پێ بەرزتر
10000 - 700
7000 - 5000
5000 - 3000
3000 - 2000
2000 - 1000
لە 1000 پێ کەمتر

# جیۆلۆجیای زەوی

لە ڕووی جیۆلۆجیاوە، زەوی كوردستان یەكجار بزۆكە. ئەم زەوییە خۆی بەسەر ئەو ناوچە دابەشكەرەدا داسەپاندوە كە دەكەوێتە نێوان لێكدانی سەرزەمینی یۆرۆئاسیا و ئەفەریقا و ئەو پێكهاتە زەمینییانەی كە لێیەوە كەوتوتەوە. لەناوچەكەدا سەرزەمینی عەرەبستان، لەسەرزەمینی ئێران و ئەنەدۆڵ سالانە چەند گرێ لێك دووردەكەونەوە. سەرەنجام چیاكانی زاگرۆس و كوردستان كە نووكی لێكدانە لەنێوان هەردوو سەرزەمینەكەدا، دەكەونە ژێر فشارەوە و ساڵی چەند گرێ دەكشێنرێنەوە، ئەم پاڵە پەستۆ كیشوەرگیرە كە نزیكەی (١٥) ملیۆن ساڵ لەمەوبەر دەستی پێ كردووە، سەرزەمینی كوردستان لە قووڵایی دەریای (تەثیث)ەوە كە باشووری ڕۆژاوای ئاسیای داپووشیبوو، بەرەو بانتر تەس دەدا و هێشتا هەر بەردەوامە و لە بڵندیی چیا تازە دروستبووەكانی كوردستان زیاتر دەكا.

ناوچەی جیۆلۆجیی پێدەشتەكانی كوردستان كە لەگەڵ بیابانی عەرەبدا لێك دەدەن لەبنەڕەتدا تەواوكەری ئەو زەوی سازیەیە كە خۆی دەباتە دەورووبەری نۆكەندی فارس – كە خۆی لە خۆیدا پاشماوەی دەریای (تەثیث)ە كە پڕە لە هایدرۆكاربۆنات. ئەم زەوی سازیانە، بێ گۆڕانێكی ئەوتۆ لە كەناری ڕۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاست و لە نزیكی ئەنتاكیەوە مل دەنێن تا خۆیان لە تەنگەی هورمز دەدەن، لە ڕاستیدا ئاوەكانی نۆ كەندی فارس، لە ڕووی جیۆلۆجییەوە، سەردەمانێك تا ئەم دواییەش تا دەگەیشتنە هەڵەتەكانی وڵاتی كوردستان شەپۆلیان دەدا تا خۆیان دەگەیاندە زەریای هیندی بەرەو دەریای سپیی ناوەڕاست و دەریای ئەتلانتیك و بەم جۆرە یۆراسیایان لە ئەفەریقا و عەرەبستان جیاكردەوە. كەواتە دەتوانین بڵێین ئەو تەنگە جیۆلۆجییە بە پیترۆڵەی نۆكەندی فارس دەكرێ بكرێ بە دەرەنجامی ئەو سامانی نەوت و گازی سروشتییەی كە وان لەژێر ژێری چینە زەمینییەكانی خاكی كوردستاندا.

هەڵچوونە مەزنە بوركانییەكان بەشێكی زۆری سەرزەمینی كوردستانیان لە باكوور و باكووری ڕۆژهەڵات سفتوسۆداوە. لە چیای ئەرارات، چ لووتكە بەرزەكان، چ ئەوانەی نزمترن، هەروەها لە چیای نەمرووود (یان نیمروت داغ)ی سەر گۆلی وان سێ دەرەنجامی زەقی ئەم

بزاڤە نەسرەوە جیۆلۆجیەن، هەروەها هەردوو گۆمی وان و ورمێش پێکهاتووی ئەو کۆسپ و بەنداوە سروشتیانەن کە لە ئاکامی ئەو گۆڕانە جیۆلۆجیانەوە هاتوونەتە دی کە لە ڕابردوویەکی نزیکدا ڕوویان داوە. ئەوانەی لێدەرچێ، سەرزەمینەکەی تر هەموو بەو زەوی قڵیشانەوانە هاتوونەتەدی کە بە کوردستاندا لەم سەرەوە بۆ ئەوسەر ڕوویان داوە بەتایبەتی بە ئاراستەی باکووری ڕۆژئاوا بەرەو باشووری ڕۆژهەڵاتدا، ڕۆژاوای کوردستانی لێدەرچێ کە ئاراستەکە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژاوا دەکشێ. کەف و خڵتەدەردانە بورکانییەکان زەوی کوردستانیان بە کانزای بەپیت و سامان بەرەکەتدار کردوە (بڕوانە سەرچاوە سروشتییەکان). هەروەها سەرزەمینەکەیان بە ڕەنگی جۆرا و جۆری خاك و بەرد و تاوێرە شاخی جوان نەخشاندووە کە هەمیشە مایەی سەرنج و سەرسووڕمانی ئەو کەسانەن کە لە وڵاتانی بێگانەوە یەکەمجار پێ دەنێنە خاکی کوردستانەوە. ئەم جیۆلۆجیا نەسرەوە لە هەمان کاتدا کوردستانی کردووە بە سەرزەمینێکی بوومەلەرزە ئۆست. یەکێك لە دەرنجامەکانی ئەمە ئەوەیەکە کەمتر ئاسەوارە ئەرکیۆلۆجییەکان بەپێوە ماون. لە کەنگاوەری کوردستانی باشوور، پەرستگە مەزنەکانی ئەناهیتای خواوەندەژن شایەتێکی گەورەی هێز و خۆڕاگریی ئەم ئاسەوارانەن. هەرچەندە ئنگەکانی بە هەرچوار لادا هەڵدراون و پێپلیکانەکانی بەو ناوەدا پەرشوبڵاو بوونەتەوە و سەکۆ مەزنەکانی و لادیوارە زلەکانی بەم لاو بەولادا هەڵاژاون، بەڵام هەموو پێکەوە شایەدی (٢٢٠٠) ساڵی ڕەبەقی بوومەلەرزەی یەك بینن.

پەیکەرە زلە کون کون بووەکانی چیای نەمروود داغ (ئەمە ئەو چیای نەمروودە نییە کە لەسەرەوە باسی کراوە) کە دەکەوێتە باکووری ئادیەمانی ئەوپەڕی ڕۆژاوای کوردستان، نموونەی تری ئەم ڕاستییەن. چیرۆك و داستانەکانی سەر زاری دانیشتووانی شار و لادێکان کە دەڵێن گوایە زەوی قڵیشاوەتەوە و شار و گوندەکانی هەڵلووشیوە هەموو باسی ئەم بزاڤە جیۆلۆجیە دەکەن کە بە درێژەی چەندین سەردەم هاتوونەتە سەر بەرەی بوون.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** Celâl Sengör, *The Cimmeride Orogenic System and the Tectonics of Eurasia* (Boulder: Geological Society of America, 1984); *The International Petroleum Encyclopedia*; Christopher Ryan, *A Guide to the Known Minerals of Turkey* (Ankara: Mineral Research and Exploration Institute of Turkey, 1960); I. Altin et al., "Ölçekli Türkiye Jeoloji Haritasi" ("Explanatory Text of the Geological Map of Turkey"), sheets published loose at 1:500,000 scale for each Turkish province, accompanied by explanatory texts (Ankara: Mineral Research and Exploration Institute of Turkey, 1960-70); *Seismotectonic Atlas of Iran* (Teheran: Geological Survey of Iran, 1976); Herbert Wright, "Geologic Aspects of the Archaeology of Iraq," *Sumer* XI (1955).

# ئاو و هەوا و ڕێژەی باران بارین

پلەی گەرما لە كوردستان زۆر بەگوێرەی بڵندایی شوێنەكان دەگۆڕێ و تا مرۆڤ بە ناوچە شاخاوییەكانی ناوەندا زیاتر هەڵگژێ، ئەوەندە پلەی گەرما نزمتر دەبێ. هاوینی شوێنە نزمەكان لەوانەیە لەڕادەبەدەر گەرم و نیمچەشێداربێ، بەڵام لەو ناوچانەدا كە دەكەونە دووتوێی چیاكانەوە تا بڵێی فێنك و خۆش هەوا دەگوزەرێ. زستانان، ئەو شوێنانەی لێدەرچێ كە بەسەر دەشتەكاندا دەڕوانن، تا بڵێی ساردو بەفراوی دەبێ (نەخشەی ژمارە ١٠).

ئەم جیاوازیە لە ئاو هەوادا، بەهۆی وێران كردنی یەك لە دوای یەكی دارستان و لێڕەوارەكان و زۆر بەكارهێنانیان وەكو لە وەرگەی ئاژەڵەوە هاتۆتە دی- زۆر جێگاهەن كە تا ئەم چەندانەی دواییش بە ئاو هەوای خۆش ناسرابوون، ئێستا وشك و برینگ بونەو بونەتە دەشت و دەری ڕووتووقووتی لە تاوساندا ئاگریارێن و لە زستاندا شەختە و بەستەڵەكاوی زۆربەی سەرزەمینەكانی كوردستانی باكوور لە ئەنەدۆڵ پلەی گەرمییان لەزستاندا خۆی دەدا لەژێر سفر، و ئەمەش بڵندایییەكان دەكا بە یەك پارچە بەستەڵەك. ئەم جۆرە شوێنانە نزیكەی (٥٪)ی وڵاتە پێكدێنن. ئەو شوێنانەی پلەی گەرمای ساڵانە تێیاندا نزمە و دەكەوێتە نێوان پلەی بەستان و "٥" پلەی ژێر سفرەوە (٤٠ فەهرەنهایت) ١٥٪ی سەرزەمینی كوردستان پێكدێنن. ئەم ناوچانە سەرەتا لە كوردستانی باكوورەوە لە توركیا دەس پێ دەكەن و بەرەو ئێران دەكشێن بەڵام پەل بەرەو باكووری ڕۆژئاوای كوردستانیش دەهاون، واتا بەرەو دەرسیم، لەوێشەوە بەرەو عێراقیش ڕەت دەهاون. دەتوانین بڵێین لە دوانزە مانگی ساڵ، حەوت مانگی بەفراوی دەبن. هەردوو شاری قارس و ئەردەهان دەكەونە ناو ئەم ناوچەیەوە. لە كوردستانی باكوور مانگەكانی زستان بەگشتی ساردترن لە ئەنكۆراج و جانۆ و ئەلاسكا.

ئەو باس و خواسە خۆشانەی كە زینۆفۆنی مێژوونووسی یۆنانی، كە خۆی و (١٠) هەزار سەربازە یۆنانێكانی ئاوەڵی نائومێدانە بە كوردستاندا و بەناو بەفر و بەستەڵەكەدا بەرەو وڵاتی خۆیان ساڵی (٤٠١ ی پێش زایین) گێڕاونیەتەوە (ئەناباسیس بەشی چوارەم، ١-٣)، و هەڵمەتەكەی دوو سەد ساڵی دوای ئەوەی ڕۆمەكان كە بەسەركردایەتی (لوكوللو)


L. Van
نەخشەی ژمارە (10): پلەی گەرمی و ساردی
خواروی مەیین
0 – 5 پلە
5 – 10
10 - 15
15 - 20
20 - 25

کراوە و پلوتارك گێڕاویەتەوە، هەموو باسی ئەو هەموو ڕەنج و کوێرەوەرییە دەگێڕنەوە کە هەردوو لا بە دەست سروشتی سەخت و سارد و نالەباری وڵاتەکەوە کێشاویانە.

پلوتارك دەڵێ: ئەو ساڵە زستان لە کۆتایی مانگی ئەیلوولەوە داهات و سەرەتای بە زریان و فرتەنە و بەفر بارانی بەردەوامەوە دەستی پێکرد. تەنانەت ئەو ڕۆژانەش کە ئاسمان ساف و بێ هەور بوو، کەش و هەوا ئەوەندە ساردی دەکرد کە هەرچی کانیاو و جۆگە هەبوون دەیانبەست و مستێ ئاو بۆ خواردنەوەی ئەسپەکانیش بە ئاسانی دەست نەدەکەوت. ڕێگاویان هەمووی دەگیرا و کەڵکی تێپەڕبوونی پێدا نەدەماو قڕان دەکەوتە ناو ئەسپەکان. لەشکری ڕۆمەکان هەڵگەڕایەوە و مەسەلەکە لە بەرەودوا کشانەوە بەولاوە کەڵکی پێوە نەما.

دوای ئەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، مارکۆپۆلۆی گەڕیدەی ڤینیسیانشین باسی ساردیی ئەو سەرزەمینەی بەوە کردووە کە لە هەموو ڕادەیەك بەدەرە (Travels I.vi).

لە بەشەکانی تری باکووری کوردستان پلەی نزم خۆی دەدا لە ٥-١٠ پلەی سەنتگیراد (٤٠- ٤٨ فەهرنهایت)، هەروەها گەلێ بەشی تری ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەمان ئاستدان. ئەمە لە باشوورەوە تا هەمەدان بەهەمان شێوەیە.

ئەم هەرێمە کەش و هەواییە نزیکەی ٢٠٪ی خاکی کوردستان دەگرێتەوە، شارەکانی دەرسیم و بتلیس و مووش و بینگۆل و ئاگری و وان و حەکاری و قەلادزێ و بیجار و سەردەشت و مەریوان و بانە و هەمەدان، دەکەونە بازنەی ئەم هەرێمەوە. لە هەموو ئەم ناوچەدا زۆربەی ساڵان، ساڵی پێنج مانگ بەگشتی بەفر دەکەوێ.

لەوانەیە خۆشهەواترین بەشی کوردستان، ئەوەبێ کە خاوەنی نزمترین پلەی گەرمای (١٠-١٥ پلەی سەدی واتە ٤٨-٥٧ی فەهرنهایت) بێ.

ئەمە پانترین هەرێمی یەکپارچەی کوردستان واتا ٤٠٪ی کوردستان پێك دێنێ بە نزیکەی (٣/٢)ی کوردستانی باشوور و نیوەی کوردستانی ڕۆژاواوە. هەردوو بەشە دابڕاوەکەی ئەنەدۆڵی ناوەند و خۆراسان، بەشێوەیەکی گشتی بەر ئەم هەرێمە دەکەون. ئەم هەرێمە بازێڕەکانی مەلاتیە، ئادیەمان، عێنتاب، ئەلازیگ، زاخۆ، دهۆك، ئامێدی، هەڵەبجە، مەهاباد، سەقز، سەنەندەج، کرمانشاه، شائاباد و کەنگاوەر و قۆچان و بوجنورد و شیروانیش (لە بەشە دابڕاوەکەی خۆراسان) و جیهانیەیلی و هەیمانا، پۆلاتلی، یوزغات و تۆقاتیش لە (بەشە

دابڕاوەکەی ئەنەدۆڵ) دەگرێتەوە، (بڕوانە شارنشینی و ناوەندە شارنشینەکان). لەم هەرێمانەدا لەوانەیە بەفر ساڵی چوار مانگ بە هەندێ شوێنەوە هەبێ.

کام هەرێمی سەرەکیی کوردستان دەگری لە ڕووی گەرمییەوە دەبینی لە پلەی نزمی وەکو ١٥–٢٠ پلەی سەدی (٥٧–٦٥ پلەی فەهرنهایت)دایە. هەموو کوردستانی سوریا، نیوەی کوردستانی ناوەند لە عێراقدا، نزیکەی ١٥٪ی کوردستانی ڕۆژاوا دەکەونە ئەم هەرێمەوە. هەرێمەکەش شارەکانی دیاربەکر، سێرت، ماردین، ئورفە قامیشلی، عەفرین، سنجار، سولەیمانی، هەولێر، قەسری شیرین، ئیلام، گیلان و پەهلە دەگرێتەخۆی. لێرەدا، لەوانەیە ساڵی هەر (٢) مانگ بەفر بکەوێ.

هەرێمێکی یەکجار بچووک کە کەمتر لە (١٠٪)ی وڵاتی کوردان پێکدێنێ و بریتییە لەو تیلماسکەی خاکی کوردستان لە پێدەشتە نزمەکانی دراوسێی لێك دەکاتەوە تێیدا پلەی گەرما خۆی دەدا لە (٢٠–٢٥٪ واتە ٦٥–٧٤ف). زۆربەی زۆری ئەم ناوچەیە دەکەوێتە کوردستانی عێراقەوە، شارە گرنگەکانی کەرکوك، کفری، دووزخورماتوو، خانەقین، مەندەلی، بەدرە و میهران، کە بە ڕەز و باخی زەیتوون و هەنجیر و هەنار و میوە پرتەقاڵییەکان بەناوبانگن دەکەونە ئەم هەرێمەوە.

زۆر بە پێچەوانەی بەشەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەفر و باران لە کوردستاندا هەم ڕێکوپێك و هەم زۆریشە و لەسەر سیستەمی دەریای سپیی ناوەڕاست دەڕوا و زۆرتریش لە زستان و بەهاردا دەبارێ. زۆربی بارینەکە لە شێوەی بەفردا دەبێت، کە جاری وا هەیە (٦) مانگ دەکێشێ لە هەندێ جێگا، ئەم بەفربارانە دەبێتە مایەی بەستانی زۆربەی جۆگە و گۆل و شەتاوەکانی ناو زۆزانە هەرە بلندەکان.

لە هاویندا کەمتر باران دەبارێ بەڵام لەبەر توانەوەی بەفری کوێستانەکان، ئاوی ڕووبارەکان دەگاتە ئەوپەڕی پلەی بەرزی لە هاویندا و بەمە ئاوێکی زۆر و زەوەند بۆ کاروباری ئاودێری فەراهەم دەبێ (بڕوانە سەرچاوە سروشتییەکان: ئاو).

ڕێژەی باران لە زۆزانە ناوەندەکان دەگاتە (٥٠– ٨٠) گرێ لە ساڵێکدا و تا بەرەو ژێر شۆڕبێتەوە ڕووەو سنوورەکان بەرەبەرە نزمتر دەبێتەوە تا دەگاتە ٢٠–٤٠ گرێ. نزمترین ڕێژە لەو ناوچانە دەبارێ کە دەچنە سەردەشتەکانی میزۆپۆتامیا (بڕوانە نەخشەی ١١).

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: British Naval Intelligence Division's *Geographical Handbook* series on Iran, Iraq, Turkey (2 vols.), and Syria (1940-43); X. de Planhol, "Limites antique et actuelle des cultures arbustives mèditerranèennes en Asie Mineure," *Bulletin de l'Association de Gèographes français* 239-40 (Paris, 1954). Jacques de Morgan, *Relation sommaire d'un voyage en perse et dans le kurdistan* (Paris, 1895).


L. Van
نەخشەی ژمارە (11): ڕێژەی باران بارین لە کوردستان
لە 2000 ملم بەرزتر
2000 - 1200
1200 - 800
800 - 700
700 - 600
600 - 500
500 - 400
400 - 300
300 - 200

# ژینگە و ژیاناسی

لە (١٠٠) هەزار ساڵی ڕابردوودا، کوردستان چەند دەورەی وشکی و تەڕی بە خۆیەوە بینیوە، ئەمەش دەرەنجامی زیاد و کەمیی شینایی و گۆڕانی قووڵ لە سروشتدا و زیادبوونی زیندەوەر و گیا بووە لە هەرێمەکەدا.

لە پۆپەی دوابیترین چاخی بەستەڵەکدا، سەرزەمینێکی فراوان لەناو هەڵتە بەرزەکاندا وشك هەڵاتن، ئەمەش چ لەبەر سەرمای لە ڕادە بەدەر، چ لەبەر داپۆشرانی بەرزاییە لووتکەشەکان بە بەستەڵەك. هەرچی ناوچە نزمەکان بوون،، لەبەر گۆڕانی سنوورەکانی کەش و هەوا و زیاتر بەرەو ژێر داکشانی جۆگەلە و شەتاوەکان، کەمتر بەر ڕێژنەی بەفر و باران کەوتن.

لەو سەردەمەدا کە ئاژەڵ و بەر و بووم لە کوردستاندا لەسەردەستی مرۆڤ کەوی بوون، واتە سەردەمێك کە دەگەڕێتەوە بۆ (١٢) هەزار ساڵ لەمەوبەر، هێشتا سەرزەمینێکی فراوان بە بەستەڵەك داپۆشرابوو و کەوتنی بەفری زۆر و بارینی بارانی بەخوڕ باو بوون. ئەمە لەگەڵ هی ئەم سەردەمەدا زۆر جیاواز نەبوو، هەرچەند لە ڕووی وەرزەوە زۆر لە ئێستا جیاواز بوو. لە سروشتی ئەو سەردەمەدا، گیا سەر ڕوی زەمینی داپووشیبوو، ئەمە ڕوخساری باوی ئەو چەرخەبوو، بە تایبەتی گیا و گوڵی دانەوێڵەبەخش و گژوگیای پەلك پان، هەروەها گیای پۆلکەدار و گوڵی جۆراوجۆر (بڕوانە ٣٣٩–٣٣٤ / Wright ١٩٦٨).

مێگەلی گەورەی مەڕ و بزن و بەرازی کێوی و شێرداره گۆشتخۆرەکان و باڵندە کۆچکەرەکان لەسەر بەروبوومی سەرزەمینەکە دەژیان. هەرێمەکە، مەڵبەندی دوو داهێنانی تازەسازی یەکجار شۆڕشگێڕ بوو لە تەکنۆلۆجیای ژیاندا، واتە کشتوکاڵ و کەویکردنی ئاژەڵ..... هەر لەبەر ئەم هۆیە سەرزەمینی کوردستان و دراوسێکانی لەسەرزەمینە نزمترەکان وەکو مێزوپۆتامیا و سوریا و فەلەستین ناویانگی مێژوویی "کەوانەی بەپیت" یان وەرگرت (بڕوانە سەرەتای پێشکەوتنی تەکنولۆژی).

دوا ڕووداوی لابەلای گرنگ لە گۆڕانی کەش و هەوا و ژینگەدا ئەوە بوو کە (٨٠٠٠) ساڵ

لەمەوبەر رووبدا، ئەوە بوو شەختەبەندان و بەستەڵەك وەكو دیاردەیەك بە تەواوەتی كۆتاییبیان هات و كەش و هەوا بە تاو بەلای تەشقشكاندا هات و هەوری باراناوی بەری ئاسمانیان گرت و شەتاوان روویان كردە باكوور.

ئەم دیاردە ئاسیاتەبارە، نزیكەی ٦٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر چوەتە ئەوبانە كاكی بەكاكییانەی ئێرانەوە كە دەكەونە رۆژهەلاتی كوردستانەوە، و لەوێ گۆمی گەورەی ئاوی بنزەمینیان دروست كردووە، دەرنجامی ئەمە ئەوە بوو بارانی بە خورو گوری زستان و بەهار هاوینەبارانیشی هاتە سەر و سەری چیاكانیان شۆردەوە و هەرچی شەختە بەندان و بەستەڵەك هەبوو بە پەلە توانەوە و شینایی و گیاوگوڵ. هەموو یاڵەكانی كوردستانیان داپۆشی.

دەشتی رووت و سارد و سڕ لە هەندێ جێ و كەم گیا لە جێی تر، بە دارستانی چڕی گەز وسنە بەر و عەرعەر و سەروو چنار و بی و سوورە چنار و لە هەموویان گرنگتر داری كەستانە و بەروو داپۆشران. لە شیوو دۆڵەكاندا، كە كەمتر كەوتبوونە بەرپێی مرۆڤ و ئاژەڵ، داری میوەی ناوكدار و بێ ناوك بە زۆری بلاوبوونەوە، زیندەوەری تازە هاتووی وەكو ورچی بۆر و ڕەش، لەناو دارستانە چرەكاندا لانەی چاكیان بۆ خۆیان دیتەوە، ئیتر شوێنە سەخت و یەكجار بلندەكان بوون بە پاوانی گەورە گەورە.

وەرزەبای ئاسیایی ٤٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەستی كرد بە كزبوون و ئینجا نەمان و كشانەوە بەرەو باشوور، ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی هاوینەباران ئیتر ببڕای ببڕای جارێكی تر لەسەرزەمینەكە دانەكاتەوە، لەكاتێكدا شینایی لە بەرزاییە هەرە بلندەكانی كوردستان ئەوەندە بەم باران بڕانە پشت شكێنە شێلوو نەبوون (لەبەر فێنكیی ولاتەكە خۆی و لە ئەنجامدا كەمتر شێ لە دەستدانی زەوییەكان). زەوی و زاری شیوو دۆڵەكان لە بارێكی ناسكدا مانەوە، هەر ئەم بارە دژوارە، هەڵەتەكانی دەستی ئەوبەری لە ئێراندا بە وێران كردن وێران كرد. شایانی باسە ئەم وشكە ساڵیە درێژ و لەسەرخۆیە تا ئەمرۆكەش هەر بەردەوامە، هەندێ ئەدەبیاتی مێزۆپۆتامیا كە لە ئاسەوارە بەردینەكان وەرگیراون و باسی داستانی ٤٠٠٠ ساڵەی لەمەوبەری گیلگامش دەكەن، كە دێنە سەر باسی زاگرۆس بە "ولاتی جەنگەڵستانی چڕی گەزەلان" ناوی دەبەن كە "بەهەر چوارلادا دەهەزار فەرسەخ دەڕوا" (بڕوانە فەرهەنگی میللی و ناسنامەی نەتەوەیی).

داستانەکە دیسانەوە دەکەوێتە باس و دەڵێ: "ئەوان پێکەوە بەرەو دارستانەکە شۆڕبوونەوە لەوێشەوە بۆ چیا سەوزەکە ڕۆیشتن، لەوێ بێدەنگ دانیشتن هەردووکیان بە مەدهۆشی و کەڕولاڵ ئاسا چاویان بڕیبوە دارستان و چیاکەی بەرامبەر کە سەرتاپا باڵا بەرگی سەوزی سنەوبەری پووشیبوو ئەو لووتکە بەرزانەی کە دەتگوت نەزەرگای خوداوەندەکانن. سنەوبەرە بە ئاسمانداچووەکان بەرسنگی چیاکانیان داپووشیبوو و بەرپێی خۆیان کردبوو بە ساباتێکی یەکجار دڵڕفێن، کە مرۆڤ پڕ بەدڵ شارەزوی حەسانەوەی تێدا دەکرد، چ چیاکە چ وردە تەختاییەکانی بەرسنگی بەرگێکی سەوزی گیا و گوڵیان کردبوە بەر.

دەبێ بۆ مرۆڤی ئەو سەردەمانە، ئەم دارستانە چڕ و ڕەشانەی ناو چیاکان سەرچاوەیەکی بێ بنی دار بوو بن بۆ خانوو و بەرە دروستکردن و بۆ خەڵووزی کورە خشتەکان و بۆ بەکارهێنانی تری ناوماڵ. بەڵام مەسەلەکە زۆری نەخایاند چونکە سەرچاوەکە دویماکار هاتە بن ڕاستییەکەی لەگەڵ سەرەتای یەکەم هەزارەی پێش زایینداا، دارستانە سەروەکانی زاگرۆس (کونار لە کوردییدا)، ئەوەندە کەوتنە بەر فەوتاندن (هەندێ جار بوون بە قوربانیی گۆڕانی کەش و هەواش)، کە گێڕانەوەکانی دواتری داستانەکە، "دارستانی سەروەکە" دەباتە لوبنان– هەرچەند لە ڕووی جوگرافیاوە هەردوو شوێنەکە گەلێك لێك دوورن، چونکە لەوکاتەدا سەروێکی زۆر بە چیاکانی لوبنانەوە مابوون. ئەوی ڕاست بێ، هەندێ شارەزای هاوچەرخ، هەرچەندە پەیان بەم هەڵە جوگرافیە بردووە، بەڵام لەژێر باری سەرسووڕماندا کە بۆچی هیچ ئاسەوارێکی دارستانی چڕی سەوز بە زاگرۆسەوە نەماون، هەستاون وشە دێرینەکانی داستانەکەیان لە "دارستانی سەروەوە" کردوە بە "دارستانی سنەوبەر".

کاتێك کە ئەخەمینیەکان هاتنە سەرکار (٥٥٠ پێش میلاد) (بڕوانە مێژووی کۆن)، و ئەوانیش وەکو پێشینەکانیان هەر لەسەر بەکارهێنانی ڕاژە و دیرەکی سەرو بۆ دارەڕاکردنی خانوەکانیان ڕۆیشتن، ئیدی لەو دارە لە کوردستاندا نەمابوو، بۆیە دارای یەکەمی پادشایی ئەخەمینیان ناچارما بۆ کۆشکەکانی سووسە و پرسپۆلیسی دارسەر و لە وڵاتێکی دوورە دەستی وەکو لوبنانەوە بێنێ. بۆیە ئەوەندەی پێ نەچوو دارستانە سەروەکانی لوبنانیش بە دەردی ئەوانەی کوردستان چوون. گەلێ دارستانی سەرزەمینی کوردان پاشماوەی سەردەمانێکی تەڕترن لەمەی ئێستا و پاش ئەوەی لەبنەوە ئەمسەر و ئەوسەر دار بڕکراون

جارێكی تر ناتوانن سەر دەربكەنەوە و ببنەوە بە دارستان. دارستانیش كە دار بڕكرا، ئەو كەش و هەوای ناوچەو نەرمی ژینگەیەی دەیپارێزن یەكەندەردوو لە بەین دەچن. بەم جۆرە زۆربەی دارستانەكان جارێكی تر لە نوێ كردنەوەنایەن، بە مانای نوێ كردنەوەی ڕاستەقینە، بۆیە دەبێ بە ئاگاداری و وریاییەوە ئەم دارستانە كۆنانە بپارێزن. لەو وێرانكارییەدا، یەكەم سەرووەكان بوون بە قوربانی، ئینجا سنەوبەرەكان دوابەدوای ئەوان. دەتوانین بڵێین، سەدەكانی (٣) یان (٤)ی پێش زایین ئەو سەردەمە دەگرنەوە كە دارستانە سنەو بەرەكان قەلاچۆ كراون، بەوەی كە سنەوبەر بە داری هەڵبژاردە و بەرەكەشی بە نیشان و نەخشی سەر كۆشكەكان دادەنران لە سەردەمی ئاشووری و میدیایی و ئەخەمینیەكاندا تا ٣٣٠ی پێش زایین بەڵام لەوە دواتر ئەو دەستوورە ئاسەواری نەما.

ئەم شێوانە لە بەرگی سەوزی سەرزەمیندا، لەباری سروشتییەوە، كاریگەرییەكی قووڵ و زیانبەخشی بەسەر باری كەش و هەوای گشتیدا هەبوو بە جۆرێك كەش و هەوای ناو خۆ و ناوچەیی جارێكی تر نەیتوانی بێتەوە سەر دۆخی جاران، (بڕوانە كەش و هەوا و باران بارین)، ئەو زیانانەی كە لە سەدەكانی ١٩ و ٢٠ دا لە دارستانەكان كەوتوون ئەوەندە گەورەن كە لە چاو ئەوانی ڕابردوودا، بەسەردەمەكانی هەرە كۆنیشەوە، هی بەراورد كردنیش نین. بەراوردێكی خێرای ژینگەی ئەم سەردەمە، لەگەڵ ئەو قسە و باسانەدا كە گەڕیدە بیانیەكان لە سەدەی ڕابردوودا كردوویانە، زەندەقی خوێنەر دەبەن كە چ گۆڕانێكی خراپ لە سامانی سروشتیی هەرێمەكەدا ڕوویداوە. یەكەم توێژی پڕ بەرەكەتی زەوی بەرگە گیایینە سەوزەكەی سەری دادەماڵرێ و بە بارانی بە خوڕی بەهار دەشۆرێتەوە، ڕنووی بەفری بەهار، لەگەڵ لێشاوی دارمانی قوڕ و لیتە لە هەمان وەرزدا، لەگەڵ یەكدا نۆرەبڕی دەكەن بۆ داخستنی ڕێگاوبانەكان و وێرانی دەكەن، بەڵكو دەبنە هۆی گیران و لە كارخستنی ئەو بەنداوانەی كە بۆ پاراستنی سامانی ئاوی ناوچەكان دروست كراون (بڕوانە سامانە نەتەوەییەكان: ئاو).

دیارە كوردستان لەم وێرانكارییە گەورەیەدا لە وڵاتانی دیكە بە دەرنیە، بەڵكو هەموو ناوچەكانی دراوسێ، بگرە هەموو جیهان، لە دەستی هەمان دەردی گران دەناڵێنێ.

ڕاستییەكەی، بۆ پاراستنی تۆخی سەرەوەی زەمین كە ڕزگێنەری شینایییە كارێكی ئەوتۆ نەكراوە. هەروەها گەڕی بەردەوامی شەڕ و شۆڕ و ئابڵووقەكاری، تەنانەت جەنگی

ڕاستەقینەش لە هەرێمەکەدا، ئەوەندیکە بارەکەی خراترو و دژوارتر کردووە. بزووتنەوە و هاتوچۆی کەرەستە و تفاقی گرانی جەنگ، بومباباران کردن، ئاگرنانەوەی بەئەنقەست لە ئۆپراسیۆنە جەنگییەکاندا، هەموو دەست لەناو دەست، بۆ وێرانکردنی ژینگەی لاژگی هەرێمەکە بە چالاکی تێکۆشاون.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر، بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: Herbert Wright, "Pleistocene Glaciation in Kurdistan," *Eiszeitalter und Gegenwart* XII (Wiesbaden, 1961); K. Wasylikowa, "Late Quaternary Plant Macro-Fossils from Lake Zeribar, Western Iran," *Review of Palaeobotany and Palynology* 2 (1967); Herbert Wright, "Late Quaternary Climates and Early Man in the Mountains of Kurdistan," *Report of the VI International Congress on Quaternary Epoch, Warsaw, 1961* (Lödz, 1964); H. Wright, "Modern Pollen Rain in Western Iran and its Relation to Plant Geography and Quaternary Vegetational History," *Journal of Ecology* 55 (1969); Charles Reed and R. Braidwood, "Toward the Reconstruction of the Environmental Sequence of Northeastern Iraq," in Braidwood and Howe, eds., *Prehistoric Investigations in Iraqi Kurdistan* (Chicago: University of Chicago Press, 1960); C. Brooks, *Climate Through the Ages* (London: Ernest Benn, 1949); Arlette Leroi-Gourhan and Ralph Solecki, "Palaeoclimatology and Archaeology in the Near East," *Annals of the New York Academy of Sciences* XCV (1961); Clark Howell, "Pleistocene Glacial Ecology and the Evolution of Classic Neanderthal Man," *Southwestern Journal of Anthropology* VIII-4 (1952); Werner Nützel, "The Climatic Changes of Mesopotamia and Bordering Areas: 14,000 to 2,000 BC," *Sumer* xxx:1-2 (Baghdad, 1976); X. de Planhol, "Limites antique et actuelle des cultures arbustives mèditerranèennes en Asie Mineure," *Bulletin de l'Association de Gèographes français* 239-40 (1954); *Climatic Atlas of Iran* (Teheran: Teheran University Press, 1970); Ali Tanoglu, Sirri Erinç, and Erol Tümertekin, *Türkiye Atlasi* (Istanbul: Milli Egilim Basimevi, 1961); *The Epic of Gilgamesh*, translated and edited by N.K. Sandars (Baltimore: Penguin, 1972); H. Wright, "Natural Environment of Early Food Production North of Mesopotamia," *Science* 161:334-339 (1968); W. van Zeist, "Late Quaternary Vegetation History of Western Iran," *Review of Palaeobotany and Palynology* 2 (1967); H. Bobek, "Die gegenwärtige und eiszeitliche Vergletscherung im Zentralkurdischen Hochgebirge (Osttaurus, Ostanatolien)," *Zeitschrift für Gletscherkunde* 27 (1940); Jacques de Morgan, *Relation sommaire d'un voyage en perse et dans le kurdistan* (Paris, 1895).

# شینایی و زیندەوەر

ئەو هەموو داریەڕووە – چ دار چ دەوەن – و كەستانە و عەرعەر و سنەوبەر و سەڕوو داری میوەی كێویلە كە لە كوردستاندا لە دێرزەمانەوە خۆڕاگرانە ماونەتەوە، وێنەیەكی باشی دارستانە چڕەكانی سەردەمانی دێرینمان دەدەنێ (بڕوانە ژینگە و ژینگەناسی). داریەڕوو – چ دار چ دەوەن ئێستاكە باوترین دارە لە پاشماوەی دارستانە چڕەكانی زاگرۆسدا، ئەم دارستانانە جێگەیەكی پێكەوە ژیانی یەكجار چاكن بۆ هەندێ جۆری كارگ و دۆمەلان كەلە گەل كەستانەی كێویدا (بەڕوو) خۆراكێكی خودادادەن بۆ هەژاران. هەر ئەم دارستانانە خۆیان خوانی والای میوەی كێویلەن وەكو توترك، توێكڵداری جۆراوجۆر، تری، توو، هەرمێ، شاتوو، توەڕەشە، گوێز، فستق، بادام و هی تر...

سەرزەمینەكە هەر لەسەردەمە دێرینەكانەوە ناوبانگی بە زەوەندیی گوڵ و گوڵزارەكانی دەركردووە (بڕوانە فەرهەنگی میللی)، لەوانەیە كوردستان مەڵبەندی بەخێوكردن و ڕەنێوهێنانی گەلێ گوڵی فیسكەرسك بووبێ وەكو زەمەق و نیلوفەڕ و نێرگز، هەروەها ئەو جۆرە گوڵانەی كە بۆ داودەرمان بەكار دێنرێن وەكو گوڵەباخ و ناردین. ئەو هەموو گیا و گوڵ و گوڵخونچە بۆنخۆشانەی كە لەسەرزەمینەكەدا هەن، لەوانەیە وەڵامدەرەوەی ڕاست و ڕەوانی ئەو پرسیارە هەمیشەییەبن: دەبێ بەرووبومی سپییایەتیی كوردستان بۆچی ئەوەندە بە بۆن و بەرلمە بێ (بڕوانە كشتوكاڵ).

هێشتا كوردستان پڕە لە درەختی كێوی، وەكوو ورچی ڕەش و بۆر، گورگ، كەمتیار، بەراز، ڕێوی، دەڵەك، چەقەڵ، بەور، پڵنگ، باڵندەی جێنشین و ڕەوكەر وەكو داڵاش و كۆلارە، مریشكەرەشە، چرگ، كڵاوكوڕە، كۆترەشینكە، پۆڕ و قەتێ و قاز و مراویی كێوی و خشۆكی وەكو كیسەڵی گەورە و بچووك، قۆڕی و قومقومۆك مارمێلكە و مار. سەرەڕەای ئەمانە، چەندین جۆری ماسی شیرناوی ناو گۆم و ڕووبارەكان هەن، جگە لە نزیكەی چل جۆری ماسی ناوكانی و بن ڕەوەز.

گۆزە و كیتەڵەكۆنی كوردی و ئاشووری پڕن لەوێنەی هەندێ زیندەوەر و دەعبای وا كە

ئێستا لە کوردستاندا بڕانەتەوە. هەندێ بەڵگەی ئەرکیۆلوجی، وای دەردەخەن کەفیلی (جۆری Loxodonta) هەروەها وشتریش لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زایینـدا لـە دەوروبـەری پێدەشتەکانی دەم کوردستان هەبووین، شـێری (جـۆری Files Leo Persica) دەبـێ تەنانـەت تـا سەرەتای سەدەی رابردوو هەبووبێ. شـێردەرە زلـەکان، هەمیشـە نێچیری چـاکی ڕاوچـیەکان بوون و زۆر جار بە کۆمەڵ بە ڕاوکردن لەناو براون.

بۆ وێنە تیگلاتپیلاسەری یەکەمی پادشایی ئاشووریان (١١١٤–١٠٦٧ پێش زایین)، لە یـەك لە بەردە نووسەکانییدا دەڵێ: چوار گاکێوی و فیل و ٩٢٠ شـێری لـە یـەك وەرزی ڕاو و شـکاردا کوشتووە.

وا دەردەکەوێ پڵنگی Felis Tigris Tigris کە لە بازنەی دەورەبەری ڕووبـاری دیجلـەدا ژیـاوە (و هەر لەوەشەوە نـاوی لـەناو زمانـە ئەورووپاییەکانـدا بـە Tiger بـاوە)، تـا ئـەم دوا دواییـەش لەناوچەکەدا تەراتێن کردبێ... هەربۆیە، دەبێ ئەو پڵنگانەی لە مەیدانەکانی شـارەکانی ڕۆمـادا بۆ نومایشی ڕاوشکار نیشان دەدران لەم توخمـە بـووین. لەوانەیـە، ئـەم پڵێنگـە کوردیانـە، بـە تەواوی مانا پڵێنگ نەبووین، بەڵکو لەو بەورە زلانە بووین کە تـا ئێـستاش لـە کوردسـتاندا هـەر هەن، ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەیان لە کەم کردندایە.

ئەو ناوی Tigerەی کە نرایە سەریان، دوایی لەلایەن ڕۆمانەکانـەوە نرایـە سـەر ئـەو پڵێنگـە ڕاستەقینانەی لە دارستانەکانی دەوروبەرو باشووری دەریای خـەزەرەوە هێنـران پـاش ئـەوەی هاوجۆرەکانیان و درندەی تری شکاری لە کوردستاندا دوایان برا.

ئێسقانەباڵی هەندێ باڵنـدەی کەتـە، کـە لەوانەیـە لـە سرووت و ئاهـەنگی ئایینییـدا بـەکار هێنرابن (بڕوانە یەزیدییەت)، لەناو ئەشکەوتەکانی تەنگی ژوورووی شانیدەر – زاوی چەمی لـە کوردستانی ناوەندا دۆزراونەتەوە و مێژوویان بڕاوەتەوە بۆ ١٠٨٠٠ ساڵ لەمەوبەر.

لەناویانـدا، سـەرگەڕی ڕیـشدار و ئەفـسانەوار، هـەڵۆی سـپیی دەریـایی و هـی بـچووك و مێشەسی هەیە– دوای زۆربەی ئەم باڵندانە ئێستا لـە کوردسـتاندا بـڕاوە، بـەڵام دوانـی مـەزنی ئەم باڵندە گەورانە، واتا هەڵۆی هوما، کە نیشانەی بەیداخی پادشا سـەلاحەدین و پادشـاییەتی کـوردی ئـەیوبی بـوو (بڕوانـە مێـژووی سـەدەکانی ناوەنـد)، هـەروەها شـاوات (Otis Trada)– مێشەسی– هێشتا لە شوێنە تەریك و دوورەدەستەکانی وڵاتەکەدا تاك و تەراماوون.

باڵی ئەم دووباڵندە كەتانە لە (٨) پێ درێژترن ئەمەش لێكدەرەوەی ئەوەیە كە بۆچی بۆ كردار و پەرستشە ئاینیەكان لە كوردستان بە كار دەهێنران.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** M.B. Rowton, "The Woodlands of Ancient Western Asia," *Journal of Near Eastern Studies* 26 (1967); P.F. Turnbull and C.A. Reed, "The Fauna for the Terminal Pleistocene of Palegawa Cave," *Fieldiana Anthropology* 63 (1974); T.C. Young, "Survey in Western Iran, 1961," *Journal of Near Eastern Studies* 25 (1966); Dexter Perkins, "Prehistoric Fauna from Shanidar, Iraq," *Science* CXLIV-3626 (1964); H. Wright, H. McAndrews, and W. van Zeist, "Modern Pollen Rain in Western Iran, and Its Relation to Plant Geography and Quaternary Vegetational History," *Journal of Ecology* LV (1967); H. Walter, "Vegetationgliederung Anatoliens" ("Plant Distribution in Anatolia"), *Flora* 143 (1956); Jacques de Morgan, *Relation sommaire d'un voyage en perse et dans le kurdistan* (Paris, 1895).

**General Bibliography**

Some very good sources on the land and nature of Kurdistan in general are the British Naval Intelligence Division's *Geographical Handbook* series on Iran, Iraq, Turkey (2 vols.), and Syria (1940-43). The sheet maps and the accompanying text books of the *Tübinger Atlas des Voerderen Orients* (TAVO) (Wiesbaden, Ludwig Reichert Verlag, ongoing) are valuable resources for this and many other topics discussed in this work. Also see Ali Tanoglu, Sirri Erinç and Erol Tümertekin, *Türkiye Atlasi* (Istanbul: Milli Egilim Basimevi, 1961); Sirri Erinç, *Dogu Anadolu Cografyasi* ("Geography of Eastern Anatolia") (Istanbul: Istanbul University Press, 1953).

# فەسڵی سێیەم

## مێژوو

سەر لەنوێ دارشتنەوە و دارەڕا کردنەوەی مێژووی کورد کارێکی یەکجار دژوارە. ئەم مێژووە زۆر جار تووشی شێوان و بیروڕای سەرپێی بووە لەناو سەرچاوەیەکی زۆر و جۆرا و جۆر کەنە بۆ کورد نووسراون نەبۆ دەرخستنی ڕوخساری ڕاستی مێژووەکەی. بەشێکی زۆری مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن دەستەی دەسەڵاتدار و باڵادەست بوە، و لەم دوا دواییانەشدا، لەلایەن دەوڵەتە نەتەوەییەکانەوە نووسراوە. لەم ناوەدا، کورد لە (٨٠٠)ساڵی ڕابردووەوە نە دەسەڵاتدار و نە باڵادەست بووە. لە ئاکامی ئەمەشدا، بەشداریەکانی کورد لە مێژوودا پشت گوێخراون، یان لەمەش خراپتر، کراون بە ماڵی گەلانی تر (بۆ دەست خستنە سەر ئەم ڕاستییە، بڕوانە پێشەکی و ناسنامەی نەتەوەیی).

هەر هەوڵێکی نوێ و پێشەنگ بۆ دارەڕا کردنەوەی ئەم مێژوە، بابەشێکە کە دەکەوێتە بەرپرس و پرسیارێکی زۆر و زەوەند و گیر و کێشەیەکی سەخت. ئەمە شتێکی چاوەڕوان کراوە، چونکە لەگەڵ بار و دۆخی سەر خوێندا ڕێکناکەوێ. ئەگەر کارێکی ئەوها ببێتە مایەی لێکۆڵینەوەی زانایانەی پتر، ئەوا نیشانی پێکاوە و کارێکی سەرکەوتووە.

# پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی پێش مێژوو و دواتر ۱۰۰۰۰-۳۰۰۰ پ.ز.

ئەم قۆناغە، قۆناغێکە هەتا بڵێی سەرنجکێش لە مێژووی کوردستاندا. ئەو پێشکەوتن و دۆزکاریە زانستیانەی کە لە هەڵەت و بڵندییەکانی کوردستان لە (۷۰۰۰) ساڵەی پێش سەرهەڵدان و قوت بوونەوەی مێزوپۆتامیادا (۳۰۰۰ پێش عیسا) هاتبوونەدی هەتاهەتایە نەك هەر ڕێبازی مێژووی مرۆڤایەتیان گۆڕی بەڵکو ڕوخساری سەرزەمینیشیان خستە بەر پرۆسەی گۆڕان. زۆربەی ئەوەی دویماکار لەلایەن مەدەنیەتی (۵۰۰۰) ساڵەی نەوبایی میزوپۆتامیاوە خرایە مەیدانەوە و بوو بە بابەتی شارستانیەت، ۷۰۰۰ ساڵ لەوەبەر لە چیا و دۆڵەکانی کوردستانی هاوسنووردا هاتبووەکایەوە. بەڵگەیەکی زۆر و دۆکۆمێنتیزە کرا و لە بارەی گرنگیەتی ڕۆڵی کوردستان لە پێشکەوتنی مەدەنیەتدا بە دەستەوەن و ئەم بەڵگانە چ لە ڕووی ئەرکیۆلۆجی و چ لە ڕووی زیندەوەرناسییەوە گرنگییەکی زۆریان هەیە.

خەڵکە ئەشکەوت نشینەکانی چەرخەکانی بەردینی کۆن و ناوەڕاست (واتە ئەوانەی بە مێژوو دەگەڕێنەوە بۆ ۱۰۰۰۰ ساڵی پ.ز) لە کوردستانی خوارو و ناوەندا بە زۆری نیشان کراون. ئەولنی بە هیستوون (چیای بێستوون) لە باشوور هی نزیکەی ۱۰۰۰۰۰ ساڵ لەمەویەر و ئەوانی شانیدەر خۆیان دەدەن لە ۵۵۰۰۰ ساڵ، پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی و دەربڕینی هونەری ئەم فەرهەنگی چەرخی بەردینی کۆن و ناوەندانە، چ کەم چ زۆر، هاوشانن لەگەڵ هۆبە و نیشتگەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئەوروپادا.

چەرخی بەردینی نوێی کوردستان، لە بەرامبەردا، سروشتێکی زۆر جیاوازتری هەبووە. دۆزەکاریەکان وای دەردەخەن کە کوردستان ئەگەر لانکەی سەرەتای گۆڕانکاریە شۆڕشگێڕانەکانی ئەم چەرخە نەبوویێ، ئەوا یەکێك بوە لەو لانکانە. دانیشتووانی ئەم سەرزەمینە بە دەورانێکی نەزانراوی گۆڕانی خێرای تەکنولۆجیادا تێپەڕیوونە کە هێشتا نازانرێ هێزی پاڵنەریان چی بوە و لە کوێوەهاتن، ئەوان زۆر خێراتر لە خەڵکانی دەوروبەریان لەم ڕێبازەدا هەنگاویان ناوە، هەرچەندە ئەو خەڵکانەش لە ڕووی تەکنۆلۆجیای ئەو سەردەمەوە لە شوێنی تری جیهان پێشکەوتووتر بوون، ئەم پێشکەوتنە تەکنۆلۆجیە بریتی بوە لە

گواستنەوەی خێرا لە ئابووری ڕاووشکاری پەراگەندەوە بۆ قۆناغی ئابووری بە کۆمەڵی خواردن بەرهەمهێنان.

کوردستان، کە بەشی شاخاویی ژوورووی کەوانەی بە پیتی مێژوویی پێك دێنێ، مەکۆی پێشکەوتنکاری و بەکارهێنانی گەلێك تەکنۆلۆجیای خۆماڵی و پیشەسازیی نوێکار و هەروەها شێوازی نوێی بەرهەمهێنانی خۆراك بووە، بەڵگە و نیشانێکی زۆری تەکنۆلۆجی بە دەستەوەن لەسەر ئەوەی چیاکانی کوردستان لە ١٢٠٠٠ ساڵ لەمەوبەرەوە مەڵبەندی داهێنانی کشتوکاڵ بوە (بڕوانە Braidwood 1960). هەر لە چیاکانی کوردستانیشەوە دوپماکار ئەم تەکنۆلۆجیا شۆڕشگێڕە بەرەو سەرزەمینە نەوییەکانی مێزۆپۆتامیای دراوسێ و هەڵەتەکانی ئەنەدۆڵی ڕۆژاوا و بەرزاییەکانی ئێران پەرەی سەندووە. نزیکەی ٨٠٠٠ ساڵ لەمەوبەریش بەرەو باکووری ئەفەریقا و ئەورووپا و وڵاتی هیندستان بازی داوە. بەم جۆرە کوردستان، سەرچاوەی پەیدابوونی گەلێ دانەوێڵە و زیندەوەری کەوی کراوە (بڕوانە Ucko and Dimbleby 1969; Berg and Protsch 1973; Wright 1969) گوێزانەوە لە خۆراك کۆکردنەوەوە بۆ خۆراك بەرهەمهێنان لەناو هەمان سەرزەمیندا دەستی پێ کرد کە باپیرانە کێویەکانی دانیشتوانی ئەو سەرزەمینانەی تێدا دەژیان، واتە دەوروبەری چیاکانی زاگرۆس (بڕوانە Braidwood and Howe 1962; Braidwood 1972،1960 ). جگە لەمە، ئەو بەڵگانەی ئێستا لەبەر دەستدان، کوت و مت پەنجە بۆ هەڵەت و شیو و دۆڵەکانی ناوچیاکانی کوردستان درێژ دەکەن و بە مەڵبەندی سەرەکی ئەم گوێزانەوەیەی دادەنێن.

بێگومان، پەیدابوونی کشتوکاڵ، بە دوای خۆیدا کەوی کردنی ئاژەڵ و زیندەوەر و ڕاهێنانی شینایی پێویستیشی هێنا. پشتە هەرە سەرەتاییەکانی گەنم و جۆ و چەودەر و کزن و نۆك و نیسك و وێنجە و ترێی ئەم سەردەمە، یەکەم جار لەلایەن پێشینەکانی کوردەکانی ئەمڕۆوە ڕاهێنراون. یەکسەر دوابەدوای هەزارەی نۆیەمی پێش زایینەوە، جۆری کێویلەی زۆربەی زۆری دانەوێڵە و پۆلکەدارەکان تا ئێستاش لە چیاکانی زاگرۆس و ڕۆژهەڵاتی تۆرۆس و تەنانەت لە چیاکانی ئەمانۆسیشدا هەر ماون (بڕوانە زەوی و ژینگە). پاشماوەی هەندێ لەو بزن و مەڕ و سەگ و بەرازانەی کە یەکەم جار کەوی کران لەسێ مەڵبەندی ئاسەوارداری کوردستاندا دۆزراونەتەوە. ئەم سێ مەڵبەندە بریتین لە چای ئۆێنو (لە نزیك دیاربەکری ئێستا

لە كوردستانی ڕۆژاوا)، گەنجی دارا (لە باكووری ڕۆژاوای كرماشان لە كوردستانی باشوور كە تەمەنی خۆی دەدا لە ١٠ هەزار ساڵی لەمەوپەر) و چەرمو (باكووری سولەیمانی ئێستا لە كوردستانی ناوەند كە تەمەنی خۆی دەدا لە ٨٠٠٠ ساڵی لەمەوپەر). لە سەرەتای هەشت هەزارەی پێش زاییندا، گەلێ كۆمەڵگەی كشتوكاڵی كودستان ئاژەڵیان ماڵیی كردبوو، سامانی پاشماوەی كەرەستەی بە كارهێنانی دانەوێڵە وەكو دەستاڕ و دۆڵ و دەسكەدۆڵ بەشێكن لەو بەڵگانەی كە شایەدی بۆ داهێنانی كشتوكاڵ لە كوردستاندا دەدەن لەوكاتەدا.

پەرەسەندنی لە ڕادەبەدەری ژمارەی دانیشتووان و بەرهەم كە ئەم پێشكەوتنانە بە دییان هێنا، بوو بە هۆكاری لێ كۆڵینەوەی زیاتر بە دوایی تەكنۆلۆجیا و داهێنانی جۆری نوێدا. مەدەنیەتی كوردستان لەسەر ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی خۆی هەر ڕۆیشت، بەم جۆرە یان ڕاستە وخۆ یان بە بەشداری كردن، بابەشێكی زۆری تری ڕاهێنان هاتە كایەوە وەكو كانزاكاری، ڕێسین و چنین و گۆزە و كیتەڵە و دەوری كوورەكار، جگە لە پێشكەوتن لە ڕاستایی خانووسازی و شارستانیەت و نووسیندا، بە بەڵگە كۆمەڵگای چای ئۆێنو بە یەكێك لەدوو داهێنەری كانزا گەری لە جیهاندا دادەنرێ (بڕوانە Braidwood 1969; Caldwell 1967)، ئەو سواڵەتە مسانەی كە لەوێ دۆزراونەتەوە هی نیوەی یەكەمی هەزارەی پێنجەمی پێش زایین، تووج كەتێكەڵەی مس و مەفرەقە، لەمس ڕەقتر و بەسوودتریشە و بەگەرمیەكی كەم دەتوێتەوە و بەم خەسیەتە بەكارهێنانی بۆ كەرەستەی جۆراوجۆر ئاسانترە كەرەستە توجەكانی كە لە چای ئۆێنو لە سەرەتای چوار هەزار ساڵەی پێش زاییندا دۆزراونەتەوە وا دەگەیەنن كە دوو هەزار ساڵ پێش ئەورووپا بەكار هێنراون.

پێشكەوتن لە بواری كانزاگەرییدا بە بوونی خاوەكان لە وڵاتەكەدا گەلێ ئاسانتر هاتە دەست، لە كاتێكدا كە دەشتە لیتەكارەكانی مێزۆپۆتامیا چ سامانێكی ئەوتۆی كانزاییان تێدا نییە، چیاكانی تۆرۆس و زاگرۆس و ئەمانۆس، هەروەها پێكهاتە بوركانییەكانی جوودی، لەو گەنجینە بن زەمینیە بڵق دەدەن. لە ڕاستیدا هەرێمی دەوروویەری چای ئۆێنو دەتوانرێ بەكۆنترین پیشەسازگەی زیندووی جیهان دابنرێ، چونكە تواندنەوەی مس و دروستكردنی كەرەستە لەمس كە حەوت هەزار ساڵ لەمەوپەر لەوێ دەستی پێكردوە تا ئێستاش لەوێ هەر بەردەوامە (بڕوانە سەرچاوە سروشتییەكان: كانزاكان).

لەچای ئوێنو هەروەها لە گەنج داراش (لەبەشی ئەوبەری کوردستان نزیکی کرماشان)، لەهەمان سەردەمدا، کەرەستەی کوورەکار (لەگەڵ هەندێ پەیکەری بچووکدا) لە سەرەتای هەشت هەزارەی پێش زایین بۆ یەکەم جار سەریان دەرکردووە (بڕوانە Majidzadeh 1975) لە کاتێکدا لە چەرخی بەردینی نوێدا، کەرەستەی خواردن و خواردنەوە، بە ئاسایی لە بەرد یان دار یان قوڕ یان پووش و لاسك دروست دەکران، هاتنە مەیدانی چەندین جۆری گڵێنە شۆڕشێکی لە ژیانی سەرگیراونشینیدا بەرپا کرد و کۆمەڵگاکانی تر شێتگیرانە کەوتنە پەیجووری ئەم بابەتە نوێیانە کە وەکو ئاگرێك لەناو پووشدا بکەوێتەوە، لە هەموو وڵاتەکانی پێش زاییندا بوو بە باو (Roaf 1990-42)، لە تەنیشتی گەنج دارا و لە پاشماوە دێرینەکانی سێ گابیدا، یەکەم نموونەی کەرەستەی خواردن و خواردنەوەی شووشە دۆزراوەتەوە، کە هی (٢٥٠٠)ی پێش زایینە[3]. بەمە ئەم شوێنە ٢٠٠٠ ساڵ پێش میزۆپۆتامیا و چین کەوتن لە تەکنۆلۆجیای شووشە سازییدا (Vandiver 1990; Levine 1979)، هەرچی جێ دەستی کوردستانە لە پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای ڕێسین و چنیندا لە بابەتی (بەرەو مافوور و کوتاڵ)دا، باس کراوە.

لە دوییمایی هەزارەی هەشتەمی پێش زاییندا، کۆمەڵگای کوردستان ئیتر بە تەواوی شێوەی بازرگانیشی بە خۆوە گرتبوو، بە جۆرێك پێویستی بە دەفتەرگیری هەبوو بۆ سەوداکاری بازرگانی، ئەم دەفتەرگیرییە، هەوەڵ جار لە کوردستاندا لە شێوەی نیشانی فرەجۆری گڵێنەدا دەرکەوتوە، کە هەر یەکێکیان بۆ بابەشێکی بازرگانی یان ژمارەیەك بە کار هاتوون، نیشانەکان لە ٧٥٠٠ ساڵ لەمەویەرەوە گۆڕانیان تێدا کراوەو و بەوە مەودا و ماوەی بەکارهێنانیان فراوانتر کراوە. کە بابەتی نیشانەکان چڕ و پڕتر بوون بەگوێرەی ژمارەی سەوداکارییەکان، ئیتر هەر یەکەیان کیفێکی گڵینەی بۆ دروستکراوە و هەندێ جاریش لە لەیان لە کنارەوە بۆ کردوون و بەشێوەیەك ڕستیان کردوون کە بۆ وەرگر مانایەکی تێدابێ (Schmidt-Besserat 1986; Nissen 1986)، لە (٣٠٠٠)ەی دوای زاییندا کیفەگڵێنەکە خۆی بوە بە تۆمار و ئیتر نیشانەکان هەڵگیراون، خشتە بزمارنووسە هەرە کۆنەکان، ئێستاش وێنەی هەڵزەپاوی

---

[3] لە نووسینی کوردیدا پێش پاش زایین، پێش و پاش عیسا و پێش پاش میلاد بەکارهێنراوە، ئەم وشانە لە هەر شوێنێکی ئەم کتێبەدا هاتبن هەر یەك شت دەگرنەوە وەرگێڕ.

كیفە كۆنەكانیان هەر لەسەرە، بێ ئەوەی هیچ نیشانێكیان تێدابێ، بەم جۆرە نووسین لەسەر شێوازی نوێ دەستی پێ كرد و هاتە كایەوە.

ڕاستییەكەی، كۆنترین شێوە نووسینی بزماریی وێنە نووسی، لە نیشانەكانەوە وەرگیراون، هێندەی پێ نەچوو ئەمانیش بوونە بەشێوەی زیاتر سیمبۆلیك و بەمە دژوارتر بوون (Green-1981) هەر وەكوو بوارەكانی تر، لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زایینیدا، میزۆپۆتامیا لە كوردستان پێشكەوتووتر بوو لە مەیدانی نووسیندا، لە كوردستان و لە چیاكانی زاگرۆس، شێوەی سەرەتاییتری نیشانكاری بۆ كاروباری تۆماركاری تا ماوەیەكی دوور و درێژ هەر مایەوە، لە میزۆپۆتامیا، نووسین بە ماوەیەكی گوڕان و پێشكەوتنی خێرادا تێپەڕیوو، بەلاّم لە كوردستاندا نیشانەكان شان بەشانی نووسین هەر بەكارهاتن، خشتی قوڕین كە بەخەتی هیرۆغلیفی نووسراون و لەبەر نەبوونی ناوی ڕێكتر و گونجاوتر بە (Proto - Ilamite) ناسراون، هەوەڵ جار (٤٥٠٠) ساڵ لەمەوبەر لە گودیتی نزكی كەنگاوەری ئێستا دەركەوت، ئەم مێژووە، ئەگەر سیستەمی نیشانگەری خۆی لەخۆیدا بە نووسین دابنێین، كوردستان دەكا بە یەكێك لە مەڵبەندە هەرە كۆنەكانی كۆمەڵگا خوێندەوارەكان لە جیهاندا و لەم بوارەدا تەنها میزۆپۆتامیای دراوسێی لە پێشەوە دەبێ، لە كاتێكدا هێشتا نازانین كارتێكردنی مەسەلەكە لەسەر وڵاتی ئێرانی تەنیشتمان چۆن و چەند بوە؟

سەرچاوەی زۆر و زەوەندی خۆراك و ئاستی بەرزی ژیان، بەرەبەرە دانیشتووانی كوردستانی زیاتر خستە خۆشی و زەلینەوە، لە ماوەیەكی كورتدا، ژمارەی دانیشتووانی كوردستان نزیكەی دەجار زیادی كرد، واتە لە ١٥٠٠٠ كەسەوە لە دە هەزارەی پێش زایینەوە بوو بە ١٥٠٠٠٠ لە نۆ هەزارەی پێش زایینیدا، ئەوەبوو یەكەم دەوڵەت یان شاری شێوە دەوڵەت لە دەوروبەری هەزارەی هەشتەی پێش زایینیدا هاتنە كایەوە (Wright-1977).

شوێنی وەكو چای ئۆێنو، تۆیلم حویوق، تیتریش (لە كوردستانی ڕۆژاوا)، جەرموو، تەپە گەورە (لە كوردستانی ناوەند)، گەنجی دارا و گیان (لە كوردستانی باشوور) لەگەڵ جەریشۆ (ئەریحا) لە جودیا (ئیسرائیل)[4] بوون بە یەكەم كۆمەڵگای مەدەنی لەسەر ڕووی زەمین.

---

[4] (هەندێ كەس لەو باوەڕەدان كە (جودی) پیرەمەگروونی وڵاتی سلێمانیە — وەرگێڕ لە زمانی دكتۆر كەمال مەزهەرەوە).

هەرچەند ئەم "شارانە" لە قەوارەدا هەندە گەورە نەبوون (۱۰۰۰–۱۵۰۰ دانیشتوو)، لەو کاتەدا، زۆربەی خەڵکی شوێنانی تری جیهان، بێگومان، ئەشکەوت نشین بوون، ئەم خەڵکە شارستانییانە لە کۆختەی سادەدا دەژیان و بەشێوەیەکی دیار نەخشەی کۆختەکانیان وا دانابوو، کە چ لەنێوانیاندا، و چ لەگەڵ دەورووبەریشدا بۆشاییەك هەبێ، هەروەها بۆ شوێنی کۆمەڵە کۆختەکانیان، جۆرە ستراتیژیەتێکیان بەکار دەهێنا بەوەی رووەو دەشتایی بێ، بۆ ئەوەی کاری بازرگانی و کشتوکاڵ، هەروەها پاراستنی هۆبەکەش رەوانتر بکەن.

بەخشندەیی سروشتیی زەوی و ئاسانیی پارێزگاری کردن لە دەوروبەر کە زۆرتر شاخاوی بوو، ئەوەندەی پێویست نەدەکرد خەڵکەکە خۆی بە حکوومەتکاری و سوپاسازیەوە خەریك بکا، بەم جۆرە حکوومەتە ناوخۆییەکان هەر بە بچووکی و زەبوونی و کەم دەسەڵاتی مانەوە، لە بەرامبەر ئەمەدا، لە دەشتە نەرمانەکانی میزۆپۆتامیای دراوسێدا، چونکە سەرچاوەکان کزبوون، ژیان پێویستی بە دەست پێوەگرتنیان دەکرد (وەکو پرۆژەکانی ئاودێری و گلدانەوەی ئاوی سێلاو) هەروەها پاراستنی دەشتاییە بەر بەتاڵەکان، پێویستی بەرێکخراوەی حکوومەتی دەکرد جگە لە سازدانی هێزی سوپایی، بۆیە شان بەشانی دروستبوون و پەرەسەندنی قەوارەی حکوومەتەکان، شارەکانیش زیاتر گەورە و پانەوەبوون. شارە هەرە کۆنەکانی میزۆپۆتامیا و سۆمەری و ئەکەدیەکان وەکو ئەریدۆ، نیپور، ئوور و ئورووك، کەم و زۆر، دەجار لە شارەکانی کوردستان ئاوەدانتربوون و دانیشتوولنی هەر یەکەیان خۆی دەدا لە ۱۰–۱۵ هەزار کەس و خاوەنی سیستەمێکی قایمی خۆپارێزییش بوون.

مەدەنیەتی کوردستان تەنها لەو سەردەمەدا پەرەی سەند و گەشەی کرد کە بە سەردەمی حەلەف ناسراوە و خۆی دەباتەوە (٦۰۰۰–٥۰۰۰)ی پێش زایین، ئەم سەردەمە بەناوی کۆنە شوێنەواری حەلەفیی رۆژاوای ماردینەوە لە کوردستانی رۆژاوا ناونراوە (نەخشەی ژمارە ۱۲)، فەرهەنگی حەلەف بە تەنینەوە و باو بوونی یەکەی نیشتەجێی باش بیناکراو و خڕ و دروستکردنی وەستاکارانە و دەست رەنگینانەی سواڵەتی جۆراوجۆر نەخشێنراو و رێك و پێکدا خۆی دەردەخا، یەکەم بەڵگەی تۆکمەی تەبایی فەرهەنگی دانیشتووانی کوردستان دەچێتەوە سەر سەردەمی حەلەف، ئەم بەڵگانە رێکوپێکی دەربڕینی هونەرمەندانە و سەلیقەی کارزانانەی ئەم سەر و ئەوسەری کوردستان دەردەخەن (Roaf-1991-51). ئەم یەکیەتییە لە تەلارکاری و نەخشسازییدا ئەوەندە بەهێزە، کەزۆر ئاسەوارناسی بردۆتە سەر ئەو باوەڕەی کە گەلە خاوەنەکەی، لەرووی ئەتنییشەوە هەر یەکپارچەبوە(Van Oppenheim 1931). ئەوەی جێی سرنجە، زۆر لە کارە نەخشسازیەکانی سەردەمی حەلەف ئێستاش لە زۆر کاری هونەریی کوردیدا هەر شوێنەواریان دیارە (Mellaart-1975) (بڕوانە کاری نەخشسازی و وێنەی هەڵکۆڵراو). لەگەڵ کۆتایی هاتنی چاخی حەلەفدا، ئاستی مەدەنیەت و دەبدەبەی

تــەكنۆلۆجیازادی پێدەشــتەكانی میزۆپۆتامیــا وای لێهــاتبوو شــان بــدا لەشــانی هەڵــەت و بڵندایەكانی كوردستان، لە سەرەتای ئەم چاخەدا كە بە "چاخیٚ مێـژوویی" ناسراوە (٤٠٠٠ پ ن) میزۆپۆتامیا ئاشكرا كەوتبووە پێش كوردستانەوە، هەر لەم ساتەدا كوردستان خۆشـی پێـی نابوە ناو چاخی فەرهەنگیی حۆریەوە.

جگـە لـە هــەموو ئــەم گۆڕانكاریانــە، نووســین بــە بــەربڵاوی هاتــە ڕاســتای ژیانــەوە، حكومەتكاری تەنیەوە و تەرزی فرێدا، ئایین بوو بە دام و دەزگا، شارنـشینی یـەكجار پـەرەی سەند و ئەوەی پێی دەوترێ "مەدەنیەتی خوێنـدەواری" لـە چـاخی "پـێش مێـژوو"ەوە پێـی نایە "چاخی مێژوویی"یەوە.




نەخشەی ژمارە (12)– ڕەتبردی فەرهەنگی حەلەف لە کوردستان لە دەوروبەری 6000 – 4500 پێش زایینیدا: بڵاوبوونەوەی سواڵەت

تێبینی: سنوورەکانی بەکووری کەلتووری حەلەف ئەمڕۆکە بە ئەندازەی سنوورەکانی باشووری زانراونین.

سەرچاوە

Michael Roaf, *Cultural Atlas of Mesopotamia and the Ancient Near East* (New York: Equinox-Oxford, 1990), p. 49.

# تەكنۆلۆجیای كشتوكاڵی و بڵاوبوونەوەی زمانی هیندۆ-ئەورووپی

لەم دواییانەدا چەندین تیۆری نوێ لەمەڕ بڵاوبوونەوە و تەنینەوەی زمانە هیندۆ-ئەورووپییەكانەوە كەوتوونەتە ناوانەوە. كۆلین ڕینفرۆ یەكێكە لەو پسپۆڕانەی بە توندی داكۆكی لەم تیۆریانە دەكا (٩٨٨)، ئەم تیۆریانە پشتگیری لەوە دەكەن كە بڵاوبوونەوەی ئەم زمانانە لەبنەكاندا بەهۆی داهاتنی تەكنۆلۆجیایەكی نوێ باوەوە، واتە كشتوكاڵەوە، هاتۆتەدی، بەم جۆرە ئەم زمانە لە ئەنەدۆڵی، لە دانیشتوواندا چڕوپڕ و لە كشتوكاڵدا پێشكەوتووەوە، بەرەو هەڵەتەكانی یۆراسیای لە دانیشتوواندا تەنك و لە كشتوكاڵ بێ ئاگا، پەڕیەوە، پاش ئەوەی دانیشتووانی ئەنەدۆڵ بەخۆیان و بە زمانەكەیانەوە بەرەو ئەورووپا پەڕینەوە. دانیشتووانی ئەنەدۆڵ خۆیان بە زمانی هیندۆئەورووپی هەرە كۆنی "Ursprache" دەدوان، هەر لەسەر ئەم بنەڕەتە خۆی خاوەنی ئەو تیۆریانە، هێلانەی ڕاستەقینەی خێزانە زمانی هیندۆئەورووپی بەو ناوچەیە سنووریەند دەكەن كە ناوەندەكەی چاتاڵ حویوقی ناوەڕاستی ئەنەدۆڵە، بە گوێرەی تیۆرییەك كە جێمس میلارت (١٩٧٥) دایناوە و ڕێنفرۆ پشتگیری لێ دەكا، تەمەنی وەرزێریی لە چاتاڵ حویوق دەچێتەوە (٧) هەزارەی پێش زایین، واتە زیاتر لە (٢٠٠٠) ساڵ پاش بوونی چەندین كۆمەڵگای وەرزێریی لە پاڵ تەكنۆلۆجیای نوێی كشتوكاڵی لە كوردستاندا (بۆ نموونە چای ئۆێنو لە نزیك دیاریەكرەوە) كە كۆمەڵگای كشتوكاڵگەریی، زۆر پێشكەوتووی لێ هەبوە و ئامێر و تفاقی یەكجار چاكیشیان تێدا بە كار هێنراوە، تەكنۆلۆجیای كشتوكاڵگەری لە كوردستانەوە نزیكەی (٢٠٠٠) ساڵ پاش داهێنانی لەوێ ئینجا بەرەو ڕۆژاوای ئەنەدۆڵ پەڕتەی كردووە، دوو مێژووناسی سۆڤیەتی، واتە: تی. گامكرەلیدزە و ڤی. ئیڤانۆف (١٩٩٠)، چوونەتە ڕیزی ئەو مێژووناسانەوە كە سەرچاوە و كانگای بڵاوبوونەوەی زمانە هیندۆ ئەوروپاییەكان بە داهێنانی كشتوكاڵەوە دەبەستنەوە، ئەم دوانە، بەر هەرحاڵ، سەرزەمینی ئەسڵیی داهێنانی كشتوكاڵ بەلای ڕۆژهەڵاتی كوردستان و باشووری قەفقاسیا دادەنێن، ئەوەی جێی سەرسووڕمانە، ئەم دوانە، هەردووكیان، ڕاستییەكیان نادیدە گرتوە كەپشتی بە بەڵگەی زۆر ئەستوورە و دەڵێ كشتوكاڵ بە چەسپاوی لەناوەوەی كوردستان گەلێ زووتر لە هەرێمە

دوورەکانی قەفقاس و چەتاڵ حوییق هەبووە.

ئەم تیوریانە، هەرچەندە بە توندی ڕەت دەکرێنەوە، بێ ئاگایانە و بە هەڵە ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ، واتە کوردستانی مەڵبەندی هەرە کۆنی کشتوکاڵ، دەکەن بە مەڵبەندی ئەسڵیی ئەم خێزانە یەکجار گرنگەی زمانان، من بە تەواوی لەگەڵ ماڵۆریدا (١٩٨٩) یەکڕام لە ڕەتکردنەوەی ئەم شێوە بۆچوونە، کە لە هەندێ لایەنی تریەوە سرنجکێشە چونکە ئەگەرچی هەندێ دەرەنجامی گرنگ دەداتە دەست، بەڵام پرسیار و پەیجوورییەکی زۆریش بە دوای خۆیدا بکێش دەکا. جگە لەمە، میتۆدولۆجی نادروست لەگەڵ ژمارەیەك هەڵەی جوگرافیایی و مێژوویی گرنگدا، ئەم تیۆریانە دەخەنە ناو کەوانەی گومانەوە.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings & Bibliography:** Richard Lee and Irven DeVore, eds., *Man the Hunter* (Chicago: Aldine, 1968); Robert Braidwood, "The Iranian Prehistoric Project," *Iranica Antiqua* I (1961); Robert Braidwood and Bruce Howe, *Prehistoric Investigations in Iraqi Kurdistan* (Chicago: The University of Chicago Press, 1960); Henry Field, *Ancient and Modern Man in Southwest Asia* (Coral Gables, Florida, 1956); Dorothy Garrod, "The Palaeolithic of Southern Kurdistan: Excavations in the Caves of Zarzi and Hazer Merd," *Bulletin of American Schools of Prehistoric Research* 6 (1930); Patty Jo Watson, *Archaeological Ethnography in Western Iran* (Tucson: University of Arizona Press, 1979); Clark Howell, "Pleistocene Glacial Ecology and the Evolution of Classic Neanderthal Man," *Southwestern Journal of Anthropology* VIII-4 (1952); Carleton Coon, ed., *Cave Explorations in Iran in 1949* (Philadelphia: University of Pennsylvania Museum, 1951); Carleton Coon, *The Seven Caves* (New York: Knopf, 1957); T.C. Young and P. Smith, "Research in the Prehistory in Central Western Iran," *Science* CLIII (1966); T. Cuyler Young, *Excavations at Godin Tepe, Progress Report* I-II, Art and Archaeology Occasional Papers 17 and 26 (Toronto: Royal Ontario Museum, 1969, 1974); L.D. Levine, "The Excavations at Seh Gabi," in *Proceedings of the III Annual Symposium on Archaeological Research in Iran* (Chicago: University of Chicago Press, 1974); T. Cuyler Young, Jr., "An Archaeological Survey of the Kangavar Valley," in *Proceedings of the III Annual Symposium on Archaeological Research in Iran* (Chicago: University of Chicago Press, 1974); L.D. Levine and M. McDonald, "The Neolithic and Chalcolithic Periods in the Mahidasht," *Iran* XII (1974); Colin Renfrew, *Archaeology and Language: The Puzzle of Indo-European Origins* (New York: Cambridge University Press, 1988); J.P. Mallory, *In Search of the Indo-Europeans: Language, Archaeology and Myth* (London: Thames and Hudson, 1989); Thomas Gamkrelidze and V. Ivanov, *The Indo European Language and the Indo-Europeans* (London: Mouton, 1990); Thomas Gamkrelidze and V. Ivanov, "The Migrations of Tribes Speaking Indo-European Dialects from Their Original Homeland in the Middle East to Their Historical Habitations in Eurasia," *Journal of Indo-European Studies* 13 (1985); I.M. Diakonov, "On the Original Home of the Speakers of Indo-Europeans," *Journal of Indo-European Studies* 13 (1985); Jared Diamond, "The Earliest Horsemen," *Nature* 350 (London, 28 March 1991); Michael Roaf, *Cultural Atlas of Mesopotamia and the Ancient Near East* (New York: Equinox-Oxford, 1990); P. Ucko and G. Dimbleby, eds., *The Domestication and Exploitation of Plants and Animals* (London: Duckworth, 1969); R. Berger and R. Protsch, "The Domestication of Plants and Animals in Europe and the Near East," *Orientalia* 42 (1973); J. Harlan and D. Zohary, "Distribution of Wild Wheats and Barley," *Science* 153 (1966); D. Perkins, "The Beginnings of Animal Domestication in the Near East," *American Journal of Archaeology* 77 (1973); W.A. Wigram and T.A. Edgar, *The Cradle of Mankind: Life in Eastern Kurdistan* (London, 1914); Y. Majidzadeh, "The Development of Pottery Kiln in Iran from Prehistoric to Historic Period," *Paleorient* 3 (1975-1977); R. J. Braidwood et al., *Prehistoric Archeology Along the Zagros Flanks* (Chicago: Oriental Institute, 1980); R. J. Braidwood, "Seeking the World's First Farmers in Persian Kurdistan: A Full-Scale Investigation of Pre-Historic Sites near Kirmanshah," *Illustrated London News* (October 22, 1960); R.J. Braidwood, "The Early Village in Southwestern Asia," *Journal of Near Eastern Studies* 32 (1973); Braidwood, "The Joint Istanbul and Chicago Prehistoric Project," *The Oriental Institute Report for 1968-69* (Chicago: University of Chicago Press, 1969); G.A. Wright, "Origins of Food Production in Southwestern Asia: A Survey of Ideas," *Current Anthropology* 12 (1971); P. Mortensen, "Excavations at Tepe Gurân, Luristan: Early Village Farming Occupation," *Acta Archaeologica* 34 (1964); Robert Whallon, *An Archaeological Survey of the Keban Reservoir Area of East-Central Turkey*, Memoirs of the Museum of Anthropology, No. 11 (Ann Arbor: University of Michigan Press, 1979); Robert Braidwood and Gorden Willey, ed., *Courses Toward Urban Life* (Chicago: Aldine, 1962); Willem van Zeist, "Palaeobotanical Results of the 1970 Season at Çayönü, Turkey," *Hellenium* 12:3-19 (1972); Fuad Safar, "Pottery from Caves of Baradost," *Sumer* VI-2 (1950); Herbert Wright, "Recent Research on the Origin of the State," *Annual Review of Anthropology* 6 (1977); Charles Reed, "Animal Domestication in the Prehistoric Near East," *Science* CXXX-3389 (1959); H. Wright, "Natural Environment of Early Food Production North of Mesopotamia," *Science* 161: 334-339 (1968); Max von Oppenheim, *Der Tell Halaf* (Leipzig, 1931); James Mellaart, *The Neolithic of the Near East* (New York: Scribner, 1975); Pamela Vandiver, "Ancient Glazes," *Scientific American* 262:4 (April 1990); J. Oates, "The Background and the Development of Early Farming Communities in Mesopotamia and the Zagros," *Proceedings of the Prehistoric Society* XXXIX (1973); Denise Schmandt-Besserat, "Numbers and Measures in the Earliest Written Records," *Scientific American* (February 1984); Denise Schmandt-Besserat, "An Ancient Token System: The Precursor to Numerals and Writing," *Archaeology* (November/December 1986); M.W. Green, "The Construction and Implementation of the Cuneiform Writing System," *Visible Language* xv.4 (1981); Hans Nissen, "The Development of Writing and of Glyptic Art," in U. Finkbeiner and W. Rölling, eds., *Gamdat Nasr: Period or Regional Style?* (Wiesbaden: Reichert, 1986); Hans Nissen, "The Archaic Texts from Uruk," *World Archaeology* 17 (1985-86).

# مێژووی هەرە کۆن: ٣٠٠٠-٤٠٠ پێش زایین

لەم سەردەمەدا فەرهەنگی میزۆپۆتامیای دراوسێ، سێبەرێکی گەورەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی و بازرگانی بەسەر کوردستاندا لار کردەوە، هەر لەم ماوەیە خۆیدا جۆرە ململانێیەك لەسەر دەسەڵات لەنێوان هێزە سوپاییەکانی چیانشینەکان (کوردستان) و هی پێدەشتەکانی کەوانەی بە پیت (میزۆپۆتامیا و سوریا)دا هاتە کایەوە، ئەم ململانێیە لەسەر گرتنی جڵەوی کاروباری سیاسی و ئابووری ئەم ناوچە هەرە پێشکەوتوو و هەرە دەوڵەمەندەی سەر رووی زەمین بووە، تا ئێستاش ئەم رکەبەرێیە جارێ بە کشانەوە بۆ دەستبالایی لە وڵاتەکەدا هەر بەردەوامە، هەر لەم سەردەمە کۆنەدا، هاتنی ئارياییەکان روويدا و کۆمەڵگەی کوردستان بوو بە کۆمەڵگایەکی بە زمانی هیندۆئەورووپی و ئەم گۆڕانە لە سەردەمی کلاسیکدا گەیشتە ئەوپەڕی.

ناوەڕۆکی ئەو خشتە نووسراوانەی کە تا ئێستا لە کوردستان دۆزراونەتەوە و هێشتا هەر ناوی "ئیلامی سەرەتایی Proto-Ilamite " یان بۆ دانراوە، هێشتا نەکراونەتەوە و نە وەریش گێڕراون، بۆیە ئەم سەرچاوە سەرەتاییانەی مێژووی هەرە کۆنی کورد لەم کاتەدا بابەتی پشت پێ بەستان و کردنە بەڵگەنین، هەر لەبەر ئەمەش، مێژووی ئەم چاخە دەبێ سەرلەنوێ دارێژرێتەوە، و تۆماربەندی گەلانی دراوسێ، لەو شوێنانەدا کە باسی چیانشینە کوردەکان دەکا، بۆ ئەم مەبەستە بەکار بهێنرێتەوە. ئەگەر راستت دەوێ دەکرێ لە زۆرینەی ئەو تۆمار بەندیانەدا ناوی تیرە کوردەکانی ئەمڕۆ، هەروەها شوێن و وڵاتەکان و شتی وا دەستنیشان بکرێن، هەر بۆ رێنمایی، لەهەر شوێنێکیان کە وشەی "قوتیل"مان بەرچاو کەوت، ئەوا یەکەندەردوو دەتوانین بڵێین مەبەست کوردە و ئەمەش هەرە کۆنە ناوی کوردە (بڕوانە کەسایەتی نەتەوەیی).

ئەگەر بمانەوێ دەست بخەینە سەر ئەو هەموو پادشاییەتی و شار و دەوڵەتە سەربەخۆیانەی کەپێش هاتنە کایەوەی میدیەکان (١١٠٠ پ ز کە بەیەکخەری وڵاتەکە دادەنرێن) لە کوردستاندا حوکمڕان بوون، ئەوا بێ یەك و دوو دەبێ باسی پادشانشینەکانی

کومومو، مەلیدی، گورگوم، ئونگی (ئونکی)، کامانو، کاسکو، نایری، شوپریا، ئورکیش، موشکو، ئورارتو، نامار، ساوبارو، کورتی، ماردو، لولوبی، کاردۆ، زاموا، ئەللیپی، جگە لە هەردوو پادشانشینی ماننا و قوتیل، بکەین. ئەم ناوانە. ئەوانەن کە تا ئێستا لە تۆماریەندیەکانی مێزۆپۆتامیادا باسیان کراوە. بەڵام ناوە خۆوڵاتیەکانیان هێشتا هەر لە دوو توێی خشتە نووسراوەکاندا چاوەڕوانی کرینەوەن. هەندێکیان لەم سەردەمەدا، شوێنکاری خۆیان لەسەر ناوی شوێنەوار و تیرەی کورد دەردەخەن. بۆ نموونە، ناوی موشکو ئێستا وا بەسەر شار و ناوچەی مووشەوە (موس) لە باکووری ڕۆژاوای کوردستان، ئەم پادشانشینە، بەرلەوەی لەلایەن تیگلات پیلەسەری پادشایی ئاشوورەوە (١١١٤-١٠٧٦ پ ز) داگیر بکرێ، دەیتوانی ٢٠٠٠٠ سەرباز لە یەك ئاندا بڕژێنێتە مەیدانی جەنگەوە و لێکدانەوەکانی ئێستا بۆ ئەوە دەچن کە کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی (حیثیەکان) لە ئەنەدۆڵ (ڕۆن ١٩٩٠) لەسەر دەستی ئەمان بووبێ. هەروەها ناوی ماردۆ هێشتا لە ئەفسانە سەرزاریەکانی کورداندا، لەشێوەی مارد (مەرد)دا باس دەکرێ، کە کەسایەتیەکی خەیاڵییە و بە یەکێك لە باپیرە هەرە هەرە گەورەکانی ئەم گەلە دادەنرێ، هەر ئەم ناوە خۆی لەناوی شاری ماردینی کوردستانی ڕۆژاوا دا خۆی دەنوێنێ، مەلیدیەکان ناوی خۆیان بە شاری مەڵاتیە بەخشیوە، کە ئەویش هەر لە ڕۆژاوای کوردستانە، هەر بەم نەزمە، لۆلۆبیەکان بوونە بە ناوێکی ئەتنی و لە (لوڕ)ەکاندا خۆیان دەرخستوە (نەخشەی ژمارە ١٣).

لە دوادوای هەزارەی سێیەمی پێش زاییندا، قوتیلەکان توانیان شارە دەوڵەتەکانیان لە چوارچێوەی یەکیەتیەکی سیاسییدا یەکخەن و بکەونە تەنینەوەیەکی یەکجار بەربڵاو بۆ دەرەوەی کوردستان (نەخشەی ژمارە ١٤). لە ئەنجامدا بنەماڵەیەکی نوێی حوکمڕانیان پێکەوە نا لە سۆمەرستان و ئەکەرستان کە لە (٢٢٥٠)ەوە تا (٢١٢٠)ی پ ز ڕاندی. ئەم تەنینەوەیەی قوتیلەکان بە ملی ئەم دوو وڵاتەدا تاکە تەنینەوەیە کە لە تۆماریەندییەکاندا باس کرابێ، بەڵام لەوانەیە لە دواڕۆژدا چەندی تری بێتە سەر. شتەکە لەسەر بەرهەمی لێکۆڵینەوەی نوێ بەندە.

لەبارەی ئەم قوتیلانەوە نارامسینی پادشای ئەکەدستان (٢٢٩١-٢٢٥٥ پ ز) نووسیویەتی: "هەر کە گەیشتینە ناوەندی چیاکان، لەناکاودا لێمان دەرپەڕین، پەلاماریان

داین و بوونی خۆیان سەلماند.. ". پێنج ساڵ دوای مردنی نارام سین، هەر ئەم چیاییانە خۆیان پادشانشینەکەشیان لەناو برد، بە گوێرەی قسەی سۆمەریەکان هەرنەبێ مۆزێك لە نەوەکانی قوتیلەکان تائێستا لەناوماندا ماون. ئەوانیش زێباریەکانن کە سۆمەریەکان




نەخشەی ژمارە (14): ئیمپراتۆرییەتی ئوتیلەکان دەورووبەری 2100 پێش عیسا.

بەسوبیرۆ یان ساوبارۆ باسیان دەکەن. زێباریەکان تائێستاش لەهەمان زێدووار دەژین، کە نووسراوەکانی پێش چوار هەزار ساڵی سۆمەریەکان باسیان کردوە– واتە باکووری شاری هەولێری کوردستانی ناوەند. خشتە نووسراوێکی سۆمەریەکان، تەنانەت ناوی تیریجان ناوێکیش دەبا کە پادشایی قوتیلەکان بووە. ئەمە هەمان ناوی یەکێکە لە خێڵە کوردەکانی سەردەمانی کۆن واتە تیریجان کە تائێستاش دراوسێی زێباریەکانن و لە باکووری ئەوانەوە دەژین. لەوانەیە، هەرناوی ئەم خێڵە خۆی بێ کە بەتیگرانی پادشایی ئەرمەنەوەبێ(سەدەی دووەمی پ ز) کە بەبنەچە کوردە(بروانە تیرەکان ومیژووی کلاسیك).

داهێنانە پڕ بایەخەکانی قوتیلەکان لە کاتێکدا هاتنەکایەوە کە کۆمەڵگای کوردەواری لە گەرمەی پرۆسەی یەکبووندا بوو لە ئەنجامی کۆچکردنی حۆریەکاندا. حۆریەکان بەزمانێك، یان کۆمەڵەزمانێك دەدوان، کە سەرچاوەی لە باکووری ئەفقاسەوە هەڵقوڵابوو و زیاتر لە زمانەکانی گورجی و چەچانی و ئاڤاری نوێ نزیك بوو (بروانە دەیاکۆنوف و ستاروشین ١٩٨٦). لەم کۆچکردنەیاندا، حۆرییەکان بە هەموو کوردستاندا بڵاوبوونەوە و لەگەڵ خۆیاندا گۆڕانێکی فەرهەنگی، بگرە زمانیشیان هێنایە ناوەوە و لە هەموو سەرزەمینی کۆنی زاگرۆسدا تۆویان کرد و بەمە لە یەك ناسنامەدا یەکیان خستن (بروانە کۆچکردنە مێژووییەکان) (ڤیلهێلم ١٩٨٩). تەنها واژەی نەتەوەیی کە هی ئەو سەردەمەبێ و تا ئێستاش مابێتەوە واژەی (ئیەنزی) یان (یانزی)یە کە واژەیەکی دەوڵەتیارییە و هی قوتیلەکانە و بە مانای (حوکمدار) یان (حوکمفەرما)دێ. شوێنی حوکمداریەکەش لەم شار و دەوڵەتانەی سەرزەمین زاگرۆسدابن. ئاسەوارێکی گەلێ گرنگتری ئەم فەرهەنگە سیاسیە ژیرانەیەی ئەم شارەدەوڵەتانەی ئەو سەردەمە کۆنانەی کوردستان هێشتا هەر ماوە، لە خشتە نووسراوەکانی ئاشووریەکانەوە بەشێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ دەگەینە دەرەنجامێك کەوا بە پێچەوانەی ئەو شێوە حوکمڕانییە سیاسییە بێدادیانەوە کە ئەوسا لە مێزۆپۆتامیا زۆر باو بوونە، حوکمڕانانی دەوڵەتی (مانی) لە کوردستانی ڕۆژهەڵات (کەوێ دەچێ پایتەختی لە حەسەنلوی کۆنە شوێنەوار و دێرینە بووبێ)، لە کاروباری دەوڵەتیارییدا زۆرتر دیموکراتانە ڕەفتاریان کردوە و هاونیشتمانان ڕۆڵێکی کارا و چالاکیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا گێڕاوە.

لەم بارەیەوە ئای. ئێم. دەیاکەنۆڤ. کە شارەزا و سەرچاوەیە لە کاروباری دەوڵەتەکانی

سەرزەمینی میدیا و زاگرۆسدا دەڵێ:" وا دیارە پادشـایی مـانی وەكو فەرمانڕەوایـەكی بێدادو ستەمكار حـوكمی نـەكردوە، بـەڵكو هەمیـشە ئەنجومـەنێكی پیرانـی لـە تەنیـشتەوەبوە بـۆ راوێژكاری". لە نامەیەكی دیبلۆماسیانەیدا بۆ پادشـایی ئاشـوور ئـەو خـۆی بـە تـەنها بڕیـاردەر دانانێ، بەڵكو دەڵێ" خۆم و پیاوماقولان و پـیران و راوێـژكارانی وڵاتەكـەم" دەیاكـەنۆڤ ١٩٨٥، ٧٢". ئـەم رەفتـارە دێرینەیـەی مانیـەكان، كـە بریتییـە لـە جۆرێـك فرەڕایـی لـە بڕیاردانـدا و تاڕادەیەك بۆیە بە ئاوێنـەی فەرهـەنگێكی سیاسـی خۆشـڕەفتارانە، زۆرجـار لـە رەفتـاری ئـەو خانەوادە حوكمڕانە سەرەكییانەدا، دەردەكەوێ كە بەڕەگ دەچنەوە سـەر وڵاتـی كوردسـتان، هەر لە مانیەكانەوە بگرە تا دەگەیتە ئەدیابینیەكان و ئەییوبیەكان و زەندیەكان.. هتد.

لە ٦٥٢ی (پ ز)دا بابلییەكان، وەكـو لـە خـشتنووسەكانی پـاش خۆیـان دەردەكـەوێ، بـە هەموو چیاكانی كوردستان و دانیشتووانیان وتوە "قوتیل"، ئەم ناوە میدیەكانیشی گرتۆتـەوە كە لەو سەردەمەدا چنگی دەسەڵاتیان تـا كـەنارەكانی دەریاچـەی وان لـە كوردسـتانی بـاكوور توندكردبوو. لە پاڵ ئەمەشدا، ئـەوان بـەرە بـەرە نـاوێكی تریـشیان بـۆ كـوردان بـەكارهێنا كـە ئـەویش كـاردۆ یـان كـاردۆك بـوە، كـەوێ دەچـێ لـە هـەمان وشـەی قوتیلـەوە وەرگیرابـێ. رەگوڕیشەی "كارد" لەوانەیە بچێتەوە سەر "كارد"ی سامی – ئەكەدی، هەروەها "كورد" كـە وشەیەكی هێندۆئەورپییە. هەردوو وشەكە بە مانای پاڵەوان یان جەنگاوەر دێن.

لە تەلمودیشدا، هەردوو وشەی (Qardu) یان (Kardo)، هەرچەند بە جۆری تریشبێ، ناویان هاتووە. ڕاستییەكەی، چ تەلموود چ تەورات، دوو سەرچاوەی باشی كۆنینـەن لەسـەر كـوردان. بـۆ نموونـە تـەلمود لـە شـوێنێكدا دەڵـێ: "سـەنناخریب، لـە گەڕانەوەیـدا بـۆ ئاشورسـتان، قـەدەدارێكی دۆزییـەوە.. شـێوەی قەدەدارەكـە جۆرێـك بـوو كـە ئـەو بـە بـتی زانـی و كەوتـە پەرستنی. بە لێكدانەوەی ئەو، پارچە دارەكە بەشێك بوو لەو كەشتییەی كـە نـووحی لـە لافـاو ڕزگاركردبوو. ئەو نەزری كرد، كە كوڕەكانی بكا بە قوربانی بۆ ئـەو بتـە ئەگـەر لـەو جەنگانـەدا سەركەوێ كە بەدەستیەوە بوون، كوڕەكـانی بەمـەیان زانیـو بـە هـەموویان باوكیـان كوشـت و بەرەو كاردۆ هـەڵاتن. یـان دەڵـێ: پارشـانداكای كـوڕی هامـان كـە حـوكمڕانی كاردۆنیـابوو كـە قەدەدارەكەی لێ بوو. یان دەڵێ:– "ئیبراهیمی باوكمان دە ساڵ زیندانی كرا، سیانی لـە كوثـا و حەوتی لە كاردۆ". دیسانەوە هەر تەلمود دەڵێ:– "ئەوانەی تـازە دێنـە سـەر ئایینەكـەمان،

وەردەگیرێن ئەگەرچی کاردۆییش بن" ئەو کۆمەڵگا جوولەکەیەی کوردستان کە تا ئەم دواییەش کۆمەڵگایەکی گەورەبوو لەوانەیە ڕەگ و ڕیشەی بچێتەوە سەر ئەم نۆجوولەکانە.

پادشانشینە کوردەکان، لەبەر ئەوەی پێشکەوتوو و خاوەن موڵك و وارێکیی تا بڵێی بە پیت و بەرەکەت و خۆش هەوا بوون، بوبوون بە مایەی چاوتێبڕینی دەوڵەتەکانی هەرێمی مێزۆپۆتامیا و تەدارەکدانی هێرش و پەلامار بۆ سەریان و تاڵانکردنی سەرزەمینەکانیان، خشتە نووسراوەکانی سەردەمە دواییەکانی ئەکەدیەکان کە هی ١٤٠٠ ساڵ پێش زایین و (ئەرشیفەکانی ئەمارنا لەمیسر)، باسی پادشانشینێکی چیانشین دەکەن کە ناوی کورتیێ (Quritie or Kortie) بوە و هەر لە باکووری مێزۆپۆتامیاوە تا ڕۆخەکانی دەریاچەی وان حوکم فەرما بووە، خشتەکان دەڵێن: ئەم پادشانشینە لەلایەن پادشاکانی کاشییەوە لەناوبراوە، سێ سەدە دوای ئەوە و لە سەردەمی پادشا تیگلاث پیلەسەردا (١١١٤-١٠٧٦ پێش زایین)، سەرچاوەکانی ئاشوورییەکان. باس لەوە دەکەن کەوا ئەم (کورتیێ)یانە کە دانیشتووی چیا دراوسێکانی باکووریان بوون، لەلایەن ئەم پادشاییەوە شکێنراون و تێکوپێك دراون، هەروەها هەندێ خشتە نووسراوی سەردەمی دواییی بابلیەکانیش باس ئەوە دەکەن کە (کارداکا)کان بەشێك بوون لە گاردی پادشایی.

ئەو شەڕ و شۆڕانەی کە لەم ماوەیەدا لەنێوان دەوڵەتە کوردەکانی بڵندایییەکان و دەوڵەتەکانی پێدەشتە نەوییەکانی مێزۆپۆتامیادا دەقەومان، چەندین داگیرکاری سەربازی، تاڵان و برۆ، وێرانکاری و بەکۆیلەگرتنیان بە دواوەبوو و لە هەموویاندا مێزۆپۆتامیا دەستی باڵای هەبوو دەستی کوشندەی لە ئابووری و مەدەنیەتی کوردستان دەوەشاند. شارەکان خاپوور دەکران و ژمارەیەکی زۆری کۆیلە و گیراوی تر دەربەدەر دەبوون. بەمجۆرە دارەڕای ئابووری وڵات تێکوپێك درا، وڵاتی کوردستان تووشی شڵەژان و بێ سەرەوبەرەیی بوو، دەرەنجام ئاری نەژادەکان خۆیان تێهەڵکرد، ئەوەبوو میدیایی و سیثیەکان داگیریان کرد. بەم جۆرە کوردستان، تا ٢٠٠٠ ساڵ دوای ئەوە (تەنها لە سەدەی سێیەمی پاش زاییندا کۆتایی هات) لەلایەن چەند شەپۆلی بەردەوامی خەڵکانی هیندوئەورووپایی زمانەوە – وەکو میدیەکان – ژێر خرا هرۆژمەکە هێندە بەتین و نەفەسبڕ بوو کە خەڵکەکە زمانە ناوخۆییەکانی خۆیان واز لێ هێناو لەجیاتی ئەوە کەوتنە بەکارهێنانی شێوەیەکی کۆنی کوردیی هیندۆئەورووپی.

پرۆسەی ئەم گۆڕانە زمانییە تا ماوەیەكی كورتی پێش داهاتنی سەردەمی مەسیحیەت نەوەستایەوە. دەركەوتنی شێوە ناوی شوێنەكان بە زمانی هیند ۆئەورووپی و ئێرانی، لە سەدەی سێیەمی پیش زاییندا لە شوێنە دوور دەستەكانی كوردستاندا بوو بە باو. بۆ نموونە، رووباری فورات لە باكووری رۆژاوای كوردستان لە تۆماریەندیە كۆنەكانی ئەرمەنییدا لە شێوەی (ئاراسان)دا هاتووە، هەروەها پتۆلمی (هاران) بۆ (ئاراكیس)ی ئەوپەڕی باكوور بەكار دێنێ و (ئاران) بۆ رووباری (خابوور) لە رۆژاوای ناوەند و ئوروتس (هاراڤانت) بۆ رووباری (ئاسی ) لەوپەڕی باشووری رۆژاوای كوردستان. ئەمە بەڕوونی دەرەنجام و كۆتایی هاتنی ئەم پرۆسەیە دەردەخا.

تینی تەواوی ئەم بەسەرداهاتەی ئاریەكان لە زاگرۆس و هەرێمەكانی دراوسێی لە دەوروبەری ١٢٠٠–٩٠٠ پێش زاییندا شوێن دەستی باش دیاربوو لەوەدا كە وێرانكاری جەستەی ولاتەكەو و شێواندنی لە رووداهات و كۆمەلایەتی و بازرگانییەوە، كوردستان و سەرەنجام هەموو باشووری رۆژاوای ئاسیای خستە بێوڵەتی كۆمەلایەتی و ئابوورییەوە (بڕوانە رۆن ١٩٩٠). دەرەنجامی ئەم هەرەسە گەورەیە ئەوەبوو گەلێ سەنتەری فەرهەنگ و مەكۆی پڕ كارو پڕتاوی بازرگانی بوون بە كۆنەوار. هێزی هەمەلایەنە و نەفەسبڕی ئەم داگیركەرە ئارییانە، بە تەواوەتی روخسارە فەرهەنگی و ئەتنییە كۆنەكانی كوردستانی شێواند و داپۆشی. نەك هەر كوردستان. بەڵكو ئەم لافاوە بێ ئامانە هەردوو سەرزەمینی ئێران و ئەنەدۆڵیشی بەو دەردە برد (بڕوانە كۆچكاریە مێژووییەكان). بە كۆتایی هاتنی ئەم چاخە، واتە لە ٩٠٠ی پ ز دا، كوردەكان بوو بوون بەئاری. ئارییە تازە هاتەكان و كوردە بە ئاری بوەكان، لە سەدەی حەوتەمی پێش زاییندا، لەژێر ئالای میدیەكاندا باڵی دەسەڵات و هەژموونی خۆیان بەسەر زۆریەی ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەنددا كێشابوو، لەژێر ئالای میدیەكاندا، بەر لەم تەنینەوە هەمە لایەنەی دەوڵەتی ماد (كە ساڵی ٧٢٧ پ ز دامەزرا)، چەندین وردە خانەوادەی پادشاییی هیندۆئەورووپی زمانی تر چ لە كوردستان و چ لە دەوروبەری دامەزرابوو. مێتانیەكانی (كوردستانی رۆژاوا ) و حیثیەكانی (باكووری رۆژاوای كوردستان و ناوەندی ئەنەدۆڵ)، بەناوبانگترینی ئەم خانەوادانە بوون.

یەكەم پادشایی هەڵبژاردەی ماد كە ناسرابێ (ئەوە دەبێ بزانین كە میدیەكان سەرۆك

دەوڵەتەکانی خۆیان هەڵدەبژارد، هیرۆدۆتس ئەم شایەدییەی داوە ٨٥-٩٧-١) دەیوسیس یان دیاوکۆ بوە (٧٢٧-٦٧٥ پ ن)، ئەم پادشاییە هەر کە هاتە سەرمەکۆی کار، کەوتە بەجێهێنانی بەرنامەیەکی یەکخستنی هەموو دانیشتووانی کوردستان بۆ بەرگرتن لە پەلامار درندانەکانی هێزە ئیمپریالیستیە ئاشووریە نوێ سەرهەڵداوەکان (٧٤٥-٦٠٦ پ ن)، هەر ئەمە خۆی وای لە ئاشووریەکان کرد لێی بکەونە پارێز و لە ئەنجامدا تەفروتونای بکەن. فرائورتیس یان خشا ثریتا کە دوابەدوای ئەو هاتە سەر تەخت (٦٧٤-٦٥٣ پ ن)، بەهەمان رێبازی دەیوسیسدا ملی ناو و ئەویش هەر بە دەستی ئاشووریەکان بەهەمان دەرد چوو.

دوای ئەوان سیاخاریسی مەزن[5] (یان هۆڤاخشاثریتا ٦٢٤-٥٨٥ پ ن) هات کە سەرنجام توانی ئاشووریەکان دەرپەڕێنێ و ئینجا، پاش داگیرکردنی نەینەوای پایتەختیان، لەناویشیان بەرێ (٦١٢ پ ن). تەورات بەخۆشناوازیەوە ئەم رووداوە باس دەکا و بە ئەنجامی پێشبینیە وردەکانی ناحۆم پێغەمبەری دادەنێ لە بارەی وێران بوونی دەنگدەرەوەی "نەینەوای ستەمکار"ەوە.

ئەو ماوەی ١٥٠٠ ساڵەی مێزۆپۆتامیا تیایدا باڵادەست بوو بەسەر بڵندایییەکانی کوردستاندا (لەژێرکەوتن و داڕمانی قوتیلەکانەوە) سەرەنجام ئاوەژوو بوەوە. ئەم ئاوەژوو بوونەوەیە هەر درێژەی کێشا تا داگیرکردنی سەرزەمینەکە لەلایەن ئیسلامەوە لە سەدەی حەوتەمی پاش زاییندا ئەویشی ئاوەژوو کردەوە، هۆکارێکی زۆر سەرەکیی لەسەرکەوتنی ئەم رووداوە سەردەمسازەدا بەکارهێنانی زیرەکانەی میلیشیا یان گەریلا بوو. ناوی ئەو کاتەی ئەم گەریلایانە "کارا"بوە وەکو لە بەردەنووسەکانی کێوی بەهیستوون لە کوردستانی باشوور دەردەکەوێ (دەیاکەنۆف ١٩٨٥-١١٥). ئەم تۆمارە کۆنترین نووسراوە لەسەر ئەم جۆرە تاکتیکە جەنگییە، کە لەو کاتەوە بۆتە باشترین شێوەی بەرگری لە کوردستاندا و ئێستاش هەر باوە و خۆی لە "پێشمەرگە" یان "جەنگاوەری گەریلا"دا دەنوێنێ.

سیاخاریس سنووری ئیمپراتۆریەتەکەی بەجۆرێك پان کردەوە کە هەموو کوردستانی تا رۆخەکانی رووباری هالیس (قیزیل ئیرمەقی ئێستا) نزیك ئەنقەرە گرتەوە کە لەرۆژاواوە لە سنووری کوردستان زۆر دوورە (نەخشەی ژمارە ١٥).

---

[5] (کەیاخسار یان کەیخوسرەویش بەکاردێت: ئێمە رۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین... ) د. کەمال مەزهەر.

## چەردەباسێك لە بارەی كوردانەوە

رشتی ڤێگا ئازهی دەهاك (كە هیرۆدۆتس بە ئەستیاگس ناوی دەبا ٥٨٤-٥٩٤ پ ن) ئیمپراتۆریەتەكەی خۆی بۆ كوڕەزایەكی دایك فارسی، واتە سیرۆسی مەزن كە بە دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی فارس دادەنرێ، بەجێهێشت.

لە سەردەمی حوكمڕانی ئەژیدەهاكدا، ئایینی نەتەوەیی كورد، واتە ئایینی تیرەی فریشتەكان، كارێكی زۆری لەسەر ئایینی تازە داهاتووی زەردەشتی هەبوو بەوەی كە داب و نەریتە كەهەنووتیەكانی مەجووسیەكانی تێخست. پادشا زەردەشتیەكانی ئەخەمینیەكان، كە دوابەدوای میدیەكان هاتنە سەركار، هەوڵیاندا ئەم كارتێكردنە ئاوەژوو بكەنەوە، بەڵام لەمەدا سەركەوتنێكی ئەوتۆیان وەدەست نەهێنا و نەیانتوانی ئایینە ئەسڵیەكە بهێننەوە ناوان، واتە زەردەشتیەتی ڕەسەن بەو شێوەیەی كە لە گاتاكاندا هاتووە و بریتییە لە كۆنترین و پاكیزەترین بەشی ئاڤێستای كتێبی پیرۆزی ئایینی زەردەشتی. لەوانەشە هەر لەم سەروەختەدا زەردەشتیەكان ناوناتۆرەی ئەهریمەنییان خستبێتە سەر ناوی ئەژی دەهاك كە نازناوێكی پادشاییانەی شەرەفبەخشە و بەم جۆرە چ لە ئایینی زەردەشتی و چ لە میثۆلۆجیای نیشتمانیی و ئەدەبی داستانی ئێراندا ڕەنگی دابێتەوە. ئەژی دەهاك هێشتا لای پەیڕەوانی ئایینی كوردی یارسانی مایەی ڕێزوستایشە و ناوی سوڵتان سەهاكی بۆ خۆی وەرگرتوە (بڕوانە تیرەی فریشتەكان).

شان بە شانی تاخمە ئاری نەژادەكانی تر، میدیەكان و ئەو خەڵكە كوردەی كە بەر لەوە هەبوون، بەتەواوەتی تێكداتولنەوە، بەمەش كۆمەڵگای كوردەواری لە تاخمێكی كۆنە قەفقاسیایی نزیكتر لە گورجی هاوچەرخەوە گۆڕا بۆ كۆمەڵگایەكی هیندۆئەورووپی ئێرانی كە تا ئێستا وەكو خۆی ماوەتەوە.

كەلتووری میدی لە كوردستاندا هێشتا هەرپایەدارە. ئەم پایەداریە لە شێوەی زمانی هاوچەرخی كوردییدا خۆی دەردەخا، هەروەها لەناوی جێگا و شوێنەكاندا، لەم ڕووەوە واژەی ماه یان مایی واتە میدیایی جێی سرنجن. پاشماوەی سیثۆئالانەكانیش وەكو هی میدیەكان وایە لە كارتێكردندا. ئەم ناوە شوێنانەی ئێستاكە وان بە هەندێ شارەوە وەكو سەقز یان ناوی خێڵەكان وەكو ئالانەكانی پیرانشەهر لە كوردستانی ناوەنددا كاریگەریی ئەم پاشماوەیە باش دەردەخەن، نموونەی تریان وا لەناوی بنەماڵەی میرزادەی ئەردەڵان (ئالانە مەزنەكان)دا. نەك

هەر ئەمە، بەڵکو لەناوی مەمی ئالانی پاڵەوانی گەورەترین داستانی میثۆلۆجی کورد واتە (مەم و زین)یشدا دەردەکەوێ.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** L.D. Levine and T.C. Young, ed., *Mountains and Lowlands: Essays in the Archaeology of Greater Mesopotamia*, Vol. 7 (Malibu, California: Bibliotheca Mesopotamica, 1977); I.M. Diakonov (Diakonoff), "Media," in Ilya Gershevitch ed., *The Cambridge History of Iran*, Volume 2, *The Median and Achaemenian Periods* (New York: Cambridge University Press, 1985); Ephraim Speiser, "Southern Kurdistan in the Annals of Ashurnasirpal and Today" *The Annual of the American Schools of Oriental Research* VIII (1926-27); Arthur Tobler, *Excavations at Tepe Gawara*, 2 vols (Philadelphia: University of Pennsylvania Press, 1950); W.A. Wigram, *The Assyrians and Their Neighbors* (London: G. Bell, 1929); H. Weiss and T. Cuyler Young, "The Merchants of Susa: Godin V and Plateau-Lowland Relations in the late Fourth Millennium BC," *Iran* XIII (1975); W. Hinz, "Persia, ca. 2400-1800 B.C.," *The Cambridge Ancient History*, 3rd edition (New York: Cambridge University Press, 1984); T. Cuyler Young, "A Comparative Ceramic Chronology for Western Iran, 1500-500 B.C.," *Iran* III (1967); T. Cuyler Young and L.D. Levine, *Excavations at Godin Tepe, Progress Report* I-II, Art and Archaeology Occasional Papers 17 and 26 (Toronto: Royal Ontario Museum, 1969, 1974); M. Roaf, *Cultural Atlas of Mesopotamia and the Ancient Near East* (New York: Equinox-Oxford, 1990); M.A. Dandamaev and V.G. Lukonin, *The Cultural and Social Institutions of Ancient Iran*, trans. P. Kohl (Cambridge: Cambridge University Press, 1989); I.M. Diakonov, "Evidence of the Ethnic Division of the Hurrians," in M.A. Morrison and D. Owen eds., *Studies in the Civilisation and Culture of Nuzi and the Hurrians...* (Winona Lake: Eisenbrauns, 1981); M.I. Diakonov and S.A. Starostin, *Hurro-Urartian as an Eastern Caucasian Language. Münchner Studien zur Sprachwissenschaft* 12 (Munich: R. Kitzinger, 1986); K. Kamp and N. Yoffee, "Ethnicity in Ancient Western Asia During the Early Second Millennium BC: Archaeological Assessments and Ethnoarchaeological Prospectives," *Bulletin of the American Schools of Oriental Research* 237 (1980).




نەخشەی ژمارە ( 15 ). ئیمپراتۆرییەتی میدیا لە هەرەتی بڕكردنی دەسەڵاتیدا

# مێژووی کلاسیك: ٥٠٠ پێش زایین– ٦٠٠ پاش زایین

ئـەم ماوەیـەی مێـژووی کـورد بەرجەسـتەکەری یـەکڕەنگبوون و یەکـدگیری ناسـنامەی نەتەوەیی هاوچەرخی ئەم گەلەیە. وشەی کورد وەکو ناسنامەیەکی ئەتنی درەنگانێکی درەنـگ چەسـپا و بـوو بـە پێناسـەی پارچـە جیاکـانی نەتـەوە. دامـەزران و جێگیربـوونی ئارییـە کۆچەرەکان نزیکەی هەزار ساڵی برد و تەنها پاش ئەوەی کە تێکەڵبوونی ئارییەکان[6] لەگەڵیاندا بۆیان بوو بە مایەی ژیانەوە، ئینجا پادشاییەتی یە سەربەخۆ و بزێوە کوردەکان توانیان، دوای سـێ سـەدەی ژێـر دەسـتەیی و نقومبـوون لـەناو ئیمپراتۆریـەتی ئەخـەمینی و سـلوقییدا، سەردەرکەنەوەو دیسانەوە بێنەوە ڕاستایی ژیانەوە و وەکو دەوڵـەت خۆیـان بشەنگێنن. ئـەم ژیانەوەیە لە سەدەی یەکەمی پێش زایینـدا گەیشتە ئەوپـەڕی گەشـە، کـاتێ کـە قەڵـەمڕەوی سیاسی کورد هـەر لـە یۆنـان و ئۆکرانیـاوە گرتیـەوە تـا دەگاتـە تەنگـەی هـورمز. لـە دوادوای کۆتایی هاتنی ئەم سەردەمە، کارفەرمایی کورد لـە بـاکووری ڕۆژاوای ئاسیادا لـە سیاسـەتەوە گواستیەوە بۆ بـاری ئـایین و دیموگرافیـا و ئەمـە تـا چـەرخەکانی ناوەندیش هـەر بـەو نەزمـە ڕۆیشت.

لەگەڵ داهاتنی چەرخی کلاسیکدا، زینۆفۆن، کە مێژوناس و فەرماندەیـەکی یۆنـانی بـوو، بەخۆی سەرکردایەتی بەرەنگار بوونەوەیەکی لەگەڵ کوردەکـان کـرد، کـاتێ پـێش لەشـکرێکی دە هەزارکەسـیی بـەهێزی یۆنـانی کـەوت و لـە سـاڵی (٤٠)ی پـێش زاییـنـدا و بـە مەبەسـتی قەدبڕکردنی ڕێگا، بەناو کوردستاندا، ملی نا. دانیشتووانی وڵاتەکـە کـە بـە کاردۆچۆی ناویـان دەبا و کە هەرچەندە لەناو جەرگەو ناوەندی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشی فارسدا دەژین "بـەڵام بە تـەواوەتی سەربەخۆن و بـەهیچ جۆرێك سـەردەمدارانی ئـەو ئیمپراتۆریەتـە بـە ژووردەسـتی خۆیان ناکەن"، (بڕوانە ئەناباسیس: ڕێگایەك بە کوردستاندا) لە بەرامبەردا، مێژووناسێکی تـری یۆنانی، دیۆدۆراس، هەر بە ماوەیـەکی کـورت دوای ئـەوە دەڵـێ کـەوا کوردەکـان " لـە کـون و

[6] واتە ئەوانەی لە ڕووی ئەتنیکییەوە بە ئاری نەژاد دەناسران – وەرگێڕ).

كەلێنی جیاكانیانەوە، بۆ ئێمە گەلێ زیاتر مایەی سەریەشەبوون، لەوەی لەگەڵ لەشكر و ئیمپراتۆریەتەكانی تردا ناویان دەركردبوو" و كەوا " تەنها بە بەكارهێنانی هێز یان ڕێككەوتن توانیمان كارێك بكەین كە لە تێكدانی باروئۆخی پێدەشتەكان دووریان بخەینەوە".

هەر دوابەدوای سرنجڕێژیەكانی زینۆفۆندا سترابۆی جوگرافیاناس و زانای مێژوو لە سەدەی سێیەی پێش زاییندا دەنووسێ "كورتیۆیەكانی فارسستان - باكووری ڕۆژاوای ئێران - و ماردەكانی ئەرمینیا- باكووری ناوەندی كوردستان لە توركیای ئێستادا- كە بەهەمان ناو خۆیان دەناسێنن، خاوەنی یەك خەسڵەت و كەسایەتین" (بڕوانە كۆچكاریە مێژووییەكان) لە هەندێ قسەی تری سترابۆوە ئەوە هەڵدەهێنجین كەوا كوردەكان، كە بەناوی دێرینەی "كورت"ەوە ناسراون، لەو كاتەدا لە هەرێمەكانی ئەنەدۆڵ و ئەرمەنستان و باكووری سوریا و عێراق و لە هێڵێكی پان و بەرینی ڕۆژاوا و باشووری ڕۆژاوای ئێراندا هەبوونە. هەرچی پۆلیبیۆسی مێژوونووسە، لە ٢٢٠ی پێش زاییندا، كوردەكان( یان كۆرتی بە گوێرەی باسەكەی ئەو) بەدانیشتووی میدیا و ئەنەدۆڵی ڕۆژهەڵات (كە تا ئێستاش هەر لەوێن) دادەنێ. بە تێكڕای دەنگ، وشەی كورت (كە لە تێكستە لاتینیەكاندا بە كێرتی ناو دەبرێ) بەرچەڵەك باوك و باپیری ڕاست و ڕاستەوخۆی وشەی (كورد)ی ئەم سەردەمەیە. ڕاستییەكەی لە توركی هاوچەرخدا، ئەو وشەیەی بۆ كورد بەكاردێنرێ هەمان وشەیە كە لەسەرچاوە فارسیەكانی ناوەندا بەكارهێنراوە تەنها بەیەك جیاوازیەوە، ئەویش (u)ە كەی فارسی كراوە بە ئوی (ü)ی توركی بڕوانە (Kurd)ی فارسی و (K rtü)ی توركی.

سەرەڕای ئەوەی كە وشەی (كورت) سەرچاوەی ڕاستەقینە و باوە بۆ ناوی كوردان بەڵام شێوەی تریش تا سەردەمە هاوچەرخەكانیش هەر مانەوە بۆ نموونە، پلینی، كە مێژووناسێكی ڕۆمە، لە سەرەتای سەدەی یەكەمی پێش زاییندا لەبارەی ئەم پرۆسەی گواستنەوەیەوە دەنووسێ:

"لەناو ئەدیابیندا، (كوردستانی ناوەند لە باكووری عێراق) ئەوگەلە نیشتەجێیە كە لەمەوبەر بەكاردۆشی دەناسرا و ئێستا بە كوردۆی دەناسرێ و ڕووباری دیجلە بەناو وڵاتەكەیاندا تێدەپەڕێ، (Natural history، V1، Xviii، 44).

داهاتنی سەدەی چوارەمی پێش زایینی و هەرەسهێنانی هەخامەنشیان لەسەر دەستی

ئەسکەندەری مەزن، لەهەمان کاتدا مێژووڕێژی کۆتایی هاتنی مێژووی دێرینی کورد و دەستپێکی مێژووی کلاسیکیەتی.

ئیمپراتۆریەتی سلووقیان، کە دوای مردنی ئەسکەندەری مەزن (٣٢٣ پێش زایین) یەکێك لە فەرماندەکانی ئەو (سلۆقس–وەرگێڕ) لەسەر سەرزەمینە داگیرکراوەکانی ئاسیا دایمەزراندبوو، لە کۆتایی سەدەی سێیەمی پێش زاییندا و لە پرۆسەی دارمانیدا، بەرە بەرەو پارچەپارچە خاکەکانی بۆ ئیمپراتۆریەتی تازە هەڵکەوتووی پارثیا لە دەست دەدا. پارثیەکان لەگەڵیّ رووەوە دەشوبهانە کوردەکان بەڵام لەگەڵ ئێرانیەکانی تر بۆنموونە فارسەکان جیاوازبوون، بە تایبەتی لە پادشا گەردانی ناو کارفەرمایی سیاسییدا. زۆریەی کوردەکان یان بە خوایشتی خۆیان هاوپەیمانییان لەگەڵ ئەو فیدراسیۆنە پارتیەدا بەستا کە لە تەنینەوەدابوو، یان کەوتنە ژێر دەسەڵاتیەوە ئەم فیدراسیۆنە کە لە سەرەتای سەدەی سێیەمی پێش زایینەوە بە هەرچوارلادا کەوتبوە پەل هاویشتن لە دووکوت سێ کوتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتە ناو سنووری فیدارسیۆنەکەوە، لەو چوار سەدەی تەمەنی پارثیاندا (لە ٢٤٧ی پێش زایینەوە تا ٢٢٦ی پاش زایین)، هەموو پادشانشین و دەسەڵاتگە کوردەکانی گۆردیەن/ گوردوێن (بتلیس و سێرتی ئێستا)، ئەدیابین (هەولێری ئێستا)، مادا (میدیا)، ئیلیمایس (لوڕستانی ئێستا)، کێرم (کرماشانی ئێستا)، موکریان (مەهابادی ئێستا)، شارەزوور (سولەیمانی ئێستا)، بارشان (بارزانی ئێستا)، ساناك (سەهنەو[7] کەنگاوەری ئێستا) هەموو ئەندامی کارا و پڕکار و نیمچە یان تەواو سەربەخۆی ناو ئەو فیدراسۆنە بوون (نەخشەی ژمارە ١٦).

پادشاییەتی کوردیی ئەدیابین، کە پایتەختەکەی لە ئەربیلا/ ئەربیل (هەولێر)ی ئێستا) بوو، لێرەدا ، لەهەموو ئەوانی تر شایستەی سرنجە، بەتایبەتی لەبەر ئەو مێژووە ئایینیەی کە هەیەتی. پاش ئەوەی کە چینی باڵای شارەکە لە سەدەی یەکەمی پێش زاییندا هەموو چوونە سەر ئایینی جوولەکە، زۆریەی دانیشتووانی وڵاتەکەش چوونە سەر ئەو ئایینە. کە ڕۆمەکان هێرشیان بردە سەر یەهودا و سامیرە (٦٧–١٧ی پێش زایین) تەنها ئەدیابین هێز و کەرستە و تفاقی بۆ ڕزگارکردنی خەڵکەکەیان نارد و نەك هەر ئەمە بەڵکو لە هەوڵی بێ ئەنجامی پاراستنی گەلیلیشدا ئەدیابین بەشداری کرد (گرەیزل ١٩٦٨–١٦٣).

---

[7] لە هەر شوێنێك سەهنە/سەحنە هات، ناوی یەك شار دەبەخشێ).

نەخشەی ژمارە ( 16 ): پادشانشینەكانی كوردان لە سەردەمی پارثی و ڕۆمانەكاندا

ئەدیابین: پادشانشینی كورد – ئەندام لە فیدراسیۆنی پارثیاندا

پۆنتۆس: پادشانشینی سەربەخۆی كورد. دوایی چوونە نێو كۆمار/ ئیمپراتۆریەتی ڕۆمەوە.

ئەرمینیا: پادشانشینی دراوسێ و ئەندام لە فیدراسیۆنی پارثیاندا.

ئەو سەرزەمینانەی ئەمڕۆ زۆربەی دانیشتووانیان كوردن.

با لەوە لاچین، لە سەدەی چوارەمدا ئەدیابین بەگشتی وەرگەڕابوە سەرئایینی مەسیحی، بۆیە تۆماریەندی كەنیسەكان باشترین بەرجەستەكەری مێژوویی ئەو سەردەمەن و ئاوێنەی بێ خەوشی مێژووی ئەو ماوەیەی كوردن (بڕوانە جوولەكەیی و مەسیحیەت). وشەی لاتینراوی ئەدیابین چەوتكراوەی ناوە كوردیەكەی خێڵی هەضەبان یان هەزەوان/ هەزلومندە.. ئەم خێڵە

کوردە گەورەیە لە سەدەی سێیەمی پێش زایینـدا لە باشووری زاگرۆسەوە هاتبوو و لە کوردستانی ناوەنـدا نیشتبووە و، لە دوا دوای سەدەکانی ناوەڕاستدا هەندێ پاشماوەیان هێشتا لە باشووری زاگرۆس هەر مابوون (بڕوانە خێڵەکان). هەضەبانەکان خێرا بالادەستی سوپایی و سیاسی خۆیان لە هەرێمەکەدا داچەسپاندوو ئەربیلای دێرینیان کردە پایتەخت بۆ خۆیان و بۆ ماوەیەکی زۆر ناوی ئەتنی خۆشیان لێی نا بەم جۆرە ناوی ئەربیلا کرا بە "هازا"تا دوای ئەوەی کە ساسانیەکان وڵاتەکەیان داگیرکرد ئەوەبوو ئەردەشیری یەکەم ناوی خۆی بە سەریدا دەسەپاند و بوو بە نۆتار ئەرتەخشیر. (ئیسلامەکان دوای ئەوەی وڵاتەکەیان گرت ناوە ئاشووریە کۆنەکەیان خستەوە سەری و بوو بە ئەربیلا، تا لە کۆتاییدا لەسەر ئەربیل نیشتەوە) ئەگەرچی هەضەبانیەکان سەرەنجام لە سەدەی سێیەمی پاش زاییندا دەسەلاتیان لە دەست داو و بوونە ژێردەستەی ساسانیەکان بەلام لە سەدەی یانزەیەمدا دیسانەوە هەلسانەوە و میرنشینی ئەیوبییان، دامەزراند کە سولتان سەلاحەدینی لێ کەوتەوە (بڕوانە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست).

هەر لەو کاتەدا کە لە سێ بەش دوویەشی کوردستانی ڕۆژهەلات خەریك بوو بەرەبەرە لەگەل پارثیادا یەکدگیر دەبوو. سێ پادشاییەتی ڕۆژاوای کورد (کاپادۆچیا، کۆماجین و بەتایبەتی پۆنتۆس) پەلی سەربەخۆیی تەواوی خۆیان بەرەو دەریایی ئیجە و ئەولاتریش دەهاویشت. ئەگەرچی لە مەدادویماکار لەگەل کۆماری ڕۆمدا پێکدا هەلبژان و دوا بەداوی ئەوە، کەوتنە ژێر دەستیەوە. بەلام ئەم سێ دەولەتە ڕۆژاوا نشینەی کوردان هەروا بە ئاسایی نەچوونە ژێر ڕکێفی ڕۆمەکانەوە. تا سەردەمی سێ فەرماندە و قونسوولی ڕۆمەکان، واتە ماریۆس، نوکولاس و پۆمیەی تێنەپەڕی ئەم کاری داگیرکردنە نەگەیشتە ئەنجام. پادشانشینی پۆنتی لە ڕۆژگاریێ هەرە پرشنگداری حوکمیدا، بە فەرماندەیی میثریداتسی مەزن (میثریداتسی شەشەم، یۆپاتۆر، ١٢١–٦٣ پێش زایین)، تا یۆنان و قەفقاسیا و داوێنی ئۆکرانیا قەلەمڕەوی حوکمی بوو (نەخشەی ژمارە ١٧).




نەخشەی ژمارە (17): ئیمپراتۆرییەتی گەورە لە سەردەمی پادشا میثریداتیس شەشەمدا (دەوورووبەری ساڵی 86ی پ.ز)

ئەوەی جێی سرنج و ڕامانە، سەرچاوە کۆنە یۆنانیرۆمیەکان کە باسی میثریداتس و گەلێ پاشایی تری بەرچەڵەك کوردی ئەم سەردەمە دەکەن، بە "فارس" یان لە قەڵەم دەدەن. ئەوان لەبەر دووهۆ وا دەکەن: یەکەم، ئەوان هەر کەسێك کە بچێتەوە سەر ڕچەڵەکێکی ئێرانی لە ڕووی فەرهەنگ و ئەتنییەوە، بە "فارس"ی دادەنێن. بەڵێ کوردەکان ئێرانی بوونە و هەر ئێرانیش. ئەو کاتە زمانی کوردی زیاتر لە ئێستا لە زمانی فارس نزیك بوە، ڕاستییەکەی سترا بۆ لە دەورووبەری ئەو سەردەمەدا هەمان قسەی کۆنی هیرۆدۆتسی دووپات کردۆتەوە کە دەڵی "میدیەکان و فارسەکان دەتوانن بە ئاخاوتن لێك بگەن" هەرچەند نەختێك بە گرانی، ئەو لە هەمان کاتدا کوردەکان بە (کیرتی) و دانیشتووانی میدیاو پێرسیس (واتە پێرسیا) ناودەبا. هۆکاری دووەم ئەوەیە کە ڕەوکردنە مەزنەکانی کوردەکان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی زاگرۆسەوە، کوردانیان لە شوێنی خوارووی وەکو پیرسیسەوە بەرەو پۆنتوس و شوێنی تری ڕۆژاوا و ناوەڕاستی ئەنەدۆڵ ڕادەماڵی.

سنووری پانەوە کراوی کۆماری ڕۆم و فیدراسیۆنی پارتیا، هەندەی پێ نەچوو ساڵی (٥٧)ی (پ، ز) لەسەر ڕووباری فورات لێکیان دا. دوای ئەوە یەك سەدەی تەواوی جەنگی خوێنین دەمی کردەوە. ئەم جەنگە ڕۆژاوای کوردستانی تێکلاند و سەرەنجام فوراتی کردە سنووری نێوان هەردوو هێز. بەم جۆرە سێیەکی ڕۆژاوای کوردستان کەوتە ژێر حوکمی ڕۆمەوە، ئەوانەی لەم ژێر کەوتنەدا بەرکەوتن بریتی بوون لە پۆنتییەکان، کەپەدۆچیەکان و کۆماجینەکان، لەگەڵ ئەمانیشدا کوردەکانی ئەمانۆس لە چیاکانی سەر ڕۆخی دەریای سپیی ناوەڕاست، (کە کەمتر ناسراون و هەمیشە پشتگوێ خراون) بەرکەوتن. وەکو دەردەکەوێ، هەر لەسەردەمانی کۆن کۆنەوە ناوچەکانی سەر بڵندابییەکانی ئەمانۆس و دەورووبەری ئەنتاکیە و بە درێژایی لێواری دەریای سپیی ناوەڕاست، نشینگەی کوردەکانی ڕۆژئاوا بوە. کۆنەوشەی کوردیی ئۆرنتس (ئاسیی ئەم سەردەمە) کەبەو ڕووبارە گەورەیە دەوترا کە لە ئەنتاکیەوە دەچێتە سۆریاوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کوردان لە سەردەمی ئەسکەندەردا لەو مەرزوبوومە بوونە. کەلەپووری هونەری ئەم هەرێمە، تا دەگاتەوە سەردەمی حەلەف (٨٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر) یەکیەتیەکی سرنجکێش لە دارشتن و شێوەدا لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستاندا دەسەلمێنێ (بروانە دارشتنی نەخشکاری وێنەی هەڵکۆڵراو). لە سەردەمی

ئیقلیمگیریەكانی ئەسكەندەری گەورەدا، كوردەكان كە ئەوسا بە تەواوی بوویوون بە ئاری نەژاد و هەموو چیاكانی ئەمانووسیان بەدەستەوە بوو.

پادشا سلووقیە یۆنانیەكانیش بە تایبەتی ئەنتیۆچەسی دووەم، هەولیاندا ئەم كوردانە لە شاری تازە دروستكراوی ئەنتاكیە و بەندەری ئەسكەندەروونە (۳۰۰ پ. ن) جێنشین بكەن. گەلێ خانەوادەی دەسەلاتداری كورد، بەتایبەتی ئەوانەی بە ڕچەڵەك میرزادە بوون، وەكو ڤێراس (كۆمەڵە خێڵی بەرازیی ئێستا) و بەڵكانا (كۆمەڵە خێڵێی بەلیكانی ئێستا) بە بەردەوامیی لەم مەڵبەندە بازرگانیە پێشكەوتوانەدا نیشتەجێ بوون و پێوەندی قایمیان لەگەڵ فەرمانڕەوا ڕۆمەنوێیەكانی هەرێمەكەدا هەبوو. ئەم پەیوەندیەی نێوان كورد و ڕۆمەكان تا سەرەتای سەدەی هەشتەمی پاش زایین و دومایی هاتنی دەسەلاتداریی ڕۆمەبێزەنتیەكان لەناوچەكەدا درێژەی كێشا. لە هەردوو ئابلۆقەدانەكەی سالی (۲٦۰)ی پاش زایین بە سەركردایەتی شاپووری یەكەم و سالی (۵۳۸)ی پاش زایین بەسەركردایەتی خوسرەوی یەكەم، كوردەكانی دەورووبەری چیاكانی ئەمانۆس لە داكۆكی كردن لە ئەپامیا و ئەنتاكیەدا بەشدارییان كرد. ئەنتاكیە لەو سەردەمەدا سێیەم گەورە شاری ئیمپراتۆری ڕۆمی بیزەنتی بوو.

بە چوونی ڕۆژئاوا و باكووری كوردستان بۆ ناو قەڵەمڕەوی ڕۆمەكان تیرەی فریشتەكان كە تیرەیەكی خۆیی كوردبوون، دەرفەتێكی زۆر نایابیان دەست كەوت (بڕوانە ئایین) تا ئایینی كۆنی ڕۆمانەكان وەریگرن و لە بەرگی میترائیەتدا بیكەن بە ئایینی تایبەت بۆ خۆیان. ڕاستیەكەی ئەم تیرەیە لە چەندین سەدەوە لە ئالۆگۆڕ كردندا بوو لەگەڵ هەموو ئایینەكاندا لە سنوورەكانی ڕۆژئاوای سەرزەمینەكەدا. كە میترائیەت لە كوردستاندا چەسپا ئینجا دەستی كرد بە تەشەنەكردن بەرەو دوور تا گەیشتە بەریتانیا. نەك هەر ئەوە بەڵكو تا ڕادەیەكی زۆربوو بە جێگری ئایینی ڕۆمەكانیش و پێش ئەوەی مەسیحیەت ببێ بە ئایینی ڕەسمی دەوڵەت، میترائیەت گرنگترین ئایینی ئیمپراتۆریەكە بوو.

یەكێك لە ڕووداوە درشتەكانی ئەو سەردەمە كەجێی سرنج بێ، ئەو هەڕكردنە بە كۆمەڵە گەورەیەی كوردە لە باشووری زاگرۆسەوە بۆ باكووری ڕۆژاوای و بەرەو زنجیرە چیاكانی تۆرۆس و پۆنتۆس. كوردستانی باكوور و ڕۆژاوا لە ئەنەدۆل، جێی نیشتنەوە بوون بۆ ئەم

ڕادانە ناوخۆییەکە بەلاقاو کوردی لە شوێنی دووری وەکو چیاکانی پیرسیس (فـارس ئیـستا)وە ڕمالّی. ئەم بارکردنە بە کۆمەڵە، توانی تەبابیەکی کۆکی نەتەوەیی و فەرهەنگی بۆ کـورد لـەم سەری وڵاتەکەیانەوە بۆ ئەوسەری دەستەبەر بکا. بۆ نموونە پەهلەوانیی کرد بە زمـانی بـاو لـە کوردستاندا (بڕوانە زمان)، هەروەها تایەفەی فریشتەکانی کرد بە سـەردەمداری ئـایینی هـەموو وڵاتەکە (بڕوانـە ئـایین). لـە پـەنای ئەمەشـدا، تـا ڕادەیـەکی دوور ئـەدەب و هونـەر و گیـان و سـەلیقەی نەتـەوەیی کـوردی یەکخـست و تۆپـەڵیکرد. لـە کۆتـایی سـەدەی هەشـتەمی پـاش زاییندا، ئەم تەبابیە خۆی لە شێوەی نـوێ کردنـەوەی باڵادەسـتیی سیاسـیی کـوردان بەسـەر ناوچەکەدا دەرخست، کە لە سەردەمی میدیەکانەوە لە دەست چوو بوو. تـانی ئـەم مەسـەلەیە و زۆرتر دوان لە بارەی ڕادانی دانیشتووانی کورد لە بابـەتی (کۆچـکاریە مێژووییـەکان)دا بـاس کراوە.

لـە دەوروویـەری سـەدەی سـێیەمی پـێش زاییندا، کۆماجینـەکان، کـە پەدوچـییەکان و پۆنتوسـەکانی ئەوپـەڕی بـاکووری ڕۆژاوا، ژمارەیـەکی زۆری خێڵـی ڕاداوی کوردیـان گرتبـوە خۆیان. لە یـەك گەلەکۆمەکێدا بـۆ میترایداتیـسی پادشـایی کـوردی پـۆنتی یـەکان،(١٤) خێـڵ لەمانـە دژ بەڕۆمـەکان خۆیـان دابـوە پـاڵی، ئـەم هێـزە خێڵەکیانـە بوویـوون بـە پێـشڕەوی لەشـکرەکەی و بـەردەوام هێرشـیان دەبـردە سـەر پێـشەنگی لەشـکری ڕۆمـەکان. بەرلـەوەی لەشکری پۆنتیەکان بە ناو خـاکی ڕۆمـدا پێشڕەوی بکـەن و دڕ بـە لەشـکری ڕۆم بـدەن، شـان بەشانی چەند کەرتە سوپای دەریاوان، ئەم چەکدارە خێڵەکیانە لە سیلیسیاوە بە بەلـەم دایـان بەسەر شارە کنار دەریاییەکانی ئەیۆنییەکاندا بەر لەوەی بەرەو ئەورووپا بپەڕنەوە. پلوتارك لە کاتێکدا بە دزوجەردەی دەریا ناویان دەبا، لە بارەیانەوە دەنووسێ کەوا "ئـەوان کـە گەیـشتنە چیای ئـۆلیمپس بەشـێوەیەکی سەرسـووڕێنەر کەوتنـە قوریـان کـردن و بـە جێهێنـانی هەنـدێ دەستووراتی ئایینی یان کردەوەی نائاسا کە هەندێکیان بابەتی ئایینی میثرایـی بـوون (بڕوانـە تیرەی فریشتەکان).

جگـە لەناوچـەکانی بـاکووری ڕۆژاوایـی کوردسـتان، ئـەرمینیا و باشـووری گورجـستان و ئارانیش بوون بە مەڵبەندی نیشتنەوەی لەسـەرخۆی ژمارەیـەکی زۆری خێڵـە کوردەکـان. ئـەم تازە هاتانە، ڕۆڵێکی یەکجار گرنگیان بینی لە مێژووی گەلانی ئەو وڵاتانەدا لەسـەردەمە کۆن و

ناوەندەکاندا. مێژووناسی ئەرمەنی مۆسێسی چورێن کە پسپۆڕی مێژووی سەرەتای سەدەی ناوەندی ئەرمەنستانە (کە لەنێوان ٤٩٠-٧٦٠ پاش زاییندا ژیاوە) باسێکی سەیری مێژووی سەرەتای ئەرمەنیەکان دەکا، کە بەشێکی ئەفسانەوارە، و تێیدا پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان خانەوادەی ئەژی دەهاکی پادشایی میدیا و پادشا و ئەرسیتۆکراتەکانی ئەرمەنییدا دووپات دەکاتەوە. ئەو دەنووسێ کەوا باوباپیرانی دیکرانی پادشایی ئەرمەنستان لە بنەماڵەی ئەژی دەهاك بوونە، بەلام لە دەست زۆرداریی ئەو ناچارماون لە دەستی هەڵبێن، (مێژوو ١١٤-١٣٩).

لە داستانی (شاهنامە)دا، فیردەوسیی شاعیری فارس دەڵێ ئەژی دەهاك خەڵکی ولاتی باشوور و باشووری ناوەندی کوردستان و نزیکی هەمەدان بووە. هەر ئێرەش ئەو مەرزو و بوومەیە کە ئەژی دەهاك حوکمڕانیی دەکرد، بەم جۆرە دەکرێ قسەکانی مۆسێس بەوە لێك بدرێتەوە، کە مەڵبەندی باوباپیرانی تیگران لە هەمان هەرێمی ناوچەکانی باشووری کوردستان بووبێ.

مۆسێس لە باسەکەیدا بە ئاشکرا دەڵێ لەسەرویەندی ڕێکخستنەوەی پادشاییەتی ئەرمەنیان لەسەر دەستی مەلیك ئالارشاکدا، چینی دووەمی دەسەلاتی دەوڵەت پەنایان بردۆتەبەر "توخمی ئەژدەهاك" ئەو چینە خۆیان وەکو بنەماڵەی خانەدانی موراتسیان ناساندووە. هەروەها لە قسەکانی مۆسسیدا، باسی پادشاییەکی تری ئەرمەنی دەکرێ، کە ناوی ئێرواندە (کە لە سەدەی دووەمی پاش زاییندا ژیاوە) و لەگەڵ ئەرتاشیسی پادشایی پارتییدا جەنگاوە. بەم جۆرە ئێرواند لەلایەن موراتسیانی ئەرسیتۆکراتی ئەرمەنی میدیەوە پشتگیری دەکرێ، بەلام سەرەنجام لە هەوڵەکەیدا سەرناکەوێ و ناچار دەگەڕێتەوە بۆ ولاتەکەی خۆی "ئێرواندافان" ئێرواند جۆرێکە لە شێواندنی هارافاندیان /هالڤاند/ ئەلڤاند کە ناوی بڵندترین و پیرۆزترین چیای میدیایە، واتە ئەو چیایەی کەوا بەسەر شاری کۆنە پایتەخت و دێرینی هەمەدانندا دەڕوانێ. ناوی ئێرواندەڤان (وشە ڕاستەکە ئەرڤاندا ڤەندە)، ناوێکی ڕەسەنی خێڵەکییە و بە خێڵێکی کوردی دانیشتووی باشووری کوردستان دەوترێ[8].

---

[8] ئێستا ناوی ئەم خێڵە بوە بە وەندو لەمەشەوە پاشناوی "وەندوی" وەرگیراوە. سەیر ئەوەیە هەندێ کەس بەم پاشناوەوە خۆیان کردووە بە توخمی نەتەوەی تر- وەرگێڕ

هەوڵەکە بۆ ئەوە دراوە کە ڕەچەڵەکی تیگران لەباری ئەتنییەوە بەرنەوە سەر فارسەکان، هەر وەکو لەسەرەوە باسکراو لە بابەتی (خێڵەکان) و (کۆچکاریە مێژووییەکان) دا هاتووە. ڕەگە کوردیەکەی تیگران تا بڵێی دیار و ئاشکرایە، دەبێ ئەوەش لە بیر نەکرێ کەوا لە سەردەمی کارفەرمالی پارثیەکاندا کە چوار سەدەی بردو و لە ساڵی (٢٢٤)ی پاش زایینیدا کۆتایی هات، فارسەکان وەکو بوونێکی ئەتنی تەنها کەمایەتیەکی بچووك بوون لە هەرێمە دوور دەستەکانی باشووری فیدراسیۆنی پارثیدا کە پتر لە هەزار میل لە ئەرمینیاوە دوورن، لە کاتێکدا زەویەکانی ناو بەینیان مەنزڵگای کوردانە و ئەوانی لێ دەژین. هەر وەکو ئەوەی لەسەرەوە لەمەڕ مەڵبەندی ڕاستەقینەی میثریداتیسی شەشەمی پادشایی پۆنتیانەوە باسمان کرد، ئەو وشەی (فارس)یە کە بۆ وەسفکردنی ڕەچەڵەکی ئەتنیی تیگران وتراوە، بە مانای (ئێرانی) دێ کە قەدێکی ئەتنیکی گەورەیەوە و کورد یەکێکە لە لقەکانی.

مێژووی گەلی ئەرمەن و ئەرمەنستان، لە هەموو بارێکدا، سەرچاوەی هەرە بە نرخە بۆ داڕشتنەوەی مێژووی کوردو گواستنەوە و کۆچکردنیان لە سەدەکانی کۆن و ناوەڕاستدا.

ئەو ڕۆڵەی ئەریستۆکراتە کوردە کۆچکردوەکانی باشوور بینیان، ئەتوانرێ بەو ڕۆڵە بشوبهێنرێ کە خانەوادە ئەرستوکراتە ئەڵمانەکان لە ئەوروپادا تا داهاتنی ئەم سەدەی ئێستامان بینیان. ئەم خانەوادانە بە ژن و ژنخوازی چەندین پادشا و دۆق و شازادەیان بەخشییە بنەماڵە پادشاییەکانی نەتەوەی دیکەی وەکو جیورجیەکان، یان خۆیان بوون بە پادشا لە وڵاتە تازە پێکهاتووەکاندا کە پێویستیان بە حوکمڕانێك بوو خوێنی پادشاییەتی لە دەماریدا هەبێ. ئەوان خوێنی شازادەییان لە دەماردا بوو کە بۆ ئەو مەبەستە پێویست بوو، بەڵام شتێکیان کەم بوو کە ئەویش ملکەچکردن بوو بۆ ئەو ئیمپراتۆری و پادشانشینە سەر بە گێچەلانەی کە ئەوکاتە لەسەر مەکۆی فەرمان بوون. ئەم بەزمە هەر بەم نەزمە تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستی دەوامی کرد.

بە گراتیەکانیش، وەکو ئەو ئەدیابینیانەی بەر لەمە باسمان کردن، جێی سرنجی تایبەتین. ئەوان هەر لە بناوانەوە سەرۆکایەتی خێڵی ناودارو گەورەی بەگرەوەند بوونەو لە ماوەیەکی کورتدا سەرۆکایەتیەکیان بۆ خۆیان پێکهێناوە و بەو جۆرە بنەماڵەیەکی حوکمڕانیان بۆ خۆیان سازداوە. ئەم بنەماڵەیە بە ناوی باگراتیان ناوی دەرکرد. هەر ئەمان خۆیان، ناوی

## چەردەباسێك لە بارەی كوردانەوە

خێڵەكەی خۆیان بەخشی بە ناوچەی باكووری ڕووباری دیجلە كە پتولمی (باگراواندین ڕیجیۆ Bagrawandine Rejio)ی پێ دەڵێ. ئەوانیش وەكو هەضەبانیەكان، ناوی( ئامێد)ی پایتەختی دێرینیان گۆڕی و خستیانە سەر ناوی خێڵەكەی خۆیان. دیارە بەكر كە لە (دیاری بەكر- سەرزەمینی بەكران)ەوە وەرگیراوە گەورەترین شارە لە كوردستانی ئەنەدۆڵ. بەگراتیەكان، هەرچەندە ماوەی حوكمڕانیەكەیان پڕبوو لە كەموكورتی گەورە گەورە، تا ساڵی( ١٨٠١ ) حوكمڕانیی گورجیەكانیان كرد، واتە تا ئەوكاتەی ڕووسیا گورجستانی داگیركرد.

ئەم بنەماڵە كوردە دێرین و خاوەن جێ و ڕێ و زیرەكانە بە ئاسانی و خێرا لەناو كۆمەڵە ئەتنییەكانی دەوری خۆیاندا جێیان دەكردەوە و دەچەسپان. مێژووی بنەماڵەی ئەیوبیی سەدەكانی ناوەڕاست (كە لە هی بەگراتیەكان باشتر تۆماریەند كراوە) وێنەیەكی بێ خەوشە كە چۆن بنەماڵەیەكی خانەدانی كورد كاتێك دەكەوێتە وڵاتێكی بێگانە چ زوو زۆریەی هەرە زۆری خەسڵەتە ئەتنیكیەكانی خۆی ون دەكا. تیگرانی مەزن، كە بە كەڵە پادشایی هەرە گەورەی ئەرمەنیان دادەنرێ، هەرچەندە بە ڕەسەن كوردیش بوو، بەلام لە هەموو بارێكەوە، بەوپەڕی دڵسۆزی و ئەرمەنیایەتیەوە حوكم فەرمایی گەل و وڵاتی ئەرمەنستانی دەكرد. تاقە بەڵگە بۆ ڕەتكردنەوەی ئەم بۆچوونە ڕەنگە ئەو بڕیارەی بێ كە بۆ جێی پایتەختی نوێی وڵاتەكەی دای، ئەوەبوو چووتێگرانۆ كێرتای پایتەختی نوێی لە قووڵایی سەرزەمینێكی كورنشین (لەو شوێنەی پتۆلمی بە گۆردینا گوردەی و پلینی ناوی دەبا) و لە دەرەوەی خاكی ئەرمەنستان دامەزراند. ئەمە دەتوانرێ بەوە لێك بدرێتەوە كە ئەو گەلێك لە ڕادەبەدەر بە ڕابردووی كوردانەی خۆیەوە بەندبووە. ئەو كوردانەی لەناو كۆمەڵی ئەتنیكی دیكەدا دەئامێتان، لە قەوارە نوێیەكانیاندا پلە و پایەی زۆر گرنگیان وەردەگرت لە سەدەكانی ناوەڕاستدا. ڕاستییەكەی ئەم ڕاستیە تا ئێستاش هەر وەكو خۆیەتی، (بڕوانە كۆچكردن و توانەوە).

ئەردەشێری یەكەمی دامەزرێنەری ئیمپراتۆریی ساسانی، كە لە ساڵی (٢٢٤)ی پاش زاییندا بوو بە میراتگیری كۆنە فیدراسیۆنی پارثیان، هەر كە هاتە سەرتەخت یەكسەر پەلاماری بردە سەر ئەو پادشاییەی كە بە "پادشایی كوردە میدیەكان" ناوی دەبرد. ئەم پادشاییەش كاتێ

هەستی بە مەترسی هێرشەکە کرد بە پەلە و هەڵەداوان ژمارەیەک بنەماڵەی حوکمڕان و پادشاییەتی بەسام و هەیبەتی کوردی هەر لە بارشان (بەرزان) و هەکار (هەکاری)یەوە بگرە تا دەگەیتە موکران (موکریان)، سەنەک (سەهنە) و شارەزوور لەژێر ئالای پادشاییەتی کەرم (کرماشانی ئەم سەردەمە)دا کۆکردەوە و لێکیدان، ئەردەشیر ناچاربوو بچێتە جەنگێکی دوو ساڵەوە (لە ٢٢٤ پاش زایینەوە تا ٢٢٦) لەگەڵ کوردەکاندا تا لە ئەنجامدا توانی سەربەخۆیی لە چنگی ئەو چەند پادشاییەتیە کوردانە بپچڕێ. ئەمەی تەنها کاتێ بۆکرا، کە بە پێچەوانەی سیاسەتی سەنترالیزەکاری سەختەوە کە پەیڕەوی دەکرد، ناچار ما شازادە کابوس کە حوکمڕانێکی ناوخۆیی کورد بوو بخاتەوە سەر کار تاوەکو پادشاییەکی خودموختار حوکمی کوردە میدیەکان بکا. خانەوادەی کایۆس، وەکو بنەماڵەیەکی حوکمڕانی نیمچە سەربەخۆ تا ٣٨٠ی پاش زایین حوکمڕانیی کوردستانی ناوەند و باشووری کرد، تا ئەردەشیری دووەم (٢٧٩–٢٨٣ پ ز) دوا شازادەی ئەم بنەماڵە کوردەی لەسەر تەخت لادا. دوا شازادەی بنەماڵەکە (کە پلەی ویسامەکانی دومباوەند لە بنەماڵەی کاڤۆسەکان)[9] ی هەبوو لەلایەن سەرچاوە کۆنینەکانی ئەرمەنیەکانەوە بەهاوچاخی ئارشاکی پادشایی ئەرمەنیان (٣٥٢–٣٦٧ پا ز) دادەنرێ. بنەماڵەی کایۆس تاقە بنەماڵەی حوکمڕانی نیمچە سەربەخۆی کورد بوو لەو پێنج سەد ساڵەی دواییدا.

ئەم ڕووداوە یەکجار گرنگە لە مێژووی کورددا، بەوەستایانە لەسەر تاوێرە بەردێکی تاقی بێستوون، کۆنە ئاسەواری پایتەختی مێژوویی کرم و میرنشینی کایۆس (بڕوانە سەر بەرگی ئەم کتێبە) هەڵکەنراوە. ئەم ڕووداوە (هەرچەندە کەلێنێکی هۆنەزانراوی حەوت ساڵی تێدایە)، بووە بە سەرەتای ڕۆژ ژمێری نەتەوەیی کورد، کە بە گوێرەی ئەو ئێمە ئێستا (ساڵی ١٩٩٢) دەکەوینە ساڵی (١٦٠٤)ەوە (بڕوانە ئاهەنگ و میهرەجانەکان).

ئێستاش لە دەورووبەری کۆنەشاری دینەوەر، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کرماشان، ڕیزە گۆڕێك لە دڵی تاشە بەردەکانی چیاکەدا هەڵکەنراون، ئەم گۆڕانە هی بنەماڵەی کاوس یان کایۆسن. جێی سرنج لێرەدا ئەو ناوەیە کە بۆ جەنگاوەرە کوردەکان لە دەقی ئەسڵیی داستاننامەی

[9] لە ئەسلە ئینگلیزیەکەدا: wisamakan of dumbawand from the family kavusakan

جەنگەكەی ئەردەشیر (واتـە كارنامـەك)دا بـەكار هـاتووە. ئـەمان بـۆ ئـەو جەنگاوەرانـە نـاوی (جانسپار)یان بەكار هێناوە كە وشەیەكی فارسیە.

ئەم وشەی (جان سپار )ە لـە فارسیدا، بەرامبـەر بـە وشـەی "پێشمەرگە " دێت كـە لـە سـەردەمی ئێـستاماندا كـوردان بـۆ جـەنگاورەكانیان بـەكاری دێـنن و هـەردووك بـەمانای (گیانبەخش ) دێن.

بابەشێك كەمایەی سەسوڕمانە ئەوەیـە كـە پاشمـاوەی پارتیـەكان، خـودی ئەردەشـیریان بەوە تاوانبار كردووە كە گوایە "كورد" و "ڕۆڵـەی كـورد بـووە و لـە باوەشـی كوردانـدا گـەورە بـووە" (بڕوانـە كارنامـە و مێـژووی ئەلتەبـەری). هـەر وەكـو لێـرەدا بینیمـان، كوردەكـان لـەو سەردەمەدا دانیشتووی خاكی ئەردەشیر، واتـە پێرسـیس بـوون و كارنامـە دەڵـێ كـەوا بـاوكی ماوەیـەكی زۆری لاویـەتی خـۆی لەگـەڵ كـوردان (كورتـان)دا بردۆتەسـەر. بەهـەرحاڵ، هـیچ بەڵگەیەكی ڕاستـەوخۆی ئـەوتۆ بـە دەسـتەوە نیـە كـەوا ئـەو لەگـەڵ كوردانـدا پەیوەندییـەكی ئەتنیكی هەبووبێ.

پـاش لابردنـی بنەماڵـەی كـایۆس لـە سـاڵی ٣٨٠ی پـاش زاینـدا و تـا داڕمـانی دەوڵـەتی ساسانیەكان لە ٦٥١ی پاش زایندا، باس لە هیچ قەوارەیەكی كورد نەكراوە چ بە سـەربەخۆیی یان بەشێوەی خود موختـاری لـە كوردسـتان، یـان هـەر جێیـەكی تـردا حـوكمی كردبـێ لـەژێر دەسەڵاتی بیزەنتییەكاندا، ئەرمەنیەكان كە مەسیحی بوون، لـە حـوكمڕانی خـاكی خۆیـان بـێ بەش كرابوون، چ جای كوردەكان كە مەسیحیش نەبوون. لە چارەی كـوردان وا نووسـرابوو كـە تا هاتنی ئیسلامەكان و لەبەین بردنی دەوڵەتی ساسـانیان و ڕامـاڵینی بیزەنتیـەكان بـەرەو دوا، نەتوانن بێنەوە سەر ڕاستای كار و جڵەوی حوكمڕانیی لەسەر خاكی خۆیان بگرنەوە دەست.

لـە دوا دوای سـەدەی چـوارەمدا، ئاپۆرایـەكی گـەورەی خێڵـی كۆچـەر كـە لـە بـاكوور و ڕۆژهەڵاتی هەردوو ئیمپراتۆریی بیزەنتی و ساسانییەوە داماڵابوون ملیان نـابوو بـە سـنوورەكانی ئەم دوو دەوڵەتەوە. لەهەمان كاتدا یەك سەدەی تەواوی ئاڵۆزیی سیاسی و ئـابووری نـاوخۆیی و ناردنی هێزە سـوپاییەكان بـۆ ناوچـە سـنووریە دوور دەسـتەكان بـۆ بـەرەنگاربوونی فـشاری خێڵە كۆچەرەكانی دەشتە كاكی بە كاكییەكانی باكوور، دەرفەتێكی بـۆ كـوردان ڕەخساند كـە لەژێر سێبـەری توانـای ئـابووری و بـە شـەڕیی خۆیانـدا، هەنـدێ دەسكەوت بۆخۆیـان بهێننـە

دەست، ئەوەبوو دەستیان کرد بە دان بەسەر ناوچەکانی دەورووبەری خۆیاندا. لەهەمان کاتدا، چ لە ڕاستای فەرهەنگدا، چ لە هی ئاییندا، هەندێ پێشکەوتنیان دەسکەوت.

ئەو کارەساتە گەورانەی کە لەم سەردەمەدا بە گوڕ، چ لەڕاستای زەوی و ژینگە، چ لەڕاستای باری ئابووریدا ڕوویاندا، بێگومان بوون بە مایەی گەلێ سەرهەڵدانی کۆمەڵایەتیش، بەتایبەتی لەو وڵاتانەدا کە لەژێر دەستی ساسانیەکاندا بوون، ئەوەبوو لە چیاکانی زاگرۆسەوە شۆڕشگێڕێك هاتە خوارەوە. ئەم شۆڕشگێڕە مەزدەك بوو کە بزووتنەوەیەکی نوێی لەسەر بنچینەی بیروڕای تیرەی کوردی فریشتەکان دامەزراند. ئەم هەرایە زۆری پێ نەچووبوو بە پەلامارێکی تر بۆ سەر زەردەشتییەت بە ئامانجێکی هەڵووشینی (دوای ئەوەی لە کۆتایی سەردەمی میدیەکاندا، بزووتنەوەکە بەشێوەیەکی بەهێزی خۆی نواندبوو). بۆ ماوەیەك وا دەرکەوت کە لەوانەیە تیرەکە بتوانن بەسەر زەردەشتیەتدا سوارین، بە تایبەتی کاتێ کە (کاڤات)ی پادشایی ساسانی (٤٨٨ – ٥٣١ پا ز) وەرگەڕایە سەر ئەو ئایینە (بڕوانە تیرەی فریشتەکان)، خوسرەوی یەکەمی ئەنوشیروان کە کوڕی (کاڤات) و جێگریشی بوو و لە هەمان کاتدا پاڵەوانی زەردەشتیە توند مەزەبەکان بوو، بەرنامەیەکی دڕندانەی بۆ قەلاچۆکردنی مەزدەکیەکان گرتەبەر. ئەم سیاسەتە لە کۆتایی حوکمڕانی (کاڤات) خوێدا، لە دەورووبەری (٥٢٨)دا دەستی پێ کردبوو هاوشان بەم سیاسەتە دژ بە مەزدەکیەتەی، ئەنوشیروان سیاسەتێکی چاکسازی کۆمەڵایەتی و سیاسیشی گرتبووە بەر، تا ڕێگە لەو نەفەسە سوشیالیستیە بگرێ کە بزووتنەوەکە بۆ خەڵکە ڕەشوو ڕووتە کوڵۆل و دەسکورتەکلیماکان بانگی دەدا. هەندێ لە شارەزاکانی ئەم سەردەمە، وەکو کریستنسن (١٩٢٥) و کلیما (١٩٥٧) لە ڕاستیدا بزووتنەوەی مەزدەکیەتیان بە سەرەتای کۆمۆنیزم داناوە.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە :–

**Further Readings and Bibliography:** E. Sachau, "Die Chronik von Arbela," *Abhandlungen der Preussische. Akademie der Wissenschaften* 6 (Berlin, 1915); A.H.M. Jones, *The Cities of the Eastern Roman Provinces* (Oxford, 1937); A. Christensen, *Le règne du roi Kawadh I et le communisme mazdakite* (Copenhagen, 1925); O. Klima, *Mazdak* (Prague, 1957); F. Altheim, *Ein asiatischer Staat* (Wiesbaden, 1954); N.C. Debevoise, *A Political History of Parthia* (Chicago, 1938); L.D. Levine and T.C. Young, eds., *Mountains and Lowlands: Essays in the Archaeology of Greater Mesopotamia*, Vol. 7 (Malibu, California: Bibliotheca Mesopotamica, 1977); H. Luschey, "Iran und der Western von Kyros bis Khosrow," *Archäologische Mitteilungen aus Iran, Neue Folge* 1 (1968); Arshak Safarastian, *Kurds and Kurdistan* (London, 1948); Moses Khorenats'i, *History of the Armenians*, edited and translated by Robert Thomson (Cambridge: Harvard University Press, 1979); Solomon Grayzel, *A History of the Jews* (New York: Mentor, 1968); Movses Dasxuranci, *The History of the Caucasian Albanians*, edited and translated by C.J. Dowsett (London: Oxford University Press, 1961); N. Pigulevskaya, *Goroda Irana v Pannem Crednevekovie* (Leningrad, 1955), French translation by Claude Cahen (Paris: Édition scientifique, 1962).

# مێژووی ناوەڕاست: سەدەكانی ٦ تا ١٦ ← ١ ز

ئەم ماوە پڕ گۆڕانەی مێژووی كورد، مۆرزەدەی زیندبوونەوەی هێزی سیاسی كوردە لە سەدەكانی (٧) ەوە تا (٩)، پاش ئەوەی سێ سەدەی ڕەبەق ئەم هێزە لەژێر دەستی حوكومەتە سەنترالیزەكانی ساسانیە فارسەكان و ڕۆمە بێزەنتیەكاندا خامۆش و بێ چركە و پركەبوو. لە ماوەی نێوان سەدەی (١٠) و كۆتایی سەدەی (١٢)دا هێزی كوردان چووە ئەوپەڕی گەشەكردن، بە جۆرێك بەڕاستی دەتوانین ناویان بنێن سەدە كوردەكانی سەردەمی ئیسلام، ئەوە بوو چ بە كۆچكردنی لەسەر خۆو چ بە تەنینەوەی سوپایی، ڕۆڵی سیاسیان هەر لە ناوەندی ئاسیاوە گرتیەوە تا دەگاتە لیبیا و یەمەن.

لەم ماوەیەدا كوردەكان توانییان میرنشینی بەهێزی ئەوتۆ دابمەزرێنن، كەوا لە ڕۆژی خۆیدا توانییان ناوچەرگەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە هێرشی داگیركەرە بیانیەكان، وەكو نا خاچدارەكان و هیتر، بپارێزن، و قۆناغێكی یەكجار ڕەونەقدارە لە فەرهەنگی كوردییدا وەدی بێنن. ئەوان لەم قۆناغەدا، لە ڕاستاكانی مێژوو، فەلسەفە، مۆسیقا و هی تردا سەریان دەركرد ئەگەر باسی كوردە بەناوبانگەكانی ئەو بوارانەی ئەم سەردەمە بكەین دەبێ ناوی مێژووناسان ئەبولفیدا، ئینولئەثیر، ئیبن شەرداد و ئەبوحەنیفەی دینەوەری، و فەیلەسووفان ئەلسوهرەوەردی و بەدیعولزەمانی هەمەدانی و توێژە ئیبن فەزلان و موسیقاناس صەفیولدینی ئورمەوی و محەمەد خەتیبی ئەربیللی و موسیقاژەنان ئیبراهیم و ئیسحاقی موسڵی و زەریاب، میعمار و ئەندازیاری بیناكاری مونیس، ماتەماتیكزان و ئەستێرەناس موحیەددینی ئەخلاتی سەرگوزەشتەناس ئیبنی خەلەكان، ئینسایكلۆپیدیازان ئیبنی نەدیم و شۆرشگێڕانی كۆمەلایەتی (وئاییینیش) بابەك و نەرسە بهێنین و بۆ نموونە ئیبنی موتەبیە كە كوردێكی دینەوەرییە، لە سەدەی نۆیەم و لە كتێبكیدا بەناوی "عیون الاخبار" باس لە زانستەكانی سروشتی و میكانیك دەكا. لەم باسانەدا باس لە "فڕینی ئاگر پڕژێن" و تەكنیكی تواندنەوە و پالاوتنی ئاسن و ئاسنی ئاودراوو تووج ئەكات واتە لە هەندێ پیشە دەدوێ كە لە كوردستاندا ئەو سەردەمە مێژوویەكی كۆنیان هەبوو (بڕوانە پێش مێژوو و سەرەتای پێشكەوتنی

تەکنۆلۆژی).

هەر لەم سەردەمە خۆیدا بزووتنەوەی ئایینی چوون مەزدەکیەت کە لە دوادوای سەردەمی ساسانیەکانەوە بە پێشەوایەتی مەزدەك سەریان هەڵدابوو سەرلەنوێ گەشانەوە و گەیشتنەوە پۆپەی چالاکی و کارایی.ئەوەبوو هەردوو قارەمانی تازە سەرهەڵدا و بابەك و نەرسە بزووتنەوەکەیان لەژێر ئالای "خورەمیە"دا پێشەوایەتی کرد بابەك بەناوی ئەوەوە کە بەرجەستەکەری پەروەردگارە سەرەتا بزووتنەوەکەی لە ئازەربایجانەوە ساڵی (٨١٧)ی (پ.ز)، بەسەرهەڵدان دژ بە خەلیفەی سەروەختی عەباسیەکان دەستی پێکرد و دەوری سەدەیەك بەردەوام بوو، ڕاستیەکەی بابەك تەنها نازناوێك بوو کە درابوو بەم شۆڕشگێڕە، ئەو خۆی ناوی حەسەن بوو. زۆر لەوانەیە بابەك هەر شێوەیەکی بچوککردنەوەی و وشەی "بابا"بێ کە بەرجەستەکەرێکی پەروەردگارە.. بۆیە بابەك، زۆر و پێ دەچێ، بە مانای "وردە بەرجەستەکەر"بێ لەمەوە زۆر لە گوێندایەکە حەسەن خۆی بە بەرجەستەکەرێکی پلە دوو زانیبێ، (بڕوانە تیرەی فریشتەکان).

لە کاتێکدا، لەسەر بە تیرەی فریشتەکان بوونی بابەك لە بواری ئایینیدا هیچ گومانێکمان نییە، لە بارەی ڕچەڵەکی ئەتنی ئەوەوە هیچ زانیاریەکمان بەدەستەوە نیە و ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ: گوایە کوردبوە، لەسەر ئەم دوو بنەمایە دانراوە: یەکەم، ئازەربایجان لەو سەردەمە داو تا سێ سەدەی دواییش مەیدانی چەندین جێگە گۆرکێی گەورەی کوردان بووە، ئەوەبوو، چیای سافالان لە ئازەربایجان بوو بە مەنزڵگەی هەردوو تیرەی بەلیکان و باز (باض) کە ئێستاش لەوێن و بە ناوی خێڵەکانی بەلیکان و باز و بازیانییەوە ناسراون، (بڕوانە خشتەی ژمارە ٣) و ناوی خۆیان سەپاندۆتە سەر شارەکانی بایلەقان باضدا، باضی خۆی بوو بە پایتەختی بابەك.

دووەم: سەرکردەکانی بزووتنەوەکەی بابەك، کە ناسنامەی ئەتنیکیان لەسەر چاوە ئیسلامیەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا باس کراوە، بە کورد دانراون بۆ نموونە، الیعقوبی، حوکمداری شاری مەرەند لە ئازربایجان و سەرفەرماندەی سوپای بابەك، بە "ئیسماە ئەلکوردی" ناوە دەبا.

دوایی، بابەك نەرسە چوە پاڵ (کە مێژووناسی بەناوبانگی ئیسلامی ئەلمەسعوودی بە

نەسیر ئەلكوردی ناوی دەبا). ئەم نەرسەیە لە باشووری كوردستانەوە ئالای یاخیبوونی هەلگرت، واتە لەناوچەرگەی سەرزەمینی تیرەی فریشتەكانەوە كە بە نەتەوە كوردبوون. لە سالّی (٨٣٣) دا، لە شكرەكانی خەلیفەی عەباسی توانییان سەرهەلّدانەكانی نەرسە دامركێننەوە بەلاّم پاش ئەوەی (٦٠٠٠)، یان لە موریدەكانی كوشت. بەو قسەیەی كە مێژوونووسی ئیسلامی ئەلتەبەری دەیگێڕێتەوە، نەرسە ناچار خۆی و ژمارەیەكی زۆری هەوادارانی بەرەو سنوورەكانی بیزەنتییەكان هەلاّتن و لەوێ لەشكرێكی كوردیان پێكەوەنا لەناو سوپاكەی ئیمپراتۆر تیۆفیلۆسدا. هەر ئەم لەشكرە خۆی گەیی بە دەنگ بزووتنەوەكەی بابەكدا كە خەریك بوو تێك بشكێ(Rosser 1974،Rekaya 1974))، و سەرەنجام توانی لە سالّی ٨٣٣دا هەندێ لەسەرزەمینی خەلیفەی عەباسی داگیربكا. ئەم خۆتێگلاّنەی تیۆفیلۆس ئەوەندە كاریگەر نەبوو، چونكە ئەوەندەی پێ نەچوو خەلیفەی عەباسی لەشكری ناردەوە سەر بابەك و شكستێكی گەورەی پێ هێنا.

بیزەنتییەكان نەرسە و هەوادارانیان لە پۆنتۆسی باكووری ناوەندی ئەنەدۆڵ دانیشاند. وەكو سەرچاوە بیزنتییەكان باسی دەكەن، هەلّبژاردنی ئەم مەلّبەندە بەومەبەستە بوە كە هەلكەندراوەكان لە شوێنێك نیشتەجێ بكرێن كە لە "ناو گەلی خۆیاندابن"، (بڕوانە burg1912)، لەمەوە ئەو هەلّدەهێنجین كە كوردەكانی دێرینی ولاّتی پینتۆس تا ناوەڕاستی سەدەی نۆیەم هەر لەسەر سروشت و ناسنامەی كوردانەی خۆیان ماونەتەوە، هەرچەندە وەریش گەڕابنە سەر مەسیحیەت، هەر بۆیەشە بیزەنتییەكان هەوادارانی نەرسەیان لەو شوێنە دامەزراندوە تا چواردەورەكەیان وەكو خۆیان خەلكی كوردستانی باشوورین. سەرباری ئەمەش، گەلێ بەلگەی ڕاستەقینەتریش لەسەر باری ئەتنی ئەو سەردەمەی پۆنتیەكان بە دەستەوەن، بەلاّم نەرسە خۆی، بەهەرحالّ، دەوترێ كە دوا دوایی وەرگەڕاوەتە سەر مەسیحیەت و ناوی شیۆفۆبۆسی بۆخۆی هەلّبژاردوە.

بزووتنەوەكەوی بابەك و بوونی چڕوپڕی كوردان لە ئازەربایجاندا، دەرەنجامی ڕەوكارییەكی یەكبین و نەپساوەی بە ئاپۆڕای كوردان بوو كە لەسەردەمانێكی زووترەوە دەستی پێكردبوو. لە دەورووبەری سەرەتای سەدەی چوارەمی پاش زایینەوە و لە ئەنجامی چەندین سەدەی جێگۆڕكێ كردنی كوردانی باشوور، (بڕوانە مێژووی كلاسیك) و دەست

کەوتنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئابووری باشتردا، کوردستانی باشوور و ڕۆژاوا لە ئەنەدۆڵ بۆ ماوەیەك چوە قۆناغی هەڵقوڵانێکی بڵقدەری دانیشتووانەوە. دارژانی خێڵە کوردەکان بەرەو باکووری ڕۆژاوا، ئاستی ئاپۆرای دانیشتووانی لەوێ یەکجار تەنگنا کردبوو، بەجۆرێك کەمترین سستی نواندن لە هێزی سوپایی بەرەزمدا لەلایەن ساسانیەکان و بیزەنتییەکانەوە (کە هەردوولا تەنگیان بە دانیشتووان چ لە ڕۆژهەڵات چ لە ڕۆژاوا دا هەڵچنیبوو) بەرەوێکی لافاو ئاسای خەڵکەکە دەشکایەوە.

ئەو وەرچەرخانەی لە وڵاتی فارسدا ڕوویدا، بوو بە ئاگردەری ڕاپەڕینە سیاسی و ئایینی و ئابوورییەکانی کۆتایی سەدەیی پێنجەم و بەرایی سەدەی شەشەم. ساڵەهای ساڵی دووروودرێژی شڵەژان لە تەرازویەندیی ژینگەدا هەڵسانی لافاو و گرانیی و برسیەتی و دارشانی کوللە ئاسای خێڵە ڕەوەندەکان لە ئاسیای ناوەند و قەفقاسەکانەوە، هێدی هێدی ساسانیەکانی لاواز و زەبوون کردبوو، لە کاتێکدا بیزەنتییەکان کە نەکەوتبوونە بەر گۆڕانی ژینگە و کەشوهەوا، گرفتارێکی دەردێکی تر بووبوون ئەویش شالاوی ئەو حەشاماتە خەڵکەبوو کە بە ئامۆزای کوردان دادەنران، وەکو سارماتی و ئالان و سورب و هەندێ خێڵی جێرمانی نەژاد کە گشت پێکەوە لە ژوورتر خۆیانەوە و لە دەشتاییەکانی ئەورووپاوە ڕشابوونە ناو خاکی بیزەنتەوە و چ لە باری ئابوورییەوە، چ لە باری سوپاییەوە ئیمپراتۆریەتەکەیان لاواز و هەرکاو کردبووەیە دارمانی ئیمپراتۆریەتی ساسانیان لەسەر دەستی عەرەبە ئیسلامەکان لە (٦٥١) (پا، ز)دا، ئیتر دەرگای خڕ داخراو لەبەردەم ڕەوی بە ئاپۆرای کوردان کەوتە سەرپشت و هەتا چاو بڕکا نە کۆسپیان لە بەردەمدا ما نە تەگەرە.

پاش هاتنی ئیسلام لە سەدەی حەوتەمدا، کۆچکردە بە هێزەکانی کۆنە کوردستانی داری دەسەڵاتیان لە چەندین پادشاییەتی و میرنشینی لە دەرەوەی خاکی کوردستاندا کەوتە دەست، ئەوی ڕاستبێ، ئەم ڕەوکردنە پاساری ئاسایە هەر لە سەدەی دەیەمەوە بۆ ماوەی چەندین سەدەی دوابەدوای یەك بوو بە دیاردەیەکی باوی ناو مێژووی ئیسلام هەر لە خۆراسانەوە بگرە تا دەگەیتە کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست، لە کاتێکدا سەرزەمینە ڕۆژهەڵاتیەکانی ئێران لە ئاسیای ناوەند و ئەفغانستان/ سیستان، لەلایەن میرنشینە سوغدی (سامانی) و ساکایی (تاهیری و صەفەری)یە فارس زمانەکانەوە دەگیرا، سەرزەمینەکانی

ڕۆژاوا، هەروەها كەوانەی بە پیت لەلایەن میرنشینە كوردە سەربەخۆ و ژووردوست نەناسەكانەوە خاوەنداری دەكرا، بۆیە بەبێ پەنگانەوە دەتوانین ماوەی نێوان سەدەی دەیەم تا دوانزەیەم لە مێژووی سیاسی و ژیانی ناوخۆیی خاكی ئیسلامدا بە سەدە كوردیەكانی مێژووی ئیسلام ناوبنێین چونكە كوردەكانی ناوجەرگەی خاكی ئیسلامیان هەم كارگوزاری دەكرد هەمیش لە مەترسی بێزەنتی و ڕووسەكان و دوایی لە هی خاچدارەكانیش دەپاراست.

هەرە گرنگترین میرنشینە كوردیەكان میرنشینی دەیلەمیەكان بوو كە لە سەرەتای سەدەكانی ناوەڕاستەوە هاتبوە سەرمەكۆی كار. ئەم دەیلەمییانە چەندین میرنشینی بەناو و دەبدەبەیان دامەزراندبوو، كە لە گشتیان بەناوبانگتر بنەماڵەی بوەیهیەكان بوو (٩٣٢–١٠٦٢ پا، ن) كە هەر بەو ناوە مێژوویەند كراون (هەرچەندە ئەم ناوە زۆر باش لەگەڵ ناوكیاندا ناگونجێ)، ئەم بوەیهیانە تولنییان سەر بە خەلیفەی عەباسی لە بەغدا تەوی كەن.

قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی بوەیهی كورنەژاد بە پادشایەتی پەنا خوسرەو (عضود الدولة ٩٤٩–٩٨٣)، هەر لە ئەنەدۆڵ و مێزۆپۆتامیاوە حكومەتڕانیی دەكرد تا دەگاتە كنارەكانی دەریای هیندی (نەخشەی ژمارە ١٨)، تەم و مژێكی زۆر بە دەوری ئەسڵ و شوێن و ماوای ئەم دەیلەمیانەدا پەنگاوەتەوە، هێرشە سیاسی و سوپاییەكانیان لە سەردەمی ئیسلامەكاندا لە چیاكانی ئەڵبورزی گیلانەوە كە شۆڕدەبنەوە سەر دەریای خەزەر، گوژمی دەهێنا. بەڵام ئەگەر بەرچەڵەكیاندا بەرەو سەردەمەكانی پێش ئیسلام شۆڕبینەوە، بە ڕوونی بۆمان دەردەكەوێ كە ئەوان لە دەورووبەری بەشی هەرە ژووروی ڕووباری دیجلە لە ئەنەدۆڵەوە، واتە لەو شوێنەوە كە مەڵبەندی نەوەكانی ئێستایان، كوردە دیمیلیەكان (زازاكان)ە سەریان هەڵداوە. بونداهیشنای كتێبی پیرۆزی زەردەشتیەكان جێ و ماوای دیلەمان (كە پاشان بوون بە دەیلەمان) لە سەرچاوەكانی دیجلەدا دادەنێ نەك لە هەرێمە چیاییەكانی كناری دەریای خەزەر، ئەرشیفەكانی كەنیشتی مەسیحیش كە هی سەردەمی مەسیحیەتیی ئەربێلا (ئەربیلی ئێستا)ن ئەم سەرزەمینە بە باكووری سەنجار (سەرچاوەكانی دیجلە) دەخوێننەوە و پێی دەڵێن (بێت دەیلومایە— واتە خاكی دیلەمان). جگە لەمە، ئەو گۆشە تەسكەی چیاكانی ڕۆژاوای ئەڵبورز (واتە پارچە زەوییەك كە بە پانایی بە ئەندازەی پانایی یۆنك ئایلاندی نیویۆرك دەبێ و نابێ) كە تا ئێستا هەر بە ماوای دەیلەمییەكان دادەنرێ، لە ڕووی توانای داكردن و

بڕێۆدابینکردنەوە یارای خۆراکدانی کۆمەڵە دانیشتووانێکی ئەوتۆ گەورەی نیە کە بۆ نموونە سەرزەمینێکی وەکو ئەوەی لەنێوان ڕووباری نیل و ئاسیای ناوەندندایە پڕ بکاتەوە، بەو جۆرەی کە دەیلەمییەکان لە ماوەیەکی کورتدا کردیان. گەلێ بوەیهی وەکو شەرە فولدەولەی شێرزیل یان شێرزیلی (٩٨٣-٩٩٠ پاش میلاد)،



نەخشەی ژمارە(18): فەرمانڕەوایی بوەیهییە دەیلەمییەکان 932 - 1062 پ. ز

## چەردەباسێك لە بارەی كوردانەوە

ناوێكی كوردیی ڕێكوپڕەوانیان هەیە، كە زیل، بەشی دووەمی ناوەكەیان پێكدێنێ كە وشەیەكی دیمیلییە و بە مانای (دڵ) دێ (لە هەورامانیدا زیلی، لە گۆرانیدا ضیل و لە كورمانجیدا زیرد) (بڕوانە زمان) و بەو جۆرە ناوەكەی مانای (شێردڵ) دەبەخشێ. ئەبولفیدای مێژوونووسی سەدە ناوەندیەكان) لە تەتەڵە و گێژەڵكردنی هەموو ئەو گریمانانەی كە لە بارەی ڕچەڵەك و ڕەگ و ریشەیانەوە دەدوێن، كوردەكان و دیلەمیەكان دەكاتە ڕۆڵەی یەك نەتەوە (بڕوانە التواریخ القادمة) ئەبولفیدا خۆی بە نەتەوە كوردبوو و بۆ بڕیاردان لەسەر مەسەلەیەك كە كرۆكەكەی كوردبێت، لێهاتوو و شارەزابوو.

وەكو دەردەكەوێ زۆریەی دەیلەمیەكان، ئەگەر گشتیان نەبێ، پەیڕەوی تیرەی كورد بەچەی فریشتەكان بوون، بە تام و بۆنێكی داب و نەریتی شیعەگەرییەوە (بڕوانە ئایین) ئەمە لەوانەیە هۆی سەرسوورمانی هەندێ لە شارەزا و پسپۆڕانی نوێ بێ كە كاتێك پادشا بوەیهیە دەیلەمیەكان خیلافەتی سوننی مەزەبیی عەباسیان لە بەغدایخدا بۆچی نەیانگۆڕی بە خیلافەتێكی شیعە مەزەب. هەروەها لەوانەیە وەڵامی ئەو پرسیارەش بداتەوە كە بۆچی هەندە ستایش و سەناخوانی نووسەر و سیاسەتمەداری توند مەزەبی سوننی سەدەناوەندییەكانی وەكو ساحیبی ئیبنی عەباد و نیزاموولمولكیان پێ بەخشرا كە نەیاریی شیعەكانیان دەكرد؟ چونكە دەیلەمیەكان خۆیان بە ئایین موسوڵمان نەبوون، نەیانتوانی زیاتر باری پێ داگرتن لەسەر زۆرینەی سونیەكان گران كەن، بە هێنانی خەلیفەیەك كە لە كەمینەیەكی مەزەبیی تر واتا شیعە بێت. باشیش زانراوە كەوا هەر لەم سەردەمەدا، هەندێ حوكمفەرمای دیلەمی وەكو مەرداویجی پادشایی زیاری و ماكانی پادشایی كاكەوەیهی، تەنانەت لە كەنوكۆی ئەوەدابوون ئیسلام خۆشی لەڕە گەوە ریشەكێش كەن (و لە پێناوی ئەم ئاواتەدا سەریشیان دانا).

ئایینی دەیلەمیەكان هەر بەجیایی مایەوە لەهی دراوسێ پێدەشتیەكانیان، واتە گیلانی و تالشیەكان، كە لەسەردەمانێكی دێرەوە سوننی مەزەب بوون (مینۆرسكی ١٩٥٣-١١٢) ڕاستییەكەی، لە كاتێك دا گیلانیەكان دویماكار وەرگەڕانە سەر مەزەبی زەیدی (پەنجگانە) كە لقێكە لە ئیسلامی شیعە، تا لشیەكان بە سوننیەتیی شافیعی مانەوە و تا ئەمڕۆش هەروان هەر لە سەدەی پانزەیەمەوە، حەمدوللای مستەوفی، جوگرافیاناس و مێژوونووس و كارگێڕی

ئیسلام کە شاری قەزوینی نیشتەگای تەنها چەند دەمیلێکی کەم لە سنووری دەیلەمییەکانەوە دوور بوو، ئەوان بە موشریك و نا موسولْمان دادەنێ. حوکمڕەمای زەیدی مەزەبی گیلان شازادەکیا، ئەم نامسولْمانیەیاتی کردە بەهانەو لە سەدەی چواردەیەمدا قەتلوعامێکردنی مەزەبیيانەوی لە دەیلەمییەکانی ئەلبورز خستەکار.

ئەمڕۆ، دانیشتووانی ئەم بەشەی ئەلبورز هێشتا هەر بە کوردی ماونەتەوە و زۆربەیان پەیرەوی ئایینی یارسانی و عەلەوی دەکەن کە هیچیان مسولْمان نین، هەرچەندە هەندێ تام و خوێی شیعەی دوانزە ئیمامی ئیسماعیلیەتی پێوە کراوە ئەم کوردانە، تازە هاتەن، واتە تەنها لە سەدەی شانزەیەمدا گەیشتوونەتە ئەو مەرزوبوومە بەڵام، هەر چۆنێك بێ پالپشتن بۆ ئەو بۆچوونەی کە ئەم وڵاتە لە دێر زەمانەوە جێی نیشتنەوەی ئەو کۆچکەرانەیە کە لەناوەڕاست و باکووری زاگرۆسەوە ڕەویان کردووە. ئەوەی زۆر سرنجکێشە ئەوەیە، لەناو کوردەتازە هاتانەدا کە لە چیاکانی ئەلبورز نیشتوونەتەوە، هەندێك هەن کە تا ئێستا بە زاراوەی دیمیلی کە نزیکترین زاراوەی نزیکی دەیلەمییە، گفتوگۆ دەکەن. دەیلەمستانی ناوچیاکانی ئەلبۆرز، لەسەرێکی ترەوە، ئەو مەڵبەندەیە کە گرنگترین قەلایچەی ئیسماعیلیەکان، واتە قەلای ئەلەمووتی لێیە کە ماوای ئەفسانەیی "پیرەمێردی چیانشین"ە (ئەلەمووت لە زمانی دیمیلییدا بە واتای، لانەی شاباز دێت).

با بێینەوە سەر هەندێ خانەوادەی حوکمڕانی تری کوردانی دەیلەم کە ئەوانیش کەسایەتی بە دیمەن و دەوڵەتیاری کارامەو چاکیان لێ هەلکەوتوە و لە مێژوودا ڕۆڵی کاریگەریان بینیوە. لەمانە باوەندیەکانی خوارووی دەریای خەزەر (٦٦٥ – ١٣٤٩ پا. ن)، زیاریەکانی تەبرستان و گورگان (٩٢٧–١٠٩٠پا. ن) گەرگەرییەکاتی ئازەربایجان و باکووری ئێران (٩١٦–١٠٩٠) کە بەموسافیری یان سالارییش ناسراون و جەستانی یەکانی گیلان و ڕویان و تالیشان (سەدەکانی ٦–١٢) شوانکارە (شەبانکارە)ەکانی فارس و موکریان و کاکەوەیهیەکانی ناوەند و باشووری ئێران (١٠٠٨–١١١٩پا.ن).

دوای بوەیهییەکان، ئەیوبییەکان لە گرنگییدا دێن، ئەمان ناودارترین میرنشینە کوردەکانی سەدەکانی ناوەڕاستن، بەڕەسەن دەچنەوە سەر خێڵ و میرزادەی هەجنانی (هەضبانی) کە حەوت سەدە لەوەپێش حوکمڕانی میرنشینی ناوداری ئەدیابین (کوردستانی ناوەند) بوون،

كاتێك كە لە فیدراسیۆنی پارثییدا ئەندام بوون (٢٢٧ی پ ز-٢٢٤ی پاش ز) بڕوانە مێژووی كلاسیك. سوڵتان سەلاحەدینی بنیاتنەری ئیمپراتۆریەتەكە (١١٦٩-١١٩٣) لە كوردستانەوە بۆ وەرگرتنەوەی (سەرزەمینە پیرۆزەكان) لە چنگی خاچدارەكان ڕاپەڕی و دوای ئەوەی ڕیچارد لیۆنهارتی پادشایی ئینگلتەرەی بەزاند، دەستی كرد بە فراوانكردنی سەرزەمینەكەی و میسر و عێراق و سوریا و سەرزەمینە پیرۆزەكان و عەرەبستان و یەمەنیشی خستە سەر كوردستان. ئەیوبییەكان هەر لە ساڵی (١١٦٩)وە تا كۆتایی سەدەی پانزەیەم بێ ژوور دەست حوكمڕانیی ئەم سەرزەمینانەیان كرد. (بڕوانە نەخشەی ژمارە ١٩).

ئەم میرنشینە كوردیانەی سەدەكانی ناوەند، دڵفراوانی و لێبوردەیییەكی ئاینی لە ڕادەبەدەر فراوانیان دەنواند، بەو ڕەفتارە نموونەییەیان كە لەگەڵ جوو و مەسیحیەكانی ناوخۆیاندا پەیڕەویان دەكرد.

هەروەها ڕەفتاری یەكسانانەی شەددادیەكان لەگەڵ گورجی و ئەرمەنیە مەسیحیەكانی ناوخۆیاندا، لەناو هەموو سەرچاوەكانی ئەم سەردەمەی مەسیحیەكاندا دەستی بۆ دراوە بە سنگدا.

شێوەی ڕەفتاری ئەیوبیەكان لەگەڵ خاچدارەكاندا، بۆ سوڵتان سەلاحەدین نازناوی "شازادەی سوارچاكان"ی پچڕی. وەكو داننانێك بەم ڕاستیەدا، (٧١١) ساڵ دوای داگیركردنی ئۆرشەلیم لەسەر دەستی ئەو، كاتێك ویلهلمی دووەمی قەیسەری ئەڵمان ساڵی ١٨٩٨ سەردانی سووریای كرد، فەرمانیدا گۆڕە داڕوخاوەكەی سەلاحەدین تامیر بكرێتەوە و چرایەكی زیوین بەسەر گۆڕەكەیەوە لەناو مەزارگەكەدا هەڵواسرا كە مۆری خودی قەیسەر و سوڵتانی عوسمانی لێدرابوو و لەسەری نووسرابوو كەوا "ئەمە ڕێزلێنانە بۆ ئەوەی كە سەلاحەدین نموونەی هەرگیز بێ وێنەی دوژمنێكی جوامێر بوە"، (بڕوانە Newby 1948، 13).

شان بەشانی دەیلەمی و ئەیوبیە مەزنەكان، كوردی تریش لە شوێنی تری ناوەوە و دەرەوەی كوردستان توانیویانە میرنشینیی یەكجار گرنگ و پڕ هەیبەت دامەزرێنن، هەرە بە دیمەنترینی ئەمانە شەددادیەكانی ئەرمەنستان و شەروان و ئاران بوون (لە قەفقاسیا) (٩٥١-١١٧٤)، ماملانیەكانی (یان ڕەووادیەكانی) ئازربایجان و باشووری ئەفقاسیا (٩٢٠-١٠٧١) و حەسەنە و حەسەنەوەیهییەكان (كە لە هەندێ جێ بە حەسەنەوی و بەردخانی ناسراون)، كوردستانی ناوەند و باشوور (٩٥٩-١٠١٥) (نەخشەی ژمارە ٢٠).



نەخشەی ژمارە (19): ئیمپراتۆری کوردی ئەییوبی 1169 - سەدەی پازدەیەم




نەخشەی ژمارە (20): قەڵەمڕەوی فەرمانڕەواییە كوردییەكانی چاخەكانی ناوەند (بوەیهییەكانیان لێ دەرچێ).

Ziyârid زیارییەكان: بە بنەچە دەچنەوە سەر دەیلەمییەكان

Shaddâdids شەدادییەكان: بە بنەچە دەچنەوە سەر تیرەی دیكەی كورد

ئەو سەرزەمینانەی فەرمانڕەواییە كە دەیگرتنەوە

ئەو سەرزەمینانەی ئەمڕۆكە زۆربەی دانیشتووانیان كوردن

ئەوانەی لێ دەرچن چەندین بنەماڵەی میرزادەی تری کورد هەن، کە هەر یەکەیان شایستەی باس و لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتین، بچووکی سەرزەمینەکانی بەر قەڵەمڕەویان هەرگیز لە گرنگی ڕۆڵی مێژووییان کەم ناکاتەوە. کوردێکی باضیان باز کە یەکێك بوو لە ڕۆڵەکانی هۆزی مێژوویی باض (کە لەوانەیە بابەکیش لەوان بووبێ) لە ساڵی ۹۸۳ دا میرنشینێکی دامەزراند کە هەموو شاری ئەخلات (خەلات)ی سەر ڕۆخی ژووروی دەریاچەی وان و دەوروبەری دەگیرا، ئەم میرنشینە دوا دوایی تەنیەوە و بە میرنشینی مەروانی ناوی دایەوە و دەستی دەسەڵاتی بەسەر هەموو سەرزەمینی نێوان ڕووباری فورات و دەریاچەی ئورمیەدا دەڕۆیشت (۹۸۳–۱۰۸۵)، مەروانیەکان لە پاشان ناو گۆڕیان بۆ ڕۆژەکی کە پایتەختیان لە بتلیس بوو و دواتریش بۆ بەدرخانی کرد.

ئەم میرنشینەی ڕۆژەکی– بەدرخانییە تا ساڵی ۱۸٤٦ هەر بە پاوە بوو (بڕوانە مێژووی هاوچەرخ). کۆتەرەی بنەماڵەی باز، بەهەرحاڵ، بە میرایەتی شارە دەوڵەتی ئەخلات مایەوە و تا ساڵی ۱۸٤۷ کاتێك کە عوسمانیەکان دەسەڵاتی ڕاستە و خۆیان داسەپاند و دوا میری بنەماڵەکەیان ۸٦٤ ساڵ پاش دامەزراندنی لە میرایەتی و براگەورەیی خست هەر بە میرایەتی ڕاندیان. ئەم دەسەڵاتداریە بچووکە. بێ لاف و دەبدەبەیە بە تۆکمەیی و درێژی تەمەن گەلێ لە میرنشینیە بێ سەرەوبەرە ناوخۆییە عەباسی و عوسمانلیە دەسکردەکان پایەدارتر و بەردەوامتر بووە. ئەم هۆزە کە ڕۆڵەیەکی وەکو باضی تێدا هەڵکەوت، تا ئەمڕۆ هەر ماوە و ئێستا بە (بان) یان (بازیانی) دەناسرێن و نیشتەجێی هەرێمەکانی باکوور و ڕۆژاوای کوردستانن (بڕوانە خشتەی ژمارە ۳)[10].

واژەی کوردستان بۆ یەکەم جار لە دەورووبەری سەدەی دوانزەیەمدا، کەوتە ناو ناوانەوە. ئەوسا تەنها بۆ ناساندنی باشووری کوردستان واتە کرماشان و دینەوەر و هەمەدان بەکار دەهات. ئەگەرچی ئەم مەسەلەیە لەلایەن هەندێ نووسەرەوە کە لەسەر کوردیان نووسیوە زۆر گەورە کراوەتەوە، بەلام لەڕاستیدا ئەمە خۆی بایەخێکی مێژوویی بۆ کوردان پێوەنیە، واژەی (ستان) یان (ئیستان)ی ئێرانی کە بە مانای "سەرزەمین" یان "وڵات" دێت، ئەو کاتە بێ جیاوازی بەکاردەهێنرا و کە بخرایە سەر ناوی بڕەخەڵکێکی یەك ئەتنی، زۆر نەزانانە دەبوە

---

10 لە ناوچەی (بازیان)ی سەر بە پارێزگای سلێمانییش لە کوردستانی باشوور هەن – وەرگێڕ.

مایەی سەرگەورەكردنی یەكە یەكەی بەڕێوەبەرایەتی و خەڵكەكەشی، لەبەر ئەوە واژەی كوردستان هاتە بەكارهێنان بۆ ئەوەی ببێ بەهاوكووفی چەندین سەرزەمینی ئەتنی تر لە باشووری ڕۆژاوای ئاسیادا (وەكو ئەرمەنستان، توركستان، عەرەبستان، ساكیستان (سیستان)، بلوچستان هتد...). كە سەلجووقیەكان لە دوادوای حوكمڕانیاندا بە وردی بۆ دابەشكاریی ئیداری خۆیان بەكاریان هێنابوو.

لە سەرەتایی سەدەی (١٢)دا، "ماوەی كوردیی" لە مێژووی ئیسلامدا بەسەرچوو و لە جێی ئەو "ماوەی توركی" بوو بە باو كە چوار سەدەی ڕەبەقی خایاند. كوردستان بەڵكو هەموو كەرتە ئاسیاییەكەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست– كەوتە ناو گەرداوێكی چوار سەدەییەوە كە تێیدا ناوچەكە چوە ژێر پای گەلەخێڵێكی تاراوی توركەوە كە چەندین فەرهەنگ و كۆمەڵی ئەتنی یان پامالّ كرد. كوردستان بوو بە ڕێبوارەڕێی هەزارەها بە هەزارەهای توركی پەرگەندەی خێڵەكی كە وڵاتەكەیان كرد بە پرد بۆ گەیشتن بە سەرزەمینی ئیمپراتۆرەیەتی بیزەنتی و دویماكار خاپووركردنی و ئینجا توركاندنی خاكەكەی.

هەرچەندە میرنشینە كوردە گەورەكان لەم پرۆسەیەدا لەبەین چوون، بەلاّم هەندێ وردە میرنشین هەر مانەوە و لەسەر بەڕێوەبردنی كاروباری سیاسی خۆیان، هەر ڕۆیشتن. ئەوان توانیان بە سووكە سەرنەوی كردنێك بۆ بنەماڵە هەرە دەسڕۆكانی تورك و مەغۆل وەكو سەلجووقیەكان، خوارەزمشاهیەكان، ئیلخانیەكان و تەیموورییەكان، لەسەر ئەو دارەڕایە بڕۆن كە لە دێرزەمانەوە دایان بەستبوو. لە بەرامبەر ئەو ئۆتۆنۆمییە ناوخۆییەی كە هەیان بوو باجێكی ساڵانە، یان لە كاتی پێویستدا هەندێ شەڕكەریان دەدا بە دەوڵەتی سەروەخت و هیچی تر. لە هەمان كاتیشدا، گەلێكیان بچووكترین دەرفەتی لاوازی و زەبوونیی توركە داگیركەرەكانیان لە دەست نەدەدا، بێ ئەوەی پشتیان لێ بكەن و بە هیچ جۆرێك كاغەزیان نەخوێننەوە و بە كورتی وەكو دەوڵەتی سەربەخۆ كاروبار ڕاپەڕێنن. لەناو ئەمانەدا چەند ناوێك لە هەمووان درەوشاوەترن، وەكو ئەحمەدیەلەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان و ئازربایجان (كە تا دەوروبەری ١٢٠١ وەكو لقێك لە ڕەوادیەكان مانەوە)، زەنگەنە یان زەنگییەكانی مووسڵ (١١٢٧–١٢٥٠) گوكبۆرییەكانی هەولێر و كەركووك (١١٤٤–١٢٣٢)، بەكرییەكانی دیاربەكر و ئورفە (١١٠١–١٢١٢) و ئەردەلانیەكان كە حوكمڕانییان ماوەیەكی دوور و درێژی

کێشا (١١٦٨-١٨٦٧).

تەنانەت داگیرکردن و چنگوچڕنوکی توند گیرکردنی مەغۆلەکانیش لەسەرزەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەیتوانی حوکمڕانیی خۆ بەخۆیی لە کوردستاندا تەفروتوونا کات. جلیتان کرنەکانی مەغوولەکان بە کوردستاندا لە جرت و فرتی کورت مەودا و پەرێزپیس بەولاوە چی ترنەبوون. ئەوان دوای خۆیان هیچ جێ پێیەکی ئەوتۆ قوولیان نەدەهێشتەوە کە مانای کارتێکردن بدا. ڕاستیی حاڵ ئەوەبوو کوردستان ئەوەندە لە ئامانجەکانی مەغۆلەکان دوور بوو کە جەلالەدینی مانکوبەرتی سوڵتانی خوارەزمشاهییەکان لە تەنگانەدا کوردستانی کرد بە پەناگە بۆ خۆی، بەڵام میر موزەفەرەددین لە شەڕدا شکا و بە دیلی گیرا، لێرەدا مەغۆلەکان کەوتنە مەرایی کردن بۆ کوردەکان و بۆ ئەم مەبەستە جەلالەدین میر و داروودەستەکەی گەڕاندەوە هەولێر و بۆ سارێژکردنەوەی ئەو خرابکاریانەی بەرامبەر خەڵکی وڵاتەکەی کردبووی، زیانەکانی قەرەبوو کردەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، جەلالەدین پیلانی گەورەتری دژ بە کوردستان لە مێشکدا بوو، ئەوە بوو ئەوەندەی پێ نەچوو ملی نا بە ئەخلاتی کۆنە پایتەختی حوکمڕانیە مێژووییەکەی باضەکان کە لەو کاتەدا سەر بە ئەیوبیەکان بوو، پاش دەورگرتنی وێرانی کرد، سەرێکیش بەتانی بتلیسیشدا چوو تا لە دەست میرە ڕۆژەکییەکان دەریکا، بەڵام کە نەهات بە دەستیەوە، بە دەم هەڕەشەی گەڕانەوە و لەگەڵ خاك یەکسان کردنیدا، جڵەوی بادایەوە و بەجێی هێشت. ئەم دوا کەڵەپیاو و ڕۆڵەی بنەماڵە میری بە دەبدەبە و ناو لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە لە ڕووی مەغۆلەکاندا وەستابوو ساڵێك دوای ئەوە، واتە لە (١٢٣١)دا لەبەر زۆرداری و بێ بەزەیی لەرادە بەدەری، لەسەر دەستی کوردەکان کوژرا.

هەرچەندە ئەستێرەی بەختی سیاسی کورد لە دواودوای سەدەکانی ناوەڕاستدا کەوتە ژێر پەڵە هەوری دەسەڵاتی میروسوڵتان نشینە تورکەکانەوە، بەڵام ئایینی نەتەوەیی کوردەکان بەشێوەیەکی بەر چاوی تەرز و توولی هەڵدا و بڵاوتربووەوە. ئەوە بوو تیرەی فریشتەکان کە بابەشێکی ئایینی خۆماڵی کورد بوو، لقی عەولەوی مەزهەبی ئیسلامی شیعەی بە خۆو بە هەوادارانەوە تا ڕادەیەك قووت دا (لە ڕاستیدا، ئەگەر سەفەوییەکان لە سەدەی حەڤدەدا ئەو هەڵمەتە بەهێزە ئیدیۆلۆجی و پاکیزەگەری خوازییەکان نەکردبایە کە کردیان، ئەوا مەزهەبی

شیعە هەر خۆشی لەگەڵ بای ڕۆژگاردا تۆزی دەچوو بە ئاسماندا تیرەی فریشتەکان توانایەکی خۆیی بی هاوتای هەبوو لە بکێشکردن و لەخۆگرتنی ئایینەکانی تردا، ڕەگ و ڕیشەی ئەم توانایەشی لە بیرۆکەی "دوناو دۆنکردنی گیانەکان" و هەڵنیشتنیان لە گیانی تردا بوو (بڕوانە تیرەی فریشتەکان). بەم نەزمەوە ئەوان محەممەدی پەیامبەر و فاتیمەی کچی کە تاقە فریشتەی زیندووی پاش خۆی بوو، هەروەها عەلی زاوای و ئیمامی یەکەمی شیعەکان لەگەڵ چەند ناودار و چاکی هەردوو ئایینی مەسیحی و جوولەکەیان بە بەرجەستەکەری "گیانی گەردوونی"ی ئایینەکە دادەنا. هیچ جۆرە گرفتێکی ئەوتۆ گرنگ نەدەهاتە پێش هەواداران بەتایبەتی بۆ عەولەویەکان و تا ڕادەیەکی کەمتر بۆ یارسانیەکانیش کە هەوڵدەن سەرەتا شیعەکان لەو گومڕاییانەیان پاك کەنەوە کە بە پێچەوانەی فەرمانی قورئانەوە کردوویانە و پاش سفتوسۆدانیان، خۆیان و ئایینەکەشیان هەڵلووشن.

ئەم هەڵمەتە لە مەودای شلبوونی بەرە بەرەی چنگی بنەماڵە حوکمڕانەکانی ئیلخانیە مەغۆلەکانی فارس لەسەر سەرزەمینەکانی ژێر دەستیاندا دەستی پێکردبوو (١٢٥٦– ١٥٣٥) ئەم سەرزەمینانە بریتیبوون لە کوردستان و مێزوپۆتامیاو وڵاتی فارس و هەندێ هەرێمی دەوروبەر. تاخمێك (ساختە–شیعە)ی عەلەوی، لە مینبەری مزگەوتەکانیانەوە کەوتنە سووکی کردنێکی ڕۆژانەی تۆڵەسێنانە بە یارانی پڕ ڕێزی پەیامبەر محەممەد. مەبەستی ئەوانە ئەتککردن بە شیعە مسوڵمانە دێرینەکان بوو تا بەزۆری زۆردارەکی وا داری هاتنە ناو ئایینەکەی خۆیانیان بکەن (هەروەها تەنانەت سوننییەکانیش) و ئایینەکەیان بەزۆر بە ئیسلامی ڕاستەقینە بیقەبڵێنن. سەیر ئەوەیە لەو کارەیاندا هەندێ سەریش کەوتن.

عەولەیەکان، شەیدایی تورکمانەکانی ئەنەدۆڵیان بە بەرەکەتێکی خودادا و زانی. ئەوەبوو لەژێر ئاڵای سوڵتان جیهانشاهدا (١٤٣٨–١٤٦٧) کە کوڕی بنەماڵەیەکی میرنشینی قەرەقۆیونلوی تورکمان بوو، قەڵەمڕەوی سیاسیی خۆیان تا دەرگاکانی هیرات (لە ئەفغانستانی ئێستادا) کە پایتەختی گەورەترین هێزی سوننی مەزەبی ئەو سەردەمە، واتە تەیموورییەکان بوو، کشاند. سوننییەکان کە ڕەفتاری ئەم "بە ڕواڵەت شیعانە" زەندەقیی بردبوون و دوور لە ئیسلامەتی ئایینەکە هەراسانی کردبوون، کەوتنە دەمانەدنی ئاگری هێرشی بەرامبەر. زانایانی سوننی مەزەبی ئەنەدۆڵ، مێزوپۆتامیا، فارس و ئاسیای ناوەندیش

دەستیان کردە هێرش بردنە سەر شیعە عەولەویەکان و ناویانیان نا "رافزی" نەك شیعە.
ساڵی ١٤٦٨، لەسەرینی دژایەتیکردنی ئەم "ناپاکانەوە" دەوڵەتی قەرەقۆیونلو لەسەر دەستی بنەماڵەیەکی حوکمڕانی تری تورکمان، واتە ئاق قۆیونلو، هەرەسی هێنا و کەلاوەی بوو بە مەڵبەندی کوندەبوو. ئەم هەڵگەڕانەوەیە زۆری نەبرد، چونکە پڕۆپاگەندەی عەولەویەکان هێندەی پێ نەچوو پشتگیری تورکمان و کوردە سوننییەکانیانی لە ئاق قۆیونلو بڕی، بەوەی هەردوو لایان هاتنە سەر مەزهەبی عەلەوی و ڕوویان لەمان و پشتیان لە ئاق قۆیونلو کرد.

بەم جۆرە دیاریەکری پایتەختی ئاق قۆیونلوان لە کوردستانی ڕۆژاوا ساڵی ١٥٠٨ لەلایەن پادشاییەکی تازە هەڵکەوتووی عەلەوی، واتە ئیسماعیلی یەکەمەوە کە ئیمپراتۆریەتی سەفەوی لە فارس دامەزراندبوو (١٥٠١ — ١٥٢٤) داگیرکرا. ئیسماعیل کە خۆی بە بەرجەستەکەرێکی نوێی خوداوەندی و "خوداوەندی سەروەخت" دانا— تا ئێستاش هەموو عەلەوییەکانی ئەنەدۆڵ بەم سیفەتەیەوە باوەڕیان پێیەتی و دەیپەرستن — لەشکرێکی گرانی لەم سەربازە شەیدایانە (کە بە قزڵباش ناویان دابوەوە) پێکهێنا. (قزڵباش وشەیەکی تورکییە و بە مانای "سەرسوور" دێ لەبەر ئەوەی لەو کڵاومێزەرە سوورەیان لەسەر دەکرد، کە ئێستاش کوردە عەلەوییەکانی ئەنەدۆڵ هەر لەسەری دەکەن).

نۆ قزڵباشەکانی کوردو تورکمان لە کوردستان و ئەنەدۆڵەوە وەکو کوللە کەوتنە دوای ئیسماعیل. کوردستان لەوکاتەدا باش دەیتوانی سەربازێکی زۆریدا چونکە ژمارەی دانیشتووانی بەڕادەیەکی چاوەڕوان نەکراو لە زیادکردندا بوو و لە ساڵی (١٤٢٥) دا خۆی دەدا لە (١،٣ ) ملیۆن (بڕوانە دیمۆگرافیا) بەمەش لە هەموو کاتێك پڕ دانیشتووانتربوو. هەر لە چەند ساڵێکدا ئەم قزڵباشە سەرگەرم و هەڵپاچ و داپاچانە وڵاتەکەی ئیسماعیلیان وا بەرین کردەوە کە سەرێکی لە ئەنەدۆڵ و دەریای ڕەش و سەرەکەی تری لە ئاسیای ناوەند و دەریای هیندی بوو. دیار بوو، هێز نەبوو لە مەیداندا بتوانێ بەر لەم لەشکرەی ئیسماعیل و شمشێری تیژی و بڵاوبوونەوەی عەلەویەت بگرێ کە لەسەر حیسابی ئیسلامی تەقلیدی دەیکرد، تا لە ئاسۆکانی ڕۆژئاوە لوولەی تۆپی عوسمانلیە سوننییە سەختگیرەکان دەرنەکەوت.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: For the dynastic lists of medieval Kurdish royal houses and a very succinct account of their histories, C.E. Bosworth, *The Islamic Dynasties* (Edinburgh: Edinburgh University Press, 1967) is the best source. More detail of the same nature can be found in Stanley Lane Poole's *The Mohammadan Dynasties: Chronological and Genealogical Tables with Historical Introductions* (London 1893), Eduard von Zambaur, *Manuel de généalogie et de chronologie pour l'histoire de l'Islam* (Hanover, 1927), and Eduard Sachau, "Ein Verzeichnis Muhammedanische Dynastien," *Abhandlungen der Preussischen Akademie der Wissenschaften* I (Berlin, 1923). V. Minorsky, *A History of Sharvân and Darband in the 10th and 11th Centuries* (Cambridge, UK: Heffer, 1958); V. Minorsky, *Studies in Caucasian History: New Light on the Shaddâdids of Ganja, The Shaddâdids of Ani, Prehistory of Saladin* (London: Taylor & Francis, 1953); V. Minorsky, *Persia in A.D. 1478-1490: An Abridged Translation of Fadlullâh b. Ruzbihân Khunji's Târikh-i Âlam-Ârây-yi Amini* (London: Luzac, 1957); C.E. Bosworth, *The Medieval History of Iran, Afghanistan and Central Asia* (London: Variorum, 1977), including material on the Daylamites and the Baluchis; Aram Ter-Ghewondian, *The Arab Emirates in Bagratid Armenia*, translated by N. Garsoïan (Lisbon: Livraria Bertrand, 1976); P.H. Newby, *Saladin and His Time* (Boston: Faber and Faber, 1983); W. Madelung, "The Minor Dynasties of Northern Iran," in *The Cambridge History of Iran*, Vol. 4, ed. R. Frye, (New York: Cambridge University Press, 1975); C.E. Bosworth, "Dailamis in Central Iran: The Kâkuyids of Jibâl and Yazd," *Iran* VIII (1970); C.E. Bosworth, "Military Organisation under the Buyids of Persia and Iraq," *Oriens* XVIII-XIX (1965-6); C.E. Bosworth, "The Kufichis or Qufs in Persian History," *Iran* XIV (London, 1976); M. Rekaya, "Mise au point sur Thèophobe et l'alliance de Bâbek avec Thèophile (839/840)," *Byzantion* 44 (1974); J.B. Bury, *A History of the Eastern Roman Empire from the Fall of Irene to the Accession of Basil I: AD 802-867* (Brussels, 1935); H. Grègoire, "Manuel et Thèophobe et l'ambassade de Jean le Grammairien chez les Arabes," in A. Vasiliev, *Byzance et les Arabes*, vol. I (Brussels, 1935); J. Rosser, "Theophilus' Khurramite Policy and Its Finale: The Revolt of Theophobus' Persian Troops in 838," *Byzantia* 6 (1974); W.A. Wright, "Bâbak of Badhdh and al-Afshin during the Years 816-41 AD: Symbols of Iranian Persistence against Islamic Penetration in North Iran," *Muslim World* 38 (1948).

# سەرەتای مێژووی هاوچەرخ ١٤٩٧- ١٩١٨

ئەم ماوەیەی مێژووی کورد، ماوەیەکی لاربوونەوە و داهێزرانی لەسەر خۆی هەمەلایەنەیە لە ژیانی نەتەوەیی و نیشتیمانی کورددا تەنها یەك لایەنی لێدەرچێ ئەویش لایەنی وێژەو ئەدەبیاتە کە ئەتوانین بڵێین تا ڕادەیەك ئەو باری لاربوونەوەیە بەدەرە. لە پاڵ ئەمەدا، لە ماوەی ئەو (٢٥٠) ساڵەدا کە دەکەوێتە نێوان (١٥٠٠- ١٧٥٠)وە بەشێکی گرنگی گەلەکە کەوتە بەر شالاوی گواستنەوەی بە زۆر بۆ خاك و سەرزەمینی دوورە دەست (بڕوانە گواستنەوە و جێگیرکردنە زۆرەملێکان) بەم جۆرە، کۆمەڵگای چالاکی، کارامەی بە ئاستی جیهان گەیشتووی کورد لە سەرەتای ئەو ماوەیەدا، گۆڕا بە کۆمەڵگایەکی هەرە دواکەوتوو وێرانکراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کۆتاییدا. دوو هۆی سەرەتایی بوون بە مایەی ئەم نالەباریە: ١) داشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسەر دوو ئیمپراتۆریەتی دوژمن بەیەکی فارس و عوسمانییدا، کە شەڕگەی سەرەکییان ناو جەرگەی کوردستان بوو و لەوەش گرنگتر: ٢) ئافەرۆزبوونی تەواوی کوردستان لە ڕووی ئابووریەوە بە گۆڕینی شەقامەڕێ جیهانیەکانی تیجارەت، کارێك کە نەك کوردستان، بەڵکو ڕوخساری جیهانیش گۆڕی.

گەیشتن بە زمانەزەوی ئاواتی چاك (Cape of good hope) ساڵی ١٤٩٧ لەلایەن ڤاسکۆدی گاماوە ڕۆژە ڕەشێکی گەورەی بۆ ژیانی نیشتمانیی کورد لێکەوتەوە، جیا لە هەموو پێکهاتە ئەتنییەکانی تری ناوچەکە. ئەم مێژووە، نیشاندەری سەرەتای گۆڕانی خێرای تیجارەتی جیهانیە لە ڕێگاوبانی سەرزەمینەوە بوو هی دەریایی، واتە ڕێگا مێژووییە دێرینەکانی وەکو ڕێگای کەژ لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا ئیتر باویان نەما و ڕێبواریان بڕا.

هەموو ئەو کاروانە بار پڕ لە تەکنۆلۆجیا و کالایانە کە لەنێوان ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتدا ئەو ڕێیەیان دەکوتا، لە ناکاوێکدا لە تێپەڕبوون بەخاکی کوردستاندا کەوتن و بەوە بازاڕەکانی کوردستانیان بە تەواوی سڕکرد و لە کاریان خستن. کوردستان خێرا بوو بە سەرزەمینێکی چیایی دووردەستی ئەفەرۆزکراو. ئەو سوود و سەودا بازرگانییەی کە سەردەمێك لە سایەی تیجارەتی ڕێگاوبانەوە دەڕژایە ناو باخەڵی هەرێمەکەوە، و هەر کەسەی بەم دیوو ئەودیوی

ڕێگاكانەوە بوو لێی سوودمەند دەبوو، ئێستا وا یەكسەر هەڵدەڕژێتە گیرفانی ئەو وڵاتانەی ئاسیا و ئەورووپاوە كە كاڵا و كەرەستەكانیان بۆ دەچێ و خەڵكی تر لە بەرامبەردا سیسكەی چاویان دێ. لە كاتێكدا ئەورووپا لە دەوڵەمەندییدا دراو زەلایەوە، كوردستان و هەموو ئەو وڵاتانەی تر كە دەكەوتنە سەر ڕێگا كۆنەكە كەوتنە سەر ساجی عەلی و هەژاری و دەسكورتی سواری كۆڵیان بوو.

نەك تەنها هەر داهاتەكانی ترانزێت لە دەستچوون، هەموو ئەو ژێرخانەش كە دارەڕاو پاشكۆی ئەو تیجارەتە بەهێز و بازرگانیە گەرمەبوون: ڕێگاوبانەكان، ئەو بیرۆكراتە كارامانەی كە سامانەكەیان هەڵدەسووڕاند و پێویستی بوونی دەوڵەتی نیشتمانیی سەقامگیر و جێ پێ قایم كە چاوەدێریی بەردەوامی لووس و ئاسانی كاری تیجارەت بن هەموو لێك هەڵوەشان و داریان بەسەر پەردووپانەوە نەما.

ئەم گۆڕانە، هەڵقولانی تەكنۆلۆجیا و زانست و بیری بۆ ناو وڵاتەكە پەكخست، هەروەها بڵاوبوونەوەی هەواڵی داهێنانی نوێی لە هەموو كون و قوژبنی دوور و نزیكی جیهانەوە و هێنانی نموونەی دوا جۆری بەرهەمی چ بۆ بەكارهێنانی ناوخۆ چ بۆ لەسەر گرتنەوە، وەستاند.

هەر ئەم گۆڕانە خۆی، بوو بە بایسی داشكانی چەندەكی و جۆرەكی ئەو كەلوپەلانەی كە لە وڵاتەكەدا باو بوون لەبەر نەمانی بازاڕیان. چەندین كاڵای بازارگەرم و بەناوبانگ، یان تەكنۆلۆجیای پێشكەوتوو یان چالاكیی سەرمایە پژێن هەموو لەبرەو كەوتن، چونكە لە بازاڕی ناوخۆ بەولاوە كڕیاریان نەما، تەنانەت ئەو بەرهەمی جۆلاییانەی كە كوردستان دەنگی پێ دابووەوە لە سرووشت و شێوەدا داشێوان (بڕوانە مافوورجات و كوتاڵ). چەندین وەستای كارامە و دەست ڕەنگینی پیشەی جۆراوجۆر لە كاركەوتن و ناویان نەما. بەمە چینی ناوەندی كوردی بە تەواوەتی لە گەشەكردن و پێشكەوتن كەوت، ئەم حاڵە تا چەند سەدەی دوای ئەوە درێژەی كێشا، تەنها لەم دوا دواییەدا كوردستان توانی بە هەندێ كەرەستەی كانزای ژێر خاكەوە بچێتەوە ناو بازاڕی تیجارەتی جیهانیەوە، لە پاڵ هەندێ بابەتی بەرهەمهێنراوی ناوخۆدا. (بڕوانە سەرچاوە سرووشتییەكان).

ئەوە با لەوێ بوەستێ، خۆ هەر گۆڕانی ڕێگاكانی بازرگانی بە تەنها هۆی ماڵوێرانیی كوردستان نەبوو. زیندوویوونەوەی ئیمپراتۆریەتی فارس لەژێر ئاڵای سەفەویەكاندا ساڵی

(١٥٠١) پاش ئەوەی چوار سەدەی یەکبین تیرە و تایەفە و هۆزی جۆراوجۆری تورکی کۆچەری بە وڵاتەکە هەڵپژان و تەراتێنیان کرد و سووتاندیان و وێرانیان کرد، هۆیەکی تری مەینەتی و لێقەومانی بۆ کوردان لەگەڵ خۆیدا هێنا.

لێرەدا، بە پێویستی دەزانم چەند قسەیەکی کورت و کەم لە بارەی مەسەلەی پشتەڵەکی بنەماڵەی سەفەوی و پەیوەندی ڕەچەڵەکییانەوە لەگەڵ کوردەکاندا بکەم. تاقە سەرچاوەی پێش سەردەمی سەفەوییەکان نووسراوێ و هەر لەبەر ئەوەش باوەڕپێکراوێ کە لەبارەی ڕچەڵەکی بنیاتنەری بنەماڵەکە واتە پیاوی پیرۆز و سۆفی مەشرەب شێخ سەفیەلدین (کە ساڵی ١٣٣٤ مردووە) بدوێ، سەفوەتولسەفای ئیبنی بەزازی ئەردەبیلییە[11]. ئیبنی بەزاز ساڵی ١٣٢٥ بە منداڵی شێخی بینیبوو، ئەو سەفوەتولسەفای دوای ساڵی ١٣٥٧ بە ماوەیەکی کورت و گەلێ پێش بزاڤە جیهانگیریەکانی سەفەوییەکان تەواو کردبوو، هەرچەندە سەفەویەکان پاش لەسەرگرتنەوە، دەقە ئەسڵیەکەیان گۆڕیووە، ئەسڵیەکە بە ڕاشکاوی پشتی سەفیەدین دەباتەوە سەر کورد (بڕوانە کیسرەوی ١٩٢٧[12] باری ناسکی بنەماڵەی سەفەوی وایکردووە هەندێ دەسکاری بە ناوی "ڕاستکردنەوەی مێژوویی" یەوە لە کتێبەکەدا بکرێ، ئەم دەسکاریانە، هەندێ سەرچەڵەو نەسەبنامەی ساختی کۆشکی پادشایی و دەست لێوەشاوی سیاسەتیان هێناوەتە پێشێ کە گوایە شێخ لە پشتی ئیمامی حەوتەمی شیعیانە و بە نەتەوەش دەچێتەوە سەر ئەو هۆزە تورکمانانەی کە بەدەوری بنەماڵەکەدا ئاپۆرایان بەستبوو بۆی بوویوون بە کۆڵەکەی ڕاوەستاویی (بێگومان لەسەر حیسابی کوردان).

(ئەم کردەولەی سەفەویەکان، لەولەیە ڕوونکەرەوەی ئەوەبن چۆن بەکرانیەکان و تیگران بە گورجی و ئەرمەنی لە قەڵەمدران لە مێژووی کلاسیکدا (بڕوانە مێژووی کلاسیک)ە بە گوێرەی وتەکەی ئیبنی بەزاز، پیرۆزشای زەڕین کولاهی باپیرە گەورەی کورنەژادی شێخ سەفیەدین لەگەڵ هۆزێکی گەورەی کورد دا، لە سەدەی دەیەمدا لە سنجارەوە (لە سوریای ئێستادا)[13] هاتوون. هۆزەکە، کە زۆر وێدەچێ دیمیلی بن، لەو ناوچە شاخاویە نیشتوونەوە کە

[11] صفوة الصفاء - لإبن بزاز الأردبيلي. وەرگێڕ

[12] مەبەست ئەحمەدی کیسرەوییە. وەرگێڕ

[13] سنجار لە کوردستانی عێراقە — وەرگێڕ.

دەكەوێتە گۆشەی باكووری ڕۆژاوای دەریای خەزەرو نزیك شاری ئەردەبیلەوە. ئەمە زۆر لە گوێندایە بەشێ بووبێ لەو جێگۆڕكێ گەورانەی هۆزە مەزنە كوردە سەدەی ناوەڕاستیەكان و هەندێ بنەماڵەی حوكمڕان بەرەو ئەو ناوچانە كردیان. سەفیەدینیش ژیانی مسوڵمانێكی دەست و دەم پاك و پیرۆزی لە ئەردەبیل دەبردەسەر و بە مەزەب و ڕێبازسوننی شافیعی بوو، ئەو مەزەب و ڕێبازەی كە زۆربەی كوردان ئێستا لەسەرین، هەرچەندە ئەو سەردەمە وانەبوون. هەندێ دێرە شیعر كە لێیەوە ماونەتەوە، بەزمانێك نووسراون كە زیاتر لە شێوەی دیمیلی نزیكترەو لەو كرمانجییە دەچێ كە ئێستا لە سنجار باوە (بڕوانە زمان) تا ئەم ڕۆژگارەش هۆزێكی بچووكی دومیولی (دیمیلی) لە چیاكانی سنجار لە سوریا دەژین.

عەلەویەتی بنەماڵەی سەفەوی، تەنانەت بەر لەوەش كە ببن بە بنەماڵەیەكی پادشایی، زیاتر نزیكترە بۆ پشتەڵەكی دیمیلی – عەلەوی، وەكو بۆ كرمانجی– سوننی. دامەزرێنەری بنەماڵەی پادشایی سەفەوی، واتە شائیسماعیلی یەكەم، خۆی بە "بەرجەستەكەرێكی خودایی" دەشەنگاند و تائێستاش عەلەویەكانی ئەم سەردەمە بەوەی دادەنێن.

تائێستاش بوونی كوردەكان لە هەرێمی ئەردەبیل نەسڕاوەتەوە، هەرچەندە لە سەردەمی سەفیەدینەوە توركاندنی دەشتەكانی ئازەربایجان كە دەكەونە لای ڕۆژاواوە هێمان هەر بەردەوامە تەنانەت ئێستاكەش دوو هۆزی كوردی هەر لێماوە كە بریتین لە هۆزەكانی شاترانلو و كوردبێگاو، كە لە چیاكانی باشووری ئەردەبیلدا دەژین.

هەر دوابەدوای ئەوەی شائیسماعیلی یەكەم پێی لە ئازەربایجان و شەروان گیركرد، لەوێوە قەڵەمڕەوی سیاسی خۆی بەرەو ڕۆژهەڵات كشاند، ئەوەبوو ساڵی ١٥٠٨ بنەماڵەی میرنشینی ئاق قۆینلوی تەفروتوونا كرد، ئینجا بۆ دەستگرتن بەسەر كوردستانیشدا باری بۆ هەموار بوو.. (بڕوانە مێژووی سەدە ناوەڕاستییەكان) كاركردی كاریگەرو بەردەوامی شیعەگەریی تەقلیدی لەسەر شازادە سەفەویەكان، لە پرۆسەی پەروەردە بوون و پێگەیشتنیان لەسەر دەست وەزیرو دەرسبێژو شازادە فارس نەژادەكان لەناو كۆشكە پادشاییەكاندا بەزەقی خۆی لە ڕەفتاری شا عەباسی گەورەدا(١٥٨٨–١٦٢٩ ) نواندو گەیشتە ئەوپەڕی توندیی كاتێ شا قزلباشە عەلەویەكانی تارومار كرد و لەجیاتی ئەوان بایدایەوە لای زانا موسڵمانە شیعە مەزەبە تەقلیدیەكان لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئەم بیرکارە ئایینییانە بەرەبەرە ڕیشەی عەلەویزمیان لە ئایینی ئیسلام دەرکێشا، بەڵام، هەرچەندە ئەم پێشهاتانە ئیسلامی شیعەی لە توانەوەی تەواو لەناو عەلەویزمدا ڕزگارکرد، کارکردنی عەلەویزم لە شیعە تا ئێستا جێ پەنجەی هەر دیارە.

پەلهاوێژی و تەنینەوەی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی تازە هەڵکەوتوو بەرەو ڕۆژئاوا، ساڵی(١٥١٤) لەگەڵ پەلهاوێژی و تەنینەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییدا بەرەو ڕۆژهەڵات لە دەشتی چاڵدیرانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لووتیان تەقی بەلووتی یەکا ئەو ململانێ ڕۆژهەڵات – ڕۆژئاواییەی کە لە سەدەکانی کلاسیکیدا لەنێوان فارسەکان و ڕۆمەبیزەنتیەکاندا باوبوو، ئێستا وا دیسانەوە سەری هەڵداوەتەوە و سەر لەنوێ کوردان وەکو گشت جارێك کەوتوونەتە نێوان دوو ئاگرەوە.

تەنها جیاوازییەك کە لە ئارادابوو ئەوەبوو لە چاڵدیران عوسمانیەکان، کە پاشهاتی بیزەنتیەکان بوون، بە جۆرێکی یەکلاکەرانە شای ئیسماعیلی یەکەم و فارسەکانیان تەفروتونا کرد و بەرەو ڕۆژهەڵات لەودیوی ڕووباری دیجلەش دوورتریان ڕەتاندن سەرەنجام پاش ڕیزە تێکدادان و شەڕوشۆڕێکی یەك سەدەیی، هەردوو ئیمپراتۆریەت پێکەوە ساڵی ١٦٣٩ لە زەهاو دانیشتن و لە پەیمانێکدا ئەم سنوورەی ئێستای ئێران لە ڕۆژاواوە کەم و زۆر، ڕێکەوتنی لەسەر کرلوبەمە بە سێ بەشی کوردستان چوە ژێر دەستی عوسمانیەوە و تا داڕوخانی ئەو ئیمپراتۆریەتە لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا هەر بەو جۆرە مایەوە.

لە جەنگەسەرزەمینخوازیەکانی زووی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی فارس و عوسمانییدا کوردە عەلەویەکان لایەنی سەفەوییەکانیان گرت، لە کاتێکدا موسڵمانە سوننیە کوردەکان زۆرتر تای عوسمانیی بوون، کە شێوازی دەسەڵاتداریان زیاتر شل و چاوپۆشکەرانەتر بوو لە هی بنەماڵە حوکمڕانە شیعە و عەلەوییە سەختگیرەکانی وڵاتی فارس.

جگە لەمە، زۆربەی کوردەکان، چ سوننی چ عەلەوی، زەرەرو زیانێکی یەکجار کوشندەیان لە دەستی سەفەویەکان تێسرەوێنرا ئەویش لەبەر هەڵکەوتەی ستراتیژی سەرزەمینەکەیان و ڕاستییە جوغڕافیەکانی ئەو سەردەمە.

بەو لەشکرەیانەوە کە زۆرتر لە تیپی سووك سووکی سوارەی پێکهاتبوو، هێزی سەفەویەکان تارادەیەکی زۆر لە هی عوسمانیەکان بچووکتر بوو، کە لە بنەڕەتەوە لە سوارەی تۆپخانەداری گران دامەزرابوو لەبەر ئەمە لەشکرە گرانترو گەورەترەکەی عوسمانیەکان، دەبوو

بەڕێوە دەم دەم ئازووقەی پێویست پەیداكا، وەرنە گەورەیی كاروانەكانی ئازووقە و خەرجی بە ڕێخستنیان، دەبوو بە فاكتەری بڕیاردەری ژمارەی ئەو زەلامانەی دەتوانرا بخرێنە بەرەكانی جەنگ و دابینكردنیان بۆ ئەوەی بتوانن بەرلە تۆپبارانی عوسمانیەكان بگرن فارسەكان تەكتیكی "زەمینی سووتاو" یان بەكاردەهێنا تا نەهێڵن عوسمانیەكان ئازووقەی پێویستیان دەستكەوێ ئەم سیاسەتی "زەوی سوتاو" ە بەشێوەیەكی كاریگەرانە تای تەرازووی شەڕەكەی بەرامبەر ڕاگرت، هەرچەندە هەندێ جار بەلای هێزە بچووكەكەدا دایگرت، كە هی فارسەكان بوو و هێزی سوارە سووك و تیژڕەوەكان بە ئاسانی دەیانتوانی بە "زەمینە سووتاو" ە چۆڵەكەدا دزەبكەن و خۆ بگەیەننە سوپای عوسمانی و جەزرەبەی چاكی لێبدەن لەم ناوەدا دۆڕاوو ماڵوێرانبووی هەر گەورە كوردستانی زەمین سوتاو بوو، كە هەرلایە بۆ سەركەوتنی لە شەڕەكەدا دەبوو لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر، بێ پەرواو و پەنگانەوە ئاگری تێبەرداو خاپووری كا.

هەزارەها هەزار كورد لەلایەن سەفەویەكانەوە بە زۆر لە زێدی باوباپیرانیان هەڵكەندران و بەرەو شوێنی دوورە دەست بە تۆپزی گوێزرانەو وێرانكاریەكە لە باكوورو ڕۆژاوای كوردستان ئەوەندە ترسناك بوو كە ئەو خەڵكەی تێیدا مابوونەوە لە ترسا ناچار بوون پشتی عوسمانیەكان بگرن پێشڕەوی ئەولەی كە كوردەكانیان بۆ پشتگیری كردنی عوسمانلییەكان هاندەدا، میر ئیدریسی ڕۆژەكی میری بدلیس و باپیرە گەورەی شەرەفخانی نووسەری یەكەم مێژووی گشت كوردگیر، واتە شەرەفنامە بوو (بڕوانە وێژە).

ڕووداوێكی ڕاستەقینە كە بگێڕەرەوەی شێوەی ڕەفتاری خراپی سەفەویەكانە لەگەڵ كوردلندا، ئێستا بوە بە داستانێكی میللی و لەبەینی قەڵای دمدمدا لەسەر زبانی گۆرانیبێژان دەگەڕێ قەڵای دمدم كە دەكەوێتە (١١٠) میلی باشووری ورمێوەوە ساڵی (١٦٠٨) دەكەوێتە بەر هێرشی شا عەباسی پادشایی سەروەختی سەفەویان لە ئابڵوقەدانێكی یەكساڵیدا قەڵانشینە كوردەكان تا دواكەسیان، بە سەركردایەتی عومەر خانی برادۆست، ئەو پاڵەوانە داستانیەی كە بە خانی "لەپ زێڕین" دەنگی داوەتەوە، قەڵاكەیان نادەنە دەستی دوژمنەوە. داستانەكە بابەتە قارەمانیەكانی ناو ئەلیادەو، بەرگرییە بێهوودە دەست و یەخەبییەكانی ماسادا بەرجەستە دەكا.

بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزە فەرهەنگی و بگرە ئایینیەشەوە کە لەگەڵ سەرزەمینی فارسدا هەیان بوو، دانیشتووانی ناوەند و باشووری کوردستان وەك هەمیشە لایەنی دەوڵەتی فارسیان گرت بەلام تەنانەت ئەم پەیوەندیانەش هەندێ جار بەکردەوەی دامودەزگا سەختگیرەکانی سەرەتای حوکمی سەفەویەکان دەپسان ساڵی (١٥٢٤) هەر تازە، شا ئیسماعیلی یەکەم مربوو، کە زولفەقارخانی میری هۆزی کەلهوڕ، لە سەفەویەکان یاخی بوو و توانی بەغدا داگیرکا و خۆی و وولاتەکەی بردە ژێر حوکمڕانی عوسمانیەکانەوە ئەمە ڕێگای بۆ سوڵتان سولەیمانی گەورە خۆش کرد کە ساڵی ١٥٣٣ بروسکە ئاسا عیراق داگیرکاو ولاتەکە تا ساڵی (١٩١٧)بەو شێوەیە لەژێر دەستی عوسمانیاندا بمێنێتەوە.

ڕاستییەکەی سوڵتان سەلیمی ترسناك (١٥١٢–١٥٢٠) دەسەلاتێکی خۆبەخۆی فراوانی بە کوردان دابوو، هەر لە پاداشتی ئەمەشدابوو کە کوردان پشتیان گرت و بوون بەتای بە هەر حاڵ تەنانەت ئەم دەست بەسنگدادانەی عوسمانیەکان بۆ کوردان کە بەڵێ ئێمە برای یەکین زۆر دەوامی نەکردو لەلایەن سوڵتان سەلیم خۆیەوە شکێنرا، ئەوەبوو لە کۆتایی حوکمڕانییدا، ژمارەیەکی زۆر لە کوردان بە زۆر بۆ ناوەڕاست و باکووری ئەنەدۆڵ هەلکەندران و ئەمانە لەو شوێنانەبوون بە ناوکی پارچە دابڕاوەکانی سەرزەمینی کوردنشین هەندێکی تریان دوور دوور تا بۆلغارستان ڕەهەندەکران لەناوجەرگەی ئەم ڕەهەندانەی دەستی عوسمانیەکانەوە، ساڵی ١٥١٩ لە تۆقاتی باکووری ئەنەدۆڵەوە جەلال ناوێك ڕاست بوەوە، کە خۆی بە بەرجەستەکەری ڕووح ناساند.

ئەوەی جێی سەرنجە لەمەدا ئەوەیە ئەم جەلالە لە هەمان سەرزەمینی پۆنتۆسی دێرینەوە هەلسا، کە لە سەدەی تۆیەمدا بوویوو بە مەکۆی نەرسەی خوڕەمی (شێوفۆبێوس) و هەوادارە کوردە ڕەهەندەکراوەکانی و هەروەها ئەوەی ئەوان دەیانووتەوە، دووپاتکەرەوەی هەمان ئیدیۆلۆجی ئایینی و کۆمەلایەتی بوو کە تیرەی فریشتەکان بانگیان بۆ هەلدەدا (بڕوانە مێژووی سەدەناوەندەکان و تیرەی فریشتەکان). جەلال، ناوی شا ئیسماعیلی، لەسەر ناوی پادشایی ڕاونراوی سەفەوی بۆ خۆی هەلبژارد. ئەو لاف ئەوەی لێدەدا کە گیانی بەرزی پادشاییەتی، کە گوایە دەمێك بەر لەوە لە جەستەی شا ئیسماعیل تارابوو، هەر لەو سۆنگەیەشەوە ساڵی ١٥١٤ لە چاڵدیران تووشی ئەو شکستە کارەساتبارە بوویوو، ئێستا لە گیانی ئەودا نیشتۆتەوە.

وەكو عەلەویەكی دیمیلی، هەواداران و پشتگیرانی جەلال بەشێوەیەكی سەرەكی لە وەرزێر و دێهاتیەكان پێكهاتبوون. هەرچەندە جەلال لەسەرەتادا زنجیرەیەك سەركەوتنی بەرچاویی وەدەستهێنا، بەڵام سەرەنجام شكستی هێنا و خۆی و هەزارەها لە هەواداران قەتلوعام كران.

ئەم سەرهەڵدانە، كە بەسەرهەڵدانی جەلالی و لەسەر ناوی ڕابەرەكەی ناوبانگی دەركرد، تا دوو سەدەی دوای كوژانەوەشی لە خاكی عوسمانیدا شوێنەواری هەر دیار بوو وەجار ناچار لێرەو لەوێ بڵقی دەدایەوە. چەندین سەرهەڵدانی تر بەهەمان ناوەوە و بە ڕابەرایەتی كەسانێك كە خۆیان بە مەزهەری ڕووح (بابا) دادەنا وەكو بابا زوننونی بوزوق و قەلەندەر چەلەبی (١٥٢٦–١٥٢٧) لە ئەلبیستانی قیلیقیاش ڕوویاندا هەوادارانی جەلالی. بە هەر حاڵ زیاتر لەناو توركمان و بەرەگەز توركەكانەوە هاتبوون و بەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ مێژووی كورد لە دەست دەدا.

بە هەر حاڵ زنجیرەی ئەو ڕووداوە وێرانكەرانەی لەو ماوەیەدا لەسەر خاكی كوردان گەو بەگەو ڕوویاندا، بیروڕایەكی نوێشیان زایاندە ناو دڵ و دەروونی هۆشمەندانی كوردەوە كە بریتیبوو لە دامەزراندنی حوكومەتێكی خۆبەخۆیی و سەرلەنسەری بۆ كوردان، بەڵام بیرۆكەی یەكخستنی نەتەوەیەك كە خۆی كاروباری خۆی لەڕێی حوكومەتێكی خۆ بەخۆوە بگێڕێ و تواناو تینی بۆ گەشەكردن و ئاسایش و زیندویی فەرهەنگیی قەوارەی ئەتنی ئەم گەلە تەرخان كا، بەڕاستی بۆ ئەو ڕۆژگارە كردەوەیەكی ئاسان نەبوو، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئیسلام نشین كە تێیدا " ئوممەتی ئیسلام" كۆكەرەوەی هەموو مسوڵمانان و تاكە تەوەرە بوو كە هەموو دڵسۆزانی ئیسلامی لە دەوردا كۆبێتەوە. نەك هەر لەناو كورداندا بەڵكو دوای جیهانگیریەكانی ئیسلام لە سەدەی حەوتەمدا، لەناو گەلی ئێرانیشدا بزاڤێك بەرپابوو تا مەسەلەی نەتەوەیی ئێرانێكی مەزن بخاتەڕوو و پشتیوانیی لێبكا، وەكو وڵاتێكی جیاواز و مەڵبەندی فەرهەنگێكی دیكە لەچاو سەرزەمین و فەرهەنگ و كەلتووری عەرەبدا. ئەمە، بە زەقی لە شانامەی فیردەوسییدا بەرجەستەكراوە. بە هەرحاڵ، ئەمە دەبێ لە پرۆسەی وریابوونەوەی نەتەوەیی كوردان جیا بكرێتەوە، چونكە شانامە خۆی لە باسی كۆمەڵێكی ئەتنی دیاریكراو نەداوە، بەڵكو لە كۆمەڵێك پێكهاتەی ئەتنی دواوە كە هەموو پێكەوە لە شارستانیەتی ئێران و لە چوارچێوەیەكی گەورەتردا هاوبەشن. شانامە، هەر چۆنێك بێ،

هەرگیز پێش بیرۆکەی یەك حکومەت یان یەك قەوارەی سیاسی نەگرتووە کە یەکخەرو پارێزەری ئەم گەلانە و شارستانیەتیان بێ؛ لە کاتێکدا لەڕوو بەڕووبوونەوەی شەپۆلێکی وێرانکەرانەتردا، ڕۆشنبیرانی کوردی سەدەی حەڤدەیەم، لە بەرهەمەکانیاندا بێ یەك و دووکردن ئەم ڕێبازەیان گرتۆتەبەر.

یەکەم مێژووی گشتیی کوردان، شەرەفنامە، ساڵی ١٥٩٦–١٥٩٧ لەلایەن میر شەرەفەدین (شەرەفخان)ی بدلیسەوە نووسراوە (بەدلیس شارێکە دەکەوێتە ناوچەرگەی ئەو هەرێمەوە کەوا یەك سەدەی ڕەبەقە لەناو وێرانکاری و ماڵوێرانی و تەپوتۆزی ڕاپەڕین و گواستنەوەی بە زۆر و دەربەدەری و تیرۆردا دەژی) لە کتێبەکەیدا شەرەفخان بە گەرمی بۆ بەختی ڕەشی کوردان و سەرزەمینە نازدارەکەیان دەلاوێنێتەوە، لێرەو لەوێی کتێبەکەدا باسی مرازی ناحاسڵ و ئاواتی بەدی نەهاتووی کوردان دەکا لە بوونی پادشاییەکدا کە وڵاتەکەیان یەکخا لە پەنای ئەفسوسخۆری بۆ نەبوونی پادشاییەکی وادا. دوایی، وەکو دەرککردن بەوەی ئیسلام و بیرۆکەی "ئوممەی ئیسلام" لەوانەیە هۆکاری مەسەلەکە بن، بەخشکەیی و بەکینایەت ئۆباڵەکە دەخاتەسەر ئەو لەعنەتنامەیەی پەیامبەر محەمەد لە کوردانی کردووە.. بەدلیسی دەڵێ: محەمەد کە کابرایەکی کوردی ڕەزاگرانی چارە شەڕانیی دی، سەخڵەت بوو، داوای لە خوا کرد تا کورد هەیە نەبن بەیەك، چونکە محەمەد لەوە دەترسا گەر ببن بەیەك دنیا دەخۆن.

یەك سەدە دوای ئەوە، لە ساڵی (١٦٩٤ ) دا، شاعیری خۆش ئاوازی کورد ئەحمەدی خانی لە داستانی مەم و زیندا دەڵێ: "بڕوانە هەر لە عەرەبستانەوە بگرە تا دەگەیە گورجستان هەموو خاکی کوردە، بەڵام کاتێك کە زەریای فارس و دەریاکانی تورك هەڵدەچن، تەنیا خاکی کوردان خڵتانی خوێن دەکرێ "خانی بە ئاشکرا لۆمەی بەختی ڕەشی ئەو هاوڵاتیە کوردانەی دەکا کە لە شەڕی سوپای تۆڵەخوازی عوسمانی و سەفەوییدا دەبنە باڕاشی ناو ئاشی خەڵکانی لابیدە، لە کاتێکدا دەوڵەت (حکومەت)ێکی کورد نییە باوکایەتیان بکا. بەدەم دادکردنەوە لە دەستی ناتەبایی و ڕێك نەکەوتن لەنێوان بنەماڵە میرە کوردەکانی ئەو سەردەمەدا، هاوار ئەکا بۆ یەکگرتن لەژێر ئاڵای یەك پادشادا کە ببێتە سێبەری سەری وڵاتەکە و سامانی نیشتمانی و فەرهەنگی بپارێزێ. بەکارهێنانی هزری نیشتمانی پاك، کە لەوانەیە یەکەم جاربێ لەلایەن ڕۆشنبیرێکی کوردەوە خرابێتە سەر کاغەز، ئەویش لەو سەردەمەدا کە

دەورانی لێقەومانی نیشتمانی بوو بۆ کوردان. لەپاڵ شەرەفنامەکەی بەدلیسییدا، هەردووك یەکەم دەربڕینی هەستی ڕاستەقینەی وریابوونەوەی نەتەوەیین لەناو کورداندا، ئەگەر هی نەتەوە پەرستی (ناسیۆنالیزم) نەبن بەو مانایەی ئەمڕۆکە ئەم وشەیە هەیەتی، (بڕوانە ئەدەب و وێژە).

لەگەڵ دامرکانەوەی شەڕ و شۆڕەکانی نێوان ئێران و عوسمانی لە نیوەی دووەمی سەدەی (١٧)دا ئەم سەرەتا ڕەسەنەی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخ لەنێوان ڕووناکبیرە کوردەکاندا، گوێگرێکی ئەوتۆ گویێ ڕایەڵی لێ نەهاتە پێشەوە. ئاستی نزمی ڕۆشنبیری و بەرزی نەخوێندەواری و لەتین کەوتنی ئەو چینە ناوەندە شارنشینە کوردەی کە سەردەمانێك وەك ژیلەمۆ دەدرەوشایەوە، قەڵەشێکی دەم کراوەی ڕووناکبیریی لەنێوان ئەم ڕووناکبیرانە و هاووڵاتیەکاندا دروست کرد کە زۆربەیان هەژار و نەدار و بەچکە ڕەوەند بوون و هەر ڕۆژە لەبن بنچکێکدا دەژیان. ئەمە پشت بەپشت بەو نەزمە گەڕا و ڕۆیشت.

لەنێوان بنەماڵە میرنشینە نیمچە سەربەخۆکانی ئەو دەمە، ئەردەڵانیەکانی شارەزوور لە کوردستانی ناوەند و باشوور، ناوبانگیان لەسەراسویێ کردنی هونەرە جوانەکاندا دەرکرد هەروەها شەمدینانیەکانی هەکاری لە ڕۆژاوا و باکووری ناوەندی کوردستان داشداری و کەڵکبەخشییان بۆ گەلێ شاعیر و نووسەر کرد دەنگی داوەتەوە شەرەفەدینی بەدلیسی، وەکو لەسەرەوە باسمان کرد، خۆی میرێك بوو ڕۆڵەی بنەماڵەی میرنشینی ڕۆژەکی لە بەدلیسی کوردستانی ڕۆژاوا (نەخشەی ژمارە ٢١).

لە بارەی پلەی سەربەخۆیی ئەم بنەماڵە فەرمانڕەوا کوردانەوە قسەیەکی گەڕیدەی بەناوبانگی فەرەنسی تا ڤەرنیێ (Tavernier) دێنینەوە کە ساڵی ١٦٧٦ لەسەر میری بەدلیسی نووسیویەتی: (میرنەشای واتە شای ئێران)ی بەهیچ دەزانی نەسوڵتان (واتە سوڵتانی عوسمانیی) و لەهەر ئان و ساتێکدا دەیتوانی (٢٠–٢٥) هەزار سواری کەمەر بەستووی پڕچەکو تفاق فڕێداتە مەیدانی کارزارەوە، هەروەها فلۆریان، لە نووسینێکی ساڵی (١٦٩٤)یدا لە زمانی ئەو میسیونەریانەوە کە ساڵی ١٦٨٣ سەردانی بتلیسیان کردوە دەڵێ: (تەنها بەناو میر سەرانەیەکی بۆ عوسمانیەکان دەنارد، ئەوەبو ناویەناو هەندێ دیاری بۆیان ڕەوانە دەکرد ئەویش بەگوێرەی توانا و بوون).




نەخشەی ژمارە (21): فەرمانڕەوییە کوردییەکانی سەرەتای چاخەکانی هەژدەرخ

پاش ڕێککەوتننامەی زەهاو، جۆرە هێمنییەك باڵی بەسەر کوردستان و میرنشینە نیمچە سەربەخۆیەکانییدا کێشا، بەڵام ئەمە زۆرێکی وای نەبرد، ئەوەبوو کوردستان هەر لەساڵی ١٧٢٢وە کە سەفەویەکانی تێدا سەرەنگرێ بوون تا ١٧٥٠ و سەرهەڵدانی زەندیەکان لە فارس چوەوە ناو قۆنگرەی ئاژاوەو شەڕوشۆڕەوە. ئەو بۆشاییەی رووخانی سەفەویەکان جێیهێشت، ڕێی بە عوسمانیەکان دا برژێنە هەرێمەکانی ڕۆژاوا و بیخەنە سەر قەڵەمڕەوی

خۆیان. ئەوەبوو تا چەند ساڵێك هەموو كوردستانیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

هەر كە هاتە سەرتەخت، نادر شای (١٧٣٦–١٧٤٧) دامەزرێنەری ئەفشاریان و حوكمڕانی بەتین و توانای وڵاتی فارس، دەسوبرد كەوتە سەغڵەتكردنی عوسمانیەكان لە كوردستان و لە عێراقدا. هەمان ماڵوێرانی و كوڵۆڵیی پاش چاڵدیران دیسانەوە ملی نایەوە لە كوردستان و ئەمجارەیان باشوور و رۆژهەڵات و ناوەڕاستی وڵاتەكەشیلی گرتەوە. چەندین شار و شارۆچكە و شارەدێ خاپوور كران و چەندین هۆز بە خاوخێزانەوە دەربەدەركران، تەنانەت ئەو تۆزقاڵە فەرهەنگ و كەلتوور و ژیانی مەدەنیەی كورد كە بە رێكایەكی لە ئەقڵ بەدەر لە چنگی وێرانكاریەكانی سەدەكانی ١٦ و ١٧ رزگاریان بوویوو (چونكە لە دەرەوەی مەیدانە سەرەكیەكانی جەنگ پارێزرابوون) سەراسەر پان و پلیش كرانەوە، ئیتر كوردستان بوو بە تاریكستان و ئەمە تا داهاتنی سەدەی بیستەم هەر وا مایەوە.

برێكی زۆری كەلتووری نەتەوەیی لەم ماوەیەدا یان لەبیر چوەوە یان لەبنی فەوتا، ئەوەش كە مایەوە ئەوەندە پچڕپچڕ بوو، كە لەناوییدا تەنیا زاراوەكانی سەدە ناوەڕاستیەكانی ئایینە نەتەوەییەكەی كورد (تیرەی فریشتەكان) و كۆنە زمانی كوردان (پەهڵەوانی) لێ بە ساغی دەرچوون. ئەم شتانە دوای ئەوە هەرگیز نەگۆڕان یان جێگریان بۆ پەیدا نەكرا. ناوی ئایینەكان (یارسانی، عەلەوی، یەزیدی) و زاراوەكانیش (دیملی، گۆرانی و لەكیی) كە هی كۆنە زمانەكە بوون، وەكو خۆیان مانەوە (بڕوانە ئایین و زمان).

لەناو یەكێك لەو هۆزانەوە كە سەفەویەكان سورگوونی خۆراسانیان كردبوون، واتە زەندەكانی هەرێمی ئێهپەری باشووری كوردستان، لەناكاوێكدا دوا میرنشینی كوردان سەریهەڵدا، كە لە قەوارە و شێوەدا لە هی ئەیوبیەكان و بوەیهیەكانی سەدەكانی ناوەڕاست دەچوو. ئەوەبوو محەمەد كەریم خانی زەند (١٧٥٠–١٧٧٩) میرنشینی زەندی لە فارس دامەزراند كە قەڵەمڕەوی تا ساڵی ١٧٩٤ هەموو ئێرانی ئێستا و باشووری عێراقی دەگرتەوە و لە شیرازەی پایتەختیانەوە هەموو ئەم سەرزەمینەی دەڕاند (نەخشەی ژمارە ٢٢).

پەڵەپەڵەی زەندەیە لەك زمانەكان ئێستاش لە گەلێ ناوچەی كوردستانی باشوور هەر ماون، هەر لە كفرییەوە بگرە تا دەگاتە مەلایر (بڕوانە هۆزەكان). لە دڵچاكی و لێبوردەییدا بەرامبەر دوژمنە بەزیوەكانی، لە ئازایەتی و ساكارایەتی سیاسییدا، كەریم بێ هاوتایانە،

میرێکی تری کورد، سولتان سەلاحەدینمان وەبیر دەخاتەوە. لە کاتێکدا، جێگرەکانی سەلاحەدین، زانیاری و وەستاییەکی میکیافیلیانەی سیاسییان بۆ مانەوەی میرنشینەکەیان بەکارهێنا، جێگرەکانی کەریم نەبەردییەکەی ئەویان نەبوو بەلآم میراتگری پڕ بەپێستی ساکارییە سیاسیەکەی بوون. ئەو هەرگیز ناوی شای بۆ خۆی بەکار نەهێنا، بەڵکو تاما هەر بە "وەکیلی ڕەعییەت" ناسرابوو، هەندێ جاریش هەر "وەکیل" ئەم کارەی کەریم لە هی یەکێك لە باپیرە هەرە گەورەکانی واتا پادشایی کوردەمانیەکان دەچوو کە هەرگیز لە کاتی خۆناساندن بەسەرداره ستەمکارە ئاشووریەکان، نەیدەوت من، بەڵکو دەیوت "من و پیران و پیاو ماقوولآن و شیرەتوانانی ولآتەکەم" (مێژووی کۆن).

دوامیری زەندیان، لوتفعەلیی نەوجوان و کارامەو دانا، لەلایەن ئاغا محەحەمەد خانی ترسناکی، (١٧٧٩–١٧٩٧) دامەزرێنەری بنەماڵەی قاجاری حوکمڕانی ئێرانەوە بەشەڕ شکێنرا و ئینجا پاش ئەشکەنجەیەکی دڕندانە کوژرا. ئاغا محەمەد سەردەمی لاویەتی و پەروەردەشی لە کۆشکی کەریم خاندا بردبوە سەر، کەریم خان بەچاوی ڕێز و بەرزییەوە سەیری ئاغا محەمەدی دەکرد. بینا بەوەی کە ڕۆڵەی بنەماڵەیەکی لە شەڕدا دۆڕاویبوو. یەکێك لەو شتە جوانانەی کە زەندیەکان خۆیان پێی لە حوکمڕانانی تری ولآتەکە جیادەکردەوە، بەشداریکردنی ژنان بوو لە هەڵمەتە سەربازیەکاندا. ئەمە داب و نەریتێکی دێرینی کوردان بوو (بڕوانە بارودۆخی ژنان و ژیانی خێزانی) و تەنانەت کەریم خان خۆشی لەناو ماڵ و منداڵی خۆیدا لەسەری دەڕۆیشت، ئەوەبوو لە شەڕێکیدا لەگەڵ ئەفغانەکاندا، بووکی گەورەی شان بەشانی خۆی لە مەیدانی کارزاردا دەجەنگا زەندیەکان سیفەتێکی تریشیان هەبوو کە تەنها تایبەتە بە کوردان، ئەویش لێبوردەیی و دڵفراوانیە بەرامبەر بە ئایینەکانی تر، زەندیەکان کە سەرداری حکومەتێکی ئیسلامی شیعەمەزەب (یان لەوانەیە یارسانیی)بوون ساڵی ١٧٦٦ لەلایەن نەیبووری ئاسەوارناس و گەڕیدەی دانیمارکیەوە وا باس کراون: "بەلایانەوە گرنگ نەبوو سەربازەکان لەسەر چ ئایینێك بن مەسیحی، ئیسلام یان جولەکە". هەروەها دەڵێ کەوا: "پاش ئەوەی زەندیەکان بەسەرەیان دوای ئابلۆوقەدانێکی دوور و درێژ گرت، هیچ پەرستنگەیەك، حاورا بێ، یان کە نیشت یان مزگەوتی هەر تیرەیەکی مسوڵمان، تووشی بێڕێزی و سووکایەتی و تاڵانکردن نەبوو".


Black Sea
KINGDOM OF GEORGIA
SHARVAN
Caspian
UZBEK KHANATE S
Tabriz
Dar Gaz
Teheran
Meshhad
OTTOMAN
EMPIRE
Hamadan
AFSHÂRID KINGDOM
Baghdad
Deh Pari
Malayir
IRAQ
Isfahan
Basra
Shirâz
Kirman
Persian Gulf
Indian Ocean
OMAN
نەخشەی ژمارە(22): پاشانشینی زەندییەکان
ڕێگەی دەربەدەرکردنی هۆزی زەند بۆ خۆراسان و پاشان گەڕانەوەیان بۆ دەهپەری
سەرزەمینی ژێر دەسەڵاتی زەندییان
ئەو سەرزەمینانەی ئەمڕۆکە زۆربەی دانیشتووانیان کوردن
شیراز : پایتەخت

هەر لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمەوە، لەکەکان، کە زەندەکان بەشێکن لێیان، پەیتا پەیتا خۆیان لە کوردەکان دوورخستۆتەوە و خۆیان کوتاوەتە ناو لورەکانی درلوسێیانەوە و تێیاندا تواونەتەوە. لورەکان خۆیان، سەردەمانێکی گەلێ دێرتر ناسنامەی کوردیی خۆیان لە دەست دابوو و نەتەوە گۆڕییان کردبوو (بڕوانە ئامێتەبوون تێکداتوانەوە). هەر لەبەر ئەمەش مێژووناسان تووشی گرفتێکی زۆر بوونە لە نەتەوەناسی میرنشینی زەندا.

هەر لە هاتنە سەرکاری زەندیەکانەوە، جۆرە هێمنییەکی گومان لێکراو بالّی بەسەر کوردستاندا کێشا، هێمنییەك کە زۆرتر لە هێمنی دەشتێکی کاکی بەکاکی دەچوو. ئەمە بەشێوەیەکی سەرەکیی، سەرەنجامی سێ سەدەی رابردووی پڕ لە کرداری سەربازی ئێسك و پروسك هارو وێرانکاری ئابووری کەمەر شکێن بوو، دانیشتووانەکە ئەوەندە هەرکێنرابوون و ولاتەکە ئەوەندە چروسابووەوە، بەجۆرێك کوردستان بوو بوە سەرزەمینێکی لاچەپی دوور دەستی، گیاو دەغەلزەدەی دامالراویی ئەوتۆ کەهیچ بایەخێکی ژینگەی وای نەبێ، نە بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، نە بۆ ئیمپراتۆریەتی عەجەم. خۆی ئەم دوو ئیمپراتۆریەتە هەردووکیان بەپەلە خەریك بوون، ئەستێرەی دەبدەبەیان لەبەرلمبەر ئەستێرەی درەوشاوەی ئیمپراتۆریەتە کۆلۆنیالّیە ئەوروپیەکان و پێشکەوتنی سەرسام ئاوەری تەکنۆلۆجیایاندا کەوتبووە پرتە پرت و دەیدا لە کزی. ئەو دلخزانەی کوردستان، کەم و زۆر، بەشێك بوو لە داخزانی گشتی رۆژهەلات، هەرچەند کوردستان، ئاسەوارەکەی لەبەر شەڕ و شۆڕ و چۆلکردن پتر پێوە دیار بوو.

سەدەی نۆزدەیەم: لەگەلّ داهاتنی سەدەی نۆزدەیەمدا، کوردان سەر لەنوێ کەوتنەوە بیرکردنەوە لە رەوش و رۆلّی خۆیان لە ولاتەکەدا. ئیمپراتۆریەتی رووسی دەستی کردبوو بە پالّنانی سنوورەکانی بۆ قوولایی باکووری رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە قەفقاس و ئاسیای ناوەندا. سالّی ١٨١٣، پاش شەڕێکی شەش[14] سالّەی نێوان رۆوس و عەجەمەکان، رێککەوتننامەی گولّستان هەموو گورجستان و باکووری ئازەربایجان (شەروانی کۆن) و داغستانی لە دەستی دەولّەتی فارسەوە کردە دەستی ئیمپراتۆریەتی رووسەوە، بەم جۆرە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا

[14] ئەو جەنگە سالّی ١٨٠٤ دەستی پێکرد – دوکتۆر کەمال مەزهەر.

هەندێ لە كوردان بوون بە بەشێك لە ڕووسیا. ئەمانە كۆمەڵە كوردەكانی دێرینی هەرێمەكانی گەنجە و شەڕوان بوون (كە ئێستا كۆماری ئازەربایجانی پێ دەڵێن) كە هەزار ساڵ لەمەوبەر بنەماڵەی میرنشینی شەدادیەكانی لێ هەڵكەوتبوو (بڕوانە مێژووی سەدە ناوەندەكان).

شەڕی دووەمی ڕووس– عەجەم (١٨٢٦–١٨٢٨) بەڕێككەوتنامەی توركمانچای كۆتایی هات. ئەم ڕێككەوت نامەیەش ئەرمەنستانی عەجەمی (كە ئێستا كۆماری ئەرمەنستانی پێ دەڵێن) كردە خەڵاتی هەمان ئیمپراتۆریەت. ئەوەی جێ هاوڕدانەوەیە ئەوەیە، تەنانەت لەو كاتەشدا و لەو بەشەی ئەرمەنستانی دێریندا، بە گوێرەی قسەی برنووتیان، ژمارەی كوردەكان لە هی ئەرمەنیەكان پتر بوو (٢٥٠٠٠ كورد لە بەرامبەر ٢٠٠٠٠ ئەرمەنی)– (بڕوانە برنووتیان– bournoutian 1982 ٧٦)، ئەوەندەی پێ نەچوو، ڕووسەكان لمۆزیان ژەنیە سەرزەمینەكانی دەوروبەرەوە و بە دامالینی هەرێمەكانی قارس و ئەردەهان، بێ پەروا كەوتنە ناو خاكی كوردستانەوە و بەو جۆرە كوردێكی زۆریان خستە ژێر هەنگڵی خۆیان.

ئەم گۆڕانانە لە سنووری دەوڵەتێكی ئەوروپاییدا بەرەو هەرێمەكانی كوردستان، هەرچەندە ئەو وڵاتە دەوڵەتی هەرە دواكەوتووی ئەورووپاش بوو، كۆتایی بەدوو سەدەی ڕەبەقی ئەفەرووزی كوردان هێنا، ڕووسەكان لەگەڵ خۆیاندا، گەلێ بابەتیان هێنا، لەوانە بیروڕای نوێی ڕۆژئاوا، ئەوكاری وریا كردنەوەیەی ئەمە لەناو كورداندا بەدی هێنا لە هەموو كون و قوژبنی كوردستاندا هاواری دەكرد و تەكنۆلۆژیای نوێ دەرفەتێكی باشی بۆ حكوومەتە ناوەندیەكانی عوسمانی و عەجەم دەدا تا دەسەلاتێكی مەركەزی توندوگرانتر و ستەمكارانەترېخەنە سەر كوردەكان و ئەو دەسەلاتداریە نیمچە سەربەخۆیانەیان كە لە درێژ زەمانەوە هەیانبوو.

ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی، لە شێوەی ئەوەی لە ئەورووپادا هەبوو، لەم سەردەمەدا، خۆی لە شیعرەكانی حاجی قادری كۆییدا دەرخست (١٨١٧–١٨٩٧) ئەو بە توندی داكۆكی لەم ناسیۆنالیزمە كرد بەهاندان بەرەو یەكیەتی گەل و ڕەتكردنەوەی چینە دەسەلاتدارە كۆنە پەرست و پێشەوا ئاینیەكان. حاجی قادر بە ئاشكرا ئەوانەی بە تەگەرە لەبەردەم مەسەلەكە و بێ پەروا لە ئاستیدا دانا، ئەو هەروەها بانگەوازی بۆ دەوڵەتێكی گشت كوردان هەڵدا كە ڕۆڵەكانی كورد بە ڕێبازی دنیایی و لە زمانی كوردی پەروەردە بكا، تا زمانی كوردییش یەكسان بێ لەگەڵ زمانی هەموو گەلانی تری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، زمانی ڕەسمی ئەم

دەوڵەتە گشت – کوردیەش دەبێ کوردی بێ (حەسەنپوور ١٩٨٩/٥٥).

ئەم بیروڕایانە ئەو ڕۆژە، تەنانەت لای گەلی کوردی خوێندەواریش بە خەیاڵ پڵاو ورەتی بڵاو دادەنرا، بەڵام حاجی بەمە تاجی سەرقەتاریی کاروانێك ڕۆشنبیر و خوێندەواری هەڵگری ئەندێشە و بیروڕایەکی نوێی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەسەر دانا.

پیاوانی حاجی قادر ئاسا، هەرچەند ژمارەیان لە پەڕەسەنندنا بوو، بەڵام هەر بە دابڕاوی مانەوە لە بەشەکانی تری کۆمەڵگای کورد. ئەوان زۆربەیان لە پایەتەختەکانی ئەورووپا دەژیان یان لەنێوان ئەو پایەتەختانەدا هاتوچۆیان دەکرد، بۆیە شارەزایی هەندێکیان لە فەرهەنگ و مێژووی ئەو کۆمەڵگابیانییانەدا چەند قات لەهی خۆیان زیاتر بوو. ئەو خەڵکە کوردەش کە ئەو دەمە لە کۆتایی چەندین سەدەی دوابەدوای یەکی داهێزران و داچۆڕانی نیشتمانی و فەرهەنگییدا لاکەی سەریان دەهات، بە تەواوەتی نەناس بوون لەگەڵ بیروڕا سیاسیە تازە بابەتەکانی ئەواندا، ئەولەنەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، ڕابەرایەتی بزووتنەوەی سیاسی کوردیان دەکرد واتە سەرۆك هۆزەکان یان شێخانی تەریقەت، هۆشیاری فیکرییان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی خۆیان دەرنەدەچوو و دوور بوون لەهی ئەم ڕووناکبیرە نوێخوازانە بۆیە ڕوونکبیرەکان بە خەوبینی بێ ئاگا و دوور لە ڕاستییەکان و دابڕاو لە گیروگرفتی ئاپۆرای کوردان دادەنران و بەو چاوە سەیر دەکران کەوا ئەوان گەلێ لە حاڵوباڵی پاریس و فیەننا شارەزا ترن وەکو لەهی شارەکانی خۆیان لە کوردستان.

لە کاتێکدا خەوبینێکی وەکو حاجی قادر لە دەریای ناسۆنالیزمی تازە بابەتدا مەلەی دەکرد، کوڕانی دوا بنەماڵەی میرنشینە کوردەکان، لە پایەتەختەکانی وڵاتەکانیان، ئاوارە و دەربەدەر، پەنا بەرییشیان پێ ڕانەدەبینرا. میرەکانی میرنشینی ئەردەڵان (کە ساڵی ١١٦٨ دامەزرابوو) ساڵی ١٨٦٧ لە سنە (سەنەندەجی ئێستا) وەدەنرابوون و لەجیاتی ئەوان فارسەکان فەرماندارێکی ئاڵقە لەگوێی خۆیان دانابوو کە پەیوەندی یەکسەر بە تارانەوە بوو. هەر بەماوەیەکی کورت بەر لەوە، ساڵی ١٨٤٧–١٨٤٨، دوا بنەماڵە میرنشینە کوردە سەرەکیەکانی ناو خاکی عوسمانی، واتە بنەماڵەکانی بابانی سلێمانی و ڕۆژەکی (بەدرخانی) یە مێژووییەکانی بتلیس (کە ساڵی ١٠٤٣ دامەزرابوو) و بازەکانی ئەخلات (کە ساڵی ٩٨٣ دامەزرابوو) هەموو لە پایەتەختەکانیان وەدەرنرابوون و سەرزەمینەکانیان خرابوە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەو خۆی ئەستەموڵەوە.

ئەم گۆڕانە بنەڕەتیە لە سروشتی سەرکردایەتی کورددا، واتە کوژانەوەو لەناوچوونی داب و نەریتی نیشتیمانی لە حکومەت گێڕیدا، شایستەی بایەخ و هەڵوێستەیەکی گەورەیە، چونکە ڕۆڵێکی بەتینی لە دواخستنی پرۆسەی گۆڕان و بەرەوپێشچوونی کۆمەلایەتی و سیاسی کورددا گێڕاوە. ئەم دامودەزگا نیشتیمانی و نەتەوەییانە کەهی هەزاران ساڵی لەوەبەر بوون، سەرچاوەی هەرە مەزنی پێشکەوتن و گۆڕان و بلاوکردنەوەی فەرهەنگ و کەلتوور و تەکنۆلۆجیا و بیر و باوەڕی نوێ بوون لە کوردستاندا. ئەم بنەماڵە میرەکوانگ کوێرەوەکراوانە بوون کە سەرکردە خێڵەکیەکانیان کەوی و شارستانی کردو هەڵچوونی ڕابەرە ئایینییە سەختگیرەکانیان دامرکانەوە و پەیوەندی ئابوورییان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا بە بەردەوامی پاراست. ڕۆڵەکانی ئەم بنەماڵانە خۆشیان خاوەنی پلەی بەرزی خوێندن و هۆشیاری دنیایی بوون. و بێ یەك و دوو دەکرێ بوترێ، هەموو دەسکەوتە کەلتووریەکانی ڕابردووی کورد لەسەر دەستی ئەمان هاتوونەتە دی، شەرەفخانی بتلیسی نموونەیەکی گەشی ئەم جۆرە میرزادانەیە.

هەروەها داهێنان و بەکارهێنانی شێوەی نووسینی کوردی بە پیتی لاتینی تەبار، شاکاری دەستی میرە بەدرخانیەکانیانە، هەر ئەوان خۆیان یەکەم دانەری یەکەم بەردی بناغەی ڕۆژنامەگەری کوردیین و بنیاتنەری یەکەم پارتی سیاسی کورد (خۆیبی بوون)ن لەسەر دارەڕا و سیستەمی مۆدێرن. (بڕوانە پەروەردە، چاپەمەنی و کەرەستەی میدیای ئەلەکترۆنی، هەروەها پارتە سیاسیەکان) ئەم بنەماڵە میرانە، هەروەها لە باوەشی خۆیاندا کەلتوورێکی سیاسی وشیارانە و جیهان بینیان پەروەردە کرد، کە توانای ئەوەی هەبوو بە زووترین کات هەر بۆشاییەکی دەسەلات پڕکاتەوە کە لە هەرێمەکەدا بکەوتایەتەوە، لەناو کورد یان گەلی تردا.

نەریتی لێبوردەیی ئایینی باوی سەردەمی میرە کوردەکان تەنها تا ناوەڕاستی سەدەی (١٩) بڕی کرد، چونکە لەوەودوا ئیتر سیستەمی دێرینەی حکوومەتی ناوخۆیی لادرا بۆ نموونە بتلیس کە مەکۆی گەشی بەدرخانی–ڕۆژەکیە ڕووناکبیرە دلزیندووەکان بوو کرا بە مەڵبەندێکی جموجۆڵی ئایینی سەختگیری سەر بە ڕێبازی نەقشبەندی لەژێر سەرپەرشتی هەندێ شێخی سەر بەو ڕێبازەدا (بڕوانە سۆفیگەری). موریزیۆ گارزۆنی قەشەی ئیتالیایی لەماڵی میر شەرەفخانی بدلیسییدا لە بدلیس[15]، وەکو ماڵی خۆی (١٨) ساڵی ڕەبەقی بەژیان و

[15] بتلیس و بدلیس لە هەرکوێ هاتن ناوی یەك شارن - وەرگێڕ

کارکردن لەناو کوردانda ڕابواردبوو.

ئەو هەمان ڕەفتاری جوان و میوان پەزێرانەی لەگەڵدا دەکرا لە ماڵی میردا کە لەگەڵ ئەو خرستیانانەدا کرابوو کە ساڵی ١٦٨٣ میسیۆنەرییەکیان لەوێ دامەزراندبوو. ساڵی ١٨٥٨ میسیۆنێرێکی پرۆتستانتی ئەمەریکاییش هەر لەوێ دامەزرا، زۆربەی ئەو کاری زمانەوانی و فەرهەنگسازی و وەرگێڕانانەی ئینجیل کەبۆ زمانی کوردی کراون لەو دەمەدا و لەسەر دەستی ئەو میسیۆنەریانە کراون (بڕوانە مەك کارەس ١٩٦٠).

کەچی لە ١٨٨٠دا بتلیس بوو بوو بە بنکەی ڕاپەڕینە سەختگیرانەکەی شێخ عوبەیدوڵا.

سولەیمانیی مەڵبەندی بنەماڵەی سەرنگوون کراوی بابان و سەنەندەجی پایتەختی ئەردەڵانیە دوورخراوەکانیش، هەر تووشی گۆڕانکاری لەو شێوەیە بوون.

ئەو کەسایەتیە ئایینیانەی کە لە کوردستانی سەدەی نۆزدەیەمدا چوونەسەر مەکۆی سەرکردایەتی ئەوەندە پێویستیان بە لێبوردەیی ئایینی نەبوو، چونکە سەختگیری کوێرکوێرانە بوبوو بە ئامرازێکی کاریگەر بەدەستی سەرکردە ئایینییە ئاپۆرا و ڕوژێنەکانەوە کە ئێستا چەکەرەیان لە سامی میرە حوکمڕانەکان نەدەکرد چونکە ئەوان نەمابوون، ئەوەبوو لە کوردستان بەر لەهەموو شتێك گڕی تۆڵەیان ئاراستەی یەزیدیەکان کرد و چەندین هێرشی خوێناویان کردە سەر و قەتلوعامیان کردن. ئەم کارەیان بە دەست بە پشتدادانی دەسەڵاتدارە عوسمانی و سەرکردە ئایینییەکان و دەسخۆشکەری هەربوولایان ئەنجام دا، سەرەنجام زۆربەی ئەوانەی لە زاری گورگی مەرگ ڕزگاریان بوبوو، ڕەهەندەی رووسیا بوون (بڕوانە گواستنەوە و جێگیرکردنی زۆرەملێ). ئاسوورییەکانیش لەم هەڵچوونە بەدەرنەبوون، بەو قەتلوعامە بێ بەزەییانەیەی کە (٥٠٠٠)، کە سی ساڵی ١٨٤٢ لەسەر دەستی شێخ نوروڵلا گرتەوە، بەرایی هەڵمەتێکی گەورە دژ بەهەموو مەسیحیەکان دەرکەوت. دوای ئەوان نۆرە هاتە سەر شیعە و عەلەویەکان و دواتریش جوولەکەو بابیەکان ساڵی ١٨٨٠ شێخ عوبەیدوڵا کە بەمەبەستی دژایەتی کردن لەگەڵ سەنترالیزە کاریی پەیتا پەیتای عوسمانییەکان لە دەسەڵاتی ناوچەکاندا ئاڵای ڕابەرایەتی هەڵکردبوو، تەنانەت لەناو کوردە سەرکوتکراوەکانی فارسیشدا پشتگری هەبوو کە دراوسێی هەرێمەکەی خۆی واتە ئەنەدۆڵ بوون. ڕاستییەکەی سەرکردە ئایینییە کوردەکانی ئەو ناوچانەی وڵاتی فارس خۆیان لەسەر بەهانە بوون بۆ لایەنگیری کردنی سەختگیری ئایینی، چونکە ئەوان کەمایەتیەکی سوننی مەزەبیان پێك دێنا لە وڵاتێکدا

كە زۆربەی هەرە زۆری شیعە مەزەب بوو بەتایبەتی كە دراوسێ ئازەریەكانیان بە گەرمی كوورەی ئەم ئاگرەیان دەدەماند.

لە هەرێمی ئەنەدۆلێ خۆیدا، عوبەیدوڵا چەندین كردەوەی ستەمكارانەی دژ بەكوردە ناسوننیەكان و هی تریش كرد. كوردە عەلەوییەكان دووچاری چەند قەتلوعام و بەزۆر وەرگەڕان و ماڵ و موڵك داگیركردن بوون لە ١٨٨٠كاندا بەجۆرێك ناچار بوون پشتگیریی كۆمارە عەلمانیەكەی ئەتاتوورك بكەن (ساڵی ١٩٢٥)، تا خۆیان ئینجا لە ڕابەرێكی ئایینی كوردی تر، واتە شێخ سەعید بپارێزن، ترسەكەیان ئەوەندە توند بوو ناچار بوون شان بەشانی سوپاكانی كۆماری تورك دژ بە شێخ سەعید بچنە جەنگەوە. بەفیتی مەلا و شێخەكان سمایلاغای سمكۆی سەرۆك هۆزی شكاك، بەر لەوەی لەسەر دەستی ڕەزاشای شای ئێران ساڵی ١٩٣٠ لەناو ببرێ، لەو (١٥) ساڵەی دەورانی سیاسی خۆیدا، هێندەی دڕندایەتی نواند كە دەشێ بخرێتە ڕیزی خوێنڕێژی مێژوویی چون ئەتیللای هوونی یەوە. تەنها بۆ نموونە، سمكۆ هەندێ لە نوێنەرانی ئاسووریی كوردستانی باكووری بۆ گفتوگۆ و ڕاوێژكاری بانگ كردبوە لای خۆی، كەچی لەناكاوێكدا خاینانە هەڵیكوتایە سەریان و دوا یەكیانی كوشت بە پەتریاركی هەرە بەڕێزی ئاشووریەكان، بنییامین شەمعوونەوە كە لەو كاتەدا تەمەنی لە نەوەد ساڵ تێپەڕیبوو، دوایی خوێنەكەشی بە نیشانەی ڕق و كینەی ڕەشی لە پەتریارك، خواردەوە. سمكۆ بەشێكی زۆر لە ئۆباڵی ئەو لەكەیە هەڵدەگرێ كە بە مێژووی لێبوردەیی و دڵفراوانی كۆمەڵگای كوردەواریی كەوتوە.

ئەم بەسەرهاتانە لەپاش خۆیان لە كوردستان تەنها سەر هۆزە سەرەكیەكان و ڕابەرە ئایینییەكان، شێخ و مەلا و قلنیەكانیان لە گۆڕێ هێشتەوە بۆ داكۆكی كردن و سەراسوێ كردنی كوردان و ئاواتەكانیان. هیچ یەكێك لەمانە هی ئەوە نەبوون، لە دووریشەوە پا بەپای گەیشتن بە كاروانی تیژڕەوی گۆڕانكاریەكانی جیهان بڕۆن لەجیاتی پیاوی وەكو شەرەفەددینی بتلیسی، دەمڕاست و داواكەری كوردستانی سەربەخۆ لە كۆتایی جەنگی جیهانی یەكەمدا، هەندێ سەرۆك هۆزی، پاشەڵپیسی وشك و نەزان بوون وەكو سمكۆ كە بە "پیاوخۆر" ناویانگی دەكرابوو، یان مەلای وەكو شێخ سەعید، كە بە سەختگیری و سایشت تەسكی كوردە عەلەوییەكانی لە خۆی و لە بزووتنەوەكەی كردبوو بە دوژمن. ئا لەم دەرفەتە مێژووییەدا، كە نەتەوەكانی تر بەژیری و كارامەیی و ئاسۆی فراوانی دیدی سیاسیی سەركردەكانییان،

بەمرازی خۆیان دەگەیشتن و دەوڵەتی سەربەخۆیان بۆ خۆیان دادەمەزراند، سەرکردەکانی کورد توانا و یارای ئەوەیان نەبوو بە رەوایی مەسەلەکەیان کاربەدەستە ئەورووپاییەکان باوەڕمەند بکەن. ئەگەر بنەماڵە میرە کوردە دێرینەکان تا ١٩١٨ بمانایە، ئەم دەرفەتە زێڕینە بۆ گەیشتن بە ئاواتی مێژوویی، واتە دامەزراندنی دەوڵەتی میللی هەرگیز لەدەست نەدەچوو...

لە کاتێکدا کوردە سیاچارەکان ئەو دەرفەتە زێڕینەیان لە دەست چوو کە بە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم و بە داڕووخانی ئیمپراتۆریە گەندەڵەکان هاتبوە پێشەوە، کەچی لە ئاکامە شوومەماڵوێرانکەرەکانیدا بەشێکی زۆر گرانیان کەوتە سەر، بەرەی پێشەوەی جەنگی گەرم بەسەر کوردستانی باکوور و ڕۆژاوادا پاش و پێشی دەکرد و هەر لە فارسەوە دای کوتا تا دیاربەکری گرتەوە بەداهاتنی ساڵانی ١٩١٧ و ١٩١٨ هێزەکانی فەرەنسا و بریتانیا لەسەر خاکی کوردستان، دەستیان لە ناقرگەی یەکتر گیرکردبوو تەنها لە کوردەکانی ئەنەدۆڵ (٤٠٠) هەزار کوژراو کەوتەوە و سەرزەمینێکی زۆر فراوان وێران بوو (بڕوانە دیموگرافیا). هەرچی ئەرمەنی دانیشتووی هەرێمەکە هەبوو لە ڕەگ و ڕیشەوە دەرکران و بەقەتڵوعام و بەزۆر دەربەڕاندن دوایان بڕایەوە کوردستانی ناوەند و باشوور و ڕۆژهەڵات هەرچەندە کەمتر بەرکەوتن، بەڵام بەرتاڵان و بڕۆ وێرانکاریەکی زۆری دەغڵودان بە دەستی لە شکرەکانی ڕووس و عوسمانی و ئینگلیز کەوتن.

ساڵی ١٩١٨، کوردستان بوو بەسەرزەمینێکی وێرانی ژێرخان خاپوری کۆمەڵگا تەفر و تووناى، ئینتەلیجنسیا سەری لێشێواو لەم بەینەدا تەنیا سەرۆک هۆز و شێخە ئاینیەکان، وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون و بوون بە خاوەن و خاوەنداری ئەوەی مایەوە.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: Fleurian, *Estat présent de l'Arménie* (Paris, 1694); Tavernier, *Les six voyages* (Paris, 1676); V. Cuinet, *La Turquie d'Asie* (Paris, 1892); Martin van Bruinessen, "Kurdish Tribes and the State of Iran: the Case of Simko's Revolt," in Richard Tapper, ed., *The Conflict of Tribe and State in Iran and Afghanistan* (New York: St. Martin's Press, 1983); Martin van Bruinessen, *Agha Shaikh and State: On the Social and Political Organization of Kurdistan* (Rijswijk: Europrint, 1978); Ernest McCarus, "Kurdish Language Studies," *The Middle East Journal* (Washington, Summer, 1960); Ibn Bazzâz Ardabili, *Safwat al-Safâ*, ed., Ahmad Kasravi (Teheran, 1927); Sharaf al-Din Bitlisi, *Chèref-nameh [Sharafnâma] ou Fastes de la nation kourde*, translated by Charmoy, 2 vols. (St. Petersburg, 1868-75); Amir Hassanpour, "The Language Factor in National Development: The Standardization of the Kurdish Language, 1918-1985," unpublished doctoral dissertation (Urbana, Illinois, 1989); Carsten Niebuhr, *Reisebeschreibung nach Arabien und anderen umliegenden länder*, vol. 2, "Kurdes" (Copenhagen, 1766); John Perry, *Karim Khan Zand* (Chicago: Chicago University Press, 1979).

# مێژووی هاوچەرخ ١٩١٩-١٩٥٩

بیرۆكەی دەوڵەتی نەتەوەیی بە مانای مۆدێرن و لەسەر شێواز و سیستەمی ئەوروپا، كەم و زۆر، تا كۆتایی سەدەی (١٩) شتێكی باو نەبوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم شێوازە سیاسی ئەوروپایادە سەرنجی كوردانیشی وەكو هەموو نەتەوەكانی تری هەرێمەكە، لە دەمی كەرت بوون و لێكهەڵوەشانی ئیمپراتۆری عوسمانیدا، ڕاكێشابوو.

ئیتنۆناسیۆلیزم لەسەر شێوازی ئەوروپی، كە لە كوردستان حاجی قادری كۆیی ئاڵا هەڵگری هەرە دێرینی بوو، كۆمەڵێكی زۆری ڕووناكبیر و مودێرنستی كوردی بەدەوری خۆیەوە كۆكردبووەوە. ساڵی ١٨٩٨ ڕۆژنامەیەكی كوردی ئاڵا هەڵگری نەتەوەخوازی بە ناوی "كوردستان"ەوە لە ئەستەمبووڵ دەردەكرا. یانەی سیاسی و ئەدەبی كوردی هەروەها كۆمەڵەی كۆمەڵایەتی لەناو خاكی عوسمانییدا چالاكانە هەستی نەتەوایەتی كوردیان دەبزواند و بەگەرمی بۆ پاراستنی كەلتوور و كەسایەتی كورد تێكۆشان. ساڵی ١٩٢٠ كە ڕۆژنامەی كوردستان بەزۆر داخرا، گواستیەوە قاهیرە و لەوێ لە چاپخانەیەكی كوردییەوە "المطبعة الكردية- چاپخانەی كوردی"، كە كوردێكی بەهائی، محەمەد زەكی ئەلكوردی ناو كارگێڕی دەكرد، كەوتەوە دەرچوون (بڕوانە بابیەت و بەهائیەت). هەندەی پێ نەچوو، كوردستان دوو دەستە خوشكی تری بۆ هەمان ئامانج لە سولەیمانی هاتە پاڵ (بڕوانە چاپخانە و میدیای ئەلەكترۆنی).

دوو هۆ بوونە تەگەرەی پێش دروستكردنی دەوڵەتێكی نەتەوەیی كوردی پاش جەنگی جیهانی. یەكەم یەكێك لە دوو هۆیەكە ناوخۆیی بوو و بریتی بوو لە نەبوونی سیاسەتمەدار و دەوڵەتیاری باوەڕپێكرا و كە ئەو ڕێبازە بگرن كە جاران بنەماڵە میرەكان سێ سەدە لەوەپێش گرتبوویانە بەر ئەوی تریان، دەرەكیی بوو.

ودرۆو ویلسنی سەرۆك كۆماری ئەمەریكا بەتوندی پشتگیریی لە سیاسەتی بەرەودان بە (مافی دیاریكردنی چارەنووس) بۆ هەموو ئەو نەتەوانە دەكرد كە لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریە هەڵوەشاوەكانی ئەڵمان، ئەوستریا و عوسمانیدا دەژیان. لەسەر ئەم بنەمایە ئەو بەئاشكرا و بەیتا بەیتا پێی لەسەر ئەوە دادەگرت كە دەبێ دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ "عەرەبەكان و

ئەرمەنیەکان و کوردەکان" دابمەزرێ. پەیمانی سیڤرە (١٠ی ئابی ١٩٢٠) کە ئیمپراتۆری لە جەنگدا تێڕاوی عوسمانیی هەڵوەشاند، بەراشکاوی دانی بەم مەسەلەیە داناوە و لە بەشی سێیەم، برگەکانی ٦٢-٦٤یدا داوای دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لەسەر سەرزەمینە کوردەکان کردووە.(بڕوانە نەخشەی ژمارە ٢٣). برگەی (٦٤) دەڵێ: ئەگەر لە ماوەی ساڵێکدا لەکارابوونی ئەم ڕێککەوتننامەیەوە ئەو کوردانەی لەو ناوچانەدا دەژین کە لە برگەی ٦٢دا، باسکراون (واتە ڕۆژاوای کوردستان) خۆیان بە کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی گەلان (عصبة الأمم) ڕاگەیاند کەوا زۆربەی دانیشتووانی ئەم سەرزەمینانە ئارەزووی سەربەخۆییان لە تورکیا هەیە و دوای ئەوە کۆمیسیۆن هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەم گەلانە توانای ئەو بەڕێوەبردنەیان هەیە، و ڕاپسپارد کە بدرێ پێیان، تورکیا بە گوێرەی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەبێ ئەو ڕاسپاردەیە جێبەجێ بکات و دەست لە هەموو ماف و داواکاریەك لەسەر ئەم ناوچانە هەڵبگرێ.

دانانی ڕێ و شوێنی ئەو دەست هەڵگرتنانە دوایی لەنێوان هێزە هاوپەیمانەکان و تورکیا لە ڕێککەوتنێکی جیادا دەستنیشان دەکرێ. هەر کاتێ ئەو دەست هەڵگرتنە هاتە دی، هێزە هاوپەیمانەکان هیچ نارەزاییەکیان دەربارەی ئەوە نابێ کە هەر بەشێکی تر بەخواستیی خۆی خۆی بخاتە پاڵ ئەو دەوڵەتە کوردە سەربەخۆیەی ئەو بەشەی کوردستان کە تا ئێستا لە چوارچێوەی ویلایەتی مووسڵدا بووە، (کە کوردستانی ناوەندی پێك دەهێنا).

ئەم پەیماننامەیە لەلایەن دەوڵەتی سوڵتانی عوسمانلیەوە لە ئەستەمبووڵ کە لە گیانەلادابوو ئیمزا کرا. بەڵام ئەو دەوڵەتەی پاش ئەو دامەزرا، واتە کۆماری تورکیای تازە دامەزراو بە ڕابەرایەتی مستەفا کەمال پاشا (کە دوایی ناوی نرا ئەتاتورك واتە باوکی تورکان) خۆی بە پابەندی نەزانی، بۆیە برگەکانی پەیماننامەی سیڤرە هەرگیز چاویان بە دیداری جێبەجێ کردن ڕوون نەبوەوە.

ئینگلیز و فەرەنسییەکان کە دەوڵەمەندترین و ئاسانترین بەشە ناتورکەکانی سەرزەمینی عوسمانلییان هەڵلوشیبوو، هەوڵیان دا وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەرخولە چەورەکە ڕاکێشن بەوەی مافی خاوەنداریەتی ئەرمەنستان و کوردستانی بدەنێ، بەڵام وڵاتەیەکگرتەوەکان نەیتوانی ئەمە بکا.

بە هەرحاڵ، ساڵی ١٩٢١، مەگەر تاك و تەرا، ئەگینا ئەرمەنی پێ بوترێ لە ئەرمەنستانی ئەنەدۆڵ نەمابوو، چونکە قەتڵوعام و بەزۆر دەربەڕاندنی بەکۆمەڵ، کەس بوێرێ نەکرد، ئەرمەنستانی سۆڤیەتی لێدەرچێ، ئەرمەنستانی دێرینی مێژوویی پانەویان بە تەنیا بۆ کوردەکان مایەوە، و ئەگەر دەوڵەتێکی ئەرمەنیش وەکو ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە دروستیش بکرایە ئەوا زۆرینەی زۆری دانیشتووانەکەی کورد دەبوون (نەخشەی ژمارە ٢٤).

G E O R G I A
Tiflis
REPUBLIC
OF
AZERBAIJAN
Ganja
Gumru
Trabzon
Kars
Yerevan
A R M E N I A
Sivas
Erzincan
Erzurum
OTTOMAN
TURKEY
Darsim
K U R D I S T A N
Bitlis
Van
Tabriz
Maras
Adana
Diyarbakir
Antep
Urfa
Amadiya
PERSIA
FRENCH
MANDATE OF
SYRIA
Aleppo
Mosul
VILAYET
OF
MOSUL
Arbil
Sauj Bulagh
Kirkuk
Garrus
Senna
Hamadan
Kirmanshah
BRITISH
MANDATE
OF IRAQ
BAGHDAD
نەخشەی ژمارە (23): ئەو نەخشەیەی ساڵی921 پەیمانی سیڤرە
بۆ كوردستانی سەربەخۆ داینابوو
ئەو سنوورەی بۆ كوردستانی سەربەخۆ پێشنیار كرابوو كە لە
ئابی1921دا بخرێتە گشتپرسییە .
سنووری ناوچە كوردنشینەكانی ویلایەتی مووسڵ، كە سەریشكی
یەككگرتن لەگەڵ كوردستانی سەربەخۆی پاش ئابی1922كرابوون
ئەو سەرزەمینانەی لە 1919 دا زۆربەی دانیشتووانیان كورد بوون.
ئەو سنوورانەی بۆ ئەرمەنستانی سەربەخۆ پێشنیار كرابوون.
سنووری ئێستای دەوڵەتەكان




نەخشەی ژمارە (24): کوردستان و ئەرمەنستان دوابەدوای جەنگی جیهانی یەکەم

كونگریسی ئەمەریكا خاوەنداریەتەكەی ڕەتكردەوە، ئەو هۆیانەی كە كۆنگرێس دانی ئەمانە بوون: ١) دەبوە مایەی تێوەگلانی ئەمەریكا لە شەڕی كۆلۆنیالی جیهاندا و چەقین لە زەلكاوەكانیدا، لە كاتێكدا ئەمەریكا خۆی ولاتێكی دوورەپەرێز بوو، ئەو تێوەگلانەش هیچ سوودێكی پێ نەدەبەخشی ٢) چ كوردستان چ ئەمەریكا، زۆر لێك دووریوون و هیچ پەیوەندییەكی دەریاییان پێكەوە نەبوو ٣) تێوەگلانەكە بێ سوودبوو، چونكە بریتانیا بڕیاری دابوو كوردستان ببەستێتەوە بە خۆیەوە و بەو جۆرەش بهێڵێتەوە، تا سامانە نەوتیەكەی هەموو بكاتە گیرفانی خۆیەوە (بڕوانە stvers 1982) كە ولاتە یەكگرتووەكان نەیتوانی خاوەنداریەتی كوردستان بكا، ئیتر بریتانیا، كە بەتاكە سواری مەیدان مایەوە، ئەوەندەی تری لە خاكی كوردستان كە بە چەوری دەزانی خستە سەر قەڵەمڕەوی خۆی، ئەوەبوو هەموو ویلایەت (هەرێمی) مووسڵ (ناوەندی كوردستان)ی كە كۆنە خاكی عوسمانیی بوو، بە ناوچەی كوردنشینی كەركووكەوە كە هەر گۆشەیەكی لە نەوتدا بلقی دەدا كردە ماڵی خۆی، سەرزەمینەكە هەموو خرایە سەر ولاتی عێراق كە بە ناوە عەرەبی و لە ڕاستیدا لەژێر خاوەنداریەتی بریتانیادا بوو لە پاڵ بڕیارێكی كۆمەڵەی گەلان (عصبة الأمم) دا كە دەبێ ڕێز لە ئارەزووە نەتەوەیی و ئەتنییەكانی گەلی كورد لەلایەن بەغدادەوە بگیرێ.

لە (٢٤) ی حوزەیرانی (١٩٢٣) دا ڕێككەوتننامەیەكی تر لە لۆزان (سویسرا) ئیمزاكرا كە هەموو سەرزەمینی ئەنەدۆڵی، بە كوردستانی باكوور و ڕۆژهەلاتەوە، كردە مولكی توركیا. ڕوون و ئاشكرابوو كە كوردستانێكی سەربەخۆ لە ئەنەدۆڵ بێ هیچ گومانێك دەبووە مایەی شلكردنی چنگی بەریتانیا لە كوردستان و گەنجینە نەوتیە بێ بنەماكانی (Nash-1976)، لەبەر ئەمە بریتانیا بە خۆشییەوە ڕێ خۆشكەریی بۆ كۆماری تازە پێگرتووی توركیا كرد دەست بەسەر بەشەكەی تری كوردستانی عوسمانییدا بگرێ. لە پەیماننامەكەدا، بۆ ئەوەی دەوڵەتە ئەوروپاییەكان بە یەكجاری ئابڕوویان نەچێ و بۆ ئەوەی نەوترێ كە بە یەكجاری بڕیارنامەكانی و ویلسنیان لەمەڕ مافی چارەنووسەوە بۆ كەمینە نەتەوەییەكان خستۆتە ژێر پێوە، هاتن لە بڕگەكانی ٣٧–٤٤ ی پەیماننامەكەدا هەندێ گوایە دەسەبەركارییان بۆ مافی كەمینەكان دانا، كەچی ئەوەی جێی سەرسووڕمانە لەو بەلگەنامەیەدا، ناوی هیچ یەكێك لەو كەمینە ئەتنیانە نەهێنراوە كە فرێ درانە ژێر دەستی توركانەوە.

لەپەنای ئەوەدا کە برگەی ٣٨، مافی ئایین و بەجێهێنانی داب و نەریتی بۆ هەموان دەستەبەر کردووە، هەروەها ئازادی گواستنەوە و کۆچکردن بۆ نامسوڵمانان، برگەی ٣٩ ئازادی زمانی بۆ هەموو پێکهاتە ئەتنییەکان دەستەبەر کردوە و دەڵێ:

هیچ سنوور بەندییەك نابێ لەسەر بەکارهێنانی هیچ زمانێك لەلایەن هاوولاتیەکی تورکەوە دابنرێ لە گفتوگۆ کردنی تایبەتیدا لە بازرگانی و ئایینی و چاپەمەنی یان بلاوکراوەی هەمە جۆرەدا یان لە کۆبوونەوە گشتیەکاندا، لەگەڵ بوونی زمانی ڕەسمیدا، دەبێ ئاسانکاری تەواو بۆ ئەو هاوولاتیە تورکانە بکرێ کە بە زمانی تورکی نادوێن، زمانەکەیان بۆ قسەکردن لەبەردەم دادگاکاندا بەکاربێنن.

بۆ بەرگرتن لە دەرکردنی یاسای تر لە تورکیا کە ببێتە مایەی پووچەڵکردنی ئەم دەستە بەرییانە.

برگەی ٣٧ دەڵێ: تورکیا ملکەچ دەبێ بۆ ئەوەی هەر ئەندامێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان مافی ئەوەی هەبێ کە سەرنجی ئەنجومەن بۆ هەر شکاندن یان مەترسی شکاندنێك ڕابکێشێ کە بکەوێتە سەر هەر یەکێك لەم پابەندیانەو کەوا لەو کاتەدا ئەنجومەن بۆی هەیە کردەوەی وابکات یان فەرمانی ئەوتۆ بدات کە بەباش و پێویستی بزانێ لەو بارودۆخەدا.

بە هەرحاڵ، تورکەکان کە دەیانزانی هێزە هاوپەیمانەکان ئەوەندە لەسەر ڕەچاو کردنی برگەکانی ٣٨–٣٩ پێداگرنین، فەرمانێکیان لە (٣)ی مارتی ١٩٢٣دا، واتا لە ساڵێ کەمتر دوای ئیمزاکردنی پیماننامەکە دەرکردوو بەگوێرەی ئەو فەرمانە هەموو قوتابخانە و ڕێکخراوە و چاپەمەنی، هەروەها قوتابخانە و کۆمەڵە ئایینیەکانیان قەدەغە کرد. ساڵێك دوای ئەوە، واتا لە شوباتی ١٩٢٥دا، کوردەکانی ئەنەدۆڵ یەکەم زنجیرەی ڕاپەرینی خوێناوی فەلاکەتباریان دژ بەکوتەڵە کۆمارەکەی تورکیا بەرپاکرد.

ئەم یاخی بوونە گشتیە بە سەرکردەیی شێخ سەعیدی ڕابەری[16] ڕێبازی سۆفیگەریی

[16] دوکتۆر جەبار قادر لە بارەی ڕابەرایەتی شۆڕشەکەوە دەڵێ: "... هەروەها سەرکردەی ڕاپەڕینەکە شێخ سەعیدی پیرانیان، کە تەنها بە هەڵکەوتوو بەهۆی بەرپابوونی پێش وەختی ڕاپەڕینەکەو دەسگیرکردنی سەرکردە ڕاستەقینەکانییەوە بەرلەوەی بگەنە ناوچەکانی سەرهەڵدانەکە، خۆی لە جێگەی کەسی یەکەمدا بینییەوە، دوای دیلکردنی فەیلکرد بۆ ڕزگارکردنی سەری خۆی، کە بەدی نەهات، سرووشتی نەتەوەیی و کوردایەتی بزافەکە بشێوێنێ و بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەو و هەڤاڵەکانی بۆ ئیسلام و گەڕانەوەی خیلافەت و سەڵتەنەت لەسەریان هەڵداوە -- وەرگێڕ (بڕوانە: دۆزی کورد لە تورکیا، دوکتۆر جەبار قادر، ڕۆژنامەی ڕێبازی ئازادی ژمارە(٢٥٧)ی ٢٠٠٤/١٢/٢٨).

سوننی نەقشبەندی کرا کە خۆی بە بنەچە کوردێکی دیمیلی بوو (بڕوانە ڕێبازە سۆفیەکان)، هەرچەندە یاخیەکان زۆربەی ناوچەکانی دیاربەرکر و دەرسیم و ئەلازیگیان گرتبوو لە مارتی ١٩٢٥دا، ڕکەبەرکێی ناو هۆزەکی ڕاپەڕینەکەی پەکخست ئەوەندەی پێنەچوو سوپای کۆماری تورکیا شۆڕشەکەی دامرکاندەوە و شێخ سەعید و چەند کەسی لە فەرماندە سەرەکیەکانی لە حوزەیرانی هەمان ساڵدا لە سێدارەدران.

ئەم ڕاپەڕینە زیاتر لەوەی ڕاپەڕینێکی نیشتمانی کورد بێ، تا ڕادەیەك بگرە ئەولاتریش کاردانەوەیەکی ئایینی بوو بەرامبەر بە پرۆگرامە دنیادارییەکانی ئەتاتورك لە کارەساتەکەدا کوردە عەلەوییەکان بەگشتی پشتی کۆمارە دنیادارەکەی ئەتاتورکیان گرت. چونکە دیسانەوە لە ڕوودانەوەی قەتڵوعام و ڕەزالەتەکانی ١٨٨٠ کانی شێخ عوبەیدوڵا دەترسان ئەمجا لەمەر دەستی شێخ سەعید (ئەمە هەرگیز مانای ئەوەنیە کە کوردە عەلەوییەکان لە کوردەکانی تر کەمتر نیشتمان پەروەر بوون. ڕاستییەکەی ئەوان خۆیان بوون کە یەکەم ڕاپەڕینی نیشتمان پەروەرانەی پاش جەنگی جیهانیی یەکەمیان بەرپا کرد هەرچەندە مەیدانی شۆڕشەکەیان تەسکتربوو، ئەوەبوو ساڵی(١٩٢٠) هۆزی گەورەی قۆچگیری عەلەوی ڕاپەڕی و ئالای شۆڕشی هەڵکرد، جگە لەمە، هەر ئەم عەولەویانە خۆیان دوایی بوون بە قوربانیی دڕندانەترین هێرشی دژ بە کورد کە کۆماری تازەی تورکیا ساڵی ١٩٣٧– ٣٨ لە قەسابخانە بەناوبانگەکەی دەرسیمدا کردی، وەکو لە خوارەوە باسی دەکەین بە هەرحاڵ ڕاپەڕینە سەراپاگیرەکەی ساڵی (١٩٢٥)ی شێخ سەعید تەنها پێشەکییەك بوو بۆ ئەم ڕاپەڕینە.

ساڵی ١٩٢٧[17] دەستەیەك کورد لە ڕووناکبیرانی ئەریستۆکرات و نوێخوازی (کە تێیاندا چەند سەرۆك هۆز و کوڕ و کوڕەزای بنەماڵە میرنشینە کۆنەکانیش هەبوون) کە لە پاریس یان بە ڕەهەندەیی یان بەشێوەی تر دەژیان، حیزبێکی سیاسییان دروستکرد بەناوی خۆیبوونەوە (بەهۆیبوون یان هویبونیش– واتە سەربەخۆیی– ناسرابوو) پاش هەرەسهێنانی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید، ئەوان لە لوبنانەوە ساڵی ١٩٢٧ بانگی دروستکردنی حکومەتێکی دوور وڵاتیی کوردییان دەرکرد و کەوتنەخۆ بۆ پەیداکردنی پشتگیریی جەماوەر بۆ ڕاپەڕینێکی چەکدار لەگەڵ داهاتنی ساڵی ئاییندەدا.

---

[17] خۆیبوون ساڵی ١٩٢٧ دامەزرا – د. کەمال مەزهەر

ڕاپەڕینەکەی خۆیبوون لەوەی شێخ سەعید جیابوو، بەوەی کە سایشتێکی نوێخوازانەی بەرامبەر مەسەلەی نەتەوایەتی کورد هەبوو و هەوڵیان دەدا کۆتایی بە ڕکەبەرکێی نێوان هۆزەکان بهێنن و دەوڵەتێکی یەکپارچەی سەربەخۆی کورد پێك بێنن کە ڕێبازی دنیادارانەی هەبێ. دانەر و دارەڕاکەی ئەم ڕێبازە نوێ و سەردەمیانەیە، دوو ڕۆڵەی سەرتۆپی بنەماڵەی میرزادەی ڕۆژەکی بەدرخانی بتلیس سورەییا و کامەران بوون کە ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو، لە دەرکردنی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی، کوردیدا تا هاوڵاتیەکانی خۆیان بەگیانی نوێخوازی و پێداویستیەکانی تری خەباتی سەردەم پاراو بکەن (بڕوانە چاپەمەنی و میدیای ئەلکترۆنی).

هێزەکانی خۆیبوون بەسەرکردایەتی ژەنەراڵ ئیحسان نووری پاشا کە کۆنە ئەندامی بزووتنەوەی تورکە لاوەکان بوو زوو بەزوو بتلیس و وان و زۆربەی ناوچە شاخاوییەکانی گرت، هەر لە دەورووبەری دۆڵی وانەوە تا دەگاتە چیای ئەرارات، بەڵام سەرکەوتنەکانیان زۆرخایەن نەبوو.

کوردەکانی دەرەوەی ئەرارات وەکو شێخ ئەحمەدی بەرزانی لە کوردستانی عێراقی ئێستا، جۆرە یارمەتیەکی سەربازی خۆیبوونیان دا، بەڵام هێندەی پێ نەچوو لەژێر فشاری تورکیادا، ئینگلیز و فەرەنسییەکان کەوتنە تەگەرەسازی لێیان و یارمەتیەکەیان پێیان وەستاند دوای ئەوە حکوومەتی ڕەزاشای ئێرانیش ئەو دەستی یارمەتیەی کێشایەوە کە بۆی درێژ کردبوون. دەستکێشانەوەکەی ئێران بەرامبەر بە هەندێ دەستگرتنەوەی سیاسی و زەمینی تورکیا بوو بۆی، ئەوەبوو تورکیا وازی لە دەشتی پان و بەپیتی دوستان و بڵندایییە ستراتیژیەکانی قوتووری باکووری ڕۆژاوای ورمێ بۆ ئێران هێنا (گوایە تورکیا لە بەرامبەردا لووتکەی ئەرارات دەسکەوت کە گشت کەسێ دەزانێ هیچ بایەخێکی نیە) کە یارمەتی دەرەکیی لێ بڕا، شۆڕشەکە لە هاوینی ساڵی ١٩٣٩دا لەلایەن سوپای تورکەوە تێکشکێنرا. تورکەکان ڕێگایان درابوو سنوورەکان ببەزێنن تا بتوانن دواشوێنە قایمەکانی شۆڕشگێڕەکان لە چیای ئەرارات‌دا داگیرکەن. ژەنەراڵ ئیحسان نووری پاشا خۆشی ناچار بە پەنابەندەیی هەتاهەتایی کەوتە تاران (بڕوانە نووری پاشا ١٩٨٦).

پاش تێکشکانی هەڵگەڕانەوەکە، بەرنامەیەکی دامرکاندنەوەی خێرا لەسەرزەمینە کوردنشینەکانی تورکیادا خرایەکار. بێڕەزایی کردارە سوپاییەکانی تورکەکان ئەوەندە لە

ڕادەبەدەر بوو، كە هەموو ناوچەكەی كرد بە دۆزەخێكی لەوزە بەدەر، قـەتڵوعام و وێرانكردنـی دڕندانە شوێنبیری نەكرد. شوێنێكی دوور دەستی شاخاوی وەكو دەرسیم، واتـە ناوچەرگـەی هـەرێمی كـوردە دیمیلییـەكان و مەڵبەنـدی جـەنگاوەرو میرنـشینە دیمیلییـەكانی سـەدەی ناوەڕاست خاپوركراو بوو بە وێرانە.

بەهاری ساڵی ١٩٣٧ سوپای تورك هێرشێكی "بنەبڕ"كەرانەی بـردە سـەر هەرێمەكـە، لـەم هێرشـەدا چـەك نـەما نەخرێتـەكار، بـە گـازی ژەهـراوی و تۆپخانـەو تەنانـەت بۆمبـارانی ئاسمانییـشەوە لـە تـشرینی یەكـەمی (١٩٣٨)دا گشت ناوچـەكە، كـە تـەنها گومـانی ئـەوەی لێدەكرا هاوسۆزیی لەگەڵ شۆڕشەكەدا، "دامركێنرایەوە".

بە هەزارەها كەس كە خۆیان كوتـابووە ناودارسـتان و بڕوونیەكانـەوە لەناوچـوون، دەیـەها ئاوایی نشین خۆیان لە بڵندابییەوە هەڵدێراو مردن. ژن و كچێكی زۆر خۆیان فڕێدایـە نـاو ئـاوەوە خنكان تا خۆیان لە ناموس شـكێنی لەسـەر دەسـتی سـەربازە توركـەكان بپـارێزن، دەرسـیم ئەوەندە بێ بەزەییانە سەراپا خاپوور كرا، كە تەنانـەت ڕۆژنامـە توركـەكان هـاواری "دەرسـیم نەما"[١٨] یان لێوە بڵندەوە بوو، ئەمان هەمان قسەكانی سیپیۆی ژەنەراڵی ڕۆمیان بەكارهێنا كـە دوو هـەزار سـاڵ لەوەبـەر پـاش خـاپووركردنی شـاری كارتـاگ وتبـوونی (بڕوانـە سافرڕاسـتیان ١٩٤٨/٨٧) ئیتر لەوە بەدوا ململانێی چەكدار تا ساڵی ١٩٨١ لە كوردستانی توركیـا ڕووی نـەدا (نەخشەی ژمارە ٢٥).

ئەو لە كزیدانـەی، لـە ژمـارەی دانیـشتووانی كـوردی توركیـادا ڕوویـدا، كـە سـەرەتا لەبـەر كوشت و كوشتار و لە (٩٤٠)یش بەدواوە لەبەر كەمی زاوزێی سرووشتیی بـوو، لـە (١٩٥٠)كانـدا نیشانەی دەركەوت بەوەی كە كۆمەڵگای كوردەواری بەرەو توانـەوە و لـەناو چـوون دەبـا. كـە هەستیان بەمـەكرد، هـەردوو سـەرۆك وەزیـر، مەنـدەریس و بایـار گوریـسی هەنـدێ سیاسـەتی سەختگیرانەی كۆنیان شلكرد، تەنانەت هەندێ چاپەمەنیش بـە زمـانی كـوردی ڕێـی پێـدرا بـە هـەرحاڵ، ئـەو كـەم برشـتیە دیمۆگرافیـە دەركـەوت تـەنها شـتێكی كـاتی بـووە، چـونكە هـەر هەندەی نەبرد مەكینەی كارای زاوزێكاری كورد كەوتەوە خۆ، بـەڵام چ كەوتنەخۆیـەك، (بڕوانـە دیموگرافیا).

یەكەم بەڵگەی هەستپێكراوی دەوڵەت لە بـارەی ئـەم برشـت چـاكییەی وەچـی كوردانـەوە

---

[18] (١) De Lenda Est Dersimo- بڕوانە "كورد و كوردستان" نووسینی نارشاك سافرڕاستیان وەرگێڕانی ئەمین شوان لە ئینگلیزیەوە — ل ١٣٢.

لەوەدا دەرکەوت، کە ئیتر لە ئامارگیرییە گشتییەکان دانیشتوواندا، باسی ڕەگەز و نەتەوە وەلانرا.




ڕژێمە عەسکەریەکەی جەمال گورسەل کە لە کودەتاکەی ١٩٦٠ هێنرایە سەرمەکۆی دەسەڵات، سیاسەتە کۆنە سەختگیرانەکانی خستەوە کار تا گوایە سنوور بۆ ئەو بەرزبوونەوەیە دابنێ کە لە ژمارەی دانیشتووانی کورددا هاتبوە دی. ئەوەبوو چەند کۆمەڵە

هۆزی كورد لە وڵاتی خۆیان جێلەق كران و گوێزرانەوە و لەنێوان ساڵانی ١٩٦١ تا ١٩٦٣ دا، ٢٦ ڕووناكبیری كورد لە سێدارەدران. ئەو چەند حكوومەتە یەك لەدوای یەكەی كەلە دوادوای (١٩٦٠)ە كاندا هاتنە سەركار، بەشێوەی جیا جیا سەودایان لەگەڵ مەسەلەكەدا كرد، هەندێكیان بەرنامەی یەكجار توندیان گرتەبەر و هەندێكیان، ئەو توندكاریەیان خاوتر كردەوە كە لە سەردەمی گۆرسەلدا خراپوە كار.

لە عێراقدا، هەر لەو دەمەوە كە حوكمی خاوەنداریەتی بریتانیا داسەپێنرا، بریتانیەكان كەوتنە شێوە ڕەفتارێك لە بەرامبەر نەحەوانەوەی كوردەكاندا لە باكوور. بەهەرحاڵ، كوردەكان هەرگیز لەگەڵ هێزە ئیمپریالیەكانی بریتانیادا كە چ لەڕووی بابەتی كەرەستەی جەنگی مۆدێرن چ لە ڕووی ژمارەوە چەند جار بەسەر ئەواندا دەشكایەوە، نەدەخرانە تای تەرازووی بەراوردەوە. ڕاستییەكەی، دەساڵ بەر لەوەی توركەكان هێزی ئاسمانی لە دەرسیم دژ بە كوردەكان بەكاربهێنن، كوردەكانی عێراق بوون بە یەكەم ئامانج لە مێژوودا كە هێزی بوردومانكەری ئاسمانی بۆ بەكاربهێنرێ، كاتێ كە هێزی شاهانەی ئاسمانیی بریتانیا لە عێراق گوندنشینە كوردەكانی كوردستانی ناوەندی بۆمباباران كرد (Olson 1980، 163).

لە باكووری عێراق، ساڵی ١٩٢٢ حكوومەتێكی كوردی، لەلایەن شێخ مەحموودەوە ڕاگەیەنرا شێخ مەحموود، هەرچەندە بەبنەچە نەدەچووەوە سەر كۆنە بنەماڵە میرە كوردەكان، بەڵام ئەو ڕۆڵەی بنەماڵەی بەرزنجەیی بوو، كە بنەماڵەیەكی ناسراوی ڕابەری ڕێبازی سۆفیگەری قادریین بۆیە لەو كاتەدا كە خۆی لە سیاسەتیش ئەسوو، پشتی بە پشتگیرێكی بەتوانای ئایینییش ئەستوور بوو. پێگای شێخ لە بەشی باشووری كوردستانی عێراق و شوێنێك بوو كە بە كرمانجی باشوور دەدوێن و كەمتر خێڵەكی و زیاتر شارستان نشینن ئێستا ئەوێ بە پێگەی جەلال تاڵەبانی و یەكێتی نیشتمانی كوردستان دەخوێندرێتەوە، (بڕوانە پارتە سیاسیەكان). لەسەرەتاوە، شێخ مەحموود لەلایەن بریتانیەكانەوە كرا بە دەسكەلا بۆ ڕاگیركردن و سەراسوێی كردنی كوردەكان بۆیان، لەو خاوەنداریەیان لە عێراقدا كە تازە گرتبوویانە ئەستۆ بەڵێ ئەو، كارەی كرد، بەڵام نەك بۆ بریتانیەكان، بۆیە دەسوبرد گرتیان و یەكسەر سوورگوونی هیندستانیان كرد و تا ساڵێك لەوێ هێشتیانەوە. ساڵە و دوا خۆیان بە هیوای ئەوەی ماڵییان كربێ هێنایانەوە، ئەو لەجیاتی ئەوە، ساڵی ١٩٢٢

سەربەخۆیی کوردستانی لەژێر ئاڵای "بزووتنەوەی کوردستانی ئازاد"دا ڕاگەیاند و خۆشی بە "مەلیکی کوردستان" جاڕدا.

لە ماوەی دوانزە ساڵ شەڕ و شۆڕدا، شێخ مەحموود ئەوەندەی لەگەڵ سەرۆک هۆزە کوردەکاندا یەخەگیربوو، ئەوەندە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا نەبوو. لە وڵاتی سلێمانی بەولاوە کە مەڵبەندی خۆی بوو، سێبەری دەسەڵاتی بڕی نەدەکرد، ئەو نوێنەری کۆمەڵگای کۆن بوو و نا کۆکیەکی زۆریشی لەنێوان ڕووناکبیر. کوردەکاندا نایەوە، کە تۆباڵی گرفتاریەکانیان دەخستە ئەستۆی ئەو بیر و باوەڕانەی شێخ مەحموود و کۆنینەکانی چون ئەوهاییان بۆ دەکرد و پشتگیرییان لێدەکرد. بۆ سەرەک هۆزە کوردەکان ئەوەندە گرنگ نەبوو ئەو نیمچە سەربەخۆییەی کە هەیانبوو لەژێر سایە و سێبەری شێخ مەحموود دابێ یان هی لەندەن یان بەغدا یان ئەنقەرە پشتەڵەکی ئایین بەهێزی شێخ مەحموود لای ئەوانەی لەسەر ڕێبازی سۆفیگەریی قادری سوننی نەبوون، ئەوەندە جێی بایەخ نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، سێر ئارنۆڵد ویلسنی ئەفسەری سیاسی بریتانیا لە بەغدا لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێ: "سەرەڕای هەموو ئەم تەگەرانەش چوار کەس لە پێنجی لە خەڵکی کوردستان پشتیوانی لە پلانەکانی شێخ مەحموود دەکەن بۆ سەربەخۆیی کوردستان (Wilson 1931، 137).

لەو چەندانەدا، هێزەکانی ئەتاتورک ڕژابوونە ویلایەتی مووسڵەوە (هەرێمی کوردستان) بۆ پشتیوانیکردنی داواکاری تورکەکان لەسەرخاوەنیی هەرێمەکە، ئەمەش دژ بە پلانەکانی بریتانیا بوو زۆریەی کوردەکان ئەوەندە بیرەوەری تاڵیان لەسەر دەستی ناسیۆنالیستە تورکەکان و هەوڵی دنیاداری ئەتاتورک تێکەڵاو بەدڕندەیی ناو بانگدەرەوەی سوپای تورک لە ناوچەکانیاندا هەبوو، کە هەموو پشتیان لێکرد و شان بەشانی ئینگلیزەکان ڕووبەڕووی سیاسەتی دەست تێوەردانی ئەنقەرە بوونەوە، هەر لەم ڕەوشەوە لە شێخ مەحموودیش تاکانەوە، چونکە ئەو هێشتا هەر دووژمنی ئینگلیزەکان بوو. ئەوەبوو ساڵی ۱۹۲٤ سولەیمانی پایتەختی شێخ مەحموود خۆی بە دەستەوەدا.

ساڵی ۱۹۲٦ کۆمیسیۆنێکی "کۆمەڵەی گەلان"، پاش باسکردنی ڕەفتاری دڕندەئاسای تورکان بەرامبەر ئاشووریە مەسیحیەکان و کوردەکان لەو ناوچانەدا کە ناکۆکیان لەسەر بوو، ویلایەتی مووسڵی دا بە عێراق و ئەو حکوومەتەی کە ئینگلیزەکان دەیانگێڕا. کۆمەڵە داوای لە

عێراق كرد، ئۆتۆنۆمی فەرهەنگی و كۆمەڵایەتی بۆ هەرێمە كورنشینەكان دەسەبەربكا.

شێخ مەحموود ناشیانە لە هیوای ئەوەدابوو كە كوردستانی ناوەندی وەكو شانشینێكی سەربەخۆ لەلایەن كۆمەڵەی گەلانەوە بدرێتێ و بۆ ئەم مەبەستە بارەگای گواستەوە ئێران تا سەرلەنوێ دەستكاتەوە بەچالاكی. لەوێ لەشاری مەریوانی رۆژهەلاتی كوردستانەوە بانگی شۆڕشی هەڵدا، كە لەوێ لەلایەن هێزەكانی ئێرانەوە هەڵكەندرا، ناچار گەڕایەوە سولەیمانی، كەچی دیسانەوە تووشی بەرهەڵستی هات لەلایەن ئینگلیزەكان و لە بەهاری (١٩٢٠)دا راپەڕینەكەی دامركێنرایەوە.

لە ساڵی (١٩٢٧)یشدا بەشی باكووری، بەكرمانجی باكوور دووی كوردستانی عێراق بوو بە گۆڕەپانی راپەڕینێكی تر، كە زۆر سرنجكێش بوو. رابەرایەتی ئەم راپەڕینە لەلایەن سەركردەی ئایینی پایەبەرز و خۆشەویستی هۆزی بەرزان شێخ ئەحمەدەوە دەكرا، ئەو براگەورەی سەركردەی سیاسی بەناوبانگی كورد ژەنەراڵ موستەفا بارزانی بوو لەهەمان كاتیشدا رابەری رێبازی سۆفیگەری دەسەلاتبلاوی نەقشبەندی بوو. شێخ ئەحمەد بەریەرەكانێی ئینگلیزەكان و توركەكان و عەرەبەكان و بگرە هەندێ كوردی خۆولاتیشی كرد (هۆزی نەیاری برادۆست).

وەكو ئەو هەموو نەیارە كەم بن، شێخ بەرەنگاری ئیسلامەتی ئادەتییش بووەوە بەوەی بانگی ئایینێكی نوێی هەڵدا كە بریتی بوو لە تێكەڵكێشی كردنی ئایینەكانی مەسیحیەت و جوولەكە و ئیسلام لەیەك ئاییندا. لەوانەشە ئاواتی شێخ یەككگیركردنی كوردەكان بوویێ لەرووی ئایینەوە، بۆیە هەندێ بابەتی لە ئایینی كۆنی تیرەی فریشتەكانیشی دەخستە ناو ئەو تێكەڵە ئایینیەوە و خۆشی وەكو بەرجەستەكەری گیانی گەردوونیی نیشان دەدا، (بڕوانە تیرەی فریشتەكان) (لەم داوایەدا ئەو تاكە كەس نەبوو، ساڵی (١٩٣٩) سولەیمان مورشیدی رابەری عەلەوی نوسەیری داواكاری بەرجەستەكەری ئاسمانیی بۆ خۆی هەڵدا) (بڕوانە حۆرانی ١٩٤٧- ٨٨).

پاش چەند ساڵێ یەك لەدوای یەكی شەڕ و شۆڕ، هێزەكانی بریتانیا توانیان هێزەكانی شێخ ئەحمەد بشكێنن. هێزەكانی عێراق و بریتانیا، لەلایەن هێزی ئاسمانی شاهانەی بریتانیاوە بە توندی پشتگیری دەكرا، تەنها دەركەوتنی تارمایی ڕەشی بۆمبا هاوێژەكان زەندەقی گوندنشینە كوردەكانی دەبرد گەلێ زیاتر لەو وێرانكاریەی بۆمباكانیان لەگیان و ماڵی

ئەو خەڵکەدا دەیکرد.

بەشــکاوی، شــێخ ئەحمــەد ڕووی کــردە تورکیــا، بــەڵام دوای ئــەوە دەســگیرکرا و بــە دوورخراوەیی ڕەهەندەی باشووری عێراق کرا... براگــەورەیی هۆزەکــەش چــووە دەســتی مــەلا مستەفای برای، مــەلا مســتەفا لەســاڵی (٩٤٠)ەوە دوای خولیــای ئۆتونــۆمی بــۆ وڵاتــی کــوردان کەوتووە، بەڵام لە (١٩٦٠)ەکانەوە کردوویە بـە پرۆگـرام و ئەمـە تـا ئێسـتاش هـەر بەردەوامـە (بڕوانە مێژووی ئەم دواییە).

یەکێك لە ئاکامە نا هەموارەکانی خەباتی خوێناوی و دوور و درێژی شێخ مەحموود و شـێخ ئەحمەد دژ بە ئینگلیزەکان لـە کوردسـتانی ناوەنـد، چـاك و خـراپ، بـەوە شـکایەوە کـە ئـیتر بریتانیا ئەو ئارەزووەی نەما حوکمڕانی ناوخۆیی بدا بە کوردان، بەو جۆرەی کە لـە بڕیارەکـانی کۆمەڵەی گەلاندا دەربارەی گونجاندنی کوردسـتانی ناوەنـد لـە چوارچێوەی دەوڵـەتی عێراقـدا هــاتبوو. ئــەو پەیماننامەیــەی ســاڵی (١٩٣٠) لــەنێوان ئینگلتــەرە و عێراقــدا گرێــدرا، کــە سەربەخۆییدا بە عێراق ساڵی (١٩٣٢) نەك هەر باسـی ئۆتونـۆمی تێدانـەبوو، بگـرە هـەر بـەلای شتی ئەوهاشدا نەچوو بوو بۆ کوردان.

ساڵی (١٩٣١) شـێخ مـەحموود دیسانەوە بـە نیشانەی نـاڕەزایی دەربڕینـەوە لەبەرامبـەر پەیماننامەکــەدا، بــۆ دواجــار ئــاڵای ڕاپــەڕینی هــەڵکردەوە. دیــاریوو پــاش ســاڵەهای ســاڵی تێکۆشانی بێهودە بۆ سەربەخۆیی، هاتبووە سەر داواخوازی بۆ کوردستانێکی ئۆتونۆمی بـەڵام ئینگلیزەکـان بەمـەش ڕازی نـەبوون. ئـەوەبوو لـە کـانوونی دووەمـی (١٩٣١)و پـاش ساڵێکی تەواوی شــەڕ و شــۆڕ هێزەکانی شێخیان پەکخست واتـە تـەنها (١٦) مـانگ دوای تێکشکانی ڕاپەڕینەکەی خۆیبوون لە تورکیا.

تــاکو ئێســتاش ئاشــکرا نــەکراوە بۆچــی لــە دوادوا و پــاش پامــاڵکردنی یــەکجارەکی شــێخ مــەحموود و بزووتنەوەکــەی لــە کۆتــایی ســاڵی (١٩٣١)دا سیاســەتمەدارە ئینگلیزەکــان، لــە دواچــرکەدا هەنــدێ برگــەی نوێیــان خــستەسەر پەیماننامــەی ســەربەخۆیی یەکــەمی ســاڵی (١٩٣١)ی ئینگلیز و عێراق و بە گوێرەی ئەو برگانە خوێندن بە زمانی کوردی لـە قوتابخانـەکان و هەڵبژاردنی فەرمانبەری خۆماڵی لەناوچەی کوردستانی عێراقدا کران بـە مـافێکی تایبـەتی بـۆ کــوردان تــۆ بڵێــی خــۆڕاگریی مەردانــەی شــێخ مــەحموود لــە بەرامبــەر هــەموو لێقەومانەکانــدا، سەرەنجام بوو بێ بەمایەی بەزەیی و ئازائافەرینی نەیارە ئەورووپاییەکانی؟ (بڕوانـە کەسـایەتی نیشتمانی). لە (١٩٣٢) بـەدواوە، بـۆ جـاری یەکـەم پـاش(١٩١٤)، جـۆرە خامۆشـییەك بـاڵی بەسەر دەشتودەری فەلاکەتزەدەی کوردستانی ناوەندا کێشا.

## كۆماری مەهاباد:

لە پایزی(١٩٤٠)دا، لە ئەنجامی داگیرکردنی ئێران لەلایەن هاوپەیمانانەوە کوردەکانی ئێران دەستیان بە بزووتنەوەیەکی سەربەخۆیی خوازانە کرد. کوردەکانی ئێران، لە ئەنجامی نائارامی و بێ ئاسایشی دوور و درێژ و دەسشێوەردانی سوپای سۆڤیەت لە ئابووری وڵاتەکەیان و ئەو برسیەتی و گرانییەی لێی دەکەوتەوە، ساڵی (١٩٤٥) کۆمارێکی کوردی سەربەخۆیان لە مەهاباد دامەزراند. هێزەکانی کۆمار، ئەوەندەی پێنەچوو کە سەرزەمینەکەیان بەرەو باشوور تا سنەو کرمانشاه پانکردەوە، بەڵام، کە لە شەڕی دیواندەرەدا شکان ناچاریوون بکشێنەوە ناو سەرزەمینیکی تەسکی پشت هێڵەکانی سوپای سۆڤیەتەوە لەو بەشەی خاکی ئێراندا کە داگیریان کردبوو (بڕوانە نەخشەی ژمارە ٢٦) کۆمارەکە تەنها ساڵێکی تەمەن بەسەربرد (کانوونی یەکەمی ١٩٤٥– کانوونی یەکەمی ١٩٤٦).

(نەخشەی ژمارە ٢٦)

لەو ماوەیەدا هەموو دامودەزگاو وەزارەتەکانی دەوڵەتەکە دروستکران و کەوتنە کار، تا لە ئەنجامدا لەسەر دەستی سوپای ئێران تەفرو تونا کرا.

بە هەرحاڵ، ڕاستی مەسەلەکە وابوو کە کۆماری مەهاباد، وەکو هەموو خەڵك ناوی دەبا، دەسکردێکی ئەو هێزانەی سۆڤیەت بوو کە ئێرانیان داگیر کردبوو (سۆڤیەتیەکان لە تەوریزیش کۆماری دیموکراتی ئازەربایجانیان پێکهێنابوو). ئەم دوو قەوارەیە بێ یەك و دوو کردن دوای تەواوبوونی جەنگ دەلکێنران بە یەکیەتی سۆڤیەتەوە.

هەر کەسێ تۆزقاڵێك مێشك لە کەللەیدا هەبێ، چاك ئەوە دەزانێ کە ئەم دەوڵەتە کوردە بچووکترین دەرفەتی مانەوەی لەبەر دەمدا نەبوو، ئەگەر بە تەواوەتی لە دەستی ئێران دەرچووبوایە، یان یەکێتی سۆڤیەت چەتری پشتگیری سوپایی لەسەری لابردایە، وەکو ڕوویدا. ئەوەبوو سوپای ئێران بە ئاسانی مەهابادی گرتەوە و قازی محەممەد و یارانی لە مەیدانی هەرە گەورەی شارەکە بەدارلدا کران، بەم جۆرە کۆماری مەهاباد لاپەڕەی ژیانی هەڵدرایەوە.

ئەو ماوەیەی کە دەکەوێتە نێوان ڕووخانی کۆمارەکەو پێش ئەو هەلگەڕانەوەیەی

موستەفا بەرزانی ساڵی (١٩٦٠)لە عێراق سەرکردەیی کرد، بەکەم ڕووداوترین ماوەی مێژووی نوێی کورد دەژمێرریٚ، چەند وردە پێکداپرژانێك، یان هەندیٚ نارەزایی دەربڕینی چەکداریان بیٚ چەکی دژ بە سیاسەتی ئەم حکوومەتە لێدەرچیٚ، کوردستان بە ماوەیەکی پێویستی پیاچوونەوە و حەسانەوەدا تێپەڕی، ئەمە کوردەکانی بۆ ماوەیەکی نویٚ و درامانیکی لە ژیانی نەتەوەییاندا ئامادەکرد کە لەدەیەی شەستەکانەوە دەستی پێکرد.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** William Eagleton, *The Kurdish Republic of 1946* (London: Oxford University Press, 1963); Arshak Safarastian, *Kurds and Kurdistan* (London, 1948); Robert Olson, *The Emergence of Kurdish Nationalism and the Sheikh Said Rebellion, 1880-1925* (Austin: University of Texas Press, 1989); Gerard Challiand, *People Without a Country* (London: Zed Press, 1980); David Adamson, *The Kurdish War* (London: George Allen and Unwin, 1964); Lord Kinross, *Ataturk: The Rebirth of A Nation* (London: Weidenfeld and Nicolson, 1964); Martin van Bruinessen, *Agha Shaikh and State: On the Social and Political Organization of Kurdistan* (Rijswijk: Europrint, 1978); Albert Hourani, *Minorities in the Arab World* (New York: Oxford University Press, 1947); Theodore Nash, "The Effect of International Oil Interests upon the Fate of Autonomous Kurdish Territory: A Perspective on the Conference at Sèvres, August 10, 1920," *International Problems* 15, 1-2 (1976); William Stivers, *Supremacy and Oil: Iraq, Turkey, and the Anglo-American World Order, 1918-1930* (Ithaca: Cornell University Press, 1982); Elmer Bermon Sovill, "The Royal Air Force, the Middle East and Disarmament, 1919-1934," unpublished doctoral dissertation (Kalamazoo: Michigan State University, 1972); Stephen Longrigg, *Iraq, 1900-1950: A Political, Social, and Economic History* (London: Oxford University Press, 1953); Stephen Longrigg, Oil in the Middle East: Its Discovery and Development (London: Oxford University Press, 1968); Ernest Main, *Iraq: From Mandate to Independence* (London, 1935); Sir Arnold Wilson, *Mesopotamia, 1917-1920: A Clash of Loyalties* (London, 1931); William Westermann, "Kurdish Independence and Russian Expansion," *Foreign Affairs* 70-3 (Summer 1991); Ihsân Nouri Pâshâ, *La Revolt d'Agri Dagh* (Geneva: Editions Kurdes, Genev PV, 1986).

## مێژووی ئەم دواییانە: لە (١٩٦٠)ە و تا ئێستا

ئـەم سـەردەمە، سـەردەمی سـەرلەنوێ جـوان بوونـەوەی ژیـانی نیـشتمانیی كـوردە. لـە (١٩٦٠) كاندا ڕێگا بازرگانیـەكان گەڕانـەوە كوردسـتان و قـەوارەی چـالاكییە بازرگانیـەكان لـە (١٩٧٠) كانـدا گەیـشتنە ئاسـتێكی سەرسـوڕێنەرە. ئەمـە، هەنـدێكی، دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو بووژانەوەیـەی كـە ئـابووری چ ئێـران چ عێـراق، لـە (١٩٨٠) كانـەوە وە دەسـتیانهێنا و كـورت بوونـەوەی ئـەو ڕێگایانـەی كـە وڵاتـەكانیان بـە بازاڕەكـانی ئـەورووپاوە لـە ڕێگـای توركیـاوە دەبەستا. ئەم ڕێگا بازرگانیانـە لـە چـەندین دەرگـاوە بـە كوردسـتاندا تێدەپـەڕین. بازرگـانیی كوردستان لە چەندین سـەدەی نووسـتنەوە، بـە هـەنگاوی سەرسـووڕێنەر بـەرەو دوا دواكـانی سەدەی بیستەم دەگوازێتەوە (بڕوانە بازرگانی).

پیاو نابێ زۆر زیادەڕۆیی بكا لە باسی ڕۆڵی كاروانچیەتی بازرگانیی جیهانی لە بوژاندنـەوەی ئـابووری كـورد و ژێـر خانەكانیـدا، هـەروەها لـە كاردانـەوەی كۆمەڵایـەتی و كەلتووریـدا. ئـەو وێرانكارییەی كە وەستانی ئەوجۆرە بازرگانیـە كردوویـەتی لـە ئـابووری كوردسـتاندا، ئێـستاش شوێنی هەر دیارە (بڕوانە مێژووی هاوچەرخ).

ئەو پێشكەوتنە ئابوورییە گەورانەی كە لەم گۆڕانـە، لەسـەرخۆ بـەڵام بنەڕەتیـە، وەدەسـت هاتن، لە دروسـتكردنی ڕێگاویـان و سیـستەمی پەیوەسـتكاری نـوێ و بەگەڕخـستنی پـڕۆژەی كشتوكاڵی جۆراوجۆر و بەرنامەی چاككاری لە بـواری كاروبـاری شارسـتانییدا خـۆ دەنـوێنن. لەهەمان كاتیشدا كاروباری شارسازی و خوێندەواریی بە پلەی بەرز بەرز هەڵكشاون، چینێكی ناوەندیی هەراشـی كـورد پـاش نزیكـەی چوارسـەد سـاڵ لـە بـەین چـوون، واخەریكـە دێتـەوە كایەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا كە كوردەكانی توركیا لـە هـەمووان زیـاتر لـەم پرۆسـەیە سـوودمەندبوون، بـەڵام كوردەكـانی عێـراق لـە گـشت لا پـتر سەروەشـێنتر بـوون، هـەر لەبـەر ئـەوەش سـەرنج كێشتربوون، هەرچەندە ئەوان بە ژمارەی دانیشتووان تەنها (١٧٪)ی ژمارەی هەبوو كوردانیـان دەگرتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی كوردستانی عێراق هەمیشە لەناو بشێوێنی و شەڕ و شۆڕدا بووە،

زیاتر سەرنجی هەموو خەڵکانی دەور و بەر و گشت جیهانی بۆلای خۆی کێشاوە، هەر لەبەر ئەمەشە کە خەڵکێکی زۆر بەو هەڵەیەدا چوونە کە ئەم پارچەیەی کوردستان ڕۆڵی هەرە سەرەکیی بینیوە لەم قۆناغەی مێژووی کورددا. کوردەکانی تورکیا، کە ئێستا بە گۆڕانێکی زیاتر بنەڕەتیدا تێپەڕ دەبن و لە پاشەڕۆژی گەلی کورددا ڕۆڵێکی هەرەسەرەکیی دەبینن، لەلایەن جیهانی دەرەوە زۆر پشتگوێ خراون.

کوردەکانی عێراق بە هیوایەکی زۆرەوە پێ دەهاوێننە ئەم قۆناغەوە. لە ڕاستییدا لەژێرسایەی عەبدولکەریم قاسمدا، ئەو سەرکردەیەی کە بە کودەتای ساڵی (١٩٥٨)، ڕژێمی پادشاییەتی لە عێراقدا وەرگەڕاند، ئاڵای دەوڵەتی عێراق بە وێنەی ڕۆژ کە دروشمێکی دێرینی کوردە (ڕۆژێکی زەرد کە حەوت لیسپی سووری لێبو بوەوە) ڕازابوبوەوە. ئەم ئاڵایە لە (١٩٥٩)وە تا (١٩٦٣) لە عێراقدا شەکایەوە. بەقسەی هەندێ کەس، قاسم خۆی کوردێکی لەناو عەرەبدا تلیساوەبووە (بڕوانە ئامێتە بوون و توانەوە)، هەرچەندە بە گشتی سیاسەتە نادۆستانەکانی بەرامبەر بە سەرکردایەتی کورد، ئەوەندە نە خۆی نە حکوومەتەکەی لای ئەوان شیرین نەکرد.

پاش ئەوەی ئەوانیش بە کودەتایەك حکوومەتە سەربازیەکەی عەبدولکەریم قاسمیان لابرد، سەرکردەکانی حیزبی بەعس بڕیاریاندا بگەنە ڕێککەوتنێکی سەرلەنسەریی لەگەڵ کوردەکاندا. بە هەرحاڵ، دوای لادانی قاسم لە ١٩٦٣، یەکسەر ڕۆژە کوردیەکەش لە ئاڵای دەوڵەتی عێراق لادرا.

لە (١١)ی ئازار (مارس)ی ١٩٧٠، سەدام حوسێنی نوێنەری بەعس (کە وەکو بەهێزترین کەسایەتی لەناو ڕژێمەکەدا دەرکەوت، هەرچەندە هێشتا نەبوویوو بە سەرکۆمار). چووە ناو گفتوگۆوە لەگەڵ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ژەنەراڵ مەلا مستەفا بەرزانیدا و هەردولا گەیشتنە ڕێککەوتنێك.

لە ڕێککەوتنەکەدا بە ئاشکرا وترابوو کەوا "گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکیی پێکهاتووە کە بریتین لە عەرەب و کورد". زمانی کوردی پایەی زمانی دووەمی دەوڵەتی لەپاڵ عەرەبیدا پێدرابوو، هەروەها دەبوو هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی کوردی لە ماوەی چوارساڵدا پاش ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە پێك بهێنرێ و بۆ کاروباری خزمەتگوزاری هەرێمەکەش تەنها

فەرمانبەری كورد دابنرێن. كوردێكیش كرا بە جێگری سەركۆمار.

پێكهاتنەكە هەرگیز نەخرایەكار، چونكە هەرلایەنێك لەوی تر ساردتر بوو لێی و وای دەردەخست لایەنەكەی تر هەڵیخەڵەتاندووە. هێشتا مەرەكەبی پێكهاتنەكە وشك نەبووبووە، ژەنەراڵ بارزانی وتی كەوا هەمووی لە "فێڵ" بەولاوە هیچی تر نەبوە و "بەر لەوەی ئیمزا بكرێ، بن دەركم بەمە كردبوو" بە كورتی بڵێین باشە، هەردوولا بە تەواوەتی لەیەك بە گومان بوون، وەكو ڕووداوەكانی داهاتوو دەریان خست. هەر دولا تەنها دەیانویست كات بەرنە سەر تا فرسەت دێتەپێش.

لە (٢٩)ی ئەیلوولی ١٩٧١، واتە كەمتر لە ساڵێك پاش ئیمزاكردنی پێكهاتنەكە، ژەنەراڵ بارزانی لە هەوڵێكی كوشتن ڕزگاری بوو ئەم ڕووداوە دڵی ئەوی زیاتر كرمیٔ كرد لە بارەی نیازەكانی بەغداوە، بەتایبەتی لە بارەی سەدام حوسێن خۆیەوە، كە بە بیروڕای ئەو ئەم دارەڕاكەری هەوڵەكە بوو. ئەوەی سەیرە، لە پێشدا پەنجەی گومان ئاراستەی جەلال تاڵەبانی، سەركردەی حیزبە سیاسیە كوردە عێراقیەكەی تر كرا. (Gharid 1981، 156-170).

ساڵی ١٩٧٣ بارزانی لە ئیمزاكردنی پێكهاتنەكە پەشیمانی دەربڕی، لە ئاكامدا بە پەلە كەوتە توندتركردنی پەیوەندیەكانی، بە نهێنی و بە ئاشكرا، لەگەڵ سیٔ دوژمنی عێراق — ئێران، ئیسرائیل و وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا.

لە كۆتایی ئەو چوار ساڵەدا كە بۆ جێبەجێكردنی پێكهاتنەكە دانرابوو، ساڵی ١٩٧٤ بەغدا سەرویەری یاسایەكی بڵاوكردەوە كە بۆ گێڕانەوەی ناوچە كوردە ئۆتۆنۆمەكە ئامادەیان كردبوو. لە كاتێكدا یاساكە چوو بوو بەتانی دەسەڵاتی ئەنجوومەنەكانی یاسایی و جێبەجێكردندا، دەسەڵاتی ڕاستەقینەی ڕاپەڕاندنی كارە ناوخۆییەكانی ناوچە ئۆتۆنۆمەكە، هەر لە دەستی بەغدادا مایەوە، (سەرچاوەی پێشوو). ئەو یاسا سنمبەندكراوە نە لەگەڵ ڕووح نە لەگەڵ جەستەی پێكهاتنەكەدا یەكیان دەگرتەوە.

هەر لایەنە، بۆ نواندنی توانای سوپایی خۆی سەری دەخورا، بارودۆخەكەش بۆ هەردوولا لەبار بوو بۆ بەهانەگرتن بەوی تر. هێزەكانی كورد، بەڕابەری پارتی دیموكراتی كوردستان، لەچەند هەفتەیەكدا خۆی تەیارو كەمەر بەستكردو دەستی كرد بە هێرشی پارتیزانانەی فراوان بۆ سەر هێزو دامەزراوەكانی حكوومەت. هاوپەیمانییان لەگەڵ ئێراندا، پەیتا پەیتا لە زیادبوونی

ئاشکرا تردابوو، پارەو چەك لەشاوە، شان بەشانی زانیاری و پارەی تر لە ئەمەریکاو ئیسرائیلەوە کەوتنە دەڵێن بۆ وڵاتەکە. شای ئێران کە دەمێ لەباش کوێخایی هەرێمەکە دەکوتا و لە باڵادەستیی دەگەڕا لە ناکۆکییەکان لەگەڵ عێراقدا، کوردەکانی بە خەنجەرێکی باشی لاقەبرغەی عێراق زانی، ئەمەی لێدەرچێ، ئەو هەرگیز خوازیاری سەرکەتنێکی ئەوتۆی کوردان نەبوو کە لابەلا کەرەوەبێ، چونکە ئەوکاتە ناچار دەبوو کە بکەوێتە گێژاوی بەرگرتن لە هەستی نەتەوەیی توندی کوردەکانی خۆی، کە بە ژمارە لەمی عێراق زیاتربوون. شا وەستایانە توانی ڕاپەڕینی کوردەکانی عێراق بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکەی بەرامبەر بە عێراق بەکار بێنێ، بۆیە پەیتا پەیتا یارمەتی کرد بە قورگیاندا لە کاتێکدا ئەوان لە بارێکی یەکجار دژواردابوون، بەڵام هەر کەبیزانیایە تای تەرازوو بەلای ئەماندا دەشکێ، دەرکی جەواڵەکەی دەگرتەوە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بگرە ئیسرائیلیش، هەمان سیاسەتیان پەیڕەو دەکرد و هەمان تاکتیکی ئێرانیان بەکار دەهێنا، لە کاتێکدا تینی بینایی بارزانی بۆ ئاقاری ئەم یاریە بڕی نەدەکرد.

بەم "نۆستە" پڕ دەسەڵات و هێزانەوە، بارزانی وایزانی عێراقی خستۆتە ناو دوو کەوانەی گیرەوە، دوایی هەڵەیەکی ستراتیژی لەدەست دەرچوو بەوەی کە فەرمانیدا هێزەکانی لە شەڕی پارتیزانیەوە بگوازنەوە بۆ شەڕی ڕووبەڕوویی لەگەڵ هێزەکانی عێراقدا پێشمەرگەی کورد کە دەستی کەم لە سەردەمی میدیەکان و شکاندنی ئاشوورستانەوە لەشەڕی پارتیزانیی نهێنییدا کارامەو زەبەر دەستبوون (بڕوانە مێژووی هەرەکۆن) لە شەڕی ڕووبەڕوودا هەرگیز هاوکووف و هاوتا نەبوون لەگەڵ سوپای پرچەکی عێراقدا کە بە ئاشکرا دیاربوو لەو باڵا دەست تربوو تێیدا، بۆیە هێندەی نەبرد دڕیان پێدرا. کە (١٩٧٥) داهات، هێزەکانی کوردستان پەسترابوونە چەند میلێکی کەمی دەورووبەری سنووری ئێرانەوە.

شای ئێران، کە دڵنیایی پەیداکرد لەوەی کە هێزەکانی بارزانی هاکا ناکا دەبەزن و شەڕەکە دەرفەتێکی باشی بۆ دێنێتە دەست کە فشار بخاتەسەر بەغدا بۆ پچڕینی دەسکەوتی زۆرتر، ئاوابوونی زوو بەزووی ڕۆژی سەرکەوتنی کوردانی لەبەرچاو بەرجەستەبوو، ئەوەبوو لە (٦)ی مارتی (١٩٧٥)دا، لە جەزائیر ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی لەگەڵ عێراقدا ئیمزاکرد و یەکسەر پشتی وەرگەڕاند لە کوردان و هەموو ئەو داخوازیانەی لە بەغدا هەیبوو، لەخاك یان

ئاودا، هەمووی وە دەست هێنا. سەدام حوسێنیش كە ئەو كاتە جێگری سەر كۆماری عێراق بوو بێ یەكو دوو پەنجەی بە رێككەوتننامەكەدا نا.

ئەگەر بهاتایەو بارزانی بە باشی مێژوونامەی گەلەكەی و خوێ بخوێنایەتەوە، كوردە بێچارەكان لەوانەبوو تووشی ئەو نەهامەتیە نەهاتنایە. رێك (٤٥) سالْ لەوەبەر ژنەرالْ ئیحسان نووری پاشا لە بزووتنەوەی خوێبووندا متمانەی دابوو بە شایەكی تری ئێران، واتە رەزاشا ئەوەی لەوە كەوتەوە، شای ئێران بە دەسكەوتی زەمینی و سیاسییەوە دەرچووو و كوردان بە مایەپووچی و مالْوێرانییەوە، (بروانە مێژووی هاوچەرخ). بەم جۆرە، هەر بە دەردەكەی ئیحسان نووری پاشا، بارزانییش رەهەندەی مەنفابوو لە تاران بە مووچەیەكی كەمی دەوڵەتی ئێران. ئەوەندەی پێنەچوو سالْی (١٩٧٨) بە نەخۆشی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەیەكی ڤێرجینیا سەری نایەوە.

مەست بە هەستی سەركەوتن، بەغدا دەستی كرد بە پرۆگرامێكی باش دارێژراوی كزكردنی نفووزی پارتە كوردیەكان لە هەرێمەكەدا، لەهەمان كاتیشدا، دەمی تەلیسی پارەو پوولی سەر بەرەو ژێركرد بۆ سەر لەنوێ بنیاننانەوەی ولاتە فەلاكەتزەدەكە بەو هیوایەی دلْی هاوولاتی بێ دەسەلاتی كورد بەلای خۆیەوە بكێشێ بەوەی گوایە "ها تۆش بەشی خۆت لە چنگاڵە چەورەكە وەرگرە".

"هەرێمۆكەیەكی ئۆتۆنۆمی"یش لە كوردستانی عێراق لەژێر چەپۆك و چاودێری توندی بەغدادا دابرا، كە تەنها دەوروبەری نیوەی سەرزەمینە كورد نشینەكەی كوردستانی عێراقی گرتەوە (نەخشەی ژمارە ٢٦) شان بەشانی ئەمە بەرنامەیەكی باش نراوەی توند لەژێر چاوەدێری حكوومەتدا بۆ عەرەباندنی هەندێ ناوچەی تایبەتی كوردنشین خرایەكار بەرهەر حالْ، وەكو دوایی دەركەوت، ئەم بەرنامەیە مرازی بەعسیانی نەهێنایە دی، ئەگەرچی هەزارەها لەجێی خۆیان هەلْكەندران و راگوێزی ئەملاو ئەولا كران و لەشوێنی یەكجار دووری وەكو سوودان و مۆریتانیاوە خەلْكی تر هێنران تا لە هەلْەت و تەلان و چۆلْەوانیەكانی كوردستاندا جێگیر بكرێن.

لە ئێرانیش هەر لە داروخانی پادشاییەتیەوە لە شوباتی (١٩٧٩)دا تا كۆماری ئیسلامی توانی چنگ لەهەر چوار لای ولاتەكە لەكۆتایی سالْی (١٩٨٢)داگیربكا، گەلێ شێوەی فرتەنەی

کۆمەڵایەتی و چەکدار، ڕقی پەنگاوەی چەندین پێکهاتەی ئەتنی ئەو وڵاتەی لە شێوەی ڕاپەڕینی چەکدارانەدا تەقاندەوە. لە کوردستان، ڕێکخراوە سیاسیە کوردەکان وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستان (KDP-I) و کۆمەڵە کە ماوەیەکی دوور و درێژ بوو لەژێر باری زەبرو زەنگدا دەیانناڵاند، بە پەلە کەوتنە کار بۆ سازدانی جۆرە دارەڕایەکی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردان، لە کاتێکدا تاران هێشتا هەر لاواز و بێ تین و ئامادەی سازش بوو. گفتوگۆ بۆ ئۆتۆنۆمی درێژەی کێشا هەر کە تاران هەناسەی هاتەوە بەرو کەوتەوە سەرپێ، داواکاریەکانی ئەم حیزبانەی بۆ مەبەستێکی تر بەکارهێنا (ئەمەش لە قسە بەزۆرلندان بەولاوە هیچی تر نەبوو) ئەوەبوو دیسانەوە تۆمەتەکەی گۆڕینێ، واتە لەتلەتکردنی ئێران درایەوە پاڵ کوردان و دەوڵەت بەو بیانووەوە شەڕی گشت لایەنەی دژ بە گەلی کورد جاڕدا.

لێرەدا ئاشی چەند بەرەکێ و ڕکەبەرێی خۆبەخۆی گۆڕینی ناو کوردان کەوتەوە کار، بە سوود وەرگرتن لەو زانیاریانەی گرووپەکوردە دژ بە یەکەکان خستبوویانە بەردەستی، تاران هێرشێکی توندی بردەسەر ناوچەکان و لەئەنجامدا مەڵبەندە سەرەکییەکانی بەرگری داگیر کردەوە و دەسەڵاتی تێدا چەسپاندەوە ئەو پارچە خاك و خەڵکەی کە بە دەست کۆمەڵە و (KDP-I)) و (هەروەها بزووتنەوەیەکی کوردیی ئاشتیخواز بە ڕابەرایەتی شێخ عیزەدینی حوسەینی کە پشتگیری لە ڕاپەڕینی خەڵکەکە کرد ئەوەندە تەنگ و نالەبار بوو کە لە هیچ ماڵێکدا لە چواریەکی کوردستانی ئێران تێپەڕی نەدەکرد، پشتگیری گشتی خەڵکەکەش، لەپاڵ ئەوانەدا، لەو ڕادەیە دەرنەدەچوو (بڕوانە کەلتووری سیایس و ڕابەرایەتی) هەر لەبەر ئەمە خۆشی ژمارەی گشتی قوربانیەکانی کوردەکان ئەوەندە زۆر نەبوو (کەم و زۆر لە ١٠٠٠–٢٠٠٠ کەس تێ نەپەڕی).

کە ساڵی (١٩٨٣)دا هات، ڕاپەڕینەکە هێندە کزبوو، کە ئیتر لە سووکە سەریەشەیەك بەولاوە نەبوو بۆ تاران. هەندێ حەشارگەی سەختی دوور دەستی لێدەرچێ، هەموو ناوچە کورنشینەکان کەوتنەوە ژێر دەسەلاتی ڕاستەوخۆی توندی دەوڵەتەوە.

GEORGIA
S.S.R.
Tbilisi
AZERBAIJAN
S.S.R.
ARMENIA
S.S.R.
Ganja
Lâchin
Zardawa
Kelbâjâr
Samsun
TURKEY
Trabzon
Kars
Erzinjan
Erzurum
Sivas
Malatya
Darsim
Van
Maras
Adana
Bitlis
Diyarbakir
Urmiyâ
Tabriz
Antep
Urfa
Dohuk
Mahabad
IRAN
Aleppo
Arbil
Mosul
Bijar
Sulaymania
Kirkuk
Sanandaj
SYRIA
Hamadan
Kirmanshah
BAGHDAD
Pahla
IRAQ
1
2
3
4
نەخشەی ژمارە (26): بەشە كوردنشینە دابڕاوەكان 1920 - 1975
سنوورەكانی كۆماری ئۆتۆنۆمی سۆسیالیستی سۆڤییەتی كوردكە بەشێك بوو لە كۆماری ئازەربایجانی سۆشیالیستی سۆڤییەتی 1923 - 1929
ئەو سنوورانەی لەو دوایەدا هاتبوون كە كوردەكان پێشكەشی دانیشتنی یەكەمی نەتەوە یەكگرتووەكانیان كردبوو، كە ساڵی 1945 لە سان فرانسیسكۆ گیرابوو. سێ یەكەكەی تری دواكە كە بەرەو كەنداوی فارس دەچی لێرەدا دەرنەكەوتووە.
سنوورەكانی كۆماری دیموكراتی مەهاباد/ 1946
سنوورەكانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی كوردستانی عێراق/1975
ئەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتووانیان كوردن
سنووری ئێستای دەوڵەتەكان

هەڵایسانی شەڕ لەنێوان عێراق و ئێراندا لەلایەك و تاگیری تەواو و ئاشكرای پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراق لە ئێران لەلایەكی ترەوە، بەلای خەڵكی عێراق یان حكومەتی عێراقەوە خزمەتی مەسەلەی كوردی نەدەكرد. بەهەر حاڵ ئەم تاگیریە جێی سەرسوورمان نەبوو، چونكە (KDP) بنكەو بارەگاكانی لەدیوی ئێران بوون و هەر لە ساڵی (١٩٧٥)ەوە كە بارزانی عێراقی بەجێهێشت، زۆریەی بودجەو مەسرەفیان لەوێوە دابین دەكرا. لەو كاتەشدا كە تای عێراق لە جەنگەكەدا گران بوو، عێراق ئەوەندە دەربەستی ئەوە نەبوو كە پارتی دیموكراتی كوردستان (عێراق– وەرگێڕ) لەودیو چی دەكرد و چی نەدەكرد، كە بەختی شەڕ رووی لە عێراق وەرگێڕا و ئێران خاكێكی زۆری لەسەر سنوورەكان داگیركرد، ئینجا ناچارمان حیسابێكی زیاتریان بۆ بكەن، ئەوەبوو چەند پێشنیاریان خستە بەردەم (پ د ك)، كە هیچی لێ هەڵنەكرلند. بەهەرحاڵ، بەغدا ئەمجا ساڵی ١٩٨٤ روویكردە گرووپە سیاسیەكەی تری ناو كورد، واتە یەكیەتی نیشتمانی كوردستان (ی ن ك) بە رابەرایەتی جەلال تاڵەبانی.

كە تای شەڕ بەلای ئێراندا زیاتر شۆڕبوەوە، بەغدا ناچارما هەرچۆنێك و بە چەندبێ بەدوای چارەیەك بگەڕێ لەگەڵ كوردەكاندا جەلال تاڵەبانی توانی كۆمەڵە دەسكەوتێك لە چنگی سەدام حوسێن بپچڕێ كە گەلێ لەوانە فراوانتر بوون كە ساڵی ١٩٧٠ بەگوێرەی پێكهاتنەكەی لەگەڵ مستەفا بارزانییدا بونییان بوو بوو. ناوچەی ئۆتۆنۆمی وا دانرابوو بەجۆرێك فراوان بكرێتەوە كە هەموو ئەو شوێنانە بگرێتەوە كە هەردوولا بەدرێژە بگرەو بەردەیان لەسەر دەكرد بە كەركووكیشەوە پایەو پلەی ئۆتۆنۆمیەكەش دەبوو زیاتر بچەسپێنرێ تا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ناوخۆش بگرێتەوە، هەروەها وا رێككەوتبوون كە (٢٥٪–٣٠٪)ی داهاتی گشتی عێراقیش بۆ ئاوەدانكردنەوەی هەرێمەكە تەرخان بكرێ ئەمما چ سوود. چونكە سەدام گفتەكانی هەموو لەژێر فشاری زەرف و زەمانی ئەو رۆژانەدا دابوو، زۆر جێی گومان بوو ئەگەر ئیمزاش بكرایە و لەلایەن (ئەنجومەنەكانی دەوڵەتیشەوە، وەرگێڕ).

بەڵێی پێ بدرایە، ئەم رێككەوتنە چاوتێرانەیە لەلایەن بەغداوە بخرایەتە كار، بێ ئەوەی دوای ئاگربەستی ١٩٨٨، گۆڕانی سەرەكیی تێدا بكات.

بە گوێرەی هەفتەنامەی ئیكۆنۆمیست "گفتوگۆكانی تاڵەبانی – بەغدا كاتێك شكستیان هێنا، كە وەزیری دەرەوەی توركیا خۆی گەیاندە بەغداو رایگەیاند كە ئەو ناوچانەی بەتەمان

بخرێنە ناو هەرێمی ئۆتۆنۆمی و ئەو دەسەڵاتانەی کە خەریکن بیدەنێ گەلێ لەوە زۆرترە کە تورکیا بۆی قووت بدرێ، بۆیە ڕێککەوتنەکە، کە ئەوکاتە لە هاکا و ناکای ئیمزا کرندابوو، دەبێ ڕاگیرێ، لەبەر ئەوەش کە عێراق دەستی لەژێر باری تورکیادابوو، چونکە بۆریە سەرەکییەکانی نەوت ناردنی بۆ دەرەوە بە خاکی ئەودا ڕەت کرابوون، ناچار ملی بۆ دلخوازییەکانی ئەم دراوسێ گەورەیە کەچ کردو ئاوات و داواکانی کردە هێلکەیەك و کێشای بە گازەرایی دیواردا.

هەر بەمەشەوە نەوەستا هەمان ساڵ تورکیای تەرخانکرد کە بەکردەوەی سەربازی گەرم بەم دیوو ئەودیوی سنووری هەردولادا، بکەوێتە سەر کوردە لە دەست دەرچووەکانی خۆی" (بروانە ئیکۆنۆمیست، ژمارەی (۲۷)ی نیسان (ئەڤریل)ی ۱۹۹۱–٤٦).

هەندەی پێ نەچوو شەڕ لەنێوان هێزەکانی کورد و عێراقدا هەڵاسایەوەو تا چوار ساڵی داهاتوو هەر بەردەوام بوو، تا لەنێوان مارت (مارس) و ئاب (ئۆگست)ی ۱۹۸۸ دا، بەغدا بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بەرامبەر بە پارتیزانەکان و ئاپۆرای خەڵکەکە بێ جیاوازی، ڕاپەڕینەکەی دامرکاندەوە.

خۆی لە ساڵی (۱۹۸۵)ەوە سوپای عێراق چەکی کیمیاوی بە پارێزەوە دژ بە پێشمەرگە، دوایی بە خەڵکی سیویلیش بەکارهێنابوو، بەڵام کەبێ دەنگی لە ئەمەریکا و کۆمەڵی نێودەوڵەتی و سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان پاش بە کارهێنانی چەند جارەی دژ بە هێزەکانی ئێران بینی، ئیتر یەکجاری شووڵی هەڵکێشا و لە مارت (مارس)ی ۱۹۸۸دا شاری هەڵەبجەی کوردنشین بوو بە ئامانجی دەست وەشاندنێکی یەکجار فراوانی چەکی کیمیاوی دژ بە خەڵکی سیویل دەست وەشاندنێك کە لەو کاتەوە پاش جەنگی یەکەمی جیهان قەدەغەکرا، بەو جۆرە بەکارهێنرابوو، ئەوە بوو بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان (۵۰۰۰)کەس لە هەڵەبجە بوون بە قوربانیی ئەو زەریە بێ ئامانە.

هەرچەند مانگێکی نەبرد، کە ئاگربەست لەنێوان ئێران و عێراقدا ڕاگەیەنرا و بەوە شەڕە هەشت ساڵەکەی نێوانیان کۆتایی هات، کە بەغدا هەستی کرد ئیتر دەستی بەرەڵایە چی لە کوردە یاخییەکان بکا یان نەکا، قۆڵی هەڵماڵی و تا بۆی کرا بە چەکی کیمیاویی دریغی لێیان نەکرد.

ساڵی ١٩٨٨، ناوچەیەکی باکووری مووسڵ بوو بە قوربانیی، ناوچەکە بریتی بوو لە سێ سووچەکەی سەر سنوورەکانی عێراق لەگەڵ سوریا و تورکیادا و دەستی ئەویەری کە پشتی بە سنوورەکانی ئێران و عێراقەوەیە هەر سێ شاری زاخۆ و دهۆك و ئامێدی سێ گۆشەی سێسووچەکە پێکدێنن، هەر بەم ناوچەیە خۆیدا هێڵی نەوتی عێراق– تورکیا بەرەو دەریای سپیی ناوەراست و شارێی عێراق کەبە تورکیادا تێدەپەرێ دەکشێن. تاکە رێگای ئاسنینیش کە عێراق بە ئەورووپاوە دەلکێنێ و بە سوریادا تێپەر دەبێ هەر ١٠ میلێك لەوێوە دوورە بە هەموو حیسابێك ناوچەکە بایەخێکی یەکجار زۆر گەورەی بۆ بەغدا هەیە ئەو بۆمبا پر لە گازی ژەهراویانەی کە بە فرۆکە و هەلیکوپتەر هەڵرژێنرانە خوارەوە، بێ ئەوەی هیچ ئاوایی، کۆختە، یان کێڵگەیەك ببوێرن، بە ئاشکرا دیاربوون کە قرپی تەوا و بە هەموو هەناسە کێشێك دێنن لەناوچەکەدا لە ئاکامدا چەند هەزاری کوژراوو، رەوکردنێکی (٦٠) هەزار کەسەی کوردانی ئەو ناوە بەرەو تورکیای لێ کەوتەوە.

بە ئامانجی ئەوەی قایمتر چنگ لەناوچەکە گیربکا و نەهێڵێ خەڵکەکە یارمەتی لۆجستی بە پێشمەرگەکان بگەیەنن، بەغدا لە ساڵی (١٩٨٨)ەوە دەستی کرد بە بەکارهێنانی سیاسەتی سەرزەمینی سووتەڵ لە کوردستاندا، لەهەمان جۆری کە فارسەکان لە سەدەکانی ١٦ و ١٧دا بەکاریان دەهێنا (بروانە سەرەتای مێژووی هاوچەرخ) ئەو کارەی بۆ خاپوور کردنی سەدەها گوند و ئەو ژێر خانانەی کە راگری ژیانی دێهاتی کوردستانی ناوەندە بوون، بەکارهێنراوە سەرسووڕێنەر و لەرادەبەدەرە. هەرچی خانووبەرەو ساختمان هەیە، گشتی لە پێشدا تەقێراونەتەوە ئەمجا بە بەلدۆزەر لەگەڵ خاکدا یەکسان کراون، ئینجا چەمەنتۆی تۆز بە وردی و وەستایانە رشێنراوەتە ناو کانی و بیر و جۆگەلەکانەوە تا بە تەواوی کوێر ببنەوە.

هەرچی هێڵی کارەبا هەیە راکێش کراون ئینجا سووتێنراون ئەگەر لە داربووبن، یان بە دێنابێت هەپرون بە هەپرون کراون ئەگەر کونکریت بووبن. پیا وکە بە چاوی خۆی ئەم کارامەیی و خەرجگرانییەی بەغدا لە دوورترین کون و قوژبنی کوردستانی عێراقدا دەبینێ، لە داخا هیچی بۆ ناکرێ مەگەر بیدا لە قاقای پێکەنین بەرامبەر ئەم دیمەنە تراجیدی و لە هەمان کاتدا کۆمیدییەی لادێی کورنشینیدا. بەڵێ ناوچەکە بەراستی پێوستی بەو لالێکردنەوە و خەمخواریە بەرفراوانە هەبوو کە بەغدا بەدرۆ دەیدا بە بای فیشاڵدا ئەو خەم و خەرجە هەمووی

بۆ ئاوەدانکردنەوە پێویست بوو، نەك وێرانکاری وەکو ئەوەی ئێستا دەکرا.

لە ئاب (ئاغستۆس)ی ١٩٩٠دا عێراق کوێتی دراوسێی بچووك بەلام دەوڵەمەندی خۆی بە چەپۆکێك داگیر کرد. بەلام وەلامێکی توندی چەکدارانەی کۆمەڵی نێودەوڵەتی لەوێ دەرپەڕاند و لەو پرۆسەیەدا زۆربەی زۆری ئابووری و سوپای عێراق تەفروتونا کرا لە مارت (مارس)ی ١٩٩١دا، هەفتەیەك کەمتر پاش ئاگربەسی (٢٨)ی شوبات (فەبرایەر) کە هێزە هاوپەیمانەکان رایانگەیاند، کوردەکان راپەڕینێکی گەورەیان لەسەرتاسەری کوردستانی عێراقدا بەرپاکرد لە کاتێکدا گاردی هەڵبژاردەی کۆماریی عێراق لە باشوور راپەڕینێکی شیعەکانیان دادەپاچی و دایان دەمرکاندەوە، هێزە کوردیەکان کە لەژێر ئالای بەرەیەکی سەراپاگیری هاوپەیمانیەتی حیزبە کوردستانیە سیاسیە سەرەکیەکاندا گردبووبوونەوە، هەموو ناوچە کوردنشینەکانی عێراق و بگرە زیاتریشیان داگیرکرد ئەمە تەنها سەرکەوتنێکی بەتاڵ بەولاوە هیچی تر نەبوو، پاش دامرکاندنەوەی شیعەکان لە باشوور، سەربازەکانی گاردی کۆماری، کە هاو شەڕەسوو و سێ ئەوەندەی تر جەربەزە بوویوون بەرەو کوردستان ملیان نا، ئەم هێرشە فراوانە ڕەوێکی بە کۆمەڵی کوردانی لێ کەوتەوە نزیکەی نیوەی کوردەکانی عێراق بەرەو سنوورەکانی تورکیا و ئێران ڕەتان.

ئەوەی ڕوویدا وێنەیەکی ترسناکی مەرگی بەکۆمەڵی دانیشتووان بوو، شان بەشانی لەسەرما تەزین و بەدەم پەتا و نەخۆشیەوە نالاندن و لە هەمووشی خراپتر لەشکری عێراق و تورکیا وەکو مۆتەکە لە کۆڵی خەڵکە چارە ڕەشەکە نەدەبوونەوە نزیکەی ٢،١ ملیۆن کورد چوونە ئێرانەوە، (٥٠٠) هەزاری تریش لە سنووری تورکیا بەودیودا پەڕینەوە. لەمانە تەنها (٢٠٠) هەزاریان هێڵرانەوە، چونکە هەردوو ڕۆژ دوای لێقەومانەکە تورکیا سنووری خۆی خڕ داخست.

هێزی هاوپەیمانان (کە ئەمەریکایی و ئینگلیز بوون بەشێوەیەکی سەرەکیی) ڕەوانەی باکووری عێراق کرا بۆ پاراستنی کوردەکان هەروەها هەموو ناوچەکانی ژوور خەتی (٣٦)یان لە فرۆکەکانی عێراق قەدەغەکرد. ئەم کردەوەیە تا ڕادەیەك سرنجکێش بوو، چونکە ئەو هێڵەی سنووری ئەتنی کورد لەهی عەرەب جیا دەکاتەوە لە عێراقدا، کەم و زۆر لە باکوورەوە دەست پێدەکا و لە باشوور کۆتایی دێت، بۆیە ناوچەکە عەرەبێکی زۆری دەگرتەوە بەمووسڵیشەوە

کە شارێکی فرە ڕەگەن و دووەم شاری پڕ دانیشتووانە لە عێراقدا، جگە لەمە، هەرچەندە هەرێمە دەستنیشانکراوەکە هەولێر و چەند وردەشاریشی دەگرتەوە، لە سێ بەش، دوو بەشی کوردستانی عێراقی لە دەرەوە دەهێشتەوە بە سولەیمانی و کەرکووک و کفری و خانەقینیشەوە. هێزە هاوپەیمانەکان هەروەها "ناوچەیەکی پارێزراو"یشییان دانا کە بریتی بوو لە هەرێمێکی تەسکی باکووری مووسڵ و شارەکانی کوردستانی وەکو زاخۆ و عەمادیە و کەم و زۆر دهۆکیشی دەگرتەوە واتە هەمان ناوچەکە بەچڕی ئابی ١٩٨٨ لەلایەن بەغداوە گاز باران کرابوو، دەستنیشان کردنی ئەم ناوچە پارێزراوە بەو مەبەستە بوو کوردە پەرتەوازە بووەکان بکێشێتەوە جێی خۆیان. ناوچەکە، بەم دواییە درایە دەست و دەسەڵاتی کوردەکان.

دوابەدوای ئەوە کوردەکان دامودەزگاکانی حکومەتیان لەناوچەکە دەرپەڕاند و ئەمەش وای لە حکومەتی عێراق کرد هەموو ناوچەکە بخاتە ژێر ئابڵووقەی گشت لایەنەوە هەر لە کۆتایی ساڵی (١٩٩١)ەوە ناوچەکە بەرەبەرە تا نزیکەی (٤٠٪)ی کوردستانی عێراقی گرتۆتە خۆ و لە سنوورەکانی سوریاوە بۆ سنوورەکانی تورکیا و ئێران لە لایەکەوە تا سەر ڕووباری دیالە دەگرێتەوە، لە لایەکی ترەوە.

لەو کاتەشەوە تورگوت ئۆزال هاتە سەر مەکۆی کار لە تورکیا، ئەنقەرە کەوتە گۆڕینی ئەو سیاسەتەی لە حەفتا ساڵی ڕابردوودا لەمەڕ مەسەلەی کوردەوە لەو وڵاتەدا گرتبوویە بەر. ئەو گۆڕانەی کە ساڵی ١٩٨٩ لە ڕەفتارکردنی دژ لەگەڵ عەلەویەکاندا هێنایە کایەوە و دوابەدوای ئەوە ماوەدان بە بەکارهێنانی زمانی زگماك لەلایەن کوردەکانەوە لە تشرینی یەکەم (نوامبر)ی ١٩٩٠دا، نیشانەیەکی دیکەی ئەم سیاسەت گۆڕینەبوو.

بە درێژەی چەند سەدەی دوابەدوای یەك سوڵتانە عوسمانلیە سوننییە توندمەزهەبەکانی ئەستەموڵ لە فشار خستنەسەر و هەراسانکردنی "عەلەوییە پیسەکان" دەرفەت بوێریان نەدەکرد، کە لەپاڵ کوردەکاندا تورکمانێکی زۆریان لە ئەنەدۆڵ لەژێر باڵدا بوو (بڕوانە عەلەوییەت).

ڕوودلوە خوێناویەکانی ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٨ی دەرسیم، ڕێك ڕەنگدانەوەی ڕەفتارە ڕەق و زەقەکانی ڕابردوو بوون، بێگومان ئەمجارەیان خوێنێکی زۆرتری تێدا بە خەرجدرا، کەچی لە دوادوایی ١٩٨٩دا، جۆرە دڵگۆڕینێك بەرامبەر بە عەلەویەکان خرایە ناوانەوە، کۆماری تورك کە

لە ساڵی (١٩٢١)ەوە دەوڵەتی دنیاداریی جارِدابوو (٦٨) ساڵ دوای ئەوە وا خەریکە پەیڕە و لەم جۆرە سیاسەتە دەکا، ئەوەبوو بەڕەسمی دان بە ئایینی عەلەوییدانرا (هەڵبەت پاش ئەوەی وایان دایە قەڵەم کە بەشێکە لە ئایینی ئیسلام).

هەرچەند ئەمە هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو بۆ عەلەویەکان، چ کورد چ نا کورد، لە هەمان کاتدا خزمەتێکی باشی ئەنقەرەشی دەکرد ئەمە بوو بە داردەستێکی باش بۆ ئەنقەرە بۆ سەرکوتکردنی گیانی بەرهەڵستکاری چەکدارانە لەناو عەلەویەکاندا کە هەم هەستیان بە چەوساندنەوەی ئایینی دەکرد هەم هی نەتەوەیی. گەلێ ئاهەنگی تایبەت بە عەلەوییەکان، وەکو نەورۆز (جەژنی ساڵی نوێ) کە گشت کوردان پابەندی گێڕانین، دەکرا بە بۆنەیەك بۆ دەربڕینی هەستی توندی سیاسی دژ بە حکومەت، ئێستا دوای ئەوەی عەلەوییەت بەڕەسمی ناسراوە، ئیتر جەژنەکانیشیان بەهەمان شێوە نەك هەر دەناسرێن بەڵکو سەراسوێش دەکرێن (بڕوانە فیستیڤاڵ و ئاهەنگ و ساڵنامە) لە پەنای ئەوەشدا، وەکو بۆ گاڵتە دەیگێڕنەوە دەوڵەت هەوڵدەدا کوردە عەلەویەکان هەڵخەڵەتێنێ و بەهەر شێوە و شێوازێك بێ لە بەشداریکردن لە بزووتنەوەی ڕادیکاڵی کورد دووریان خاتەوە، چونکە ئەوان ڕۆڵێکی بەرچاویان تا ئێستا لەو بزاڤەدا بینیوە، (بڕوانە حیزبە سیاسیەکان). جگە لەوە عەلەوییەکان دەکرێ بکرێن بە پوازێکی بەکار دژ بە دوژمنە دێرینەکانی حکومەتی تورك، واتە ئیسلامییە سوننییە توندڕەوەکان کە تێیاندا بیروباوەڕی توندڕەوی ئیسلامی بە جۆرێکی ترسناك ماتەی داوە و بۆن و بەرامەی خەریکە گەلێ لە ڕابردوو توندتر دەرووبەر دەگرێتەوە، لاواندنی عەلەوییەکان سوودێکی تریشی بە دواوەیە، بەوە دەتوانرێ بەشداریکردنی ئەوان لەگەڵ کوردە مسوڵمانەکان کەمتر بکرێتەوە، بەوەی ڕەفتارە درەکانی ڕابردوویان بەرامبەر بە عەلەوییەکان بخەنەوە سەر بەڕە.

ئەوەی جێی سەرسووڕمانە ئەوەیە بۆچی تورکان، لە ڕابردوودا ئەم سیاسەتەیان نەدەگرتە بەر؟ ئێرانی دراوسێ لە سیاسەتی خۆشگوزەرانی و سەراسوێیی بەردەوام و هەموو لایەنە بەرامبەر بە ئازەرییەکانی، ئاکامی زۆر باشی وەدەستهێنابوو، بە جۆرێك ئەوان بە تەواوەتی نووسابوون بە بەدەنی دەوڵەتەوە، بە لکاندنی سیاسی و ئابووری ئازەرییەکان لەگەڵ داموو دەزگا و دامەزراوەکانی وڵاتەکەدا (بڕوانە ئێزەدی ١٩٨٨).

وەکو دەردەکەوێ ئەنقەرە تازە سوود و قازانجەکانی ئەم جۆرە سیاسەتەی بۆ دەرکەوتووە و تاقیکردنەوەکەی عەلەوییەکان خەریکە بە هەنگاوی تا ڕادەیەك خێرا هەموو کوردەکان دەگرێتەوە.

پاش ئەوەی سالّی ١٩٩١، "یاسای زمانەکان" بەلّێی درایە دەرگای بۆ بەکارهێنانی ئاشکرای زمانی کوردی کردەوە، بلاّوکردنەوەش بەزمانی کوردی، کە دەیەها سالّ بوو لە تورکیا قەدەغەکرابوو، بەری بەرەلّاکرا تاقیکردنەوەی دوو سالّی ڕابردوو وا نیشاندەدا کە بەلّێ هاولاّتیە کوردو تورکەکانی تورکیا وا خەریکن هەولّدەدەن پێکەوە ئاشتیانە هەلّکەن. بە هاوتێگەیشتن و ڕەفتاری دادپەروەرانە لەلایەن حکوومەتی ئەنقەرەوە، لەوانەیە هیچ بیانوویەك بە دەستەوە نەمێنێ بۆ کردەوە و کرداری دڕ و ڕەخنەگرتن کە تێیدا مەسەلەی کورد بکرێ بە بەهانە.

لە ئێران، تەنانەت کوشتنی عەبدولڕەحمان قاسملو، ڕابەری بە دیمەنی گرنگترین پارتی سیاسی کورد (KDP—١) لە سالّی ١٩٨٨دا (بڕوانە پارتە سیاسیەکان).

لە کاتێکدا خەریکبوو سەروکاری گفتوگۆی ئاشتیی لەگەلّ ئێرانیەکاندا سازدەدا، نەبوو بە بزوێنەرێکی ئەوتۆی کوردەکانی ئێران.

ڕۆژنامەکانی ئێران ئێستا دەلّێن گوایە جێگرەکەی قاسملو، سەعیدی شەرەفکەندی، خەریکی دەورەیەکی تری گفتوگۆی ئاشتیە، وەکو دەردەکەوێ لە قاسملو دلّنیاترە کەوا ئەویش لەم یاریەدا بە دەردی ئەو ناچی[19].

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە.—

**General Bibliography**

A valuable source to consult on many Kurdish historical issues is the *Encyclopaedia of Islam* under various headings, particularly "Kurds," "Kurdistan," and "Kurdish"; for historical background on religious movements, "Ahl-i Haqq," "Alevi," "Yezidi," "Gholât," and "Sufism"; and for dynastic information under the names of the dynasties as provided in this study. Also, G.R. Driver, "Studies in Kurdish History," *Bulletin of the School of Oriental Studies*, II (1921-23); Hasan Arfa, *The Kurds, An Historic and Political Study* (London: Oxford University Press, 1966); V. Minorsky, "Les origines des Kurdes," *Actes du XXe Congrès International des Orientalistes* 1938 (1940); H. Arfa, *The Kurds* (Oxford: Oxford University Press, 1966); Drek Ninnane, *The Kurds and Kurdistan* (London: Oxford University Press, 1964); G.R. Driver, "The Name Kurd and its Philological Connexions," *Journal of the Royal Asiatic Society of Great Britain and Ireland* (1923); Basil Nikitine, *Les Kurdes. Etude Sociologique et Historique.* (Paris, 1956); Arshak Safrastian, *Arabs and Kurds and Kurdistan* (London, 1946); *Kurdish Times*, semi-annual journal of the Kurdish Library, Brooklyn, New York 1985-present.

---

[19] پێشبینییەکەی د. میهردادی ئیزەدی ڕاست دەرچووو، ئەوەبوو دوکتۆر شەرەفکەندییش لە ئەڵمانیا بەهەمان دەردی دوکتۆر قاسملو چوو- وەرگێڕ.

# فەسڵی چوارەم

## جوگرافیای مرۆیی

ئەگەر بتەوێ كوردێك تەنها بە سەروسیما لە دراوسێكانی جیاكەیتەوە، ئەوا هەرگیز سەركەوتوو دەرنایەیت، چونكە گشت شێوە ڕوخسارو چڕ و چارەی هەر كوردێك، دەتوانرێ لە هی پڕانی دراوسێ ئەتنیە ڕەسەنەكانیدا بەدی بكرێ. لەگەڵ ئەوەشدا كوردان ئێستا زۆرترین دەچنەوە سەر ڕەگەزی دەریای سپیی ناوەڕاست و زیاتر لەڕەنگ و بۆو پێكهاتەی بەدەندا لە دانیشتووانی باشووری ئەوروپا و ڕۆژهەڵات دەكەن. بە هەرحاڵ، زۆربەی زۆری كوردەكان بەم ڕوو شێوە ڕوخسارەدا شۆڕ دەبنەوە: ١) كەسێكی تێر گەنم ڕەنگی، باڵا كورتی، سەلك نە زل نە بچووكی لە دانیشتووە هەرە كۆنەكانی قەفقاس چوو، یان كەسێكی٢) سوورەی لە تایپی كۆنە ئەڵپنشینە سەر نە زل نە بچووكەكان، هەندێ جاریش سەر درێژی سكەندیناڤی تەبار ئەم جۆرەی هەرە دوایی زۆرتر لە هەرێمی زاخۆ – ئۆرمیە – شنۆ، یان كرمانشاه – هەمەدان بەرچاو دەكەون، هەروەها لە كوردستانی ئەوپەڕی باكووری ڕۆژاوا لە چیاكانی پۆنتۆس. لە كوردستانی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات ئەم تایپە كەمتر بەدی دەكرێ، لە كاتێكدا كوردستانی ناوەندو ڕۆژاوا لەنێوان هەردوو تایپەكەدا گەنم و جۆن.

بۆ نموونە، لە لێكۆلینەوەیەكدا كە هێنری فیلد لە عێراق لەسەر (٥٩٨) كورد كردوویەتی، وا دەركەوتووە كە سێ یەكی ئەو ژمارەیە سوورە یان سوور و سپی (چاوشین یان كاڵ و قژ ڕەش) بوونە.

بەڵام كە لە زاخۆوە بەرەو كەركوك و سولەیمانی شۆڕدەبێتەوە ئەم نیشاندەرە بەرەبەرە دادەبەزێ (field 1959).

بەشێوەیەکی گشتی باڵای شارنشینەکان یان لادێ نشینەکان (٣"، ٥' — ٧"، ٥') کورترە لە باڵای چیانشینە (جاران) کۆچەرەکان (٧"، ٥'، ٦'). بەشێکی زۆری ئەم جیاوازیە لە باڵادا لەوانەیە هی سیستەمی خواردەمەنی بێ لەم گرووپ بۆ ئەو گرووپ، بەڵام جیاوازی جینی نابێ بە هیچ جۆرێك لە حیسابەکە دەرکرێ. زۆربەی ئەو گەڕیدە ڕۆژئاواییانەی لە سەدەکانی (١٩) و (٢٠)دا هاتوونەتە ناوچەکە، لە ڕاپۆرتەکانیاندا ئەوەیان دەرخستووە کە چ جوتیارە کوردەکان چ شارنشینەکان ڕەگەزێکی ڕەنگ بۆر و کەم داروویار بوونە لە بەدەندا، و هەمیشە سەرانەیان بەخێڵە ڕەوەندەکان داوە کۆیلەییان بۆ کردوون. ئەوان لەناو خێڵەکیەکاندا کە بە پێست گەنم ڕەنگ و بە باڵا بڵندتر بوون و بە خۆیان دەوت "کرمانج"، بە "گۆران" دەناسران. ئەم جیاوازیە بەدەنیە تا ئێستاش لە ناوەندی ئەو هەرێمە تەسکەی دەکەوێتە نێوان پاوە و شاە ئابادەوە بەدی دەکرێ، کە مەڵبەندی دوا پاشماوەی بە گۆرانی نوەکانەو تێیدا گەلێ وەرزێڕ و شارنشینی بۆر ڕەنگی باڵا کورت شان بەشانی گەنم ڕەنگی کۆنە ڕەوەند (کە ئێستا هەژاری و نەبوونی زەدەن)، پێکەوە دەژین، تەنها جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە ئێستا ڕۆڵی مێژووییان ئاوەژوو کراوەتەوە: گۆرانە گوزەران خۆشەکان ئێستا بۆ گوزەراندنی کارەکانیان، کرێکار و ڕەنجبەر لەناو چنگ زەرد و ژووردەستە ڕەوەندەکانی پێشووی بەکرێ دەگرن و ئێستا بە تەوس وتوانجەوە پێیان دەڵێن داری هەڵ واتە "داری زڕ یان کەلا هەڵوەریو".

وەکو دەردەکەوێ پرۆسەی "ئاریائیزە"بوونی کوردە سەرەتایی و هەرە کەونارا قەفقاسیەکان لە ڕووی زمان و کەلتوور و ڕەگەزەوە لەگەڵ سەرەتای دوو هەزارەی پێش میلاددا و لە پاڵ کۆچکردن و جێگیربوونی پەیتا پەیتای چەندین گرووپی بە زمانی هیندی ئەورووپی دوو وەکو میتانیەکان، هیتیەکان، مادەکان، ساگارتیەکان، سیثیەکان، فارسەکان و ئالانەکاندا ڕوویدابێ. دەبێ ژمارەی ئەم کۆچکەرە گەنم ڕەنگانە ئەوەندە زۆر بووبێ کە بایی گۆڕانی بنەڕەتی کەلتووری (هەرچەندە نەگەیشتۆتە ڕەگ) تێدا بووبێ.

سەرەڕای هەموو ئەو بەسەرهات و ڕووداوانەی کە لەبارەی باری نەمەیوویی یان یەك ڕەنگبوونی کەلتوورەوە باسیان دەکرێ، جا پێش هاتنی ئاریاییەکان بێ یان پاش، هیچ تەباییەك لە یەکڕەگیی (جینی) کورداندا هەرگیز ڕووی نەداوە، تەنها تەماشایەکی کورت و خێراش بەڕەنگ و ڕووخساری کوردانی ئەم سەردەمە لە گشت کون و قوژبنی وڵاتەکەیان بەڵگەیەکی خۆنووی ڕوون و ئاشکرایە بۆ ئەم بڕیارە.

ئەوەی زیاتر سرنجکێشە لە بارەی بن و بنەچەی ئەتنیی کوردەوە، چەند ڕەگەزییەتی.

هۆی ڕاستەوخۆی ئەم چەند ڕەگەزییەش لەوانەیە هی ئەو هەموو گواستنەوە و داگیرکارییە بێ کە لە چەندین هەزار ساڵی یەك لە دوای یەکدا بەسەر کوردستاندا هاتوون. بۆ نموونە، تەنانەت شوێنەواری ڕەگەزێکی وەکو مەنغولییش لەگەڵی جێگای کوردستاندا، جار بەجار، بەدی دەکرێ، چونکە هەر لە سەدەی (۱۲)وە بەدواوە چەندین شەپۆلی گەلە تورك ڕەگەزەکان ڕشاونەتە کوردستانەوە و تێیدا جێگیر بوونە ڕاستییەکەی، خەرمانی ڕەگەزیی کورد تێکەڵەیەکە کە هەموو ئەم گەلانە تێدا جێژبوونە.

تایپی هەرە باوباوی خوێن لە کوردستاندا (B)ە، ئینجا (A)– هەروەها تێکەڵەی ABیش– ئینجا (O). تایپ (B) کە ئەویش باوە لەناو کوردلنداا، وەکو دەردەکەوێ پارێزگاری سروشتیی بەخشیوە بە کوردان دژ بە کۆلێرا، کە ئێستاش جار بەجار خۆیان تێهەڵدەکاو قوربانیشیان لێ دەخاتەوە تایپ (A) بەرگرە لە پەتا دبلییەکان (تاعوون) لە کاتێکدا بوونی بەربڵاو دەستوەشێنی نەخۆشییەکە لە ئەورووپادا بەندە بەجۆری دانیشتووانەکەیەوە. هەروەها ئەوەش دەردەخا کە نەخۆشیەکە لە ڕابردووشدا ئەوەندە بکوژ نەبوە لە کوردستاندا. تارادەیەك کەمیی خوێنی تایپی (B) لە کوردستاندا، کە بەرگری ئاوڵەیە کە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا باوە، وا دەردەخات نەخۆشیەکە ئەوەندە بەربڵاو نەبوە لە چیاکانی کوردستاندا. ئەم بەڵگە پەتاوارە[1] دەبێ لە هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەدا ڕەچاو بکرێ کە لەسەر باری دیموگرافیای کورد دەکرێ، بە تایبەتی لەو کاتانەدا ژمارەی قوربانیانی پەتاکان لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا دەگێڕرێن (بڕوانە دیمۆگرافیا).

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:–

**Further Readings and Bibliography:** C.U. Ariëns Kappers, "Contributions to the Anthropology of the Near East, V: Kurds, Circassians and Persians," *Proceedings of the Section of Sciences* XXXIV (Amsterdam: Koninklijke Akademie van Wetenschappen te Amsterdam, 1931); Henry Field, *The Anthropology of Iran* (Chicago: Field Museum Press, 1939); Henry Field, *The Anthropology of Iraq* (Cambridge: Harvard Peabody Museum of Anthropology, 1952); R.H. Dyson, "Ninth Century [BC] Man in Western Iran," *Archaeology* 17 (1964).

---

[1] واتە لەسەر بوون و نەبوونی پەتا بنیات نراوە-وەرگێڕ.

# هۆزەکان

کوردستان ئەمڕۆ مەڵبەندی ژمارەیەکی زۆری خێڵ و هۆز و گەلەهۆزە، کە هەریەکەیان خاوەنی زێد و واری خۆیەتی (بڕوانە نەخشەی ژمارە ٢٧) و زۆربەی زۆریان بەهەمان ناوەوە لە چەندین هەزار ساڵەوە هەن. بۆ نموونە، هۆزی زێباری لەسەرچاوە سۆمەری و ئەکەدیەکاندا بە ساوبار و یان سیبارو ناوی هاتووە. جیاوازی ناوە هۆزیەکانی هۆزەکانی بوهتان، ماناکان، هازابان، بەکران، پیران و بەراز لە تۆماریەندیەکانی گریک-ڕۆمەکان ئارامیەکان، فارسیە ناوەندیەکان و ئەرمەنیەکاندا (وەکو بوختانۆی، مامیگۆنیان، ئەدیابین، باگرات، پارێن و ڤیراز هاتوون) سەرچاوە ئیسلامیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، لیستەی دوور و درێژی ناوی هۆزە کوردەکانیان تێدایە هەر لە تەنگەی هورمزەوە بگرە تا دەگەیتە ناوچەرگەی ئەنەدۆڵ و زۆربەی ئەو هۆزانە هێشتا هەر لەناوماندا دەژین، هەرچەندە جێیان گۆڕیبێ ئەو لیستە دوور و درێژانەی کە مێژوونووسی کورد شەرەفەددینی بتلیسی ساڵی ١٥٩٦ پاش میلاد لە شەرەفنامەدا دایڕشتوە (بڕوانە سەرەتای مێژووی هاوچەرخ و ئەدەب)، هەروەها گەڕیدەو و فەرمانبەری بەرزی عوسمانی ئەولیا چەلەبی (١٦١١-١٦٨٢) لە (سیاحەتنامە) گەڕیدا بە تانیدا چووە، ئەو بۆشایی زانیاریانە پڕدەکەنەوە کە لە ئەم لاو ئەولا کردن و دابەشکردنی هۆزە کوردەکاندا بەتایبەتی و گەلی کوردیشدا بە گشتی لەماوەی نێوان سەدەکانی ناوەڕاست و هاوچەرخدا ڕوویان داوە.

بڕە زانیاریەکی بەترخیش لە بارەی شوێنەواری کۆنی هەندێ لە هۆزەکانەوە، لەوانەیە لەناوی هەندێ ڕووناکبیری ئیسلامی سەدە ناوەڕاستینەکانیشەوە هەڵێنجرێ کە ناوی هۆزەکانیان خستۆتە پاڵ ناوی خۆیان و جێگای لە دایکبوونیان زانراوە.

لکاندنی ناوی هۆز بەناوی خۆیانو بنەماڵەوە لە سەدە ناوەڕاستینەکانەوە، بگرە لەوە بەرتریشەوە کارێکی باوبوە. بۆ نموونە، ئیبنی خەلکانی مێژوونووس (کەسەر بە هۆزی خەلکان بوە)، بەبن و بنەچە خەلکی کوردستانی ناوەندە، لەکاتێکدا ئیبن فەزلانی یەکەم گەڕیدەی ناسراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە گەڕیدەیی گەیوەتە قوتب و ناوچەی

## چەردەباسێك لە بارەی کوردانەوە

سکەندیناڤیا، سەر بەهۆزی فەزلان فـەزلۆونی کونفیدراسـیۆنی شـەدداری (شـادلووی ئێـستا) و کوردستانی باشووره ئێستاکه پەڵە پەڵەی هۆزی فەزلان لە کوردستانی بـاکوور و لـە خۆراسـان و خەلکانیەکانیش هەر تۆزیکیان لە قوژبنێکی کوردستان دەژین.

هۆکارێکی گرنگی دابەشبوونی ئەم سەردەمەی هۆزە کوردەکان، ئەو ئایینانەی لەسـەرین و ئەو دایەلەکتانـەی پێـی دەدوون، تەنانـەت جیاوازیـەکانیش لـە بـەدەن و ڕوخسارییاندا، وا لـەو لێقەومان و گواستنەوە بەکۆمەلانـەدا کـە لـەناوەوەی خـاکی کوردسـتانەوە بـۆ دەرەوەی و لـە دەرەوەیەوە بۆ ناوەوەی کراوە. کۆچپێکردنی بـە کۆمـەڵ، چ لـە ڕابردوودا و چ ئێـستا، بۆتـە بایسی جیاوازی لـە پێکهاتـەی هـۆزەکی کوردسـتاندا هـەروەها کوردەکـانی لـە گـەلێ گرووپـی ئەتنی دیکەی ناوچەکەش نزیك کردۆتەوە و پەیوەندیی جۆراوجۆری لەنێوانیاندا دروستکردوە.

کۆزەر و بەریایەکی باشـی ئـەم مەسـەلەیە و پـشتەڵەکە مێژووییـەکانی لـەژێر بابەتـەکانی (کۆچـکردنە مێژووییـەکان، دەربەدەرکردنـەکان و دەربەدەرکردنـە زۆرەکیـەکان و مێـژووی کلاسیك و سەدەکانی ناوەڕاست)دا کراوە.

بۆ ئەوەی بتوانیێ شوێن پێی گواستنەوەی هۆزە کوردەکان هەلگری، کەم و زۆر دەبێ چـاو بە بەلگەی زیندوو و سەرچاوە سەرەتاییەکانی ڕابردووی ئەم گەلەدا بخشێنی بۆ نموونـە هـۆزی مێژوویی هەزەبانی، کە خێزانێکـی نـاوداری سـەر بـە ئـەو حکـومڕانی کوردسـتانی ناوەنـدی لـە سەدەی یەکەمی پێش میلادەوە تا سەدەی سێیەمی پاش میلادکردوە، نـاوی خـۆی خـستۆتە سەر ناوچەکە، واتە، ئەدیابین کـە چـەندجار و لـە چـەند جـێ سەرچـاوە گریکـی و لاتینیـەکان ناویان بردوە.

بەهەر حاڵ، لقێکی ئەم هۆزە، نۆ سەدە دوای ئەوە، خۆی لە نزیك دوین و ئانی لە باکووری ئەرمەنستان گرتەوە هەر لەم لقە خۆیەوە بنەماڵەی ئـەیوبی هەلکـەوتوە کـە دوا دوا بـۆ خـاکی کۆنە ئەدیابین گەڕانەوە هەر دوای ئەم گەڕانەوەیە سوڵتان سەلاحەدینی بنیاتگوزاری بنەماڵـەی ئەیوبی، لە تکریت، کە یەکێك بوو لە شارەکانی ناو قەلـەمڕەوی بنەماڵەکـە، لـە دایك بـوو ئـەم هۆزی هەزەبانییە، ئێستا بە چەند نـاوی نزیـك لـەناوە ڕەسـەنەکەی خۆیـەوە، بەپەڕاگەنـدەیی هەر لە خۆراسانەوە تا سوریا دەژین.




نەخشەی ژمارە (27)– هۆز و گەلە هۆزەکان

بەراز– گەلە هۆزێکی سەرەکییە.

ڕەشوەند – هۆزێکی گەورەیە.

ئەو ناوچانەی ئێستا زۆربەی دانیشتووانیان کوردن.

سەرچاوەکان: مارک سایکس/ 1908 (سەرچاوەی سەرەکیی)، ئیفانۆڤ (1927)، هێنری فیلد (1939 و 1952)، سووسە (1953)، ئەریستۆڤا (1958)، بڕوانە بیبلیۆگرافی، هەروەها ئیرەجی ئەفشار (1978).
تێبینی: گەلێ لە هۆزەکان لە زیاتر لە یەک شوێن بەسکراون. هەندێ جار ناوی هۆزێک، هی گەلە هۆزەکەیە، هەندێ جاریش هی هۆزێکی گەورە یان بچووکە. میلاتەکان نموونەن بۆ ئەمە.

هۆزی باوەند (باڤەند) كە ئێستا لە دەوروبەری كرماشان نیشتەجێن، كاكەییەكان كە لە نزیكی كەركوك دەژین (هەروەها كاكەوەندەكان كە بەچیای ئەلبورزەوە و لە كرماشانیش نیشتەجێن)، و هۆزی شەدادان كە لە توركیا و سوریا لەنزیكی حەڵەب دەژین، ئەوەی ئەو كوردانەن كە میرنشینە سەدە ناوەڕاستینەكانی باوەندی و كاكۆكیی و شەدادییان دروستكرد كە لە دوای یەك هەرێمەكانی سەر كەناری دەریای خەزەر و ناوەندی ئێران و سەرزەمینەكانی قەفقاس– ئەرمەنستان– باكووری كوردستانیان بەدەستەوە بوو. ناوی كۆنفیدراسیۆنی مەزنی بابان كە لەژێر سێبەری عوسمانیەكاندا حوكمی هەموو كوردستانی ناوەندی تا ساڵی ١٨٤٨ دەڕانی، زۆر وێ دەچێ لە باوەندەوە هاتبێ هەروەها لە هۆزەكانی دیمیلییەوە بنەماڵە پاشازادەكەی بوەیهیان و چەندین بنەماڵەی پاشازادەی تر هەڵكەوتن بارستی، هەرە گەورەی دیمیلیان هێشتا هەر لە باكووری ڕۆژاوای كوردستان لە ئەنەدۆڵ بە ناوی "زازا" وە بە پاوەیە.

گەر چاو ژیركەیتەوە، مرۆڤ چەندین هۆزە ناوی تری كورد لەناو خانەوادە ئەریستوكرات و میرزادە ئەرمەنی، گورجی و هی گەلانی تری دراوسێدا دەدۆزێتەوە سەر هۆزە مەزنەكانی بەڕازی یان فەرازیەكان، یەكێك بوون لە حەوت خانەوادەی فیودالی حكومڕانی سەردەمی دوور و درێژی پارتیەكان (٢٤٧ پێش میلاد – ٢٢٤پاش میلاد) و هەر لە سوریاوە بگرە بە ئەرمەنستاندا تا دەگەیتە سنوورەكانی ئەریابینیان لە قەڵەمڕەودا بوو ئێستاش لەم سەردەمەدا، كۆنفیدراسیۆنی هۆزی كوردی بەڕازی نیوەی ڕۆژاوای ئەم سەرزەمینە یان بە دەستەوەیە.

لە هۆزی مامەكانیش خانەوادەیەكی فیودالی ئەریستوكرات هەڵكەوت (ناخار لە زمانی ئەرمەنییدان)، كە بریتیە لە خانەوادەی مامیكۆنیان یان مامیگۆنیان كە ماوەیەكی زۆر جڵەو بەدەستی ئەرمەنیان بوو هەر لەم خانەوادەیە خۆی دوو جەنەڕاڵی بیزەنتی هەڵكەوتن ڤارتان و ڤاهان مامیكۆنیا كە لە سەدەی شەشەمدا ناویانگیان دایەوە هەروەها چاكێكی وەكو سانت ڤاردان مامیكۆنیان لێ كەوتەوە كە قارەمانی شەڕی ئەڤاریا (٤٥١ پاش میلاد) بوو. ئەم مامیكۆنیانانە، بە گوێرەی كۆنە هەواڵی ئەرمەنیان، هەرێمی "تایك و تارۆن و باگرافاندین و ئەسیلسینیان" واتە، هەرێمەكانی مووش – موس، بتلیس، سێرت و هەكاری ئێستای سەرسنووری نێوان باكوور و ڕۆژاوای كوردستان لە نزیك و دەوروبەری گۆلی وانیان

بەدەستەوە بووە ئێستا مامیکۆنەکان لە هەمان دەوروبەر، پەڵەیەك لێرە،پەڵەیەك لەوێ، لە باکوور و ڕۆژهەڵات و خوارووی گۆلی وان دەژین لقی کۆنتری مامیکانەکان لەوانەیە مامەش و مامەسانیەکان بن کە بەچڕی لە ناوەند و باشووری زنجیرە چیای زاگرۆس دەژین لە کاتێکدا مامیکۆنیەکان بە ئەرمەنی دەدوان، مامەسانیەکان دایەلەکتی لوڕی فارسییان بۆ خۆیان کردووە بە زمان، کە چی مامەشەکان و پاشماوەکانی تری مامیکۆنەکان تەنها لقن کە بە کوردی دەدوون و تا ئێستاش هەرماون.

هۆزی بەکران یان بەگران کە لە شاری دیاربەکر دەژین و هەرناوی ئەوانیشە وا بە شارەکەوە،بنەماڵەی پاشازادەی بە گرانی لێکەوتەوە کە، جار ناجار، جڵەوی حوکمیشی بە دەستەوە بووە، جارێکیان بە سەر ئەرمەنیەکانەوە و جارێکی تر بە سەر گورجیەکانەوە و ئەمە چەند جار لەنێوان سەدەی نۆیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا دووبارە بۆتەوە.

بە گوێرەی قسەی تێر– غیونریان، مەڵبەندی هەرە دێرینی بەگراتیە کۆنەکان ئەو هەرێمە بووە کە دەکەوێتە نێوان دیاربەکر و بینگۆلەوە لە باکووری ڕۆژاوای کوردستان بەکرانیەکان نەوەی هۆزی بەگراوەندن کە (٢٢) سەدە لەمەوبەر کلۆدیۆس پتۆلەمی جوگرافیاناس ناوبانی بە باگراوەندە هێناوە و ناوی وڵاتەکەیانی، کە دەکەوێتە نێوان گۆلی وان و ڕووباری دیجلەوە، بە باگراواندین ڕیجیو bayvave ndine reyio واتە "هەرێم یان وڵاتی بەگرەوەندەکان، ناویردوە".

مارك سایکس نووسیویە دەڵێ " بە گوێرەی ئەو قسانەی لە باوباپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە بەکرانەکانی ئەم سەردەمە لەو باوەڕەدان کەوا ئەوان بە بنەچە دەچنەوە سەر بەگراتیەکان". "پیاوە ئایینیە ئەرمەنیەکان بەگشتی بە دڵنیاییەوە ئەم بۆچوونە دەردەبڕن". مرۆڤ دەتوانێ پەی بەجۆرە پەیوەندیەکیش بەرێ لەنێوان هۆزی تیرکان و پادشا تیگران، کە گەورەترین پادشایی ئەرمەنیان بووە لەسەردەمە دێرینە کاندا. سایکس لەم بارەیەوە دێتەوە وتارو دەڵێ "ئەو تیرکانانەی من سەردانم کردن زۆر بە میهرەبانی و لوتفەوە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە ئەرمەنیە بچووکەدا ڕەفتاریان دەکرد کە لەناویاندا دەژیان".

"ئەو ئەرمەنیانە دەڵێن، هۆی ئەمە ئەوەیە ئێمە لەیەك ڕچەڵەکین (لەگەڵ تیرکانەکاندا) و کەوا ئەوان (ئەو ئەرمەنیانە) لە بنەڕەتدا ئەرمەنی نین ئەرمەنیەکانی دیاربەکر چ ئایینی چ نائایینیی پا لەمە نانێن، بەڵام من ئەمەم لە زاری یەکێکەوە بۆ ساغ بووەوە کە هەم قەشەو

هەمیش كەسایەتیەكی ئایینیی مەسیحیەكانی ناوچەكەیە)( sykes 1908،464).

هەر لەم بوارە سرنجكێشەدا، دەتوانین ناوێكی تریش ببەین، ئەویش تیرگانە (دەوروبەری ٢٢٥٥ پێش میلاد)، كە پادشایی قوتیلەكانی سەردەمانی دێرین بوو (بڕوانە مێژووی كۆن) وەكو لەسەرەوە باسمان كرد، لە سەرەتای سەدە ناوەڕاستینەكانەوە هۆزە ناو نراونەتە سەر بنەماڵەی حكومڕان و كەسایەتی دەسڕۆتیرگان كە ناوێكی خوتیلییە، لەوانەیە جاری یەكەم لەلایەن پادشاییەكی چیانشینی كوردەوە بۆ خۆی وەكو هۆزە ناو بەكارهێنرا بێ و هەزارەها ساڵی دوای ئەوەش كرابێت بە ئادەت ڕاستیەكەی بەكارهێنانی ناوە هۆز لەگەڵ ناوی كوردانی بەر لە شارستانیەت وای لە هەندێ كەسی وەكو عەلا فەیروز كردووە كە بڵێ كورد یەكەم گرووپی ئەتنی سەر ڕووی زەمینن كە لەقەبیان بۆخۆیان داناوە.

هۆزێكی تری بەناوبانگی كورد كە ئێستاش لەو جێیەی خۆی نیشتەجێیە كە بتۆلمی باسی كردووە كۆنفیدراڵی بەلیكانە. بتۆلمی بە وڵاتی ئەم بەلیكانانە دەڵێ بەلیكانیا و دەیخاتە سەرسنووری توركیا و سوریا لە باكوور و باكووری ڕۆژهەلاتی حەڵەبەوە بە درێژایی مێژوویان، گەلێ هۆز لە ئەنجامی ڕەهەندەكردن یان كۆچكردنی خۆ بە خۆدا پەرش و بڵاوەوە بوونە بۆ نموونە، هۆزی خەلكان ئەمڕۆ پەڵە پەڵە لە نزیكی هەولێر (لە عێراق)، لە نزیكی كرمانشا (لەئێران بەناوی چەوتەوەكراوی قەڵغانەوە)، لەنێوان ئەنقەرە و قۆنیە لە توركیا، هەروەها لە خۆراسان و توركمەنستان و ئەرمەنستان و لە سنووری نێوان ئێران و توركیا لە نزیكی شاری ماكۆ نیشتەجێن كۆنترین تۆماریەندی بەردەست لە بارەی مەڵبەندی خەڵكانەوە، دەیانخاتە دەوروبەری هەولێرەوە.

لەم سەردەمانەی ئێستا بەتایبەتی لە سەرەتای (١٩٣٠) یەكانەوە، دارەڕاو ڕێكخراوە هۆزیەندیە كۆنەكانی كوردان لە توركیا كەوتۆتە بەرفشار و زوڵم و زۆرێكی زۆر، بەلام هەرگیز نەبۆتە هۆی نەمانی هۆزە كوردەكان لەوێ نەخێر مەسەلەكە زۆر دوورە لەوە هەربوونی بە هێزی ئەوانە لە مەیداندا كەوا هەژمانی لە حكومەتی تورك بڕیوە. لەم دواییەدا چەند بەشێكی ڕاپۆرتێكی نهێنی حكومەتی توركیا لە بارەی هۆزە كوردەكان و پلەی پشتگیریان لە دەوڵەت بەشێوەیەكی نایاسایی لە پەخشنامەی "ئیكی بینە دۆغرو"دا و لە باسێكدا بەناوی "ڕاپۆرتێكی زۆر نهێنی لە هەڵسەنگاندنێكی حكوومەتدا لەبارەی هۆزە خائین و دڵسۆزەكانەوە

"چوق گیزلی راپۆر، دولتبی گوزیلە خائین و یاندلش عشیرتلر" کانونی یەکەم – دیسامبری ۱۹۸۷)دا بڵاوکراوەتەوە.

لە راپۆرتەکەدا، مەڵبەندی هەر هۆزە کوردێك دەستنیشان کراوە، هەروەها ژمارەیان، شێوەی دیالێکتی دوانیان، سەرکردەکانیان، و رابردوویان لە رووی دڵسۆزی و نا دڵسۆزیەوە بۆ دەوڵەت هەر لە دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە تا ئەمڕۆ ئەو بەشانەی راپۆرتەکە کە دەست کەوتون، سەرچاوەی بێ هاوتان بۆ گەیشتن لە بارودۆخی ئێستای هۆزە کوردەکان لە تورکیا.

لەسەرزەمینەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، پەیوەندی سەر بە هۆز بوون لەناو کوردەکانی ئەرمەنستان و گورجستان و تورکمانستان هەر ماوەتەوە، بەلام لەناو کوردەکانی ئازەربایجاندا کەمتر، کوردەکانی ئازەربایجان بە کۆمەڵی گەورە گەورە ڕەمەندی کون و قوژبنی ئۆراسیا کران و کەلتووری ئەو کوردانەش کە مانەوە لەلایەن ئازەرییەکانەوە خرایە ژێر فشارەوە ئەریسیتۆڤا ساڵی(۱۹۵۸) باسی ئەوەی کردووە، کە تەنها دوو کوردی ئازەرەیی سۆڤیەتی دۆزیوەتەوە، کە توانیبێتیان خۆیان بەرنەوە سەر هۆزەکانیان بەر لە راپەرینەکان، لە کاتێکدا کوردەکانی تری سۆڤیەت باسی چەندین هۆز و وردە هۆزیان کردووە و باو باپیرانیان بردۆتەوە سەر ئەوان.

لە ئێران و عێراق و سوریا، راپەڵبەندی گەلێ هۆز وەکو خۆیان بێ گۆڕان ماونەتەوە، لە خشتەی ژمارە (۱)دا لیستەیەکی تەواوی گەلە هۆز و گەورە هۆزی تر لەم وڵاتانە دارێژراوە.

لێکۆڵینەوەکەی ساڵی (۱۹۰۸)ی سایکس (مەبەستی مارك سایکسە وەرگێڕ) ڕستبەندی ژمارە و جێگای هۆزە کوردەکانی کردووە و تێبینی کورتیشی لە بارەی باروبۆخی کۆمەلایەتی کەلتووریانەوە داوە هەرچەندە ئەم بەرهەمەی سایکس باسی هەرێمە کوچنشینەکانی فارس زەمین ناکات، بەلام بایەخی خۆی لەوەدا سەندوە کە بەر لە دابەشکاری و زوڵم و زۆرەکانی بیستەکاندا نووسراوە و کەوتۆتە ناوانەوە.

ئەو بەرهەمانەی دوای ئەوە بڵاوکراونەتەوە، وەکو هینەکانی ڤیلەچیڤسکی یان ئێدموندز، یان نیکیتینی یان موکری، زانیاری نوێیان خستۆتە سەر ئەو زانیاریانەی کە لە بارەی هۆزەکانەوە بە دەستەوە بوون هەرچەندە لە هەندێ بابەتدا لەگەڵ یەکدا زۆر رێك نین.هەرچی

(فیلد)ە، بەوكارە مەیدانیەی كە لە عێراق و ئێراندا ئەنجامیداوە، هەندێ نەخشەو ئامارگیری و رومالكاری هۆزە كوردەكانی بە زمانی ئینگلیزی تۆمار بەندی كردووە، كە كەم هاوتان لە جۆری خۆیاندا چەندین كاری پڕ نرخی تر لەم بوارەدا بە زمانەكانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ئەنجام دراون .

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە: —

**Further Readings and Bibliography:** Claudius Ptolemy, *Geographia*, trans. E. Stevenson (New York: New York Public Library, 1932); Henry Field and J.B. Glubb, *The Yezidis, Sulubba and other Tribes of Iraq and Adjacent Regions* (Menasha, Wisconsin, 1943); Henry Field, *Contribution to the Anthropology of Iran* (Chicago, 1939); Ahmad Sousa, *Atlas of Iraq* (Baghdad, 1953); Mark Sykes, "The Kurdish Tribes of the Ottoman Empire," *The Journal of the Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland* XXXVIII (1908); V. Minorsky, "The Tribes of Western Iran," *Journal of the Royal Anthropological Society of Great Britain and Ireland* LXXV (1945); W. Ivanov, "Notes on the Ethnology of Khurasan," *The Geographical Journal* LXVII-2 (London, 1926); *Sovremennii Iran: Spravochnik* ("Contemporary Iran: A Reference Book') (Moscow, 1957); Alexandre Jaba, *Recueil de Notices et Récits kourdes* (St. Petersburg, 1860); Henry Field, *The Anthropology of Iraq* (Cambridge: Harvard Peabody Museum of Anthropology, 1952); J.B. Noel, *Notes on Kurdish Tribes: On and Beyond the Borders of the Mosul Vilayet and Westward to the Euphrates* (Baghdad, 1919); W.D. Hütteroth, "Bergnomaden und Yaylabaurern im mittleren kurdischen Taurus," *Marburger Geographischer Schriften* II (Marburg, 1959); Aram Ter-Ghewondian, *The Arab Emirates in Bagratid Armenia*, trans. N. Garsoïan (Lisbon: Livraria Bertrand, 1976); H.L. Rabino, "A Journey in Mazandaran (from Resht to Sari)," *The Geographical Journal* 42 (1913); J.B. Noel, "A Reconnaissance in the Caspian Provinces of Persia," *Geographical Journal* 57 (1921); Marcel Bazin and Christian Bromberger et al., *Gilân et Âzerbâyjân Oriental: Cartes et Documents Ethnographic* (Paris: Éditions Recherche sur les civilisations, 1982); Mark Sykes, *The Caliph's Last Heritage* (New York: Arno Press, 1973, reprint of the 1915 London edition); Office of the Civil [Iraq's British Administration] Commissioner, *Notes on Kurdish Tribes, on and Beyond the Borders of the Mosul Villages* and *Westward to the Euphrates, and Notes on the Tribes of Southern Kurdistan Between the Greater Zab and the Dialeh* (Baghdad, 1919); Fu'ad Khurshed, *Notes on the Tribes of Southern Kurdistan* (Baghdad, 1919); Sharaf al-Din Bitlisi, *Chèref-nameh [ Sharafnâma] ou Fastes de la nation kourde*, French trans. Charmoy, 2 vols. (St. Petersburg, 1868-75); T.F. Aristova and G.P. Vasil'yeva, "Kurds of the Turkmen SSR," *Central Asian Review* 13-4 (1965); Evliyâ Chelebi, *Siyâhatnâma: Narrative of Travels in Europe, Asia, and Africa*, trans. Joseph von Hammer, 3 vols. (London, 1834-50).

## HISTORICAL MIGRATIONS

Familiarity with historical Kurdish migration patterns is perhaps the single most important tool in accurately reconstructing Kurdish history. The utter lack of knowledge of and interest in the population movements, and their interconnection with historical and social events in Kurdistan, is surprising, given the availability of information. Ignorance of these historical events has been the source of the puzzlement of most modern writers over questions of Kurdish national identity, the Kurdish role in and contributions to Middle Eastern history, and the complexity of their modern religious, linguistic, and racial composition. The large body of work and attention given to past Turkic migrations, for example, has clarified many otherwise puzzling historical points about those peoples. The same degree of attention to Kurdish migration patterns can also

# هۆز و کونفیدراسیونی هۆزە کوردەکان

لە ریزبەندی هۆزەکاندا، لە رۆژهەلاتەوە بۆ رۆژاوا دەستمان پێکردووە، بەلام هەندێ هەلاواردنیش کراوە، واتە تەنها ناوی کونفیدراسیۆنە هۆزیەکان و تاقە هۆزە گرنگەکان براوە ئەندامانی هەر کۆنفیدراسیۆنە بە نەزمی ئەلفەباتیك لەژێرەوە باس کراون.

ئەو تێبینیانەی لەناو کەوانەدا دراون، ناوەکانی تری هۆزەکە دەردەخەن، لەپاڵ مەلبەندو دەیالێکت و ئایین و شتی تردا، دەبێ کوردە (حەمکاو)ەکانی هەرێمەکانی بوخارا و فەرغانە (ئۆزبەکستان)یش بخەینە سەر لیستەکان هەرچەند نەمزانی بیانخەمە سەر کام هۆز. ئەو کوردانەی دوای(١٩٢٥) رەهەندەو دەربەدەر کراون لەم لیستەیەدا ناو نەبراون، جا پەیوەندی هۆزیەندیانەی خۆیان لە مەلبەندی نوێیاندا راگیر کردبێ یان نە.

١– لە هەرێمی خۆراسان

ا – باکووری خۆراسان: (هەموو هۆزەکانی ئەم ناوچەیە، بەکرمانجی ژوورو دوو و سوننی مەزەبن، لە هەندێ جێگەشدا تێکەلەی سوننی و شیعەن، یان جۆری ترن کە لە شوێنی خۆیدا باس دەکرێن). خشتبەندی (١)

گەلە هۆزی زافەرانلو (یان زەعفەرانلو چەمیشگەزەك)لەسێ دوو بەشی هەموو ناوچەکە لە ئێران و لە تورکمانستانیشدا پێکدێنێ.

عەمەرلو (هۆزێکی زۆر گەورەیە).

ئەمیران.

بەکران (یان بیچران).

باچڤان (یان باچیان).

بادەلان (یان بەهادوران).

باریڤان (یان بریکان، بە هاروەندی هەرە کۆن؟ یارسانی بە لەکی دوون).

بۆرەکەیی (بەشێکن لە بۆرەکەییەکانی کوردستانی رۆژهەلات، سوننی و بە کرمانجی

باشوور بوون).

گاولیان (هۆزێكی زۆر گەورەیە).

هیزۆلان (یان ئیزۆلی).

هازوان (یان هەمزاكان، بەشێكن لە هاضەبان / هاضەبانی دێرین).

هەڤادان (یەزیدی بە كرمانجی باكوور دوون).

ئیزان.

جەلالی.

كایكان.

كۆوا (یان كوڤانلو، كاڤیانلو، كۆوەند).

كووخبان (یان كوخبانیكلو، كوهانیكلو).

میلان (میللی).

موژداكان.

پاڵوڤولان.

پاهلەوان (فەیلین؟).

پاڵوكان.

قەرە چورلو (یان قەرەچول).

قارمان (قەهرەمانلو).

قاچكان.

رەشوان (یان ڕەشەوەند).

روتاكان.

شاران.

شایخكان

شاملو (بیجرانلو)

سیلسە پۆران.

سیواكان (یان سیوەرەك، عەلەوی بە دیمیلی دوون).

سۆفیان.

تۆپکان (زۆر گەورەیە).

وێران.

زەیدان.

گەلە هۆزی شادلو (شەداد) گشت چمکی باشووری ڕۆژاوای هەرێمی خۆراسان دەگرێتەوە.

ئالان.

بوغان.

دیرقان.

گاریوان.

گوردان.

ئینران.

جابان (یان جاپا لەوانەیە پەیوەندی بە جاف گەورە هۆزەوە هەبێ).

جویان.

کاغان.

[illegible]

قیلیچان.

قراباشلو.

قوپران (یان کوپران).

**ئەو هۆزانەی بەشێك نین لە هیچ گەلە هۆزێك:**

لەك (لە ئەبیوەردەوە تا چەمچەمە دەگرنەوە، یارسانی بەلەکی دوون).

قەرەچورلو (لە چەند بەشێکی باکووری ڕۆژاوای وڵاتەکەو و هەندێ بەشی لەو بچووکتری ڕۆژاوایدا دەژین).

زەند (لە ئەبیوەردەوە تا چەمچەمە، یارسانی بەلەکی دوون).

ب- کۆهستان- ناوچەی بیرچەند.

بوهلوولی (لە قائینەوە بۆ تەبیات، پارسانی بەلەكی دوون).

مەناوەند. لە بڵندلییەكانی مەناوەند و خۆشئاوا دەژین، پارسانی، بەلەكی دوون.

بۆشنەوەند (ڕەشەوەند، ناوچەی تەبەس و مەسیتا، پارسانی، بەلەكی دوون).

تۆمقانلو (كاشمەر و بەكران كوە باشووری بیرچەند، سوننی بە كرمانجی ژوور و دوون).

۲-كێوەكانی ئەلبورز.

أ-هەرێمی مازەندەران.

گەلە هۆزی خاجەوەند (لە نور و قەجور و كلاردەشت و پول دەژین و پارسانی بەلەكی دوون).

دیلفان.

كاكەوەند (كاكەوەند).

لەك.

سوڵتانقولیخان.

ئەو هۆزانەی بەشێك نین لە هیچ گەلە هۆزێك (گشتیان سوننی بە كرمانجی باكوور دوون- یان جۆری دیكەی كە لە شوێنی خۆیدا باس دەكرێن):-

عەلیكانی (لەناوچەی دەماوەند و لار، عەلەوی بە دیمیلی دوون).

بەلیكان (لە بڵندیەكانی گەچسار- كاندووان دەژین، سوننی بە دیمیلی دوون).

گریلی (گرایلی، لەسەر ڕووباری نیكا دەژین، سوننی بە دیمیلی دوون).

گوڵبادی لەنێوان بیهشەهر و بەندەرگەزدا دەژین، سوننی- كرمانجی ژووروو).

لاریجانی (لە بڵندییەكانی دەوریەری لاریجان).

ماشائی (نزیكی بەندەرگەن).

نەوائی (نزیكی ئامول).

نێكا (لەسەر ڕووباری نێكا).

نوری (لە دەورووبەری شاری نور).

عومرانلو (لەناوچەی گالوگاه).

ب–هەرێمی گیلان

گەلە هۆزی عەمەرلو (لە دەیلەمان و سیاقەلەوە تا ڕووباری شاهڕوود. خۆیان لەو باوەڕەدان کە پەراگەندەی گەلەهۆزی گەورەی بابانن، سوننی، بە کرمانجی باکوور دوون)

بەها دەواللو.

بایشان.

دەوالو (دەواللو).

شاملو (شامقان).

شاقولان (شامقانلو).

ستاجلو (ئیستاجلو).

ئەو هۆزانەی کە بەشێك نین لە هیچ گەلەهۆزێك:–

باجەلان (یارسانی، گورانی).

بوهنوویی (بوهتانی، سوننی، کرمانجی باکوور).

چیگینی (باکووری ڕووباری شاهڕوود، سوننی، کرمانجی باشوور).

چەمیشکەزەك (عەلەوی، دیمیلی).

جەلیلوەند (یان جەلالوەند، یارسانی، لەکی).

کەلهوڕ (یارسانی، گورانی).

کاکەوەند (یارسانی، لەکی).

کرمانی (یارسانی– کرمانجی باشوور).

مافی (بەشێکن لە مافییەکانی کرمانشاه، یارسانی و شیعە، لەکی).

قیاسوەند (لە دوویەشی کۆماسی و سیلاخور پێکهاتوون، یارسانی، لەکی).

ڕەشەوەند (ڕەشفەند، سوننی، کرمانجی باکوور).

والی یاری (یارسانی، کرمانجی باشوور).

یەمینی (سوننی، کرمانجی باشوور).

ج–هەرێمی زەنجان– خەڵخاڵ.

دەلیقان (ناوچەی خەڵخاڵ، سوننی، کرمانجی باکوور).

جانپولاد (یان جامبەلاد، ڕۆژاوای خەڵخاڵ-سوننی، کرمانجی باکوور).

کیلیشانی (سوننی، کرمانجی باکوور).

شاترانی (باشووری ئەردەبیل، شیعە، کرمانجی باکوور و ئازەری).

٣-ناوەندی ئێران.

أ-ناوچەی کاشان-قوم.

بەغدادی (یان ئەنجیلەوەند، ڕۆژاوای ساوە، یارسانی، لەکی).

کەڵهوڕ (لە قەرەچای باشووری ساوە، یارسانی، گۆرانی و کرمانجی باشوور).

لەك (قوهەك و ناوچەکانی "کوردەکان"ی چیای کەرکەس).

پازوکی (پازیکی یان بازیکی لە دەورووبەری وەرامین ڕۆژهەڵاتی تاران، سوننی و شیعە، کرمانجیی باکوور).

ئۆسانلو (گەرمە سار و وەرامین، یارسانی و شیعە، لەکی).

زەند (باشووری ڕۆژاوای قوم، یارسانی، لەکی).

ب-فارس.

کاکەیی: (لە شیرازەوە بەرەو باکووری ڕۆژاوا، یارسانی، لەکی).

کوردشولی (بڵندییەکانی مەرە سورخی و شاری نۆ و جەهروم، یارسانی، لەکی).

ح-بلووچستان.

گۆران (بەمپوور، یارسانی و شیعە، گۆرانی و لەکی، هێزی کارن بۆ سەرهۆزەکانی یەلهانی).

زەنگەنە (بەمپوور، سوننی، کرمانجیی باشوور).

کەڵهوڕ (بڵندییە بورکانییەکانی تەفتان، یارسانی، گۆرانی،ئێستا خەریکن دەبن بەبلووچ).

یەلهانی (بەمپوور سوننی، کرمانجی باشوور، هۆزێکی بچووکن).

٤-کوردستانی ڕۆژهەلات

(بەگشتی سوننی بە کرمانجی باشوور دوو، تاك و تەرای لێدەرچی).

گەلە هۆزی بلّباس (باشووری رۆژهەلاتی گۆلی ورمێ).

مامەش.

مەنگوڕ.

ئۆجاق (ئوشاق).

پیران (گەورەهۆز).

رەمەك.

سن.

گەلە هۆزی گولباخی (رۆژاوا و باکووری رۆژاوای بیجار).

چۆخە ڕەشی (یان چۆخەرەشتی).

گاملی.

جووجەرەشی.

قالّقەنی (قالّقالّی).

کاکاوەند (یان کاکاسوەندی).

کاملی.

مۆراد گورانی.

پیتاوە سەری.

قومری.

سندۆلّی.

گەلەهۆزی جاف (لە جوانرۆ وە تا سنە، بەشێکن لە جافی گەورەی کوردستانی ناوەند لە عێراق).

باشووگی.

کەلالّی.

هارووونی.

ئێناخی.

ئیسماعیل عەزیزی (دەبێ ئیسماعیل عوزێری بێ — وەرگێڕ).

کەلاشی (کەلاشین).

کەماڵی.

مەندومی

میکائیلی.

قوبادی (کەوە).

روخزادی.

شاتری.

تەرخانی.

وەڵەدبەگی.

گەلەھۆزی مەندومی (باشووری ڕۆژاوای بیجار)

تاری موورادی.

عەلیموورادی.

لاولەرزی.

گەلەھۆزی موکری (باشووری گۆلی و ڕۆمی تا مەهاباد و دیواندەرە، ئەم گەلەھۆزە ئێستا بە تەواوی شێواوە).

بەگزادە.

دێبوکری.

جاف (هی ناوچەی مەهاباد).

قاسملو.

ئەو هۆزانەی گەلەهۆزێك ناهێنن:

(گشتیان سەردەمانێك بەشێك بوون لە ئەردەڵانەکان تا ئەو کاتەی شێوان و لێکهەڵوەشان، هەموو سوننی و بە کرمانجی باشوور دەدوێن، تاك و تەرای لێدەرچێ کە لە جێی خۆیدا باس دەکرێن).

ئەحمەدی (نزیك بانە).

ئالان (نزیك سەردەشت).

ئەردەلان (باکووری ڕۆژاوای سنە، ئەم هۆزە تا ڕادەیەك نوێیە، و ناوی ئەردەلانی دێرینی بۆ خۆی وەرگرتوە).

باوە جانی (یارسانی، گۆرانی).

بارام بەگی (لە دزلی و شەمشەمانی نزیکی بانە دەژین).

با لەوەند (یارسانی، لەکی).

باشووکی.

باسکو لە (ڕۆژاوای سەردەشت).

بیریاهی (نزیکی سەردەشت).

بیستارە وەند.

بۆرەکەیی.

دوڕاجی.

فەیزولا بەگی (نزیکی بانە و تەکاب و سەقز).

گاشکی (یان کاشکی نزیکی کامیاران).

گەرگەیی.

گەورکا (یان گەورك سەردەشت تا سەقز و مەهاباد).

حەمەوەیسی.

هەیدەر بەگی (نزیکی مەریوان).

جەلالی (ڕۆژاوای سنە).

کەلالی (یان گەلالی، جەلالی– دەوروبەری سەقز).

کەلاسی (نزیکی سەردەشت).

کەمانگەر (نزیکی کامیاران).

کۆلی (یان گولی باکووری ڕۆژەلاتی سنە).

کۆماسی (نێوان مەریوان و سنە).

لەك (یارسانی، لەکی).

لوتفولا بەگی (نزیکی بانە).

مەریوانی (لە مەریوانەوە تا پێنجوێن).

عوسمان بەگی (باشووری مەهاباد).

قوبادی.

سورسوری.

سەرشیو.

زەند (دەووروبەری قووروە، یارسانی، لەكی).

وەڵد بەگی.

٥ - كوردستانی باشوور.

گەلەهۆزی ئەركەوازی.

(مەهران، بەدرە و چولر، یارسانی، لەكی).

بان سەردە (یان بانزەردە).

بانڤیزا.

بی.

كەرشوەند.

كوردەل.

مەلیكشوەند.

مەیسەمی.

میر.

سوما.

مورت.

فەیتوونی (فەیتوولی؟- وەرگێڕ).

قروشوەند.

گەلەهۆزی هەورامان.

(لەناوچەی هەوارامان دەژین، یارسانی، بە دەیالەکتی هەورامی گۆرانی دەدوون).
لەهۆنی (جافەرسوڵتان).
تەختی.
بەهرام بەگی.
حەسەن سووڵتانی.
مستەفا سووڵتانی.
گەلەهۆزی ئەیڤان (ئیڤان).
ئەفت شاه، ئەفتخانە و مەندەلی، سوننی، کرمانجیی باشوور).
بانسەیرە.
چولاق.
گەلە هۆزی باجەڵان (باژاروان)— قەسری شیرین، خانەقین، قورەتوو، شێخان، دەرگەزێن (نزیکی سولەیمانی)، هۆرێن و جیزانی (یارسانی، گۆرانی) (باجەڵان لە نزیکی کەرکووك و مووسڵیش هەن — وەرگێڕ).
جوموور (یان جومهوور).
قازانلو.
گەلە هۆزی بەیرانوەند (سیلاخور) دیرلوەندی سەدەکانی ناوەڕاست، لە باشووری هەمەدانەوە تا ناوچەی سیلاخوڕی لوڕستان، گەلەهۆزێکی گەورە و گرانە، یارسانی و شیعە، لەکی).
ئەلاینو.
چەقەڵوەند
داشەینو
کۆماسی.
رەشڤەند (یان ڕەشوەند).
زەند.
گەلەهۆزی گۆران(لە کرمانشاوە بۆ پاوە (یارسانی، گۆرانی).

بیبیان.

بیاوەنیج.

دانیالی.

گەوارە (گەهوارە).

حەیدەری.

نیرژی.

قەڵخانی بەهرامی (خاڵكان).

قەڵخانی سپەری (خاڵكان).

شەبەنكارە (شوپانكارە).

توفەنگچی.

یاسەمی.

گەلەهۆزی هۆلەیلان(ڕۆژاوای كرمانشاه، دەووروبەری سونتور، یارسانی، لەكی).

باڵەوەند.

جەلالەوەند.

عوسمانەوەند.

تارهان.

زەردەلاَن.

گەلەهۆزی جومیر(جوموور، جومهوور) (باشووری هەمەدان، یارسانی، لەك).

عەبداڵی.

بەرازی.

گومە.

شاهوەیسی.

گەلەهۆزی كەڵهوڕ(لە خانەقینەوە بۆ كرمانشاه، لەوانەیە لەم دەمەدا گەورەترین گەلـەهۆزی كوردبن، یارسانین، زۆرترین بە گۆرانی و هەندێكیشیان بە كرمانجی باشوور دەدوون):

ئەبولمحەمەدی

عەلیرە زاوەند

ئەلّوەندی

بەرگە شەبیانی.

بوداغ بەگی

چیلائی

فەرووخی

گەلەدار

هارون ئابادی

جلەوگیر

کەلەپا

کەللەجوب

کەمەر

کەرەم پەناە

کازم خانی

کەرگا

خالیدی

خۆمان

کریان

مەنسووری

مایدەشتی (ماهیدەشتی)

میرعەزیزی

مونمینی

موغیرە

موشگیر

پاپیران

قولامی
قومچی
رەجەب
رەمەزانی
ڕیزاوەند.
ڕووتوەند.
سەیدنازە.
سەییادە.
سالكە
شاهینی.
شەییانی
شیرزادی.
شوانكارە (شوان).
سیاسیا.
تەلەش (تالیش).
زەینەڵخانی.
گەلەهۆزی خیزر (قیزیل یان قەزئەل).
(مەندەلی و سۆمار، یارسانی، لەكی).
خیزروەند.
مورشیدوەند.
قولیوەند.
شەمسیوەند.
گەلەهۆزی پەهلە (فەیلی).
(پەڵە پەڵە لەباقوویەوە تا لوڕستان، یارسانی وشیعە، لەكی).
باپیروەند.

براسپی.

چایدەروەند.

دوستەلیوەند.

گۆران.

هەیوەری.

جابیروەند.

جوگی.

کالکوه.

خیزروەند.

کۆلیوەند.

مامسیوەند

مەمی.

مەمووس.

مارال

مراوەرزی

مورادخانی.

نەورۆزوەند.

پاپی

شەکەر بەگی

شەرەکە.

سولەیمان خانی.

زەرگووش.

گەلەهۆزی قەڵخانی (خەڵکان) (باکووری ڕۆژئاوای کرمانشا و دەورووبەری گوزاران، دەچنەوەسەر خەلکانەکان، یارسانی، گۆرانی).

ئاییینەوەند.

بەچەحاڵی.

باراولی (باروەلی).

بیریزابادی.

دەنگی.

دیوەكە.

مەلگی (مەلیكی).

نەجەفی.

پشتماڵە.

قەلزنجیری (قولوزەنجیری).

قەری.

قەركە.

روستەم.

سەبزە.

سەرلوارە.

ویستاڵی.

گەلەهۆزی قەرەوڵوسی (لەمەندەلییەوە بۆ تەنگی سۆمار، سوننی، كرمانجیی باشوور).

چەرمەوەند.

گاوسواری.

گێژ.

قەیتوون.

كاكەوەند.

نەفتچی.

گەلەهۆزی سەلاس (لە ڕۆژاوای كرمانشاوە بۆ كەرەند. سوننی، كرمانجی باشوور، لە سێ گەلەهۆزی بچووكتر پێكهاتووە).

١–بابەجانی.

بەگزادە.

زەمکانی.

٢-قوبادی.

بازانی.

بەگزادە.

میرەکی.

تەختە.

تەنگی ئیژدەها.

زیلانی.

٣-وەڵەدبەگی (وەڵەدبێگی).

عەلیاغایی.

دەروێش.

دیلاژێری.

دورویی.

کالەکا

خاڵوان (ئایانزیکن لە خەلکان؟).

رەشید.

گەلەهۆزی سەنجابی (لە پاوەوە بۆ مایدەشت، یارسانی، گورانی).

عەباسوەند.

عەلیوەند.

ئەللاهیارخانی (ئیلاهیخانی).

باغی.

باوان (باوەند).

چەلاوی (چالابی).

داتازا.

دەوڵەتمەند.

دارخوار.

حەقنەزەرخانی.

جەلاوەند (جەلالوەند).

كەلالەوەند (كەلالوەند).

كاكا.

خوسرەوی.

كۆلكۆل.

نەزكەتەرگە.

سیمینوەند.

سوفی.

سورخەكی.

سورخەوەند.

گەلەهۆزی شەرەفبەیانی (لە چیاكانی شیوالدر و ڕووباری سیروانەوە بۆ شەیخان).

كورەكی.

ئەمیرخان بەگی.

عەزیز بەگی.

گەخاری.

نادری.

گەلەهۆزی سوارەمیری (خانەقین، شەهرەبان، و ئەبوجسرە، یارسانی، لەكی و كرمانجیی باشوور).

كەڵهوڕ.

توتیك.

مەمەكان (یان مەمەجان).

ئینانتیر.

گەلەهۆزی تیرکەشوەند (لە ئەسەدابادەوە بۆ هەمەدان و توسیرکان، یارسانی، لەکی)[2].

عەلیجانی.

عەلیمورشید.

رەحمەتی.

سولەیمانی.

زەند.

گەلەهۆزی زەند (باشوور و باکووری رۆژاوای هەمەدان، یارسانی و شیعە، لەکی).

عەلیان.

مەمەد.

کانی.

سالح ئاغا.

تاهیر خانی.

هەندێ هۆز کە بەش نین لە هیچ لە هۆزێك:

بابانی (یان بەبانی، هۆزێکی بچووکن، لە خانەقین و باکووری کەرکووك نیشتەجێن، سوننی، کرمانجیی باشوور).

بانزەردە (باکووری سەرپولی زەهاو. یارسانی، گۆرانی و کرمانجی باشوور).

باوەند (دینەوەر و شاەئاباد، یارسانی، گۆرانی).

دنیارەوند (دێهلوڕان، چیاکانی داڵپەری و دینار. یارسانی و شیعە، لەکی).

دوون (یان دووم، دەوروبەری دینەوەر و قەندوڵە، یارسانی، گۆرانی) (دۆم؟—وەرگێڕ).

گەشکی (باکووری کرمانشا، سوننی، کرمانجیی باشوور).

ئیمامی (جاران بەشێك بوون لە جاف، سوننی، کرمانجیی باشوور).

عیراقی (جاران بەشێك بوون لە جاف— سوننی، کرمانجیی باشوور).

جوانرۆیی (جاران بەشێك بوون لە جاف. سوننی، کرمانجیی باشوور).

قاید (موسیان و دیهلوڕان، سوننی، کرمانجیی باشوور).

---

[2] لە ناوچەی لەیلان سەربە پارێزگای کەرکووك ئاوایی یەك هەیە ناوی "ترکەشکان"ـەوەرگێڕ.

قایخوردە (دەورووبەری دیهلوڕان– سوننی، كرمانجیی باشوور).

كرند– كرێند (دەورووبەری شاری كرند، سوننی، كرمانجی باشوور).

كولیایی (نێوان سونگوڕ و قوروە، سوننی، كرمانجی باشوور).

مافی (ڕۆژهەڵاتی كرمانشاه– یارسانی و شیعە، لەكی).

ئۆسانلو (بەشێكن لە ئوسیوەند؟ یارسانی، لەكی).

پایرەوەند (كرمانشاه، سوننی، كرمانجی).

وەرڕاوەند (نێوان سەحنە و كەنگەوەر، یارسانی، لەكی).

زەنگەنە (باشووری ڕۆژاوای كرمانشاه، یارسانی، گۆرانی و كرمانجی باشوور).

زەردەلان (یان باڵەوەند، یارسانی، لەكی

زولە (باكووری ڕۆژاوی كرمانشاه، سوننی، كرمانجی باشوور).

٦–كوردستانی ناوەند.

(هەمەوەندیان لێدەرچێ، زۆربەی هۆزەكانی كوردستانی ناوەند دەچنەوە سەر گەلەهۆزی گەورەی بابان– باوەندی سەدەكانی ناوەند– تا ئەو كاتەی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا هەڵتەكا. هەموو سوننی بەزاراوەی كرمانجی باشوور دوون، تاك و تەرایانی لێدەرچێ كە لە جێی خۆیدا باس دەكرێن).

گەلەهۆزی دەلۆ (وردە گەلەهۆزن. لە چیاكانی خوشەوە تا سەرقەڵا و خانەقین دەگرنەوە).

گەش.

چەمرێزی.

كارێز.

پەنجا نگوشی.

سەلیم وەیسی.

تەركەوەند.

گەلەهۆزی دزەئیی (دزەیی).

(زۆر بە هەژەڵن. لە هەولێرەوە تا سەر ڕووباری دیجلە دەگرنەوە).

گوندۆڵە (یان گونتوڵە).

مامەن.

پیران.

گەلەهۆزی هەمەوەند

(گەلـەهۆزێکی گەورەیـە، لـە چەمـچەماڵەوە تـا ڕوویـاری سـیروان، هـەروەها لەناوچـەی بازیانیش دادەنیشن، یارسانی، گۆرانی)[3].

بەگزادە.

چنگنی.

کافرۆشی.

مامەند.

پیریائی (پیریادی؟– وەرگێڕ).

ڕەمەوەند.

ڕەشەوەند.

سەفەرەوەند.

شیتە بێسەر (سێتە بەسەر–وەرگێڕ).

سۆفیەوەند.

گەلەهۆزی جاف (گەلەهۆزێکی زۆر گەورەیە، لە سولەیمانیەوە بـۆ کـەلار و بـۆ هەڵەبجـە، و لـەوێوە بـە پەڵەپەڵـەی گـەورە لـە کوردسـتانی باشـوور و ڕۆژهەڵاتیـشدا نیـشتەجێن، سـوننی، کرمانجی باشوور).

ئەمەلە (عەمەلە).

بادغی (؟).

باسیری.

باشکی.

---

[3] هەمەوەندەکانی چەمچەماڵ و بازیان مسوڵمانی سونین- وەرگێڕ.

هارپوونی.

عیسایی.

ئیسماعیل عوزێری.

جەلالی (یان گەلاڵە).

جاوانپوودی (جوانپوودی).

كەماڵی.

میكایلی.

مورادی.

ناورۆڵی.

پشتماڵە.

رەشوباری.

روغائی (روغزایی—وەرگێڕ).

سەدەنی.

سەفیوەند.

شاتری.

ئێخ ئیسماعیلی.

تەرخانی.

تاوگوزی.

یەزدانبەخش.

یارومیسی.

یوسفجانی.

گەلەمۆزی كیزە (یان كەزە)— (گەلەمۆزێكی بچووكن لە سكی كیفیر (ئاسكی كفری؟— وەرگێڕ) تا چنچاڵدان (شیوی چنچال؟— وەرگێڕ) نیشتە جێن.

سەندوڵەبەگی.

كوێخا بارام.

سەرقەڵا.

گەلەهۆزی شوان (شیوان)[4].

(گەلەهۆزێکی گەورەیە، لە باکووری کەرکووك نێوان ڕووباری خاسە و زێ نیشتەجێن).

بازیانی.

خاسە.

گەلەهۆزی زەند (لە کفرییەوە بۆ ڕووباری سیروان. یارسانی، لەکی).

عەلیان (ئەلیان).

غەنی (قینی).

مام ساڵح.

تایەرخانی.

ئەو هۆزانەی سەر بە گەلەهۆزنین.

ئاکۆ (گەورەیە لە دەورووبەری ڕانیە نیشتەجێن).

هەمەوەندەکانی چەمچەماڵ و بازیان مسوڵمانی سونین– وەرگێڕ.

بابان (یان بابانی هۆزێکی بچووکە، لە باکووری کەرکووك و خانەقین نیشتەجێن).

بەڵیکان (یان باڵێك، باڵیکیان، گەورەیە، لەنێوان ڕەواندزو ڕایات لە بڵندیەکانی ڕایات نیشتەجێن).

بەرزنجی (یان بیرزینجی، هوزیکی گەورەیە، خانەقین، هەندێکیان یارسانین).

بەیاتی (لە دووزخورماتووەوە بۆ کفری) (ئەوەی زانراوە بەیاتەکان تورکمانن– وەرگێڕ).

بزێنی (یان شێخ بزەینی لە هەولێرەوە بۆ کەرکووك).

بۆلیَ (بچووکن، خوارووی باڵەك).

چگنی (باکووری سولەیمانی).

دومبولی (دونبێلی شێخان).

داودی (یان داودە، گەورەیە، لە تاوغ و کفریەوە بۆ دووزخورماتوو).

گاخۆر (قەرەتەپە).

---

[4] (ئەوەی زانراوە هۆزی شوان لە دووبەشی کێشك و خاسەپێك دێن-وەرگێڕ).

گیردی (باكووری هەولێر و كۆیسەنجەق)(مەبەسەتی هۆزی گەردییە–وەرگێڕ)
هۆمەرمل (لەسەر قەلاوە بۆ قۆچەچیان).
جەباری (یان جەبزاری، ڕۆژهەلات و باشووری ڕۆژهەلاتی كەركوك تا چەمچەمال و لەیلان).
كاكەیی (لە كەركوكەوە بۆ دووزخورماتوو، یارسانی)(كاكەییەكان گۆرانیی دوون–وەرگێڕ)
خەلكان (یان خەلهانی (باكووری چیاكانی بالەك و باكووری ڕۆژهەلاتی هەولێر).
خۆشناو (زۆر گەورەیە، دەورووبەری شەقلاوە).
كورە (كۆیێ؟– وەرگێڕ) (هەولێر– شەقلاوە).
لەیلانی (لەیلان).
پەلهانی (پالانی؟– وەرگێڕ) (زەناباد– قەرەتەپە).
پژدەر (یان پشدەر دەورووبەری قەلادزێ).
سالحی (نێوان كەركوك و قەرەحەسەن، هەروەها لە دیمەشقی سوریا، (ئەی سالەیی نێوان كەركوك و پردی– ئالتوون كۆپری؟– وەرگێڕ).
شێروان (باكووری ڕەواندز).
سیان (باكووری كەركوك).
سورچی (زۆر گەورەیە، لەناوەڕاستی زێی گەورەوە تا ڕەواندز).
تالەبانی (گەورەیە، پەلەپەلە لە باشووری ڕۆژهەلاتی كەركوك و باكووری ڕۆژهەلاتی كەلار).
تالشانی (یان تەلشانی لە ئاسكی كفرییەوە بۆ زەرداو).
زەنگنە (بەشێكن لە زەنگنەی كوردستانی باشوور، لە كفرییەوە بۆ كەلار، یارسانی، گۆرانی و كرمانجیی باشوور).
زراری (باكووری بەستوڕەچای).
زوودی (ناوچەی ڕەواندز).

٧–كوردستانی باكوور.

(گشتیان سوننی بە زاراوەی كرمانجیی باكوور دوون مەگەر جۆرێكی دیكە بوترێ. زۆربەی

ئەو هۆزە ڕۆژاواییانە لە تورکیا دەژین، پاشگری لی/لوویان خستە سەر ناوی هۆزەکانیان، لەجیاتی کان/ئان، یان ڤان/ ڤەند/ وەند.

هەندێ جاریش پاشگرە تورکییەکە خراوەتە سەر پاشگرە کوردییەکەش، ئەم شتە لێرەدا ڕەچاو نەکراوە تەنها کان/ ئان خراوەتە سەر ناوەکان.)

گەلەهۆزی ئەرتووش (یان هەرتووشی یان هەر تووش، زۆر گەورەیە، لە باشووری گۆلی وانەوە تا زاخۆ و دهۆک دەگرێتەوە)

ئالان.

ئەز دینان.

گاڤدان.

گراڤیان.

هەڤیشتان.

هولەیلان (یان هەلیلان).

مام خۆران.

قەشووران.

پیران.

شەرەڤان.

شیدان.

زەوکان.

ژێریکی.

زەیدان.

گەلەهۆزی بارزانی (لەسەر ڕۆخەکانی ڕووباری زێی گەورەوە تا ڕۆژاوای هەکاری).

بارووشی.

دۆلەمەیری.

مزووری (لە گەلەهۆزی مزووری ڕۆژاوای کوردستان جیا بوونەتەوە).

نێروە.

ڕەیكانی.

شێروانی.

گەلەهۆزی بوهتان(بۆتان) (لەسەر هەردوو ڕۆخی ڕووباری بوهتان، باشووری گۆلی وان ئەمیش گەلەهۆزێكی گەورە و گرانی وەكو بابانەكان و ئەردەلانەكان بوو بەر لەوەی هەرسیّ لە كۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەناوچن).

شیرناك.

تیان.

گەلەهۆزی هەركی (یان هێركی، زۆر گەورەیە، لە شنۆوە بۆ هەكاری و ڕەواندز، بە جلوبەرگی جوان و بابەتی خۆ ڕازاندنەوە بەناویانگن).

مەندان.

سەرحەددی (سیحەتتی).

سەیدان (زەیدان).

گەلەهۆزی جەلالی (یان جێلالی، لە ماكووە بۆ بایەزید و قارس، لەگەڵ جەلاوندەكانی كوردستانی باشوور و جیلۆكانی باشووری زاگرۆسی بەر لە سەردەمی ئیسلامدا خزمن).

عەلیموحاولو (عەلیمو حەممەدلو).

بەلیكان.

حەسۆ خەلەف.

جەنیكانلو.

خەلكان (خەلیكان، سەردارەكانی جەلالیان زۆرتر لەم هۆزەن).

میسریكان.

ئوتابلو.

قادیكان.

قیزیلباش.

ساكان (سەكان).

گەلەهۆزی جیبران (گیبران، گەوران) (باكووری ڕۆژهەلاتی بینگۆل، لەوانەیە ناوەكە

پەیوەندی بە گۆڕانەوە هەبێ).

عەلیکی.

ئاغا.

ئەزدینانی.

مەمەکان (مەمەگان).

موخیل.

شەیخەکان.

شادەری.

تورینی.

گەلەهۆزی میلان (باکووری ڕۆژاوای گۆلی وەرمێ، لە سەلمەسەوە بۆ خۆی، ئەمە بەشێکی دیاری گەلەهۆزی میلانی یان ملی کوردستانی ڕۆژاوایە، عەلەوین).

دیلمەکان (دیمیلەکان).

دۆلان (دلیان).

دودەکان.

خەلکان.

مەمەکان (مامەکان).

مەندولەکان.

سارمان.

شەیخەکان.

گەلەهۆزی پنییان (یان پنییانیشلی. باکووری هەرێمی هەکاری، گوایە (٥٠٠٠)یان کوردی مەسیحی بوونە لە سەرەتای سەدەی (٢٠)دا، ئێستا نازانرێ چەندیان بەمەسیحیەتی ماونەتەوە).

بەرکۆشان.

بیلیجان (بەلیکان).

گەلەهۆزی شکاک (ڕەوەند) (لە ناوچەی دوستان و قوتور، لە باکووری گۆلی وانەوە تا

گۆلی وەرمێ، كۆنە ناوەكەیان كە شاە كاك بووە، دەیانبانەوە سەر كاكەییەكانی كوردستانی ناوەند و كاكۆییەكانی باشووری هەرێمی زاگرۆس).

عەیداوی (عەبدۆیی؟– وەرگێڕ).

بوهتان.

داری.

دۆلان.

ئێڤاری.

فەنەك.

گوریك.

هۆنەرە.

كاركار.

خەڵەف.

خدری.

موەقەری.

نەعمەتی.

نیسان.

ئۆتەمانی.

پەچیك.

پاس ئاغا.

شاپیرانی (دیلمەقانی).

شوكری.

گەلەهۆزی سپیكان (یان سیپیكان. باكووری ڕۆژاوای گۆلی وان. بە هەژەلێ بەلام بە هۆز. كەم ژمارەن).

مەمەكان.

سپیكان.

ئەو هۆزانەی سەر بە گەلەهۆزنین.

ئادیامان (باکووری بایەزید).

بەرانۆست (گەورەیە. لە ڕەواندزەوە تا هەکاری).

باض لە چوکورجەوە تا تۆرامان، ناوەکەیان دەچێتەوە سەر هۆزی دێرینی باض یان بەض).

بزەینێ (ڕۆژاوای ئەرزەرۆم و باکووری ئاگری، ئەمانیش ناوەکەیان دەچێتەوە سەر هۆزی دێرینی باض یان بەض).

بەگزادە (ڕۆژاوای ورمێ).

بروکان (باکووری ڕۆژهەڵاتی وان و ڕۆژاوای خۆی).

دۆسکی (گەورەیە. باکووری دهۆك و لە هەکاریش هەن).

گیردی (باکووری ئاگری).

گۆیان (باکووری ئولۆدەرە).

هەلاجی (باشووری ڕۆژهەڵاتی بتلیس).

حەمدیکان (زۆر گەورەیە. لەناوچەکانی مەلازگیرت، خونیس و وارتو نیشتەجێن).

هەسەنان هۆزێکی زۆر گەورەیە لە ناوچەکانی مەلازگرد خونیس و وارتو نیشتەجێن.

هەواتان (باشووری ڕۆژهەڵاتی بتلیس).

حەیدەرانلو (باکووری شاری جزیرە)

هەیرونی (باکووری ڕۆژاوای شاری جزیرە)

کاکا (یان کەکا. هەکاری).

خەیلانی (نزیکی ڕەواندن).

خانیان (یان خانێ. هۆزی ئەحمەدی خانێی شاعیرە).

کوراسونی (یان کوریشانی. باکووری ڕۆژاوای خۆی).

مەنوران (باشووری ئاگری).

مەماکان یان مەمەکان ڕۆژاوای خۆی

میران (ڕۆژهەڵاتی بتلیس).

نوشییان (یان نوچییان، هەكاری).

ئۆرامار (هەكاری).

پازیكی (یان بازیكی یان پازوكی. باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەرزەرۆم).

ڕەشوەند (یان ڕەشوەن. باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەرزەرۆم).

ڕواندۆك (یان ڕەواندوز لە هەكاری).

شەمسیكی (ڕۆژهەڵاتی وان).

سندی (باكووری زاخۆ).

سلوپی (یان سیلوپی، ڕۆژهەڵاتی شاری جزیرە).

سورچی (باكووری ڕۆژهەڵاتی هەولێر و نزیكی ئاكرێ).

تاكوولی (ڕۆژاوای وان).

زەرزا (دەوروویەری شنۆ، زۆرتر بە زاراوەی دیمیلی دەدوێن).

زێباری (گەورەیە، دەوروویەری ناوەڕاستی زێی گەورە).

٨–كوردستانی ڕۆژاوا

(زۆربەی هۆزەكانی ڕۆژاوا كە لە توركیا دەژین، لی/ لوی توركییان لەباتی (ان یان ئەن/ئەند/وەندی كوردی خستۆتە سەر ناوەكانی خۆیان. زۆرجار ئەم پاشناوانە خراونەتە سەر پاشناوە كوردیەكان، ئێستا ئەم بەزمە گۆڕاوە و لێرەدا تەنها تا ن (ان) دراوە).

گەلەهۆزی بەراز (لە سەمساتەوە بۆ عێنتەب و مەراش و حەڵەب، عەلەوی و هەندێكیان سونین، كرمانجیی باكوور).

عەلیدینلی.

دیدان.

دینان.

قەرەقیچان.

قەیتكان.

مەعافان.

میر.

ئۆقیان.

پیجان.

شەددا دان (یان شەددا د).

شێخان.

زەروان.

گەلەهۆزی بەرواری (لە عەمادیەوە بۆ ئۆلۆدەوە).

بەرواری بالا.

بەرواری ژێر.

گەلـەهۆزی چـاوەڕەش (لـە بـاکوور و ڕۆژاوای بـاکووری ئادیـەمان. عەلـەوی، دیمیلـی و کرمانجیی باکوور).

بریمسان.

تاشیك.

زیراواکان (یان زیرۆسکان).

گەلەهۆزی دەرسیملی (دیلەمان).

(لە ئەرزنجانەوە بۆ دەرسیم و ئەلازیگ. عەلەوی، دیمیلی دوو).

عەباسان.

بەختیاری.

بەلە ئوشاغی (یان ئوشاق یان ئوجاق، باکووری ڕۆژهەلاتی دەرسیم).

فەرهاد ئوشاغی (یان ئوشاق یان ئوجاق، ڕۆژهەلاتی دەرسیم).

گۆران (یان گەوران).

کەرەبار.

کۆچمەن (یان کیچیر. قەرەجن).

کوزلیچان.

لاچین.

میلان.

میرزان.

شەبەك (یان شەوەك).

ئوشاق (یان ئوجاغ).

گەلـەھۆزی ھـەڤیركا (یـان ھـەوێركا، لەناوچـەی تورعابـدین و مـاردین. سـوننی كرمـانجی باكوور).

عەلیان.

داسیكان.

گیركیر.

مەحەلیمی (مەھەلیمی).

میزیداغ.

میزیزاخ.

مۆمان.

گەلەھۆزی قۆچگیری (زۆر گەورەیە، ڕۆژاوای ڕوویـاری فـورات و بـەرەو سـیواس. عەلـەوی، دیمیلی).

بەرلان.

گەراوان (گەراوەند).

ئیبان.

سەران.

گەلەھۆزی قورێش (ڕۆژهەلات و بـاكووری ڕۆژهەلاتـی ئـەرزنجان بـەرەو ئـەرزەرۆم. عەلـەوی، كرمانجی باكوور).

بارل.

بالابڕان.

شادر.

گەلـەھۆزی مـیلان (ملـی) (لـە فوراتـەوە بـۆ مـاردین و چیای سـنجار، سـوننی. كرمـانجی

باکوور).

عەلیا

بارگوهان

بێسکی (یان سالارگان)

بوجاغ (یان بوچاق).

چەقەڵی.

چامیکان.

چیارەش.

دەنان.

داشی.

دەرەژان.

حاجی بایرام.

هوشییان.

عیسی عادەت.

ئیزۆلی.

جانبەکی.

قەلاندیلان.

کەسیانی.

کەوات.

کەلیش.

خەلکان (یان خەلەجان).

کۆمارەش.

مەندان.

مەرد.

مەتمیا.

مانلی.

مەشکان.

نەسریان.

پۆرغا.

سەرتان.

شەرکان.

شوان (یان شیوان).

تیرکان.

زەیدان.

زرافکان. لەوە

گەلەمۆزی مۆتیکان (مۆدکی یان مۆتی).

(لە بینگۆلەوە تا نزیکی دیاریەکر، جاران بڕبڕەی گەلەمۆزی چەمیشگە زەك بوو، سوننی، دیمیلی دوون، ناوەکەیان ئەشێ بیانباتەوە سەر میدیەکان).

ئەریکی.

بۆبان (یان بابان).

قەیبوران.

کوسان.

پیرمووسی.

روشابە.

زەیدان.

گەلەمۆزی سیلڤان (یان سلیڤان، لە جزیرە بۆ زاخۆ و دهۆك، سوننی، کرمانجی باکوور).

دو دواتە.

گولی.

سەیدەهر.

سینا (یان سینان).

سندی.

گەلەهۆزی یەزیدی (بەش بەش لە مووسڵەوە تا ئەنتیۆش (ئەنتاکیە) پـووری گـەورەیان لـە هەرێمی چیای سنجارە، لەناو ئەو هۆزانەدا کە بە کرمانجی بـاکوور دەئاخـاون، ئـەم گـەلـەهۆزە زیـاتر هاوپەیمانییەکی ئـاییني پێکدێنن، ئەندامـەکانی ئـەم هاوپەیمانیـە یەزیدیـەتی زیـاتر لـە پەیوەندی هاوپـەیمانی نـاو هـۆزی پێکـەوە لکانـدوونی، هـەموو ملکەچـی بنەماڵـەی مـیرزادەی چۆلین، کە لە هەمان کاتدا ڕۆڵی ڕابەری ئایینییاشیان لە ئەستۆدایە).

ئالییان.

ئنیدی (دانەدی).

بەلەد.

داسنی (یان دەسنائی).

دەسیکان.

دۆرکان.

خالیتی.

مەندیکان (مەندوکیانی ناو سەرچاوە ئەرمەنیەکانی سەدەکانی ناوەند).

ساموگا (سموقی وەرگێڕ).

ساشیلی.

ئەو هۆزانەی سـەر بـەهیچ گەلـەهۆزێك نـین (هـەموو سوننی، بـە کرمـانجیی بـاکوور دوون، ئەوانەی لێدەرچێ کە لە شوێنی خۆیدا باس دەکرێن).

عەلیکان (باشووری ڕۆژاوای ئەلازیك تا دیاربەکر. عەلەوی، کرمانجی باکوور).

ئەشیتا (ناوچەی جەزیرەی سوریا).

ئەتمانیکان (زۆر گەورەیە. پەڵەپەڵە لە دیاربەکرەوە تا هەکاری).

بەرەکەت (باشووری عێنتەب).

بەلیکان (زۆر گەورەیە. باکووری بینگۆل و باشوور و باشووری ڕۆژەڵاتی عێنتـەب، ئەوانـەی بینگۆل عەلەوین و بە زاراوەی دیمیلی دەئاخاون و ئەوانەی عێنتەب بە کرمانجی دەدوون).

بەشنی (ئادیەمان و دەورووبەری).

دەخۆری (باشووری ڕۆژاوای دیاربەكر تا عاموودە لە سوریا.)

دەلیكان (ڕۆژاوا و باكووری ڕۆژاوای حەلەب، هەندێكیان عەلەوین).

دیریجان (باكووری ڕۆژاوای مەلاتیە. عەلەوی، كرمانجی باكوور و دیمیلی).

دوودەری (باكووری ڕۆژهەلاتی ماردین).

دومبولی (دونبەلی چیای سنجار. دیمیلی).

گابارا (دەورووبەری عاموودە لە سوریا).

گۆیان (گەورەیە. لە كیلابانی باكووری سلوپی دەژین، هەندێكیان بە دیمیلی دەئاخاوەن).

گولی (یان گلی، گیلی، لە زاخۆوە بۆ ڕووباری فیشخابوور).

هەوێركا (ناوچەی جزیرەی سوریا).

ئیزۆلی (لە ئادیەمانەوە بۆ ئۆرفە).

جەلیكان (یان جەلیلكان لە باشووری ئادیەمانەوە بۆ عێنتەب).

جانبەگی (لە ئادیەمانەوە بۆ سیوەرەك).

گەرەگیچ (یان قەرەگیچ. گەورەن. لە سیوەرەكەوە بۆ دیاربەكر، پەڵەپەڵەشیان لە تورعابدین هەیە. عەلەوین و بە دیمیلی دەئاخاون).

خدرسور (باكووری ڕۆژاوای ئادیەمان. عەلەوی كرمانجی باكوور).

كیكی (لە باشووری عێنتەبەوە بۆ حەڵەب).

كۆتی (باشووری ڕۆژهەلاتی مەلاتیە).

كۆوا (یان كاو یان كۆڤانلو، ڕۆژهەلاتی ئادیەمان. عەلەوی، كرمانجی باكوور).

لەك كوردی (دەورووبەری ڕووباری جەیحان، ڕۆژهەلات و باكووری ڕۆژهەلاتی ئەدەنە. عەلەوین. هەندێكیان بە لەكی و هەندێكیان بە كرمانجی دەدوون، مەلیكان (ڕۆژهەلاتی مەلاتیە).

مەندوكان (یان مەندیكان، تەل عەفەر، بە كرمانجی باكوور دەدوێن، نیمچە یەزیدین، لە زۆر جێگای ناو مێژووی كۆنی ئەرمەنیاندا باس كراون كە بنەماڵەی ئەریستۆكراتی مەندوكانیانی ئەرمەنی دەچنەوە سەر ئەم هۆزە).

مەرداس (یان ماردیس لە نارنجەوەتا ڕووباری فورات. سوننی، كرمانجی باكوور).

میران (گەورە، جزیرە).

میرسینان، (باشووری دیاربەکر
مزوری (گەورەیە، دهۆك).
پازیکی (یان مازیکی، دەورووبەری سمساط، عەلەوی، کرمانجی باکوور).
پشنیك (باکووری ڕۆژاوای ئادیەمان. عەلەوی، کرمانجی باکوور).
پورقا (یان پورکا) (باشووری مەلاتیە. عەلەوی، بە دیمیلی و بە کرمانجی باکووریش دەئاخاون).
شەبەك (یان شەفەك، باکووری ئەلازیگ بەرەو دەرسیم و بینگۆل، عەلەوی، دیمیلی).
شوەیش (دەورووبەری ئاموودا لە سوریا).
سینامینی (یان سینان، زۆر گەورەیە، باشوور و باکووری ڕۆژاوای مەلاتیە و باکووری عەینتەب عەلەوی، لەکی).
سندی (گەورەیە. نێوان زاخۆ و ڕووباری فیشخابوور).
تیریکان (باکووری ڕۆژهەلاتی دیاربەکر).
زەیدان (ڕۆژهەلاتی بینگۆل و، باکووری موس. بەشێکن لە گەلەهۆزی دێرینی ڕۆژەکی کە لە سەدەی (١٩)دا هەلّتەکان).

**٩-بەشی دابڕاوی ئەنەتۆلیا**

(هەموو سوننین و بە کرمانجی باکوور دەدوێن، مەگەر بەجۆرێکی تر باس بکرێن).

أ-بەری باشوور

بزەینی (ڕوژهەلاتی توزگوێلو)
جانبەکی (زۆر گەورەیە، نیوەی ڕۆژاوای ولاتەکە لە یۆناکەوە تا پولاتلی).
جودیکان (باکووری توزگوێلو).
خەلکان (دەورووبەری جیهانبەیلی).
مۆتکی (باشووری ڕۆژهەلاتی گۆلی توزگوێلو. سوننی، دیمیلی).
ناسرلی (دەورووبەری شاری بالا).
سینامینلی (سینان) (ڕۆژهەلاتی توزگوێلو. عەلەوی، دیمیلی).

سەیفكانی (دەوروبەری شاری هەیمانە).

ب-بەری باكوور.

ئەتمانیكان (باكووری ڕۆژهەڵاتی ئەنقەرە).

بەدەلی (باشوور و باشووری ڕۆژاوای یوزغات).

بەرەكەت (باكووری نەوشەهر بە قیزیل ئیرمەقدا).

بـزەینی (بـاكووری ڕۆژاوای چـوروم و ڕۆژاوا و بـاكووری ڕۆژاوای قیرشـەهر بـە قیزیـل ئیرمەقدا).

حاجیبانی (یان هەضەبانی، باكووری قەیسەری بە قیزیل ئیرمەقدا).

خاتون ئۆغلی (باشووری یوزغات).

مەخانی (قیرشەهر و دەوروبەری میلان یان میللی، باكووری چوروم).

شەڤەلی (ڕۆژاوای چوروم بەقیزیل ئیرمەقدا).

تیریكان (ڕۆژاوای ئەنقەرە و باشووری جانكیری)

ئۆخچیجەمی (باكووری ڕۆژاوای سیواس).

عومرانلی (یان عەمەرلو، قیرشەهر).

ئوروقچی (زۆر گەورەیە، لە تۆقاتەوە بۆ ئەماسیا و یوزغات).

زیریكان (باشووری ڕۆژهەڵاتی جانكیری و ڕۆژاوای سامسۆن).

# کۆچکردنە مێژووییەکان

ئەگەر بمانەوێ سەرلەنوێ بە وردی مێژووی کورد دابڕێژینەوە، تاقە ڕێگامان ئەوەیە لەگەڵ شێوە مێژووییەکانی کۆچکردنە بە کۆمەڵەکانی کورداندا ئاشنایی تەواو دروست بکەن. زۆر کەمیی زانیاری لەسەر گواستنەوەکاری دانیشتووان و کەمتەرخەمی لە کۆڵینەوە بە دوایدا، هەروەها پەیوەندی ئەم گواستنەوە کارییانە لەگەڵ ڕووداوە مێژوویی و سیاسییەکانی ناو کوردستاندا، بەڕاستی جێی سەرسوورمانە مەگەر مەسەلەی نەبوونی زانیاری لەم بارەیەوە ببێتە پاساو. پشتگوێ خستنی ئەم ڕووداوە مێژووییانە بۆتە هۆی سەرسوورمانی زۆربەی نووسەرەکانی ئەم دەمە لە بارەی هەندێ مەسەلەی وەکو ناسنامەی نەتەوەیی کورد، بەشداری کردنی کورد و ڕۆڵی لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئاڵۆزکاویەتی پێکهاتەی ئایینی و زمانی و ڕەگەزایەتی ئێستاکەیانەوە. بۆ نموونە، ئەو قەڵاتە کارو بایەخەی لە بارەی گواستنەوەکاریە کۆنەکانی گەلانی تورك زمانەوە هەڵچنراوە پەردەیان لە ڕووی کۆمەڵێکی زۆری ڕووداوی مێژووی سەرسوورێنەر لە بارەی ئەم گەلانەوە هەڵماڵیوە. ئەگەر بهاتایە وا هەمان شێوە و ئاستی نرخ و بایەخ بە گواستنەوەکاریە جۆراوجۆرەکانی کوردانیش بدرایە، ئەوا گەلێ پرسی وەکو جیهان نەمای ئەو چەند سەدەیەی کە دەکەونە نێوان هاتنی ئیسلامەکانەوە لە سەدەی حەوتەمدا و کاردانەوەی کرانەوەی دەرگا لەبەردەم هەرکردنی تورکان بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی (١٢)دا وەڵام دەدرانەوە. زانیاری مێژوویی پێویست لە بارەی پێکهاتەی هاوچەرخ و بەر لە هاوچەرخی هۆز و گەلە هۆزە کوردەکان لەو بەشانەی ئەم کتێبەدا دراون کە باسی مێژووی کۆن و ناوەڕاست و سەرەتای هاوچەرخ و بارپێکردن و بە زۆر جێگیرکردن و هۆزەکان دەکەن.

لە مێژووی کوردستاندا، دوو شێوەی کۆچکردن بەدی دەکرێن و دەشکرێن بە بەردەبازی متمانەپێکراو: دەرەکی و ناوەکی، لەناو کۆچکردنە دەرەکییە هەرە گرنگەکاندا دەبێ لای گیرسانەوەی هۆزە ئارییەکان لە کوردستان لە کۆتایی سەردەمە کۆنەکاندا و هەرکردنی بە کۆمەڵی کوردان و گیرسانەوەیان لەسەرزەمینەکانی دەورووپشت لەسەردەمە کلاسیك و

سەرەتای سەدە ناوەڕاستییەكاندا هەڵوێستە بكرێ و چاوی سرنج و وردبوونەوە بخرێتە كار تاریكستانیەكان "یان دەریانشینەكانی"ی سەرەتای سەردەمە كۆنەكان، هەروەها ڕەوەندە تورك ڕەگەزەكانی دوادوای سەدەكانی ناوەڕاست، هەموو بە كوردستاندا پەڕیونەوە، بەڵام بە دەگمەن نەبێ كەسیانی لێ نەنیشتۆتەوە و هیچ جێ دەستێكی كەلتووری ئەوتۆیان لە دوای خۆیان بەجێ نەهێشتوە.

هەرچی كۆچكردنە ناوخۆییەكانە، بە هەر چوارلادا گواستنەوە و بڵاوبوونەوەی پرئاپۆڕای بەڵام لەسەر خۆی بەشێكی زۆری دانیشتووانی كوردستان بەناو وڵاتاكە خۆیدا دەگرێتە. ئەم گواستنەوەیە تێكەڵبوونێكی فراوانی كەلتووری و زمانی و ئابووری و كۆمەڵایەتی لێ كەوتۆتەوە. ئەم كۆچكردنە ناوخۆییە دەمدەمی یانە، توانیویانە دەرگا لە جیاوازییە ناوخۆییەكان بگرن و نەیانهێڵن ببنە مایەی پارچەپارچە كردنی هەمیشەیی گەلەكە. هەروەها ئەم كۆچكردنانە خۆشیان، وەكو دەردەكەوێ، هەرگیز نەبوونەتە مایەی تێكەڵبوونی كولتووری تەواوی ناو كوردان، چونكە سروشتی سەختی سەرزەمینەكە. زیاتر بۆ كانتۆنكاری خێرای كۆمەڵگای وڵاتەكە لە بارترە وەكو یەكگرتنی لەیەك چوارچێوەدا. تەنانەت ئەمڕۆكەش، هێشتا گەلێ لقەكۆڵەی زمان و كەلتوور و شێوەی ڕەگەزی و شتی كۆنی تر ماون، كە بەڵگەن لەسەر پەلپەلیی كۆمەڵگا و كەلتووری كورد لەسەر دەمە هەرە كۆنەكانەوە، هەرچەندە، جار بەجار، دەرفەتی تێكەڵبوونیشیان بۆ ڕەخسابێ.

وەكو دەزانین دوو كۆچكردنی گەورە لە چاخە كلاسیكیەكان و دەسپێكی چاخی مۆدێرندا ڕوویان داوە، كە لە بارەی هەردووكیانەوە زانیاری باشمان بەدەستەوەیە. جگە لەمە بەڵگەی زۆر لە ئارادان كە كۆچكردنێكی گەورەی دیكە گەلێ زووتر لەوە ڕوویداوە. بەڵام ئەم بەڵگانە هەم كزو پچڕپچڕ، هەم تێكەڵ و پێكەڵ و ناڕاستە و خۆن. ئەفراندنی نوێی تەكنۆلۆجی، بێ گومان زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی لێ دەكەوێتەوە (ئەم دیاردەیە یەكەم جار بەر لە گشت جێی تری جیهان لە كوردستاندا ڕوویدا) و ئەمەش كۆچكردنێكی گەورەی لە كوردستانەوە لێكەوتووە لە ماوەی ١٠٠٠٠ تا ٨٠٠٠ی پێش میلاددا (بڕوانە قۆناغی پێش مێژوو و پێشكەوتنی تەكنۆلۆجی).

گواستنەوە لە شێوەی خانووی سێكوچكەییەوە بۆ شێوەی خڕ لەسەراپای كوردستاندا لە

سەرەتای قۆناغی شارستانی حەلەفدا (٦٠٠٠/٥٠٠٠ پێش میلاد) (بڕوانە نەخشەکاری بیناسازی و شارستانی) دەکرێ نیشانەی چیرۆکی کۆچکردنێکی هەزار بەهەزارە بێ بەرەو کوردستان، بۆ نموونە وەکو ئەوەی ئارییەکان کە ٢٥٠٠ ساڵ دوای ئەوە ڕوویدا، یان کۆچکاریەکی درێژەکێشی ناوخۆیی گەورە، وەکو ئەوەی لە دوادوای چاخی کلاسیك و سەرەتای سەدەکانی ناوەندا ڕوویدا (بڕوانە ئەو باسەی دوابەدوای ئەمە دێت).

هەندێ بەڵگەی تر خەریکن لەسەر چیرۆکێکی تری کۆچکاری هەزارە دەردەکەون، کە لە دەورووبەری (٣٠٠٠)ەی پێش میلاددا ڕوویداوە، ئەمە سەردەمی کۆچکاری خورییەکانە. خورییەکان کە لەم سەردەمەدا ناویان بە چیای ئەراراتەوە ماوەتەوە (ئۆرارتو ئەرارات) گەلێك بوون بە زمانێکی باکووری ڕۆژهەڵاتی قەفقاس دەدوان کە دەچێتەوە سەر زمانی گورجی هاوچەرخ (دەیاکۆنوف و ستاروستین ١٩٨٩)، ئەم خوریانە بەرەبەرە بە کوردستاندا هەر لە ئەنەدۆڵەوە بگرە تا دەگەیتە بڵندایییەکانی ئێران بڵاوبوونەوە، تەنانەت بەرەو دەرەوەی هەرێمی زاگرۆسیش پەرتەیان کرد. ئەم پەرتەکردنەی خورییەکان، زۆرتر و پێ دەچێ دەرەنجامی ڕووداوێکی درێژخایەنی کۆچکاری هەزار بەهەزارەی لە باکوورەوە بەرەو باشووری ناوخۆی کوردستان بووبێ، نەك وەکو ئەو بۆچوونانەی لە زۆر جێدا باسکراون، کە دەڵێن لە چیاکانی قەفقاسەوە ڕوویداوە (Dyson 1989). ئەو بستە زەوییە تەسکەی ڕۆژهەڵاتی قەفقاس کە بژوونیەکی ئەوتۆی دانیشتووانی قەت نەبووە، هەرگیز ناچێتە ئەقڵەوە بووبێ بە سەرچاوەی هەڵقوڵانی ئەو ئاپۆرای کۆچکەرانە بۆ پووردان لە یەکێك لەسەرزەمینە هەرە قەرەباڵغەکانی جیهان، واتە کوردستانی (٢٠٠٠)ەی پێش میلاد.

بەڵگە زمانییە کۆنەکان و کەندەکارەیەکان وای دەردەخەن کە ڕەوکردنی خورییەکان بووبێ بە مایەی یەك زمانی و یەك کەلتووری بۆ کوردستان ( Dyson 1989،Kamp &Yoffee 1980) ئەمە بە خێرایی بووشە بەهۆی هەڵکەوتنی پادشانشینی بەهێز لە شوێنە جیاجیاکانی خاکی کوردستان و هەر ئەمە خۆشی بوە بە مایەی یەکگرتنی سیاسی کۆمەڵگاکانی سەرزەمینی کوردستان لەسەر دەستی قوتیلەکان، کە هۆزێکی کورد بوون و بووبوون بە خوری. ئەم خوریە زەبەردەستانە هەر لە کوردستان خۆیان نەگرت بەڵکو بەرەو دەرەوەی وڵاتەکەش پەرتەیان کرد، چەندین سەرزەمین و وڵاتی تریان شکاندو خستە سەر خاکی خۆیان. بۆ نموونە،

میزوپۆتامیایەکێك بوو لەوانە. یەکگرتنی کەلتووری کوردستان، لەم قۆناغ و ئەو قۆناغی مێژوییدا، کە لە کۆچکاریە پڕ هەژەلەناوخۆییەکان کەوتەوە، هەمیشە بوە بە مایەی تەنینەوەی دەسەلاتی سیاسی و سەربازیی کوردان. ڕووداوی خورییەکان کۆنترین نموونەیە بۆ ئەم بۆچوونە.

لەناوەڕاستی دووەم هەزارەی پێش میلادەوە، کۆچکەرە بەزمانی هیندۆئەورووپیی نووەکان کە لە هەڵەتەکانی ئۆراسیاوە کەوتبوونە ڕێ، بە ئاپۆرا لە کوردستان و سەرزەمینەکانی دەوروبەری نیشتنەوە، بەڵام سەرەتایان لە چەندین هەزار ساڵی پێشترەوە هاتبوە وڵاتەکە، هەرچەندە لێشیاویان تا ئەم سەردەمە، هێشتا هێرشی نەهێنابوو. وا دەردەکەوێ ئەم لافاوی هیندۆئەورووپیانە بەرەو کوردستان سەرەتای لە باکوور و باکووری ڕۆژاواوە هەڵقولابێ. ئاوێستای کتێبی پیرۆزی زەردەشتیان، دەڵێ سەرماو زریان لە وڵاتەکەیان، کە هێشتا نەناسرا و بوو دەرپەڕاندوون، بەڵگە ئەرکیۆ لۆجیەکانیش وای دەردەخەن کە ئەم جۆرە شێوانە لەباری کەش و هەوادا کە ملنانی ڕووەو باشووری زریانی یەکجار توند(jet stream) هۆکاری سەرەکییەتی، تا دەوروبەری (٢٠٠٠)ەی پێش زایین لە دەشتاییەکانی ئەوروپا، نەنیشتووەتەوە (بڕوانە ژینگە و کەش و هەوا) (نەخشەی ژمارە ٢٨).

لەگەڵ ئەمەشدا مشتومڕی گەرم لەسەر ئەوەی زمانە هیندۆئەورووپییەکان لە بنەڕەتدا لە کوێوە هاتوون، هێشتا هەر لە ئارادایە. هەندێ لە تیۆرو بووچوونەکان لەم بارەیەوە لە (پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا لەسەردەمەکانی بەر لە مێژوو و سەردەمانی کۆندا)، باس کراون.

بەهەرحاڵ، لە ئەنجامی ئەم کۆچکردنانەدا، نزیکەی زۆربەی گەلانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوەندی ئاسیا، بە کوردەکانیشەوە، لە دەوروبەری (٥٠٠)ەی پێش زاییندا بەشێوەیەکی سەرەتایی بە زمانی هیندۆئەورووپی دەدوان. زۆربەی ئەم کۆچکەرانە بەرەو کوردستان، فارسستان، ئاسیای ناوەڕاست و هیندستان ناوی ئەتنی خۆیان نا (ئێر) یان (ئاریا): (ئاریایی). ئەم ناوە ئەتنییە خۆی لەژێر چەتری جوغرافی و زمانی و ئەتنی (ئێران) یان (ئێرانی)دا گرتەوە کە کوردە کانی ئەم سەردەمەشی دەکەوێتە بەر، (بڕوانە زمان و ناسنامەی نەتەوەیی).



نەخشەی ژمارە (28): نەخشەی کۆچکردنی کوردەکان لە سەدەی (15) تا (6) ی پێش زایین – بنەچەیان ئاریایی یان هۆزی هیندو – ئەورووپی دیکە بووە

بە ئاری بوونی کوردان کە لە هەزارەی یەکەمی پێش میلاددا ڕوویدا، یەکەم ڕووداوی گرنگە لە یەکناسنامەیی کوردستاندا و ئەم ڕاستیە بە بەڵگەو بەگشتی سەلماوە. بێ گومان ئەم

پرۆسەیە بێ بوونی ئاپۆرایەكی یەكجار گەورەی كۆچكار هەرگیز نەدەهاتەدی، ئێمە باش دەزانین كە میدیەكان دوای سێ سەدەی یەكبینی قەتڵوعام، و كوێلەگیری و ڕەهەندە كردن لەسەر دەستی ئاشوورییەكان ئینجا كوردستانی ناوەندیان ئاوەدان كردەوە. ئەم كردەوانە تا ساڵی ٦١٢ی پێش میلاد بەردەوام بوون. حوكمدارە میدیەكان. لەلایەن براگەورە و ڕیش سپی گەلەهۆزەكان و بنەماڵە حوكمڕانەكانەوە بۆ حوكمفەرمایی وڵاتەكانی ژێر قەڵەمڕەویان هەڵدەبژێرران، لەبەر ئەوەش كە كوردەكان بڕبڕەی پشت و هێزی شەڕكەری ئیمراتۆریەتی میدییان پێكدەهێنا، زۆر جێی خۆیەتی گەر بوترێ ئەو ئاڕاستانەی ئیمراتۆریەتەكە لە تەنینەوەدا گرتیە بەر، بەشێوەیەكی گشتی ئەو سەرزەمینانەن كە بوون بەزێد و نیشتمانی كوردان لەو سەردەمەدا. ئەم سەرزەمینانە، بەتایبەتی خاكی دەوروبەری چیاكانی زاگرۆس و پۆنتۆس و ئەلبورزیان دەگرتەوە. بەهەرحاڵ، بۆ باشتر دەرخستنی شێوە و ڕووكاری گواستنەوەی دانیشتووانی كورد، مرۆڤ دەبێ دان بەخۆیدا بگرێ تا دەچێتە دویمایی سەردەمی كلاسیك و چاوبگێرێ بە سەرچاوەی گریك و ڕۆمان و فارس ناوەند و ئارامیەكاندا كە باس و خواسی بەپێزیان لەم بارەیەوە لە دوو توێدایە.

كەی ئەخساری پادشای میدی، پاش ئەوەی لە ساڵی ٦١٢ی پێش میلاددا ئاشورستانی بە تەواوی تەفروتونا كرد، ساگارتیەكی زۆری، كە گەلێكی سەر بە میدیەكان بوو، لە هەرێمەكانی ناوەندی كوردستان، بە تایبەتی لەناو و دەوروبەری هەولێرو و كەركوكدا چاند. ساگارتیەكان، كە ناوی زاگرۆس لەناوی ئەوانەوە هاتووە، لەسەرەتادا لەسەرزەمینی بەختیاری و لوڕستان تا دەگاتە كرمانشای ئێستا، (ناوەند و باشووری هەرێمی زاگرۆس) دەژیان.

ڕاستییەكەی، نازانین تا چ ڕادەیەك دەتوانین واژەی (بەزۆر) بخەینە سەر نیشتەجێبوونی ئاپۆرای كۆچكەران لە ناوەندی كوردستان لە سەردەمی میدیایی و ئەخمینیەكاندا، چونكە ئەمە، سەرەنجام، وەستانەوەی لافاوی گەلە هیندۆئەورووپی دووەكانیش بۆ سەرزەمینەكە بەگشتی دەگرێتەوە دانیشتنی ساگارتیەكان و سەر لەنوێ ئاوادەكردنەوەی وڵاتی كەركوك لەلایەن هۆزە ئارياييەكانەوە بە دەسكاریی كەی ئەخساری میدی و دارایەكەمی ئەخێمێنی بوو ئەوەی تا ئێستا زانراوە، ئەم دوو پادشاییە لەمەولاوە هیچ لە خاكی خۆ هەڵكەندن یان بەزۆر دانیشاندێكی دیكەیان نەكردوە. دەبێ ئەمە بەچەند پرۆسەی یەك لە دوای یەك كرابێ كە

تێیاندا هۆزە ئارییەکان لە شوێنی خۆیان هەڵکەندراون و لەسەرزەمینی تر داچێنراون لەسەر دەسنیشانکردن و ڕاسپاردەی ئەم دوو پادشایە.

تۆماریەندیە مێژووییەکان بەڕوونی دەردەخەن کەوا ئەم کۆچکەرە ئاریانە دانیشتووانە کۆنەکانیان کردوە بە کۆیلە و بەیاسای کۆیلەیەتی ڕەفتاریان لەگەڵدا کردوون.

داڕووخانی ئیمپراتۆریی ئەخێمێنی لەسەر دەستی ئەسکەندەری مەزن لە شەڕی ئەربیلا (ئەربیلی ئەم سەردەمە)دا وڵاتەکەی بۆ گیرسانەوەو دانیشتنی یۆنانیەکان واڵاکردەوە کوردستان بە تایبەتی بەشەکانی ڕۆژاوا و باشووری، بوون بە شوێنی گیرسانەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی یۆنانی نەژاد کارەکە هەر بەمەوە نەوەستا، ئەوەندەی پێ نەچوو هەندێ خەڵکی پارتی نەژادیش بە زۆری ڕژانە کوردستانەوە سام و هەیبەتی سەربازیی ئیمپراتۆریەتی پارتی، سێبەری بەسەر ئیمپراتۆریەتی سلووقی یۆنانی تەبارداکێشابوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پارتیەکان ئامۆزای هاوکەلتووری کوردان بوون و لەگەڵ یۆنانیەکاندا نزیکەی زۆربەی دانیشتووانی شارنشینی باشووری کوردستان و لوڕستانیان پێکدەهێنا لە ڕاستیدا پارتیەکان ناوی خۆیان بڕی بەسەر هەرێمەکەشدا کە ئیتر بوو بە پەهلە. پەهلەش دەچێتەوە سەر ناوی ئەتنیکی پارتیەکان (لە پارتا/ پالتا/ پالە/پەهلە)وە هاتووە، پاشماوەی داب و ڕەسمی یۆنانیەکان، ئێستا لە کەلتووری شانۆگەری، پاڵەوانبازی و زۆرانبازی و هەروەها لە پەیکەرسازی سروشتیدا بەدی دەکرێ. هەروەها میراتبەندی پارتیەکان لەناوی یەکێك لە دوو گرووپە زمانیەکەی ئەم سەردەمەی کوردییدا بەدی دەکرێ کە ئەویش پەهلەوانییە (بڕوانە زمان) کە پارتیەکە کردبوویان بەزمانی خۆیان. ئەمە هەروەها لەناوی کوردە فەیلیەکاندا خۆی دەنوێنێ، هەروەها لە وشەی پەهلەواندا ئەو وشەیەی کە بۆ شەرەف و مەردایەتی بە کاردێ (بڕوانە کەسایەتی نەتەوەیی).

لەو سەرچاوە کۆنانەوە کە ئێستا لە بەردەستدان و باس لە قۆناغی دووەمی کۆچکردنەکان دەکەن لێشاوێکی بەردەوامی هۆزی کورد لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باکووری ڕۆژاوا بە ئاسانی دەبینرێ کە جیاوازە لەوانەی قۆناغی دووەمی کۆچکردنەکان (بڕوانە نەخشەی ژمارە ٢٩). ئەم کۆچکاریە لە نزیکەی سەدەی چوارەمەوە تا سەدەی پێنجەمی پاش میلاد هەر بەردەوام بووە.

شەش بەڵگە بە دەستەوەن کە ئەمە ڕوون دەکەنەوە:




نەخشەی ژمارە(29): نەخشەی كۆچكردنی كوردەكان لە سەدەی (5)ی پێش میلاد تا سەدەی چوارەمی پاش میلاد: یەكڕەنگبوونی نەتنی لەدوا دوای قۆناغی كلاسیكدا

ئاراستەی كۆچكردنەكان.

ئەو ناوچانەی ئێستا زۆربەی دانیشتووانیان كوردن.

١–زۆربــەی هــەرە زۆری ئــەو هۆزانــەی لــە شــوێنە دووردەســتەکانی باشــووری ڕۆژهەڵاتــی زاگرۆس لە وڵاتی فارس نیشتەجێن، بە تاک و بەگشتی لقوپۆپیان لە کوردستانی ناوەنـد دوایـی لە کوردستانی باکووریشدا بەدی دەکرێ.

٢–کۆنــە چــیرۆکەکانی ئەرمەنیــەکان پــڕن لــە باسـی ناڕاســتەوخۆ لــە بــاری خانــەوادەی دەوڵەمەند و دەرەبەگی بێگانەی دەسەڵاتدارکە خۆیان لە ئەرمەنستان لەسەرەتاکانی سـەدەی سێیەمی پێش مـیلادەوە پێگەیانـدوە و پێکـەوە نـاوە. زۆربـەی ئـەم خانەوادانـە ئەگـەر نـەڵێم هەموویان ناوی ئێرانی ئەوتۆیان پێوە بووە کـە هاوکۆتـەرەن لەگـەڵ نـاوی هـۆزە کوردەکـانی هەرێمەکانی باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەرمەنستاندا.

٣–لــە کێـشە کۆنــەکانی جوغرافیــادا، وەکــو ئەوانــەی ســترابۆوپتولمی، نــاوی چــەندین سەرزەمین لە باکوور و ڕۆژاوای کوردستان لەناوی کوردیی ئەو هۆزانەوە هاتووە کە نیـشتەجێی ئەو شوێنانە بوون: وەکو ڤەندیان وەند لـە باشـوور، بەرامبـەر بـە کـان/گـان/ئـان لـە بـاکووری کوردستان، نزیکەی پڕانی ئەو هۆزانە کـە پـتر لـە هـەزار سـاڵی ڕابـردووە بـە پاشـناوە هـۆزیی باشوورەوە خۆیان شەنگاندوە، لە کۆتایی قۆناغی ناوەڕاستەوە پاشـناوی باکووریـان خـستۆتە سەر ناوی هۆزەکانیان، پاش ناوەکانی باشوور تەنها لە کوردسـتانی باشـوور لـە لوڕسـتان (کـە فڕی بە کوردایەتییەوە نەماوە)، هەروەها لە باشووری زاگرۆس، ماونەتەوە.

٤–زوم ناوێکی تری هۆزیە (بەهەڵە، زۆرتر بە ڕوم یان ڕام دەخوێنرێتـەوە) کـە لەسەرچـاوە ئیسلامیەکاندا لە باسی هۆزە کوردەکانی باشووری زاگرۆسدا هاتووە، ئەم ناوە ئێستا تـەنها لـە باکوور و باکووری ناوەندی زاگرۆس لە کوردستاندا بەدی دەکرێ. لە کوردی نوێدا لـە شـێوەی زومادا دێ و بە هۆبەیەکی مەڕ لە وەرێنی کۆچەر دەوترێ.

٥–هەندێ ئایین و بیروبـاوەڕ و زاراوەی کـوردیی کـە هـی باشـووری کوردسـتان بـوون، بـۆ کوردستانی باکوور و ڕۆژاوا پـەرتەیان کردوە.

٦–ئەو سەرچاوەیە ئەرمەنیانەی مێژوو کە بۆ جاری یەکەم باسـی هـۆزی وەکـو باگرەڤەنـد (بــەکران) تیگرانەڤەنـد (تیریکــان)، هــەضــەبــانی، شــەددادان و مامکــان (مــامیکۆن) دەکــەن، مەڵبەنـدیان دەبەنــە باشــوور و باشــووری ڕۆژهەڵاتــی ســنوورەکانی ئەرمەنــستان، کەچــی ئــەم سەرچاوە ئەرمەنییانەی دوایی تاک تاکیان، یان هەر هەموویان دەبەنە باکووری ئەو وڵاتە.

بۆ نموونە، بەگرەڤەندەكان، یەكەم جار لە سەدەی چوارەمی پێش میلاددا لە نزیكی هەرێمی چیای سنجار و موسڵ دەردەكەون (ناڤاتێس مۆنن)، دوایی لە سەدەی سێیەمی پێش زایینـدا دێنە باكووری ڕووبـاری دیجلـە (ئەمەئـە و كاتەیـە پتـولمی نـاوی هێنـاون)، ئینجا سەرزەمینەكانی باكووری ڕۆژاوای گۆلی وان لە سەدەی یەكەمی پاش میلاددا، كەچی لە سەدەی سێیەمی پاش میلاددا دێنە باكووری ئەرمەنستان و باشووری گورجبستان. لە ناوەندی باشووری كوردستان لە نزیكی شاری تازە بنیاتنراوی سولەیمانی، شوێنەواری ڕەتانی هۆزی بەكران لە دەشتی بەكراوا و شارۆچكەی بەكرەجۆدا خۆی دەنوێنێ. لە ڕووی زانستی وشـەگیری (Etymology)یـەوە دەتـوانرێ بەگراوەندینـە كۆنـەكان ببرێنـەوە سـەر هۆزەكـانی بەجراوان یان باجەلان كە لە كوردستانی باشوور و ناوەند نیشتە جێن. هەردوو هـۆز هێشتا بـە زاراوەی گۆرانی دەدوێن و لـە بـاری ئایینـەوە دەچنـەوە سـەر كۆنـە ئـایینی كـوردی (تیرەی فریشتەكان) — وێش دەچێ بەگراوەندەكانیش هـەر لەسـەر ئـەم ئایینـە بـووبن. ئێستا كـە لـە نزیكی مووسڵ لەسەر ڕووباری مووسڵ، واتە لـە سنووره باشووریەكانی بەگرەوەنـدین ریجیـۆ Bagravandine Regioی پتولمی و هەروەها لە نزیك شاری خانەقین نیشتەجێن. پەیوەندیـەكانی نێوان هۆزی بەكران لەگەڵ بنەماڵە شازادەكانی ئەرمەنستان و دوایـی گورجـستانیش، هـەروەها هی هـۆزی تیریكـان لەگـەڵ تیگرانـی مـەزنی پادشـایی ئەرمەنـستاندا (١٤٠– ٥٥ پـێش مـیلاد) بەدرێژی لە فەسڵی هۆزەكان و مێژووی كلاسیكدا باسكراوە، ئەو بەڵگانەش كە لـە بـارەی ئـەم پەیوەندیانەوە بە دەستەوەن، ڕووناكی زیاتر دەخەنە سەر ئەو ڕێگاو ئاراسـتانەی كـۆچ كردنـە یەك لە دوای یەكەكانی كوردان گرتوویانەتە بەر.

ئەوەی كە لە دێرزەمانـەوە بـاوە ئەوەیـە، كـە تیگرانـی پادشـایی ئەرمەنستان بـە بنەچـە ئەرمەنی نەبوە. موسێسی چۆرین (یان موفسێس خۆرینـاتیس) كـە مێژوونووسـێكی ئەرمـەنیی سەردەمی بەڕایی سـەدەی ناوەندیەكانـە و لـە دەورووبـەری ٤٩٠ و ٧٦٠ پـاش مـیلاددا ژیـاوە، دەڵێ باوباپیرانی تیگران لە شوێنێكی ترەوە هاتوون بۆ ئەرمەنستان و لـە وڵاتـی خۆیانـەوە لـە دەستی ئـەژی دەهـاكی پادشـای میـدیا (د. ٥٨٤–٥٤٩ پـێش مـیلاد) كـە خزمیـان بـوو، و لـە قەڵەمرەوی ئەودا ژیاون هەڵاتوون. بەم جۆرە مۆسێس زێدی بنەڕەتیی بنەماڵە و هۆزی تیگراپن دەباتەوە كوردستانی باشوور. لـە سـەردەمی مۆسێسیدا میـدیا (كـە لـە ئەرمەنییـدا مـار و لـە

کوردییدا مای و لە فارسیدا ماە—ی پێ دەوترێ)، تەنها ناوچەرگەی میدیای کۆنی دەگرتەوە واتە کوردستانی باشوور و باکووری لورستان، هەر لەبەر ئەم هۆیەش، دەبێ بنەماڵەو خزمانی تیگران، کە لە شوێنی خۆیان هەڵکەنراون، ئاراستەی باشووری ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژاوایان گرتبێتە بەر.

ئەم هەڵێنجانە زیاتر بەوە خۆی دەگرێ کە پتولمی ناوی تیگرانوان تەنها بەو سەرزەمینە دەدا کە گۆلی وانی ئیستا و ڕێك ڕۆژهەڵاتی زێدی هۆزی بەگرەوەند (بەکران) دەگرێتەوە.

ئەمە ئەو ناوچەیەیە کە دەبێ بنەماڵە لقە عەشرەتی تیگران بەر لە چوونە سەر تەختی ئەرمەنستان داگیری کردبێ. دەتوانرێ ناوەکە ببرێتەوە سەر تیگرانەڤەند. هۆزە پاشناوی ڤەند بەبێ یەك و دوو لێکردن دەزانرێ کە لە باشووری هەرێمی کوردنشین باوە.

چەند هۆزی جێ و ڕێ داری کورد کە ئەم بارکردنە دوور مەودایەیان بەرەو باکوور و باکووری ڕۆژاوا کردووە، شایستەی سرنجی تایبەتین چونکە ڕۆڵی مێژوویی بەرچاویان لە هەرێمەکەدا هەبوە، کەچی زۆر کەمیان لە بارەوە تۆمار کراوە. ئەم هۆزانە بریتین لە مەمەکانەکان، جیلۆکان، دیلەمەکان، و هەضەبانیەکان، لیستەی ئەم هۆزە مێژووییە گرنگانە دەکرێ زۆر ناوی تری بخرێتەسەر وەکو شەبانکارە (شوانکارە شوان) خەلکان (کاڵخان)، زەنگیان (زەنگەنە) و گەلێکی دیکە.

پەیوەندی مێژوویی نێوان مامیکۆنیە ئەرمەنی زمانەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و هۆزەکانی مەمقان و مامەش (کە هەردوو کورد زمانن و لە کوردستانی ناوەند نیشتەجێن) لەلایەکەوە و مەمەسەنییە لوڕ زمانەکانی باشووری زاگرۆس لەلایەکی ترەوە و ئاراستەی هەڕکردنەکانی هەرەزووی هۆزە کوردەکان بە باشی بەرجەستەو بەچاکی دەری دەخا لە کوێوە هاتوون و لەکوێ نیشتوونەتەوە. دەبێ زۆر دوور ڕەتابن، بۆیە دەبینین پەلە جیاجیاکانی ئەم هۆزە دێرینەیە زیاتر لە(١٠٠٠) میل لێك دوور کەوتوونەتەوە.

هۆزی گەورەو گرانی جەلالیش کە ئێستا دراوسێی مەمقانەکانن کاتی خۆی ڕەوێکی ئەوها دوور دەستیان کردووە. ئەمان جاری یەکەم لە بەرایی سەدە ناوەڕاستییەکاندا ناویان لەفارس و هەرە باشووری زاگرۆسدا هاتووە، دوای ئەوە بەرەو باکووری ڕۆژاوا پەرتەیان کردوەو ئێستا، سەرەڕای باشووری زاگرۆس (کە بە گێلو یان هۆزەکانی کوە گیلویە، یان جیلویەکانی

سەدەكانی ناوەڕاست ناسراون) لە ناوەندی زاگرۆسیش هەن (بە گەلاوەند و جەلالەوەند ناسراون) و لە باكووری زاگرۆسیش (كە بە جەلالی ناسراون).

جگە لەمانە، پەلێكی تریان، بەرلەوە لە هۆزەكانی گیلو/ گیلۆی باشووری زاگرۆس تاكاونەتەوەو بەرەو باكوور لە سەدەمی سێیەمی پێش میلاددا ڕەویان كردوەو لە ڕۆژاوای چیاكانی ئەلبورز و نزماییەكانی دەریای خەزەر نیشتوونەتەوە. ئەم گیلویانە ناوی خۆیان داوەتە گیلانی ئەم دەمە كە تاسەدەی سێیەمی پێش میلادیش بە (كادوسبا) بەناویانگ بوو. لە نووسراوەكانی سترا بۆ و پلوتارك و پلینیدا، زیاتر بەو وڵاتەیان وتووە سەرزەمینی گیلۆی.

لە پەنای پەرتەكردنی لەسەرخۆیان بە گەلێ شوێنی تری دەوروبەری زنجیرە چیاكانی زاگرۆسدا، گیلۆكان و بەر لەوەی دوا قۆناغ لە دەوروبەری دەریای خەزەر بنیشنەوە ناوی خۆیان بەسەر گەلێ شوێندا چەسپاندوە. بۆیە گەلێ جێگاو هۆزە ناو هەن لە كوردستان كە یان (گیلو)یان شێوە جیا جیاكانیان پێوەیە و هەر ئەمە خۆی بەلگەیەكی بەرجەستەكەری ئەم بۆچوونەیە.

هۆزێكی دیكە كە لە گرانییدا هاوشانی گیلۆكانە، هۆزی دەیلەمە (دەیلەمییەكانی سەدەكانی ناوەڕاست) كە دوابەدوای گیلۆكان پێشەنگیان گەیشتۆتە ڕۆژاوای چیاكانی ئەلبورزو لە سەدەی سێیەمی پێش میلاددا ئەوانیش لەوێ جێگیربوون. بەپێچەوانەی گیلۆكانەوە، ئەمان بەدوای كاروانی خزمەكانیاندا تا سەدەكانی دواتریش بەرەو ئەو وڵاتە هەر دادەڕژان، ئەمانە لەسەرزەمینی دێرینی دیلەمەكانەوە، واتە لە هەرێمەكانی دەوروبەری بەشی باكووری ڕووباری دیجلە لە ئەنەدۆڵەوە، ڕێچكەیان دەبەست ئەم كۆچكردنە تا سەدەی چوارەمی پاش میلاد و سەرەتای دووەم ڕووداوی گەورەی كۆچكاری كوردان هەر بەردەوام بوو.

لە كاتێكدا ئەرمەنستان، و تا ڕادەیەكی نزمتر گورجستان و ئاران لە ڕۆژهەڵاتی باكووری كوردستان، بەرەبەرە دەبوونە مەڵبەندی نیشتنەوەی ئەم كوردە كۆچكەرانە، كۆماجین و كەپەدۆچیاو پونتۆسی هەرە باكووری ڕۆژهەڵاتیش، دەكەوتنە بەر لافاوی كۆچكەری بێشوماری تر، بۆیە دەبینین میثریداتیسی پادشای كوردی پونتۆس، لەیەك جەنگییدا لەگەڵ ڕۆمەكاندا، هاوپەیمانییەكی (١٤) هۆزەی ئەم هۆزانە دەخاتە مەیدانی شەڕەوە و تا ناو یۆنان و تۆكرانیا بە دوایاندا ناوەستێتەوە (بڕوانە مێژووی كلاسیك).

برێکی بەرچاوی ئەدەبیاتی سەربەم لێقەومان و کۆچە مێژوویی و دوایی لەم جیّ و لەوجیّ نیشتنەوانە، پاشان کەوتنە ناو سەرچاوە سریانیەکانەوە، کە لە بنەڕەتدا ئەمانیش لە ئەرشیفە کۆنەکانی بنەماڵە پادشازادەکانی کوردستانەوە، وەکو ئەدیابین و کەرخو (کەرکووك) خەستکرا بوونەوە و چات کرابوون. ئەم دوکۆمێنتانە دوایی لە دەورووبەری سەدەی شەشەمی پاش میلاددا کەوتنە ناو ئەرشیفی کەنیشتی نەستووریەوە (بڕوانە مەسیحیەت).

بەگشتی، بەڵگەکان دەڵێن کە دوانزە هۆز لە سەردەمی پارثیەکاندا لە هەرێمی گەرمیان–کەرکووك نیشتەجیّ بوونە. سیّ خانەوادەناو یان هۆزەناوی سەرۆکەکانی ئەم هۆزانە جێی سرنجی تایبەتیین. ئەم سیّ هۆزە بریتین لە: ڤیراز، بورزان و پارێن کە، بە خاوخێزان و خزم و خوێش و عەشرەتەوە هاتوونە بۆ وڵاتی کەرکووك "Pigulevskaya1963" ئەم سیّ هۆزە، بەشێکن لە حەوت هۆزی ئەریستۆکراتی پارثیا، کە هەر یەکەیان دەستێکی باڵایان لە سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەی دەوڵەتی پارثیاندا هەبوە، بەڕەی ئەم سەردەمەی ئەم سیّ هۆزە بریتین لە هۆزە کوردەکانی بەراز و بارزان و پیران.

دەڵێی بارکردنی پرۆگرانی هۆزەکان ڕووەو ڕۆژهەڵاتی باشوور – ڕۆژاوای باکوور لەو دەمەدا بژوونیی دانیشتووانی لە قووڵایی باشووردا تەنکترکردۆتەوە، لەبەر ئەوە ئێستا زۆر هەرێمی وەکو لورستان، بەختیاری، گیلو (کوە گیلویە) و بانەکانی پێرسیس فارس، کە جاران کوردنشین بوون ئێستا وانین. لەوانەیە ئەو هەڵکەنرانە بە کۆمەڵە، سەبارەت بە فشاری ئابووری و ژینگەبووبن بە جۆرێك کە ژیانیان لە باشووری زاگرۆس بۆ نەبرابێتە سەر. لەوانەشە سەبارەت بە شێوان و لەناوچوونی سەردەمێکی خۆشی ژیان بوویێ کە بەر لەوە ئاپۆرایەکی زۆری خەڵکی کێشابێتە هەرێمەکە، دوایی پاڵی بە خەڵکەکەوە نابیّ کە بۆ ژیانی باشتر ڕوویکەنە جێی تر. بەهەمان شێوە لەوانەیە خۆشی ژینگە و باری ژیان لە باکووری زاگرۆس و لە پونتۆس و تۆرۆس ئاپۆرای کوردانی ئەو شوێنانەی لە ڕۆژهەڵاتی باشوورەوە کێشابێتە خۆ، هۆکار هەرچی بوویێ، ئەوەی لەسەر بەڕەیە لە دوا دوایی سەدەی پێنجەمی پاش میلاددا، ئەوان لەویّ نەمابوون.

هاتنی بەردەوامی لێشاوی کوردانی باشوور و ئەو پەرەسەندنە دیموگرافیەی بە دوای

خۆیەوە هێنایە باكوور و ڕۆژاوای كوردستان لەسەرەتاوە و لە دواییدا بۆ ناوەندیشی، لە بەرایی سەدەی چوارەمی پێش میلاددا بوو بەمایەی سەركردنی بزوونیی دانیشتووان لەو ناوچانەدا ئەم پزوونیە، سەرهەلگرتنی كوردانی لەوێوە بۆ هەموو هەرێمەكانی دراوسێ و تەنانەت بەولاتریشەوە بۆ ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی لێكەوتەوە. هەموو ئەم كۆچكاریانە لە باكوور و ڕۆژاوای كوردستانەوە هەلقولان و لە نزیكەی سەدەی چوارەمەوە تا سەدەی یانزەیەمی پاش میلاد بەردەوام بوون. لەم دوو كۆچكاریەو لەوانی پێشووشدا، گواستنەوەكان ئەوەندە لەسەرخۆ بوون، كە دانیشتووانی ئەو سەرزەمینانەی لێی جێگیر دەبوون هەستێكی ئەوهایان پێ نەدەكردن. لەم ڕووەوە تێرغیوندیانی مێژوونوسی ئەرمەنی دەلێ: "نیشنەجێ بوونی كوردان لە ئەرمەنستان ئەوەندە لەسەر خۆبوو، كە زۆر گرانە سەرەپەتی ڕێچكەكەی دەستنیشان كەی".

بۆ نموونە، دەیلەمییەكان و ڕیڤەندەكان، بە دوو قولێی بە ئاپۆرای كۆچكردن دەركەوتن دیلەمییەكان، كە پێشەنگیان چوار سەدە لەوەبەر لە ڕۆژاوای چیاكانی ئەلبورزدا تەنیبوویانەوە، ئەم جارەیان ئەوەندە بە ئاپۆراوە ملیان نا، كە نەك تەنها گشت چیاكانی دەوروبەری ئەلبورزی باشووری دەریای خەزەریان گرتەوە بەلكو بەرەو هەزار بە هەزارەی سەرزەمینی ئیسلامی دەوروبەریش ئێقیان دایەوە. لەم سەروەختەدا، بە گوێرەی قسەكانی ناسر خوسرەوی گەڕیدەی ئیسلامیی سەدەكانی ناوەند، دەیلەمییەكان تەنانەت توانیان چواریەكی شارێكی دوور دەستی وەكو قاهیرەش لە سەدەی یانزەیەمدا پڕ كەنەوە، لە كاتێكدا ڕیڤەندەكان هەموو باكووری خۆراسانیان گرتەوە و هەر لەوەشەوە (بانەكانی ڕیڤەند) هاتەكایەوە، (بڕوانە نەخشەی ژمارە ٣٠).

هەر ئەو دارژانەی كوردان بەم لاو بەولادا، وەلامدەرەوەی چۆنیەتیی و هۆی بوونی كوردە لە لوبنان و ڕۆخەكانی سوریا كە لەسەردەمەكانی پێش ئیسلامدا ژمارەیەكی زۆریان بە مەسیحیەتی لە شارەكانی بەعەلبەك و لانیقە دەژیان. دوای ئەوەی بە عەلبەك كەوتە دەستی جیهانگیرە مسولمانەكانەوە لە سەدەی هەشتەمدا هەندێ لەو ڕەمەندانە كشانەوە بۆ ئەنتاكیە و تەرسووس لەناوەوەی ئیمپراتۆریەتی كرژەوەبووی بیزەنتەدا. ئەو كوردە عەلەویانەی كە نەبوون بە مسولمان، نەك هەر مانەوە، بەلكو ژمارەیان بە هاتنی كوردی دیكە بۆلایان، لە ڕووی ئەتنیكیەوە، زیادیشی كرد(Cahen 1940). زۆربەی ئەم كوردانە دوایی توانەوەو بوون بەو عەرەبە عەلەویانەی ئێستا لە كنارەكانی سوریا دەژین و زۆربەی دانیشتووانی سەرزەمینەكەش پێك دێنن.




لە باشووری کوردستان، سەرچاوە فارسیە ناوەندیە کۆنەکان، هەروەها کۆڵینەوەکانی یۆنانی و ڕۆمەکان لەسەر جوغرافیا و دوایی ئەوکارانەی گەڕیدەو کۆڵەرە مسوڵمانەکان لەو دوابیانەدا کردوویانە، هەموو باسی کۆمەڵگایەکی گەورە و بە جۆشی کورد دەکەن کە خۆی بە

خوارووی چیای زاگرۆسدا تا نزیك تەنگەی هورمز گەیاندوە. بۆ نموونە ئیبنو حەوقەل لە (سووره تول ئەرز/ صورة الارض)ە كەیدا كە بابەشێكی جوگرافییە، و لە دەورووبەری (٩٨٠)ی پاش زاییندا نووسراوە لیستەیەكی (٣٣) هۆزیی گرتووە كە گوایە ناوی "ئەو هۆزانەی تێدایە كە زیاتر ناسراون و هەر لە ولاتی فارس "باشووری زاگرۆس" دەژین و كە گوایە ژمارەی تەواوی ئەو هۆزانە خۆی دەدا لە (١٠٠) و لە (٥٠٠٠٠٠) خێزان پێكهاتوون. ئیبنو حەوقەل خۆی خەلكی نیسیبین (شاری نەسیبینی ئێستا لە كوردستانی رۆژاوا ) بوە و زۆر چاك زانیویە چی دەلێ كاتێ كە باسی كوردی لە كارەكانیدا كردووە. ئیبن بەلخی (ابن بلخی) كە خەلكی فارس بووە، سەدەو نیوێك لەوەدوا لە (فارسنامە)كەیدا كە ئەویش هەر بابەشێكی جوگرافییە (١١١٦ پ.م) لیستەی پێنج هۆزیان گەلە هۆزی كورد دەدا لەوێ كە بریتی بوونە لە (١٠٠٠٠٠) خێزان.

زۆربەی ئەم هۆزانە هێشتا هەر ماون و ناویان، تەنانەت ناوی لقوپۆپەكانیشان لەو ناوانەی كە لە لیستە كۆنەكانی هۆزەكانی باشووری زاگرۆسدا هاتوون زۆر دوورنین.

ئەم هۆزانە بەسەر سێ گرووپدا دابەش دەبن: ١) ئەوانەی كە هێشتا هەر بە كوردی ماونەتەوە وەكو شەبانكارە و گورانەكان، بەلام لە ناوەندی زاگرۆس یان لە باكووری زاگرۆس یان لە هەردوكیاندا دەژین. ٢) ئەوانەی هەر لەوێ ماون، بەلام بە كوردی نادوێن وەكو لورەكان و گیلۆكان كە لە باشووری زاگرۆس دەژین ٣) ئەوانەی كە لە هەردوو شێوەن وەكو مامەشەكورد زمانەكان و مەمە سەنییە لورزمانەكان (كە هەردووكیان توخمی هۆزی مەمەسەنی سەدەكانی ناوەڕاستن و جاران لە باشووری زاگرۆس دەژیان).

لە كۆتایی سەدەی نۆیەمی پاش میلاددا، ئاپۆرایەكی زۆری كۆچكەر، كە لە ئاكامی هەلقولان و جێ نەبوونەوەدا هەریان كردبوو، بە ولاتی كوردنشیندا بلاوبوونەوە، مەسعوودی مێژوونووسی سەدەكانی ناوەند، لە ئەلتەنبیهدا (التنبیه)، لیستێكی (١٦) هۆزی گەورەی كورد پێشكەش دەكا و ئەو سەرزەمینانەی بە كورد داپۆشراون لە سەردەمی ئەودا بەمانەی خوارەوە دیاری دەكا: فارس، كرمان، سیستان، ئیسفەهان، خوراسان و جیبال (زاگرۆسی ناوەند و باكوور)، ماهات (میدیا، واتە لورستان و كرمانشاه)، هەمەدان، شارەزوور (سولەیمانی)، ئازەربایجان، ئەرمەنستان، ئاران، بابول ئەبواب (باب الابواب)— واتە شیروان، جەزیرە، بیلیفان (رۆژەلاتی ناوەندی ئەنەدۆل)، سوریا و دەرگاكانی (سوریا) ئەنتاكیا و

ئەدەنە کوردان ئێستا لە شەش هەرێمی ئەمانەدا زۆرەکین و لـە چواریاندا کەمایـەتی گرانن، و لەوانی تردا سـووکە کەمایـەتین ئـەو هەرێمانـەی کـە لەنووسـراوە کۆنەکانـدا کوردیـان لێبـوە و ئێستا زۆر بەکەمی دەردەکەون، هەرێمەکانی باشووری زاگرۆسن لە فارس و کرمـان و سیـستان (واتە سیستان و بلوجستانی ئەم سەردەمە)و ئیسفەهانن تاقـە هـەرێمێ کـە کـوردی تیانـەمابێ بابول ئەبواب (باب الابواب)، واتە (شەروانی باکوور– داغستانی رووسی)یە. بوونی هـەژەلگرانی کـورد لـەم هەرێمانـەدا، هۆکـارێکی بـەهێزی دروسـتبوونی بنەماڵـە حوکمفـەرما کوردەکـانی سەدەکانی ناوەڕاست بوو کە بەشـێکی زۆری لای ڕۆژهەڵاتـی جیهـانی ئیسلامیان بـە دەسـتەوە بوو.

کـوردێکی زۆری باشـووری زاگـرۆس بەرەبـەرە، بـەڵام بەشـێوەیەکی بـەردەوام ناسـنامەی نەتـەوەی کوردییـان لـە دەسـت داوە. ئێستا وابەڵگـە دێنـە دەسـتەوە کـەوا لـە دەوروبـەری سـەدەی دەیەمـدا، هـۆزێکی گرانـی فـارس زمـان لـە بـاکووری ئەفغانـستان یـان باشـووری تاجیکستانەوە ڕژاونەتـە باشـووری زاگرۆسـەوە و هەرێمەکـەیان داگیر کـردوە (ماوەیـەکی زۆر درەنگ دوای ئەوە گەلێ هـۆزی کۆچـەری تـورك ڕەگـەزیش وەکـو هـۆزی قەشـقایی، بەهـەمان ڕێگەدا هاتوونەتە وڵاتەکەوە).

ئەم هۆزە دوای بە( بەختیاری) ناوی داوەتەوە وەکو دەردەکـەوێ بـە ئاسـانی و دەسـوبرد ئایینی ئیسلامی خۆشیان بە هۆزە کوردەکانی ئەوێ بەخشیبێ، کە تا ئەوکاتـە ئیـسلام نـەبوو بوون و بە ئاسپاییش زمانی فارسشیان خستبێتە پاڵی بۆیان کە بوو بە بناغە بۆ زاراوەی لـوڕی – بەختیاریـەکان لـە سـەدەی یانزەیەمـەوە، ئـیتر باشـووری زاگـرۆس کـەمتر بـە هـەرێمێکی کوردنشین دەناسێنرا لەلایەن توێژەرەکانی ئـەو سـەردەمانەوە فـەخرەدینی گورگانی، کـە بـە شیعر ڕومانی دێرینی (ڤیزو ڕامین)ی هەڵبەستووە (١٠٤٠–١٠٥٠ پـاش میلاد) یەکـەم نووسـەرە کە کورد و لوڕی لێك جیاکردۆتەوە لەو سەردەمەوە باشـووری زاگـرۆس، پـتر بـەرگی لـوڕی بـە باڵای خۆیدا بڕیـوە و بـەرە بـەرە لـە کوردسـتانێتی تاکاوەتـەوە هـەمان پرۆسـە ئـەمڕۆ لەگـەڵ لەکەکاندا دوویات دەبێتەوە، کە بە پەلـە خـەریکن خۆیـان لـە کوردەکـانی تـر دووردەخەنـەوە وەکو دەردەکەوێ ئەم جۆرە گۆڕانە، چ لـە ئـایین چ لـە ناسـنامەی نەتەوەییـدا لـەناو کوردانـدا شتێکی کۆن و باوو بەردەوام بووە.

ئەوەی مایەی خۆشحاڵیە، چ لۆڕەكان چ بەختیاریەكان هێشتا كە هاتە باس، خۆیان هەر بە كورد یان زۆر نزیك لێیان دادەنێن ناوی گەلێ جێگاو بابەتی سرووشتیی ناوچەكە هێشتا مۆركی كوردیان هەر پێوەیە، وەكو "شاری كورد"ی پایتەختی هەرێمی بەختیاری و ڕووباری "كوردستان"لە هەرێمی مەمەسەنی ناو لوڕەكانی نزیكی تۆكەندی فارس جگە لەمە وشەكانی زاراوەی لوڕی هێشتا هەر كوردین، هەرچەند سیستەمی كردارەكان و بیناكاری زاراوەكە فارسن.

لەم بوارەدا، جێی خۆیەتی سەرێك بەلای بلووچەكانیشدا شۆڕكەینەوە چیرۆكە میللییە بلووچییەكان و ئەو بابەتە مێژووییانەی لەلایەن بلووچییەكۆنەكانەوە تۆمار كراون دەڵێن كەوا ئەوان بە ڕەگەز كوردن.

گرنگترینی ئەو بابەتانە كوردگەلنامەك "كوردگەلنامە"یە كە ساڵی (١٦٤٠)ی پاش میلاد لەلایەن ئاخوند محەمەد ساڵح زەنگنە بلوچەوە نووسراوە (Ahmad Zai 1986). كورد گەلنامە واتە"چیرۆكە میللیە كوردییەكان" جگە لەمە، دەبێ ئاماژە بە دەپتەر شەعر یان شەجەر "دەفتەری سەجەرە"بكرێ كە بالۆرەیەكی كۆنی بەناوبانگە لەناو هەر (١٧) هۆزە سەرەكیەكەی بلووچەكاندا بالۆرە كە باسی ئەوە دەكا كە كورد و بلووچەكان لە یەك پشتن و دوایی لێك جیابوونەتەوە و هەریەكە بۆ خۆی ناسنامەیەكی نەتەوەیی وەرگرتەوە (بڕوانە Harrison1981،Dames1907 ) مەسەلەی ئەسڵی زمانی بلووچی دەتوانرێ لەم چوارچێوەیەدا ساغ بكرێتەوە كە ئەویش وەكو كوردی زمانێكی ئێرانی باكووڕۆژاواییە (بڕوانە زمان– ٢)، هەرچەندە، جێگەی لە جیاكردنەوەی خێزانییدا دەكەوێتەوە ئەوپەڕی باشووری ڕۆژهەڵاتی جیهانی زمانە ئێرانیەكانەوە واتە نزیكی ڕۆخەكانی ڕووباری ئیندۆس لە پاكستان بلووچییەكان، ئێستا زیاتر لە (١٠٠٠) میل لە نزیكترین خزمی زمانییان، واتە كوردان، دوورن.

هەرگیز لە هیچ تۆمارێكی پێش سەدەی پێنجەمی پاش میلاددا، تەنانەت باسێكیش چییە لە بارەی بلووچەوە نەهاتووە، لە كاتێكدا هەندێ گرووپی ئەتنیی دیكە (وەكو گیدروسی و مەكەكان كە لەسەرچاوە كۆنە یۆنانییەكاندا بە ئیهتیوفاگی یان ماسی خۆرەكان ناسراون) وا باسكروان كە ئەوان دانیشتووانی بلووچستانی ئێستاكە بووبن. دەركەوتنی بلووچەكان هاوكاتە لەگەڵ هەڵقولانی كوردان لە ژمارەدا لە باشووری زاگرۆسەوە و داڕژانیان بەرەو باكووری ڕۆژاوا

.. لە شانامەدا وتراوە کەوا خوسرەوی یەکەم، لە گەڕانەوەیدا لە جەنگی هیندستانەوە بەرەنگاری بلووچ و دەیلەمییەکان بووە و هەر ئەو سەرچاوەیە خۆی باشووری زاگرۆس بە وڵاتی ئەسڵی ئەوان دادەنێ، واتە ڕێی نێوان هیندستان و تەسیفۆنی پایتەختی ساسانیەکان.

بوونی هۆزی شەبانکارەی کورد لە هەرێمی کرمانی دراوسێی بلووچستان، لە سەدەی هەشتەمەوە تا سەدەی چواردەیەم مەسەلەیەکی ساخکراوەی مێژوویی هاشا هەڵنەگرە. مێژووناسانی سەدەکانی ناوەند وەکو ئیبنی حەوقەل و ئیبنی خەلەکان (کە خۆی کوردێکی هەولێریە)، پێ لەسەر ئەو ڕاستییە دادەگرن کە بلووچەکان نەوەی هەندێ کوردن کە لە شوێنی خۆیان هەڵکەنراون و هاتوونەتە ئەو سەرزەمینە.

ئەو کۆچکارییە گەورەیەی کوردان کە لە سەدەی پێنجەمی پێش میلادەوە تا سەدەی پێنجەمی پاش میلادی کێشا، زۆر لە گوینە بووبێ بە مایەی دەرپەڕاندنی هەندێ خەڵك بە ئاراستەی بەرامبەردا، واتە، ڕووەو ڕۆژهەڵات: کرمان وسیستان و بلوچستانی ئێستا.

هۆکاری ئەم کۆچکارییە نائاساییە ڕووەو ڕۆژهەڵات، لەوانەیە خودی هێرشەکانی خوسرەوی یەکەم بووبێ. بەهەرحاڵ، ئەم کوردانەش لە پاشان ناسنامەی ئەتنیی خۆیان، وەکو کوردەکانی باشووری زاگرۆس گۆڕی. بە بۆچوونێکی بۆسوێرثیش (١٩٧٦)، بلووچەکان کە دراوسێی دەیلەمییەکان بوون، لە شوێنی خۆیانەوە لە دەوروبەری دەریاچەی خەزەرەوە هاتوون بۆ ئەم جێگایەی ئێستایان. هەرچەندە ئەم باسە، پەیوەندی نزیکی نێوان کورد و بلووچ دووپات دەکاتەوە، بەڵام کەمتر ئەقڵ دەیگرێ، چونکە، ئەوەی تۆمار کراوە لەسەر جێگۆڕکردنی بلووچەکان، ئەوە ساغ دەکاتەوە کە ئەوان لە ڕۆژاواوە بۆ ڕۆژهەڵات هاتوون، چون باووباپیرانیان لە باشووری زاگرۆس ژیاون، نەك لە باکوورەوە بۆ باشوور، وەکو بۆچوونەکەی بۆسوێرث باسی دەکا. وابێ یان وانەبێ، بلووچەکان ئێستا گرووپێکی ئەتنیی سەربەخۆن، و لە پەیوەندی مێژوویی و زمانی بەولاوە فریان بە کوردەوە نییە.

دەرەنجامێکی چاوەڕوان نەکراوو خراپی ئەم شێوانە ئەتنییە لە باشووری زاگرۆسدا بەداخەوە، خۆی لەسەرلێشێوانی هەندێ لە مێژووناس و زانای ئەم سەردەمەدا گرتۆتەوە کە باس و خواسێکی زۆر و بۆریان لەبارەی لێوڕێژی ئەو هەرێمەوە بە کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەڵڕشتوە. ئەم باس و خواسانە، ئەو مێژووناس و زانایانە دەخەنە ناو گومان و ئاو

ناوە لە بارەی وشەی (كورد)ەوە. بە گوێرەی ئەوان، دەبێ وشەی كورد لەسەردەمەكانی دێریندا بە هەر كەسێك یان كەسانێك وترابێ كە ژیانیان بە مەڕداری و مەڕ لەوەڕاندن بردبێتە سەر، ئەم بۆچوونەش لەسەرەتاوە لەسەر ئەو ڕاستییە دامەزراوە، كە ئێستا مەگەر تاك و تەرا، ئەگینا ئەوەی لە ڕووی ئەتنیەوە بە كورد دابنرێ لە باشووری زاگرۆسدا نەماوە. ئەمە ئەنجامگیرییەكی سادەكارانەیە، چونكە تا ئێستا كەسێك توێژینەوەیەكی ئەوتۆی لەسەر جۆرە جیاجیاكانی كۆچكردن و گۆڕانی دیموگرافی كورد نەكردووە، تا بتوانێ بیكا بە بەردەباز بۆ بۆچوونێكی ئەوها گشتی و سەراپاگیر (بڕوانە ناسنامەی نەتەوەیی).

هەر لە سەدەی پانزەیەمەوە بگرە، بە بەردەوامی، هەتا نزیكەی چوارسەد ساڵ، كوردستان بوە بە مۆڵگەی خەڵكانی عەرەب، ئینجا ژمارەی زۆرتری ئارامی و تێكەڵەی تورك — مەغۆل. لەهەمان سەردەمدا، كوردەكان خۆشیان، بەلای تردا لە كۆچكردندا بوون، ئەمڕۆ ناوی عەرەبی و ئارامی و توركی و مەغۆلی بەسەر زۆر جێگاوەن لە كوردستاندا. چەند پەڵەیەكی بچووكی كەمی توركمان و ئارامی (كە ئێستا بە ئاشووری مەسیحی... ... ناسراون بڕوانە مەسیحیەت) لە كوردستانی عێراق و هەندێ جوولەكەی لێدەرچێ (كە ژمارەیان هەر لە كەمبووندایە) هەموو ئەم تازەهاتانە بە تەواوی لەناو كۆمەڵگای كورددا تواونەتەوە.

كوردەكانی ڕۆژاوا بە هاتنە سەركاری ئەیوبیەكان كەوتنە ڕۆژگارێكی خۆشەوە (سەدەی داونزەیەم) و دیسانەوە چوونەوە ناو گەلێ لەو سەرزەمینانەی كە لە ڕووی مێژووەوە بە هی كورد دادەنران و لە هەڵكەنرانەكانی سەردەمانی پێشوودا لە دەستیان دابوو، بەتایبەتی ئەوانەی دەم ڕۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاست و هەروەها ئەوانەش كە دەكەوتنە مێزوپۆتامیاوە. هەندێ سەرزەمینی تری كورد، كە كەوتبوونە دەستی عەرەبە مسوڵمانەكان و ئارامییە مەسیحییەكانەوە، چ لە سەردەمی ئەمەوییەكان، چ لە سەردەمی بیزەنتییەكاندا، دیسانەوە داواكرانەوە. بۆ نموونە، زنجیرە چیای ئەمانۆس و دوڵی ئەمیق ساڵی ١١٤٩ لەلایەن شێركۆی ئەیوبییەوە (مەبەستی ئەسەدەدین شێركۆیە — وەرگێڕ) ستێنرانەوە و كەتنەوە دەستی كوردان، هەروەها ئەنتاكیەو ئەسكەندەرۆنە ساڵی ١١٨٨ لەسەر دەستی سەلاحەدین خۆی وەرگیرانەوە و بەو جۆرە كوردەكان توانیان بگەڕێنەوە ئەو شارانەی (١٤) سەدە لەوەوبەر لە بنیاتنانیاندا دەستێكی باڵایان هەبوو. كوردەكان هەر بەمەوە نەوەستان بەڵكو

بەرەو باشوور هەڵیانکوتایە سەر "قەڵای سوارچاکان یان "حصن الاکراد" کە ناوی عەرەبیی "قەڵای کوردان"ە لە چیاکانی ڕۆژاوای سوریا کە دەکەونە سەر دەریا تەنانەت لوبنانیش لەم سەردەمەدا، دوای سێ سەدساڵ پێ بڕین لێی کوردی تێ زایەوە، هەرچەندە ئەم سەرزەمینانە هەموو دوایی بەرەبەرە عەرەبێنران، بەڵام مۆرکی کوردییان هەر پێوەما: ئێستاش زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی ناوچە چیاییەکان و ئەو ناوچانەی کە دەکەونە سەر کەناری دەریا لە سوریا، بە حافز ئەسەدی سەرۆکی سوریاشەوە، هەموو عەلەوی ئایینن (بڕوانە عەلەوییەت).

ئەم شەپۆلە نوێیەی کورد کە لەو شوێنانە جێگیر بوون، هێشتا شوێن و شوێنەواریان دەتوانرێ بە ئاسانی ببرێتەوە سەر ناوە هۆزیەکانیان، هەرچەندە خۆیان بوونە بە عەرەب. هەر بە نموونە بیگرین، خانەوادەی بەدیمەنی وەکو بەرازی بێرازی، جیبران گیبران و جەمبەلات (مەبەستی جونبولاتە – وەرگێڕ) هێشتا هەر ئەو ناوە هۆزیانەیان هەر پێوەیە، کە تا ئێستاش بنەسەرەکیەکانیان لە وڵاتی کوردستان هەر بە پێوەن و هاوار دەکەن.

وێکچوونە سەرەکیەکانی نێوان ئایینی دروزو تیرەی فریشتەکان، بەتایبەتی عەلەویەت، باس لە پەیوەندییەکی قووڵ و بەتینی نێوان پەیڕەوانی ئەم دوو ئایینە دەکا لە ڕابردوودا.

شەهابەددین فەزلوڵلا ئەلعومەری ئینسایکلۆپێدیستی میسری (١٣٣٨ پاش میلاد) لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژ و بەنرخی لەکێتبە بەناوبانگەکەی "مسالك الأبصار"دا لە بارەی هۆزە کوردەکانی ئەو سەردەمەوە ئەنجام داوە. ئەو شتانەی لە بارەی مەڵبەند و جێگۆرکێی هۆزەکانەوە تۆماری کردوون، ئەو بۆشاییە مێژووییەیان پڕ کردۆتەوە کە لە تۆماربەندیە کۆنەکاندا هەبوو وەکو ئەوانەی مەسعوودی و ئیبنوحەوقەل و یەکەم مێژووی سەرتاپاگیرو لیستەگیری هۆزەکان کە شەرەفەددینی بیتلیسی لە (١٥٩٦ – ٩٧)دا کردوویەتی.

لە کۆتایی سەدەی سیانزەدا، سەربوردنامەی کۆچکردنی بە کۆمەڵی کوردان بۆ دەرەوەی کوردستان هاتە کۆتایی، بەڵام لە سەرەتای سەدەی چواردەوە جۆرە کۆچکردنێکی تر هاتۆتەکایەوە، ئەم جۆرە نوێیە بریتییە لە کۆچکردنی ناوخۆیی، واتە لەناوخودی خاکی کوردستاندا و بە ناسنامەیەکی نوێوە.

سیمای هەرە زەقی ئەم کۆچکردنە ناوخۆییە تەنینەوەی بەرەبەرەی کوردە ڕەوەندە بەکرمانجی دوەکانە بۆ بەشەکانی تری کوردستان. (نەخشەی ژمارە ٣١)

بەر لەوە، ئەم كوردانە تەنها لەو هەرێمەدا دەگەڕان كە كەوتووەتە نێوان هەردوو گۆلی وان و ورمێوە و ناوجەرگەكەشیان ولاتی هەكاری بوو، دوایی وای لێهات وردە وردە بەشەكانی تری كوردستانیان گرتەوە. لەم تەنینەوەیەدا، كوردە كشتوكاڵ پیشە ئاوایی نشینەكانیان دەرپەڕاند یان كردنیانە كۆیلە، كە زۆربەیان دیمیلی یان گۆرانی زمان بوون و تاك و تەرایان لێدەرچێ هەموو بە ئایین لە تیرەی فریشتەكان بوون. ئەم كوردە ئاوایی نشینانە وردە وردە بەرەو شارەكانی كوردستان ڕەتێنران، بەلام داب و نەریتی ڕەوەندەكانیان وەرگرت و تەنها هەرێمە دیمیلی یان گۆران نشینەكانی هەرە باكوور یان هەرە باشووری كوردستانی لێدەرچێ، ئەگینا، چ كورد، چ كوردستان لە زماندا زیاتر بەلای زاراوەی كرمانجی و لە ئاییندا بەلای مەزەبی سوننیدا شكان (بڕوانە ئایین و زمان).

لە باسكردنی هەر لایەنێكی دیموگرافی یان ژمارەی دانیشتوواندا كە پەیوەندی بە كوردەوە هەبێ، دەبێ سەرزەمینی ئەرمەنستان لەسەرنج دەرنەكرێ، چونكە نزیكەی نیوەی سەرزەمینی مێژوویی ئەرمەنیان، لە ڕاستییداو بەرە بەرە خراوەتە سەرزەمینی كوردان (لە كوردستانی باكوور) لە پرۆسەیەكی چەند هەزار ساڵەی یەكبینی كۆچكاری و گیرسانەوەدا،(بڕوانە نەخشەی ژمارە ٤).

هەر وەكو لە باسەكانی پێشوودا دەرمان خست، دەتوانین تا (٢٣٠٠)ساڵ لەمەوبەر بە ڕێچكەی گیرسانەوەی كورددا بەرەو ئەرمەنستان بچین. وا دەردەكەوێ كە كۆچكردن و گیرسانەوە و دامەزرانی كورد لە ئەرمەنستان، بگەڕێتەوە بۆ سەردەمە كۆنەكانی پێش ئیسلامەتی، بێ ئەوەی ئەو كۆچكەرانە مۆرك و نیشانی هۆزایەتی خۆیان لە دەست بدەن. كۆچكردنی بەردەوامی كوردان لە سەدەی پێنجەمەوە تا سەدەی پانزەیەمی پاش میلاد بۆ ناو خاكی ئەرمەنستان سەرەنجام بوو بە مایەی گۆڕینی پێكهاتەی ئەتنی ئەو ولاتە. هەر لە سەدەی شەشەمەوە، لە هەر شوێنێكی ناوتەلموودا بەتایبەتی "تارگووم" باسی ئەرارات كرابێ، ئەوا مەبەست تەنها كوردستانە هەرچەند ئەرارات لە ڕووی مێژووییەوە بە ناوجەرگەی ئەرمەنستان دادەنرێ (بڕوانە تەلموود).




نەخشەی ژمارە (31). کۆچکردنی کوردەکان لە سەدەی (12)ی پاش میلادەوە تا ئێستا: نەخشەکە بڵاوبوون و تەنینەوەی هۆزە کۆچەرە، کرمانجی زمان و سوننی مەزهەبەکان دەردەخا.

ئاراستە و مەودای کرمانجیی باکوور لە کۆتایی هەر سەدەیەکدا

ئاراستە و مەودای کرمانجیی باشوور لە کۆتایی هەر سەدەیەکدا

ئەو شوێنانەی ئێستا زۆربەی دانیشتووانیان کوردن.

تێبینی: ئەم نەخشەیە لەسەر دابەشکردنی هۆزەکان چ لە رابردوو چ لەم دەمەی ئێستادا دروستکراوە. لە هەندێ نموونەدا، ئەم هۆزە رەوەندەیانەو خێڵێکی بۆجەکەدا تووێژینەوە. بە تەنیایی بەگەر چوونە دەرەوەی خاکی کوردستان. و لە ناوچە جیاییەکان دەرچوون. وەکو نموونەی کە کەوتوونەتە دەستەکانی ئازەربایجانەوە.

لە دەوروبەری سەرەتای ئەم هەزارەیەی ئێستادا، لە هەموو كون و قوژبنێكی ئەرمەنستاندا هۆزێكی زۆری كورد هەبوون كە هێشتا هیچ گۆڕانێكی ئەتنیكیان بەسەردا نەهاتبوو. ئەوان لە دەوری كۆنە بازێڕی (دوین) كە دەكەوێتە باكووری یەریڤانەوە لەناوەڕاستی سەدەی دەیەمدا بە چڕی دەژیان هەروەها لەوە و ژوورتریش، واتە لە (ئەنی) پایتەختی ئەرمەنستانی باگراتی و لە كۆتایی سەدەی یازدەدا. ئەم كوردانە بوون بە كۆتەرەی چەندین بنەماڵەی میرنشین كە بە درێژایی چەندین سەدە حوكمڕانی ئەو هەرێمەیان كردووە. ئەو كاتەی بزووتنەوەی كۆچكاری كورد كەوتە خاوبوونەوە (ناوەڕاستی سەدەی چواردەیەم)، ڕێژەی دانیشتووانی كورد لە ئەرمەنستان تا ڕادەیەك لە سنوورێكدا ڕاوەستاو دەرەنجامی ئەمە ئەوەی لێ كەوتەوە، كەوا دانیشتووانی شارەكان بەگشتی ئەرمەنی و دانیشتووانی لادێكانی دەوروبەر زیاتر كورد بن...

لە لایەكی ترەوە، فشاری لافاوی یەك لە دوای یەكی هۆزە كۆچەرە تورك ڕەگەزەكان كە لە ڕۆژهەڵاتەوە ڕووەو سەرزەمینەكانی بیزەنتییەكان دەهاتن، ژمارەیەكی زۆری خەڵكی ئەرمەنی بەرەو سیلیسیای كەناری دەریای سپیی ناوەڕاست ڕادا و لەوێ دەوڵەتێكیان بۆ خۆیان دامەزراند، ئەمە بوو بەهۆی برەودانی زیاتر بە كۆچكردن و لە كەمیدانی زیاتری ڕەگەزی ئەرمەنی لەسەرزەمینی دێرینی ئەرمەنستان و سەرنجام زیاد بوونی ڕێژەی دانیشتووانی كورد لەو سەرزەمینانەدا.

دەرنجامەماڵوێرانكەرەكانی شەڕ و ڕەتاندنی بە كۆمەڵی سەدەكانی (١٦-١٧) كاریگەرییەكی گرانی چ لەسەر ئەرمەنیەكان، چ لەسەر كوردەكان وەكو یەك هەبوو، لە ئەنجامدا، ئەرمەنیەكی زۆر بە خواستیی خۆیان قەلفریان لێكرد، پاش ئەوەی لە وڵاتی خۆیان دەرەتانیان لێ بڕا. ئەم پرۆسەیە تا سەدەی نۆزدەیەم هەر بەردەوام بوو، ئەنجامەكەشی وا كەوتەوە كە كۆمەڵگەی وەرزێڕی لادێ نشینی ئەرمەنی پاش چەند سەدەی وەڕز كردن و بێزراندنی بەر فشاری سیاسی و سەختیی ژیان، لە سەرزەمینەكەی خۆیاندا كرژبوونەوە و بوون بە كەمایەتی. لەگەڵ ئەمەشدا، تا سەرەتای سەدەی بیستەم، ئەرمەنیەكان، پاش كوردەكان، گرنگترین پێكهاتەی ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ بوون و ئەگەرچی ژمارەیەكی كەمی ئەرمەنی لە لادێكانی دەوروبەردا مانەوە، لە زۆربەی شار و شارۆچكەكانی باكووری

کوردستاندا، ئەرمەنیەکان نەك بەزۆری مانەوە، بەڵکو لە زۆریەیاندا زۆرینەی زۆری دانیشتووانیشیان پێك دەهێنا.

لە ئەنجامی ئاگاداریی تەندورستی پێشکەوتوتر و خوێندەواری و خۆراکی باشتردا، ڕێژەی دانیشتووانی ئەرمەنی لە سەدەی نۆزدەیەمدا زیاتر پەرەی سەند بە جۆرێك کە نەك تەنها ئاسەواری کۆچکردنەکانی سڕیەوە، بەڵکو لە دەرویەری گۆلی واندا ئەوان بوون بە زۆرینەی دانیشتووانیش، بەڵام ئەمە ئەوەندە بڕی نەکرد (بڕوانە دیموگرافیا).

لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا، ئەم گەلە دێرینە لە ئاکامی چەندین هەڵمەتی سەربڕین بە فیتی عوسمانیەکان و ڕەتاندن و قەتڵوعام کردن هەر لەسەر دەستی ئەوان، کە تێیاندا سەرەك هۆز و ڕابەری ئایین و کرێ گرتە کوردەکان دەستێکی درێژیان هەبوو، لەناوبرا (بڕوانە سەرەتای مێژووی نوێ) ئەمەش ئەوەی لێکەوتەوە، کە بڵندایی ئەرمەنی نشینەکان تەنها بەشە ڕەسەنەکەی دیکەی دانیشتووانی، واتە کوردەکانی، تێدا بمێنێتەوە. ئێستا، نزیکەی دوو بەش لە سێ بەشی کوردستانی باکوور لە بەشە کوردێنراوەکانی ناوەڕاست و ڕۆژاوای خاکی دێرینی ئەرمەنستان پێکهاتووە.

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە لەسەرەلەقێی پێش مەرگدا و لە هەموو بەرەکاندا لە شکانی یەك لە دوای یەکدابوو لە سەدەی نۆزدەیەمدا، ناچار بۆ پارە و پوول و سەرباز کۆکردنەوە، ملی دەنا بە هۆزە کوردە نیمچە سەربە خۆکانی کوردستانەوە. شان بەشانی ئەم هەوڵانە، کارێکی زۆر بۆ نیشتەجێ کردنی کوردە ڕەوەندەکان دەدرا کە لە سنوورە بە پیتەکانی ڕۆژاوای کوردستان دەژیان تا بەو جۆرە ژمارەیان زیاتر بێ و باج و دەرامەدی زیاتریان لێ بکەوێتەوە بۆ دەوڵەت، بۆیە پەرەسەندنی دە کەرەتەی دانیشتووان، کە بەشێوەیەکی ئاسایی لە ئەنجامی گواستنەوە لە ئابووری کۆچەریەوە بۆ ئابووری کشتوکاڵی دێتە دەست، دەبێ بۆ عوسمانییەکان مایەی دڵخۆشییەکی یەکجار زۆر بوویێ. لە ئەنجامدا هۆزێکی زۆری کۆچەری کورد خۆیان لە دەست بە تۆبزنیشتەجێکردن دەرباز کرد و بەرەو ڕۆژاوا و باشووری ڕۆژاوا و لەوێوە چوون بۆ ڕۆژهەڵاتی چیای تۆرۆس تا نزیك ئەدەنە، هەروەها بەرەو چیاکانی ئەمانۆس و باکوور و باکووری ڕۆژاوای حەڵەبیش پەرتەیان کرد (بڕوانە De Planhol 1959).

یاسای ژیانی ناو هۆزەکان وایە، ئەگەر هۆزێك بە زۆر یان بە خوایشت لەسەرزەمینێك

نیشتەوە چاولێكەری وا لە هی تریش دەكا، دوایان كەون و بێنە دەوروبەریان. بۆ نموونـە، لـە زنجیرە چیاكانی ئەمانۆسی سەر دەریای سپیی ناوەڕاست، هاتنی هۆزی بەناوبانگی جانبولات، هەڵەتەكانی دەوروبەری لە بەردەم هۆزێكی كـوردی تـردا كـردەوە، واتـە ڕەشـوەندەكان، كـە ئەوانیش لە سەدەی نۆزدەیەمدا گەیشتن و نیشتەجێ بوون لەوێ.

هەندێ هۆزی كۆچەری دیكەی كورد، ڕوویان كردە باشوور بۆ شوێنێكی دووردەستی وەكـو جەبەل سنجار لە وڵاتی جەزیرە، لـەوێ خۆیـان نـەك هـەر لـە بەرامبـەر هـۆزە كـوردە یەزیـدی ئایینەكاندا دیتەوە، بەڵكو بەرەنگاری هەنـدێ عـەرەبی كۆچـەریش بـوون كـە وەكـو مێـروو لـە بیابانی عەرەبەوە بەرەو باكوور دەهاتن و لە وڵاتی خۆیان لەسەر بڕین بە دەسـتی وەهابیـەكان هەڵاتبوون و لەبەر ئەوەی چ كوردەكان، چ عەرەبەكان، هەر یەكەیان پاوانی خۆیـان هـەبوو بـۆ لەوەڕاندنی مـەڕ و ماڵاتـەكانیان گێروگرفتێكـی ئـەوتۆ لەسـەر لـەوەڕگا دروسـت نـەدەبوو: ئـەو لەوەڕگایانەی عەرەبەكان لە زستاندا بەكاریان دەهێنـا، لـە هاوینـدا دەبـوو بـەهی كوردەكـان و كـەس ئەوەنـدە لـە كـەس نەدەكـەوت، لەمـەوە گەلـەهۆزی نـوێ لـە هـۆزی كـوردو عـەرەب و توركمان دروستبوو كە پێكەوە لەم سامانە ئابووریەدابوون بە هاوبـەش، گـەلێكیان چـوونە ژێـر ئاڵای دامـەزراوەی بەدەسـەڵاتی هۆزبەنـدیی میلانـی یـان میللییـە كوردەكانـەوە. هـەر كۆمەڵـە خەڵكێك كە لەم گەلەهۆزە ڕۆژهەڵاتی سوریا نشینەوە تا كابێتـەوە ڕووەو ڕۆژاوا ڕۆیـشتووە و لـە هەرێمی بەپیتی ئەنتاكیە و ئەمانۆس نیشتۆتەوە.

بڵندییەكانی جەبەلّ سنجاری لێدەرچێ (كە قەڵای قـایمی كـوردە یەزیدیـەكان بـوو)، وڵاتـی جەزیرە كەڵكی جێگیربوونی بێ سەریەشەی پێوە نـەبوو. لـە سـەرەتای خاوەنداریـەتی سـاڵی (١٩٢٢)ی فەرەنسییەكان لە سوریا، لە هەموو هەرێمی باشـووری جـەزیرەدا، جگـە لـە هەنـدێ ئاوایی یەزیدی و بەدووی گـەڕۆكی عـەرەب بـەولاوە ئـاوەدانی تـری تێدانـەبوو (بڕوانـە حـۆڕانی ١٩٤٧—٨٠).

لەبەر بەپیت و بەرەكەتیی، حكوومەتی فەرەنسا، بڕیاریدا هەرێمەكە ئاوەدان كاتەوە، ئەمە لە هەمان كاتی ئەو هەڵقوڵانـە دیمۆگرافیـەیی ئەنەدۆڵدا ڕوویدا كـە سـەدەها هـەزار خـەڵك، لـە ئاشووری و ئەرمەنی و عەرەب و سریانی و توركمان و كورد بۆ خۆپەنادان لـە دەسـتی سـوپای تورك لە ئەنەدۆڵەوە بە سوورەكانی سووریادا بۆ ناوەوەی ئـەو وڵاتـە ڕەویـان كـرد، ئـەوە بـوو

جەزیرە بوو بە مەڵبەندی ژمارەیەکی زۆری ئەو ڕەوکردووانە کە زۆربەی هەرە زۆریان کورد بوون.

ئاپۆرای هەرە گەورەی ڕەوکەرە عەرەبەکان چ مسوڵمان چ مەسیحی بەرەو ڕۆژاوای سوریا چوون کە لە بەشەکانی تری وڵاتەکە پێشکەوتوو تربوو، بەمە تای تەرازووی ئەتنیکی لەملا بەلای کوردەکاندا داهات چونکە لەو ڕەوەدا زۆربەیان لە دواوە مانەوە.

بەم ملنانە لەسەر خۆیەی عەرەب و ئەرمەنی و ئاشووری ڕووەو ڕۆژاوا ئێستاکە جەزیرە تەنها ناسنامەیەکی کوردانەی سفتی وەرگرتوە، ئەمە هەروا دەڕوا ئەگەر دەرکردنی بەکۆمەڵ و بە تۆبزیی خەڵکەکە لەوێ تێکی نەدا. ئەمە زۆر لەگویندایە چونکە زۆر لەم کوردانە هێشتا ناسنامەی هاووڵاتییەتی سوریایان پێ نەدراوە (ئەگەر چی ئەوان لە سێ پشت زیاترە کە لەو وڵاتەدا دەژین) بە بیانووی ئەوەی گوایە "تازە هات"ن و لەودیوی سنووری ئێستاکەی سووریاوە دزەیان کردۆتە ئەمدیو.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: T. Cuyler Young, Jr., "The Iranian Migration into the Zagros," *Iran* V (1967); R.H. Dyson, "Architecture of the Iron I Period at Hasanlu in Western Iran and its Implications for Theories of Migration on the Iranian Plateau," in *Le plateau iranien et l'asi centrale des origines à la conquête islamique* (Paris: Colloques internationaux du centre national de la recherche scientifique, No. 567, 1976); N. Pigulevskaya, *Goroda Irana v Pannem Crednevekovie* (Leningrad, 1955), in French translation, *Les Villes de l'Etat Iranien* (Paris, 1963); Aram Ter-Ghewondian, *The Arab Emirates in Bagratid Armenia,* trans. N. Garsoian (Lisbon: Livraria Bertrand, 1976); Moses Khorenats'i, *History of the Armenians,* trans. Robert Thomson (Cambridge: Harvard University Press, 1978); Albert Hourani, *Minorities in the Arab World* (London: Oxford University Press, 1947); Ismet Vanly, "Le déplacement du pays Kurde vers l'ouest, X-XV siècles, étude de géographie et de sociologie historieques," *Actes du XXIX Congrès International des Orientalistes* (Paris, 1973); Agha Naseer Khan Ahmadzai, "Akhund Muhammed Saleh, the author of Koordgal-Nâmak," *Newsletter of Baluchistan Studies* 3 (Napels, 1986); C.E. Bosworth, "The Kufichis or Qufs in Persian History," *Iran* XIV (1976); Claude Cahen, *La Syrie du Nord* (Paris: Institut farançais de Damas, 1940); Rene Dussaud, *Topographie historique de la Syrie antique et Medievale* (Paris, 1927).

# كۆچكردن و دەربەدەری

لە چارەكە سەدەی ڕابردوودا، كوردان پەیتا پەیتا لەناوچە لادێیە ئابووری لاوازەكانەوە لەپێشدا ڕووەو شارە گەورەكانی كوردستان هاتوون و دوایی بەرەو شوێنی تری ناو ئەو وڵاتانەی ئێستا تێیاندا دەژین و زیاتر دەرفەتی كارو كاسبی ژیندەنییان تێدا هەیە چوون. لە توركیا، بۆ نموونە، كە كوردێك لەجێی خۆی هەڵدەكەنرێ، ئەستەموول مەنزڵگەی یەكەمیەتی، دوایی ئەو ئەنقەرە، ئینجا ئەدەنە، چوارەم ئیزمیرە. لەبەر دوور دەستی، لە ئێرانیش جێگۆڕكێ كردنی كوردان، لە چوارچێوەی كوردستاندایە، لەوێوە بەرەو تاران كە پایتەخت و دایكە شاری وڵاتەكەیە. لە پاڵ ئەمەدا وردە گواستنەوەش. هەرچەندە گەلێك لەوە كەمترن، بەرەو شارە نەوتزاكانی چون ئابادان و ئەهواز لە هەرێمی خوزستان و تەورێز لە ئازەربایجان هەیە تەورێز زیاتر مەنزڵگەی كوردەكانی بەشی ژوور سنەی كوردستانی ئێرانە.

لە عێراق، كوردەكان بە خێرایی بوونە شارنشین، شارە كوردنشینەكانی ناوچەكە خۆی هەندەی بەغدا خەڵكی نوێیان گرتۆتە خۆ. لە شاری كوردنشینی كەركووك كە مەڵبەندی سەرەوەتی نەوتی عێراقە، كوردەكان لەگەڵ ناكوردەكاندا هەمیشە لە پێشەبڕكێدا بوونە بۆ پڕكردنی بازاڕی كارو دروستكردنی زۆرینەو كەمینە ئەتنیكی هەم لەناو شارەكە و هەم لە دەوروبەرییدا. گواستنەوەكاری بەخوایشتی كوردان لە عێراقدا، بەهەرحاڵ، بە دەستی حكوومەتە بەك لە دوای یەكەكانی ئەو وڵاتە بەربەست كراوە و دەبێ لە چوارچێوەی ئەو ڕاستییەدا بخوێنرێتەوە (بڕوانە ڕەتاندن و بە زۆر جێگركردن).

كۆچكردن بۆ دەورووبەری ئەو پێنج دەوڵەتە سەربەخۆیەش كە لە وڵاتی كورداندا هاوبەشن لەم ساڵانەی دواییدا ڕووی لە پەرەسەندن بووە. زۆربەی كوردە كۆچكەرەكان ڕوودەكەنە ئیسرائیل و لوبنان و وڵاتانی كەنداوی عەرەب. و ئەم وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لێدەرچێ، بۆ ئەڵمانیا و ئەوستریا و فەرەنسا و سوید و ئوستراليا و وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا.

كردنی لێكدانەوەیەكی باش بۆ ژمارەی ئەو كوردانەی لە دەورەبەری كوردستان دەژین، لەبەر هۆی زانراو، ئاسان نییە. با توركیا وەرگرین، قایا تۆپەریی و تەبێژی دەوڵەتی توركیا لە

چاوپێکەوتنێکی ڕادیۆیی کە لە (١)ی مارسی ١٩٩١ لەگەڵ "ئەمریکان ناشنال پەبلێک ڕادیۆ"دا کردوویەتی دەڵێ لەو ٧–١٢ ملیۆن بەڕەگەز کوردەی کە لە تورکیا دەژین، دوو لە سێ یان لە دەرەوەی هەرێمەکانی باشووری ڕۆژهەڵات دەژین. کوردەکان خۆیان لەو باوەڕەدان ئێستا لەسێ یەکەوە تا نیوەی گەلەکەیان لە تورکیا، لە دەرەوەی سنووره دێرینەکانی کوردستان دەژین (وانلی ١٩٨٦).

بەڵگەی زۆری تریش بەدەستەوەن کە پشتگیری ئەم ڕاستییە ڕاچڵەکێنە دەکەن، ئەو بزوێنەرانەی کە شان بەشانی پەرەسەندنی تەقینەوە ئاسایی دیموگرافیی لەناو کورداندا ڕوودەدەن یەکێکن لەو بەڵگانە. ئەگەر ڕووباری فورات بە سنووری باکوور و ڕۆژاوای سەرزەمینی کوردستان دابنێین لە تورکیا، بۆمان دەردەکەوێ کە زۆر وێ دەچێ کە زیاتر لە نیوەی کوردەکانی ئەنەدۆڵ لە دەرەوەی ئەم هەرێمە بژین و لەوانەشە، لە دەربەدەری لە بەشەکانی تری تورکیا سەریان کزکردبێ. لە مانە، نزیکەی نیوەیان لەوانەیە لەو سەرزەمینانە بژین کە دەکەونە باکوور و ڕۆژاوای ڕووباری فوراتەوە، واتە لە زنجیرەی چیاکانی تۆرس و پۆنتۆس، بە شارەکانی ئەدەنەو سیواسیشەوە، نیوەکەی تر لەوانەیە لە بەشە دابڕاوەکەی ئەنەدۆڵی ناوەند و شارە سەرەکییەکانی ڕۆژاوا و ناوەندی تورکیا، کە گرنگترینیان ئەستەموول و ئەنقەرە و ئیزمیرن بژین. ئەگەر گشت جۆرە گۆڕانێکی هەژێنەر لە تورکیا بە دوور بگرین، ئەم بەزمە هەر بەم نەزمە دەڕوا و کوردی زۆرتر لە داهاتووی دیاردا ڕەهەندەی بەشەکانی تورکیا دەکات، هەر ئەمە خۆشی دەبێتە هۆی ئەوەی تورکەکانی تورکیا باشتر لووتیان ببێ بە لووتی هاووڵاتیە کوردەکانیانەوە و باشتریش بیانناسن.

چونکە کورد خاوەنی دەوڵەتی خۆی نییە تا پاسپۆرت بۆ هاوڵاتیانی دەرکا، کەس پاسپۆرتی کوردیی پێ نییە، بۆیە زۆر گرانە بتوانی ژمارەی کوردان لە وڵاتانی بێگانە دەستنیشان کەی. زۆر سەرچاوە سەرجەمی ژمارەی کوردی دانیشتووی ئێستاکەی لوبنان بە (٥٠٠٠٠) کەس دەستنیشان دەکەن، ئەگەر وابێ، دەبێ ژمارەی کوردی لوبنان (٦٪ی دانیشتووانی گشت وڵاتەکە) لە ژمارەی کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران زۆرتربێ (١٤٪) کە چەند پارچەیەکی وردی سەرزەمینی کوردستانی بەدەستەوەیە، ئەم ئەنجامە سەرسووڕێنەر نییە، ئەگەر لە چوارچێوەی جێگیربوونی بەردەوامی کورد لە لوبناندا تەماشا بکرێ (بڕوانە کوچکردنە مێژووییەکان).

## چەردەباسێك لە بارەی کوردانەوە

گەلێ ڕێکخراوی کورد ژمارەی کوردانی دانیشتووی وڵاتە ئەوروپاییەکان بە نیوملیۆن تا سێ چارەکە ملیۆن دادەنێن. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە (۱۹۳۰)کانەوە یەکەم سەرەتای کۆچکەرەکان گەیشتوونەتە باکووری دۆڵی ئوهایۆ و ناوچە پیشەسازیەکانی ڕۆژهەڵاتی میشیگان، ئەوانە ئەو پەنابەرانە بوون کە پاش شەڕ و ڕاپەڕینەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ و داوی سەرهەڵدانەکەی خۆیبوون خۆیان گەیاندبووە ئەوێ، ژمارەیان نزیکی ۱۰۰۰ کەسێ بوو (بەدرخان و پلەچ ۱۹۳۰) و وەکو دەردەکەوێ تواونەتەوە لەناو کۆمەڵگای ئەو وڵاتەدا. دووەم شەپۆلی کۆچکەر و پەنابەری کورد ساڵی ۱۹۷۰، پاش هەرەسهێنانی شۆڕشەکەی ژەنەراڵ بارزانی لە کوردستانی عێراق. گەیشتنە ئەمەریکا.

ئێستا نزیکەی ۳۵۰۰۰ کورد لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەژین، زۆربەیان ئێرانین، لە شۆڕشەکەی ئێران و لە ئەنجامییدا، تا ۷۵۰۰۰۰ ئێرانی ڕوویان کردە ئەمەریکا، کوردەکان نزیکەی ۱۲٪ی ژمارەی گشتی دانیشتووانی ئێران پێکدێنن، بۆیە زۆر لە ڕاستی دوور ناکەوینەوە گەر بڵێین ۳٪ی ئەو ئێرانیانەی لەوڵاتە یەکگرتووەکان دەژین کوردن، ئەگەروا حیسابی کەین، ئەوا ژمارەکە خۆیدەدا لە ۲۳۰۰۰ کەس و ئەگەر نیوەی ئەم ژمارەیە بۆ کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دانێین، کە ۷٦٪ی گشت کوردانیان تێدا دەژین، ئەو ۳۵۰۰۰ کەسەکە زیادەڕۆیی تێدا نەکراوە.

چەندین ڕێکخراوی کورد لە غەریبایەتی، خۆیان بۆ پەروەردەکردنی منداڵان و کاری ڕووناکبیری بە کوردی تەرخانکردووە، وڵاتانی داکەری ئەو کوردانە، هەر کەسە بە گوێرەی خۆی یارمەتیان دەدەن لەمەدا، لە سوید حکوومەت پرۆگرامێکی بەرینی بۆ کوردە هاتووەکان داناوە و ئێستا کتێبی قوتابخانە، هەواڵنامە و شتی تر بە هەردوو زاراوەی کرمانجی باکوور و باشوور بە دوو پیت (لاتینی و عەرەبی/ وەرگێڕ) دەردەکا، تا بەم جۆرە، پێویستی کوردەکانی عێراق هەروەها تورکیاش دابین بکا (بڕوانە زمان و پەروەردە).

لە فەرەنسا و ئەوستریا (نەمسا) و تا ڕادەیەك ئەڵمانیاش، حکوومەت پارەی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی نووسراوی کوردی و چالاکی دیکەی فەرهەنگی و پەروەردەیی تەرخان کردووە و ئەم هەوڵانە، بەهەرحاڵ، گەلێ لە خوار ئەوانەی سویدەوەن کە بەڕاستی کەم وێنە و ئاراستەدار و بەهێزترن.

لە کاتێکدا لە کەنەداش هەندێ باربووی دارایی و تەکنیکی، بەتایبەتی بۆ کاروباری کتێبی قوتابخانە و پەروەردە بەگشتی، لە ئوسترالیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە دانیشتوویەکی زۆرتری کوردیان لێن، نەهیچ کراوە و نەهیچ دیارە بکرێ. ئەنجامی ئەمەش لەوەدا ڕەنگی داوەتەوە کە هیچ ئاسەوارێکی فەرهەنگی و پەروەردەیی کوردی لەم وڵاتەدا نەکەوتۆتە ڕوو، تاقە سەنتەرێ بۆ کوردنۆلۆجی کە لە ڕۆژاوی جیهان هەبێ، کتێبخانە و مۆزەی کوردیە لە بروکلین – نیویۆرک، کە سەرتاپای چالاکیەکانی بە پیتاکی خەڵك و خواوە، دەگەڕێ.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:–

**Further Readings and Bibliography:** A valuable reference book on the achievements and engagements of Kurds in diaspora is Robin Schneider, ed., *Kurden im Exil: Ein Handbuch kurdischer Kultur, Politik und Wissenschaft* (Berlin: Berliner Institut für Vergleichende Sozialforschung, dem Haus der Kulturen der Welt und medico internationa, 1991); Marcel Bazin et al, *Gilân et Âzarbâyjân Oriental: Cartes et Documents Ethnographiques* (Paris: A.D.P.F., 1982); Ismet Ch. Vanly, *Kurdistan und die Kurden*, vol. 2, *Türkei und Irak* (Göttingen: Gesellshaft für bedrohte Völker, 1986); Sureya Badir Khan and Chirug Bletch. *La Question Kurde* (Cairo, 1930); Sharaf al-Din Bitlisi, *Chèref-nameh [ Sharafnâma] ou Fastes de la nation kourde*, French trans. Charmoy, 2 vols. (St. Petersbourg, 1868-75).

# کۆچ پێکردن و بە زۆر نیشتەجێکردن

بارپێکردن هەمیشە لە مێژووی کورددا ڕۆڵێکی گران و کاریگەری بووە، هەر لە دەورووبەری دوو هەزارەی پێش میلادەوە و لە دەرکەوتنی یەکەم ئیمپراتۆریی ئەکەدی و ئاشووریانەوە، بە زۆر بارپێکردنی بە کۆمەڵەی دانیشتووانی سەرزەمینە کوردنشینە داگیرکراوەکان کارێکی ئاسایی و بێ چوون و چرابوە (بڕوانە Wright and Johnson1995) پشتەڵەکی مێژوویی ئەم مەسەلەیە لە هەردوو بابەتی (مێژوو) و (کۆچکردنە مێژووییەکان)دا باس کراوە.

سیماو سروشتی ئەو سیاسەتانەی کە دەبوونە مایەی بە زۆر بارپێکردن و درێژەپێدانی هەرچییەك و هەر چۆنێك بووبن، گۆڕانی دیموگرافیی زۆر قووڵیان لێکەوتۆتەوە، چونکە ئەو سیاسەتانە لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خەڵکانی تریان لێکەوتووتەوە بۆ پڕکردنەوەی جێگای بارپێکراوەکان، ئەوەی جێی سەرسووڕمانە، بارپێکردنە هەرە کۆنەکانی

کوردەکان لەلایەن ئاشوورییەکانەوە بەباشی دۆکومەنتبەندی کراون، بوستەنای ئۆدەد باسی هەژدە (١٨) جاری جیاجیای بارپێکردنی بە کۆمەڵ دەکا لە باشوور و ناوەندی کوردستانەوە (مادایا) و (١٢) جاری تر لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە (مەننا) تەنها لە قۆناغی نۆ — ئاشووری ئەو ئیمپراتۆریەدا (٧٤٥–٦١٢ پێش میلاد).

ژۆرێکی زۆر لەم بارپێکراوانە لەسەرزەمینەکانی نزیك سێ پایتەختی ئاشورستان جێنشین کران (ئاشوور، کەلهو، نەینەوا)، کە هەموو دەکەونە سەر بەشی ژوورووی ڕووباری دیجلە بەرامبەر بە گرد و چیاکانی کوردستانی ناوەند)، لە کاتێکدا ئەوانەی کە لەو سەرزەمینانە دەژیان بەرەو شوێنی دوور دەستی وەکو ڕۆخەکانی دەریای سپیی ناوەڕاست و هەرێمی ئونکی (کە لە پاشدا بوو بە ئەنتاکیە) ڕەتێنران. گەلێ خەڵکی تر لە شوێنی دیکەوە بە زۆر هێنران و لە خانوبەرە چۆلکراوەکانی ئەواندا داکران.

سەرەنجام ئەو خەڵکەی کە بە زۆر بۆ نزیك شارە سەرەکییەکانی ئاشوورستان لە هەرێمە دوورەکانەوە دەهێنران زیاتر بوون لەوانەی کە باریان پێدەکرا (ئۆدەد ١٩٧٩). بەهەرحاڵ، ژمارەیەکی زۆری ئەو خەڵکەی بەری لێقەومانەکەیان نەدەگرت چونکە بژێوی ئەوتۆیان نەبوو پێی بەڕێوەبچن، ناچار دەبوون بەمشوور خۆیان لەگەڵ بارودۆخەکەدا بگونجێنن، لەم ناوەدا. تەنها ئەوانە توانیان دەربەرن کە لە شارەکاندا دەژیان (بۆ نموونە جوولەکەکان).

لەبەر نزیکیی لە شادەماری ئاشوورییەکان، کوردستانی ناوەند لە هەموو هەرێمەکان پتر دووچاری گیروگرفت بوو. جارێکیان بە یەك قەڵەم ٦٥٠٠٠ کەس لە هەرێمی سولەیمانی ئێستاوە (کۆنەشارە دەوڵەتی نەمری) لە کوردستانی ناوەند ڕەهەندەکران، ئەمە ژمارەیەکی یەکجار زۆر گەورەیە چونکە نزیکەی هەموو دانیشتووانی هەرێمەکەی دەگرتەوە لەسەردەمەدا، و لەو دەمەدا هەموو دانیشتووانی کوردستان لە ملیۆن و نیوێك تێ نەدەپەڕین (بڕوانە دیموگرافیا).

وەکو دەردەکەوێ، کوردستانی ناوەند کە جاران جمەی دانیشتووانی دەهات، ئێستا بەمەو بە (١٤) دەست ڕەهەندەکردنی دیکە بوو بە نیمچە چۆڵەوانیەك، بەجۆرێك کەی ئەخساری (سیاخاریس) پادشایی ماد، یەکەم کاری دوای ڕووخاندنی ئیمپراتۆری ئاشووری، هێنانی ژمارەیەکی زۆری ساگاری بوو لە هەرێمی باشووری کوردستان و باکووری لوڕستانەوە تا وڵاتەکەی پێ ئاوەدان بکاتەوە.

گەلێ بەڵگەی تر لەسەر ئەم ڕەهەندەکردن و نیشتەجێکردنە بە دەستەوەن. بەگوێرەی ئەوەی لە تەلموودا باسکراوە، ئاشوورییەکان هەندێ لە جوولەکە ڕەهەندەکانی دەربەدەرکردنی یەکەمیشیان لە کوردستان جێگیر کردووە، هەرچەندە ئەمانە لە ژمارەدا ئەوەندە زۆر نەبوونە.

ڕەهەندەکردنی کوردان لە هەندێ سەرچاوەی فارسی سەدە ناوەندەکانیشدا باسکراوە و لێرە و لەوێ ئاماژەی بۆکراوە، جگە لە ڕەهەندەکردنی هەندێ لە بارزانیان بۆ هەرێمی کارمانیا (کرمانجی ئەم سەردەمە) ئاپۆرایەکی گەورەی بلووچیش بەزۆر بەرەو بیابانە وێرانەوارە بورکانییەکانی ماکران (بلووچستانی ئێستا) لەسەر دەستی خوسرەوی یەکەمی ئەنوشێروان (د/٥٣١–٥٧٩ پاش میلاد) و خوسرەوی دووەمی پەروێز (د/٥٩١–٦٢٨ پاش میلاد) ڕەتێنراون، لەبەر ئەوەی بلووچییەکان خۆیان لەو کاتەدا لە بارکردندا بوون، لەوانەیە فشاری ساسانییەکان هەر ئاراستەی کۆچکردنەکەیانی گۆڕیبێ بەرەو ڕۆژهەڵات و بەوە لە ڕێچکەگیری کوردەکانی تری لادابن کە لەو دەمەدا زۆرترین ڕووەو باکووری ڕۆژاوا دەچوون، جگە لەمە ساسانییەکان، لە سەدەی سێیەمی پاش میلاددا چەند جار ناوچەی کەرکووکیان بە هێنان و نیشیتەجێکردنی ئەو خوزیە ئۆئیلامیانەی کە لە هەرێمی میشان/ مەیسان هەڵیانکەندبوون سەرلەنوێ پڕ کردۆتەوە.

لە سەردەمی دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا، ئیمپراتۆریی بیزەنتی بەسوود وەرگرتن لە لاوازبوونی دەسەڵاتی سوپایی مسوڵمانەکان لە سەدەی (١٠)ەوە تا (١٢)، دیسانەوە کەوتەوە تەنینەوە بۆ ئەولاتری سنوورەکانی، ئەوەبوو هەموو ئەنەدۆڵ و قەفقاسی گرتەوە و تا سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ئێستای تورکیا چوو. هەر کە ناوچەکانیان داگیرکرد، بیزەنتییەکان یەکسەر کەوتنە سەربڕین و بەزۆر ڕەتاندنی هەموو دانیشتووانە نامەسیحییەکان کە زۆربەی هەرە زۆریان کوردبوون لەسەرزەمینەکانی ڕۆژاوای ڕووباری فورات و باکووری هالیس (قیزیل ئیرماق) لە ڕۆژهەڵاتی تۆرۆس توانیان دانیشتووانە کوردە دێرینەکانی کۆماجین، کەبەدۆچیا، ڕۆژهەڵاتی پونتۆس و تاڕادەیەك ناوچەی جەزیرەش لە ڕەگەوە دەرکەن. لەجیاتی ئەمان، بیزەنتییەکان، بەتایبەتی لەسەر دەستی، ئیمپراتۆر نیسفورەس فۆکەس (د/٩٦٣–٩٦٩) دەستیان کرد بە هەڵمەتێکی بێهودەی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتە کۆن کوردنشینەکە

بەهێنانی هەندێ ئارامی مەسیحی كە تۆمارگرە بیزەنتییەكان لە نووسینەكانیاندا "سووریایی سپی" یان پێدەڵێن.

لیستەی ئەو شارانەی نیشیفۆرەس بۆ ئەم ئاوەدانكردنەوەیە دەستنیشانی كردوون كورتە باسێكی ئەو شوێنانەمان بۆ دەگێڕنەوە كە چۆڵدەكران و لەهەمان كاتدا ئەو وێرانكاری و ماڵوێرانیەش كە ئەستۆی خەڵكەكەی دەگرتەوە، مالاتیە، ماراش، ئورفە، قەیسەری، سیواس و ئەرزنجان، هەروەها دیاربەكر و ماردین و نەسیبین لە جەزیرە تەنها وردە نموونەی ئەم لێقەومانانەبوون، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو، دەركەوت ئەم ستراتیژیە دڕندانەیەی بە زۆر ڕەتاندن و ئینجا ئاوەدانكردنەوەیە بوو بە چ بەڵایەكی كوشندە و ملشكێن بۆ بیزەنتییەكان خۆیان. هەرچەندە ئەوان هەوڵ و تەقەلایەكی زۆریان بۆ پڕ خەڵككردنەوەی هەرێمەكەدا، بەڵام نزیك یەك سەدە لەوەودوا، لە كاتێكدا وڵاتەكە نیمچە چۆڵەوانیی بوو، لێشاوی كۆچەری تورك ڕەگەز پاش شەڕی مانزیكەرت (١٠٧١) ڕشانە ئەنەدۆڵەوە و دەسوبرد هەموو ئەو سەرزەمینانەیان گرت كە بیزەنتییەكان بێ خۆگرتنێكی ئەوتۆ بەجێیان هێشتبوو.

وانەبوایە واتە گەر دانیشتووانە كوردە ڕەسەنەكەی سەخڵەت نەكرایەو بە پاڵە پەستۆ و بەزۆر دەرنەكرایە، ئەوا هیچ گومان لەوەدا نەبوو كە بەریان لە لێشاوەكە دەگرت و سەرزەمینەكە نەدەبوو بە لەوەڕگەیەكی بەپیت ئەو داگیركەرە سەرهەڵگرتوانەی تێدا بزەڵێنەوە و بیكەن بە مۆڵگە بۆ هاتنی شەپۆلی دوای شەپۆلی بیابانشینی توركڕەگەز، تا هەموو وڵاتەكە و دویماكار دەوڵەتی بیزەنتەش داگیركەن. ئێستا پاش ئەوەی چەند سەدە بەسەر ئەو كارەساتەدا دەگوزەرێ، كوردان بە ئاشتی و لەسەرخۆ داوای گێڕانەوەی ئەو سەرزەمینە لە دەستچوانەیان دەكەنەوە.

هەر لە شەڕی چالدێرانەوە (١٥١٤) و بە درێژەتا مۆركردنی ڕێكەوتننامەی زەهاو (١٦٣٩) لەنێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی دەستەویەخەی ئێران و عوسمانییدا، ئێران، تا ڕادەیەكی كەمتر عوسمانییش، هەر خەریكی جێبەجێكردنی سیاسەتێكی دڕندانەی چۆڵكردنی بە زۆری كوردستانی باكوور و ڕۆژاوا بوون. ئەم سیاسەتە، پێنج ئامانجی سەرەكی دەگرتەبەر بە ڕەهەندەكردنی كوردان بەگشتی: ١) دڕپێدان و لێك ترازاندنی ئەو هۆزانەی كە شەڕەنگێزبوون، یان لێیان دەوەشایەوە و گرانیی تایبەتیان هەبوو ٢) كردنی بە زۆری كوردەكان بە پاسەوانی

شوێنە ناسکەکانی سنووری ئیمپراتۆریەت لە دەرەوەی کوردستان ٣) ئاوەدانکردنەوەی هەندێ هەرێم لە دەرەوەی کوردستان کە دەوڵەت مەبەستی بوو پڕ زەلام بکرێنەوە، ٤) لابردنی هەندێ ئەو دانیشتووانانەی کە دەوڵەت لە دڵسۆزییان دوودڵ بوو، ٥) کردنی هەر هەرێمێك کە دەوڵەت لە دڵسۆزی بە گومان بوو بە چۆڵەوانی تا هیچ دەرفەتی حەوانەوەی بۆ دوژمن تێدا نەمێنێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە خەڵکەکە هەموو دەردەپەڕێنراو سامانی کشتوکاڵ و ئابووری تەفروتوونا دەکرا، واتە سیاسەتی سەرزەمینی سووتاوی تێدا بەجێ دەهێنرا، .((Perry1975

هەرچی سەفەویەکان بوون لابردنی دانیشتووان لە سنوورەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانییدا لە کوردستان و لە قەفقاسەکان بایەخێکی ستراتیژی یەکجار زۆری بۆیان هەبوو، لەوەدەچێ ئەمان تەنانەت بە مسۆگەرکەری مانەوەی ئیمپراتۆریەکەیان دانابێ، بەم جۆرە، ئەوەبوو هەزار کورد لەگەڵ خەڵکێکی زۆری ئەرمەنی و ئازەری و تورکمان بە زۆر لە هەرێمە سنووریەکان هەڵکەندران و لەناوەوەی خاکی ئێراندا نیشتەجێ کرانەوە. هەر کە سنوورەکان بەرەبەرە بەرەو ڕۆژهەڵات خزان، و عوسمانیەکان زیاتر بۆ ناو خاکی ئێران ترازان، چەندین هەرێمی کوردنشینی ئەنەدۆڵ کەوتنە بەر تاڵانکردن و بە زۆر گواستنەوە، ئەم پرۆسەیە لە سەردەمی شاە تەهما سەپی سەفەوییدا دەستی پێکرد (د/١٥٢٤-١٥٧٦). لەنێوان (١٥٢٤)ەوە تا (١٥٢٥) تەهما سەپ دەستی کرد بە بەرنامەیەکی یەکبینی وێرانکردنی شار و لادێ کوردنشینەکان هەرچی دەغڵودانێك بەپێوە بوو ئاگری تێ بەردراو هەموو دامەزراوەکانی ئاودێری سەرەوژێرکران، بیر و جۆگەلەیان پڕکرانەوە یان ژەهراوی کران، کاتێکیش کە لەبەردەم سوپای عوسمانییدا پاشەکشێی دەکرد، تەهما سەپ، فەرمانی دا هەرچی دەغڵودان و مەزرا و ئاوەدانی هەیە، گەورە یان بچووك، خاپوور بکرێن و دانیشتووانەکەی بەزۆر بەرەو ئازەربایجان دایە پێش، دوایی بە وێشەوە نەوەستا، ڕەهەندەی نزیکەی (١٠٠٠) میل دوورتری کردن بەرەو ڕۆژهەڵات تا گەیشتنە خوراسان. هەندێ هۆزی کورد، لەوێشەوە، بەرەو گەلێ دوورتر ئەفەرۆز کران تا لە غارجستان، لە چیاکانی هیندوکوش (لە ئەفغانستانی ئێستا) خۆیان گرتەوە، واتە نزیکەی (١٥٠٠) میل دوور لە ماڵ و موڵکی خۆیان لە کوردستانی ڕۆژاوا .

قەوارەی ئەو گەردەلوولی وێرانکاریەی لەسەر دەستی سەفەویەکان کەوتەوە، مەگەر لە

نووسینی مێژوونووسەکانی دەرباری سەفەوییەوە هەڵێنجرێ. یەکێك لەوانە، ئەسکەندەریەگی مونشییە، کە تەنها باسی یەکێك لەو لێقەومانە گەورانە دەکات، ئەو لە "عالەم ئارای عەبباسی"دا دەڵێ کەوا شا عەبباسی یەکەم لە درێژەدانی سیاسەتی زەمینی سووتاو کە لەلایەن شاهانی پێش خۆیەوە بەرپا کرابوو" هێرشی بردە سەر ئەو وڵاتانەی دەکەوتنە باکووری ئاراس و ڕۆژاوای ئورمیەو نێوان فارس و گۆلی وانەوە واتە کوردستانی باکوور و فەرمانی دا وڵاتەکە خاپوور و خەڵکەکەشی چ شارنشین چ لادێی کۆبکرێنەوە و لە دروستکردنی مەترسی بخرێن" هەروەها دەڵێ کەوا "هەر بەربەرەکانییەك بە سەربڕین و پلیشاندنەوە وەڵام درایەوە، هەر سامانێکی نەگوازراوە کە هەبوو وەکو خانوبەرە، کەنیسە، مزگەوت هەروەها دەغڵودان گشتی لەناوبرا، گیراوەکان بە گەلە بەرەو ڕۆژهەڵاتی باشوور بەر لەوەی عوسمانیەکان بکەونە دژە هێرش، ڕادران" (بڕوانەPerry1975) گەلێ لەم کوردانە خۆیان لە خۆراسان گرتەوە، هەندێکی تریان بەدەورووبەری چیاکانی ئەلبورزو ناوەندی ئێران و تەنانەت بلووچستانیشدا پەرتەوازە بوون، لەو شوێنانە بوون بە ناوکی دروستبوونی چەندین قەوارەی مۆدێرنی کورد لە دەرەوەی خاکی کوردستان، لە ئێران و تورکمانستان.

هەرچەندە عوسمانیەکان لە ڕووبەڕوویی دژ بە سەفەویەکاندا بە درێژە لەسەرەوە بوون بەڵام ئەوانیش هەرگیز لەو کردارە وێرانکاریانە خۆیان نەپاراستوە، بەزۆر کۆچپێکردنەکانیان، هەرچەند ئەوەندە فراوان نەبوو کە بگاتە ئاستی ئەوانەی لەسەر دەستی سەفەویەکان ئەنجام دەدران، بەڵام ئەمان لەوان زووتر دەستیان بەم کردەوە دڕندانانە کرد، هێشتا هەر تازە کوردستانی ڕۆژاوا چووبوە ناو خاکی عوسمانیەوە پاش شەڕی چاڵدیران، کە سوڵتان سەلیمی یەکەم (سەلیمی زەلەندە)، چەندین هۆزی گەورە و گرانی کوردی بەرەو باشووری ئەنقەرەی[5] ئێستا لە ناوەندی ئەنەدۆڵ دوورخستەوەو لەجیاتی ئەوان ژمارەیەکی کەمی هۆزی تورکمانی زیاتر دڵسۆزی دارسکان، بەڵام ئەم کوردانە بوون بە ناوکی پارچەی داپساوی کوردنشینی ئەنەدۆڵی ناوەند، هەرچی هۆزە تورکمانەکانی کوردستان بوون سەرەنجام لەناو خەڵکی وڵاتەکەدا توانەوە.

---

[5] ئێستا بەشێکی زۆری هۆزی شێخ بزێنی لە دەورووبەری شاری هەیمانا دەژین و هەر بە زمانی پەهلەوانی دەدوێن. ئەمانە دەبێ پاشماوەی ئەو دوورخراوانە بن — وەرگێڕ.

بەڵام ڕووداوەکانی سەدەکانی ١٦ و ١٧ لە شتێکی تریشدا کاریگەر بوون، ئەویش ئەوەیە کە بوون بە مایەی ڕیزبوونەوەیەکی بنەڕەتیی فەرهەنگی، ئەوەبوو باڵادەستیی لە کوردە نیشتەجێ پەهلەوانی دوەکانەوە، چوە دەستی کوردە کۆچەرەکان لە کوردستانی باکوورو ڕۆژاوا کە لە بنەڕەتدا بە کرمانجی دەدوان. خۆی ئەم پرۆسەیە وەکو دەرەنجامێکی ڕاستەوخۆی گۆڕانە کەمتر ئاشکراکانی سەدەکانی ١٦–١٧ لە بواری ڕێگا بازرگانیە جیهانیەکاندا هاتە کایەوە، پرۆسەکەیە وێرانکاری سەربازیی یەکجار ئاشکرای گەل و نیشتمان قووڵتر بوەوە و ئاسەواری زەقتر دەرکەوت. ئەم ڕوداوانە ئابووری کشتوکاڵ بنەمای وڵاتەکەی لە ڕەگەوە هەڵکەند و کرمانجە ڕەوەندەکان، وەکو تاقە دەستەی کورد مانەوە کە توانای ژیان و بەردەوامبوونیان بوویێ و بتوانن بتەننەوە و لەو زەمینە ڕەقە بێ پیتەی بە دەستیانەوە بوو شتێك بۆ ژیانی خۆیان بکلاشن.

لە ساڵی ١٦٣٩ و مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی زەهاوەوە لەنێوان دەوڵەتانی عوسمانی و ئێراندا، جۆرە هێمنییەك باڵی بەسەر کوردستان و حوکمڕانیە تۆتۆتومەکانیدا کێشا. ئەم هێمنییە تا ساڵی ١٧٢٢ هەر بەردەوام بوو.

هەرەس هێنان و دارمانی سەفەوییەکان، دەرفەتی بۆ عوسمانیەکان ڕەخساند کە بەشەکانی تری کوردستان لە وڵاتی فارس بپچڕن، بەڵام نادر شای ئەفشاری دانەری بەهێزی زنجیرەی پادشاییەتی ئەفشاری لە ئێران، بە توندی دژ بە داگیرکاریەکانی عوسمانیەکان لە کوردستان و عێراقدا وەستایەوە. ساڵە تاریکەکانی پاش چاڵدیران دیسانەوە گەڕانەوە – وێرانکاری ئەم جارە کوردستانی باشوور و ڕۆژاوا و ناوەندی گرتەوە واتە ئەو سەرزەمینانەی کوردستان کە لە دوو سەدە وێرانکاری بەردەوامی پێشوودا کە ناوچەکانی باکوور و ڕۆژاوای وڵاتەکەی گرتبووەوە ڕزگاریان بوو بوو. ئەم سەرزەمینانە ئێستا بوون بە مەیدانی سەرەکیی شەڕی نێوان هەر دوو ئیمپراتۆریەکە، شار و شارۆچکە کەوتنە بەر شاڵاوی وێرانکاری، چەندین کۆمەڵگەی کشتوکاڵی تاڵان کران و وەرزێرە نیشتەجێکان ناچار کران لەبن پای لەشکرەکان خۆیان ڕزگارکەن. دوا پاشماوەکانی کەلتوور و ژیانی شارستانی کۆنی کورد کە زۆریەیان لە دوو سەدەی ڕابردوودا لە ڕووداوەکانی باکوور و ڕۆژاوای کوردستان بەسەلامەتی دەرچووو بوون، ئەمجارەیان تەفروتونا کران.

وێرانکردنی جەستەی ئەم هەرێمە نوێیانە، نەدەکرا جێگۆڕکێ و بەزۆر جێنشینی کردنی دانیشتووانی بەدواوە نەبێ، ئەوەبوو ژمارەیەکی زۆری کوردی ئەم سەرزەمینانە تا چیاکانی ئەلبورز و خۆراسان و هەروەها بڵندایییەکانی بانەکانی ئێران ڕەهەندە کران. زۆربەی ئەم لێقەومانە کەوتە سەر لەکەکان، هەر لەم کاتەدا دوا پاشماوەی هۆزی دێرینی پادشاییی هەضەبانی (ئەدیابین)ی ناوەندی کوردستان لەناوچەرگەی کوردستان هەڵکەنراو ڕەهەندەی خۆراسان کرا کە تا ئێستاش هەر لەوێ ماونەتەوە (نەخشەی ژمارە ٣٢) لقە هۆزێك لە لەکە ڕەهەندە کراوەکانی خۆراسان، هۆزی زەندە کە خەڵکی (دەهپەری) کوردستانی باشوور بوون لە هەناوی ئەم زەندانەوە کەریم خانی زەند دەرکەوت، کە ساڵی (١٧٥٠) بوو بە جێگیری ئەفشاریەکان و دوا بنەماڵەی پادشاییی کوردی دامەزراند کە دەکرێ بە هاوتای بنەماڵە پادشاییە کوردەکانی سەدەکانی ئەیوبی و دەیلەمییەکانی بنێین.

زۆربەی ئەو نیشتگە نوێ یانەی کە لە ئەنجامی ئەم ڕەهەندە کردنانەوە دروستبوون، تێکەڵەیەکی بەرچاوی کورد و نەتەوەی تر، زاراوە، ئایین و داب و نەریتی جیا جیایان بەشێوەیەکی نارێك تێدا کۆبووەوە. ئەم نەزمە تا ئێستاش هەر وەکو خۆی ماوەتەوە، نەخشەی ئەتنۆگرافی هەرێمی کەلات لە هەرێمی خۆراسان، باشترین نموونەیە بۆ یەکێك لەو ڕەهەندە کردنانەی کە لە سەدەکانی (١٦– ١٨)دا ڕوویانداوە. لە هەرێمێکدا کە بە پانایی دوورگەی مانهاتنە دانیشتووانەکەی (جگە لە تورکمان و ئازەری و لوڕ و فارس) بریتین لە کوردی بە زاراوەکانی کرمانجی باکوور و باشوور، لەکی گۆرانی و دیمیلی دوو، بە ئایین ئیسلامی سوننی و شیعە، یارسانی، عەلەوی. جگە لەمانە هەندێ گوندی یەزیدی ڕەهەندی سێرت کە ئێستا لەوێ لە نزیك شاری دوغائی نیشتەجێن یەزیدی ئاییینن.


Aral Sea
KHÂRAZM
TRANSOXANIA
Uzbek Khanate
KHURÂSÂN
GHARJISTAN
Scale Km 0 100 200
Miles 0 50 100 150
BALUCHISTAN
KIRMÂN
Persian Empire
Varâmin
FÂRS
Caspian Sea
Qarabâgh
CAUCASUS
Persian Gulf
Indian Ocean
AL-AHSÂ
IRAQ
Ottoman Empire
Contested areas between the Safavid and the Ottoman Empires
Black Sea
Mediterranean Sea
RUMELIA
Cairo
EGYPT

ئازایەتی و دلاوەری ئەم چیانشینە کوردانە، هەمیشە کردوونی بە نموونەی سەرباز چاکی لە لەشکرەکانی بابل و فارس و یۆنان و عەرەب و تورك و تەنانەت رووسیشدا. ئێستاش لە مێژووی سوڤیەتدا باسی یەکەیەکی سەربازیی کورد دەکرێت کە شاری مینسکی پایتەختی بیلەرووسی لە نازیەکان ئازاد کردووە، ئەم یەکەیە لە نەوەی ئەو کوردانە پێکهاتبوو کە لە سەردەمی شەڕەکانی قرمدا گیرابوون و لەلایەن رووسەکانەوە ڕەهەندەی هەرێمی سمولینسکی ڕۆژاوای رووسیا کرابوون. هەندێ جار، کوردێکی زۆری بە کۆمەڵ بۆ سنوورێکی دوور دەستی یەکێك لە ئیمپراتۆریەکان بۆ پاراستنی لە دوژمن دادڕ دەکرا و دەنێررا، لە ئاکامی ئەم جۆرە کردارانەدا کورد بۆتە ئاردی ناو درك و بۆ هەر جێیەك دەچی هەندێ کوردی لێیە بەتایبەتی هەرێمە چیاییەکانی ناوەند و باشووری ڕۆژاوای ئاسیا، واتە سنوورە نەتەوەییەکانی گەلە دژ بەیەکەکانی ئەم سەرزەمینانە. بۆ نموونە، ئەو کوردانەی ئێستا وان لەسەرزەمینی وەکو بەمپوور لە بلوچستان و کوردەکانی جەمناو لە بوخارا و فەرغانە، نەوەی ئەو کوردانەن کە سەردەمانێك بۆ پاراستنی ئەو جێیانە ڕەهەندە کراون.

هەروەها، سەرکوتکردنی ئایینی کوردە یەزیدی و بابی و نامسوڵمانەکانی تر، زۆرجار لە شێوەی قەتڵوعامی گشتیدا خۆی نواندوەو بۆتە مایەی ڕەهەندە بوونی سەدان هەزار. لە سەدەکانی (١٧ و ١٨)دا یەزیدیەکان دووچاری چەندین قەتڵوعام بوون لەسەر دەستی عوسمانیەکان هەمان قەتڵوعام لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا دژ بە یەزیدیەکان لە ئاکامی ڕەوکردنی بە کۆمەڵیان بۆ ناوچەکانی سەر بە رووسیا لە قەفقاسیا کرایەوە، تەنها لەنێوان سالانی (١٦٤٠) وە تا (١٩١٠) لیسکوت (٢٠) قەتڵوعامی دژ بە یەزیدیەکانی ژماردوە (بڕوانە یەزیدیەتی) لە دوا دوای سەدەی نۆزدەیەم قەتڵوعامێکی گەورە کە دژ بە بابیەکان کرا و لە ئەنجامدا هەموو سەری خۆیان هەڵگرت، بوو بە مایەی سڕینەوەی ئاسەواری ئەم کۆمەڵە خەڵکە ژیرو پێگە یشتوەی کوردستان (بڕوانە بابیەت و بەهائیەن).

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، قەبارەی ڕەهەندە کردنەکان دیسانەوە فراوانتر بۆنەوە، لە تورکیا و پاش ڕاپەڕینی کوردەکانی لە دوا دوای جەنگی جیهانی یەکەمدا، بە سەدەها هەزار کورد بە کۆمەڵ لە جێی خۆیان هەڵکەندران و لەلایەن سوپای کۆماری تورکیاوە ڕەهەندە کران لە هەرێمی دەرسیم و دەوروبەری رووباری فورات هەزاران کورد تەرتەوەرتەی جێگای

جیاجیای تورك و غەیرە تورك نشینی تورکیا کران بەتایبەتی هەرێمەکانی کەناری دەریای ئیجە، کە ماوەیەك لەوە زووتر نزیکەی نیو ملیۆن یۆنانی تەواریان لێهەڵکەندرابوو لە ئاکامی جەنگی جیهانی یەکەمدا. ئەم بە ئاردی ناو دڕك کردنەی کوردان، بە مەبەستی ئەوەبوو ئەوان لەو شوێنانەدا بتوێنەوە لەناو کۆمەڵگا نوێیەکاندا بتورکێنرێن، جگە لەمە نزیکەی سەد هەزار کوردی تر، بە سنوورە نوێیەکانی کۆماری تازە دروستبووی تورکیادا ڕەهەندەی وڵاتە دراوسێکان کران (بڕوانە ئاوێتە بوون و تێکدا توانەوە).

یەکێتی سۆڤیەتیش، وەکو بەشێك لە سیاسەتە بەدناوەکانی لەمەڕ ڕەهەندە کردنی نەتەوەکانەوە لە جەنگی جیهانی دووەم و دوایشیدا، کوردێکی زۆری قەفقاسیای سۆڤیەتی ڕەهەندە کردو دەربەدەری ئاسیای ناوەندو قازاخستان و سایبریای کردن.

لە (١٩٦٠)کاندا، سوریا بە بیانووی ئەوەی کوردەکانی تازە هات و داگیر کەرن ئەگەرچی ئەوان چەند هەزار ساڵە نیشتەجێی ئەو شوێنانەن نزیکەی سێ یەکی دانیشتووانە کوردەکانی لەجێی خۆیان هەڵکەندو هەندێکیان ڕووەو سنوورەکان و ئەوانی تری بۆ ناوەوەی وڵاتەکە تا دەورووبەری شارەکانی حەسا و دیمەشق ڕەهەندە کرد. ڕاستییەکەی، پاش ئەوەی هێزە کۆماریەکانی تورکیا پەلاماری کوردە سەر هەڵداوەکانی دا لە (١٩٢٠) و (١٩٣٠)کاندا لە ئەنەدۆڵ، کوردێکی زۆر بۆ خۆ پاراستن ڕوویانکردە سوریا، زۆریان لەوێوە سەری خۆیان بەرەو لوبنان و فەلەستین و ئەردەن و میسر هەڵگرت، کە ئێستا لەوێ جێگیر و دەوڵەمەند بوون و ژیانێکی سەرکەوتوانە دەبەنەسەر، تەنانەت لە ئەردەن ئێستا نزیکەی (١٥٠٠٠) کورد دەژین، چەند کەسێکیان نەك هەر سەر دەرکردوانە دەژین بەڵکو بوونە بە زاوای خانەوادەی پادشاییەتی ئوردونیش.

سوریا (لە شەستەکانەوە) عێراق (لە دوادوای حەفتاکانەوە) و تورکیا (لە سەرەتای هەشتاکانەوە)، لەسەر سنوورەکانیان (هەرێمی ئاسایش)یان لە سنوورەکانیان بە بەزۆر دەربەدەرکردنی دانیشتووانی ئەو ناوچە سنووریانە لە زێدی خۆیان و جێنشینکردنیان لە شوێنی تر، دروست کردووە. لە سنوورەکانی عێراقدا پانایی ئەم ناوچانە خۆیان دەدەن لە (٢٠) میل، ئامانجی دابڕاندنی کوردەکان لەیەکدی بەم جۆرە سنووریەندیانە ئەوەیە نەهێڵن لە کاروباری ڕاپەرینە نیشتمانیەکاندا دەستی یارمەتی بۆ یەکدی درێژ بکەن، لە سوریا و عێراق، کارەکە لەمەش ئەولاتر چوو، کاتێك کە دەوڵەت لە هەردوولا هەوڵێکی نەزۆکیدا بۆ نیشتەجێکردنی عەرەب لە شوێنە چۆڵکراوەکاندا

(نەخشەی ژمارە ٣٣).



لە (١٩٨٠) کانەوە تورکیا هەندێ ناوچەی خستۆتە خانەی ناوچە چەتوونەکانەوە.

دەرسیم یەکێکە لەو ناوچانە، کە بۆ بەزۆر ڕەهەندەکردنی دانیشتووانەکەی دەوڵەت پەنای بردۆتە بەر یاسای" پاراستنی دارستان" بەڵام پیاو، نازانێ ئایا تورکیا تاسەر لەسەر ئەم سیاسەتە دەڕوا یان نە، چونکە حکوومەتی عەسکەری لەسەر کار لادراوە و ئێستا لە جێی حکوومەتی سیویل لەسەر کارە.

لە ئێران و لە سەردەمی ڕەزا شادا (١٩٢٥– ١٩٤١) هەندێ هۆزی کورد تا فارس و کرمان دوورخرانەوە، چەند بەشێکی هۆزی جەلالی کە لە (١٩٢٠)کاندا بۆ فارس دوور خرابوونەوە، هەر لەوێ لەناوچەیەکی یەکگرتوودا لە ڕۆژاوای شیراز مانەوە، ئەوانی تریان پاش ئەوەی هێزە هاوپەیمانەکان لەشەڕی جیهانی دووەمدا ئێرانیان داگیرکرد، گەڕانەوە کوردستان. دوای ڕووداوەکانی ساڵی (١٩٨٠)کانی نێوان دەوڵەت و کوردەکان باس لە هەندێ ڕەهەندەکردن کرا، بەڵام شتەکە وانەبوو کە بکەوێتە سەر ئاوو ورتەش لە ڕێکخراوە کوردەکانەوە لەو بارەیەوە نەهات.

دەوڵەتی عێراق لە کەمتر لە (٥٠) ساڵی تەمەنییدا، لە ڕەهەندەکردنی کورداندا، هەر لە ڕێککەوتننامەی زەهاوەوە بیگرە تا ئێستا، گوێی لە هەموو دراوسێکانی بردۆتەوە، لەبەر بایەخی ستراتیژی گەورەیان بۆ ئاسایشی سەربازی و ئابووریی بەغدا، سەرکردایەتی عێراق لە سەرەتای سیاسەتی ڕەهەندەکردنی کورداندا، دوو مۆڵگەی بە توانای کوردی کردە دەستەگوڵ یەکەمیان فەیلی لەك زمان (پەهلە دێرینەکان) کە پورگایان هەر لە سنوورەکانی ئێرانەوە، بە درێژایی ڕووباری دیالە (سیروان – وەرگێڕ) تا قەبرغەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی بەغدا دەکشا. بە بیانووی لێڵی ڕەگەزنامەیانەوە (چونکە زۆربەیان لە باری مێژووییەوە کۆنە دانیشتووی ئێرانن) حکوومەت (٥٠٠٠٠)ی لێیان لە سنوورەکانەوە ئاودیوی ئێران کرد دووەمیان، کە زیاتر خەتەرناکتربوو، ئەو ڕەهەندە کردنانە بوو کە لە هەرێمی کەرکووك ڕوویدا. کەرکووك بە کێڵگە نەوتیە گەورەکانی و چەند دامەزراوەی پاڵاوتنەوە، بۆتە ناوەندی سەروەتی نەوتی عێراق. لە کۆنەوە بەغداو کوردەکان لەسەر بەشکردنی داهاتەکانی لە بێنە و بەردەدان، و هەر لەبەر ئەو بایەخە زۆرەی کەرکووك بۆ ئابووری عێراق، دەوڵەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق لە کۆنەوە کەوتوونەتە تەقەللای گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی بەهێنانی عەرەب بۆ شارەکەو هەموو

ناوچەکە. لە کۆنەوە، کەمایەتیەکی عەرەب و نەستۆری (ئاشووری) و جوولەکەو تورکمان لە کەرکووك ژیاون– هەندێکیان لە شێوەی پەڵەی بچووکدا لە دەشتەکانی باکوور و باشووری رۆژاوای شارەکەدا نیشتەجێ بوونە. عێراق بەدرێژە خەریکی دەرپەڕاندنی کوردەکان بووە چ لە شارەکە خۆی چ لە دەورووبەری، لە بەرامبەردا چەشەکارییەکی زۆری بۆ زیادکردنی رێژەی کەمایەتی عەرەبی شارەکە بەخەرج داوە بێگومان ئاستی بەرزی گوزەران لە کەرکووکدا، مایەی بکێشکردنی زیاترە بۆ عەرەبەکان و دەوڵەت ئەم پرۆژەیەی بە برەودانێکی یەکجار گەورە وەگرتۆتە ئەستۆ، بەم جۆرە، نزیکەی (١٠٠) هەزار کورد لەناوچەکەوە هەڵکەنراون، هێشتا باش روون نەبوەتەوە، سیاسەتی عەرەب ڕزکاندن لەسەر دەستی دەوڵەت چەند سەری گرتوە، بەلام راپۆرتەکان دەڵێن ئیتر شارەکە زۆربەی بە کوردنشینی نەماوەتەوەوە و دەورووبەریشی بەرەبەرە خەریکە ئاواییە کوردنشینە دێرینەکانی چۆڵ و هۆڵ دەکرێ.

هەردوو بەیتی کەرکووك و فەیلیەکان تەنانەت سەرەتایەك بوو بۆ داستانێکی پڕ کارەساتی دڕندانەی ڕەهەندە کردن کە بەدوادا هاتن. هەر لەناوەڕاستی (١٩٦٠)کانەوە، کوردەکانی عێراق بە زۆر و بە هەزارەها ناچارکراون کە بۆ ولاتانی دراوسێ سەری خۆیان هەڵگرن. بەزۆر ڕەتاندن بۆ شوێنە جیاجیاکانی ناوخۆی عێراق، وەکو دیوانیەو ناسریە و ڕەمادی لەو هەرێمانە کۆمەڵگای کوردی سەد هەزار کەسییان دروستکردووە.

لە ئەنجامی ئەو ڕووداوانەدا کە پاش شەڕی ١٩٩١ی کەنداو هاتنە ئاراوە، کوردێکی زۆرتر ناچار کران زێدوواری خۆیان جێبهێڵن. ئەمڕۆکە، نزیکەی سێیەکی کوردانی عێراق لە دەرەبەدەرگاکان دەژین یان لەو ولاتە دراوسێکان، یان لە کامپی ئاوارەکان لەناوەوەی عێراقدا، وێ ناچێ، لە داهاتوویەکی نزیکدا چ گۆڕانێکی ئەوتۆ بەسەر ئەم وەزعەدا بێت.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:–

**Further Readings and Bibliography:** John Perry, "Forced Migration in Iran During the Seventeenth and Eighteenth Centuries," *Iranian Studies*, VIII-4 (1975); Bustenai Oded, *Forced Migrations and Deportations of People in the Assyrian Empire* (Wiesbaden: Reichert, 1979); Editors, "De la question Kurde, la loi de deportation et de dispersion des Kurdes," *Hawar* 8 (Damascus, 1934); H. Wright and G. Johnson, "Population Exchange and Early State Formation in Southwestern Iran," *American Anthropologist* 77 (1975); Sharaf al-Din Bitlisi, *Chèref-nameh [Sharafnâma] ou Fastes de la nation kourde*, French trans. Charmoy, 2 vols. (St. Petersburg, 1868-75); Robert Conquest, *The Nation-Killers: The Soviet Deportation of Nationalities* (New York: Macmillan, 1970).

# ئاوێتەبوون و تێکداتوانەوە

بە درێژەی پێکەوەژیانی گەلان، لێکداتونەوە هەر بوەوە و ئێستاش هەیەو لە دوارۆژیشدا وەکو پرۆسەیەکی سروشتی هەر بەردەوام دەبێ. کوردان لەم یاسایە بەدەرنین و دلواناکەن بخرێنە خانەیەکی جیاوازەوە، ئەوەی لێرەدا پێویستی بە سەرنج و هەڵوێستەی تایبەتی هەیە، ئەو جۆرە تێکداتوانەوەی گەلانە کە بە زۆری زۆردارەکی دەکرێ.

نموونەیەکی باشی تێکداتوانەوەی خوایشتیی کوردان، نموونەی لەکەکانە. لەم چەند سەدەی دواییدا بەشێك لەگەلی کورد، واتە لەکەکانی باشووری کوردستان، بەرەبەرە لەناو پێکهاتەیەکی ئەتنی دراوسێیاندا، واتە لورەکان خەریکی توانەوەن، لەکەکان هێشتا هەر بە زاراوەیەکی کوردی دەدوون کە لە لوڕی جیاوازە. لوڕی خۆی زاراوەیەکی فارسیە، لەکەکان لەسەر ئایینی نەتەوەی کورد، یارسانین، لە کاتێکدا لورەکان مسوڵمانی شیعەن (بڕوانە زمان و ئایین) لەگەڵ ئەمەشدا ژمارەیەکی زۆری لەك ئەمڕۆ خۆیان بە لوڕ دەزانن و خەریکن زمان و ئایینەکەشیان دەگۆڕن هیچ دەوڵەتێك دەستی لەم گۆڕانەدا نەبوەو نیە.

بە ئامانجی یەکڕەنگیی ئەتنیکی کە یەکێکە لە پێویستیەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەر ئەو شێوەیەی ئەوروپاییەکان پەیڕەویان لێکرد، هەریەکە لەو دەوڵەتانەی کە ئەمڕۆکە بەشێك لە نەتەوەی کوردیان تێدا دەژی، دەستیان کردووە بە تواندنەوەی چ کورد چ کەمایەتیە نەتەوەییەکان لەناو نەتەوەی دەسەڵاتداردا. بێگومان ئەمە ئەو دەوڵەتانە ناگرێتەوە کە کوردەکانیان ڕێژەیەکی ئەوتۆی دانیشتووان پێك ناهێنن کە بۆنی مەترسییان لێ بکرێ، وەکو گورجستان و ئەرمەنستان، یاخۆ لەو وڵاتانەی کە دانیشتووان بۆ ئامانجی تر بەکاردێن وەکو سوریای پاش ۱۹۷٥.

ئەو میکانیزمەی بۆ بەجێهێنانی ئەم ئامانجە بەکارهێنراوە، زۆرتر بریتی بوە لە بەکارهێنانی هێزی یەکجار دڕندانە، جار جاریش شێوازی تر لەلایەن بیروکراتەکانی دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتەوە، خراونەتە ڕوو. ئامرازی خەفەکردنی فەرهەنگ و مێژوو و زمانی کوردی، تا کار گەیوەتە ئەوەی بەکارهێنانی وشەی کورد خۆشی بە تاوانێك دانرێ، لە یاسای

دەوڵەتەکاندا، چەند جار لە (٧٠) ساڵی رابردوودا، چەسپاوە و بەکارهێنراوە، عێراقی لێدەرچێ، خوێندن بە زمانی کوردی، بە توندی قەدەغە کراوە، لەهەمان کاتدا، کوردستان، لە باری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە پشتگوێ خراوە، یان بە قەستی دواخراوە و بە تەواوی لە بەشەکانی تری وڵات جیاواز گیراوە.

ئامانجی ئەم دەوڵەتانە لە بەکارهێنانی ئەو سیاسەتە ئەوەیە کورد بە چاوی خۆیان ببینن سووربوونیان لەسەر بە کوردی مانەوە و نەتوانەوە لەناو نەتەوەی دەسەڵاتداردا چەند بەگران لەسەریان دەکەوێ، بەڵام ئەم ئاواتەیان هەرگیز نەهاتۆتە دی.

یەکێك لە دەمڕۆڵکوتە هەرە دیارەکانی گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی لە سەردەمی کۆماری تورکیا و دەسەڵاتداری ئەتاتورکدا، شوکری محەمەد سەگبان ناوێك بوو، کە خۆی بە نەتەوە کورد بوو ئەو مێژوویەکی ساختەی بۆ کوردان دروستکردبوو، لەگەڵ هەندێ تروهانی زمانە وانییدا، بۆ ئەوەی سابوون لەبنی پێی کوردان بساوێ و بیانخلیسکێنێتە ناو خێزانبەندی گەلانی تورك زمانەوە و کوردبوونیان لابیێزرێنێ و بۆیان دەرخا مانەوەیان وەکو کەمایەتیەکی نەتەوەیی و زمانیی لەناو دەوروپشتێکی نەیاردا چ بارێکی گرانە بۆیان.

سەگبان، ساڵی ١٩٣٣ نووسیویە دەڵێ:

" لەم رووەوە، بۆ دەبێ ئێمە لەوە بترسین زمانمان لەناو کومەڵی زمانی تردا بتوێتەوە؟ ئەو کەمایەتیە لاوازانەی لەناو زۆرایەتیەکی بەهێزدا تواونەتەوە قازانجیان کردووە هەر ئەوە خۆی بەسە، کە لە دەستی جیاوازکاری ڕزگاریان بووە... کە لە کۆتایی شەڕی گەورەوە تا ئێستا (١٩٣٣) لە گەڵیاندا بە کاردێ.

زمانی کوردی لە پرۆسەی پەروەردەدا لە هەموو قوتابخانەکانی سولەیمانیەی عێراق بەکارهاتووە کوردان لەمە هیچ سوودێکیان دەست نەکەوتوە ئەوانەی ئەم قوتابخانە سەرەتاییانەی دەبڕن، چیدەکەن؟ بە چ زمانێك خوێندن تەواو دەکەن؟ تا ئێستاکە ئەم هەوڵە نەزۆکە و هیچ سوودێك ناهێنێتە دەست... ئەگەر سەد ساڵ پروپاگەندە بۆ زمانی کوردی بکرێ، ئینجا ناتوانرێ بهێنرێتە ئاستی (زمانی) گەلە پێشکەوتوەکان. ئایا گەلی کورد بەوە رازی دەبێ لەلایەن ئەو پشتانەی پێشوەوە رابەری بکرێ کە خشتێکیان نەخستۆتە سەر دیواری شارستانیەت و هیچیان بۆی جێبەجێ نەهێشتوە؟ دەبێ بە متمانەوە قایل بین کەوا

بیرۆکەی خوێندن بە زمانی زگماکی خۆکوژ لەناو خۆماندا دەرپەڕێنین...".

با لەوە لاچین، مێژوونووسی بەناوبانگی ئینگلیز. لورد کینرۆس، چل ساڵ دوای دانان و بەکارهێنانی ئەو یاسایانەی خوێندنیان بە زمانی کەمایەتیەکان لە تورکیا قەدەغە کرد، دەڵێ ئەو یاسانە ئامانجی پێچەوانەیان دایە دەستەوە، لە هەرێمە هەرە دوورەکانی ڕۆژهەڵات کە هاوسنووری عێراق و ئێران بوون زۆربەی دایکوباوکە کوردەکان پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە ڕۆڵەکانیان تەنیا بە کوردی دەرس بخوێنن و ئەوەندە ئارەزوومەندی زمانی ڕەسمی نەبوون. نەبوونی شێوەی پەروەردەی ستاندارد و نوێش تا ڕادەیەك دەستی هەبوە لە بەرگرتن لە پێشکەوتنی ئەو هەرێمانەدا کە کەمایەتییەکانی تێدا نیشتەجێن و بۆتە مایەی درێژەکێشانی قایم نەبوونی جێ پێیان لە رووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پێشکەوتنەوە بەگشتی، بۆیە کوردەکان بەگشتی پشتیان کردووە لە هەموو گۆڕانێك کە دەوڵەتی تورك بەزۆر ویستویەتی دایسەپێنێ (بڕوانە پەروەردە).

کۆمیسیۆنی نیشتمانی بۆ کاروباری پەروەردە لە ڕاپۆرتێکی ساڵی (١٩٥٩)یدا بە ڕوونی کاربەدەستانی ژوورتری لەم مەسەلەیە ئاگادار کردۆتەوە و هەندێ لەو کاربەدەستانە هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەیان لەو بارەیەوە دەربڕیوە:

"ئەگەر بەشێك لەو خەڵکەی ئەمڕۆ لە تورکیا دەژین، لەوانی تر هەژارتر و دواکەوتووترن، ئەوە خەتای ئاوو هەوای وڵاتەکە یان کەسایەتی ئەو خەڵکەنیە، بەڵکو خەتای لاوازی باری پەروەردە کردنە پێشکەوتن و گەشەکردنی خاکی تورکیا بەندن بە گەشەکردنی ئەو خەڵکەوە کە لەسەری دەژین، هیچ پڕۆژەیەکی گەشەکردن، کە بە گەشەکردنی پەروەردە دەستپێ نەکا چاوی بە سەرکەوتن ناکەوێ.."

کوردێکی زۆر کەم لە شوێن خۆیان بەرەو گۆشە و کەناری دەوڵەتی تر، چ لەڕابردوودا و چ ئێستا، هەڵکەنراون (بڕوانە ڕەهەندە کردن و بەزۆر نیشتەجێکردن).

ئەمانە، بەردەوام، بە کۆمەڵ لە مەڵبەندێکی تر نیشتەجێ کروان ئەم ڕاستییە تورکیا ناگرێتەوە، ئەم وڵاتە لە ڕەهەندە کردنەکانی ساڵانی (١٩٢٣– ١٩٣٨)دا کوردەکانی بە دەستە دەستەی چەند خێزانی بەرەو کۆمەڵگای بێگانە لەوان دەربەدەرکرد بە هیوای ئەوەی ئەم جیاکردنەوە و تەنیاییە، ئیرادەی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییان وردوخاش دەکا و ناچار، چ

بۆ خاتری خۆیان چ بۆ خاتری نەوەكانیان، لەناو ژینگە نوێیەكەدا دەتوێنەوە، بەڵام هەموو ئەو چەرمەسەرێیەی بە سەر ئەو خەڵكە هات، لەوانەیە چەند نموونەیەكی توانەوەی، ئەویش تاك و تەرای، لێ كەوتبێتەوە كە ببن بە مایەی دڵخۆشی بۆ ئەوانەی هایان بۆ ئەم سیاسەتە كرد و خستنیانە سەر پا.

یاسایەك كە ساڵی (١٩٣٢) بۆ گواستنەوەو، بەتایبەتی پەرتە پێكردنی كوردان لە توركیا، بە ئامانجی توانەوەیان لەناو كۆمەڵگای نوێدا دەركراوە پەنجەی شەرت ڕادەوەشێنێ و دەڵێ:

چوار نموونەی ناوچەی نیشتەجێكردن لە توركیا بە ڕەسمی دەناسرێن.. ئەم چوار ناوچەیە لەسەر نەخشەیەك دەردەخرێن كە وەزیری ناوخۆ دەری دەكا و لەلایەن وەزارەتەكانی تریشەوە بەڵێی بۆ دەكرێ.

ناوچەی یەكەم، ئەو هەرێمانە دەگرێتەوە كە زیادكردنی ژمارەی دانیشتوانی توركی تێدا بە پێویست دەزانرێ ناوچەی دووەم ئەو هەرێمانە دەگرێتەوە كەوا بە باش دەزانرێ هەندێ خەڵكانی بۆ بهێنرێ كە دەبێ لەناو فەرهەنگی توركدا بتوێنەوە، ناوچەی سێیەم ئەو هەرێمانە دەگرێتەوە كە كۆچكەرە تورك فەرهەنگەكانی تێدا بە خۆبەخۆیی و بێ یاریدەی دەوڵەت تێدا بحەوێنەوە و بچەسپێن. ناوچەی چوارەم هەموو ئەو هەرێمانە دەگرێتەوە كە لەبەر هۆی وەكو پاراستنی تەندروستی گشتی، یان هۆی ماددی و فەرهەنگی و سیاسی و ستراتیژی و باری ئاسایش بڕیاردراوە داخرێن یان چۆڵكرێن (بڕوانە Challiand 1980).

ئەو كوردانەی ڕەهەندە دەكران دەبوو بە جۆرێكی ئەوتۆ تەنك تۆو بكرێن كە نەتوانن ئاوایی پێك بهێنن و دیسانەوە بە كۆمەڵ سەربنێنەوە بەسەر یەكەوە و هەرگیز نەتوانن دەیەكی دانیشتووانی نیشتگە تازەكانیان پێك بێنن بەڵام ئەم یاسا توندەش لە بواری تواندنەوەی كورداندا هیچی نەكرد بە هیچ.

كەسێك كە ڕۆڵەی پشتی سێیەمی یەكێك لەو خێزانە دەربەدەرانە بوو، لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بۆ نووسەری ئەم باسە داستانی خێزانەكەی خۆی گێڕایەوە.

"ئەوان لە تونجەلی (دەرسیم) هەڵكەندرابوون و برابوون بۆ هەڵەتێك كە بەسەر دەریای ئیجەدا دەیڕوانی، بێ ئەوەی یەك وشە لە زمانە توركیەكەی دانیشتووانە وەرزێڕەكانی تێبگەن هەرچەندە ئەم دراوسێ نوێ یانە خۆش ڕەفتارو میهرەبان بوون لەگەڵیاندا هەروەها

فەرمانداری ناوچەکە خۆشی تاڕادەیەك بەخشندەو دڵچاك بوو، ئەو بیست و پێنج ساڵەی کە تاگەڕانەوەیان بۆ کوردستان لەوێ مانەوە، بەلایانەوە لە زیندانێك بەولاوە هیچی تر نەبوو..."
کاتێك کە چوونەوە سەر ماڵ و موڵکی خۆیان لە کەلاوە و وێرانە بەولاوە، لە ئابووریەکی تەفرو تونا زیاتر، نەبوونی پەروەردە و هیچ بابەشێکی پێشکەوتن سەرەڕای چاوەدێری کردن و نەفەس ژمێری بێ وچان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە هیچی تریان نەبینی، بۆیە پشتی دووەمی خێزانەکە سەری خۆیان بەرەو ئەورووپای ڕۆژاوا بۆ کرێکاری هەڵگرت پشتی سێیەم کە زۆربەیان لە ئەورووپا لە دایك بوونە و پێگەیشتوونە، لە ئەورووپا و ئەمریکا توانیویانە پلەی باشی خوێندەواری و زانیاری بە دەست بێنن. ئەوان ئێستاش لەسەر ئەو بڕیارەن کە دەبێ بۆ وڵاتەکەی باوباپیرانیان "شتێك بکەن" و نەهێڵن منداڵکانیان لە بیریان بچێ کە "ئەوان بەڕاستی چین و خەڵکی کوێن".

مێژوو لەکەم جێگەدا گۆی بردنەوەی داوەتە دەستی بەرنامەکانی بە زۆر تواندنەوەی گەلان، لە کاتێکدا پڕە لە چیرۆکی تواندنەوەی خوایشتی (Izady 1995) کوردانیش لەم یاسایە بە دەرنین. مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێ چەندین نموونەی توانەوەی ئاسایی کوردان دەستنیشان بکا لە ڕابردوودا و دڵنیاشم لە دوا ڕۆژیشدا ئەم یاسایە هەرکارایە هۆزێکی زۆری کورد وەکو شکاکەکان و کوردانلیەکانی ئازەربایجان، لەکەکانی داغستانی ڕووسی، شیوخەکانی دەوروبەری ئەنتاکیە و نۆ– عەرەبەکانی ناو عەلەویەکانی سووریا گشتیان ناسنامەی کوردیی خۆیان دۆڕاندوەو هی تریان وەرگرتووە هەرئێستا کە هەندێ کوردی وەکو شاترا ناوەکانی باکووری ناوەندی ئێران و لەکەکانی باشووری کوردستان کە لەشوێنی تریشدا باسکراون، ئەوەندەیان نەماوە کاژی کوردییەتی خۆیان فڕێ دەن و لەناو دەوروبەرەکانیاندا بە تەواوی بتوێنەوە.

لیستەی ئەو ناودارە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیانەی کە بەڕەسەن و ڕچەڵەك کوردن و بەرە بەرە تواونەتەوە، گەلێ درێژە و هەندێ جار پڕن لە پەندی تفتی مێژوویی.

عەبدوڵا جەودەت و ئیسحاق سکوتی، دوو ئەندامی دامەزرێنەری بزووتنەوەی تورکانی لاو، زیا گوکئەڵپی بناغەڕێژی نەتەوەچیەتیی گشت تورکان (تۆڕانیزم– وەرگێڕ) (بڕوانە Ramsaur 1957 Heyd 950 berkes 1959) و عصمت ئینۆنۆی هەڤاڵ و سەرۆك وەزیرانی کەمال ئەتاتورك و

ئەو پیاوەی كە سەرپەرشتی وێرانكردنی دەرسیمی كورد زەمینی كرد، هەروەها ژەنەراڵ كەنعان ئێڤرینی سەرۆك كۆماری عەسكەریی كۆماری توركیا لە سەرەتای (١٩٨٠)كاندا و دارەڕادانەری شەپۆلی سەرلەنوێ زوڵم و ستەم بۆ كوردەكانی توركیا، ئێستا وا سەركۆماری ئەم سەردەمەی كۆماری توركیاش چووە ناو لیستەی ئەوانەوە، ئەوەتا تورگوت ئۆزالی سەركۆمار دەڵێ لە نەنكەوە دەچێتەوە سەر كوردان و دوڕەكە كوردە.

لە عێراق، لیستەی دەسەڵاتدارە كوردە تەواوەكان، عەبدولكەریم قاسم سەرۆك كۆمار (عەبدولكەریم قاسم سەرەك وەزیران بوو – وەرگێڕ)، كە ڕژێمی پاشایەتی وەرگەڕاندو پەرەی ڕۆژی كوردی خستە ناو ئالای دەوڵەتەوە (بڕوانە مێژووی هاوچەرخ). دەگرێتە خۆ. تەنانەت سەدام حوسێن خۆی، لە باوانەوە دوڕەكە كوردە (برایەكی ناوی بەرزانە).

لە سوریا، سەركۆمار (حافز ئەسەد) و سەركردەكانی تری عەلەوییەكانی خزمی، و خانەوادەی ئەترەش هەموو ڕەگێكیان دەچێتەوە سەر كورد. لە لوبنان، بنەماڵەی جامباڵاتی (جانپۆلات – وەرگێڕ) سەركردەی سیاسی و ڕووحی دورزیەكان، خەلیل جبرانی شاعیر، و جورجی زەیدانی لێكدەرەوەی ئایینیی شیعە مەزەبان (١٨٦١– ١٩١٤) هەموو كوردی لە نەتەوەی تردا تواوەن (بڕوانە هۆزەكان و كۆچكاریە مێژووییەكان).

لە ئێران، لەبەر ئەوەی فشار لەسەر ناسنامە و فەرهەنگی كوردی لە هەموو شوێنێ كەمتر ئاشكرایە، و لە ڕووی كۆمەڵایەتی – ئابوورییەوە كوردەكان لە هەموو جێگاكانی تر زۆرتر سمراونەتە ناو دەریای كۆمەڵگاوە، توانەوە هەمیشە لە هەموو شوێنێكی تر بەرفراوانتر بووە. هیچ گومان لەوەدانیە كەلێك نزیكی و باڵادەستی فەرهەنگی فارس لەگەڵ هی كورددا لەم توانەوەیەدا دەستێكی گەورەی هەبووە لەگەڵ ئەمەشدا، توانەوەی زۆربەی كوردە ئێرانیەكان نەگەیشتۆتە ئەوەی ڕابردووی كوردبوونی خۆیان فەرامۆش كەن، تەنانەت ئەوانەش كە ماوەیەكی دوور و درێژ لە دەرەوەی كوردستان ژیاون و زمانی خۆیان بەكار نەهێناوە. زۆرێكی زۆری كەسایەتی ئێرانی لە بوارەكانی ئەدەب، هونەر، سیاسەت، ئیدارە، و هێزە چەكدارەكاندا هۆزە ناوی كوردییان بە ناوەوەیە كە بیر خەرەوەی بەڕەگەز كورد بوونیانە. كەسانێكی بەناوبانگی وەكو كەریمی سنجابی ڕابەری گرنگترین پارتی سیاسی نائایینی لە ئێران، بەرەی گەلیی (جەبهەی میللی – وەرگێڕ) پڕ سەنگ و سیما، پەری زەنگەنەی گۆرانیبێژی ناوداری ئۆپرا، شانۆگەری نووسی بە دیمەن عەلی موحەممەدی ئەفغانی، هەموو لە جێی خۆیدا خۆ بە ڕۆڵەی كورد دەناسێنن، هەرچەندە بە كوردی نادوێن.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: L. Molyneux-Seel, "Journey into Dersim," *Geographical Journal* 44-1 (1914); G. Perrot "Les Kurdes de Haimaneh," *Revue des deux Mondes* 55 (1865); Mehrdad Izady, "Persian Carrot and Turkish Stick," *Kurdish Times* III-2 (1990); United States Helsinki Watch Committee, *Destroying Ethnic Identity: The Kurds of Turkey* (New York: USHWC, 1988); Lord Kinross, *Within the Taurus* (London, 1954); Lord Kinross, *Atatürk: The Rebirth of a Nation* (London: Weidenfeld, 1964); Martin van Bruinessen, "The Ethnic Identity of the Kurds," in Peter Andrews, ed., *Ethnic Groups in the Republic of Turkey* (Wiesbaden: Reichert, 1989); Sukru Mehmed Sekban, *La question kurde. Des Problèmes des minorités* (Paris: Les Presses Universitaires de France, 1933); G. Challiand, ed., *People without a Country* (New York: Zed, 1980); Ernest Ramsauer, *The Young Turks* (Princeton, 1957); Uriel Heyd, *Foundation of Turkish Nationalism* (London, 1950); Niyazi Berkes, *Turkish Nationalism and Western Civilization* (New York: Columbia University Press, 1959); F. McDermott and J. Short, *The Kurds* (London: Minority Rights Group, 1975).

# دیموگرافیا

تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی دیموگرافی، چ تەسک چ فراوان، کە بەتایبەتی بۆ کوردان تەرخان کرابێ، نەکراوە، لە کاتێکدا، چەندین لێکۆڵینەوەی بەنرخ لەسەر بزووتنەوەو جموجۆڵی دیموگرافی گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چ کۆنیان چ تازەیان بە دەستەوەن. ژمارەی کوردان، لەهەر قۆناغێکی مێژووییدا، دەتوانرێ لەم لێکۆڵینەوانە دەربکرێ، لەبەر ئەوەی کوردستان بە جێگا دەکەوێتە ناوجەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، زانیاریەکانیش دەورووبەری هەرهەمان جێگایان گرتۆتەوە. گیروگرفت لەوەدایە، چۆن بزانرێ ژمارەی کوردان لە هەر سەردەم و جێگایەکدا چەندبووە و چەندنەبووە. ئەو شێوازەی لێرەدا بەکارهێنراوە، یەکەم دەرگایە بۆ ژماردنی هەموو ئەوانەی لە چیاکانی کوردنشین ژیاون یان دەژین، ئینجا باسکردنی ئەوەی ئایا ئەوانە کوردن یا نەتەوەی تر.

لە سەردەمی ئێستاماندا، مەسەلەکە نەختێ ئاسانتربووە، بەڵام هێشتا نەک ئەو ئاسانیە. سەرژمێریە ناوخۆییەکان کەمتر زانیاری لە بارەی باری ئەتنیکی دانیشتووانەوە دەدەن، ئەگەر بیشیاندەن، کەمتر جێگەی پشت بەستنن، لەبەر ئەو هۆیانەی لەمەو پێش باسمان کردن (ئاوێتە بوون و تێکدا توانەوە و ناسنامەی نەتەوەیی).

لە کاتێکدا سەرژمێری ڕێکوپێك و باوەڕپێکراو و ناوبەناو کراو بە دەستەوەنین، زانیاو

دیموگرافیستەکان ناچار پشتیان بەستووە بە هەندێ قەرەساندنی سەرپێی کە ئەوانیش خۆیان لە بنەڕەتدا زۆر جێگەی متمانە و باوەڕ نەبوونە. تاکە زانیاریەك کە دەرچووی دەستی حکومەتە ناوخۆییەکان بووبێ و باسی لە شتە گشتییەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکان کردبێ، ئەو ژمارانەن کە لە بارەی هۆزە کۆچەر و نیمچە کۆچەرە کوردەکانەوە دراون، لەکاتێکدا، هاونیشتمانە کوردە نیشتەجێکان، بەتایبەتی شارنشینەکان، هەمیشە بە بەشێك لە نەتەوەی بالادەست لەهەر ولاتەدا دانراون.

سەرژمێریە دەولەتیە ساختە سازەکان لەبەر چەند هۆی تر هی ئەوەنین کە پشتیان پێ ببەسرێ. پشتێك لەمەوبەر تی، ایف، ئەریستۆڤا لە کاتی لێکۆلینەوەدا ئەوەی بەرچاو دەکەوت کە "لەبەر ئەوەی سەرژمێریەکان بە مەبەستی باجگیری یان سەربازگیری دەکران، هۆزە رەوەندەکان هەولی ئەوەیان دەدا کەمتر ژمارە بدەن و زۆربەی جارەکان لە کاتی سەرژمێریەکاندا دەپەرینەوە ئەوبەری سنوورەکان (Aristova 1958)) هەندێ هۆزی مەرلەوەڕێنی وەکو هەرکی کە بە دوای لەوەڕدا چەند سنووری نێودەولەتی دەبەزێنن لە تۆماری سەرژمێری چەند دەولەتدا ناونووس کراون، جگە لەمە، دەفتەری سەرژمێریەکانی تورکیا، تەنیا ئەوانە بە کورد دەنووسن کە زاراوەی کرمانجی بە زمانی مادەرزای خۆیان دادەنێن و ئەمەش تەنها تا سالی ١٩٦٥ لە هەر ئەو پێنج ویلایەتەدا کراوە کە تێیاندا نیشتەجێن وەکو ئەریستۆڤا دەلێ: "ئەو ژمارانەی گۆیاهی سەرکۆی دانیشتووانی کوردن گەلێ لە ڕاستییەوە دوورن".

دەرەنجامی هەموو ئەوانە لەیەك ڕاستیدا خۆی دەنوێنێ ئەویش ئەوەیە کە سەرجەمی ئەو ژمارە جیاجیایانەی لەمەڕ ژمارەی گشتیی کوردانەوە دراون لەم سەدەیەدا هیچیان لەوی تر ناچن. ڕاستییەکەی ئەوەیە، ئەم بابەتە بووەتە مەسەلەیەکی سیاسی تا بلێی گەرم لەم دەمەدا، چونکە کەمی و زۆری دانیشتووان، لای هەندێ کەس، نیشانەی هێزی سیاسی و ئابوورییە، جگە لەمە، لە زۆر جێگەدا دەرکەوتووە کە ڕەگی نەتەوەیی هەر لێکۆلەرێك فاکتەرێکی گرنگە لە دەربڕینی ڕاست و دروستی ژمارەگیریەکاندا. بۆ نموونە لە ماوەی نێوان (١٩٨٠ و ١٩٨٦)دا پەلەتیر(ئەمەریکییە) ژمارەی گشتی کورد بە (٥،٧) ملیۆن و دەشنەر (ئەلمانە) بە زیاتر لە (١٥) ملیۆن و مۆر (فەرەنسییە) بە (١،٢٠) ملیۆن دادەنێن، لە کاتێکدا وانلی (کە کوردە) بە (٢٠) ملیۆن (کوردی هەندەرانی لێدەرچێ) و ئیکمان (کە ئەمریکییە و

لەسەرچاوەی ئینگلیزەوە زانیاریەکانی وەرگرتووە) گەورەترین ژمارە واتە(٥،٢٣) ملیۆن دەدا. لەهەمان کاتدا، کوردۆیەڤ کە کوردێکی سۆڤیەتیە، لە ساڵی (١٩٥٧)دا باسی تاقەیەك کوردی نەکردووە لە یەکێتی سۆڤیەتدا!.

تەنها لەبارەی ژمارەی کوردەکانی تورکیاوە، کایا تۆپەری قسەکەری ڕەسمی بە ناوی سەرکۆماری تورکیا تورگوت ئۆزالەوە، واتە وڵاتێك کە بە درێژەی مێژووی خۆی تەنانەت بوونی کوردی وەکو نەتەوەیەك لەناو خۆیدا حاشا کردووە، لە (١)ی مارتی (١٩٩١) لە لێدوانێکدا بۆ ڕادیۆی گشت ئەمەریکا کەرەمی (٧-١٢) ملیۆن بۆ هەموو هاووڵاتیە "کوردە ڕەسەنەکانی" تورکیا دەکا، کەچی هەر خۆی سێ هەفتە دوای ئەوە لە هەمان ڕادیۆوە ژمارەکە دەگەیەنێ بە (١٢- ١٤) ملیۆن بۆ، هەر لە هەمان دیداردا ئەو وتی نزیکەی "سێ یەکی ئەوانە - واتە هی کوردان - لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات دەژین" بەم جۆرە دەبینین گەورەترین ژمارەی کوردان، هەر نەبێ ئەوانی لە تورکیا دەژین، لەسەر زمانی کابرایەکەوە دێت کە چاوەڕوانی ئەوەی لێناکرێ- واتە تورکێك کە قسەکەری بەرزترین دەسەڵاتی وڵاتەکەیە نزمترین ژمارە لە بارەی کوردانی تورکیاوە کابرایەکی ئەمەریکی داویەتی (پالاتین ١٩٨٤) ڕاستییەکەی ئەو دەڵێ لە ١٩٩١دا ژمارەی کوردەکانی تورکیا ٨ ملیۆن بوە، واتە ٢٥٠٪ پتر لەوەی (٧) ساڵ لەوەبەر دابووی. ئەمە خۆی لەخۆیدا نیشاندەری ئەو شپرزەیی و شێوانەیە کە لەو لێکۆڵینەوەیەو چەندین لێکۆڵینەوەی تردا لە بارەی ژمارەی گشتیی کوردانەوە ئەنجام دراون.

شاردنەوەی دوا ئامار بەندییە گشتیەکان لەلایەن دەزگاکانی دەوڵەتەوە هەروەها ئەو زانیاریانەش کە پەیوەندییان بە پاشوپێشکردنی باری دیموگرافیەوە هەیە هۆی سەرەکیی ئەو شێواویەن کە لە کاری زۆربەی ئەو نووسەر و توێژەرەنەدا بەدی دەکرێن کە لە بارەی سەرژمێری کوردانەوە شتیان نووسیوە.

بۆ نموونە ساڵی ١٩٩٠، یەکێکی وەکو مەکدۆناڵد لە کاتێکدا ژمارەی گشتی کوردان لە ئێران بە ٥ ملیۆن و لە تورکیا بە ٩ ملیۆن دادەنێ، دەڵێ ڕێژەی کوردان لە ئێران ٣٪ی گشت ژمارەی دانیشتووانی وڵاتەکەو لە تورکیا ١٢٪ی گشت ژمارەی دانیشتووانە بەگوێرەی ئەو ئامارکاریەی کە هەردوو دەوڵەت کردوویانە.

ئەگەر ئەو زانیاریەی مەکدۆناڵد بکەینە بناغە، دەبێ ژمارەی گشتی دانیشتووانی ئێران لە

## چەردەباسێك لە بارەی كوردانەوە

ساڵی ١٩٩٠دا بە ١٦٧ ملیۆن و هی توركیا بە ٧٥ ملیۆن دانرابێ، لە كاتێكدا ئامارگیریە دەوڵەتیەكانی (١٩٩٠)ی ئەو دوو دەوڵەتە، ژمارەی دانیشتووانی ئێران بە ٦،٥٥ ملیۆن و هی توركیا بە ٧،٥٦ ملیۆن دەدەن.

ڕاستیەكەی ئەم جیاوازیە، بەتایبەتی بەو فراوانیە، نەدەبوو ڕوویدا چونكە لە هەموو حاڵێكدا لە هەموو دەوڵەتەكاندا سەرژمێری گشتی و ئاماریەندی دانیشتووان هەیە. تەنها بە نزیككردنەوە و لێكدانێكی ڕاست و ساكار دەتوانرێ ژمارەی دانیشتووانی كوردی ئەو وڵاتە دەربخرێ. مەسەلەكە تەنها پێویستی بە بەكارهێنانی هەندێ بەراوردكاری زانستی و مودێرن هەیە، لەوانە دەستنیشانكردنی ژمارەی پێكهاتە ئەتنییەكانی ترو بە نەزەر وەرگرتنی ئامارە جیهانی و نیشتمانییەكان و ئینجا دەركردنی ژمارەی زۆر لە ڕاستی نزیكی هەموو پێكهاتە ئەتنییەكان بەم جۆرە دەتوانرێ لانی كەم لە (١٩٢٠)ەكانەوە ژمارەی دانیشتووانی كورد دابنرێ و لەسەر ئەوە ژمارەی ساڵانی داهاتووش دەربخرێ.

ئەو كورتەیەی لە خوارەوە یادداشت كراوە، سەرەنجامی یەكەم توێژینەوەی باری دیموگرافی كوردانە كە نووسەری ئەم كتێبە دەریهێناوە بۆ دەرخستنی كوردبوون یان نەبوونی هەر كەسێك، ئەو پێودانگە بەكارهێنراوە كە لە "پێشەكی" ئەم كتێبەدا دراوە، ئەم توێژینەوەیە بەڕێزەوە داوای هەر كەسێك كە بڵێ كوردم و لەوێدا باسم نەكراوە وەردەگرێ و ئەو باسانەی كە پەیوەندییان بە دابەشبوونی جوگرافیایی كوردانەوە هەیە لە بەشی نەخشەی كێشانی دابەشكردنی جوگرافیایی كورداندا باس كراوە. هەر كە ئەم پرسیارانە وەڵامیان درایەوە، ئەوكات ئیشەكە دەكەوێتە سەر ڕچی ڕاستی خۆی، سەرژمێریە ناوخۆیی و دەرەكییەكان، توێژینەوەكان، ئەو ژمارانەی بە مەزەندە دانراون، هەموو بۆ دەركردنی ئەم ژمارانەی لێرەدا دراون بەكار هێنراون.

پشتەڵەكی مێژوویی ئەم بەشە لە بابەتی مێژوودا دەرخراوە، لە كاتێكدا بەشی كۆچكردنە مێژووییەكان و ڕەهەندەكردن و بەزۆر نیشتەجێكردنەكان بۆ گەیشتن لە گۆڕانی دیموگرافیی كوردان بایەخێكی تەواوی هەیە و دەبێ بەر لە هەموو شتێك باش بەسەریدا بچرێ.

بە خێرایی و ڕێككەوت نیە كەوا كوردستان سەرزەمینێكی پڕە لە ڕووی دانیشتووانەوە، نەك هەر ئەمە بەڵكو تا سنووری لێوڕێژی خەڵكی تر ڕووی تێكردووە (Smith and Young 1982)

لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتە مەڵبەندی (یان یەکێك لە مەڵبەندەکانی) گەلێ نوێکاری قووڵی تەکنۆلۆجی بووە، کە مایەی لێورووژانی دانیشتووان و پەرەسەندنی بووە، وەکو دەسەمۆکردنی ئاژەڵ و زیندەوەر و پێشکەواندنی کشتوکاڵ. مەگەر بەدەگمەن، ئەگینا هەرگیز لە هیچ یەکێك لە هەرێمە دراوسێکانی لە پەرەسەندنی دانیشتوواندا دواکەوتوە، چیاکانی کوردستان وەکو قەڵایەکی سروشتی بەریان لە چەپۆکان و هێرشهێنانی داگیرکارانی بێگانە گرتووە کە پەیتا پەیتا لە هەڵپەی هەڵڕشاندا بوونە بە هەرێمەکەدا، هەر لەبەر ئەمەش بەریان لە هەموو لافاوێکی دانیشتووان گرتووە کە لە ئەنجامی شەڕ و شۆڕی بەردەوامدا ڕوویان کردبێتە وڵاتەکە، و ئەمە بێگومان تا ئەم سەدەیەش هەر بەردەوام بووە، تا سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم ژمارەی کوردان (٥١،٣ ملیۆن) خۆی دەدا لە ژمارەی دانیشتووانی میسر (٢,٥ملیۆن بە گوێرەی ئەو تۆمار بەندییانەی دەسوپێوەندە تۆمارچییەکانی ناپلیۆن ساڵی ١٧٩٩ لە میسر یادداشتیان کردووە)، ئەمڕۆ کە ژمارەی کوردان ناگاتە نیوەی ژمارەی دانیشتووانی میسر (٢٨ ملیۆن کورد لە بەرامبەر ٥٧ ملیۆن میسرییدا).

لەسەردەمە هەرە کۆنەکاندا، پەرەسەندنی خێرای ڕێژەی دانیشتووانی مێزوپۆتامیا و ڕۆژهەڵات بەشێنەیی لە ژمارەی گشتی دانیشتووانی کوردی ڕۆژهەڵاتی ناوینیان دەخوارد لە دەوروبەری ٢٠٠٠ی پێش میلاددا ڕێژەکە تا ڕادەی ١٢٪ هاتە خوارەوە، دوایی دیسانەوە سەرکەوتەوە (بڕوانە خشتبەندیی ژمارە ٢).

لە هەزارەی یەکەم و دووەمی پێش میلاددا، گەلە ڕەوەندی هیندۆئەورووپی زمان بەڵێشاو ڕژانە هەرێمەکەوە. ئەم پرۆسەیە نزیکەی ١٥٠٠ ساڵی بردو تا چوارسەد ساڵی پێش میلاد هەر بەردەوام بوو (ئەگەرچی ڕۆژاوای کوردستان تا سەدەی دووەمی پاش میلاد هەر خانە خۆیی شەپۆل شەپۆلی کۆچەری ئاریا نەژاد بوو، کە بریتی بوون لەو ئالانانەی کە لە بڵندایییە ئەورووپاییەکانی قەفقاسەوە دەهاتن) ئەمە بوو بەهۆی کزبوونی ڕێژەی پەرەسەندنی دانیشتووان بەوەی هەندێکیان لە خەڵکی کوردستان لە ئابوورییەکی نیشتەجێی کشتوکاڵیی پڕ خەڵکەوە گۆڕی بۆ ئابوورییەکی ڕەوەندتەباری تەنك خەڵك بەم جۆرە، کێشانەی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیادی کرد (لە ١٢٪ەوە بوو بە ١٢،٥٪)، ئەویش، بەهەرحاڵ، لەبەر ئەوەی کە دانیشتووانی هەرێمە دووردەستەکانی بانی ئێران و ئاسیای ناوەندو ناوەند و

ڕۆژاوای ئەنەدۆڵ گەلێك لە كوردەكان زیاتر تووشی كەمبوونەوەی دانیشتووان بوون.

لە سەردەمی كۆچكردنی ئاری نەژادەكاندا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەنها گەلانی مێزوپۆتامیا و ڕۆژهەلات بەڕێژەی بازدەر پەرەیان سەند، هەرچەندە ئەو پەرەسەندنەش وەكو جاران بلەز نەبوون لە كۆتایی ئەم داستانەدا، و لە سەدەی چوارەمی پێش میلاددا ڕێژەی زیاد بوونی دانیشتووان دیسانەوە لووتی بەرز كردەوە. زاگرۆسی باشوور كە بەشێكی دیاری نیشتمانی نەتەوەیی كورد بوو، هەر لە سەدەی حەوتەمی پێش میلادەوە بگرە تا سەدەی دوانزەیەمی پاش میلاد (واتە ئەو دەمەی كە گۆنەڵی پێكهاتن و مەیینی ئەتنی خەڵكان بوو (بڕوانە كۆچكاریە مێژووییەكان)- بەشێوەیەكی تایبەتی بە لێوڕێژییەكی یەكجار گەورەی دانیشتوواندا تێپەڕی لە ئاكامی هاتنی لێشاوی خەڵكێكی زۆری ڕەوەندا. زاگرۆسی باشوور هەر خۆی لە ڕووی پێكهاتەی زەمینییەوە، هەمیشە سەرزەمینیكی زۆر لە باربوە بۆ لە خۆگرتنی ژمارەیەكی یەكجار گەورەی دانیشتووانی مەڕ لەوەڕێن – ئەمە لە زۆر هۆوە هاتووە لەوانە، شوێنەكەی كە یەكجار قایمە بۆ خۆپاراستن لە هێرشی دەرەكی هەروەها لەبەر ئەوەی لەوەڕگا و پاوانێكی یەكجار گەورە و بەرفراوانی بە بەرەوەیە، تەنانەت ئەمڕۆكانەش، گەورەترین مۆڵگەی ڕەوەندی پەزدار لە هەموو جیهاندا لەو مەرز و بوومەدا نیشتەجێن.

هەر لە سەرەتای سەدەی چوارەی پێش میلادەوە تا سەدەی پێنجەمی پاش میلاد، كوردان شەپۆل لە دوای شەپۆل ڕووەو باكووری ڕۆژاوا كەوتنە گواستنەوە، لە باشووری زاگرۆسەوە بەرەو ناوەند و باكووری زاگرۆس و ڕۆژاوای ئەلبورز و ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیاكانی تورۆس و پۆنتۆس ڕەوەیەك تەنانەت ڕووەو ڕۆژهەلات گەیشتنە هەرێمی ماكران (بلوجستانی ئێستاكە)، لەم داستانی كۆچكردنی ناوخۆییەدا لەوانەیە لە نیو ملیۆنەوە تا سێ چارەكە ملیۆن كورد (٢٥–٣٠٪ی ژمارەی گشتی كورد لەو دەمەدا) بەرەو باكووری ڕۆژاوا جێگۆڕكێیان كردبێ.

لە دەوروبەری سەرەتای سەدەی پێنجەمی پاش میلاددا، كوردستانی باكوور و ڕۆژاوا پاش كۆتایی هاتنی ئەم زنجیرە كۆچكردنە، گەیشتنە ڕادەی سەركردن لە دانیشتوواندا و ئەمە بو بەهۆی ئەوەی خەڵكێكی زۆر لە دەست پاڵەپەستۆی بێ ئامانجی دانیشتووان بۆ وڵاتی دوور دەست مل بنێن و لەوێ پەڵەی گەورە گەورەی كوردی دەرەوەی خاكی كوردستان پێك بهێنن. ئەم بەزمە هەر بەو نەزمە ڕۆیشت تا سەدەی یانزەیەم كە سەرەتای شریتەكردنی هەزار بەهەزاری كۆچكردووی وێڵی تورك زمان لە ڕۆژهەڵاتەوە ملیان نا، ئەمانە لەو هەڵپەی سەرهەڵگرتنەدا بەرەو سەرزەمینی بیزەنتی و مێزوپۆتامیا، كوردستانیان كرد بە قۆناغ و كاروانسەرای نیشتنەوە.

**خشتبەندی ژمارە(٢) گۆڕانی دیموگرافی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

| ساڵ | ژمارەی گشتی دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست* | ژمارەی گشتی کورد | ڕێژەی٪ی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا |
|---|---|---|---|
| ٤٠٠٠ پ. ز | ١ ملیۆن | ٠,١٥ ملیۆن | ١٥ |
| ٣٠٠٠ | ٥،٢ | ٠,٣٢ | ١٣ |
| ٢٠٠٠ | ٥,٥ | ٠,٦٦ | ١٢ |
| ١٠٠٠ | ٩ | ١,١٢ | ١٢,٥ |
| ٥٠٠ | ١٢ | ١,٧٧ | ١٢,٥ |

**تێبینی:** ئەو ژمارانەی کە لە بارەی دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە لە ٣٠٠٠، ٢٠٠٠ و ١٠٠٠ی پێش میلاددا دراون لە McEvedy and R.jones 1978)-C. ل ١٢٣—١٢٥) وەرگیراون، ژمارەکانی ٤٠٠٠ پێش زایین لەلایەن دانەری ئەم کتێبەوە دانراون. بۆ سەرچاوەی ژمارەکانی ٥٠٠ی پێش زایینی، (بڕوانە سەرچاوەکانی خشتبەندی ژمارە ٤).

**ژمارەبەندی (١): ڕوکاری دیموگرافیی کورد لە ٦٠٠ پێش میلادەوە تا ١٩٠٠ پاش میلاد.**

**ژمارە (1): ئاراستە دیموگرافییەکانی کوردان لە (600)ی پێش میلادەوە تا (1900)ی پاش میلاد**




سەرچاوە: McEvedy and R. Jones (1978)

* ئەم زانیاریە باکووری ئەفریقا ناگرێتەوە.

دەرپەڕاندنی دانیشتووانی کوردی ناوچەکان و ئەو زیانانەی بەرماڵ و گیانیان کەوت لە ئاکامی ئەو لافاوە بەشەریەدا، لەهەمان کاتدا، دیموگرافیی زەرەرمەندیشی لێکەوتەوە.

ئەو هەڵقولانە دێوانەوارەی تورکان کە لە سەدەی دەیەمدا هاتە کزبوون دوایی کۆتاییشی هات، لەگەڵ خۆیدا نەخۆشی ڕشانەوەی بەدیاری بۆ کوردان لە کۆتایی سەدەی چواردە و سەرەتای سەدەی پانزەدا هێناو بە هەزارەهای لە خەڵکەکە لەناوبرد شان بەشانی ئەنەدۆڵی ڕۆژاوا و قەفقاسەکان، کوردستانیش بەشی هەرەگەورەی ئەم پەتا ماڵوێرانکەرەی بەرکەوت، لە کاتێکدا سەرزەمینە بیابان سروشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەر سەختی و وشکی باری کەش و هەوای کەمتری لەم پەتا کوشندەیە بەخەگیربوو. بەهەرحاڵ، گرانی پەتاکە لەسەر کوردستان، بەقەی گرانی لەسەر ئەورووپا ماڵوێرانکەر بوو.

ئەگەر ئەو تیۆریەی کە دەڵێ: تایپی خوێنی (A) لە هەرێمێکدا زیاتر دۆستە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تاعوونی دبلیی، و تایپی B لەگەڵ کۆلێرادا، ڕاست بێ، ئەوە دەبێ کوردستان زیاتر تووشی کۆلێرا بووبێ و کەمتر تاعوونی دبلی، لە کوردستاندا خوێنی تایپ B لە هەموو تایپێکی تر باوترە، ئینجا تایپی A (بڕوانە ئەنترۆپۆ لۆجیای لەش) لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەو دوو دەستە گەورەیەوە کە تاعوونی دبلی لە سەدەکانی شەش و چواردەی پاش میلاددا بە توندی وەشاندنی، ناچارین چاوێك بە ژمارەی دانیشتواندا بگێڕینەوە، هەرچەندە زەبری هەرە گەورە لە ئەورووپا کەوت، لە هەمان کاتدا کەمیی تایپی (O) کە وەکو دەردەکەوێ دژ بە نەخۆشی ئاوڵەیە، لەوانەیە یەکێك بێ لە هۆکانی کەمیی ئەم نەخۆشییە لە کوردستاندا هەر بۆیەشە، هەرگیز نابێ دەسکاری ژمارەی دانیشتووانی کوردستان بکرێ، ئەگەر ئاوڵە دانیشتووان و وڵاتانی دراوسێشی گرتبێتەوە.

لە کۆتایی دەورەی، ڕەهەندەکردن و کۆچکاری و دەست وەشاندنی وەباکان، لە دەوروبەری (١٤٢٥)ەکاندا، ژمارەی دانیشتووانی کوردستان شۆڕبووەوە بۆ ٢,٤٨ملیۆن، ئەمەش نزمترین ژمارەی بو لە ساڵی (٥٠)ی دوای میلادەوە، لە سەدەی داهاتوودا، ژمارەی دانیشتووانی کوردستان بەشێوەیەکی سەرسووڕێنەر هەڵسایەوە و لە ساڵی ١٥٢٠دا بە ڕێژەی ٢٠٪ بەرزبوەوە تا خۆیدا لە ١،٢ ملیۆن. لەم دەمەدا دانیشتووانی گەلان و وڵاتانی دراوسێش پەرەسەندنی لەو شێوەیان بە خۆوە دیت.

بەڵام دوو هۆکاری جیاواز بەخێرایی ئەم گۆڕانە دیموگرافیە پۆزەتیفەیان ئاوەژوو کرد لەناو کورداندا: ١) وێرانبوونی ئابووری دێرینەی بازرگانی بنەما بەهۆی گۆڕینی ڕێ و بانی بازرگانی جیهانی کە کاروانە ڕێیان بە کوردستاندا تێدەپەڕی، بۆ ڕێگاوبانی دەریایی، و ٢) شەڕ و شۆڕی دوور خایەن (بەو سیاسەتی زەوی سوتاوەوە کە ئێرانیەکان لە سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەیان لەگەڵ عوسمانیەکاندا بەکاریان دەهێنا) و داستانی لێقەومانە گەورەکانی ڕەهەندەکردنی بە کۆمەڵی دانیشتووان، وێرانبوونی ئابووری و زۆریەی زەویوزاری کوردستان، لە دوو سەدەی داهاتوودا، لە ساڵی ١٦٣٨دا خۆی لە کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووانی کوردستاندا بە زەقی دەرخستەوە. لەم ساڵەدا ڕێککەوتنامەی ئاشتی زەهاو لەنێوان هەردوو ئیمپراتۆری دژ بەیەکدا ئیمزا کرا.

پاش بە ئیمزا گەیشتنی ڕێککەوتنامەکە، ژمارەی دانیشتووان دیسانەوە لووتی دایەوە لە بەرزی، بەڵام بە شێنەیی. ئەم شێنەییەش یەکەم، لەبەر پەرەسەندنی پەیوەندیی ڕەوەندیەتی بوو لەناو کورداندا، کە لە ماوەی سەدەکانی ڕابردوودا نیشتەجێی کشتوکاڵی زیانێکی گەورەی لێدابوون و دڵنیا کەری ژیانیان نەبوو، چونکە وەکو وەرزێر بەردەوام لەبەر مەترسی تاڵانکردن و گرتن و ڕاوەدوونان و ڕەهەندە کردن، یان بە کۆیلەگیری بوون لەلایەن هێزە ئیمپراتۆریەکان خۆیان یان تاخمە چەتە زەلەندەکانیانەوە کە هەمیشە بەم سەر و ئەوسەری کوردستاندا تەراتێنیان دەکرد گومان لەوەدانیە لە باری دیموگرافیەوە، ئابووری کشتوکاڵی دەتوانێ بە ئاسانی لە یەکەیەکی زەوییدا دە جار بەقەی ئابووری کۆچەری خەڵك بەخێوکا.

کرژبوونەوەی ئابووری بەهۆی وەستانی بازرگانی جیهانییەوە، بە قووڵی سەرلەنوێ گەشانەوەی ئابووری کشتوکاڵیی کوردستانی خاو کردەوە و ئەوەش بوو بە مایەی ئەوەی ڕێژەی دانیشتووان هەر بەتەنکی بمێنێتەوە و تا دەورووبەری ساڵی ١٧٢٥ کوردستان نەیتوانی بچێتەوە دۆخی ساڵانی ١٥٢٠ لە ڕووی چڕی دانیشتووانەوە.

باشوور و باکووری کوردستان، کە بەر لەوە لە (١٧٢٥)ەوە تا (١٧٥٠) بێ سەریەشە بردبوویانە سەر، ئەمجارە کەوتنە بەر داستانی لێقەومانی شەڕ و ڕەهەندە کردن. ئەمە زەبری لە ڕێژەی گەشەکردنی وەلا کەوەشاند، چونکە خۆی لەخۆیدا لەسەرخۆ و لاواز بوو، هەر ئەم داستانە خۆی، کارێکی کاریگەرتری کردە سەر باری فەرهەنگی کوردستان، کەلێ زیاتر لەوەی

كە بۆ سەریاری دیموگراف كردبووی و بە یەكجاری پاشماوەی ئەو فەرهەنگە پایە كۆچەریەشی لەناوبرد كە بەرهەمی چینی ناوەندی خوێندەواری ئەو سەردەمە بوو سەرو پۆتەڵاكی ئەو فەرهەنگە خۆی بە تەواوی بەهۆی شەڕە بێ ئامانەكانی سەدەكانی پێشووی فارس و عوسمانیەكانیەوە هەڵقاچرابوو، ئەمەشی هاتە سەرو كاری بە یەكجاری كاریی كرد. سەرەڕای هەموو ئەم كارە ساتانە، ڕێژەی گشتی دانیشتووان لە دەوروبەری (١٧٥٠)دا دیسانەوە دایەوە لە بەرزی، بگرە سەریشی كرد لە (١،٣) ملیۆنەكەی سالانی (١٥٢٥) ڕێژەی گەشەكردنیش هەر لووتی لە بەرزی بوو و تا ساڵی ١٩١٤ هەر بەم نەزمە بێ تەگەرەی گرنگ مایەوە.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، جیهانی نوێخواز، سەرەنجام توانی خۆی لە كوردستاندا بنوێنێ، بەوەی یەكێك لە ئەندامانی، واتە ڕووسیای تزاری، بە تەنینەوە بۆ ناو قەفقاسەكان گوێی لە ئاسۆكەی وڵاتەكەوە قووتەوە كرد. تەكنۆلۆژیای نوێ، شێوازی تازەی بەرهەمهێنان، ئاگاداری لە پێشكەوتووترین شێوەی تەندروستی، سەرباری چەند شێوازی تری پێشكەوتن، كە لەسەر دەستی ئەوروپاییەكان هێنرانە ڕۆژهەڵاتەوە، بوون بە مایەی تەقینەوەی ڕێژەی گەشەكردنی سرووشتیی لەناو كوردان و دراوسێكانیشیاندا. دیسانەوە كاروباری بازرگانی جیهانی، ئەمجارەیان ڕووەو باكوور لەگەڵ ڕوسیادا، لە كوردستاندا گەرم بوەوە، هەرچەندە ڕەوتەكەی زۆر توند نەبوو: ئابووری كشتوكاڵی تینی تێ هاتەوە و كەوتەوە خواردنەوەی ئابووری كۆچەری و ئەمە خۆی نامەی مەرگی هەتا هەتایی ئەم ئابووریەی بە دەستەوە بوو. لە ئاكامدا، ژمارەی گشتی دانیشتووان لە ٥١،٣ ملیۆنەكەی (١٨٠٠)ەوە، ساڵی ١٨٥٠ خۆیدا لە (٩،٣) ملیۆن و لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بازیدا بۆ (٤،٥٠) ملیۆن.

كەچی ئەم گەشەكردنە خێرایانە زۆر دەوامیان نەكرد، لە دەیەی یەكەمی ئەم سەدەیەدا دیسانەوە لووتی ژەنیەوە خوارەوە. بەهۆی كارەساتە دڵتەزێنەكانی جەنگی جیهانی یەكەم و ئاكامە وێرانكەریەكانیەوە لە كوردستاندا، لە ساڵی (١٩١٤)ەوە كوردەكان، بەرەبەرە كەوتبوونە لە دەستدانی زەوی و وڵات. سوودمەند لەمە دراوسێ ئەتنیەكانیان واتە تورك و ئەرمەنیەكان بوون، تەقینەوەی شەڕ تەنها كارەكەی خراتركرد. ساڵی ١٩٢٠، مەسەلەكە بە باشی هەستی پێ دەكراو زەق هەڵزەپیبوەوە، ئەمە خۆی لە كارەساتە بەرفراوانەكانی قەتڵوعام و ڕەهەندە كردن و گرانی و قڕانەكاندا دەردەخست كە چ خاكی كوردستان چ

ئابووریەکەی و چ باری تەندروستی دانیشتووانەکەی بەسەریەکەوە نەهێشت. ئەم زانیاریانەی خوارەوە، ئاوێنەی بەشێکن، لەو بارە ماڵوێرانکەرەی لەم کارەساتانەوە کەوتەوە:

هەر لە ماوەی جەنگەکەدا، هەر چوار ولایەتی وان و بتلیس و دیاریەکر و ئێلازیك، دوابەدوای یەك (١٢٪، ٤٢٪، ٢٦٪ و ١٦٪)ی دانیشتووانە کوردەکەی خۆیان لە دەستدا (ئەمە مەسیحییەکان، واتە ئەرمەنی و ئاشووریەکان ناگرێتەوە کە بەچڕی لەم ولایەتانەدا نیشتەجێ بوون) ڕاستە مردن دەستێکی باڵای لەم کارەساتەدا هەبوو بەڵام گشت هۆیەکە نەبوو. سەرجەمی ژمارەی لە دەستچووەکانی ئەم چوار ویلایەتە خۆی دەدا لە (٦١١٠٠٠)کەس (بڕوانە Mc Carthy 1983) لەمە لەوانەیە(٥٠٠,٠٠٠ — ٤٥٠,٠٠٠)ی مردن بوویێ کە لەنێوان (٣٥٠٠٠٠) تا (٤٠٠٠٠٠) یان بەر کورد دەکەون، چونکە هەرە زۆریەی دانیشتووانە مسوڵمانەکەی ناوچەکان تەنها کورد بوون.

هەرچی ڕێژەی لە دەستچوون لەنێو دانیشتووانی ویلایەتەکانی تردایە، لەبەر نەبوونی ژمارەبەندیی ڕاست و دروست، ناچار هەر دەتوانین مەزەندەی بۆ بەکاربێنین. لێرەشدا لەبەر ئەو هەموو جێگۆڕپێکردنی دانیشتووانەدا کە چ لە کاتی شەڕەکەدا و چ لە پاشدا ڕوویاندا، کارەکەمان ڕاست نایەت. زۆر وێ دەچێ وڵاتی فارس بەشی گەورەی ئەم لەدەستچوونەی بەرکەوتبێ. ئەم دەست و ئەو دەستکردنی چەند جارە لەنێوان ١٩١٤ و ١٩٢٣دا، بەتەواوی ڕوخساری ئەتنیکی مەڵبەندەکەی شێواند و ئەمەش پەردەی بەسەر هەموو مەزەندەکاریەکی چاکدا کێشا کە بۆ زیانی گیانی، ون بوون یان دەربەدەر بوون بکرێ. چاوڕێر کردنەوەیەکی باش، زیانی کوردان بەگشتی لە وڵاتی عوسمانی و ڕووسیاو ئێران دەگەیەنێتە (٥٠٠٠٠٠) کەس بەو زیانانەوە کە لە شەڕی یەکەم و پاشەلەقە کانیشیەوە کەوتنەوە، واتە لە ساڵی (١٩١٤)ەوە تا ساڵی (١٩٢٥). ئەمە (١٠٪) ژمارەی گشتی ساڵی (١٩١٤)ی کوردان دەگرێتەوە (نەخشەی ژمارە ٣٤).

لەنێوان (١٩١٤ و ١٩٣٠)دا ژمارەی گشتیی کوردان دای لە کزییەکی زۆر گەورە، ئەمە لەکاتێکدا بوو، کە ئەرمەنیەکانی لێدەرچێ، ژمارە گشتی هەموو نەتەوەکانی تر لە زیادبووندابوو. تا ساڵی ١٩٥٠، کورد چ لە خاکدا چ لە ژمارەی دانیشتووەاندا هەر لە کورتیداندا بوو، دوای ئەمە وچانێکی ڕاوەستان هاتە ئاراوە، تا لە ١٩٥٥ بەدواوە مەسەلەکە بە

پێچەوانەوە وەرگەڕا (بڕوانە خشتبەندی ژمارە ٣).




نەخشەی ژمارە (34): كاریگەریی جەنگی جیهانی یەكەم لەسەر ژمارەی دانیشتوانی كوردستان: ڕێژەی مردن لەسەر ئاستی هەر ناوچەیەك.

سەرچاوەكان: بۆ سنووری هەرێمەكان:
*Tübinger Atlas des Vorderen Orients* (Tübingen: Reichert, 1981), B.IX.10.
بۆ زانیاری دیموگرافی لەسەر سەرزەمینەكانی ژێر دەستی عوسمانی ( مەراشی لێ دەرچێ): J. Mc carthy (1983:135)
بۆ ئێران و ڕووسیا: زانیارییەكان هی خۆمن.

لە ناوەڕاستی (١٩٦٠)ەكانەوە تەرزبەندی دیموگرافی كوردان دیسانەوە لووتی بە خێرایی و بە توندی بەرزكردۆتەوە و وا خەریكە بە شێنەیی خۆی دەباتەوە نۆخی جاران و دەگاتەوە (١٥٪)ی هەموو دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمە ئاكامێكی ڕاستەوخۆی ئەو سیاسەتی

ئەپارتایدی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەیە کە تورکیا لەسەری ڕۆیشتووە. هەر ئەم سیاسەتە خۆی لەخۆیدا دیاردەیەکی دیموگرافیی ئەوتۆی هێناوەتە کایەوە کە بوە بە مایەی شڵەژان لە پێکهاتەی ئەتنی هەر دەوڵەتێکی تردا کە هەمان جۆرە سیاسەتی پەیڕەو کردبێ. لە کاتێکدا سیستەمی پێشکەوتووی تەندروستی لە تورکیا بە قووڵی ڕێژەی مردنی منداڵانی لەو وڵاتەدا کەم کردۆتەوە و بۆتە مایەی تەمەن درێژی بۆ دانیشتووان بەگشتی، سیستەمی کۆمەڵایەتی-ئابووری ڕێژەی گەلێ نزمتری لە بواری پەروەردە و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری لێکەوتۆتەوە لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردنشین کە خۆی لە خۆیدا گەلێ لەناوچەکانی ڕۆژاوا دواکەوتووترە، بۆیە دەبینین دەرفەتی کەمتری خوێندەواری و کار دەسکەوتن بۆ کوردەکان بەگشتی و ژنان بەتایبەتی دێتە دەستەوە. هەرچەندە سیستەمی دەوڵەتیی تورکیا توانیویە لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا ڕێژەی مردنی منداڵ لەسەرخۆ کەمترکاتەوە لەناو کورددا، دەرفەتی کەمتر بۆ ژنان ڕەخسێنراوە کە لە شێوازەکانی نەهێشتنی منداڵ بوون سوود وەرگرن، تا بەو جۆرە بتوانن چ ئاستی ژیانی خۆیان باشتر کەن و چ دەرفەتی زۆرتری کار پەیدا کردن بێننە دەست. هەرچەندە ئەوانەی لە ڕووی ئەتنیەوە خۆ بە تورک دادەنێن ڕێژەی منداڵبوونیان گەیاندۆتە ئاستی وڵاتە ئەوروپاییەکان، هاووڵاتیە کوردەکان هەر لەسەر شێوازی وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێ دەخورێن.

هەمان دیاردە کە بە پەلە خەریکە تورکیا زۆرتر دەکوردێنێ، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و کاریگەر توانی ڕێژەی سپی پێستەکان لە وڵاتێکی وەکو ئەفەریقای باشوور لە (٢٨٪)ەوە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا بۆ ١٦٪ داشکێنێ لە ١٩٧٠ و ١٠٪ لە ڕۆژی ئەمڕۆدا. بەشێوەیەکی گشتی ئەو ئەوروپاییانەی کە لە (١٩٠٠)دا سێ یەکی هەموو جیهان بوون، ئێستا تەنها (٩٪)ی ژمارەی گشتی دانیشتووانی جیهانن.

بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە، نەشونماکردنی دیموگرافی کورد لە تورکیا لەسەر تەرزهەڵدانی گشتیی دیموگرافی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست حیساب کراوە، (واتا بە بەراوردکردنیان لەگەڵ ڕێژەی زۆر نزم و لەسەر خۆی ئەورووپا کە تورکەکان لەسەری دەڕۆن بڕوانە خشتبەندی ژمارە ٤ ب) هەر لەم بوارەدا، ڕێژەی نەشونما کردنم لە وڵاتانی سوریا و ئێران و عێراق لە ساڵێکدا کردووە بە بنەما بۆ حیسابکردنی ژمارەی دانیشتووانی بیست ساڵی

ڕابردووی كوردستان. لەمە تەنها دەیەی شەستەكانم بواردوە، كە ڕێژەی دەوڵەتی لە توركیا ژمارەی گشتی كوردانیش دەگرێتەوە، چونكە لە كاتێكدا كە (١٩٥٠) كاندا كوردەكان لە توركیا خێراتر لە توركەكان زیادەیان كرد، لە دەرەوەی توركیا وانەبوو. بەم جۆرە، ئەمسەرو ئەوسەر، ئامارە دەوڵەتیەكانی توركەكان ڕاست و دروست دەردەچوون.

ئەم پەرەسەندنە دیموگرافیەی كورد ئێستا خەریكە خۆی لە باری جوگرافیشدا دەنوێنێ، بەتایبەنی لە توركیا. زۆربەی مەڵبەندەكانی گوزەران لە توركیا خەریكن بەرەبەرە دەكەونە ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە، ئەم ڕاستییە بۆتە مایەی بكێشكردنی ئاپۆرایەكی خەڵكی كەم گوزەرانی كورد لە ئەنەدۆڵەوە كە ناوەندی چڕی دیموگرافی كوردە ڕووەو ڕۆژاوا لە چیاكانی زاگرۆسەوە، بۆ چیاكانی تۆرۆس و پۆنتۆس (بڕوانە شارنشینی و ناوەندە شارنشینیەكان). ئەمە ئاوەژوكردنەوەی ئەو كارەیە كە بیزەنتییەكان نزیكەی ١١٠٠ ساڵ لەوەبەر دەیانكرد و كوردیان لەناوچەكانی تورۆس و پۆنتوس دەردەپەڕاند.

سەرەڕای هەموو ئەو لێڵاییەی لە بارەی ژمارەی گشتی كوردانەوە، لەناو هەموو ئامارگیریەكاندا هەیە، باوەڕی گشتی وایە كە ئەمڕۆكە كورد دوای عەرەب و فارس و تورك چوارەم گەورەترین پێكهاتەی ئەتنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن پێكدێنێ.

زۆربەی زۆری كوردان لەم دەمەدا لە توركیادا جێگیرن (٥٢٪ی گشت كوردان پێكدێنن) ئینجا ئێران بە (٢٤،٢٥٪)ەوە، پاشان عێراق بە (١٦،٨٪)ەوە، دوایی سوریا بە (٩،٤٪)ەوە و ئینجا یەكیەتی دەوڵەتە سەربەخۆكان بە (١،١)ەوە. تا ساڵی ١٩٧٥، كوردەكانی عێراق ١٧،٥٪ی هەموو كوردانیان پێكدەهێنا، ئەو بەشە زۆرەی كوردانی عێراق كە پاش ڕووداوەكان لە ئێران بوون بە پەناهەندە لە ژمارەی كوردی عێراق داماڵراون و چوونەتە سەر كوردانی ئێران لە ڕووی ئاماریەندیەوە چونكە لە هەموو لایەنێكەوە لەگەڵ بارودۆخی تازەیاندا گونجان و جێگیر بوون، بەم جۆرە (١٦،٨٪)ەكە ئەو داشكانە كۆنەی دانیشتووانی كوردی عێراق دەردەخا، نەك ئەو زیانە گەورانەی لە (١٩٨٠)كان و ١٩٩١ لێیان كەوت چونكە پۆرتاخی ئەمەی دوایی هێشتا بە باشی دەرنەكەوتوە، بۆیە، بە زۆر مەزەندە ژمارەی گشتی كوردان ئێستا لە عێراقدا لە (١٢٪)ی گشت كوردان تێناپەڕێ.

## خشتبەندی ژمارە (٣): تەرزبەندییەکانی دیموگرافی کوردان لە سەدەی بیستەمدا.

| ساڵ | تورکیا | | | ئێران | | | عێراق | | | سوریا | | | قەفقاس + ئاسیا ناوەند | ٪١٠٠ گشتیی گۆڕان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | گشت | کورد | ٪١٠٠ | گشت | کورد | ٪١٠٠ | گشت | کورد | ٪١٠٠ | گشت | کورد | ٪١٠٠ | کورد | کورد | دەیەی پێشوو |
| ١٩٠٠ | ١٢,٢ | ٢,٩٩ | ٢٢,٥ | ١٠ | ١,٢ | ١٢ | ٢,٢٥ | ٠,٦١ | ٢٧ | ١,٧٥ | ٠,١٧ | ١٠ | ٠,٠٧ | ٥,٠٤ | — |
| ١٩١٠ | ١٤,٢ | ٣,١٥ | ٢٢,٢ | ١١,٨ | ١,٢٥ | ١١,٥ | ٢,٢٩ | ٠,٦٤ | ٢٨ | ٢ | ٠,١٨ | ٩ | ٠,٠٦ | ٥,٣٨ | ٦,٧٥ |
| ١٩٢٠ | ١٣,١ | ٢,٨٥ | ٢١,٧ | ١٠ | ١,٢٠ | ١٢ | ٢,٥ | ٠,٦٧ | ٢٧ | ٢,١ | ٠,١٨ | ٨,٦ | ٠,٠٥ | ٥,٠٥ | ٦,١٢- |
| ١٩٣٠ | ١٤,٤ | ٢,٩٥ | ٢٠,٥ | ١٢,١ | ١,٥١ | ١٢,٥ | ٣,٠ | ٠,٧٥ | ٢٥ | ٢,٢٥ | ٠,٢٩ | ١٢,٩** | ٠,٠٧ | ٥,٥٧ | ١٠,٣ |
| ١٩٤٠ | ١٧,٨ | ٣,٣٩ | ١٩,١ | ١٣,٨ | ١,٦٦ | ١٢ | ٢,٨ | ٠,٨٧ | ٢٣ | ٢,٥ | ٠,٢٦ | ١٠,٤ | ٠,١٣ | ٦,٣١ | ١٣,٢٩ |
| ١٩٥٠ | ٢٩ | ٣,٩٧ | ١٩ | ١٧,٥ | ٢,١ | ١٢ | ٤,٧٧ | ١,١ | ٢٣ | ٢,٢٥ | ٠,٢٢ | ٩,٨ | ٠,١٢ | ٧,٦١ | ٢,٦ |
| ١٩٦٠ | ٢٧,٨ | ٥,٢٥ | ١٨,٩ | ٢٢,٦ | ٢,٧١ | ١٢ | ٦,٥ | ١,٤٦ | ٢٢,٥ | ٤,٤٢ | ٠,٤١ | ٩,٢ | ٠,١٦ | ٩,٩٩ | ٣٦,٣٧ |
| ١٩٧٠ | ٣٦,٠ | ٧,٠٤ | ١٩,٥ | ٢٨,٧ | ٣,٥ | ١٢,٢ | ٩,٨ | ٢,٢٥ | ٢٣ | ٦,٦ | ٠,٥٩ | ٩ | ٠,٢٢ | ١٣,٦١ | ٣٦,٢٤ |
| ١٩٨٠ | ٤٦,٠ | ٩,٧٨ | ٢١,٢ | ٣٩ | ٤,٨ | ١٢,٤ | ١٣,١ | ٣,١٥ | ٢٥* | ٩,١ | ٠,٨٣ | ٩,١ | ٠,٢٨ | ١٨,٨٤ | ٢٨,٢٤ |
| ١٩٩٠ | ٥٦,٧ | ١٣,٦٥ | ٢٤,١ | ٥٥,٦ | ٦,٦ | ١٢,٤# | ١٨,٨ | ٤,٤ | ٢٣,٥* | ١٢,٦ | ١,١٦ | ٩,٢ | ٠,٣٤ | ٢٦,١٥ | ٣٧,٢١ |

ژمارەی دانیشتووان بە ملیۆن دانراوە، (ژمارەکان نزیك کراونەتەوە).

تێبینی: لە هەندێ دەوڵەتی وەکو ئێران کە هەر پێنج ساڵ جارێك ئاماری گشتی دەکات، ئەو ژمارانەی کە بۆ دەساڵ دانراون بەرهەمی لێکدانەوەی خۆمن و پشتم بەرێژەی پەرەسەندنی ساڵانەی دانیشتووان بەستوە.

ژمارەی گشتی ئەو کوردانەی ئێستا (١٩٩١) لە عێراق دەژین لە ٥،٣ ملیۆندایە و بەمە تەنها ٢١،١٪ی ژمارەی گشتی دانیشتووانی عێراق واتە ٦،١٦ ملیۆن پێکدێنن، (ژمارەی گشتی دانیشتووانی عێراق کە ١٨،٨ ملیۆن بوو لە ١٩٩٠دا دەبێ ٢,٦ملیۆنی لێ دەربکرێ بۆ ئەو کوردانەی کە لەوێ دەربەڕیون و نزیکەی ١,٥ ملیۆن کرێکاری وڵاتانی تری عەرەب و شیعە سەرەڕای نزیکەی (٠,٢) ملیۆن کە بوون بە قوربانی جەنگ).

---

** ئەمە زیاتر لەبەر ئەوەی پەنابەرێکی زۆری کورد لە ئەنەدۆڵەوە ڕێچکەیان کردووە، لەمانە، نزیکەی (٥٠) هەزاریان لە ١٥ ساڵی دواییدا ڕوویانکردۆتە لوبنان و ئەردەن و فەلەستین.

* (لە ساڵی ١٩٧٥)ەوە لە عێراق کوردێکی زۆر بە تۆبزی ڕەمەندەی وڵاتانی دراوسێ، بەتایبەتی ئێران کراون. هەرچەندە زۆربەی ئەمانە دەگەڕێنەوە، بەڵام هەندێکیان هەر دەمێننەوە یان بەرەو دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرهەڵدەگرن.

# ڕێژەی سەدیی کوردان لە دانیشتووانی ئێراندا لەنێوان ١٩٧٠-١٩٩٠دا دابەزیوە (چونکە ڕێژەی سروشتیی پەرەسەندن لەوە نزمتر بوە کە دەوڵەت داویەتی) و لەوانەیە ئەو کوردانەشی تێخرابێ کە لەو دەمەدا لە عێراقەوە هاتبوونە ئەودیو و وێ نەچوو جارێکی تر نەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان.

* (لە ساڵی ١٩٧٥)ەوە لە عێراق کوردێکی زۆر بە تۆبزی ڕەمەندەی وڵاتانی دراوسێ، بەتایبەتی ئێران کراون. هەرچەندە زۆربەی ئەمانە دەگەڕێنەوە، بەڵام هەندێکیان هەر دەمێننەوە یان بەرەو دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرهەڵدەگرن.

سەرچاوەكان (سەربارى ئەوانەی كە لە دەقەكەدا ناويان هاتووە):

World Development Report(1986)، Turkey James Spitler&Michael Roof، Detail Statistics on the Urban and Population of Turkey 1950-2000(1982)

# ڕووكارەكانى ئايندە

ڕووكارەكانى دواڕۆژى بارى ديموگرافى كوردستان شان بەشانى ڕووكارەكانى ديموگرافى وڵاتانى سووريا و عێراق و ئێران دەڕۆن و لەگەڵ ڕێژەی پەرەسەندنى ئەوان ڕێ دەكەن لەجياتى ڕێژەگيرى پەرەسەندن لە هەرسێ وڵاتەكەدا (بە دابەشكردنى كۆی هەرسێكيان بەسەر سێدا وەرگێڕ) وەكو ئەوەی بۆ ساڵانى ١٩٧٠–١٩٩٠ بەكارهێنراوە، ژمارەی ناوەندى هەر سێ وڵاتمان بۆ ئەم مەبەستە دەنەزەر گرتوە. بەم جۆرە پەيوەنديى ديموگرافى ئەوانمان لەگەڵ هى كورددا بە ڕوونى بۆ دەردەكەوێ. هەر بەم جۆرە پەرەسەندنى گشتى ديموگرافيى كورد لە داهاتووی نزيكدا، هاوشان دەردێ لەگەڵ پەرەسەندنى ديموگرافى سووريا لە ماوەی ١٩٩٠–٢٠٠٠ و هى عێراق لە ماوەی ٢٠٠٠–٢٠٢٠ و ناوەڕاستى هى عێراق و ئێران لە ماوەی ٢٠٢٠–٢٠٥٠دا. لەبەر ئەوەی وا چاوەڕوان دەكرێ ئێران پەرەسەندنێكى ديموگرافيى گەلێ گەورەتر لە هى دوانەكەی تر دەستگيركا لە ٢٠٢٠ بە ئانەوە، ڕەچاوكردنى مەزەندە گيرييەكى مامناوەندى لەنێوان ئێران و عێراقدا ڕێكترە بەكاربهێنرێ، چونكە ئەو ژمارانەی بۆ پەرەسەندنى ديموگرافى كوردان دراون لە ڕێژە بەولاوە چى ترنين، بۆيە مەسەلەيەكى سروشتييە كە لە هەر ماوەيەكى دياريكراودا، دانيشتووانى دراوسێى ئەوتۆ هەبن كە ڕێژەی پەرەسەندنيان لە هى كوردان بەرزتر بێ هەروەها هى تريش هەبن كە ڕێژەی پەرەسەندنيان لە هى كوردان نزمتر بێ. خشتەبەندى ژمارە (٤ب) ئەم بەراوردكاريانە دەردەخا.

جارێكيان (جۆن ماينارد كينەس) لە سايشتێكيدا وتى: "زۆربەی جارەكان ڕووداوە مێژووييەكان بەهۆی گۆڕانى لەسەر خۆی ديموگرافيەوە دێنەكايەوە، بێ ئەوەی لەكاتى ڕووداندا هەستيان پێ بكرێ" دەتوانرێ كورد بە باشترين تاقيكەرەوەی ئەم ڕاستييە دابنرێ. ئەگەر تووشى لێقەومانێكى گەورە نەبن، كورد لە ساڵى (٢٠٠٠)دا دەبنە سێيەم گرووپى ئەتنى چڕی دانيشتووان لە ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاستدا، پاش ئەوەی جێگەی توركەكان لەم پلەيەدا

دەگرنەوە. جگە لەمە، ئەگەر ئەم ڕووکارە دیموگرافیە بەم نەزمە بڕوا، کەوێ دەچێ هەرواش بێ، لە ماوەی دووپشتدا کوردەکان لە خودی تورکیادا جێگەی تورکەکان دەگرنەوە لە چڕیی دانیشتوواندا و دەبنە زۆرینەی ئەتنی و دیسانەوە، وەکو لە سەردەمی حیثیەکاندا تا نەمانی بیزەنتیەکان، چۆن بوو، ئەوها زمانێکی هیندۆئەورووپی (واتە کوردی) دەکەنەوە زمانی سەرەکیی ئەو سەرزەمینە.

ژمارەی گشتی دانیشتووانی کورد بە نزیکەی (١) ملیۆن لە ساڵێکدا زیاد دەکا، لەوانەشە پاش ساڵی (٢٠٠٠) بپەڕێ بۆ (١،٥) ملیۆن و بەم نەزمە تا دەورووبەری (٢٠٢٠) دەڕوا پاش ئەوە پەرەسەندنی ژمارەی دانیشتووان کزتر دەبێ بەڵام بە شێنەیی تا دەگاتە کەمتر لە (١) ملیۆن لە ساڵێکدا پاش ساڵی (٢٠٢٥)، تا لە ساڵی (٢٠٤٥)دا دێتە سەر نیوەی ئەم ژمارەیە. ڕێژەکە لەنێوان ساڵانی ٢٠٥٥–٢٠٦٥دا دەچێتە سفر، چونکە ئەوسا ژمارەی گشتی کوردان دەکەوێتە قۆناغێکی دوور و درێژی لە کزیدانەوە بەهۆی چوونە ناو قۆناغی گەیوی دیموگرافی پاش مودێرنیتییەوە.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتربڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** P. Smith and T. Cuyler Young, "The Force of Numbers: Population Pressure in the Central Zagros 12000-4500 BC," *The Hilly Flanks, Essays on the Prehistory of Southwestern Asia* (Chicago: The Oriental Institute of the University of Chicago Press, 1982); B.B. Spooner, ed., *Population Growth: Anthropological Implications* (Cambridge: Harvard University Press, 1972), particularly, P. Smith and T. Young's article, "The Evolution of Early Agriculture and Culture in Greater Mesopotamia: A Trial Model"; P. Smith, "Iran 9000-4000 BC," *Expedition* 13 (1971); J.B. Bridsell, "Some Population Problems Involving Pleistocene Man," *Population Studies: Animal Ecology and Demography, Cold Spring Harbor Symposia in Quantitative Biology* 22 (Cold Spring, Colorado, 1957); T. Cuyler Young, "Population Dynamics and Philosophical Dichotomies," in L.D. Levine and T.C. Young, Jr., eds., *Mountains and Lowlands: Essays in the Archaeology of Greater Mesopotamia* (Malibu, California: Bibliotheca Mesopotamica, vol. 7, 1977); Ahmad Sousa, *Atlas of Iraq* (Baghdad, 1953); Peter Andrews, ed., *Ethnic Groups in the Republic of Turkey* (Wiesbaden: Ludwig Reichert Publisher, 1989); T.F. Aristova, "Poyezdka k Kurdam Zakavka'ya" ("A Visit to the Kurds of Transcaucasia") *Sovetskaya Etnografiya* VI (Moscow,

خشتبەندی ٤أ باری دیموگرافی كوردان لە ئێستاو دوای ڕۆژی نزیكدا.

| ساڵ | ١٩٩٠ | | | ٢٠٠٠ | | | ٢٠٢٠ | | | ٢٠٥٠ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەوڵەت | ١ | ٢ | ٣ | ١ | ٢ | ٣ | ١ | ٢ | ٣ | ١ | ٢ | ٣ |
| توركیا | ٥٦,٧ | ١٢,٧ | ٢٤,١ | ٦٥,٩ | ١٨,٧ | ٢٨,٤ | ٨٧,٥ | ٣٢,٣ | ٣٦,٩ | ١٠٥,٨ | ٤٧,٠ | ٤٤,٤ |
| ئێران | ٥٥,٦ | ٦,٦ | ١٢,٤ | ٧٣,٩ | ٩,٠ | ١٢,٦ | ١٣٠,٦ | ١٦,٢ | ١٢ | ١٩٢,٥ | ٢٢,١ | ١٢,١ |
| عێراق | ١٨,٨ | ٤,٤ | ٢٣,٥ | ٣٦,٥ | ٦,٤ | ٢٤ | ٤٤,٨ | ١٠,٩ | ٢٤,٥ | ٣٦,١٠ | ١٥,٠ | ٢٥ |
| سوریا | ١٢,٦ | ١,٣ | ٩,٢ | ١٧,٢ | ١,٦ | ٩,٢ | ٢٨ | ٢,٧ | ٩,٨ | ٣٣,٧ | ٢,٩ | ١١ |
| قەفقاس و ئاسیای ناوەند* | | ٠,٣ | | | ٠,٥ | | | ٠,٩ | | | ١,١ | |
| گشت | ٣٦,٣ | | | ٣٦,٢ | | | ٦٢,٠ | | | ٩٠,٢ | | |

١: ژمارە گشتی دانیشتووان. ٢: ژمارەی گشتی كوردان. ٣: ڕێژەی ١٠٠٪ی كوردان

خشتبەندی ٤ب ڕێژەی پەرەسەندنی دانیشتووان لە ڕابردوو و ئایندەی نزیكدا.

| دەوڵەت | پەرەسەندن لە ڕابردوودا (١٠٠٪) | | | پەرەسەندنی ڕەچاوكراو ١٠٠٪ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١٩٦٥ — ١٩٧٣ | ٧٣ - ٨٤ | ٨٤ - ٩٠ | ١٩٩٠- ٢٠٠٠ | ٢٠٠٠-٢٠٢٠ | ٢٠٢٠-٢٠٥٠ |
| توركیا | ٢,٥ | ٢,٢ | ٢. ١ | ١٦,٢ | ٣٢,٧ | ٢,٩ |
| ئێران | ٣ | ٣,١ | ٣,٦ | ٣٢,٩ | ٧٦,٧ | ٤٧,٤ |
| عێراق | ٣,٣ | ٣,٦ | ٣,٩ | ٤١,٠ | ٧١,٨ | ٣٨,٨ |
| سوریا | ٣,٤ | ٣,٤ | ٣,٨ | ٣٦,٥ | ٦٢,٨ | ٢٤ |
| كورد | ٣,٥ | ٣,٨ | ٣,٧ | ٣٦,٥ | ٧١,٨ | ٤٣,١ |

ژمارەی دانیشتووان بە ملیۆن دانراون.

هەموو ژمارەكان نزیك خراونەتەوە

**سەرچاوەكان:-**

World Population Datasheets(Washington DC, Population Raference Bureau annual report sheet for 1990)

---

* سۆڤییەتی پێشوو.

# شارنشینی و مەڵبەندە شارییەکان

پاشماوەی بەپاوەی هەندێ شوێنەوار لە کوردستان باس لە یەکەم هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەکەن لەگەڵ شارستان نشینییدا لەم ڕووەوە، کۆنترین مەڵبەند، کە دەکرێ بە شار ناوببرێن نەك بە گوند، لە کوردستاندا دۆزراونەتەوە. کۆنە شارێك لە گوندێك بەوە جیادەکرێتەوە کە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی لە چەندین چین و پیشەوەر پێکهاتووی ئەوتۆی تێدا نیشتەجێ بێت کە هەر یەکە لە ئەندامانی دەسگیرکردنی جۆرە کاڵایەکی بەکارهێنانی بەدەستەوە بێ و بۆ ئەم مەبەستە سەرزەمینیکی دیاریکراوی بەدەستەوە بێ و پەرەسەندنی ئابووری خۆی لەسەر بنەمای ئەو سەرچاوانەی بەدەستیەوەن بدەمێنێ و خاوەنی هێزێکی وڵات پارێزی چەکداریان میلیشیاتەوار بێ بۆخۆی. لەم دواییانەدا، نوسینیش بۆ یادداشتکردنی سەوداکاریە بازرگانیەکان و پێویستی تر خرانە پاڵ ئەوانە (بڕوانە پێشکەوتنەکانی پێش مێژوو سەرەتاکانی پەیدابوونی تەکنۆلۆجیا).

ئەگەر گشتیان نەبێ، زۆربەی ئەم شارە سەرەتاییانە قەڵەمرەوی دەسەڵاتی خۆیان بەرەو کۆمەڵە گوندەکانی دەورووبەریان ڕادا و ئەمە بوو بەهۆی پەیدابوونی شارە دەوڵەت شارە دەوڵەتەکانیش، بەرەبەرە تەنییانەوە و شارە دەوڵەتەکانی تریان هەڵلووشی، تا قەوارەیەکی ئەوتۆیان لێکەوتەوە، کە دەتوانین پێیان بڵێین شانشین (Kingdoms) و شارە مەزنەکانیان بۆ بوو بە پایتەخت.

ژمارەیەکی زۆری کۆنە شوێنەوارەکان لە کوردستان ئەم پێناسەیەیان پڕ بە پێستەو دەتوانین بڵێین لە سەرەتادا کۆنەشار بوونە. نموونەی هەندێ لەناوە ناودارەکانی ئەم بابەتە چای ئۆێنو (کوردستانی ڕۆژاوا )، چەرموو تەپەگەورە (کوردستانی ناوەند)، گەنج دارا و گۆدین (کوردستانی باشوور)ن کە هەموو بەر لە ٥٠٠٠ی پێش میلاد دروستکراون. گەلێ شوێنەواری شارستانی تەباری تر کە لەوانە نوێترن لە دەشتەکانی کوردستاندا هەن و هی قۆناغی پێش مێژوون (دەورووبەری ٣٠٠٠ پێش میلاد)، و لە هەموویان گرنگتر شوێنەوارەکانی سی گایی و حاجی فیرۆزن.

## چەردەباسێك لە بارەی كوردانەوە

كە قۆناغی مێژوو هاتە كایەوە، شارنشینی بوو بوو بەشتێكی باو لە كوردستاندا. شارە كوردنشینەكان، ژمارەیەكی كەمیان نەبێ، هەموو لە دانیشتواندا تەنك بوون و هەر یەكەیان نزیكەی دەیەكی دانیشتووانی شارێكی ئێستاكەی ولاتی مێزوپۆتامیای تێدا دەژیا، بەلام بە ژمارە زۆرتر بوون لە هی ئەو ولاتە.

ڕووخسارێكی تری ئەم شارە سەرەتاییانە لە كوردستاندا بە نووسین لەسەر تاشەبەردینەكانی سەردەمی ئاشووریەكان لە سەدەكانی ٩ و ٧ی پێش میلاددا باس كروان. لە هەموو ئەو شارانەی كە كەوتبوونە بەر ئابلۆوقەو تالانكردنی ئاشووریەكان لە بلندییەكانی كوردستاندا، وەكو دەردەكەوێ چۆرە نەخشەكێشانێكی شارستانی تاكی كورد شێواز بەكارهێنرابێ (بڕوانە بیناسازی و نەخشەسازی شارستانی).

هەندێ شاری كوردنشینی ئەم سەردەمە مێژووی یەكجار دێرینی خۆیان دەبەنەوە سەر ئەو مەلبەندە شارنشینە كۆنانە، بۆ نموونە، هەمەدان و ئەربیل و مەلاتیەی ئەم دەمە، ئەكباتانا و ئەربائیلۆ و (ئەربێلای ناونووسراوە یۆنانی و لاتینیەكان) و مەلیدی (مەلیتینەی ناو نووسراوە یۆنانی و لاتینیەكان)ی ئەو سەردەمەن. زۆربەی ئەم شارانە لە ماوەی ٤٠٠٠ سالی ڕابردوودا ئاوەدان بوونە. ڕاستییەكەی، ئەو وێرانانەی كە نیشاندەری ئەو ئاوەدانیەن هێشتا لەناو جەرگەی هەمەدان و ئەربیل و مەلاتیە و شاە ئاباد و كرماشان هەر بە پێوەن.

زۆربەی شارە كوردنشینەكانی ئەم سەردەمە، دەتوانن مێژووی ڕاست و ڕەوانی خۆیان تەنها تا سەرەتای قۆناغی كلاسیك (سەدەی پێنجەمی پێش میلاد) ببەنەوە كەنگاوەر (كانكوباری دێرین)، دینەوەر (دون)، كرند (كارینا)، سەقز (ساكایەس)، سولەیمانی (شارەزوور)، كەركووك (كەرخو دەبێت سەلوخ)، شەهرەبان (سەتراپ)، دیاربەكر (ئامەد) ئورفە (روها) و ماردین (ماردیس) بەشێكن لەمانە.

كۆتایی قۆناغی كلاسیك و سەرەتای سەدە ناوەندیەكانی مێژوویی كورد بە باشی بەلگەبەند كراون، چونكە لەو سەردەمانەدا شارە كوردنشینەكان چەندین كەرەستەی بەلگەبەندییان تێدا هەبوو (بڕوانە مێژوویی كلاسیك) پاراستنی ئەم كەلەپوورە بەنرخە خۆی لەخۆیدا كارێكی شایستەی ستایشە و دەتوانرێ بە بەرهەمی خەمخواردنێكی باشی شارستانیەت دابنرێ كە بۆتە مایەی پاراستنی لەو سەردەمەدا. لەپال ئەوانەشدا، بەلگەی تر

هەن کە پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکەن کە دەڵێ ڕادەی شارنشینی لەو سەردەمەدا لە پەرەسەندندا بوە.

چ سەرچاوە خۆبییەکان، چ ئەوانی بێگانە لە چەند جێگا باسی چەندین شاردەکەن کە شازادەکانی ساسانی و هی تر لە کوردستاندا بنیاتیان ناون، لە پاڵ ئەمەشدا نیشانەی زۆری جموجۆڵکردنی خەڵکیش هەن کە بۆ شارنشینی ڕوویان کردۆتە ئەو شارانە، چ لەناوچەکانی دەورووبەریان چ لە شوێنی دوورەوە. کەرکووک نموونەیەکی ڕێك و پڕ بە پێستە بۆ ئەم باسە (بڕوانە ڕەهەندەکردن و بەزۆر جێگیرکردن).

سروشتی شارستانیەت تەباری نیسبەتەن بەهێزی کۆمەڵگای کوردەواری بە باشی لە چاخەکانی سەرەتای ناوەند و ئیسلامەتیشدا هەر بەردەوام و کاریگەر بوو، هەرچەندە لە دەورووبەری سەدەی دوانزەیەمدا تا ڕادەیەك خاو بوەوە، ئەم بارە نوێیە هاوکات بوو لەگەڵ هێرش هێنانی کۆچەرە تورکەکان بۆ ناو وڵاتەکە و لەوێوە ملنانیان بەرەو ڕۆژاوا زەمین. گۆڕانی خێرای ئابووری کوردەواری بۆ ئابووریەکی کۆچەریانەی لاواز و کەم دەرەتان لە سەرەتای سەدەی شانزەیەمەوە، هەروەها بەرپابوونی شەڕ و شۆڕی دوا بەدوای یەك، ڕەهەندەکردن، و جۆڵکردنی مەڵبەندە دێهاتیەکان گشت پێکەوە شارە کوردنشینەکانیان کردە دوورگەی لێکبڕاو و شارەقەڵاو قەڵایچەی سەخت لەناو دەرو دراوسێیەکی مەڕومالات لەوەڕێنی دژە شارنشینی چڕ و بەرفراواندا. جگە لەمە لە کارکەوتن و کۆتایی هاتنی بازرگانیی ڕۆژهەڵات – ڕۆژاوا بە کاروانەڕێیە مەزنەکانی کوردستاندا بەهۆی شەڕ و شۆڕی نەبڕاوە و ڕووکردنە بازرگانیی دەریایی بە دەریاکانی باشووردا، سفرەی بەرەکەتی لە مەڵبەندە شاریە کەونارا و دێرین و پڕ کارەکانی کوردستان لوول دا.

قەڵا و قەڵایچە ڕوختە و جوان و بەدیمەنەکانی باکوورو ڕۆژئاوای کوردستان، وەکو پاڵەوانی بەهێز و بۆشناخ بەسەر لووتکەی چیا و بڵندایییەکانەوە قووت بوو بوونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێستا ئەمانە بنکەی پێشەوەی پاراستن، یان ماڵ و هێلینی سەرەك هۆزە زەبەردەستەکانی کوردن، بەڵام ئەوەش بە بای گوێی بینەردا دەدەن کە سەردەمانێك شار و بازێری هەرە پڕو چڕی کوردنشین بوونە، دوایی بەرەبەرە کراون بە مەڵبەندی سوپاسروشتی دوور لە شێوە و شێوازی شارنشینان. هەرچەند بچووك بوون لە قەوارەدا، بەڵام خنجیلە بوون

چەردەباسێك لە بارەی كوردانەوە

لە دیمەندا و لە چەند هەزار كەسێك و چەند ماڵباتێكی ئەریستۆكرات بەولاوە كەسی تریان بۆ بەخۆوە نەدەگیراو لە سێبەری ئەم ماڵباتە ئەریستۆكراتانەدا ناسكترین جۆری هونەر و فەرهەنگ چەكەرەیان دەردەكردو دەگەشانەوە. هەموو بەهرەیەكی بریسكەدار لە ژیانی فەرهەنگیی سەرەتای چاخە نوێیەكانی كوردانـدا، لەناو ئەم شارە قەڵاشێوانەدا گوزەرانێكی پشت ئەستوور و دەستەبەركراوای دەست دەكەوت و دەیتوانی بە باشی فووی گەشانەوە بە بەهرەو تواناكانی خۆیدا بكاو دایانبەستێ نموونەی بەرچاوی ئەم بەهرەدارانە، مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی بە ناوو دەنگن (بڕوانە وێژە).

مەڵبەندەكانی شارستانی كوردستان، تازە تازە وا خەریكن تۆزی نزیكەی (٨٠٠) ساڵ سەرەنگرێی و دواكەوتنی یەكبین لە خۆیان دەتەكێنن. دەتوانین بڵێین لە (١٩٥٠)كانەوە، ژیانی شارستانی بەرەبەرە كەوتۆتەوە وەرگرتنەوەی تین و بایەخەكەی جارانی.

ئێستا یەك شاری كوردنشین هەیە كە ژمارەی دانیشتووانی خۆی بدا لە یەك ملیۆن كەس ئەویش (كرمانشاه/ كەرمانشاه /كرمانشان)ە دوو شاریش هەن كە خۆیان بدەن لە نزیكەی نیو ملیۆن (دیاربەكیر/ دیاربەكر و كێركوك/ كەركوك)، چواریش كە ژمارەی دانیشتووانیان لەنێوان چارەكە ملیۆنێك و نیو ملیۆندا (مەلاتیە، ئورفە/ شانڵی ئورفە، ئەربیل/ هەولێر، سولەیمانیە/ سلێمانی و هەمەدان) و ١٨ شاریش لە ١٠٠٠٠٠–٢٥٠٠٠٠ كەس (تونجەلی/ دیرسم/ دەرسیم، بینگۆل چاپاغچور، مووش، ئاگری/ قەرەكوسە/ كوسە، سەنەندەج سنە، مەهاباد/ ساوج بولاخ/ سابلاخ، شاە ئاباد/ هارون ئاباد/ ئیسلام ئاباد/ شائاباد، خانەقین، ماردین، ئادیەمان، ئەردەهان، ئێلازیغ/ خەرپووت، ئەرزنجان ئەرزنگان، غازی ئەنتێپ/ ئەنتێپ، دوهۆك/ دەهوك، كفری قوچان قۆچان و پولاتلی) ناوی باوی هەر شارە، چەند ناوی تری لە پەنادا هەیە، ناوە كوردیە ڕەسەنەكە ئەوەیە كە بەپیتی جیاواز نووسراوە، (بڕوانە نەخشەی ژمارە ٣٥و ٣٦).

بەهەمان شێوەی پەروەردە، شارنشینیش نیشاندەرێكی باشە بۆ دەرخستنی تێكەڵاوبوون یان كێشانەوەی كوردان لە چوارچێوەی ژیانی نیشتمانی و مەودای دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتانەی تێیاندا دەژین مرۆڤ ئەگەر ئامارگریەكانی دەوڵەت لەسەر پەروەردە و شارنشینی بەكاربێنێ و لێكیان بداتەوە دەگاتە هەندێ سەرەنجامی سرنجكێش. ئەم ئامارگیریانە بە توندی دووقۆڵی ڕاستە و خۆی نێوان ڕێژەی خوێندەواری و شارنیشنی دەردەخەن، لە كاتێكدا ڕێژەی

خوێندەواری خۆی ڕاستەوخۆ هاوبەندە لەگەڵ ئاستی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بواری پەروەردەدا (بڕوانە پەروەردە و ئاوێتە بوون و تێکدا توانەوە) تەنها لە عێراق و ناوچەکانی سەر بە یەکێتی سۆڤیەتی بەرێ کوردان لەو دەسکەوتە پەروەردەییە سوودمەند بوونە، و هەر لەوێش بەرزترین ڕادەی شارنشینی لەناو کورداندا خۆی دەنوێنێ لە کاتێکدا، لە تورکیا کە کوردان کزترین مافی ئەتنیکی و فەرهەنگی و زمانییان هەیە و نیە و دەکەونە بەر توندترین شاڵاوی تواندنەوە، لە ڕووی شارنشینیەوە هەرێمە کوردنشینەکان و کوردەکان بەشێوەی گشتی لە هەموو هەرێمەکانی دیکە کز و لاواز ترن و تەنانەت خۆ نادەن لە نیوەی ڕادەی نیشتمانی وڵاتەکەش. لە ئێران ئاماری ساڵی ١٩٨٦ وای نیشاندا کە ڕێژەی نیشتمانی شارنشینی خۆی دەدا لە ٥٤،٢٪. ئەم ڕێژەیە لە هەرێمەکانی ئازربایجانی ڕۆژاوا، کوردستان، کرمانشاهان و ئیلام یەك لە دوای یەك خۆی دەدا لە ٤٥,٨٪، ٣٩,٦٢٪، ٥٦،٢٨٪ و ٤٠،٨٠٪ی کۆی گشتی دانیشتووان، هەرچەندە ژمارەکان لە ڕووی وردییەوە زۆر جێی متمانە نین. ئەگەر دانیشتووانی دوو شاری گەورەی کرماشان و ئورمیە بە لێکدراوای لەم ژمارانە دەرکەین، چونکە ناکرێ بە بەڵگەی شارستانی کوردان دابنرێن بە تەنهایی، ئەوا ڕێژەی سەد لەسەدی ئازەربایجانی ڕۆژاوا و کرمانشاهان دادەشکێ بۆ ٣٢٪و ٣٦٪و بەمە هەرێمە کوردنشینەکان دەبنە کەمترین شارنشین بووی هەر (٢٤) هەرێمەکەی تری ئێران. هەرێمی کوهگیلۆیەی پڕ دانیشتووانی پەز لە وەرینیان لێدەرچێ، تەنانەت هەرێمێکی دووردەستی چەپی وەکو پلوچستانیش زیاتر لە کوردستان شارنشینتر دەردەچێ.

دوو هەرێمی هەمەدان و لوڕستانیش کە دراوسێی کوردستانن و دانیشتووانێکی زۆری کوردنشینیان تێدایە، ئەوانیش بە ڕێژەی ٣٧،١٪و ٤٦،٦٪ ڕادەیەکی نزمی شارنشینیان بەردەکەوێ.

بە پێچەوانەی پەروەردە و خوێندەوارییەوە، پەیوەندیەکی دووقۆڵی ئەوتۆ بەهێز لەنێوان ئاوێتەبوونی ئابووری کوردستان لەناو دەوڵەتە ناوخۆییەکان و ڕادەی شارنشین بوونی کورداندا بەدی ناکرێ. بۆ نموونە، لە ئێران هەرچەندە ئاوێتەبوونی ئابووری لە هەرێمە کوردنشینەکان بەهێزترە کەچی کوردانی ئێران و هەرێمەکانیان هێشتا لە هەموو کەمینە و هەرێمەکانی تری ئێران لە ڕووی شارنشینیەوە کزترن.

بەشێوەکی گشتی، کوردان لە هەموو گرووپە ئەتنییەکانی تری ئێران و سوریا و تورکیا لە رووی شارنشینییەوە کزترن، و لە عێراقدا تۆزێك لە رێژەی گشت وڵات لە خوارترەوەن.




نەخشەی ژمارە (35): شارو شارۆچکەی باشوور و ناوەند و رۆژهەڵاتی کوردستان



نەخشەی ژمارە (36): مەڵبەندە شارنشینەکانی کوردستانی ژووروو و ڕۆژئاوا.

لە کاتێکدا کە شارە کوردنشینەکان تا دێن پان و پۆڕتر دەبن، هەرچەند لەسەر خۆ و بە شێنەییش بێ، سەدەها گوند و شارۆچکەی کوردنشین لە عێراق لە شەڕوشۆڕ و ململانێ جۆراوجۆرەکاندا خاپوور کراون. ئەمە لە ئێرانیش بەشێوەیەکی جیاوازتر لە (١٧) ساڵی رابردوودا کراوەو زۆربەی دانیشتووانی ئەو ئاوایی و شارۆچکانە بە زۆر ڕەهەندەی شارەکان کراون، بەڵام لە عێراقدا بۆ دەرەوەی کوردستان ئاوارە کراون.

کوردستانی عێراق لەگەڵ گەلێ بەشی بەرامبەری لە کوردستانی ئێران بەشێوەیەکی کارەساتاوی بەر ئاکامەکانی ئەم بارەگرانە کەوتوون. شەپۆلی یەك لەدوای یەکی ئاوارەی کورد کە لە عێراقەوە بەرەو ئێران هەڵقوڵاون، بوونەتە مایەی بارگرانیەکی یەکجار گەورەی بەشەری بۆ شارە کوردنشینەکانی کوردستانی ئێران، سەرباری ئەو گوندنشینە کوردانەی سەر سنوور کە لە دەست دەرەنجامە مەینەتبارەکانی شەڕی ئێران و عێراقی ساڵی ١٩٨٠ ڕەهەندەی شارەکانی ئێران بوونە. بەگوێرەی ئامارە دەوڵەتیەکانی ئێران ٢٦٧٠٠٠ کوردی عێراق لە ساڵی (١٩٨٨)ەوە تەنها بۆ کرماشان هاتوون و بەمە ژمارەی دانیشتووانی شارەکەیان گەیاندۆتە نزیکەی یەك ملیۆن کەس. لە ئامارگیریەکانی دانیشتوواندا، دەوڵەتی ئێران پەنابەرەکان بە بەشێك لە دانیشتووانی وڵاتی خۆی دانانێ، لەبەر ئەمە گەلێ شاری کوردنشینی ئێران، لە ڕووی بەڵگە ڕەسمیەکانەوە، ژمارەی دانیشتوانیان کەمترە لەوەی کە هەیانە، بۆ نموونە، شارەکانی سەردەشت، بانە، مەریوان، پاوە و بۆکان، بە گوێرەی بەڵگە دەوڵەتیەکان تەنها نیوەیان سێیەکی دانیشتووانی ڕاستەقینەیان تۆمار کراون. بەهەرحاڵ زۆر بە ئاسانی دەتوانرێ ژمارەی ڕاستەقینەی دانیشتووانی ئەم شارانە دەربخرێ، چونکە ئامارە ڕەسمیەکانی دەوڵەت هەم دانیشتووانی شارەکەو هەم ژمارەی ئاوارەکانیان باش دەستنیشان کردووە.

ئەو هەرێمانەی کوردستان کەوان لەناو سوریا و تورکیا و یەکێتی سۆڤیەتدا،کەمتریان لەم ڕووتێکردنە بەرکەوتوە بۆیە سیمای شارەکانیان لە ڕووی چڕ بوونەوە زۆر نەگۆڕاون.

پەرەسەندنی دیموگرافیی کورد لەو شارانەی تورکیادا کە دەکەونە دەورووبەری کوردستان و دوورتریش بەرەبەرە دەبنە مایەی گۆڕانی پێکهاتەی ئەتنی ئەو شارانە. بۆ نموونە، هەموو ئەو شارانەی دەکەونە دەوری زنجیرە چیای تۆرۆس هەر لە ئەرزنجان و ئەلازیگەوە بگرە تا دەگەیتە مەلاتیە و عێنتاب و مەراش، ئێستا یان بە زۆربە کوردنشینن یان لە کۆتایی ئەم

دەیەیەدا وایان لێ دێ، ئەم شارانە کاروانسەرای یەکەمن لەو هەڵپەی ڕووەو ڕۆژاوا جمینە ئابووریەی کوردان کە ئێستا وا لە پۆپەی جۆشاندا (بڕوانە کۆچکردنی سەردەم و دەربەدەری) ئەوانەی لەم جمینەدا لەو شارانە دەگیرسێنەوە دەچنە سەر بەشی کورد لە پێکهاتەی ئەتنی ئەو شارانەدا، ئەم شارانەی ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیاکانی تۆرۆس لەبەر ئەوەی لەسەر لێواری "ڕۆژهەڵاتی دڕندەن" بەرەبەرە دانیشتووانە تورک نەژادەکانیان دادەماڵرێن بێ ئەوەی لەجیاتی ئەوان خەڵکی نوێی تورک جێیان بگرێتەوە، بۆیە بە پەلە ئەم شارانە دەچنە ڕیزی شارە کوردنشینەکانەوە. هەر ئەم هۆکارە خۆی وایکردووە لەوانەبێ شارێکی پڕ دانیشتووانی وەکو دیاربەکر بە زوویی لە گەورە شاریی کوردنشین لە ئەنەدۆڵدا بکەوێ، و لەم بوارەدا مەلاتیە یان عەنتاب، کە خەریکی بە پەلەپەل دەماوێژن و بەرین دەبنەوە گۆی گەورە شاری لێ ببەنەوە.

لە قووڵایی هەرە ژوورووی باکوور، لە کاتێکدا شاری بچوکتری وەکو ئەردەهان، ئارپاچای و گوێل بە پێکهاتەی ئەتنی کوردنشینن، شارێکی گەورە و ستراتیژی وەکو قارس ئێستا بە نزیکەی (٣٠٠) هەزار کەس دانیشتووانەوە لە قووڵایی ڕۆژهەڵاتدا بۆتە بنکەی هەرە پێشەوەی ناکوردی تورکیای ڕۆژئاوایی. شارەکە ئێستا تازە وا خەریکە ئاشنایی لەگەڵ گرانایی شەپۆلی کۆچەرە کوردە لە کارگەرەکاندا پەیدا دەکات، لە کاتێکدا ئاوایی و دێهاتی دەوروبەری شارەکە، زۆربەی هەرە زۆریان کوردنشینن.

لەوێش دوورتر، کوردان، بە ئاپۆڕایەکی چڕەوە، لیسیان لە چەندین گەورە شاری تورکی وەکو ئەدەنە، ئەنقەرە و ئەستەموول داوە. لەو شارانەدا یانەو خانەی نەتەوەیی چاک و مەجلیس گەرمیان بۆخۆیان پێکهێناوە، بەڕادەیەک شاری ئەستەموول کە شارێکی جیهانی سیمایە، لە هەموو شارەکانی تری تورکیا، بە شارەکانی کوردستان خۆشیەوە، زیاتر کوردی گرتۆتە خۆی.

هەمان دیاردەی کۆچکردن کە تورکیا بەخۆیەوە دەبینێ، بە گورجی وا کەنە لە پێکهاتەی ئەتنیکی شاری وەکو هەمەدان و کرماشان، هەروەها چەند شاری تری ئێران دەکا وەکو ئورمیەو شاە ئاباد و کەنگاوەر کە جاران تێیاندا کورد لە کەمایەتیەک بەولاوە چیتر نەبوون (بڕوانە کەمایەتیە ئەتنیکیەکان لە کوردستاندا).

لە بەرامبەردا، شاری کەرکووک دووچاری وەزعێکی بە تەواوی پێچەوانەی ئەو شار و

شوێنانە بوە كە باسمان كردن، مەسەلەكە جێی سرنجە، كەركوك كە ناوەندی سەنعەتی نەوتی عێراقە، ئێستاكانە بۆتە مەڵبەندی زۆرینەیەكی عەرەب، لە كاتێكدا پێكهاتەی ئەتنی شارەكە هەمیشە تێكەڵ بوە.

گەشانەوەی شارەكە لە ڕووی ئابووریەوە لە نیوەی سەدەی ڕابردوودا، دەبوو بیكردایە بە گەورەترین ناوەندی شارنشینی كورد بە گشتی، بەڵام دەستێوەردانی دەوڵەت بۆ بەندوبەست دروستكردن لەبەردەم بە كوردبوونی شارەكەدا، نەیهێشتوە سیمای سروشتی كوردانەی خۆی وەربگرێ. دیارە ئەو باری ئەتنییەی ئێستا لە شارەكەدا باوە دەرەنجامێكی ڕاستەوخۆی ئەوەیە كە شارەكە بوەتە مەڵبەندێكی ئابووری ئەوەندە بە توانا، كە ئاپۆڕای خەڵكی لە كارگەڕی هەموو عێراقیی بۆلای خۆی بكێش كردووە.

هەمان بارودۆخ لە شارە نەوتدارەكانی ئێران، وەكو ئەهواز و ماهشەهر و ئابادان جێی سەرنجن، لەم هەموو كون و قوژبنێكی وڵاتەكەوە هاتوو، بە كوردیشەوە، ماش و برنج بووە.

لەم لاشەوە، مووسڵ كە پاش بەغدا گەورەترین شاری عێراقە، وا خەریكە بە دەست سەرتێكردنی یەكبینی كوردانی لە دەست شەڕی كوردستان دەرپەڕی و نقەنقی پێ كەوتوە... وەكو ئەزانین، شارەكە لە سێ لاوە بە دانیشتووانی كورد دەورەدراوە، ناوچەی نەبی یونسیش (نەینەوای دێرین)، كە دەكەوێتە بەری ڕۆژهەلاتی ڕووباری دیجلەوە بەر لە داهاتنی ئەم سەدەیەوە زۆرینەیەكی تەواوی كوردی تێدا جێ نشینە. لەبەر ئەوەی عەرەبەكانی دەورووبەری شارەكە ئەوەندە لە ژمارەدا چڕوپڕ نین و شارەكە خۆشی لە ڕووی ئابووریەوە هی ئەوە نیە كە عەرەبی شوێنە دوور دەستەكان بكێش بكا، ئەو پان و پۆڕبوونەی شارەكە ئێستا وا بە خۆیەوە دەبینێ، تەنها هی ئەوەیە كوردەكانی دەورووبەری تێی هەڵدەقوڵێن، كە زۆریەیان بریتین لەو خەڵكەی لە دەست شەڕی بێ ئامانجی دوو دەهەی ڕابردوو لە دەوروبەرەوە هەڵاتوون، یا خۆ ئەوانەی كە لە ئاكامی ئەم شەڕەدا ماڵ و موڵك و ئاواییان وێران بوەو بێ جێ و ڕێ ماونەتەوە. هیچ گومان لەوەدانیە كە هەر وەكو عێنتاب و مەلاتیە و كرماشان، مووسڵیش كە ئێستاكانە. یان پاش دە ساڵی تر دەبێ بەشارێكی زۆرینە كورد، وای لێدێ كە جێگەی هەولێر بگرێتەوە، وەكو گەورەترین شاری زۆریە كوردنشینی وڵاتی عێراق. مووسڵیش، وەكو عێنتاب و مە لاتیە و كرماشان، وەكو شارێكی فرە — ئەتنی دەمێنێتەوە و

هەمیشە سیمایەکی جیهانی زۆر جیا لە سیمای شارە کوردنشینەکانی ناوچەرگەی چیاکان دەبەخشێ. لەوانەیە ئەمانە لە دوارۆژدا ببنە کوردەشاری سەرەکی، بەو هەلپەو جۆشەی بۆ پەیداکردنی شارستانیەت دەیەن.

بۆیە دوارۆژێکی گەورەو گەشی پێشکەوتن و پەرەسەندنیان لەبەردەمدایە.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: Special note must be made of Gwyn Williams, *Eastern Turkey: A Guide and History* (London: Faber & Faber, 1972), for the historical background and current conditions of cities in western and northern Kurdistan in Anatolia. Also A.H.M. Jones, *The Cities of the Eastern Roman Provinces* (Oxford, 1937); Evliyâ Chelebi, *Siyâhatnâma: Narrative of Travels in Europe, Asia, and Africa*, 3 vols., trans. Joseph von Hammer (London, 1834-50); *The Population and Household Census, 1986* (Teheran: Iranian Census Bureau, 1987), "the secret edition"; William M. Masters, "Rowanduz: A Kurdish Administrative and Mercantile Center," unpublished doctoral dissertation (Ann Arbor: University of Michigan, 1953); R.H. Dyson, "The Death of a City (Hasanlu)," *Expedition* 2.3 (1960); R.H. Dyson, "Hasanlu and Early Iran," *Archaeology* 13 (1960); R.H. Dyson, "Excavating the Mannaean Citadel of Hasanlu...," *Illustrated London News* (September 9, 1961). An excellent resource on the Iranian Kurds, remains A. Razmara, ed., *Geographical Dictionary of Iran*, 10 vols. (Teheran: The Iranian Armed Forces Geographical Bureau, 1949-51). The text is in Persian, and still in print.

# کەمایەتیە نەتەوەیی یەکانی کوردستان

لە سەردەمیکی زۆر دێرینەوە، چەند کەمینەی نەتەوەیی غەیرە کورد لەناو کوردستاندا ژیاون (نەخشەی ژمارە ٣٧) هەندێکیان، وەکو ئاشووریەکان و قەرەپاپاغەکان ئەو پارچە زەویەی لەسەری دەژین لەناو خاکی کوردستاندا بە کۆنە سەرزەمینی خۆیان دادەنێن، هەندێکی تریان وەکو تورك، فارس، عەرەب، تورکمەن (تورکومان) و ئەرمەنییش لەلایەکی ترەوە، وڵاتی سەرەکیی خۆیان لە دەرەوەی کوردستان هەیە.

کوردۆیێف ساڵی ١٩٥٧، ژمارەی گشتی ئەو کەمایەتیانەی لەناو خاکی کوردستاندا دەژین بە نزیکەی چواریەکی دانیشتووانی وڵاتەکە مەزەندە کردووە. ساڵی (١٩٨٠) وانلی ژمارەی کەمایەتیەکانی کوردستانی عێراقی بە (٨،٦٪)ی ژمارەی گشتی وڵاتەکە داناوە و کە گوایە نیوەیان، واتە (١٣٠٠٠٠)یان تورکمانن (Challiand1980). بە هەرحاڵ زۆر گرانە بەڵکو لە کردنیش نایەت، بتوانرێ ئامارێکی دەقاو دەق و رێکی کەمینەکانی کوردستان دەربکرێ.

هەرچۆنێك بێ، مەسەلەیەکی دیار و ئاشکرایە کە ژمارەی ئەو غەیرە کوردانەی ئێستا لە کوردستاندا دەژین گەلێ لەهی سەدەیەك لەمەوبەر کەمترە. لەو سەردەمەدا ژمارەیەکی زۆری ئەرمەنی و ئاشووری و تورك و تورکمەن و عەرەب و ئازەری لە چوارچێوەی خاکی کوردستاندا نیشتەجێ بوون، بەڵام جەنگی یەکەمی جیهانی ئەم رایەڵەی بە تەواوی تێکدا لە (١٩٢٥)دا، هەموو ئەرمەنیەکان یان کوژرا بوون، یان هەڵاتبوون و تەنانەت لە کۆمەڵگەیەکی (١٠٠٠٠) کەسی لەولاوە ئاسەواریان لە وڵاتەکەدا نەمابوو، لە کاتێکدا لە سەرەتای سەدەدا، ژمارەیان خۆی دەدا لە نزیکەی نیوملیۆن کەس. ئاشووریەکان (کە ناوێکی تازە و نادروستە میسیونێرە رۆژاواییەکان بۆ مەسیحیە نەستۆریەکانی ناوچەکە دایان تاشیوەو ئەوان نەتەوەیەکی دێرین و بەشێوەی سەرەکی ئارامی زمانن) سەردەمێك بەشێوەیەکی چڕو پڕتر لە کوردستاندا، هەر لە دەوروبەری مووسڵەوە بیگرە تا گەیشتە کەنارەکانی گۆلی وان و ورمێ نیشتەجێ بوون و دوایی، پاش قەتڵوعامەکانی دوا دوای سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتایی سەدەی بیستەم ناچار هەڵاتن و سەری خۆیان هەڵگرت. ئەوان ئێستا لە لێوارەکانی کوردستان، نزیکی سەلماس و ورمێ لە ئێران و نزیکی دهۆك و هەولێر و مووسڵ لە عێراق و و قامیشلوو ماردین و سێرت لە سوریا و تورکیا دەژین. ئێستا لەوانەیە ژمارەیان لەناو کوردستاندا خۆی بدا لە (٢٥٠٠٠٠) کەس.




سەرچاوە: بەشێکی لە: S. Bruk and V. Apenchenko

Atlas Narodov Mira (Moscow: Akademii Nauk,1964) وەرگیراوە.

ئەوەندەی پەیوەندی بە جووولەكەكانەوە هەیە، زۆر ئاسان نیە بڕیار بدرێ ئایا دەكرێ جووولەكە كوردەكان بە كەمایەتیەكی نەتەوەیی دانێین یان ئەوانیش هەر وەكو (عەلەوی یان یەزیدیە كوردەكان بە كەمینەیەكی ئایینی بدەینە قەڵەم، چونكە ئەوان لە ڕووی فەرهەنگییەوە زیاتر بە پارێزەوە خۆیان بە كورد داناوە، لە كوردە غەیرە جووولەكەكان. بە هەرحاڵ، ئەوان ئێستا زۆرتر لە شارەكانی كوردستانی ئێران، وەكو سەنەندەج، كرماشان، سەحنە و هەمەدان نیشتەجێن، هەر چی ئەو كۆمەڵگە چڕە جووولەكە كوردەی عێراقە كە لە كەركووكەوە بگرە بۆ هەولێر و زاخۆ نیشتەجێبوون لە (لە پەنجاو شەستەكان)دا لەژێر فشاری دەوڵەتی بەغدادا بۆ ئیسرائیل باریان كرد.

زۆریەی ئەو توركانەی لە باكوور و ڕۆژاوای كوردستان دەژیان، لە (١٩٦٠)ەكانەوە وڵاتەكەیان بەجێ هێشتووە، لەبەر ئەوەی خۆیان بەرۆڵەی نەتەوەی باڵادەست دەزانی، هیچ هۆیەكیان نەبوو لە دوا كەوتووترین هەرێمی كۆماری توركیادا و لەناو گەمارۆی نەیارانەی خەڵكەكەی و لە بەر چنگی چالاكی گەریلایی پڕ جۆش و تەراتێنی سوپا و ئاكامی دەستەو یەخەی گەریلا و خەڵك لەلایەك و دەوڵەت و سوپا لەلایەكی ترەوە بمێننەوە. زۆر شاری كوردنشینی باكوور و ڕۆژاوا، كە سەردەمێك لە ئاوارەی تورك زمانی بەڵقانەكان جمەیان دەهات، بەرەبەرە دەستی بەڕێخستنیان بەرەو ڕۆژاوا و دەرەوەی خاكی كوردستان بۆ ئەم میوانانە ڕاوەشاند، پرۆسەكەش ئێستاش لەسەرخۆ بەردەوامە. ئەمانە لە كۆتایی جەنگی یەكەمی جیهانییدا لە كوردستان جێگیر بوو بوون و لەسەرزەمینانەدا دایان كوتابوو كە ئەرمەنیەكان، چ كۆچەریان چ وەرزێڕیان، بەجێیان هێشتبوو، ئێستا ژمارەی ڕۆژ بەڕۆژ لە كزیدەری ئەم توركانە كە لە كوردستاندا وەكو كەمینە دەژین لەوانەیە لەنێوان (٢،٥) ملیۆن كەسدا بێ.

ئازەریەكان، بەتایبەتی قەرەپاپاغەكان، لەم دواییەدا نێوانیان لەگەڵ كوردەكاندا تێكچوو. ئەمانە، كە شیعەی تورك زمانن، لە سێ پەڵە زەوی كوردستاندا، واتە لە ڕۆژهەڵاتی ئەردەهان و باشووری ڕۆژئاوای ئاگری لە توركیا و لەناوو دەوروبەری نەغەدە لە ئێران دەژین. بەڵام پەڵەی هەرە گەورەیان لە ئێرانە. قەرە پاپاغەكان، لە ئاكامی داگیركردنی قەفقاسیا لەلایەن ڕووسەكانەوە لە سەدەی نۆزدەیەمدا، لەوێوە هاتوونەتە ناو ئێرانەوە و لە هەرێمی سولدوزی

باشووری گۆلی ورمێ نیشتەجێ بوونە، مەڵبەندی ئێستایان شاری نەغەدەیە لەنێوان مەهاباد و شنۆدا (نزیك شوێنەوارە وێرانەکانی مانیەکان لە حەسەنلو). هەرچەندە تازە هاتبوون، بەڵام کوردەکانیان لەو شوێنانە هەڵقەندوو لە جێیان دایانکوتا. لەگەڵ دارمانی پادشاییەتی لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و کۆتایی هاتنی داگیرکردنی سوپایی هەرێمەکە شەڕێکی گەرم لەنێوان کوردەکان و قەرەپاپاغەکاندا قەوما لەسەر هەرێمی سولدوز و شاری نەغەدە، و تا ئێستاش مەسەلەکە نەبڕاوەتەوە و پێکدا پرژانی جار ناجارە هەر ڕوودەدا. ژمارەی لە ڕاستی نزیکی ئەم قەرەپاپاغانە لە کوردستان خۆی دەدا لە (١٠٠٠٠٠) کەس.

لە کاتێکدا کەمینەی ئازەری دانیشتووی هەرێمی بۆکانی کوردستانی ڕۆژاوا (باشووری ڕۆژهەڵاتی مەهاباد) هەمیشە لەگەڵ کوردەکاندا ناڕێك بوونە، ئەو پەڵەپەڵە ئازەریانەی لە کوردستانی باکوور لە دەورووبەری چیای ئەرارات و شارەکانی ئاگری و ئەرارات نیشتەجێن هەمیشە لەگەڵ کوردەکان بەوپەڕی تەبایی و خۆشیەوە ژیاون. لە نزیکی هەمەدان و سونگوڕو سەحنەش لە کوردستانی باشوور لە ئێران هەندێ پەڵەپەڵە ئازەری هەن، بەگشتی ژمارەی ئەو ئازەریانەی لەسەر خاکی کوردستان پەڵەیەك لێرە و پەڵەیەك لەوێ دەژین خۆی دەدا لە ١٥٠٠٠٠ کەس.

هەرچی کەمینەی تورکمانە لە دوو مەڵبەندی سەرەکی دەژین: لە عێراق، بەشێوەی پەڵەی بچووك بچووك لە هەڵەت و پێدەشتەکانی دامێنی کوردستان هەر لە کفرییەوە بگرە، تا مووسڵ بە کەرکووك و هەولێردا، لە تورکیاش لە ئەلازیگەوە تا مەلاتیە و عێنتاپ ژمارەی گشتییان لە عێراقدا خۆی دەدا لە (٣٦٠٠٠٠)کەس، لەوانەیە نیوەی ئەم ژمارەیە لەناوچە کوردنشینەکان نیشتەجێ بن، ئەم ژمارەیە وا دەگەیەنێ کە لە (١٩٤٧)ەوە ژمارەیان چوار جار زیادی کردووە، چونکە ژمارەیان لەو ساڵەدا بە گوێرەی ئاماربەندیەکانی عێراق خۆی دەدا لە (٩٢٠٠٠ (Batatu1978.48))، لەلایەکی ترەوە هیچ ئامارێکی باوەڕپێکراوی ئەوتۆ لە بارەی تورکمانەکانی کوردستانی تورکیاوە بە دەستەوە نین، چونکە ئەو ئامارگیریانەی لەو وڵاتە کراون خانە بەندییان بۆ گەلە تورك زمانەکان نەکردووە (واتە تورکەکان و تورکمانەکانیان جیا نەکردۆتەوە) کۆچەرەکانیان لێدەرچێ. بە هەرحاڵ، دەزگاکانی ئامارگیری دەوڵەت لەوەی ساڵی ١٩٦٥ بە دواوە ئیتر باسی جیاوازی ئەتنییان نەکردووە لەوانەیە ژمارەی تورکمانەکانی

ئەنەدۆڵ کە لە کوردستانی تورکیا نیشتەجێن خۆی بدا لە (١) ملیۆن.

هەروەها نابێ ئەو دوو پەڵە چەرکەسەمان لە بیرچێ کە لە کاغیزمان و باشووری عێنتاپ دەژین کە سەرباز و بن بار خۆیدەن لە ٥٠٠٠٠ کەس.

لە باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمینەیەکی فارس زمانی (٤٠٠ — ٥٠٠) هەزار کەسیش هێشتا هەر هەن، زۆربەی ئەمانە کۆنە کوردی شیعەی تواوەن کە لەکاتی چوونە سەر مەزەبی شیعە، زمانەکەشیان لە گەڵێدا فەرامۆش کردووە، ئەمە دیاردەیەکە، کە چەندین جاری تر لە مێژووی گەلی کورددا ڕوویداوە، کاتێك کە کۆمەڵێك دەستیان لە ئایین یان مەزەبی خۆیان هەڵگرتوە (بڕوانە کۆچکردنە مێژووییەکان و مەسیحیەت). ڕاستییەکەی، تا پشتێکیش لەمەوبەر کرماشان کە گەورەترین شاری کوردستانە زۆربەیەکی فارس بێژی تێدا بوو، لەوانەیە هەر ئێستاکە هەمەدان زۆرینەیەکی ئەوهای تێدابێ!

ژمارەیەکی زۆری خێزانی کوردی فارس یان، باشترە بڵێم تازە فارسێنراو، لە هەرێمە جۆراو جۆرەکانی کوردستانی ئێرانەوە، یان بە شارە گەورەکانی ئێراندا پەرتەیان کردووە یان ڕوویان کردۆتە وڵاتانی ئەودیوی دەریاکان و لەگەڵ خۆیاندا هەم سامان و هەم فەرهەنگی خۆییان بۆ ئەو شوێنانە بردووە. ئەو سیاسەتی چاکسازی زەوییەی کە دەوڵەت لەساڵانی (١٩٦٠)دا خستیەکار، توێژ و چینە پلە بڵند و ناوەندیە فارس زمانەکانی کوردستانی ئێرانی لە شوێنی خۆیان هەڵکەندو بەم لاو بەولادا پەرتەی پێکردن. جێگاکەیان، بە تۆخەیەوە و بە گورجی، لەلایەن سەرەك هۆزە کوردە دەستڕۆ و مۆڵکدارە ناوخۆییەکانەوە پڕکرایەوە، ئەم کردارە بوو بەهۆی گۆڕانی ناسنامەی ئەتنی گەلێ شاری کوردنشینی ئێران و شێوازی ژیانی شارستانی تێیاندا.

ئامارکردنی کەمینە عەرەبەکانی ناو کوردستان زۆر بە ئاسانی نایەتە دەستەوە، چونکە ژمارەیان هەمیشە بە گوێرەی هەوڵ و تەقەلای پشتەڵەك سیاسیانەی دەوڵەتەکانی سوریا و عێراق لە کەم و زیاد کردندایە کە لە هەڵپەی هێنانی تا دەکرێ عەرەبدا بۆ ناو خاکی کوردستان لە کۆششدان و مەسەلەکە بەندە بە دەستڕۆیشتنی دەوڵەت لەو ناوچانەدا و توانای پاراستنی عەرەبە هاوردەکانەوە. پەڵە پەڵەی ئەم کەمینە عەرەبانە لە کوردستاندا، زۆرتر لە دەوروبەری ئورفە و ماردین و سێرت لە تورکیا و هەولێر و کەرکوك و خانەقین لە عێراقدا

بەدی دەکرێن، بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم کە ئێستا کەرکوک زۆرینەیەکی عەرەبی تێدا جێگیرە (بڕوانە شارنشینی و مەڵبەندە شارنشینەکان). بەگشتی دەتوانرێ ژمارەی عەرەبەکانی دانیشتووانی کوردستان بە نزیکەی نیو ملیۆن بدرێتە قەڵەم، تازە هاتووەکان ئەوەندە جێگیر نەبوونە کە مرۆڤ بتوانێ بیانخاتە دەفتەرەوە.

دەوڵەتی تورک، کە لە سیاسەتی تورکخوازی و تورکاندنی نەتەوەکانی تردا شێتگیرانە لە هەڵپەدایە، تورکێکی زۆری ئاوارەی پەستاوەتە هەرێمەکانی کوردستانەوە. زۆربەیانی لەو شوێنانەدا لێداوە کە غەیرە کوردیان تێدانیە، هەرە دوا ڕەوەی ئەم ئاوارانە بریتی بوون لە (٥٠٠٠)قرغیزیی بڵندابیەکانی پامێری ئەفغانستان کە لە دەست هێزە داگیرکەرە سوڤیەتیەکان هەڵاتبوون، ئەم قرغیزانە لە دەوروبەری گۆلی وان لە کوردستانی باکوور جێگیرکران. بەرلەوە ڕەوەی گەورەتری قازاغ و تەتار و ئۆزبەگی لە ئاسیای ناوەندەوە هەڵفریوێنراو لەلایەن ئەنقەرەوە لە دەورو بەری وان و عێنتاپ و ئورفە گیرسێنرابوونەوە. ئەمانە ناچنە لیستەی کەمایەتیە نەتەوەییەکانی کوردستانەوە، بەڵکو وەکو ڕێبوار لە شێوەی ئەو عەرەبانەی ئەم دواییەدا کە سوریا و عێراق ناشتنیان و هێچیان لێ شین نەبوو، دادەنرێن.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: Peter Andrews, ed., *Ethnic Groups in the Republic of Turkey* (Wiesbaden: Reichert, 1989); Paul Magnarella, "A Note on Aspects of Social Life among the Jewish Kurds of Sanandaj, Iran," *Jewish Journal of Sociology* XI.1 (1969); G. Challiand, ed., *People Without a Country* (London: Zed, 1980); Walter Fischel, "The Jews of Kurdistan, a Hundred Years Ago," *Jewish Social Studies* (1944); Hanna Batatu, *The Old Social Classes and the Revolutionary Movements of Iraq* (Princeton: Princeton University Press, 1978).

**General Bibliography**

Huntington Ellsworth, "The Valley of the Upper Euphrates River and Its People," *Bulletin of the American Geographical Society of New York* 34 (1902); Ahmad Sousa, *Atlas of Iraq* (Baghdad, 1953); C.J. Edmonds, *Kurds, Turks and Arabs* (London: Oxford University Press, 1957); Henry Field, *The Anthropology of Iran* (Chicago: Field Museum Press, 1939); Henry Field, *The Anthropology of Iraq* (Cambridge: Harvard Peabody Museum of Anthropology, 1952); W.E. Ainsworth, *Travels and Research in Asia Minor* (London: 1842); J.C.A. Johnson, "The Kurds of Iraq," *Geographical Magazine* 11:50–59 (1940); Mark Sykes, *The Caliph's Last Heritage* (New York: Arno Press, 1973, reprint of the 1915 London edition); R.H. Dyson, "Ninth Century [BC] Man in Western Iran," *Archaeology* 17 (1964); D. Kinnane, *The Kurds and Kurdistan* (London: Oxford University Press, 1964); *Kurdish Times*, semi-annual journal of the Kurdish Library, Brooklyn, New York, 1985-present.

# فەسڵی پێنجەم

# ئایین

## سایشتێکی گشتی

بڵاوبوونەوەی زمان و فەرهەنگ و ڕەگەزی هیندۆئەورووپی (ئێرانی) بەناو کورداندا لە دوو هەزارەی بەر لە سەردەمی مەسیحیەتدا، لەگەڵ خۆیدا داب و ڕەسمە ئایینیە ئاریاییەکانیشی کێشایە ناو ئەو ئایین (یان ئایینانە)وە کە کوردان بەر لەوە لەسەری بوون. بەم جۆرە، زەردەشتیەت، جوولەکەیەتی، مانیزم و مەسیحیەت، یەك لەدوای یەك ڕێچکەیان بۆ ناو کوردستان بەست. یەکێك لە سێ ئاتەشگەدە هەرە پیرۆزەکانی زەردەشتیان، واتە ئەوەی ئازەرگوشەسپ، کە لە مەڵبەندی پیرۆزی گەنزەك (تەکاوی ئێستا) لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە دەورووبەری باکووری شاری بیجار بنیات نرابوو. کەلاوە بەدیمەنەکانی هێشتا هەر بەپێوەن. سەرەڕای ئەمەش، زەردەشتیەت نەیتوانی، هیچ ئاپۆرایەکی ئەوتۆ بەرچاوی کوردان وەرگێڕێتە سەر خۆی، ڕاستییەکەی ئەو ئایینە تایبەتی و خۆولاتیانەی کە کوردان لەسەری بوون، سەر باری ئەوەی کارێکی زۆریان کردە سەر خودی زەردەشتیەت، دوو جار هەوڵی هەڵلوشینیشیان دا.

لە پاڵ ئەمەدا، کۆمەڵگایەکی قەرەباڵغی جووی دوورەوەخراویش لە کوردستان دەژیا، ئەمانە هی سەردەمی ئیمپراتۆریی نوێی ئاشووریان بوون.. بە گوێرەی گێڕانەوەی تەلموود، ئەم ئاوارە جوولەکانە لەلایەن مالم و ڕابەرەکانیانەوە ئیزن درابوون کە تا دەکرێ خەڵکی کوردستانی ناوەند بۆ ئایینی جوولەکە پەلکێش و ڕێنمایی بکەن. ئەوان لەمەدا بە جۆرێك سەرکەوتوویوون کە نزیکەی گشت دانیشتووانی ولاتەکە هاتنە سەر ئەم ئایینە دوای ئەوە، مەسیحیەت لە جوولەکایەتی باشتر لە ولاتەکەدا بڵاویوەوە، کوردێکی زۆری دانیشتووی کوردستانی ڕۆژاوا و ناوەندیش وەرگەڕانە سەر مەسیحیەت، بەڵام هەندەی پێ نەچوو ئیسلام هاتە کایەوە، ئەمیش ڕەنگێکی هێنایە ناو ڕەنگە ئایینیەکانی دیکەی کوردستانەوە.

خشتەی ژمارە (٥) کە پێکهاتەی ئایینی کوردستان دەردەخا، دەرەنجامی ئاماریەندییە جۆرا و جۆرە دەوڵەتیەکان و کاری مەیدانی ئەتنوگرافیك و هەندێ سایشتی بێ لایەنی جیاجیان (بڕوانە نەخشەی ژمارە ٣٨)، (زانیاری زیاتر لە بارەی سنووری هەرێمیەکانەوە لە بابەتی "دابەشکاریە ناوخۆییەکاندا دراوە).



زانیاریەکی زۆر بە نرخ لە بارەی پشتەڵەکی داهاتن و بڵاوبوونەوەی ئیسلام و تیرە و تایەفە و بزووتنەوەکانی ناو ئیسلامەوە، هەروەها لە بارەی ئەو ئایینە غەیرە ئیسلامیانەوە کە کاریگەریوونە لەسەر ئیسلام یان تێك هەڵسونییان لەگەڵیدا هەبوە، چ بەر لەپەیدا بوون چ لە سەردەمی ئیسلامدا، لە دووتوی کتێبی ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا هەیە، بۆ ئەم مەبەستە چاك وایە بەتایبەتی چاپی دووەم بپشکنریّ (کە لە ۱۹٦۰ بەدواوە لە چاپدراوە) چاپی یەکەمیش (کە ۱۹۱۳–۱۹۳٦ دا چاپکراوە) سەرچاوەیەکی بەنرخە لەم بوارەدا، هەروەها ئینسکلۆپیدیای بریتانیش (Encyclopaedia Britanica) گەنجینەیەکی پڕ زانیاری بەهادارە، بەتایبەتی بۆ ئایین و بزووتنەوەکانی بەر لە ئیسلام، وەکو زەردەشتیەت، میثرائیەت، و بزووتنەوەی مەزدەکیەت.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: A. Gabriel, *Religionsgeographie von Persien* (Vienna, 1971); K.E. Müller, *Kulturhistorische Studien zur Genese pseudo-islamisheer Sekterngebilde in Vorderasien* (Wiesbaden, 1969); Thomas Bois, *Connaissance des Kurdes* (Beirut: Khayats, 1965); *Köy Envanter Etüdleri* ("Village Inventory Studies [of Turkey]") in Peter Andrews, ed., *Ethnic Groups in the Republic of Turkey* (Wiesbaden: Reichert, 1989); *Annual Abstract ofStatistics, 1970* (Baghdad: Government of Iraq, 1971); *Statistical Abstract 1973* (Damascus: Government of Syria, 1973); *Population Census 1970* (Damascus: Government of Syria, 1972); *The Population and Household Census, 1986* (Teheran: Iranian Census Bureau, 1987), "the secret edition," text available in English. An excellent resource on the Iranian Kurds, remains A. Razmara, ed., *Geographical Dictionary of Iran*, 10 vols. (Teheran: The Iranian Armed Forces Geographical Bureau, 1949-51); the text is in Persian, and still in print.

**خشتبەندی ژمارە(٥): پێکهاتە ئایینییەکان لەو وڵات و شارانەدا کە کوردنشینن و ڕێژەی (٪)یان.**

| وڵات / شار | ئیسلام | | ئێزەی فریشتەکان | | | مەسیحی | ئایینی تر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | سوننی | شیعە | عەلەوی | پارسانی | یەزیدی | | |
| تورکیا | | | | | | | |
| ئادەنە*# | ٪٧،٧٢ | | ٪٢٧,٣ | | | | |
| ئادیەمان | ٨،٧٧ | | ٢،٢٢ | | | | |
| ئاگری | ٩٥ | ٥ | | | | | |
| ئەماسیا* | ٦٩ | | ٣١ | | | | |
| عێنتاب | ٩٦,١ | | ٣,٩ | | | | |
| ئەنتاکیا* | ٦٢ | | ٣٨ | | | | |
| بینگۆل* | ٨٦,٧ | | ١٣,٣ | | | | |
| بتلیس | ٩٨ | | ٢ | | | | |
| جانقری** | ٩٩ | | ١ | | | | |
| چورووم* | ٨٣,٤ | | ١٦,٦ | | | | |
| دیاربەرکر | ٩٦,٦ | | ٣,٤ | | | | |
| ئەلازیگ | ٨٧,٥ | | ١٢,٥ | | | | |
| ئەرزنجان | ٩٣,٧ | | ٦,٣ | | | | |
| ئەرزرۆم | ٩٣,٧ | | ٦,٣ | | | | |
| هەکاری | ٩٩ | | | ١ | | | |
| گوموشخانە** | ٩٥,٥ | | ٤,٥ | | | | |
| قەیسەری** | ٩٧,٥ | | ٢,٥ | | | | |
| قارس | ٨٤,٨ | ٨٢ | ٥ | | | ٢ | |
| قیرشەهر | ٩٢,٣ | | ٧,٨ | | | | |
| قۆنیە* | ٩٨,٢ | | ١,٨ | | | | |
| مەلاتیە | ٧٢,٢ | | ٢٨,٨ | | | | |
| مەراش* | ٧٩,٥ | | ٢٠,٥ | | | | |
| ماردین | ٩٥,٢ | | ٢,٥ | | ٥ | ٣ | |
| نەوشەهر* | ٩٥ | | ٥ | | | | |
| نیگدە** | ٩٧ | | ٣ | | | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سێرت | ٨٦ | | ٤ | | ٦ | ٤ | |
| موش | ٩٠ | | ١٠ | | | | |
| سیواس* | ٦٧,٥ | | ٣٢,٥ | | | | |
| تۆقات | ٧٥,٥ | | ٢٤,٥ | | | | |
| تونجەلی/دەرسیم | ١٣,٤ | | ٨٦,٦ | | | | |
| ئورفە# | ٩٥,١ | | ٣,٩ | | | | |
| وان | ٩٥ | ٤ | | | | ١ | |
| یوزغات* | ٩٧,٧ | | ٢,٣ | | | | |
| ئێران | | | | | | | |
| ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات** | ٨,٨ | ٧٦,٩ | | ١٤,٢ | | | |
| ئازەربایجانی ڕۆژئاوا | ٣٥ | ٥٥ | | ٩ | | ١ | |
| گیلان** | ١٥,٢ | ٧٥,٦ | | ٩,٢ | | | |
| هەمەدان* | ١٧ | ٧٧,٨ | | ٤ | | | ١,٢ (جوو) |
| ئیلام | ٣٤ | ٤٦ | | ٢٠ | | | |
| خوراسان* | ١٧ | ٦٨ | ٤ | ٢ | ١ | | ٨(ئیسماعیلی) |
| کرماشان | ٤٧,١ | ١٣,٨ | | ٣٧,٣ | | | ١٠,٨ (جوو) |
| کوردستان | ٧٠ | ١٣ | | ١٦ | | | ١ (جوو) |
| لوڕستان* | ٨,٦ | ٧١,٤ | | ٢٠ | | | |
| ماوەندەران** | ٢١,١ | ٧١,١ | | ٧,٨ | | | |
| عێراق | | | | | | | |
| هەولێر | ٩٤ | | | | | ٦ | |
| دیالە | ٥٢,٥ | ٤٧,٥ | | | | | |
| دهۆک | ٨٠,٥ | ٦,٥ | | | ٦,٥ | ٦,٥ | |
| کەرکووک# | ٨٧,٥ | ٨,٣ | | | | ٤,٢ | |
| موسڵ (نەینەوا) | ٧٨,٥ | ٦ | | | ١٠ | ٥,٥ | |
| سولەیمانی# | ٩٧,٥ | | | | | ٢,٥ | |
| سوریا | | | | | | | |
| حەسەکە | ٧٣ | | | | ٣,٥ | ٢٣,٥ | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| (جەزیرە) | | | | | | | |
| ئێرەزوور* | ٩٧ | | | | | ٣ | |
| حەلەب* | ٨٥ | | | | | | ١٣٢ئیسماعیلی |
| حەما** | ٥٨,٦ | | ٣٢ | | | | ٩,٤نووزی |
| لازقیە** | ٢٤ | | ٦٤ | | | ١٢ | |
| حیمس** | ٦٠ | | ١٦ | | | ٢٤ | |
| ئیدلیب* | ٣٨ | | ٤٧ | | | ١٥ | |

## بۆ دەستنیشانکردنی سنووری وڵات و شارەکان، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٤)

ڕێنما: ئەو شارانەی ئەستێرەیان بەسەرەوە نیە زۆربەی دانیشتووانیان کوردن ئەوەی یەک ئەستێرەی بە سەرەوەیە، کەمینەیەکی گەورەی کوردی تێدا جێنشینە، دوو ئەستێرە واتە کورد ١٠–٢٠٪ی دانیشتووان، بۆ ئەو شوێنانەی نیشانەی(#) یان بە سەرەوەیە بڕوانە تێبینیەکانی خوارەوە.

تێبینیەکان: لە تورکیا ناوبەندی ئایینی وەکو چەقەری/جەعفەری، قیزلباش، عەلەوی و نوسەیری بە ئاسانی لە بەشە جیاجیاکانی عەلەویەت نراون... ژمارەیەکی یەکجار کەمی شیعەی دوانزە ئیمامی ئازەریش لە ئاگری و قارس و وان لە کوردستانی ناوەند (تورکیا) هەن. لە هەموو ناوچەکانی تر ئەمانە بە عەلەوی دانراون ئاماریەندیەکان پڕن لە هەڵەوشیواوی، چونکە تەنانەت خودی پەیڕەوانی وردە تیرە ئایینیەکان، خۆیان لە هەر جێیە بە ناوێک دەناسێنن، هەندێک لە ترسا ڕاستی ئایینەکانی خۆیان ئادرکێنن تا لە بەلاو دەردەسەری دوورکەونەوە، بۆیە بە درۆ خۆیان دەدەنە پاڵ ئایینی باوی دەوڵەت، ناوچەکانی ئورفە و عێنتاپ لە تورکیا و سولەیمانی و دیالە و کەرکووک لە عێراق نموونەی باشن بۆ دەرخستنی ئەم خۆبوارندنە ناچارانەیە (عەلەوی و یارسانییەکان) لەبەر ئەمە ئەو ئاماری (٢٥–٣٠٪)ەی بۆ عەلەویەکانی ئورفە و عێنتاپ وتراوە دانراوەیەکی نزمە، هەروەها ١٥–٢٠٪ بۆ یارسانەکانی سولەیمانی و دیالە و کەرکووک، لە دوادوای حەفتاکاندا گشت ناوچەکانی کەرکووک (عێراق) لێک ترازێنران، لەوەی کە هێشتیانەوە لە پارێزگاکە شتێکیان دروست کردوو ناویان نا (تەئمیم). ناوچەکانی تر، لکێنران بە پارێزگایەکی تازە دروستکراوەوە بە ناوی سەلاحەدینەوە کە پایتەختەکەی لە تکریت دانرا، یان دران بە پارێزگاکانی دراوسێ.

# ئیسلام

نزیکەی سێ لە پێنجی کوردان، کە هەموو کرمانجی زمانن، ئەمڕۆکە لە ڕووی ئایینەوە مسوڵمانی سوننی و لە ڕووی مەزەبەوە شافعین. لە پاڵ ئەمەدا، هەندێکیش سەر بە مەزەبی دوانزە ئیمامیی شیعەن بەتایبەتی ئەوانەی لەناو و چواردەوری شارەکانی کرماشان، کەنگاوەر، هەمەدان، قوروە و بیجار لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە ئێران و بە ژمارەی بچووکترین لەناو و دەورووبەری مەلاتیە، ئادیەمان و مەراش لە قوولایی کوردستانی ڕۆژاوا لە تورکیا دەژین، ژمارەیەکی زۆری شیعەی کوردیش لە خۆراسان نیشتەجێن، بەڵام لەوێ زۆرینەی نین، وەکو هەندێ سەرچاوە بە هەڵە باسیان کردووە. شیعە کوردەکان لە ١–١،٥ ملیۆن واتە لەنێوان ٥٪–٧٪ی دانیشتووانی گشتی کورد زیاتر نابن.

مەزەبی شافیعی سوننی لە سەدە ناوەندەکان لەناو کرمانجەکاندا بڵاوبوەوە، واتە لەو کاتەدا کە ئێرانیەکانیش لەسەر هەمان مەزەب بوون. لە کۆتایی سەدەکانی ناوەندا، ڕەوە هۆزێکی گەورەی تورك زمان لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتن و لە باشترین بەشی ئەنەدۆڵدا جێگیر بوون و لەگەڵ خۆیاندا مەزەبی حەنەفییان هێنایە سەرزەمینەکە، چونکە ئەو مەزەبە لەناوەڕاستی ئاسیادا سەردەمانێك بوو باوبوو، ئەم مەزەبە لەو سەرزەمینانەی ڕۆژاوای کوردستان کە جاران مەسیحی بیزەنتی بوون باش ڕەگی داکوتا، بەڵام کارێکی ئەوتۆی نەکردە سەر کوردە شافیعی مەزەبەکان: تاکە کارێك کە کردی ئەوە بوو کە ڕێبازی نەقشبەندی لە کوردستان هێنایە ناوانەوە، چونکە ئەو ڕێبازە لە ئاسیای ناوەند باوبوو (بڕوانە ڕێبازە سۆفیەکان).

ئێستا سوننی مەزەبە کوردەکان گەورەترین کۆمەڵگەی پەیڕەوانی ئەم مەزەبە پێکدێنن لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە سەردەمانێك هەموو مسوڵمانەکانی لەسەر ئەم مەزەبە بوون، ئێستا ئەم شافیعی مەزەبانە کەوتوونەتە نێوان تێکەڵەیەکی مەزەبی جۆرا جۆرەوە: شیعە ئازەری و فارسەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە، تورکە حەنەفیەکان لە ڕۆژاوا و باکوورەوە و عەرەبە حەنەفیەکان لە سوریا و باکووری عێراق (زادەگای حەنەفیەت بە خۆی) لە باشوورەوە.

کوردستان ناوجەرگەو ناوەندی خاکی ئیسلامە، لە بەغداوە (٥٠) میل و لە دیمەشقەوە

(٢٠٠) دووره، کە هەردووکیان لە سەدە ناوەندەکاندا مەڵبەندی فەرهەنگی و ڕووحی خیلافەتی ئیسلام بوون. خاکی کوردستان یەکەم سەرزەمین بوە کە لەلایەن هێزە ئیسلامیەکانەوە، هەر لە سەدەی حەوتەمی پاش میلادەوە سنوورشکێن کراوە، لەگەڵ ئەمەشدا، لە کوردستاندا، بە شارەکانیشەوە، ژمارەیەکی ئەوتۆی مزگەوت نییە، بۆ دەبێ وابێ؟

تا دەورووبەری سەدەی دوانزەیەم، زۆربەی کوردان، لەلایەن نووسەرە ئیسلامییە دەسڕۆکانی سەدەکانی ناوەندی چون نیزا مولمولك و ئەبو مەنسوور ئەلبەغدادی و ئیبن ئەثیرەوە بە نامسوڵمان دادەنران و ئەم نووسەرانە کوردیان بە موشریك ناو دەبرد. ئەوان لەوەدا بەهەڵە نەچووبوون، وەکو دەردەکەوێ ئیسلام زۆر ڕووکەشانە، و لە سەرەتاوە تەنها ڕاگوزارانە، خۆی لە دانیشتووانی سەرزەمینی کوردستان داوە و لە کاتێکدا کەمینەیەکی بەرچاوی مسوڵمانی کورد پەیدابووە، زۆربەی کوردان لەسەر ئایینە کۆنەکانی خۆیان (تیرەی فریشتەکان، جوولەکەیی، مەسیحیەت) ماون، تا گۆڕانێکی لەسەرخۆ لە ژیانی کۆمەلایەتی– ئابووری کۆمەڵگای کشتوکاڵی باوی کوردستاندا کەوتە شکڵگیری بە درێژایی سەدەکانی (١٢) و (١٥) ئینجا دارشانی گەلەی پارەشی وێرانکەری تورکە کۆچەرەکان بۆ ناو خاکی کوردستان (بڕوانە کۆچکردنە مێژووییەکان).

ئەو ڕاستییەی کە زۆربەی زانا و پیاوە ناسراوە کوردە مسوڵمانەکانی زوو، بەچەی شاری وەکو دینەوەرو سوهرەوەردو هەمەدان، یان هۆزی وەکو خەلکانەکان و خەزلانەکانن و هەموو دانیشتووی سەر سنووری گرووپە ئەتنییە مسوڵمانەکانی ترن، ئەو بیروڕایە پایەدارتر دەکا کە زۆربەی کوردە مسوڵمانەکان، نۆ مسوڵمانی دواکەوتوو بوونەو لەوانەیە تا داهاتنی سەدەی شانزەیەم ئەوان هەر لەسەر ئایینە کۆنەکانی خۆیان بووبن. ئەم سەردەمە، هاوکاتە لەگەڵ دەسپێکردنی سەرەنگرێ بوونێکی دووروودرێژی کۆمەلایەتی– ئابووری لە کوردستاندا، و هەر ئەم ڕاستییە خۆشی، دەربڕی کەمیی دەرامەدی خەڵك و کزیی باری گوزەرانیان بوەو هەر بۆیەشە نەتوانراوە تەلاریەندیی ئەو تۆگران بۆ مزگەوتسازی بەکاربهێنرێ کە بتوانێ ماوەیەکی دووروودرێژ بە پێوە بمێنێ، ئەگەر مزگەوتی تەلار ئاسای منارە لە هەور چەقیو لە کوردستان بە دەگمەن دەبینرێن، نهێنییەکەی وا لەم هۆکارەدا.

لە دەورووبەری کۆتایی سەدەی پانزەیەمدا، ئایینە کۆنەکان لەسەرخۆ بە چەپۆکی

نەهامەتیە كۆمەلایەتی– ئابووریەكان چووبوونەوە و لە ئاسەوار بەولاوە چیدیان لێ نەمابوو. ئەم نەهامەتییانەش لە ئەنجامی دارشانی هۆزە كۆچەرەكان بە ناوچەكەدا هاتبوونە ئاراوە، لە سەرەتای سەدەی شانزەیەمەوە، پەرتەكردنی ئەم كۆچەرانە بە ولاتەكەدا جێیان بە وەرزێرە ئاوایی نشینەكان تەنگ كردبوو بەلام كە گوژمیان پاشان خاویوەوە، كوردە كۆچەرە كرمانجی زمانەكان، زیاتر لە هەرێمی هەكاریدا بلاوبوونەوە (واتە باشووری ڕۆژاوای گۆلی ورمێ) تا وای لێهات هەموو ولاتی كوردستانیان گرتەوە.

كرمانجەكان سوننی شافیعی بوون و شان بەشانی بلاوەكردنیان بە ولاتەكەدا ئایینەكەشیان، واتە ئایینی ئیسلامیان تێیدا بلاوكردەوە، بەوەش هێزوتوانای تەواویان، لەگەل سەرەتای سەدەی شانزەیەمدا گرتە دەست، ئەم گۆڕانەش لەگەل برانی شەقامە بازرگانیە دێرینەكان كە بە كوردستاندا تێدەپەڕین و شێوانی ئابووری كورددا هاوكات بوو (بڕوانە مێژووی هاوچەرخی زوو، ئابووری كۆچەری و بازرگانی).

كرمانجە ڕەوەندەكان دەسوبرد كوردە گوند و شارنشینە پەهلەوانی دوە مسولمانەكانیان لە زۆربەی خاكی كوردستاندا ئایین و وەرگێڕ كرد. ئەم جۆرە گۆڕانە لە شێوازە زمان و ئاییندا زووتر جارێكی دیكە ڕوویدابوو، واتە ئەو دەمەی كە كوردەكانی باشووری چەپی زاگرۆس بوون بە ئیسلامی شیعە مەزەب. ئەم كوردە باشووریانە بەوەشەوە نەوەستان، بەلكو زمانەكەشیان گۆڕیە فارس و بوون بە باوباپیرانی دێرینی لوڕەكانی ئەم سەردەمەی ئێستا و گرووپە ئەنتییەكانی باشووری چیای زاگرۆس (بڕوانە ئاوێتە بوون و ئەسیمیلاسیۆن) كۆمەلگای كورد لەم دەمەدا، وا خەریكە هەموو دەبێتە كرمانجی زمان، ئەم پرۆسەیە لەژێر ئالای ئیسلام و مەزەبی شافیعییدا ڕوو دەدا.

درەنگی لە وەرگەڕاندا بۆ سەر ئیسلام، نیشانەی بایەخ نەدان و بەكەم زانینی ئەم ئایینە نیە لەلایەن كوردانەوە، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا و لە شار و شارۆچكە گەورەكاندا كە زۆربەی دانیشتووانیان بەدلسۆزیەوە خۆ بە موخلیسی ڕابەرە بەناوبانگەكانی ئیسلام دەزانن. ئەوی ڕاستە، تەنانەت لە سەردەمە ناوەندەكانیشدا، كوردان چەندین زاناو دانەری مسولمانی ئەوتۆ سەرشوناسیان بەخشیوە بە ئیسلامەتی كە زادەی بیری قوولیان لە كۆمەلە بەرهەمێكی زۆر گرنگدا خۆی نواندوە، ئەو بەرهەمانە تا ئەمڕۆكەش لە جیهانی ئیسلامدا بەناوبانگن

کوردانی وەکو ئەلدینەوەری و ئیبنولئەثیر، ئیبن فەزلان، ئیبن خەلکان، سوهرەوردی و بەدیعولزەمانی هەمەدانی، ئەستیرەی هەرەگەشن لە ئاسمانی مەدەنیەتی ئیسلامدا (بڕوانە مێژووی سەردەمە ناوەندەکان).

لەو دەمەوە کە کوردان وەرگەڕاونەتە سەر ئیسلام، هەرا و کێشمەکێشی نێوان گرووپە جیاجیاکانی ئیسلام یەخەی کوردانیشی لەسەر لایەنگری کردن لەم گرووپ یان لەو، گرتوە، بەتایبەتی نێوان سوننی و شیعەکان و ئەمە هەرگیز لە بگرە و بەردە هاوشێوەکانی شوێنەکانی تری جیهانی ئیسلام چ لە توندی چ لە سروشت، یان بەردەوامییدا جیاواز نەبوە، بۆ نموونە، لە دەورووبەری شاری کرماشان لە کوردستانی باشوور کە زۆربەی دانیشتووانی شیعەی دوانزە ئیمامین خەڵکەکە جۆرە جەژنێك دەگێڕن کە تێیدا، لەناو زریق و زاق و چەپڵە ڕێزان و دەیدەی کردندا، ئاگر لە پەیکەرێکی خەلیفە عومەر بەردەدەن کە لای مسوڵمانانی سوننی جێی ڕێزو خۆشەویستییە (بڕوانە کەلتووری میللی) ئەم کارە هەرچەند مایەی ناڕەزایی کوردە سوننیەکانی ناو شارەکە و دەرەوەیەتی بەڵام بکەرانی هەر لەسەری دەڕۆن و زۆر جار تەنها بۆ وروژاندنیان دەیکەن. شیعەگەریی کوردی، کە لە هی گەلانی دیکە توندترە، ژمارەیەکی زۆر داب و ڕەسمی نەیارانەو وروژێنەرو قسەو بەیتو باڵۆرەی بریندارکەری لێکەوتۆتەوە کە تەنها بۆ ئەوە دانراون مرۆڤ ببەنەوە سەردەمە توندڕەوانە و پڕ لە فیتنە و فرتەنەکانی وڵاتی فارس لە سەردەمی شیعەگەریی سەفەویەکاندا بەو ڕەگوڕیشە و پەیوەندییانەوە کە لەگەڵ کورداندا هەیبوو و لەمەودوا لە بابەتی "تیرەی فریشتەکان"دا دێینە سەری (بڕوانە مێژووی هاوچەرخی هەرەزوو).

سەرکوتکردنی شیعەکان لەسەر دەستی سوننیەکان، لە ئەنەدۆڵ لە هی ئێران زۆر توندتربوە. لە بەرامبەردا ئێرانیەکانیش بە درێژەی چەندین سەدە تۆڵەی ئەم کردەوانەیان بە دەستەوایی سەندۆتەوە. لە ئەنەدۆڵ، کاتێك کە سوڵتانی عوسمانی، سەلیمی زەلەندە، لە سەرەتای سەدەی شانزەدا دەستی کرد بە زنجیرەیەك قەتڵوعام کردنی شیعەو عەلەویەکان (چ کورد چ تورکمان)، پیاوە ئایینیە سوننییە کوردەکان بە خواستی خۆیان یارمەتیەکی زۆری سوڵتانیان لە بەجێهێنانی ئەو قڕکردنانەدادا.

لە دوا دەمەکانی سەدەی نۆزدەیەم و بە تایبەتی لە هەوەڵ دەیەکانی ئەم سەدەیەدا،

سۆزو جۆشی بیریارە ئەڵمانەکان بۆ دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی ئاریانەژادانەی خۆیان پاڵی پێوەنان، کە لە بارەی ئایینە ئاریاییەکانەوە بکۆڵنەوە و وردبنەوە و ئینجا بەو سەرەنجامەوە دەرچن کە گوایە ئەم ئایینانە لە ئایینە سامییەکان (جوولەکە و مەسیحیەت) بەرزتر و دروستترن. ئایینەکانی هیندستان و زەردەشتیەتی وڵاتی فارس بۆ ئەم "ناسیۆنالیستە ئاریاییانە" بوون بە کەڵەکی سنووربەندی و خۆ جیاکردنەوە. هەندێ ئینتەلیجنسیای کوردیش کە ڕەتانە پایتەختەکانی ئەورووپا و لەوێ بەتوندی کەوتنە بەر تەئسیری بیروڕای ئەو بیریارانە، هاتنە سەر ئەوەی ئیسلام کە ئەویش ئایینێکی سامییە بەهەمان چاوببینن کە ئاوەڵە ئەڵمانەکانیان مەسیحیەت و جوولەکەیان دەبینی. بە مەبەستی وەرگەڕان لە ئیسلام و پشتکردن لێی، کە ئایینی "عەرەبانە"، گۆڤاری هاوار، کە پەخشنامەیەکی ئەدەبی فەرهەنگی بوو (لە ساڵانی ١٩٣٢–١٩٤٣ دەردەچوو) (بڕوانە چاپەمەنی و میدیای ئەلەکترۆنی) ئایینی یەزیدی وەکو ئایینی نەتەوەیی کورد دەرخستوە، کە گوایە پاگژی نەتەوەیی خۆی سەرەڕای چەندین سەدەی فشارو زوڵم لێکردن پاراستوە. بۆچوونە هەڵەکەیان بەوە خۆی چواند کە گوایە یەزیدیەتی هاوشانێکی ڕاستەوخۆی زەردەشتیەت بوە، واتە ئەو ئایینە، "ئاریایی"یەی کە بیریارە ئەڵمانەکان هاواری بەرز ڕاگرتنیان بۆ دەکرد.

شکاندنی ئیسلام و بە کەمزانینی پەیوەندیەکانی لەگەڵ کوردانـدا (یا باشترە بڵێم ناسیۆنالیزمی کورددا) تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی بنێشتە خۆشەی سەردانان بوو، واتە تا ئەو کاتەی ئاریایزم بە فەوتان و بەخۆڵەمێش بوونی ڕایخی سێیەم، بوو بە بڵقی سەر ئاو و سەری نایەوە.

کەچی سەرەڕای ئەمە، گەلێ خوێندەواری کورد هەر لەسەر بەرز ناسینی ئایینەکانی پێش ئیسلامی گەلەکەیان ڕۆیشتن و کوێر کوێرانە زەردەشتیەتی کۆنە ئایینی فارسەکانیان هەر بە ئایینی ڕەسەنی خۆیان دانا، شاعیرێکی وەکو جگەرخوێن (١٩٠٣–١٩٨٤)ماوەیەکی زۆری ژیانی خۆی و بەشێکی گەورەی کارەکانی بۆ بەرزکردنەوەی زەردەشت لەسەر حیسابی ئیسلام سەرفکردبوە، تەنانەت لە دواداوی ژیانیدا و پاش ئەوەی باروبۆخەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەلای ئیسلامدا شکان، ئەو بەلای ئیسلامدا شکایەوە بەڵام تەنها جۆرێکی تایبەتی ئیسلام:– تەمومژاوی، ئایدیالیست، دژ بە عەرەب و دوور لە نەفەس و بیروڕای مەلا و زانایانی ئیسلام.

تەنانەت ئەمڕۆکەش گەلێ ڕۆشنبیری کوردی بە دیمەنتریش هەن کە سۆز و جۆشیان بۆ زەردەشتیەت و یەزیدیزم و ئایینە نەتەوەییەکانی تر بە ئەندازەی ڕەق و کینەیان لە ئیسلام توندە. بە هەرحاڵ دەبێ ئێستا لە هێرش بردنە سەر ئیسلامدا هۆشیارانەتر بجووڵێنەوە، لە کات و ساتێکدا زیندووبوونەوەی ڕادیکالانەی ئیسلام بۆتە دەستوور و ئامانجی گەلێ دەوڵەت و کۆمەڵی سیاسی لەناوچەکەدا.

بۆ سەرچاوە و خوێندەنەوەی زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** Martin van Bruinessen, "Kurdischer Nationalismus und Sunni–Schi'i Konflikt," in *Geschichte und Politik religiöser Bewegungen im Iran, Jahrbuch zur Geschichte und Gesellshchaft des Mittleren Orients* (Berlin/Frankfurt, 1981).

## تیرەی فریشتەکان

زۆربەی ئەو کوردانەی کە مسوڵمان نین، سەر بەیەکێك لە چەند ئایینی جۆراوجۆری خۆیی کوردن کە یەك لە یەك کۆنتر و ڕەسەنترن لەناو کورداندا. سەرجەمی گشت ئەم ئایینانەش دەچنەوە سەر ئایینێکی کۆن و باوی ناو کوردان کە بەگشتی بە "تیرەی فریشتەکان" یان تیرەی فریشتەکان ناوێکە لەو باوانەی کە ئێستا بە یەکێك لە لقەکانی واتە یەزیدیەتی یەزدانیەت ناسراوە لەناویاندا. ناوی ڕاستەقینەی ئایینەکە، لەناو گێژەنگی گۆڕانی ڕۆژگاردا سواوە و ون بووە و چەند ناوی جۆرا و جۆری لێکەوتۆتەوە، یەزدانیەت یان تیرەی فریشتەکان ناوێکە لەو ناوانەی کە ئێستا بە یەکێك لە لقەکانی واتە بەزیدیەتی دەوترێ، ئەم ناوە لە ڕووی مانای و وشەییەوە واتە "فریشتە پەرستەکان" هەندێ بەڵگە دەڵێن ناوی ئایینەکە بەر لەوەی کەرت و پەرت بێ، یەزدانیەت بووە، لەوانەشە یەکێ لە هەرە کۆنترین ناوەکانی ئەم باوەڕە "هەق" بوویێ، "هەق" ئەو ناوەیە کە دراوە بە ڕووحی گەردوونی، واتە ئەو پەرستراوە ئەزەلییەی خاوەنی گشت بوونەوەرەمانە. کورتە باسێك لە بارەی ئەم بووچوونەوە لەم فەسڵەدا لەژێر بابەتی "ئێزدییەت"دا دراوە.

لە سەردەمانی هەرە دێرینەوە تا ئەمرۆكە، تەنها سێ لقی تیرەی فریشتەكان ماونەتەوە، كە بریتین لە ئێزدیایەتی، عەلەویەت و یارسانیەت (كە بە عەلیوللاهی یان ئەهلی حەقیش ناسراون). ئەمرۆكە نووسەیریەتیش هەر دەچێتە ناو خانەی عەلەویەتەوە، پەیڕەوانی ئەم دەمەی نووسەیریەت بریتین لە كەمینەیەكی ناو عەرەبی سوریا و زۆریەی كەمینەی عەرەبی توركیا.

ئێستا و لە ڕابردووشدا، هەموو پەیڕەوانی ئەم تیرانە لەسەر یەك باوەڕی بنەڕەتی رژد بوونە، بە حەوت بوونەوەری فریشتەیی نوورانیی شووشەیی نادیار كە دنیا لە حەوت بوونەوەری خراپی تاریكیدۆستی زیانبەخش دەپارێزن. لە پاڵ ئەمەشدا، تیرەكان باوەڕێكی تریشیان هەیە، ئەویش "دۆناو دۆن"ە واتە گوێزانەوەی گیان لە جەستەیەكەوە بۆ جەستەیەكی تر. بەم جۆرە، بەرجەستەبوونی خودایی، بەرجەستە بوونە گەورە و بچكەی ئەو دۆنا دۆنە خۆیەتی.

تیرەی فریشتان، باوەڕیان بە بوونی گیانێكی گەردوونی واتە "هەق" هەیە، كە سنوور نازانێ و گشت لادەگریتەوە و سەریەخۆشە. تاقە پەیوەندی ئەم گیانە بە جیهانی ماددییەوە، دەر كەوتنی سەرەتاییەتی وەكو بەرجەستەكەرێكی هەرە بەرز. كە كاتێ خودی خۆی هاتە بوون، گەردوونی ئەفراند، (لەمەوە دەبێ بڵێین گەلێ كەس وا تێدەگەن وشەی هەق لە حەقی عەرەبییەوە واتە ڕاستی، هاتووە، لە كاتێكدا ئەم بۆچوونە ڕاست نیە). ئەم گیانە لە دەرەوەی كاروباری دنیای ماددیدا مایەوە، ئەوەندەی لێدەرچێ كە ئەم دنیایەی لێكدا و لە چوارچێوەی گەوهەرەكەیدا كردیە یەك. بەرجەستەكاری سەرەكیی كە بوو بە پەروەردگار لەلای هەموو لقەكانی تیرەكە، یەزیدیاتی لێدەرچێ، بە خودای مەزن ناسراوە. ئەم مەسەلەیە لە خوارەوە باسكراوە، لەگەڵ پرۆسەكانی ئەفراندن یان دوابەدوای ئەو پرۆسانە، پەروەردگار خۆی لە پێنج شێوەی دیكەدا نواند (بابا یان باب، كە لەوانەیە لە وشەی بابی ئارامی واتە دەرگا یان دەروازەوە هاتبێ) كە پاشان ئەركی جێگرەكانی ئەویان بۆ درێژەدان و هەڵسوڕاندنی پرۆسەی ئەفراندن گرتە ئەستۆ. ئەو جێگرانە ئەو فریشتە پایە بڵندانەن كە لەگەڵ پەروەردگار و گیانی ئامادەدا حەوت بوونەوەرە پیرۆزەكەی سەردەمی سەرەتایی ژیانی گەردوون پێكدێنن. ئەم چەرخەش دەبوو شەش چەرخی تری بە دواوەبێ، هەر چەرخەش كاتێك دادەهات كە گیان یان گەوهەری بەرجەستەكارەكانی چەرخی ڕابردوو بۆ ناو بەرجەستەكاری نوێ دۆناو دۆنیان دەكرد تا بەو جۆرە لەگەڵ ئەم گیانەدا ژمارە(٧)ە پیرۆزە كە هەر پایەداربێ. دەشێ پاش ئەم

حەوت چەرخە بنەڕەتی و بەرجەستەکارە سەرەکییانە، بەرجەستەکاری نوێ بەڵام گچکەو ناو بەناو، سەرهەڵدەن و پەیدا بن، بەڵام، ئەم بەرجەستە بوونانە کەم بایەخترن، کاریگەریشیان لەسەر ئەو زمان و سەردەمەی کە تێیدا دەردەکەون ئەوەندە بە تین نابێ. لەم سەدەیەدا سێ کەس گەیشتوونەتە پلەی "باب" یان "بەرجەستەکار": شێخ ئەحمەدی بارزانی (کە بە ڕابەرێکی مسوڵمان دادەنرێ)، سولەیمان مورشید (عەلەوییەکی عەرەبی سوریا) (بڕوانە مێژووی هاوچەرخ) و نورعەلی ئیلاهی (کە ڕابەرێکی یارسانانە). کاریگەریی ئەمانە، بەهەرحاڵ، درێژخایەن نەبوە، بەڵام ئەم بووچوونە بەرجەستەکارێکی تر ناگرێتەوە کە سەدەیەك لەوەبەر دەرکەوتبوو.

لە سەدەی نۆزدەیەمدا، میرزا عەلی محەمەد، کە ئێستا لەناو خەڵکدا بە "باب" ناسراوە ئایینی بابیەتی دامەزراند، کە ئەوەندەی پێ نەچوو بوو بە ئایینێکی دنیایی و بە بەهائیەت ناوبانگی پرژاند. ئەم ئایینە وەکو ئاگری ناو پووش، بەهەمان شێوەی میترائیەتی سەردەمانی دێرین، لە ماوەی سەدەیەکدا هەر لە تۆکەندی فارسیەوە گرتیەوە تا دەگاتە بەریتانیا (بڕوانە بابیەت و بە هائیەت).

داب و ڕەسمەکانی تیرەکە زۆر بە نهێنی ڕاگراون بەتایبەتی لەوانەی کە دەرەکین، تەنانەت لە کاتی شێنەییشدا، ئەم ڕەفتارە هەر بەم شێوەیە ڕۆیوە. لەم سەدەیەی ئێستاماندا، ژمارەیەکی بەرچاوی نووسراو لە بارەی لقەکانی تیرەی فریشتەکانەوە کەوتوونەتە بەر لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و بڵاوکردنەوە، و ئەم نووسراوانە دەرفەتێکی باشتریان بۆ دەرخستنی بنج و بناوانی ئەم ئایینە نەتەوەییە کوردیە وکارکردنی، لە ئایینەکانی تر ڕەخساندوە.

ئایینەکە پڕاوپڕ یۆنیڤەرسالیست (جیهانی)یە.. ئەو هەموو ئایینەکانی تر بە مەزهەری دروستی هەمان بیرۆکەی بنەڕەتیی باوەڕی مرۆڤ بە ڕووح دادەنێ. دانەرانی ئەم ئایینانە هەموو نموونەی بایەخدانی هەمیشەیی پەروەردگارن بە کاروباری دونیا لە شێوەی بەرجەستەکردنی ناوبەناودا لە ڕێگەی پێغەمبەرێکی نوێوە کە نامەی ڕزگاری بۆ خەڵکەکە دێنێ، هەر لەبەر ئەمەش لای پەیڕەوانی ئایینەکە ئەوەندە گران نییە، لەگەڵ ئیسلام، مەسیحیەت، زەردەشتیەت یان هەر ئایینێکی تردا بدوێن، چونکە بەلای ئەوانەوە هەموو ئەم ئایینانە هەمان شێوەی ئایینە کۆنەکەن، هەروەها ئەوان زۆر بە ئاسانی دەتوانن بچنە ژێر ئاڵای هەر یەکێك

لەم ئایینانەوە هەر كات بە پێویستیان زانی. ئایینەكانی تر كە خۆیان وەكو تاكە ڕێگای نزیكی گەیشتن بە خودا و نزیكبوونەوە لێی دادەنێن و تەنها خۆیان بەڕاست و دروووست دەزانن، هەر بە ئەندازەی ڕەنگەكانی ناو پەلكەزێڕینە لێك جیان: ئەوان جیان لە دەركەوتنی شێوەكانیاندا، بەڵام هەموو چوون یەكن لەوەدا كە گشت جۆرەكانیان، هەرچەند هەر یەكەیان ڕەنگێك دەدەن، هەموو لەلایەن پەروەردگارەوە دروستكراون لەو دەمەدا كە جیهانی ماددی دروستكردووە. ئەم جۆرە بۆچوونە ئایینی هیندۆسیەت و دیدی گشتگیری ئەو ئایینەمان لە بارەی ئایینەكانی ترەوە دێنێتەوە یاد.

لە هەمان كاتدا تیرەكە هەمیشە باوەشی گەرمی بۆ گرتنە خۆی ئایینەكانی تر كردۆتەوە كە زۆر و كەم لێیان نزیك كەوتبێتەوە. لەم پێناوەدا لقی نوێی ئایینەكە بە وەرگرتنی پیاوی ناوداری ئەو ئایینانە بۆ ناوخۆی كراوەتەوە. بۆ نموونە، عەلەویەت لە پرۆسەی ئەو كۆششەی تیرەكەدا دروستبوو كە لە سەرەتای سەدەی پانزەیەمدا بۆ هەڵلووشێنی ئیسلامی شیعە دای. ئەم جۆرە كۆششە كە بەردەوام و بەدرێژەی مێژووی تیرەكە لە هەر كاردابوە، نابێ هەمیشە بە هەوڵێكی ڕێكخراوو ڕایەڵدانراوی مەبەست خراپی دەزگایەكی ڕابەرایەتی و ناوەندی تیرەكە دابنرێ، ئەم كۆششانە بەگشتی دەستپێشخەریی سەربەخۆیانەی هەندێ لق و پەلی پەیڕەوانی ئەو تیرانە بوونە، كە لەناو هەڵسوكەوتیان لەگەڵ ئایینێكی جیا لەوەی خۆیاندا، بەرەبەرە بەشێكی زۆری ئەو ئایینە فێر بوون بە جۆرێك توانیویانە تێی بخزێن و بیكەن بە ئایینی خۆیان، دوایی ئاڵای ڕابەری دڵسۆزانەیان تێدا هەڵكردووە و خستویانەتە ژێر دەستی خۆیانەوە و بوونیشە بە سەركردە و ڕابەر و سەردەركردوو تێیدا.

گەلێ لە ئایین و بزووتنەوەكانی هەرەزوو، كە ئێستا بوونە بە قەوارەی گەورە، ڕوون و ئاشكرا دیارە كەوا بوون و پێكهاتنیان بەهەمان شێوەی عەلەویەت ڕوویداوە و لە نوادا وەكو لقێكی تیرەی فریشتەكان هاتووەنەتە كایەوە. لەناو ئەم ئایینانەدا پیاو دەتوانێ، هەرچەندە بە پارێزو وریایشەوە بێ، ئایینە گنوستیەكانی میثرائیەت و زورڤانیەت و بزووتنەوە كۆمەڵایەتی– ئابووری قەوارەكانی وەكو مەزدەكیەت خوڕەمیەت و قەرمەتیەت، بخاتە پاڵ یەك. هەر ئەم تیرەیە خۆی، كاری كردۆتە ئایینێكی تری گنوستیش واتە مانیەت. هەروەها شیعەی ئیسماعیلیە (حەوتەوانە) و دورزیەت و بەتایبەت (تا ڕادەیەكی كەم) زەردەشتیەت و

شیعەی دوانزە ئیمامی و بەهائیەتیش. ئێستا وا دەردەکەوێ کە بزووتنەوەی ئایینی میترائیەت تەنها پەردەیەك بوە لە پشتییەوە پەیرەوانی تیرەکە هەوڵیان داوە بچنە سەر کۆنە ئایینی یۆنانی پانتەیزم کە تیرەکە لە سەرەتای دروستبوونی قۆناغی هیلینیستی سەدەی چوارەمی پێش زاییندا پەیوەندی و سەوداکاری لەگەڵیدا هەبوە. میترائیەت سەرکەوتنێکی بەرچاوی وەدەست هێنا، لە سەردەمی کۆنستانتین و دەسترۆیی مەسیحیەتدا، میترائیەت ئەوەندە لە ئیمپراتۆریەتی رۆماندا بەبرەو بوە کە لەوانەیە ئاهەنگگێرانی دەوڵەتی رۆم بەبۆنەی لەدایکبوونی خوداوەند میتراوە لە (٢٥)ی کانوونی یەکەمدا، بوویێ بە بناغە بۆ دانانی رۆژی لە دایکبوونی مەسیح. ئەم رۆژە ئەو رۆژەیە کە تێیدا رووحی گەردوونی بۆ جاری یەکەم خۆی لە بەرجەستەکاری مەزنیدا دەرخست، واتە خوداوەندی پەروەردگار کە میترابییەکان بە میتراسی دادەنێن.

لقی یەزیدیی تیرەی فریشتەکان و بزووتنەوەی نوسیریەی ناو عەلەویەکان، ئێستاش یادی هەندێ پاشماوەی ئەم دەرکەوتنە سەرەتاییەی میتراس دەکەنەوە لە ئاهەنگ و شایی گێرانە ئایینییەکانیاندا.

هەرچەندە تیرەکە، گەلێ سەرزەمین و ماوەی کاریگەریی کۆنی خۆی لە بەرامبەر ئیسلامدا لە دەست داوە بەڵام هێشتا کاریگەری خۆی لە ژیانی هەموو کورداندا هەر پاراستوە، ئەمە لە فەرهەنگی میللی و فۆلکلۆری و گێرانی هەندێ بۆنەو ئاهەنگی ئایینییدا دەردەکەوێ. بۆ نموونە رێزگرتن لە خدر، یان خزر پێغەمبەر "خزری زیندەی دەشت و چۆلان" هێشتا کە لەناو کوردە مسوڵمانەکاندا هەر باوە. لە هەموو کوردستاندا، نزرگەی خدر لە پەنای کانیاوەکانەوە بەدی دەکرێن (بروانە فولکلۆر و چیرۆکە میللییەکان) کوردان چیرۆکی خدریان لەگەڵ هی پێغەمبەر ئیلیادا گرێداوە، کە ئەویش وەکو خدر، لە کانیاوی ژیانی خواردۆتەوە و هەتا هەتایە هەر دەمێنێ. خدری زیندە، کە لە ئاو و خاك دروستبوە، (ناویشی لەوانەیە بە مانای "سەوز"بێ) لە قوولایی گۆم و کانیاوەکاندا دەژی و هەر جارە بەشێوەیەك خۆی دەردەخا و هەر کەسێ هانای بۆ بەری بە هانایەوە دێ.

گەلێ ئاهەنگ و جەژنی ئایینی، کە هی تیرە ئایینییە جۆراوجۆرەکانی کوردەکانن لەسەر نزرگەی خدر دەگێررێن (بروانە میهرەجان، جەژن و ئاهەنگەکان و ساڵنامە)، تەمەن درێژی

خدر، سیمبولبەندیی خۆی لە تەمەنی درێژی كیسەڵەكانی ناو ئەو گۆل و كانیاوانەدا رەنگداوەتەوە كە بە دەوری نزرگەكانیەوەن. بەو جۆرە، كیسەڵ لە گەلێ بابەتی نەخشكاری ئایینی كورددا دەردەكەون (بروانە نەخشكاری و وێنەبەندی). جەژنگێرییەكانی خدر دەكەونە وەرزی بەهارەوە، واتە ئەو كاتەی سروشت خۆی نوێ دەكاتەوە، بەلام رۆژەكەی لە ئایینێكەوە بۆ ئایینێكی تر جیاوازە، هەروەها لە مەڵبەندێكەوە بۆ مەڵبەندێكی دیكە. هەموو لقەكانی تیرەكە پابەندی ئاهەنگ گێرانەكانن، تەنانەت هەندێ كۆڕی مسوڵمانیش دەیانگێڕن، لە هەندێ سەردەمی هەرەزوودا، تیرەكە بە بەرهەڵستێكی توندی زەردەشتیەتی كۆن دادەنرا. ئەمە دەبێ هی پێش كۆتایی سەردەمی میدی بێت و هەوڵی چوونە سەر ئایینی زەردەشتی لەوانەیە لەسەر دەستی ڕشتیڤێگا ئەژی دەهاكی (٥٨٤–٥٤٩ پێش میلاد)دوا پادشایی میدیا ئەنجام درابێ. ئێستا بەڵگەی بە هێز بەدەستەوەن كەوا كوشتنی زەردەشت خۆی و لە تەخت لادانی ڤیشتا سپاشای پاڵپشت و پارێزەری بە دەستی ڕشتیڤێگا ئەژی دەهاك لە ساڵی (٥٥ پ ز) و لە كاتی ڕۆیشتنیدا بەرەو ڕۆژهەلات و دەوروبەری ڕووباری هاریرود–مورغاب لە باكووری ڕۆژاوای ئەفغانستان. هەر لەو سەردەمەوە لەسەرینی ئەوەوە ئیتر ئەم پادشاییە بە ئەهریمەن دانراوە لەناو زەردەشتیەكانی زوودا و لە میثۆلۆجیای زەردەشتیان و گشت ئێرانیاندا بە خیانەتكار و ستەمكارێكی گەورە دانراوە و لە شاكارێكی گەورەی وەكو شانامەدا. هەر بەو جۆرە ناوزەد كراوە هەر لەوەشەوە وشەی ئەژدەها بۆ مارێكی حەوسەری یەكجار درندە و خەتەرناك لە زمانی فارس (و كوردیشدا– وەرگێڕ) دانراوە، هێرۆدۆتس ناوی ئەژی دەهاكی، وەكو دوا پادشایی ماد، بەشێوەی چەوتەوەكراوی ئەستیاگس هێناوە.

دوا بابەتی كارتێككردنی درێژەكێش لەنێوان هەردوو ئایینەكەدا ئەو سیستەمی چینی پیاو و ڕابەری ئایینیە پشتاوپشتە بوو كە تیرەی فریشتەكان خستیە ناو ئایینی زەردەشتیەوە و بە (موغ)ەكان ناوی دەركرد. ئەم سیستەمە جێی ئەو سیستەمە ساكارەی ڕابەرایەتی ئایینی گرتەوە كە زەردەشت پێكی هێنابوو.

زەردەشتیەت و تیرەی فریشتەكان لە زۆر شتدا هاوبەشن، لەوانە، هەردوولا باوەڕیان وایە كەوا حەوت فریشتە چاك و حەوتی "بەد" سەرەوكاری ئەم دونیایەیان بە دەستەوەیە، هەردوو لاشیان باوەڕیان بە زنجیرەیەك پیاوی ئایینی پشتاو پشت هاتوو هەیە ئەم بابەتە هاوبەشانە

دەرەنجامی سروشتی پێکەوە ژیانی دوور و درێژ و پڕ ڕووداوی لەنێوان هەردوو ئایینەکەدا. شتە هاوبەشەکانی تر لەوانەیە، شوێن پەنجەی ئایینی تازە نیشتەجێ بوە ئارییایەکانی کوردستان بێ، کە دەشێ ئایینی ئەسڵییان هەمان ئایین بێ کە زەردەشت پێغەمبەر خۆی دوایی پوختەی کردو ئایینی زەردەشتی لێ دروستکرد لە شێوە و شێوازی ئیستایدا تیرەکە ئایینەکەی خۆیان دەبەنەوە سەر ئیسلام و پێکەوە تەبایان دەکەن، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی هەردوو ئایینەکە پێکەوە دراوسێیەتیەکی (١٤) سەدەییان بەسەر بردوە. نزیکەی هەزار ساڵ دوای یەکەم هەوڵ بۆ گۆڕینی زەردەشتیەت، پەیڕەوانی تیرەکە جووڵەیەکی تریان کرد، هەرچەندە کەمتر سەرکەوتوو. بۆ یەکجاری هەڵوشینی یان هەر لە بنی نەهێشتنی زەردەشتیەت، ئەم هەوڵە، بەڕواڵەت خۆی لە پەیدابوونی بزووتنەوەی مەزدەکیەتدا نیشاندا.

تیرە یان بزووتنەوەی مەزدەکیەت کە لە سەدەی پێنجەمی پاش میلاددا وەکو بەرخودانێك دژ بەو سیستەمی چینایەتی– ئابووری– کۆمەڵایەتییە ستەمکارانەیەی کە زەردەشتی ئایینی دەوڵەتی ساسانی لە وڵاتی فارس بناغەرێژی کردبوو سەری هەڵدا... بزاڤەکە لە هەرێمی زاگرۆسەوە لەسەر دەستی ڕۆڵەیەکی ئەم وڵاتە، واتە مەزدەکەوە هەڵقوڵا کە سەرەنجام توانی کاڤات یان قوبادی پادشایی سەردەمیش بێنێتە سەر ئایینەکەی خۆی (٤٤٨–٥٣١ پاش میلاد).

باوەڕی پتەوو نەگۆڕی مەزدەکیەکان بە یەکسانیی کۆمەڵایەتی هەموو خەڵك کە تا ئیستاش بە بڵاوی لەناو تیرەی فریشتەکاندا باوە، خەڵکێکی زۆری هەژار و پامالی جیاوازیی چینایەتی کێشایە ناو خۆیەوە، مەزدەك (کە ناوەکەی لەوانەیە مەزدەگچکە بگرێتەوە و مەزدە خۆی کورتکراوەی خواوەندی هەرە گەورەی زەردەشتیان ئاهۆڕا مەزدا بێ) بانگی هاوبەشیەتی هەموو خەڵکانی لەگەلێ بابەتی دنیاییدا دەدا و بەوەش تاوانبار دەکرا کە ژنیشی لەو بابەتانەدا داناوە–واتە تۆمەتی لێنەپرسینەوەی هیچ سنوورێك لە مەسەلەی جنسدا کە ئیستاش دەدرێتە پاڵ تیرەی فریشتەکان: پەیڕەوکردنی هاوبەشیەتی لە موڵکیەتدا گەلێ نووسەری ئەم سەردەمەی خستوتە سەر ئەو باوەڕەی، بێ هیچ چۆن و چرایەك، تیرەی مەزدەکان بە یەکەم سیستەمی کۆمۆنیستی جیهان دابنێن (بڕوانە مێژووی کلاسیك). هەر لەناو ئەم ئایینەدا گەلێ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ناو ئیسلام پێگەیشت و تەنیەوە لە شێوەی

بزووتنەوەی ئەم سەردەمەی ئیسلامدا، ئەمە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تا ئێستا لە بزووتنەوەی ئەم سەردەمەی شیعەدا خۆی دەنوێنێ.

سەرەڕای سەر کەوتنەکانی زوویان، یان باشترە بڵێین لە پای ئەو سەرکەوتنانەیاندا، زۆرێکی وای پێ نەچوو کە مەزدەکیەکان لە دوادوای سەردەمی کاڤاتدا لە (٥٢٨)ی پاش میلاددا (چونکە ئەو لەو دەمەدا وەرگەڕابووە سەر زەردەشتیەت) کەوتنە بەر شاڵاوی قەتلوعامێکی بەرباڵو، کە دەسەڵات چوە دەستی خوسرەوی یەکەمی ئەنوشیروانی کوڕیەوە، مەزدەکی قڕانەکە گشت کون و قوژبنی وڵاتەکەی بە جۆرێك گرتەوە، کە پادشا توانی بە تەواوی قەلاچۆکردنیان جاڕبدا بەڵام گشت ئەو هەوڵ و هەڵپانە نەزۆك بوون و هێندەی پێ نەچوو مەزدەکیەکان سەریان قوت کردەوە، هەرچەندە بە پەراگەندەییش، بەتایبەتی پاش ڕوخانی ئیمپراتۆری ساسانی کە زەردەشتیەوارێکی یەکجار سەختگیر بوو. مەزدەك یەکێکە لە دوو پیاوچاکی یەکجار بەڕێز لەناو هۆزی گەورە و گرانی خۆشناودا لە کوردستانی ناوەند (بڕوانە Sykes 1908-457).

کە کار کەوتە دەست ئیسلامەکان، حوکمڕانە مسوڵمانەکان بەردەوام ناچار بوون لە جەنگ و دامرکاندنەوەی شەپۆل لە دوای شەپۆلی بزووتنەوەی ئایینی ئابووری تەباری ناوخۆییدا بن کە لە هەمان ئەم سەرزەمینی (جیبالەوە) سەری هەڵدەدا (عەرەبەکان بە چیاکانی زاگرۆس واتە میدیای دێرینیان دەوات هەرێمی جیبال). هەرە گرنگی ئەم بزوتنەوانە، واتە خوڕەمیە، بە سەرکردەی بابەك کرا کە سەردارێکی سوپایی و لە هەمان کاتدا ئایینیش بوو، بزووتنەوەکە باوەڕی بە دۆناودۆن کردنی ڕووح هەبوو، بەتایبەتی هی سەرکردە و ڕابەرە ئایینەکان.

بابەك و یارانیشی بەهەمان وێنەی مەزدەك و مەزدەکیانی زوو، بەوە ناسرابوون کە لە موڵکداریەتی هەموو شتومەك و ئامێر و کەرەستەی بەرهەمهێنانی ئابووریدا گشتییان برابەشن و جیاوازیەکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ دیاریان لەنێواندا نیە.

هەر لە هەمان سەردەمی بابەکدا، کە مەڵبەندی چالاکییەکانی لەناو جەرگەی هۆزە کوردە ڕەهەندەکانی ئازەربایجاندا بوو، کوردێکی نارسە ناو (کە مەسعوودیی مێژووناسی سەدەکانی ناوەندیە) نەسیری کورد ناوی دەبا) لە کوردستانی باشوور (ناوجەرگەی وڵاتی تیرەی فریشتەکان) بزووتنەوەی خوڕەمیەی بەرپاکرد کە سەرەنجام لەلایەن موعتەسەمی خەلیفەی عەباسیەوە دامرکێنرایەوە...

ئەلتەبەری مێژووناسی ئیسلام دەڵێ: نزیکەی (٦٠٠٠) لە یارانی نارسە لەلایەن ئیسلامەکانەوە کوژران و ئەوانی تر، بە نارسە خۆشیەوە، ناچار ساڵی ٨٣٣ی پاش میلاد چوونە وڵاتی ئیمپراتوریەتی بیزەنتیانەوە (بڕوانە مێژوی سەردەمی ناوەند).

نیشانەی مەزدەکیەکان و خوڕەمیەکانیش، مێزەرە سوورەکانی سەریان بوو، بۆیە بە "سورخ عەلەمان" واتە ئاڵا سووران، یان "سورخ جامەگان" واتە سوور پۆشان ناویان دابووەوە، ئەم نیشانە دیسانەوە لە سەدەکانی ١٤و١٥ دا لە بزووتنەوەیەکی تری پەیڕەوانی تیرەکەدا سەری هەڵدایەوە، ئەو کاتە کە عەلەویەکان بە مێزەرە سوورەکانیانەوە ناویان بە قزڵباش، واتە سەر سوور "دەرکرد (بڕوانە عەلەویەت و مێژووی سەدەکانی ناوەند).

پاش دامرکاندنەوەی لەلایەن خەلیفەی عەباسیەکانی هەرە زوەوە، ترووسکەیەکی تری خوڕەمیە لە باشووری عێراق و دوایی لە لەحسایان ئەحساد "الاحساء"ی ڕۆژهەڵاتی شانشینی عەرەبستانی سعوودی هەڵبوەوە ئەمانیش ناوی قەرامیتەیان لە خۆیان نابوو و لەگەڵ بیروڕا دێرینەکەدا بەوە یەکیان دەگرتەوە کە یەکسانی کۆمەڵایەتی ئابووری و بیروڕاکانی تری ئەویان هەلگرتبوو ناصر خوسرەوی گەڕیدەی بە ئایین ئیسماعیلیی سەدەکانی ناوەند، داب و ڕوسمە ئایینییەکانی دانیشتووانی وڵاتی لەحسا بە "خاوەنداریەتی گشتیی هەموو ماڵ و موڵك و شتومەك" باس دەکاو پەنجە بۆ پەیوەندی نێوان مەزدەکیەتی کۆن و بزووتنەوەی قەرامیتە دەکێشێ. ئێستاش وڵاتی لەحسا لە رووی مەزەبەوە لە سعودیە جیایە، واتە ئەو ناسوننی و ئەم کانگای سوننییەتی گەرم. ئێستا دانیشتووانی ئەحسا بە شیعەی ئیمامی دەدرێنە قەڵەم، ئەم دابڕینە هەر بە ئەندازەی ئەو دابڕینە ڕاستە کە سەردەمانێك تیرەی فریشتەکانی بە شیعەی ئیسلام دەدایە قەڵەم.

لە سەدەی پانزەیەمدا، موحەممەد نووریەخش ناوێك بە بزووتنەوەیەکی سۆفیگەرییەوە لە ئەحساسەری قوت کردەوە. ئەوەندەی پێ نەچوو بزووتنەوەکەی بە چوارلادا تەنیەوە و لەگەڵ بیروڕاکانی تیرەی فریشتەکاندا یەکگیربوون. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەشدا، سۆفیەکی تری خەڵکی لەحسا، شێخ ئەحمەدی لەحسایی، لە لەحسا پەیدابوو و لەوێوە ڕوویکردە ئێران و لەوێ بناغەی بزووتنەوەی بابییەتی دانا. بیروڕاکانی شێخ ئەحمەد کە لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی – ئابووری خۆ وڵاتیدا بوون، زۆر لە بزووتنەوە دێرینەکەی

مەزدەكیەكان نزیك بوون (بیروراكانی شێخ ئەحمەد لەلایەن عەلی محەمەد بابەوە بڵاوكرایەوە) ئەویش لە نزیكیدا لەگەڵ تیرەی فریشتەكان، بە ئەندازەی بزووتنەوەكەی نووریەخش لێی نزیك بووە (بڕوانە بابیەت و بەهائیەت).

هەموو لقەكانی تیرەكە، هەر لە مەزدەكیەتەوە بیگرە تا دەگاتە عەلەویەكانی ئەم سەردەمە، بە گشتی تۆمەتی مێگەلییان لە پەیوەندی جنسییدا دراوەتە پاڵ، مسوڵمانەكان لەو باوەڕەدان كە ئەوان لە كۆبوونەوە تیرەییە ئایینیەكانیاندا ژنەكانیان بە هاوبەشی بەكاردێنن. تا ئێستاش بە مەبەستی ریسواكردنی پەیڕەوانی تیرەكە، باس لە ئاهەنگێك دەكرێ كە گوایە لە ئەنەدۆڵ "موم سوندی" واتە مۆم كوژانەوە و لە ئێران "چراغ كوشان"ە واتە چرا كوژاندنەوەی پێ دەوترێ. ئەم باڵۆرەیە لەلایەن دراوسێ مسوڵمانەكانی تیرەكەوە لێدەدرێ و ئاراستەی چەندین كەمینەی تری ئایینی دەكرێ كە لە زۆر لاوە لە تیرەی فریشتەكان نزیكن وەكو ئیسماعیلیەكان لە ئەفغانستان (Canfield 1978) عەلەوەیەكانی توركیا و سوریا (Yalman 1964) و دورووزیەكانی ڕۆژهەڵات (Eickelman 1981) سەیر ئەوەیە پسپۆرگەلێكی چون هێنری ڕاولینسن و مەكدوناڵد كیتێرو ج. ر. درایڤەریش بەم باڵۆرانە هەڵخەڵەتاون. هەرچی درایڤەرە لەگەڵ ئاهەنگەكانی (بۆنا دیا)دا بەراوردی دەكا كە لە ڕۆما بەرپا دەكرا، بگرە لەو ئاهەنگانەش زیاتر ریسواكەرانە باسیان دەكا (Driver 1921-23) لە كاتێكدا راولینسن دەڵێ: هەرچەندە باوەڕی نەكردووە كەوا ئەو كردەوانە لە سەردەمی ئەو (١٨٣٦)دا مابێ، بەڵام بە بیروڕای ئەو نیوسەدە لەوەبەر هەبوە هەروەها دەڵێ، دەبێ ئەم كردەوانە پاشماوەی پەرستنی خواوەندەكانی وەچخستنەوە بووبن كە لەناو تیرەكانی میثراو ئەناهیتادا و هەروەها لەناو تیرەی سیسورتیسدا باو بوە كە ئەندامەكانی جنسیان دەپەرست. كینێر، تەنانەت ئاماژەی بۆ ئەوەش كردووە كە خۆی هەر نەبێ ئاهەنگێكی لەوانەی ساڵی ١٨١٨ بە چاوی خۆی دیوە، ئەگەر بە كردەوە بەشداریی تێدا نەكردبێ.

پەیڕەوانی گشت لقەكانی تیرەی فریشتەكان، كۆبوونەوەیەكی خۆییان هەیە كە پێی دەڵێن جەم، ئایینی جەم یان جەمخانە (جەمهانە لە توركیا) و لە شوێنێكی پەنهاندا دەیگرن، لەوێدا نووسراوی پیرۆز دەخوێنرێتەوە و ڕابەرە ئایینیەكان وتار دادەدەن و گفتی نوێكردنەوەی برایەتی و دڵسۆزی بۆ یەكتر لە چوارچێوەی تیرەكەدا بەڕاوەشاندنی دەست، دەدەن.

یەکسانیی کۆمەلآیەتی نێوانیان بەوە دووپات دەکرێتەوە کە هەموو لایەک لە یەک ئاستدا دادەنیشن بێ ئەوەی کەس بکەوێتە ژوور کەسی ترەوە.. کۆبوونەوەکان لەوانە دەشاردرێتەوە کە باوەڕیان بە ئایین و ئەتواری کۆبوەوەکان نیە نەک پێیان بزانن و ببێ بە مایەی سەریەشە و سەغلەتی بۆیان. هەر ئەم توندنهێنی گرتنەی کۆبوونەوەکانە کە جلەوی خەیالی هەندێ کەسی شلکردووە کە گوایە کارێکی جنسی لە پشت پەردەوە لە ئارادایە. قەدەغەکردنی ژن لە ئامادەبوونی جەمخانەکان لەلایەن هەندێ لقی یارسانەوە کاردانەوەی ئەم تۆمەتسازیانە، هەرچەندە ئەمە لەگەڵ ئەو پلەو پایەیەدا هەرگیز ناگونجێ کە کورد وەکو نەریتێکی دێرین داویە بە ئافرەت (بڕوانە پلەوپایەی ژنان و ژیانی خێزانی).

بۆ نەگێریەکی بچووکی جەمیش هەیە کە هەموو حەفتەی جارێك دەگێڕرێ، بەلآم جەمی هەرە گرنگ ئەوەیە کە هەر ساڵە جارێك دەیگێڕن، وەکو لە خوارەوە باسی دەکەین. هەر لقە بۆ خۆی کاتێکی لە ساڵ بۆ جەژنگێڕی هەڵبژاردوە.

لە سەردەمی ئیسلامدا، ئایینەکە هەم کاری کردۆتە سەر گەلێ لقی ئایینی ئیسلام و هەم لێیانەوە وەریگرتوە، بەتایبەتی لە شیعە دوانزە ئیمامی و لە ئیسماعیلیە حەوت ئیمامیەکان... گەورەترین و درێژەکێشترین کرداری تیرەی فریشتەکان لەسەر ئیسلام لە سەردەمی زنجیرەی قەرەقۆینلوودا لە ڕۆژهەلآتی ئەنەدۆڵ و ڕۆژاوای ئێراندا (١٣٨٠-١٤٦٨) هاتە کایەوە، هەروەها لە قۆناغە هەرە زووەکانی پەیدابوون و پێکهاتنی زنجیرەی سەفەوییدا لە سەرەتای ١٥٠١ی پاش زاییندا. پێکهێنەری زنجیرەکە، ئیسماعیلی یەکەم، گڕ گرتوویەکی سەختگیری عەلەویەت بوو. تەنانەت خۆی بە مەزهەری خوداوەندیش دادەنا. ئەو ئێستاش لە دڵ و دەروونی عەلەوییەکاندا پلەو پایەیەکی یەکجار بڵندی هەیەو بە "ساحێبی زەمان" واتە سەردەمداری دنیا دادەنرێ. ڕاستییەکەی، تەنها پاش چەند پشتی یەك لە دوای یەك سەفەویەکان ئینجا توانیان ئایینەکەی خۆیان لە دەنگ و ڕەنگ و ڕیشەی تیرەی فریشتەکان پاك بکەنەوە. پاش ئەوە بە هەر چۆنێك بێ، خۆیان لێی بوارد و هەر لەو کاتەوە بەدواوە ئیتر شیعەی دوانزە ئیمامی توانی هەر دووپێ بەسەر زینی ئێراندا شۆڕکاتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، هەر باسێکی بێ لایەنانە لە بارەی باوەڕ و ئاکاری ئایینی سەفەویەکانی هەرە زووەوە بکرێ، ناتوانی لە بازنەی تیرەی فریشتەکان (بەتایبەتی عەلەویەت)، نەك ئیسلامی شیعە، دەرچێ.

بۆ ئەوەی خۆیـان لـەم كـافرە نامسوڵمانانە جیـا بكـرن، شیعە ئیمامیـەكان لـە سـەرەتای سەدەی (١٦)ەوە ناوی "جەعفەری"یان لە خۆیان نا (لەسەر ناوی جەعفەری صـادقی ئیمـامی شەشەمی شیعیان). بەوە ناوە كۆنەكەیان، (شیعە) وەلانا. شیعە كە كورتەی "شیعە علـی"یـە وشـەیەكی عەرەبیـە و "هـەوادارانی عـەلی" دەگرێتـەوە. مەبەسـت عـەلی زاوای محمـدە. بـە دڵنیاییەوە لەوەی، ناوی عەلەوی یان عەلیولاهی كە كوردە نامسوڵمانەكان و دوابەدوای ئـەوان توركمان و عەرەبەكان لە خۆیان نا، لەناوی ئیمـام عەلییـەوە وەرگیـراوە (ئـەم بۆچـوونەش لـە دوو توێیدا جۆرە خواوەندیەك بـە عـەلی دەبەخـشێ وەكـو مەزهـەرێكی هـەرە گرنگـی ڕووحـی گـشتی لەسـەر ڕووی زەمـین كـە دوو لەسـێی تـیرەی فریـشتەكان باوەڕیـان پێیـەتی) شـیعە ئیمامییەكان زۆرتر ناوی "جەعفەری"یان بۆخۆیان پێ باشتر بوو لـە شـیعە، چـونكە ئـەم نـاوە هەرچـەندە ئـەو زەقیـەی نیـە كـە "شـیعە" هەیـەتی، بـەڵام سـەلامەتترە. كـە لـە (١٧٢٠)دا سەفەوییەكان جڵەوی حوكمیان لە دەست دەركرا، ئەم ناوە بووبوو بە باوترین ناو بۆ شیعەكان بەگشتی بۆیە مەترسییەكی ڕاستیان لەوە هـەبوو كـە بخرێنـە پـاڵ عەلـەوی و عەلیولاهییـە بـە ئاشكرا نامـسوڵمانەكان یـان تێكـەڵ بكـرێن لەگـەڵ ئەوانـدا بـە پێچەوانەی خواسـت و ویـستی ئەمانەوە ژمارەیەك لە عەلەویەكانی ئەنەدۆڵ لە سەدەی بیستەمدا ناوی "جەعفەری"یان نـا لـە خۆیان و لە ناونووسە گشتییەكانی دەوڵەتدا خۆیان بەو ناوە ناساند (بڕوانە خشتەی ژمارە (٥) تێبینەكان).

سەركەوتنی تیرەكە لە بواری بنبالگرتن و خاوەندارێتی ئایینە لایدەكاندا، لە پەنای جەستە گۆڕكردن و نۆنادۆن كردنی گیانەوە، هەمان كارمان دێنێتە یـاد كـە ئـایینی هیندۆسیـەت كـاتی خـۆی كـردی، ئـەوەبوو هیندۆسـیەت بـوذیـەتی هەڵلوشـی بـەو بنەمایـەوە كـە بـوذاش (بەرجەستەكەر)ێكی تری ڕووحە بەڵام ئەویش لە گرنگیدا هیچ لـە ڤیشنووشیڤا و ڕامـا كـەمتر نییە، هەندێ لە هیندۆسەكان هەمان باریان بۆ محەمـەد پێغەمبـەریش لێنـا، بـەڵام نەگەیـشتنە مەنزڵ.

"زەوتكردنی" عەلی و محەمەد لەلایـەن تـیرەی فریـشتەكانەوە لـە سـەردەمێكدا، وا دیـارە یارمەتی تیرەكەی داوە لە قووتـدانی شیعەكاندا لـە سـەرەتای سـەدەی پانزەیەمـەوە تـا ئـەو كاتەی شا عەباسی گەورە چۆتە سەر تەختی پادشاییەتی سەفەوی لە ١٥٨٨دا. بەڵام لە ئامێز

گرتنی گەرمی ڕابەرەکانی شیعەی دوانزە ئیمامی لەلایەن شا عەباسەوە هەر لە مەدینە و لوبنان و میزوپۆتامیاوە بگرە تا دەگەیتە خۆراسان، سەرەنجام ئەو تۆز و گەردەلوولی عەلیپەرستییەی ڕەوانەوە کە تیرەی فریشتەکان بەرپایان کردبوو. پسپۆڕ و زانا ئیسلامیەکانی شا عەباس، شیعە دوانزە ئیمامیەکانیان بە توندی یاسابەست و سنوورگیر کرد بە بەستنەوەیان بەشێوەی ڕەسەنی پێشوویان واتە پێش دەستەمۆکردنیان لەلایەن تیرەی فریشتەکانەوە. عەللامە بەتلیسی کە پرترینیی ئەم زانا پایە بڵندە شیعانەیە، لە "بحار الانوار"دا، کە یەکێکە لە بەرهەمە هەرە قووڵەکانی لەم بوارەدا، هەر بە بێزاندنی تایرەی فریشتەکانەوە ناوەستێ بەڵکو لەسەر تاوانبار کردن و بگرە ڕیسواکردنیشیان دوور دەڕوا، کەچی لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا شیعەگەریی هاوچاخ لەگەڵی لە داب و دەستوورەکانیدا ڕەنگی تیرەی فریشتەکانی لە خۆی بە تەواوەتی نەسڕیوەتەوە بەتایبەتی ئەوانەی کە لەلایەن سونیەکانەوە زۆر بە سەختگیر و لە ڕێباز بەدەر دادەنرێن. سەرەنجام ڕەفتاری لە ڕادەبەدەر دژی قەرەقۆینلوو سەفەویەکانی زوو (واتە ئەو کاتەی لەسەر ڕێبازی عەلەوی بوون) زۆربەی مسوڵمانەکانی ئێران و قەفقاسیای لە سوننیەتی وەرگێڕا. چاکسازیەکانی دوایی و هێنانە پێشەوەی شیعەگەریی دێرین شێوازی پاش سەدەی حەڤدەیەم، هەرگیز نەیانتوانی شوێنی پەنجەی تیرەی فریشتەکان لە داب و دەستوورە گشتیەکانی ئایینەکە بسڕنەوە. ئەوەتا ئێستاش ڕەنگ و بۆی تیرەکە لە ڕادیکالیەت و یەکسانیخوازی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیمای شەهید پەرستی خۆی لەناو شیعەگەریی ئێران و قەفقاسیادا بەزەقی دەردەخا، بەڵام لای شیعەکانی عێراق ئەوەندە بە توندی دەرناکەوێ. دانیشتووانی ئەو وڵاتەی ئێستا عێراقی پێ دەوترێ زۆربەیان شیعە بوون بەر لە دەرچوونی عەلەوییە شۆڕشگێڕەکان بۆ دەرەوەی ئەنەدۆڵ و هەرگیز وەرنەگەڕانە سەر عەلەویەت، بەڵام، لەگەڵ ئەمەشدا، وڵاتەکە بە تەواوەی دوور لە بای عەلەویەت نەمایەوە، چونکە لقێکی تری تیرەکە واتە یارسانیەت لە ڕۆژانی هەرە زووی ئیسلامەوە لەسەر خۆ و بێ قرە و برە هاتبوە وڵاتی میزۆپۆتامیاوە.

عەبدولڕەحمانی موحەمەدی جامی شاعیر و زانای بەناوبانگی مەزەبی سوننی سەدەی پانزەیەم و ڕابەری ڕێبازی سۆفیگەری، لە (ڕەشە حاتی جامی)دا، بە هەندێ وشەی تۆمەتاوی باسی شیعەکان دەکا کە دوایی دەرکەوت خودی ڕاستین. ئەو بەڕاکشاوی ئەو شیعانەی لە

بەغدا تێكەڵاویان بوو بوو بە: "دۆنادونی" وەسف دەكا (باوەڕێكی بنەڕەتی ئایینی ناو تیرەكە كە بە واتای تەناسوخی دوابەدوای رووحەكان دێ)، (بڕوانە یارسانیەت).

جامی بە نەریت ڕێز لە مسوڵمانە شیعەكانی ناوەڕاستی ئاسیا و هەرێمی خوراسانی نیشتمانی خۆی دەگرێ. دوژمنایەتی گەورەی لەگەڵ شیعەكانی ڕۆژاوای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، بەغداشی پێوە، لەوەدا خۆی دەنوێنێ كە بە توندی دژی ئەوەیە ناویان بنرێ شیعە، بەڕای ئەو دەبێ پێیان بوترێ "رافزی" واتە وەرگەڕاوەكان. ئەم جۆرە هەڵوێستە دوژمنانەیە، یان جۆری تری، لەلایەن زاناكانی ئیسلامیی ڕۆژهەلاتی ولاتی ئیسلامەوە بەرامبەر بە شیعەگەریی ڕۆژاوا (هەرچەندە ئەو زانایانە هەڵوێستی زۆر دۆستانەیان بەرامبەر بە شیعە ئیمامیەكان دەنواند)، لە كاتێكدا هاتنە كارەوە كە تیرەی فریشتەكان هەر ئاسا سەری ژەنیبوە ناو شیعەگەریی سوننەتیەوە و كەنەی لێدەكرد.

باوەری ئەستووری شیعەكان بە ژمارەیەكی بەرچاوی چاكان و دانانیان بە ڕزگاركەر "ساحیبولزەمانێكی زیندوو و زەمانداری سەردەم و هی تر"، هەموو دەچێتەوە سەر تیرەی فریشتەكان. تیرەی فریشتەكان باوەڕی بە هەموو ئەو چەمكانە هەیە، هی ئەو ڕزگاركەرەی لێدەرچێ كە گوایە لە كۆتایی دنیادا دەردەكەوێ، بۆیە ئەوەندە گران نیە بۆیان گەر پێویستی كرد خۆیان وەكو شیعە بنوێنن، تەنانەت ئەمڕۆكەش، هەندێ لقی تیرەكە خۆیان بە ئیسلامی شیعەی ڕاستەقینە و ڕەسەن دەناسێن، هەرچەندە بیر و باوەڕە بنەڕەتیەكانیان لە ڕاستیدا هەرگیز لەگەڵ ئەوانەی ئیسلامدا كە لە قورئاندا هاتوون، ناگونجێ.

تیرەكە خاوەنی ئەدەبیاتێكی بەرچاوە لە بارەی دروستبوون و كۆتایی دنیا و مەسەلەی پاشە ڕۆژ و حیساب و حیسابكاریدا، دەقاودەق بەو جۆرەی كە لەناو یارساندا پارێزراوە و لە بابەتی یارسانیدا باس و تاوتوێ كراوە. ژمارە(٧) لای ئەم ئایینە پایەیەكی پیرۆزی هەیە، ئەو ژمارەی ئاسمانەكان، فریشتە رووناكەكان (هەروەها دژایەتییان لەگەڵ هێزە تاریكەكانی مادەدا)، ژمارەی مەزهەرە سەرەكیەكانی ڕووحی گشتگیر و ژمارەی دەورانەكانی ژیانی جیهانی ماددی و ژمارەی ئەو بنەماڵە پایە بەرزانەشە كە لە ئایینەكەدا پشتا و پشت ڕابەرییان كردووە. لە دووتوێی ژمارە (٧)دا ژمارەیەكی دیكەی پیرۆز تر، بەڵام كەمتر بەكارهێنراو هەیە ئەویش ژمارەی (٣)ە كە دەربڕی هەندێ سیفەتی پەروەردگار خۆیەتی. هەر ئەم ژمارانە خۆیان بێگومان، لە

گەلێ ئایین و ئایینزای تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کەم یان زۆر، بە پیرۆز دادەنرێن. لێرەدا پێویستە سێکۆچکەی پیرۆزی مەسیحیەت و ڕێزی ژمارە (٧)مان لە ئەستێرەناسییدا لەبیر نەچێ، جێی سرنجە کە ژمارە (١٢) لای تیرەی فریشتەکان بایەخی نییە، کەچی لای جوولەکەو مەسیحی و ئیسلامیش ژمارەیەکی پیرۆزە (ئاماژەیە بۆ(١٢) هۆزەکەی جوولەکان، (١٢) ئاوەڵەکەی عیسا و (١٢) ئیمامەکەی شیعییان).

ڕۆژوگرتن لەم ئایینەدا تەنها بەسێ ڕۆژ براوەتەوە. نوێژ هەر لە کۆبوونەوە ئایینیەکانی جەمخانەدا دەکرێ، قەدەغەکاری جۆری خۆراك لە لقێکەوە بۆ لقێکی تری ئایینەکە دەگۆڕێ بەڵام. بە گشتی شلە یان زۆر تەمومژاویە. بۆ نموونە خواردنەوەی ئەلکولی و گۆشتی بەراز هیچ قەدەغەکاریەکی ئەوتۆیان لەسەر نییە، چونکە لە نووسراوە ئایینیەکەدا ڕاستەوخۆ دەستی نەخراوەتە بەر.

تیرەکە لە بنەڕەتەوە بریتییە لە ئایینێکی ناسامی. دارەڕاکەی ئاریانەیە لە قاوغی ئایینی خۆرلاتیی سەرزەمینی زاگرۆسدا، هەر هەوڵێك بۆ کلاسبەندی کردنی تیرەکە یان هەر یەکێ لە لقەکانی وەکو بەشێك لە ئایینی ئیسلام لە هەڵەیەکی نەزانانە بەولاوە هیچی تر نیەو لەبێ ئاگایی لە بارەی مێژوو و ڕسوماتی ئایینەکەوە هەڵقوڵاوە. ئەم ئایینە لە هەزار ساڵ بەرەو ژوور لە ئیسلام کۆنترە، هەرچەندە کارتێکردنی زۆر لەنێوان هەردوو لقی عەلەوی و یارسانیی ئەم ئایینە و ئیسلامی شیعەدا هەیە، هەڵەیەکی زۆر زلە گەر ئەم دوو لقە بە شیعە دابنرێن یان بە پێچەوانەوە.

هۆی بە هەڵەداچوون لەم بوارەدا زۆرن، لە هەموویان گرنگتر ئەو پلەو پایە بەرزەیە کە عەلی ئیمامی مسوڵمانانی شیعە چ لەناو یارسانیەت چ لەناو عەلەویەتدا هەیەتی. بە بەرزکرنەوەی عەلی بۆ پایەی مەزهەری ڕاستەقینەی ڕووح، عەلەویەت و یارسانیەت ناوی عەلیوللاهیان (واتە عەلیپەرستان) لە دراوسێ مسوڵمانەکانەوە پێ بەخشراوە. بەکارهێنانی خۆپارێزی ئایینیش – وەکو ئەوەی لەناو مسوڵمانەکاندا تەقیەی پێ دەڵێن – بابەشێکی تری دروستکردنی تەمومژە لەناو خەڵکانی دەرەکییدا. لەپاڵ ئەمانەدا، هەوڵەکانی جارانی تیرەکە بۆ هەڵلووشینی شیعەگەریی بە بیانووی یەك ڕەگیەوە، بۆتە مایەی سەرشێوان بۆ گەلێ مێژوونووسی بەسزمان، بەهەمان شێوە کە دراوسێ مسوڵمانە تووڕەکانیان بێ دەسەڵاتانە

ناوی شیعەی سەختگیر یان غولاتیان، بەسەریاندا بڕیوە. ئەمڕۆ زۆربەی مسوڵمانان گەر دەمی پرسیاریان لە بارەی ئەم تیرەیەوە لێ بكرێ یەكسەر دەڵێن: ئەمانە جۆرێكی نامۆن لە مسوڵمانی شیعە، (ئەمە یەزیدیەكان ناگرێتەوە).

چونكە ژمارەی تیرەكە لە چوار سەدەی ڕابردوودا هەر لە كزیی داوە، هەروەها دووڕوویی ڕابەرەكانیان لە دەرخستنی ناسنامەی ئایینی ڕاستەقینەی خۆیاندا و بە بەردەوامی ناساندنی تیرەكە وەكو لقێكی ئسلامی شیعە، بوونەتە مایەی داشكاندنی بایەخی تیرەكە لەناو مسوڵمانەكاندا. وێ دەچێ كوردە مسوڵمانەكانیش لەمەدا دەستیان هەبێ و بەشداربووبن بەوەی كە لە سەدەی (١٩) و سەرەتای سەدەی (٢٠)دا ئازار و فشارێكی زۆریان بە قسە و ڕێنمایی مەلا پلە و پایە و مورید جۆكانیان خستە سەریان. لە گشت خەڵك بەدەر تەنیا ئەم مسوڵمانانە پەیڕەوانی تیرەكەیان دایە بەر بای نەیاری و بەدكاری، (بڕوانە سەرەتایی مێژووی هاوچەرخ).

وەكو ئایینەكانی دیكە كە خاوەنی كتێبی خۆیانن، ئەم تیرەیە كتێبێكی لە ئاسمانەوە دابەزیوی تایبەت بە خۆی نییە، ڕاستییەكەشی، لەبەر بوونی بەرجەستەكەری زۆر و لەبەر ئەوەی لەم ئایینەدا سروش و بەرجەستەبوون دووشتی بەردەوامن، بوونی كتێب زۆر لەجێی خۆی نەدەبوو. لەجیاتی كتێب، چەند نووسراوی پیرۆزیان هەیە كە لە كاتی جیاجیاو بە زمانی جودا جودا و لەسەر بابەتی جۆرا و جۆر لەلایەن چاكانی تیرەكەوە نووسراونەتەوە. ئەوی ڕاست بێ، نورعەلی ئیلاهی كە خۆی بەرجەستەكەرێكی پلەی خوارەوەی ئایینەكەیەو دانەری نووسراوی "بورهان"– كتێبی پیرۆزە – كە لەم دوا دواییەدا داینـاوە، (بڕوانە پارسانیەت) ساڵی ١٩٧٥ كۆچی دوایی كرد. نەبوونی كتێبی تایبەتی بە هیچ جۆرێك نەبۆتە كۆسپ بۆ تیرەكە كە دیدی تایبەتی خۆی لە بارەی دروستبوونی دنیا و مەسەلەی ئاخیرەت و دەرزدادان و گێڕانی دەستوورە ئایینەكانەوە هەبێ، دیدێكی یەكجار سەرنجكێش و ڕاوەستێنەر، كە تا ئێستاش هەموو لقەكانی تیرەكە، بەم شێوە یان بەو شێوە، هەرچەندە وردە جیاوازیشیان تێدا هەبێ، پەیڕەوی دەكەن و لەسەری دەڕۆن.

چاكە و خراپە، لە دیدو باوەڕی تیرەكەدا، بە قەت یەك گرنگ و بایەخدارن بۆ دروستكردن و بەردەوامبوونی جیهانی ماددی، بۆیە فریشتە چاكەكان بە قەی فریشتە بەدەكان جێی ڕێزن.

ڕاستییەکەی بێ ئەم ناکۆکییە دوولایەنە، جیهان ناتوانێ هەبێ و بەردەوام بێ. ساردی بۆیە هەیە. چونکە پێچەوانەی، واتا گەرمی، هەیە ژوور بۆیە هەیە، چونکە ژێر هەیە، چاك ناتوانێ بەردەوام بێ، گەر بەد تای تەرازووی بەردەوامیەکە ڕانەگرێ، چونکە چاك و خراپ هەردووك بەهەمان هاوسەنگی لە مرۆڤدا هەن. "زانیاری" و "هۆشیاری"یش بۆ مرۆڤ نیشانەی ڕەفتارن تا لەبوونی خۆی بگاو تەرازووی بوونی خۆی پێ بەرامبەر ڕاگرێ. وەکو نەریتێك، چاك لە شێوەی سەگێکدا و بەدیش لە شێوەی مارێکدا سومبولبەندی کراون، هەردووکیان لە شێوەی مارێکی سەگسەردا پێکەوە لکێنراون تا پێکڕا کرداری دروستکردنی دنیا دەرخەن: واتە تێکەڵەی مادە و ڕووح، چاك و بەد، و هەموو شتە دژ بە یەکەکان کە ئەم جیهانەیان پێك هێناوە. هەندێ ڕاپۆری گەڕیدە ئەوروپیەکان کەهی دوا دوای سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمن کە باسی ڕێزگرتنی عەلەویەکان لە سەگ دەکەن، ئەگەر ڕاست بن لەوانەیە ئاماژەیەك بن بۆ پەرستنی سومبولی چاکە، چونکە بەڵگەیەکی زۆر لەسەر ڕێزگرتنی یەزیدییەکان لە سومبولی مار (واتە سەر) لە کارە هونەریەکاندا هەیە، نیشانەی ئەمە لەو نەخشانەوە دەردەکەوێ کەوان بەسەر گۆڕی پیاوە ئایینەکانیانەوە لە لالش (بڕوانە یەزیدیایەتی).

جگە لەمە، ماری سەگسەر وەکو سونبولێك لە کارە هونەریە کوردیەکانی سەردەمی مانیەکان، واتە سەدەی نۆیەمی پێش میلادیشدا بەدی دەکرێ. شان بەشانی ئەمە، سومبولکاری سەگ و مار لە هەموو کارە هونەریەکانی ناو دێرە میترابیەکاندا بەرجەستەیە هەر لە ئینگلتەرەوە بیگرە تا دەگاتە ئێران.

تیرەکە باوەڕی بە داستانی بەهەشت یان دۆزەخ نییە، کە لە کۆتایی دنیادا دامەزرێن و ببن بە جێگەی فریشتە و شەیتان. ماڵوێرانیەکانی ناو دۆزەخ و خوشڕابواردنەکانی ناو بەهەشت لەم دنیایەدا دێنە دی، چونکە مرۆڤ دوای مردن یەکسەر دۆناودۆن دەکا و یان دەچێتە ناو ژیانی خۆشی و زەلانەوە یان دەکەوێتە کوڵۆڵی و مەینەتەوە پێ بەپێی شێوەی ئەو ژیانەی بەر لە مردن لەناو لەشی خۆیدا ڕایبواردوە، بە هەرحاڵ، لە کۆتایی زەماندا تەنها "ئادەمیزادە" ڕاست و تەواوەکان کە لە پەڕینەوەی پردی دوا حەق و حیسابدا "پردی وەرێ" سەردەکەون، بە نەمری ڕووحی جیهانیی شاد دەبن، ئەوانەی لەوێ سەرناکەون، تا هەتایە لەگەڵ دنیای

ماندیدا تێك دەهەنجرێن.

باوەڕداریی تیرەکە بە مەسەلەی دۆزەخ و بەهەشت بە زەقیی لەگەڵ باوەڕی گەلێ ڕێبازی سۆفیگەرییدا یەك دەگرنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کەوتونەتە بەر کاریگەریی بیروبۆچوونی تیرەکە (بڕوانە داب و دەستووری سۆفیان).

لە پەنای هەوڵ و تەقەلای تیرەی فریشتەکاندا بۆ هەڵلوشینی ئیسلامی شیعە، لە هەزار ساڵی ڕابردوودا، پەیڕەوانی تیرەکە خەڵکێکی زۆری تورکمانی ئەنەدۆڵ و عەرەبی کنارەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاستیان هێناوەتە سەر ئاییینەکەی خۆیان، هەروەها خەڵکێکی زۆر لە ئازربایجان و گیلان و مازەندەران چوونەتە سەر ئاییینی تیرەکە (بڕوانە خشتەی ژمارە ٥).

لەگەڵ ئەمەشدا، دەبێ ئەوەش بزانین کە هەموو پەیڕەوکارە غەیرە کوردەکانی لقە جیاجیاکانی ئەم تیرەیە هەر بریتی نین لە وەرگەڕاوی تیرە و ئاییینی تر. لە کاتێکدا زۆربەی هەوادارە غەیرە کوردەکانی عەلەویەت، لە ئەنەدۆڵ وەرگەڕاوی تورکمانن، کەچی عەرەبەکانی باشووری چیاکانی ئەمانۆس و هەرێمە ڕۆخ دەریاییەکانی سوریا، زۆربەیان کوردی تەواوەن کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەو هەرێمانە نیشتەجێ بوونە. بەهەمان شێوە هەوادارەکانی تیرەکە لە ئازەربایجان و گیلان و مازەندەران و کنارەکانی دەریای خەزەرنەوەی کۆنە کوردە تەواوەکانن کە هەموو ڕەگ و ڕیشاڵی نەتەوەیی کۆنی خۆیان، ئاییینەکەی لێدەرچێ، لەدەست داوە. (بڕوانە کۆچکردنە مێژووییەکان و یەکگرتن و ئەسیمیلاسیۆن) هۆی فرەزمانی نووسراوە ئاییینیەکانی تیرەکە لەوانەیە لەوەدابێ کە دانەرانی ویستبێتیان بابەتەکان بۆ هەر گرووپە بە زمانی خۆی بگەیەنن بە جۆرێك تێگەیشتنێکی باش دەستەبەر بکا. ئەم کارە لە ئاییینەکانی مانی (کە ئێستا زۆر زۆر کەمن) و دروز و ئیسماعیلییدا بەدی دەکرێ، کە هەموو سەردەمانێکی ڕابردوو پەیوەندیەکی زۆر توندوتۆکمەیان لەگەڵ تیرەکەدا هەبوە.

بەهەرحاڵ، کار هەر بەمەوە نەوەستاوە، بەڵکو تیرەکە لە ڕابردووشدا هەوادارێکی زۆری لە دەست داوە. بۆ نموونە نزیکەی گشت لوڕەکان لەم ئاییینە وەرگەڕان و بوونەتە ئیسلامی شیعە چونکە لە وڵاتەکەدا زۆر باو بووە، لەکەکانیش وا خەریکن بە پەلە لە دوای لوڕەکاندا هەنگاو دەنێن. وەکو دەردەکەوێ ئەم نەریتی ئایین گۆڕیە لەناو کورداندا هەمیشە گۆڕینی زمان و شێوەی ژیانیشی بە دواوە بووە، لوڕەکان لە شێوە جۆراوجۆرەکانی، کوردی گۆرانیەوە،

گۆڕیانە فارس، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەتی کە تا ئێستاش ڕەنگ و بۆی کوردیی پێوە دیارە زۆریــەی هــەوادارە کــوردە کــشتوکاڵ پیــشەکانی تیرەکــە لەگــەڵ وەرگەڕانــە ســەر ئیــسلام زمانەکەشیان لــە پەهلەوانیــەوە گۆڕیــە ســەر کرمــانجیی و شــێوە جۆراوجۆرەکــانی. تــەنها ناوچــەکانی موکری نشینی دەورووبــەری شــاری مــەهابادی لێدەرچــێ، هــەموو ئــەو ناوچــانەی ئێستا بەشێوەی کرمانجی باشووری زاراوەی سۆرانی دەدوێــن (بڕوانــە زمانــەکان) تــا نزیکــەی سێ سەدە لەمەوبەر مەڵبەندی یارسانیەت و زاراوەی گۆرانی بوون (بڕوانە کۆچە مێژوویییــەکان) لە کاتێکدا ئەو کاتــە مەڵبەنــدی کرمــانجی بــاکوور لــە بنەوانــەوە و تــا ســەدەی شانزەیەم ئــەو جێیانە بوو کە ئێستا بە زمان دیملی دوون و بە ئایین عەلەوین.

لە کۆتایی سەدەکەدا ٣٣–٤٠٪ی کوردان هەواداری ئەم ئایینە دێرینە بوون، لەم سەدەیەی ئێستاماندا، ڕێژەی ئەو هەوادارانەی تیرەکە کە وەردەگەڕێنە سەر ئیسلام لــە کزیدایــە و ئێستا هەوادارانی لقە جۆراوجۆرەکانی خۆیدەدا لە ٣٠–٣٥٪ی هەموو کوردان. زانیاری زیاتر لەمــەودوا لە باسی لقە جۆراوجۆرەکانی تیرەکەدا دەدرێ.

هــەوادارانی تیرەکــە هەمیــشە لەلایــەن میــسیۆنێرە جۆراوجۆرەکانــەوە، بەتایبــەتی هــی مەسیحییەکان، کراون بە ئامانجی وەرگەڕاندن و پاشگەز کردنــەوە، ئــەم کــارە لــە زۆر زووەوە، لە کوردستان و بە ئاراستەی لقە جۆراوجۆرەکانی تیرەکە، لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمەوە بە چالاکی ئــەنجام دراوە. لــە پــاڵ ئەمــەدا و بۆ ئاســانکردنی ئامانجەکــەیان، ئــەم مــسیۆنێرانە هەندێ کاری فەرهەنگیشیان، ئەنجام داوە، لەوانە هەندێ فەرهەنگی هەرە کۆنی زمانی کــوردی یــان وەرگێــڕاوی ئینجیــل بــۆ کــوردی کــە هێــشتا هــەر مــاون کــردەی دەســتی ئــەوانن (بڕوانــە ئەدەبیات) بەشێوەیەکی گشتی، ئەم میسیۆنێرانە، بۆیان دەرکەوتوە کە کارکردن لەســەر ئــەم کوردانە (کە زۆربەیان کشتوکاڵ پیشەبوون) ئاسانتر بوە لە کوردەکانی تــر (کــە زۆربــەیان پــەز لەوەڕێن و کۆچەر بوون).

تەنانــەت ئەمڕۆکــەش ڕووی کــاری مــسیۆنێرە مەســیحی و بــە هائیــەکان هــەر کــوردە هەوادارەکانی ئەم تیرەیەن.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: A. Christensen, *Le règne du roi Kawadh I et le communisme mazdakite* (Copenhagen, 1925); O. Klima, *Mazdak* (Prague, 1957); F. Altheim, *Ein asiatischer Staat* (Wiesbaden, 1954); M. Rekaya, "Mise au point sur Thèophobe et l'alliance de Bâbek avec Thèophile (839/840)," *Byzantia* 44 (1974); J.B. Bury, *A History of the Eastern Roman Empire from the Fall of Irene to the Accession of Basil I: AD 802-867* (Brussels, 1935); H. Grègoire, "Manuel et Thèophobe et l'ambassade de Jean le Grammairien chez les Arabes," in A. Vasiliev, *Byzance et les Arabes*, vol. 1 (Brussels, 1935); J. Rosser, "Theophilus' Khurramite Policy and Its Finale: The Revolt of Theophobus' Persian Troops in 838," *Byzantia* 6 (1974); W.A. Wright, "Bâbak of Badhdh and al-Afshin during the Years 816-41 AD: Symbols of Iranian Persistence against Islamic Penetration in North Iran," *Muslim World* 38 (1948).

# يارسانيەت

پەيڕەوانی يارسانيەت، كە بە يارسان، عەليوللاهی، عەلی ئيلاهی (واتە ئەوانەی عەلی دەپەرستن"، عەليحەق، ئەهلی حەق (واتە ڕاستيخوازيان) ئەهلی هاك (واتە "روحپەروەران"— هاك يان هەك)، شەيتانپەرست، نوسەيری (خەڵكی ناسرە واتە مەسيحی)— هتد ناسراون، پاش چەند جێ گوازەكێ، لێرەوە بۆ ئەوێ، لە كوردستانی باشوور لە ئێران و عێراق گيرساونەتەوە. ماوايان هاوسنوورە لەگەڵ گۆرانيەكاندا (بە لەكەكانيشەوە)، واتە لەگەڵ گۆرانيدوەكاندا، هەرچەندە ئەم دابەشكردنە لە هەموو شوێنێكدا چون يەك نيە. ئايينزاكە، ئێستاكە بەسەر دوو يان سێ وردە تيرەی لێك جياواز لە قەوارەدا دابەش كراوە.

١— ئەهلی حەق: ڕاستەوخۆ لەگەڵ شيعە مسوڵمانەكاندا ڕيزبەندی دەكرێن، هەرچەندە لە ڕێنمايی ئايينياندا لەگەڵ دەستەيەكی باوەڕ تەمومژاويدا هاوبەشن كە لەلايەن نورعەلی ئيلاهييەوە ڕابەری دەكرێن (كە خۆی بۆخۆی گچكە بەرجەستەكەرێكە و ١٩٧٤ كۆچی دوايی كردووە) هەروەها لەلايەن نيعمەتوڵڵای جەيحونابادی باوكيەوە. نورعەلی ئيلاهی دانەری "بورهان"ە كە كتێبێكی پيرۆزی ئەهلی حەقەكانە، بورهان بە كتێبی ئايينی ئەوان دادەنرێ و گشت داب و دەستوورەكانی تاخمەكەی تێدايە، هەرچەندە شيعەكان زۆر بەجۆشەوە خۆيان وەكو شيعەی ئيمامی دەردەخەن (يان هەندێ جار دەڵێن كە ئايينەكە بريتييە لە جۆرێكی

سەرەبەخۆی شیعەگەریی)، چاو خشاندنێکی کورت بە بورهان و وتاریەندیەکانی نورعەلی ئیلاهی و باوکی دەرفەت بۆ هیچ گومانێك ناهێڵنەوە کە مەسەلەکە لە ڕواڵەتسازی بەولاوە هیچی ترنیە و مەبەستی تەنها چەپاڵەدانی هەوادارانی ئەهلی حەقە لە زوڵم و ستەمی دراوسێ مسوڵمانەکانیان، وەکو نورعەلی باسی کردووە، هەر لە سەرەتای (١٩٢٠)ەکانەوە مسوڵمانەکان، لە قەلاچۆکردنی یارسانیەکاندا درێغییان نەکردووە.

٢- تایفەسانیەکان کە تەنها لەم دواییەدا دەستیانکردووە بە خۆدانە پاڵ ئامۆژگاری و دەرسدانیەکانی نورعەلی بەرامبەر بە ئیسلام. بەهەرحاڵ، ئەوان بەقەی ئەهلی حەقەکان بۆ خۆلکاندنی ئاشکرا بە شیعەگەرییەوە، بە جۆش و پرتاو نین. بە گوێرەی وتاری نورعەلی. تایفەسانیەکان، هاوشانی یارسانیەکان و پا بەپا لەگەڵیاندا هەواداری ئەون. ئەم دوو گرووپە لە هەموو لقەکانی تری یارسانیەکان شارسانیتر و ژیرترن و شوێن دەستی کۆمەڵگای ئێرانیان پێوە دیارە و ئەو لقە بچووکەی لە عێراق هەیانە لەسەر ئەم ڕێبازەن.

٣- دێرینەوارەکان: (واتە ئەوانەی خۆیان بە ڕێبازە دێرینەکەوە چەسپاندووە وەرگێڕ) کە بریتین لە خەڵکە گشتی و گوندنشینەکان و زۆربەی زۆری هەوادارەکان پێکدێنن و بە خۆیان دەڵێن یارسان، جارجاریش بە گوێرەی ڕۆژ و جێگا دەبن بە نووسەیرییە یان عەلیوڵلاهی. ئەمانە زۆرتر لەلایەن دراوسێ مسوڵمانەکانیانەوە دەدرێنە بەر شاڵاوی زوڵم و ستەم، بەڵام لە هەمان کاتدا لە هەموو گرووپەکانی تر بە ئایینە دێرینەکەوە پابەندن، هەرگیز بەڕواڵەت خۆیان ناکەن بە مسوڵمان، لەبەر ئەوەش کە بە ژمارە و هەژەل لە هەموو بەشەکانی تر گەورەترن، ناوی یارسان پڕ بە باڵاو پێستیانە بە گوێرەی بۆچوونی یارسانیەکان، ناوەکە لە (یاری سان)ەوە، یارو یاوەر هەڤاڵ، یان میللەتی سوڵتان" واتە سوڵتان سەهاکەوە هاتووە، وێ دەچێ ئەمە لێکدانەوەیەکی ساکارانەی خەڵکەکە بێ، بۆیە مانا دروستەکە هێشتا لێکدانەوەی گەرەکە.

یارسانیەکان خاوەنی کۆمەڵە دید و بۆچونێکی سرنجکێشن لەمەڕ دروستبوونی جیهان و گەردوونەوە. بە بۆچوونی ئەوان، جیهان کاتێك دروستکراوە کە گیانی گەردوونی (هەق) کە وەکو مرواریيەك (یان لە دووتوێی مرواریيەکدا) لەناو ئەزەل (واتە بەر لە ئەبەدیەت) جێگیر بووە، خۆی لە شێوەی بەرجەستەکەرێکی سەرەکیی خواوەندی مەزن (خاوەندگار)دا نیشانداوە و بووە بەسەرلەمەدی چەرخی یەکەم لە حەوت چەرخ یان (بیابا)کەی ژیانی گەردوونی: ئینجا

پەروەردگاری مەزن دەستی كردووە بە ئەفراندنی جیهان، پاشان ڕووح خۆی لە شێوەی پێنج بەرجەستەكەرە گچكە (زاتی میهمان)دا دەرخستووە تا بەو جۆرە لەگەڵ ڕووحدا حەوتەوانەی پیرۆز پێكبێنن ئەمە یەكەم چەرخی ئەفراندن واتە (ساجناری) یان " تیۆری دروستبوون" بوو. (بڕوانە خشتەی ژمارە ٦).

یەكەم چەرخ یان دەوران، شەش دەورانی تری بەدواوا هاتووە (یەكێكیان زاتی بەشەر، پێنجەكەی تر زاتی میهمان)، لە هەر دەورانەدا ڕووحەكە خۆی لە شێوەی شەش بەرجەستەكەری نوێدا دەرخستووە تا بەو جۆرە پێكڕا ببن بە حەوت و بەوە ژمارەكە تەواو بكەن، لە كاتێكدا دەكرێ بەرجەستەكەرەكانی دەورانی یەكەم ڕێك بەرامبەر بە ناوی سەر فریشتەكانی ئایینە سامییەكان دابنێن، بەرجەستەكەرەكانی دەورانی دووەم، كە بە عەلی، وەكو مەزهەری سەرەكیی، دەست پێدەكا نووسەریان لێدەرچێ هەموو كەسایەتی ئیسلامن. لەوانەیە مەبەست لە نوسەیر، "نەسرانی" واتە "یەسووعی مەسیح" بێ، یان ئەو نەرسەیە بێ، كە خۆی گچكە بەرجەستەكەرێك بوو، دوایی ناوی خۆی گۆڕی بو شیۆڤۆبۆس (بڕوانە مێژووی كلاسیك) سێیەم دەوران هی شاه خوشین یان خورشیدە" واتە خۆر"، واتە خواوەند میثراس یان میهرو زنجیرەكەی، (بڕوانە بابەتی فۆلكلۆر و چیرۆكە میللییەكان).

دەورانی چوارەم لە سوڵتان سەهاكەوە دەست پێدەكا، ئاوەڵە بەرجەستەكەرەكانی سوڵتان لە بنەڕەتەوە بریتین لە كەسایەتی جوولەكەی وەكو موسا، داود و بنیامین. بەرجەستەكەرەكانی دەورانی حەوتەم هەموو لەقەبی "بەگ"[٦] یان پێوەیە كە وشەیەكی توركیەو پایەی بەرزی هەڵگری، واتە "گەورە"یی دەردەخا. ئەم گۆڕانانە لە كەسایەتی و بنەڕەتی ناوی بەرجەستەكەرەكان، لەهەر یەكێ لە دەورانەكاندا، لەوانەیە ڕەنگدانەوەی ڕووداوە كۆمەڵایەتی و مێژووییەكانی ژیانی كورد بن لەو سەردەمانەدا. لەوانەیە ئەو ڕووداوانە بابەتی وەكو سەرهەڵدانی بزووتنەوەی میثرائیەت (لە سەدەی دووەمی پێش میلادەوە تا سەدەی سێیەمی پاش میلاد) لە

[6] بە بڕوای دكتۆر كەمال مەزهەر، "بەگ" لە ڕەچەڵەكدا وشەیەكی باوە لە ناو زمانە هیندۆئەوروپییەكاندا و واتای "گەورە" بەكارهاتووە، تەنانەت"بۆگ" لە زمانی ڕووسیدا مانای خودایە.
هەرچەندە من زمانی ڕووسی نازانم، بەڵام لەبەر ئەو كاریگەرییەی زمانی توركی بەهەمووا لقەكانییەوە لەسەر زمانی ڕووسی هەیبووە، كە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی تێكەڵكێش و دوور و درێژی هەردوولا، لەوانەیە وشەی "بۆگ" ی ڕووسی لە "بێویگ"ی توركی، واتە گەورە، دوور نەبێ - وەرگێڕ.

کوردستانی باکوور و ڕۆژئاوایان هاتنی داب و دەستووری جوولەکە – مەسیحی بۆ ناو کوردستانی ناوەند لە سەدەی یەکەمی پێش میلاددا پاشان بەشەکانی تری کوردستان کە تا سەدەی حەوتەمی پاش میلاد بەردەوام بوو. هاتنی ئیسلام لە سەدەی حەوتەمدا، هەڵرشانەکانی تورکان لە سەدەکانی(١٢) تا (١٥)دا، ئینجا ڕەوەندبەند بوونی کۆمەڵگای کوردستان بن لە سەدەکانی (١٧– ١٩)دا (بروانە مێژوو).

ناوی بەرجەستەکەرەکانی دەورانی پێنجەم لەوانەیە بەزەقی دەرخەری بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەکانی هەرەزووی سەردەمانی ناوەند بێ لەناو تیرەکەدا. لەوانەیە "قرمزی" واتە سوورە کە بەرجەستەکەرێکی سەرەکیی تیرەکەیە ئاوەڵناوی بابەك یان نەرسەبێ. ئێمە لەسەرەوە باسی ئاڵا و جلوبەرگی سووری ئەم شۆڕشگێرانەمان کردووە، وشەی "یار" واتە "ئاوەڵ" یان هەوادار کە بەدوان لە گچکە بەرجەستەکەرەکانی ئەم دەورانەوەیە، ناوێکی زۆر باوەو بە گەلێ کەسەوەیە کە لە سەردەمانی ناوەندا ناویان هاتووە. نموونەیەکی تر کە پەیوەندی بەمەوە هەیە، مازیارە (ماە یەزد یار) واتە "ئاوەڵی فریشتەی میدیا" کە ناوی شۆڕشگێڕێکی تیرەکەیەو ئەو هاوکات لەگەڵ بابەك و نەرسەدا، لە ناوچەکانی دەریای خەزەر ڕاپەڕینی بەرپاکردووە (Rekaya 1973) لە هەمان سەردەمدا، لە بەغداش کۆمەڵەیەکی نهێنی، یان براڵەییەکی کۆمەڵاتی خەڵك و چاکسازیخوازی شۆڕشگێڕ، کە بەخۆیان دەوت "عەییار"، لە کاردا بوو.

بەرجەستەکەرەکانی دەورانی چوارەم، تەنانەت سەهاك خۆشی، ئێستا لەلای یارسانیەکان بە هەرە گرنگترین دەرکەوتنی ڕووح دادەنرێن، پاش بەرجەستەکەری یەکەم واتە پاش پەروەردگاری مەزن. لە کاتێکدا عەلەویەکان، دەورانی یەکەم و عەلی بە خاوەنی ئەم پلە سەرەکییە دەزانن، کەچی یەزیدیەکان، کە لەوان توندتر بایاندلوەتەوە شێخ ئادی و بەرجەستەکەرەکانی دەخەنە ئەم پایە گەورەیەوە، هەرچەندە نازانرێ ئەمانە سەر بە چ دەورانێکن.

خاوەندگار، عەلی و سەهاك، سێ سوچکە سەرەکییەکەی ناو حەوتەوانەکەن لای یارسانیەکان، لە کاتێکدا لای عەلەویەکان بەم جۆرەن: خاوەندگار، عەلی، بەکتاش (بروانە ڕێبازەکانی سۆفیگەری)، بەڵام لای یەزیدیەکان شتەکە بەم جۆرەیە: شەیتان، ئادی، یەزید.

یەزیدیەکان شەیتان یان مەلەك تاوس دەخەنە ناو بەرجەستەکەرەکانی دەورانی سەرەکیی یان یەکەمەوە، لە خشتەی ژمارە (٦)دا ئەم ڕیزبەندیە بە جۆرێك کراوە کە شەیتان نراوەتە جێی خاوەندگار خۆی، چونکە وا نەبوایە نەدەکرا شەیتان هەم لە دەورانی یەکەمدا بێ و هەم ئادیش وەکو یەکێك لە بەرجەستەکەرە سەرەکیەکانی بخرێتە دەورانەکانی دوای ئەوەوە. هەر بەرجەستەکەرە دۆناودۆن دەکاتە ناو ئەوی دوای خۆیەوە (نێریێ یان مێ) لە دەورانەکەی پاش خۆیدا. بەم جۆرە خاوەندگار دۆناودۆن دەکاتە ناوی عەلییەوە لە دەورانی دووەمدا، و ناو شاخوشینەوە لە دەورانی سێیەمدا و ئینجا ناو سولتان سەهاکەوە لە دەورانی چوارەمدا و بەم جۆرە شتەکە دەڕوا.

لە هەر دەورانێکدا بەرجەستەکەرێکی مێینە هەیە بۆ ڕووحی گشتگیر، ئەمەش نیشاندەری پلەی هەرە بەرزی ئافرەتە لە فەرهەنگ و نەریتی کوردانـدا (بڕوانە ڕەوشـی ژن و ژیانی خێزانی).

گەورەترین کەسایەتی یارسانیەت، واتە سولتان سەهاك، بە زۆری لەلایەن هەندێ دەمڕاستی ئەهلی هەق و تایفەسایەوە بە سولتان ئیسحاق ناو دەبرێ واتە شێوە ناوێ ئیسلامیانەی (ئایزیك)ی ئینگلیزی و ئەم، لەقەبە پڕا و پڕ، لەگەڵ ناوە جوولەکانەکانی تری بەرجەستەکەرەکانی دەورانی چوارەمدا دەگونجێ. سەهاك یان ئیسحاق، بە گوێرەی لێکدانەوەیەك، دەبێ لەنێوان سەدەی ۱۱ و ۱۳دا، لە شارەدێی پیرۆزی بەرزنجەی ڕۆژاوای باکووری سلێمانی لەدایك بووبێ. بەرزنجە ئێستا مەڵبەندی ڕێبازی سۆفیگەریی قادرییە (بڕوانە ڕێبازەکانی سۆفیگەری). شێخ مەحموود، کە ڕابەرێکی ڕێبازی قادری بووە، و پاش جەنگی یەکەمی جیهانی شۆڕشێکی دوانزە ساڵەی دژ بە ئیدارەی بریتانیا لە عێراق بەرپاکردووە و لە ئەنجامدا خۆی بە "مەلیکی کوردستان" جاڕداوە "بڕوانە مێژووی نوێ". خۆی بە نەوەی برایەکی سولتان سەهاك لە پشتی دوانزەیەم داناوە، هەرچی یارسانیەکانن، لەو باوەڕەدان سولتان سەهاك ئادەمیزادێکی نائاسایی بووەو بە بەرجەستەکەرێکی هەرە پایە بەرزی ڕووحی گشتیگریی دادەنێن و گوایە چەندین سەدە ژیاوە و خاوەنی توانای لەڕادەبەدەر بووە و ئێستا وەکو گیانێکی جیهان پارێزی چیانشین لەناو ئەشکەوتەکان و بە لووتکە هەرە بەرزەکانی چیاکانەوە دەژی.

سەهاك شێوەیەكی یەكجار گۆڕاوی ضەحاك یان دەهاكە، كە لە هەمان كاتدا لەقەبی شاهانەی دوا پادشایی مادەكان، ڕشتی – فیگا ئەژی دەهاك بوو (بڕوانە مێژووی هەرە كۆن). ناوەكە لە چەندین باسی مێژوویی قۆناغەكانی كلاسیك و ناوەندا كە هەرێمی زاگرۆس دەگرنەوە بەرچاو دەكەوێ، هەروەها لە باسی هەموو ئەو شوێنانەشدا كە كوردی لێ نیشتەجێ بووە، بە ئەرمەنستانیشەوە. بۆ نموونە، باس لە سانت سەهاك بارتەڤێك دەكرێ كە پەترەكی كەمینەی ئەرمەنی بووە و لە كۆتایی سەدەی چوارەم و سەرەتای سەدەی پێنجەمی پاش میلاددا ژیاوە هەروەها گەلێ ڕووناكبیری تری سەدە ناوەندەكانی ئەرمەنستان هەمان ناویان هەیە. لەم كاتەدا كوردێكی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی باشوورەوە بەرەو ئەرمەنستان ڕەویان دەكرد (بڕوانە مێژووی كلاسیك و كۆچكردنە مێژووییەكان).

بە گوێرەی بۆچوونی یارسانیەت، ئادەمیزادان دوا بەرهەمی گەشتی جیهانیی پڕ گۆڕانی رووحن لە پێشدا رووح گەشتەكەی بە چوونە ناوەوەی شتی بێ گیان دەست پێدەكا، كە ئەو پرۆسەیەی تەواو كرد رووح دەچێتە ناو شینایی ئینجا زیندەوەرەوە و لە كۆتاییدا، دەچێتە لەشی پیاوێك یان ژنێكەوە. بەو جۆرە ئەو كەسە، ژن بێ یان پیاو، چوار سرووشتی تێدا دەبێ: هی شتەكان، هی شینابییەكان، هی زیندەوەرەكان و ئیجا هی ئادەمیزاد. لەكاتی چوونە ناو لەشی ئادەمیزاددا، رووح دەست دەكا بە گەشتێكی تری فرە جێگا، كە لەوانەیە (١٠٠١) جار دۆناودۆن بكێشێ، تا بە پێوەری كات بگا بەو (٥٠٠٠٠) ساڵەی بۆ تەمەنی گەردوون دانراوە. بەمە ئەوترێ قۆناغی دۆناودۆن (كە بە مانای " لە جەستەیەكەوە بۆ جەستەیەكی تر" لێك دەدرێتەوە، یان گەشتی ناو لەشێكی مردوو بۆ ناو یەكێكی تر، یان لە دۆنێكەوە بۆ دۆنێكی تر كە هەمان مانا دەدا) لە كۆتایی ئەم گەشتە گۆڕان ئامێزەدا كەسەكە پیاوبێ یان ژن دەگاتە ڕزگاری و دەبێ بە مرۆڤ مرۆڤێكی پاكیزە و تەواوی ئەوتۆ كە شایستەی پلە نوێیەكەی بێ لە ئاسمانە بڵندەكاندا و بۆ یەكگیریی تەواو لەگەڵ ڕووحی گەردوونییدا بەهەزرێ.

ڕزگار بوون لە یارسانیەتدا ئەركی سەرشانی ئەو كەسە خۆیەتی. كۆمەڵگا هیچ بەرپرسیاریەكی نیە یارمەتی كەسێك بدا بگا بە مرۆڤیەتی. تەنانەت ئەو دەستی یارمەتیەش كە لەلایەن ئامۆژگارو ڕابەرە ئایینیەكانەوە درێژ دەكرێ، خوایشتیە نەك ئەركی سەرشان.

بوون یان نەبوونی ئەم یارمەتییە پەیوەندی بە بارودۆخی ڕووحی کەسانەوەنیە. لەڕووی بنەماکانەوە، مرۆڤ دەتوانێ بگاتە پلەی بەرزی مرۆڤیەتی، تەنها ئەگەر ماوەیەکی زۆری تەمەنی بە کۆششی سەختەوە بەسەر بەرێ؛ لەوانەیە دەورەیەکی تەواوی (١٠٠٠) دۆناودۆنی ژیانی بوێ (دوا ژیانی دوای هەزارەم ژیانی ڕزگاریە و بە دۆناودۆن نازمێرێ) کەسانی گوناهبار لەوانەیە لە شێوەی شێواوی زیندەوەرێکدا دۆناودۆن بکرێن و ئەوکاتە ژیانی ئەو زیندەوەرە ناچێتە ناو (١٠٠٠) ژیانەکەوە، هەروەها دۆناودۆن کردن بۆ ناو لەشی منداڵێکی تازە لە دایکبوو کە نەگاتە ٤٠ ڕۆژ ناکرێ. ئەگەر پاش (١٠٠٠)ساڵی دۆناودۆن یان پاش (٥٠٠٠٠) ساڵەی گەردوون (کامیان لە پێشدا ڕوو بدەن) گیانێك نەیتوانی خۆی بۆ پلەی ئادەمیزاد بەرز بکاتەوە، ئینجا لەگەڵ گیانە سەرنەکەوتوەکانی تردا، لە ڕۆژی دوا دادگایی – یان پەردێوەریدا – پردی پەڕینەوە دادگایی دەکرێن.

سەبارەت بەم باوەڕە قایمە بە دۆناودۆن، یارسانیەکان کەمتر بۆ مردووەکانیان سوێ دەخۆن چونکە ئەوان وا چاوەڕێ دەکەن بە زووترین کات بگەڕێنەوە، ئەگەر هەر یەکسەر نەگەڕێنەوە لە گیانی ئادەمیزادێکدا کە تازە لە دایك دەبێ. ڕاستییەکەی، هەتا ڕابردوویەکی نزیك ڕابەرە ئایینیەکان کەمتر ناویان لە منداڵێکی تازە لە دایکبوو دەنا کەوا گیانی کەسێکی مردوو هاتبوە ناو لەشیەوە.

جیا لە لقەکانی تری تیرەی فریشتەکان، یارسانیەت خاوەنی کتێبێکی خودایی پیرۆزی وەکو هی ئەوان نیە.

لەجیاتی کتێب، کۆمەڵێك وتەیان هەیە پێی دەڵێن "کەلام" لەپاڵ هەندێ داب و دەستووردا کە پێی دەڵێن "دەفتەر" و هەردووك لای ئەوان پیرۆزن. هەردوو نووسراوەکە، لە کات و سات و بەچەند زمانی جیاواز نووسراون و هەر نووسینە، لە سەردەمیکدا دانراوە کە لە مێژووی درێژی ئەواندا شوێن پەنجەی هەبوە. هەرە گرنگترینی "کەلام"ەکان "سەرەنجام"ە کە بە "کەلامی خەزنە"ش ناسراوە "کە لەوانەیە بەمانای گەنجینە بێت" و بریتییە لە وتەکانی سوڵتان سەهاك و چاکەکانی سەردەمی ئەو، هەروەها هی کەسایەتیە ئایینیەکانی یارسانیزم کە بەر لەو هاتوون. ئەم کتێبە بە سەرچاوە دادەنرێ و لە هەموو ئەوانی تر کاریگەرترە، کارەکە بە شیعر دانراوە و بەشێوەی هەورامانی سەر بە زاراوەی گۆرانی هەڵبەستراوە (بڕوانە

زمانەکان). کەلام و دەفتەرەکانی تر هەموو بە گۆرانین، بەڵام هەندێکیان بە لوڕی و فارس و زاراوە تورکی نما جۆراوجۆرەکانن. بابەتە نووسراوەکانی تریان، بریتین لە "دەورەی بەهلوول "کە دەڵێن: لەلایەن بەهلوول ماهی ناوێکەوە (بەهلوولی میدی) نووسراوەکە لە سەدەی هەشتەمی پاش میلاددا ژیاوە، ئەم نووسراوە بە شیعر و بە جۆرە گورانییەکی فەرسوودە نووسراوە. هەروەها "شانامەی حەق" کە نیعمەتوڵلای جەیحونابادی موکری و "بورهان" کە نوورعەلی ئیلاهی نووسیویە، هەردووك لەم دوا دواییانەدا بە فارسیەکی پڕ لە وشەی گۆرانی نووسراون و لە چەندین جێگەش ئایەتی قورئانیان بە عەرەبی تێ ترێنجراوە ئەمانە هەموو بە بابەتی پیرۆزی یارسانیەت دادەنرێن.

مەڵبەندی یارسانیەت وا لە قووڵایی هەرێمی گۆرانان، لە شاری گەهوارە (یان گەوارە) (٤٠)میل ڕۆژهەڵاتی کرماشان. مەزارگەی "بابا یادگار" وا لە دێیەك کە هەر ئەم ناوەی پێوەیە و (٥٠)میل لە گەهوارەوە دوورە و ئێستا لای یارسانیەکان بە پیرۆزترین جێگا دادەنرێ.

دوو ڕۆژ پێش ئاهەنگەکانی ساڵی تازە، یان نەورۆزە، (بڕوانە میهرەجان و جەژن و ئاهەنگەکان و ساڵنامە). هەواداران بار و بارگە لێدەنێن و ڕوو دەکەنە ئەو مەزارگەیەو لەوێ دەکەونە شایی و سەیران و خوێندنی بابەتی ئاییینی لە بارەی بنەما ئاییینییەکانی یارسانیەتەوە، مامۆستاو ڕابەری ئاییینی، یان پیر، بابەشێك دەخوێنێتەوە کە لە شێوەی پرسیاردایە، هەوادارانیش بە بابەشێکی تر وەڵامی دەدەنەوە، نەریتی جەدەل بازی لە کار و باری ئاییینیدا و سرووودەکانی ناو ئاهەنگە ئاییینیەکان، مێژوویەکی قووڵی لە هەرێمی زاگرۆسدا هەیە. هەر ئەم نەریتە باوە بە بابەتە ئاییینیەکانی زەردەشتەکانیشەوە دیارە وەکو "زەندی ئاوێستا" و سامانی شیعری هەموو ئەو گەلانەش کە زنجیرە چیاکانی زاگرۆسەوەن—یەکێك لەو دەستوورە ئاییینیانەی کە یارسانیەکان لەم بۆنەیەدا دەیکەن سەربڕینی کە لە شێرە. (کەڵەشێر لای یەزیدیەکان وەکو بانگدەری هەڵاتنی ڕۆژ ڕێزی لێدەگیرێ بۆیە ئەم نەریتەی یارسانیەکان بە کارێکی حەرام و بە هیچ جۆرێك کردەنی نازانن).

هەرچەندە پاشماوەی ئەو سامانی باوەڕ و داب و دەستوورە ئاییینیانە سرنجکێش و جێی ڕێزن بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە بەشێکی زۆریان لە بیر چوونەتەوە، یان کۆزەر و بەریا کراون، یان بەشێوەیەك گۆڕراون. ئەم دیاردەیە گشت لقەکانی تیرەی فریشتەکان دەگرێتەوە.

هەرە گرنگترین زاراوە ئاییینییەکان، سەردەمبەندیی ڕووداوەکان، یان شتە هەرە تەوەرییەکانی ئایینەکە، لە چیرۆك و ئەفسانە باوەکانی ناو کۆمەڵ یان پڕوپووچ بازیەکانی ناو مێژوو و بابەتە دروستکراوەکانی کارگەی مێشکی تێر خەیاڵی "پیر"ەکانی یارسانانەوە

دەرچووە. بۆ نموونە، بۆ ڕووداوەکانی ساجناری و پردێوەر لە بارەی ئەفراندنی گەردوونەوە، بە هەیبەت و ڕێزێکی زۆرەوە ئاهەنگ دەگێڕن، بەڵام جگە لە ئاهەنگگێڕان بەولاوە و تروسکەیەکی کزی لێدەرچێ فریان بە ئەسڵی بابەتەکەوە نییە. هەموو زانیارییان لە بارەیانەوو لە هەندێ قسە و باسی لە بابەوە بۆ کوڕ هاتوو بەولاوە بڕ ناکا.

شتێکی سەیری تری ناو هەوادارانی یارسانیەت، هێشتنەوەی سمێڵ و تەنانەت بنپەڕچ نەکردنیشیەتی، ئەوەتە سمێڵەکانیان تا بڕوا بەردەدەنەوە، لە کاتێکدا ڕیشیان لە بنەوە دەتاشن. ئەم دەستوورە لە ئیسلامدا قەدەغەیە (چونکە دەبێ سمێڵ هەمیشە بە کورتی بهێڵرێتەوە). ئەمە پاشان بوو بە نیشانەیەکی گشتی بۆ شیعە سەختگیرەکان، کە ئەوانیش لە عەلەویەکان وەریان گرت. دەمووچاوی تیف تیفە دراوی پادشا سەفەویەکان، سمێڵە فشە زلەکانیانی لێدەرچێ، وەکو لە وێنە دەسکردەکانی ئەو سەردەمەیاندا دەردەکەوێ، دەکرێ بکرێ بەنموونە بۆ هەموو هەوادارانی ئەمڕۆی تیرەی فریشتەکان، ئەم دەستوورە ئێستا لای زۆرایەتی شیعەکان دەستی لێ هەڵگیراوە، چونکە لە دابی گشتی ئیسلامدا نەی لێکراوە، بۆیە ئێستا تەنها بۆ سەرسپردەکانی تیرەی فریشتەکان، بەتایبەتی یارسانیی و یەزیدیەکان، ماوەتەوە.

هەوادارانی یارەسانیەت ئێستا بە چڕی لە باشووری کوردستان و بە پەڵەپەڵە لە شوێنی تری دەرەوەی کوردستاندا وەکو چیاکانی ئەلبورزو ئازەربایجان و عێراق نیشتەجێن (بڕوانە خشتەی ژمارە ٥). بابە تاهیری (هەمەدانی–وەرگێڕ) شاعیری بەناوبانگی سەدەکانی ناوەڕاست و (أديب الملك)ی شاعیری ناسراوی سەدەی نۆزدەیەم لە هەوادارانی ئەم تیرەیەن (نەك هەر ئەمە، بابا تاهیر یەکێکە کە وردە بەرجەستەکەرەکانی پلەی دووی دەورانی سێیەم). کوردە سارڵییەکان، کاکەییەکان و بازەڵانەکان (کە بە باجەڵان و بەژەروانیش ناسراون)، کە بەشێوەی پەڵە پەڵە لێرە و لەوێ هەر لە قەسری شیرینەوە بگرە تا دەگەیتە کەرکووك و لەوێوە بۆ موسڵ نیشتەجێن، هەموو جۆری جۆراوجۆری یارسانیەتن. ئێستە هەوادارانی یارسانیەت ١٠–١٥٪ی گشت کوردان پێکدێنن.

خـشتبەندی ژمـارە(٦) دەورانـەکانی دروسـتبوون و نـاوی بەرجەسـتەکەرەکانی ڕووحـی گەردوونی لە یارسانییەتدا

| ڕووحی گەردوونی(حەق) | | بەرجەستەکەرەکان (باوەکان) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دەوران | پلەی یەك زاتی بەشەر | پلەی دوو(زاتی میهمان) | | | | مێیینە |
| | | | | | | | |
| | ١ | خاوەندگار | جبرائیل | میکائیل | ئیسرافیل | عیزرائیل | ؟ |
| | ٢ | عەلی | سەلمان | قەمبەر | محەمەد | نوصەیر | فاتیمە |
| | ٣ | شـــاە خۆشین* (میثراس) | باوە بزورك | کاکە ڕەزا | پیری شالیار | بابە تاهیر | مامـە جەلالە |
| | ٤ | سوڵتان سەهاك* | خدر (بنیامین) | داوود | پیرمووسی باوە یادگار* | ئیـبراهیم تەیار** | دایراك ڕەزبار |
| | ٥ | قرمزی (شاە وەیس) | قەمبـەر (دەستەوەر) | یاریجان | یار عەلی | شاە سوار | زەرپانوو |
| | ٦ | محەمەد بەگ (نوور بەخش) | کامەمریجان | کامەلەك | ؟! | قەرەپۆست | دۆستی |
| | ٧ | ئاتەش بەگ | جەمشید بەگ | ئەڵماس بەگ | عەلادین خان | عەبداڵ بەگ | پـەری خانم |

سەرچاوەکان:- خەزانە، شانامەی حەقیقەت، بورهان.

* گوایە باوکی نەبوە.
* گوایە باوکی نەبوە.
* گوایە باوکی نەبوە.
** گوایە دایکی نەبوە.
! یان نەبیوە، یان زۆری هەبوە.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: V. Minorsky, "Ahl-i Haqq," in *The Encyclopaedia of Islam*; Mohammed Mokri, *Le Chasseur de Dieu et le mythe du Roi-Aigle* (Wiesbaden: Otto Harrassowitz, 1967); Shâh-Nâma-ye Haqîqat, French commentary and partial translation by Mohammad Mokri (Paris: Institute Français d'Iranologie, Bibliothèque Iranienne, 1971); Robert Canfield, "What They Do When the Lights Are Out: Myth and Social Order in Afghanistan," paper presented at the ACLS/SSRC Joint Committee on the Near and Middle East Conference on Symbols of Social Differentiation (Baltimore, 1978); Reza M. Hamzeh'i, *The Yaresan: A Sociological, Historical and Religio-Historical Study of a Kurdish Community* (Berlin: Klaus Schwarz Verlag, 1990); W. Ivanow, *The Truth-Worshippers of Kurdistan: Ahl-i Haqq Texts* (Leiden: Brill, 1953); V. Minorsky, "Notes sur la secte des Ahlè Haqq," *Revue du Monde Musulman* 40–41 (1920 and 1921); Mohammed Mokri, *Recherches de kurdologie: Contribution scientifique aux études iraniennes* (Paris: Klincksieck, 1970); Dale Eickelman, *The Middle East: An Anthropological Approach* (Englewood Cliffs: Prentice-Hall, 1981); Henry Rawlinson, *Journey from Zohab to Khuzistan* (London, 1836); Henry Rawlinson, "Notes on a march from Zohab," *Journal of Royal Geographic Society* (London, 1839); John Macdonald Kinnier, *A Geographical Memoir of the Persian Empire* (London, 1813); John Macdonald Kinnier, *Journey through Asia Minor, Armenia and Koordistan, in the years 1813 and 1814* (London, 1818); Edith Porada, "Of Deer, Bells and Pomegranates," *Iranica Antiqua* vii (1967); Mohammed Mokri, *L'Esotérisme kurde* (Paris, 1966); Matti Moosa, *Extremist Shiites: The Ghulat Sects* (Syracuse: Syracuse University Press, 1988); M. Rekaya, "Mâzyâr: Résistance ou intégration d'un province iranienne au monde musulman au milieu du IXe siècle ap. J.C.," *Studia Iranica* 2 (1973).

# عەلەویەت

زۆرینەی زۆری کوردە دیمیلیەکانی ئەنەدۆڵ و هەندێ لە دروا‌سیێ کرمانجی دووەکانیان هەواداری لقێکی تیرەی فریشتەکانن، بەمانە تۆپ دەڵێن عەلەوی (هەوادارانی عەلی) یان (ئەڵەویان)، کە دەنگ لە ئاگر پەرستی یان زەردەشتیەتەوە دەدا و دەچێتەوە سەر ئەڵەو (هالاوی کوردی – وەرگێڕ) واتە "ئاگر" یان قزلباشەکان "سەرسوورەکان" سەبارەت بە مێزەرە سوورەکەی سەریان، (بڕوانە جل و بەرگ و خشل). هەروەها نووسەریەکان (کە دەکرێ وەکو "نەسرانیەکان" واتە مەسیحی یان وەکو "هەوادارای" نەرسە"ی شۆڕشگێڕی کوردی سەرەتای سەدە ناوەندەکان کە سەرکردەیەکی بزووتنەوەی خۆرەمیە بوو و خۆی و هەوادارانی لە ئەنەدۆڵ گیرسانەوە) دەگرێتەوە، عەلەویەکان عەلی بە هەرە گرنگترینی بەرجەستەکەرە سەرەکیەکانی رووحی گشتگیر دادەنێن لە دەورانی دووەمی ژیانی دنیاییدا (بڕوانە یارسانیەت). سۆزی یەکجار پڕ جۆش و خرۆشیشیان بۆی وەکو ئیمامێکی مسوڵمانی شیعە مەزەب هەر لەوێوە هەڵدەقوڵێ. لەوانەیە ئەو ناوەی پێیانەوەیە لەم ڕاستییەوە سەری هەڵدابێ، بەهەمان شێوەی کە خەڵکی دەرەکی ناوی عەلیوللاهی (عەلی پەرستان)یان بەسەر یارسانیەکاندا. یەك شت هەیە کە دەبێ سرنجی لێ بدەین ئەویش ئەوەیە، بە پێچەوانەی یارسانیەتەوە، عەلی لە عەلەویەتدا دوو کەسایەتی هەیە، عەلەویەکان ئیمام عەلی و محەمەد پێغەمبەر پێکەوە دەکەنە یەك کەس و پێی دەڵێن: عەلی محەمەد و ئینجا بە یەك تاقە بەرجەستەکەری دادەنێن، بەڵام ئەم تاقە بەرجەستەکەرە بە دوو شێوە دەردەکەوێ. بنیاتنەری زنجیرەی سەفەویە، واتە شاە ئیسماعیلی یەکەم، لە نووسینەکانیدا، ئەگەر خۆی بە (حەق) واتە رووح ناو نەبردایە ئەوا خۆی بە عەلی محەمەد ناو دەبرد.

هەرچەندە عەلی لەناو ئایینی ئیسلام و لقە جیا جیاکانییدا خۆشەویست و گرنگبێ عەلەوییەت بە تەواوی بە ئایینێکی ئیسلامی دانانرێ بەڵکو هەر بە بەشێك لە تیرەی فریشتەکان دەمێنێتەوە وەکو لقەکانی تری تیرەکە، لایەنی ئایینی و بنەڕەتیی عەلەویەت هەرگیز لەگەڵ نامەو رووحی قورئاندا لە بابەتە گرنگەکاندا ناگەنەوە یەك، لە کاتێکدا ئایینە

سەربەخۆ ناسامییەكان لەگەلێ لاوە لەگەڵ ئیسلامدا یەك دەگرنەوە.

عەلەویەت ئێستا لەلایەن گەلێ لە عەرەبەكانی سوریاوە پەیرەوی لێ دەكرێ و رێژەی عەلەویەكان خۆی دەدا لە (١٣٪)ی دانیشتووانی ئەو وڵاتە. لەوێ زیاتر بە نووسەیری دەناسرێن و مەڵبەندەكانیان پتر دەكەونە شارە بەندەریەكانی كەناری دەریاوە وەكو لازقیەو تەرتووس، كوردیش وەكو پێكهاتەیەكی ئەتنی سەردەمانێك لەو هەرێمە زۆر بوون و ئێستا ئەوان زۆرتر نەك هەر لە باكوور بەڵكو لە رۆژهەڵاتی ئەوێشەوە بەرەو شاری حەما هەر هەن، بەم جۆرە عەرەبە عەلەویەكان، یان عەرەبی لە ئایین وەرگەڕاو یان كوردی تەواوەن (بڕوانە كۆچكردنە مێژووییەكان) سەرۆكی ئێستا، حافیز ئەلئەسەد، عەلەویە (یان وردتر بڵێین، نووسەیرییە سەیری لای خوارەوە بكە). لە سەردەمی خاوەندارێتی فەرەنسەدا، ئەم هەرێمەی سوریا، لەبەر ئەم تایبەتمەندیە ئایینییەی كرابو بە هەرێمێكی ئۆتۆنۆمی.

گەلێ لە توركمانەكانی توركیا، كە هاوسنووری كوردەكانن و لە چیاكانی تۆرۆس و پۆنتۆس لە نزیكی شارەكانی ئەدەنە، سیواس، توقات، ئەماسیا دەژین، هەواداری عەلەویەتن، بە پێچەوانەی سوریاوە، عەلەویە غەیرە كوردەكانی ئەنەدۆڵ لە بنەكانەوە وەرگەڕاوی توركن نەك تەواوەی كورد ڕەسەن. شان بەشانی عەلەویە كوردەكان ئەم توركمانانەن بڕبڕەی پشتی ئەو هێزە چەكدارە بوون كە پشتی لە سەر پاوەستانی سەفەویەكانی لە ئێران گرت (بڕوانە مێژووی هاوچەرخی هەرەزوو). ئێستا توركمانە عەلەویەكان، ئەگەر لە كوردەكان زیاتر نەبن كەمترنین، شەبەكەكانیش كە لە باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ جێگیرن لە كوردستانی ناوەند و دراوسێی باجەڵانە یارسانیەكانن، پەیرەویی جۆرێك لەم عەلەویەتە دیمیلیە دەكەن.

دیمیلیە عەلەویەكان لە یارسانیەكان زیاتر پەیوەندییان لەگەڵ تیرە ئارياییە كۆنەكاندا هەیە، لە داب و دەستوورە ئایینیەكانی ئەماندا، كڕنووش بردن بۆ ڕۆژ و مانگ و خوێندنی سرووود و ویردی ئایینی زۆرتر دەكرێ. ئەمان بە كۆبوونەوەی جەمخانە دەڵێن "ئایینی جەم". جەمی هەرە گەورەیان كۆبوونەوەی هەرە گەورەی ساڵانە لەگەڵ جەژنی قوربانی موسوڵمانانذا یەككات دەكرێ واتە ئەو كاتەی دەكەوێتە كۆتایی حەجكردنی مسوڵمانانەوە بۆ مەككەو تێیدا مەڕێك دەكرێ بە قوربان. جەم (كە لەناو زەردەشتیان بە جەمشید و لەناو ڤیدادا بە یەما ناسراوە) لە داب و دەستووری زەردەشتیەكاندا قارەمانی مەزنی ئارياییەكانەوە

جەژنگێڕانی نەورۆز –ساڵی نوێی کورد و ئێرانیەکان–بەخۆشی ئەو و بۆ ئەو تەرخانکراوە. بە گوێرەی ئەو چیرۆکە ئەفسانەییەی لەم بوارەدا هەڵبەستراوە، جەم لە کۆتایی ماوەی دەسڕۆیشتنیدا لەلایەن ئەژی دەهاکەوە کراوە بە قوربانی. ئەوەی ڕاستە، لە شانامەی فیردەوسیدا، کە بەناوبانگترین داستانی نەتەوەیی ئێرانیەکانە، جەمشید وەکو "ڕۆژ و مانگ پەرست" باسکراوە، (بڕوانە ئەو فەسڵەی کە باسی دەرکەوتنی زەردەشت دەکا) عەلەوییەکانیش هەر باوەڕیان وایە.

ئایینی جەم، لە بنەکانەوە، لە شێوە و لە پلەی ئایینیشدا، بەرامبەری جەمخانەی یارسانیەکان و جەمی یەزیدیەکانە–عەلەویەکان، سەرباری هەموو بەیت و بالۆرەی خەڵکانی دەرەکیی، هێشتا هەر دەرفەتێکی باشیان بۆ ژنان هێشتۆتەوە بۆ بەشداریکردن لە بۆنە وداب و دەستوورە ئایینیەکاندا، بەتایبەتی لە گێڕانی ئایینامەکانی ئایینی جەمدا. ئەمەیە، بێ کەم و زیاد، کە دەرەکیەکان پەنجەی تیر و توانجی بۆ درێژ دەکەن و بە ئاهەنگی تێك بەربوونی نێر و مێ، یان "پف لە چراکردن" باسی دەکەن کە لەوەبەر ئاماژەمان بۆ کردووە.

هەندێ لە عەلەویەکانیش، هەروەها یەزیدیەکانیش، هێشتا لەسەر داب و دەستوورێك دەڕۆن کە ئێرانیەکانی سەردەمانی هەرەزوو دەیانکرد، واتە کڕنووش بردن بۆ شمشێری لە زەمین چەقێنراو، بە نیشانەی پەرستشی خواوەند. مارك سایکسی ساڵی ١٩٠٨ باسی بەجێهێنانی ئەم ڕێ و ڕەسمە دەکا لەناو هەندێ هۆزی دیمیلی دا: وەکو بۆسیکانەکان، کوریانەکان، هەروەها وا دەیەوێ زەکیریەکان و موسیەکان، و سارمیەکانیش بخاتە پاڵیان، هەرچەندە دەڵێ لەو کاتەدا ئەو شتە کەی نووسیوە، ئەم سیانەی دوایی دەستیان لە گێڕانی بۆنەکە هەڵگرتوە. هیرۆدۆتس باسی هەمان ئایین دەکات کە گوایە سیثی و سارماتیە ئێرانیەکان (واتە خزمانی کوردەکان و گەلە ئێرانیەکانی تر) (٢٣٠٠) ساڵ لەمەوبەر لە ئۆکرانیا گێڕاویانە (لێرەدا لێکچوونی ناوی هۆزی سارمی دیمیلی نەژاد و سارماتیەکان جێی سرنجە) وێنەی شمشێری لە زەمین یان کەرتە شاخ ڕۆکراو، بێگومان، لە بیرۆکەی هاوشێوەی بریتانی دەچێ و زۆر لە وانەشە پەیوەندیەکیان لەنێواندا هەبێ. ساڵی ١٧٥ی پێش میلاد، مارکۆس ئۆریلیۆس تیپێکی لە سارماتیەکان لە پانۆنیا (هەنگاریای ئێستا)وە نارد بۆ ئینگلتەرە و سکۆتلەندە (ناوی سەرکردەکەیان لوشیاس ئەرتۆریەس کاستەس بوو). بە گوتەی گێڕانەوەی

نیكل لەوانەیە بنەمای ئەفسانەكە لەلایەن ئەم سامارتیانەوە هاتبێتە بریتانیاوە و بەم جۆرە لەوانەیە بچێتەوە سەر بابەتی هاوشێوەی عەلەوییە دیمیلیەكان. دیمیلیەكان دوا كۆمەڵی ئێرانین كە هێشتا هەر ئەم داب و دەستوورە دێرینە دەگێڕن.

هەندێ گەڕیدەی ئەوروپایی كە لەم دواییانەدا هاتوونەتە ناوچەكە، لە دەمی خەڵكەوە دەگێڕنەوە كەوا هەندێ لە قزڵباشەكان گەماڵێكی ڕەشی زل وەكو بەرجەستەكەرێكی خودایی دەپەرستی (Driver 1921-23).

هەرچەندە شێوازی گێڕانەوەكەی درایڤەر گاڵتە ئامێزە چ بە عەلەویەكان چ بەوەی دەیكەن، كە وێ دەچێ خۆشی زۆر باوەڕی بەڕاستی نەبێ، ڕێزگرتن لە سەگ وەكو سمبولێكی چاكی (بەرامبەر بە مار كە سیمبولی خراپەیە) بابەشێكی یەكجار دێرینە. هەر ئەم بابەتە خۆی بەشێوەی جۆراوجۆر لە هەموو ئایینە گنۆستییە كۆنەكاندا بەدی دەكرێ، بەتایبەتی میثرائیەت (Jones 1963).

بەرز و پیرۆزڕاگرتنی عەلی لە پلەی خوداییدا لەلایەن عەلەویەكانەوە، چ لای قەرەقۆینلوەكان چ لای سەفەویەكانی هەرەزوو بوو بە نیشانەی هەرە زەقی ئایینی بۆ هەردوو لایان، ئەمەش شان بەشانی داب و دەستووره نا ئیسلامانەكانی تریان، تا بڵێی زیاتر لە دەوروبەرە ئیسلامەكانیان تا كاندیانیەوە، بۆیە بە مەبەستی دەست بەسەرداگرتنی ئەو دراوسێیانەیان و سەپاندنی ئایینی عەلەوی بەسەریاندا، ناچار خۆیان دایە پاڵ شیعەچیەتییەوە. لەناو خەڵكدا ئەوان بەگشتی بە قزڵباش ناویان دەركرد، واتە ئەو ناوەی ئێستاش كوردە دیمیلییە عەلەویەكانی ڕۆژاوای ناوەندی ئەنەدۆڵ خۆیانی پێوە دەشەنگێنن ئەم ناوچەیە هەمان ناوچەیە كە لە سەردەمی پانزەیەمدا بزووتنەوەكە سەری لێوەهەڵدا.

لە سەدەكانی (١٥) و (١٦)دا عەلەویەكان دوو ڕاپەڕینیان بەرپاكرد. بۆ پێكەوەنانی هێزی پێویست بۆ هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینەكان دوو هۆكار یەكجار پێویست بوون: ١) ئەو دەسكەوتە دیموگرافیە بێ وێنانەی كە كوردەكان لەنێوان ساڵانی (١٤٠٠ و ١٥٢٠)داوە دەستیان هێنا (بڕوانە دیموگرافی) و ٢) وەرگەڕانی زووتری ژمارەیەكی زۆر لە هۆزە توركمانەكانی ئەنەدۆڵ و قەفقاسیا بۆ سەر ئایینی تیرەی فریشتەكان. پێشتگیرە هەرە زووەكانی عەلەویەت، كە زۆربەی مێژوونووسەكان بە ئیسلامە توندڕەوەكان ناویان دەبەن، بریتی بوون لە بنەماڵەی

پادشاهی قەرەقۆینلوی تورکمان، کە ئەوکاتە هەموو ئێرانی ئێستا و قەفقاسیا و ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ لە قەڵەمڕەوی ئەواندا بوو (بڕوانە مێژووی سەدەکانی ناوەند) لایەنگیریکردنی قەرەقونیلۆەکان لە تیرەی فریشتەکان و دوورکەوتنەوەیان لە ئیسلامەتی لەو سەردەمەدا زۆر ئاشکرا و ڕوونە. تەنانەت ئەمڕۆکەش پاشماوەکانی ئەم بنەماڵەیە کە لە سۆفیەتی بەرێ و لە ئازەربایجانی ئێراندا دەژین، بەگوێرەی قسەی مینۆرسکی، هەواداری تیرەی فریشتەکانن. لیستەی ئەو هۆزە کوردانەی کە لە بنەکانەوە بەشداربوون لە شۆڕشە عەلەوی سرووشتەکەی سەفەویەکاندا، ناوی شاملوەکان، شێخەوەندەکان، شادلوەکان، خاجەوەندەکان، زەفراتلو (زەعفەرانلو)ەکان، ستاجلو (ئیستاجلو)ەکان و کوڤانلو (کوڤا)کانی تێدایە. هەموو ئەم هۆزانە ئێستاش هەر ماون و هەر کوردیشن (بڕوانە خشتەی ژمارە ١).

ئێستاکەش کوردە دیمیلیەکان، کە بە ئایین عەلەوین، هەر ئەو مێزەرە سوورەیان بەسەرەوەیە کە ناوی قزلباش واتە "سەر سووری" لکاندوە بەم شۆڕشگێڕانەوە. لەو کوردانەدا کە عەلەوی نین، ڕێ و شوێنی ئەم قزلباشانە تەنها لەناو بەرزانیەکاندا ماوە، سەرانی گەلەهۆزی بارزانی، کە لە سەردەمانێکی دێرینەوە ڕابەرایەتییەکی تۆکمەی ئاینیشیان کردووە، لە گشت بەدەر سەر بەرزی ئەوەشیان هەیە کە وەکو نیشانەیەکی ئایینی ئەم مێزەرە سوورەیان بۆ خانەوادەکەیان کردووە بەنیشانە (بڕوانە جل و بەرگ و خشڵ) ڕەنگی سوور، هەروەها، مۆرکی تایبەتی بزووتنەوەی مەزدەکی و خوڕەمیەکانیش بوو، کە بە باوانی بیر و باوەڕی عەلەویەت دادەنرێن.

هەر وەکو یارسانیەت، هەندێ لقی عەلەویەتیش، لەبەر چەندین هۆی جیاجیا، زۆر لە شیعەگەریی باو نزیکتر بوونەتەوە و بە درێژەی سەدەکانی ١٥–١٧ یارمەتیان داون بگەنە ئەم دۆخەی ئێستایان و لەم نزیکبوونەوەیەدا بە ئەندازەی ئەهلی هەقە هەوادارەکانی نورعەلی ئیلاهی لە شیعەگەریی چوونەتە نواوە، (بڕوانە یارسانیەت).

بەڵام هەرچییەك بکەن بۆ ئەوەی خۆیان وەکو ئیسلام یان شیعەی دڵگەرم دەرخەن، بە هیچ پیودانگێکی قورئان هیچیان هەرگیز ناچنە ناو خانەی ئیسلام یان شیعەیەتیەوە.

عەلەویەت بەردەوام لای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئایینێکی نەنگەویست بووە، سوڵتانەکان کە خۆیان بە جێگەداری پێغەمبەر دادەنا، لە هەمان کاتدا سوفیگەرییەکی یەکجار

توندڕەوانەیان دەكرد، هەر بۆیەشە عەلەویەكان تووشی چەندین قەتلّوعام بوون لەسەر دەست یان بە پەنجەی دەوڵەت پاش ئەوەی ئەنەدۆڵی ڕۆژهەڵات ساڵی ١٥١٤ لەسەر دەستی سوڵتان سەلیم لە قەڵەمڕەوی ئێران قرتێنرا و خرایە سەر دەوڵەتی عوسمانی.

لەگەڵ ئەمەشدا، عەلەویەكان هێمان بە ئەندازەی یەزیدیەكان بەر زوڵم و سەرگەردانی نەكەوتوون، چونكە لە ژمارەدا لەوان زیاتر بوون، تەنانەت ئەمڕۆكەش هەوادارانی خۆیان دەدەن لە (٢٠٪)ی هەموو كوردان.

زوڵم و ستەمی چەندین سەدەی سەركۆمەڵگای عەلەوی لەلایەن عوسمانیەكانەوە و هەمیشە گومانی دڵسۆزیان بۆ ئێرانیەكان هەرگیز بە ڕووخانی ئیمپراتۆرەیەتی ئالی عوسمان كۆتایی نەهات، بەڵكو بۆ سەردەمی ڕژێمی نوێش درێژەی كێشا بەتایبەتی لە (١٩٢٢) بەدواوە، هەرچەندە ڕژێمی كۆماریی كەوتە هەڵدانی بانگی عیلمانییەت و ئێرانیش لە خانەی دوژمن دەرچوو و هاتە خانەی دۆست و هاوپەیمانەوە، تەنها لەم دواییەدا هاتەوە یادی ئەنقەرە كەوا هیچ هۆیەكی ئەقلگیر نیە چ عەلەوی و چ بەكتاشیە ئایین براكانیان ببوغزێنن. بە پێچەوانەوە، سیاسەتێكی ئەوها تەنها زیانی لێ دەكەوێتەوە، چونكە ئەم سیاسەتە بوو كە كوردە عەلەویەكانی (كە لە دوو لاوە خۆیان بە ستەم لێكراو دادەنا، لەسەر كورد بوون لەلایەك و لەسەر عەلەوی بوونیش لەلایەكی ترەوە) خستە ناو بزووتنەوە سیاسیە هەرە سەروەشێن و ڕادیكالییەكانەوە. هەڵوێستی یاخیگەریانەی عەلەویەكانی ئەم سەردەمە دژ بە دەوڵەتێكی ستەمگەر، یەكێك لە بزووتنەوەكانی پێشتری هەوادارانی تیرەی فریشتەكان دێنێتەوە یاد (واتە هی مەزدەكیەكان و خورەمیەكان) و ئەو توندڕەویەی كە لەوانەوە بە میرات بۆ شیعەكان مایەوە.

ئێستا دەوڵەتی توركیا ڕێز لە عەلەویەت وەكو ئایینێكی "خۆولاتی" هەرێمی ئەنەدۆڵ دەگرێ. نەك هەر ئەمە، بەڵكو بە ئامانجی تەرازوبەندی لەگەڵ بزووتنەوە ئیسلامیە سوونیە توندەكانیشدا، ئەنقەرە بەرەسمی سەرپەرشتی گێڕانی هەندێ لە ئاهەنگەكانی عەلەویەكانیش دەكا هەرچەند لە كراسێكی نیشتمانی و میللی دەئاڵێنێ (بڕوانە میهرەجان و جەژن و ئاهەنگەكان و ساڵنامە).

لەم باسەدا، نابێ نوسەریەت، واتە ئەو لقەی عەلەویەت لەبیر بخەین، كە بریتیە لە

تێکەڵکردنی بیر و باوەڕی تیرەی فریشتەکان لەگەڵ هەندێ داب و نەریتی عەرەباندا، لەسەر دەستی ئەو کوردە کۆچەرانەی کە بە دوای لەوەڕدا هاموشۆی هەرێمە کەناردەریاییەکانی سوریایان دەکرد، لەبەر ئەوەش کە هەوادارانی بۆ نوسەیریەت لەم سەردەمەدا ئیتر خۆیان بە کورد ناخوێننەوە، لایەنی تێڕامان و داب و دەستوورەکانیان هەر ئەوەندەی لێماوە کە باسی دەکەین. ئەوان لەجیاتی عەلی، سەلمان بە بەرجەستەکەری هەرە گەورەی ڕووح دادەنێن، دوای زاتی پەروەردگار. سەلمان، ئێرانی بوو و یەکێك بوو لە ئاوەڵەکانی محەمەد، کەسایەتییەکانی تری ئیسلام لە پلەی دەورانی دووەمدا دادەنرێن (کە گرنگترین پلەی سەرزەمینە) لە ژیانی گەردووندا، بەهەمان شێوە کە لە عەلەویەتدا هەیە. جەژنە ساڵانە سەرەکیەکانی نووسەیریەکان ڕێك دەکەنە هەمان ڕۆژانی جەژنە سەرەکیە ساڵانەکانی یەزیدیەکانەوە. هەر دوولا پێکەوە (٢١ی مارت)، میثراکان (کە نووسەیریەکان میثراجانی پێ دەڵێن و لە ٦–١٣ ئوکتۆبەردا دەیگێڕن) و جەژنی یەزید (٢٥ی دیسەمبەر) بەگێڕن. جەژنی چوارەم کە یەزیدیەکان بە بۆنەی تیرەگانەوە لە کۆتایی مانگی تەمووزدا دەیگێڕن، لای نووسەیریەکان، سەدە دەچێتە جێی و لە مانگی کانوونی دووەم (جانوەری) دادەگێرێ، واتە لەو کاتەدا، کە مەسیحییەکان جەژنی (خۆنقوم کردن**Epipheny**) دەگێڕن.

جیاوازی هەرە گەورەی نێوان نووسەیریەت، بگرە هەموو پەیرەوانی تیرەی فریشتەکان، لە شەقامەڕێی ئایینداینە، بەڵکو لە دیدی گشتیدایە بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی لە مەسەلەی ژندا. بە تەواوەتی بە پێچەوانەی دید و ڕەفتاری کوردانەوە، بەڵام ڕێك و هاوشان لەگەڵ ڕەفتاری ئایینە سامیەکانی تردا، نووسەیریەکان زۆر بە چاوی سووکییەوە سەیری ژن دەکەن و لە پلەیەکی زۆر پاییندا دایدەنێن، ئەوی ڕاست بێ ئەوان لەو باوەڕەدان کە ژنان، هەر وەکو شت و حەیوان، ڕووحیان نیەو لەوانەیە ڕووحی پیاوێکی گوناهبار پاش مردنی بچێتە ناو پۆستی ژنێکەوە، تاکو ماوەیەکی ژیانی ژان کێشان و پاکبوونەوە لەوێ بەسەر بەرێ. هەر بۆیەشە ناوی فاتیمەی کچی پێغەمبەر محەمەد، لەناو لیستەی بەرجەستەکەرە سەرەکیەکانی ئەواندا، وەکو (فاتم) براوە. ئەوان لەو باوەڕەدان ئەو نێرینە بووە و تەنها بۆیە خۆی لەشێوەی ئافرەتدا دەرخستووە، تا نەوەکانی عەلی، حەسەن و حوسەین کە هەم نێرینەن و هەم ئیمامیشن، لێی ببن. ئەم بۆچوونە، بەرامبەرگیریەکی ئاشکرایە بۆ ئەو پلەوپایە بەرزەی کە

ژنان لە هەموو لقەكانی تیرەی فریشتەكاندا هەیانە و كە بەو پێیە لە هەر یەكێك لە قۆناغـەكانی نۆنـاودۆنی رووحـدا، بەرجەسـتەكەرێكی سـەرەكیی مێینـە هـەر وەكـو خـشتەی ژمـارە (٦)داهاتووە، دەبێ هەڵكەوێ؛ (هەروەها بڕوانە بارودۆخی ژنان و ژنانی خێزانی).

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** P.J. Bumke, "Kizilbas Kurden in Dersim (Tunçeli, Turkei):Marginalitat und Haresie," *Anthropos* 74 (1979); "The Kurdish Alevis: Boundaries and Perceptions," in Peter Andrews, ed., *Ethnic Groups in the Republic of Turkey* (Wiesbaden: Reichert, 1989); N. Yalman, "Islamic Reform and the Mystic Tradition in Eastern Turkey," *European Journal of Sociology* 10 (1969); F.W. Hasluck, "Heterodox Tribes of Asia Minor," *Journal of the Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland* 51 (1921); Matti Moosa, *Extremist Shiites: The Ghulat Sects* (Syracuse: Syracuse University Press, 1988); James Reid, *Tribalism and Society in Islamic Iran, 1500-1629* (Malibu: Undena, 1983); Klaus Müller, *Kulturhistorische Studien zur Genese pseudo-islamischer Sektengebilde in Vorderasien* (Wiesbaden: Franz Steiner Verlag, 1967); P. Butyka, "Das ehemalige Vilayet Dersim," *Mitteilungen der kaiserlich-königlichen Geographischen Gesellschaft* 35 (Berlin, 1892); Peter J. Bumke, "Kızılbaşç-Kurden in Dersim (Tunceli, Türkei): Marginalität und Häresie," *Anthropos* 74 (1979); Krisztina Kehl-Bodrogi, *Die Kizilbasç/Aleviten: Untersuchungen über eine esoterische Glaubensgemeinschaft in Anatolien* (Berlin: Klaus Schwarz Verlag, 1988); Rev. Henry H. Riggs, "The Religion of the Dersim Kurds," *Missionary Review of the World* 24 (1911); Hanna Sohrweide, "Der Sieg der Safaviden in Persien und seine Rückwirkungen auf die Shiiten Anatoliens im 16. Jahrhundert," *Der Islam* 41 (1965); Melville Charter, "The Kizilbash Clans of Kurdistan," *National Geographic Magazine* 54 (1928); Trowbridge, "The Alevis," *Harvard Theological Review* (1909); Helmut Nickel, "The Dawn of Chivalry," in Ann Farkas et al., eds., *From the Land of the Scythians* (New York: Metropolitan Museum of Arts, n.d.); Richard Antoun and Donald Quataert, eds., *Syria, Society, Culture, and Polity* (Albany: SUNY Press, 1991); Albert Hourani, *Minorities in the Arab World* (London: Oxford University Press, 1947); L. Molyneux-Steel, "Journey into Dersim," *Geographical Journal* 44-1 (London: 1914); M. Rekaya, "Mise au point sur Thèophobe et l'alliance de Bâbek avec Thèophile (839/840)," *Byzantion* 44 (1974); J. Rosser, "Theophilus' Khurramite Policy and Its Finale: The Revolt of Theophobus' Persian Troops in 838," *Byzantia* 6 (1974); Hans Jonas, *The Gnostic Religion* (Boston: Beacon, 1963).

# یەزیدیەت

پەیڕەوانی ئایینی یەزیدیەت، کە چەندین ناویان بۆخۆیان هەڵگرتووە وەکو یەزیدی، یەزدانی، ئیزەدی، و دەسنەییش، لەلایەن خەڵکی دەرەکییەوە بە مەبەستی تەوس و سووکی پێکردنەوە زۆرتر بە "شەیتان پەرست" ناویان دەبەن، بە ژمارە (٥٪)ی کۆی کوردان پێکدێنن، ئێستاکە بەشێوەی پەڵەپەڵەی پەراگەندە زۆرتر لە باکووری ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژەلاتی سووریا، لە قەفقاسیا، لە باشووری ڕۆژەلاتی تورکیا، بە بناری چیاکانی سنجارەوە لەسەر سنوورەکانی عێراق – سوریا و لە هەندێ ناوچەی باکووری شاری مووسڵ لە عێراق دەژین.

وەکو لقێك لە لقەکانی تیرەی فریشتەکان، یەزیدیەت سەروکارێکی زۆری لەگەڵ فریشتە و فریشتەبەندییدا هەیە. ناوەکەیان، واتە یەزیدی، لە وشەی (یەزاتا) یان (یەزدا) وەرگیراوە کە وشەیەکی کۆن یان ناوەندی ئێرانیە و بە مانای "فریشتە"دێ. بەو جۆرە ئەوانەی لەسەر ئەو ئایینەن ناوی "فریشتە پەرستان" وەردەگرن، ئەوان شەیتانیش دەخەنە ناو ئەم فریشتانەوە و بە "مەلەك تاوس"– واتە فریشتە تاوس– ناوی دەبەن. لای ئەوان شەیتان فریشتەیەکی پاکی بلوورینە و هیچ لەکەیەکی تاریکی و خراپەی پێوە نیە و سروشتی پڕا و پڕ سروشتی فریشتانەیە. نەك هەر ئەمە بەڵکو گەلێ زیاتر بە خاوەنی توانا و دەسڕۆیوی بەسەر کاروباری دنیادا دایدەنێن.

لەمانەش زیاتر، لای ئەوان مەلەك تاوس ئەفرێنەری دنیای ماددیە و بۆ ئەم مەبەستە پارچەی لێکترازاوی توخمی بتەکانی، یان مرواری گەردوونی بەکارهێناوە کە لە دوو توێی خۆیدا ڕووحی پاراستوە.

هەرچەندە (دەڵێن) هەموو کتێبە ئایینیە سەرەکییەکانی یەزیدیەکان چاپکروان و وەرگێڕاوشیان پەیدا دەبن، کەچی هیشتا هەر پرسیاری زۆری قووڵ و سەرەکیی لە بارەی دید و تێڕوانینیانەوە بۆ گەردوون و ژیان لە ئارادان. بۆ نموونە مەسەلەی ئایا شەیتان هی چ چەرخێکی ژیانی گەردوونییە و جێگەی لە چ پلەو پایەیەکدایە هێشتا ساخ نەکراوەتەوە

ڕهێڵراوەتەوە بۆچوون و چرا و لێکدانـەوە. بێگومـان نـابێ ئـەو بـە چـاوی ڕووحـی گـەردوونی تەماشا بکرێ، چونکە ڕووح نابێ لە کرداری ئەفراندندا دەستی هەبێ. چ لـە یارسـانیەت، چ لـە عەلەویەتـدا خاوەنـدەگار، خـودای پـەروەردگار، وەکـو یەکـەم بەرجەسـتەکەری ڕووح، ئـەرکی ساجناری – دروسـتکردنی گـەردوون دەگرێتـە ئەسـتۆ. لەمـەوە مـرۆڤ زیـاتر بـەلای ئـەوەدا دەشکێ. کەوا لە باوەڕی یەزیدیاتیدا شەیتان، لەجیاتی خودی خاوەندگار ئەرکی دروستکردنی گـەردوون دەگرێتـە ئەسـتۆ، هـەردوو کتـێبی پـیرۆزی (جلوە) و (مەسحەف) کـە لەمـەوپاش باسیان دەکرێ، ئەم بووچوونە بە ڕوونی باس دەکەن ئەم وەرگێڕانـەی خـوارەوە کـە لـەم دوو نووسراوە وەرگیراون هەموو لـە نووسـینەکەی گێـست (Guest1981) وەرگـیراون. جلـوە دەڵـێ: "مەلەك تاوس بەر لە هەموو فریشتەکان هـەبوە" و "مـن" مەلـەك تـاوس لـە ئـامێزی نەمریـدا بوومە و دەبم، بەسەر هەموو خەلقەندەکاندا حوکمڕانم، جێگە نیە منی تێدا نەبم، هـەر چـەرخە بەرجەستەکەری خۆی هەیە و ئەمە لەسەر ڕێنمایی من دانـراوە، هـەر پـشتە لەگـەڵ سـەرداری ئەم دنیایەدا دەگۆڕێ، بۆیە هەر یەکە لەم سـەردارانە، لـە سـەردەم و زەمـانی خۆیـدا، ئـەرکی سەرشانی خۆی بەجێدێنێ، نابێ فریشتەکانی تر دەست وەردەن لـە کردەوەکـانی مـن: چـی و چۆن بڕیاردەم هەر وا دەبێ". ئەو سیفەتانەی بەکارهێنراون هـەمان ئەوانـەی خاوەنـدگارن لـە یارسانیەت و عەلەویەتدا. مەسحەف لەسەر ئەوە دادەگرێ کەوا "لەسەرەتادا خـودا– کـە هـەر ڕووحی گەردوونی دەگرێتـەوە–مـرواری سـپی لـە گـەوهـەری هـەرە گرنگـی خـۆی دروسـتکرد، باڵندەیەکی بە ناوی ئەنقـەر خولقانـد و مرواریەکـەی نایـە سـەر پـشتی و چـل هـەزار سـاڵ بـە پشتیەوە مایەوە، لە یەکەم ڕۆژدا (هی خولقاندن) کـە یەکشەمە بـوو فریـشتەیەکی خولقانـد و ناوی نا عەزازیل کە مەلـەك تاوسـە و کـە سـەرداری هەمووانـە..." ئینجـا مەسـحەف لەسـەری دەڕوات و باسی شەش فریـشتەی تـر دەکـا، کـە هـەر یەکـەیان لـە ڕۆژەکـانی ئـەم هەفتەیـەدا خولقێنراون و لە دەورانی یەکەمدا دروستکراون. ناوی ئەم فریشتانە دەقاودەق ئەوانـەن کـە لـە یارسانیەت و عەلەویەتدا هاتوون، وەکو لە خـشتەی ژمـارە (٦)دا بـاس کـراون. یـەك جیـاوازی هەیە، ئەویش ئەوەیە لەجیاتی شەش باسی حەوت بەرجەستەکەر کراوە، و بـەم جـۆرە ئـیتر ڕووح لە کاروباری دنیادا دەوری نامێنێ. ئەمـە، بـە هـەرحاڵ دەرەنجامی ئـەو شـڵەژانەیە کـە پاشـان کەوتۆتـە لێکدانـەوەی دروسـتکردنی گەردوونـەوە و لەوانەشـە ئەمـە لـە تەئـسیری

مەسیحیەت–جوولەکەیەتی دوور نەبێ، بەشەکانی تری فەسڵی یەکەمی مەسحەف تەرخانکراوە بۆ باسی بنچینەی مرۆڤ و زۆرتر لە بۆچوونی جولەکە مەسیحی کە لە چیرۆکی ئادەم و حەوا و تیکەڵییان لەگەڵ شەیتاندا هاتووە نزیکە، هەرچەندە شەیتان، کە لێرەدا بە ئیبلیس ناو دەبرێ، تەنها وەکو ڕاوێژکار و ڕێ نیشاندەرێك یارمەتیان دەدا، بۆیە بە بەرپرسی هەموو خەڵقەندەکانی دنیا دانراوە.

چیرۆکی ڕاستەقینەی چەرخی یەکەم، بەهەرحاڵ لە یەك ڕستەدا و بەشێوەیەکی تەمومژاوی لە کۆتایی بەشی یەکەمی مەسحەفدا بە پرتاوێك تێپەڕ دەکا.. وردبوونەوە لە ڕستەکە، پاش دەریدەخا کە چەند لەگەڵ بۆچوونە سەرەکیەکانی تیرەی فریشتەکاندا تەبان، ڕستەکە دەڵێ: "ئەو لە جەوهەر و ڕووناکی خۆی شەش بەرجەستەکەری خولقاند، ئەم خولقاندنە وەکو ئەوە وابو چرایەك بە چرایەکی تر داگیرسێنی". بۆیە دروستە گەر وا هەڵێنجین کە بە باوەڕی بنچینەیی یەزیدیان شەیتان بەرجەستەکەری هەرە پێشەکیی ڕووحی گەردوونی بوە لە چەرخی یەکەمدا، و گشت شتەکانی تر لە بارەی دیدی گەردوونی تیرەی فریشتەکانەوە وەکو خۆی، بێ هیچ گۆڕانێك، دەمێنێتەوە... شەیتان خۆی، لە شێوەی مەلەك تاوس (فریشتە تاوس)، لە پەیکەری باڵندەیەکی لە تووج دروستکراودا خۆی دەنوێنێ و وەکو ڕەمزێکی پیرۆز کە ناوی "ئەنزەل واتە دێرین"ە هەموو ساڵێك لە "جەمی" هەرە گەورەدا لە لالش پیشانی هەواداران دەدرێ.

لالش هەر شوێنی ئەو ئایینگێڕیە نیە، بەڵکو مەزارگای شێخ ئادی کەسایەتی هەرە بەرزی ئایینی یەزیدیشە. دەوری ئادی لە یەزیدیایەتیدا، هەر وەکو ڕۆڵی سەهاك وایە لە یارەسانیدا و عەلی لە عەلەویەتدا. بەلای یەزیدیەکانەوە شێخ ئادی گرنگترین بەرجەستەکەری ڕووحی گەردوونە لە دەورانەکانی پاش دەورانی یەکەمدا. ئادی وەکو بەرجەستەکەرێکی سەرەکیی کەواتە بەرهەمی دۆناودۆنکردنی مەلەك تاوس خۆیەتی، ئەمڕۆکە پاش ئەوەی تۆزوگەرد لەسەر وێنە و باس و خواسی لادراوە و گوایە مێژووی پاکلەمەکراوە، بە دامەزرێنەرێکی سەرەکیی یەزیدیایەتی دادەنرێ. ئەوەی جێی سرنجە یارسانیەکانی ئەم سەردەمە هەر بەمەوە ناوەستن، تەنانەت بەهاوچاخی مێژوویی سوڵتان سەهاك واتە سەدەکانی (١٢–١٣)شی دادەنێن، (بە قسەیەکی تر لە دەوروبەری هەمان سەردەمدا کە دەوترێ بەکتاشی پیری

عەلەویەت تێیدا ژیاوە و کەوتۆتە دارەڕا دانان و دروستکردنی لقی عەلەویەت). بە گوێرەی قسە، چ ئادی چ سەهاك زیاتر لە سەدەیەك تەمەنیان بەسەر بردووە.

جگە لە پەیکەرە گەورە و بە هەیبەتەکەی باڵندەی "ئەنزەل"، مەلەك تاوس شەش بەچکە پەیکەری تری هەمان شێوەی هەن، بە هەر یەکێکیان دەوترێ "سەنجەق" واتە "ئەبرەشیە" مەبەست ئەبرەشیەی کۆمەڵگەی یەزیدیە–و هەریەکەیان هی ناوچەیەکن لەو ناوچانەی یەزیدیانی تێدا دەژین، هەر ساڵە ئەم سەنجەقانە بۆ پەرستش گرێدەدرێن بە ئەبرەشیەکانی سوریا و زۆزان (واتە ساسوون ساسۆن یان کوردستانی باکور و ڕۆژاوا لە ئەنەدۆڵ)، ئینجا هی سنجار و شێخان (واتە دەوروبەری زێی گەورە)، ئینجا تەورێز (ئازەربایجان)، ئینجا هی مسقۆف (موسکو، یان قەفقاسیای سۆڤیەتی).

سەنجەقەکانی تەورێز و مسقوف چیتر گڕ نادرێن چونکە یەزیدیەکی ئەوتۆ لە ئازەربایجان نەماون و، حکوومەتی دژ بە ئایینی سۆڤیەت بەریگرتووە لە سەنجەق گێڕیی بۆ ناو کۆمەڵگەی یەزیدی نشینی قەفقاسیا.

یەزیدیایەتیش چون لقەکانی دیکەی تیرەی فریشتەکان کتێبی پیرۆزی ئاسمانیی تایبەتی خۆی نییە، ئەگەرچی چەند نووسراوی پیرۆزیان هەیە کە بیر و دەستوورەکانیان تۆپ لە خۆگرتووە، نووسراوێکی کورتی (٢٥٠٠) وشەی بە عەرەبی هەیە کە ویردەکانیان لە خۆگرتن کە ناوی "جلوە" واتە "دەرکەوتن"ە و گوایە شێخ ئادی دانەریەتی. لەپاڵ ئەمەدا، کتێبێکی دوور و درێژشیان هەیە کە پێی دەڵێن: "مەسحەف ڕەش" واتە "پەرتووکی ڕەش" کە بە کوردی نووسراوە و گوایە شێخ حەسەنی ئادی داینەوە (دەوروبەری ١١٩٥ پاش میلاد)، کە نەوەی شێخ ئادی خۆیەتی.

مەسحەف ناسێنەرێکی باشی یەزیدتیە چونکە بابەشێکی زۆری لە بارەی دید و بۆچوون و بیرکردنەوەی یەزیدیایەتیەوە تێدایە، هەرچەند پریشە لە بابەتی دژ بەیەك و لێك نەچوو و تەمومژاوی (گەلێ زیاتر لەوانی یارسانیەت).

لەوانەیە مەسحەف لە سەدەی (١٣)دا دانرابێ. لە کۆندا بەشێوەیەکی کوردی کرمانجی نووسرابوو، کە لە سەدەی (١٣)دا شێوەی باوی هەرێمی هەکاری بوو (بڕوانە کرمانجی). ئادی خۆی و حەسەنی نەوەی لە وڵاتی هەکاری بڵندبوونەوە و هەرچەندە یەزیدیەکان لەو

باوەڕەدان کە ئادی لە دۆڵی (بیقاع)ی لوبنان لە دایکبووە، بەڵام پاشان بە "عەدی ئەلحەکاری" واتە ئادی هەکاری ناوی دەرکردووە.

لە چوار جەژنە ساڵانە سەرەکییەکەی یەزیدیەکان (بڕوانە میهرەجان و جەژن و ئاهەنگگێڕان و ساڵنامە) دوانیان زۆر جێگەی سرنجن، واتە جەژنی جەم و ئاهەنگەکانی یەزید.

جەژنی هەرە گرنگی یەزیدیان، جەژنی ڕۆژەی (جەم)ە، کە تێیدا پەیکەری باڵندەی "ئەنزەل" دەردەخرێ و بە هەواداران نیشان دەدرێ. ئەم جەژنە دەکەوێتە (٦) و (١٣)ی ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم)ەوە و ئامادەبوونی بۆ هەموو یەزیدیان پێویستە و گرتنی دەبێ لە لالش بێت، لالش دەکەوێتە باکووری موسڵەوە و شوێن ئارامگای ئادی و کەسایەتییە پیرۆزەکانی یەزیدیانە بە حەسەنیشەوە. ئەم وادەیە هاوکاتە لەگەڵ (میثراگانی) گەورە جەژنی دێرینی ئاری نەژادان (میهراگانی زەردەشتیان و میهرەجانی نووسەیریان) (بڕوانە عەلەویەت)، کە بە گوێرەی داب و دەستووری هەمووان لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەردا دەگێڕێ، میثراگانە دێرینەکان، خولقاندنی دنیایان لەلایەن میثراسی خواوندەڕۆژە وە بە جەژنگیری دەگێڕا. لەو جەژنەدا میثراس گای پیرۆز سەردەبڕێ و لاشە پەلپەلکراوەکەی بۆ خولقاندنی ژیانی ماددی بەکاردێنێ. لە ئاهەنگگێڕانەکەی لالشدا چەند سوارێك گایەك دەگرن و بە دەوری ئارامگای شەمسەدین "ڕۆژی ئایین"دا دەیگێڕن، بەر لەوەی سەریببڕن و گۆشتەکەی بەسەر زیارەتکەران (حاجیان)دا ببەخشێننەوە.

یەزید، کە کەسایەتیەکی سەرسووڕێنەرە، لەلایەن ئیزەدیانەوە بەشێوەیەکی نەختێ ئاڵۆز ڕێزگیری لێدەکرێ، ئەو بە دانەری بناغەی ئایینەکە دانراوە (ناوەکەشی بۆ ئەم قسەیە بەلگەیە)، یان پاش مەلەك تاوس بە هەرە گەورەترین کەسایەتی ئایینەکە، واتە بەرجەستەکەری ڕووح دادەنرێ (هەندێ کەس دەیباتە هەمان پلەی مەلەك تاوسەوە)، هەندێ جاریش لەلایەن یەزیدیانەوە دەکرێ بە یەزیدی کوڕی موعاویەی (٦٨٠–٦٨٣ پاش میلاد) خەلیفەی بەنی ئومەییە...، کە لای شیعەکان بە بەدترین دوژمن دادەنرێ. ئەم ڕچەڵەکبەندیە ساختەیە زیاتر لەلایەن حکومەتەکانی سوریا و عێراقەوە قاوی بۆ دەدرێ (تا بەو جۆرە یەزیدیەکان لە کوردەکانی تر بپچڕنەوە و بیانبەستن بە ئومەییەکانەوە و بەو جۆرە بە عەرەب خانەبەندییان بکەن)، هەر لەو سۆنگەیەشەوە دەستیان داوە بە پشتی بنەماڵەی هەرە

بەناوبانگی (چۆلی) یەزیدیدا، جل و بەرگی عەرەبی لەبەر خۆ کەن و ناوی خەلیفەکانی بەنی ئومەییە لە خۆیان و نەتەوەکانیان بنێن، بەڵام ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیەکە ناوەکە هەر دەچێتەوە سەر "یەزاد" واتە فریشتە، و بەو پلەو پایەی کە فریشتە لەناو یەزیدیاندا هەیەتی هەبێ و نەبێ لە فریشتەی ئەوان زیاتر نییە. ئەم شێوانە سەیرە کە کشاوەتە ناو ڕابەرایەتی یەزیدیانەوە بە جۆرێك کە کەسایەتی نەتەوەیی یانی لەقکردووە، کارێکی سەرسووڕێنەر نییە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو هەموو زوڵم و زۆرە لێکدەینەوە کە لە ڕابردوودا لێیان کراوە سەرەڕای ئەو هەموو بە ناردی ناو دڕککردن و وێرانکردنەی بەسەر سامانیی ئایینی مێژوویی کۆنی یەزیدیان هاتووە و لە شتێکی کەم بەولاوە هیچی وای لێ نەهێشتووە.

بەپێی دید و بۆچوونی یەزیدیان لەمەڕ مەسەلەی پەیدابوونی گەردوونەوە، مەلەك تاوس هێلکە یان مرواری ئەزەلیی گەردوونی لەت لەت کردووە و لە لەتێکی جیهانی ماددی دروستکردووە. لەوانەیە لە بنەکانداو لە یەزیدیایەتی هەرە کۆندا ئەم مەلەك تاوسە خودی میثراس بووبێ و دوایی لە قۆناغی تردا بووبێ بە شەیتان. دووەم جەژنی هەرە گرنگی یەزیدیان زۆرتر ڕووەو ئەم ڕەهەندە دەچێ. ئەم جەژنە یادگاری لە دایکبوونی یەزید زیندوو دەکاتەوە و لەنێوان ناوەڕاست و کۆتایی دیسەمبەر (کانوونی یەکەم)دا دەگیرێ. لە دایکبوونی لە، یان نزیك، داهاتنی زستان، لەگەڵ میثراسدا گرێی دەدا، (پاشان میثرایزم لە سەدەی یەکەمی (پ. ن)دا بە ناو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا لەم سەرزەمینەوە تەشەنەی کرد و هەر وەکو لە سەرەوە باسمان کرد، جەژنی لەمومژاوی میثراس بە مەزەندە خرایە (٢٥)ی دیسەمبەرەوە)، ئەم جەژنگیریە لە گرنگیدا هاوشانی جەژنی جەمی مەزنەکە لە ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم)دا دەگیرێ و جەژنگیریەکە بە سێ ڕۆژ ڕۆژوو دەستی پێ دەکرێ.

لە دیدی یەزیدیدا بۆ مەسەلەی دروستبوونی جیهان، باڵندە دەورێکی یەکجار تەوەرەیی هەیە لە هەموو ڕووداوە سەرەکیەکاندا کە لەبەر زۆری لێرەدا جێی یەك یەك ژماردنیان نیە پیرۆزڕاگرتنی دەرکەوتنی خواوەند لە شێوەی باڵندەیەکدا، واتە مەلەك تاوس، هەروەها پیرۆزڕاگرتنی باڵندەیەکی تر، واتە کەڵەشێر، دوو نموونەی بەرچاون لەم بوارەدا. ئەوەی زۆر مایەی سرنجە، بەڵام کەمتر لێکدراوەتەوە. ئەوەیە کە تەنها (٣٠)میل لەولای ئارامگاکانی لالشەوە، مەڵبەندە شوێنەواریەکانی شانیدەر– زەوی چەمی هەن کە بایەخێکی ئەرکیۆلۆژی

گـەورەیان هەیـە لـە کوردسـتانی ناوەنـددا، و تێیانـدا (سـۆلیکی) شـوێنەوارناس لـە کەندەکارییەکانییـدا هەنـدێ گـۆڕ و پاشمـاوەی باڵـە باڵـداری دۆزیوەتـەوە، بەتایبـەت کـە هەندێکیان هی چێرگ یان مێشەسی گـەلێ گـەورەن، و هـی (٣٠٠) سـاڵ کـەمتر یـان زیـاتر لـە (١٠٨٠٠) ساڵی ڕابردوون. پاشماوەکان بەڵگەی بەجێهێنانی هەنـدێ داب و دەسـتووری ئـایینین کە باڵندە بەشێك بوون تێیاندا و لەوانەشە، باڵە زلەکانیان وەکـو بەشـێك لـە پۆشـاکی پیـاوانی ئایینی بەکارهێنرابن (بڕوانە Soliki.1944).

دەرکەوتنی باڵی باڵداران بە کەلەشـی خوداوەندانـەوە، دویماکـار بـوو بـە هونـەرێکی بـاوی مێزۆپۆتامیا، بەتایبەتی لەو نەخشکاریانەدا کە ئاشووریەکان بۆ پادشاکانیان لەسەر تاشە بەرد هەڵیانکەندبوون. ئەوەشمان لە بیردابێ کە نەینەوای پایتەختی ئـەم ئاشـووریانە بـە باشـی لـە ئاسۆگەی لالشەوە دیارە. لێکگرێدانی هونەرییانـەی بـاڵی باڵنـدەو بوونـەوەری بـێ بـاڵی وەکـو ئادەمیزاد (بۆ وێنەبەندیی خودایان) یـان شـێر (بـۆ وێنەبەنـدی درنـج) یـان گـا (بـۆ وێنەبەنـدی پادشاییان) یان ئەسپ (بۆ وێنەبەندی ئەسپی باڵدار)، هەروەها بۆ ڕازاندنەوەی بەرگی پیـاوانی ئایینی، لە گەلێ فەرهەنگ و کەلتووردا شتێکی باوە، بەڵام دەرخـستنی خوداوەندایـەتی هـەرە بەرز لە شێوەی باڵندەیەکی پڕ باڵ و پەڕدا تەنها هـی یەزیدیانـەو کەسـی تریـان هاوبـەش نیـە تێیدا. بەڵگەگەلێ لەسـەر داب و دەسـتووری قوربـانی سـەربڕین کـە لـە (زەوی چـەمی) هـەرە دێریندا بەجێهێنراوە، لەوانەیە بەهێزترین بەرجەستەکەری داب و نـەریتی پشتاوپـشت بـێ کـە ئێستاش یەزیدیان هەر لەسەری دەڕۆن.

ئەو باڵندەیەی پەیکەرەکەی لە بۆنەگێڕیەکانی لالشدا گڕ دەدرێ، هەر وەکو بە ناوەکەشـی دیارە بێیە کودوو تاوسـە، بـەڵام نـە لـە کوردسـتان و نـە لـەم مەرزوبوومـەی ئاسیادا هـەرگیز نەبیستراوە تاوس هەبووبێ. لەو منەکاریانەوە کە لـە زەوی چـەمییدا کـراون، مێشەسی زیـاتر دەچـێتە سـەر پەیکـەرە باڵندەکـەی یەزیدیـەکان. مێـشەسی کەتـە یەکێکـە لـە باڵنـدە خـۆ وڵاتیەکانی کوردسـتان و لـەوێ بـە(شـەوات) بەناوبانگـە (بڕوانـە شـینایی و زینـدەوەر). کلکـی ڕەنگا و ڕەنگـەو زیـاتر لـە کلکـی عەلەشـیش دەچـێ، (هـەروەها لـە کلکـی تاوسـیش دەچـێ، هەرچەندە گەلێ لە کلکە تاوس بچووکترە)، بێگومـان ئەگـەر لـە بـاری مەنتیقیشەوە سـەیری مەسەلەکە بکەین، مێشەسی گـەلێ نـزیکترە لـەم داب و دەسـتوورە کۆنینەیـەی یەزیدیـەکان،

چونكە ئەو خۆولاتیەو تاوس باڵندەیەكی هیندستانیە.

دەستووری سێ جار چەمانەوە بەرانبەر ڕۆژ لەگەڵ هەڵاتنیدا شان بەشانی خوێندنی وێردی تایبەتی لەلایەن یەزیدیەكانەوە، لەلایەن عەلەویەكانیشەوە دەكرێ (بڕوانە (Nikitin1956.

یەزیدیەكان دابێكی تریشیان هەیە كە بریتییە لە پێشوازی كردنی "جەستەی ڕۆژ" بە ماچكردنی تیشكەكانی كە یەكەمجار دەدەن لە قەدی داران (Kamuran Ali Bedirkhan1934).

نیشانەیەكی بەرچاوی دیكەی عەلەویەكان، كە بریتیە لە بەرجەستەكردنی خواوەند لە شێوەی شمشێرێكی یان خەنجەرێكی لە زەوی چەقاودا، لە یەزیدیایەتیشدا هەیە، هەرچەندە مەبەستەكەی لای ئەمان كارووباری پەرستش نییە، بەڵكو بۆ پەیماندان و سوێندخواردن بەكاردێ (بڕوانە Bellino1918،Alexander1928 ).

جگە لەو چینە ئەریستۆكراتەی كە توێژی زووربنەی كۆمەڵگای یەزیدی پێكدێنێ، ئەم پێكهاتەیە وێكچوونێكی زۆری لە ڕووی سیستەمەوە لەگەڵ ئەو سیستەمە كۆمەلایەتیە چینبەندیە سفتەدا هەیە كە لە سەردەمی ئیمپراتۆری زەردەشتی ساسانیاندا باوبوو.

موغەزەردەشتیەكان، نەیاندەهێشت هیچ كەسێك كە سەر بەچینی موغ یان شازادە نەبێ، دەم لە ڕووناكبیری و خوێندەواری بدا. یەزیدیایەتی دێرینەواریش بە توندی دژی خوێندەواریە و قەدەغەی كردووە (هەندێ لە یارسانیەكانیش لەسەر هەمان ڕێباز دەڕۆن). ڕاستییەكەی لە چەند سەرچاوەوە دووپات كراوەتەوە كەواتا سەرەتای ئەم سەدەیە تەنها یەك كەس لەناو یەزیدیاندا، ئەویش ئەمینداری جلوە بوە، خوێندەواری هەبووبێ و توانیبێتی شت دەركا Guest ((1987.23.

ئەم قەدەغەكاریە ئێستا ئاسەواری تا ڕادەیەكی زۆر بڕاوەتەوە، هەرچەندە خڵتەی، وەكو نەریتێكی كۆن، هێشتا لە مێشكی هەندێك یەزیدیدا هەر ماوە، بۆیە بە گشتی ئەوەندە بە تەنگ خوێندەواریەوە نایەن.

ئەوەی جێی سرنجە، دەوڵەمەندترین شێخ و مەلای یەزیدی، بەرگ و لەچك و عەگالی عەرەبیی بەدەویانە لەبەر و لەسەر دەكەن و بەهەردوو زمانی عەرەبی و كوردی دەدوون و ناوی عەرەبی ئاساییشیان هەیە كەچی پیاوماقووڵ و ڕابەرە ئایینیە هەژارترەكانیان ناوی

کوردیان هەیە، تەنها بە کوردی دەدوون و بەرگ و مێزەری ئادەتیی کوردی لەبەر دەکەن و لەسەر دەنێن، (بڕوانە Lescot، 1938).

هەر لە زۆر زووەوە، واتە لە دەورووبەری سەدەی حەڤدەیەمەوە، بنەماڵەی میرانی (چۆل)یان ڕابەرایەتی دێرینەواری کۆمەڵگای یەزیدییان کردەوە، ئەوان پاش زنجیرەی ئەو میرانە، کاری میرایەتی یەزیدیان گرتە دەست کە دەڵێن لە شێخ حەسەنی دانەری مەسحەفەوە کەوتوونەتەوە (چۆل)یەکان لە ڕووی ئابووری و هەموو لایەنێکی ترەوە لەلایەن هەر یەزیدیەکەوە پاڵپشتی دەکرێن. بەجێهێنانی فرمانە ئاییینەکان، هەر وەکو یارسانیەکان، وا لە دەستی ئەندامانی حەوت بنەماڵەی پشت لە دوای پشت هاتووی ئاییینیدا، کە (چۆل)یەکان یەکێکیانن.

بچووکیی کۆمەڵگای یەزیدی لەم سەردەمەدا، مرۆڤ دەخاتە نەختێ بەدگومانیەوە، لەو سەردەمەدا کە سەلاحەدین ئەنتاکیەی داگیرکرد، یەزیدیەکان لە هەموو شیوو ڕۆڵەکانی ئەوناوە، لە چیاکانی ئەمانۆس کە بەسەر کەناری دەریادا دەڕوانن، زۆریەی هەرە زۆری دانیشتووان بوون، و لە سەدەی (١٣)و کۆتایی سەدەی (١٤)دا، وڵاتی یەزیدی نشینیان بە وەرگەڕاندنی مسوڵمان و مەسیحیەکی زۆر بۆ سەر ئاییینەکەی خۆیان، لە ئەنتاکیەوە گەیاندبووە ورمێ و لە سیواسەوە گەیاندبوویانە وڵاتی کەرکووك. لە پەنای ئەمەشدا هێزێکی سیاسی و سوپایی گەورەشیان بۆ خۆیان لێك دابوو. لەو چەرخەدا میرەکانی وڵاتی جەزیرە (مێزوپۆتامیای ژووروو)، هەروەها یەکێك لە میرەکانی دیمەشقیش هەر یەزیدی بووە زەینەددین یوسف، کە گوفتاروانێکی یەزیدی بوو کۆمەڵگەیەکی یەزیدی لە نۆیەزیدیەکان (کە لەسەر دەستی ئەو وەرگەڕێنرابوون) لە دیمەشق ولە قاهیرە-کە هەر لەوێش ساڵی ١٢٩٧مرد-پێکەوەنا ئارامگا بە دیمەنەکەی تا ئێستاش لە قاهیرە بە پاوەیە، لەو (٣٠) گەلەهۆزە سەرەکیەی کە مێژوونووسی کورد شەرەفەددینی بتلیسی لە شەرەفنامەدا (ساڵی ١٥٩٦) یەك یەك ناوی بردوون، وەکو ئەو دەڵێ حەوتیان لە سەدەکانی هەرەزوودا یەزیدی ئایین بوونە. یەکێك لەو گەلەهۆزانە، بوهتانیە بە هەژەڵ و دێرینەکان بوە (کە هیرو دۆتز بە بوختانۆی ناویان دەبا).

ئینسایکلۆپیدستێکی دێرینی ئیسلامیش، واتە شەهابەددین فەزلوڵڵا ئەلعومەری، دەڵێ

دونبولیەكانیش – یان دومبولی – لە ساڵی ١٣٨٨دا هەر یەزیدی ئایین بوونە. ئەم قسەیە، زانیاریەكی زۆر گرنگ دەداتە دەستەوە، كە دەشێ تاقە ئاماژەی دیاریێ لە بارەی تیرەی فریشتەكانەوە بەر لەوەی ئەوها لەتلەت بن و بگەنە ئەم بارەی ئێستایان و ناوە باوەكەیان لە دەست بدەن.. چونكە دونبولیەكان لقێكی بەدیمەن و سامداری دەیلەمیە عەلەویەكان بوون و لەبەر ئەوەی گێڕانەوەكانی عومەریی زانا و زیرەك جێی متمانەو پشت بەستنیی، یەزیدی بوونی ئەم هۆزە لەوانەیە بەڵگەبێ لەسەر ئەوەی كەوا ناوی یەزیدی (واتە فریشتەپەرستان) بە گشتی ناوی هەموو تیرەی فریشتەكان بووبێ، (مێژینە ناوی یەزدانی لێرەدا بۆ تیرەی فریشتەكان بەو مەبەستە بەكارهێنراوە تا لەگەڵ یەزیدیەتی نوێدا تێكەڵ و پێكەڵ نەبن).

هەوڵ و تەقەلای زۆر و بەردەوام لەلایەن دراوسێ مسوڵمان و مەسیحییەكانیانەوە دراوەتا یەزیدیەكان، بەزۆریان بە خوایشت، لە ئایینەكەی خۆیان وەرگێڕن. دەوڵەتی عوسمانلی و قوتابخانە سەربازیەكانی یەزیدیەكی زۆریان خستۆتە ڕێزی سوپاوەو دوایی وەرگێڕراونەتە سەر ئیسلامی سوننی، لە كاتێكدا لەناو چیاكاندا یەزیدیەكان هەر لەسەر ئایینی خۆیان بە سووری ماونەتەوە. سكاڵانامەیەك كە ساڵی ١٨٧٢ پێشكەش بە دەسەڵاتدارایێتی عوسمانی كراوە و تێیدا داوا كراوە یەزیدیان لە خزمەتی سەربازی ببوێررێن، بۆتە بنێشتە خۆشەی سەر دانان لە بارەی بنەماو دەستووراتی ئایینی یەزیدیەوە (بۆ وەرگێڕاوە سەر ئینگلیزییەكەی دەقەكەی بڕوانە(Driver 1921-23)).

دوای ئەوەی عوسمانیەكان نەیانتوانی بە ئاشتی و بەخوایشت یەزیدیەكان لە ئایین وەرگێڕن، لە سەدەكانی (١٧) و (١٨)دا كەوتنە وێزەیان و قەتڵوعامێكی بەرفراوانیان لێكردن. قەتڵوعامەكە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا، دیسانەوە كرایەوە لە چەند جێی ناو سەرزەمینی عوسمانییدا، و ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی یەزیدیەكی زۆر هەج بن و بەسەرگەردانی ڕوویكەنە ناوچەكانی قەفقاسیای ناو قەڵەمڕەوی ڕووسیاوە. لێسكۆت بیست قەتڵوعامی سەرەكیی لەنێوان ساڵەكانی (١٦٤٠)ەوە تا ساڵی ١٩٢٠ ژماردووە (بڕوانە كۆچپێكردن و بە زۆر نیشتەجێكردنەكان).

لەم سەروبەندەدا یەزیدیەكی زۆر خۆیان لە چیا سەختەكاندا قایم كرد، ئەوانی بەردەست كەوتی ئەگەر بە ڕواڵەتیش بێ، وەرگەڕانە سەر ئیسلامی سوننی. یاسای تۆماركردنی زەوی و زاری عوسمانی كە ساڵی ١٨٥٩ دەركراوە، بەتایبەتی بۆ ئەوە دانرابوو كە فشار بخاتە سەر

یەزیدیەکان ئایین بگۆڕن، بەوەی کە لە موڵکداریەتی قەدەغەی کردبوون. گەلێ شێخی یەزیدی کە خاوەنی ڕاستەقینەی زەویەکان بوون، بە وەرگەڕان لە ئایین، موڵکداریەتەکەی خۆیان پاراست، لە کاتێکدا ئەو ڕابەرانەی زەویەکانیان لە شوێنی سەخت و دوور دەست بوون، تووشی ئەم گرفتە نەبوون. پەزدار و خەڵکە بێ زەویەکانیش لەم بارە سەختە دەرباز بوون. بەر لە ساڵی ١٨٥٨، یەزیدیەکانی ناوچەکانی ئەنتاکیە و ئەمانۆس خۆیان دەدا لە (٢٠٠٠٠٠) و بەمە زۆرینەی دانیشتووان بوون. ساڵی ١٩٣٨، لێسکۆت تەنها (٦٠٠٠٠)ی ژماردو دیاریبوو کە بوونە بە کەمینەیەکی بچووك لەو سەرزەمینە.

تەنانەت ئەمڕۆکەش فشارێکی زۆر لەسەر یەزیدیەکانە بە مەبەستی لە ئایین وەرگەڕاندنیان، لە پەنای ئەمەدا بزووتنەوەیەکی تر لە گۆڕێدایە، تا یەزیدیەکان لە ناسنامەی کوردی بخەن، بەوەی کە وەکو پێکهاتەیەکی ئەتنیکی جیاواز بیاندەنە قەڵەم یان بەوەی یەکسەر بە عەرەبیان دانێن، بۆیە حکوومەتەکانی عێراق و سوریا بە "عەرەبی ئومەوی" دایاندەنێن داردەستیشیان بۆ ئەمە ئەو ئاڵۆسکاوی و شێوانەیە کە لەناو یەزیدیەکاندا لەسەر خەلیفەی ئومەوی یەزیدی کوڕی مەعاویە هەیە، کە فڕی بەسەر ئەوانەوە نیە.

زۆربەی یەزیدیەکانی ئێستا لە سوریا، لە هەرێمی جزیرە و بڵندایییەکانی چیای سنجار و لە هەرێمی عەفرینی باکووری ڕۆژاوای حەڵەب دەژین، دوای ئەوان یەزیدیەکانی قەفقاس لە پلەدا دێن، نیوەی کوردەکانی ئەوێ یەزیدین. لە عێراق، کە پیرۆزترین ئارامگاکانی یەزیدیان لە لالشە، لە شریتێکدا دەژین، کە لە ڕۆژەڵاتی جەبەل سنجار بەرەو دهۆك و لالشە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی موسڵ دەکشێ، ژمارەیەکی زۆری یەزیدی لە ئەنەدۆڵ هەبوو، بەر لەو قەتڵوعامانەی لەوێ کران لە سەدەی ڕابردوودا، ئەوانەی لە چوارچێوەی تورکیادا ماون، لە ماردینەوە بۆ سێرت و لە ئەنتاکیەو عێنتابەوە بۆ ئورفە، پەڵە پەڵە نیشتەجێن. ژمارەیەکی زۆری یەزیدی لە ئێرانیش هەن، بەتایبەتی لەنێوان شارەکانی قۆچان و دوغا لە خۆراسان و لە هەرێمی ئازەربایجان.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوە بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** R.H.W. Empson, *The Cult of the Peacock Angel* (London, 1928); E.S. Drower, *Peacock Angel* (London, 1941); G.R. Driver, "The Religion of the Kurds," *Bulletin of the School of Oriental and Studies* II (1921-23); John S. Guest, *The Yezidis* (New York: KPI, 1987); Isya Joseph, *Devil Worship* (Boston, 1919); Alphonse Mingana, "Devil-worshippers: Their Beliefs and their Sacred Books," *Journal of the Royal Asiatic Society* (1916); R.C. Zaehner, *Zurvân: A Zoroastrian Dilemma* (New York: Oxford University Press, 1955); R. Lescot, *Enquête sur les Yezidis de Syrie et du Djebel Sindjar, Mémoires de l'Institut Français de Damas*, vol. 5 (Beirut, 1938); Hugo Makas, *Kurdische Studien*, vol. 3, *Jezidengebete* (Heidelberg, 1900); Ralph Solecki, "Predatory Bird Rituals at Zawi Chemi Shanidar," *Sumer* XXXIII.1 (1977); Rose Solecki, "Zawi Chemi Shanidar, a Post-Pleistocene Village Site in Northern Iraq," *Report of the VI International Congress on Quaternary* (1964); Sami Said Ahmed, *The Yazidis: Their Life and Beliefs*, ed. Henry Field (Miami: Field Research Projects, 1975); E.S. Drower, *Peacock Angel: Being Some Account of Votaries of a Secret Cult and Their Sanctuaries.* (London, 1941); Cecil J. Edmonds, *A Pilgrimage to Lalish* (London: The Royal Asiatic Society, 1967); Theodor Menzel, "Ein Beitrag zur Kenntnis der Jeziden," in Hugo Grother, ed., *Meine Vorderasienexpedition 1906 und 1907.* Vol. 1. (Leipzig, 1911); Basile Nikitine, *Les Kurdes, etude sociologique et historique* (Paris, 1956); Kamurân Ali Badir Khân, "Les soleil chez les Kurdes," *Atlantis* 54, vii-viii (Paris, 1934); Constance Alexander, *Baghdad in Bygone Days, from the Journals of the Correspondence of Claudius Rich... 1808-1821* (London, 1928); Charles Bellino letter, 16 May 1816, to Hammer, included in *Fundgruben des Orients* 5 (1816).

# ڕێبازبەندیە سۆفیگەریەکان

زۆرینــەی هــەرە زۆری کــوردە مــسوڵمان و نــا مــسوڵمانەکان ســەر بــە یــەکێك لــە ڕێبــازە سۆفیەکان (یان تەریقەتە)کانن. پەیوەنـدی مسوڵمانە کوردەکـان، بـۆ نموونـە لەگـەڵ ڕێبـازە سـۆفیگەریە جۆراوجۆرەکانـدا هەمیـشە تونـدتر بـوە لـە پەیوەنـدییان لەگـەڵ ڕێبـازە تونـدە ئیسلامیەکاندا. ئەو داب و دەستوورە ئایینیانەی کـە سـۆفیەکانی کوردسـتان بـەجێیان دێـنن، لەژێر ڕابەریی خەلیفە یان شێخەکاندا، گەلێ ڕەفتاری ئەوتۆیان تێدایە کە بە ئاشکرا لەگـەڵ ڕێ و شوێنی ئیسلامەتی ڕاستەقینەدا نـاگونجێن و هـەر چـاوەدێرێکی ژیـر و شـارەزا دەتـوانێ بـە سووکی لە هی ئیسلامی پابەند و ورد ڕەفتار جیایان بکاتەوە. شێخەکانی ڕێبـازی سـۆفیگەری جێگـەدارەکانیان (خەلیفـەکان) دەرزدادەدەن و دوایـی ئیزنیـان دەدەن بـە نـاوی شـێخەوە سەرپەرشتی و سەراسوێی هـەوادارانی بکـەن لـە هـەر جێیـەك بـن و ڕێبازەکـە بڵاوبکەنـەوە و دەستەندەی موریدەکانیش بۆ شێخ کۆبکەنەوە. هەر کەسە ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەو شـێخەدا کە پەیڕەوی لێدەکا، بەڵام بۆ وەرگرتنی تەریقەت، دەبێ بە جۆرە پرۆسەیەکی تاقیکردنـەوەدا بـڕوا. ئەندامــەکان (موریــدەکان) دوای وەرگــرتنی تەریقــەت، بەشــداری لــە هەنــدێ داب و دەستووری تایبەت بە ڕێبازەکەدا دەکەن، وەکو سەمای سۆفیانەو زیکر و نوێژکردن. ئەگـەر پێویست بکا، لەسەر فەرمانی شێخ دەچنە شەڕیشەوە، بـۆ نموونـە، شـێخ عوبەیـدوڵڵا، شـێخ سەعید، شێخ ئەحمەدی بەرزانی و شێخ مەحموودی بەرزنجی، و گەلێکی تر، شێخی تەریقـەت بـوون، کـارزارە سیاسـیەکانیان بـە پاڵپـشت و بەشـداربوونی موریدەکانیانـەوە کـراوە (بڕوانـە سەرەتای مێژووی هاوچەرخ و مێژووی هاوچەرخ).

لـە هـەمان کاتـدا پەیوەنـدی تونـد و تـۆڵی شـێخ و موریدایـەتی، ڕێگایـەکی زۆر کاریگـەرە تەنانەت بۆ ئەو هەڵبژاردنـە دیموکراتیانـەی کـە لـەم سەردەمانەشـدا دەکـرێن. بـەم جـۆرە بـە دەنگی موریدەکانیان، دۆستایەتی و ڕەزامەنـدی پارتـە سیاسـیەکان وەدەسـت دێـنن (بڕوانـە Van Bruinessen ۱۹۹۱).

سیان لە توندترین و پڕ تەپوتۆزترین بزووتنەوەی هەرەزووی سۆفیان، لەلایـەن حوسـەینی

ئیبنی مەنسووری هەلاج (كە لە ٩٩٢ی پاش میلاددا چوارمێخ كێشرا)، عەینولقوزاتی هەمەدانی (كە لە ساڵی ١١٣١دا چوارمێخ كێشرا) و شەهاب بەددینی سوهرەوەردی (كە ساڵی ١١٩١ چوارمێخ كێشرا) ڕابەریی كراون، هەموو ئەمانە بیر و ڕایەكیان بە خەڵك دەگەیاند كە لەگەڵ بنەڕەتە باوەكانی ئایینی ئیسلامدا نەدەگونجان، بەڵام ئەوەی جێی سەرسووڕمانە لەگەڵ بنەڕەتەكانی تیرەی فریشتەكاندا تێر و تەبا بوون. بۆ نموونە، حەلاج خۆی بە بەرجەستەكەرێكی خودایی جاڕدا، و بە ناو خەڵكدا بانگی "أنا الحق" واتە من حەق (ڕووح)مـی دا، كە بەرووبەرهەمی باوەڕ بە یەكیەتی خوڵقاندنن و كەوا هەموو خەڵقەندەكان چی بن و چۆن بن بەرجەستەكەری هەمان ڕووحی گەردوونی ئەزەلیین. حەللاجیش وەكو یەزیدیایەتی ڕایگەیاند كەوا شەیتان لە گوناهەكانی پاك بووەتەوە و بەرز كراوە بۆ بەرزترین پلەی ئاسمانی. و خۆشی لەسەر ئەمانە پاش ئازار و ئەشكەنجەدانی گران لە بەغدا چوارمێخ كێشرا، ئێستا یەزیدیەكان ئارامگایەكیان بەتایبەتی بۆ حەلاج لەناو كۆمەڵە ئارامگاكانی لالش، لەتەك ئارامگای شێخ ئادییەوە تەرخانكردووە.

بیروڕاكانی هەمەدانییش، وەكو ئەوانی حەلاج، باسیان لە "یەكیەتی بوون" دەكرد، ئەویش باوەڕی بەوە بوو كە هەموو خەڵقەندەكان بەرجەستەكەری ڕووحی ئەزەلیی گەردوونن. ڕووحیش، بەڕای ئەو، دابڕاوە لە ڕووداوەكانی ئەم جیهانە، بەهەمان شێوە كە تیرەی فریشتەكان بۆی دەچن كەوا ڕووح پاش دۆناودۆن كردنی ئەزەلیی و هەتا هەتاییش لە پەروەردگاری مەزندا واتە لە خوڵقێنەری جیهانی ماددی دا ئیتر بە تەواوی دابڕاوە. باوەڕی قایمی بە دوناودۆن كردنی یەك لە دوای یەك و پاك بوونەوەی شەیتان لە گوناهەكانی، سەرباری گوفتاردانە دژ بە ئیسلامیەكانی سەرەنجام بە دەردێكی خراپی برد، ئەوە بوو لە تەمەنی (٣٣) ساڵیدا لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئیسلامەوە لە دار دراو لەناو گڕی ئاگردا كڵۆكۆی دامرد.

هەمان بیرو ڕاگشتیەكانی حەلاج و هەمەدانی لە نووسین و كردەوەكانی سوهرەوەردییدا ڕەنگیان داوەتەوە، دەرزدانەكانی لەژێر سایە و سێبەری قوتابخانەی "ئێشراقدا" واتە "تیشكدانەوە" پڕن لە بیروڕای تیرەی فریشتەكان بە جۆرێك مرۆڤ هەست دەكا كە بەشێك بن لەوان، نەك بزووتنەوەیەكی سۆفیانەی ئیسلامی. وێكچوونەكە كاركردنێكی توندی بیروڕاكانی

هیلینستی و مێزۆپۆتامیای پێوە دیارە. لە یەکێك لە ویردەکانی کە ناوی "الهرخش الکبیر"ە – واتە خۆری مەزن – دەبێ هەموو ڕۆژێك لەگەڵ هەڵاتنی خۆر ڕووەوڕۆژ بخوێنرێ و لە کۆتاییدا نزای بوونە خاوەن کتێبیش تێدایە، لە ویردەکەدا، بە ئاشکرا، هێمای نوێژی ڕۆژانەی تیرەی فریشتەکان بۆ ڕۆژی هەڵاتوو دیار و بەرجەستەیە "تۆ هۆرەخشی گەورە و بە توانای... ڕەوێنەرەوەی تاریکیت... پادشایی گشت فریشتەکانی... خاوەندی ڕووناکیەکانی بوونی، بە پشت و پەنای خودای بانی سەرەوە ئەی تیشکی پرشنگدەر، ئەی مامۆستا و بلیمەتی ئاگادار لە گشت، ئەی ڕۆڵەی پیرۆز و مەزنی تیشکە ڕوونکەرەوەکان، ئەی واریسی شاتیشکی گشت فریشتەکان، ڕووی تێ ئەکەم و لێی ئەپاڕێمەوە، تا ئەویش لە خودای خۆی، خودای گشت خودلیان بپاڕێتەوە... (بەڵکو بەرەکەتم دەسبخا) (Moin١٩٦٢ )، حەلاج لەسەر ئەو بۆچوونە سوور بوو، کە ڕووحی پەرستشکار بەرەبەرە ڕوون دەبێتەوە و زەنگ دەبێتەوە تا دەگاتە پلەی خوداوەندی، هەرچەندە بەو ئاشکرایی و ڕاشکاویەوە نەیدەدرکاند کە تیرەی فریشتەکان دەیانکرد، سەرەنجام ئەم بۆچوونانەی بە گران کەوتن لەسەری و گیانی لە پێناویاندا دا بەبایی، ئەوە بوو لە تەمەنی (٣٨) ساڵییدا بە فیتی دەستەی عولەمای ئیسلام و بەدەستی کوردێکی تر، میری ئەیوبی حەڵەب، ساڵی ١١٩١ لە داردرا هەمەدانی و سوهرەوەردیش، هەر وەکو حەلاج، لەناو تیرەکەدا، خرانە پایەی بەرجەستەکەرە پلە دووەکانی ڕووحی گەردوونییەوە.

حەلاج لە بەغدا لەدایك بووبوو، باوك و دایکی فارس بوون، لە هەرێمی (فارس)ی باشووری زاگرۆسەوە هاتبوون، لەو کاتەدا ئەو هەرێمە مەڵبەندی دەیەها هۆزی کورد بوو (بڕوانە کۆچکردنە مێژووییەکان). تەئسیری تیرەی فریشتەکان لەسەر بیروبۆچوونی حەلاج، گەلێ ئاسانترە لە ساخکردنەوەی ڕچەڵەکی نەتەوەیی ئەو، بەڵام هەمەدانی و سوهرەوەردی وانین، هەمەدانی لە هەمەدانی باشووری کوردستان لە دایکبووەو گەورە بووە، سوهرەوەردی خەڵکی شاری شەهرەوەردی (کە زۆرتر بە هەڵە بە سوهرەوەرد ناو دەبرێ) نێوان شارەزوور (سولەیمانی ئێستا) و زەنجانە. زەنجان (١٥) میل لە بیجارەوە دوورە و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتیەوە. بە گوێرەی گێڕانەوەی ئیبن حەوقەلی جوگرافیاناسی ئیسلامی سەردەمەکانی ناوەند، سوهرەوەرد ئیمڕۆ چۆنە ئەو کاتەش زۆربەی دانیشتووانی کورد بوونە.

نزیكەی (٣٠٠) ساڵ دوای ئەوە هەوادارێكی دیكەی تیرەی فریشتەكان بزووتنەوەیەكی سۆفیگەریی فرتەنەسازتر و كۆمەڵ هەژێنتری هێنایە كایەوە. موحەمەدی نووربەخش لە ناوەڕاستی سەدەی (١٥)دا تروسكەی ئەم بزووتنەوەیەی بە گوتاربێژی لە بارەیەوە بریسكاندەوە، ئەو خەڵكی لەحسا (ئەحسای ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی سعودیە كە هەرێمێكی نەوتینە)بوو لە كۆنەوە، لەحسا كوانگی بزووتنەوەی توندڕەوی ئیسلامی بووە، وەكو بزووتنەوەكانی خوڕەمیەكان لە سەرەتای ئیسلامدا كە بیروبۆچوونە كۆمەڵایەتی و ئابووریەكانیان، هەروەها باوەڕیان بە دۆناودۆنكردنی ڕووح، دەیانبەستێ بە بزووتنەوەكانی زووتری خوڕەمیە و مەزدگیەكانی هەرێمی زاگرۆسەوە (بڕوانە تیرەی فریشتەكان) پەیوەندی ئەو لەگەڵ تیرەی فریشتەكاندا كاتێ پەردەی لەسەر لاچوو كە كەوڵی (هەمەدانیی)پێدرا. نووربەخشیش هەر وەكو حەللاج و سوهرەوەردی، خۆی بە بەرجەستەكەرێكی پلە دووی ڕووحی گەردوونی دادەنا، واتە بەشێك لەو ڕێچكەیەی كە لە دەورانی دووەمی ژیانی گەردوونییدا، محەمەد پێغەمبەریشی دەگرتەوە (بڕوانە خشتەی ژمارە ٦). ئەو خۆی ناو نا مەهدی "ڕزگاركەر– مەسیح"و واشی ڕاگەیاند كە باوكی ناوی عەبدوڵلایە (واتە هەمان ناوی باوكی پێغەمبەر محەمەد)، كوڕێكیشی ناو نا قاسم و بەم جۆرە بوو بە "ئەبو لقاسم" (ئەمیش هەر بۆ ئەوەی بەجۆرێك خۆی بە محەمەدەوە ببەستێ). بە مەشەوە نەوەستا، ڕایگەیاند كەوا خاوەنی توانایەكی سەر و سروشتییە، لەو جۆرەی كە بەرجەستەكەرەكانی تیرەی فریشتەكان هەیانبوو. بەمەش خۆی بردە پلەی كوفركردن لە ئاییني ئیسلامدا، لەبەر ئەم ڕەفتارە و هەندێ ڕەفتاری تری سەختگیرانەی، بوو بە ئامانجی هێرش و دژایەتی عولەمای ئەو سەردەمەی سوننی و شیعە لەیەك كاتدا. یەكێك لەو زانایانەی كە بەتوندی دژی وەستان عەبدوڕەحمانی جامی بوو و بە هەرحاڵ ئەو بەو دەردە گرانە نەچوو، كە هەرسێ هاوبیرەكەی پێش خۆی حەلاج و هەمەدانی و سوهرەوەردی پێی چوون.

هەر كە پای نایە خاكی كوردستانەوە، نووربەخش خۆی بە خەلیفەی هەموو مسوڵمانانیش بۆ خەڵك ڕاگەیاند. كوردەكان دراویان بە ناوی ئەوەوە لێدا (١٤٤٣ پا، م) دوایی لەلایەن شاروخی پادشایی سەر بە تەیموور لەنگەوە گیراو لە زیندان توند كرا و تا ساڵی (١٤٤٤) تێیدا مایەوە. نووربەخش بە مردنی خوا مرد. لەوانەیە بەرپابوونی بزووتنەوەكەی لە كاتی لاوازیی شیعە

مسولْمانەکان بەدەستی تیرەی فریشتەکان لە سەدەی (١٥)دا و بوونی چەند بنەماڵەی حوکمڕانی عەلەویش لە ناوچەکەدا، هۆبن لەوەدا کە ئەویش بەو دەردە سەختەی یارانی کۆنی نەچوو.

قاسمی کوڕی نووربەخش لەلایەن شاە ئیسماعیلی یەکەمی دامەزرێنەری بنەماڵەی حوکمڕانی سەفەویەوە دەستی بەسەردا هێنرا و قاسم خۆی و بزووتنەوەی نووربەخشیش بەرەبەرە بوون بە ئایینی دەوڵەت لە هەردوو سەدەی (١٦) و (١٧)دا (بڕوانە مێژووی هاوچەرخی هەرەزوو)، لەوێوە بزووتنەوەی نووبەخشی بوو بە ڕێبازێکی شیعەگەرانەی بێ خەوش. ئەندامە کوردەکانیشی هەر لەناو شیعە کوردەکانەوە هاتبوون و دوایی خەڵکێکی زۆری غەیرە کوردیشی تێکەڵ بوو، تەنانەت لەناو هەوادارانیدا کۆمەڵێکی زۆری یارسانیشی بەدی دەکران.

کۆنترین ڕێبازی سۆفیگەری کە هێشتا لەناو کورداندا مورید‌ێکی زۆری هەبێ ڕێبازی قادریە، کە بە ناوی عەبدولقادری گەیلانی (هەروەها گەیلانی و کەیلانی و خەیلانیش)( ١٠٧٧–١١٦٦)– گەلێ بنەماڵەی ئایینی کورد ئێستا و لە کۆنەوەش بە مورید و سەرسپردەی ئەم ڕێبازە ناسراون، هەرچەندە ئەم ڕێبازە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە، لەسەرخۆ، لەبەر فشاری ڕێبازێکی تری سۆفی، واتە نەقشبەندی لە کشانەوەی بەردەوامدایە.

هۆزی تاڵەبانی، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سەرکردایەتیەکەی و زۆربەی خەڵکی ناوچە باشووریەکانی کوردستانی عێراق و کوردستانی ڕۆژهەڵات (لە ئێران) قادرین.

مەڵبەندی سەرەکیی ڕێبازەکە وا لە شارۆچکەی دێرین و پیرۆزی بەرزنجەی نزیکی سولەیمانی، شێخ مەحمودی سەرکردەی چەندین ڕاپەڕینی کوردان دژ بە داگیرکاری ئینگلیز لە عێراقدا، ڕابەرێکی ڕێبازی قادری و لە بنەماڵەی بەرزنجەیی بوو؛ (بڕوانە مێژووی هاوچەرخ).

ڕێبازی نەقشبەندی، لە ڕێبازی قادری نوێترە لە کوردستاندا، ئەم ڕێبازە لەلایەن بەهائەددینی نەقشبەندی بوخاراییەوە (١٣١٧–١٣٨٩) دامەزراوە و لە ئاسیای ناوەندا بڵاوکراوەتەوە و دوایی لەوێوە لەوانەیە لەلایەن هۆزە تورکەکان یان تورکە باکشییەکانەوە کە لە سەدەی (١٢)ەوە دەستیان کردبوو بە کۆچکردن بۆ ئەم مەرزوبومە هێنرابێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە (بڕوانە کۆچکردنە مێژووییەکان).

ئەمڕۆکە خەڵکی کوردستانی باکوور، و تاڕادەیەك کوردستانی ڕۆژاواش، هەواداری ئەم

ڕێبازەن، لە کاتێکدا کوردستانی ناوەندو ڕۆژهەڵات هێشتا هەر سەر بە ڕێبازی قادرین. هۆزی بارزانی، لەلایەن ڕابەرایەتی ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندیەوە ڕابەری دەکرێ کە لە پاڵ تەئسیری ڕووحیدا، تەئسیری دونیایشییان لەناوچەکەدا هەیە، تا دوا دوای سەدەی ڕابردوو، بەهەرحاڵ، بارزانیەکانیش و هەموو هۆزو خێڵەکانی تری ئەم ناوچەیەش سەر بە ڕێبازی قادری بوون، ئەم وەرگەڕانەو گەلێ وەرگەڕانی تریش بەرەو ڕێبازی نەقشبەندی، دەرەنجامی ڕاستەوخۆی نفوزو کاری ماندوو نەناسانەی مەولانا خالید ناوێك بوو.

ساڵی ١٨١١ مەولانا خالید (لە دایکبووی ١٧٧٩)، کە شێخێکی کوردی سەر بە ڕێبازی نەقشبەندی بوو، و بە هۆز دەچووەوە سەر هۆزی جاف شارە زوور (سولەیمانی ئێستا)، دەستی کرد بە جموجۆڵێکی چالاکانە و چوارلاگیری مورید کۆکردنەوە بە دانانی چەند خەلیفە لە کوردستان و دەوروبەریدا. ئەم خەلیفانەش، دوای مردنی مەولانا لە ساڵی (١٨٢٧)دا، خەلیفەی تریان بۆ خۆیان دانا، ئەوەندەی نەبرد کوردستانی باکووری ناوەند بە مەڵبەندە ئایینیە بە هێزەکەی نەهرێشەوە (نزیکی ڕەواندز) هەتا هەتایە لە دەست قادرییەکان چوو، بۆیە دەبینین پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق (دەبێ مەبەستی کوردستان بێ – وەرگێڕ) هەروەها بارزانی سەرۆکی، سەر بە ڕێبازی نەقشبەندین.

لە تورکیا، لە سەردەمی سەرۆك ئۆزالدا (کە خۆی ڕۆڵەی بنەماڵەیەکی نەقشبەندی بوو)، نەقشبەندیەکان وەکو ڕێباز گەڕانەوە تورکیا، پاش چەندەها ساڵی قەدەغەکردنی ڕەسمی و ڕاوەدوونانی دوابەدوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی (١٩٢٥)ی شێخ سەعید (بڕوانە مێژووی هاوچەرخ).

تەکیەکانی سۆفیەکان (خانەقا) بە هەموو کوردستاندا بڵاون و لە ڕاستیدا گەلێ لە مزگەوت و شوێنی تری پەرستن باوترن (لەوانەیە، ئەو دارو نزرگە پیرۆزانەی کە بۆ خدر تەرخان کراون لەمە بەدەر بێ) – (بڕوانە فەرهەنگی میللی).

کوردە نا مسوڵمانەکانیش ڕێبازی سۆفیگەری تایبەتی خۆیان هەیە، یان هی ئەو تیرەیە بە گشتی، کە خۆیان بەسەر سپردەی دەزانن. ئەم ڕێبازانە، ئەگەر بە ناویش بێ سەر بە مەزەبی شیعەن (بۆ نموونە هەردوو ڕێبازی نوور بەخشی و نیعمەتوللاهی).

عەلەویەکانی کوردستانی ڕۆژاوا و باکوور بە گشتی سەر بە ڕێبازی بەگتاشیین. ئەوی لای خەڵك باوە ڕێبازی بەگتاشی وەکو ڕێبازێکی سوننیگەرا خۆی دەربڕیوە، بەلام

سەرسپردەکانی ئەم ڕێبازە هەموو هەر بە عەلەویەتی مانەوە و هەوادارانی چ لەناو کوردا و چ لەناو نەتەوەکانی تردا هەبووە، هەر لە ئەنەدۆڵەوە تا دەچێتە بولگاریا و لەوێشەوە بۆ ئەلبانیاو بۆسنیاش.. ئەم ڕێبازە کارێکی گەورەی کردۆتە سەر ژیانی کوردە عەلەویەکان کە تا بڵێی قایم و قووڵە. یەکێك لە ئاهەنگگێڕانە هەرە گرنگەکان کە کوردە عەلەویەکان بەجێ دێنن، ئەوەیە کە بۆ حاجی بەکتاشی دامەزرێنەری ڕێبازەکەو یەکێك لەبەرجەستەکەرە هەرە بنەڕەتیەکانی ڕووح لە عەلەویەتدا دەیگێڕن. لە کاتێکدا حکوومەتی کۆماریی تورکیا کە زۆربەی زۆری بەکتاشیەکان لەناو قەڵەمڕەوی ئەودا دەژین، هەوادارانی ئەم ڕێبازەی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ خستبووە بەر ڕێژنەی زوڵم و ستەم، ئێستا نەك هەر جڵەویشی بۆ شلکردوون لە بۆنەو جەژنەکانیاندا ئاهەنگ بگێڕن، بەڵکو هەندێ جار بەشێوەی ڕەسمیش دەستی لوتفی سەرپەرشتیکردنیشیان بەسەردا دەساوێ. لەوانەیە ئەم گۆڕانە دەستی سەرکۆمار ئۆزالی تێدابووبێ، کە هەرچەندە خێزانەکەی پشتەڵەکێکی نەقشبەندیانەی هەیە، بەڵام بە بنەچە خەڵکی شاری مەلاتیەن، کە شارێکی زۆرینە کوردنشینە و تێیدا شان بەشانی یەکدی هەردوو ڕێبازی نەقشەبەندی و بەکتاشیش هەوادارێکی زۆریان هەیە.

بەکتاشیەکان لە ڕۆژاوای تورکیا زۆرتر لە ڕێگەی "دەروێشە گێژخۆرەکان"نیانەوە ناسراون کە بەرگە سەرتاپا سپی و کلاوەسپییە سەتڵ شێوەکانیان مایەی سرنج و بەدواداگەڕانی ئەو گەڕیدە ئەورووپاییانەن کە منەی ئایین و داب و دەستوورە ئاسیاییەکان دەکەن، مەڵبەندی هەرە گرنگ و تەماشایی بەکتاشیەکان، ئارامگای شاعیر و ڕابەری گەورەی سۆفیگەری، مەولانا جەلالەددینی بەلخی، ناسرا و بە ڕۆمییە. ئەم ئارامگایە لە شاری قۆنیەی ناوەڕاستی ئەنەدۆڵە کە هاوسنوورە لەگەڵ مەڵبەندێکی گەورەی کوردنشینی دەرەوەی خاکی کوردستان.

لە هەمان کاتدا، هەوادارانی ڕێبازی قادرییش، هەر وەکو دەروێشە خولخۆرە بەکتاشیەکان خاوەنی داب و دەستووری خۆیانن هەر لە سەماو سۆز و ئاوازەوە بگرە تا دەگاتە لێدانی ئامێری مۆسیقاش. نەقشبەندیەکانیش، لە لایەکی ترەوە، وەکو داب و دەستوورێکی دێرینی ڕێبازەکەیان، بازنەی سەماو گۆرانی دەبەستن بۆ گەیشتن بە حاڵەتی مەستی سۆفیانە کە لە هەموو تەریقەتەکاندا، شتێکی باوو بابەتییە، بەڵام لە هەمووان زیاتر بەکتاشیەکان بۆ

مەسـەلەی ڕەقـس و سـەماو مۆسـیقا لـە پـاڵ ئـەم داب و دەسـتووره ئایینیانـەدا ناوبانگیـان داوەتەوە.

لێرەدا، نابێ بـێ ناوهێنـان بەسـەر ڕێبـازی ڕەففاعییـدا تێپەڕكـەین، كـە جێـی سـرنج و تـا ڕادەیەك سەرسووڕمانیشه. باوەڕی بەهێزی موریدانی ڕەففاعی بەوەی كە ڕووح دەتوانێ لـەش بەجێبهێڵێ ئەگەر هـاتوو خاوەنەكـەی لـە قـووڵایی دڵ و ئـیرادەوه سەرسـپردەو ڕاهێنراوبێـت، وایان لێ دەكا كە كاری ئـەوتۆ ئـەنجام بـدەن وەكـو بـەپێی پـەتی بەسـەر ژیلـەمووی سـووردا ڕۆیشتن و قووتدانی شمشێر و زەرگ و تیغی تر لە خۆدان و لە پاشـاندا، بـێ هـیچ زیانێـك لێـی دەرچن.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:–

**Further Readings and Bibliography:** N. Yalman, "Islamic Reform and the Mystic Tradition in Eastern Turkey," *European Journal of Sociology* 10 (1969); S.H. Nasr, ***Shihâbaddin Yahyâ*** *Sohrawardi* (Paris: Institut Français d'Iranologie, Bibliothèque Iranienne, 1970); John Kingsley Birge, *The Bektashi Order of Dervishes* (London: Luzac, 1937); Martin van Bruinessen, "Religious Life in Diyarbekir: Religious Learning and the Role of the Tariqats," in Martin van Bruinessen and H. E. Boeschoten, eds., *Evliya Çelebi in Diyarbekir* (Leiden: Brill, 1988); Hamid Algar, "The Naqshbandi Order: A Preliminary Survey of Its History and Significance," *Studia Islamica* 44 (1976); Hamid Algar, "Said Nursi and the Risala-i Nur," *Islamic Perspectives. Studies in Honour of Sayyid Abul Ala Mawdudi.* (London, 1978); Halkawt Hakim, "Mawlana Khalid et les pouvoirs," in Marc Gaborieau, A. Popovic, and T. Zarcone, eds., *Naqshbandis: Historical Development and Present Situation of a Muslim Mystical Order* (Istanbul-Paris: Isis, 1990); Albert Hourani, "Shaikh Khalid and the Naqshbandi Order," in S. M. Stern, A. Hourani, and V. Brown, eds., *Islamic Philosophy and the Classical Tradition* (Oxford: Oxford University Press, 1972); Sherif Mardin, *Religion and Social Change in Modern Turkey: The Case of Bediuzzaman Said Nursi* (Albany: State University of New York Press, 1989); Wheeler Thackston, *The Mystical & Visionary Treatises of Suhrawardi* (London: Octagon, 1982); J.S. Trimingham, *The Sufi Orders in Islam* (New York and London: Oxford University Press, 1971); Martin van Bruinessen, "Religion in Kurdistan," *Kurdish Times* IV:1-2 (1991); 'Ain al-Qudât al-Hamadâni, *The Apologia*, A. J. Arberry, ed. and trans., as *A Sufi Marty* (London: George Allen and Unwin, 1969); Muhammad Mo'in, "Huraxs," in W.B. Henning and E. Yarshater, eds., *A Locust's Leg: Studies in the Honour of S.H. Taqizadeh* (London: Percy Lund, 1962).

# ئایینی جوولەکە

ئایینی جوولەکە لە کوردستان خاوەنی مێژوویەکی کۆنە، بە گوێرەی باسکردنی تەلموود دەربەدەرکراوانی جوولەکە لە (٢٨٠٠) ساڵ لەمەوبەرەوە لەسەر دەستی شەلمانئەسەری سێیەمی پادشایی ئاشووریان (٨٥٨–٨٢٤ پێش میلاد)ەوە لە کوردستان جێنشین کراون و تەلموود دەڵێ کەوا ئەو جوولەکانە، لە سەردەمیکی درەنگدا، ڕەزامەندی ڕابینەکانیان وەرگرت کە کوردەکانی هاوولاتیان وەربگێڕنە سەر جوولەکە و ئەوان لەم هەوڵەیاندا سەرکەوتنێکی بەرچاوییان دەزگیر بوو، بنەماڵەی پادشاییانەی بەناوبانگی ئەدیابین کە ئەربیل/ هەولێر پایتەختی بوو هەموو وەرگەڕانە سەر جوولەکایەتی لە ماوەی سەدەی یەکەمی پێش میلاددا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری هاوولاتیە کوردەکانیاندا (بڕوانە بابەتی ئیربیل/ئەربیل لە ئینسایکلۆپیدیا جودیکادا)، ناوی مونوبازیسی (Monobazes) پادشایی کورد و ئیزاتیس (Izatis)ی کوڕ و جێگری (کە لە یازاتا واتە فریشتەوە هاتووە)، هەروەها هێلینای شاژن، لە سەرەوەی ناوی ئەوانەوە هاتووە کە لەناو ئەم خێزانە پادشاییەدا وەرگەڕاونەتە سەر ئەم ئایینە (Ginzberg 1968.70-412)، بەڵام ئەمە لە ڕووی کات و ساتی مێژووییەوە ڕاست نایەت چونکە مونوبازیس لە (١٨)ی پاش میلاددا دەسەڵاتی ڕاستەقینەی گرتە دەست. ئەوی ڕاست بێ، لەو کاتەی ڕۆمەکان یەهوودا و سامیرەیان داگیرکرد (٦٨–٦٧ی پێش میلاد) تەنها بنەماڵەی ئەدیابین بوو کە یارمەتی ئازووقەو هێزی بۆ ڕزگارکردنی گەلیلی نارد کە ئابلووقە درابوو (Grayzel 1968-163) و ئەگەر بنەماڵەی ئەدیابین خۆی جوولەکە ئایین نەبوایە، هەرگیز ئەمەی نەدەکرد (بڕوانە مێژووی کلاسیك). گەلێ مێژوناسی هاوچەرخی جوولەکە وەکو کەهلە (١٩٥٩) کە لەو باوەڕەدایە کە ئەدیابین لەناوەڕاستی سەدەی یەکەمی پێش میلاد جوولەکە ئایین بوە، هەروەها نوێسنەر (١٩٨٦) کە ئەم مەسەلە دەباتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی یەکەمی پاش میلاد، سەرنەکەوتوانە هەوڵی ئەوەیان داوە ئەم هەڵە مێژووییە پینەو پەڕۆ بکەن، بەڵام هەموو لایەك لەسەر ئەوە ڕێکن کەوا لە سەرەتای سەدەی دووەمی پاش میلاددا، ئایینی جوولەکە لە کوردستانی ناوەند هەردوو پێی بە توندی قایم کردبوو.

وەکو گەلێ کۆمەڵگای دیکەی جوولەکە، مەسیحیەتیش، جێ دەستێکی چاکی بۆ خۆی لە ئەدیابین دەسکەوت بۆ لە ئایین وەرگەڕان لە سەدەکانی (٤) و (٥)دا، کەچی سەرەڕای ئەمەش جوولەکەکان تا ناوەڕاستی ئەم سەدەیە و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە کوردستاندا کۆمەڵگایەکی تا ڕادەیەك گرانیان هەبوو. لەناو ماڵی خۆیان و لە کۆبوونەوە ئایینیەکاندا، جوولەکە کوردەکان بەشێوەیەکی کۆنە ئارامی دەدوێن کە پێی دەوترێ سوریانی (واتە سریانی) و لە کارووباری سەوداکاری و بازرگانیدا و لەناو کۆمەڵگای فراوانتردا بە کوردی. گەلێ لایەنی ژیانی کورد و جوولەکە، هەروەها کەلتووریان، ئەوەندە پێکەوە ئاڵۆزکاون، کە زۆر بابەتی کۆن و ڕەسەنی کوردی، دەچنەوە سەر جوولەکە و هەندێ کەس لەو باوەڕەدان، کە کوردان بە ڕەسەن دەچنەوە سەر یەکێك لە هۆزە ونبوەکانی ئیسرائیل، لە کاتێکدا هەندێکی تر پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە کوردەکان لە ڕووداوێکەوە داهاتوون کە تێیدا سولەیمان و ئەجنەکانی هاوکاریوونە (بڕوانە فۆلکلۆر و چیرۆکە فۆلکلۆریەکان).

سەر بەستیی کەم و زۆری ژنی کورد لەناو کۆمەڵگای جوولەکەی کورددا، بوو بە هۆکاری ئەوەی لە سەدەی (١٧)دا، یەکەم ڕابی ژن دابنرێ. ئەو ڕابییە ئەسیناڤ بارازنییە کە کچی ڕابی بە ناو بانگ سامۆئێل بەرزانی و (دەوروبەری ١٦٣٠ مردووە) دامەزرێنەری چەندین قوتابخانە و مەدارسی ئایینی بوە لە کوردستان. ناوی "تەنەئیث" کە واتای زانایەکی تەلموودناسی ژن دەگرێتەوە بەتایبەتی باڵابڕی ئەو کراوە. لە دواییدا، ماما (واتە خاتوون) ئەسێناث بوو بە سەرۆکی ئەکادیمیای پایەبڵندی جوولەکەناسی لە مووسڵ (Mann1932).

گۆڕی کەونارای پێغەمبەرەکانی ناو ئینجیل وەکو ناحۆم لە ئەلقۆش، یونا (یونس- وەرگێڕ) لە نەبی یونس (نەینەوای دێرین)، دانیال لە کەرکووك، حەبەقووق لە تویسرکان و شاژن ئیستەر و موردەخای لە هەمەدان، و چەندین ئەشکەوت کە دەڵێن ئەلیا سەردانی کردوون، بەشێکن لە ئارامگاو مەزارە هەرە گرنگەکانی جوولەکەکان لە کوردستان و ئەمڕۆکە هەموو جوولەکەکان ڕێزیان لێدەگرن و بە پیرۆزیان دەزانن.

هەر لە (١٩٠٦)ەوە، دانشگای ئەلیانسی ئیسرائیل (The Alliance Israelite universalle) قوتابخانە و مەڵبەندی تری خوێندنی لە کوردستاندا کردۆتەوە و پێویستی پێشکەوتنی لەناو جوولەکە کوردەکاندا دەستەبەر کردووە (Cuenca 1960). لەم دەزگا و دامەزراوانە، کوردە

غەیرە جوولەکەکانیش زۆر سوودمەند بوونە، چونکە گشت منداڵانی دانیشتووان بێ هیچ جیاوازییەك لەم دەزگایانەدا وەردەگیران و بەمە توێژێکی تری کەسانی خوێندەوار و پەروەردەکراو لە کوردستان پێدەگەیشتن. تا هەندێك پاش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلیش، ئەلیانس هەر لەسەر چالاکیەکانی خۆی بەردەوام بوو.

کوردێکی جوولەکەی زۆر لەم دواییانەدا کۆچیان بۆ ئیسرائیل کردووە و لەوێ لە گەڕەکی تایبەتی خۆیان دەژین و تا ئێستاش ژیان و کەلتووری کوردانەی خۆیان پاراستووە و زیاتریش خەملاندووە، لەوانە ئاهەنگ و بۆنەو داب و نەریت دروشمی هەرە ڕەسەنی کوردانن.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** *Encyclopaedia Judaica*, entries on Kurds and Irbil/Arbil; Louis Ginzberg, *The Legends of the Jews, 5th ed.* (Philadelphia: The Jewish Publication Society of America, 1968); Jacob Mann, *Texts and Studies in Jewish History and Literature*, vol. 1 (London, 1932); Yona Sabar, *The Folk Literature of the Kurdistani Jews* (New Haven: Yale University Press, 1982); Paul Magnarella, "A Note on Aspects of Social Life among the Jewish Kurds of Sanandaj, Iran," *Jewish Journal of Sociology* XI.1 (1969); Walter Fischel, "The Jews of Kurdistan," *Commentary* VIII.6 (1949); André Cuenca, "L'oeuvre de l'Allance Israélite Universelle en Iran," in *Les droits de l'éducation* (Paris: UNESCO, 1960); Dina Feitelson, "Aspects of the Social Life of Kurdish Jews," *Jewish Journal of Sociology* I.2 (1910); Walter Fischel, "The Jews of Kurdistan, a Hundred Years Ago," *Jewish Social Studies* (1944); Solomon Grayzel, *A History of the Jews* (New York: Mentor, 1968); Paul Kahle, *The Cairo Geniza* (Oxford, 1959); Jacob Neusner, *Judaism, Christianity, and Zoroastrianism in Talmudic Babylonia* (New York; University Press of America, 1986).

# مەسیحیەت

مێـژووی زووی مەسـیحیەت لـە كوردسـتاندا، ڕێـك هاوكاتـە لەگـەڵ هـی ئەنـەدۆڵ و مێزۆپۆتامیـادا، لـە سـەرەتای سـەدەی پێنجەمـدا، بنەماڵـەی پادشـاییی ئـەدیابین لـە جوولەكەییەوە وەرگەڕابووە سەر مەسیحیەت، ئەو ئەرشیفە زۆر و زەوەندی لە كەنشتەكانی ئەربیلا (ئەربیلی ئێستا)ی پایتەختیاندا پارێزراوە سەرچاوەی سەرەتایی بەنرخە لە بارەی مێژووی كوردستانی ناوەندەوە. لە ناوەڕاستی سەردەمی پارثیەكانەوە (واتە سەدەی یەكەمی پاش میلاد)، مەسیحیە كوردەكان، بەهەمان شێوەی جوولەكـەكانی بـەر لـەخۆیان، ئارامییـان بەكارهێناوە بۆ تۆماربەندیی ئەرشیفەكانیان، هەروەها بۆ زمانی ناو كەنیسەشیان.

ئەو زۆر و ستەمەی لەناو ئیمپراتۆریەتی ساسـانییدا كـەتبووە سـەر مەسیحییەكان، لـەوێ چۆن بوو، لە كوردستانیش هەروابوو. تەنها پـشووی حەسـانەوە لـە دەسـت زوڵم و فـشار كـە كێشابێتیان، ئـەو كاتـە بـوو كـە مەسـیحییەكانی ئیمپراتۆریەتەكـە وەرگەڕانـە لای كەنیـسەی نەستۆری ڕۆژهەلاتـەوە (كـە سـەر بـە سـانت نیـستۆریاس–٤٤٠ پـاش مـیلاد–بـوو) و گـشت پەیوەندییەكیان لەگەڵ ڕۆما و قوستەنتینیە دابڕی لـە سـەدەی شەشـەمدا لـە كـاتی داهـاتنی ئیسلام لە سەدەی حەوتەمدا زۆربەی هەرە زۆری كوردستانی ناوەند مەسیحی نشین بوو.

لە لایەكی ترەوە، كوردەكانی ئەنەدۆڵ بە دووشێوەی جیاواز، بەرامبـەر ئـەم ئایینـە نوێیـە ڕەفتاریان كرد، كوردەكانی ڕۆژاوا، واتە، ئەوانی پۆنتۆس و هەرێمـە ڕۆژاواییـەكانی كەپەدۆچیا و كیلیكیا لە ناوەند و باكووری ئەنەدۆڵ، بەر لە سەدەی حەوتەم وەرگەڕانە سەر مەسـیحیەت، بـەڵام وەرگەڕانەكـەیان، وەكـو دوایـی دەركـەوت، بـە لەدەسـتدانی كـە سـایەتی نەتـەوەییان كەوتەوە، ئـەوەبوو سـەرتاپایان بـەر لـە تێرشـانی شـەپۆلی كۆچـەرە توركـەكان لـە سـەدەی دوانزەیەمدا بۆ ناو وڵاتی ئەنەدۆڵ، بووبوون بە یۆنانی، هەرچی كوردەكانی ڕۆژهەڵاتـی ئەنـەدۆڵ بوون، بە كیلیكیا و كەپەدۆچیای ڕۆژهەڵاتیشەوە هـەروەها هـەموو ئەوانـەی ڕۆژهەڵاتـی ڕووبـاری فورات، وەرنەگەڕان و هەر لەبەر ئەو هۆیەش كەوتنە بەر زەبری تۆڵەساندنی بیزەنتییەكان.

كاتێك لە سـەدەكانی (٨) و (٩)دا بیزەنتیـەكان، دانیـشتووانە غـەیرە مەسـیحییەكانیان لـە

سەرزەمینەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دەرو دەرپەدەر کرد، زۆربەی بارە گرانەکە بەر کوردەکان کەوت، ئەوەبوو کوردەکانی کەپەدۆچیاو کیلیکیا بە کۆمەڵ دەرپەڕێنران (بڕوانە ڕەهەندەکردن و نیشتەجێکردنە زۆرەملێکان).

مەسیحیەت کارێکی ئەوتۆی نەکردۆتە سەر کوردستانی باشوور، بەڵام کەم و زۆر شوێن دەستی هەر هەیە، تەئسیری بیر و بۆچوونە مەسیحیتەبارەکان لەسەر یارسانیەت، نیشاندەری ئاڵوگۆڕکردنێکی ڕاستەوخۆیە لەنێوان هەردو ئایینەکەدا.

لەگەڵ کزبوون و تا کانەوەی مەسیحیەت لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پاش بڵاوبوونەوەی ئیسلامەتی بە وڵاتەکەدا، کۆمەڵگای لاوازی مەسیحیی کورد، بەرەبەرە دەستی کرد بە وازهێنان لە ناسنامەی نەتەوایەتی کوردی خۆی و گەوزی دابۆلای ناسنامەیەکی نوێ بەخۆ چەسپاندن بە مەسیحیە سامی نەژادە دراوسێکانەوە. مەسیحییە سریانی (نەستوریە)کانی مێزوپۆتامیا و کوردستان کە لەم دواییەدا ناوی ئەتنی "ئاسووری"یان لە خۆیان نا، لە ڕاستیدا تێکەڵەیەکی ئارامی نوێ دووی کورد و گەلانی سامی نەژادن کە چوونەتەوە سەر کۆنە زمان و ئایینی کەنیسەی نەستوری و زمانی کۆشکی شاهانەی شانەشینی کۆنی ئەدیابین. ژمارەیەکی زۆری ئەم مەسیحییە سریانیانە تا فەلاکەتەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی، لە قوڵایی ناوچە چیاییەکانی کوردستانی باکووردا ژیان، دوور لە هەر جۆرە تەئسیرێکی ئەتنی یان ڕەگەزیی مەسیحییە سامییەکانی دەشتاییەکانی مێزوپۆتامیا، دیمەن و هەڵکەوتەی بەدەنی بەرچاوییان، بە پێچەوانەی "برا" سامیەکانی ناوچەی مۆسڵیانەوە، بەڵگەیەکی ترە لەسەر ڕەسەنی کوردی ئەوان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان بە ئارامی نوێ دەدوون و پێ لەسەر ئەوەش دادەگرن کە خاوەنی ناسنامەیەکی ئەتنی جیاوازن، لە بواری زماندا، مەسیحییەکانی کوردستان، هەر وەکو جوولەکەکانی ئەوێ، بە ئارامی نوێ دەدوون.

بەڵام، هەموو مەسیحیە کوردەکان ئەوەندە بە تەنگی گۆڕینی کەسایەتی نەتەوەیی خۆیانەوە نەهاتوون شان بەشانی گۆڕینی ئایینەکەیان، بۆیە دەبینین یەکێکی وەکو (مەسعودی) مێژووناس و توێژەری سەدەکانی ناوەڕاست، لە نووسینێکیدا کە لە سەدەی دەیەمدا نووسیویەتی باس لە هەندێ کوردی مەسیحی دەکا کە خۆی دیونی. جگە لەمە،

ساڵی ١٢٧٢ ماركۆ پۆلۆ نووسیویەتی دەڵێ "لەسەرزەمینە شاخاویەكانی هەرێمی مووسڵ، ڕەگەزێكی بەشەری هەیە كە پێیان دەڵێن "كورد"، هەندێكیان مەسیحی نەستۆری سەر بە تیرە یەعقووبیەكانن و هەنێكی تریان محەمەدین (مسوڵمانن – وەرگێڕ) (بڕوانە I.Vi،Travels) پۆلۆ باسی خەڵكانی مەسیحی غەیرە كوردی ناوچەكەشی كردووە، ئەمەش بۆخۆی بەڵگەیەكە لەسەر بوونی كوردی مەسیحی لە پاڵ ئەواندا.

لە هەمان كاتدا، توماریەندیەكی تەواو بەدەستەوەیە لەسەر وەرگەڕانی هەندێ كورد بۆ مەسیحیەت لەسەر دەستی مسیۆنێرەكان لە سەدەی (١٥)ەوە بەدواوە. نموونەیەكی سرنجكێشی ئەم چالاكیە، ئەوەیە كە قەشە (سوبحالەماران) بەجێی هێناوە (Nikitin1956-231). مسیۆنێریەكی زۆرتر لە ئەورووپاو دوایی لە ئەمەریكاشەوە لەو دەمەوە ڕەوانەی كوردستان كراون و هەندێكیان یەكەم بەركولێ لێكۆڵینەوەیان لەسەر زمان و كەلتووری كوردی كردووە، كە لە ناویاندا هەندێ فەرهەنگی زمانیش بەرچاو دەكەن، (بڕوانە مێژووی هاوچەرخی زوو). گۆڕانی ئایینی لە زۆربەی جارەكاندا، گۆڕانی زمانیشی بەدواوە بووە (بڕوانە مێژووی كلاسیك و كۆچە مێژووییەكان).

زۆربەی ئەو كوردانەی كە وەرگەڕانە سەر مەسیحیەت، دویماكار بوون بە ئەرمەنی و ئارامیی نۆ و بۆیە بە بەشێك لەم كۆمەڵە ئەتنیانە ژمێرراون، نموونەیەكی بەرچاوی ئەم پرۆسەیە لە كۆتایی جەنگی یەكەمی جیهانییدا ڕوویدا.

لە بەرودوای داڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییدا، ژمارەیەكی زۆری مەسیحی كە تەنها بە زمانی كوردی دەئاخاوتن، سەرزەمینی ڕۆژاوا و باكووری كوردستانیان بەجێهێشت و ڕوویان كردە ئەو ناوچانەی سوریا كە لەژێر دەستی فەرەنسییەكاندا بوون، لەوێ پێیان وترابوو ئەگەر مەسیحی بن، "دەبێ ببن بە ئەرمەنی"، بۆیە پاش ئاماریەست لەناو كۆمەڵە ئەرمەنیەكانی سوریا و لوبناندا توانەوە.

هەندێ كوردی غەیرە مەسیحی ئەنەدۆڵ، تەنانەت كوردستانی ناوەندیش، ئێستاش لە كاتی پانكرانەوەی ناندا لەسەر دەرخۆنە پێش ئەوەی بیخەنە سەر ساج یان بیدەن بە تەنووردا خاچێكی لەسەر دروست دەكەن، هەروەها بۆ زیارەت دەچنە كۆنە كەنیشت و شوێنە ئایینیە پیرۆزەكانی مەسیحییە ئەرمەنی و ئاشووریەكان. ئەمە لەوانەیە داب و نەریتێك بێ لای

کوردان کە هی داوڕسێیەتی دوورو درێژیان بێ لەگەڵ مەسیحییەکاندا، یان زۆریش لە گویندایە هی سەردەمی مەسیحیەتی خودی خۆیان بێ لەسەردەمانی دێریندا.

تەنانەت ئەمڕۆکەش، ژمارەیەك کوردی مەسیحی هەر ماون، بەتایبەتی لە ناوچەکانی هەکاری لە باکووری کوردستانی ناوەند، لە تورعابدین لە کوردستانی ڕۆژاوا، و لەناو گەلەهۆزەکانی میلانی و بەرازی لە کوردستانی ڕۆژاوا لە تورکیا و سوریا. سایکس (مەبەستی مارك سایکسە—وەرگێڕ) ساڵی ١٩٨٠ باسی نزیکەی (٥٠٠) خێزانی مەسیحی کورد دەکا کە سەر بە هۆزی پنیانشی دانیشتووی ناوچەی هەکاری بوونەو سەرۆکەکانیان لای ئەو بە توندی پێیان لەسەر ئەوە داگرتوە کە سەر بە کۆمەڵگایەکی دێرین بوونە کە پێش لە داهاتنی ئیسلام وەرگەڕاوە، شان بەشانی (٧٠٠) خێزانی تری سەر بە هۆزی دیکەی هەرێمەکە. بەهەرحاڵ سایکس نە لە دوور نە لەنزیکەوە توخنی مەسیحییە میلانییەکان ناکەوێ. لەگەڵ ئەمەشدا، پرسیارێك لە گۆڕایدا هەر دەمێنێتەوە، ئایا ئەمانەو هی تریش، بە ڕاستی وەچە و بنەچەی ئەم سەردەمەی کۆمەڵگا کوردیە مەسیحیەکانی سەردەمانی کۆنن، یا خۆ نۆ مەسیحی تازە وەرگەڕاوی سەر دەستی مەسیحیە ئەرمەنی و ئاسووری و مسیۆنەریە مەسیحییەکانی ڕۆژاوان؟ مەڵبەندێکی زۆر بۆ ئەم تازە وەرگەڕاوانە لە سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەناوەوە و دەوروویەری بتلیس و ئورفە و مووسڵ و ورمێ و سەلماس و گەلێ جێی تر کرابوەوە. لەوانەشە، کۆمەڵگای مەسیحی کورد لە تێکەڵەی کۆمەڵگا کۆنەکان و تازە وەرگەڕاوەکان پێکهاتبێ.

بە گوێرەی مەزەندەی کەسانی شارەزا، ژمارەی گشتی کوردە مەسیحییەکان (ئاشووریەکانیان لێدەرچێ کە خۆ بە ڕۆڵەی نەتەوەیەکی جیا دادەنێن) خۆی دەدا لە دەیەها هەزار کە زۆربەیان لە تورکیا دەژین.

ئێستا، سەرلەنوێ کەڵکەڵەی کاری مسیۆنەریی لە کوردستاندا چۆتەوە ناوێشکی ژمارەیەك ڕێکخراوەی مەسیحی ئەورووپییەوە، بەتایبەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ڕاستییەکەی، یەکەم زمان کە پاش سەردەمی ڕاپەڕین لە ئەورووپا ئینجیلی وەرگێڕراوەتە سەر کوردی بووە، ئێستا هەوڵ لە ئارادایە بۆ وەرگێڕانی سەردەمی نوێی ئینجیل بۆ سەر کرمانجی ژووروو (بادینانی). ئامانجی ئەم چالاکیانە، هەر وەکو سەردەمی قەشە سوبحەلەمەران، هەر کوردەکانی

توركیایە.

هۆی ئەم هەولانە بۆچوونی هەڵەی ڕێكخراوە مسیۆنەریەكانە كە گوایە كوردەكانی كوردستانی باكوور و ڕۆژاوا لە ئەنەدۆڵ، چونكە لە كۆندا لەژێر دەستی بیزەنتییەكاندا بوونە، دەبێ هەموو یان زۆربەیان مەسیحی بووبن. ئەمە كوردەكانی تر ناگرێتەوە، لەوانەیە مسیۆنەریەكان زۆرتر لە ناوەند و هەندێ بەشی باشووری كوردستان سەركەوتوو بووبن، واتە لەسەرزەمینەكانی پادشانشینە كۆنەكانی كوردانی ئەدیابین و كەرخوبت سلۆخ (كەركووك)، بەلام هەرگیز لە كوردستانی باكوور و ڕۆژاوا وانەبوە. و لەبەر ئەوەی ئەمان زۆر مەیلیان بەلای مەسیحیەتەوە نەچوە، بیزەنتییەكان وا داریوون لە سەردەمانی زووتردا دەریەدەر و ئاوارەیان بكەن.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: Asahel Grant, *The Nestorians, or the Lost Tribes* (London, 1841); Thomas Laurie, *Dr. Grant and the Mountain Nestorians* (Cambridge, 1853); Helga Anschütz, *Die syrischen Christen vom Tor 'Abdin* (Würzburg: Reinhardt, 1984); Michel Chevalier, *Les montagnards chrétiens du Hakkari et du Kurdistan septentrional* (Paris: Département de Géographie de l'Université de Paris-Sorbonne, 1985); John Joseph, *The Nestorians and Their Muslim Neighbors* (Princeton: Princeton University Press, 1961); John Joseph, *Muslim-Christian Relations and Inter-Christian Rivalries in the Middle East: The Case of the Jacobites in an Age of Transition* (Albany: State University of New York Press, 1983); G.P. Badger, *The Nestorians and their Rituals* (London, 1892); Marco Polo, *Travels*, ed. John Masefield (London: Dent, 1975); Basile Nikitine, "Les Kurdes et le Christianisme," *Revue de l'Histoire des Religion* (Paris, 1929); William Ainsworth "An Account of a Visit to the Chaldeans Inhabiting Central Kurdistan, and of an Ascent of the Peak of Rowandiz (Tur Sheikhiwa) in the Summer of 1840," *Journal of the Royal Geographical Society* XI (1941).

# بابیەت و بەهائیەت

بابیەت، ساڵی ١٨٤٤ لە ئێران لەلایەن میرزا عەلی محەمەدەوە (١٨١٩–١٨٥٠) داهێنراوە. باب واتە دەرگا، یان دەرگا بۆ گەیشتن بەخودا–باب، یان بابا، کە بە مانای "بەرجەستەکەر" دێت بێگومان ئەو نازناوەیە، کە تیرەی فریشتەکان بۆ ئاماژەکردن بۆ دۆناودۆنە سەرەکیەکانی "حەق" یان ڕووحی گەردوونی بەکاریان هێناوە، باب خۆی کە بە بنەچە خەڵکی شیراز بوە (ئێران)، بوە بە مووریدێکی شێخ ئەحمەدی ئەحسائی، کە کاتی خۆی لە ئەحساوە هاتووە و لە کرمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران نیشتەجێ بووە. ئەحسا (کە لە سەدەکانی ناوەندا بە لەحسا بەناوبانگ بووە. هەرێمە دەم دەریاییەکانی ڕۆژهەڵاتی سعودیەی ئێستا دەگرێتەوە)، قەڵای قایمی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی– ئایینییەکەی قەرمەتیەکان بوو، کە تیرەی فریشتەکان، بەتایبەتی بزووتنەوەی مەزدەکییەت کارێکی زۆری کردبوە سەر (هەر لەم ئەحسایە خۆیەوە لە سەدەی پانزدەدا محەمەد نووربەخش سەری هەڵداوە، کە بەر لەمە باسی پەیوەندییمان لەگەڵ تیرەی فریشتەکاندا کردووە – بڕوانە ڕێبازیەندی سۆفیگەری).

شێخ ئەحمەد و لەو دارەتەوە تیرەی فریشتەکانیش، کاریگەرییەکی بەتینیان کردبوە سەر میرزا محەمەد عەلی باب. ڕاستییەکەی، شێخ ئەحمەدی ئەحسانی لە کرماشانی باشووری کوردستان، واتە لە دڵی دێرینی تیرەکەوە، کاتی خۆی. ڕووحی خۆی بۆ باب وەکو بەرجەستەکەری نوێ دۆنادۆن کرد. ئەمەی لە بۆنەی مردنی عەلی کوڕیدا کرد، ئەوەبوو شێخ ئەحمەد هەمیشە بە مووریدانی دەوت: "خەم مەخۆن، یاران چونکە من عەلی کوڕم نەزرکردبوو بۆ عەلی (گەورە–وەرگێڕ) کە هەمووومان چاوەڕوانی دەرکەوتنین، و ئەوم بۆ ئەم مەبەستە بەخێو و ئامادە کردبوو. "Nabili A'azam-1932" باب لە هەمان ساڵدا لەدایکبوو و گوایە هەم ڕووحی شێخ و هەم ناوی ئەویشی وەرگرتبوو. باب هەڵگری ناو و ڕووحی عەلی ئیمامی شیعەو بەرجەستەکەری سەرەکیی دووەم دەوران بوو، دوایی سەرپارکردنی ناوی عەلی بۆ سەر ناوی خۆی لە هەمان کاتدا ئەوی بۆ پلەی بەرجەستەکەری سەرەکی لە عەلەویەتدا بەرز کردەوە، (بڕوانە عەلەویەت).

بابیەكان، بەتایبەتی كوردەكانیان، باوەڕیان بە دۆناودۆنكردنی ڕووح هەبوو، بەهەمان شێوەی هەوادارانی تیرەی فریشتەكان، ئەوان هەرگیز بۆ مردوو پرسەیان دانەدەنا، چونكە لەو باوەڕەدا بوون كەوا ڕووحی هەر بابییەك پاش چەند ڕۆژێكی كەمی قۆناغی گواستنەوە، دەچێتە لەشی بابییەكی ترەوە، كە زیاتر منداڵێكی تازە لەدایكبوو دەبێ. بە باوەڕی ئەوان دۆناودۆنەكان لە سەردەمانێكی زۆر دێرینەوە ڕوویان داوە، بەتایبەتی ڕووحی ڕابەرە ئایینییەكان، كە گوایە لە لەشی پیاوچاك و شەهیدە هەرە كۆنەكانی شیعەكاندا جێگیر بوونە. بابیەكانیش هەروەها، تۆمەتی تێكبەربوونی نێر و مێ یان لە "بەزمی پف لە چراكردندا" خرابوە پاڵ (بڕوانە تیرەی فریشتەكان) و لە ئێراندا ئەوەندە بەدڕندەیی ئازار و ئەشكەنجە درابوون كە زوڵم و ستەمەكانی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر یەزیدیەكان لە چاویدا ئاو خواردنەوە بوو.

شێوەگلانی كوردەكان لە بابیەتدا تا ڕادەیەك قووڵ بووە. یەكێك لە كۆڕە هەرە سەرەكیەكانی كۆنی بابیەكان كورد بووە و بە ژمارە خۆی داوە لە ٥٠٠٠ كەس. ئەم كۆڕە لەنێوان شاری باشقەڵا و قوتووری وڵاتی هەكاری باكووری ناوەندی كوردستان و لەسەر سنووری ئێران و دەوڵەتی عوسمانی بووە، بەهەرحاڵ، لە جولای (تەموون)ی ١٨٥٠ كاتێك ناسرەدین شای پادشایی قەجەری ئێران فەرمانی لە سێدارەدانی بابی لە تەورێز دەركرد، هێزەكانی هۆزی شكاكی كورد و ئەرمەنیەكان فەرمانەكەیان جێبەجێ كرد.

ئەوەندەیەكی پێ نەچوو كە بابیەت، لەژێر سەراسویی كردنی میرزا حوسەین عەلی بەهائوڵڵا "ڕەونەقی خودا"دا ڕەنگوڕوویەكی جیهانداریەتی وەرگرت. لە ماوەی دوو ساڵی پێش ڕاگەیاندنی ئایینە نوێیەكەی و كاری ڕاگەیاندنی لە ئەڤریل (نیسان) ١٨٦٣دا، بەهائوڵڵا لە شاری كوردنشینی سلێمانی (كە كەمتر لە ٣٠ میل لە بەرزنجەی زادەگای ئەفسانەواری تیرەی فریشتەكان دوورە)، ژیا، لەوێ بژێوی خۆی بە پێشنوێژیی بۆ دانیشتووان بە ساختەناوی دەروێش موحەممەدەوە بەسەر برد، گەلێ لەو دراوانەی كە بە جەژنانە داویە بە خەڵك، هێشتا وەكو دیاریەكی پیرۆز لایان پارێزراون و گەلێ كەس بۆ پەڕاندنی نەخۆشی لە بیماران بە كاریان دەهێنا. لە "الایقان"دا كە ناوی یەكێك لە كتێبەكانیەتی، بەهائوڵڵا وێنەیەكی جوان و سرنجكێشی لە بارەی ماوەی "خەڵوەتنشینیەكەی" كوردستانییەوە گێڕاوەتەوە.

محەممەد زەكی ئەلكوردی، كە بەهائیەكی كوردە، ساڵی ١٩٢٠ یەكەم خانەی پەخش و

بڵاوکرنەوەی کوردی لە قاهیرە دامەزراندوە. لەوێ بڵاوکردنەوەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، "کوردستان"ی گرتە ئەستۆ، (کوردستان لە پێشدا ساڵی ١٨٩٨ لە ئەستەموول دەرکرا بێ ئەوەی ئەو بەشداریێ* تێیدا)، دوایی پاش بەرپابوونی شەڕی یەکەمی جیهانی گوێزرایەوە قاهیرە. هەندێ بابەتی هەرە گرنگی ئەدەبیاتی بەهائی، وەکو "بەهائوڵڵا و چەرخی نوێ" کەی جەی. ئی. ئیسلمۆنت وەریگێڕاوەتە سەر شێوەی سۆرانی (لەلایەن حوسێن** جەودەتەوە) ئینجا گۆرانی (لەلایەن نەناسراوێکەوە).

بەهائیەت ڕەنجێکی زۆری بە خەرج داوە تا خۆی لە بابیەت دوور ڕاگرێ. لە بەرگ و شێوەی ئایینێکی جیهانی نوێشدا، بەهائیەت هەوڵیداوە خۆی لە بای شیعەگەریی و تیرەی فریشتەکانیش (بەتایبەتی یارسانیەت) کە لە بابیەتدا بە زەقی دیاربوون، تەریك بگرێ. مینۆرسکی ساڵی ١٩٢٠ تەنها نامیلکەیەکی داکۆکیکارانەی بەهائیەکانی دەست کەوتووەو دوایی وەریگێڕاوە کە دژ بە یارسانیەکان دواوە. لەگەڵ ئەوانەشدا، گەلێ شێوە و وێنەی تیرەکە هێشتا بە زەقی بە بەهائیەتەوە هەر ماون، لەوانە: ١) جیهانگەری: واتە ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ ئایینەکانی تر بریتیین لە درێژەی هەمان بیرۆکەی ڕەسەنی ئیمان و هەمووشیان وەکو یەك جێی ڕێزن: ٢) باوەڕ بەوەی کە هەموو پێغەمبەر و چاکانی ئایینەکانی تر وێنەی خوداوەندیەتی یا ڕووحی باڵان، هەر لە بوذا و زەردەشتەوە بیگرە تا دەگەیتە مووساو عیسا و محەممەد ٣) باوەڕیەوەی گفتەی خودا هەروەها ڕووحیشی لەلایەن سەرفریشتەیەکی میانجیکەرەوە هاتوونەتە ناو دەرروونی پێغەمبەرانەوە ٤) ئامادەبوون و جێبەجێکردنی بەزۆری کۆبوونەوەیەکی گشت یارانیی لە (مەحفەلەکان) وەکو کۆبوونەوەی "جەم"ی تیرەی فریشتەکان. بەڵام ئەم کۆبوونەوەیە دەبێ لە (١٩)ی هەر مانگێکدا بکرێ ٥) ئازادی کۆمەڵایەتی و چینایەتی بۆ ژنان و بەرزراگرتنی ڕێزیان بە مافی کارکردنەوە لە ئەنجوومەنە بەرزە ئایینیەکانیشدا طاهیرە قورەتولعەینی بەرجەستەکەری مێینەی زنجیرەی دۆنادۆنی سەرەکیی بابیەکانی ساڵی ١٨٤٩ بە ئاشکرا و لەناو گشت کۆمەڵدا بە نیشانەی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو پێچەی فرێداو کردی بە بنەڕەتێکی سەرەکیی ئایینی نوێی بابیەك (بڕوانە

---

* (کوردستان) لە ئەستەموول دەرنەکراوە، تەنها لە قاهیرە چاپکراوە.

** مەحموود جەودەت نەك حوسێن جەودەت.

بابەتی پلە و پایەی ئافرەت و ژیانی خێزانی). بەهائیەت لە کوردستاندا کەمتر بڵاو کرایەوە، چونکە ئایینەکە لووتی لە بڵاوبوونەوەی گشت جیهاندا بوو. کوردستان خاکێکی بەپیت بوو بۆ ئەم ئایینە نوێیە کە گەلێ شێوەی نزیکی تێدابوو لەگەڵ بەها ئایینی و کۆمەڵایەتی و داب و دەستووری کورداندا. ژمارەی کوردە بەهائیەکان لە چەند هەزارێك تێناپەڕێ کە لە کوردستانی باشوور و ناوەند ئەمڕۆکە دەژین، لە بارەی ژمارەی ئەو بابییانەوە کە لە کوردستان ماون پیاو پرکێشی ناکابێ پەروایانە ژمارە بدات.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: Muhammad Zarandi Nabil-i A'zam, *The Dawn-Breakers, Nabil's Narrative of the Early Days of the Bahá'i Revelation*, trans. and ed. Shoghi Effendi, (New York, 1932); J.E. Esslemont, *Bahá'u'lláh and the New Era* (Wilmette, Illinois: Bahá'i Publishing Trust, 1980, reprint of the 1923 original); E.G. Browne, *A Traveller's Narrative written to illustrate the Episode of the Bab*, 2 vols. (London, 1891); E.G. Browne, *Materials for the study of the Babi Religion* (London, 1918); E.G. Browne, "Bâbis of Persia," *Journal of Royal Asiatic Society* xxi (1898); Abbas Amanat, *Resurrection and Renewal: The Making of the Babi Movement in Iran, 1844-1850* (Ithaca: Cornell University Press, 1989); V. Minorsky, "Notes sur la secte des Ahlè Haqq," *Revue du Monde Musulman* 40–41 (1920 and 1921).

# فەسڵی شەشەم

## زمان، ئەدەب و چاپەمەنی

### زمان

شێوەی زمانەکانی کوردی بەشێکن لە چڵی باکووری ڕۆژاوای لقی ئێرانیی خێزانی زمانە هیندۆئەورووپییەکان، وشەیەکی زۆری کوردی لەگەڵ ئینگلیزیدا هاوڕەگن: گەمە = گێم، مارە = مێری، ستارە = ستار، ڕووبار = ڕیڤەر، دۆڵ = دێڵ یان ڤالی، برا = برازەر، مانگ = موون، سنۆی = سنۆ، فیرۆ = فری (وەکو لە Free of chargeدا)، ستاندن: توستاند (to stand) سور = شوور (sure) و گەلێکی تر، بەڵام نزیکترین زمانی ناو خێزانەکە کە لە کوردی زمانی فارسییە کە زمانی ڕەسمی وڵاتەکانی ئێران، ئەفغانستان و تاجیکستانە. خزمایەتی نزیکی کوردی و فارس وەکو خزمایەتی ئەڵمانی و دانیمارکی وایە.

زاراوە کوردیەکان بەسەر دوو گرووپدا دادەشکێن: ١) گرووپی کرمانجی، کە لە دوو لقی سەرەکیی پێکدێ: بادینانی (یان کرمانجی ژوورو = باکوور) و سۆرانی (یان کرمانجی خوارووی = باشوور) و ٢) گرووپی پەهلەوانی (یان پەهلەوانیك) کە ئەمیش لە دوو لقی سەرەکیی پێکدێ: دیمیلی (یان زازا) و گۆرانی (هێڵبەندیی ٢ و نەخشەی ٣٩). ئەمانەش زیاتر پەلیان وەشاندووە بۆ چەندین زاراوە و نیمچە زاراوە، هەندێکیان، وەکو هەورامانی و لەکی (کە هەردوو زاراوەی سەرەکیی گۆرانین) بارستێکی گەورە و گرانی ئەدەبیاتی نووسراویان لێ کەوتۆتەوە کە هی زیاتر لە هەزار ساڵی ڕابردوون. بەگوێرەی بۆچوونی مینۆرسکی وشەی کرمانج لە پێکەوەلکاندنی (کورت) و (ماند)ەوە دروست بووە. هەردووکیان پێکەوە وشەی

(كوردی مادی)دەدەن. لێكدانەوەیەكی تر كە لەوانەیە لەمە بەهێزترین دەڵێ: دەشێ وشەكە لە "كورت ماننا"وە هاتبێ واتە " كوردی مانی"، وەكو دەیزانین، زادەگای كرمانجان ولاتی هەكاریە، كە دەكەوێتە ناوچەرگەی مەرز و بوومی ماننناوە (بۆ زانیاری لە بارەی ماننناوە بڕوانە مێژووی كۆن).

كۆنە ناوی پەهلەوانی كە بە زاراوەكانی گۆران و دیمیلی و هەندی زاراوەی نزیكی تری كۆنی كوردان دەوترا ئێستا بەكار ناهێنرێ، چ لەلایەن كورد و چ لەلایەن غەیری كوردەوە. پەهلەوانی كە لەلایەن نووسەرانی سەدەكانی ناوەندەوە بەكاردەهێنرا، ئێستا وەكو سەرناوی ئەو زاراوانەی لێی بوونەتەوە لە كار كەوتووە.

ئاشكرایە كە وشەی پەهلەوانی خۆی لە خۆیدا ڕێك لە "پەهلەوەند" واتە "پەهلەیی"یەوە هاتووە، بە پەهلە كوردستانی باشوور و باكووری لوڕستانی گرتبووەوە، كە لەوانەیە ولاتی ئەسڵی زمانەكە بووبێ. پاشگری (وەند) لە فەسڵی "هۆزەكان"دا باسكراوە. وشەی پەهلە ئێستاش بە چەوتكراوەیی لە وشەی "فەیلی"دا هاتووە كە هۆزە ناوێكی كوردیە و كە هێشتا لە كوردستانی باشوور و لە كۆنە مەڵبەندی (پەهلە) دەژین.

لەبەر نەبوونی ساوساباتی دەوڵەتێك كە ئەركی خەملاندنی زمانێكی ستاندەردی كوردی بگرێتە ئەستۆ، كوردەكان تا ئێستاش بە چەندین زاراوەی جۆراوجۆر دەئاخاون، هەرچەندە هەوڵی سەركەوتووی كوردان لە ئارادایە بۆ داڕشتنی زمانێكی ستاندەردی نەتەوەیی (بڕوانە پەروەردە و ناسنامەی نەتەوەیی).

ئەگەر بمانەوێ گرووپە زمانی كوردی لەگەڵ زمانە ڕەسەنە لاتینیەكاندا بەراوردكەین، خزمایەتی نێوان كرمانجی و پەهلەوانی، دەتوانین بە هی نێوان فەرەنسی و ئیتالی بشوبهێنین. هەر وەكو ئەم زمانە لاتینی ڕەسەنانە وەچی نوێی زمانی لاتینین و گۆڕانێكی جۆرا و جۆری زۆریان لە زمانی دایك بەسەر هاتووە، بەهەمان شێوە شێوەكانی كوردی ئەم سەردەمە وەچی یەك زمانن كە ئێستا نەماوە و ئاسەواری سڕاوەتەوە و دەتوانین بەشێوەیەكی گشتی پێ بڵێین "میدیایی" یان "كوردی سەرەتایی" (بڕوانە هێڵبەندی ژمارە ٢).

كرمانجی و پەهلەوانی، بەهەمان شێوەی فەرەنسی و ئیتالی، وەكو دوو زمانی بە تەواوەتی جیاوازیان لێهاتووە نەك دوو شێوەی یەك زمان. لێك جیاوازیەكانیان ئەوەندە شاشن

کە بە هیچ پێودانگ و ستاندەردێکی زمانەوانی ناتوانرێ بە شێوە زاراوەی یـەك زمـان دابنـرێن. جگە لەمە، ئاستی لێکگەیشتن لەنێوان قسەکەران بە هەردوو زمان، لە چـاکترین بارودۆخـدا لـە (٥٠٪) ناترازێ. ئەم دوو شێوە زمانە کوردیە ئێستا بـە شـێوەیەکی یەکسان بـەکار نـاهێنرێن، چونکە سێ بەشی کوردان بە کرمانجی دەدوێن و بەشـەکەی تـری پەهلـەوانی، ئـەم جیاوازیـە ئاکـامی ڕاسـتەوخۆی ئـەو جێگـۆڕکێ مێژووییـە گەورانەیـە کـە دانیشتووانی کوردسـتان هـەر لەناوەڕاستی سەردەمی کلاسیکەوە شێوەی ئاڵێنراون، لە پاڵ داهـاتنی ئـاییني نـوێ نـوێ کـە زۆرجار بوونە بە مایەی گۆڕینی شێوەی ئاخـاوتنی نـاوخۆیی و فەرهـەنگ و ئـابووریش (بڕوانـە کۆچکردنە مێژووییەکان و ئایین) ئەم گۆڕانانە تـەنها لە زمـانی کوردانـدا دەرناکـەون بـەڵکو لـە هەموو گوڵەنگەی ڕەنگاو ڕەنگی کەلتوور و کۆمەڵایەتی و هی تردا خۆیان دەردەخـەن، (بڕوانـە پەل و پۆ هاوێژیە ناوخۆییەکان) چەندایەتی ئەو ئەدەب و سیستەمی نووسـینەی کـە لـە هـەر یەکە لە شێوەزارە کوردیەکاندا بەکارهێنراوە، لە بابەتی ئەدەب و پەروەردەدا باس کراوە.

ئەوی زیاتر ئەم مەسەلەیە گرێواوی ئەکا ئەوەیە، نە لای کوردەکان خۆیان، نە لای شـارەزا ڕۆژاواییەکان ناویەندیەکی تایبەتی بۆ ئەم لق و پەل و پۆپانەی زمـانی کـوردی نیـە کـە پێـی لێك جیا بکرێتەوە. هەموو ناویەندیە ئەو ناوخۆییانەی هەن لەسـەر ئـەو بنەڕەتـە دانـراون کـە چۆن بیستەر وشە نا ئاشناکانی بەرگوێ دەکەوێ. هەر لەبەر ئەم هۆیە، دیمیلییەکان خۆیـان و زمانەکەشیان، بە (زازا) ناسراون لە لای بادینانی دووەکان چونکە پیتی (ز) لە قسەکانیاندا زۆر دووپات دەبێتەوە (Nikitin 1926)، کەچی دیمیلییەکان زاراوەی بادینانی و بەکارهێنەرانیشی بـە (خەرەوەرە) ناوزەد دەکەن.

خێزانی زمانە هیندو ئەورووپییەکان




هێڵبەندیی زمانی کوردی لە چوارچێوەی لقی ئێرانی ناو خێزانە زمانی زمانە هیندۆ ئەورووپییەکاندا.

هێڵبەندی زمانی کوردی و زاراوە سەرەکییەکانی

تێبینی: ئەو مێژووانەی بۆ جیابوونەوەی هەر لقە زمانە دانراون زۆر نزیك خراون

IRANIC BRANCH OF THE INDO-EUROPEAN FAMILY OF LANGUAGES




* Only The Kurdish Group Is Shown In Detail.

زمانە هیندۆئەوروپییەکان لقی زمانی ئێرانی      * گرووپی زمانی کوردی

گۆرانیەكان سۆرانیەكان بە (كوركورە) و (واوا) و سۆرانیەكانیش گۆرانیەكان و زاراوەكەیان بە (گۆرانی یان ماچۆ ماچۆ) و بادینانی و زاراوەكەیان بە (ژ بابوو) ناو دەبەن. جا بابێینە سەر ئەوەی ئایا ئەوانەی بەم زاراوانە دەدوێن، خۆیان بە زاراوەكانیان دەڵێن چی؟ ئەمە بابەشێكی خۆشە. گۆرانیەكان بە زمانەكەی خۆیان دەڵێن "كوردی"، لە هەمان كاتدا سۆرانیەكی ئاساییش بە زمانەكەی خۆی دەڵێ "كوردی"، ئەمە ناوی زمانە گشتییەكەیانە نەك ناوی ئەو زاراوە ناوخۆییانەی كە بۆ هەر یەكەیان، لە كاتی پێویست و بە گوێرەی جێ و كات ناوێكی تایبەتی دادەنێن. ئەوانەی بە كرمانجیی ژووروو (بادینانی) دەدوێن بەشێوەیەكی گشتی بە زمانەكەی خۆیان دەڵێن "كرمانجی" و هەرگیز ناوی "كوردی" لێ نانێن. ئەمە مەسەلەیەكە كە سرنجێكی زۆر دێنێ، چونكە ئەگەر بە ژمارە و هەژمار بێ، ئەوانەی بە كرمانجی باكوور دەدوێن، وەكو باسمان كرد، زۆرینەی زۆری كوردان پێكدێنن، كەچی لە بەرامبەردا گۆرانیەكان بە گشتی، دوایی زۆربەی كرمانجییەكانی باشوور بە زمانەكەی خۆیان دەڵێن "كوردی". دیمیلیەكان لەناو خۆیاندا بە زمانەكەی خۆیان دەڵێن "دیمیلی" و ئەگەر بۆ كوردێكی تر، یان كەسێكی تر، باسی بكەن، پێی دەڵێن زازا.

كوردە ڕۆشنبیرو شارەزاكان، ئێستا بۆ ئەم زمان و زاراوانە، هەمان ئەو ناوانە بەكاردێنن كە لەم كتێبەدا هاتوون. تاكە شتێك كە لەمە بەدەربێ، ئەو ناوە تۆزێ گاڵتە ئامێزەیە، واتە زازا، كە بۆ دیمیلی خۆیان و زمانەكەیان بەكاردێ و هەموو ئەو هەوڵ و تەقەلایەی كە كوردانی ڕۆشنبیر و پسپۆڕ داویانە و دەیدەن بۆ گۆڕینی كۆنە ناوەكان بە ناوی زیاتر لە بار و گونجاو، تا ئێستا نەیتوانیوە هیچ بۆ گۆڕینی "زازا" بكا.

بابەت و بارودۆخی زمان لە كوردستان، لە ڕاستیدا، لە بارێكی ئەوەندە دژواردا نیە وەكو ئەو بابەتبەندی و (تێرمینۆلۆجییەی) سەرەوە دەری دەخەن. وێكچوونی بنەڕەتیی نێوان هەردوو بەشەكەی كرمانجی، واتە بادینانی و سۆرانی، تا بڵێی بەهێزە و قسەكەر بە هەریەكەیان دەتوانی تا ڕادەیەكی ئەقلبڕ لە بەرامبەرەكەی بگات و چەند ڕۆژێكی قسەكردن و پراكتیزەكردن گرێیان لەبەیندا ناهێڵێ. هۆی ئەمەش ئەوەیە كە هەردوو زاراوەكە گەلێك دێرینە كەلێك جیابوونەتەوە، واتە لەوانەیە زۆر زۆر بڕوا، لە (٣٠٠– ٤٠٠) ساڵ تێنەپەڕێ.

لە دووتوێی هەردوو زمانە كوردیەكەدا، گۆڕانێكی زمانەوانی بەرچاو لەناو زاراوەكانی ناو

هەریەکەیاندا ڕوویداوە. بۆ نموونە، ئەگەر کرمانجی بگرین، دەبینین لە کاتێکدا بادینانی هێشتا چون جاران جیاوازی ڕەگەزی هەر پێوەدیارە، کەچی سۆرانی هیچ ئاسەواری جیاوازی ڕەگەزی تێدانیە. ناو لە زاراوەی هەورامانی سەربە گورانیشدا ڕەگەزی هەیە، لە کاتێکدا لەکیی نیەتی چونکە بەتەواوەتی لە دەستیداوە لەلایەکی ترەوە، ئەو کردارانەی لەگەڵ بەرکار(مفعول) ڕێك دەکەون نەك کارا(فاعل) لە هەموو زاراوەکانی کرمانجییدا هەن، بەڵام لقی پەهلەوانی لەم دارەڕا گرماتیکیەدا بەشدار نیە.

هەندێ شارەزای زمان جاران وای بۆ دەچوون کە کرمانجی (بە هەردو لقی باکوور و باشووریەوە) هەر خۆی "کوردی ڕاست و دروستە" و بەمە لقی پەهلەوانیان بە کوردی نەدەخوێندەوە. ئەگەر بەم دانانە مەبەستیان ئەوە بووبێ کە پەهلەوانی بەشێك نیە لە کرماجی ئەوا هیچ قسەیەکمان نیە بە هەرحاڵ، وەکو لە سەرەوە باسمان کرد، سەیر ئەوەیە لەم بوارەدا کەوا گورانەکان هەمیشە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە زاراوەکەی ئەوان کوردیی ڕاستەقینەیە، زۆربەی هەرە زۆری کرمانجەکان (کە بەکوردی ڕاستەقینە دادەنرێن) هەرگیز لە بارەی زاراوەکەی خۆیانەوە واناڵێن بەڵام پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە پەهلەوانیەکان لە ڕووی ئەتنییەوە کوردنین، تەنها لەکەم ئاگاداریی لە مێژوو و کۆمەڵگای کوردەوە سەری هەڵداوە.

گورانەکان و دیمیلیەکان، کۆنترین بەشی نەتەوەی کوردن کە بتوانرێ بێ یەکو دوو دەستنیشان بکرێن— واتە گەلێ کۆنتر لە کرمانجەکان ئەوان لەپێش داهاتنی ئیسلامەوە لە سەدەی حەوتەمدا، بەردەوام خۆیان بەکورد زانانددوە و خەڵکیش هەر بەکورد ناسیونی (بڕوانە مێژووی کلاسیك) زمانەکەیان لە ڕووی زمانەوانیەوە لەناو هەر گرووپێکدا کلاسبەندی بکرێ، خۆیان لە ڕووی ئەتنییەوە هەر بە کوردی دەمێننەوە.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوە بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** D.N. MacKenzie, "The Origins of Kurdish," *Transactions of the Philological Society* (London, 1961); Mohammed Mokri, "Kurdologie et Enseignement de la Langue Kurde en URSS," *Revue de la Société Ethnographie de Paris* (1963); C.J. Edmonds, "Some Developments in the Use of Latin Characters for the Writing of Kurdish," *Journal of the Royal Asiatic Society*, 2 parts (London, 1931 and 1933); Amir Hassanpour, "The Language Factor in National Development: The Standardization of the Kurdish Language, 1918-1985," unpublished doctoral dissertation (Urbana, Illinois: University of Illinois, 1989); Basile Nikitine, "Kurdish Stories from My Collection," *Bulletin of the School of Oriental and African Studies* IV (1926-28); V. Minorsky, "The Gûrân," *Bulletin of the School of Oriental and African Studies* XI (1943-46).

# کرمانجی

بڵاوترین زاراوەی زمانی کوردی ئەمڕۆ زاراوەی کرمانجی (یان کرمانجا)یە کە نزیکەی سێ بەشی کوردەکان ئەمڕۆکە پێی دەدوێن. کرمانجی، بەسەر دوو لقدا دابەش دەکرێ، باکوور (کە بادینانیشی پێ دەوترێ) و باشوور (کە سۆرانیشی پێ دەوترێ).

کرمانجیی باکوور، یان بادینانی، زمانی زۆربەی کوردەکانی تورکیا و نزیکەی هەموو کوردەکانی سوریا و یەکێتی سوفیەتی جاران، و زمانی باوی کوردەکانی خۆراسانیشە لە ئێران (نەخشەی ژمارە ٣٩).

ئەوی ڕاست بێ، هەر کرمانجی باکوور خۆی، زمانی تۆزێ لەسەرووی نیوەی کوردەکانە و بەوە زاراوەی هەرە باوی کوردیە. ژمارەی ئەوانەی پێی دەدوێن خۆی دەدا لە (١٥) ملیۆن. وردە زاراوە سەرەکیەکانی بریتین لە بوهتانی، بایەزیدی، هەکاری، ئورفەیی و بادینانی.

کرمانجی باشوور، یان سۆرانی، زمانی خەڵکێکی زۆری کوردە لە ئێران و عێراقدا. ژمارەی ئەوانەی پێی دەدوێن، بە گشتی خۆی دەدا لە (٦) ملیۆن. لقەکانی بریتین لە موکری، ئەردەڵانی، گەرمیانی، خۆشناو، پشدەر، وارماوا، کرماشانی و هەولێری (یان وڵاتی باشوور). دەتوانرێ هێڵێك بکێشرێ بۆ دابەشکردنی هەرێمە بە سۆرانی دوەکان بۆ دوو بەش. بەشێکی فارسێنراو لە ڕۆژهەڵاتی باشوور، و بەشێکی پابەندتر کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژاواوە و لە بیجارەوە دەگرێتەوە تا دەگاتە کفری، بیناکاری کردار (ergative). لە سۆرانی فارسێنراودا خەریکە دوای دەبڕێتەوە، کاتێکدا لەو بەشەی باکووری ڕۆژاوا دا کە نە فارسێنراوە هەر باوە. هەروەها، لەژێر کارتێکردنی زمانی عەرەبی و ئارامی نوێدا، بەشی باکووری ڕۆژاوای زاراوەی سۆرانی هەردوو دەنگی (عەین و حێ—ع و ح) کە لە زمانە کوردیەکانی تر و تەنانەت لە گشت زمانە هیندۆئەورووپیەکاندا نییە، گرتۆتە خۆ، جا چونکە کوردەکانی عێراق پەیان بەم ڕاستییە بردووە، بۆیە تێکڕا هەوڵدەدەن ئەم وشانە لە زمانەکەیان یان زیوان بژێرکەن تا لە کارتێکردنی دراوسێ سامی نەژادە عەرەبەکانیان خۆیان دووربگرن، کە لە هەمان کاتیشدا باڵادەستن بەسەریانەوە. هەرچی کوردەکانی ئێرانن، کە کەمێکیان دەتوانن ئەو دەنگانە بێژن و گەلێ کەمتریشیان تەنانەت بەکاریشیان دێنن، ئارەزووی گشتییان بە پێچەوانەی هی کوردەکانی عێراقەوەیە، ئەمەش هەولێکە لەلایەن کوردەکانی ئێرانەوە، بۆ جیاواز دەرخستنی زمانەکەیان لە زمانی فارس و دەرکردنی لە کارتێکردن.




نەخشەی ژمارە (39): پێکهاتەی زمانی کوردستان

گەلێ لە هۆزەکانی هەرێمی کرماشان هەم سۆرانی بێژیان لەناودایە هەم گۆرانی کەڵهوڕەکان، زەنگنەکان، سەنجابییەکان، و نانەکەلیەکان لەم هۆزانەن، هێڵبەندی ژمارە (٢) سۆرانی بێژ و گۆرانی ناو کەڵهوڕەکان دەردەخا لە چوارچێوەی لقەکانی سۆرانی و گۆرانییدا.

کرمانجی وەکو شێوەزارێکی سەرەکیی کوردی، تا ڕادەیەك نوێیە، ئەم پلەی سەرەکییەی کاتێ وەرگرت، کە توانی جێی پەهلەوانی بگرێتەوە کە سەردەمانێك شێوەزاری سەرەکیی بوو، ئەویش وەکو پەهلەوانی، لە میدیایی کۆن یان "کوردی ڕەسەن)ەوە کەوتۆتەوە. کرمانجی تا ماوەیەکی فرە دوور و درێژ، تاکە زمانی ئاخاوتنی کوردە ڕەوەندەکانی هەرێمی چیاکانی هەکاری ڕۆژاوای گۆلی وان بوو. تا سەرەتای سەدەی چواردەیەم و بڵاوبوونەوەی پەیتا پەیتای ژیانی ڕەوەندیەتی لە کوردستاندا، هێشتا بڵاوبوونەوەیەکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیبوو، لە ناوەڕاستی سەدەی شانزەیەمدا، کاتێ کە وێرانکردنی ئابووری کشتوکاڵی و کۆچکردنی بە کۆمەل بە کوردە جێنشینەکان، شان بەشانی نەمانی کاروانەڕێ بازرگانییە گەورەکان کە بە کوردستاندا تێپەڕدەبوون، ڕێگایان خۆش و ئاسان کرد بۆ داهاتنی گۆڕانێکی بنچینەیی لە ئابووری کوردستاندا، ئینجا کرمانجیی دەستی بە تەنینەوەی خێرا کرد، (بڕوانە مێژووی مودێرنی هەرەزوو) کە ڕەوەندەکان بەرەبەرە لە هەرێمی هەکاریەوە بە ناو خاکی کوردستاندا تەنیانەوە، لەگەڵ خۆیاندا زمانە کرمانجیەکەی خۆیان هێناو لە هەمان کاتیشدا سەپاندشیان بەسەر وەرزێرە نیشتەجێکانیشدا، لەگەڵیدا بابەشێکی تریشیان بڵاوکردەوە، ئەویش ئیسلامی سوننی شافیعی مەزهەبە و کردیان بە ئایینی هەرە باوی وڵاتەکە.

کرمانجی لە پێشدا لە هەکاریەوە بە بادیناندا لێشاوی هێنا و تا مووسڵ ملقی دا، ئەمە کوردستانی کردە دوو بەشەوە: دیمیلی لە نیوەی باکوور و گۆرانی لە نیوەی باشوور و لە ناوەڕاستیشدا کرمانجی بۆ خۆی پای داکوتا، ئینجا کرمانجی بەرەبەرە لووتی ژەنیە هەرێمی دیمیلی بێژەوە، چونکە ئەم هەرێمە یەکەم شوێن بوو کە بەرتین و تاوی لێقەومانە گەورە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمانی مودێرنی هەرەزوو کەوتبوو، لە هەمان کاتدا زاراوەی کرمانجی بادینانی بوو بە زمانی زاڵی باکوور و ڕۆژاوای کوردستان. هێرش بۆ سەر هەرێمی گۆرانی نشین کاتێك دەستی پێکرد کە باری کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەم بەشەی کوردستان لە ئاکامی شەڕی بەردەوام و کۆچپێکردندا شێوێنرا لە سەرەتای سەدەی هەژدەدا. شێوەزاری

کرمانجیی و ئەو ڕەوەندانەی لەگەڵ خۆیاندا هێنایان لە هەرێمی سۆرانەوە (ناوچەی هەولێر و ڕەواندزی ئێستا) بەرەو کوردستانی ناوەند و ڕۆژاوا تەنیانەوە و بەوە گۆرانییان خلیسکاند و پاڵیان پێوەنا. بەم جۆرە باڵکێشی زمانی پەهلەوانی بەسەر کوردستاندا، بەرەبەرە بە هاتنی کرمانجی ڕەوێنرایەوە کە لە ناوەندی جوگرافی وڵاتەکەوە دەیتەنیەوە. لەم ئەنجامدا پەهلەوانی پەسترایە ناو ئەو مەڵبەندانەوە کە ئێستا تێیاندا باوە لەمپەڕ و لەو پەڕی کوردستان.

## پەهلەوانی

لە قووڵایی باکووری کوردستان و بە دەم سەرچاوە هەرە ژووروەکانی ڕووبارەکانی فورات و قیزیل ئیرمەق و موورادەوە لە تورکیا، لقی دیمیلی شێوەزاری پەهلەوانی (کە زۆرتر بە زازا ناسراوە هەرچەندە ئەم ناوە پڕ بەپێستی نیە)، زمانی (٤،٥)ملیۆن کوردی دیمیلییە: گەورەشاری وەکو دەرسیم (تونجەلی ئێستا)، چەپەخچوور (بینگۆلی ئێستا) و سیوەرێك، هەروەها بەشێکی گەورەی کوردەکانی بیتلیس، دیمیلی بێژن. جگە لەمان، هەندێ پەڵە پەڵەی ئەم زمانە لە چەندین ناوچەی تری ئەنەدۆڵ، هەر لە ئادیەمانەوە بگرە تا دەگاتە مەلاتیە و مەراش و لە باکووری عێراقیش (کە بە شەبەك دەناسرێن، هەروەها لە باکووری ڕۆژاوای ئێران (هۆزەکانی دومبولی و هەندێ لە زەرزاکان)، بەدی دەکرێ. وا دەردەکەوێ کە لە دوا دوای چەرخە کلاسیکەکان و سەرەتای سەدە ناوەندیەکاندا ئەم زمانە، زۆر و کەم، زمانی باو بووبێ لە هەموو ئەو ناوچانەی کوردستاندا کە ئێستا بە کرمانجی ژووروو دەئاخاون. مەرز بەزاندنی ڕووەو ڕۆژاواش تا وڵاتی پونتۆس و کەپەدۆچیا و کلیکلیاش دەڕەتا بەر لەوەی قۆناغێکی تواندنەوە و ڕەتاندن لەسەر دەستی بیزەنتیەکان بوونی کورد لەو هەرێمانە بسرێتەوە، (بڕوانە ئاوێتە بوون و تێکدا توانەوە). جگە لەمە، پاشان دیمیلی بەرەبەرە لەسەرزەمینە ڕۆژەلاتیەکانی، کشایەوە شوێنەکانی ئێستای لە بەردەم فشاری بەردەوامی پەز لەوەڕێنە کوردە کرمانجیی بێژەکان. ئەم مەرز لەدەستدانە کە لە سەرەتای سەدەی (١٦)وە دەستی پێ کردوە تا ڕۆژی ئەمڕۆ بەردەوامە.

دیمیلی و گۆرانی بەچکەی یەك پزدانن. ئەم پەیوەندیە هی سەردەمێکە کە یەك شێوەی

پەهلەوانی زمانی سەرزەمینیکی پان و بەرینی کوردستان بووە، کاتێك کە کوردستان لە کۆتایی دوا دوای سەردەمی کلاسیکدا، بە کۆچکردنی ناوخۆیی یەکرەنگ بووبوو (بڕوانە مێژووی کلاسیك و کۆچکردنە مێژووییەکان) لەو سەردەمەدا سەرزەمینی زمانی پەهلەوانی لەمسەرو ئەوسەری کوردستاندا بارستی لەبەردانەبوو. ئەمڕۆ، تەنها لەیەك شوێن، واتە لە دەورووبەری مووسڵ، گورانی (لە شێوەی زاراوەی باجەلانیدان) و دیملی (لە شێوەی زاراوەی شەبەکدا)شان بەشانی یەکتر وەکو دوو دراوسێ ماونەتەوە و لێك دوور نەکەوتوونەتەوە، وەرنە، کۆمەڵی بەهەژەڵی دیملی و گۆرانی دوان ئێستا کەوتوونەتە ئەوپەڕی دەستی ئەوبەری کوردستانەوە.

زاراوە سەرەکییەکانی دیملی بریتین لە سیوەریکی، کۆری، هەزڕوو (یان هەزۆ)، مۆتکی (یان مۆتی)، شەبەك و دومبلی. لەوانەیە زاراوەی گایشیش کە ئێستاکە لە بانەکانی گیلان لەسەر دەریای خەزەر بەکاردێنرێ پەلێکی دوورکەوتووی زاراوەی دیملی بێ و لەلایەن دیلەمییە کۆچکردووەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە لە ڕۆژاوا و باکووری کوردستانەوە هێنرابێ.

دیملی زمانی سەرەتایی کتێبە پیرۆزەکانی عەلەویەکان بوە، بەڵام نەك تاکە زمان. لەگەڵ ئەمەشدا، لەو نووسراوە هەرە کۆنانە شتێکی وانەماوە، کە بتوانین بەهۆیانەوە شارەزای شێوە کۆنەکانی ئەم زمانە و ئەو ئاڵو گۆڕانەبین کە بە سەری هاتوون. بەڵگەکان هی چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆرن: مێژووبەندیە ئیسلامیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، بۆ نموونە ئیبنی ئەسفەندیار لە (مێژووی تەبرستان)یدا، هەندێ بڕگەی لە زمانی دەیلەمییە نیشتەجێبوەکانی هەرێمی دەم دەریای خەزەرەوە هێناوەتەوە، کە زۆر لە زمانی ئەمڕۆی دیملییەکان دەچێ.

لە قووڵایی کوردستانی باشوورەوە، چ لە عێراق چ لە ئێران، هەر لە هەڵەبجەو مەریوانەوە بیگرە تا دەگەیتە دینەوەر و هەمەدان و کرماشان و خانەقین لەوێشەوە بۆ مەندەلی، گۆرانی زاراوەی باوی وڵاتەکەیە، هەروەها زاراوەی باوی هۆزی گرانی کاکەیی دەورووبەری کەرکووك و زەنگنەکانی لای کفریشە، پەڵە کوردنشینە دابڕاوەکەی بلوچستانیش، بەگشتی، بە گۆرانی دەخاون. لە دەورەبەری چیای ئەلبورزیش چەند پەڵە پەڵەیەکی قەرەباڵغی گۆرانی دوو هەن. هەورامانی کە یەکێکە لە توخمەکانی زاراوەی گۆرانی و خاوەنی هەیبەت و پایەیەکی زمانیی

گەورەیە، و ئێستا لەو تیلماسکە خاکەدا بەکاردێ کە دەکەوێتە نێوان شارەکانی هەڵەبجەو مەریوان و پاوەوە، سەردەمانێك سەرتۆپی هەرە باوی زاراوەکان بوو لە کوردستانی ناوەنداو ئێستا کرمانجی باشوور (سۆرانی) بۆتە جێگری. ئەوکە جاران زمانی وەرزێڕە ئاوایی نشینەکان و مەڵبەندە شارنشینیە کۆنەکان بوو، تا ساڵی ١٨٧٦ کە ساڵی داڕووخانی میرنشینی ئەردەڵانە، زمانی بنەماڵەی میرەکانی ئەردەڵانیش بووە، تا سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، زۆربەی ئەو کارە شیعریە جوان و سەرزاریانەی کە لە سەدەی بنەماڵەی میرانی باباندا ئەنجام دراون، هەرچەندە بابانەکان خۆیان بە کرمانجی باشوور دەدوان، بەم زاراوەیە (واتە هەورامانی) نووسراون لەناو کورداندا واباوە کەبادانەوە بەلای کرمانجی باشووردا لە وڵاتی بابان، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم و لە سەردەمی حوکومڕانی عەبدولڕەحمان پاشای باباندا کراوە.

گۆرانی و بەچکە زاراوەکانی، لە سەدەکانی (١٧–١٨) ەوە لە بەردەم پاڵەپەستۆی کرمانجی باشووردا لە کشانەوەدان. ئەم کشانەوەیە هێشتا هەر بەردەوامە و گۆرانی هەر بەپاشدا دەچێ. بە لافاوی پەنابەرە کوردەکانی عیراق کە نزیکەی سەرجەمیان کرمانجی باشوور دوو بوون و ڕژانە ناو کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوورەوە لە ئێران، پرۆسەی چوونەوە و توانەوەی گۆرانی تاوێکی یەکجار بەگوڕی سەندووە کرماشان، کە سەردەمانێك ناوکۆی گۆرانی بوو، ئێستا شارێکی فرەزمانەو دەتوانرێ بوترێ کە زاراوەی کرمانجی باشوور تێیدا هەرە زاڵە دانیشتووانی هەڵەبجە، کە قەڵاوێزی دەستی هەرە باکووری زاراوەی گۆرانی بوو و پایگەیەکی کۆنی هەردوو بنەماڵەی بابان و ئەردەڵان بوو، ساڵی ١٩٨٨ بەچەکی کیمیای دانیشتووبڕ کرا ئێستا زیاتر لە (١٠٠) هەزار کوردی پەنابەری تێڕژاوەتەوە کە زۆربەی هەرە زۆریان کرمانجی باشوور دوون.

ئەوی ڕاست بێ پاوەو نەوسود و هەورامانی دێرین کە لە دەستی ئەمبەری سنووری ناو ئێرانن بەرامبەر بە هەڵەبجە و هەموو گۆرانی دوو بوون، ئێستا لەژێر کارتێکردنی ئەم ئاوارانەدا، گۆرانیەکەیان کەوتۆتە پتەپت.

شوێنەواری دەسەڵاتڕەوی جارانی گۆرانی هێشتا لە هەندێ جێ هەر بەدی دەکرێ. باشترین نموونە ئەو پەڵەپەڵە وەرزێڕە گۆرانی دوانەیە کە هەر لە دەوروبەری هەکاریەوە لە

توركیا تووشیان دەبێ تا دەگەیتە مووسڵ (باجەڵان یان باجەروانەكان) لەوێشەوە بۆ شارەبان- كە كەمتر لە (٤٠) میل لە بەغدای پایتەختەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی باكوور دوورە. زاراوە سەرەكیەكانی دیكەی گۆرانی، جگە لە هەورامانی و باجەلانی، بریتین لە كەڵهوڕی، نانەكەلی، قەندۆڵەیی، سەنجابی، زەنگەنە، كاكەیی (یان دەرگەزێنی) و كرماشانی- ئەمڕۆ هەرنەبێ (١،٥)ملیۆن گۆرانی دوو لە ئێران و عێراق هەن .

# لەكی

ئەم بەچكە زاراوەیە، تەنها پەلێكە لە گۆرانی و لێرەدا لەبەر هۆی گرنگی زمانیی جیامان نەكردۆتەوە، بەڵكو زیاتر لەبەر هۆی ئەتنۆلۆجی هەڵمان خستوە، لەكی دوەكان، بەرەبەرە خۆیان لە دایكە جەستەی كوردانەی خۆیان دەكێشنەوە و زیاتر خۆیان دەدەنە پاڵ لوڕەكان كە دراوسێی ئەتنیكیانن. ئەم دیاردەیە زیاتر بە زەقی لەنێوان خوێندەوار و شاریەكانیاندا خۆی دەردەخا-چونكە دانیشتووانی دەرەوەی شارەكان و لەو شوێنانەدا كە هاوسنووری كوردستانن خەڵكەكە هێشتا خۆیان هەر بە كورد دادەنێن، كەچی لەو شوێنانەدا كە هاوسنووری لوڕەكانن خۆیان بە لوڕ دەخوێننەوە. ئەم پرۆسەیە نموونەیەكی بەهێز و سرنجكێشی ئەو بزاڤەیە كە تیایدا هەموو باشووری زاگرۆس لە كۆتایی سەدە ناوەندیەكانەوە هەتا هەتایە لە كوردایەتی كەوت: واتە گۆڕانێكی ئەتنی ئەوتۆ ڕوویدا كە لوڕەكان، جیلۆكان، مامەسەنیەكان، شەبانكارەكان، لە كوردایەتیەوە بوون بە قەوارەیەكی ئەتنی نوێی سەریەخۆ (گرووپی گەورەی لوڕان) بەوەش بە تەواوی لە قەوارەی كوردان تاكانەوە (بڕوانە ئاوێتەبوون و تێكدا توانەوە).

لەكیی ئێستا زمانی باوە لە ناوچەكانی باشووری هەمەدان و شارەكانی نەهاوەند، نویسیركان، نوراباد، ئیلام، گیلان و پەهلەش دەگرێتەوە، هەروەها ناوچەكانی دەورووبەری هوڕوو، سیلاسێلا، سیلاخوڕ، و ئەلیشتەری باكوور لە خۆرئاوای ئێران. جگە لەمانە، ناوچەی گەورەی لەكنشینی تریش هەر لە خۆراسانەوە بگرە تا دەگەیتە كەنارەكانی دەریای سپیی ناوڕاست بەدی دەكرێن، جگە لەمانەش، پەڵە پەڵەی تری لەك دوو لە ئازەربایجان، چیاكانی

ئەلبورز، هەرێمە کەناردەریاییەکانی دەم دەریای خەزەر، وڵاتی کوردنشینی خۆراسان (بەرەو خوار تا دەگاتە بیرجەندیش)، ناوچە شاخاویەکانی نێوان قوم و کاشان و ئەو هەرێمەی دەکەوێتە نێوان ئادیەمان و ڕووباری جەیحانەوە لە کوردستانی ڕۆژاوا لە ئەنەدۆڵ بەدی دەکرێن گەلێ. تیرەی کورد هەن کە بە لەك ناسراون و ئێستا بە زاراوەی تری کوردی دەدوێن (یان تەنانەت بە زمانی تریش) و هەر لە ئەدەنەوە تا ناوەڕاستی ئەنەدۆڵ لە تورکیا و لە داغستانی قەفقاسیای ڕووسی، و لە ئەهەرەوە تا دەم تاران لە ئێران بەدی دەکرێن (بڕوانە هۆزەکان).

وشەسازی و ڕستەبەندی لەکی، بە قووڵی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی لوڕیەوە، کە خۆی لە زمانی فارس نوێوە تاکاوەتەوە. دەستووری بنەڕەتی و شێوەی کار لە لەکییدا، وەکو هەموو زاراوەکانی تری کوردی، بە ئاشکرا دەچنەوە سەر ئێرانی باکووری ڕۆژاوا. ئەم خزمایەتییە زیاتر خۆی لە پاشماوەکانی لەکییدا، وەکو بەشێك لە زمانی کوردی، دەردەخا واتە بینای کردار (ergative)، لەبەر ئەمە، لەکی لە بنەڕەتەوە لەگەڵ لوڕیدا لێك جیان و ناچنەوە سەریەك، بەڵکو زیاتر لە کوردی نزیکە و پێکەوە دەلوێن.

ئەمڕۆ، لانی کەم (١،٥) ملیۆن لەکی دوو، بگرە زیاتریش هەن، چونکە لە زۆر جێگاو بۆنەدا بە لوڕ دادەنرێن.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: W. Ivanow, "Notes on Khorasani Kurdish," *Journal and Proceedings of the Asiatic Society of Bengal*, new series, XXIII:1 (1927); Ch. Bakaev, *Yazik Azerbaidzhanskii Kurdov* (Moscow: Akademi Nauk, 1965); Ch. Bakaev, *Govor Kurdov Turkmenii* (Moscow: Akademi Nauk, 1962); Karl Hadank, *Mundarten der Gûrân, besonders das Kändûlâî, Auramânî und Bâdschälânî* (Berlin, 1930); Karl Hadank, *Mundarten der Zâzâ, Hauptsächlich aus Siwerek und Kor* (Berlin, 1932); Karl Hadank, *Untersuchungen zum Westkurdischen: Bôtî und Êzädî* (Leipzig, 1936); Peter Andrews, ed., *Ethnic Groups in the Republic of Turkey* (Wiesbaden: Ludwig Reichert, 1989); Mehrdad Izady, "A Kurdish Lingua Franca?," *Kurdish Times* II-2 (1988); Hugo Makas, *Kurdische Studien: 1) Eine Probe des Dialektes von Diarbekir, 2)Ein Gedicht aus Gâwar, 3)Jezidengebete* (Heidelberg, 1900); Age Meyer Benedictsen, *Les Dialectes d'Awromân et de Pâwä* (Copenhagen, 1921); D.N. MacKenzie, *The Dialect of Awroman (Hawrâmân-î Luhôn): Grammatical Sketch, Texts, and Vocabulary* (Copenhagen: Kongelige Danske Videnskabernes Selskab, 1966); P. Pikkert, *A Basic Course in Modern Kurmanji* (Genk, Belgium: Alev Books, 1991).

## ئەدەب

زمانی كوردی خاوەنی سامانێكی گەورە و گرانی ئەدەبیە، كە ئێستا زۆریەی بەسەر زارانەوە دەگەڕێ. ئەم سامانە هی سەردەمانێكی ئەوتۆ دێرە كە هەندێكیان دەچنەوە پێش ئیسلام. بەشێكی زۆری ئەدەبی نووسراو لە ماوەی زیاتر لە هەشتصەد سالی جێگۆڕكێی كۆچەران بۆ ناو وڵاتی كوردستان، یان تێپەڕین پێیدا، فەوتاوە و لە پارچە و پلۆچەی تاك تاك بەولاوە هیچی دی لێنەماوە، هەرچەندە ئێستا لەلایەن خەلكێكی كەمی كوردانەوە بەكاردێنرێ، گۆرانی خاوەنی هەرە زووترین ئەو بابەتە ئەدەبیانەیە كە هێشتا ماوە. پەهلەوانی بەگشتی و گۆرانی و نیمچە زاراوەكانی بەتایبەتی، سەردەمانێك خاوەنی پایە و پلەی شێوەی هەرە بەرزی ئەدەب و فەرهەنگ بوون، ئێستا لە هەموو زاراوەكانی كرمانجییدا كە باسی (گۆرانی) بكرێ، یەكسەر "شیعری گۆرانی" یان "بابەتی ستران" دێتە یاد. ئەم زاراوە وڵاتییە لەگەڵ هەورامانی بەچكە زاراوەیدا، تا ئەم دواییانە زمانی دەستەی توێژگی كۆمەڵ و هونەری ئەدەبیی جوان و هەڵبژاردەی كوردستان بوو، هەرچەندە زاراوەی باوی گفتوگۆ جۆرێكی تر بوو بێ. بۆ نموونە بنەماڵەی میرانی ئەردەلان (١١٦٨–١٨٦٧) تا لە ناوچوونی میرایەتیەكەیان هەر بە زاراوەی گوران دەدوان. نابێ سەریشمان لە ڕاستییەك سووڕ بمێنێ، كەوا كاكڵەی ئەو ئەدەبیاتە كۆنەی كوردی كە ماوەتەوە، سەراپای بە زاراوەی پەهلەوانییە.

بابا تاهیری هەمەدانی (١٠٠٠ – ١٠٥٤) سەر دەستەیەكی یەكەمی ئەو شاعیرانەی ڕۆژهەڵاتە كە "چوارینە – ڕوباعیات"یان هەڵبەستوە، واتە ئەو هونەرەی كە بۆ عومەری خەیام بوو بە سەرمایەی ناوبانگ لە جیهاندا. شارەزایی و زانایی بابا تاهیر لە لەكی گۆرانی و لە فارسیشدا، كارە شیعریەكانی ئەوی لای كۆمەڵانی خەلكی هەردوو زمانەكە زۆر بە نرخ و چێژ كردووە، ئەو كێشە شیعریە تایبەتیەی بە كارهێناوە، وێ دەچێ هی سەردەمانێكی دێرینی ئەوتۆ كۆنی باشوور و ناوەندی كوردستان بێ كە خۆی بدا لە دەورانی پێش داهاتنی ئیسلام. بەرهەمێكی زۆری ئاییني یارسانان، هەروەها (جیلوە) كە بریتییە لە سۆزە ئایینیەكانی شێخ ئادیی

پێغەمبەری یەزیدیان، بەم شێوە شیعریە دانراون. بابا تاهیر خۆشی ئێستا لای تیرەی فریشتەکان لەناو کوردانددا پلەی بەرزی یەکێك لە بەرجەستەکەرەکانی گیانی گەردوونیی دراوەتێ.

شاعیرانی چون پەرێشان (دەورووبەری ١٣٩٨)، موحەممەد فەقێی تەیرانی (١٥٩٠–١٦٦٠) خەڵکی شاری مەکەس (کە چەندین چیرۆکە شیعری لێ بەجێماوە)، مستەفای بێسارانی (١٦٤١–١٧٠٢)، موحەممەدی قەندۆڵەیی (کۆتایی سەدەی ١٧)، خانای قوبادی (١٧٠٠–١٧٩٥) میرزا ئەڵماس خان و میرزا شەریفی کولیایی (ناوەڕاستی سەدەی "١٧")، شەیدای هەورامی (١٧٨٤–١٨٥٢)، ئەحمەد بەگی کۆماسی (١٧٩٦–١٨٨٩) و محەممەدی وەلی کرمانشاهی (دەورووبەری ١٩٠١) تەنها چەند نموونەیەکن لە کەڵە شاعیرەکانی زاراوەی گۆرانی و نیمچە زاراوەکانی: هەورامانی و لەکی.

لەگەڵ هەموو ئەوەشدا، هەندێ لە بەرهەمە بەرزەکانی ئەدەبی دنیاداریی کوردی کە هێشتا هەر ماون، بە زاراوەی کرمانجی باکوور وتراون، عەلی حەریرییان لێدەرچێ، هەموو شاعیرە کرمانجی بێژەکانی تر، کە زانیاریمان لە بارەیانەوە هەیەو کارەکانیان تا ئەمڕۆ زیندوون و بە دەستەوەن، پاش شەڕ و شۆڕ و دەربەدەرییەکانی سەدەی شانزەیەم بەرهەمەکانیان کەوتنە ناوان و خۆیان وەکو شاعیر ناسران (بڕوانە سەرەتای مێژووی هاوچەرخ و دەربەدەرکردن و بە زۆر نیشتەجێکردن).

هەرچەندێك و ئەو کارە ئەدەبیانەی بە کرمانجی ئەنجام دراون بەگشتی بەرهەمی ئەم دواییانەن، دەکرێ ئاماژە بۆ نووسراوێکی ئاییني یەزیدیان (مەسحەفی ڕەش) بکرێ کە بەشێوەی کلاسیکی کرمانجی نووسراوە (کە زیاتر لە بادینانی نزیکترە وەکو سۆرانی) و زۆر لەوانەیە لە سەدەی (١٣)دا نووسرابێ. وا دەوترێ کە گوایە لەلایەن شێخ حەسەن ناوێکەوە دانراوە (شێخ حەسەن لە دەورووبەری ١١٩٥ی پاش میلاددا لە دایکبووە و گوایە ئامۆزای شێخ ئادی کوڕی موسافیری پێغەمبەری پایە بەرزی یەزیدیان بوە) (بڕوانە یەزیدیایەتی) ئەگەر ئەم مێژووە زیاتر ساخ بکرێتەوە ئەوا دەکرێ مەسحەف بە کۆنترین پارچەی بە کرمانجیی نووسراو دابنرێ و بەوە بە سەدان ساڵ دەچێتە پێش هەر بابەشێکی دیکەوە کە بەو زاراوەیە دانرابێ.

هەندێ شاعیر و هۆنەری تریش هەن كە هونەرەكەیان هێشتا هەر ماوە و باوە، لەوانە، عەلی حەریری كە خەڵكی شاری هەریری نزیكی ڕەواندزبوە لە وڵاتی هەكاری (١٤٢٥-١٤٩٠)، مەلا ئەحمەدی هەكاری (١٤١٧-١٤٩٤) دانەری "مەولوودنامە" كە بریتیە لە كۆمەڵە شیعرێكی هەڵبژاردە، سەلیم سەلمان كە ساڵی ١٥٨٦ ڕۆمانی یوسف و زولێخای داناوە، شێخ ئەحمەد (١٥٧٠-١٦٤٠) كە بە مەلای جزیری بەناوبانگە و خەڵكی وڵاتی بۆتان بوە و بە یەكێك لە سەرامەدی كەڵە شاعیرەكانی كورد دادەنرێ، و ئیسماعیل بایەزیدی (١٦٥٤-١٧١٠) كە فەرهەنگێكی بچووكی كرمانجی- عەرەبی- فارسی بە ناوی گولژەن" بۆ لاوان داناوە جگە لە چەندین پارچە شیعری زادەی بیر و هزری خۆی.

درامای داستانیی مەم و زین (یان مەمی ئالان و زینی بۆتان) كە ساڵی ١٦٩٦ ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٦) سەر بە هۆزی خانیانی هەكاری و دانیشتووی شاری بایەزیدی كوردستانی باكوور بە شیعر دایناوە، سامانێكی گەورەی كارەساتی ئەفسانەوار و مێژوویی ژیانی نەتەوەیی كوردە و ئاوێنەیەكی ڕوونی ئاوات و ئامانجە نیشتمانییەكانی ئەم گەلەیە.

مەم كە كوڕێكی هۆزی ئالانە و زین كە كچی هۆزی نەیاری بۆتانانە، دوو خۆشەویستن كە بەكر ناوێكی سەر بە هۆزی بەكران لەنێوانیاندا دەبێتە شۆفار و بەین شێوێن. لە كۆتایی داستانەكەدا مەم دەمرێ و زینیش لە داخدا و لە كاتێكدا بەسەر گۆڕەكەیەوە بە گەرمی شیوەن دەكا ئۆقرەی لێ دەبڕێ و دەمرێ و لە تەنیشت مەمەوە لە گۆڕ دەنرێ. بەكریش، كەشۆفارییەكەی دەردەكەوێ لە ترسی كوشتن خۆی لەنێوان هەردوو گۆڕەكەدا مەڵاس دەدا، خەڵكو خوا دێن بەسەردا و هەناسە بڕی دەكەن، لە خوێنەكەیەوە چقڵێك دەڕوێ، ڕەگی چقڵەكە كە سونبوولی ئێرەیی و خیانەتە، تا قووڵایی زەمین بە نێوان هەردوو گۆڕەكەدا دەچێ، بەوە تەنانەت بە لێكدابڕانی دنیایان تێر ناخوا، بەڵكو تەنانەت پاش مردنیش هەرلێكیان دەكا.

داستانی قارەمانانەی دمدم، چیرۆكێكی ئەفسانەواری ڕەگوریشە ڕاستە لە ژیانی كوردانـدا، داستانەكە باسی ئابڵووقەدانی قەڵای دمدم دەكا لە كوردستان كە بەرامبەر بە شا عەباسی سەفەوی لە سەدەی (١٧)دا، لەلایەن میرێكی كوردی سەرۆكی هۆزی برادۆستەوە، خانی پەنجە زێڕین، یان خانی لە پەزیڕین، داكۆكییەكی پاڵەوانانەی تێدا كراوە. داستانەكە پڕە لە

وێنە و ڕووداوی قارەمانیەتی جوان، هەرچەندە سیمبولێك، لە بارەی ئەو شەڕانەوە کە لەسەر قەڵاکە کراون و ئەو دلێریانەی کە خەڵك و سەربازانی ناو قەڵاکە نواندوویانە. یەکیەتی خان و ئابلۆوقەدانە کە لە ڕووی مێژووواریەوە هەندێ گرێداوییە، بەڵام ئەمە لە بایەخی ئەدەبی داستانەکە بە قەی موویەك کەم ناکاتەوە. ئەو گیانی فیداکاری و لەخۆ بوردەییەی لە داستانی دمدمەوە هاڵا و دەدا، یەکێك لە ڕووبەڕووبوونەوە تاکە کەسیە، شەرەف گرەویانەی شەڕەکانی تەڕوادە دێنێتە یاد و بەرگری نائومێدانە، بەڵام سەر ڕەقانەی داکۆکیکەرەکانی مەسادامان لەبەر چاو زیندو دەکاتەوە، کە ژن و مێرد تا دوا زیندوو دەستیان لە چەك بەرنەداو شمشێریان لە دەست نەکەوتە خوارەوە، (بڕوانە سەرەتای مێژووی هاوچەرخ).

چەرگەرەکان، یان داستانسەرا یان ستایەرە گەڕۆکەنان، بەم سەر و بەوسەری وڵاتەکەدا دەگەڕێن، تا بۆ گوێکرەکانیان بەرهەمی سەدان ڕووداوی داستانیی "چەریگە" وەکو قەڵای دمدم و مەموزین کۆبکەنەوە و بە گۆرانی بۆیانی بگێڕنەوە (بڕوانە مۆسیقا).

ئەگەر لەگەڵ کرمانجیی باکووردا بەراوردی بکەین، کرمانجی باشوور تەنها ئەم دواییانە کاری ئەدەبیی تایبەت بە خۆی بەرهەمهێناوە. ئەوی ڕاست بێ، بەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم و کارەکانی موستەفا کوردی[1] (١٨٠٩–١٨٦٦) هیچ بەرهەمێکمان ناکەوێتە بەرچاو. ئەمە وا دەگەیەنێ، کە ئەم بەرهەمانە هەر نەبێ هەزار ساڵ پاش بەرهەمە بە زاراوەی گۆرانی وتراوەکان هاتوونەتە ناوانەوە. یەکەم کارگەلی ئەدەبی، کە بەرچاوی بن و لە باشووری کوردستان بەرهەم هێنرابن بەرهەمەکانی حاجی قادری کۆیی خەڵکی کۆیسنجەقی کوردستانی ناوەندن (١٨١٧–١٨٩٧) کە زیاتر بە هەست و سۆزە نیشتمانیەکانیان خۆیان دەردەخەن، وەکو نرخی ئەدەبییان و زۆر بە گرانی، بە هەرحاڵ، دەتوانرێ لەگەڵ کاری ئەدەبی کەڵە شاعیرانی کوردستانی باکووری وەکو حەریری و خانی یان جەزیریدا بەراورد بکرێ. لێرەدا، دەبێ یەك کەس دەبێ لەم پووچوونە بەدەربگیرێ، ئەویش شێخ ڕەزای تاڵەبانییە (١٨٣٥–١٩٠٩) کە قسە خۆش و گاڵتاوی و مزرەکانی هەروەها داشۆرنی ئەوانەی نەیارییان لەگەڵیدا کردووەیان بوونەتە کۆسپ بۆ ئارەزووەکانی (کە بەگوێرەی بارستی شیعرەکانی لە ستایش و هەجودا دەبێ زۆر بووبن) مرۆڤ بە توندی بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوەیان بکێش دەکا (ئێدموندس ١٩٢٥).

---

[1] مەبەستی مستەفا بەگی کوردییە – وەرگێڕ.

## چەردەباسێك لە بارەی کوردانەوە

لەم دەرفەتەدا دەبێ لایەك لە باسی دۆزینەوەی کۆنە پەرتووکێك بکەینەوە کە گوایە چەند ساڵێك لەمەوبەر دۆزراوەتەوە و هەندێ شیعری کوردی بەزاراوەی کرمانجی باشوور (سۆرانی) تێدایە.

شیعرەکە باسی هەندێ کوردی زەردەشتی ئایین دەکا کە لەلایەن موسڵمانە عەرەبە داگیرکەرەکانەوە چەوسێنراونەتەوە و گوایە ئاتەشگەدەکانیان کوێر کردۆتەوە و بەهادێرینەکانیان پلیشاندۆتەوە. ئەم پەرتووکە، بایەخێکی زۆر گەورەی پێدراوە لەو ڕووەوە کە گوایە هی سەردەمانێکی زووی وەکو داهاتن و بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامە لە سەدەی حەوتەمدا. ئەم پەرتووکە، بێ هیچ چەندو چونێك کارێکی ساختەیە چونکە: ١) بەزاراوەی سۆرانی نووسراوە کە هەتا (١٠٠٠) ساڵ دوای ئەوە نەبووە بە زمانی نووسین (ئەگەر بەڵگەکە ڕاست و دروست بوایە، دەبوو بە گۆرانی بنووسرایە). ٢) کوردەکانی کوردستانی ناوەند کە گوایە دوکۆمێنتەکەی لێ دۆزراوەتەوە، لە سەردەمی پەرتەکردنی ئیسلامەکان بەناو وڵاتەکەدا بە زۆری مەسیحی بوون (بڕوانە مەسیحیەت) و ئەوانی تریان یارسانی بوون (زەردەشتیەکان و جوولەکەکان تەنها کەمینەیەکی ناچیز بوون). ٣) هیچ جۆرە ساخکردنەوەیەکی زانستیانەی دۆکۆمێنتەکە چ لە ڕووی مێژووی دانان و چ لە ڕووی ڕاستی و دروستییەوە نەکراوە. هەروەها هیچ وێنەیەکی فۆتۆگرافیشی نەخراوەتە ڕوو تا ئەو ئەلفبایەی پێی نووسراوە بخرێتە بەرباس و لێکدانەوە و ئەگەر و نەگەر. لەوانەیە بەڵگەکە هەوڵێکی نەزۆکی نەتەوە پەرستێکی تەڵەکەبازبێ، هیوای ئەوەی بۆخۆی بارست کردبێ کە دەسکردەکەی بکا بەبنەمایەکی "مێژوو سازی" بۆ ئەدەبی نووسراوی کورد بە زاراوەی سۆرانی، بەشێوەیەکی تایبەت.

یەکێ لەهۆ گەورەکانی ئەوەی کە کرمانجی باشوور نەیتوانیوە لەمەو پێش ببێ بە خودانی ئەدەبی نووسراو، بێ هیچ گومانێك، هاوخاکیەتی زۆریەتی لەگەڵ کرمانجی باکووردا. هەر کارێکی ئەدەبی کە بە کرمانجی باکوور ئەنجام درابێ، بە ئاسانی کەوتۆتە بەردەست و دەمی کرمانجانی باشوور.

ئەوەی لەم ڕووەوە شایستەی ئاماژەیە ئەوەیە کە تەنها لە دوو سەدەی ڕابردوودا کرمانجی باشوور بڵاوبۆەوە و کەوتۆتە تەنینەوە لە ناوچەکانی کوردستانی ناوەند و ڕۆژاوا دا لەسەر حیسابی گۆرانی و بەم جۆرە خەڵکێکی زۆری بە کرمانجی باشوور دوو پەیدابوون و هەر

ئەمەش زەمینەی بۆ پەیدابوون و گەشەکردنی زمانێکی ئەدەبی بەم زاراوەیە هێناوەتە کایەوە. ڕاستییەکەی گەورەترین بنەماڵەی میرایەتی کە بە کرمانجی باشوور ئاخاوتبن، واتە بابانەکان، بۆ گفتوگۆ و بابەتی ئەدەبیاتی ناو کۆشکی میرایەتی تا سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، هەر زاراوەی گۆرانییان بەکارهێناوە.

بایەخ و گرنگیی نا ئاسایی ئێستای کرمانجیی باشوور دەردادەی چەندین ڕووداوی مێژوویی نائاساین. یەکێ لە گرنگترینی ئەو ڕووداوانە، پارچە پارچەکردنی کوردستانە کە کرمانجی باشووری کردە زمانی زۆربەی کوردەکانی عێراق و زمانی زاڵیش لە ئێران. بەو ئازادیە کەم یان زۆرەی کە بۆ پێشکەوتن و پوختەبوونی لە عێراق دەستی کەوت، کرمانجی باشوور گەشەی کرد و لە ئەنجامدا ئەو هەموو بەرهەمە چاپکراوەی لێکەوتەوە کە لەم دوو وڵاتەدا لە (٧٥) ساڵی ڕابردوودا بۆی بوو بە سەرمایە، لە کاتێکدا کرمانجی باکوور لەناو مەرزوبوومی خۆی لە تورکیادا، لە هەمان ماوەدا، هەر سەرکوت و خەفەکراوە.

مشتومالکردنێکی سەر پێی کارەکانی ئەو شاعیرە کوردانەی کە تا ئێستا پارێزراون، دەری دەخا کە لە هەزار ساڵی ڕابردووەوە تا سەرەتای ئەم سەدەیەی ئێستامان، (١٩) یان بە گۆرانی، (١٠) یان بە کرمانجی باکوور و (٨) یان بە کرمانجی باشوور نووسراون. ئەم دەرەنجامە هیچ نابێتە مایەی سەرسوڕمان ئەگەر مرۆڤ بایەخ و تەنینەوەی ڕابردووی پەهلەوانی بزانێ. کرمانجی باشوور هەرچەندە زۆر درەنگ هاتۆتە دەست، زیاتر لە (٤/٣)ی هەموو کارە ئەدەبیەکانی سەدەی بیستەمی کوردی گرتۆتە خۆ، و بەم جۆرە بۆتە زاراوەی هەرە کاراو باوی کوردیی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا.

بە درێژایی ئەم سەدەیەی ئێستامان، زمانی کوردی کەوتۆتە بەر وشارێکی یەکجار گران. بڵاوکردنەوە بە کوردی لە سوریا و تا ئەم دوا دواییانە لە ئێرانیش قەدەغە بووە. هەر لە دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە، تەنانەت قسەکردنیش بە کوردی یاسا شکێنی بووە و سزاکەی زیندانی کردن بووە. ئەمە سیاسەتێکی بەردەوامی دەوڵەت بووە – چەند ماوەیەکی کورتی لێدەرچێ – تا دیسەمبەر (کانوونی یەکەمی) ١٩٩٠ کە سەرکۆمار ئۆزال زمانی کوردی تەنها بۆ قسەکردن لەناو تورکیادا بە ڕێدرا و دانا، کە ئەمە لە فەبرایەر (شووبات)ی ١٩٩١ لە پارلەماندا کرا بە یاسا، خۆپیشاندانی شێتگیرانەی گەورە لە ئەنقەرە لەلایەن هەندێ ئەکادیمیستی

تورکیاوە بۆ دژایەتی کردنی و پەکخستنی بەرپا کرا، هەرچەند ئەمە بۆ حکوومەتی تورکیا نەبوو بە کۆسپ بەڵکو بەکارهێنانی زمانی کوردی زیاتر جڵەوی بۆ شل کرا تا وای لێهات بڵاوکردنەوەش بە کوردی کرا لە یاسایی. بەم جۆرە رۆژنامە و گۆڤاریش بە کوردی کەوتنە دەستان، (بڕوانە چاپەمەنی و میدیای ئەلەکترۆنی) هەرچەندە چاوی زەقی دەوڵەتیی تێدا هەر مایەوە. بە هەرحاڵ لەم گۆڕانکاریە بۆ زەتیڤانەی تورکیادا کاری پەروەردە بە زمانی کوردی هێشتا هەر هەڵاوێردراوە. بەڵام نیشانەی زۆر لە ئاسۆوە سەرەتاتکێ دەکەن کەوا راپەڕینێکی گەورەی ئەدەبیاتی کوردی لە تورکیا – وڵاتێك کە ئەمڕۆ نیوەی تەواوی هەموو کوردانی تێدا دەژین بەڕێوەیە.

لە بەرامبەردا، لە عێراق یەك وڵات بڵاوکردنەوەی کوردی بە یاریدەو پشتگیری ڕاستەوخۆی دەوڵەت بە کرمانجی باشوور بڵاودەکرێتەوە، چەندین ساڵە زانکۆیەکی کوردی لە سولەیمانی لە کاردایەو تێدا بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەرس دەوترێ و دەخوێندرێ و لە سایەیدا ئەدەبێکی پوختەی نووسراو بە کرمانجی باشوور (بە سۆرانی) دەزەلێتەوە.

کوردەکانی سوڤیەت هەرچەندە (یاخۆ لەبەر ئەوەی) بە ژمارە کەمن، لە ساڵانی دوور و درێژی ڕابردوودا کاروویاری پەروەردەیان لە سەرەتاوە تا پلەی بەرز، بە کوردی و زمانە باوەکانی وڵاتەکە، جێبەجێ کردووە، ژمارەیەك کاری زۆر بە نرخی ئەدەبیاتی کوردی لەو وڵاتە بەرهەم هێنراوە، هەرچەندە ئەمە زۆرتر ئامانجی پڕوپاگاندە و لاق کێشانی بۆ کوردەکانی دەرەوەی سۆڤیەت پێوە بووە، نەك سوودی ئەو کەمایەتیە پەراگەندە کوردەی کە لەم سەرو لەوسەری وڵاتەکەدا دەژین، ساڵی ١٩٩١ کە سیستەمی سۆڤیەتی داڕوخاو لە جێی ئەو لە قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست ڕژێمی نوێ هاتنە سەر کار، وێناچێ کوردەکان هەمان بەختی سپی جارانیان کارابێ و دراوسێ هاوڵاتەکانیان هەمان هەڵوێستی دڵ و دەست والایان لە بەرامبەردا بخەنە کار. ئەم پێکهاتە نەتەوەییە دراوسێیانەی کوردانی سۆڤیەتی جاران ئێستا لەگەڵ یەکدا تێك هەڵقڕاون (گورجی لەگەڵ ئۆسیتیان و ئەبخازان و ئەرمەنیان لەگەڵ ئازەریان.. هتد) و هیچیان ئەوەندە بە تەنگ پێشکەوتن و گەشەکردنی ئەدەب و وێژەی کوردەوە نین.

لە عێراق و ئێراندا، ئەلفبایەکی دەسکاریکراوی عەرەبی فارس بۆ زمانی کوردی لەبار کراوە

کە پێویستیە دەنگییەکانی زاراوەی سۆرانی دابین دەکاو بۆ کار و باری بڵاوکردنەوەش بەکار دێنرێ. کوردەکانی تورکیا، بەم دواییانە، هەڵمەتێکی بەگورپیان بۆ بڵاوکردنەوە بە زاراوەی کرمانجی باکوور بەهۆی ئەو خانەی بڵاوکردنەوانەوە کە لە ئەوروپا هەیانە، بە هیوای ئەوەی بگاتە دەستی هاو زمانە بێبەشەکانی ناو تورکیایان خستۆتە کار. بۆ ئەم مەبەستە شێوەیەکی لە بارکراوی لاتینیان داهێناوە. ئەم شێوەیە جاری یەکەم لە (۱۹۳۰)ەکاندا لەلایەن میر کامەران بەدرخانەوە بەکار هێنراوە، کوردەکانی سۆڤیەت، لەسەرەتادا ئەلفبای ئەرمەنییان بۆ نووسینەکانیان بە زمانی کوردی لە (۱۹۲۰)ەکاندا بەکار هێنا، دوایی لە (۱۹۲۷)دا کردیان بە لاتینی، دوایی لە ۱۹٤٥ گۆرپیان بۆ ئەلفبای سیریلی و ئێستا هەردوو ئەلفبای لاتینی و سیریلی بەکار دێنن. پێم وایە تەنها یەك بڵاوکراوەی هاوچەرخ بە دیمیلی دەردەچێ، کە رۆژنامەیەکە بە ناوی (تەیرا) و لە ئەوستریا (نەمسا) دەردەچێ، ئەم رۆژنامەیە بە ئەلفبای لاتینی لە بارکراو دەردەچێ کە بۆ کرمانجی باکوور بەکار دێنرێ و لەلایەن کوردە دەربەدەرەکانی وڵاتانی ئەورووپاوە دەردەکرێ. لەوانەیە، ئەو شلی نواندنەی کە لەم دواییە لە تورکیا خراوەتە کار، هەندێ کەشو هەواکە بگۆڕێ. لە کۆتایی (۱۹۹۱)ەوە هەواڵنامەیەکی کوردی بە ناوی "رۆژنامە"وە لە تورکیا دەردەچێ، کە دوو پەڕەی بە زاراوەی دیمیلی و (۳۸)ەکەی تری بە کرمانجی باکوورە. هەردوولا، وەکو بڵاوکراوەکانی ئەورووپایان، ئەلفبای لاتینی بەکار دێنن.

وەکو دەردەکەوێ، لە کاتێکدا زمانێکی ستاندەردی کوردی گشت کوردگیر لە ئارادا نییە، ئەلفبایەك کە هەر نەبێ بگیرەوەی سیستەمی دەنگیی زاراوە جۆرا و جۆرە کوردیەکان بێ، سوودێکی باشی بۆ گەیاندن بە بەرینترین کۆمەڵانی خەڵك دەبێ چونکە هەر نەبێ ئەمە دەبێ بەهۆی شاردنەوەی جیاوازیە زاراوەییەکان (بڕوانە پەروەردە) لە کاتێکدا بوونی تەنانەت یەك پارچە کاری ئەدەبیی کوردی کە بە ئەلفبایەکی لاتینی یان سیریلی بنەما نووسرابێ، بە پێچەوانەی ئەو ئامانجەوە رەنگ دەداتەوە.

ئەم سیستەمی نووسینانە خاوەنی شێوە تۆمارکردنێکی تا رادەیەك ڕاستن لە بواری بزوێن (ڤاوڵە) کورت و درێژەکان و بزوێنە دوولانەکان (دیفثۆنگەکان)یشدا. ئەلفبای فارسی — عەرەبی ڤاوڵ زەدە، لە بەرامبەردا، کارەکە بە جوانی بەڕێدەخا.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** B. Nikitine and E .Soane, "Tale of Suto and Tato: Kurdish Text with Translation and Notes," *Bulletin of the School of Oriental Studies* III (London, 1923-25); B. Nikitine and E .Soane, "Kurdish Stories from My Collection,"*Bulletin of the School of Oriental Studies* IV (London, 1948); R. Lescot, *Textes Kurdes. Deuxe`me Partie: Mamé Alan* (1942); Alexandre Jaba, *Recueil de Notices et Récits kourdes* (St.Petersburg, 1860); Abdul-Kader Amin (collected by), *Kurdish Proverbs* (New York: Kurdish Library, 1989); C.J. Edmonds, "A Kurdish Lampoonist: Shaikh Riza Talabani," *Journal of the Royal Central Asian Society* XXII (1935)

# پەروەردە

لەناو هەموو نەتەوە سەرەكیەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تەنها كوردان هێشتا نەبوونەتە خاوەن زمانێكی ستاندەر كە هەموو بەشەكانی ئەم گەلە بە پاراوی پێ بدوێن و بخوێنن. سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵ و ڕەنجەی كە چ لەلایەن كوردان خۆیان و تەنانەت خەڵكی تریشەوە (وەكو سی، جی، ئێدمۆندس ۱۹۳۱ و ۱۹۳۳) دراوە، مانەوەی ئەم گەلە بە دابەشكراوی و سەخڵەتی و تەریككراوی هەموو ئەم هەوڵ و ڕەنجەی بێهودە هێشتۆتەوە (ئیزەدی ۱۹۸۸، حەسەنپوور ۱۹۸۹) هەر لەبەر ئەمە، ئێستا گرفتەكە هەر ئەوەنیە ئایا كوردی بۆ كاری خوێندن بەكاردێنرێ یان نا، بەڵكو ئەگەر بەكاریش هێنرا، كام زاراوە بەكاردێ؟ پوختەكردنی زمانێكی كوردی ستاندەردی گشت كوردانە، دەشێ ببێ بە بەردەباز بۆ گواستنەوەی بیر و ڕا و یەككگیربوونی كەلەپووری فەرهەنگی و ئەدەبی زاراوە كوردیە جیاجیاكان. تاقیكردنەوەی دراوسێ عەرەب و تورك و فارسەكان، دەتوانێ ببێ بە ڕابەرێكی چاوساغ بۆ چۆنیەتی بەدیهێنانی ئەم ئامانجە. بەر لەوەی زمانی عەرەبی بەم شێوەیە پوختە كراوەی ئێستای وەكو زمانێكی مودێرن و ستاندەرد بێتە مەیدانەوە (كە لە بنەڕەتەوە لەسەر زمانی قورئان، یان فوسحا دانراوە)، عەرەبەكانی دوورگەی عەرەب و باكووری ئەفریقیا، لەلێككەیشتن كەمتر لە كوردانی ئەمڕۆ تووشی گیر و گرفت نەدەبوون. زاراوە ناوخۆییەكانیان، لە ڕاستیدا، ئەوەندە بەكاردەهێنرا و ڕەنگیان قووڵ بوو، كە كار دەگەیشتە ڕادەی لێك نەگەیشتن لەنێوانیاندا.

کوردیی خاوەنی کاری وا نیە کە خۆی بدا لە ئاستی قورئان یان ئاستی کارە ئەدەبیە کلاسیکیەکانی زمانی فارس، تا بکرێن بەسەر مەشق و ستانداردی زمانەوانی، بەڵام ئەمە لە لایەکی ترەوە، دەتوانرێ بە جۆرە نیعمەتێکی شاراوەش دابنرێ بۆ زمانی کوردی. بەرهەمهێنانی برێکی زۆری کاری ئەدەبیی بە نرخ و بایەخ بەهەر زمانێك، مەگەر بە دەگمەن ئەگینا هەمیشە بۆی بۆتە مایەی کەڕی و نەبانی بەرامبەر بە گۆڕان. نەك هەر ئەمەندە، بگرە لە بەرامبەر وەرگرتنی وشەبەندی نوێی تەکنۆلۆژیشدا زیت وەستاوەتەوە (بۆ ئەمە زمانی نوێی فەرەنسی باشترین نموونەیە). کوردی نەدەبوو دووچاری ئەم گرفتە بێ.

ستاندەردیزەکردنی زمانی کوردی، ئەوپەڕەکەی، لەوانەیە ببێتە مایەی لە دەستدانی برێکی کەمی ئەدەبیات، کە بۆ کەلەپووری کوردی گرنگن، لە کاتێکدا دەبێ بە مایەی سوود و بەرزکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد بەڕادەیەك کە لە پێوان نایەت.

هەرچ زاراوەیەکی کوردی بۆ کاروباری پەروەردە بەکاربهێنرێ، یەکەم لایەنی سرنجکێشی پەروەردە لە کوردستاندا، یان لایەنی لاواز تێیدا، ئەو هاوپەیوەندیە ڕاستەوخۆیەیە کە لەنێوان بەکارهێنانی کوردی بۆ مەنهەجی خوێندن لە قوتابخانەکان و ئاستی خوێندەواریدا هەیە. لە هەمان کاتدا، هاوپەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئاستەکانی پەروەردە و تەواوەتی کۆمەڵایەتیدا هەیە، کە ئاستی شارنشینی لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا ئاوێنەی ساف و بێگەردیەتی (بڕوانە شارنشینی و مەڵبەندە شارنشینەکان).

کوردەکانی عێراق، لەو کاتەوە کە پاش شەڕی جیهانی یەکەم خرانە پاڵ عێراق زمانی خوێندنیان لە قوتابخانە سەرەتایی و دوا ناوەندیەکاندا کوردی بوە لە پاڵ زمانی دەوڵەت، واتە عەرەبی، هەروەها زانکۆیەکێشیان بۆ کراوەتەوە لە سولەیمانی، هەرچەندە زانکۆ کە لەم دواییانەدا گوازرایەوە هەولێر.

بەکارهێنانی کوردی لە ئاستی خوێندنی زانکۆ لە کوردستانی عێراقدا بەرهەمی یەکجار بەرچاوی بێ کەوتۆتەوە، کوردان لەوێ، بەرزترین ڕادەی خوێندەواری و پەروەردەیان لەناو هەموو کوردی جیهاندا وەدەست هێناوە، لەمە، لەوانەیە کۆمەڵگا گچکەڵە کوردەکەی سۆڤیەت بەدەربێ.

لە ئێران، هەرچەندە ئاماری دەوڵەتی خوێندەواری لەناو دانیشتووانی تەمەن لە شەش

ساڵ بەرەو ژووردا ساڵی ١٩٨٦، گەیشتۆتە ٩٦،٦١٪، ناوچە کوردنشینەکانی ئێران لە ئازەربایجانی ڕۆژاوا و کوردستان و کرمانشاو ئیلام و هەمەدان کە هەندێکی کوردن یەك لەدوای یەك ١٨،٤٧٪، ٦،٣٩٪، ٥٦٪، ٥٢٪، و ٢٨،٥٧٪ بوونە.

لەناو هەموو نەتەوە سەرەکیەکانی ئێراندا، کورد لە گشتیان کەم خوێندەوارترە و، ئامارگیری ساڵی ١٩٨٦ دەریدەخا کە لە (٢٤) ئوستانەکەی ئێران تەنها بلوچستان کە خۆی وڵاتێکی دوور دەستە لە خوێندەواردا لە هەرێمە کوردنشینەکان خوارترە. لەو ئامارەدا، شاری دێرینی کوردنشینی قەسری شیرین نزمترین پلەی خوێندەواری لە هەموو وڵاتەکەدا نیشاندەدا. تەنها ٩،٨٧ی دانیشتووانی سەرو (٦) ساڵ دەچنە خانەی خوێندەوارانەوە. ئەوەی جێی سرنجە، شوێنێکی دووردەستی وەکو چاە بەهار لە بلوچستان، ڕاژەی ٢،٢١٪ی بۆ هەمان پلەی تەمەن لەو ئامارەدا وەرگرتوە.

لە هەموو وڵاتەکەدا، هەر فارسی زمانی خوێندن بوە لە هەموو ئاستێکدا و ئێستاش هەر وایە، بەر لە شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩، هیچ جۆرە بڵاوکردنەوەیەك بە زمانی کەمینەکان هەواڵ پەخشکردنی لێدەرچێ، پەسند نەدەکرا، بەڵام قەدەغەش نەدەکرا، شۆڕش ئەم سیاسەتەی بە ماوەدانی یاسایی بە زمانی کەمینەکان بۆ کاروباری چاپەمەنی و میدیای دەست جەمعی گۆڕی هەروەها خوێندنی بابەتی ئەدەبی کەمینەکان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بەری بەرەڵلاکرا، بەڵام، ئەمە هێشتا نەبۆتە شتێکی باو لە هەموو وڵاتەکەدا، چونکە قوتابخانەو پەیمانگای خوێندنی باڵا هێشتا هەر زمانی فارس تاکە زمانی باوە تێیاندا، سوودی یەکەندەردەستی ئەم مافە یاساییە نوێیە، لەوەدایە کە زمانەکانی تریش، وەکو فارس، ئیتر مافی پێ بڵاوکردنەوەیان دراوەتێ و بەکاریشی دێنن.

کوردان لەم گۆڕانە یاساییە، کە سیایەتی زمانی دەوڵەت ئیتر ناوی نەماوە سوودێکی باشیان وەرگرتووە و ئاسەواری ئەم سوودە لە ئامارگیری ١٩٩٦ی دانیشتووان لە بارەی پەروەردەوە خۆی نواندوە.

لە تورکیا، بەکارهێنانی زمانی کوردی، بەتایبەتی لە بواری خوێندن و بڵاوکردنەوەدا، لە (٣)ی مارس (مارت)ی (١٩٢٤)ەوە، واتە لە ساڵێك دوای مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی لۆزانەوە کە کوردستانی ئەنەدۆڵی بە تورکیا بەخشی قەدەغەکراوە (بڕوانە مێژووی هاوچەرخ). ئەم

قەدەغەکردنە پامـاڵ کردنێکی ئاشـکرای دەق و ئامـانجی ڕێککەوتننامەکەیـە کـە لـە برگـەی (٣٨)یدا دایدەنێ کە "نابێ هیچ جۆرە قەدەغەکاریەك بەسـەر هـیچ هاونیشتمانیەکی تورکیـادا بسەپێنرێ لە بواری بـەکارهێنانی ئـازادی هـەر زمانێـك لـە گفتوگۆ کردنـی شەخسی یـان لـە کاروبـاری بازرگـانی و ئـایین و گـشت جـۆرێ پـەخش و بڵاوکردنـەوەو لـە کۆبوونـەوە گشتیەکاندا".

لە ساڵانی (١٩٥٠)دا، قەدەغەکاریـەکان، تـا ڕادەیـەك بـەڵام نـەك لەسـەر ئاسـتی ڕەسمـی، شلکرانەوە تا مەسەلەکە تەنانەت گەیشتە ئاستی هەندێ کاری بڵاوکردنەوەش بە کوردی، ئـەم ڕەفتارە نەرمە، دیسانەوە لە (١٩٨٠)کاندا توند کرایەوە. هەر لەبەر ئەو قەدەغەکاریانە خۆیـان خوێندن و پەروەردە بە کوردی لە تورکیا نووزەیان نیە.

## چاپەمەنی و میدیای ئەلەکترۆنی

جیاوازی نێوان ئاستی خوێندەواری لەناو کوردان و ناو هاووڵاتیەکانی دیکە لە تورکیا گـەلێ زەقترە وەکو لە ئێران. کوردەکانی تورکیا کەمتر لە نیوەی ڕاژەی نیشتمانی وڵاتەکە لە بـواری خوێندەواری و پەروەردەدا دەگرنـەوە، و خـۆی لـە سـێ یـەکی ئـەو هەرێمانـەنادا کـە زۆربـەی دانیشتووان بە نەتەوە تورکن، لە کۆتایی ١٩٩١دا، ژمارەیەکی کەمی ڕۆژنامە و گۆڤاری کـوردی لە تورکیا دەرکەوتن، هەرچەند قەدەغەکاریە ڕەسمییـەکان هـەر لانەچـوو بوون و ئەگـەر ئـەو هەنگاوانەی لـە ١٩٩٠–١٩٩١دا هـەڵنراون، هەندێ دەسـت شـلکردنی تریـان بـە دواوە بـێ، تـا خۆیـان دەدەن لـە بـواری پـەروەردەو خوێنـدن و بڵاوکردنـەوە ئـەوا ئاسـتی خوێنـدەواری و گەشـانەوەی کۆمەڵایـەتی – ئـابووری بەشـێوەیەکی سەرسـام ئـاوەر بـەرز دەبنـەوە ئەمـەش کارێکە کە هەم لە سـوودو قـازانجی دەوڵـەتی تـورك و هـەم لـە هـی هاووڵاتیـە کوردەکانیدایـە (بڕوانە ئاوێتە بوون و توانەوە).

کـوردێکی زۆری تورکیـا کـە ئێـستا لـە ئـەورووپای خـۆراوا، بـە کرێکـاری، کۆچبـەری یـان پەنابەری دەژین بەرنامەیـەکی چڕ و پڕیان دانـاوە بـۆ فێرکردنـی منداڵـەکانیان بـە خوێنـدن و نووسین بە کوردی (بڕوانە کۆچکاریە هاوچەرخەکان و دەریەدەری وڵاتان). بۆ ئـەم مەبەسـتە،

ئەلفبای لاتینی بنەما بەكاردێنن، ئەم ئەلفبایە جاری یەكەم لەلایەن دوو ڕۆڵەی بنەماڵەی میرایەتی كوردی ڕۆژەكی بەدرخانیەوە، جەلادەت عالی و كامەران دانرا، ئەوان ئەلفباكەیان لە سەرەتادا بۆ چاپكردنی ڕۆژنامەكانی هاوار (١٩٣٢-١٩٤٣) و ڕۆناهی (١٩٣٥) كە لە سوریای ژێر دەستی سەراسوێكاریی فەرەنساوە بەدزیەوە دەیانگەیاندە توركیا بەكارهێناوە، هەر لەو كاتەوە ئەم ئەلفبایە بۆتە پیتی بەكارهێنراو بۆ كوردەكانی توركیا هەر كاتێك جێ دەستیان بوویێ و دەرفەتی بڵاوكردنەوەی ناو توركیا یان دەرەوەیان كەوتبێتە دەست.

جۆش و پەرۆشی كوردە دەربەدەرەكانی ئەنەدۆڵ بۆ بینینی بابەتی چاپكراو بە زمانی خۆیان، خۆی لە بڕێكی گەورەی كتێب و هەواڵنامەو بەرهەمی توێژینەوەی خەستدا كە لە دەزگاكانی چاپەمەنی ناو ئەڵمانیاو فەرەنسا و ئەوستریا و سویدەوە دەردەچێ دەنوێنێ.

ئاسان نیە ئاماری باوەڕپێكرا و لە بارەی باری خوێندەواری كوردەكانی سوریاوە بدەین چونكە هەرێمەكانیان خراونەتە ناو هەرێمی گەورەی تری عەرەبنشینەوە.

بەلام لەبەر تیشكی ئاستی خوێندەواری لە چوار بەشەكەی تری كوردستان و لەبەر ڕۆشنایی نەبوونی كوردی وەكو زمانی خوێندەواری لەوێ، هەرگیز لە گویندا نیە ئەو ئاستە خۆی بدا لە دامێنی پلەی خوێندەواری لەناوچە عەرەب دوەكانی سوریادا.

كۆمەڵگا بچكۆلەكەی كوردەكانی سۆڤیەت لە ئەرمەنستان و گورجستان لە لایەكی ترەوە خاوەنی سیستەمێكی دێرینی خوێندەوارین بە كوردی لە پلە جۆراوجۆرەكانی خوێندندا. زۆر وێ دەچێ خوێندەوارترین كۆمەڵگای هەموو كوردان بن، لە هەمان كاتدا، لە ئازەربایجان و توركمەنستان و قازاخستان و ئۆزبەكستان و قەرغێزستانی سۆڤیەتی، ئەم جۆرە خوێندنە (بە كوردی) نییە، ڕاستییەكەی كوردەكانی ئازەربایجان و توركمەنستان كەوتوونەتە بەر شاڵاوی سیاسەتی تواندنەوەكە لەلایەن دەوڵەتەوە سەرپەرشتی و ڕێنمایی دەكرێ و لە تۆمار بەندیە ڕەسمیەكاندا سڕراونەتەوە. ئەم كارە لە كۆتایی جەنگی دووەمەوە هەر بەردەوامە، لەوەوە دەتوانین بگەینە دەرەنجامی ئەوەی لەبەر ئەو تەگەرەبەندیانەی كە لەسەر بوونی ئەتنی یان دانراوە، كوردەكان هەوڵێكی ئەوتۆیان وەكو هی هاوزمانەكانیان لە ئەرمەنستان و گورجستان نەداوە.

بۆ سەرچاوە و خوێندنی زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** *A Statistical Reflection of the Islamic Republic of Iran* (text in English), Publication No. 4 (Teheran: Ministry of Planning and Budget, Center for Statistics, 1987); *The Population and Household Census, 1986* (Teheran: Iranian Census Bureau, 1987), the "secret edition"; Lord Kinross, *Within the Taurus* (London, 1954)

"کوردستان"ی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ساڵی ١٨٩٨ لە ئەستەمووڵی پایتەختی تورکیای عوسمانی لەلایەن میر مەدحەت بەگەوە دەرهێنراوە[2]، میر مەدحەت یەکێکە لە ڕۆڵەکانی بنەماڵەی پڕ ناو و دەنگ و پشتاو پشت میری ڕۆژەکی بەدرخانیی وڵاتی بۆتان. هەندەی پێ نەچوو ڕۆژنامە کە لە ئەستەمووڵ داخرا، ناچار لەوێوە گوێزرایەوە بۆ قاهیرە، دواتریش بنکە و بارگەی گواستەوە ئەوروپا. تا ئێستاش ڕۆژنامەکە هەر دەردەچێ. ڕۆژنامەیەکی تەمەن کورتیش (تەعاون) ساڵی ١٩٠٨ هەر لە تورکیای عوسمانی دەرچووو، بەڵام چرای تەمەنی زۆر نەسووتاو ئەویش لەلایەن دەزگاکانی دەوڵەتەوە پفی لێکرا. دوا بەدوای ئەمان، ڕۆژنامەیەکی مانگانە (کە ئەویش هەرناوی کوردستان بوو) دەرچوو. ئەمەیان لە پێشدا لە ئورومیە، ڕێك لە ساڵی ١٩١٢ لەلایەن ڕۆڵەیەکی تری بنەماڵەی بەدرخانەوە میر عەبدوڕەزاق بەگ، دەردەکرا. ئەمیش ئەوەندەی پێ نەچوو لەلایەن ڕووسەکانەوە خەفەکرا، چونکە باکووری ئێران ئەوکاتە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا بوو. کە ئەمیش ساڵی ١٩١٤ لە دەرچوون کەوت، "یەکبوون" و ڕۆژی کورد" لە ساڵی (١٩١٢)ەوە کەوتبوونە دەرچووون.

دوا بەدوای ئەم سەرەتایانە، ئیتر ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی شریتەیان بەست. هەندێ لەناوە بە ناوبانگەکان ئەمانەن: بانگی کورد (١٩١٤)، ژین (١٩١٨)، تێگەیشتنی[3] (١٩١٨–١٩١٩) کورد درساڵ ١٣٤٠ (١٩٢١)، ڕۆژی کوردێکی تر (١٩٢١)، پێشکەوتن (١٩٢٠–١٩٢٢) ڕۆژی کوردستان (١٩٢٢–١٩٢٣)، بانگی کوردستان (١٩٢٢–٢٣)، بانگی حەق (١٩٢٣)،

[2] ئەم هەڵەیە لە لاپەڕەکانی پێشوودا ڕاستکراوەتەوە – وەرگێڕ.

[3] دەبێ مەبەستی ڕۆژنامەی "تێگەیشتنی ڕاستی"بێ کە ژمارە (١)ی لە بەغدا ساڵی ١٩١٨ دەرچووە. بڕوانە د. کەمال مەزهەر "تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا" – وەرگێڕ.

ئومێدی ئیستقلال (١٩٢٣–٢٤)، دیاری كوردستان (١٩٢٥–١٩٢٦) و گۆڤاری زاری كرمانجی (١٩٢٦) كە گۆڤارێكی ئەدەبی بوو.

ژمارەی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەی پاش ئەمانەی سەرەوە بە زمانی كوردی دەركراون ئەوەندە زۆرن بۆیە ناویردنی یەكێكیان تۆمارێكی تایبەتی دەوێ. سی. جی. ئێدمۆندز ژمارەگیریەكی باش و رێكوپێكی چاپەمەنی ساڵەكانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ كردووە. ئێدمۆندز هەروەها باسی توانای چاپەمەنی و بڵاوكردنەوەی كوردیشی بە گشتی كردووە (بڕوانە نووسراوەكانی ساڵی ١٩٢٤، ١٩٣٧، ١٩٤٥)ی. ئێستاكە، ژمارەی ئەو رۆژنامە و پەخشنامە و گۆڤارانە خۆی دەدا لە سەد كە چ لە كوردستان چ لە هەندەران و تاراوگە دەردەكرێن. هەندێك لەمانە بە زمانی كوردی و هەندێكی تریان بە زمانی بێگانە دەردەكرێن، بەڵام هەموو دەربارەی مەسەلەی كورد بابەت بڵاودەكەنەوە، هەرچەندە وڵاتانی كوردنشین دیوار و بارستی بڵند و دژوار بۆ مەرزبەزێنی و چوونە ناوەوەی دەكەن، بەڵام چاپەمەنی كوردی لە هەموو بارودۆخەكاندا، هەرچەندە دژواریش بووبێتن، هەر توانیویانە خۆیان بگەیەننە دەستی خوێنەران.

زاراوەی هەرە باڵادەستی ئەم چاپەمەنیە كوردیانە، بەشێوەیەكی گشتی كرمانجی ژووروو بوە، چونكە كرمانجەكانی باكوور ئێستاو ئەوجاش، زۆرینەی كوردانیان پێكهێناوە، وڵاتەكەشیان نزیكترین بەشی كوردستان بوە، لە ئەورووپای پێشكەوتوو لە بواری سەنعەتدا و ئەمە باشتر دەرفەتی ئاگاداری لە پێشكەوتنە زانستیەكانی ئەو وڵاتانە بۆیان ڕەخساندووە و باشتریش بە بیر و هزری نوێش ئاشنای كردوون. پەیدابوونی كۆماری توركیا و ئەو سیاسەتە زبر و ناڕەوایانەی كە لە بارەی كاروباری زمانی و نەتەوەیی نەتەوەكانی ترەوە گرتیەبەر، هێندەی نەبرد ئەم باڵادەستیە زمانیەی لە كرمانجی باكوور سەند و كردیە دەستی كوردانی باشوورەوە لە عێراق. ئەم باڵادەستیەی كرمانجی باشوور تا ئێستاش هەر بەردەوامە، ئەوەندەی لێدەرچێ كە ئەو هێز و تەوژمەی جارانی، لە ساڵانی (١٩٨٠)وە نەماوە بە تایبەتی پاش سەرلەنوێ دەركەوتنی چاپەمەنی بە كرمانجی باكوور لە ئەورووپا. زاراوەی دیمیلكی ئێستا رۆژنامەیەكی لە ئەوستریا (نەمسا) بەناوی "تەیرا"وە پێ دەردەچێ، بەڵام هێشتا بە گۆرانی هیچ دەرناچێ.

گەلێك لە شارە کوردنشینەکان ئێستا خاوەنی ئێزگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی خۆیانن، بەڵام پەخشی دەرەوەی سنوورییان جیایە، لە تورکیا هیچ، لە عێراق بە بەردەوامی و لە ئێران بەین و بەینە. ئەمە ئێزگە ڕادیۆیی نهێنیەکان ناگرێتەوە، کە بۆ هەموو کوردان پەخش دەکرێش و هەر جارە لە شوێنێکەوە ئاراستە دەکرێن و زیاتر بە مەسایلی سیاسییەوە خەریکن و ئەوەندە پەیوەندییان بە گەشاندنەوەی کەلتوور و کۆمەڵگای کوردەوە نیە، بۆ نموونە، زۆر جێگەی گومانە ئەگەر هەموو ئێزگە ڕادیۆییە نهێنیەکان بخەینە سەریەك، بە ئەندازەی ئەو بەرنامە ئەمەریکیانەی باسی ژیانی خێزانداری ئەمەریکا دەکەن و بە زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی بەهاکانی ڕۆژاوا دەمێننە مێشکی گوێگرانەوە (بە کوردیشەوە)، سوودیان بۆ پێشکەوتنی جیهانبینی کوردان هەبێ لە بارەی گۆڕانکاریەکانی ئەم دنیایەوە، ئەم ئێزگانە هەر لە بواری پەخشی ڕادیۆییدا چالاکن و پەخشی تەلەفزیۆنییان هەر نیە.

مۆسیقای کوردی کە لە ئێزگە ڕادیۆییەکانەوە پەخش دەکرێ، لە باکووری سووریا دەبیسترێ، لە کاتێکدا ئێزگەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی عێراق لە کوردستان (بەر لە جەنگی کەنداو) پرۆگرامی ڕۆژانەی پڕ و تەواویان پەخش دەکرد، لە ئێران تەنها کاتێکی کەم لە پەخش بۆ بابەتی سرف کوردی تەرخانکراوە.

لە کاتێکدا، هەردوو ئێزگەی نیشتیمانی لە بەغدا و تاران، بەردەوام گۆرانی و مۆسیقای کوردی لێدەدەن لە ئێران، تەنانەت ڕادیۆ مەشهەدیش بەرنامەیەکی یەك ساعەتەی بەردەوامی بە کوردی هەیە بۆ دانیشتوانی کوردنشینی خوراسان.

چ لە ئێران، چ لە عێراق، ڕۆژنامە دەرکردن بە کوردی ئازادە، تا ئەو ڕادەیەی لەو سنوورە دەرنەچێ کە بۆ ڕۆژنامەگەری دەوڵەتی دانراوە، لە کاتێکدا هەندێ ڕۆژنامەی گرنگی ئێرانی بابەتە سەرەکیەکانیان بە فارسی و ئازەری دەردەکەن (ئازەری زمانی ئازەریەکانی ئێرانە کە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە نەتەوەی دووەمی وڵاتەکەن)، ئەم پلە و پایەیە گرنگە هێشتا بە زمانی کوردی نەبەخشراوە.

پاش دەرکردنی "یاسای زمانەکان" لە تورکیا، ساڵی ١٩٩١، حکومەتی تورك هەندێ هەنگاوی پۆزەتیفی بەرەو بەکارهێنانی زمانی کوردی ناوە، و لە دیسەمبەر (کانوونی یەکەم)ی (١٩٩١)ەوە، پاش ساڵەهای ساڵی قەدەغەکاری، تورکیا ڕێگای بە دەرکردنی هەندێ بابەتی

كوردی داوە. لەناو ئەوانەدا كە لەم دواییانەدا دەركەوتوون، ڕۆژنامەیەكی كوردی بەناوی "ڕۆژنامە"وە بە (٣٨) لاپەڕە بە كرمانجی باكوور و (٢) لاپەڕە بە دیمیلكی دەردەچێ، هەروەها گۆڤارێكیش بەناوی (دەنگ)ەوە كە گشتی بە كرمانجی باكوور دەردەچێ. كوردەكانی توركیا كە لە هەنگاوی بەدكارانە بەولاوە هیچی تریان لە چوارچێوەی سیاسەتی نەیارانەی توركیادا نەبینیوە بەم چاكسازیانە زۆر كەیفخۆش نین و خەڵكەكە بە پارێزەوە لێیان نزیك دەبنەوە، ڕووناكبیر و خوێندەوارەكانیان پێویستیان بەكات و ماوەیەكی زۆر هەیە تا بە تەواوی لە ئامانجەكانیان بگەن.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: Amir Hassanpour, "The Language Factor in National Development," unpublished doctoral thesis (Urbana: University of Illinois, 1989), particularly chapter 7; C.J. Edmonds, "A Kurdish Newspaper: Rozh-i-Kurdistan," *Journal of the Central Asian Society* XI-i ((1924); C.J. Edmonds, "A Bibliography of Southern Kurdish, 1920-36," *Journal of The Royal Central Asian Society* XXIV (1937); C.J. Edmonds, "Bibliography of Southern Kurdish, 1937-1944," *Journal of the Royal Central Asian Society* XXXII (1945). Some very valuable surveys of the Kurdish press and journalism have appeared in Kurdish and other Middle Eastern languages (except for Edmonds, I am unaware of anything comprehensive or otherwise in English). Some of these are Abduljabbâr Jabbâri, *History of Kurdish Journalism* (Sulaymânia, Iraq, 1970); Najmadin Malâ, "History of printing press in Sulaymân¹a," *Zhin* 30-1232 (Baghdad, 1955); Muhammad Malâ-Karim, "Brief Review of the Open Kurdish Press," *Al-Ta'âkhi* (Baghdad, June 15, 1970); Alâuddin Sajjâdi, *History of Kurdish Literature* (Baghdad, 1971); Jamâl Khazânadâr, *Kurdish Journalism Guide* (Baghdad, 1973).

# فەسڵی حەوتەم

# کۆمەڵگا

## کەسایەتی نەتەوەیی

کوردەکان هەموو مەرجە سەرەکییەکانی (نەتەوەبوونی) سەربەخۆیان تێدایە. لە گرنگترینی ئەو مەرجانە، مێژووی دوورودرێژی هاوبەش، دیدی جیهانی هاوبەش، کەسایەتی نیشتمانیی هاوبەش، یەکپارچەیی ئابووری، سەرزەمینی نیشتمانی هاوبەش و ئاواتی هاوبەشی چارەنووسی دوا ڕۆژ. کە سەیری ئەو خەسڵەتە هاوبەشەی کوردەکان دەکەی و لەگەڵ هی گەلانی تردا بەراوردیان دەکەی، دەبینی تەنانەت گەلێ گەلی هاوچەرخ و پێشکەوتووش ئەوەندە هاوبەشیەتی تێکەڵکێشیان نیە کە وەکو (نەتەوە)یەکی سەربەخۆ و جیاواز دەریان خا، تاقە جیاوازی لەوەدایە، ئەم گەلە سەربەخۆیانە خاوەنی دەوڵەتی خۆبەخۆی خۆیانن، ئەمەش لەوانەیە تەنها دەرەنجامی ئارەزووی ئەو هێزە دەسەڵاتدارانە بووبێت کە ئەم گەلانە سەردەمانێك لەبەر هەر هۆیەك بوویێ ژێردەستەیان بوونە، هەر لەبەر ئەم بێ دەوڵەتیە خۆشی و هیچی تر نا، هەر داواو داخوازییەکی ئەم گەلە بۆ سەربەخۆیی و کەسایەتی جیاواز، کەوتۆتە بەر شاڵاوی بەدگومانی.

ئەگەرە و کۆسپی دەرەکیی لەبەردەم کەسایەتی نەتەوەیی کورددا، لەو بەدگومانیانەدا بەرجەستە دەبن کە دەخرێنە سەر دێرینەیی و ڕەسەنایەتی ئەم گەلە لە کۆن و نوێدا، گەر باش لێیان وردبینەوە، دەبینین کەوا زۆربەی ئەم کۆسپ و ئەگەرانە، نەك گشتیان، دەسکاری ئەو دەوڵەتانەن کە فەرمانڕەوای وڵاتی کوردانن، لە پاڵ ئەمانەشدا، گەلێ شارەزا هەن کە تەنها بن مەنجەڵێکی کەم و بێ تامی زانیارییان لە بارەی مێژوو و ڕابردووی کوردەوە هەیە، بێ

یـەك و دوو و بـە پەلەپـەل دەكەونـە ئاوازدانـان و هـایكردن بـۆ ئـەو بۆچـوونانە، ئـەم ڕوو بەڕووبوونەوانە، بەگشتی، لەم سێ شێوەیەی خوارەوەدا دەردەكەون:

١)گوایـە كوردەكـانی ئـەم سـەردەمە، لـە خەسـڵەتدا لـەو گەلـە دێرینانـە جیـان كـە لـە سەردەمانی هەرەزوودا لە كوردستان ژیاون، چونكە ئـەمان، لـە ڕووی زمـان و ئایینـەوە لـەوان جیاوازن.

لە بەرامبەر ئەو بۆچوونەدا پرسیارێكی زۆر بەجێ هەڵدەزەقێتەوە: باشە بـۆ دەبـێ تێكـڕای ئەو گەلانەی كە لە سەردەمەكانی هەرە هەرە زووەوە لە كوردستاندا ژیاون بە كورد دانێین، لـە كاتێكـدا وەكـو هـەموومان دەیـزانین كـەلتوور و فەرهـەنگ و ناسـنامەی نیـشتمانیی كـوردان، هەروەها زمانیان، سەراپا بە هاتنی ئاریەكان و كۆچكردووەكانی تـر، كەوتنـە بـەر گـۆڕان، لـەم ڕووەوە دەتـوانین كوردەكـان ڕێـك لەگـەڵ میـسریەكاندا بـەراورد بكـەین، چـونكە میـسریەكانی سەردەمانی هەرەزووش بە زمانێك دەدوان كە لە هەموو ڕوویەكـەوە لـەم عەرەبیـە جیـابوو كـە ئێستا پێی دەئاخاون و لە داهاتنی ئیسلامەوە بە شانازیەوە خۆیانی پێوە دەشـەنگێنن. گـەلێ ڕەگەزی تر خزاونەتە ناو ئەم گەلەوە، هەروەها ناسنامەی نەتەوەییشیان بێ هـیچ گومانێـك بـە داهاتنی ئیسلام و داب و نـەریت و دەسـتوورەكانی گـۆڕاون، لـەم بـوارەدا دەكـرێ میـسریەكان دووبارە بكەینەوە نموونە و سەرتۆپ هەر لە سەدەی دەیەمەوە تا ئەم سەردەمەی ئێستامان، ئـەوەی دەیـزانین، میـسریەكان بـەر لـەوەی ببنـە مەسـیحی و ئینجـا ئیـسلام، لەسـەر ئـایینی فیرعەونیی بوون. تەنانەت تا ئەمڕۆش گەورەترین پەڵەی دانیـشتوانی مەسـیحی لـە خـۆرەڵاتی ناوەڕاستدا هەر لـە میـسر دەژیـن و نزیكـەی (١٠٪)ی دانیـشتوانی ئـەو وڵاتـە پێكـدێنن كەچـی لەگەڵ هەموو ئەم تێكەڵبوونە ئەتنیكیەی ڕابردوو و جیاوازیە ڕەگەزییەی ئێستاشدا، كەم كـەس هەن كـە بڵـێن میـسریەكانی ئـەم سـەردەمە نـەوە و میراتگـر و جێگـری گـەل و شارسـتانیەتی دێرینی میسر نین، پەیوەنـدی نێـوان ئێرلەندەییـە ئینگلیـزی زمانـەكانی ئـەم سـەردەمانەش، لەگەڵ باوباپیرانی دێرینی (گال)یاندا، هەر شتێكە لەم بابەتـە، نموونـە لـەم ڕووەوە گـەلێكن و كوردانیش لەم بوارەدا وەكو هەر گـەلێكی دێـرینی تـری ڕووی ئـەم زەمینـەن، كـە بـە درێـژایی زەمـان زمـانی نوێیـان كردۆتـە زمـان بـۆ خۆیـان، یـان بەشـێوەی بنـەڕەتیی كەوتوونەتـە ژێـر

کارتێکردنی فەرهەنگ و نەریتی تـرەوە، ئـەم گۆڕانـە گەورەیـە، زۆر بـە قـووڵی بـە نـاخی ئـەم گەلەدا، وەکو گەلانی تر، داچووە.

دەق بەوێنەی هەر گەلێکی گەورە و گرانی تر، کوردەکانی ئێستا و ئەوجاش، دوا بەرهـەمی ئاوێتەبوون و تێکدا توانەوەی گەلێ بابەتی ئەتنیکی تر بوونەو هەن، ئـەمانیش بـێ هـیچ پـێچ و پەنایەك، هێشتاش ڕەنگ و بۆی کەلتوورێکیان پێوەیـە کـە پاشمـاوەی کـەلتوورێکی کـەوناراتر یان هی کۆمەڵگای ترە و هێشتا هەر ئاسەواری ماوەو سەردەمانێکی هەرەزوو کـەلتووری بـاوی ناو کۆمەڵگای سەروەخت بووە. لە میسر، مەسیحیە قپتیەکان، بۆ نموونە، دوا پاشمـاوەی ئـەو میـسرەن کـە سـەردەمانێك هـەمووی مەسـیحی نـشین و قـپتی زمـان بـوو و ئێـستا داب و نەریتەکانیان هێشتا لەناو فەرهەنگی میسری ئێستای بە ئایین ئیسلام و بـەزمان عەرەبدا هـەر باوە.

لە هەزارەی شەشەمی پێش میلاد بە دواوە لانی کەم چـوار سـەردەمی تێکدا ئاوێتـەبوونی نەتەوەیی لە کوردستاندا ڕوویداوە کە هەر یەکـەیان لـەڕووی پێناسـەوە تـازە هەڵـچنراو و نـوێ بابـەت بـووە، دوا سـەردەم بـە دارمـانی کۆمـەڵگای وەرزێـڕی، پەهلـەوانی دووی، سـەدەکانی ناوەڕاسـتی کوردسـتان کـە بـە ئـایین سـەریە تـیرەی فریشتەکان بـوون، دەسـتی پێکـردووە. تەنینەوەی لەسەرخۆی، کۆچەرە ئاژەڵدارە، کرمـانجی دوو و بـە ئـایین ئیـسلامە سـوننیەکانی هەرێمی هەکاری لە کوردستانی باکووری ئێستادا وا خەریکە دێتە کۆتـایی لـە کاتێکدا نزیکـەی سێ بەشی هەموو کوردان، ڕەگ و ڕیشەی کەلتوور و کەسایەتی ئێستایان دەچێتەوە سەر ئەم پرۆسـەیە. لەهـەمان کاتـدا پەهلـەوانی دوەکـان، کوڕژبوونـەوە و بـوون بـە نزیکـەی چواریەکی کوردان. هەر لەبەر ئـەم هۆیـە، ئەگـەر بیانـەوێ بەڵگـە بـۆ ئـەوە بێننـەوە کـە تاکـە میراتگر و خاوەنی فەرهەنگ و کەلتووری کوردستانن، بەڵگەکانیان لـە هـی قپتیـەکان بـەهێزتر نـابن گـەر بڵێن ئێمە میراتگر و خاوەنی فەرهەنگ و کەلتووری میسرین، و بەهەمان شێوە، هـەر بەقـەدەر میسری بوونی قپتیەکانی ئێستا، ئەوانیش دەتوانن خۆیان بە کورد دابنێن.

بۆ زیاتر قیتکردنەوەی ئەو گۆڕانی ناسنامە و فەرهـەنگی نەتەوایەتیـە، دەتـوانین نموونـەی تـریش بێنینـەوە، دراوسـێ سـەرەکیەکانی کوردەکـانیش واتـە فارسـەکان و تورکـەکان و عەرەبەکان، ناسنامەی فەرهەنگیی ئێستاکەی خۆیان هەر بە پرۆسەی چون ئەوەی کوردەکـان

بۆ ماوەتەوە. ئامۆزا ئەتنییەکانی کوردەکان، واتە فارسەکان، کە ئێستا هەر لە سنوورەکانی چین و هندستانەوە تا وڵاتی مێزوپۆتامیا تەنیویانەتەوە، و خۆ بە کەلتوور و فەرهەنگی خۆیی جیاواز و زمان و مێژوو بەرز و بوومی خۆییەوە دەشەنگێنن، دوا بەرهەمی ئاوێتەبوونی چەندین کۆمەڵی ئەتنین کە هەریەکەیان لەوی تریان جیاوازبووە، بەڵام دەسرۆ و خاوەن مێژوو بوون. ئەم کۆمەڵانە بریتین لەهی وەکو باکتریەکان، سوغدیەکان، کوشانەکان، کەرمانیەکان، میدیە ڕۆژهەڵاتیەکان و گەلێکی دیکە، ئەمانەی دواییان وەنەبێ بریتی بوو بن لە پاشەبەرەیەکی مێژوو و هەر لەبەر ئەم هۆیەش، بە گرووپی فارسی ڕەگەز دادەنرێن کە لەگەڵ سەرەتای ئیسلامدا چوزەرەیان دەرکردووە.

"عەرەب"ەکانی میسر و عێراق و سوریای مەزن، کەلتووره میراتە قیپتی و ئارامییەکەی بەر لە ئیسلامەتی خۆیان هێناوەتە ناو ناسنامەی عەرەبی نوێیانەوە، بێ هیچ گێرمە و کێشە و گیروگرفتێك. تورکمانەکانی تورکیا، لە تێکەڵاوبوون لەگەڵ تورکەکاندا هەنگاوێکی زۆریان هەڵناوە و وا خەریکن پێکەوە ناسنامەی هاوبەشی تورکایەتی وەردەگرن لەو وڵاتەدا.

٢)گوایە وشەی "کورد" کە لەلایەن سەرچاوە هەرە کۆن و کلاسیك و سەدە ناوەندیەکانەوە بەکارهێنراوە نیشانەی ڕەگەزێکی تایبەتی نەبووە، وەکو ئەرمەنی یان فارسەکان، بەڵکو ئیدیەمێکی گشتی بووە و مانای (شوان)ی گرتیۆتەوە.

ڕاستیەکەی گەلێ شارەزای ئەم چاخەی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە کاتێکدا ڕووبەڕووی هەندێ باسی مێژوویی دەبنەوە لە بارەی بوونی پرانبەکی زۆری کورد لە شوێنی دووردەستی ئەوتۆدا کە ئەمڕۆ زۆربەی دانیشتوانیان کورد نین، یەکەندەردوو و ساویلکانە دەبنە داوی ئەو بیروڕایەوە کە گوایە وشەی "کورد" بەو شێوەیەی لە سەرچاوەکانی سەردەمە کۆن و ناوەندیەکاندا بەکارهێنراوە، بۆ وەسفکردنی شێوەیەکی ژیان بە کاربراوە، نەك بۆ ئاماژەکردن بۆ پێکهاتەیەکی ڕەگەزی. هەروەها، زۆربەی ئەو بابەتانەی ئەمڕۆکە بۆ دەستنیشانکردنی شوێن و جێگەی کورد لە مێژوودا دانراون، وا بە خوێنەرانیان نیشاندەدەن کەوا وڵاتناسانی سەدەکانی کلاسیك و ناوەڕاست لە کارەکانیاندا ناوی "کورد"یان بۆ هەموو ئەو خەڵکانە داناوە کە چیانشین و ڕەوەندو پەزدار بوونە، جا لە هەر تیرەو نەتەوەیەك بووبن.

واتە، لەم سەرچاوە کۆن و بە نرخانەدا، ئەگەر کۆمەڵە خەڵکێك هەرچەندە بە کوردیش باسکرابن، ئەوە هیچ پەیوەندیەکی بە پێکهاتەیەکی ڕەگەزیی کوردەوە نیە.

هەروەها، دانەری ئەم کتێبە خۆشی، هەرچەندە بە پارێزیشەوە بوویێ خلیسکاوەتە ناو ئەم هەڵسەنگاندنە ڕووکەشییە یەکجار چەوتەوە (بڕوانە ئیزەدی ١٩٨٦) بەهەردوو پاوە کەوتنە ناو ئەم هەڵەیەوە، دەکەوێتە مل باش نەگەیشتن لە کۆچکاریە مێژووییەکانی کوردان، لەم بارەیەوە دەبێ بزانین، کە هەزارەها کورد، لە چەند هەزار ساڵی ڕابردوودا لەسەرزەمینی خۆیان هەڵکەنراون و لەسەرزەمینی نوێ نیشتونەتەوە. هەندێکیان ناوی کوردیان هەر پێوە ماوە و هەندێکیان ناوەکەیان بەرەبەرە چۆتەوە و لەناو پێکهاتەی ئەتنی تردا تواونەتەوە (بڕوانە کۆچکاریە مێژووییەکان) لەگەڵ هەموو ئەمەشدا ئەو گومانباریانەی دەخرێنە سەر شوێن و ڕێی ڕاستەقینەی کورد لە مێژوودا، وەکو بەفری بەهار لەبەر هاڵاوی پڕ تینی ئەم ڕاستیانەی خوارەوەدا دەشوێنەوە:

أ)هیچ سەرزەمین و وڵاتێك ناوی بە کوردەوە نەبەستراوە، ئەگەر ئێستاش هەر نەبێ ئاسەوارێکیانی لێ نەمابێتەوە، یان تەنانەت پاش چەندین پرۆسەی دوا بە دواییەکی کۆچکردن و دەرپەڕاندن (کە تا ئێستاش هەر بەردەوامن) باسی مەڵبەندی ئەسڵییان نەهاتبێ.

ب)چیاکانی زاگرۆس ئەو سەرچاوەیەن کە زۆربەی هەرە زۆری کوردانیان لێوە هەڵقوڵاون لە سەردەمانی دێرینەوە. ئێستاکەش کوردان زۆربەی دانیشتوانی ئەم چیایانەن.

ج)گەلێ گرووپی پەز لەوەڕێنی تورك نەژاد کە هەر ئاماژە بۆ چەند وانەیەکی کەمیان دەکەین وەکو قەشقاییەکان، ئەفشارەکان، ئینانلوەکان، قەرەگوێزلوەکان، لانی کەم لە (٥٠٠) ساڵی ئەم دواییانەوە لە چیاکانی زاگرۆس نیشتوونەتەوە و بەشێوە بژێوێکی وەکو هی کوردانەوە ژیاون، کەچی لە هیچ قۆناغێکی مێژوودا بە کورد باس نەکراون.

ء)ئەو گرووپە ئێرانی ڕەگانەی کە بەردەوام بە کورد ناوبراون لە سەرچاوە کۆنەکاندا، بریتین لەو خێڵانەی لە زاگرۆس نیشتەجێن، وەکو شەبانکارەکان، مامەسەنیەکان، گیلۆکان، بۆیەر ئەحمەدەکان و لوورەکان، ئەمانە، لەڕاستیدا، بەر لەوەی لە هەزار ساڵی ڕابردوودا بتوێنەوە، کورد بوون، ئەوان ئێستاش هەندێ نیشانەی دابەشبەندی و ناوی کوردیی خێڵەکییان

هەرپێوەیە، بەمەش ئیسپاتی دەكەن كە جاران بەشێك بوون لەم گەلە (بڕوانە ئاوێتەبوون و تێكداتوانەوە).

بۆیە، بێ هیچ یەكو دوویەك، ئەو كوردانەی لە سەرچاوە كلاسیك و ناوەندیەكاندا ناویان هاتووە كوت و مت بە نەتەوە كوردی بێ خەوشن و باوباپیرانی كوردانی ئەم سەردەمەن، هەروەها هی ئەوانەی كە لە سەرەتای سەردەمە ناوەندیەكانەوە بەدواوە.

ناسنامەی ئەتنی تریان وەرگرتوە لە باشووری زاگرۆسدا. ٣)گوایە كوردان خاوەنی زمانێكی هاوبەش و ئایینێكی هاوبەش نین كە وەكو گرووپی نەتەوەیی پێكەوە شەتەكیان بدا. ئەم مەسەلەیە، ئەوی ڕاست بێ، پێویستی بە لێوردبوونەوەی پتر هەیە. ئەمڕۆكە، كۆمەڵگای كوردەواری لە ڕووی هەموو ئەو پێویستیانەوە كە بۆ پێكهێنانی ناسنامەی نەتەوەیی پێویستن وەكو ئایین، زمان، شێوەكانی بەرهەمهێنانی ئابووری و و خاكی یەكپارچە، یەكڕەنگ و یەكبارنیە، بۆ نموونە، ئاستی لێكگەیشتنی لەنێوان زاراوە جیاجیاكانی كوردی دا، لە لێكگەیشتنی نێوان فەرەنسی و ئیتالی و ئیسپانی و پورتوگالی باشترنیە، لە ڕووی پێكهاتەی جەستەوە، كوردان گرووپێكی هەمە چیزەن. تێكڕای سەرزەمین و گەلەكە لە سێ پشتی ڕابردوەوە یەكیەتی جەستەی بە خۆیەوە نەبینیوە، لە سێ پشت مەبەستمان ئەو ماوە زەمەنیەیە كە بۆ دروستكردنی زۆربەی ئەو نەتەوە دیارانەی كە ئیمڕۆ. لەسەر ئاستی گشت جیهاندا بە نەتەوەی سەربەخۆ دەناسرێن پێویستە.

كوردان لە ڕووی ئایینەوە، بەسەر چەندین ئایین و لق و پوپیاندا دابەش بوون و ئابووری كوردییش هەمیشە هەمە جۆرە بووە. لە لایەكەوە، ڕەوەندی و خڕ وەرزێری و لە لایەكی دیكەوە، خزمەتگوزاری شار سیما و سەنعەت و بازرگانی كە هەموو پێكەوە هەر نەبێ لەم هەزارەی دواییەوە شان بەشانی یەك بوونیان هەبوە. لەم كتێبەدا، زانیاری پێویست لەسەر ئەم سەر باسانە خراونەتە بەر دیدەی خوێنەر.

دیارە ئەم جیاوازیانە، ڕێ لەوە دەگرن كە كوردان ملی لێ هەڵكێشن و بڵێن بەڵێ ئێمە چون چوڕی شیر هیچ پێكهاتەیەكی ترمان تێدا نیە، بەلام لەم فرە بابەتیەدا هەر كوردان بە تەنها نین، بە مەرجێك وەكو نەتەوەیەكی خاوەن جیاوازی ناوخۆیی دابنرێن، نەك وەكو كەمینەیەكی ئەتنیكی سەر بە نەتەوەی تر، كەمینە ئەتنیكییەكان بە سروشتی یەكڕەنگی و

تایبەتی زمان و ئایین یان ڕەگەز لە زۆرینەکان جیادەکرێنەوە، نەك بەفرە باوکی ئەم نیشانانە، کوردەکان نەتەوەیەکی فرە زمان، فرە ئایین و فرە ڕەگەزن، بەڵام مێژوویەکی نەتەوەیی و فەرهەنگێکی یەکگرتووی سەربەخۆی تایبەش بە خۆیان هەیە. کورد بەوە لە کەمینەی ئەتنیکی جیا دەکرێنەوە کە فەرهەنگەکەی بەشێك نیە لە فەرهەنگی نەتەوەیی زۆرینەیەك، مێژووەکەشی بەشێك نیە لە مێژووی نەتەوەیەکی گەورەتر.

لە پەلپەلیی ناو خۆیاندا، کوردەکان زۆر لە عەرەبەکان دەچن، چونکە ئەوانیش وەکو ئەمان پێکهاتەیەکی فرە ڕەگەزی، فرە فەرهەنگی، فرە ئایینی و زمانن.

عەرەبیی ستاندەرد، واتە (فوسحا)کە بە ئەدەبێکی عەرەبی ڕەسەنی وەکو هی قورئان پشت ئەستوورە، زمانی نەتەوایەتی هیچ کۆمەڵێکی عەرەبی ئەم سەردەمەی ئێستا نیە، ئاستی لێکگەیشتن ئەوانەی کە بەشێوە جۆراوجۆرەکانی ئێستای زمانی عەرەبی دەدوون هەر لە مۆریتانیا و مەراکشەوە بگرە تا دەچێتە لوبنان و عێراق و عەمان، ڕێك وەکو ئاستی لێکگەیشتنی گرووپە جۆراوجۆرەکانی کوردە. هیچ گومانێك لەسەر ناسنامەی عەرەبایەتی ئەم گرووپانە نیە کە خۆیان بە عەرەب دەزانن، هەرچەندە لە شێوەزاریشدا ئەوها لێك جودان، چونکە ئەو حکومەتانەی کە حوکمڕانی وڵاتانی عەرەبن بەوپەڕی تواناوە ئەو ناسنامە یەکگرتووەیان پایەدار و پارێزراو ڕاگرتووە.

گەلان، تا بتوانن کەلەپوور و ژیانی نەتەوایەتی خۆیان بگەشێننەوە و پتەویان بکەن، پێویستیان بەوەیە دلهاتەکانیان بە ئازادی بەکاربێنن، ئەگەر نا، بەڕێکوپێکی بەرەو پێش ناچن، ئەم جۆرە ئازادیە دەشێ لە شێوەی حوکمی ئۆتۆنۆمییدا بێ، وەکو ئەوەی کوردان لەژێر سایەی ئیمپراتۆریەتە فرە نەتەوەکاندا هەیانبووە، یاخود لە شێوەی سەربەخۆیی تەواوی وەکو ئەوەی لە ژیانی نێودەوڵەتی ئێستادا باوە، ستاندەردیزەکردن و سەراسوێی کردنی دەوڵەت لە پێکهێنانی زمانێکی ئەدەبیی هاوبەش، واتە فوسحا (فصحی)، بۆتە مایەی یەکێتی عەرەبەکان لە بواری ناسنامەی نەتەوەییدا، ئێستا عەرەبەکان وەکو نەتەوەیەکی گەورەی دەسەڵاتدار بەرووبوومی ئەو یەکێتییە دەخۆن و لەم ناسنامە هاوبەشە نوێیەدا کە هەر لەم سەدەی دواییدا وەدەستیان کەوت، دەستیان بەسەر گرووپی جیاجیای تریشدا گرتووە.

کەچی، بەپێچەوانەوە ئەم سەدەیەی ئێستا لەگەڵ خۆیدا بۆ کوردستان ئەوەندە پارچە پارچەیی هێناوە، کە هەرگیز لە مێژووی کورددا ڕووی نەداوە. بە داهاتنی دەوڵەتی نوێ لە ڕۆژەلاتی ناوەڕاست کە بەسنووری نیشتیمانی قایم و باش پاسکرا و پارێزراون، بزووتنەوەی کوردان و ئاڵوگۆڕکردنی فەرهەنگ و بیروڕا لەنێوان پێنج پارچەکەی کوردستاندا، یەکجاری بوە بە کارێکی تا بڵێی دژوار، ئەم بارە زیاتر بە دوژمنایەتی و نەیاری پەرەسەندووی نێوان ئەو دەوڵەتانەی کوردان تیایاندا دەژین، زیاتر ناڵەبار بوە.

لە گەلێ لاوە، کوردستانی ئەم سەردەمە نموونە و نیشاندەری شێوەیەکی زەقیی دواکەوتووییە لە بواری پێشکەوتوویی نیشتمانییدا. دانیشتوانەکەی لە بارەی ناسنامەی نەتەوەیی گشتییەوە سەریان لێ شێواوە، بە کورتی، ئەوان لە سەرەتای (١٩٢٠)ەکاندا لە جێی خۆیان چەقین، کەچی گەلەکانی دراوسێیان، زیاتر نەشونمایان کرد و لە بواری ئیدیۆلۆجیایەکی نیشتمانی یەکگرتوو و فەرهەنگ و زمان و مێژووی نەتەوەیی (ڕاست بێ یان هەڵبەستراو)، میزاجی میللی و فەرهەنگی سیاسییدا پێشکەوتن و گەشەیان کرد بۆ نموونە، تەنانەت ئاهەنگە نیشتمانییە سەرەکییەکان لە کوردستان، ئەوەندە لە کات و ساش و شێوەی جیاجیادا دەگێڕێن، تا وای لێ دێ وشەی (نیشتمانی) ئەوەندە بۆ ڕووداوەکان گونجاو نایەن و بۆ کوردەکان خۆیان دەبنە مایەی هەراسانی (بڕوانە جەژنەکان، ئاهەنگەکان و ساڵنامە). کوردێکی خەڵکی کرماشان لە ئێران بۆ ئەوەی لەگەڵ کوردێکی هەولێری عێراق، یان خەڵکی عەفرینی سوریا یان دیاربەکری تورکیادا گفتوگۆ بکا، دەبێ زمانێکی تر بەکاربێنێ، چاك و چۆنی ئاسایی لێدەرچێ، و ئەمە دەبێ بە مایەی سەرسوورمان کەسێکی بیگانە گەر بە هەڵکەوت لە ناویاندابێ، هەمان شت یەخەگیری عەرەبی وڵاتە جۆراوجۆرەکان دەبوو، گەر فوسحا (فوسحا) بۆیان نەبوایە بە هۆکاری لێکگەیشتنیان.

کار بەوەندەوە نەوەستاوە، بەڵکو خۆی گەیاندوەتە ئاڵای "نیشتمانیش" ئەوەتا دوو ئاڵا هەن کە هیچیان نیشانەیەکی کوردییان پێوە نیە.

ئەمڕۆکە دوو ئاڵا بەسەر وڵاتی کوردستانەوە دەشەکێنەوە، هیچیان لە ڕووی ڕاستییەوە تایبەتمەندی یان نیشانەیەکی "کورد"ییان پێوە نیە و ناچنەوە سەر کورد. دوو وێنەی ڕەسەن و دێرینەی کوردیش ئاڵای جامیعەی عەرەب (هەڵۆی سەلاحەدین) و کۆماری عێراقیان ڕازاندۆتەوە.

لەنێوان ساڵانی ١٩٥٩ و ١٩٦٢دا ئاڵای عێراق ڕۆژێکی زێرینی تێدابوو کە بە حەوت پەڕەی سوور ڕازابووەوە، واتە حەوتە وانە پیرۆزەکە. لە ڕووی کەلتوورەوە ئەم ئاڵا دەوڵەتیەی عێراق گەلێ لەو ئاڵایە کوردانەتربوو، کە ئێستا کوردەکان کردوویانە بە ئاڵای نەتەوەیی.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** Martin van Bruinessen, "The Ethnic Identity of the Kurds," Peter Bumke "The Kurdish Alevis: Boundaries and Perceptions," and L. Nestmann, "Die ethnische Differenzierung der Bevölkerung der Osttürkei in ihren sozialen Bezügen," in Peter Andrews, ed., *Ethnic Groups in the Republic of Turkey* (Wiesbaden: Reichert, 1989); Mehrdad Izady, "The Question of an Ethnic Identity," *Kurdish Times* I.1 (Spring 1986).

## کەسایەتی نیشتمانی

ویلیام ئیگلتنی (باوک) باڵیۆزی ئەمەریکا، گەرچی ئەم چەند وشەیەی بە تایبەتی لە بارەی خودی ژەنەراڵ مستەفا بارزانییەوە نووسیوە (بڕوانە کەلتووری سیاسی و سەرکردایەتی). بەڵام ئەو دەیتوانی بیانکا بە تێبینییەکی کورت و وردبینانە و کاڵایەکی پڕ بە باڵای هەر تاکێکی کورد لە هەر جێیەك بێ. ئەو — واتە بارزانی — وەرگێر — دەمودەست لە گەوهەری مەسەلەکان دەگەیشت و کاکڵەگیری دەکردن و زیرەکیی دیپلۆماسی و سەربازی خۆی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دەخستە کار، لەپاڵ ئەوەدا هەندێ کەلێن لە کەسایەتییدا هەبوون کە مرۆڤ ناتوانێ ڕاگوزارانە بەلایاندا ڕەت بێ و بە ئاسانی بازیان بەسەردا بدا، لەوانە پێداگرتنی سەختی لەسەر بیروڕاکانی، متمانەکردنی زۆری بە کەسایەتی خۆی تا سنووری بوغرایی، زۆر حەزکردنی لە باسکردنی سەربوردی خۆی، هەمیشە لەسەرپێ بوونی بۆ قۆستنەوەی هەلەکان و لە دەست نەدانیان، و بە گرانی هاتنە خوارەوەی لە بۆچوونەکانی (Eagleton١٩٦٣)، دانا ئادەمزشمیتی ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی ئەم چەند وشەیە دەخاتە سەرباسی خەسڵەتەکانی "تێبینییەکانی هەمیشە لەناو تەمومژەوە دەردەکرد و بۆ باسکردنی بابەتەکانی هەمیشە سوودی لە چیرۆك و سەرگوزەشتە وەردەگرت (١٩٧، Adams Schmidt١٩٦٤).

هەرچەندە کورد هەمیشە لە بێگانە و شتی نەناسراو بە گومانن، کەچی بۆ گۆڕینی هەڵوێست و باوەڕکردنی پێیان خێران، ئەوان. چ گەل چ تاکیان، هەر یەکەیان چەندین چیرۆکی

خیانـەتی "ناشـەریفانە"ی لـەبیرە و باسـیان دەكـا، كـە لەلایـەن كەسـان و كۆمەڵانێكـەوە بەرامبەریان كراون كە ئەوان متمانەیان پێیان هەبوە.
لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان هەرگیز لەسەر ئەو ساویلكەییە ئاشكرایەیان، ئامادەی قبـووڵكردنی ڕەخنەلێگرتن نین.

# پاڵەوان

ئەشـێ كەسایەتی نموونـەیی كـورد، لـە وێنـەی پاڵەوانێكدا خـۆی بنـوێنێ كە بریتیـە لـە سوارچاك یان میرخاسێك كە پێویستە ئەو لافی مەرد ئازاییـەی لێـی دەدا، بـە كـردەوەی ئـەوتۆ دەریبڕێ كە پڕن لەوپەڕی ئازایەتی دوزەریفی و جـوامێری. داب و دەسـتووری پاڵـەوان، هـەمان جۆری پاڵەوانەكانی سێر واڵتەرسكۆتن. لەوانەیە هەر لەبەر ئـەم هۆیـەش بـێ، كـە ڕۆژئاواییـانی وەكو لـۆردكێرزن و سـی. جـی. ئیدمۆنـدز، تـا دادوەر ویلیـام ئـۆدۆگلاس و ڕۆژنامـەنووس دانـا ئادامزشمیـت، تـا ئـەو سـەربازە ئینگلیـز و ئەمەریكاییانـەی كـە پاسـەوانیی كـامپی پەنابـەرە كوردەكـانی توركیـا و عێراقیـان دەكـرد، كوردەكانیـان بـە ئـادەمیزادی ڕووح سـووك و خۆشیرینكەر داناوە.
بەهەرحاڵ، تاكی نموونەیی كورد، دژبـە كـاری بەكۆمـەڵ و پـلان دانـانی بـە كۆمەڵـە و لای هەندێ كەس توانای هیچیانی نیە، ئەو لە كۆتەرەوە، لە ناوخۆدا نەبانە و باوەڕی بـە تاكایەتییـە وەكو باشترین جۆری ژیان لە شێوەی "تاكە هەڵۆی بەرز فـڕی سـەر لووتكـەی چیاكان"دا كـە مەسەلێكی باو و بڵاوی نـاو كوردانـە. ئـەوی ڕاسـت بـێ، شێوەی سـەخت و لێكدابڕی خـاكی كوردستان سەبەبكاری هەرە سەرەكیی، دروستبوونی گیانی دووره پەرێزی و هەسـتی بـەهێزی پشت ئەستووری و بەخۆ نازینە لەناو دانیشتوانی كوردستاندا.
هەر كوردێك بیگری شانازی زۆر بەوەوە دەكـات كـە زۆر دەچێتە قـووڵایی بابەتەكانـەوە و زۆر باش لێیان ورد دەبێتەوە. هەر ئەم خەسڵەتە خۆی زۆر جار لە ڕۆڵەی نەتـەوە دراوسـێكانی جیای دەكاتەوە، كـوردێكی زۆریش هـەر لـە كۆنـەوە لـەم بـوارەدا ناوبانگیـان دەركـردوە، بـۆ نموونە دەتوانین كاری دوو گەڕیدەی گـەورەی كـورد (ابـن فـضلان) و (دینـەوەری) بكـەین بـە

شایەد. راپۆرتە ورد و پاش کۆزەر و بەریا کراوەکانی یەکەمیان لە بارەی گەشتەکەیەوە بۆ ئیسکەندیناڤیا لە سەدەکانی ناوەندا و ئەو باسە پلە بەپلە و هەنگاو بە هەنگاوەی، دووەمیان لە بارەی پرۆسەی قاڵکردنەوەی کانزاکانەوە لەلایەن گەلە جۆراوجۆرەکانەوە، کردویانە، باشترین بەڵگەن بۆ ئەم بابەتە.

تاکی کورد، کە کەسایەتیەکی ڕووخۆش، ئازادەسروشت و لە ڕیشەوە بێلایەن و ڕاشکاو و قسە لەڕووە، هەرگا لەگەڵ یەکێکدا دۆستایەتی بەست، چی هەبێ و نەبێ دەیخاتە بەر دەست ئەو کەسە، زۆرجار بەگیانێکی ئەوەندە بەخشندانەوە کە لەوانەیە خۆی بدا لە سنووری خۆ خستنە مەترسیەوە بۆ خاتری نەناسێك، سەر و سامان دەکرێن بە قوربانی و تەنانەت لەوانەیە شەڕی خوێناوییش بقەومێ لەنێوان دۆستانی دێریندا، لە پێناوی پێشکەشکردنی خزمەتێك بۆ ئەو نەناسە، دیاریشە هەر لایەیان دەیەوێ ئەو شەرەفە گەورەیە بەرخۆی بکەوێ.

لە کاروباری خۆشەویستی و ئەویندا، کورد زۆرتر ڕۆمانسی و بێباکانە هەڵسوکەوت دەکەن، خۆکوژی یان کوشتنی بەرهەڵستکار، لایەکی ترسناکی دیکەی ئەم زۆرانبازیە خۆشەیە، ئەم جۆرە وێنانە زۆر بە قووڵی و زەبەنی لە ئەدەب و چیرۆکە میللییە کوردیەکاندا باسیان هاتووە. وا دەوترێ کە کوردان یەکگیرییەکی توند و تۆڵ و هەتاهەتایی لەگەڵ ژنەکانیاندا رادەگرن، بەڵام ئەمە هەرگیز نابێ ئەوە بگەیەنێ، کە تاکی کورد هەموو ژیانی خۆی بۆ هاوسەرینەکەی تەرخان دەکا و هەرگیز هاوسەری تر، یان دۆستی تری بەسەرەوە ناگرێ.

بۆ میوان پەزێری، کوردان یەکجار بەناوبانگن، بەڵام ئەم میوان پەزێریە گەرم و گوڕەتینێکی ئەوتۆی نامێنێ، ئەگەر میوانەکە "یاریکەر"ێکی زیرەك و کارامە نەبێ، کابرایەکی وشکی، دڕژی سەختگیر، جێ پاشەڵی گەرم ناکاتەوە، تەنانەت لە ماڵی گەورەترین خانەدانی کوردیشدا. گەر لەگەڵ سادەیی و ڕووح سووکی و دڵپاکی خانەخوێکەیدا نەگونجێ، بە میوانێکی یەسك قورس و ڕەزاگران دادەنرێت. پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە، خێراترین ڕێگا بۆ لەدەستدانی دڵ و دەڕوونی هەر کوردێك، ئەوەیە شان بکەی بەشانی ئامۆژگاریکاریدا لە بارەی سوودی بەوێڵی و زمان شیرینی، یان ژیانی خەوناوی و ئاسانەوە.

لە لایەکی دیکەوە، لای کورد شەرەف تەنانەت لە ژیانیش بەنرخترە، زۆرجار ژیان دەکرێ بە قوربانی شەرەف. ئازایەتی، بەنرخترین سیفەتی هەر مرۆڤێکە، چ ژن چ پیاو، ئەوەی ئازا

نەبێ شەرەفیشی نابێ، لە لێقەوماندا، دەستكردنەوە مەرجی سەرەكییە، ئینجا ئەنجام چی و چۆن دەبێ، ئەوە زۆر گرنگ نیە، بۆیە گەر یەكێك ئازایانە دەست هەڵبێنێتەوە، بیباتەوە یان بیدۆڕێنێ، شتێكی بایەخدار نیە، ساڵی ١٩٩١، پاش شەڕی كەنداوی فارس، بۆ ئەو كەسانەی كە شارەزای سروشت و ڕەفتاری كوردان بوون، جێی سەرسووڕمان نەبوو كە ببینن پەنابەرە كوردەكان لە پێشدا و لە سەروو هەموو شتێكەوە ڕەخنەیان لە سەركردەكانی خۆیان دەگرت نەك دوژمنە نا كوردەكانیان سەبارەت بەو هەموو نەهامەتییەی كە بەسەریان هاتبوو، سەركردەكانیان لە نزیكەی سێ ساڵدا، دوو جار ئەمانیان گورگان خواردوو ناچار بە هەڵاتن كردبوو (هەڵاتن بۆ پاڵەوان كاری كردن نیە) بەمەش سەركردەكانیان كەلێنیان خستبوە شەرەفیی جەنگاوەرانەوە... بەرلەوە، ساڵی ١٩٧٥ كاتێك سەركردەی گشتی ژەنەڕاڵ بارزانی پاش هەرەسهێنانی شۆڕشەكەیان فەرمانی كشانەوەی پێدان، زۆربەی پێشمەرگەكان مەسەلەكەیان نەدەچوە ئەقڵەوە، ئەوان نەیاندەتوانی ئەو ڕاستیە قووت دەن كە دژ بە داب و نەریتی دێرینەیان بوو، بۆیە هەتا بۆیان كرا پێیان لەسەر مانەوە داگرت لەناو خاكی خۆیاندا و داكۆكیان كرد كە ئەوان دەبێ وەكو "سوارچاك و كەڵەمێرد" ڕەفتار بكەن.

دەست پان نەكردنەوە و هەمیشە خۆ بە دارانیشاندانیش یەكێكە لەو یاسایانەی كە كورد لە ئاستی شەرەفدا دایاندەنێ، هەموو كەس بۆ پەیداكردنی سامان، كە برای هاوپشتە بۆ بدەیی و بێباكی دارایی، مەبەستێكە كە گشت كەس ڕەنجی بۆ دەدا. تەنانەت ئەگەر نامەیەك بنوسرێ و تێیدا باسی كەسێك بكرێ، زۆر شتێكی سروشتییە بگرە مایەی شانازیشە بۆی گەر ئەو كەسە بە "دەوڵەمەند" ناوببرێ. هەرچەندە پیاوەشی و بازووی بەهێز زۆر گرنگن بۆ هەر تاكێكی كورد، بەڵام ڕەشە كوردی لادێ نشین، لەجیاتی دەرپەڕاندنی ماسولكەی سینگ بۆ دەرخستنی "بەتوانایی"، زیاتر ورگ دەردەپەڕێنن (تا دەریخەن كەوا باشیان خواردوە و لە ڕووی دارایی یەوە هیچیان كەم نیە).

لە كاتی داكۆكی كردن لە بابەتە ئایینیەكانیدا، هەر كوردێك تا ئەوپەڕی بە توندی بۆی دەڕوا، هەرچەندە لەوانەشە بە باشی نەزانی داكۆكی لە چی دەكا. ئەگەر هەر خۆی بێ، ئەوەندە بە تەنگی بەجێهێنانی فرمانە ئایینیەكانیەوە نایەت، ئەگەر لەگەڵ خواست و ئارەزووە كۆمەڵایەتیەكانییدا زۆر نەگونجێن، ڕێزی كەسایەتیە ئایینیەكانی وەكو پیر و شێخ و

مەلاو هی تر، کە بە گوێرەی یاسای کۆمەڵایەتیش جێی ڕێزن، هەر بەقەی ئەو ڕێزەیە کە بۆ سەرۆك هۆز و ئەندامانی بنەماڵە میرنشینە ناوخۆییەکان دایدەنێ. لە کاتێکدا لای بێگانان کورد بە توند مەزەب دادەنرێن لە بواری ئاییندا، کەچی ڕاستیەکەی ئەوەیە، بەدەگمەن، وەکو دیندارێکی زۆر پابەند دەردەکەون.

## چیاکان

لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە، کورد گەلێکی وڵات – بەچکەیە، مێژوو و کەلتووریان لەگەڵ چیاکانیاندا، هەندە تێکولوولن، کە بوونی کورد لە پێدەشتدا وەکو کارێکی پێچەوانە بەسروشت وایە، ئەوان خۆیان قسەیەکیان لەناودا باوە "چیاکان تەختکە، لەیەك ڕۆژدا ئەوەی ئاسەواری کوردە نامێنێ". ئەوان، وەکو ماسی و ئاو، هەرگیز لێك ناتاکێنەوە "پەیوەندی کوردێك و چیاکانی دەوروبەری، وەکو پەیوەندی نێوان وەرزێڕ و کێڵگەکەی وایە" (بڕوانە سیابەند ١٩٨٨) لای ئەو، چیا وەکو شتە ئاسمانیەکان پیرۆزە: چیا دایك، پشت و پەنا، پارێزەر، ماڵ، کێڵگە، بازاڕ، هاودەم و برادەر، و تاقە دۆستیەتی ئەم پەیوەندیە پتەوەی مرۆڤو چیا لە هەموو هۆکارێکی دیکە زیاتر بەرجەستەکەری دیمەنی کەلتووری و ڕووکار و دەروونی کوردستانە. ئەم پێوەلکانە بەتین و لێك جیانەبوونەوەیەی کوردان لە دەوروبەرەکەیان بوونە بە سەرچاوەی گەلێ بیر و بۆچوونی میللی ئەوتۆ کە دەڵێن: لە هەرجێ چیا هەبێ، ئەوا کوردیش هەیە.

هەر هۆزێکی گەورەی کورد کە لە سەردەمە مێژووییەکاندا دانیشتووی دەشتوویانەکانی هاوسێ و دەوروبەری وڵاتەکەیان بووبێ، زوو بەزوو لەناو گرووپە ئەتنییەکانی دەوروبەریدا تواوەتەوە.

(بڕوانە هۆزەکان، کۆچکردنە مێژوویی یەکان و دەریەدەرکردن و بە زۆر جێگیر کردنەوەکان)، کەچی تاکانەوە لە دوو توێی چیاکاندا، کوردی کردوە بە گەلێکی زیندووی بە پەلوپۆی لە توانەوەوە نەهاتووە بەدرێژایی مێژووی چەند هەزار ساڵەی کورد واتە ماوەیەکی ئەوەندە درێژ کە ئەگەر نەتەوەیەکی تر بوایە بە تەواوەتی لەناو کەلتووری باڵادەستدا دەتوایەوە، کوردان هەر بەجیایی ماونەتەوە، لە بەرامبەردا، نزیکەی هەموو ئەو نەتەوانەی

لەناو چیاكاندا هاوژین بوونە لەگەڵیاندا وەكو سیثیەكان، ئالانەكان، ئارامی یەكان، ئەرمەنیەكان، فارسەكان، عەرەبەكان، مەغۆلەكان، توركمانەكان و توركەكان بە جۆرێك كوردرێنراون كە ئیتر ببڕای ببڕای ڕەسەنیان نەناسرێتەوە.

بەڵام، چیاكان بەهەمان ئەندازەی كە سەربەخۆییان بۆ كوردان هێناوەتە دی، ئەوەندەش بوونە بە مایەی لێكدابڕانیان. تەنانەت ئاڵوگۆڕكردنی كاروباری ناو كۆمەڵایەتی هێشتا شتێكی ئەوتۆ باونیە لە ژیانی ڕۆژانەی كورداندا. پەیوەندی نێوان هۆزی لێك دوور و دوور دابڕا و ئەوە هەر هیچ. شەڕی نێوان كەسان و تیرە و تایەفەی كورد شتێكی باو بوە بە درێژایی چەندین سەدەی بەرێ و زۆر بەشیان لە ئەنجامی لێكدووریی سەرزەمین و باری نەفسی بوە. هەر ئەم چیایانە خۆیان ئۆباڵی دابەشكردنی زمانی كوردییان بەسەر چەند زاراوەدا دەكەوێتە ئەستۆ، هەروەها هی ئایینەكانیان بەجۆرێك كە بوە بە بابەتی لێكۆڵینەوە و شوێژەنكاری، لە پاڵ هی هونەر و داب و نەریتیان كە تا بڵێی جۆرا و جۆرن.

لەبەر ئەم هەمەرەنگیە، لە ڕابردوو و تا ڕادەیەك ئیمڕۆكەش، كورد نەیتوانیوە ئەوەندە یەكڕیزی پێك بێنێ كە ببێتە بنیاتنەری نموونەیەكی سەرەتایی بزووتنەوەیەكی سیاسی گشت كوردی كە بەرەو سەربەخۆیی بیانبا. لێرەدا جێی خۆیەتی ئەوە بزانین كە تاكی كورد هەمیشە لە هاتووچۆكردنی ناو سەرزەمینەكەی خۆیدا سەربەست بوە و لە "وڵاتێك"ەوە بۆ یەكێكی تر ئازادانە تێپەڕیوە، ئەوی ڕاست بێ تا ئەم دواییانە ئەم هاتووچۆكردنە زیاتر لە گەشتی هۆزە پەز-لەوەڕێنەكاندا خۆی نواندوە كە بەدوای ماڵات و لەوەڕدا چەند سنووری نێودەوڵەتیان بەزاندووە.

## جاش

بێ یەكودوو دەتوانین بڵێین كە ژیانی كوردەواری ئەوەندە ساف و زەنگ و نزیكە سروشتە بەجۆرێك لە ڕابردوو ئەمڕۆكەشدا كە كەمتر بواری ئەوەی داوە دیاردەگەلێكی وەكو ناپاكیی، پیلانگێڕی و تەڵەكەبازی پێویست بۆ دروستكردنی كەسایەتی سیاسی سەركەوتوو تێیدا، دەردەكەوێ، تەنانەت لەو چەند ڕێكەوتە كەمەشدا كە پیاوانی وەكو سەلاحەدین و كەریم خانی زەندیان تێدا هەڵكەوتوە و لە باری سیاسیەوە ناوبانگیان داوەتەوە، دڵچاكی و دەروونپاكی لە ڕادەبەدەریان بەزیانی گەلەكەی خۆیان كەوتۆتەوە. ئەوەتا چوونە ناوەندی ئیمپراتۆریەكانیان

بردۆتـە دەرەوەی کوردسـتان، لـەناو خـەڵکی نـا کـورد، بـەڵام هەمیـشە کـورد سـووتەمەنی سەرکەوتنەکانیان بوە.

مەرجی بوون بە سیاسـەتمەداری بـاش، پێویـستی کـردوە لـە باوەشـی چیاکان دەرچـن و رووبکەنـە شـارەکانی نێـو پێدەشـتەکان، کـە سیاسـەتبازیی تێیانـدا پیـشەیەکی پـەیڕەوو سەرکەوتوە، بەڵام هەرگا ئەوانە، ڕۆژێك لەڕۆژان، بگەڕێنەوە ناو چیاکان ئـیتر وەکـو جـاران پـڕ بەدڵ متمانەیان پێ ناکرێ لەلایەن خەڵکانی ئەوێوە و بـەو چـاوە سـەیر دەکرێن کـە گوایـە لـە باوەشی گەرمی دایکە چیا وەرگەڕاون و رەنگ و بۆی خەڵکی بە پێچ و پـەنای پێدەشـتەکانیان گرتوە، ئەم کەسانە لەگەڵ خۆیاندا پەیامێك بۆ کوردانی چیانـشین دێـنن، کـەها سـەیرکەن کـە لەخۆ گۆڕان و کاڵژی کوردایەتی فرێ دان و چوونە نێـوی ناکوردیـەوە چـەند چـەور و بەسـوودە (بڕوانە ئاوێتەبوون و ئەسیمیلاسیۆن).

ئـەوی ڕاسـت بـێ، ئـەو کوردانـەی لـە چیاوبانەکان دەژیـن، کـەمتر متمانـە بـە کـوردە شارنشینەکانی ناو پێدەشتەکان دەکـەن و بـە کوردیـان دانـانێن و باوەڕیـان بـەوە نیـە ئـەوان سەرکردەییان لـێ بوەشـێتەوە، رابـەر و سـەرکردەی ڕاسـتەقینەی کـورد، لای ئـەوان، دەبـێ نهێنیـەکانی نـاو چـیا و دۆڵ و لـووڵ و تەنگـەکان، هـی چـەم و ڕووبارەکـان، هـی پـەناو ئەشکەوتەکان بست بـە بست شـارەزا بـێ، دەبـێ بـاش داب و نەریتـە خێڵەکیـەکان بزانـێ، و لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە ئازا و کەڵە مێردبێ، بێ گشت ئەمانە سـەرکردایەتی و ڕابـەری لـێ نایەت.

کـوردە نیـشتەجێکانی دەشـت و تەختاییـەکان، لای چیانـشینەکان، زۆر جـار بەتۆکـەری بێگانەو بە پوازێك دادەنرێن کە بەدەنەی کوردان دادەقەڵەشێنن و بۆ ئەوە چەشەکراون کەچـی لای کوردان پیرۆز و بەرێزە، بیتوێننەوەو لەناوی بەرن، بۆیە، لای هەر کوردێکی ئاسایی ئەوانـە بە "چڵکاو خۆر و کرێگرتەی دەشتنشین" دادەنرێن و بۆ سـووکی پێکـردن "نـاوی جـاش"یـان بەسەردا دەبڕن، ئەوان لای خەڵکی وڵاتەکە دەبن بەنموونـەی کەسـێك کـە کـردەوە و ئامـانجی وێرانکردن و لەناوبردنی گەل و نیشتیمانی کوردانە، ئەم دید و هەستە لە دوو پارچـەی ئـەدەبی دێرینی کوردیدا خۆی بەرجەستە کردوە: سەربوردی ئەنکیدۆ لە داستانی سۆمەری گێلگـامش و لە "شیرین و فەرهاد" ڕۆمانس تراجیدیانامەی سەرەتای سەدەکانی ناوەندا.

فەرهاد، کە کەسایەتیەکی ئەفسانەیی یە، کۆکەندە و لە چیاکان پەیکەرتاشی دەکا، دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ژنێکەوە کە ناوی شیرینە و، شاژنی ئێران و ژنی شایەکی بە هەیبەش و سامی وەکو خوسرەوی دووەمەوە (بڕوانە کەلتووری میللی و فولکۆرو چیرۆکە میللیەکان). شیرین پەروەردەی ناو کۆتك و سەرای تیسفۆنی پایتەختی ساسانیان لەناو پێدەشتەکانی مێزوپۆتامیا و تازە کۆشك و باخ و گوڵزارێکی قەشەنگی لە قەسری شیرین لە پێدەشتەکانی کوردستاندا بۆ دروست کراوە.

ئاگری عەشقی شیرین، فەرهاد لە چیاکان هەڵدەکەنێ (دەڵێی ئەمە دەردێکە گەنجە کوردەکانی گرتوە، ئەوەتا ئێستەش دەڵێن: خۆشەویستی وا لەو لاوە کوردانە دەکا کە دێنە شار و شارۆچکەکان لەوێ فێرگیر ببن و جارێکی تر مەیلی ناو چیا و بەندەنەکانیان نەمێنێ).

شیرین داوای لێ دەکات بە نیشانەی ڕاستی لە خۆشەویستیەکەیدا، جەستەی چیای بۆدارنێ، ئەو چیایەی کە هەم کولبەو هەم دڵیەتی، و بۆ ئەم مەبەستە دڵی بێستوونی مەزن و پیرۆز (مەنزڵگەی خودا) بە نووکی پاچ بسمێ، فەرهاد کە هەمرازی چیاکان و وەستکاری پەیکەر تاشیە تێیاندا، شێگیرانە دەکەوێتە کار، بەڵام هێندەی پێ ناچێ، وەئاگادێ کە شیرین "لەسەرپشتەی پێدەشت نشنیان" خیانەتی لێدەکا، بۆیە لەژێر باری گرانی هەست بە گوناهباری بەرامبەر بەو چیایەی کە کەوتە داتاشینی جەستەی پیرۆزی دایکانەی، هەڵدەگرێتە سەر یەکێ لە لووتکە بەرزەکانی و لەوێوە خۆی هەڵدەدێرێ.

دوو هەزار ساڵ بەر لە فەرهاد، کوردێکی چیانشینی تر، دەکەوێتە هەمان هەڵەی ملشکێنەوە، بەوەی دەکەوێتە ناو داوی خەڵکی پێدەشت نشینەوە، چیرۆکی ئەنکیدۆ بەشێکە لە داستانی گلیگامش کە بەرهەمێکی مێزوپۆتامیا مەڵبەند و نزیکەی (٤٠٠٠) ساڵ لەوەبەر نووسراوە، چیرۆکەکە لەدوو توێی ڕووداوەکانیدا ئەوەمان بۆ دەردەخا، لایەدکان لەو سەردەمانەدا بە چ چاوێك سەیری باوباپیرانی کوردەکانی ئەم سەردەمانەیان کردوە، و دەرفەتێکی باشمان دەداتێ ئەو لەگەڵ ئێستادا بەراورد بکەین. لەو بەراوردەوە بۆمان دەردەکەوێ کە شتەکان تاچ ڕادەیەکی سەرسووڕێنەر لێك دەچن، داستانەکە خۆی لە خۆیدا وەکو کۆنترین کرداری ئەدەبی کە باسی کەسایەتی کابرایەکی چیانشین بکا، زۆر جێی سرنج و تێرامانە، بۆ نموونە ئەم وردە مشتانەی خوارەوە دێنینەوە کە بەشێکن لە خەرواری داستانەکە و بەتێکڕایی لە وەرگێڕانەکەی ن، ك، ساندەرزەوە وەرگیراون (١٩٧٢):

گیلگامش پادشای نیمچە خوداوەندی ئوروکی دەوڵەتە تاری سەرزەمینی سۆمەریانە، (کە تەنها چەند دە میلیك لە تیسفۆنی مەڵبەندی شیرین و خوسرەوی داستانەکەی فەرهادەوە دوورە). گیلگامش ئەودالّی پالەوانێك دەبیّ کە هاوکووفی خۆی بیّ لە هێز و توانادا، خوداوەندەکان "ئادەمیزادێکی سروشت ڕسك"ی بۆ دەدۆزنەوە، ئەنکیدۆ ناوێك کە لە"دارستانە سەروو"ەکانی چیاکانی زاگرۆسەوە دەرچووە، (بڕوانە ژینگە و ژینگە شوناسی).

وەکو وەرگێڕاوەکەی ساندەرز باسی دەکا، "ئەو، خوداوەندی جەنگ، خودی نینورتا، دەستی دابوو بە پشتیدا، لەشی دەتووت تاوێرە بەردە، پرچی وەکو ژن بەشان و ملیدا شۆڕ بووبووەوە، قژە زێڕینەکەی بەدەم باوە وەکو قژی "نیسەبە"ی خوداوەندی دەغلّ و دان دەشەکایەوە... ئەو لە غال و غەرەسی ئادەمیزاد خالّی بوو، هیچی لە بارەی پێدەشتەکانەوە نەدەزانی"، ئەوانەی پیشەیان داو نانەوەبوو بۆ دەعب·او زیندەوەر سکالآیان لیّی دەکرد و دەیانووت "ئەو لەگەلّ دەعبا دڕندەکاندا بەسەر گردەکاندا هەڵدەبەزێتەوە ودێت و دەچیّ و وەکو ئەوان گیا خۆرە و کە دەکەوێتە ناو ئەو چاڵە داوانەوە کە ئێمە بۆی دەنێینەوە، داوەکان کەرت کەرت دەکا، ئەو بەوەوە ناوەستیّ بەڵکو ئەو دڕندانەش بەرەڵا دەکا کە دەکەونە دەستمان".

ئەوان ناچار دەکەونە بیری ڕاهێنان و ماڵیکردنی هەموو لەسەر ئەوە ڕێك دەکەون کە تاکە چار ژنە، کام ژن؟ "ژنێك کە لەپەرستگەی خۆشەویستیدا پەروەردە بوویی، تا بتوانیّ بەزەبری هێزی ژنانەی داگیری کا" هیوا وایە، خۆشەویستی ژنێکی پێدەشت نشین، سادەیی سروشتی لیّ بپەڕێنیّ، چونکە هەرگا ئەو خۆشەویستی (ژنە پێدەشت نشینەکەی) لە لەشدا ڕسکا، ئەو دەعبایانەی لە هەڵەتەکاندا هاوژینی بوون دەیبێزن، چونکە ئەو خۆی پەروەردەی ئەو هەڵەتانەیە".

پاش ئەوەی بەهەست و نەست هۆکارەی ژیانی ناو پێدەشتەکان دەبیّ، هەموو ئاوەڵەگیانی بەگیانیەکانی واتە زیندەوەرە دڕندەکانی چیاکان، دەیبێزن، لاواز و بیّ هێز و مناك، لەبەردەم ئاوەڵە نوێیەکەیدا کڕوشکە دەکا و گریّ لە ئامۆژگاریەکانی دەگریّ: ئەنکیدۆ تۆ مرۆڤێکی ژیری و ئێستا تۆ هەر وەکو خوداوەندێکت لێهاتووە بۆ دەتەویّ هەر کێوی ئاسا لەگەلّ دڕندەکانی هەڵەتەکاندا بمێنیتەوە؟ بەگەڵم کەوە دەتبەمە ئوروکی دیوار سەخت... لەویّ گیلگامش دەبینی، گیلگامش زۆر بەهێز و وەکو گاکێویەك بەسەر گشت پیاوەکاندا دەسڕۆیە "کە ژنەکە لە قسەکانی دەبێتەوە، داوای لێدەکا بیبا بۆلای گیلگامشی تاکە کەڵە مێردی ئورووك، لەویّ ئەنکیدۆ، وەکو پاڵەوانێکی ڕاستەقینە، تواناو لێهاتوویی خۆی دەرخا:

لەم شوێنەدا من مەردی مەیدانم، من هاتووم تا دامودەزگای كۆن بگۆڕم، منم ئەوەی لە پزدانی هەڵتەكانەوە دەرچووم، منم ئەو كەسەی كەس بەهێزی بازوو لێم ناباتەوە".

هەندەی پێ ناچێ ئەنكیدۆ لەگەڵ سروشتی دەشتەكاندا ڕام دەبێ، خۆی ڕادێنێ و بەرەبەرە ترس دەزێتە دڵییەوە، بۆ جاری یەكەم دەم لە نان دەدا و مەی دەخواتەوە، هەموو ئەمانە بەدەم دەرزدادانی ژنەكەوە دەكا كە پەیتاپەیتا هانی دەدا، "ببێ بە مرۆڤێكی شارستانی".

ئەنكیدۆ كە جاران پارێزەری سروشت بوو، ئێستا ژیانی بە تەواوی وەرچەرخا و گۆڕا، بەوەی كە هەموو تەڵەو داوی ڕاوچییەكانی تێكومەكان داو چاڵەكانیانی پڕ كردەوە، ئینجا دەست دەداتە چەك "تا" شێرەكان بگرێ و بەوە شوانەكان شەو بێ خەم بخەون، گورگ و شێرەكانی گشت گرتی و شوانەكان بێ ترس لێی هەلاژان، چونكە ئەنكیدۆ بوو بە پاسەوانیان (بڕوانە باسی زیا گوگ ئەلپ، محەممەد سەگبان، عیسمەت ئینۆنۆ و عەبدولكەریم قاسم لە بابەتی ئاوێتە بوون و تێكدا توانەوەوەدا).

سەرەڕای ئەمەش دەبێتە هاوڕێیەكی گیانی بەگیانی گیلگامش. كە ئارەزووی وێرانكردنی "داستانە سنوبەرەكانی" ناو چیاكان و گیانی پارێزەریان واتە هومبابای بۆ خاتری بەرزكردنەوەی ناوبانگی خۆی دەكەوێتە كەلەوە، گیلگامش داوا لە ئەنكیدۆ دەكا كە بیبا بۆ ماڵ و ماڵبات و پەناگای جارانی و ئەنكیدۆ گێلانە بە قسەی دەكا.

بە یارمەتی خواوەندەكانی پیدەشتەكان و زانیاری ئەنكیدۆ لە بارەی نهێنییەكانی چیا و دارستانەكانەوە گیلگامش هومبابا واتە "گڕ"ی پارێزەری چیا و دارستانەكانی لە گۆشەكەیەكدا توند دەكا، لە بەرامبەر ئەو خیانەتكارییەی ئەنكیدۆدا، هومبابا دەكەوێتە سەرزەنشتكردنی كەوا لە پیاوێكی ئازادە سروشتی چیاییەوە بوە بە "چڵكاوخۆرێكی خزمەتكار لە پێتاوی ناندا"، لە شەرماندا، ئەنكیدۆ هیچی بۆ نامێنێتەوە ناچار گیلگامش هاندەدا، هومبابا بكوژێ و دارستانەكان خاپوور كا، بە هەردووكیان هومبابا دەكوژن "ئێستا ئیتر هەموو چیا و گردەكان هەڵكەندران، چونكە پاسەوانی دارستانەكان كوژرا".

ئەنكیدۆ دەكەوێتە پێشیان و پێكەوە پەلاماری پیرۆزترین بەشی دارستانەكان دەدەن و لەوێ" دەكەونە گیان دارسنەوبەرەكان، لە كاتێكدا گێلگامش ملی دارەكانی دەپەڕاند و دای دەهێنا، ئەنكیدۆ" لە ڕەگەوە دەری دەهێنا تا گەیشتە كنارەكانی فورات".

گیلگامش وەکو "شکێنەری کڕ (هومبابا)" و وەکو" ئەو گا کێویەی چیاکانی تالانکرد" ناویانگی دایەوە ئەنکیدۆ نەخۆش دەکەوێ، و لەسەر جێگای مردن و لە سەرەمەرگدا هەرچی لە عنەت هەیە بۆ ئەو ژنە دەنێرێ کە خۆشەویستی ئەو لە سەروو هەموو شتێکەوە خستیە ناو داوەکەوە. لە دەمی دان نان بە گوناهدا، بۆی دەردەکەوێ کە هەر ژنەکە وای لێکردوە کە خیانەت لە هەموو شتە گرنگەکانی خۆی بکا، بەو ژنەشییەوە کە لە چیاکاندا لەگەڵ حەوت کوڕەکەیدا مابوەوە (بۆ گرنگی ژمارە "٧" بڕوانە تیرەی فریشتەکان) ئەو لەناو ڕشتنی بارانی فرمێسکدا دان بە بوونیاندا دەنێ.

بەر لە مردن، بەهەرحاڵ وەکو پاڵەوانێك، ژنی دەشتەکان دەبەخشێ، چونکە هەرچی چۆنێك بێ ئەو ژنە ماوەیەکی کورتی ژیانی لە گەڵیدا بەخۆشی ڕابواردبوو.

گەلێ چیرۆکی تر هەن کە لە زۆر شتدا هاوشێوەی شیرین و فەرهادن، و هەموو پێکەوە مزاجی میللی چ کورد چ غەیرە کورد دەردەبڕن. وا دەردەکەوێ، تێکەڵییەکی زۆر لەنێوان کەلتووری ئەم گەلانەدا هەیە و زەمەنی دوور و درێژی هەزارەها ساڵی هێندەی لە شتە هاوبەشەکان نەگۆڕیوە.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** Abdul-Kader Amin (collected by), *Kurdish Proverbs* (New York: Kurdish Library, 1989); Major E. Noel, "The Character of the Kurds as Illustrated by Their Proverbs and Popular Sayings," *Bulletin of the School of Oriental Studies* I-iv (London, 1917-20);

Basile Nikitine, "Kurdish Stories from My Collection," *Bulletin of the School of Oriental and African Studies* IV (1926-28); William Eagleton, Jr., *The Kurdish Republic of 1946* (London: Oxford University Press, 1963); , Dana Adams Schmidt, *Journey Among Brave Men* (Boston: Little, Brown, 1964); Captain Bertram Dickinson. "Journeys in Kurdistan," *Geographical Journal* 35 (1910); C.J. Edmonds, *The Kurds, Turks and Arabs* (London: Oxford University Press, 1957); C.J. Edmonds, "Shah Bazher and the Basin of the Qalachuwalan," *Geographical Journal* 123 (1957); W.R. Hay, *Two Years in Kurdistan: Experiences of a Political Officer, 1918-1920* (London, 1921); Margaret Khan, *Children of the Jinn: In Search of the Kurds and their Country*. (New York: Seaview Books, 1980); Captain F.R. Maunsell, "Kurdistan," *Geographical Journal* 3-2 (1894); Major E. B. Soane, "The Southern Kurd," *Journal of the Central Asian Society* 9.1 (1922); Mrs. Lindfield Soane, "A Recent Journey in Kurdistan," *Journal of the Royal Central Asian Society* 22.3 (1935); B. Nikitine and E.B. Soane, "The Tale of Suto and Tato," *Bulletin of the School of Oriental and African Studies, London Institute* III (1923-25); Nizâmi, *Chosroès et Chirin*, French trans. of the Persian original by Henri Massé (Paris: Bibiothèque des Oeuvres Classiques Persanes, No. 2, 1970); Ph. K. Hitti, "The Origin of the Druze People and Religion with Extracts of their Sacred Writings," *Columbia University Oriental Studies* 28 (New York, 1928); *The Epic of Gilgamesh*, N.K. Sandars trans. and ed.(Baltimore: Penguin, 1972); Martin van Bruinessen, "The Kurds Between Iran and Iraq," *Middle East Report* (July-August 1986); C.L. Brown and D. Itzkowitz, eds., *Psychological Dimensions of Near Eastern Studies* (Princeton: Darwin, 1977); A.M. Hamilton, *Road Through Kurdistan* (London: Faber and Faber, 1958); J.C.A. Johnson, "The Kurds of Iraq," *Geographical Magazine* (1940); Mark Sykes, *The Caliph's Last Heritage* (London: Macmillan, 1915); Samande Siaband (pen name used by M. Izady), "Mountains My Home," *Kurdish Times* II.2 (1988); C.J. Rich, *Narrative of a Residence in Koordistan, and on the Site of Ancient Nineveh; with Journal of Voyage Down the Tigris to Baghdad*. London, 1836; Lieut. Col. J. Shiel, "Notes on a Journey from Tabriz, through Kurdistan via Vân, Bitlis, Se'ert and Erbil, to Suleïmaniyeh, in July and August 1836," *Journal of the Royal Geographical Society* 8 (1838); Michael Crichton, *Eaters of the Dead: The Manuscript of Ibn Fadlan Relating His Experiences with the Northmen in AD 922* (New York: Knopf, 1976).

# ڕێكخراوی كۆمەڵایەتی

چیا سەركەشەكان و پێكهاتـەی سەختی سەرزەمینی كوردستان، بوونەتـە سەبەبكاری دروستبوونی كۆمەڵی نیمچە دابڕاوی خەڵك لە دوڵ و دەشتە بەپیتەكاندا. هەر یەكێك لەم كۆمەڵانە، نیشانەوارێكی زمانی و كومەڵایەتیان بۆخۆیان پێكەوە ناوە كە تۆزێك جیاوازی لەگەڵ هی دەوروبەردا پێوە دیاربوە. بەهەمان ئەندازە كە چیاكان كوردەكانیان توند لە مەترسی دەرەكی پاراستوە پەیوەندی نێوانیشیانیان بڕیوە و سەرەنجام بوونەتـە مایەی دەركـەوتنی روخساری كـەلتووری جیاوازیش تۆمارە هەرە كۆنەكانی ژیانی نیشتەجێی شارستانی لـە كوردستاندا، هاوكاتن لەگەڵ داهێنانی كشتوكاڵ لـە ولاتەكەدا، كوردستان دەتوانێ خۆ بەوەی كە هەرە كۆنترین كومەڵی كشتوكاڵی لەسەر ڕووی زەمین تێدا دروست بوە بشەنگێنێ، بەڕێوەبردنی ئەو بلاوبوونەوە خێرایەی كە یەكسەر پاش گواستنەوە بۆ ئابووری كشتوكاڵی هاتە كایەوە (هەندێك بە دەجاری دادەنێن) كە ئابووریەكی یەكجار زەلامتر و بازرگانیەكی فراوانتری لێكەوتەوە، پێویستی بەوە كرد سیستەمی پاراستنی سەربازی بۆ پاراستنی داهاتە سەربازەكەی دابمەزرێ، بەم جۆرە دەوڵەتی ڕێكوپێك دامەزران و لەمەشەوە ژیانی شارستانی كەوتەوە، هەر لەو كاتەوە شۆڕشی كشتوكاڵی لە كوردستاندا هاتۆتەكایەوە، پەڵەپەڵەی كشتوكاڵگەری نیشتەجێیی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، (بڕوانە سەردەمی پێش مێژوو).

سەردەمانێك، كەم ئاسایشی و جێگۆڕكێ كردنی كۆچەرەكان، كشتوكاڵگەرەكانی ناچار كردوە واز لە هەندێ زەوی بەردەستی خۆیان بێنن بۆ كۆچەرەكان، بەڵام ئەمە هەرگیز ئەوەندە زۆر نەبوە كە خۆی بدا لە نیوەی بەرهەمی گشتی كاڵا لە ئابووری كوردەوارییدا، كشتوكاڵگەرەكان بەشێوەی بەرهەمهێنانی هەرەوەزی بەروبوومەكانیان ڕەنێو دەهێنا. تەنانەت لە پۆپەی وەرچەرخانی كۆچەرایەتی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەشدا بە ژمارە هەر ئەوان لە كۆمەڵگای كوردستانیاندا زۆریەو باڵادەست بوون.

گەلێ نووسەری دەهە سەرەتاییەكانی ئەم سەدەیە وای بۆچوونە كە كوردە نیشتەجێ كشتوكاڵگەرەكان لەوانەیە لە ڕووی ڕاستیەوە لە ڕەگەزێكی جیا لە كۆچەرەكان كەوتبنەوە و

لە بنەکانەوە بەچکەی ئەم سەرزەمینە نەبن بەڵکو نەوەی خەڵکێکی لایدەبن و بەشێوەی جۆراوجۆر بە درێژایی چەندین سەدە خۆیان لە دەستی هێرشی درندانەی کۆچەرەکان پاراستبێ، بەڵام ئەم بۆچوونە ئەو ڕاستیەی پشتگوێ خستووە کە کوردستانیش وەکو هەموو سەرزەمینەکانی دراوسێی هەرگیز مەڵبەندی کۆمەڵگایەك نەبوە کە تەنها کشتوکاڵگەر یان کۆچەر بووبێت. بوونی جیاوازیی زەقی بەدەنی لەنێوان چینە کۆمەڵایەتیەکاندا دیاردەیەکە کە دەتوانرێ لە کۆمەڵگای تریشدا بەدی بکرێ، بۆ نموونە لە چەندین دوورگەی دەریای ئارامدا ئەم دیاردەیە زەقە، ئەو جیاوازیە ڕەگەزیەی لەنێوان چینە جۆراوجۆرەکاندا کە بەدی دەکرێ، تاڕادەیەکی زۆر دەرەنجامی شێوەی ژیان و تەندروستی و خۆراکی کۆچەرەکانە. هەرچەندە ناکرێ هەموو بۆ هۆکاری ژینگەیی بگەڕێنرێتەوە (بڕوانە سروشتی جەستەیی) هۆزەکان زۆرتر پەز لەوەڕێن بوونە، و زیاتر وەکو برگەیەکی کۆمەڵایەتی ناو بەرەیەکی فراوانی یەککگرتیوو ڕەفتاریان کردوە نەك ڕێکخراوەیەکی ئابووری و تەنها لەناو چوار بواری شارەکاندا، پەیوەندیە خێڵەکیەکان لاواز دەبوون، بەڵام تەنانەت وەرزێرە نیشتەجێکانی لادێکانیش پەیوەندی زۆر قووڵیان لەگەڵ هۆزەکاندا هەر ڕادەگرت و بەوە لە پاراستن و ڕێنمایی ئەوان بێبەش نابوون. هەرگا کۆچەرە دەستدرێژەکان بە ژمارە زیادیان کرد لە لادێکان، یان شەڕ بەرپابوو لەگەڵ لایەنێکی دەرەکییدا، یان پڕیشکی وەشاند، یاخۆ قوتەوەبوونی کەسێك یان تایەفەیەك بوو بەمایەی ترس بۆ دانیشتوان، تەنانەت شارنشینەکانیش، دەکەونە پەیجووری پەیوەندیە خێڵەکییە کۆنەکانیان و بە خەڵات و خۆبردنە پێشەوە لە سەرۆك خێڵێکی دەسڕۆ و توانا، ئاسایشی خۆیان دابین دەکەن و مەترسی لە خۆیان دووردەخەنەوە، هەر بۆیە، تا ئەم دواییانەش، هەر یەکێ لە دانیشتوان سەر بە بنەماڵەکەی خۆی، یان هۆزەکەی یان تایفەکەی دەمایەوە، سەر بە هۆز بوونی لێدەرچێ، ئینجا هەر کوردە خۆی دەبەستەوە بە گەلێك یان دەوڵەتێك یان هەر سێبەردارێکی ترەوە.

تەنانەت ئایینیش ڕۆڵێکی کزی لە داڕشتنی ئەم سیما کۆمەڵاتیە گرنگەدا بینیوە... ئەوەندەی کە مێژووی نووسرا و دەریدەخا، کوردەکانی سەردەمانی کۆن، بەهەمان شێوەی کوردەکانی ئەم سەردەمە و سەرکردەکانیان، ئاوەڵناوی هۆزەکانیان دەخستە پاڵ ناوی خۆیان، هەر تاکێکی کورد ناسنامە و ئاسایش و ژیانی خۆی لە چوارچێوەی خێڵەکەیدا بەدی

كردوە و نیشانەی گوێڕایەڵی خۆی بەشێوەی ماددی یان مەعنەوی پێشكەش بە سەرۆك هۆز كردوە. سەركردەی ناوچەش هاوپەیمانی دروست كردوە یان كۆنفیدراسیۆنی نێو هۆزی پێكهێناوە و لەوانیشەوە پشتیوانی بۆ دەسەڵاتداریە خۆوڵاتی یە كوردیەكان هەڵقوڵاوە، ئەم دەسەڵاتداریانەش، بەشێوەی جۆراوجۆر بەگوێرەی پێویست سەر بەوبوون و دڵسۆزی خۆیان و بۆ پادشانشین و ئیمپراتۆریەتە حوكمڕانەكانی سەروەخت دەربڕیوە. لە زۆربەی زۆری سەردەمەكاندا، دەسەڵاتداریە خۆوڵاتیەكان بە كردەوە سەربەخۆبوون. ئیمپراتۆریەت بەهێز بوویێت یان لاواز مەسەلەكە لە دەستودیاری و خەڵاتی جارجارە بۆ پایەختە دوور دەستەكان كە بەناوە خاوەنی وڵاتەكەبوون، تێنەدەپەڕی.

ئەم سیستەمە تا بڵێی بەدڵی هێزە دەرەكیەكان بوو و بە قازانجیان دەگەڕا، لە سەردەمە كۆنەكانی پێش داهێنانی كەرەستە و تفاقی پەیوەندی و گواستنەوەدا، لەبەر دووری وڵاتەكان لە پایەختی ئیمپراتۆریەتەوە دەسەڵاتڕانی نەك هەر بەسەر ڕەشەخەڵكەكە، بەڵكو بەسەر سەرداره ناوخۆییەكانیشدا كاری كردەنی نەبوو نەخاسمە ئەگەر شوێنەكە، شوێنی ئاسی و لای وەكو وڵاتی كوردستان بوایە، ئەم كۆتە ئادەتییە كە لەملی دەسەڵاتبەندیەكانی دەوڵەتدا بوو، كە تەنها برا گەورەییەكی بێ دەنگ و ڕەنگ و بەناوەی بەسەر وڵاتەكەدا هەبوو، هەموو مەرجەكانی سەربەخۆیی بۆ كوردستان ڕەخساندبوو، لە پەنای نزمترین ئاستی یارمەتی بە دراویان سەرباز دان و گشت لایەنەكانیش پێی ڕازی بوون.

داهاتنی بەرەبەیانی چاخی پێتەسازی و بڵاوبوونەوەی تەكنۆلۆجیای پێشكەوتە لە چەكسازی و گواستنەوە و پەیوەستكاری بە وڵاتەكەدا، بەوەدا شكایەوە كە دەسەڵاتە ناوخۆیی یە تارادەیەك زۆر سەربەخۆكان، تەنانەت سەركردەكانیش، ناچارین ملی ڕێگایەكی نوێی گرانمایە و ناپێویست بۆ كۆكردنەوەی باج و پیتاك و هێزی كار بۆ دەوڵەتە ئیستیعماری و كۆلۆنیالیەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرنە بەر، لە ناوەڕاستی سەدەی (١٩)دا دوا دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی كورد لەناودرا، و لە كەمتر لە سێ بەشی سەدەیەكدا سەركردایەتیە خێڵەكییە نیمچە سەربەخۆكانیش نەمان، دوا كوتەكی دەنگبڕ، تا بڵێی گران و هەناسە بڕیش لە كۆتایی جەنگی جیهانی یەكەمدا وەشێنرا كاتێ كە دارەڕای ئادەتی دەسەڵاتی (عوسمانی—وەرگێڕ) لادرا و لە جێی ئەو پێنج حكومەتە قووتكرانەوە كە هەریەكەیان لەتێكی كوردستانی بەمیرات بۆ مایەوە.

دەوڵەتە تازە داهاتەکان دەستیان کرد بە بەرنامەیەکی سیستەماتیزە کراوی کەڵەگایی سیاسی بەسەر سەرزەمینە سەربەخۆ کوردنشینەکاندا بۆ داچەسپاندنی دەسەڵاتی ئیداری و ئابووری خۆیان، ئەو هەوڵانە کە ئەم دەوڵەتە نوێیانە بۆ زەوتکردنی ئازادی و سەربەخۆیی مێژوویی کوردەکان کە بەشتێکی سروشتی وەکو بەفری زستانیان دەزانی بۆ خۆیان شەڕ و هەرای خوێناوی لێکەوتەوە، بەڵام ئەم هەوڵانە هەمیشە بێ ئاکام بوونە ئێستاش کوردستان هەر سیمای سەرزەمینێك و گەلێکی ژێر دەستی بێگانەی پێوە دیارە، نەك تەنها گرووپێکی ئەتنی ناو چوارچێوەی دەوڵەتیکی یەکگرتوو کە زۆرینەی ئەتنی حوکمڕانی تێدا دەکا، ڕاستییەکەی ئەوەیە، ڕادەی ئەو ئازادیەی کە کوردان بەدرێژایی هەزاران ساڵ لە سێبەریدا دەژیان، بریتی بوو لە سەربەخۆییەکی دوفاکتۆ، تەنانەت ئەو کاتەش کە لە شێوەی هەندێ قەوارەی دەرەبەگایەتی ناو ئیمپراتۆریەتی زلزلیشدا دەژیان هەر وابوو.

هەموو کوردان، تەنانەت ئەوانەشیان کە ئاستی بەرزی زانیارییان هەیە، هێشتا هەر توند و تۆڵترین پەیوەندییان لەگەڵ سەرکردە خێزانی خێڵەکیەکاندا هەیە. سەرکردە و سەردارەکانی بچووکترین خێڵەکان هێشتا بەرزترین پلەی ڕێزیان لەلای ئەندامان هەیە، تەنانەت ئەمڕۆکەش، هەر سەرکردەیەکی پارتی سیاسی کورد، لە هەموو مەسەلەیەکی سەرەکییدا، ڕاوێژکردن بەو سەردارە خێڵەکیانە بە پێویست دەزانێ چونکە لە سەرەنجامدا، گەریلا جەنگاوەرەکانیان لەناو جەرگەی ئەم خێڵ و تیرانەوە دێن و ڕێز و لاکردنەوە لەگەڵ نوێنەرەکانیاندا مانەوەیان لەناو ڕیزەکاندا دەستەبەر دەکا، تەنانەت مودێرنیزە کراوترین پارتی، واتە پ ك ك لە کوردستانی تورکیا لەم یاسایە بەدەرنیە. بۆ داپۆشینی ناکۆکییە ئیدیۆلۆجیەکان، پ ك ك ئێستا لە پێناوی ڕەوانکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ سەرەك خێڵەکاندا کە بۆ کاروبار یان پێویستن، ناوی "پێشکەوتنخواز"ی بۆیان بڕیوەتەوە، لە کاتێکدا ناوی کۆنەپەرست" یان بڕیوە بەسەر ئەوانەدا کە هاوکاریان لەگەڵدا ناکەن (بڕوانە پارتە سیاسیەکان).

لە کاتێکدا کۆچەرایەتی سرف دەمێکە ئاسەواری لە سەرزەمینەکە نەماوە، دەتوانرێ بەڕێکی بەم سەرەك خێڵ و پیاو ماقوولانە بوترێ هەڵبژاردەی سیاسی ناوخۆیی، لە هەمان شێوەی هاو کووفەکانیان لە دەوڵەتە سەربەخۆکاندا کە ئەم ناوە بۆ سیاسیە ناوخۆییەکان بەکاردێ و دەبنە سەرچاوەی باش بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و پشتگیری بۆ سیاسەتمەدارە

گەورەكان، ئەوان ڕۆڵی گەورە و كاریگەر دەبینن لەم بوارەدا و لەلایەن خەڵكەكەشەوە زیاتر جێی باوەڕن بۆ پاراستنی ماف و خواستەكانیان.

سەركردە سیاسیە كوردە مۆدێرنەكان ئەم ڕاستیەیان لە دەست نەداوە و لە ڕاوێژكاری و گوێگرتن لەم هەڵبژاردە ناوخۆییانە یەكو دوو ناكەن، و چ پ ك ك و چ ك د پ–١ ئەم دەسكەلایانە بە باشی بەكاردێنن.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: Frederick Barth, *Principles of Social Organization in Southern Kurdistan* (Oslo: Vorgensen, 1953); William M. Masters, "Rowanduz: A Kurdish Administrative and Mercantile Center," unpublished doctoral dissertation (Ann Arbor: University of Michigan, 1953); John M. Smith, "Turanian Nomadism and Iranian Politics," *Iranian Studies* XI (1978); Messoud Fany, "La Nation Kurde et son évolution sociale," unpublished doctoral dissertation (Paris: University of Paris, Faculty of Law, 1933); J. F. Bestor, "The Kurds of Iranian Baluchistan: A Regional Elite," unpublished masters thesis (Montreal: McGill University, 1979); Edmund Leach, *Social and Economic Organization of the Rowanduz Kurds* (London: London School of Economics, Monographs in Social Anthropology III, 1940).

# بارودۆخی ژن و ژیانی خێزانی

جی، ئار، درایڤەری كوردناسی ئینگلیز، ساڵی ١٩٢٣، كە دێتە سەر باسی خەسڵەتە كۆمەڵایەتیەكانی كوردان، بە توندی بێزاری دەردەبڕێ لە نیشتنەوەی كوردە پەز لەوەڕێنەكانی جارانی كیلیكیا (لە ناوەڕاستی چیای تۆرۆسی سەر دەریای سپی ناوەڕاست)، و بڵاوكردنەوەی "خراپترین خەسڵەتیان" كەوا "ژنان بێ ڕووپۆش دەچنە دەرەوە و زۆر سەربەستانە ڕەفتار دەكەن، لە كاتێكدا زۆربەی كاری گرانیان خراوەتە سەر".

ئەو لە بارەی كوردانی ترەوە دەنووسێ "ژنانی كورد، لە ڕووی بەراوردكاریەوە، ئازادن لە هەڵس و كەوتدا و بە گوێرەی ئارەزووی خۆیان دێن و دەچن، بە ئاشكرا دەزگیران دەگرن و بە دڵخوازی خۆیان شوودەكەن لەناو نزیكەی زۆربەی هۆزەكاندا بێ ڕووپۆش دەگەڕێن، هەرگیز بە تەنگی ئەوەوە نایەن خۆیان لە نێرینە پەنادەن و بەشێوەیەكی بەربڵاو نۆكەری نێرینە لە ماڵەوە ڕادەگرن، لەو هاوسەریەدا كە لەمە دەكەوێتەوە ڕۆڵی ژن هەرگیز لەهی پیاو خوارتر

نابێ و لە ماڵیشدا ژن بە "کۆڵەکەی ماڵ" دادەنرێ ئەوان لەلای مێردەکانیان بە یەکسان سەیر دەکرێن لەگەڵ پیاواندا و هەمیشە بە چاوی گاڵتەوە سەیری باری بەندە ئاسای ژنانی تورک دەکەن کە بەرهەمی دەستوورێکی پشتا و پشت زادە".

درایڤەری هەواداری ڤیکتۆریەکان (١٨٣٧–١٩٠١ وەرگێر)، هەرچەندە لە مەودای بەرفراوانی ئازادی ژنی کورد رازی نیە بەلام ناچار دان بەوەدا دەنێ کە "ڕەوشت بەرزیی ئافرەتی کورد زۆر گرنگە و زۆربەی خێڵەکان سزای مەرگ دەدەن بەسەر ئافرەتێکدا کە پێی هەڵخلیسکێ، قەحبەیی مەگەر بە دەگمەن ئەگینا کەس نازانێ چییە و هەرچەندەی پشکنیومە نەمتوانیوە لە کوردیدا وشەیەك بدۆزمەوە کە بۆ قەحبە بەکاربێت" (بێگومان درایڤەر لەمەدا بەهەڵە چوە کەوا ئەم پیشە هەرە دێرینە لەناو کوردا جێ پێی نەبوە، یان زمانەکەیان وشەی وا نەزاوە، ئەم پیشەیە لە کۆنەوە هەبوە و چەندین وشە لە زمانی کوردییدا هەن کە بۆ شێوە جۆراوجۆرەکانی بەکاردێن، هەرچەندە هەندێکیان لە زمانی گەلە دراوسێکان خوازراون).

بۆ ئەوەی جێی ئافرەتی کورد لە کۆمەڵگای کورددا باشتر هەڵسەنگێنی چاك وایە ڕۆڵیای لە هەندێ بواردا کە زۆرترین هی پیاوانن تەماشاکەی وەکو سوپا و سیاسەت و سات و سەودا و ئایین.

لەناو قوتیلەکاندا کەوا تیرەیەکن لە کۆنترین باوباپیرانی کوردان، سەرکردایەتی سوپا تەنها پیشەی ژنان بوو (بڕوانە مێژووی هەرە کۆن، هەروەها ئار، گریشمان ١٩٥٤–٤٤). نزیکەی دوو هەزار ساڵ دوای قوتیلەکان پلوتارکی مێژوونووس گریگۆ–رۆمان باسی شەڕی دڕندانەی خەڵکانی باکوور و ڕۆژاوای کوردستان و داکۆکی سەرسەختانەیان دژ بە هێزە داگیرکەرە ڕۆمانیەکان دەکا لە سەدەی یەکەمی پێش میلاددا و لەناو ئەو خەڵکانەدا پەنجە بۆ بوونی ژنانی (ئەمەزۆنی) درێژ دەکا لە ڕیزی لەشکرەکاندا، ئەو ژنە چەك بەشانانە، کە بەگوێرەی شەرعی گریك و ڕۆمەکان هەم پێشێلکەری گەورەی ئایین بوون، هەم دوژمنی خوێنخوار، و نیشتیمانەکەیان بە هەموو حیسابێك، هەمان هەرێمی جوگرافیای کوردستان دەگرێتەوە (بڕوانە پلوتارك) ڕووخانی کۆماری ڕۆم: پۆمپێی).

هەر لەو شەڕانە خۆیاندا، پلوتارك باسی هەڤاڵێکی مێینەی میثریداتیسی پادشای پۆنتی دەکا کە بەجلە ڕەنگاوڕەنگە کوردیەکانیەوە ئەو بەهەڵە بە فارسی دەداتە قەڵەم – ئازایەتییەکی کەم وێنە و سرنجکێشی نواندوە لە شکاندن و دڕدان بەو لەشکرەی جەنەراڵ

پۆمپەی، سەركردەی لەشكرەكەی ڕۆم، كە ئابلۆقەی دەوڵەتی پۆنتی دابوو: " لە سەرەتای هێرشەكەدا، میثریداتیس خۆی و (٨٠٠) سوار بەناو ڕیزەكانی ڕۆمەكاندا بۆی دەرچووبوون و خۆیان دەرباز كردبوو، سوارەكانی هەر كەسە بەلایەكدا پەرتەیان لێكردبوو و جگە لە سێ كەس لەگەڵ میثریداتیسدا نەمابووەوە، یەكێك لەوانەی كە لەگەڵیدا مابوونەوە هیپسیكراتێیای دۆستی بوو، كە هەمیشە وەكو پیاو ڕەفتاری دەكرد و ئامادەبوو بێ پەروایانە مل بەهەر كارێكی خەتەرناكەوە بنێ، لەبەر ئەمە، پادشا هەر بەناوی هیپسیكراتیس بانگی دەكرد كە ناوی نێرینەیە".

بەڵگە گەلی ئازایەتی و دلێرایەتی ژنانی كوردستان گەلێ لەوە كۆنتر و دێرینەترن كە لە تۆمارەكاندا نووسراون. لە گۆڕستانە (١٢٠٠٠) ساڵ تەمەنەكانی شانیدەر لە كوردستانی ناوەند (كە پڕن لە پاشماوەی مرۆڤی نیاندەرتال) تاكە كەرەستەی خۆڕازاندنەوە كە لەگەڵ زۆربەی ئیسك و پروسكی مێینەكاندا دۆزرایەوە، چەقۆی جوان نەخشێنراو بوو، لە یەكێك لەو گۆڕانەدا دەسكی چەقۆ كە لە پارچە ئێسكێك و دەمەكەی لە بەردێكی ڕەقی لە قیردراو دروستكرابوو. ( Roaf١٩٩٥:٣٠)

میرنشینی زەند (١٧٥٠-١٧٩٤) كە دوامیرنشینی سەرەكیی كوردە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ژنانی بەشێوەیەكی چڕ لە هەڵمەتە سوپاییەكانیدا بۆ وەدەستهێنانی تەختی پادشایی خستۆتەكار، تەنانەت دامەزرێنەری میرنشینەكە، محەممەد كەریم خان، پڕ بەمانا پەیڕەوی لەم نەریتە دێرینە كوردیە دەكرد، خۆی و ئەفسەر و سەربازەكانی شان بەشانی بووكەكانیان دەچوونە مەیدانەكانی جەنگەكانەوە، باشترین نموونە بۆ ئەمە بەرەنگاربوونی هێزە داگیركەرە ئەفغانەكانە، ئەفسەرە ئەفغانەكان لە بەرامبەردا كەوتنە توانج گرتنە زەندەكان و بە "خۆشاردنەوە لەژێر داوێنی ژنەكانیان"دا تاوانباریان كردن.

بەشداریكردنی ژنان لە خەباتی چەكدارییدا تا ئێستا لە كوردستان هەر باوە، چونكە نزیكەی هەموو حیزبە سیاسیە كوردەكان (پارتە ئیسلامیە ڕادیكاڵەكانیان لێدەرچێ) كە خاوەنی هێزی گەریلای پێشمەرگەن، ژنی پێشمەرگەیان لەناو ڕیزەكاندا هەن، لەناو پێشمەرگەكانی پارتی (pkk)دا كە خاوەنی دەسوەشێنترین هێزی پێشمەرگەیە پێشمەرگەیەكی زۆری ژن بەدی دەكرێن (بڕوانە پارتە سیاسیەكان) تۆماری بەشداری بە

کردەوەی ئەم ژنانە لە جەنگدا زۆر هاوڕەنگە لەگەڵ ئەوەدا (پلوتارک) دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر لە بارەی ژنە جەنگاوەرەکانی "ئەمەزۆن"ەوە باسی کردوە، لە هەمان هەرێمی ئەنەدۆل: کوردستانی باکوور و ڕۆژهەڵات.

لە بواری سیاسەتیشدا، ژنە کورد بەهەمان شێوە لە سەردەمانی دێرینەوە چالاکانە بەشدارییان کردوە، دوا حوکمڕانی خانەوادەیەکی گرنگی دەیلەمی کوردی سەدەکانی ناوەند، واتە بوەیهیەکانی ڕەی (تارانی ئێستا)، سەییدە "ماما" خاتوون، ژنێک بوە، بۆ ماوەی (٣٠) ساڵی ڕەبەق، ئەو بە ئازایەتی و ژیری و دیبلۆماسیەت، پادشاییەکەی لە هێرشی دڕندانەی سوڵتان مەحموودی غەزنەوی بە توانا و سوپا کوچەرە تورکەکەی پاراست، ئەو تا جڵەوی کاروباری دەوڵەتەکەی دایە (مەجدو دەولەی) کوڕی لە ساڵی (١٠٢٩)دا هەر حوکمە ڕەمایی کرد، هەرچەند ئەم گۆڕانە بوو بە مایەی لەناوچوونی حوکمی خانەوادەکەش.

لە سەرەتای ئەم چاخانەی دواییشدا ژنان بەشێوەیەکی کاریگەرانە بەشداری سیاسەت و سەرکردایەتییان کردوە، ناوی ژنانی سیاسەتمەداری کورد ئەوەندە زۆرن کە بە ئاسانی لە ژماردن نایەت، لەناو هەرە ناودارەکانیاندا، دەبێ باسی خاتوو (قەرە فاتیمە)ی تاری ماراش بکەین لە کوردستانی ڕۆژاوا لە وڵاتی کۆماجین کە نوێنەری کورد بوو لە ساڵانی ناوەڕاستی سەدەی نوزدەیەم لە داداگای عوسمانی لە ئەستەموول.**Illustrated London** (News)ی ٢٢ی نیسان (ئەڤریل)ی ١٨٥٦، لاپەڕەیەکی یەکەمی بە تەواوی بۆ یادەوەری ئەو تەرخان کردوە، لە هەمان دەمەدا، ئیمپراتورییەتی عوسمانی بەرەنگاری ژنێکی تری کورد بوەوە، ئەو ژنە دوا حوکمڕانی هەرێمی نیمچە سەربەخۆی هەکاری بوو لە کوردستانی باکوور، هەر لەوکاتەدا هێزە چەکدارەکانی عوسمانی ناچار بوون، بەرەنگاری ماما پوورە حەلیمەی پژدەر و ماما قەرە نێرگزی[4] هۆزی شوان ببنەوە لە ناوەندی کوردستان، هەروەها ماما پرشەنگی هۆزی گەورەی میلان لە کوردستانی ڕۆژاوا (نیکیتین ١٩٥٦). جگە لەمە ئەو هێزە ڕووسیانەی کە ساڵی ١٩١٦ بەرەو ناوەوەی کوردستانی ناوەند ملیان دەنا بەرەنگاری ژنێکی تری کورد ماما مریەمی، بێوەژنی شێخ محەممەد صادقی نەقشبەندی بوون کە ئازایانە داکۆکی لە تاری ئایینی—

---

[4] نێرگز یان کوێخا نێرگز، لە شوانی سەر خاسەیە و لە نیوەی دووەمی سەدەی (١٩)دا ژیاوە و لە شەڕی شوان و هەمەوەندا ناوبانگی دەرکردووە. نە(ماما) و نە (قەرە)ش بە ناوییەوە نییە.

مێژوویی نەهرێ دەکرد. دوا سەرکردەی چەکداری کورد، کە ساڵی ١٩٨٢، ناچار خۆی دایە دەستی لەشکری ڕەزای شای ئێرانەوە ژنێك بوو، کە لە هەمان کاتدا سەرۆکی خێڵی هەرکیش بوو.

عادیلە خانم، یەکێکی ترە لە سەرکردە ژنە کوردەکان، ئەو خوێندەوار و دنیادیتە بوو، سەرۆکی گرانترین و بە ژمارە گەورەترین هۆزی کوردستان، واتە هۆزی جاف بوو تا مردنی لە ساڵی ١٩٢٤دا، ئەو ماوەیەك ئی،بی، سۆنی وەکو میرزا لای خۆی ڕاگرت، سۆنی ئەفسانەوار دوای ئەوە لە نووسینەکانیدا سەرچاوەیەکی باشتری دابەستووە لە بارەی پلەو پایەی دێرینی ژنانەوە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا سۆن لە یەکێك لە نووسینەکانیدا عادیلە خانم بە "شێرە ژن" ناو دەبا، کۆشکەکەی عادیلە خانم لە هەڵەبجە تا وێرانکردنی شارەکە لە ساڵی ١٩٨٨دا وەکو دوا ئاسەواری بیناسازیی میرایەتی دێرینەی کوردستانی ناوەند هەر بەپێوە بوو (بڕوانە مێژووی ئەم دواییانە).

ڕۆڵی ژن لەناو کوردەوارییدا هەر بەو بوارانەوە ناوەستێ. لە بواری ئایینیشدا ئەوان ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە، تیرەی فریشتەکان، کە ئایینێکی خۆوڵاتی کوردیە، لەناو (٦) بەرجەستەکەرە سەرەکیەکەیدا ژنێکی بەرجەستەکەری گیانی گەردوونیی لە هەر یەکێك لە حەوت دەورانەکەی دونیای ماددیدا تێدایە، (بڕوانە یارسانیەت).

هەندێ لە نووسراوەکانی تیرەکە لەلایەن ژنەوە نووسراون، لەوانە مامانەرگزی شارەزووری (دەورووبەری ١٣١٣) کە خۆی یەکێك بووە لە وردە بەرجەستەکەرەکانی گیانی گەردوونی.

لە ١١٤٥ سۆفیەکانی نیعمەتوڵڵای جەیحونابادی پیاوی پیرۆز و سەرکردەی ئایینی سەدەی بیستەمی (یارسانەکان)، نزیکەی (٥٠٠)یان ژن بوون، ئەمە بە گوێرەی قسەی نوور عەلی ئیلاهی، کە هەم کوڕی نیعمەتوڵڵا و هەم پاش خۆی جێگریشی بووە. خۆدی، قارا فاتیمەش (دەبێ قارا فاتیمە بێ – وەرگێڕ) کە لە سەرەوە باسکراوە، بانگی ئەوەی دەدا کە گوایە بەرجەستەکەرێکی مێینەی گیانەکەیە لە سەدەی بیستەمدا.

بەشداریکردنی ژنان لە کۆبوونەوە و بۆنەگێڕیەکانی تیرەکەدا، لەلایەن غەیری کوردەکانەوە بە جۆرێك لە ڕێگە دەرچوون دادەنرا.

ئەو ئازادیەی بۆ ژنان ڕەخساوە بۆ بەشداریکردن لە هەندێ کارو کردەوەدا کە لە کۆمەڵگاو ناوەندە ئایینیەکانی دەوروبەردا تەنها بۆ پیاو ڕەوایە، ئەوجاو ئێستاش بە ئاسانی قووت نادرێ. هەر ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی گەلێ تۆمەتی سێکس کاری بەرەڵا بدرێتە پاڵ هەوادارەکانی ئایینەکە (بڕوانە تیرەی فریشتەکان) بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو هاشوهووش و ڕیسواکاریە کە هەڵدەبەسترێن، چ لە کۆمەڵگای یەزیدی، چ لەهی عەلەوییدا، ئاهەنگ و بۆنەگێڕیە ئایینیەکان بێ بەشداری ژنان هەرناکرێن، هەوادارانی یارسانیەت تا ڕادەیەك شانیان بۆ ئەو وشارانە شلکردووە کە لەلایەن کۆمەڵگاکانی دراوسێ و ئایینە توندگیرەکانەوە خراوەتە سەریان، هەندێکیان بەتایبەتی ئەوانی زیاتر لە شیعەکان نزیك بوونەتەوە، ئێستا ناهێڵن ژنان لەو بۆنە و کۆبوونەوە ئایینیانەدا بەشدارین کە لە دووتوێی ماڵ و جێگا ئایینیەکاندا بەجێ دێنرێن.

بزووتنەوەی بابیەتیش کە تا ڕادەیەکی دوور کەوتۆتە بەر تەئسیری تیرەی فریشتەکان، بە دیدێکی لیبرالیانە سەیری ئافرەت دەکا (بڕوانە بابیەت و بەهائیەت).

ساڵی ١٨٤٩، تاهیرە قورەتولعەینی بەرجەستەکەری مێینە لە ئەڵقەی بابیەت لەناو زنجیرەکەدا، بە ئاشکرا و لەناو خەڵکدا ڕووبەندی فڕی دا تا بەوە "یەکسانی ژنان لەگەڵ پیاواندا ئاشکرا بکا وەکو بنەمایەکی بنەڕەتیی ئایینی بابیەش" (Fisher ١٩٧٨)، ئەوەی تاهیرە کردی، زیندوو کەرەوەی ڕووداوێکی تریوو کە ساڵی (٩٢٢ز) ڕوویدابوو، کاتێك لە چوار مێخ کێشانی هەللاجدا خوشکەکەی لە بەغدا و لەناو ئاپۆرای خەڵکدا ڕووبەندی فڕی دا (بڕوانە ڕێباز بەندیەکانی سۆفیگەری).

پلەی کۆمەڵایەتی بەرز و ئازادی نیسبەتەن هەبووی ژنانی کورد، کە جوولەکەکانیشی گرتیۆتەوە، لە سەدەی حەڤدەیەمدا بوو بە مایەی گەیشتنی یەکەم ژنی جوولەکە، واتە رابی ئەسینات بەرزانی، بە پلەی (رابی)یەتی (بڕوانە جوولەکایەتی). لێرەدا، چاك وایە پەنجە بۆ ڕاستیەکیش درێژ بکەین، شاژنە هێلینای پادشایەتی ئەدیابینی کوردی، پاش ئەوەی خۆی وەرگەڕاوەتە سەر جوولەکایەتی، گوایە مێردەکەی و گەلەکەشی دوایی بەرەبەرە برنۆتە سەر ئەو ئایینە.

لە ڕووی داراییشەوە، ژنانی کورد لە هەموو گرووپە ئەتنییەکانی دراوسێ، زۆرتر، پتر؟ دەسەڵات و کارگوزارییان دراوەتێ، هەرچەندە خێزانی کورد زۆرتر گوێرایەڵ و بەندەواری دەسەڵاتی باوکن، بەڵام کاتێ خاوەن ماڵی نێرینە دەمرێ، یان پەکی دەکەوێ، ژنەکەی دەبێ

بە جێگری لـە هەڵسوڕاندن و سەراسـویی كردنـی گشت ئـەرك و مافەكانیـدا، هەرچـەندە پیـاو خـاوەنی وەچـی نێرینـەش نـەبێ، كـەمجار ئـەوە دەبـێ بـە كۆسـپ لـە بـەردەم ژنەكـەی لـە گرتینەوەی جێ و دەسەڵاتیدا.

ژن و ژنخوازی كارێكی گرێواوی و پڕ بێنە و بەرەنیـە، زۆرتـر بـە ئاسـانی دێتـە دەسـتەوە، بەڵام وەكو درایڤەر لەسـەرەوە باسـی كـردوە، بەڕەزامەنـدی و خواسـتی هـەردولا، ژن و پیـاو، دەبـێ هەرچـەندە لـە هەنـدێ بۆنـەو پێویـستیی سیاسـی یـان ماڵییـدا، جـۆرە گرێبەنـدی و بڕینەوەیەكی تێدەكەوێ و لەو حاڵەتانەدا خزمایەتیە كە دەبێ بەهی سیاسی یان ماڵی.

ئەوەی جێی داخ و سەیر پێ هاتنە لەم دواییانەدا گەلێ لە پیـاوانی كـورد هەوڵدەدەن ئـەو بەهاو نەریتە بەناوی مودێرنیزەكاریەوە لـەناو هـی گەلەدراوسـێ بـاڵا دەسـتەكاندا بتوێننـەوە و دەورو ئازادی ژنان لـەناو خێـزان و كۆمەڵگاكانیانـدا سـندم بكـەن، لـە شـار و تارۆچـكەكاندا، وا خەریكن پێچە و ڕووپۆش بەسەر ژنە كوردەكانـدا بسەپێنن. ئـەم كوردانـە خۆیـان بـە تـەواوی لەناو كەلتووری دەوڵەتە باڵا دەستەكاندا هەناسە بڕ بوونە، ئەم "مۆدیرنیزە كردنـە" وێ ناچـێ بتوانێ بێیتە شوورەبەند بە دەوری ئـەو ئازادیـە دێرینانـەدا كـە كۆمـەڵگای كـورد بـە ئـافرەتی كوردی داون چونكە، شەپۆلێكی تری مودێرنیزەگـەری وا بـەڕێوە گـژژەی دێ و لەگـەڵ خۆیـدا مژدەی ئازادی زیاتر و یەكسانی فراوانتر بۆ ژنان دێنێ. سەرەڕای هەموو ئەمانە، لە ناوچـە دوور دەستە خەوش نەگرتووەكانی كوردستاندا داب و نەریتە هەزاران سـاڵە كۆنەكـەی كـوردان هـەر ماوە و بەكارن، نەك هەر ئەمە، بەڵكو لەناو هەندێ هۆزی دوور پەڕدا، وەكو كوردە سـۆنیەكانی ئەمـدی و ئـەودیوی سنووری توركیـا و ئێـران و نێـوان شـارەكانی خـۆی و وان، ئـەو شـایی و شەوارەیەی بۆ لە دایكبوونی منداڵێكی مێینە دەكرێ، هەرگیز بۆ هی نێرینە ناكرێ.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: Henny H. Hansen, *The Kurdish Woman's Life: Field Research in a Muslim Society, Iraq* (Copenhagen: Ethnografiske Kaekke, no. 7, 1961); Henny H. Hansen, *Daughters of Allah: Among MuslimWomen in Kurdistan* (London, 1960); Mohammed Mokri, "Le Mariage chez les Kurdes," *Revue de la Société d'Ethnographie* (Paris, 1962); T.F. Aristova, "Ocherki kul'tury i byta kurdskikh krest'yan Irana" ("A Sketch of the Culture and Way of Life of the Kurdish Peasants in Iran"), *Trudy Etnografii Miklukho-Maklaya* 39 (Moscow, 1958); Paul Magnarella, "A Note on Aspects of Social Life among the Jewish Kurds of Sanandaj, Iran," *Jewish Journal of Sociology* XI.1 (1969); R. Ghirshman, *Iran: From the Earliest Times to the Islamic Conquest* (Baltimore: Pelican, 1954); Ziba Mir-Hosseini, "Impact of Wage Labour on Household Fission in Rural Iran," *Comparative Journal of Family Studies* 18.3 (1987); Walter Fischel, "The Jews of Kurdistan," *Commentary* VIII.6 (1949); Dina Feitelson, "Aspects of the Social Life of Kurdish Jews," *Jewish Journal of Sociology* I.2 (1910); Ziba Mir-Hosseini, "Changing Aspects of Economic and Family Structures in Kalardasht, A District in Northern Iran," unpublished doctoral dissertation (Cambridge: Department of Social Anthropology, Cambridge University, 1980); A. Salar, "A Kurdish Boyhood," *Kurdish Times* IV.1-2 (1991); Basile Nikitine, *Les Kurdes, etude sociologique et historique* (Paris, 1956); Michael Roaf, *Cultural Atlas of Mesopotamia and the Ancient Near East* (New York: Equinox-Oxford, 1990); M. Fischer, "On Changing Concept and Position of Persian Women," in L. Beck and N. Keddie, eds., *Women in the Muslim World* (Cambridge, Massachusetts: Harvard University Press, 1978).

**General Bibliography**

Two excellent works on the social psychology of the Kurds and the cultural-environmental roots of their social behavior and organization are Abdul-Kader Amin (collected by), *Kurdish Proverbs* (New York: Kurdish Library, 1989) and Samande Siaband (pen name used by M. Izady), "Mountains My Home," *Kurdish Times* II.2 (1988); Witold Rajkowski, "A Visit to Southern Kurdistan," *Geographical Journal* 107.3-4 (1946); A valuable earlier work is that of C.J. Edmonds, *Kurds, Turks, and Arabs* (London: Oxford University Press, 1957). B. Nikitine, *Les Kurdes. Etude Sociologique et Historique* (Paris, 1956); Henny Hansen's work, *The Kurdish Woman's Life: Field Research in a Muslim Society, Iraq* (Copenhagen: Ethnografiske Kaekke, no. 7, 1961) sheds light on more than the status of Kurdish women, and should prove valuable reading. A more specific bibliography on the social and political organization of the Iranian Kurds is provided in the work of Wolfgang Behn, *The Kurds in Iran: A Selected and Annotated Bibliography* (London: Mansell, 1977); Hanzelka Jiri and Miroslav Zikmund, *Kurdistan: Land der Aufstände, der Legenden und der Hoffnung* (Prague: Artic Praha, 1962); and the *Kurdish Times*, semi-annual journal, Brooklyn, New York, Kurdish Library, 1985-present.

# فەسڵی هەشتەم

## مەسەلە سیاسی و هاوچەرخەكان

### ناسیۆنالیزمی كورد و دەوڵەتی نەتەوایەتی

كوردەكان ئێستا لەناو پێنج دەوڵەتی سەربەخۆدا وەكو كەمینە دەژین، ئەم ژمارەیە گەلێ لە پێنج تێدەپەڕێ، ئەگەر كۆمارەكانی یەكێتی سۆڤیەتی جاران لە قەفقاسیا و ناوەڕاستی ئاسیا سەربەخۆیی تەواو بە دەست بێنن، ڕاستییەكەی، كورد ئەمڕۆ كەمینەیەكی گەورەن لە هەموو ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیانەدا كە تێیاندا دەژین. تەنها لەمەدا كورد بە كەمینە نەتەوەییەكانی تر دەچێ، وەرنە، بە گشت پێوانەیەك، كورد گەلێكی بزێو و گەورەی و بە تاك و بە كۆمەڵ نیشانە و مۆركی گەلێكی سەرەكیی ژێر دەست و داگیركاریی بێگانەی پێوە ئاشكرایە، پێكەوە دەرنەبڕدنی بەردەوامی كوردان لەگەڵ حكومەتە باڵادەستەكانیان و دامەزراندن و هەڵوەشاندنەوەی چەندین پارتی سیاسی كوردی و ئامادەیی یان بۆ بەرپاكردنی ڕاپەڕین و بەرخودان، شەڕو شۆڕ، بانگدانی سەربەخۆیی، هەروەها دەربەدەركردن تێكڕا كورد لە كەمینە ئەتنییەكانی ناو ئەم دەوڵەتانە و گەلێ كەمینەی تری سەر ڕووی زەمینی جیا دەكەونەوە (بڕوانە مێژووی پێش هاوچاخ و ئەم دواییانە، هەروەها دەربەدەركردن و جێگركردنی بە زۆر و پارتە سیاسیەكان).

گەر بەراوردیان كەین، هەمان كۆمەڵە مەرج كە ئەڵمانەكانیان كرد بە نەتەوە (أمة)، هەرچەندێكو ئەوان بەر لە ١٨٧١ هەرگیز بە یەكگرتوویی لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتی ئەڵماندا نەبینراون، لە كوردیشدا هەن، تاقە شتێك كە كورد وەكو نەتەوەیەك نیەتی دەوڵەتی

سەربەخۆیە، ئەگینا بە هەر پێوانەیەکی باو و ستاندەردی تر، کە لای هەمووان قبوول بکرێ، کورد نەتەوەیەکی سەرەکییە.

هەموو ئەو کردەوانەی کە دامەزراوە دەوڵەتییە چاك رێکخراوەکان بۆ دروستکردنی نەتەوەیەك کردیان لەو گەلە جیاجیایانەی کە بە میرات بۆیان مایەوە لە چوارچێوەی ئەو سنوورانەی لەم دواییانەدا بە دەستکرد بۆ دەوڵەتەکانی تورکیا و سوریا و عێراق و ئێران دروستکران، لە بنەکانەوە تۆزقاڵێك کاریان لە کوردان نەکرد، ئەوی ڕاست بێ لەم ڕووەوە، هەر ئەم دەوڵەتانە خۆیان ئەوەی لە دەستیان هاتبێ بۆ بەربەستدانان لە بەردەم گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردیدا تا وەکو پێکهاتەیەکی جیاواز و سەربەخۆ نەکا نەشوونما، درێغیان نەکردووە، بەڵکو چیان بۆ کرابێ بۆ ڕووخاندنی سنوور و نیشانە نەتەوەیی و تایبەتمەندیەکانی کردوویانە. بە هەموو تواناوە هەوڵیان داوە ڕابردووی کورد لە گۆڕنێن، هەر جۆرە سیمایەکی ڕەسەنایەتی لە کەلتووری کورددا هەبێ دایڕنن و بیسڕنەوە، و بەریگرن لە هەر جۆرە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەك کە بەدڵ و بەگیان و دڵسۆزانە لە هەر بابەتێك کە بەلای کوردەوە بایەخدار و گرنگ بێ کرابێ سەرەڕای ئەمانەش، ناسنامەی ناڕاست و بێ بنچینەی وەکو "تورکی چیایی" لە تورکیا و "عەرەبی ئومەوی" لە سوریا و عێراقیان (بۆ کوردە یەزیدییەکان) هەڵبەستووە.

بوونیەتی جیاوازیان لە ئێران و ئازەربایجانی سۆڤیەتی و تورکمەنستان بەبێ یەك و دوو وەکو ئاوخواردنەوە ئینکار کراوە، ئەم هەموو کردەوە سەرکوێرکەرانە، تەنانەت کوردەکان خۆیشیانیان خستوتە دڵەڕاوکێ و سەرلێشێوانەوە.

زۆربەی هەوڵ و تەقەلای ئەو حکوومەتانەی کە ئێستا هەریەکەیان سەروکاری پارچەیەکی کوردستانی بە دەستەوەیە بۆ ئەوە تەرخانکراون ناسنامەیەکی نەتەوەیی سەرانسەریی و کاریگەر دروست بکەن بە مەبەستی داچەسپاندنی یەکیەتیەکی سیاسی و بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی بەو شێوەیەی کە لە ئەورووپا هەن. لە تورکیا و سوریا و عێراق وشەکانی (تورك) و (عەرەب) کە جاران بە مەبەستی گاڵتەجاڕی بۆ دەلالەتکردن لەسەر کابرایەکی کەڕە گوندی و کۆچەری بیابان نشین بەکاردێنرا، ئێستا بە مەبەستی دروستکردنی ناسنامەیەکی نەتەوایەتی هەمەگیر لە پرۆسەیەکی تێکەڵ لە مێژووسازی و زمانبازی ساختەو شتی بێ پایە و مایەدا

ڕەونەقبەخش دەكرێ، ئەوان ڕاستیە مێژووییەكانی تریان لێخن كردووە یان شێواندوویانە، تا بیكەن بە پێگە بۆ برینەوەیەك كە گوایە، "نەتەوە" بەم شێوەیەی ئەمڕۆی لە سەردەمانێكەوە كە لە بیركردنەوە نایەن وەكو بوونێكی یەكگرتوو و ناسراو هەر هەبووە و یەكێك بووە لە بەشداربووە سەرەتاییەكانی فەرهەنگی جیهانی.

لەم وێنە شێوا و و تێكەڵەدا، شوێنی كورد لە كوێیە؟ چونكە زۆر ڕوون و ئاشكرایە كە كورد نە عەرەبە نە تورك، هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ دروستكردنی ناسنامەیەكی ساختە دراون كە بە عەرەب یان تورك دەریان بخەن، نیوەچڵ، شێوا و دەرچوونە و بوونەتە بڵقی سەر ئاو.

لە ئێران، كوردەكان زۆر بە ئاسانی لە بیروبۆچونە پان ئێرانیستەكانی دەوڵەتدا دەگونجێن چونكە كەلتوورو زمانی كوردی لە ڕاستیدا ئێرانین. بۆ حكوومەتی ئێران، مەسەلەكە نەك هەر ئاسانە كە ناسنامەی كورد لە چوارچێوەی خێزانێكی گەورەتری گشت گەلە ئێرانیەكاندا بخوێنێتەوە، بەڵكو ئەو پشتگیریەی لە كوردەكانی دەرەوەی سنوورەكانی خۆی كردوویە، جوغزێكی گەورەی بۆ مەنتیقی پان ئێرانیزم دروستكردوە (نەك هەر مەنتیقی پان ئێرانیزم بەڵكو هەر مەنتیقیكی كە بە بەگوێرەی كات لە باریێ)، لەم ڕووەوە محەممەد ڕەزا شای پەهلەوی لە باسی كورددا، ئەوانی بە "پاكترینی هەموو ئاریایی نەژادەكان و یەكێك لە ڕەگەزە هەرە ڕەسەنەكانی ئێرانیەكان" لە قەڵەم دەدا، لای ئەو و زۆریەی هەڵبژاردەكان، (ئێرانی) لەگەڵ (فارس)دا بێ زیاد و كەم هاو مانا دەهات.

بەگوێرەی بۆچوونی تاران، كوردیش ڕاست و ڕەوان وەكو فارسەكان، بە زمان و بە فەرهەنگ گەلێكی ئێرانیە، جا لەو سەرشێوانەدا كە ئەمڕۆ تەنانەت ناوەندە زانستییەكانیشی گرتۆتەوە، لە بارەی دوو وتەی ئێرانی و ئێرانی نەژادەوە (كە دوو بیرۆكەی بەقەی ئەڵەمان و جێرمانی نەژاد لێك دوورن)، كوردەكانیش لایان لێڵە ئایا زمانەكەیانی لێدەرچێ چی تر هی ئەوانە و ئێرانی نیە، لە كاتێكدا مەبەست لە ئێرانی وا پەیتاپەیتا خەریكە "فارسی" دەگرێتەوە و هیچ سنوورێك لەنێوان هەردوو بیرۆكەكەدا نامێنێ، هەر لەبەر ئەم هۆیە، كابرایەكی كورد لە توركیا و سوریا عێراق و كۆمەنوێلسی دەوڵەتە سەربەخۆكان (سۆڤیەتی جاران – وەرگێڕ) زۆر ئاسان دەتوانێ خۆی لەو گەلانە بگرێت، بەڵام لە ئێران مەسەلەكەی وا بۆ نالوێ.

جیاوازیەکی گەورەی دیکە کە لەنێوان ئێران و دەوڵەتەکانی تردا لەم ڕووەوە هەیە ئەوەیە کە کوردەکانی ئێران خاوەنی دووروو درێژن وەکو بەشێك لە دەوڵەتی ئێران، لە کاتێکدا هەرچی دەوڵەتەکانی سوریا و عێراق و تەنانەت تورکیاشن، ئەوان دەستکردی دەسەڵاتە کۆلۆنیالیە ئەوروپییەکانن و تەنها دوای جەنگی دووەم لەسەر کەلەکەی لاشاکی دەوڵەتی عوسمانلی دروستیان کردوون و بەر لەو، هیچ وڵاتێك بەو ناوانە لە ناوچەکەدا نەبوە، و تەنها لەبەر ئەوەی بوونی دەوڵەتیکی کوردستانیی سەربەخۆ بۆ بەرژەوەندی کاربەدەستە کۆلۆنیالیە ئینگلیز و فەرەنسیەکان دەستی نەدەدا، کوردان پەسترانە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە تازە دروستکراوانەوە، هەرچی کوردەکانی ئێرانن، ئەوان هەر نەبێ لە سەدەی شانزەیەمەوە لەناو سنووری دەوڵەتی فارسدا ژیاون، تەنها جیاوازی لە مەسەلەکەدا ئەوەیە، ناوی دەوڵەتە کە لە ساڵی (١٩٣٥)ەوە لە وڵاتی فارسەوە بوە بە ئێران.

گەلێ کەسایەتی گەورەی نیشتیمانی لە کوردانی نەتەوە لە ئێراندا هەڵکەوتوون، چ لە سەردەمی ئێستامان و چ لە رابردوودا. سەرۆکایەتی گەورەترین و بە هەیبەتترین پارتی سیاسی لە ئێران پێش بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامی، واتە جەبهەی میللی (کە لەلایەن دوکتۆر محەممەدی مسەددیقی سەرۆك وەزیرەوە دامەزراوە)، لە دوو دەهەی رابردوودا بەدەستی کەریمی سنجابیەوە بوە کە کوردێکی کرماشانیە. نەك هەر ئەمە، گەلێ کەڵە نووسەر و هونەرمەند و کەسایەتی کۆمەڵایەتیش، کە لەسەر ئاستی نیشتیمانی خاوەنی پلە و پایەی بەرزبوونە، بە نەتەوە کورد بوونە، ئەمانە بە پەیژەی پایەدا بۆیە سەرکەوتوون چونکە ڕێبازی پان ئێرانیستییان گرتۆتە بەر نەك هی کوردایەتی، ئەگەر وایان نەکردایە، ئەوا دەکەوتنە بەر تیری تۆڵە و ئەفەرۆز کردن لە کۆمەڵگا.

ئەوان تەنها نزیکەی ١٢٪ی گشت دانیشتوانی ئێران پێکدێنن و هیچ دەرفەتێکیشیان بۆ لەمە زیاتر بوون لەبەردەمدا نیە (بڕوانە دیموگرافیا).

لەپاڵ ئەمەشدا وەکو دانیشتوان بەسەر دوو هەرێمی لێکدابڕاودا دابەشکراون: کوردستان و تیلماسکی کوردنشینی خۆراسان کە شەش سەد میل لێکەوە دوورن، جگە لە چەندین پەڵە و پارچەی تر کە بەدەورووبەری چیای ئەلبورزەوە هەن. سەرباری ئەمانە، جیاوازی هەرێمیی کوردانی ئێرانی بەجۆرێك لێکدابڕیوە کە ناتوانن لە تاران یەکدەنگیەك بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانیان پێك بێنن، (بڕوانە دابەشکراوی ناوخۆی).

لە عێراقیش کوردێکی زۆر گەیشتونەتە پلە و پایەی بەرزی سیاسی، و جێگری چەندین سەرکۆماری عێراق کورد بوونە، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئێستای عێراق تەمەنێکی ئەوتۆ درێژی نیە لە مێژوودا (ئەم دەوڵەتەساڵی ١٩٣٢ پاش کۆتایی هاتنی خاوەنداریەتی[5] بریتانیا دروست بوە) و لەبەر نەبوونی دەستەیەکی هەڵبژاردەی سیاسی بەهێز و جێ پێ قایم، ڕژێمە یەك لە دوایەکەکانی عێراق هەرگیز بەو دارەتەدا نەچوونە کە نوێنەری گرووپە ئەتنیەکانی تر لە دەسەلات دوور بخەنەوە، سونیە عەرەبەکان کە لە سەردەمی سەریەخۆییەوە جڵەوی دەسەلاتیان بەدەستەوە بوە، تەنها ١٨٪ی کۆی دانیشتوان پێکدێنن، و ئەم ڕێژەیە گەلێ لە هی کوردەکان خوارترە (٢٣,٥٪)، کوردێك دەتوانێ بە کوردی بمێنێتەوە و پایەی بەرزی سیاسی و کۆمەلایەتیش وەرگرێ ئەگەر بەدڵ و گیان لایەنگیری حکوومەت بکا زۆر کوردیش پۆستی یەکجار بالای سەربازیی وەرگرتووە: نوری سەعید، جەعفەر عەسکەری، بەکر صدقی، بەهائەددین نوری، ئەمین زەکی و هی تر! ! تەنها پۆستەکانی بازنە تەنگەکانی هەرە ناوەوەی دەوڵەت، (بە پۆستە هەرە بەرزە سەربازیەکانەوە)[6] بۆ سونیە عەرەبەکان پاوان کراوە، ئەمەش زیاتر لە هەستی خۆپارێزی و خزم خزمێنەوە پای گرتوە نەك شۆڤینیەتی نەتەوەیی..

هیچ بیر و بۆچوونێکی دەوڵەتی وا لە ئارادا نیە کە لەسەر بنەمای سەر بە گرووپێکی ئەتنی بوون، بەر لە پێشکەوتنی کۆمەلایەتی هیچ کەسێك بگرێ، ئەو پان عەرەبیزمەی کە جار ناجار لەلایەن کاربەدەستانی بەغداوە دەکرێ بە دروشم، زیاتر گوفتارە نەك ڕەفتار، هێرشەکەی ئەم دواییەی سەرکوێتی برای عەرەب لەلایەن عێراقیە "عەرەبە"کانەوە باشترین بەلگەیە بۆ ئەم بۆچوونە (لەگەڵ ئەوەی نزیکەی ١٥٪ی ئەو سەربازانەی لەم هێرشە بەکارهێنران، وەکو ئەیزانین سەربازی گیراوی کورد بوون).

تەنانەت سەرۆك سەدام حوسەین، کە بەدڕندەیی ناوی زڕاوە، نە کوردەکان و هیچ کەسێکی تری لەبەر ئەوە نەداوەتە بەر ڕێژنەی سزادان و تۆڵە چونکە کورد بوونە، بەڵکو زیاتر

---

[5] (دوکتۆر کەمال مەزهەر "قەیمومەت"ی بۆ ئینتداب بەکارهێناوە. خاوەنداریتی لە کۆمەلگای کوردیدا بۆ ئەو سەرپەرشتییە بەکارهاتووە کە کەسێك بۆ یەکێکی دەکا کە خۆی بێ داشداری توانای بەسەربردنی ژیانی نیە، هەر بۆیەشە من بەکارم هێناوە. با هەردوو وشەکە لە فەرهەنگی کوردیدا هەبن، کامیان ما ئەوا شاباش، کامیانیش مرد، خوای لەگەڵ — وەرگێڕ.

[6] چەندین کوردیش پۆستی یەکجار سەربازییان وەرگرتووە لەوانە نووری سەعید، جەعفەر عەسکەری، بەکر صدقی، بەهادین نووری، ئەمین زەکی و هی تر (دوکتۆر کەمال مەزهەر).

لەسەر ئەوەی کە رووبەڕووی ڕژێمەکەی وەستاونەتەوە، ئەندامانی خێزانەکەی خۆی یان عەترەشەکەی (تکریتیەکان) گەر گومانی نادڵسۆزی لێ بکرێ، بێ جیاوازی بەرەنگاری هەمان چارەنووسی کابرایەکی جوتیاری دانیشتووی قوولایی چیاکان دەبێتەوە گەر بکەوێتە ناو کەوانەی گومانەوە.

دوا ڕۆژی کوردەکانی عێراق هیچ روون نیە، هێنانەوەی ولاتەکە بۆ بارودۆخی خۆی وەکو ولاتێکی تەواو سەربەخۆ و سنوور سەلامەت و ئەندامێکی بێ کەلێنی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی سەردەمێکی زۆری دەوێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی کوردەکان ماوەیەکە یان لە دەرەوەی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بەغدا، یان بەتەواوی سەربەخۆ (لە مارتی "١٩٩١"ەوە) دەژین، زۆر زەحمەتە مرۆڤ بیر لەوە بکاتەوە کە کوردە دەست سووتاوو وریا بوەوەکانی عێراق ئامادەبن جارێکی تر بچنەوە ژێر دەسەڵاتی بەغداوە، ئەوان ئەمەیان بەو کۆڕەوە دووپات کردەوە کە ساڵی ١٩٩١ پاش ئەوەی بەغدا بەتەمابوو دیسانەوە بیانخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی، دووپات کردەوە.

پاش نزیکەی ساڵێك لەسەربەرخۆیی لەناوچە "ڕزگارکراوەکان"ی عێراقدا، پارتە سیاسیە کوردیەکان دیسانەوە ئەم دەرفەتەیان لە دەست دا تا بۆ جیهانی دەرەوەی بسەلمێنن ئەوا کوردستانێکی ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆ، بیرۆکەیەکی واقیعییەو گەر کوردەکان بهێڵرێن، دەتوانن یاسا و دەوڵەتیاری و سەراسوێیی پێویستیەکانی هاوولاتیانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بکەن. تۆماری کاری ساڵێکیان لە حوکمدا بریتیە لە زنجیرەیەکی داخ ئاوەری سەرنەکەوتوویی لە راپەڕاندن و بەڕێوەبردنی ئابووری هەرێمەکە لە کاتێکدا ئەوان سەرقاڵی ناکۆکیە سیاسیە ناوخۆییەکانیان بوون، ئێمنایەتی خەڵکەکە هەر بە تەواوی خرابوە پشت گوێ و قاچاخچیەتی بوویوو بە پیشەی سەرەکیی. گەر بێتو خۆبەڕێوەبردن بۆ کوردەکانی عێراق بکرێ بەڕاستی، ئەوا گومان لەوەدا نیە کە ئەو کارە پێویستی بە زیاتر لەو توانا سیاسی و دیبلۆماسیەیە، کە ئێستا لەوێ هەیە[7].

بیرۆکەی ناسنامەیەکی کوردی، چۆن لە رابردوودا لەگەڵ ئیدیۆلۆجیای دەوڵەتدا ناکۆك بوە لە تورکیا، لە دوا ڕۆژیشدا هەر وادەبێ، ئەگەر ناوەکانی (عێراق)، (ئێران)، (سوریا) هیچ

---

[7] لەم بۆچوونەدا دوکتۆر میهرداد کەوتۆتە هەڵەوە ڕاستە لە ساڵەکانی سەرەتادا ناوچەکە گیرو گرفت و ململانێیەکی زۆری بە خۆوە دیت، بەڵام لەم دوادواییەوە هەرێمەکە بەشایەدی یار و نەیار بوو بە شتێکی نموونەیی بۆ هەموو دەرو دراوسێ – وەرگێڕ.

ڕەنگوبۆیەكی ئەتنی نابەخشن بە دەوڵەتەكانیان، ناوی (توركیا) دەیبەخشێ، بە ماناداناوە (توركیا) واتە (سەرزەمینی توركان)، لەبەر ئەوە گەر كوردەكانی توركیا خۆیان بە "كوردی تورك" بناسێنن، ئەوا ناكۆكییەكی مەنتیقی لە مەسەلەكەدا دێتە پێشەوە، چۆن توركێك دەتوانێ ببێ بە كورد؟ دەبێ ئەوانەی ساڵانی ١٩٢٤–١٩٢٥ داكۆكییان لە ئەنەدۆڵیەت دەكرد ئەمەیان لە بیردا بووبێ (بڕوانە Andrews ١٩٨٩) ئەوان ئەوەندەی بە تەنگی بیروبۆچوونە پان توركیزمە فراوانەكەی خۆیانەوە بوون، بە تەنگی كورد و كەمایەتیە ناتوركەكانی ترەوە نەبوون، ئەوان بەو گوفتارەوە بەم بابەتەیاندا هەڵدەدا كە وشەكانی (تورك) و (توركیا) هەموو گەلە تورك ڕەگەزەكان و هەموو ئەو سەرزەمینانەش دەگرێتەوە كە ئەوان لەسەری دەژین واتە سەرزەمینیی ئەفسانەیی توران. ئەوان دەیانگوت "ئێمە ئەنەدۆڵین، ئەنەدۆڵ نیشتیمانمان و گەلەكەمان گەلی ئەنەدۆڵە" (Tachao١٩٦٢–٦٤–٨ )، مەبەست و ئامانجی ئەوان هەرچیەك بووبێ، ئەنەدۆڵ، كە ناوی كەسی پێوە نیە لە ڕووی ئەتنییەوە، دەیتوانی لەو ڕادیكالیەت و شۆفینیەتە ئەتنییە بیانبوێرێ كە لەناوی توركیاوە وەكو ناوی دەوڵەت كەوتەوە.

بە نیشانەی ئاگاداری لەو نارێكیەی كە هەردوو ناوی ئەتنیك تەباری (توركیا) و (تورك) دەیروژێنن، دەستووری ساڵی ١٩٨٢ی توركیا لە بڕگەی (٦٦)یدا دەریدەخا كە "تورك ئەو كەسەیە كە بە شەتەكی هاونیشتیمانیەت لەگەڵ دەوڵەتی توركدا گرێ دراوە" لێرەدا باسی پەیوەندی ئەتنی نەكراوە و لە بارەی یاساوە وشەی تورك، دەتوانێ ڕۆڵەی هەموو پێكهاتە ئەتنییەكانی تریش، بە كوردیشەوە، بگرێتەوە. تەنها لە ڕووی پراكتیزەكردنەوەیە، كە هێشتا كار بەو جۆرە دەكەوێتەوە، كە تەنها ئەوانەی بە نەتەوە توركن لە توركیا دەژین یان بۆیان هەیە بژین. بۆ ئەم مەبەستە، پارلەمانی توركیا ساڵی ١٩٣٠ یاسایەكی دەربازكرد كە زمانی كوردی قەدەغەیە بەكار بێ لە كاروباری وەكو بەردەم دادگا، بڵاوكردنەوە، پەروەردە و پەخشی ڕادیۆییدا. سەرپێچی كردن لەو یاسایە، سزای زیندانی كردنی بەدواوە بوو، قەدەغەكاریەكە بەشێوەی جیاواز و جۆراوجۆر بەكاردەهێنرا و لە هەندێ شوێن و بۆنەدا تا یاساخكردنی قسەكردن بە كوردیش دەڕۆیشت، ئەم یاسا زۆردارانەیە، كە بە ئاسانی جێبەجێ نەدەكرا، ساڵی (١٩٥٠) نەختێ خاو كرایەوە، كاتێك كە كزیی لەسەرخۆی باری دیموگرافیی كورد (لە بەرامبەر ناكوردەكاندا) شێوازێكی هەڵخەڵەتێنەری دایە توركەكان كە گوایە

کوردەکان لە توانەوەدابوون (بڕوانە دیمۆگرافیا). کاتێك کە دەوڵەتی تورکیا، لەوە وریا بووەوە کە ئەو وێنەنمایە وا دەرنەچوو، لە ناوەڕاستی (١٩٦٠)کاندا کەوتەوە هەمان شێوەی توندکاری و لە (١٩٧٠)کان و بە تایبەتی لە (١٩٨٠)کاندا گەلێ سەختگیرانەتر کەوتەوە کار.

لە کانوونی یەکەم (دیسەمبەر)ی (١٩٩٠)ەوە تا مارت (مارس)ی ١٩٩١، یاسایەکی تر لەلایەن سەرکۆمارەوە پاش دەربازبوونی لە پەرلەمان ئیمزاکرا کە دیسانەوە ڕێگای ئاشکرای بە زمانی کوردی دایەوە، دوای ئەوە کەمێك بڵاوکراوەی کوردی بە ڕۆژنامەشەوە لەوێ دەرکەوتن (بڕوانە زمان، ئەدەب و چاپەمەنی). ئەمانە ئەو هەنگاوە هەرە پۆزەتیف و بوێرانانە بوون کە لەساڵی (١٩٥٠)وە بۆ ئاشتبوونەوە و پێکهاتنەوەی دوو پێکهاتە سەرەکیەکەی ناو کۆماری تورکیانران ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە کاروباری پەیوەندیدار بەم بابەتەوە دەتوانێ بە هەنگاوی خێراتر پێش بکەوێ لە بەرژەوەندی کوردەکانی ئەو وڵاتەدا و هەموو پرۆسەکەش بە ئاشتی و تەبایی بێشە دەستەوە.

ئێستا لەناو تورکیادا مەسەلەیەك بە باشی تەقیوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە (١/٥)ی ئەندامانی پەرلەمانی ئەو وڵاتە کوردن، کەسایەتی گرنگی بواری سیاسەش، سوپا، و هەر بوارێکی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی تورکیا لە کوردان پێکدێن، لەمانە هەندێکیان تا لە چارەنووسی خۆیان دڵنیابن تواونەتەوە (بڕوانە ئاوێتە بوون و تێکداتوانەوەوە).

بەڵام هەموو بەڵگەکان ئەوە نیشان دەدەن کە زۆربەیان نەتوانەتەوە، ئەوان دڵنیا کراونەتەوە کەوا گەر هیچی تر لە بارەی پەیوەندی ئەتنیکیی خۆیانەوە نەودکێنن، ئەوا هیچ ئاستەنگێکیان نایەتە ڕێ، بەو ناسینە ڕەسمییەی ئەم دواییەی زمانی کوردی، ئەنقەرە خۆی وشەی کوردی خستەوە جێی شایستەی خۆی، ئەمە دەتوانێ زۆر باش ئەوە دەرخا کە ئەنقەرە لێکدانەوەی خۆی بۆ ئەو برگەیە لە دەستووری وڵاتەکەدا کە دەڵێ: "وشەی تورك هەموو هاووڵاتیەکی دانیشتووی تورکیا دەگرێتەوە"، بەرفراوانتر کردۆتەوە.

ئەم هەنگاوە کە بەرەو سیستەمێکی زیاتر یەکسان لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە نراوە، لەوانەیە نەتوانێ خۆی لێ ببوێرێ، بۆ گەلێك کە بەرەو گەیوبی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەنگاو دەنێ، لە هەمان کاتدا مرۆڤ دەبێ بیر لەوەش بکاتەوە کە ئەگەر لە دوا ڕۆژدا تورکیا لە کۆمەڵەی ئەورووپادا وەربگیرێ، زۆربەی ئەو کوردانەی کە ئەمڕۆ لە ژیاندان لەگەڵ ئەو وڵاتەدا

دەچنە ناو ئەو ڕێكخراوەیەوە چارەنووسی خۆیان زیاتر دەخەنە چنگی بروكسل و ئەنقەرەوە، ئەگەر دەست بەڕووی ئەنقەرەوە لەلایەن ڕێكخراوەكەوە بنرێ، لەوانەیە ڕێگاكە هەندێ دوورتر و سەختربێتەوە، بەڵام ئەو هەنگاوی دیموكراتیزەكردنەی كە لە (١٩٩١)ەوە هەڵنراوە، مژدەی دوا ڕۆژێكی پرشنگدارتریان بۆ كوردەكانی توركیا پێوەیە.

ڕەفتاری دەوڵەتی سوریا لەگەڵ ناسنامەی ئەتنی كوردی ئەو وڵاتەدا، لەنێوان دووتای تەزاروودا هەمیشە بەرزو نشێوی كردوە، لە پشتگیری و دەست بەپشتدا دانەوە لەو كاتەدا فەرەنسیەكان خاوەنداریەتی ئەو وڵاتەیان دەكرد، بۆ بە توندی و دڕندەیی یەكسان لە ئازاردان و دەربەدەركردندا لەلایەن حكوومەتی سەربەخۆی پێش هاتنە سەركاری سەرۆك ئەسەدەوە لە ساڵی ١٩٦٨دا. ئەسەد تا ڕادەیەك لە ڕووی ڕەفتاركردنەوە لەگەڵ نەتەوەكانی تردا نەختێ پشوو درێژتر بوو.

ئەم گۆڕانەی ئەم دواییە دوو هۆی سەرەكیی هەبوە، یەكەم وێ دەچێ لەوە گەیشتبێ كەسێ پارچەكەی كوردستانی سەر سنوورەكانی باكوور و باكووری ڕۆژهەڵاتی سوریا لەگەڵ توركیا و عێراقدا هەڕەشەیەكی ئەوتۆ بۆ دەوڵەتەكەی پێك ناهێنن، لە كاتێكدا دەكرێ كوردەكان بكرێن بە درك بۆ بن پێی توركیا و عێراق، ماوەیەكی زۆر بۆ دەربڕینی ناسنامەی كوردی و دراوە، هەڵبەت هەمیشە لەژێر چاوەدێری توندی دەوڵەتدا. دووەم حكوومەتەكەی ئەسەد كە نوێنەری كەمینەیەكە لە سوریادا، واتە عەلەویەكان، بۆ پارسەنگ پێویستییەكی زۆری بەدڵدانەوەی گرووپە ئەتنییەكان هەیە، تا بتوانێ داری دەوڵەت ڕاست ڕاگرێ، بەهەرحاڵ، باروئۆخی كوردەكانی سوریا، لە هەڵكشان و داكشاندا دەبێت، بەگوێرەی بزووتنەوەی كوردەكانی سەر سنوورەكانی سوریا و هەڵوێستیان بەرامبەر بە سوریا.

لە یەكیەتی سۆڤیەتی جاران، كوردەكان تەنها لە پەڵەپەڵەی دوور لە یەكدا دەژیان، و زۆریەیان بە سنوورەكانی قەفقاس و ئاسیای ناوەندیەوە بوون. كوردەكانی ناو كۆمارەكانی ئەرمەنستان و گورجستان، كە تەنها چەند دە هەزار كەسێك دەبوون و نابوون، هەر لە كۆنەوە ئاستێكی بەرچاوی سەربەستی فەرهەنگیان هەبوە، كەچی لە كۆمارەكانی ئازوربایجان و توركمەنستان دووچاری ئاوارەكردن و ئینكاركردنی ناسنامەی نەتەوەیی بوونە، ئەم باروئۆخە،

لەوە ناچێ لە دوا ڕۆژیشدا بەرەو باشتر بگۆڕێ هەرچەندە ئەم تازە دەوڵەتانە سەربەخۆییان دەست کەوتەوە.

کوردەکان لە بەرنگاریوونی پارچە پارچەیی و لێکرەوانەوەی زیاتر بە ئاقاری جیاوازی کۆمەڵایەتی و کەلتووریدا لەنێوان لەتەکاندا، و لە بەرامبەر ئینکارکردنی ڕاشکاوانەی مافە نیشتیمانی و نەتەوەیی یەکانیدا، بوونەتە گەلێکی یەکجار سیاسیە — تاوی و دڕ، و هەمیشە لە ململانێ دان لەگەڵ حکوومەتە ناوخۆیی یەکاندا و دژ بەیەکن، لەناو خۆیاندا، بوونی پڕ مەترسی و نادڵنیایان بەسەر هەرێمە سنووریەکانی ئەم دەوڵەتانەوە، چەند جار بۆتە مایەی ماڵوێرانی و لێقەومان و کەوتنە ژێر پێوە، ئەوان کە هەزاران ساڵە وەکو هێزێکی سەرەکی ڕۆژەڵاتی ناوەڕاست هەن، و سەرەڕای لەتلەتی و پارچەپارچە بوونیان، هێشتا هەر وەکو هێزێکی زیندووی لە توانەوەوە و سڕینەوە نەهاتوو هەر لە مەیداندان.

لەگەڵ هەرەسهێنانی یەکیەتی سۆڤیەت و دامەزراندنی چەند دەوڵەتی سەربەخۆ لە ناوچەکەدا، ئێستا وا کوردەکان بۆیان دەردەکەوێ کە سنووری نێودەوڵەتیەکان وەکو جاران نەگۆڕ نین، بە تایبەتی لەنێوان ئەو وڵاتانەدا کە بە دەوریانەوەن، باورنۆخی شل و شاویی لە وڵاتانی ئۆراسیا هەر لە سلۆڤینیاوە بیگرە تا دەگەیتە کۆریا و یەمەن ئەوە دەردەخا کەوا گەلێ شتی وامەیە، کە جاران لە کردن نەدەهاتن، ئێستا لە گویندان بێنەکایەوە، ئەو گۆڕانانە جاران بەهیچ جۆرێك ڕێی هاتنەدییان نەبوو، ئێستا لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە بوونە بە بابەتی ڕووتینی و سروشتی. لەم چوارچێوەیەدا، گرووپە نەتەوەییەکان و مافە بنەڕەتیە مرۆڤ و نیشتمانیەکان، بە سەربەخۆییشەوە هی ئەوەن بخرێنە بەردەست و بێنەدی.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** Ismail Besikci, "State Ideology and the Kurds," *Middle East Report* (July-August 1988); Peter A. Andrews, *Ethnic Groups in the Republic of Turkey* (Wiesbaden: Ludwig Reichert, 1989); Sureya Bedir Khan, *The Case of Kurdistan Against Turkey* (Philadelphia: Kurdish Independence League, 1928); F. Tachau, "The Search for National Identity among the Turks," *Die Welt des Islams* 8 (Leiden, 1962); Martin van Bruinessen, "Kurdischer Nationalismus und Sunni–Schi'i Konflikt," in *Geschichte und Politik religiöser Bewegungen im Iran, Jahrbuch zur Geschichte und Gesellshchaft des Mittleren Orients* (Berlin/Frankfurt, 1981); Ferhad Ibrahim, *Die Kurdische Nationalbewegung im Irak: eine Fallstudie zur Problematik ethnisher in der Dritten Welt* (Berlin: Klaus Schwarz Verlag, 1983); Christiane More, *Les Kurdes Aujourd'hui: Mouvement National et Partis Politiques* (Paris: Editions l'Harmattan, 1984); Theodore Nash, "The Effect of International Oil Interests upon the Fate of Autonomous Kurdish Territory: A Perspective on the Conference at Sèvres, August 10, 1920," *International Problems* 15, 1-2 (1976); McDermott and Short, *The Kurds* (London: Minority Rights Group, 1975); U.S. Helsinki Watch Committee, *Destroying Ethnic Identity: The Kurds of Turkey* (New York: USHWC, 1988).

# جیۆپۆڵەتیكا

جیۆپۆڵەتیكای كوردستان بۆتە كۆسپێكی كاریگەر و گەورە لەبەر پێكهێنـان و چەسپاندنی قەوارەیەكی سەربەخۆی كوردی لەم سەدەیەی ئێستادا. بەم بارودۆخەی ئێستایەوە كە پێنج سنووری نێودەوڵەتی بەجەستەیدا ڕەت دەبن، كوردستان لـەم (٧٤) ساڵە ڕووداواویانـەی ئـەم دواییەوە بوە بە بەرجەستێكی سروشتیی لەبەردەم هێڵەكانی پێشەوەی یەكێتی سۆڤیەت لـە قەفقاسیا، بـەڵام بەلێكهەڵوەشـانی یـەكێتی سۆڤیەت، كـەس نـازانێ سنوورەكانی بـاكووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چیان بەسەر دێ، لە كاتێكدا كوردستان هەر بەناوچەی لێك جیاكـەرەوەیی دەمێنێتەوە.

لەناو گشت گرووپە ئەتنیكیەكانی دیكەدا كورد وای بۆ هەڵكەوتووە كە تاقە گرووپی ئـەتنی بێ لە جیهاندا كە چ گەل چ وڵاتی بەشداریی بێ ئاگابن لە چوار پێكهاتەی جیۆپۆڵـەتیكی گـرنگ و بەیەك نەیاری جیهانییدا: جیهانی عەرەب (لـە عێـراق و سـوریا)، نـاتۆ (لـە توركیـا) پـەیمانی وارسۆوبلۆكی سۆڤیەتی (لە قەفقاسیای سۆڤیەتییدا) و بلۆكی بـاكووری ئاسیا ناوەنـدی ئاسیا (لـە ئێـران و توركمەنـستانی سـۆڤیەتییدا). كـورد و چارەنووسـی لـە سـەدەی (٢٠) داوای بۆرێككەوتووە لە چوارچێوەی سیاسەتی هێز بازی نێوان ئەم بلۆكـە جیهانیانـە و بزووتنـەوەی بەرژەوەندیەكانیاندا بخوێنرێتەوە.

ئەگەر هێزە دەوڵەتیەكان بێتو یارمەتی كوردەكان بدەن بۆ وشار خستنە سەر ئێران، ئـەوە فشاری نا ڕاسـتەوخۆ، بـەڵام ترسـناكی بـۆ بـاڵی ڕۆژهەڵاتـی توركیـا لەگـەڵ یـەكێتی سـۆڤیەتدا لێدەكەوێتەوە و لەوێشەوە تەشـەنە دەكـا بـۆ ئاسایـشی وڵاتـەكانی نـاتۆ، پـشتگیریی كردنـی كوردەكـانی عێـراق، بەشـێوەی ناڕاسـتەخۆ یارمەتیـدانی ئێـران و سـوریای بـە ئـواوەیـە لـە دۆژمنایەتی كۆن و بـەردەوامیان بەرامبـەر بـە بەغـداد و ئەمـەش دەبێتـە مایـەی نیگـەرانی بـۆ توركیا. بلۆكی عەرەبی، بەهەرحاڵ، پێی ناخۆشە كەمایەتیە نا عەرەبەكانی سـوریا یـان عێـراق لەلایەن هێزە دەرەكیەكانەوە بلاوێنرێن. بـۆ ڕۆژئـاوا، پـشتكردنی تـەواو لـە كوردەكـان ئـەوەی دەگەیانـد، كـە بـە زۆر بـەرەو یەكیـەتی سـۆڤیەت بیـانرەتێنێ، یـاخۆ بیانخاتـە باوەشـی

تیرۆریزمەوە، کاتێ کە هیچ ئەلتەرناتیڤێکی تریان بۆ برەودان بە مەسەلەکەیان بەدەستەوە نەمێنێ. هەرەسهێنانی یەکیەتی سۆڤیەت، ئەم کارتە باکووریەی لە دەستی سەرکردە کوردەکان دەرکرد، بەلام بارودۆخی دەلەمە ئاسای ئێستا، لەوانەیە بچێتەوە سەر دۆخی جاران، یان شێوەی نوێ و نائاسایی بگرێتە بەر.

کوردستان وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی ئاو، لە رۆژهەلاتی ناوەراستی وشك و بێ ئاودا بایەخێکی یەکجار زۆری بۆ ئەو ولاتانە هەیە کە ئێستا هەر یەکە بەشێکی ئەم ولاتەیان بە دەستەوەیە، لە کاتێکدا، نزیکەی هەموو سامانە ژێر زەمینییە نەوتیەکانی تورکیا و سوریا لە کوردستانن، لە عێراقیشدا کێلگە نەوتیەکانی پیرە کەرکوك نزیکەی سێ یەکی هەموو سامانی نەوتی ئەو ولاتەیان تێدایە (بروانە سامانە سروشتیەکان: نەوت).

ئەوەی راست بێ، ئەم خەمە ئابووریە گەورانە بوون کە بریتانیایان پالنا تا ئەو پرۆسەیە ببزرکێنێ کە پەیمانی سێڤەر پاش جەنگی جیهانی یەکەم بە ئاراستەی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ داینابوو، هەر لەبەر گرنگی ستراتیژی و ئابووری هەرێمە نەوتجارەکانی کوردستانی ناوەندبوو، بەریتانیا تێکرا خستنیە ناو عێراقی ژێر خاوەنداریی خۆیەوە و لە بەرامبەردا شانی بۆ تورکیا نسلێ کرد دەست بەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بگرێ (بروانە مێژووی هاوچەرخ).

تەگەرەیەکی تری پێش حەسانەوە و بە مراز گەیشتنی کوردان ئەوەیە دۆستێکی ساخ و راستیان لەپالیان نزیکی خۆیانەوە نیە، گرنگی دۆستی ئەوهامان کاتێك باش بۆ دەردەکەوێ کە کورد لەگەل فەلەستینیەکاندا بەراورد بکەین کە عەرەبێکی زۆری تریان بە دەورەوەیە و تێکرا پشتگیرییان لێدەکەن و مەسەلەکەیان بووە بە ئامانجی سەرەکیی بزووتنەوەی عەرەب. کوردەکان هیچ پەیوەندییەکی ئەتنیکییان بەدراوسێ سەربەخۆکانی دەورووبەریانەوە نیە... ئەوان قوربانی مەوقیعی ستراتێژی خۆیان و خواست و قازانجە جیۆپۆلەتیکیەکانی دەولەتانی دیکەن، ئەوان لە چارەیان نووسراوە، چ لەناوەوە، چ لە ئاستی جیهانی، هەمیشە بێ دۆست و یارین.

لە هەمان کاتدا کوردەکان دووچاری جۆرە دابەشبوونێکی تریش بوونە بەوەی لەناو چەند بلۆکی جیۆپۆلەتیکی جیاوازدا گیرساونەتەوە کە هەر یەکەیان کەلتووریکی تایبەتی دەولەت و

دیدێکی دەوڵەتیارانەی ئەتنی تـەبار، یـان کەسـایەتی تـەباریان هەیـە و کوردەکـان بـە جۆرێك کەوتوونەتە داوی ئەمانەوە کە دەرفەتی دەربازبوونی تـەواویان بـە ئاسـتەم بۆ هەیـە، ئـەوەتا ئەمڕۆکە کوردەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور شوورەی ئیدیۆلۆژیای ئیسلامیی دێرین هەوای ئێرانیـان بۆ کێشراوە و هەرچی کوردەکانی عێراق و سوریان ناچارن بـەدوای کەلـەپووری کۆنی خۆیانـدا بگەڕێن و بەوە بوونی خۆیان بپەڕێننەوە لەژێر بـاری گرانـی ئـەنگێزەی عەرەبچیەتی ڕادیکـاڵی ئەم دوو دەوڵەتە دژ بـە ڕۆژاوەیـەدا، لـە ئەنـەدۆڵ، فەرهـەنگ و کـەلتووری کـوردی بـەرەنگاری تورکیایـەك بـووە کـە خـاوەنی دیـدێکی باشـوور ڕۆژهەڵاتـی ئـەورووپایی و حکوومـەتێکی مودێرنخوازی ڕۆژاوا خوای یەکجار سەختگیرە.

هێزە کەلتووری و ئابووری و سیاسیەکان هەریەکە لـە پارچـەکانی گـەلی کـورد بەلایەکدا بکێش دەکـەن، گـەر ئـەم بـارە ماڵوێرانکـەرە نەوەسـتێنرێ، بـۆی هەیـە لـە مـەودای دووردا، ناسنامەی نەتەوەیی و یەکیەتی فەرهەنگیی کوردەکان هەڵتـەکێنێ و ئـەم پـیرە گەلـە دێرینـە، بکا بە چەند گەلی نوێی جیاجیا.

بەرەچاوگرتنی ئەو سوودانەی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستیان دەکـەوێ یـان ئـەو ئەرکانەی دەکەونە سەرشانیان، ئایا چی لێ دەکەوێتەوە ئەگەر کوردستان بگا بە سەربەخۆیی نیمچە یـان تـەواو؟ ئایـا دەرەنجامـە جیۆپۆلـەتیکی و ئـابووری و کۆمەلایەتیـەکان بـۆ ئـەو دەوڵەتانە کە دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان لەو خاکانە پێك بـێ کە ئێستا بەشێکن لە خاکی ئەوان، چی دەبن؟ ئایا لەو حاڵەدا کێ براوە دەبێ و کێ دۆڕاو؟

با لە تورکیاوە دەست پێ بکەین، کە ئێمڕۆ زۆربـەی کوردەکـانی تێـدا دەژیـن، ئایـا ئەگـەر دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد لەسەر ئـەو خاکانـە دابمـەزرێ کـە ئـەمڕۆ زۆربـەی دانیـشتوانیان کوردن، کۆماری تورکیا لە ڕووی ئـابووری و کۆمەلایـەتی و نێودەوڵەتیـەوە لـە ئێـستای باشـتر دەبـێ یـان خـراپتر؟ کوردسـتان لـە ڕووی ئابووریـەوە دواکـەوتوترین بەشـی تورکیایـە و کۆمەڵگاکەشی لە هەمووی پارێزگارتر و سستتر و لە ڕووی پەروەردەشەوە کزتـرە و گـەلێکیش کەمتر لە تورکیای ئەورووپایی یەکگرتوو تـرە، مەسـەلەکە وردکردنـەوەی زۆری نەگەرەکـە گـەر بڵێین لە دەستدانی ئەو هەرێمە و خەڵکەکەی بۆ تورکیا، تەنیا لە کۆڵ بوونەوەی بارێکی گرانە.

نەك هەر ئەمە، ڕاستیەکەی ئەوەیە، تورکیای نیوە دوورگـەیی بـە لەدەسـتدانی کوردسـتان لـە

ڕووی کۆمەڵایەتی و دیموگرافیا و ئابووری و مێژووییەوە، دەبێ بە یەکێك لە وڵاتەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا گەر زیاتر نەبێ، بێ هیچ گومانێك ئەم وڵاتە گەر کوردستانی تا بلێی هەژار و ئاسیایی سرووشتی لێ بقرتێنرێ، بێ تەگەرەیەکی ئەوتۆ لە کۆمەڵەی وڵاتانی ئەورووپادا وەردەگیرێ و ئەوکاتە تورکیا بە باشی دەتوانی بنووسێ بە وڵاتانی ئەورووپاوە، هەر ئەوکاتە سەرچاوە ئاویە ستراتیژیەکانی کوردیش بۆ تورکیا ئەو بایەخەیان نامێنێ، چونکە لەو تورکیا نوێ قەوارەیەدا هیچ سەرچاوەیەکی ئاوی لە چیا و هەڵەتەکانی کوردستانەوە نایەن. بۆ نموونە، سیستەمی دیجلە و فورات لە باشووری کوردستانەوە دەڕژێتە سوریا و عێراقەوە و ئاراس و کورا دەچنە ڕۆژهەڵاتی ئەرمەنستان و گورجستانەوە. لەلایەکی ترەوە، زنجیرە چیا بڵندەکانی تۆرۆس و ئەو سیستەمە چیاییەی لێی دەکەوێتەوە، لەڕووی جیۆلۆجی و هەیدرۆلۆجییەوە کوردستان بە ڕێکی لە نیوە دوورگەی ئەنەدۆڵ دادەبڕێ ڕاستە تورکیا ئەوسا دەرفەتی فرۆشتنی ئاوی کوردستانی بە وڵاتە عەرەبە تینوکان لەدەست دەچێ، بەڵام ئەو دەسکەوتە هەرگیز ناگات بەو بارەگرانەی کە بووژاندنەوە و هەڵساندنەوەی کوردستانی وێرانە گەرەکیەتی. وێنەیەکی هەڵوەشانی دەوڵەتێکی نابەکار و لەڕووی ئابووریەوە سەرنەکەوتوو، لەم دواییەدا لە بن باڵی تورکیا، لە یەکێتی سوڤیەتدا ڕوویدا، ئەگەر چاو لە گرفتە ئابووریەکانی ئێستاکەی بپۆشین کە کەوتوەوەی چەندین دەهەی کارگێڕیی خراپن، ڕووسیا ئێستا لە بواری مافە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیەکاندا گەلێ لە جاران پێشکەوتوو ترە و لە ڕووی ئابووریشەوە لەو کاتە چاکتر دەبێ کە ناچار بوو هەموو داهاتی وڵاتەکە بۆ پاراستنی سیستەمی ئیمپراتۆری تەبار بڕژێنێتە قوڕگی کۆمەڵە هەژارەکانی ئاسیا و قەفقاسەوە، تورکیاش گەر کوردستانی لێ بقرتێنرێ داهاتێکی تاکە کەسی باشتر، ڕێژەی بەرزتری خوێندەواری، ڕاژەی نزمتری زیادبوونی دانیشتوان، سیستەمێکی هاوچەرختری ڕێگاوبان و هاتووچۆ و کەمتر هۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤی دێتە پێش، سەرباری ئەمانەش هەمووی، ئیتر تورکیا ئەوەندە دراوسێی سەریەشێنەری لە ئاسیادا نامێنێ بە پەناوە. سەرزەمینە سنووریەکانی دەوڵەتێکی تازەی وەکو ئەوە تەنها بە دەم کوردستان و گورجستانی سەر بەخۆوە دەبن لە ئاسیادا. بە کورتی، لەم سیناریۆ جیۆپۆڵەتیکیەدا کە کوردستانێکی سەربەخۆی لێ دەکەوێتەوە، تورکیا گەورەترین براوە دەبێ.

هەرچی ئێرانە، مەسەلەكە جیاوازییەكی گەورەی تێدایە بۆی، لە دەستدانی زۆربەی سەرزەمینە كوردنشینەكانی لەوانەیە دەرگایەك بكاتەوە بۆ لەتلەت بوونی زیاتری وڵاتەكە بۆ چەندین بەشی تر بەگوێرەی پێكهاتەی ئەتنیكی (هەرچەندە بەشە دوور دەست و دابڕاوەكەی خۆراسان لەبەر دووری لەو دەوڵەتە كوردیەدا نابێ)، ئیتر ئەو ئێرانەی كە لە دێرزەمانەوە دەوڵەت بوە، بەیەك قەوارەیی نامێنێتەوە.

خۆی، دەوڵەتەكە لە كۆتەرەوە بەفرە نەتەوەیی هاتووە، گەر بێتو تاران ڕەزامەندی بۆ جیابوونەوەی كوردەكان، واتە نەتەوەی سەرەكیی سێیەمی وڵاتەكە بدا، دەبێ شان بۆ هەمان ڕێگا بۆ نەتەوە جۆراوجۆرەكانی تریش شلكا هەمان ڕێباز بگرنە بەر، چونكە هیچ پاساوێكی یاسایی بە دەستەوە نامێنێ بۆ ڕاگرتنیان، ئازەرییەكانی باكوور، لەناو سەرزەمینی یەكێتی سۆڤیەتی جاراندا دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەیە و، لەوانەیە ئازەرییەكانی ئێران ئیتر مانەوەی خۆیان لە دەوڵەتێكدا كەوا لە باڵی یەكتر دەردەچێ بە كارێكی بێ مانا بدەنە قەڵەم و لەوانەشە هەر ئێستاكە ئارەزووی یەكگرتنیان لەگەڵ براكانی باكووریان لە مێشكدا گەڵاڵە كردبێ، پێویست بەوە ناكا لە بارەی دەرەنجامە ئابوورییەكانی كارێكی ئەوهاوە بۆ ئێران زۆر بڵێین چونكە هەر دەرەنجامە سیاسییەكانی بەسن بۆی، گەورەترین دۆڕاو لە دروستبوونی دەوڵەتێكی سەربەخۆی كورد، ئێران دەبێ.

بۆ سوریا، لە دەستدانی پەڵەپەڵە سەرزەمینە كوردنشینەكانی ئەوەندە كار ناكاتە سەر دارەڕای دەوڵەت، ئەوەی لێدەرچێ كە جۆرە ئاڵۆزكردنێكی هەستی "نەتەوایەتی"یە بۆی، لە دەستدانی سەرزەمینە كوردەكان لەلایەن سوریاوە دەتوانرێ بكرێ بە باتی سەرزەمینیە عەرەب نشینەكانی دەشتی حەڕان (باشووری ڕۆژهەڵاتی ئورفە) و باشووری ماردین كە دەكرێ بخرێنە سەری، ئەم سەرزەمینانە ئێستا بەشێكن لە توركیا، بەڵام پەیوەندی جوگرافیایی وای پێویست دەكا لە هەر لێك جیابوونەوەیەكی توركیا و كوردا، بخرێتە سەر كوردستان، ئەو كاتە سوریا تەواوەتی عەرەب زمانیەتی خۆی، بێ لە دەستدانی سەرزەمینێكی زۆر وەدەست دێنێ، لە ڕووی ئابووریشەوە هەموو ئەو سەرزەمینانەی لە سوریا دەكرێنەوە، ناگەنە ئەژنۆی دەشتی بە پیت و بەرەكەتی لۆكەجاڕی حەڕان تەنها خۆی.

مەسەلەکە بۆ عێراق جۆرێکی تری کاردانەوە بە دواوەیە، بە لەدەستدانی سەرزەمینە کوردنشینەکانی کە لە ڕاستیدا بریتین لە ئەمبارێکی قەڵاپەچنی سامانی سروشتی و کشتوکاڵی، عێراق زیانێکی یەکجار گەورەی ئابووریی دەکا، یەکێك لە زیانە هەرە زلەکانی لە دەستدانی کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوك و باڵاوتەکانیەتی، بەڵام لێرە شتێکی یەکجار گرنگ هەیە، لە باشووری عەرەب نشینی عێراق ئەوەندە سامانی نەوت زەبەندە، کە دەتوانێ لە دەستدانی نەوتی کەرکوك زوو لەبیر بباتەوە، ئەوەی کە مەترسیەکی گەورە دروست دەکا لەدەستدانی ئاوی ڕووباری دیجلە و زێ یەکانیەتی کە ئەگەر بێتو لە دەستبچن، ئەوا عێراق هەتا هەتایە دەبێ بۆ ئاو دەست بۆ کوردستانی سەربەخۆ پەلکاتەوە، هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات لە خاکی کوردستانەوە هەڵدەقوڵێن و هەموو ئەو زێیانەش کە تێیان دەچن لە کوردستاندا تێکەڵی دەبن بۆیە ئەوەندەی لە دەستچوونی سەرچاوە ئاویەکان بۆ حکومەتی بەغدا خەمی گەورەیە بیرە نەوتیەکان وانین.

ناوچە کوردنشینەکانی قەفقاسیا، لە ناوەڕاستی سەدەی (١٩) و هەڵڕشانی لێشاو ئاسایی ئەرمەنیەکانەوە بۆ ناو خاننشینی ئەریڤان (کە دوایی بوو بە ئەرمەنستانی ڕووسی)، بەشێك نەبوونە لە خاکی کوردستان، لەبەر ئەوە هیچ لە گویندا نیە ڕۆژێ لە ڕۆژان ببن بە بەشێك لە کوردستانێکی سەربەخۆ، مەگەر دانیشتوانەکەی بە ویستی خۆیان بگوازنەوە بۆ ناو ئەم دەوڵەتە کە هێشتا هەر لە ڕووی تیۆریەوە باسی لێ دەکەین.

کوردستان بەش بەحاڵی خۆی وەکو دەوڵەتێك، گومانی تێدا نیە کە دەتوانێ ببێتە مەڵبەندی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن. جارێ سامانێکی ئاویی و کشتوکاڵیی تا بڵێی لەبن نەهاتووی هەیە، سامانە نەوتیەکانی بە باشترین تەکنیك سیستەمیزە کراون، هەر لە پاڵاگەوە بگرە تا دەگەیتە تۆڕی بۆریبەندی و دەزگای بۆ دەرەوە ناردن وەکو ئەوەی لە بەندەری ئەسکەندەرۆنە ئێستا لە کاردان. ئەو دەوڵەتە دەبێتە یەکێك لە گەورەترین و دەوڵەمەندترینی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم بۆچوونانە بنەمای توکمە و بە توندیان هەیە، ئەو دەبێ بە هاوسێی نزیکەیی حەوت وڵاتی سەربەخۆو، هیچ گومانێکیش لەوەدا نیە کە دەبێ بە یاریکەرێکی سەرەکی لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Reading and Bibliography**: Chris Kutschera, "Le Mouvement National Kurde," *Military Review* 6-6 (1981); Theodore Nash, "The Effect of International Oil Interests upon the Fate of Autonomous Kurdish Territory: A Perspective on the Conference at Sèvres, August 10, 1920," *International Problems* 15, 1-2 (1976).

# کەلتووری سیاسی و ڕابەرایەتی

لە (١٥٠) ساڵی ڕابردوودا، تەرەفداریی زۆربەی گەلانی جیهان، کە بەردەوام بێ گۆڕان بۆ هەڵبژاردە سیاسییە ناوخۆکان کۆرخ کرابوون، بەرەبەرە ئاراستەی هەندێ گرووپ کراوە کە لە تەپۆڵکەی کاری سیاسییدا لە لووتکەی هەرە سەرووودا بوونە، واتە بۆ سەرکردەکانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان ئەو سەرسپردەیی یانەی جاران تەنها بۆ سەرکردە ئایینی و هەرێمی و عەشیرەتیەکان تەرخان کرابوون، وێ دەچێ یان لەگەڵ ڕۆژگاردا کزبووبن، یان لەلایەن هەندێ کەسایەتی سیاسی نیشتمانییەوە بە مەبەستی بەرەودان بە فەرهەنگێکی سیاسی، یان ڕابەرایەتیەك کە خاوەنی پێگەیەکی جەماوەریی گەورەترین، لە ڕەگ و ڕیشە دەرکرابن.

بەڵام ئەم مەسەلەیە بۆ کورد، وەکو نەتەوەیەك بە جۆرێکی تر بەڕێوەچووە، کورد لە ئەنجامی یەککگیربوون و گەلەکۆمەکێی چەندین ڕووداوی مێژوویی جۆراوجۆر، دووچاری بارودۆخێکی جیاواز بوە. لەناو کورداندا، ڕابەرایەتی بەردەوام پێگەیەکی پشتگیریی تەسك و بەرنامەیەکی زیاتر ناوخۆیی هەبوە، ئەویش وەکو گرووپە ئەتنییە سەرەکیەکانی دەوروبەری، لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە کەوتۆتە دوای دروستکردنی کەلتوورێکی سیاسی کوردانە کە ئامانجی پێکەوەنانی سیاسەتێکی گشت کوردانەبێ. گەر لە کردارە ئەدەبیەکانی هەندێ کەسی دەستپژاردەی وەکو حاجی قادری کۆیی باش وردبینەوە، ئەم هەست و هەناسانە بە زەقی دەرك دەکەین، ئەم کردارانە کاتێك دەرکەوتوون کە هێشتا هەندێ بنەماڵەی فەرمانڕەوای کورد وەکو دەوڵەت، بەو مانایەی کە ئیمڕۆ هەیەتی، ڕەفتاریان دەکرد، ئەم دەسەڵاتداریانە، پێگەی بەهێز و نەلەرزیان لەناو هاووڵاتیاندا هەبوو، بێ جیاوازی ئایین و پەیوەندی عەشیرەتی و پلە و پایەی گوزەران. دەتوانین بێ پەنگانەوە بڵێین کەوا ئەو دەسەڵاتداریە کوردیانە، هەر یەکە نیمچە دەوڵەتیك بوون، بە مانای مودێرنی ئەم بابەتە و گەر

بهاتایە و لە (١٥٠) ساڵی ڕابردوودا بمایانەتەوە و لەناو نەبرایان، ئەوا ئەوانیش دەبوون بە دەوڵەتێکی نەتەوەیی تەواو عەیار، بەڵام ئەفسوس، چەرخ، بە پێچەوانەی ئەم ئاواتەوە گەڕا.

پێشکەوتنەکانی بواری تەکنولوژیا، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، کارئاسانی بۆ هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و فارس کرد کە بکەونە بە دواداچوون و بەکارهێنانی حوکمی ناوەندیی توندوتۆڵ و سنترالزەکراوی ڕاستەوخۆ. ئەمە بوو بە مایەی لە کارخستنی بەرەبەرەی دەسەڵاتە کوردیەکان لە چوارچێوەی ئەم دوو ئیمپراتۆریەدا، ئەوەبو دوا بنەماڵەی میرنشینی کورد، واتە ئەردەڵانیەکان، ساڵی ١٨٦٧ لەناوبرا.

ئەم بۆشایی دەسەڵاتە، ڕێگای بۆ چینی دووەمی دەستبژاردەکانی ناو خەڵك و مەرنمانی خاوەن پلە و پایەی ناو کۆمەڵگا، واتە مەلا و قازی و شێخ خۆشکرد کە پڕی بکەنەوە، تەرەفداریی خەڵکی سادە بۆ ئەم هەڵبژاردانە ئەوەندە گەرم نەبوو و ئەمانە لە تەرفداری کەمایەتیەکی کەمی ناو کۆمەڵگای فرە ئایین و کەلتووری کوردستان بەولاوە هیچی تریان نەدەهێناو، بەڵام هەر ئەم رابەرە ئایینیانە خۆیان لە دەرفەتێکی تردا کەوتنە بەرهەڵستکردنی ئەو فشارەی دەوڵەتانی عوسمانی و ئێران دەیانخستە سەر کوردان و ئەوەبوو لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە رابەرایەتی بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری کوردان دژ بە دەوڵەتی مەرکەزی کەوتە دەستی رابەرە ئایینی و عەشیرەتیەکانەوە.

لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، گۆڕانکاریەکانی سەدەی نۆزدەیەم دیاردەیەکی زەقتر و بگرە کاریگەرتر و یەکالاکەرەوەتریان لەگەڵ خۆیاندا بە دیاری هێنا: لەم کاتەدا کۆتایی بەسێ سەدەی تەنینەوەی کۆچەرایەتی هێنراو لەجیاتی ئەو ژیانی کشتوکاڵی نیشتەجێی بووە باو، هەر ئەمە خۆی بوو بە هۆکاری لەناوچوونی دەسەڵاتی سەرکردە خێڵەکییە کۆچەرەکان و هەرەسهێنانی توانا سەربازیەکانیان کە هەمیشە لە ئاستی ژیان و دەسەڵاتی ناوخۆدا دەبوو بە هێز و توانای سیاسییش، لەم دەورەدا، لە کاتێکدا سەرکردە ئایینیەکان لەناوچە کشتوکاڵیەکاندا جۆرە سام و هەیبەتێکیان هەبوو، لەناو خەڵکە کۆچەرو نیمچە کۆچەرە چیانشینەکاندا ئەوەندە ئاو بە دوای بێڵیاندا نەدەڕۆیشت، بەڵام نیشتەجێبوونی بەردەوامی کۆچەر و رەوەندەکان، بڵاوبوونەوە و تەنینەوەی زیاتری دەست و دەسەڵاتی ئەم رابەرە ئایینیانەی لەسەر حیسابی رکەبەرە خێڵەکیەکان بە دواوەبوو، کە سەرەتای سەدەی بیستەم

لە ئاسۆوە كەوتە سەرەتاتكێ، دەسەڵاتی ئەمانە تەگەرەیەكی ئەوتۆی لە بەردەمدا نەما لەناو مەیدانگای سیاسی كورددا، هەرچەندە لە ڕووی ئیدیۆلۆجیا و ڕەفتاری كۆمەڵایەتیەوە جێ پێی ئەم ڕابەرانە وەك جاران بە قایمی نەمابوەوە، ئەو حكوومەتە مەركەزیانەی كە لە كوردستاندا جڵەوی كاریان بە دەستەوە بوو، كاتێك لە كاریگەریی نفووزی ئەم ڕابەرانە ئاگادار بوونەوە، بەتوندی كەوتنە بەرهەڵستكردنیان، بەهەمان ئەو شێوازە نەیارانەیەی كە پێشتر لەگەڵ میرنشینە كوردیەكاندا كردبوویان و بگرە بەشێوەی گەلێ توندتریش.

ئەم پاشەكشەیە هەر بەوجۆرە بەردەوام بوو، تا زەمینە بۆ سەركردە خێڵەكیە ناوخۆییەكان خۆش بوو، وەكو سەرچاوەی بەرزترین دەسەڵاتی خۆبەخۆیی بمێنێتەوە چینێكی لاوەكی لە دەستبژاردە و سەرۆك خێڵەكانیش بۆیان لوا پێگەیەكی تەسكتر لە هی پیاوە ئایینیەكان بۆخۆیان لەناو خەڵكەكەدا دروستكەن و ئەو دەسەڵاتداریە سیاسیەی لەمەوە كەوتۆتە چنگیان تا ئەمڕۆش هەر كاراو كاریگەرە.

گەلێ سەركردەی خێڵەكیی زەبەر دەست، كاتێك هەستیان كرد كەوا پێگەی هێزو دەسەڵاتیان بەنیشتەجێبوونی كۆچەرەكان و زیادبوونی ژمارەی جوتیاران و وەرزێڕان، دەكەوێتە مۆلەكەوە، ئینجا دەركیان بە گرنگی دەسەڵاتی ئایینیەكان كرد بۆیە ژمارەیەكی زۆریان بە كردەوە چوونە ڕیزی پیاوانی ئایینیەوە یان خۆیان كوتایە ناو تەریقەتە سۆفیەكانەوەو بەوجۆرە لە ڕێبازی ئایینەوە خۆیان كردە بەشداری پیاوە ئایینیەكان لەو پێگە بەرینانەدا كە لەناو كۆمەڵگەدا هەیانبوو، سەركردەكانی بەرزانیەكان بەتایبەتی شێخ ئەحمەد نموونەیەكی باشی ئەم دیاردەیەن.

لە پەنای ئەم گۆڕانكاریە سیاسیەنەشدا، نابێ كاریگەری شێوەی تۆپۆغرافی خاكی كوردستان لە داڕشتنی سرووشتی تاكە كەسی لەناو هاوولاتیاندا لە بیر بكەین، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتێكی كەم لەلایەن كەسانەوە بدرێ بە دەستەیەكی بە كۆمەڵی كارگێڕی، واتە دەسەڵاتێك كە دەستی كەم پێویست بێ بۆ جێبەجێكردنی ئەركە كۆمەڵایەتیە بنەڕەتیەكان و هیچی تر، بەم جۆرە ڕێكخراوەی عەشیرەتی، زۆر جاران دەبێ بەرزترین ئاستی تەرەفداری كە تاكێكی كورد ئارەزووی گوێڕایەڵی كردنی لێی هەیە.

ئەمە چی لێكەوتۆتەوە؟ لەمە ئەوە كەوتۆتەوە ئەوەی كوردان ئێستا هەیانە، تا ڕادەیەكی دوور بریتیە لە سەركردایەتی و كەلتوورێكی خێڵەكی، پچڕپچڕی یەكجار خۆجیی لە كاتێكدا

پلاتفـورمێکی سیاسـی گـشت – کوردانـەی مەدەنیـەت پێگـە کـە یـارای تەرەفداریـەتی و شوێنکەوتنی زۆربەی زۆری کوردانی هەبێ تازە وا خەریکە چەکەرە دەردێنێ.

## دەستبژاردەی سیاسی ئەم سەردەمە

ئەو کاتەی دوا سـەرکردەی سرف ئـاییینی کـورد، شـێخ مـەحموود، سـاڵی ١٩٣٢ مەیدان بەدەرکرا، سـەرکردە خێڵەکیـەکان، لەبـەر نـەبوونی هـیچ کەسێکی ئـەوتۆی هاونیشتیمان کـە بەرامبەریان لێ بگرێ، باڵادەستیی سیاسی خۆیـان بـە کـردەوە ئیـسپات کردبـوو، هەنـدێکیان حیزبـی سیاسـییان پێکـەوەنا، ئـەوانی تـر هێـزی چەکداریاندا بـە سـەرکردە سیاسـیەکان لـە بەرامبەر بەشداریکردن لە بڕیاری سیاسیاندا، بەمە سەرۆك عەشیرەتەکان بوون بە بەرزترین ناو کۆی دەسەڵاتی سیاسی خۆیی و دەسـبژاردە و پارتیـە کوردیـە ڕۆژئـاوا ئـەنگێزە مۆدێرنـەکان ناچـار بـوون سازشـیان لەگەڵـدا بکـەن، ئەگـەر ڕاسـتەوخۆ نەبوونایـە بـە پاسـکەری بەرژەوەندیەکانیان.

سـەرکردەکانی خێڵـەکان بـە هـیچ جۆرێـك ناشـێ بـە مرۆڤـی کۆنـە پەرسـت و مـەردمی نەخوێنـدەوار و دواکـەوتوو دابنـرێن، زۆر لـە ئەنـدامانی خێزانـەکانیان دەرچـووی دانـشگاکانی ڕۆژاوان و لەگـەڵ کۆتـایی هـاتنی تەمـەنی نـەوە کۆنەکانـدا، نەوەیـەکی نـوێی خوێنـدەوار و شـارەزای تازەیـان لـەجێ پێدەگا کـە لـە شـارەزایی و دنیاداریـدا هیـچیان لـە سیاسـەتوانێکی ناوخۆیی دەوڵەتیکی سەربەخۆی ناو دەوڵەتان کەمتر نیە.

هەرچـەندێکو تـا ئێـستا هـیچ سـەرکردەیەکی ئـەم سـەردەمەی پارتـە سیاسـیەکان خـۆی لەبەردەم سندووقی دەنگداندا تاقی نەکردۆتەوە، بەڵام پارتە سیاسیە کوردیـەکان شـەرعییەتی خۆیان لەوە وەرگرتووە کە ئەوان دەست لـەناو دەسـت لەگـەڵ نوێنـەرانی خێڵـە ڕەسـەنەکاندا کاردەکـەن و لەڕێگـەی ئەوانـەوە لـە بـیروڕای کۆمـەڵانی خەڵکەکـە ئاگـادار دەبـن، بـەم جـۆرە سەرکردەی خێڵ و عەشیرەتەکان کە پەیوەندیی توندوتۆڵیان لەگەڵ خەڵکەکـەدا هەیـە، دەبـن بە سەرچاوەی بەخشینی شەرعیەتی ناوخۆیی پێیان، تا هەیئەتێکی دیمـوکرات و نوێنەرایـەتی جێگەیان دەگرێتەوە، وا دەردەکەوێ کە بەشێکی زۆری خەڵکی کوردسـتان ئـەم ڕێش سپییە

خێڵەكیانە لە هەرگفتوگۆیەكی سیاسیدا دەربارەی كوردستان، بە نوێنەری ناوخۆیی خۆیان دادەنێن. پرۆسەی شەرعیەتدان بە بڕیارو سیاسیەكان، بە تەواوی دیموكراتیانەیە چونكە تێیدا سەركردە سیاسییە كوردەكانی ئاستی خوارەوە و پارتە سیاسیەكانیش پێویستە لەگەڵ نوێنەرانی خەڵكەكەدا بیروڕا بگۆڕنەوە و راوێژكاری بكەن، ئەم نوێنەرانەش بە تەواوی لە هەست و نەستی كۆمەڵانی بەرینی گەلەكە ئاگادارن، بەم جۆرە ڕای گشتی بۆ سەركردە سیاسیەكانی سەردەم پێكدێ، چونكە هەموو دەیزانین ئەم سەركردانە ناتوانن هەڵبژاردنی گشتی بكەن، یان بەشێوەی سەردەمانە لە بزووتنەوەكانی ڕای گشتی خەڵكی كوردستان ئاگادارین، بۆیە ناچارن زانیاری و پشتگیری لە سەركردە خێڵەكیە، باوەكانەوە وەرگرن تا بتوانن درێژە بە چالاكی خۆیان بدەن و لەجیاتی و بە نوێنەرایەتی هاوولاتیانەوە قسەو گفتوگۆ بكەن.

ئەمە هەر بە سیاسیە ئاساییەكانەوە نەوەستاوە، تەنانەت پارتە سیاسیەكانی چەپیش، لە پەنای تۆمەتباركردنی ئەو سەركردە خێڵەكی و ئایینیانە بە كۆنە پەرست و دەرەبەگ كەچی بەدزی و بە ئاشكرا لەگەڵیاندا هەڵس و كەوت و سات و سەودایان كردوە.

هەرچەندە لیستەی پارتە سیاسیە مودێرنەكان درێژە (بڕوانە پارتە سیاسیەكان).

بەلام تەرەفدرایەتی زۆربەی خەلكی كورد هێشتا هەر بۆ ئەم كۆنە قەلا سیاسیە دێرینانەیە، و ئەمەش بووە بە مایەی هێز بۆ شەخسیەتی سەركردایەتی و سیاسەتكاری كورد، هەرچەندێكو ئەم واقیعە بە پەلە وا لە گۆڕاندا، دەتوانرێ بوترێ، كە زۆربەی كەسایەتیە سیاسیە گرنگەكان لە كوردستان ئاوەڵناوێكی خێڵەكێتی خستۆتە سەر ناوەكەی خۆی (سەرباری هەندێ ئاوەڵناوی ئایینیش وەكو لەسەرەوە باسمان كردوە)، باشتر وایە لەم ڕووەوە ئاماژە بۆ ناوی هەندێ كەسی هەرە ناسراو بكەین كە ناوی هۆزەكانیشیان خستۆتە سەر ناوی ئەسڵی خۆیان: جەلال تالەبانی، موستەفا بارزانی، مەسعوود بارزانی، عەبدوڕەحمانی قاسملو، رەسووڵ مامەند[8].

فەرماندەكانی هێزە هاوپەیمانەكان لەو "ناوچە ئازاد"ەی كە پاش جەنگی كەنداوی فارس لە كوردستان پێكهێنرا، بە سەرسووڕمانەوە پاشان نابەدڵانە بەسەر ئەو ڕاستیەدا كەوتن كە

---

[8] وەكو بیزانم قاسملو ناوی ئاوایییەكە لە دەرووبەری مهاباد و مامەند (یان مەمەند) ناوی باوكەو خوالێخۆشبوو ڕەسووڵ مەمەند لە عەشرەتی شیلانەی وڵاتی پشدەرە – وەرگێڕ.

ناچاربوون بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لەگەڵ یەکەیەکی سەرۆك هۆز و کوێخاکاندا گفتوگۆ و مامەڵە بکەن، ئەوان زۆر بە سەرسوورمانەوە، بەوەدا دەکەوتن کە ئەم سەرکردە ڕەگ قووڵانە بەقەی هەر سیاسەتمەدارێکی تری پڕ کاری ئەم دنیایە، ئاگادارو ئاوەدانن.

سیما نەگەتیڤەکانی سیاسەتگەریی دێرینەی هۆز و عەشیرەتچیەتی لەوەدان کە ئەم جۆرە سیاسەتگەرییە زیاتر بەلای پارێزگەری، خزم خزمێنە، عەشیرەتگەری و ناوچەگەرییدا دەشکێ، تەنانەت سەرکردە گەلێکی مۆدێرنی سیاسی کوردی وەکو جەلال تالەبانی (puk) و عەبدولڕەحمانی قاسملو (kdp)، هەرچەندێکو بنەڕەتی خوێندنیان ئەورووپیانەو ماوەیەکی دوور و درێژیش لەوێ ژیاون، نەیانتوانیوە لەبەندی ڕەگو ڕیشاڵە خێڵەکییە کۆنەکانیان ڕزگاربن لە چوارچێوەی حزبەکانیاندا. ئەو ڕکەبەریێ درێژخایەنەی کە لەنێوان بەشەکانی باشووری کوردستانی عێراق کە مەڵبەندی تەئسیری (puk)، و بەشەکانی باکوور کە مەڵبەندی (kdp)یە، سەرنەکەوتنی هەریەکە لەم دوو حیزبە "مۆدێرنە" دەردەخا لە ڕەفتارکردن لەگەڵ خەڵکەکەدا بێ دەرچوون لە ئەڵقەی پەیوەندیی خێڵەکی، هەندێ خاوەن نەزەر و توێژەرەوە ئەمە دەخەنە ئەستۆی جیاوازی شێوەزار، واتە دەیالێکت، لە هەردوو ناوچەکەدا و هەندێکی دیکە ئۆباڵەکە دەخەنە ئەستۆی ڕێبازی سۆفیگەری. بەهەرحاڵ، چاکە ئەوە دەرخەین کە جیاوازی نێوان هەردوو لقەکەی کرمانجی زۆر لاواز و ناکاریگەرە بە تایبەتی لە عێراقدا و ناکرێ ئۆباڵی ئەو ناکۆکیەی بخرێتە ئەستۆ، جگە لەمە، ئەم جۆرە ناکۆکییە لە ئێرانیش لەنێوان (kdp) و کۆمەڵەدا هەیە، هەروەها لەنێوان (puk) و کۆمەڵەی عێراقیش، کە هەموو بەزاراوەی کرمانجی باشوور دەدوێن و هەمووش سەر بە ڕێبازی سوننی قادریین. زۆرتر وێدەچێ، پەنجەی هۆزیەندی و ناوچەگەریەتی لە مەسەلەکەدا هەبێ و پارتە سیاسیەکان پایان توند ئالابێتە ئەم داوەوە.

چونکە ئەم سەرکردە سیاسیە مۆدێرنانە وەکو سەرکردەی تازە بابەتی هۆزەکان هەڵسوکەوت دەکەن (وتە ڕەفدارەکانیشیان هەر وایان تێ دەگەن)، ڕووخساریان، بە تایبەتی لە کوردستانی عێراق، هی باوکێکی خەمخۆر بووە، نەك هی سەرکردەی سیاسی کە بوونیان لەسەرمەکۆی سەرکردایەتی بەندبێ بە هەڵبژاردنی خەڵکەکەوە لەسەر بنەمای لێهاتوویی یان دڵسۆزییان بۆ مەسەلەکە. مادام ئەوان ئەوەی لە توانایاندایە دەیکەن، تەرەفداری خەڵکەکە

مسۆگەرە بۆیان. مەبەست ئەوەیە، مادام ئەوانە سیفەتی وەكو ئازایەتی، دڵسۆزی، سەربەرزی و مەردایەتییان پێوەیە، ئیتر مانەوەیان لە رابەرایەتیدایە مەترسی بۆنیە. لێرەدا نەزیری و زانایی نە دیبلوماسیەتزانی، شەرتی بنەڕەتین بۆ سەركردایەتی (بڕوانە كەسایەتی نیشتیمانی).

بەم جۆرە، ئەو هەڵانەی دەیكەن كەم جار دەبنە مایەی لەقبوونی جێگەیان وەكو سەركردە، لەوانەیە بە سەركردەی باش دانەنرێن، بەڵام ئەوان بەهەرحاڵ لە مەقامی سەركردەییدا هەر دەمێننەوە و پشتیوانیان لێدەكرێ و بگرە ڕێزیشیان هەر لێدەگیرێ.

لە دوا پێنج ساڵی تەمەنییدا، ژەنەراڵ مستەفا بارزانی، بۆ نموونە، كەوتە ئەم گێروگرفتانەی خوارەوە، ئەو ساڵی ١٩٧٥، پێشنیازی كرد كوردستان ببێ بە ویلایەتی (٥١)ەمی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا (ڤان برونیسن ١٩٨٦)، ئەم پێشنیارە گەر لەلایەن هەر سەركردەیەكی سیاسی تری جیهانی سێیەمەوە بخرایەتە ڕوو، لەوانەیە لێڵی بخستایەتە سەر نەك هەر كارامەیی سیاسی، بەڵكو تەنانەت سەلامەتی بیركردنەوەی خاوەنەكەشی، هەروەها قبوولكردنی یارمەتی دارایی لە وڵاتە یەكگرتووەكان لە سەردەمێكدا كە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا ناوبانگێكی باشی ئەوتۆی لەناوچەكەدا نەبوو (پاش جەنگی ڤێتنام و شەڕی ساڵی (١٩٧٣ی نێوان عەرەب و ئیسرائیل) بەشێوەیەكی بەربڵاو بۆ پروپاگەندە دژ بەو بەكار هێنرا، جگە لەوە پاش هەڵنەسەنگاندنە كارەساتا و یەكەی لە متمانەكردن بە شای ئێران هاوكات لەگەڵ گۆڕینی تاكتیكی شەڕ لە چالاكی پارتیزانییەوە بۆ جەنگی بەرەیی، دژ بە مەكینەی بەهێز و توانای سوپایی ئەو كاتەی عێراق، بوون بە مایەی خۆچانێكی سەربازی تەواو لەمەیداندا و لە پاشدا هەرەسهێنانە كارەساتبارەكەی ساڵی ١٩٧٥.

گەر لە هەر وڵاتێكی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕووی بدایە، هەر یەكێ لەم هەڵانە بەس بوون بكەرەكەیان لە ڕووی سیاسیەوە لەكەدار بكەن، كەچی زۆربەی زۆری كوردان هێشتا هەر تەرەفداری توندیان بە ژەنەراڵ بارزانی كرد و ئێستاش هەر جێی ڕێزە و پایە و پێگەی ئەفسانەواری لەناو كورداندا هەر بەرز و بەهێزن، ئەم دیاردەیە كە لەوانەیە بۆ هەندێ كەس جێی سەرسووڕمان بێ، دەرەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو وێنەیەیە كە وەكو سەركردە لە مێشكی خەڵكەكەدا چەسپیوە – باوكی ئەو خێزانە خێڵەكیە گەورەیە كە هەموو كوردان دەگرێتەوە – كەسێكی خۆیی كە بۆی هەیە هەڵەی گەورە بكا و لە خەملاندنەكانیدا سەركەوتوو نەبێ كەچی

هەر چاویشی لێ بپۆشرێ، وەکو هەر سەرکردەیەکی خێڵەکی یان نموونەیەکی دەق و تەواوی پاڵەوان (بڕوانە ناسنامەی نەتەوەیی).

بەردەوامیی گیانی خێڵەکییەتی لە کاروباری سیاسی سەردەمانەی کورددا، وەکو دیاردەیەکی نابوارده، دەرکەوتنی سەرکردەی پیشەیی لێکەوتۆتەوە کە هەرگیز بە بەردەم سندووقی هەڵبژاردن تەنانەت لەناو حیزبەکانی خۆشیاندا تێنەپەڕیون، بۆیە مەسەلە ڕێکەوت نەبوو، کاتێك ژەنەراڵ بارزانی کۆچی دوایی کرد، کوڕەکانی بێ پێویستکردن بە هەڵبژاردن یەکسەر چوونە سەر مەکۆی سەرکردایەتی.

لە تورکیا، فیدراسیۆنە هۆزیەندیە گەورەکان لەژێر فشاری دەوڵەتی تورك لە سێ پشتی ڕابردوودا تا ڕادەیەکی زۆر ئاسەوارپڕ کراون، هۆزو عەشیرەتە بچووکەکان ئەوەندە بەری نەکەوتوون، بەڵام ئەوانیش بەهۆی ئەوەوە کە دەم سپی و ماقووڵەکانیان، یان بە زۆر یان بە خواستی خۆیان ڕەهەندەی ڕۆژاوای تورکیاو شارە سەرەکیەکانی ئەوێ کراون، ئەوەندە بەهەند نەماون، ئەمە لە سێیەك تا نیوەی کۆی دانیشتوانی کوردی تورکیا دەگرێتەوە (بڕوانە کۆچکردن و ڕەهەندەیی) یەکێك لەو شتانەی لەمەوە کەوتۆتەوە، پێکهێنانی پارتی سیاسی کوردیە لە تورکیا بەمانای سەردەمانەی (واتە بێ سەرسپردەیی بۆ خێڵ و عەشرەت).

ئەگەر بەشێوەیەکی نیسبی بیگرینەوە، سەرکردایەتی سیاسی کوردی لە تورکیا هەرە سەردەمانەترین و نوێژەنترین سەرکردایەتیە پڕ بەپێستی وشەکە، لە (pkk) و سەرکردایەتیەکەیدا، بۆ نموونە، دەرکردنی هەزارەها بابەتی ئیدیۆلۆژی و فێرکاری و پەروەردەیی سرنج دەکێشن، دیسپیلینی نموونەیی و مەشق و ڕاهێنانی هەموو ئەندامان و گەریلاکان و لە کاتی پێویستدا، بەکارهێنانی تیرۆر، بۆ دوژمنان کورد بن یان نا کورد. ئەم چالاکییەی دوایین، واتە تیرۆر، کە تاکتیکێکی باوە لە ئیدیۆلۆژیای سیاسی ڕادیکالی جیهانی سەردەمدا، لای کەلتووری سیاسی خێڵەکی پشت بەپشت هاتووی دێرین زۆر دڵخوازنیە.

# ناوچەگەری

بۆ ئەوەی گەلی کورد بتوانێ بگا بە ئامانجەکانی و مرازەکانی بێنێتە دی، کەندێك یان چەند کەند لە کەلتووری سیاسی کورددا دەبێ پڕ بکرێنەوە، ئەو کەندە گەورانە بریتین لەو جیاوازیە قووڵ و بەرینانە کە لە دیدی هەر پێنج هەرێمە هاوسنوورەکانی کوردستاندا هەن (بڕوانە دابەشکاریە ناوخۆییەکان) شێوازە جیا جیاکانی سەرکردایەتی سیاسی کە لە کوردستان هەن، بەلای ئەوەدا دەشکێن کە لە هەرێمە جیاجیاکاندا ببنە باو، ڕاستیەکەی تاوتوێکردنی پارتە سیاسیە کوردیەکان لەڕووی چۆنایەتی و شێوەی سەرکردایەتی و شێوازی ڕەفتاریان، خێراترین ڕێگایە بۆ دەست خستنە سەر هێزو کارایی جیاوازیە هەریمیەکان لەناو گەلی کورددا.

لە باکووری کوردستانی عێراق، (kdp) کە لەلایەن بەرزانیەوە رابەری دەکرێ، نوێنەری میزاجێکی گشتی ئەوتۆیە کە ئاوێنەی داب و نەریتی کوردی باکوورە، ئەم داب و نەریتە پشتا و پشت هاتووە و ڕەگی قووڵە لەناو ڕیش سپیە عەشرەتی و کۆمەڵایەتی و برا گەورەکانی ناو کۆمەڵگادا، بەرزانیەکان، مرۆڤی ئایینین و موریدەکانیان بریتین لە خەڵکی تەقلیدی و پەیڕەوی ڕێبازی رووحی، بەوەی لە هەموو بڕیارە گرنگەکاندا دەگەڕێنەوە بۆ ڕیش سپی و بە تەمەنەکانی عەشیرەت، شێوەیەك لە داب و نەریتی دیموکراتیەتی عەشرەتی بەکاردێنن، ئەوان هەموو موریدەکانیان بە چاوی ئەندامی یەك خێزانی گەورە سەیر دەکەن.

لە کوردستانی ناوەند لە عێراق (puk) کە لەلایەن تاڵەبانیەوە رابەری دەکرێ، نوێنەری جەماوەرێکی زیاتر شارستانی و سەردەمانەو دەرەوە ڕوانی ولاتەکەیە کە پەیوەندیەکی توندی بە کوردستانی باشوورەوە هەیە لە ئێران، حیزبەکە کەمتر ئایینوار و سەرکردەکانی مەگەر بەدەگمەن ئەگینا لە کارو چالاکیەکاندا ناگەڕێنەوە بۆ دەم سپییە ناوخۆیی و پیاوە ئایینیەکان.

ئەوانی لە گۆشەی سەردەمانەیی و دنیاناسی بەرزترەوە دەڕواننە (kdp) و تەرەفدارانی و زۆرجار بە چاوی تەوسەوە سەیری بەرامبەرە باکووریە خێڵەکی و ئایینی و وەرزێڕ

سرووشتیەکانیان دەکەن کە هەمیشە مایەی بار لارین بۆیان و هەرگیز دریغی ناکەن لە دۆڕانی دەرفەتدا.

گەلێ هاوولاتی ئاسایی کوردی دانیشتووی ئەم ناوچەیە لەگەڵ ئەم بۆچوونەی (puk)دا یەك دەگرنەوە. ئەم هاوولاتیانە نیشتەجێی هەرە کۆنترین مەڵبەندی شارستانی کوردستانن و دەتوانن شانازی بە مێژوویەکی چەند هەزار ساڵەوە بکەن، بەلام لە هەمان کاتدا، هەرگیز لە دان نان و دەستخۆشیکردن لە ڕاستگۆیی و ڕەشیدی و دلێری و چاوتێری و دەستوچاو پاکی هاوولاتیە "زیر"ەکانی باکووریاندا دوا ناکەون.

لە بەرامبەردا دید و بۆچوونی باکوورییەکان دەربارەی (puk) کە تاڵەبانی سەرکردایەتی دەکا جیاوازە. ئەوان (puk) بە ڕێکخراوێکی بێ کەڵك دادەنێن، کە هۆش و زانیاری زیاتر لە چاوپدایە نەك لە مێشکی و لەلایەن کەسانێکەوە ڕابەری دەکرێ کە ڕێبازی دڵخوازیان زیاتر خیانەتە نەك ڕەشیدی و دلێری و مەگەر بە دەگمەن ئەگینا ژیانی خۆیان ناکەنە قوربانی شەرەفیان. لەگەڵ ئەمەشدا، بە چاوی بایەخەوە تەماشای شارەزایی و چاوکراوەیی و جیهان شوناسی ئەم باشووریانە دەکەن و بە ئیرەییەوە دەڕواننە "زیرەکی و زانیاری" یان. ئەم تێڕوانینەی (puk) کەم یان زۆر، هەمان تێڕوانینی کوردەکانی باکووری عێراقە بۆ هاوولاتیەکانی باشووری خۆیان.

(kdp) ئێران کە پێگەی لە کوردستانی ڕۆژهەلاتە، کەمتر خێڵەوارە و لە کاتێکدا پشت و پەنای زیاتر پیاوماقوڵ و سەرکردە ناوخۆییەکانن، زۆرتر لە هەڵبژاردەی کۆمەڵەوە نزیکە. سەرکردەکانی حیزبەکە وەکو دەربڕینێکی هەستی ئەندام و هەوادارانی، نەزەرێکی ئەوتۆیان بەرامبەر بە کوردە دراوسێکانی ناوەندی کوردستانیان، بەتایبەتی ئەوانی باکوور هەیە کە گوایە کەللەڕەق و خاوەن نەریتی وشکن، و جۆرێکن لە مەردمی خێڵەکی سروشتی ناشارستانی و نیمچە خوێندەوار و تێکەلاوی دوور و درێژیان لەگەڵ کەلتووری نامۆی عەرەب و تورکدا، ڕەفتاری کۆمەلایەتیانی کردوە بە مایەی شەرمەزاری و کەلتووریانی بە تەواوەتی شێواندوە. ئەمان بۆ "ئیسپاتکردنی" ئەم نەزەرەیان، ئەوە دێننەوە یاد کەوا زۆربەی کوردەکانی تورکیا و عێراق ئەوەندە لە مانا یان پشتەڵەکی کەلتوور و مێژووی کورد سەر دەرناکەن. کوردەکانی ئێران خۆیان بە بالادەست دەزانن لە هەموو بابەتەکانی کەلتوور و ڕووناکبیری کوردیدا و لەو

باوەڕەدان كە ناسكی و ژیرییان لە "هەڵەت نشینە سروشت وشكەكان" جیایان دەكاتەوە. لە هەمان كاتدا ئەم كوردە ڕۆژهەڵاتیانە، چاوی تەما لە كوردە عێراقیە "كەڕە كرمانج و زبر و، بەڵام لە هەمان كاتدا جێ باوەڕ و سفت و ساغ و زانا و زیرەك و بەتوانا" كانیان هەر ناترۆكێنن.

كوردەكانی باشوو لەوەش زیاتر خۆیان لە كوردانی تر دوور دەگرن، زۆربەیان، ئەگەر گشتیان نەبێ بەرو ماوەی كوردستان بەتەسك و بێ كەڵك دەزانن بۆ "وەفیرۆدانی توانا سیاسی و فەرهەنگیەكانیان " و بۆ ئەم مەبەستە ڕوو لە تاران و بەغدا دەكەن، ئەگەر ڤیەننا و پاریس و نیویۆركیان بۆ نەلوێ، بۆ دانیشتن، تەنانەت ئەمڕۆكەش، پارتێكێ سیاسی كوردی سرف نیە لە باشوور كە باسی بكەی چونكە دەستەی هەڵبژارەی كورد لە دەرەوەی كوردستان، لە پایتەختی ئەو وڵاتانەی لە چوارچێوەیاندا دەژین، توانا و ئارەزوە سیاسیەكانیان بەكاردێنن، بۆ نموونە، كەریمی سنجابی، كە كوردێكی نەتەواوەی كرماشانیە، ماوەیەكی دوور و درێژ سەرۆكی پارتێكی گرنگی وەكو "جەبهەی میللی ئێران"بوە كە لەلایەن دوكتۆر موحەممەدی موسەددیقەوە دامەزراوە، كەلتووری سیاسی كوردەكانی باشوور و ڕۆژهەلات و ڕوخسار و دیدی ئێرانی پێوەیە و هەر بەو جۆرەش ناسراوە لە چوارچێوەی كەلتووری سیاسی دەوڵەتدا، نەك بە ڕوخساری كوردانەی.

هۆی جیاوازیەكانی نێوان كەلتووری سیاسی كوردە ئێرانیەكان و ئەوانی عێراق ئاشكران، هەرچەندە گشت كەس بە تەواوی پەی پێ نابەن. ئەوەندە بایەخ دراوە بە دابەشكردنی ئەم دوادواییەی پاش جەنگی جیهانی یەكەمی وڵاتی كوردستان، كە زۆربەی زانا و ڕوناكبیرەكان دابەشكردنێكی گەلێ كۆنتری ئەم وڵاتەیان بە تەواوی پشتگوێ خستوە كە كوردەكانی ئێرانی تێكڕا لە كوردەكانی تر دابڕیوە. كوردەكانی ئێران نەك لە كۆتایی جەنگی جیهانی دووەمەوە لەو كەش و هەوای دابەشكارییدا ژیاون، بەڵكو هەر نەبێ لە ساڵی (١٥١٤) و جەنگی چاڵدێرانەوە تێیدا دەتلێنەوە، ئەوی ڕاست بێ، ئەم كوردانە لەژێر دەسەڵاتی چەندین بنەماڵەی حوكمڕانی ئێراندا ژیاون (كە هەندێكیان بەبنەچە كورد بوونە). لەم پرۆسەیەدا، كوردە ئێرانیەكان لە كەلتووری سیاسی نیشتمانی ئێران و ڕەوشت و میزاجی كۆمەلایەتی ئێران زیاتر پاراوبوونە و زۆریش بەشداریان تێدا كردوە وەكو لە كەلتووری فراوانتری سیاسی كورد.

پەیوەندی نێوان کوردەکانی ئێران و هاونەتەوەکانیان هەر لە کوردستانی ناوەندەوە، واتە کوردستانی عێراقەوە بوە و هەروایش دەمێننەوە. کوردستانی عێراق لە دێر زەمانەوە مەیدانی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕابوە لەنێوان هەموو بەشەکانی کوردستاندا.

کوردەکانی کوردستانی ڕۆژاوا، لەوەش زیاتر لە کوردەکانی تر دابڕاون و بۆیەشە کەلتووریکی سیاسی تایبەش بە خۆشیان پەروەراندوە و خسشوویانەتە کار. تاقە هۆی ئەم دابڕانەیان زەبرو زەنگی لەڕادەبەدەری کار بەدەستانی تورکیایە کە بۆتە کۆسپ لەبەردەم هەر جۆرە پەیوەندیەك لەنێوان کوردەکانی تورکیا ئەوانی تری کوردستاندا، لە پەنای ئەم هۆکارەدا هۆکاری گرنگی تریش هەن وەکو مێژوو و جوگرافیا، بەم جۆرە کوردەکانی ڕۆژاوا لە لای کوردەکانی تر نامۆ بوونە، و ئەمانیش بەلای ئەوانەوە هەروایان لێهاتووە، تەنها ئێستا و لەم سەردەمە نوێیەدا، داهاتنی ڕایەڵی پەیوەستی جیهانی کارێکی وایکردوە کوردەکانی ڕۆژاوا و کوردەکانی تر لەیەك ئاگادارین، و باس و خواسی یەکتر پێ بەپێ بزانن.

جیاوازیەکە نە لە زەمانەدایە، نە لە ئایین، چونکە ئەوانیش لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستاندا هاوبەشن لە هەردوو ئەم بابەتەدا، جیاوازیەکە لە دیدو بۆچووندایە. شکانەوە بەرەو دەریای سپی ناوەڕاست و ئەورووپایەکە وا ئەم بەشە گەورە و چڕەی کوردستان ئەوها داوەتە دەستی جیاوازیەوە.

لەم دواییەدا، عەبدوڵا ئۆجەلانی سەرکردەی سیاسی کوردەکانی ڕۆژاوا ڕێز و خۆشەویستیەکی زۆری لە دڵی کوردانی دەرەوەی تورکیادا وەرگرت، زۆربەی زۆری ئەم ڕێز و خۆشەویستیە هی ئەوەنیە ئەوان زۆر بە باشی ئەو دەناسن یان لەگەڵ کەلتووری سیاسییدا ئاشنان، بەڵکو لەبەر ئەوەیە دید و بۆچوون و شێوازەکانی جیاوازن لەگەڵ ئەوانەدا کە ئەوان لێی ڕاهاتوون و شارەزایانن و تا ئێستا لە نەزۆکی بەولاوە چی تریان لێ نەکەوتۆتەوە، ئۆجەلان کارێکی ئەوتۆی لە بواری ناو هەرێمیدا نەکردوە کە ببێتە مایەی لیسدانی کوردەکانی دەرەوەی هەرێمەکەی خۆی لە ئەنەدۆڵ لە دەوری، بەڵام چونکە ئەنەدۆڵ نیشتگەی زیاتر لە نیوەی هەموو کوردانی جیهانی ئەمڕۆیە، ئەو توانیویەتی بە ئاسانی پلاتفۆرمێکی سیاسی بە هێزتر لەوەی بەرزانی هەیەتی پێکەوە بنێ. کەلتووری مێدیتەرانەی(دەریای ناوەڕاست) ئۆجەلان و ڕەفتاری سیاسی نیمچە ئەورووپیانەی ئەو وا زوو بەزوو خۆی و حیزبەکەی دەکەن

بە دوو شتی ئەفسانەوار لە چاوی نیوەکەی تری گەلی کورددا کە لە دەرەوەی ئەنەدۆڵی تورکیا دەژین، بەهەمان شێوەی کە جاران بەرزانی، سەرباری هەموو کەموکوڕی و کورت هێنانە سیاسیەکانی، گەیبوە بەرزترین پلەی پەرستن لەناو هەموو کورداندا.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** Very valuable primary resources are the detailed tape interviews with many Kurdish leaders and political figures on deposit in the Oral History Archives at the Kurdish Library in Brooklyn, New York. Wadie Jwaideh, "The Kurdish Nationalist Movement: Its Origins and Development," unpublished doctoral dissertation (Syracuse, 1960); Chris Kutschera, *Le mouvement national kurde* (Paris: Falmmarion, 1979); R. Olson, *Emergence of Kurdish Nationalism* (Austin: University of Texas Press, 1989); Martin van Bruinessen, *Agha Shaikh and State: On the Social and Political Organization of Kurdistan* (Rijswijk: Europrint, 1978); Martin van Bruinessen, "The Kurds between Iran and Iraq," *Middle East Report* ( July-August 1986); Fredrik Barth. *Principles of Social Organization in Southern Kurdistan* (Oslo: Brodrene Vorgensen, 1953); Martin van Bruinessen, "The Kurds in Turkey," *MERIP Reports* 16.141 (1986).

## حیزبە سیاسیەکان

بزووتنەوە و پارتە سیاسیەکانی کوردستانی ئەم سەردەمە ئەوەندە زۆرن کە لە شوێنێکی وەکو ئەم لاپەڕانەدا نایەنە ژماردن، بۆیە هەر باسی ئەوانەیان دەکەین کە زۆر بە بایەخ و لە تەمەندا کۆنن و لە دێرزەمانەوە لەسەر خاکی کوردستان کار و چالاکیان نواندوە.

وەکو گشت شوێنەکانی دیکەی ئەم دنیایە، کە تێیدا ژمارەیەکی زۆری پارتی سیاسی بۆ خۆنالاندن لە پشتگیری ئەوەندە خەڵکەی کە هەن، بۆ هەموو ئیدیۆلۆجیا و ئامانجێك های دەکەن کە زۆر جار لێك جیاوازنین، لە کوردستانیش ڕکەبەرێی نێوپارتیان و مشتومڕی هەمیشەیی نێوانیان شتێکی باوە لە مێژووی کاری سیاسی کوردییدا. تاقە جیاوازی کە هەبێ، لە کوردستان ئەوەیە، جار بەجار ئەم ڕکەبەرانە دەکەونە پێکدا هەڵپرژانی سیاسی و گەریلاکانیان دەستە و یەخەی یەکتر دەبنەوە، بەهەرحاڵ ئەم وێنە ئەسەفبارانە، کورت خایەن بوونە و تەنانەت چەندین جارێکی کەم ڕوویانداوە.

ژمارەبەندیەکی ئەوتۆ ڕێك لە بارەی ژمارەی ئەندامانی پارتە سیاسیە کوردەکانەوە بەدەستەوە نیە جارجارە، ئەم پارتانە کارتی ئەندامەتیان دەرکردوە، بەڵام هەموویان

ناچاربوونە هێزی گەریلا پێکەوە بنێن، بۆیە بۆ ئەوەی بزانی هەر پارتە و سیاسەتەکانی لەناو خەڵکدا تا چ ڕادەیەك پێگەدارە دەبێ ژمارەی گەریلاکانی لە ژن و لە پیاوی چەکدار بزانی.

وشەی لە زاری خەڵکدا شیرینی "پێشمەرگە" لە کوردستانی عێراق بەشێوەیەکی بەربڵاو بۆ گەریلا و جەنگاوەرەکان بەکاردێ، بەڵام ناوەکە هەر بەوێوە نەوستاوە بەڵکو بەناو گرووپە کوردەکانی تری دەرەوەی عێراقیشدا بڵاوبۆتەوە، مانای وشەیی پێشمەرگە "خۆبەختکەر" دەگەیەنێ، وشەکە وشەیەکی پڕ خۆشەویستی و بگرە ڕۆمانسیەتیشە، لەلایەن دایکانەوە بۆ دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی بەرامبەر بە بەچکەکانیان دەردەبڕێ، واتە دایکێك کە بە ڕۆڵەکەی وت دەبمە پێشمەرگت، واتە گیانی خۆم بۆ ژیان و خۆشی و تەندروستیت بەخش دەکەم، وشەکە چ خۆی چ ئەو چەمکەی دەیگەیەنی ڕەگوڕیشەی قووڵیان لەناو مێژووی کورددا داکوتاوە، ئەم ناونان و خۆشەویستیەی ئێستا دوو وێنەی پێشینەیان لە مێژووی کورددا هەیە. لە سەردەمانی هەرە دێرین، لە هێرشەکانی میدیەکان بۆ ناو خاکی باشوورستان و لە سەردەمی کلاسیکیشدا، کاتێك کوردەکان بۆ داکۆکی کردن لە خاك و گیانی خۆیان دژ بە ئەردەشیری یەکەم پادشای ساسانیی، دەجەنگێن، (بڕوانە مێژووی کلاسیك و هەرە کۆن).

بە مەبەستی تێگەیشتنی ئاسان لە باسەکە، هەموو پارتە سیاسیەکانی کە ناویان هاتووە مەیدانی کارکردنیان لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانی ئێران، عێراق، تورکیا و سوریادایە و لە هەر شوێنێك پێویست بێ باسی پەیوەندی و کەین و بەینەکانیان دەکەین، پشتەڵەکی مێژوویی پێویست لە بارەی ئەم ڕووداوە سیاسیانەوە لە فەسڵەکانی مێژووی سەردەمانە و مێژووی ئەم دواییەدا خراوەتە ڕوو.

## ئێران

حیزبی دیموکراتی کورد (ح د ك)، ئەم حیزبە ساڵی ١٩٤٥ لە مەهاباد لەلایەن سەرکۆمار قازی محەممەدەوە لەسەرینیی دامەزراندنی کۆماری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (دیسامبری ١٩٤٥–دیسامبری ١٩٤٦)، دامەزرا، وەکو کۆنترین حیزبی سیاسی کورد کە تا ئێستا هەر بە پێوەبێ، (ح د ك) شایستەی بایەخدانێکی تایبەتیە. لە کەمتر لە نیو سەدەدا، ئەم حیزبە بە کۆمەڵە ڕووداوێکدا تێپەڕیوە، کە مشتی ناوخەروارن بۆ هەموو ئەوانەی کە لە

پاشدا حیزبە كوردیەكان پێیدا تێپەڕیون، یەك شتی لێدەرچێ كە ئەم حیزبە چرای تەمەنی هێشتا نە كوژاوەتەوە و هێمان هەر تیشك دەدا.

ساڵی ۱۹٤٥ كە تێیدا دامەزرا، مەلا مستەفای بارزانی سەركردەی كوردی عێراقی چوە ناو (ح د ك)ەوە، مەلا مستەفا هەندێ هێزی عەشیرەتەكەی خۆی بۆ پشتگیری و لەسەر كردنەوەی ناوچەی مەهاباد هێنابوو، پاش ڕووخانی كۆمارەكە لە دیسامبری ۱۹٤٦داو لە سێدارەدانی قازی محەممەد لەلایەن هێزەكانی ئێرانەوە، (ح د ك) ناچار بوو بكەوێتە كاری نهێنی و تا ڕادەیەك چالاكیەكانی كز بوون.

لە ڕاپەڕینەكانی ۱۹٥۱–۱۹٥۳دا (ح د ك) و پارتە سیاسیە ئێرانیەكانی دیكە تا ڕادەیەك بووژانەوە، و ئەم ڕاستبوونەوەیە بە لابردنی تا لەلایەن سەرۆك وەزیران محەممەدی موسەدیقەوە گەیشتە پۆپەی گەشانەوە، بەڵام ڕاستبوونەوەكە ئەوەندەی نەبرد، كە تا بە كودەتایەك هێنرایەوە و (ح د ك) و هەموو حیزبەكانی ئۆپۆزیسیۆن ناچار چوونەوە كاری ژێر زەمینی.

جگە لەمە حیزبەكە ناچار بوو ناوی خۆی بگۆڕێ بۆ ح د ك – ۱("۱" ئاماژەیە بۆ ئێرانیەتی)، پاش ئەوەی مستەفا بارزانی دوای گەڕانەوەی لە یەكیەتی سۆڤیەتەوە ساڵی ۱۹٥۷[9]، (پ د ك)ی بۆ ناوی ئەو لقەی (ح د ك) هەڵبژارد كە ساڵی ۱۹٤٦ پشتیوانی لە دامەزراندنی كردبوو لە عێراق، و لەژێر سەركردەیی خۆیدا خەریك بوو پێگەی قایم و بەرینی پەیدا دەكرد، ئەم مەسەلەیە بابەتێكە كە بە دوور و درێژی لێی دەدوێن لە لاپەڕەكانی داهاتوودا.

لەبەر دژواری كاركردن لەناو خاكی ئێراندا، (پ د ك – ۱) زۆرتر بایەخی داوەتە ڕووداوەكانی كوردستانی عێراق، و سەرباری گلەییەكانیان لە بارزانی، تا كۆتایی شەستەكان ئەویان بەرابەر دادەنا، بەڵام پەیوەندی پەرەسێنێ نێوان شاو بارزانی، لەبەر ئەوەی بەرزانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەغدا پێویستی بە پشتگیری هەبوو، دویماكار (پ د ك–۱)ی لە هاوتا عێراقیەكەی دوورخستەوە و لە (۱۹۷۳) ڕوویكردەوە گیروگرفتەكانی كوردەكانی ئێران.

---

[9] جەنابی مەلا مستەفای بارزانی ساڵی ۱۹٥۸ گەڕایەوە عێراق – وەرگێڕ.

هەرچەندێکو هەردوو حیزبەکە لەناودا لێك دەچن، (پ د ك)ی ئێران کە حیزبێکە لە بنەڕەتەوە شارستانی تەبار و هەڵبژاردە پێکهاتە و کەمتر بەلای خێڵەکیەتیدا لار، لە زۆر کەم خەسڵەتدا لەگەڵ (پ د ك)ی عێراقدا هاوبەشە کە حیزبێکی دێرینەوار و خاوەنی پەیوەندی بە توندی عەشرەتیە. (پ د ك-١) حیزبێکی چەپی میانەڕۆیە، و لە ژیانی سیاسی خۆیدا، سالّی یەکەمی تەمەنی نەبێ (١٩٤٥-١٩٤٦) هەرگیز لە داواکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ هەرێمی کوردنشین " لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتدا" دەرنەچوە.

ناکۆکی توند لە پەیوەندیەکانی نێوان (پ د ك)ی ئێران و بەرامبەرەکەی (پ د ك)ی عێراقدا هەر بەردەوامە، (پ د ك)ی ئێران زۆرجار (پ د ك) عێراقی بەوە تاوانبار کردوە کە هێزەکانی سەروبەر لەگەڵ حکومەتی ئێراندا بۆ تێکدانی حیزبەکەیان و بزووتنەوەکەیان هاوکاری کردوە، هەروەها بێ وچان هەوڵی بۆ دەست بە سەرداگرتن و کۆنترۆلکردنی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران داوە.

ساڵی ١٩٨٠، داقڵیشانێك لەناو کادرە پلە یەکەکانی (پ د ك-١)دا ڕوویدا، لەسەر مەسەلەی هەڵوێست لە حکومەتی شۆڕشگێری ئێران: پشتی بگرن یان دژی بوەستنەوە؟ گرووپێکی بچووکیان، چوونە پاڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (تودە) و پشتگیریان لە حکومەتەکە کرد. زۆربەی حیزبەکە بە ڕابەرایەتی عەبدوڕەحمانی قاسملو کە ئابووریناسێکی دەرچووی زانستگاکانی وڵاتی چیکە، زۆری پێ نەچوو لەگەڵ هێزەکانی ئێراندا کەوتنە پێکداهەڵپڕژان، شەڕوپێکدا هەڵپرژانەکانی زۆر بۆ بەرژەوەندی (پ د ك-١)) وەرنەگەڕان و لە کۆتایی (١٩٨٣)دا ناچارمان لەگەڵ حکومەتی عێراق و حیزبەکەی جەلال تاڵەبانی (puk)ی عێراقدا ببنە هاوپەیمان، قاسملو و تاڵەبانی دۆستی کۆنی یەکدی بوون و پێکەوە لە پراگ خوێندبوویان، لەگەڵ ئەمەشدا سەرکردایەتی (پ د ك-١) لە (puk) بەگومان بوو، ئەوان لەوە دەترسان کە ئەم هاوپەیمانیەیان ببێتە مۆری خیانەت بۆیان، چونکە بەغدا ئەودەم چ لەگەڵ ئێران و چ لەگەڵ زۆربەی حیزبە کوردیەکانی عێراقدا لە شەڕی دەستە و یەخەی گەرمدابوو، لەبەر ئەمە هەرگیز پشتیوانی تەواوی نە لەلایەن (puk)ەوە لێکرا و نە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، ئەوەبوو دوپماکار ساڵی ١٩٨٤ بە تەواوی لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە هەڵێنرا.

د. قاسملو تا کوژرانی لە ڤیەننا لە یۆلیۆ (تەمموزی) ١٩٨٨ و لە بارودۆخێکی تەمومژاویدا و لە کاتێکدا خەریکی وتووێژی ئاشتی بوو لەگەڵ نوێنەرانی تاراندا، هەر سەرکردایەتی (پ د ک–١)ی کرد، سەرکردایەتی حیزبەکە ئێستا چۆتە دەستی دوکتۆر سەعیدی شەرفکەندیەوە[10].

ژمارەی ئەو چەکدارانەی کە هێزەکانی (پ د ک–١)یان پێکهێناوە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی جیاواز بوونە، لە گەرمەی شەڕەکانی سالانی ١٩٧٩–١٩٨١ی لەگەڵ ئێراندا، باسیان لە (١٢٠٠٠) چەکدار دەکرد، بەڵام ئەم ژمارەیە ئەمڕۆکە تەنها هاتۆتە سەر چەند سەد کەسێك.

چ (پ د ک–١)، چ هەر پارتێکی سیاسی کورد بۆ خۆی، نەك هەر بۆی نیە لاف ئەوە لێبدا کە پارتی سیاسی گشت کوردانە بەڵکو هیچ پارتێکی سیاسی هەرگیز لە کۆمەڵێکی بچووکی کوردەکانی ئێران بەولاوە نەیتوانیوە لەژێر ئاڵای خۆیدا کۆیکاتەوە، هۆی ئەمەش لە بنەکانەوە لەو جیاوازیە هەرێمی و کۆمەلایەتی فەرهەنگیە قووڵەدایە کە کوردەکانی هەرە باکووری کوردستانی ئێران لەوانی هەرە باشوور لێك جیا دەکاتەوە، جیاوازی ئەم دوو بەشە لەگەڵ پارچە دابڕاوە گەورەکەی خۆراسانی دووردەست ئەوە هەر هیچ. پارتەکانی (پ د ک–١)،پ د ک ی ن ك، یان کۆمەڵە و هەموو پارتەکانی تر، بۆ کوردێکی ئێرانی خەڵکی باشووری کوردستان، لە جۆرە پێکهاتەیەکی نەنگەویست و نەی لێکراو بەولاوە هیچی ترنین، چونکە ئەو لە بنەکانەوە هیچ بە بایەخداری دانەناون بۆخۆی، لەم ڕووەوە، نەپلان و پرۆژەکانی ئەم پارتیانە، نە پابەندی ئایینییان، نەزاراوە زمانیەکانیان، نە هەست و میزاجی ناوچەییان، نە توندڕوییان، نە پەیوەندیە عەترەشیەکانیان بۆ ئەو بکێشکەر و ئارەزوو گیرنەبوونە، هەرچی کوردەکانی خۆراسانن لە بیستنی ناوی ئەم حیزبانە بەولاوە هەریان لە بریان ناکەنەوە، بەهەرحاڵ، (پ د ک–١) هەرچەندە لاف پێگەی بەرین و خەڵکی زۆرلێدات، برشتی داسی لە ناوچەیە تێناپەڕێ کە دەکەوێتە ورمێ و مەهاباد و مەریوانەوە (بڕوانە نەخشەی ژمارە ٤٠).

(پ د ک–١) ئەوجا و ئێستاش بەرو ماوەیەکی زۆری لەبەردایە کە بتوانێ تێیدا بتەنێتەوە و تەرزهەڵدا، بە مەرجێك بتوانێ کاژی ناوچەگەری ئەستوور و ئاسۆتەسکیی فەرهەنگی لە خۆی داماڵێ، چونکە مێژوویەکی دوور و درێژ و دەوڵەمەندی لە ڕووبەڕووبوونەوە و پەنجە

---

[10] دوکتۆر صادقی شەرەفکەندی پسپۆڕی کیمیا و برای شاعیری بەناوبانگ هەژاری موکریانی بە هەمان پیلان و بە دەستی هەمان بکوژان بە دەردی دوکتۆر قاسملو چوو. سەد داخ پەندی لەتێداچوونی ئەو وەرنەگرت.

نەرمکردنی لەگەڵ بەرەنگاریە گەورەکا هەیە، چ لە ناوەوە، چ لە دەرەوەی وڵاتەکە و دەتوانێ لە ئەڵقەی تەسکی دیاردەیەکی ناوخۆیی دەرباز بێ، گەر بتوانێ گۆڕانێك لە خۆیدا بێنێتەدی.

لە دیسامبر (کانونی یەکەم)ی ١٩٩١دا هەندێ ڕۆژنامەی ئێرانی باسیان لەوە کرد کە گوایە جۆرە گفتوگۆیەك لەنێوان (پ د ك-١) و دەوڵەتدا هەیە بۆ ئاغای شەرەفکەندی دووجار بیرکردنەوە پێویستە بەرلەوەی بەرەو ئەوها "گفتوگۆ"یەك هەنگاو بنێ، چونکە کارەساتی گیان لە دەستدانی دوا سەرکردەی حیزبەکە کە لە کەین و بەینێکی هاوشێوەدا تێیداچوو هێشتا تۆزی نەگرتوە.

نەخشەی ژمارە (40): پارتە سیاسییە سەرەکییەکان و سنووری سەرەکیی چالاکییان لەم دەمەدا.

كۆمەڵە: لە سەپتەمبەر (ئەيلول)ی ١٩٤٢دا، ڕێك سێ ساڵ بەر لە پێكهێنانی كۆماری كوردیی مەهاباد، پارتێكی نەتەوەیی سیاسی بەناوی "كۆمەڵە"وە لەلایەن هەندێ ڕوناكبیری چینی ناوەندی شارنشینی كورد دامەزرا، ئەوەبوو دوییماكار (ح د ك) لەسەر كوانگی ئەو ساڵی ١٩٤٥ دروستبوو، بەڵام هەر لەسەر بزۆتكی نیوەسووتی كۆمەڵەوە، حیزبێكی نوێی تۆخ ماركسی لینینی هەر بەناوی كۆمەڵە"وە ڕاستەوە بوو.

هەموو شتەكانی كۆمەڵەوە لانێین، هەر ناوی حیزبەكە خۆی لە خۆیدا تەم و مژاوییە، قاسملوی سەركردەی كۆچكردووی (پ د ك-١)) ساڵی ١٩٨٠ نووسیویە دەڵێ ناوی تەواوی كۆمەڵە: "كۆمەڵەی ژیانی كوردستان"ە (Challiand1986-118) لە كاتێكدا ڤان برونسن لەو باوەڕەدایە كە ناوەكە بۆ "ڕێكخراوی زەحمەتكێشانی شۆڕشگێری كوردستانی ئێران"ە، كۆمەڵە بە كوردی هەمان مانای "یەكێتی Society" ئینگلیزی دەگرێتەوە و بە گشتی مانای "یەكێتی"یەو لە هەمان كاتیشدا یانە یان یەكیەتیەكی سیاسی یان كۆمەڵایەتی.

پاش شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، هەم كۆمەڵە، هەم (پ د ك-١) دژ بە دەسەڵاتداری ئێران لە كوردستاندا وەستانەوە، بەڵام هەرگیز كۆمەڵە ئەو پشتیوانی و پێگەیەی ناو خەڵكی نەبوە كە (پ د ك-١) هەیەتی، هەندێ جاریش وەكو ئەوەی ساڵی ١٩٨٥، هەردوو حیزبەكە كەوتوونەتە دەستەویەخەی خوێناوییەوە دژ بە یەكتر، تەنانەت لەو كاتانەشدا كە هەردوو لەبەر هێرشی هێزە سوپاییەكانی دەوڵەتی ئێراندا بوون.

ساڵی ١٩٩١، دەنگوباسی وا بڵاویوەوە كە كۆمەڵە بۆتە دووبەشەوە: زۆرینەیەك بە ڕابەرایەتی مەنسووری حیكمەت و كەمینەیەك بە ڕابەرایەتی عەبدوڵای موهتەدا (یان موهتەدی)، تا ئێستا نەزانراوە ئایا ئەم دوو بەرەكیە تا سەر دەڕوا یان هەردولا ڕێك دەكەونەوە، وەكو هەموو بزووتنەوە ماركسی لینینییەكانی تر، هەرەسهێنانی كۆمۆنیزم تەمەڵی ئیدیۆلۆژی كۆمەڵەشی خستۆتە داتەپین، وا ڕەچاو دەكرێ حیزبەكە بەم زوانە لەو ئیدیۆلۆژیە بێ بازاڕە دەربەڕێ و ئیدیۆلۆژیەكی زیاتر خۆیی هەڵبگرێ. مەودای چالاكی كۆمەڵە لە ناوچەیەكی تەسكدا بەندە كە دەكەوێتە هەرێمی مەریوان-سەنەندەجەوە، واتە باشووری مەریوان و مەودای كاركردنی (پ د ك-١).

وەکو (پ د ک)ی ئێران، کۆمەڵەش هاوشێوەیەکی عێراقی بۆخۆی دۆزیوەتەوە ئەویش کۆمەڵەی عێراقییە. کە بەچکەیەکی هەفتاکانی ئەم سەدەیەیە.

سازمانی نەتەوەیی: لە کۆتایی (١٩٧٩)دا شێخ عیزەدینی حوسەینی کە رابەرێکی ئایینی سوننی مەهابادیە، رابەرایەتی بەرهەڵستکاریەکی میللی دژ بە سیاسەتەکانی تاران کرد، سەرەرای ئەو هەموو فشارەی لەلایەن هێزە دەوڵەتیەکانەوە لەسەری بوو، ئەو ساڵی ١٩٨٣ گرووپێکی بەناوی "سازمانی نەتەوەیی"یەوە پێکهێنا و توانی خەڵکێکی زۆر بە دەوری خۆیەوە کۆبکاتەوە.

دوایی، بوو بە گرووپێکی چەپگەرا و چوە پاڵ کۆمەڵە – ئامانجی سازمانەکە دابینکردنی جۆرە ئۆتۆنۆمییەکە بۆ کوردەکانی ئێران سەرکردایەتی بزووتنەوە کە لە ساڵی ١٩٨٤ و قایم بوونی جێ پێی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا لە تاراوگەو لە ئەوروپا دەژی.

# عێراق

پارتی دیموکراتی کورد (پ د ک): پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر لە سەردەمی دامەزرانیەوە ساڵی ١٩٤٦، و بە تایبەتی لە (١٩٦٠)ەکانەوە چالاکترین پارتی سیاسی کورد بوە، مەلا مستەفای بارزانی هێشتا لە مەهاباد و لەژێر سایەی کۆماری کورددا بوو کە پشتگیری پێکهێنانی "لق"ێکی (پ د ک)ی ئێرانی لە عێراق کردبوو و کاری بۆ کردبووو کە ئەم راسپاردەیە لە بەشی باشووری کوردستانی عێراق لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەدی، کە پارێزەر و رووناکبیرێکی خەڵکی سولەیمانی و خەزووری ئایندەی جەلال تاڵەبانی (سەیری ئەم بابەتەی خوارەوە بکە) بەجێهێنرا. ئیبراهیم ئەحمەد تا ساڵی ١٩٥٨ و کەم یان زۆر بەناوە تا کودەتا ناوخۆییکەی ساڵی ١٩٦٤ی بەرزانی کە بەلادانی ئیبراهیم کەوتەوە، حیزبەکەی بەرێکی رابەری کرد.

ساڵی ١٩٥٨[11]، (پ د ک) ماوەی کارکردنی یاسایی پێدرا، پاش رووخانی رژێمی پادشایەتی و دامەزراندنی حکوومەتی کۆماری بە سەرکردایەتی قاسم، بارزانی بۆ گەرانەوە بۆ وڵات

[11] پ د ک ساڵی ١٩٦٠ ماوەی کارکردنی یاسایی پێدرا. بەرلەوە هەمزە عەبدوڵڵا زۆرتر لەناو حیزبدا لەپێش بوو. هەمزە خۆی و یارانی ساڵی ١٩٥٩ لەلایەن دەستەکەی ترەوە کە بەرزانی رابەرێتی دەکردوو و ئیبراهیم ئەحمەدیشی تێدابوو لە حیزب دەرکرا.

بانگهێشت كرابوو، سێ ساڵ بەرلەوە لە كاتێكدا بارزانی هێشتا هەر لە تاراوگە بوو، كرا بوو بەسەرۆكی شەرەفی (پ د ك) . لە كاتێكدابەكردەوە هەرئیبراهیم ئەحمەد كار راپەڕێنی حیزبەكە بوو.

پاش گەڕانەوەی بۆ عیراق، بارزانی بە شێوەكی بەربڵاو دەستی كرد بە دەست تێوەردانی كاروباری ناوخۆی حیزبەكە، هەرچەندێكو ئەوە لە بواری سەرۆكایەتیە شەرەفیەكەی ئەو بەدەربوو. ئەو بۆ ئەم مەبەستە، سەرباری ئەوەی دەیویست سەركردایەتی ڕاستەقینەی حیزبەكەی بەدەست بێت، دوو هۆی دەهێنایەوە ١) پ د ك لەلایەن كۆمەڵێك هەڵبژاردەی كوردی شار یەوە دەستی بەسەردا گیرابوو (بڕوانە كەسایەتی نەتەوەیی و سەركردایەتی و كەلتووری سیاسی) و ٢) حیزبەكە زۆر بەلای چەپدا دایدەڕنی. ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ كۆمیتەی ناوەندی (پ د ك)دا لە ساڵی ١٩٦٤ كەوتە باری كردەوە و ئاشكرابوون، كاتێك كە هەرلایە بڕیاری دەركردنی ئەوی دیكەی لە حیزب دەركرد. بەرزانی، كە پشتگیریی باڵی سەربازی بەلاوە بوو، لە ململانێكەدا براوە دەرچوو و بوو بە سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان كە سەرلەنوێ وەكو حیزبێكی نەرمەڕاسترەو ساز درایەوە. هێزەكانی بارزانی گەریلا چەكدارەكانی سەر بە سازمانە كۆنەكانی ئیبراهیم ئەحمەدیان بەو دیوی سنووردا پەستایە ئێرانەوە و بەو جۆرە لە كوردستانی عێراقدا بەردی بەردانیان نەما. ئەو هێزە ڕەتێنراوەی ئیبراهیم ئەحمەد دوا دوایی بوون بەناوكی دروستبوونی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان بە ڕابەرایەتی جەلال تاڵەبانی.

تەنینەوەی پەیتاپەیتا و زیادبوونی شەپۆل وەشێنی دەسەڵاتی (پ د ك) لەناو خەڵكدا، وەستانەوەی لە ڕووی بەغدادا بۆ بەرزانی زیاتر ئاسان نیشاندا. هەندێ جار ئەم وەستانەوەیە هۆیەكی ئەوتۆ گرنگی نەبوو. ئەو ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ بەغدادا ڕێككەوتننامەیەكی بۆ ئۆتۆنۆمی دان بە كورد ئیمزا كردبوو (بڕوانە مێژووی ئەم دواییە). ساڵی ١٩٧٤ كە شەڕە سەرلەنوێ لەگەڵ هێزە چەكدارەكانی عێراقدا سەری هەڵدایەوە، (پ د ك) بە ئاسانی دەیتوانی (٣٠٠٠٠) چەكداری پارتیزان بخاتە كارزارەوە، بەڵام نەزەبەندی هێزی پارتیزان و نە یارمەتی دەوڵەتی

---

لەوەودوا هەمزە گۆشەگیریی هەڵبژاردوو لە ژیانی سیاسی خۆیدا تا مردنی لە نەوەتەكاندا لە بواری بزووتنەوەی كورددا هیچ جموجۆڵێكی ئەوتۆی نەبووە — وەرگێڕ.

بێگانە دەیتوانی سیاسەتی سەرنەکەوتوو ڕەقەکاری کادرەکانی حیزب و سەرکردایەتی بشارنەوە ئەوەبوو ساڵی ١٩٧٥ شۆڕشەکە هەرەسی هێناو کارەساتی ئاوارەبوونی بە کۆمەڵی سەرکردە پلە یەکەکانی حیزب و ژمارەیەکی زۆری خەڵکی سیویل و پێشمەرگەی بەرەو ئێران لێکەوتەوە حکوومەتی ئێران لە نزیك تاران شوێنێکی بۆ ئاوارەکانی حیزب تەرخان کرد، ئێستاکەش هەندێ لەوانە هەر ماونەتەوە لەوێ، مووچەی مانگانە بۆ سەرکردە حیزبیەکان بڕایەوە و پەنابەرەکانیش پاسپۆرتی ئێرانییان پێدرا کە بتوانن بۆ هەر شوێنێك بیانەوێ بڕۆن، بە مە تاران چاکەیەکی زۆری بۆ (پ د ك) کرد و پاداشتی ئەو کارانەشی دایەوە کە بە دزی و بە ئاشکرا بە قازانجی ئەو ئەنجامی دەدا، هەر لە کاری وێرانکارانەی پشت هێزەکانی عێراقەوە لە جەنگی ئێران و عێراقەوە بیگرە تا دەگاتە یارمەتیدانی هێزەکانی ئێران لە دامرکاندنەوەی سەرهەڵدانەکانی کوردەکانی ئێراندا.

پاش مردنی مەلا مستەفا بە شێرپەنجە و لەکاتی تیمارکردنی لە وڵاتە یەکگرتیوەکانی ئەمەریکا، ساڵی ١٩٧٨، سەرکردایەتی حیزبەکە چووە دەستی ئیدریسی کوڕە گەورەیەوە، کە ئەمیش ساڵی ١٩٨٧ مرد، مەسعوودی کوڕە گەورەی دیکەی بوو بە سەرۆکی حیزبەکە.

ئێستاکە حیزبەکە دەتوانێ (١٥٠٠٠) شەڕکەری گەریلا بخاتە مەیدانەوە، پێگەی هێزی زیاتر دەکەوێتە کەرتی باکووری کوردستانی عێراق، کە دەوروبەری سەرزەمینی عەشیرەتی بارزانە (کە یەکێکە لە هۆزە هەرە کۆنەکانی کوردستان: بڕوانە هۆزەکان) بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە حیزبەکە لە شوێنی تری کوردستان خەڵك و خوای نیە، چونکە لە ناوچەکانی تری کوردستانی عێراقیش لایەنگری هەیە و مەیدانی چالاکیشی بە دەستەوەیە، حیزبەکە هێشتا لە دەرەوەش بە خاتری ناو بانگی ئەفسانەواری مستەفا بارزانی، ڕێزی لێدەگیرێ و پشتیوانی زۆرن.

(پ د ك) ئێستگەیەکی ڕادیۆیی بەناوی "دەنگی کوردستانی عێراق"ەوە دەگێڕێ، کە وەکو دەردەکەوێ ئێستا لەناوچە کوردنشینەکانی عێراقەوە بەرنامە پەخش دەکا، ساڵی ١٩٨٠ (پ د ك) پەیمانێکی هاوپەیمانی دژ بە بەغدای لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عێراق (Icp) و پارتی سوشیالیستی یەکگرتیوو و دوای ئەوەش پاش کۆتایی هاتنی جەنگی کەنداو، لەگەڵ

یەكێتی نیشتیمانی كوردستانی نەیارییدا بەست، تا نووسینی ئەم لاپەڕانە، ئەم پەیمانە هەر كارایە[12].

یەكێتی نیشتیمانی كوردستان (ی ن ك puk): (پ د ك)ی عێراق ئێستا لەلایەن یەكێتی نیشتیمانی كوردستان (puk)ەوە بەرامبەرگیری لێدەكرێ، (puk) زیاتر لە كەرتی باشووری كوردستانی عێراق خاوەنی پێگە و پایەیە.

هێزە چەكدارەكان و ئەو بەشەی (پ د ك) كە ئیبراهیم ئەحمەد ڕابەری دەكردن و سالّی ١٩٦٤ لەلایەن بەرزانییەوە لە كوردستان دەركرا بوون، سالّی ١٩٦٥ لەژێر ڕابەرایەتی جەلالەدین تالّەبانی زاوای ئیبراهیم ئەحمەددا گەڕانەوە. جەلال ڕۆڵەی بنەماڵەی بە دەسەلاّتی تالّەبانییە، كە لە ڕابردوودا چەندین كەسایەتی ئایینی و ئەدەبی ناسراو و ڕابەری سیاسی بە دیمەنی لێكەوتۆتەوە، ئەو لە سەرەتاوە لەگەلّ بارزانییدا ئاشتەوەبوو و هێزەكانی لەگەلّ هێزەكانی ئەودا تێكەلّ كردەوە، بەهەرحالّ، زۆری پێ نەچوو، بۆی دەركەوت كەخۆی و تاخمەكەشی خەریكن لەبن سێبەری پەرەسێنی بەرزانییدا ون دەبن و لە دەریای لەبیرچووندا نقوم دەبن، لە كاتێكدا شەپۆلی یارمەتی سەربازی و مالّی تاران پەیتاپەیتا بۆ بەرزانی دەدەمێنران، ئەوەبوو تالّەبانی دوپماكار لەگەلّ بارزانییدا تێكیداو بە "خێلّەكی و دەرەبەگ یان كۆنەپەرست" تاوانباری كرد (Bruinessin 1986-22،Van ) لە بەرامبەر ئەمەدا بارزانی هێرشی بردە سەر هێزەكانی.

تا بەر لە هێرشە بەرفراوانەكەی بارزانی بگرێ، تالّەبانی شتێكی كرد كە بە بیری كەسدا نەدەهات:

ئەو سالّی ١٩٦٦ هێزەكانی خستە تەك بەغدا و كەوتە جەنگ لەگەلّ پێشمەرگە كوردە خۆییەكاندا كە ئەوسا بە سەركردایەتی بارزانی دژ بە بەغدا دەجەنگین، بەمە تالّەبانی كەوتە بەر بارانی توندی ڕەخنە و تاوانبار كردن، هاتنەوەی بە لەناكاوی ئیبراهیم ئەحمەد لە تارانەوە بۆ بەغدا نەیتوانی وێنەی شێواوی تالّەبانی هەموارتر بكاتەوە، لە دوو سالّی پێش (١٩٧٠)دا تالّەبانی وەكو كەسایەتیەكی پلە دووەم لە سیاسەتی كوردییدا مایەوە و مەگەر بە دەگمەن

[12] ئەم مەسەلەیە لەسەرییەوە تابنی پێویستی بە لێكدانەوە و هەلّسەنگاندنێكی هێمن و بابەتیانە هەیە – وەرگێڕ.

ئـەگینا ئەونـدە دەرنەدەکـەوت لـە بەرامبـەر کەسـایەتی و ناویـانگی کێوئاسـای بەرزانییـدا، هەرچەندیکو چالاکی چاوقایمانە و دەسپێشخەری بێباکانەشی دەنواند.

رێککـەوتنی ئاشـتی و ئۆتۆنـۆمی کـە بەغدا و بـارزانی سـاڵی ۱۹۷۰ ئیمزایـان کـرد (بڕوانـە مێژووی ئەم دواییە) دیسانەوە گرووپەکەی تاڵەبانی پەکخستەوە، لەبەر ئـەوەی بەغدا لەگـەڵ بەرزانییدا گەیشتبووە رێککەوتن، ئیتر تاڵەبانی ئەوەندە لەوێ جێی نەما، بۆیە ناچـار چـووەوە نـاو رێزەکـانی بەرزانیـەوە و تـا سـاڵی ۱۹۷۵ و دوانووچـدانی بـەرزانی و هەرەسـهێنانی ئـەو راپەڕینەوە کـە (پ د ک) رابەرایـەتی دەکـرد لـەوێ مایـەوە. ئـەم جـارە، نـەک تاڵـەبانی بـەڵکو نزیکەی گشت ئەوانەی لەگەڵ بەرزانییدا هاوپەیمان بوون لێی تاکانـەوە، و زۆریـەیان رێکخـراوی سیاسی تایبەت بـە خۆیـان دامەزرانـد، تاڵـەبانیش هـەمان رێبـازی گرتەبـەر، راستیەکەی ئـەو خواخـوای هـەلێکی وای بـوو ئـەوەبوو لـە هـاوینی سـاڵی ۱۹۷٦ تاڵـەبانی کـە ئەوسـا نوێنـەری بارزانی بوو لە دیمەشق، لەوێ یـەکێتی نیشتیمانی کوردسـتانی دامەزرانـد، کـە بـریتی بـوو لـە هاوپەیمانیەکی نێوان کۆمەڵەی عێراق و حیـزب (یـان بزووتنـەوەی) سۆشیالیسـتی عێـراق (کـە پاشان بوو بە حیزبی سۆشیالیستی کوردستان) و گرووپەکەی تاڵەبانی خۆی لە ناو پارتییدا .

بۆ ئەوەی بتوانێ باڵادەستی بەسەر باڵی درێژ و بەرینی پارتییدا وەدەسـت بێنـێ، یـەکێتی پێویستی بە تەنینەوەی خێرا هەبوو بە وڵاتەکەدا، بۆیە سـەکۆی نـاوخۆی حیزبەکـەیان وا پـان کردەوە کە بتوانێ جێی هەر گرووپێکی نوێی کوردی تێدا ببێتـەوە، بـێ پەنگانـەوە لـە جـۆری بیرکردنەوە و ئاواش و ئامانجی سیاسی. ئەم هەمـە جـۆرەیی ئیدیۆلۆژیـە تـا ئەمڕۆکـەش هـەر بەردوامە، ئەوەتا لە چوارچێوەیدا، پلاتفـۆرمی پارێزگـار، نـاوەنجی و مارکسی گشت لـە پـاڵ یەکدا کاردەکەن.

لە بەهاری ساڵی ۱۹۷۸دا شـەڕێکی خوێنـاوی لـەنێوان (پ د ک) و (ی ن ک) لـە ناوچـەکانی سەر بە بارزانییدا ڕوویدا، ئەم شەڕە هەراو هەژانێکی گەورەی لەناو (ی ن ک)دا نایەوە، نزیکـەی (۸۰۰)کەسـێ لـە سـەرکردە سـەربازی و پێشـمەرگەکانی کـوژران یـان خۆیاندایـە دەسـتی حکوومەتەکانی تورکیا و عێراقەوە و ئەوانیش گشتیانیان لەناوبرد.

پاشـان حیزبـی سۆشیالیسـتی کوردسـتان لـە (ی ن ک) جیـابووەوە و تاڵـەبانی ناچـاربوو بەدوای هاوپەیمانی تردا بگەڕێ، ئەوەبوو ساڵی ۱۹۷۹ لەگەڵ کۆمەڵەی ئێراندا هاوپەیمانیـەکی

گرێدا، هەروەها ئارەزووی ئەوەشی دەكرد، كە (پ د ك–١)ی ئێرانیش كە خاوەنی گرانایییەكی تایبەتی بوو و ئەوسا هەم لەگەڵ هێزەكانی ئێران و هەم لە بەرامبەر هێزەكانی بەرزانیشدا لە مشتومڕدا بوو بۆ خۆی بكا بە هەوپەیمان. ساڵی ١٩٨١ نیمچە رێككەوتنێكی وەهای وەدەستهێنا، بەڵام زوو دەركەوت كە ئەو لەگەڵ هاوپەیمانێكی دۆڕاودا كناری گرتووە.

ساڵی ١٩٨٣، كە (پ د ك) شانی بۆ هێزەكانی ئێران شلكرد بێنە خاكی كوردستانی عێراقەوە تاڵەبانی بە نیشانەی دژایەتی لەگەڵ ئەم كردەوەیەدا دەرگای گفتوگۆی لەگەڵ بەغدادا كردەوە، لە كاتێكدا هێزەكانی لەگەڵ هەردوو حیزبی سۆشیالیستی كوردستان و پارتی كۆمۆنیستی عێراقدا دەستەو یەخەی شەڕ بوون، بەمە تۆمەتە كۆنەكانی خیانەت دیسانەوە بەسەر تاڵەبانییدا هەڵڕژێنرانەوە.

ساڵی ١٩٨٥، تاڵەبانی كەوتە گفتوگۆیەكی گەرمەوە لەگەڵ بەغدادا بە مەبەستی گەیشتن بەرێككەوتنێكی یەكجار بەرفراوان و پڕ بەڵێن بەو جۆرەی دەستی بۆ بەسنگدا دەدا، بەڵام فشاری گران و بەهێزی توركیا رێككەوتنەكەی لە بێشكەدا خەفەكرد و هەرگیز ئیمزای نەدی، سەرەنجام یەكێتی دیسانەوە لەگەڵ بەغدادا تێكچووەوە شەڕو پێكدادان لە نێوان هەردوولادا سەری هەڵدایەوە، لەم كاتەدا كۆمەڵەش لە یەكێتی تاكایەوەو حیزبەكە جارێكی تر تووشی لێكدابڕان بووەوە و ئەمە بوو بەهۆی لە دەستدانی بەرەبەرەی ئەندامان و لایەنگیریی ناو خەڵكی حیزبەكەش.

تاڵەبانی چەندین جار لەگەڵ حكوومەتی ناوەندی عێراقدا چۆتە وتووێژ و هاتووچۆوە بە ئامانجی چارەسەركردنی مەسەلەی كوردستانەوە، بەڵام لە هەموویدا بێ ئاكام و بە دەستی بەتاڵ هاتۆتە دەرەوە، دواترینی ئەم وتووێژانە، یەكسەر پاش كۆتایی هاتنی جەنگی كەنداو بە جووتە لەگەڵ (پ د ك)دا، ئەنجامدراوە و دوا كۆبوونەوەكان پێش لە كۆتایی ساڵی ١٩٩١ بێ هیچ ئەنجامێك دەرگایان داخرا.

(ی ن ك) ئێستا خۆی بە خاوەنی (٤٠٠٠) پێشمەرگە دادەنێ و پێگەیەكی لایەنگیریی قورسی لەناو دانیشتوانی كوردی كەرتی باشووری كوردستانی عێراقدا هەیە، بەڵام ئەو هیوای پێگەو گرانایییەكی گەلێ لەمە گەورەتری لە دڵدا دەپەروەراند.

حیزبی سۆشیالیستی کوردستان: بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان، کە بە لێکدانەوە و بڕیارە هەڵەکانی تاڵەبانی زۆر ئاڵۆزبوو بوو، دوای ئەوەی لە شەڕە خوێناویەکانی ساڵی (١٩٧٨)ی نێوان هێزەکانی تاڵەبانی و بارزانییدا، هێزەکانی تووشی دەسوەشانێکی گەورەو زیانێکی گران هاتن لە (ی ن ک) جیا بووەوە، حیزبەکە بە ڕابەرایەتی رەسوول مەمەند، لەگەڵ مەحموود عوسماندا کە هاوپەیمانێکی کۆن بەڵام بە خۆداچووەوەی بارزانی بوو، حیزبی سۆشیالیستی یەکگرتیووی کوردستانیان لە زستانی (١٩٧٩)دا پێکهێنا، ئەم هاوپەیمانیە تەنها تا ساڵی ١٩٨١ خۆی ڕاگرت. لەوە و دوا هەریەکە لەدوو سەرکردە بەلایەکدا بایاندایەوە و لەمەدا رەسوول مامەند زۆربەی ئەندامان و ڕێکخراو و ناوی حیزبەکەی لەگەڵ خۆیدا برد. لە ترۆپکی چالاکییدا، حیزبەکە نزیکەی (١٧٠٠) پێشمەرگەی هەبوو.

زۆرجار تاوانی فڕاندنی ئەو ڕۆژاواییانەی لە عێراقدا کاریان دەکردو دوایی گۆڕینەوەیان بە پارە، خراونەتە ئەستۆی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان. جگە لەمە حیزبەکە چەندین جار هاوپەیمانیی لەگەڵ گەلێك حیزبی عێراقی و کوردستانی تردا بەستوەو، بە تایبەتی(پ د ك) و نەیاری و دژایەتی لەگەڵ ئەوانی بە تایبەتی(ی ن ك) و کۆمەڵەی عێراقدا کردوە، ئەوەبوو ساڵی ١٩٨٣، شەڕ لەنێوان حیزبی سۆشیالیست و (ی ن ك)دا تەقییەوە و چ سەرکردایەتی و چ چەکدارانی حیزبی سۆشیالیست جەزرەبەی گەورەیان لێ وەشێنرا، شیعاری حیزب لە "ماف چارەنووسەوە بۆ کوردان"ەوە بۆ "ئۆتۆنۆمی بۆ کوردان" گۆڕاوە.

کۆمەڵە: لە سەرەتای حەفتاکاندا لە سەردەمێکی یەکجار دژوار لە کوردستانی عێراقدا پارتی کۆمەڵەی عێراقی بووبوو بە کۆمایەکی شەڕفرۆشتن و گێرەشێوێنی لە وڵاتەکە و مایەی دووبەرەکیەتی ناوخۆ و دەسدرێژی کردنە سەر حیزبە سیاسیە کوردەکان، بە کورتی ئەویش لەم بوارەدا وەکو کۆمەڵەی ئێرانی لێهاتبوو، کۆمەڵەی عێراقی دەسەڵات و هەیبەتێکی بە بەرەنگاریکردنی حکوومەتی عێراق لە پرۆسەی بە زۆر گواستنەوەی کوردە عێراقیەکان لە ناوچە سنووریەکان پاش هەرەسهێنانی هێزەکانی بەرزانی پەیدا کردبوو، هەر ئەم هەیبەتەشی تەوژمێکی تری دا بە هاوپەیمانیەکەی (ی ن ك) پاش ئەوەی کۆمەڵە چووە ناویەوە.

پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان (DPPK). ئەم حیزبە ساڵی ١٩٨١ دامەزرا. لە هەموو ماوەی تەمەنییدا، هەر بە هاوپەیمانی (ی ن ك) مایەوە. دامەزرێنەر و سەرۆکی حیزبەکە

محەممەد مەحموود عەبدورەحمانە، کە زۆرترین بە نازناوی (سامی) ناسراوە، وەکو زۆربەی سەرکردە کوردەکانی عێراق، سامیش هاوپەیمانێکی کۆنی دڵسۆزی مستەفا بارزانی بوو تا ساڵی ۱۹۷۹ لەگەڵ (پ د ك)ی دووبارە رێکخراوە و کوڕانی بارزانی ئیدریس و مەسعوودا مایەوە، لە ۱۹۷۹دا، پاش ئەوەی بێزاری لە دەسەڵاتخوازی بێ سنووری ئیدریس دەربڕی لە (پ د ك) تاکایەوە و پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانی دامەزراند.

حیزبی کۆمۆنیستی عێراق: هەرچەندە لە بنەڕەتەوە حیزبی کۆمونیستی عێراق حیزبێکی کوردیی سرف نیە، بەڵام چونکە حیزبەکە زۆرتر بە پشتیوانی کورد پشت ئەستوورە و پڕە لە ئەندامی کورد لە سازمانە ڕابەریەکانییدا، دەبێ ئەویش لە ڕیزی حیزبە کوردیەکان بژمێرین، هەموو ئەو شەڕکەرەی حیزبەکە هەیەتی بریتیە لە نزیکەی ئەو هەزار چەکدارە کوردەی کە لەژێر ئاڵایدا کۆبوونەتەوە.

ئەنجامگیریەك: ڕەفتاری درندانەی مەکینەی جەنگیی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ خەڵکی مەدەنی کورددا لە ساڵی ۱۹۸۸ و دوو ساڵی دوا بەدوایدا، بەرەبەرە پارتە سیاسیە کوردیەکانی عێراقی ناچار کرد بگەنە ئەنجامگیریەك کەوا لە هاوپەیمانی و یەکگرتن بەولاوە ئەلتەرناتیڤی تریان نیە، تەنانەت ئەگەر مەبەست شەڕی دوژمنیش نەبێ و تەنها بە مەبەستی خۆ پاراستن و مانەوەش بێ، هەموو ئەو حیزبە کوردیە عێراقیانەی کە چەند ساڵ بوو چنگیان لە ڕیشی یەکدی گیر کردبوو، هەروەها ئەتوانم بڵێم نزیکەی گشت حیزبە سیاسیە عێراقیەکانیش، پاش لە گرمەو لوورە کەوتنی جەنگی تۆکەندی فارس بۆرە پەیمانێکیان بە ئامانجی لە کۆڵکردنەوەی مۆتەکەی سەرسنگی هەموویان، واتە ڕژێمی سەدام حوسێن بەستبوو. جگە لەمە هەرەشەیەکی چاوەڕوان نەکراو، بە گوێ قوتەوەکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk) کە لەناو کوردەکانی تورکیاوە سەری هەڵدابوو هاتبووە کایەوە، بە پەیداکردنی جێ پێی قایم لەناو خەڵکدا، چ حیزبەکە خۆی چ عەبدوڵا ئۆجەلانی ڕابەری، وەکو دەردەکەوێ خەریکە هەمان هەیبەت و خۆشەویستی وەرگرێ، کە مستەفا بارزانی هەیبوو، کە ئەم کتێبە لە تەولو کردندابوو ئەم هاوپەیمانیە، کەم یان زۆر، هەر بەردەوام بوو.

# تورکیا

خۆیبوون: خۆیبون کە ساڵی ١٩١٨ لەلایەن هەندێ کوردی ئەریستوکرات و رووناکبیرەوە لە پاریس دامەزرێنرا[13]، یەکەم حیزبی سیاسی کوردە بە مانای سەردەمانەی حیزبی سیاسی، خۆیبوون پاشان بنکەی گواستەوە بۆ سوریا کە ئەوکات لەژێر خاوەنداریەتی فەرەنسادا بوو، حیزبەکە ساڵی ١٩٢٧ پێکهێنانی حکومەتێکی تاراوگەی جاڕدا و کە ساڵێ وەرسوڕایەوە (١٩٢٨) کەوتە کنوکۆی بەرپاکردنی شۆڕشێك لە ناوەوەی تورکیادا، پاش ئەوەی گشت بارەگاکانی گواستەوە ئەوێ، بەڵام ساڵی ١٩٣٠ ڕاپەڕینەکە لە قەڵای قایمی کە چیای ئەرارات بوو سارد کرایەوە و ئیحسان نووری پاشای سەرکردەی ناچار گواستیەوە بۆ تاراوگە لە تاران، پاش ئەم تێکشکانە، کوردەکان ناچار بوون (٣٧) ساڵی تر هەڵوێستە بکەن، بەر لەوەی دیسانەوە پارتێکی سیاسی تر پێك بێننەوە.

پارتی دیموکراتی کورد (پ د ک – ت): ساڵی ١٩٦٧، بە سەرکردایەتی پارێزەرێکی ئورفەیی، فایق بۆچاك دامەزرێنرا، حیزبەکە لەسەر هەمان مودێلی (پ د ك)ی عێراق پێکهێنرا و پەیوەندی پتەویشی لەگەڵییدا هەیە، ئەوەندەی پێ نەچوو (پ د ك – ت) لەلایەن ئەنقەرەوە خرایە ژێر فشارێکی یەکجار گرانەوە و دەوڵەت بۆ ئەم مەبەستە لەشکرێکی زۆری فرێدایە هەرێمە کوردنشینەکانی ئەنەدۆڵەوە، ساڵی ١٩٦٨ بۆجاك کوژرا، سەعید ئێلچی هەڤاڵ و جێگریشی ساڵی ١٩٧٠ کەلە کوردستانی عێراق بە پەنابەریی نیشتبوەوە، بەهەمان دەردی ئەو چوو... ، ساڵی ١٩٦٩ حیزبەکە دووچاری داقڵیشان بوو، و باڵێکی بە ڕابەری (دکتۆر دیڤان) لێ تاکایەوە و لەمە حیزبێکی زیاتر ڕادیکالی چەپگەرا پێکهات کە بانگەشەی سەربەخۆیی کوردستانی لە تورکیا و هەموو دەوڵەتە دراوسێکان هەڵدا.

پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk): ساڵی ١٩٧٤، باڵێکی کوردی لە پارتی لاوانی شۆڕشگێری تورك جیابووەوە، ئەم باڵە ساڵی ١٩٧٨ وەکو حیزبێکی سیاسی سەربەخۆ خۆی

---

13 خۆیبوون ساڵی ١٩٢٧ دامەزرا.

جارڕدا، دوای ئەوە حیزبەکە مەڵبەندی چالاکی خۆی لە ئەنقەرەوە گواستەوە بۆ کوردستان، ساڵی ١٩٧٩ ناوی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ ك ك)ی بۆ خۆی بانگدا.

حیزبەکە کە لەسەر بنەمای مارکسی لینینی دامەزرابوو، ئامانجەکانی خۆی تەنها لە ڕزگاری کوردستاندا نەسنووڕاند، بەڵکو ڕزگاری لە دەستی "دەرەبەگایەتی و کۆلۆنیالیزم و جیاوازی چینایەتیش" بۆ خۆی کردە نیشان، بەم جۆرە شەرعیەتی سەردەك خێڵە کوردەکان و دەسەلاتیانی خستە بەر هەڕەشە. نەك هەر ئەمە بەڵکو هەر بە داردەستی دەوڵەتی تورکیشی دانە قەڵەم، بۆیە هەردوولا، کەوتنە بەر شالاوی (pkk) بەلام لە هەشتاکانەوە هەڵوێستی حیزبەکە بەرامبەر دەسەلاتداریە دێرینەکانی ناوخۆی کوردان بەرەبەرە داویە لە نەرمی.

پاش هەرەسهێنانی کۆمۆنیزمی جیهانی، وێ دەچێ (پ د ك) بە هەڵویستی وشکە مارکسیچیەتی خۆیدا چوویبێتەوە و زیاتر ڕووی کردبێتە بەها کوردەواریە خۆییەکان و بۆچوونی بورجوازیانەی نیشتیمانی.

(پ ك ك) تاکە حیزبی سیاسی کوردە کە لە کۆمیتەی سەرکردایەتیدا سەرۆك خێڵی ئەندام نەبێ، حیزبەکە هەولێکی زۆریداوە و گەیشتووتە بە دابینکردنی پشتیوانی چینی خوارەوەی کورد، کە یەکجار بەربلاوە، ئەم حیزبە زیاتر لەو حیزبانەی دەستەی هەڵبژاردەی کورد سەرکردەییان دەکەن، لەگەڵ ئەم چینەدا ئاشنایە، بەلام چونکە گەریلاکانی بۆیان دەرکەوتووە کە داواکاری یارمەتی لە خەڵکی سیویلی کورد دەبێتە مایەی چ چەرمەسەرییەك بۆ خەڵکەکە، بۆیە ڕوویان کردۆتە قولایی چیاو دارستانەکان و لەوێ ژیانێکی ئەوتۆ کولەمەرگی دەبەنە سەر، کە هیچ گرووپێکی گەریلای کورد هێشتا تووشی نەبوونە.

وەکو هەر پارتێکی سیاسی تر، (پ ك ك)ش بۆ ئەوەی مانی خۆی مسۆگەر بکا، ناچاریووە شان بۆ هەندێ بابەتی کۆمەلایەتی ولاتەکە شل بکا.

ئێستا حیزبەکە سەرکردە خێڵەکیە" پێشکەوتنخوازەکان"ی لە "کۆنە پەرستەکان" جیا داناوە و ئەمەی کردوە بە پێوانەی پشتگیری کردن و داشداری کردنی گەریلاکان( Van Bruinessen 1988 -44).

بەم کردەوەیە (پ ک ک) توانیویەتی هەلومەرجی ئەموارتر بۆ ژیان و مانەوەی خۆی برەخسێنێ.

لەم سالانەی دواییدا، (پ ک ک) هەلوێستی ڕادیکالانەو نەیکەری لە ئایین گۆڕیوە و ئایینی وکو هێزێکی گرنگی کۆمەلایەتی ناسیووە و هەولی داوە بۆ سوودی کاروباری خۆی بەکاری بێنێ، بەم جۆرە لە جیهانبینی (پ ک ک)دا، کەسایەتیە ئایینیەکانیش وەکو سەرۆك خێلەکان بەسەر "پێشکەوتنخواز" و " کۆنەپەرست"دا دابەش کراون.

هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە، (پ ک ک) لەلایەن عەبدولا ئۆجەلانەوە (ئوەج ئالان)ەوە سەرکردەیی کراوە، ئەو لەناو خەلکدا لەبەر خۆشەویستی بە "ئاپۆ" بەناوبانگە. لە کوردیدا باوە خەلك بە کورتکراوەی ناوەکەی بانگ بکرێ، بەم جۆرە (ئاپۆ) کورتکراوەی "ئەپتولا" کە ناوی ڕاستەقینەی ئۆجەلان خۆیەتی، بەلام "ئاپۆ" بە ڕێکەوت لە کوردیشدا بە مانای "مام" دێت.

بەم جۆرە لە هەردوو بابەتدا ناوەکە پڕە لە مانای خۆشەویستی، ئەوی ڕاست بێ ئەندامانی (پ ک ک) لە تورکیا باشتر بەناوی "ئاپۆجو" ئاپۆچو، کە بە تورکی دەکا "خزمانی ئاپۆ" یان "هەوادارانی ئاپۆ"، ناسراون.

چالاکییەکانی (پ ک ک) پاش کودەتاکەی سالی ۱۹۸۰ لە تورکیا بە دەنگدانی حکومەتی عورفی لە هەرێمە کوردنشینەکاندا، کە تا ئێستاش لە هەندێ ناوچەدا هەر لە کاردایە، تەگەرەیان بەرکەوت و تا ڕادەیەك وەستان، حیزبەکە ناچار بەشێکی زۆری چالاکیەکانی بۆ ناو کوردەکانی تاراوگە لە ڕۆژاوا و باکووری ئەورووپا گواستەوە، لەوێ کەش و هەوایەکی لە باری لەناو لاوەکاندا بۆ رەخسا کە گشت تینووی کارکردن بوون، جگە لەمە، (پ ک ک) لە سوریا و لە دۆلی (بەقاع)ی لوبنان کە بە دەست سوریەکانەوە بوو، بارەگای بۆخۆی دامەزراند، لەوێ لەسەر دەستی گرووپە گەریلا فەلەستینیەکان مەشق و ڕاهێنانێکی باشیان وەرگرت و هاوینی ۱۹۸۳ کە گەڕانەوە ولاتەکەی خۆیان بە کارایی لە چالاکیەکانیاندا بە کاریان هێنا، ئیتر هەرچی دامودەزگای سوپای تورکیا و هاوولاتی کوردی گومان لێکرلو بە هاوکاری لەگەل دەولەتدا هەبوون کەوتنە بەر پەلامار و پرسینەوە و سزادان.

لە ساڵی (١٩٨٠) شەوە (پ ك ك) لەلایەن (پ د ك)ەوە پاڵپشتی لێكراوە و لە كوردستانی عێراقدا دەرفەتی پێگە دانانی پێدراوە تا لەوێوە هێرش بەرێ بۆ ئامانجەكانی لە ناوەوەی توركیا، ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی توركیا ساڵی ١٩٨٣ لەشكر بكێشێتە ناو كوردستانی عێراقەوە و گەلێ جێگا داگیر بكا و بكەوێتە هەوڵی پەلاماردانی چ (پ د ك) بە بەمەستی سزادان، چ (پ ك ك) بە ئامانجی زەربەی قورس تێسرەواندن و لەناوبردن، بەڵام نەیتوانی هیچ كاتێك لەم دوو ئامانجە یەكێكیان بپێكێ.

لە ساڵی (١٩٨٤)ەوە تا (١٩٩١) چالاكیەكانی (پ ك ك) لەناوەوەی توركیا، بەرەبەرە لەبەر بوونی چڕی لەشكری توركیا و بەكارهێنانی یەكجار بە توندی حوكمی عورفی لەناوچە هەرە نا ئارامەكانی كوردستان بەرگیركران. لەم ماوەیەدا، پێكدا پرژانی جارجارە، ڕفاندنی كەسان، و هەڵلای پڕ لە بگرە و بەردەی پڕوپاگەندە و جەنگی ڕاگەیاندن، نیشانەی هەرە دیاری باروبۆخەكە هاواری دەكرد كە بێ گۆڕانێكی بنەڕەتیی و قووڵ بەری بنبەستەكە ناكرێتەوە.

پاش دامركانەوەی جەنگی ئێكەند و كشانەوەی دەوڵەتی عێراق بە ناوچە سنووریەكانیشەوە، هەلێكی باش بۆ (پ ك ك) ڕەخسا كە گوڕبداتەوە بە چالاكیەكانی و ئەو ناوچانە بۆ ئەو مەبەستە بەكاربێنێ. ئەم كارە بێ گەڕانەوە بو (پ د ك)ی عێراق و وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەو كرا، هەرچەندە گشت كەس دەیزانی ئەو سنوورانە لە كۆنترۆڵی ئەودابوون، هەردوو حیزبی (پ د ك) و (ی ن ك)ی عێراقی هەمیشە بە تەنگەوە بوونە، لە هەڵسوكەوتیان لەگەڵ بەغدادا، ئەنقەرە ئاگاداروڕەزامەند بێ و هەرگیز نەیانویستووە بۆ خاتری (پ ك ك) (یان هەر گرووپێكی تری كوردی ئەنەدۆڵ، سەبارەت بەهەمان هۆ) ئەم ڕێككەوتنە تازە وەدەستهاتووەیان لەگەڵ ئەنقەرەدا بشێوێنن، لە بەرامبەردا (پ ك ك) بە توندی (پ د ك) و بە تایبەتی(ی ن ك)ی ڕەخنە باران كردوە لەسەر"هاوكاری كۆنە پەرستانەو خیانەتكارانەیان" لەگەڵ ئەنقەرەدا، شێلنگەی تایبەتی ڕەخنە ئاراستەی (ی ن ك) كرابوو و بە (قەحبەیی سیاسی) تاوانبار كرابوو لەوەدا كە "هەمیشە خۆی بەو كڕیارە فرۆشتووە كە باشترین نرخی دابێ، چونكە ئیتر كاروانی یارمەتی و بار و بووی تاران ئیتر ڕووەو (ی ن ك) شۆڕنەدەبوەوە" بەڵام لەو ڕەخنەوەشانیەی (پ ك ك)دا، ئەوە باس نەكرا بوو، كە هەمان كاروانی خورجین پڕ خەریك بوو دەگەیشتە بارەگاكانی خۆیان.

بەهەمان شێوەی ساڵی ١٩٨٣ کردیان، هێزەکانی تورکیا ساڵی ١٩٩١، سنوورەکانی عێراقیان بە هیوای کوشتن و تارومارکردنی گەریلاکانی (پ ک ک) بەزاندەوە، هەر ئەم جارە روە و سنوورەکانی ئێرانیش ملیان ناو چەند جار بەزاندیانەوە بەهەمان شێوەی ساڵی ١٩٨٣ کردبوویان، لەمەدا زۆر بێ پەروانە رەفتاریان کرد، چونکە بە بەشێکیان دادەنا لە جێهێنانی بەرژەوەندی هەردوولا لە بەریەرەکانێکردنی یاخیگەریدا، بەلام هەردوولایان شەکریان خواردبوو! ، چونکە ئەم کردەوەیەیان ئێرانی هەر وەکو سوریا، راستەوخۆ کردە پاڵپشت بۆ ئەو هێزە کوردیانەی کە لەناو تورکیادا کارزاریان دەگێرا، و ئەم هێزەش لە (پ ک ک) بەولاوە کەسی تر نەبوو. لەگەڵ تێکچوونی پەیتاپەیتای پەیوەندیەکانی نێوان ئەنقەرە و تاران لەسەر کۆمەڵێك بابەتی لێکدانی بەرژەوەندیەکان، بە وەزعی ناسکی سیاسی قەفقاس و ئاسیای ناوەندەوە، دراوسێ دۆستەکانی جاران ناچاردەمان، هەریەکەیان نەیارەکانی ئەوی تر پڕ چەك کا.

لە کاتێکداکە ئەنقەرە یارمەتی گرووپی موجاهیدینی ئێرانی دەدا و لە ئازەربایجانی ئێران ئاگری ئاژاوە خۆش دەکا، (پ ک ک) یارمەتی پەیتاپەیتای زیاتر لە هی ئەمڕۆ لە تاران وەردەگرێ.

پشتگیری کردنی بەهێزی ئێران لە (پ ک ک) لەوانەیە ببێتە مایەی دامەزرانی هاوپەیمانیەکی ئاشکرای نێوان (پ د ك)ی عێراق و (پ ک ک) و هەر ئەمەش ئەو سیناریۆیەیە کە تورکیا زەندەقی لێچووە.

ئەم هاوپەیمانیە بۆ هەردوولا سوودبەخش دەبێ، چونکە لەلایەکەوە دەبێتە مایەی قایمکردنی پێگەی (پ د ك) بەرامبەر بە (ی ن ك) لە عێراق، و لە هەمانکاتدا پێشمەرگە پڕ چەك و لە شەڕدا سواوەکانی (پ د ك) دەچنە هاواری براکانی (پ ک ک)ەیان و لە بنکەکانی ناو عێراقی خۆیانەوە یارمەتیان دەدەن.

(پ ک ک) خاوەنی نزیکەی (١٠- ١٥) هەزار پێشمەرگەیە و لە هەموو گرووپە گەریلاکانی تری کورد، ڕاژەی پێشمەرگەی ژنی تێدا زیاترە (بڕوانە بارودۆخی ژنان و ژیانی خێزانەتی).

لە تاراوگە، بڵاو کراوەکانی (پ ک ک) کەمتر باسی شێوازی ڕەفتاری سەربازیی ڕێکخراوەکە لەناو وڵاتدا دەکەن، دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی (پ ک ک)، چاپەمەنیەکانی زۆر بە زمانی کوردی

بڵاودەكەنەوە لە پاڵ چەندین هەواڵنامەدا، هەموو ئەمانە بەشێوەیەكی بەربڵاو و ڕێكوپێك دەگەنە دەستی خوێنەران، بە جۆرێك بۆتە مایەی سەرسووڕمان بۆ ئەو كەسانەی لە كەمی چاپەمەنی كوردی و دووره پەرێزی فەرهەنگیی حیزبە كوردییەكان شارەزان. ئەوی پێویستی وتنە لێرەدا، پەكەكە بەم چالاكیە فەرهەنگییەی تۆڵەی هەفتا ساڵی ڕەبەقی سەركوتكردنی چاپەمەنی و خوێندەواری كوردانی توركیای كردۆتەوە.

پارتی سۆشیالیستی كوردی توركیا (KSPT): ساڵی ۱۹۷٤، واتە هەمان ساڵ كە (BKK)ی تێدا دامەزرا ئەندامە كوردەكانی حیزبی كرێكارانی توركیا حیزبێكی نوێی كوردی سرف ماركسییان دامەزراند و ناویان نا پارتی سۆشیالیستی كوردی توركیا (KSPT)، زۆربەی ئەندامانی حیزبەكە، لە دامەزراندنیەوە لە زیندان قایم كراون و كەمال بورقای سكرتێری ئێستا لە تاراوگە لە دەرەوەی توركیا دەژی. لە زۆربەی ماوەی بوونیدا، چالاكیەكانی حیزبەكە لەناو كوردەكانی ئاوارەی وڵاتانی ئەورووپادا گێڕراون.

ئەم بابەتە لە دەرەوەی بازنەی مەبەستی ئەم كتێبەدایە.

كۆمكار: تاكە حیزبی تر كە لە قەوارەدا لە (پ ك ك) نزیك بێ، كۆمكارە، حیزبەكە لەلایەن كوردە ئەنەدۆڵیەكانی تاراوگەوە لە ئەڵمانیا و سوید دروست كراوە.

بەڕاستی، لە بواری فەرهەنگییدا، حیزبەكە بە بڵاوكردنەوەی چاپەمەنیەكی زۆر و زەبەندی لە ڕووی چۆنایەتیەوە بەرز و دەوڵەمەند، كارێكی گەورەی كردووە، ئەم چاپەمەنیە بۆ كورد و بە دەستی ڕەنگینی كورد ئامادە كراوە و لەسەر ئەمە جێی ستایش و بایەخە. بەڵام لە ڕووی مەیدانی چالاكیەوە، كۆمكار حیزبی كوردە ئاوارەكانی ئەورووپایە هەر بۆیەشە، ئەویش دەكەوێتە دەرەوەی ئامانجی ئەم كتێبەوە.

حیزبی ئیسلامی كوردستان (PIK): ئەمە حیزبێكی سوننی مەزەب و خاوەنی بەرنامەیەكی سیاسی ئایینییە. لەم دواییانەی دواییدا سەرانی حیزبەكەزیاتر خۆیان بەلایەنی نەتەوەییەوە خەریك كردووە لە هی ئایینگەرانی ڕەسمی حیزبەكە، كە بە "جودی" ناسراوە – جودی ئاماژەیەكە بۆ چیای جوودی لە كوردستان كە لە تەلموددا ناوی هاتووە و گوایە جێی نیشتنەوەی كەشتیەكەی نووحە – بە ڕوونی بیروبۆچوونی حیزبەكە دەردەخا. مەیدانی سەرەكیی كاركردنی حیزبەكە لەو هەرێمە سنوورییانەی كوردستانی توركیایە كە مەڵبەندی

کۆبوونەوەی چەندین ئایینی جۆرا و جۆرە وەکو مەلاتیە و ئەلازیگ کە مەکۆی سوننی و عەلەوین و سێرت و باتمان کە شوێنی یەزیدی و مەسیحی و مسوڵمانی سوننین.

پارتیزان: ئەم حیزبە کوت و مت حیزبی کۆمۆنیستی عێراقە و هەمان پەیوەندی بە توندی ئەوی لەگەڵ کوردەکاندا هەیە، حیزبەکە بریتییە لە ڕێکخراوێکی ڕادیکالی چەپی سەرانسەری تورکیایی، نزیکەی هەموو کۆی ئەندامەکانی عەلەوی ڕیشەن و بەمە کوردێکی عەلەوی زۆریشی بە دەور خۆیەوە کۆکردۆتەوە، عەلەویە کوردەکان، چ لە سەرکردایەتی چ لە ڕیزەکانی حیزبەکەدا سەنگێکی گەورەیان هەیە، ئەم عەلەویانە لە تورکیا لە دوو ڕووەوە بە پشتگوێ خراو دادەنرێن: لە ڕووی ئایینەوە (بەرامبەر بە برا کوردە سونیەکانیان) و لە ڕووی ئەتنیکیەوە (وەکو کورد بەرامبەر بە زۆرینەی تورکی تورکیا) باش دیارە کەوا عەلەویەکان ئارەزووی یەکسانی دەکەن چ بەرامبەر بە برا کوردەکانی خۆیان و چ بەرامبەر هاووڵاتیە تورکەکانیان بەگشتی. باوەشی ڕێکخراوە چەپەکان، پەناگەیەکی باشە لە بەرامبەر ئەو دڵەراوکێیەدا کە بۆ ئەم کوردە ناموسڵمانانە دروستکراوە لەلایەن ڕێکخراوە سیاسیە ڕاستڕەو بگرە ناوەنجییەکانیشەوە کە زیاتر لەلایەن کەسانی سوننییەوە سەرکردایەتی دەکرێن، چ کورد بن یان تورک.

## سوریا

پارتی دیموکراتی کوردی (پ د ک – س): پەڵەپەڵەیی و بەدەمیەکەوە نەبوونی هەرێمە کوردنشینەکانی سوریا، کۆسپێکە لە بەردەم هەر هەوڵێکدا بۆ دەرخستنی یەککگرتوویی ئاوات و داخوازیەکانی کوردەکانی سوریا وەکو نەتەوەیەکی جیاواز، تەنانەت لە چوارچێوەی دەوڵەتی سوریاشدا. سوریا هەمیشە وەکو پێگەی وەکارکەوتن بووە بۆ ئەو حیزبە سیاسیە کوردانەی کە لە تورکیا و عێراقەوە هاتوون نەک بۆ هی کوردانی ناوەوەی خۆی. وێنەی ڕاستەقینەی سوود وەرگرتنی ئەو حیزبانە لە خاکی سوریا، لەو باسانە دەردەکەوێ کە لەسەرەوە لە مەڕ ئەم حیزبانەوە کردوومانن، بۆ نموونە بڕوانە باسی خۆیبوون، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان کە باشترین وێنەن.

ساڵی ١٩٥٧، بە هەرحاڵ، "لق"ێکی حیزبی دیموکراتی کورد لە سوریا دامەزرا، واتە (١٠) ساڵ بەر لە دایکبوونی کۆرپەیەک بەهەمان ناو لە تورکیا، داخوازی حیزبەکە لە دەورووبەری

حوكمێكی ئۆتۆنۆمی بۆ كوردەكان لە چوارچێوەی سوریادا دەگەڕا، ساڵی ١٩٥٩ و لە سەردەمی حوكمی لیوا (عبدالحمید سراج) لە سوریا لە چوارچێوەی یەكگرتنە كورتەكەی سوریا و میسر، حیزبەكە بە نایاسایی دانرا و سەركردە و ئەندامەكانی لە زیندان توند كران.

جگە لەم حیزبە، هیچ حیزبێكی تری كورد ناسنامە، كە شایانی باسبێ، لە سوریا دانەنراوە[14].

بۆ سەرچاوە و زانیاری بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** Very valuable primary sources are the detailed tape interviews with many Kurdish leaders and political figures on deposit in the Oral History Archives at the Kurdish Library in Brooklyn, New York. An excellent reference book on the Kurdish political and semi-political organizations in Kurdistan and diaspora is Robin Schneider, ed., *Kurden im Exil: Ein Handbuch kurdischer Kultur, Politik und Wissenschaft* (Berlin: Berliner Institut für Vergleichende Sozialforschung, dem Haus der Kulturen der Welt und medico international, 1991), section 3; Gerard Challiand, ed., *People Without a Country* (London: Zed, 1980); *Echo of Iran* (Teheran: Echo of Iran Press, various issues, especially the annual almanacs); Great Britain, Office of the Civil Commissioner, *Personalities in Kurdistan* (Baghdad, 1919), and also *Personalities* for *Mosul, Arbil, Kirkuk*, and *Sulaimaniyyah* (Baghdad, 1922-23); Ferdinand Hennerbichler, "Iran's Kurdish Rebellion and its Leaders," *Swiss Review of World Affairs* 29 (March 1980); UK, Foreign and Commonwealth Office, "The Kurdish Problem," Background Brief, (London, July 1986); Chris Kutschera, *Le mouvement national kurde* (Paris: Flammarion, 1979); Chris Kutschera, "Le Mouvement National Kurde," *Military Review* 6-6 (1981); Christiane More, *Le Kurdes d'aujourdhui: Mouvement national et partis politiques* (Paris: Editions l'Harmattan, 1984); Martin van Bruinessen, "The Kurds between Iran and Iraq," *Middle East Report* (July-August 1986); Martin van Bruinessen, "Between Guerrilla War and Political Murder: The Workers' Party of Kurdistan [PKK]," *Middle East Report* (July-August 1988); Martin van Bruinessen, "The Kurds in Turkey," *MERIP Reports* 16.141 (1986); Marvin Zonis, *The Political Elite of Iran* (Princeton: Princeton University Press, 1971); Ismet Vanly, *The Kurdish Problem in Syria* (Chicago: Committee for the Defence of the Kurdish People's Rights, 1968).

**General Bibliography**

Of the two works of special value one is regrettably as yet unpublished, the doctoral dissertation of Wadie Jwaideh, "The Kurdish Nationalist Movement: Its Origins and Development" (Syracuse, 1960). The other is Martin van Bruinessen, *Agha Shaikh and State: On the Social and Political Organization of Kurdistan* (Rijswijk: Europrint, 1978). Of a more specific nature are William Eagleton, *The Kurdish Republic of 1946* (New York, 1963), which is a valuable case-study of the Kurdish political process as it took place during the course of World War II at Mahâbâd; Edith Lytle, *A Bibliography of the Kurds, Kurdistan and the Kurdish Question*. (Monticello, Illinois, Council of Planning Librarians, No. 1301, 1977); *Kurdish Times*, semi-annual journal of the Kurdish Library, Brooklyn, New York, 1985-present; *Studia Kurdica*, semi-annual publication of the Centre de Recherches de l'Institut Kurde, Paris, 1984-present (text appears in English, French, and the primary Middle Eastern languages).

[14] زۆربەی ئەو بیرو بۆچوونانەی دوكتۆر مێهرداد كە لە بارەی كەلتووری سیاسی و ڕابەریەتی و حیزبە سیاسییەكانی كوردستانەوە هاتوون بیرو ڕای خۆیین، بە تێگەیشتنی ئێمە - هەروەكو لە شوێنی تریشدا ئاماژەمان بۆ كردووە ئەم بابەتە پێویستی بە وردبوونەوەی قووڵتر و لێكدانەوەی بابەتیانەو لەسەرخۆ و حیسابكاری زۆر هێمنانە هەیە بە تایبەتی ئەگەر گۆڕانكاری و ڕووداوەكانی ئەم دوادواییانە بكەینە تەرازووی كێشان. بۆیە هەر تۆمەتبار كردن و گوناه خستنە پاڵێك دەبێ دیسانەوە بە پێوەدانگی واقیع و بارو دۆخ و هۆكاری بابەتەكی تەتەڵەو گێژە بكرێ و سەر لەنوێ بنرخێنرێتەوە. من لێرەدا مەبەستم پەرلاندنەوە یان تۆمەتباركردنی كەس نییە بەڵام زۆر ڕووداوی مێژوویی لە كاتی ڕوودانیدا دەكەونە ناو تەم و مژوو گێژاوی لێكدانەوەی ناو گۆڕنگی لێقەومانەوە كەچی دوای تێپەڕبوونی زەمان و لاچوونی تەپ و تۆزی ڕۆژگار ڕۆژ دەبێ بە سپی و سپی دەبێ بە ڕەش – وەرگێڕ.

# فەسڵی نۆیەم

## ئابووری/ سەرچاوە سروشتییەکان

### نەوت

کوردستان خاوەنی گەورەترین گەنجینەی ژێر زەمیینیی نەوتە نەك هەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڵکو لە هەموو جیهاندا. ئەو نەوتەی لە کوردستاندا هەیە و دەستی خراوەتە سەر لە تەواوی نەوتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەلێ فرەترە. بەمە کوردستان بووە بە خاوەنی شەشەمین پلە لە جیهاندا بە گەنجینەیەکی دەوروبەری (٤٥) بلیۆن بەرمیلیەوە، ئەم گەنجینەیە لەژێر تلیماسکە زەویەکی تەسکدایە کە بە داوێنی نێوان چیا بڵندەکان وزورگەکاندا لەوپەڕی کوردستانی باشوورەوە تا ئەوپەڕی کوردستانی ڕۆژئاوا نزیك دەریای سپی ناوەڕاست دەکشێ(بڕوانە نەخشەی ژمارە ٤١).

لە باشوور، نەوتەڵانی نەفشتا. نەفتخانە – بەم دیوەو دیوی سنووری عێراق – ئێراندا هەیە. لە نزیکی قەسر شیرین (کرماشان) پاڵاوتگەیەك بۆ پاڵاوتنی نەوتی ئەوێ دروستکراوە (پاش شۆڕشی ئیسلامی ناوی نرا نەفت شەهر) ئەم نەوتەڵانە دەوری پەنجا ساڵێکە نەوتی لێ دەردێنرێ و ئێستا خەریکە وشك دەبێ پەرەسەندنی توانای پاڵاوتن لە پاڵاوگەکانی کرماشان و خانەقین وایکردوە لە نەوتەڵانی ترەوە نەوتی بۆ پاڵاوتن بۆ بهێنرێ، ئێستا ڕایەڵەیەکی بۆرییە نەوت پاڵاوگەی کرماشان بە بۆری نەوتی هەمەدان و ڕایەڵەی سەرەکیی نەوتی گشتی ئێرانەوە دەبەستێ بێجگە لەوە پاڵاوگەی خانەقینیش نەوتی خاوی بە بۆری لە کەرکووکەوە بۆ دەچێ. لە کاتێکدا نەوتی نەوتەڵانی نەفتشا – نەفتخانە – خەریکی – وشکبوونە، گەورەکازی سرووشتی دەوڵەمەندی تەنگەی بیجاڕ کە لە خوارەوەی نەفشتاوە بەرەو باژاڕی سۆمار دەچێ، هێشتا کەڵکی لێدەرهێنانیان هەر هەیە.

هێشتا بەرەو خوارتر، نەوتەڵانی پڕ نەوتی پەهلە - دەلوڕان (كە تەنها بەشێكی لێدەكەوێتە هەرێمی كوردنشین) بۆڕی بەرەو بەندەری ئەهوازی سەر كەنداوی فارس لێوە كێشراوە.

وەكو تایبەتمەندیەك، نەوتەڵانە هەرە پڕ نەوتەكانی كورد كەوتوونەتە كوردستانی ناوەڕاستەوە.



لە کەرکووک، ئەو نەوتەی لەژێر خاکەکەیدان بە ئاوایەکی سرووشتی لە ڕووی زەویـەوە بڵـق دەدا لەدێر زەمانەوە، وەکو سەرچاوەی قیرو ڕۆنەچرا خزمـەتی شارستانیەکانی کـردوە، ئـاگر سرووشتییەکانی ئەویٚ کە هەورە بروسکە بە گڕی هێنـاون، لای گـەلیٚ ئـایینی خۆنەتـەوە، بـە تایبەتی زەردەشتی، بە پیرۆز دانراون. نەوتـەلانی کـەرکووک بـوو کـە بـوو بـە مایـەی لکانـدنی کوردستانی ناوەڕاست بەو دەوڵەتەوە کە لەژێر خاوەندارێتی بریتانیـادا دامـەزرا (نـاش ١٩٦٧). وانەبوایـە، ویلایـەتی مووسـڵ کـە ئەوسـا بـە کوردسـتانی ناوەڕاسـت دەناسـرا، بـەر تورکیـای کەمالیست دەکەوت (بڕوانە بابەتی ڕەتاندن و نیشتەجیٚ کردنی زۆر دارەکی).

سـەرباری هـەموو ئەمانـە، نـەوتی کوردسـتان هێـشتا بـە تـەواوی دەستنیـشان نـەکراوە بـەردەوام نەوتـەلانی نـویٚ دەدۆزرێنـەوە و وەکـاردەخرێن، دیـارترین نموونـە لـەم ڕووەوە نەوتەلانی چیا سورخ و جەمبوورن.

لەلایـەکی دیکـەوە نەوتـەلانیکی تـر ئێـستا لـە مووسـڵەوە تـا نـاو خـاکی سـوریا وا لـە بەرهەمهێناندا. ئەمە هەمان وڵاتە کە کلۆدیۆس تـۆلێمی (Ptolmy) جوگرافیاناسـی دێـرین نـاوی (NIPHATES MONS) چیاکانی نەوتی لێناوە.

نەوتەلانە ڕەنێو هێنراوەکانی دیوی عێراق لە موشۆراب[15]، عێنزالە، بۆتمـە و ساسـان ئێـستا زۆریـەیان خراونەتـە سـەر بـۆڕی و بەسـتراون بـە ڕایەڵـە سـەرەکییەکانی نـەوتی عێراقـەوە، حکوومەتی عێراق ئەمە ساڵەهای ساڵە تۆڕی مەزن مەزنی نەوتی بـەناو خـۆی وڵات و بـە وڵاتـە دراوسـێکاندا کێـشاوە وەکـو ئـەوەی کـە تـا سـەر دەریـای سـوور لـە یـەنبوع بـە سـعودیەدا تێپەڕدەبیٚ، یان ئەوەی بەندەری بەکر و خۆری عومەییە لە عێراق خۆی، یان تەرتورسـی سـەر دەریای سپی ناوەڕاست لە سوریا و دوێرت یمۆل یومورتە لێك لە تورکیـا، ئەمـەیان لـە دەهـەی ڕابردوودا سەلماندی کە لە گشت هێڵەکانی تر جێگای متمانە و پشت پیٚبەستنە، چونکە پـاش وێرانبـوونی دامودەزگـا نەوتیـەکانی سـەر کەنـداوی فـارس لـە سـاڵی ١٩٨٠، (٦٠–٩٠٪)ی سەرجەمی نێردەی نەوتی عێراق لەم بۆڕیانەوە نێردرایە دەرەوە.

---

15 دەبیٚ موشراق بێت – وەرگێر.

پاش كردنەوەی هێلی یەنبوع لە ساڵی (١٩٨٦)دا ئەم ڕێژەیە تا ساڵی ١٩٩١ لە (٦٠٪)دا مایەوە، هەرچەندە هەموو نەوتی عێراق وەستێنرا، ئەوەبوو لە كۆتایی هەشتاكاندا هێڵەكانی توركیا كران بە جووت لوولە و تا دەریای ناوەڕاست نەوتیان برد.

نەوتەڵانی كەركوك، بە دۆزینەوەی نەوتەڵانە مەزنەكانی باشووری عێراق ئیتر ئەو گرنگییە ژیانیییەی جارانی بۆ ئابووری عێراق نەما، پێشتر نزیكەی سەرتاپای نەوتی عێراق لە كوردستانەوە دادەڕژا، ئێستا ئەو ڕێژەیە لە سێیەكی نەوتی هەموو وڵاتەكەدا وەستاوە. نەوتەڵانەكانی كوردستان ئێستاكە (٣٦) بلیۆن بەرمیلیان لە (٩٠) بلیۆن بەرمیلی دۆزراوەی گشت عێراق وەكو زەخیرە تێداماوە. خوا و ڕاستان لەوانەیە ئەمە ببێتە هۆی شلبوونی هەڵویست و چنگی بە توندی حكوومەتەكانی عێراق لەسەر بەشداربوونی كوردو ئەو حكوومەتە هەرێمییە ئۆتۆنۆمانەی ناو بەناو لە كوردستانی ناوەڕاستدا پەیدا دەبن لە سوود وەرگرتن لەو سامانە نەوتیانە.

هەر ئەمە خۆی نیشانەی داهاتنی ئەو سەردەمەشە كە تێیدا كورد كەمتر كارتی كاریگەری بۆ ساتوسەودای ئابووری و سیاسی لەگەڵ بەغدادا لە دەستدابێ. هەمان پێكهاتەی جیۆلۆجی نەوتەڵانە كوردیەكانی باكووری مووسڵ، سنووری سووریا دەبڕن و بە هەرێمی جەزیرەدا تێدەپەڕن، ئەوەتا وا ئێستاكە نەوتەڵانەكانی ئەلیان، ڕۆمەلان، سوادیە و قەرەچووخ لەگەڵ نەوتەڵانەكانی جوبەیبە و جبیسە لەناوچەی سەجەر بەرەو خوار نەوتیان لێ دەردەهێنرێ بەرهەمی ئەم نەوتەڵانانە تاكە، سەرچاوەی شایانی باسی سووریایە و بە تۆڕە لوولەیەكی جەمسەر كراوەوە تا ناوەڕاستی وڵاتەكە براوە.

هەرچی توركیایە، كەمێكی زۆركەمی نەوتی تێدایە، بەڵام ئەوەش هەر لە سەرزەمینی كورداندایە.

چەورترینیان لەناوچەی باتمانی ڕۆژەڵاتی توركیایە، لەوێ، لە چیاكانی دەوری باتمان چەند كێڵگەیەكیان لێ خراوەتە گەڕ و بە هۆی هێڵە لوولەیەكەوە نەوتەكە دەبرێنە پاڵاوگەی باتمان. نەوتەڵانەكانی باكووری دیاربەكریش هەر بەرەو ئەو پاڵاوگەیە دادەدۆشرێن.

دوورتر، لە ڕۆژاوا لە ئادیەمان دوو نەوتەلانی سەرەکی لە گەردان بە بۆری بە نەوتەلان و دەزگاکانی سەرەوە بەرەو باشووری ڕۆژئاوا، دەبرێنە بەندەری دورت یۆل لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست.

هەرچەندە ئەو نەوتە لەناوچە کوردنشینەکانی تورکیا دەدۆشرێ تا ئێستا پێداویستییەکانی بازاڕی ناوخۆ دابین ناکات، بەڵام لێکۆڵینەوە و کەندەکاری جیۆلۆجی بۆ دوارۆژ هیوا بەخشن.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: *The International Petroleum Encyclopedia, 1979*; Christopher Ryan, *A Guide to the Known Minerals of Turkey* (Ankara: Mineral Research and Exploration Institute of Turkey, 1960); I. Altin et al., *Ölçekli Türkiye Jeoloji Haritasi* ("Explanatory Text of the Geological Maps of Turkey"), sheets published loose at 1:500,000 scale for each Turkish province, accompanied by explanatory texts (Ankara: Mineral Research and Exploration Institute of Turkey, 1960-70); *Middle East Area: Oil Fields and Facilities* (Washington: U.S. Central Intelligence Agency, 1980), a sheet map at 1:4,500,000; Theodore Nash, "The Effect of International Oil Interests upon the Fate of Autonomous Kurdish Territory: A Perspective on the Conference at Sèvres, August 10, 1920," *International Problems* 15, 1-2 (1976).

# کانزاکانی دیکە

هەر لە کۆنەوە چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆس لای پێشینان بە سەرچاوەی گەلێك خاوی کانزا بەناوبانگن، لەوانە مس، کرۆم، ئاسن. دەوری هەشت هەزار ساڵێك لەمەوبەر لە (چای ئۆێنوی) نزیکی دیاربەکر لە کوردستانی ڕۆژاوا کۆنترین شێوەی تەکنۆلۆجیای فلزسازیی دەسکردی مرۆڤ، کە مرۆڤی لە چاخی بەردینەوە بۆ چاخە شۆڕشوارە کانزاییەکان گواستەوە (چەنی مس، برونز ئینجا ئاسن) پەردەی لەسەرهەڵماڵرا (بڕوانە پێشکەوتنی تەکنولۆژی پێش مێژوو و سەردەمەکانی کۆن) کاری سەردەمانەی دەرکردنی بەرهەمی کانەکان لە کانگە کۆنەکان هێشتا هەر بەردەوامە. ساڵی ١٩٧٠، (٢٪)ی مسی هەموو جیهان و (٨٪)ی کرۆم بەو شێوەیە دەرکراوە، لەسەردەمانی زوودا، بڕێکی زۆری زیوو و کەمێك زێڕیش لەلایەن دانیشتوانی دەوروبەری زاگرۆسەوە هەڵدەهێنجرا، بەڵام ئێستا ئەم دوو بابەتە هەردووکیان وەکو بەرهەمێکی لاوەکی پاڵاوتنی مسی خاو لە کوردستانی ڕۆژاوا وەچنگ دێن.

ناوچەی ئادیەمان مەلاتیٚ لە کوردستانی ڕۆژاوا پڕە لە ئاسنی خاو و دەوری بیست ساڵێکە، بە ڕێژەیەکی زۆر چاك لە چاو وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا، بەرهەم دێنریٚ.

گەورەترین خەزێنەی گۆگردی بەردنی گشت جیهان کە کەوتۆتە باشووری ڕۆژاوای هەولێرەوە لەم دواییەدا لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە لە شەرگات هێنرایە بەرهەم، پێشتر برێکی بەرچاوی گۆگرد لە کوردستانی ناوەڕاست لە کەرکووك و خانەقین و کرماشان وەکو بەرهەمێکی لاوەکی دەرکراوە.

گۆگرد سەرچاوەیەکی سەرەکیی پەینی کیمیاوی و مێروکوژە بەڵام، لە هەمان کاتدا وەکو پێکهێنەرێکی باڕووت و گازی ژەهراوی بۆ مەبەستی کارووباری سوپاش بە کاردیٚ. بابەتی وردبوونەوەیە، کەوا ئەو ماددە خاوەی کە سوپای عێراق لە شێوەی چەکی کیمیاوییدا دایباراندە سەر کۆمەڵانی خەڵکی کورد لەوانەیە بەشێکی لە خودی ئەم زەوییەوە دەرهێنرابیٚ (بڕوانە مێژووی کۆن).

بەهۆی جیاوازیی پێکهاتەکانی زەوییەوە گەلێك جۆرە بەردی ئاگرین و سواو و تازە پێکهاتوو کە بۆ دروستکردنی خانوو بەرە بە کاردێن، لەوانە بەردی نەخشین و تراڤێرتاین، بەردی مەرمەڕ و دێورایت (هەسانە بەرد) و هەروەها بەردی بۆرەك و گرانیت بۆ دروستکردنی چیمەنتۆ، بە زۆری لە وڵاتەکە هەن.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: C. Ryan, *A Guide to the Known Minerals of Turkey* (Ankara: Mineral Research and Exploration Institute of Turkey, 1960); I. Altin et al., *Ölçekli Türkiye Ceoloji Haritasi* ("Explanatory Text of the Geological Maps of Turkey"), sheets published loose at 1:500,000 scale for each Turkish province, accompanied by explanatory texts (Ankara: Mineral Research and Exploration Institute of Turkey, 1960-70); O. Kühn, et al, "Oberkreide aus Kurdistan," *Neues Jahrbuch für Mineralogie, Geologie und Paläontologie Beilagebände* 83 (1940).

## ئاو

لە کاتێکدا دەورویەر بە دەستی بیٚ ئاویەوە دەناڵێنیٚ، کوردستان وڵاتێکی ئاودارو باراناویە. کەشی بارانی بەخوڕ کوردستانی کردۆتە یەکێك لە شوێنە پڕ بارانە کەمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، ڕووبارەکانی دیجلە، فورات، خابوور، ئەرئار، جەیحان، ئاراس، کوڕا، سفیدروود، کەرخە و لقە سەرەکییەکانیان لە کێوەکانی کوردستانەوە هەڵدەقوڵێن. شتێکی ئاساییە کە هەندیٚ ڕووباری تر، کە کەم یان زۆر، لە خاکی کوردستانەوە هەڵدەقوڵێن، یان پێیدا تێپەڕ دەبن، بایەخێکی مێژووییان بۆ کورد هەبیٚ، لەوانەش ڕووبارەکانی موراد

(ئەرەسان) و بۆتان لە کوردستانی باکوور و ڕۆژاوا (تورکیا)، هەروەو زێی گەورە و بچووک و فیشخابوور و سیروان لە کوردستانی ناوەڕاست (عێراق)، چەغەتوو (زەڕین روود).
تەتەئو (سیمینەروود)، زەهاو و گاماسیاب لە کوردستانی باشوور (ئێران) بڕوانە نەخشەی ژمارە ٤٢.



**خشتبەندی ژمارە ٧**

**ئەو بەنداوانەی ئێستا لەژێر كاردان، یان ئەم دواییيانە تەواو كراون لە كوردستانی ڕۆژاوا و باكوور لە ئەنەدۆڵ.**

| ناوی بەنداو | ڕووبار | ویلایەت | قەبارە (بلیۆن پی٣) | كارەبا میگاوات | ڕووبەریئاودان ئێكر |
|---|---|---|---|---|---|
| دومڵووجە | بوگور | ماردین | ١٢ | —— | ٦٠٠٠ |
| گوێكسوو | گوێكسوو | دیاربەكر | ٥٦ | —— | ٩٠٠٠ |
| مەمزەلەت | جەیحان | قارەمان مەرلش | ٢٥٦ | ١٢٠ | ١١٦٠٠٠ |
| ئەتاتورك | فورات | ئورفە | ٢٥٣٥ | ٢٤٠٠ | ٢١٧٥٠٠٠ |
| حاجی خدر | حاجی خدر | ئورفە | ٤٢ | —— | ٨٥٠٠ |
| كراڵ كزی | دیجلە | دیاربەكر | ٤٤٩ | ٩٠ | نەزانراوە |
| كۆزگون | سەرچەمە | ئەرزرۆم | ٨٢ | ٢٠ | ١٣٠٠٠٠ |
| پولات | پولات | مەلاتیّ | ٦٢ | —— | ٧٠٠٠ |
| ئوێزلووجە | پەریسوویی | ئەلازیگ | ٢٢٨ | ١٦٠ | —— |
| پانتۆس | گێلی | ئاگری | ٨٢ | —— | ١٢٥٠٠ |

**ژمارەكان نزیك خراونەتەوە.**

**سەرچاوە: ئامارنامەی ساڵانەی توركیا/١٩٨٩**

**سامانی ناوچە سەهۆڵبەند و بەفر پۆشەكان لەگەڵ خڵتە جیۆلۆجییە سوود بەخشەكانی زەویەكەدا دەبنە هۆی پەیداكردنی تایبەتمەندییەكی هەمەگیر لە زۆریەی شوێنەكانی كوردستاندا (بێجگە لەناوچەكانی باكوور كە زۆرتر بوركانین).**

**سەراب غەمیار لە كوردستانی باشوور، كە بریتیە لە كانی و كانیاو و سەرچاوەی بە خوڕ و بیّ شومار، بۆ نموونە، لە ناخی زەویەوە هەڵدەقوڵێن و لە چركەیەكدا دەورووبەری (٦٥٠) گاڵۆن دەردەدەن. كە دەبن بە چەمێكی گەورە، زیاتر لە (٤٠٠) میل بەرەو كەنداوی فارس شۆڕ دەبێتەوە و هەر خۆشی سەرچاوەی ئاوی چەمی سەیمەرە دروست دەكا. ئەو هەموو شار و گوندە كوردنشینانەی كە ناویان بە سەراب یان كانی دەست پیّ دەكا، بەڵگەی زیندوون بۆ ئەوەی كە وڵاتەكە پڕە لە كانیاو سەرچەشمە، لە كاتێكدا ڕووبارەكانی كوردستان دەمارە خوێنی ئابووری نەوییاتیەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، كانیاوەكان تاكە سەرچاوەی ئاودێری**

دەسکرد و ئاوی خواردنەوەی دانیشتوان و ئاژەلیشن، کرماشان، کە هەرە شارە گەورەی کوردە ئاوی خواردنەوەی مشت بەمشت لە کانیاوەکانی دەورو پشتەوە بۆ دێ.

رێکخستنەوەی رێچکە و رێرەوی ئاوی رووبارەکان زیاتر لە قازانجی بەکاربەرە نا کوردەکانی زەویە پاینیشینەکاندایە، نەك کوردە چیا و بڵندایی نشینەکان. ئێستا گەلێك پرۆژەی هایدرۆلیك لە ئارادان بۆ گۆرینی رێرەوی رووبارەکانی کوردستان و هەندێکی دیکەش بەرێوەن. گرنگترین ئەمانە لە ناوچەی پەنگخواردنەوەی باراناوی دیجلە و فوراتدان.

لە کوردستانی ناوەراست بەنداوی گەورە لە دەربەندیخان (لەسەر سیروان) و دوکان (لەسەر زێی بچووك) بە جووتە وزەی کارەبا بۆ ناوچەی بەغدای پایتەخت دابین دەکەن. لە کوردستانی باکوور و رۆژاوا لە تورکیا پرۆژە چەند بلیۆن دۆلارییەکەی باشووری رۆژهەلاتی ئەناتۆلیا (GAP) هەردوو رۆخی دیجلە و فورات و لقەکانیان دەگرێتەوە و هەوڵ دەدا ئاو بۆ ئاودانی دەشتە نەوی و بێ ئاوەکان و کارەبای هەرزان بۆ خواردنەوە و پیشەسازی دەستەبەر بکات. ئاو خەریکە دەبێ بە کالایەکی پارە هێن، چونکە نیاز وایە لە رێی ئەو تۆرە لوولەیەوە کە ناوی "تۆرە لوولەی ئاشتی" لێنراوە، ئاو بە بۆرییەکی (١٧٠٠) میلیدا لە تورکیاوە بگەیەنرێتە ولاتە بێ ئاوەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست و بە کوێت و عەرەبستانی سعودی بفرۆشری (گریگۆری ١٩٩١) سەرچاوەی ئاوی ئەم هێڵە لوولەیە سیستەمی رووباری جەیحانە لە ناوەراستی رۆژهەلاتی چیای تۆرۆس، بەلام وا دەردەکەوێ کە دویماکار هەر بازنەی ئاوی فورات دەبێتە سەرچاوەی وەگەرخستنی پرۆژەکە چونکە ئەم رووبارانە یارای ئەوەیان نیە ئاوی بەردەوامی بۆ دابین بکەن.

زۆربەی بەنداوەکانی پرۆژەی (گاپ) بە بەنداوە زلەکەی ئەتاتورکیشەوە لەسەر فورات، تەواو بوونە، (گاپ) سیانزە پرۆژەی سەرەکی ئاودێری و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا دەگرێتەوە (٧ پرۆژە لەسەر بازنەی فورات و ٦ لەسەر دیجلە) پرۆژەکان بە کۆمەڵ زیاتر لە (٤) بلیۆن ئێکەر (٦،٤ بلیۆن دۆنم) زەوی ئاو دەدەن و(٢٤) میگاوات/ سەعات کارەبا لە ساڵێکدا بەرهەم دێنن. ئەو راستییەی کە دەوڵەت لە چل ساڵی پێش پەیدابوونی گاپدا تەنها (١،٤) بلیۆن ئێکەر زەوی لە رێی ئاودێریی دەسکردەوە ئاو داوەو تەنها (٣٤) میگاوات/ سەعات کارەبای تا ساڵی ١٩٨٥ بەرهەم هێناوە، تیشکی زۆر دەخاتە سەر گرنگیی پرۆژەکە.

پڕ بوونی ستێڵی بەنداوی ئەتاتورك لە ساڵی (١٩٩٠)دا كە لە ئاوی ساڵێكی فورات و بگرە لە هی نیلیش زیاتر دەگرێ، گرنگی ئاوەكانی كوردستان بۆ دەشتەكانی خواروو دەردەخا (خشتەی ژمارە ٧).

توركیا بۆ نزیكەی دوو مانگ ئاوی فوراتی لە سوریا و عێراق بڕی كە گرنگییەكی ئابووری نەتەوەیی ژیانیی بۆ سوریا و عێراق هەیە.

جموجوڵی بە دەسوبردی هێزە چەكدارەكانی سوریا (ئابی ١٩٨٩) و هەڕەشە و خۆ لێك گیڤكردنەوەی ئەنقەرە و دیمەشق و بەغدا زۆر بەڕوونی ئەوەی نیشاندا كە ئاو لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا چ گرنگییەكی ستراتیژیی هەیە بە تایبەتی لە كوردستاندا كە یەكێكە لە سەرچاوە هەرە گرنگەكانی ئاو.

لەبەر دەوڵەمەندیی لە ڕادەبەدەری ئاركیۆلۆژی خاكی كوردستان، لەوانەیە دروستكردنی هەر بەنداوێك لە كوردستاندا بەشێكی مێژووی كوردنقوم بكات، گرانترین زیان لەم بوارەدا نقومبوونی سەرتاپای تاری مێژوویی سامان بوو (سامۆ سامای دێرین). لەژێر بەنداوی ئەتاتوركدا. لە هەندێ جێ نەبێ وەكو شوێنی بەنداوی كیپان كە كەوتۆتە ناوچەی یەكاو بوونی هەردوو ڕووباری مورات و فورات لە باكووری كوردستانی ڕۆژاوا، هیچ كەندەكارییەكی ئەوتۆی پێش نقوم بوون ئەنجام نەدراوە. بە ساكاری دەتوانرێ ئەندازەی ئەو زیانە بخەملێنرێ كە بەر پاشماوە دێرینەكان كەوتوون بۆ نموونە لە شوێنی وەكو بەنداوی دەربەندیخانی تەك هەڵەبجە كە لە هەر میلێكی دووجادا چەندین گرد و تەپۆلكەی دێرینی تێدایە. بەم جۆرە سامانی بەرپلاوی ئاركیۆلۆژی بە ژێر ئاوكەوتن و تا هەتایە فەوتان و ئاسەواری ئەو گوندە چیایی یانەی كە یانزە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا شارستانێتیان تێدا دامەزرا، لە دەست چوون و ڕووخساریان نقوم بوو.

هەندێ دەریاچەی سرووشتی گەورە و بچووك، كە هەریەكە بۆ خۆی مەڵبەندێكی بە نرخی گەشتوگوزارە بۆ كوردستان، ڕووپێوی وڵاتەكەیان لێرە و لەوێ نەخشاندوە. لەوانە، دەریاچەی زرێبار لە نزیك مەریوان (كوردستانی ڕۆژهەلات) كە بە چیای لێرەوار پۆش و كەناری دڵگیردەورە دراوە، یان دەریاچەی وان (كوردستانی باكوور) كە لە ڕووی قەوارەوە چوارەمین دەریاچەی جوان و گەورەی گەشت جیهانە و دەورووبەری پڕ لە پەیكەر و ئاسەواری

ئارکیۆلۆژی بیناسازیە و بۆسەنعەتی توریستی مەڵبەندێکی تا بڵێی بەنرخە. هەر لەم بوارەدا و پانزە میل بەلای ڕۆژاوای کەنارەکانی دەریاچەی ولنەوە، دەریاچەی نەمرود لە شێوەی دەمە داسێکدا بە دامینی چیای نەمرۆدەوە ئالاوە (ئەم دەریا چەیە لە نەخشە تورکیەکاندا ناونراوە Nimrut Dagh و جیایە لە شوێنەواری Nimrut Dagh ی سەروو ئادیەمان لە کوردستانی ڕۆژاوا).

دەریاچەی نەمرود چالاییەکی بورکانییە بە تیرەی هەشت میل و چەندین ڕکەی تاقوولی نیومیل بڵند دەورەیان داوە، ئەم دەریاچەیە لە شوێنە سرووشتی بەهەرە دڵرفێنەکانی کوردستانە.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بروانە:—

**Further Readings and Bibliography**: *Doomed by the Dam: A Survey of the Monuments Threatened by the Creation of the Keban Dam Flood Area*, Faculty of Architecture, Publ. No. 9 (Ankara: Middle East Technical University, 1967); Robert Whallon, *An Archaeological Survey of the Keban Reservoir Area of East-Central Turkey*, Memoirs of the Museum of Anthropology, No. 11 (Ann Arbor: University of Michigan Press, 1979); Daniel Stoll and Joyce Starr, eds., *The Politics of Scarcity: Water in the Middle East* (Boulder: Westview, 1988); Joyce Starr and Daniel Stoll, *U.S. Foreign Policy on Water Resources in the Middle East* (Washington: The Center for Strategic and International Studies, 1987); John Kolars and H. Mitchell, *The Euphrates River* (Carbondale: University of Illinois Press, 1990); Thomas Naff and Ruth Matson, eds., *Water in the Middle East: Conflict or Cooperation?* (Boulder: Westview, 1984); Thomas Naff, "Water: An Emerging Issue in the Middle East?" The Annals of the American Academy of Political Scientists (November 1985); "Middle East: Water Issues in the 1990's," testimonies submitted to the U.S. House [of Congress] Subcommittee on Europe and the Middle East, Washington, June 26, 1990; Joseph R. Gregory, "Liquid Asset," *World Monitor* 28 (November 1991); Joyce Starr, "Water Wars," *Foreign Policy* 82 (Spring 1991). Angus Hindley, "Battle Lines Drawn for Euphrates," *Middle East Economic Development* (October 13, 1989).

# کشتوکاڵ

سامانی پڕ بەرەکەتی چەراگاکانی کوردستان زۆر لەمێژە دروستبوونی ئابووریەکی ئاژەڵداریی پەخساندوە. لە هەمان کاتدا لە زۆر شوێندا ئەو لەوەڕگایانە بەهەمان ئەندازە بە کەڵکی کشتوکاڵی چڕیش دێن. لەوەڕگاکان، بەقەی دارستانەکان تووشی وێرانکاری نەهاتوون، بۆیە وەکو خۆیان بە جوانی ماونەتەوە و بەردەوام وەک سەرچاوەیەکی باشی لەوەڕی ئاژەڵ سوودیان لێ وەرگیراوە (بڕوانە شینایی و زیندەوەر). لەوەڕگا دەوڵەمەندەکان هەمیشە پیشانی دەدەن کە لە هەموو چاخەکانی مێژوودا ئاژەڵداری کۆچەر ئەم ژینگەیە گونجاوە ئابوورییە بەکارهێناوە، بەبێ ڕەچاوگرتنی چەندێتی زاڵبوونی کەرتی کشتوکاڵ.

ئەگەرچی بەشێکی زۆری لەوەڕگاکان بە کەڵکی کشتوکاڵ دێن، بەڵام سوود لە گشتیان وەرنەگیراوە، بە تایبەتی ئەوانەی دەکەونە بڵندایی یان لێژایی سەخت یان بانە دوور دەستەکانەوە. لە زۆر شوێندا هەندێ فاکتەری جۆراوجۆر بوونەتە هۆی تەگەرەدان لە گۆڕانی لەوەڕگا بۆ زەوی کشتوکاڵی، لەوانە فاکتەرەکانی سەختیی شوێن (هەر لەسەرینی ئەوەشەوە، کورت بوونی وەرزی گەشەکردن)، نەبوونی سەرچاوەی ئاسانی ئاو، تایبەتیە نالەباری هی تر، و خاك. تەنانەت پلیکانەبەندی زەویە لێژەکان کە لە هەشت هەزار ساڵ پێش میلادەوە بەکاردێن، ئێستا لەبەر گرتینی توێژی ئەستووری خاك و خۆڵ کەم بۆتەوە.

ئەو لەوەڕگایانە ئەگەر لەلایەن پەزدارە کۆنەکانەوە یان بەهۆی وەرزێڕە تازە نیشتەجێبوەکانەوە بەکار نەهاتبانایە، ئێستا ئەشتە بایان لێ بەرهەم نەدەهات. ئێستاش هەندێ کورد هەن کە بە پەزلەوەڕاندن دەژین و بەوە سوود لە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی سرووشتی وەردەگرن (بڕوانە ئابووری کۆچەری).

مەودای ئەو پەزلەوەڕێنییە وەرزییە لە ڕاستیدا، زۆر بە کورتی دەمێننەوە، ناچار مێگەلی مەڕ و ماڵات لە بنەگەی ماڵ دوور دەکەنەوە و ئەو سوودەی جارانیان لێ نایەتە دەست. کۆچەری جاران ئەم هەموو کەند و کۆسپەی لە بەردا نەبوو.

لەلایەکی ترەوە دۆڵ و تەختاییە بەرین و بە پیتەکانی دوتوێی چیاکان مەودایەکی بەربڵاو بۆ کشتوکاڵ دەڕەخسێنن. سەرەڕای سرووشتی کوێستانیی، کوردستان لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆرتر زەوی شیاوی چاندنی هەیە (٢٨٪ی هەموو ڕووبەرەکە). شیو و دۆڵە بەرینەکانی دەوری ڕووبارەکان چەندین کێڵگەی بە پیت و بەرەکەتیان پێکهێناوە کە تەنها ناوچە شاخاویەکانی ناوەڕاست ناگرێتەوە. ئەمە ڕەنگە زۆر بەچاکی ئەو ڕاستییە ڕوون کاتەوە کە کشتوکاڵ لە پێشی پێشدا لە کوردستاندا داهاتووە و هەر کوردستان خۆشی وڵاتی هەموو جۆرە دانەوێڵەی سەرەکی ژیانی ماڵات بووە، بەناو هێنانی ڕەشەوڵاخ و چاندنی برنج لەم بۆچوونە بە دەرن (بڕوانە فەسڵی ٣ – گەشەی تەکنۆلۆژی...) لەوساوە تا ئێستا ئابووری وڵاتەکە، کەم و زۆر، بە بەردەوامی بنەمایەکی کشتوکاڵی هەبووە.

لە دێرزەمانەوە چەند جۆر دانەوێڵە و شینایی لە کوردستان ڕەنێو هاتوون، هەرچەندە گەنم و جۆ لە هەموویان کۆنترن و چاندنی برنج لەم دواییانە بایەخی وەرگرتووە و خەریکە لای چینی ناوەڕاستی کورد جێی نان دەگرێتەوە و دەبێ بە خۆراکی سەرەکیی.

بەرهەمی بەسوودی وەکو توتن، چەوەندەری شەکر و لۆکە رۆڵێکی زیندوو لە ئابووری وڵاتەکەدا دەگێڕن. توتنی کوردستان جۆرێکی باشە، هەروەها توتنی سبیل و تەماکۆش کە لە وڵاتانی دەورووبەریشدا کڕیاریان هەیە و بەبرەون.

زەوی بە پیتی دەشتەکان کە زۆرتر بەر بەرۆژن، لە پاڵ درێژی وەرزی نمادا، و لەپاڵ دارمانی بەردەوامی خاکی چیاکان بە ئاوی باران بەرەو هەڵەت و پێدەشتەکان، کارێکی وایان کردوە کە لۆکە ببێ بە بابەتێکی پڕ سوودو ویسترا و لای وەرزێڕەکان.

لە کوردستانی رۆژئاوادا (لە تورکیا) بەشێکی زۆری ئەو زەویانەی بەهۆی پڕۆژەی (گاپ)ەوە دەبووژێنەوە (بڕوانە سەرچاوەی سروشتی ئاو) بە تایبەتی لە ناوەڕاستی بازنەی فوراتدا (ناوچەی بەنداوی ئەتاتورک) بۆ چاندنی لۆکە تەرخانکراون، لەگەڵ پەرەسەندنی ئاستی بەرهەمی لۆکە لە کوردستانی سوریا و عێراقدا وا چاوەڕوان دەکرێ ئەم بەرهەمە لە ساڵانی داهاتوودا دەورێکی گەورەتر لە ئابووری کورددا بگێرێ.

لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە چەوەندەری شەکر بە بەریڵاوی هێنراوەتە ناو کوردستانەوە و ئەمە وای کردوە کەم و زۆر کارگەی پاڵاوتنی شەکریش لێرە و لەوێ، چ بچووک چ گەورە، بکرێتەوە.

ئەم پاڵاوگانە، شەکریان دەگاتە بازاڕە ناوچەیی و دەوڵەتیەکانیشەوە (بڕوانە پیشەسازی).

زەیتوون سەرچاوەیەکی تری دەرامەدە بۆ وڵاتەکە و بە زۆری لە کوردستانی رۆژئاوا بەلای دەریای ناوەڕاستەوە لە برەودایە لەبەر ئەوەی چەوریی پێویست بۆ خواردەمەنی بەشێوەیەکی دێرین هەر لە سپیایەتییەوە هاتووە، زەیتوون هێشتا هەر بۆ مەبەستی لاوەکی بەکاردێ نەک بۆ خۆراک.

بەرهەمی سەرەکیی تر هەن کە تارادەیەک تازە هاتوونەتە کوردستانەوە و بەرەبەرە خەریکن دەکەونە ناوان. لەوانە گەنمەشامی، لۆبیای سۆیا، گوڵەبەرۆژە، کە ئێستاکە لای دانیشتوان بوونەتە بابەتی بەرهەم و بەکارهێنان، لەمانە رۆنی رووەک دەردەکرێ و دەخرێتە بازاڕەوە لەپاڵ ئەمەشدا وا خەریکن بۆ خۆراکی پەلەوەر بە بەریڵاوی بەکاردێن و بازاڕیشیان بە پەلە دەتەنێتەوە.

پەتاتە کە رۆڵەی خاکی بێ هێز و بەستەڵەکە، بە فراوانی لەناو خەڵکدا بۆتە بابەتی خواردەمەنی جۆراوجۆر، لە لێوارەکانی زاگرۆس- تۆرۆسیش داری میوەی جۆراوجۆر و بابەتە

جیاجیاكانی خێزانی بادەم و گوێزیش بەشێوەیەكی سروشتی دەڕوێن (بڕوانە گژوگیا و گیانەوەر).

پستەجاتی وەكو فستق، بادەم، فندق و بەڕوو، لە زۆر شوێندا بەشێوەی درەختی خۆڕسك هەن. بەڵام لەو شوێنانەدا كە دەستنێژ كراون، بەرهەمی باشتر دەدەن، چونكە درەختەكان لە ژینگەی لە باری خۆیاندا چاكتر نەشونما دەكەن.

ڕەنگە وردە میوەی خۆرسك بە تایبەتی تووە سپیكە و توە ڕەشە، لە گشت گوندەكاندا هەبن، بەڵام بەرهەمیان هێشتا نەچۆتە بازاڕەوە. توو لە هەندێ جێ، تا ڕادەیەك تووتركیش، بە وشككراوەیی بە درێژەی ساڵ بۆ خواردن بەكاردێ.

بە گشتی پانشاییيەكی زۆری زەوی بۆ میوە تەرخانكراوە لە وڵاتەكەدا، ڕەزە خۆڕسكە كێویەكانیش سەرچاوەیەكی تری میوەن بۆ دانیشتوان. میوە، بە تایبەتی بە وشككراوی، سەرچاوەیەكی سەرەكیی خواردنی كوردانە.

ئەو بەڵگانەی لە پاشماوە و ئاسەواری ۲۸۰۰ ساڵەی گوندی حەسەنلو لە كوردستانی ڕۆژاوا دەسكەوتوون، بە باشی دەری دەخەن، كە میوەجات بەگشتی و میوەی ناوكدار (nuts) بە تایبەتی، چەند لە خۆراكی دێرینی كورددا گرنگ بوونە، لەو شوێنەوارە كۆنەدا، بەڵگەی تەواو لەسەر بوونی بەهیّ (جۆری سیدۆنا، ئۆبلۆنگا)، چەند جۆری هەرمێ (پایرۆس كۆمۆنیس)، سێو (پایرۆس مالۆس) و زەردەلو و بادەم (چەشنی پرۆنەسی)، هەن (هاریس ۱۹۸۹).

میوەی وشك كاڵایەكی زۆر بە قازانجە و تا ڕادەیەك لە لۆكە و تووتنیش پڕداهاتترە بۆ نموونە، لە ساڵی ۱۹۸۱دا كوردستانی ئێران بایی نزیكەی ۲۲۱ ملیۆن دۆلار زێدەبایی لە بەرهەمی وشك و تەڕ بوە. دانەوێڵە لە پلەی دووەمدا هاتووە (ئاماری ساڵی ۱۹۸٦ی ئێران). بازاڕی نێونەتەوەیی پەرەسەندووی میوەی تەڕو وشك لە بازاڕی ناوخۆیی ئەم كاڵایە بە برەوتر بوە و كردوویەتی بە پیشەسازیەكی ڕاستەقینەی سەربەخۆ، بەرهەمەكانی ئەم پیشەسازیە كە ئێستا بە شێوەی میكانیزە پوختە و دەستەبەندی دەكرێن، بەپێی پێوانگی نێونەتەوەیی مژدەدەری دەورێكی بە گوڕتری میوەی وشكن لە ئابووری ناوخۆییدا.

دۆمەڵان كە بەشێوەیەكی فراوان وەكو ڕوەكێكی خۆڕسك لە دارستانەكانی بەڕوودا دەڕوێ، لە ڕۆژاوا تەنها خۆراكی دەسرۆیوەكان و چینی هەڵبژاردەیە، كەچی لە كوردستان بەهۆی

زۆریەوە بوە بە خۆراکی هەژار و نەدارەکانیش. ئەگەر بێتو بکرێ بە بابەتی بۆ دەرەوە ناردن ئەوا بێ یەکو دوو دەتوانێ شان بدا لە شانی قارچکی شیتاکەی یابانی لە بازاڕەکانی ئەوروپا و ئەمریکادا و لەناو بازاڕدا تەنگی پێ هەڵچنێ.

پیشەسازیەکی ڕێکوپێکی بۆ دەرەوە ناردنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان لە هەموو کەرتە ئابووریەکانی دیکە زیاتر هاوسەنگی نێوان داڕژانی پارە و پایەدارکردنی ئابووریەکی خۆڕاگر ئاسان دەکا. کاڵا کشتوکاڵیە پارەکەرەکان دەتوانن ببنە مایەی گەڕانەوەی ئابووری ئێستای کوردستان، کە لە ئاستی دابینکردنی بژێوی ڕۆژانەدا چەقیوە، بۆ ئەو ئابووریە بە تواناو هەنگاونەرەی کە لە سەردەی (١٦)دا لە ئارادا بوو، هەروەها، ئەو بەرهەمەی لە کشتوکاڵ دێنە دەست، دەست بەدەست تا دەگاتە خێزان بەخێزان دەڕوا و بەمە زۆرترین ژمارەی دانیشتوان سوودمەند دەبن لێی. ئەمە نەك هەر قازانج بە بەرهەمهێنە گەورەکان دەگەیەنێ، بەڵکو یارمەتی زۆریەی وەرزێرەکانیش دەدا.

ئاژەڵ: داهاتی ئاژەڵ بەشێکە لە داهاتی کشتوکاڵ، گرنگترین ئاژەڵی باو مەڕە. بزن لە پلەیەکی نزمتردایەو وەکو کاڵایەکی بازاڕ گەرم بەخێو ناکرێ هەرچەندە وەرزێرەکان بۆ موەکەی پێویستیان پێیەتی، نەخاسمە جۆری ئەنگورا (بزنە مەرەز—وەرگێڕ) کە سەرچاوەی ڕێسی جلوبەرگ و پێویستی دیکەی ناوماڵ و شتومەکی ترە. سەردەمانێك ژمارەی خۆی لە بلیۆنەها سەر دەدا، بەڵام ئێستا لەبەر کزی بازاڕی یان لەبەر کەمبوونی لەوەڕگاو لێڕەوارەکان ژمارەی هەر لە کزی دەدا.

هەرچی مەڕە، ژمارەی نەك هەر لە زیادبوون و پەرەسەندن دایە، بەڵکو تا دێ وەکو کاڵایەکی نێردە زیاتر بایەخ پەیدا دەکا. ئێستا دەرفەتی باش هاتۆتە پێش گەیاندنی گۆشت بەشێوەی بلۆك، یان بە بەستوویی بە بازاڕی ناوەوە و دەرەوە، چ نزیك چ دوور، بەرهەمهێنە کوردەکان لەمە قازانجێکی باش دەچننەوە، بازاڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەوداڵی گۆشتی تازە و ناسکە، دەرگای بۆ بەرخ و کاوڕی کوردی ئاوەڵایە هەرچەندە لەم ساتەی ئێستاماندا بۆ بەرهەمی وڵاتانی دووری وەکو ئەرژەنتین و نیوزیلاند و ئوستراليا کراوەتەوە چونکە، ئەو ژمارەیەی لە بازاڕەکانی ناوچەکەدا هەیە گشت پێوستی کڕیاران دابین ناکا.

خوری کە بۆ کاروباری تەون و جۆلایی و هەلاجی ناوخۆ بە کاردێ ئێستا وا خەریکە دەچێتە مەیدانی چنینی میکانیکییەوە کە بەرەبەرە وا دەکەوێتە سەرپێ، دیارە سەرچاوەی خوری مەڕە و هەرواش دەمێننەوە.

گا و مانگا کە چ بۆ بەرهەمهێنانی گۆشت و سپیاتەتی بەخێو دەکرێن، هەروەها هێزی بار و جوت کردنیش بۆ وەرزێڕان دابین دەکەن، هەرچەندە لەم دواییانەدا تراکتەر جێی هەردوکیانی گرتۆتەوە.... هێشتا خەڵکێکی زۆر هەر رموودەی شیری مانگان زیاتر لەهی مەڕ. هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ژمارەی گاران لە زیاد کردندابێ، نەك کەم کردن بە هەرحاڵ ئەم نایابییەی لە راپۆرتەکانی سەدە ناوەڕاستەکاندا کراوە بە سەرواری باس بۆ شیرەمەنیی کورد، تەنها سپیایەتی بەرهەمی مەڕ دەگرێتەوە.

پەنیر، ماست، لۆر، دۆ، رۆنی زەنگ (ئەو رۆنەی کە تەنها بۆ چێشت لێنان بەکاردێ) بۆن و بەرامەیەکی خۆشی گوڵاوییان لێدێ کە نیشانەی تایبەتیی شیرەمەنی کوردیە ئەمە زیاتر باسی کۆنە نەك ئێستا. زۆرترینی ئاژەڵی کوردستان خۆراکی لە بەرهەمی لاوەکی کێڵگەکانەوە دێ (وەکو کا و پووش و قەسەڵ و گزرە...). ئیتر لەوەڕگای پڕ گیا و گوڵی کێوی کە بۆن و بەرامەی سروشتی بە بەرهەمی شیرەمەنی دەبەخشن، ناویان نەماوە.

هەرچەندە دارستان و لێڕەوار و شوێنە چڕەکانی کوردستان پڕن لە بەرازی کێوی، بەڵام لە بازاڕی گۆشتدا گۆشتەکەی هیچ جێی نیە چونکە بەپێی دابونەریتی ئیسلام نەی لێکراوە و هەرچی کوردە نامسوڵمانەکانیشن. زۆر خۆیان لەوە دەپارێزن کە لەکەیەك لە پەیوەندی ناسکیان لەگەڵ مسوڵمانەکاندا دروست بکەن، لە ناوچە دوور دەستەکاندا راوچی سەر بە هەموو ئایینەکان راوە بەراز دەکەن بەڵام هەرچۆنێك بێت گۆشتی بەراز ناخرێتە بازاڕەوە، ئەگەرچی توانایەکی لە بار بۆ ناردنی بە پوختەکراوی بۆ ئەورووپای نزیك لە ئارادایە، بەڵام پێ ناچێ ئەم بازرگانییە دوا ڕۆژێکی هەبێ لە کوردستاندا.

لە کاتێکدا دەرفەتی زیاتر کردنی توانای پاوان و لەوەڕگاکان لەوەی هەیە، بەولاوە ناڕاو، کێڵگە و ڕەز و باخەکان دوارۆژێکی باشیان لەبەردایە بۆ دابین کردنی نەك هەر خۆراکی، ناوخۆیی، بەڵکو بۆ ناردنە دەرەوەی بەرهەمەکانیشیان.

بۆ سەرچاوە و خوێندەوەی زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** Mary Virginia Harris, "Glimpses of an Iron Age Landscape: Plants at Hasanlu," *Expedition* 31.2-3 (1989); E. R. Guest, C. C. Townsend, and A. al-Rawi, eds., *Flora of Iraq*, 6 vols. (Baghdad: Ministry of Agriculture, 1966-85); B. Gilliat-Smith and W.B. Terril, "On the Flora of the Near East," *Bulletin of Miscellaneous Information of the Royal Botanic (Kew) Gardens* 7-10 (1930).

# ئابووری کۆچەری

لە کاتێکدا ئێستا کەمتر لە (٣٪)ی هەموو دانیشتوان ژیانی کۆچەریەتی دەبەنە سەر، ئیتر ماوەی ئەوە نەماوە بکەوینە باسی ئابووری کۆچەریی کورد، هەرچەندە ئەمە تاچەندانێك لەمەوبەر وانەبوو.

گوزەران و ئابووریی ئاژەڵداریی، دەبێ پاش پەیدابوونی کۆمەڵی کشتوکاڵیی نیشتەجێ لە چیاکانی زاگرۆس هاتبێتە ئاراوە، چونکە ئەم جۆرە کۆمەڵە پێویستی بە ماڵیکردنی گیانەوەر و چاندن هەیە (Gerth Waite 1979) لە قۆناغەکانی تری مێژوودا کۆچەرەکان هەمیشە لەپاڵ وەرزێڕ و جێگیر و تارنشینەکاندا ژیاون.

ڕەوەندەکان لەسەر سروشتی کۆچەران، هەر خەریکی جەردەیی و ڕێگریی و چەتەیی بوونە، بە تایبەتی لە کاتی تەنگانەو دەسکورتییدا، هەر کردەوەکانی ئەمانە کە ناوی کوردی لەگەڵ ڕێگر و چەتەدا خستۆتە یەك تای تەرازووەوە و زڕاندوویەتی.

کوردە نیشتەجێکان لە خەڵکانی تر گەلێ زیاتر لە باری نەبوونی ئاسایشەوە گیرۆدەی دەستی کۆچەرە غەوارە و نەسرەو بەرەو خوار و بەرەو ژوورکەژەکان بوون. لە کاتێکدا ڕێگای بازرگانیی نێودەوڵەتی لە سەدە ناوەڕاستینەکاندا بە کوردستاندا تێپەڕ دەبوو، میرنشینە کوردە خۆیییەکان تا ئەندازەیەکی باش دەسەڵاتیان بەسەر چرکە و پرکەی کۆچەرەکاندا دەڕۆیشت. لەبەر ئەوەش کە قازانجیان لەو بازرگانییە دەکرد بۆ باج و دەرامەد، هەرگیز لێی خافڵ نەدەبوون. پاش ئەوەی ڕێگا بازرگانیە نێودەوڵەتیەکان گۆڕانیان بەسەردا هات و بەرەو دەریاکانی باشوور داکشان (بڕوانە بازرگانی)، پووکانەوەی گشتیی ئابووریی نەتەوەیی کورد زیاتر کۆچەرەکانی بۆ ڕاو و ڕووت هاندا. کۆچەرەکان زۆر دڕندانە سەرچاوەکانی دەوڵەتە ڕێکوپێکەکانیان لە ڕەگەوە هەڵتەکاند بۆ ئەوەی نەتوانن بەرهەڵستییان بکەن. لە دوادوای

سەدەی (١٨)دا تەنانەت لەلای كوردە نیشتەجێكانیش ئەشتەبا نەمابوو تالآن بكرێ لە هەندێ نامە بەر و دەسگێری لێكەوتووی ئەرمەنی بەولاوە كە هێشتا هەر بە ناچاری ڕێگا بازرگانییە دوورەكانی كوردستانیان تەی دەكرد.

نەبوونی هێزی ئاسایشی ڕێكخراوی دەوڵەت بوە هۆی ئەوەی كە وەرزێری نیشتەجێ ببێتە نێچیرێكی بێدەستەلآت و بكەوێتە بەردەستی كۆچەرە هەمیشە نەیار و چەكدار و بزێوو زەلەندەكان (Smith-1978) كە هەموو كاروباری كشتوكاڵیی خەڵكە جێگیرەكەیان تێكدەدا لە ئەنجامدا ژمارەیەكی زۆری وەرزێرەكان بوون بە دیل و كۆیلەی بندەستی سەر خێڵە كۆچەرەكان، بەشێكی زۆری تارنشینەكانیش دووچاری هەمان چارەنووسی ڕەش بوونەوە، زۆر خەڵكی نیشتەجێ، ئەگەر نەڵێین زۆریەیان، نا گوزیر دەبوو ببنە هاوكاری خێڵێكی كۆچەر بۆ خۆ پاراستن و دابینكردنی پەیوەندییەكی بازرگانی بێ ترس لەگەڵ خێڵێكی ئاژەڵداری دەوڵەمەند و بە هێزی تردا.

بۆ كۆچەرەكان خۆیان، جەردەیی تەنها بە جۆرە سەرگەرمییەك دادەنرا، هەرچەندە ئەمە ناوزڕانێكی زۆریشی بەدواوە بوو ئەوەی ڕاست بێ، لەگەڵ دەسپێكی سەدەی هەژدەیەمدا پا بەپای كزبوونی لەسەر خۆی نرخی بەرهەمی كوردە نیشتەجێكان، بووژانەوەی گشتیی ئابووری بە خێرایی كەوتە پشت بەستن بە بەرهەمی ئاژەڵی و چنراوی دەسكردی كۆچەرەكان.

وا مەزەنە دەكرێ كە لە تۆخیانی سەردەمی كۆچەری لە سەدەی (١٨)دا، دەوری یەك ملیۆن كورد، كە دەیكرد (٣٠٪)ی گشت دانیشتوان كۆچەر بوون (بروانە دیموگرافیا). ڕاستییەكەی ئەم ژمارەیە لە ژوور ئاساییەوە و ئەو فشارە سیاسی و سەربازیە دەردەخا كە كۆچەرەكان دەیانخستە سەر وەرزێرە نیشتەجێ و كوردە شارنشینەكان. ئەم ڕێژانە ئەوە دەردەخەن كە ئەوسا وڵاتەكە تا ڕادەیەك چۆڵ بوە و خەڵكەكە كەمتر ئاوایی نشین بوونە و لە كۆمەڵی كشتوكاڵی بچووك بچووك و لێكدابڕا و بەولاوە، هچی تر نەبوونە، كێڵگەی خەڵك، كە لە سەرەتای وەرزدا دەكێڵرا و تۆو دەكرا ساڵی یەكدووجار دەكەوتە بن پای كۆچەرەكانەوە و ئاژەڵی تێدەكرا. ئەمە لەگەڵ ڕاپۆرتی چاودێتەگەلێكی وەكو ئەولیا چەلەبییدا زۆر گونجاو دێت، كە باسی بێ خاوەنیی لە ڕادەبەدەری زەوی و زار و چۆڵبوونی ڕەز و باخەكان و ناچار بوونی خەڵك بە خۆ پەستانە ناو قەلایچە و خانووبەرەی ناوشوێنی سەخت و قایم و شوورەدار

دەکـا، لــەم بــوارەدا کوردســتانی بــاکوور زۆرتــرین کولــۆلی و لێقــەومانی تــووش بــوە و ئەنجامەکانیشی تا ئێستا نەسڕاونەتەوە (بڕوانە دابەشکاریە ناوخۆییەکان).

لەم ماڵوێرانیەدا کوردستان بە تەنیا نەبوو گەلێ کۆمەڵی درلوسیٚ بە فەوتانی بازرگانیی زەمینی و شەڕی یەك لە دوای یەکدا زیانی گەورەیان لێدەکەوت بە تایبەتی پاش پەیدابوونی تۆپ لە ناوچەکەدا کە شەڕەکانی ئەوەندەی تر مەینەتبار دەکرد. بەردەوامی هێرشی چاو نەترسانەی کۆچەرە دڵڕەقەکان بۆ سەرنشینگە و ئاوایی و شارۆچکە و ڕێگرتن و تاڵانکردنی کاروانەکان بە ئەندازەیەك خەڵکەکەی بێزار کردبوو کە هەرگیز ئەو کۆچەرە بەدڕەفتارانە لە دوژمن بەولاوە بە هیچی تر دانەنێن، ئەوان ئامادە بوون ئەوە قەبوولٚ بکەن کە نەریتی هاوبەشی زۆرتر و توندتر لەگەڵ ئەرمەن و تورك و عەرەب و تورکمانی نیشتەجێی وەکو خۆیاندا گرێی دەدەن لەوەی لەگەڵ کوردە کۆچەرە هاوڕەگەزەکانی خۆیاندا هەیانبوو چونکە ئەو کۆچەرانە کارێکی وایان کردبوو کوردە نیشتەجێکان هیچ هیوایەکیان بە ژیانی ئاسوودە نەبیٚ، تا ئەوان هەبن.

بە دەسپێکی سەدەی نۆزدەیەم ئەتوانریٚ بوتریٚ کە هەر وەرزێکی نیشتەجیٚ و شارنشینێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەبارەت بە کردەوەی کۆچەرەکان ئاوەڵناوە ئەتنییە کۆنەکەی خۆی لە بیر چوبووەوە و لە بڕی ئەو ناوی شار یان ناوچەیەکی خۆماڵیی لە خۆنابوو، ئیتر بەلای ئەوانەوە ئاوەڵناوە ئەتنییە کۆنەکانی وەکو کورد، عەرەب، تورك، تورکمان... تەنها مانای کۆچەریەتیی دەدا، واتە ڕەفتاری وەکو: بیٚ نەزاکەتی، گەڕۆکێکی نیمچە کێوی کە بەلای سەر ڕووی زەمینە و ئامرازی یاسا شکێنی و خراپکاری، تا سەرەتای سەدەی بیستەم ئەم ناوە ئەتنییە کۆنانە ڕێز و حورمەتیان پەیدا نەکردەوە.

کۆچەرەکان دواترین گرووپی ئەتنی سەرەکیی بوون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە نیشتەجێبن، بەمە کوردەکان دوا گرووپی ئەتنیش بوون کە دیسانەوە هەمان ناوی ئەتنی کۆنی خۆیان بۆ گشت نەتەوەکەیان بەکار بێنن، تەنانەت ئێستاش کوردە شارنشینە هەرە بە تەمەنەکان کە یادگاری ڕەوەندە دوابڕاوەکانیان بیر دەکەوێتەوە، خۆیان لە بەکارهێنانی وشەی کورد دەپارێزن، بەهەمان شێوەی تورکە هاوچەرخەکان، سەرەڕای ئەو هەموو پیرۆزییە ساختەیەی بۆ وشەی تورك سازدراوە، هێشتا هەر وشەی تورك لە گفتوگۆی تایبەتدا بۆ مرۆڤێکی دەشتەکی دڕڕفتاری ساویلکە یان نەزانێکی نەزاندووی کەللە بۆش بە کاردێنن.

دەورانـی زەمـان کـە هاتـە دەوروبـەری سـەدەی (١٩)، زیـاد بـوونی سروشـتی ڕێـژەی دانیشتوانی گوندنشین لووشی دالە ٢٥٪، لە کاتێکدا کۆچەرەکان ڕێژەیەکی ئەوتۆیان نەهێنا لە زیادبووندا. ئەوان نەیانتوانی لە بەرامبەر ئەو بارە تازەیەدا بالادەستیەکەی جارانیـان بپـارێزن، دویماکار ڕێژەکە بوە (٤) نیشتەجێ لـە بەرامبـەر هـەر (١) کـوردی کۆچـەردا نـەك هـەر ئەمـە درزەکە تا دەهات بە پەلە دەمی دەکردەوە.

زنجیرە بەرنامەکانی نیشتەجێکردنی تۆبزی کە لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا لـە تورکیـا و ئێـران جێبـەجێ کـران، بـۆ کۆچـەرەکان و شـێوە دێرینـەکانی بەرهـەمهێنانی ئابووریـیـان سەرەتای مـەرگ بـوو، زۆربـەی هـەرە زۆری کـوردە کۆچـەرە ئاژەڵدارەکان بـە زۆری زۆرداری نیشتەجێ کران و تەنها چەند بۆرە خێڵێك توانیان هەر لەسەر ژیانی ڕەوەندی بمێننەوە.

لە ئێران پاش لادانی ڕەزا شا لەسەر تەخت ساڵی ١٩٤١ و داگیرکردنی خاکی ئێران لەلایـەن هاوپەیمانانەوە، هەندێ خێڵی بـە زۆر نیـشتەجێکراوی کـورد و نـا کـورد گەڕانـەوە سـەر ژیـانی ئابووری جارانیـان، بـەڵام ئەمـە ئەوەنـدەی نـەبرد چـونکە ژیـانی پـەز لەوەڕانـدن و کۆچـەریی بەسەرچوو بوو و هێز نـەبوو چـەرخی زەمـان بگەڕێنێتـەوە دواوە، ئـیتر کۆچـەری و ئاژەڵداری کاری کاری بوویوو و لە چەند ئاسەوارێکی سەردارەتی پێشووی بەولاوە چی لێ نەمابووەوە.

هەندێ کەسی مەڕدار هێشتا مێگەلی گەورە گەورەی مەڕ و بزن بە دوای لەوەڕدا دەگێـڕن و لەسـەر نـەریتی جـاران گـەرمیان و کوێـستان دەکـەن، بـەڵام نـەك بـە کۆمـەڵ، چـونکە زۆر لـە هاوپیشە کۆنەکانیان دامـاڵراون و بوونـە بـە وەرزێـڕ یـان گوندنـشین و تەنانـەت شارنـشینیش. زەوی بەیار، یان ڕەقێنی جاران ئێستا بە زەبری گاوەسن هـەناوی هەڵدەدرێتـەوە و کـشتوکاڵی تێدا دەکرێ و دەبێ بە سەرچاوەی خێر و بەرەکەش بۆ کۆمەڵی کوردەواری.

لەگەڵ گۆڕانی ئابووریدا هەموو ناوەڵناوە خێڵەکییە کوردیە مەزنەکان کە پێـشتر تـەنها بـۆ خێڵە ئاژەڵدارە کۆچەرە سەرەکیەکان و کەسانی جێنشینی سـەربەوان بـەکار دەهـاتن، ئێـستا تەنها بوون بە ناوەڵناوی کۆمەڵایەتی، ڕێك وەك بەکارهێنانی ناوی تـیرە لـە ئێرلەنـدەی ئێـستا، ئەمەش جۆرێکە لە ڕەواندنـەوەی هەسـتی دابـڕان لـە خـاك و هەنـدێ جـاریش هێمـای بـیرورای سیاسییە (بڕوانە خێڵەکان و حیزبە سیاسیەکان).

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** John Masson Smith, "Turanian Nomadism and Iranian Politics," *Iranian Studies* XI (1978); G.R. Garthwaite, "Pastoral Nomadism and Tribal Power," *Iranian Studies* XI (1978); Fredrik Barth, *Principles of Social Organization in Southern Kurdistan* (Oslo: Brodrene Vorgensen, 1953); William Masters, "Rowanduz: A Kurdish Administrative and Mercantile Center," unpublished doctoral dissertation (Ann Arbor: University of Michigan Microfilms International, 1953); E.R. Leach. *Social and Economic Organization of the Rawanduz Kurds* (London: London School of Economics and Political Science. 1940 : Douglas Johnson, *The Nature of Nomadism* (Chicago: University of Chicago Press, 1969).

# پیشەسازیەکان

مارکۆ پۆلۆ لە بارەی کوردەکانی نێوان مووش و ماردین و مووسڵەوە دەنووسێ و دەڵێ کەوا "ئەوان لۆکەیەکی زۆریان بەرهەم هێناوە و لەو لۆکەیە جۆرە قوماشێك دروست دەکەن کە پێی دەوترێ بۆکاسینی Boccasini لەگەڵ چەند جۆرە قوماشی تر.

خەڵکی وڵاتەکە هەم دەسرەنگینن، هەم بازرگان" گەشتەکان I-vi) ئێستا ئەو کاڵا سەنعەتیەی کە بۆ ناردنە دەرەوە گونجاو بێ تەنها کاڵای دەسکردە، کە وەك دیاری و پارچەی تایبەت بەکاردێن.

بەرهەمی فراوانی چنین بە مەبەستی ناردنە دەرەوە لە هیچ کوێیەکی کوردستاندا نیە راستییەکەی، هەرچەندە سامانێکی زۆری خوری و لۆکە لە ناوچەکەدا هەیە، کەچی بەرهەمی تەون و جۆلایی هیچ گرنگییەکی بازرگانییان نیە، وەکو سەنعەتیش، بە تەواوەتی کز بوە. سەرەڕای رابردووی پرشنگدار و پڕ سوودی، ئێستا تەنها خۆی لە رایەخی ناوماڵ وەکو لباد و مافوور و بەڕەی بەن و کلیم دا پەنگاندۆتەوە کە تارادەیەك جووڵەیان تێدا ماوە، ئەمانە دەرفەتی باشی بۆ دەرەوە ناردنیان لە بەردایە، بە تایبەتی جۆرە لادێکردە رەسەنەکانیان، نەخش و نیگارە "خۆماڵی" و "نیمەنە" سروشتی"یەکانیان لە بازاڕی رۆژاوادا رەواجێکی کەم وێنەیان لای ئەو کڕیارانە هەیە، کە خولیای مافور و بەڕەی نایابی ئێرانی و هاوجۆرین. ئایندەی نێردەی مافووری دەسکردی کوردی، تا بڵێی پرشنگدارە. هەرچەندە ناگاتە مافووری ئێرانی کە تەنها لە ساڵی (١٩٩٠)دا بایی (٧,٢) بلیۆن دۆلار فرۆشی هەبووە. هەرچۆنێك بێ بەرزترین رادەی فرۆشی جۆری کوردیی مافوور خۆی دەدا لەچەند سەد ملیۆن دۆلارێك، بەڵام ئەمە لە باری بایەخی بازرگانی نێردەییەوە بۆ بابەتێکی سەرەکی ئەوها، مایەی پشت بەستن نیە.

شمەکی تر، کە لە بابەتی رەشماڵ و سەرزین و کەرەستەی دیکەی خۆوڵاتی سواری بن، ئەمڕۆ باویان نەماوە. بەکارهێنانیان زۆر دواکەوتووە و ناردنە دەرەوەشیان داکەوتوو تر (بڕوانە مافوور و قوماش). پاڵاوتنی پیترۆل بێ یەك و دوو گرنگترین سەنعەتی مۆدێرنە لە کوردستاندا، دەرهێنانی کانزاکان، لە پلەی دووەمدا دێ، نزیکەی نیوەی ئەو (٢,١) ملیۆن بەرمیلە نەوتەی لە

ڕۆژێكدا عێراق لە ساڵی (١٩٩٠)دا دەینارده دەرەوه لە نەوتەڵانە سەرەكیەكانی كورد دەردەكرا، ئەمە لەگەڵ بەرهەمی نەوتەڵانی بچووكتری كوردستان لێی ڕادەبینرێ ساڵی دەوری (٧– ١٠) ملیۆن دۆلار بێنێ، بەرهەمی نەوتی پالاوته و پیترۆكیمیاویات دەتوانێ ئەم ژمارەیە زۆر زیاتر بەرزكاتەوە. داهاتی نێردەكانزاییەكانی تر، بە تایبەتی لە كوردستانی ڕۆژاواوە (لە توركیا) لە هەمان ماوەدا تۆزێك لەیەك بلیۆن دۆلار كەمتر بووە.

گەشەكردنی ئەم دوو سەنعەتە، بەهەرحاڵ، هەر دەچێتە گیرفانی ئابووری گشتی عێراق و توركیاوە. تەنها لە ئێراندا، دەتوانرێ بوترێ، كە پیشەسازی نەوتی كورد قازانجێكی خەڵكی ناوچەكەی لێكەوتۆتەوە ئەویش لەبەر ئەوەی لەوێ (لە كوردستان) سەرچاوەی نەوت ئەوەندە نیە. كاركردن و بە گەڕبوونی پالاوتەی مۆدێرنی نەوت لە كەركووك و خانەقین (لە عێراق) و باتمان (لە توركیا) جگە لە دابینكردنی دەرفەتی كار بۆ كاركەری نەشارەزا، سوودێكی ئەوتۆیان بۆ كوردستان خۆی نیە...تەنانەت لەم ڕەوشەوە، كاركەرەكان لە ڕووی ئەتنییەوە تێكەڵ و فرە ڕەگەزن، چونكە بڵندی ئاستی مووچە و بەردەوامی دانیی كرێكار لە شوێنە هەرە دوورەكانیشەوە بكێش دەكا.

دەرهێنانی بەرهەمی كانزای گرنگی تری وەك مس، ئاسن و كرۆم لە توركیا هەمان شێوە و شێوازی سەنعەتی نەوتی هەیە لەو وڵاتەدا، واتە بەرهەمەكە بۆ ئەوە تەرخانكراوە كە بۆ دەرەوەی كوردستان بنێررێ، و ئەوەندە سوودی بۆ ئابووری ناوخۆیی لێنەكەوێتەوە. هەر چۆنێك بێ، ئەم سەنعەتە دەرفەتی كار بۆ كاركەرە نەشارەزاكانی وڵاتەكە پەیدادەكا.

لەلایەكی ترەوە پیشەسازی سووكەڵە تری وەكو كەرەستەی خانووبەرە، شەكر، كوتاڵ زیاتر پەیوەندییان بە ئابووری ناوچەی كوردنشینەوە هەیە، بۆ نموونە، كارخانەی چنینی بێستوون لە كوردستانی ڕۆژهەڵات (لە ئێران) بەشێكی زۆری كوتاڵی بازاڕی ناوچەكە دابین دەكا، كارگەكانی شەكریش بەرهەمی چەوەندەری شەكر بەكاردێنن كە بەردەوام ڕوو لە زیاد بوونە. كارگەكانی چیمەنتۆی كوردستانی ناوەڕاستیش زیاتر لە پیشەسازی نەوت پەیوەندیان بە ئابووری كوردستانی ناوەڕاستەوە هەیە و لە ئایندەی نزیكیشدا هەرەوادەبن.

جگە لەم سووكە سەنعەتانە، كوردستان بۆ دابینكردنی پێویستییەكانی خۆی لە كالای مۆدێرن و شمەكی دەسكردی ناوخۆیی ڕێگەیەكی دوور و سەختی لە پێشە.

تورکیای لێدەرچێ، کەرتی سەنعەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی هی عێراق و ئێران زۆر لە دابینکردنی پێداویستییە ناوخۆییەکانی دوورە و پێویستی بە گەشەکردنێکی زیاتر هەیە تا کۆتایی بە پرۆسەی هاوردنی شمەکی دروستکراوی سەردەمانە لە دەوڵەتە پیشەسازییەکانەوە بێنن. لە سۆنگەی ئەوەشەوە کە کوردستان لە هەموو ئەو وڵاتانە کەمتر گەشەکردوو لە ڕووی پیشەسازییەوە کەمتر هەنگاوی ناوە پێویستی بەوە هەیە کە بەشێوەیەکی لاوەکی کاڵایەکی دروستکراوی زۆرتر لە ئابووری ئەو وڵاتانەی پێیانەوە لکاوە، بێنێتە ناوەوە.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: Glenn M. Fleming, "The Ecology and Economy of Kurdish Villages," *Kurdish Times* IV 1-2 (1991); F. Barth, *Principles of Social Organization in Southern Kurdistan* (Oslo: Vorgensen, 1953); Ziba Mir-Hosseini, "Some Aspects of Changing Economy in Rural Iran: The Case of Kalardasht, A District in the Caspian Provinces," *International Journal of Middle Eastern Studies* 19 (1987); H.L. Rabino, "A Journey in Mazandaran (from Resht to Sari)," *Geographical Journal* 42 (1913); J.B. Noel, "A Reconnaissance in the Caspian Provinces of Persia," *Geographical Journal* 57 (1921); Marcel Bazin and Christian Bromberger et al., *Gilân et Âzerbâyjân Oriental: Cartes et Documents Ethnographic* (Paris: Éditions Recherche sur les civilisations, 1982); Ziba Mir-Hosseini, "Impact of Wage Labour on Household Fission in Rural Iran," *Comparative Journal of Family Studies* 18.3 (1987); X. de Planhol, "Le boeuf porteur dans le Proche-Orient et l'Afrique du Nord," *Journal of the Economic and Social History of the Orient* XII.3 (1969); Z. Mir-Hosseini, "Changing Aspects of Economic and Family Structures in Kalardasht, A District in Northern Iran," unpublished doctoral dissertation (Cambridge: Dept. of Social Anthropology, University of Cambridge, 1980); E. R. Leach. *Social and Economic Organization of the Rowanduz Kurds.* (London: London School of Economics and Political Science, 1940); Marco Polo, *Travels*, John Masefield, ed. (London: Dent, 1975); E.J. Keall, "Political, Economic, and Social Factors on the Parthian Landscape of Mesopotamia and Western Iran: Evidence from Two Case Studies," in L.D. Levine and T.C. Young, eds., *Mountains and Lowlands: Essays in the Archaeology of Greater Mesopotamia* (Malibu, California: Bibliotheca Mesopotamica, vol. 7, 1977).

# بازرگانی

سەروبنکردنی ئاسەوارە دێرینەکان بە باشی ئەوە دەردەخا کە کۆمەڵگای کوردستان لە دە هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە کۆمەڵگایەکی بازرگانی بووە. دەسکردی پارچە و پلۆچەیان ساغی شمەکی لە شوێنانی یەکجار دوورەوە هێنراو، ئەو ڕۆڵە دەردەخەن کە بازرگانی لە ئابووری کوردستاندا بوویەتی، ڕۆڵێك کە لە بایەخدا گرنگ، بەڵام لە گەشەکردنی تەکنۆلۆژیدا ئەوەندە کاریگەر نەبووە (Beale۱۹۷۳ ).

تێپەڕبوونی فاسکۆدی گاما بەسەری هیوای چەکدا لە باشووری ئەفریقیا لە ساڵی (۱٤۹۷)دا سەرەتای گۆڕانێك بوو لە ڕێوبانی زەمینییەوە بۆ ڕێگای دەریایی لە کاروباری

بازرگانییدا، پێشتر ڕێگای زەمینیی لەبن نەهاتووی بازرگانی باوی هەبوو، وەكو ڕێگای ئاورێشم. كە بە كوردستاندا دەبورد و ڕۆژەلات و ڕۆژاوای پێكەوە دەلكاند.

لەكاركەوتنی هاتووچۆی بازرگانی بە كوردستاندا و دوابەدوای ئەوە وەستانی ئەو ئالوگۆڕەی لە ئاستی نوێكاریە تەكنۆلۆجی و ئابووریەكان لەنێوان كەلتوورە جیاجیاكاندا لێی دەكەوتەوە، بوو بە سەبەبكاری دابڕانی كوردستان لە وریابوونەوە و نوێسازی نێو نەتەوەیی.

هەروەها لە گشت باس و خواسێكی تەكنۆلۆژیای نوێش، ئاست و توانای پیشەسازی ناوخۆیی بەشێوەیەكی ترسناك دابەزی، چونكە ولاتەكە لە هەندێ بازاڕی تەنگی ناوخۆیی بەولاوە هیچی بۆ نەمایەوە، ژێرخانی ماددی و بەڕێوەبەریش كە خزمەتی هاتووچۆی بازرگانیی كوردستانی دەكرد و سوودیشی لێدەبینی، پوكایەوە، لە بابەتی مێژووی هاوچەرخی زۆر نوێدا، بەسەرهاتی مێژوویی ئەم ڕووداوانەی باسكراون.

تا ئەم سەردەمانەی ئەم دواییە كوردستان نەیتوانیوە لە دەردی چەندین سەدەی تاكانەوەی دوای ئەو ڕووداوە ڕاست بێتەوە. گەڕانەوەی ڕێگاوبانی بازرگانیی نێونەتەوەیی لە شەستەكانی(سەدەی بیستەمیندا) بە كوردستاندا، هەرچەندە ئەوەندە بە تەوژم نەبوو بوو بەمایەی بووژانەوەی ئەم ڕێگاوبانانەو ئەو دابڕانەشی قەرەبوو كردەوە كە لە سەدەی (١٦)ەوە بەرۆكگیری كوردستان بوو بوو.

بازرگانیی زەمینی چالاك و پڕ جموجولی ولاتە نەوتدارەكانی ئێران و عێراق (بە ڕادەیەكی كەمتریش بازرگانیی ولاتەكانی ئەولاتری ڕۆژهەلات و باشووریش) لەگەل بازاڕەكانی ئەورووپادا كوردستانی بووژاندەوە و كارێكی وایكرد كوردستان وەكو پردێك لێی سوودمەند بێ. دامەزراندنی ژێرخانی گواستنەوە لە كوردستاندا بازی بەسەر هەموو چاكسازیەكی ماددی و پیشەسازیدا داوە لە ولاتەكەدا.

ئێستا گەورەترین گەلە كاروانی هاتووچۆ بەناو كوردستانی باكوور و ڕۆژاوادا (لە توركیا) تێدەپەڕێ. ئەم هاتووچۆیە بازاڕەكانی ئێران (زالگەكانی بازرگان – ئاگری، قونور– وان، سەرۆ– یوكسەكوڤا) و عێراق (زالگەی مووسل – خابوور– جزیرە) بەوانەی ئەورووپاوە دەبەستێتەوە لە سالی (١٩٩٠)دا سەرجەمی بڕی كالای بە كوردستاندا تێپەڕیوو (بە نەوتیشەوە) بایی نزیكەی (٢٣) بلیۆن دۆلار بووە، بە كرانەوەی سنووری ئێران – عێراق تا

دەمارە سەرەکییەکانی هەمەدان – کرماشان – بەغدا و گەلی عەلی بەگ – قەڵادزە – مووسڵ بوونە پاڵپشتێك بۆ بە گورهاتنەوەی هاتووچۆی بازرگانی قورس، تا دەمارە بازرگانییە کوردییەکان ڕۆڵێکی ژیانبەخشیان لە ئابووری ئەم دوو وڵاتەدا بینیوە چونکە بەندەرەکانی هەردوو وڵاتەکە بەهۆی شەڕی (٨) ساڵەی (١٩٨٠– ١٩٨٨) نێوانیانەوە داخراون، یان وێران بوون.

خراپی ڕێگاوبانی سەر سنوورەکان، کە هەندێ جار بە درێژایی دەیەها میل ڕێگا بە تەواوی دەبەسترا، کارێکی وایکرد تورکیا ئاوڕێك لە ڕێگاوبانی کوردستان بداتەوە، چونکە قازانجێکی زۆری لە کرێی ترانزێت دەچووە باخەڵەوە، بەڵام ئەو کارەی کرا لە رووی جۆرەکییەوە ئەوەندە باش نەبوو، کە سوود بە ئێران و عێراق بگەیەنێ، چونکە کەلکی تێپەڕبوونی سووك و ئاسانی بۆری و شەمەندەفەری نەبوو. ئەمە جگە لە دواکەوتن و زیان بەرکەوتنی ماددی و شمەك. سەرەنجام هەردوو دەوڵەت ناچارمان یارمەتی تورکیا بدەن تا ڕێگاوبانی کوردستانەکەی چاك بکا. لەم بارەیەوە گەورەترین پرد لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا کە ڕێی تێپەڕبوونی شەمەندەفەری ئێران – تورکیایە، لە دۆڵی قوتووری کوردستانی باکوور خڕ بە پارەی ئێران دروست کرا، بەڵام پێویستە تورکیا لەم ڕووەوە چالاکی زیاتر بنوێنێ. ڕاستە لە ئەنجامی جەنگی ساڵی (١٩٩١)ی کەنداوەوە چاککردنی ڕێگاوبانەکان دواکەوتوون، بەڵام ناشکرێ دەستیان لێ هەڵبگیرێ.

بێجگە لە ڕێگاوبان، چەندەها تۆڕی بۆری نەوت لەسەر خاکی کوردستان بۆ گواستنەوەی پیترۆل و بەرهەمەکانی لەسەرچاوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ بازاڕەکانی ڕۆژاوا ڕایەڵکراون و هەندێکیش بۆ دواڕۆژ نەخشەیان بۆ کێشراوە.

گەر بەراورد بکرێ لەگەڵ بایەخ و گرنگیی گەڕانەوەی بازرگانیی نێودەوڵەتیدا بۆ کوردستان، بازرگانی گەنجینە فلزییەکان و سەرچاوە سرووشتییەکانی دیکە، دەکەونە پلەی دووەمەوە. ئەوی ڕاست بێ، سەرەڕای سامانی کانزایی وڵاتەکە، کەرتی کشتوکاڵ لە بەهێزکردنی ئابووریی ناوخۆیی کورددا دواڕۆژێکی پرشنگدارتری لەبەردایە (بڕوانە کشتوکاڵ).

بەنرخترین پاشەبەرهەمی پارەخستنەکار لە بازرگانی ترانزێتدا، ئەو گوڕ و تاوەیە کە بە دروستکردنەوەی ژێرخانی یاریدەدەری ناوخۆیی دەدا. لە بەرامبەردا دەتوانرێ بەرووبوومی

سامانی كانزاكان بە چاككردنێكی هاكەزایی ژێرخانی ناوخۆیی بنێررینە دەرەوە حكومەتی عێراق بەرنامەیەكی بەریلاوو مۆدێرنی بۆ پەرەپێدانی ناوچە شارییەكان داناوە. باشووری وڵاتەكە كە زۆرەبەی دانیشتوانی عەرەبی شیعەن لەم بوارەدا زۆر پشتگوێ خراون.

لە هەموو سەرزەمینی كوردستان، كوردستانی عێراق لە رووی ژێرخانی هاوچەرخ و دامودەزگای گواستنەوەوە چاكتر گەشەی كردوە، لە بەرامبەردا، كوردستانی ئێران لە هێڵەكانی تەلەفۆن و پەیوەستدا، پێشكەوتووترە.

لە كوردستانی عێراقدا دوو دیاردەی دژ بەیەك بە زەقی بەدی دەكرێن: یەكێكیان، پەرەپێدانی پلانێكی بەریلاوو ئەویتریان وێرانكاریەكی سەرانسەری. زۆر جێی سەرسوورمانە، كە لەگەڵ سەرلەنوێ دروستكردنەوەی هەر بەشێكی كوردستاندا، دەوڵەت بەشێكی تر وێراندەكا، زۆرجار بەوانەشەوە كە هەر تازە دروستی كردوونەتەوە، ژمارەیەكی زۆری گوند و شارۆچكەدراونە بە بیلدۆزەرو لەگەڵ خاكدا یەكسان كراون، دانیشتوەكانیشی بەزۆر كوتراونەتە شارو شارۆچكەی گەورەترەوە و لە كۆمەڵگەی كۆنترۆڵكراودا ئابلۆوقە دەدرێن. بەكارهێنانی گازی كیمیاوی لە ئابی ۱۹۸۸ دژ بە دانیشتوانی سێكوچكەی دهۆك، زاخۆ، ئامێدی، لە باكووری مووسڵ تەنها یەك لێكدانەوە هەڵدەگرێ، ئەویش ئەوەیە كە دەوڵەت. ئامانجێكی گرنگی سەرەڕای هەموو شتێك لەژێر سەردایە: بە ئارامی ڕاگرتنی پەیوەندییە ئابوورییە زەمینییەكانی لەگەڵ ئەورووپادا كە تازە سەرلەنوێ دروستی كردوونەوە، هەموو ڕێگاوبانەكانی شەمەندەفەر و تۆڕی بۆڕیە نەوتی عێراق بۆ توركیا و هەندەران بەم شوێنەدا تێپەر دەبن، گەلێ كۆلنەدەری كورد، دەبوو لەوكاتەدا كە ئەو ئامانجە دەهێنرایەدی، ببێ بە قوربانیی بۆ سەلامەتی ڕێگاوبانە بازرگانیەكان كە بەناو زەویەكانییدا تێدەپەڕین.

لە ڕووی گەشەكردنی ژێرخانەوە كوردستانی توركیا كەمترین بەشی بەركەوتووە و لەبەر ئەوەی گەورەترین پارچەی كوردستان پێكدینێ و زیاتر لە نیوەی گەلی كوردی تێدا دەژی، ئاستی گشتی ئەم چاكسازیە مودێرنانە لە كوردستان لە ڕێژە نیشتیمانیەكانی هەریەكە لە ئێران و عێراق و سوریا و توركیا نزمترە، هەرچەندە چاكسازی یەكجار گەورەگەورە لە كوردستانی عێراق و ئێراندا كراون.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: H. Weiss and T. Cuyler Young, Jr., "The Merchants of Susa: Godin V and Plateau-Lowland Relations in the late Fourth Millennium B.C.," *Iran* XIII (1975); L.D. Levine, "East-West Trade in the Late Iron Age: A View from the Zagros," in *Le plateau iranien et l'asie centrale des origines à la conquête islamique*, No. 567 (Paris: Colloques internationaux du centre national de la recherche scientifique, 1976); T.W. Beale, "Early Trade in Highland Iran: A View from a Source Area," *World Archaeology* 5:2 (1973); G.A. Wright, *Obsidian Analysis and Prehistoric Near Eastern Trade: 7500 to 3500 BC* (Ann Arbor: University of Michigan Press, 1969).

# دەرفەتی کارکردن

سەرەڕای ڕێژەی زۆر نزمی شارنشینان و خوێندەوار لە کوردستاندا، کەچی کورد ڕێژەیەکی بڵندی کارکەریان هەیە لەو وڵاتانەی تێیاندا دەژین (بڕوانە شارستانیی بوون، سەنتەرە شارییەکان و پەروەردە).

لە کاتێکدا ڕێژەی دەوڵەتیی کارکردن لە ئێراندا (٢٢,٣٪)ی ژوور شەش ساڵان پێکدێنێ، ڕێژەی کارکردن لە پارێزگا کوردنشینەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان، کرماشان و ئیلام بەدوای یەکدا ئەوهایە:( ٢٢,٩٩٪، ٢١,١٣٪، ١٩,١٧٪ و ١٧,٥٩٪)، هەرچی هەمەدانە کە نیمچە کوردە (٢٣,٣٤٪)ی تێدایە.

گەر بێتو ژمارەی ئەو خەڵکە زۆرە بگرین کە لە جەنگی عێراق– ئێران لە ئیلام و کرماشان ئاوارە بوون، ئەوا ڕێژەکە، بۆگشت کوردستانی ئێران خۆی دەدا لە ٣٠٪، ئەم ڕێژەیەش نەك لە ٢٤ پارێزگاکەی ئێران بەرزترە، بەڵکو لە دوو پارێزگای فارس نشینی کرمان و فارسیش سەردەکا.

ئامارگیری کارکردن لە ئێراندا هەر وەکو لە وڵاتانی تریشدا کە کوردیان تێدا دەژی، ئەگەر چەند فاکتەرێکی تریشی لە پاڵدا ڕەچاو نەکرێ ڕاست دەرناچێ. لە ماوەی (٣٠)ساڵی ڕابردوودا هەڵقوڵانی خێرای ژمارەی دانیشتوانی لادێ شان بەشانی سەرمایە گوزاری و پوختەکردنی کز لە کەرتی کشتوکاڵدا، پاڵ بە خەڵکێکی زۆرەوە دەنێن بەرەو مەڵبەندە شارییەکان و بەرەو هەندەران کۆچ بکەن، بەشێکی زۆری لاوی کار توانا بۆ دەرەوەی کوردستان سەرهەڵدەگرن و

تەنها لە ڕێی ئابوورییەوە بۆ ماوەیەك پەیوەندییە ئابووریەكانیان لەگەڵ خاكی نیشتیماندا دەهێڵنەوە، ئەنجامی ئەمەش لە دوو بەدەرنییە:

١- فشارێكی كەمتر دەكەوێتە سەر بازاڕی كاری سنوورداری ناوخۆ، كە خۆی لەخۆیدا هەر بەشی ئەوانە دەكا كە سەرەڕای كرێی كەم و ئابووری سست، مانەوەیان لە وڵاتدا هەڵبژاردوە.

٢- زۆری ئەوانەی كە بۆ كاركردن ڕوویان كردۆتە دەرەوەی كوردستان بە بێكاری وڵاتێكی تر دادەنرێن، دیارە ئەمە ژمارەی كارداریی لە هەرێمە كورد نیشنەكانی ئێران و عێراق و توركیا و سوریا بەرزتر دەكاتەوە، بەم پێیە نابێ ڕێژەی كارداریی ناوخۆیی بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی بكرێ بە بەڵگەی دەوڵەمەندی و ئابووری گەش. هەرچۆنێك بێ، ئەمانە دەكرێ بە نیشانەی زیندییەتی زیاتری باری كۆمەڵایەتی ئابووری خاكی كوردنشین دابنرێن لە بەرامبەر ئەو شوێنانەدا كە كۆمەڵی ئەتنیكی تریان تێدا دەژی لەو وڵاتانەدا كە كوردیان تێدایە.

پارە ناردن بۆ ماڵەوە لەلایەن كوردە كاركەرەكانی دەرەوەی كوردستانەوە ڕەنگە هۆكاری ئەو ژمارە سەرسووڕێنەرانە بێ كە لە بارەی خەرجكاری و لاف لێدانی دانیشتوانی پارێزگا كوردنشینەكانی ئێران و عێراقەوە دەدرێن و گوایە ئەو خێزانانە بەرزترین ڕێژەی داهاتی نەتەوەیی خێزانیان هەیە، وابزانم خێزانە كوردەكانی توركیایش لە هەمان ڕەوشدان، هەرچەندێكو نەمتوانی لە بارەی ئەمانەوە ئامارێكی ئەوتۆ وەدەست بێنم.

وا مەزەندە دەكرێ كەسێیەكی دانیشتوانی كورد لە دەرەوەی خاكی كوردستان بژین (بڕوانە كۆچكاری و ئاوارە بوون). ئەمە، تا ڕادەیەك ئەوە نیشاندەدا كە هاوسەنگییەكی بەردەوام لەنێوان ژمارەی توانای بازاڕەكانی ناوخۆی كار و ئەو كەسانەدا هەیە كە پێویستیان بە كاركردنە، گەلێك سەنعەتی مۆدێرین كە دەتوانن كرێكارێكی زۆر بگرنە خۆ، نەهاتوونەتە كوردستانەوە، پیشەسازی نەوت و كانزاكانیش، تەنانەت سەنعەتی مافووری دەستیش، كرێكاری كەمتر بەكرێ دەگرن. ئەوەی دەمێنێتەوە كشتوكاڵە كە لە ڕووی كارەوە وەكو كەرتێكی ئابووری هەرە گرنگ لە مەیداندا دەمێننەوە و فراوانترین گەشەی بازاڕی كار دەكرێ لە ڕێی بوژاندنەوەی ئەم كەرتەوە بهێنرێتە دی. پلانی باش داڕێژراوی پرۆژەی گاپ (بڕوانە سەرچاوەی سروشتی: ئاو). دەتوانێ تا ڕادەیەكی بەرچاو كۆچكردنی لاوی كورد بۆ ئەم لاو ئەو لا بە دوای كاردا كەم كاتەوە و ئابووری ناوخۆ پایەدار بكا و گەشەی بداتێ. كاتێك پرۆژە

کشتوکاڵی سەنعەتیەکانی چون گاپ و چاندنی لۆکە و تووتن و چەوەندەری شەکر لە کوردستاندا بەگشتی و لە کوردستانی تورکیادا بە تایبەتی باش بکەونە گەڕ، ئەوسا دەردەکەوێ چ دەرفەتێکی زۆر بۆ کاری کشتوکاڵی دێتە پێشەوە.

لەگەڵ زیادبوونی سەرمایە گوزاری لەناو ئابووری کورددا، خەڵکێکی زۆری خۆولاتی کاریان لە دامودەزگا خزمەتگوزاریەکاندا دەست دەکەوێ، بە تایبەت لە کەرتی گواستنەوەدا.

ئەمڕۆ چینی ناوەڕاستی کورد، بە بەسترانی بە تۆڕی خزمەتگوزاریەوە بوە بە چالاکترین کەرتی کۆمەڵگای کوردەواری.

دیارە سەرچاوەی ئەم بووژانەوەیە، ئەو سوودە بەرچاوەیە کە هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و گواستنەوە، بە بازاڕی ناوخۆی خەوتووی کوردستانی تورکیای دەگەیەنن، سەرەنجامی ئەمە، وێ دەچێ ببێتە پاڵنەر بۆ کوردەکانی دانیشتووی ڕۆژهەلات کە بە لێشاو بەرەو شارەکانی ڕۆژاوای تورکیا قەلفڕ ئەکەن، لە ولاتەکەی خۆیان، واتە ڕۆژهەلاتی ئەنەدۆڵدا بمێننەوە.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** *The Population and Household Census, 1986* (Teheran: Iranian Census Bureau, 1987), the secret edition; Yacqub Sarkis, *Tobacco in Iraq: Its Existence and Cultivation a Little Before Three Hundred Years Ago* (Baghdad: 1941); Marcel Bazin and Christian Bromberger et al., *Gilân et Âzerbâyjân Oriental: Cartes et Documents Ethnographic* (Paris: Éditions Recherche sur les Civilisations, 1982).

**General Bibliography**

Jürgen Roth, *Geographie der Unterdrückten: die Kurden* (Hamburg: Rowohlz, 1978); M.A. Cook, ed., *Studies in the Economic History of the Middle East* (1970); *Kurdish Times*, semi-annual journal of the Kurdish Library, Brooklyn, New York, 1985-present; *Studia Kurdica*, semi-annual publication of the Centre de Recherches de l'Institut Kurde, Paris, (1984-present) with text in English, French, and the primary Middle Eastern languages.

# فەسڵی دەیەم

## كەلتوور و هونەر

### كەلتووری میللی

دەڵێی بەخش یاریدەی داون، بەوەی كوردان توانیویانە هەندێ بەشی بابەتی ناوداری ئەدەبیاتی كۆن، وەكو كورتەی ئینسایكلۆپیدیایەك وان بۆ ناساندنی كەسایەتی و كەلتووری نەتەوایەتی كورد، بە تایبەتی ئەگەر جێگای ڕووداوەكان و كەسایەتیەكان دەستنیشان بكرێن و بزانرێن.

هەرچەند بەڵگەكان لەسەر كۆنیەتی لە ڕادەبەدەری كەلتووری میللی كورد دێرینەتر بن، ئەوەندە بایەخیان زیاتر و سرنجكێشترن. لە گەرمەی كاری كەندەكارییدا بۆ دەرخستنی پاشماوەی سەردەمە بەردینە كۆنەكان لە ئەشكەوتەكانی شانیدەر لە كوردستانی ناوەندا (سۆلیكی)ی ئاسەوارناس لە سەرەتای ئەو ڕاپۆرتە كتێبەدا كە "شانیدەر یەكەم گەلی گوڵخواز ۱۹۷۱" نووسیویە هەر دادیەتی لە دەستی كرێكارە كوردەكانی كە "عاشق ئاسا ئەودالّی گوڵە كێوین" ئەو بە تووڕەیی یەوە دەڕوانێتە كرێكارەكان سەبارەت بەوەی بەردەوام خەریكن دەستە گوڵ بە پاچ، و باڵتە و بێڵ و تانكەری ئاو و دیواری ئەشكەوتەكان، و بە تایبەتی جل و بەرگە ڕەنگا و ڕەنگەكانیانەوە هەڵدەواسن (بڕوانە جل و بەرگ و خشڵ). ئەو خوێنەرانی كتێبەكەی بەوە دەورووژێنێ كە گوایە ئەنجامی تاقیكردنەوە زانستیەكانی كابرایەكی (۵٦۰۰۰) ساڵەی نیاندەرتاڵ كە لەلایەن كرێكارە كوردە گوڵ بەسەرەكانیەوە لە ئەشكەوتەكەدا دەرهێنراوە وایان دەرخستوو كە كابرا لەسەر ڕایەخە گوڵێكی ڕەنگاوڕەنگ درێژ كراوە ئینجا داپۆشراوە، داب و نەریتی كۆن بە ئاسانی لەناو ناچن.

ئەمــە لەوانەیــە لەگــەڵ ڕەگ و ڕیــشەی تێگەیــشتنی کــورددا لــە بــارەی سروشــتەوە پەیوەندییەکی یەکجار پتەوی هەبێ... بە تایبەتی سروشتی چیاکان، کە کورد وەکو دۆستی گیانی بەگیانی خۆی، یان تەنانەت بەشێکیش لە خوێن و گۆشتی خۆی دادەنێ. تاشە بەردەکان، کە پۆسکەکان، ڕەوەزەکان، تاڤگەکان، زیندەوەرەکان دار و درەختەکان، ڕووحەکان، ئەو کەسایەتیانەی لە دەروونیاندا دەژین، هەموو بەش بەشن لە سروشتی گشتی، کە لە چوارچێوەیدا، مرۆڤی کورد لە وێنەیەکی ڕاستەقینەی خۆی دەگەڕێ زۆر لەمانە، تەنانەت لە ڕووی ئایینیشەوە بە پیرۆز دادەنرێن و ڕێزیان لێ دەگیرێ، بۆ نموونە هەر پیرەدارێکی گەورەی سەر کانی یان گۆلە ئاوێك بە پارچە پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگ ڕازێنراوەتەوە، کە بۆ خۆ پاراستن و نزاگیرابوون هەڵدەگیرێن و ئەم دەست و ئەودەست دەکەن. چ ئەو دارە خۆی چ کانی و گۆلەکان تەنانەت ئەو زیندەوەرانەش کە بە دەوریاندا دەژین هەموو لە چوارچێوەی گشتی سروشتدا بایەخ و پلەوپایەی خۆیان هەیە، ئەو چوارچێوەیەی کە ڕەنگدانەوەی ماددی گیانی هەڵم ئاسای گەردوونە، ئەم قەوارانە، هەموارە گیانی خوارتر دەگرنە خۆ. لەناو ئەو گیانانەدا، هەندێ هەن کە لە قۆناغی گۆڕاندان بەرەو قۆناغی "ئادەمیزاد"، یان بەشێوەیەکی تر، ڕووحی ئەو کەسانەی کە پلە نزم کراون تا سزای کارە خراپەکانی ڕابردوویان وەرگرن (بڕوانە ئایین، یارسانیەت) بەم پێیە، دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێ و نابێ بهێڵرێ بە خۆڕایی پیس بن، ڕووحی هەرە گرنگ لەناو ڕووحەکاندا "خدر"ە واتە "پیاوە سەوز پۆشەکەی دەورووبەری کانی و گۆلاوەکان" (بڕوانە فۆلکلۆر و چیرۆکە فۆلکلۆریەکان) ڕەنگە جوان جوانەکانی سروشت، هی تاشە بەرد و ڕەوەزەکان، هی گوڵ و گژوگیا، شێوەی زیندووی جۆراوجۆری شینایی و زیندەوەر و هەڵسوکەوتیان، هەموو ئەمانە پێکەوە لێکدراون و میزاجێکی تایبەتیان لێ دروستکراوە، کە پێی دەوترێ "کوردەواری".

هەر کوردێکی کورد ئاسا، بە چاوی ڕێزەوە دەڕوانێتە ئەم شتە. هەروەها لەلایەن بیانیەکانیشەوە، وەکو نیشانەیەکی پیرۆزی نەتەوەیی، بایەخی بەرزی پێدەدرێ.

ڕەنگە ئاڵ و واڵا و تێکچڕژاوەکانی سروشت کە هەڕەمەکی و بێ شیرازە بەسەر یەکدا کەوتوون، بێ ئەوەی دەستی هەوڵی ڕێکخستن و شێوە بەندییان بدات، مۆرك و نیشانی زەوقیی کوردەوارییں. هەر ئەمە وایکردوە، گەر کوردێك لەناو سەدەها کۆمەڵی خەڵکی تر بە

جل و بەرگی نەتەوەیی كوردانەوە بوەستێ، ئەو وەكو گای قەش دیاریێ و بۆ ناسینەوەی پێویست بە وردبوونەوە نەكا، ئەمە لە دێرزەمانەوە هەر وابوە و هەر واش دەبێو پلوتارك لە جیاكردنەوەی جلوبەرگی (میثریداتە پۆنتیەكاندا) ئەم ڕەنگاوڕەنگییەی جلوبەرگی كوردەكانی بە باشی لێك كردۆتەوە و باس كردوە (Lives:Pompey).

تەنانەت ئەو شتومەكە تازە بابەتانەش كە دەگەنە كوردستان، زوو بەزوو خۆماڵی دەكرێن و ئاڵ و واڵای كوردییان بە سەردا ڕەنگڕێژ دەكرێ و بەشێوەی كوردییەوە دەچنە ناوانەوە... نەك هەر ئەمە گۆڕەكان، تا وەرزی پشكوتنی گوڵاڵە و شینایی بە پارچە قوماتێكی ڕەنگاوڕەنگ دادەپۆشرێن تا بۆگیانی مردووەكەی ناویان سەبووری بەخش بێ، بۆ بیانیەك كە لە ناشتنی مناڵە كوردێكدا ئامادەبێ، مایەی غەمبارییەكی سرنجكێشە كەوا لاشەكە بە جۆرێك دەپێچرێتەوە كە بۆ ڕۆژاوایی یەك تەنها لە "دیارییەكی پێچراوە" دەچێ چونكە تەنانەت كفنەكەش لە پارچەیەكی گولگولی ساز كراوە و بە شریتی ڕەنگاوڕەنگ بەستراوە.

ڕەنگە كوردییەكان بەزەقی لە كارە هونەریە تازە بابەتەكانی هونەرمەندە كوردەكاندا بە زۆری دەردەكەون بە جۆرێك كەسێكی ئاشنا هەرگیز لە جیاكردنەوەیان لە كاری هاوێنەی گشت دنیا بە هەڵە ناچێ. دەڵێی هونەرمەندی كورد هەرگیز بیر لە "تایبەتی و هاوئاهەنگی" ڕەنگەكان ناكاتەوە، ئەو تەنانەت ناتوانێ بەر لە ئارەزووی سەركێشی هەست و دەروونی خۆشی بگرێ، كە بەتوندی بەلای ڕەنگی شەڕ و ئاوداردا جڵەوكێشی دەكەن. مەنسوور ئەحمەد، كە وێنەكێشێكی مۆدێرنخوازی كوردە لە پێشانگایەكی كارەكانیدا كە لەم دوایی یەدا لە كۆتینگن مۆدێرنخوازی ئەلەمانیا كردی بە خەڵكەكەی وت "بۆ من، وێنەكێشان ڕێگایەكە بۆ گۆڕین و مامەڵەكردن لەگەڵ ڕەوشێكی تایبەتدا، لەگەڵ ئاوێتەبوون لەگەڵ ڕەنگەكاندا، ماڵە دوورەكەم دەبینمەوە، خودی خۆم دەبینمەوە" (بڕوانە پەیكەرتاشی و وێنەكێشان).

تا ئەو ڕادەیەی نووسەری ئەم كتێبە ئاگادارە، كەلتووری كۆنی كورد كە لە داب و ڕەسمەكانی تیرەی فریشتەكاندا پارێزراوە، تاقە كەلتوورە كە ڕەنگی تایبەت دەدا بە هەر یەكێ لە حەوت ڕۆژەكانی هەفتە: سوور بۆ یەكشەمە، ڕەش بۆ دووشەمە، سپی بۆ سێشەمە، شین بۆ چوارشەمە، پەمەیی یان مۆر بۆ پێنج شەمە، سەوز بۆ هەینی و زەرد بۆ شەممە، ئەوی ڕاستە، حەوت بەرجەستەكەرە پیرۆزەكەی گیانی گەردوونییش لەم ئایینەدا، ڕەنگی

تایبەتی خۆیان هەیە. بەڵام خواوەندی هەرە گەورە تێکەڵەی دوو ڕەنگی سپی و شینی پێدراوە (ئەمانە لەگەڵ ئەو حەوت ڕەنگە هاوکرۆکەدا بەراوردێکە کە بۆ ڕەنگکردنی دیوار، لە شارە هەرە کۆنە کوردیەکاندا بەکارهێنراوە)، (بڕوانە بابەتی بیناسازی و نەخشە کێشانی شار).

بیرۆکەکانی فۆلکلۆری کوردی، بە دەورووبەری ئەو ڕووداوانەدا دەخولێنەوە کە کرۆکەکەیان سروشتە، یان پەیوەندییان بە سروشتەوە هەیە، یان لەسەر خودی سروشت دەدوێن، تەنانەت داستاننامە و چیرۆکی جەنگەکانیش باڵادەستی بێ یەکودووی سروشت و پەیوەندیی مرۆڤ و سروشت بەزەقی دەردەخەن، لەم بواری پەیوەندی مرۆڤ و سروشتە لە فۆلکۆردا دەتوانین پەنجە بۆ دوو نموونەی گرنگ ڕاکێشین: چیرۆکی فەرهادی کێوکەنی لە خۆبردوو، ئەنکیدۆی پاڵەوانی گلگامش (بڕوانە کەسایەتی نەتەوەیی). تەنانەت لە داستانی مەم و زیندا، کە گەلێ لەوانە نوێترە، ئەم پەیوەندییە بە زیریی دیارە.

ئەوەتا لە خوێنی بەکرەوە، درکێك دەڕوێ کە ڕیشەی ئێرەیی تا قووڵایی زەوی لەنێوان گۆڕی هەردوو دڵدارەکەدا دادەکوتێ، بەم جۆرە وەکو دەرەنجامێکی سروشتی چاوەڕوانکراو و تەنانەت دوای مەرگیش لێك جیایان دەکاتەوە (بڕوانە ئەدەب). بە دەگمەن نەبێ، لە کوردستاندا ئایین بۆ بابەتی ئەدەبیات و ئاهەنگگێڕانی گاڵتەجاری بەکار نەهێنراوە. بەڵام ئەمە لە سەرزەمینە شیعەنشینەکاندا وانیە. بۆ نموونە، لەو سەرزەمینانەدا گوڵمەزی (عومەر سوزان)، واتە سووتاندنی عومەر دەگێڕێ، عومەر کە خەلیفەی سێیەمی ئیسلامە، لەلایەن سوننەییەکانەوە زۆر ڕێزی لێ دەگیرێ، بەڵام لەلایەن شیعەکانەوە بە چاوی داگیرکەر دادەنرێ (داگیرکەری جێگەی عەلی لە جێگەداریی پێغەمبەرداوەرگێڕ). لەو گوڵمەزەدا وێنە و پەیکەری عومەر بە کۆڵەکەیەکەوە دەبەسترێن و ئاگریان تێ بەردەدرێ. لەو شوێنانەی کوردستاندا کە شیعەنشینن. ئەم گوڵمەزە بە تایبەتی لەو شوێنانە دەکرێن کە هەندێ سوننیشیان لێ جێ نشینن. لە هەمان کاتدا بەیت و بالۆرەی گاڵتە ئامێزیش لە ئاهەنگەکاندا دەوترێن و بوونی منداڵ و مەزنیش لە بەرنامەکەدا، زیاتر گەرمتر و خۆشتری دەکا زۆرجار تیپی نواندنی خۆجێیش لە کارەکەدا بە چالاکی بەشداری دەکەن، بۆ ئەوەی تا دەکرێ سوننیەکان زیاتر بێزار بکەن، هەرچەندە لەوانەیە، ئەم کارانە ببنە مایەی پێکدادانی خوێنین و

شەڕ و شۆڕی ناوخۆیی گەورە و کەوتنی قوربانی لە گشت لایەك، کەچی ساڵ بەساڵ ئەم بەزمە هەر دەوام دەکا و ڕاگرتنی نیە، سەیر ئەوەیە ئەم بەزمە لە ئێران پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی قەدەغە کرا. دیارە ئەمە لە هەوڵی دەوڵەت بۆ دڵڕاگرتنی سوننیەکان و خۆ بەبێگانە نەزانینیان لە ڕژێمەکە بەولاوە شتی تر نیە.

هەندێ ڕێبازی سۆفیگەری وەکو ڕەفاعیەکان (بڕوانە ڕێبازە سۆفیەکان) یان سۆفی شێوە، جۆرە داب و ڕەسمیکی سیحرامێز ئەنجام دەدەن. ئەوان لەگەڵ لێدانی تەپڵ و خوێندنی دوعا و هاوار بردن بۆ هەندێ ناو و کردنی سەمایەکی تایبەتییدا کە گشت پێکەوە حاڵەتێکی لە خۆچوونی ئەوتۆ پەیدا دەکەن کە لەشی ئەو کەسە بێ هەست کردن بە ئازار، دەتوانرێ بریندار بکرێ یان ئەشکەنجە بدرێ، و بێ ئەوەش هیچ ئاکامێکی هەبێ دوای تەواوبوونی پرۆسەکە و هاتنەوە سەرخۆی کەسەکە. لەو لەسەر خۆچوونانەدا، شیر و زەرگ لە لێو و زمان و گوپ و ئەم لاو ئەولای لەش دەدرێن و هەروەها بەسەر ژیلەمۆی گەشدا دەڕۆن و ئاگریش قووت دەدرێ.

هەر لەو کۆڕانەدا، چاککردنەوەی نەخۆشیش، دەبێ بە یەکێك لە بابەتەکان، بەڵام شتەکە بە ئەندازەی ئەوانەی لە کەنشتەکانی ئەمریکادا دەکرێن بە هێز و کاریگەرنیە.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** R. Solecki, *Shanidar: The First Flower People* (New York: Alfred Knopf, 1971); Patty Jo Watson, *Archaeological Ethnography in Western Iran* (Tucson: University of Arizona Press, 1979); Margaret Kahn, *The Children of the Jinn* (New York: Seaview, 1980); Dana Adams Schmidt, *Journey Among the Brave Men* (Boston: Little, Brown, 1964); A.M. Hamilton, *Road Through Kurdistan* (London: Faber and Faber, 1937); W.R. Hay, *Two Years in Kurdistan* (London: Sidgwick and Jackson, 1921), William O. Douglas, *Strange Lands and Friendly People* (New York, 1951); Roderic Hill, *The Baghdad Air Mail* (London: Edward Arnold, 1929); E.B. Soane, *To Mesopotamia and Kurdistan in Disguise* (London: Johny Murray, 1912); Sally Binford, "A Structural Comparison of Disposal of the Dead in the Mousterian and Upper Paleolithic," *Southwestern Journal of Anthropology* XXIV-2 (1968); Marcel Bazin and Christian Bromberger, et al., *Gilân et Âzerbâyjân Oriental: Cartes et Documents Ethnographic* (Paris: Éditions Recherche sur les civilisations, 1982); J.C.A. Johnson, "The Kurds of Iraq," *Geographical Magazine* 11 (1940); Mark Sykes, *The Caliph's Last Heritage* (New York: Arno Press, 1973, reprint of the 1915 London edition); Henry Rawlinson, *Journey from Zohab to Khuzistan* (London, 1836); Major Frederick Millingen, *Wild Life Among the Koords* (London, 1870).

# فۆلکلۆر و چیرۆکە فۆلکلۆریەکان

دەکرێ زۆربەی زۆری چیرۆکە فۆلکلۆریە کوردیەکان پێکرا بخرێنە خانەی "چیرۆکی بەر ئاگردانی کوردی"یەوە. هەموو ئەم چیرۆکانە لەو زستانە درێژ و سارد و، گەر مرۆڤ زۆر وریا نەبێ، مەترسیبارەکانی کوردستاندا، دەوترێن، ئەم چیرۆکانە پڕن لە پەند و ئەندەرز لە بارەی چۆنیەتی خۆلادان لە خەتەری دنیا و خۆڕاگرتن لە بەرامبەریاندا، ئەویش بە وردبوونە لە ڕەفتاری کەسەکانی ناو چیرۆکەکاندا، چیرۆکەکان تا بڵێی ساکارن، بەڵام سرنجکێش و خۆشن، سەرەنجامەکانیان بە شارەزایی و زیرەکانە لە کۆتایی چیرۆکەکاندا شارراونەتەوە و دۆزینەوە و هەڵێنانیان بۆ بیستەران هێڵراوەتەوە.

چیرۆکی منداڵان لە ڕووداوە سروشتیەکان دوور ناکەونەوە. ورچ، کە هێشتا بە زۆری لە جەنگەڵستانەکانی کوردستاندا هەن، ڕۆڵی زۆربەی ئەو زیندەوەرانە دەبینێ کە لە ئەدەبیاتی منداڵانی هەموو جیهاندا دەردەکەون، لە چیرۆکی گەورەکاندا ورچ، ڕێوی، سمۆرە تەنانەت دار و دەرخشیش هەموو وەکو ئادەمیزاد خاوەن بیر و هۆشن، هەمووشیان ژیانی ئاسایی بەسەردەبەن و خاوەن ڕەسەم و ئادەتی مرۆڤ ئاسان، لەم چیرۆکانەدا هەر پیاوێك، یان ژنێکی بە دیمەن و جوان، لەوانەیە لەلایەن ورچێکەوە بە مەبەستی کردن بە هاوسەر، بڕفێنرێ. ورچەکە بە وردی ئاگاداری ئەو کەسە دەکا، خواردنی بۆ دابین دەکا، و هەموو پێداویستییەکانی بە چاکی و زیرەکی جێبەجێ دەکا، یەك شتی لێدەرچێ ئەویش ئەوەیە هەرگیز بەرەڵای ناکا. هەموو ئەم چیرۆکانە بە کوشتنی ورچەکە کۆتایی دێت، سەرەڕای هەموو ئەو زیرەکی و دڵچاکی و خۆشەویستی و "مرۆڤایەتی"یەی لەگەڵ فڕێنراوەکەدا دەینوێنێ هەمیشە سەرەنجامیش بە ئازادکردنی ئەو کەسە کۆتایی دێ. ئەم زیندەوەرانە لە چیرۆکەکاندا وا نیشان دەدرێن، کە توانای فێربوونی زمانی ئادەمیزادیان بە باشی هەیە، بەوە دەتوانن لە زیرەکترین مرۆڤ بەرنەوە و لە بەکارهێنانی داب و نەریتی مرۆڤدا زیرەکانە سەردەرکەون.

بۆ نموونە لە یەكێك لە چیرۆكەكاندا، ورچێك، خۆی لەژێر كۆمەڵێك خوریدا دەشارێتەوە تا خۆی لە میوانێكی نەناسی ناوەخش ڕزگاركا. خوریەكە هەر ئەو خوریەیە كە هەر ساتێك لەوەبەر لە مەڕەكانی خۆی هەڵیقاچیوە. ورچەكە بە ژنەكەی دەڵێ كە بە كابرای نەناس ڕاگەیەنێ كە جێگەی داكردنیان نیە بۆی چونكە مێردەكەی لە ماڵ نیە. دوایی دەردەكەوێ كە كابرای نەناس خدری زیندەیە كە هەمیشە بە بەرگێكی جیاوازەوە لە گەڕاندایە، خدری لە گشت شت ئاگادار دەڵێ ڕاستە خاوەن ماڵ لە ماڵ نیە، چونكە ئەوەی لەژێر خوریەكەدا خۆی شاردۆتەوە ئادەمیزاد نیە...

خوریەكە یەكسەر بە لەشی كابرای میوان نەپەزێرەوە دەنووسێ ئینجا لە زمان دەكەوێ و دەبێتەوە ورچەكەی جاران. ئەو ئەندەرزەی لەم چیرۆكە وەردەگیرێ ئەوەیە، ورچەكە هەر وەكو زیندەوەرێكی بەڕێز دەمێننەوە، كە لەبەر ئەوەی جارێك لەجاران بوە بە مرۆڤ، زمانی مرۆڤ هەر دەزانێ، بەڵام ناتوانێ پێی بدوێ.

دەتوانرێ چیرۆكە ئایین سروشتەكانیش بخرێنە سەر چیرۆكە میللییەكان، كورد لەم بوارەدا زۆر دەوڵەمەندن، زۆریەی ئەم چیرۆكانە، پەیوەندییەكیان بە خدرەوە هەیە، خدر كە ناوەكەی واتە "سەوزایی" یان "ڕێبوار" و خۆی كەسایەتیەكە لە هەموو شوێن و لە هەموو كاتێكدا هەیە، زۆرتر ڕمووەدەی دەشش و دەر و سەوزاییە. وەكو یەكێك لەبەر جەستەكەرە سەرەكیەكانی ڕووحی گەردوونی، خدر لە گشت شت ئاگادارە و خاوەنی هێزێكی بێ سنوور و بێ هاوشای لە ئاسا بە دەرە بە تایبەتی بەسەر هێزە سروشتیەكان و مەملەكەتی سەوزایی و زیندەوەردا هەروەها بە هانای هەر كەسێكەوە دێ كە لە كردەوەیەكی پاك و مرۆڤانەدا گیری خواردبێ، (بڕوانە ئاهەنگ و سەیران و ساڵنامە). یەكێك مرازی سەردانی خدربێ لێی، دەبێ (٤٠) ڕۆژ لەوەبەر خۆی ئامادەكا، وەكو یەكێك بۆ پێشوازی كردن لە میوانێكی گەورە ئامادە كاری بكا. دەبێ هەموو ماڵەكە، بە باغچە و بەرەیوان و داڵان و بەردەرگای ماڵیشەوە پاك بكرێتەوە و هەموو ڕۆژێك خواردن و كەرەستەی تام و بۆن خۆشكەر ئامادە بكرێ، ئەگەر ئایینەكە بە ڕێكوپێكی و بەگوێرەی دڵی بەجێ بگەیەنرێ، ئەوا خدر لە كۆتایی (٤٠) ڕۆژەكەدا لە ناكاودا بە خۆگۆڕیوی پەیدا دەبێ، ئینجا مەسەلەكە لەسەر ئەو كەسە دەوەستێ، كە خدر بناسێتەوە و داوای مرازی لێ بكا، بەڵام هەموان دەزانن كە خدر زۆر وریایە (نیشانەی هاتنی

ئەوەیە کە خاوەن مرازی بەسزمان خەوێکی گران سواری ملی دەبێ). هەروەها لە خۆ گۆڕینـدا زۆر وەسـتایە و مەگـەر بـە دەگمـەن ئـەگینا ناناسـرێتەوە، تـا کـاتێ مرازدار وریـا دەبێتـەوە و دەیناسێ، ئەو دەبێ بە چۆرێ ئاو قووت دەدرێ.

شاه خوشێن، کەسایەتیەکی دیکەیە کە کۆمـەڵێکی زۆر چـیرۆکی فۆلکلـۆری بـۆ ڕێکخـراوە ئەمیش یەکێکە لەبەر جەستەکەرە سەرەکیەکانی ڕووح، ئەو چیرۆکەی لەسەر زمانان لە بارەی لە دایکبوونیەوە دەگەڕێ زۆرتر لەبەر ئەوە گرنگە، چونکە بە جۆرێکی دروست تیـشك دەخاتـە سەر هەندێ چیرۆکی کەم بایەختری هاوشێوە لە بارەی دروستبوونی ئادەمیزادەوە لـە میثـرادا (خواوەندی خۆر).

هەندێ دەقی کۆن لەم بارەیـەوە تـا ئێـستا مـاون و باسـی ئـەم بابەتـە دەکـەن لـە ئـایینی گنۆسـتیدا، کـە یـەکێك بـوە لـەو ئایینـە کۆنانـەی لـە سـەرزەمینەکەدا پەیڕەوکـەری هـەبوە. سیمبوله ئایینیە بە هێزەکانی ئەم چیرۆکە شایستەی سرنج و ورد کردنەوەیە.

لە چیرۆکەکەدا، مامە جەلالە لە کاتی کڕنووش بردنی بەرەبەیاندا بۆ ڕۆژ لەگەڵ دەرکـەوتنی لە ئاسۆوە، گوناهێکی لێ دەقـەومێ، واتـە باوێشکێك دەدا، لـە ئاکامـدا تاڵـە تیـشکێکی خـۆر دەچێتە ناو هەناویەوە، لەو تاڵە تیشکە شاخوشێن دروسـت دەبـێ، کـە نیـشانەی بـارداری لـێ دەرکەوێ بـاوکی فـەرمان دەدا بـە شـەش براکـەی (بـەوە، بـە خۆیـەوە حەوتەوانـە پیرۆزەکـە پێکدێ) کە بۆ سڕینەوەی ئەو شورەییەی هێناویەتە سەر خێزانەکە، بیکوژن، بەڵام، هـەر کـە براکان شیرەکانی دەستیان دادێننەوە، دەستیان دەبێ بە بـەرد، لـە ناکـاودا، لـەناو هەناویـەوە دەنگێك بلند دەبێتەوە... دەنگەکە دەڵێ "من "بابا"یەکی تازە و بەرجەستەکەرێکی ڕووحم".

بارداریەکە (۲۱)ڕۆژ دەکێشێ (واتـە سـەرەنجامی لێکـدانی هـەردوو ژمـارەی ۳ و ۷) بڕوانـە تیرەی فریشتەکان).

کە دایکی دێتە سـەر ژان و منـداڵ بـوون، خوشـی لـە شێوەی نواڵـە تیـشکێکدا لـە دەمـی دایکیەوە دەردێ... نواڵە تیشکەکە لەو تەشتە زێڕینەدا جێگر دەبێ کە بۆ گرتنەوەی منداڵەکە دادەنرێ، دوایـی دەبـێ بـە منـداڵێکی زمـان تـەواو پـڕاو، ئەوەنـدەی پـێ ناچـێ هـەواڵێك بـڵاو دەبێتەوە کەوا لەشکرێکی گران بۆ وێرانکردنی وڵاتەکە بەڕێوەیە... خەڵکەکە دەکەونە خـۆ بـۆ ڕاکردن، بەڵام تا سەد کەس کە لە تەشتەکە دەنـوون بـۆ هـەڵگرتنی و بردنـی، بۆیـان لـە زەوی

بڵند ناكرێ. بیر لەوە دەكەنەوە منداڵەكە لەژێر تەشتەكەدا بشارنەوە، بەڵام هەرچەند دەكەن ناتوانن بیبزوێنن، دوایی بۆیان دەردەكەوێ كە ئەمە وێ دەچێ بە گرانایی زەمین، یان هەر خودی زەمین بێ، لێرەدا مامە جەلال دێتە زمان و پێیان دەڵێ: تەنها ڕێگا بۆ هەلگرتنی ئەوەیە گایەك بێنن و منداڵەكەی بە تەشتە زێڕینەكەوە بخەنە سەر.. كە گاكە دێنن ئیشەكە بە ئاسانی ئەنجام دەدرێ و كاروانەكە دەكەوێتە ڕێ. خۆشین لە (٣٢) ساڵییدا دەبێ بە بەرجەستەكەری ڕووح و لە (٦١) ساڵییدا لەژێر شەپۆلی ڕووباری گاماسیابدا ون دەبێ و تا ئەبەد لەوێ جێگیر دەبێ.

بۆ ئەو كەسەی لە داب و ڕەسمی میثرایی (میهر پەرستی) كۆن ئاگادار بێ، گشت پێكهاتەكانی سیمبولزم لەم چیرۆكەدا بەدی دەكا، لەوانە: زكپڕ بوون بە تاڵەتیشكی خۆر، گا، تەشتی زێڕین...

ئەم جۆرە چیرۆكانە بەشێكن لە پارچە هەرە بە نرخەكانی ئەو جۆرە ئەدەبەی كە دەكرێ ببن بە چراو تاریكترین قۆناغی مێژوو كەلتووری كورد ڕوون بكەنەوە. ئەو چیرۆكە میللییەش كە لە بارەی لە دایكبوونی خۆشینەوە لە دایكێكی پیا و نەدیتوو دەگێڕێتەوە دەشێ زگپڕبوونی پاكیزە و بێ خەوشی بەرجەستەكەرە پیرۆزەكانی تری تیرەی فریشتەكان، كە هەندێكیان بێ بوونی دایك یان باوك باردار دەبوون، لەبەر ڕووداوەكانی ئەم جۆرە چیرۆكانە ڕوونتر ببنەوە. لە هەمان كاتدا، پیاو دەتوانێ داوی پەیوەندی لەنێوان ئەفسانەی شاخۆشین و هەندێ ئایینی تریشدا بەدی بكا. مژدەپێدانی لە تەمەنی (٣٢) ساڵییدا یەكسانە لەو تەمەنەی مەسیح كەمترە كە مەزەندە دەكرێ تێیدا بۆ چوارمێخ كێشران برابێ، هەروەها نقوم بوون و ونبوونی لە قوڵایی ئاو لە تەمەنی (٦١) ساڵییدا یەكسانە لەو تەمەنە كەمترە كە حەزرەتی محەممەدی تێدا مرد.

لە لایەكی ترەوە، گەلێ چیرۆكی میللی لە وڵاتەكەدا باون كە پەیوەندییان بە مێژووی پەیدابوونی گەلی كورد خۆیەوە هەیە.

تا ئێستا هەندێ لەو چیرۆكانە بەهی نووسەرەكانی سەدە ناوەندیەكان دادەنرێن، لە هەموویان هەرە باوتر، بێ سەرسوورمان، ئەوەیە كە كورد دەباتەوە سەر پادتا ئەژی دەهاك (بڕوانە تیرەی فریشتەكان) چیرۆكەكە بەو شێوەیەی لە شانامەدا هاتووە، دەڵێ كوردەكان

نەوەی ئەو لاوانەن کە بەدزییەوە لەلایەن دوو پیاوی ئەژی دەهاکەوە ئازاد دەکران، کە ئازاد دەکران بزن و مەڕیشیان دەدرایە تا پێی بژین، هەر لەوەشەوە ژیانی کورد بە ژیانی پەزدارییەوە زۆر پەیوەستە، هەرچی کوردە جوولەکەکانە، پێ لەسەر ئەوە دادەگرن لە ڕووداوێکی ترەوە کەوتوونەتەوە، کە تێیدا سولەیمان پێغەمبەر دەوری هەبوە. چیرۆکەکە دەڵێ سولەیمان کە هەموو زیندەوەری دنیا، بە مرۆڤ و جنۆکەشەوە سەرسپردەی فەرمانی بوون، جنۆکەکانی ڕاسپارد کە جوانترین (١٠٠) ژنی سەر ڕووی زەمین کۆبکەنەوە و بیانخەنە حەرەمسەرایەوە، وا ڕێکەوت کە لەو ڕۆژەدا ئەوان، فەرمانەکەیان بەجێهێشت، سولەیمان مرد، بۆیە جنۆکەکان ژنەکانیان بۆ خۆیان برد و لە سەختترین جێگەی چیا بڵندەکان خۆیان قایم کرد. ئەوەی لەم ژن و ژنخوازیە سەیرە کەوتەوە، کوردان بوون کە بە ڕەفتاری لە خەڵک بەدەریان لە باپیرە جنۆکەکانیان و جوانیان لە داپیرە ئادەمیزادەکانیان دەچن. هەر لەمەوە، گەلێك لە نەتەوەکانی دراوسێ، بە تەوسەوە کورد بە نەوەی جنۆکە دادەنێن.

هەروەها، گەلێ مێژووناسی ئیسلامی باس. لە هەندێ بیروڕای باوی ناوی خەڵکان دەکەن کە کورد دەبەنەوە سەر عارەبان، ئەوەی جێ سرنج و سەیر پێ هاتنە ئەوەیە، کە ئەوان باسی دووکەس دەکەن "کورد" و "مەرد" ئەوەی دەیزانین مەردان بریتین لە کۆمەڵە خەڵکێکی بە بنەچە زۆر کۆنی ڕۆژاوای کوردستان (تاری ماردین لەناوی ئەوانەوە هاتووە). لەوانەیە بەستانی هەردوو ناوەکە پێکەوە، پشتەڵەکێکی یەکگرتن و تێکدا توانەوەوەی هەردوو ڕەگەزەکەی لە سەردەمانی هەرەزوودا پێوەبێ، هەندێ چیرۆکی تر دەڵێ کورد لەم سەرچاوانە هیچیان نین، بەڵکو نەوەی هۆزە سەرلێشێواو و نبووەکانی ئیسرائیلن.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: Abdul-Kader Amin (collected by), *Kurdish Proverbs* (New York: Kurdish Library, 1989); M. Mokri, *L'Arménie dans le Folklore kurde* (Paris: Librairie Klienckslieck, 1964); D.N. MacKenzie, *Kurdish Dialect Studies*, vol. II, *Texts and Folk Stories* (London: Oxford University Press, 1962); Major E. Noel, "The Character of the Kurds as Illustrated by Their Proverbs and Popular Sayings," *Bulletin of the School of Oriental Studies* I-iv (London, 1917-20); Basile Nikitine, "Kurdish Stories from My Collection," *Bulletin of the School of Oriental and African Studies* IV (1926-28).

# میهرەجانەکان، ئاهەنگەکان و ساڵنامە

ساڵی کوردی هەتاویە، واتا (٣٦٥)ڕۆژیە، چەند سەعاتەکەی کە دەمێننەوە، دەکرێ بە ساڵی (پڕ) و هەر چوارساڵ جارێك بە ٣٦٦ ڕۆژی دێتەوە. ساڵی کوردی لە یەکەم ڕۆژی بەهار (٢٠ یان ٢١ی مارت بە گوێرەی ساڵنامەی گریگوری)دادەست پێدەکا، و بەشێوەیەکی ڕاست و ورد لەلایەن حیسابگر و ئەستێرە ناسی دێرینی فارسی عومەری خەیامەوە دانراوە. لە ڕۆژاوادا عومەری خەیام زیاتر بە چوارینە شیعریەکانیەوە ناسراوە وەکو ئەستێرەناس و حیسابگری. ناوی مانگەکان و ساڵی سەرەتاکەی لێدەرچێ، ساڵینامەی کوردی لەگەڵ هی گەلانی فارس و ئێرانی نەژادەکانی تردا جیاوازییەکی نیە.

لەم ساڵنامەیەدا، شەش مانگی یەکەم کە بەهار و هاوین دەگرنەوە، هەر یەکە (٣١) ڕۆژن و ئەوانی پایز و زستان هەر یەکە(٣٠)ڕۆژن، ئەوەی لەمە بەدەرە تەنها دوا مانگی زستانە کە لە ساڵە کەبیسەکاندا (٣٠) و لە ساڵەکانی تردا (٢٩) ڕۆژە.

مانگەکان لەگەڵ (١٢) نیشانە بورجیەکاندا یەکن واتە مانگی یەکەم هاوکاتە لەگەڵ بورجی (کاوڕ)، دووەم لەگەڵ (گا) و سێیەم لەگەڵ (دوانە)، هتد، ناوی مانگە کوردیەکان بەم جۆرەن: خاکەلێوە، بانەمەڕ، جۆزەردان، پووشپەڕ، گەلاوێژ، خەرمانان، ڕەزبەر، خەزەلوەر، سەرماوەز، بەفرانبار، ڕێبەندان، ڕەشەمە. ساڵنامەکە بەو ساڵە دەست پێدەکا کە تێیدا دوا پادشایەتی کوردی سەردەمی کۆن ڕووخاوە، واتە بنەماڵەی پادشایەتی، کەیانیان (یان بنەماڵەی کاوسەکان)، کە دەکا ساڵی (٣٨٠)ی پاش میلاد (بڕوانە مێژووی کۆن). حەوت ساڵ دەخرێتە سەر ئەم ساڵە، کە لەوانەیە پەیوەندی لەگەڵ پیرۆزڕاگرتنی ژمارەی حەوتەوە هەبێ لەناو کورداندا لە ڕووی ئایینییەوە بە گوێرەی ئەو بۆچوونە زیندووبوونەوەی گیانی سەرکردە کۆچکردوەکان حەوت ساڵی دەوێ (بڕوانە تیرەی فریشتەکان).

ئێمە ئێستاکە (ساڵی ١٩٩٢ی پاش میلاد) لە ساڵی (١٦٠٥)ی کوردییداین[16]، ئەم ساڵنامەیە بە کوردی یان مایی (میدی) ناسراوە، ساڵنامەیەکی تر کە لەناو کورداندا باوە، ساڵنامەی کۆچییە، کە لەناو هەموو مسوڵمانانادا دەچێ، و پەیوەندی لەگەڵ کۆچکردنی موحەممەد پێغەمبەر لە (١٦ تەمووزی ٦٢٢ی پاش میلادن) لە مەککەوە بۆ مەدینە هەیە و ئێستا (١٩٩٢) لە ساڵی ١٣٧١ی کۆچیداین.

دەبێ ئەوە بزانین ئەم ساڵنامەیە نەتەوەیی یە بە بەتوندی لەلایەن نەتەوە پەروەرە کوردەکانەوە پشتگیری لێدەکرێ، هەرچی کاروبارە ئایینیەکانە لەسەر ساڵنامەی مانگی دەڕۆن کە لەلایەن گشت مسوڵمانانەوە پەیڕەوی لێدەکرێ، ئەوی ڕاست بێ، کوردان کەمتر دەرفەتی ئەوەیان هەیە ساڵنامەکەی خۆیان بەکاربێنن چونکە ئەمە بەندە بە ساڵنامە و سیاسەتی ئەو دەوڵەتانەوە کوردانی تێدا دەژین، لەمە ئێران تا ڕادەیەك بەدەرە.

لە عێراق و سوریا، ساڵنامەی گریگۆریی ڕۆژاوا بۆ هەموو کاروبارە دەوڵەتییەکان بەکاردەهێنرێ. ناوی مانگەکانی لێدەرچێ کە لەسەر ناو نامەی ئارامیی کۆن دانراوە لە تورکیا و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەتی بەرێ، ساڵنامەی گرێگۆریی بێ هیچ گۆڕانێك لە کاردایە.

لە ئێران، دەوڵەت ساڵنامەی زەردەشتی، کە ناوی مانگەکانی لێدەرچێ، لە هەموو شتێکدا لەگەڵ شێوەی دانانی ساڵنامەی کوردییدا دەگونجێ، بەکاردێنێ. ساڵی ١٩٩٢ میلادی لە ساڵنامەی دەوڵەتی ئێراندا دەکا (١٣٧١)ی کۆچی، لە هی کوردییشدا هەروا دەکا.

بەم جیاوازیانەی ساڵنامەکان لە کاروباری ڕەسمییدا، دیارە بابایەکی کورد بە ئاسانی لە حیساب کردن و گرنگیی میهرەجان و بۆنە نەتەوەییەکانیدا تووشی سەریەشە و سەرلێشێوان دەبێ.

جەژنی هەرە گرنگی گشت کوردان جەژنی دێرینی ساڵی نوێ یان نەورۆزە (لە کوردستانی باکوور نەورووز، لە کوردستانی ڕۆژاوا نیرۆز، لە باشوور نۆروون) کە لە (٢١)ی مارتدا دادێ، ئەم جەژنە، لەوانەیە هەفتەیەکیان زیاتر، بە ئاهەنگگێڕانی بەردەوام بەڕێوە بچێ.

خواردنی جیاجیا و بە تام بەر لە داهاتنی جەژن ئامادە دەکرێ و بۆ ڕۆژی جەژن دادەنرێ. گوڵی تایبەتی نەورۆزی (کە بریتین لە نێرگز و گوڵاڵە و بنەوشە) بۆ ئەو ڕۆژە دەسك دەسك

[16] ساڵی ١٩٩٢ی پاش میلاد ئەکاتە ساڵی (٢٦٩٢)ی کوردی (وەرگێڕ).

دەچنرێ، هەروەها لقە داری سپی چنار و هەرمێی تازە گولكردوو بۆ بۆنەكە دەبڕرێ و بۆ ڕازاندنەوە چەپك دەدرێن، خەڵكی هەموو بە جلوبەرگی نەتەوەیی ئالاّ و والاّ خۆ دەڕازێننەوە، هەندێ كەس كاسە و گۆزەی كۆنیش بە نیشانەی چوونی كۆن و هاتنی تازە و بەختی چاك ورد و خاش دەكەن، دراوسێ و خەڵك و خوا سەردانی یەكدی دەكەن بۆ گەردن ئازایی و ئاشتبوونەوە ئەگەر تاڵیەك لە ئارادا بوو بێ، گەورە دیاری و جەژنانە بە بچووكان دەدەن، سەر لە سەرگەورە و پیاو ماقوڵان دەدرێ و هەندێ جار دیاری و سەوغاتیشیان بۆ دەبرێ.

لە كوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات و ناوەند، چەند ڕۆژ بەر لە داهاتنی نەورۆز ئاهەنگی شەوانەی خۆش دەگێڕرێ. لە بازاڕ و شەقامەكان و لەسەربانان ئاگر دەكرێتەوە تا ڕابووردنی زستانی تاریك و سارد جاڕ بدرێ و مژدەی داهاتنی بەهاری خۆش و ڕۆشن بڵاوبێتەوە، شاپلێتە و فیشەكە شێتە دڕ بە تاریكی شەوان دەدەن و گیانەوەری خراپە خواز دەردەپەڕێنن، تەنانەت مردوەكانیش بەم ئاهەنگگێڕانە وشیار دەبنەوە و خەڵك لەو باوەڕەدان دێنەوە سەردانی كەسوكاریان و بەشداری ئەم خۆشیەیان دەكەن.

لە كوردستانی ڕۆژئاوا و باكوور، ئەم جەژنە بە ناوی "تولدان"ەوە دەگێڕرێ (لەوانەیە ئەم وشەیە لە تووڵ هەڵدانەوە هاتبێ، كە بە مانای (وەراندنی گوناە) دێت)، بەگوێرەی داب و نەریتی دانیشتوان، دوو چرا تا سبەی بەیانی، بە درێژەی شەوان دەبێ بە ڕۆشنی بمێننەوە، لەم بەشانەی كوردستاندا، خەڵك وا باوەڕدەكەن كە خدر ئەلیاس یان خدر پێغەمبەر (كە پێغەمبەر ئیلیاشی پێ دەوترێ) هەموو ئەو ماڵانە دەگەڕێ كە بەشەو چرایان داگیرساندوە و دیاری و خۆشی و بەرەكەت بۆ دانیشتوانی ماڵەكان لەگەڵ خۆیدا دێنێ. باسی چڕوپڕ تر لە بارەی ئەم جەژنگێڕانانەوە لە باسی "ئایيندا" بە درێژی هاتووە.

لە دامەزراندنی كۆماری توركیا و لادانی ساڵنامەی یۆلیوسی و كاركردن بە ساڵنامەی گریگۆرییەوە ئاهەنگی تولدان لەناو كورداندا لە (٩)ی مارتەوە بۆ (١٤)ی فەبرایر (شوبات) پێشخراوە. لە شوێنە دوورەدەستەكاندا زووتریش دەكرێ، بەڵام كۆمەڵگا كوردە دابڕاوەكانی دەورووبەری چیاكانی ئەلبورز (كە نزیكەی ٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە ئەنەدۆڵەوە هاتوونەتە ئەوێ) جەژنی تولدان لە (٣١)ی ئۆگست (ئاب)دا دەگێڕن.

لە هەندێ جەژنی تردا کە هەر بەشێکن لە تولدان، چرا دادەگیرسێنرێ و خەڵك چرا بەدەست بە شەقامەکاندا دەگەڕێنن و ئاهەنگی سەرکەوتنی سەرکردەیەکی نەناسرا و بەسەر دوژمنانی خۆی و گەل و وڵاتدا چی دەکەن، هەندێ ڕووناکبیری ئەم سەردەمەی کورد جۆرە بیرو ڕایەك دەدەن بەبادا کە بە باشی ناچێتە ئەقڵەوە، ئەوان دەڵێن لەوانەیە تولدان جەژنی سەرکەوتنی فەرەیدوونی پاڵەوانی داستانیی ئاریایی یان بێ بەسەر دەهاکی ئەهریمەندا، بەو شێوەیەی لە ئاوێستای کتێبی پیرۆزی زەردەشتیاندا هاتووە. زۆر سەیرە! ئەم سەرچاوانە ئەو ڕاستیەیان لە بیرچۆتەوە کە هەر لە چیرۆکە داستانیە خۆماڵیەکانی خۆیاندا، دەهاك پاڵەوانێکی کوردە، لە کاتێکدا فەرەیدوون دوژمن و پیا و خراپە، هێشتا لەمەش هەڵەتر، بیرو ڕایەکە کە ئیحسان نووری پاشای مێژووناس و سەرکردەی سەربازیی کورد تێی کەوتوە، لەم بۆچوونەیدا، کە هیچ پاڵپشت و لێکۆڵینەوەیەکی لە بارەوە دەرناخا، نووری پاشا دەڵێ ئەم بۆنەیە بۆ ئاهەنگگێڕان و خۆشی دەربڕینە لەسەر سەرکەوتنی سیاراکسیسی مەزنی پادشای ماد بەسەر مادیسی سیثیدا کە هەم وڵاتەکەی داگیر کردبوو و هەم تەختی پادشایەتی (لە دەوروبەری ٦٢٥ی پێش میلاددا).

نەورۆز لەناو گەورە هۆزی وەکو شکاك، بەگزادە و جەلالییدا ئەوەندە باو و پیرۆز نیە، ئەوان لەجیاتی نەورۆز بایەخی زۆر و پلەی بەرزی پیرۆزی دەدەن بە جەژنە ئایینیە ئیسلامیەکانی چون ڕەمەزان (فطر) کە لە کۆتایی مانگی ڕۆژووگرتنی ڕەمەزاندا دادێ و جەژنی ئیبراهیم (أضحی یان قوربان) کە لە کۆتایی سەفەرکردنی حاجیانی مسوڵمان بۆ مەکە دادێ. گەلێ جەژنی تر هەن کە کوردان ئاهەنگ و شاییان تێدا دەگێڕن، وەکو هینەکانی سوننیەکان، شیعەکان، هەروەها یەزیدی و یارستانی و عەلەوییەکان، جەژن و بۆنەگیری وەکو هی خدر ئەلیاس (یان خدر پێغەمبەر) کە یەکێکە لە جەژنی تولدان کە ئەویش وەکو نەورۆز بۆنەیەکی ئیسلامی نیە، لەلایەن کوردە مسوڵمانەکانەوە بە ڕێز ڕادەگیرێ و دەکرێ بە جەژن لەمەدا، شکاك و بەگزادەکان و جەلالیەکانیش بەشداری دەکەن، هەرچەندە ئەوان بایەخێکی ئەوتۆ بە نەورۆز نادەن، وەکو باسمان کرد.

جگە لە جەژنی سەرانسەرگیری نەورۆز، و تا ڕادەیەکی کەمتر تولدانیش، جەژنەکانی پێش ئیسلام لەناو تیرەی فریشتەکاندا لە جەژنە ئیسلامیەکان پیرۆزتر ڕادەگیرێن. بۆ نموونە، لە

چوار جەژنە ئایینیەكانی یەزیدیەكاندا دوانیان پەیوەندییان بە نەورۆزەوە هەیە و بەشێكن لەو، هەرچەندە نەختێك لە كاتی گێڕانیاندا جیاوازی لە ئارادایە.

نەورۆز وەكو جەژنێكی گەورەی ئارياییان ڕێزی لێ دەگیرێ، (یەزیدییەكان لەجیاتی ٢١/مارت لە ناوەڕاستی نیساندا دەیگێڕن)، یەزیدیەكان، جەژنی تیرەگانیش، لە (٣٠) شەمووزدا دەگێڕن لەجیاتی (٥)ی تەمووز، مەسینا (Massina) بەڵگەبەندییەكی باشی بۆ داب و ڕەسمی گێڕانی جەژنی تیرەكانی لەناو كوردەكانی ئەدیابین لە سەدەی سێیەمی پاش میلاددا چێ كردوە (Massina 1938).

لە دوو جەژنەكانی تری یەزیدیاندا، جەژنی "جەمی مەزن" كە دەكەوێتە نێوان (٦-١٣)ی ئۆكتۆبەر (تشرینی یەكەم)ەوە لە هەردوان گرنگترە. چوارەم ئاهەنگگێڕان كە بۆ لە دایكبوونی یەزید دەگێڕرێ، دەكەوێتە دەورووبەری لە دایكبوون یان پەیدابوونی میثراسەوە لە (٢٥)ی دیسەمبەر (كانوونی یەكەم)دا پێوەندی نێوان ئەم دوو جەژنە و تیرەی دێرینی میثرایی لە بابەتی (یەزیدیەتی)دا باس كراوە.

بۆ خۆ پاراستن لە نەیاران و لەو دەمانەدا كە ناچار نەبووبن بە دزییەوە بیانگێڕن، كوردە نامسوڵمانەكان زۆر جار بۆ پاراستنی خەڵكەكە لە زیان و تا ڕەنگێكی ئیسلامی بدەن بە جەژنگێڕانە ئایینیەكانی خۆیان ناچار بەرگێكی نیوە مسوڵمانانەیان داوە بە سەریاندا، هاوشێوە كردنی (ئایینی جەم) لەلایەن دیمیلیە عەلەویەكانەوە لەگەڵ جەژنی قوربانی حەزرەتی ئیبراهیمدا و هەروەها دانانی عەلی (ئیمامی یەكەمی شیعەكان) بە ڕابەری ئایینی خۆیان لەلایەن یارسانی و عەلەویەكانەوە و كردنی بە سەرچاوەی زۆربەی جەژنەكانیان بەشێكە لەم تەگبیرە خۆ پارێزانەیە.

لە ئێران، كە گەلێ پێكهاتەی ئێرانی نەژادی تری وەكو كوردان خۆیانی تێدا دەژین، زۆربەی جەژنەكانی كوردان لەگەڵ جەژنە دەوڵەتی و نیشتمانیەكان هاوشێوەن، بەم جۆرە گێڕانیان لەناو كورداندا، ناچێتە قاڵبێكی سیاسی جیاوازەوە و نابێتە مایەی لێككەوتن. لەم ڕووەوە، هەر چی عێراقە، نەورۆز كراوە بە جەژنێكی ڕەسمی وڵات.

لە سوریا، كە (حافز ئەسەد)ی عەرەبی عەلەوی سەركۆماریەتی، جەژنی نەورۆزی كوردی شتێكی نەناس نیە، هەرچەندە نەكراوە بە جەژنێكی ڕەسمی. عەرەبە عەلەویەكانیش بەهەمان

شێوەی کوردەکان لە نەورۆزدا ئاهەنگ دەگێڕن، هەرچەندە دەوترێ لە ڕابردوودا کوردەکان لەسەر گێڕانی ئاهەنگی نەورۆز تووشی گیروگرفت بوونە.

لە یەکیەتی سۆڤیەت، هەموو جەژن و ئاهەنگە ناو خۆیی یە ناکۆمونیستیەکان، لەبەر خاتری جەژنە مێژووییە کۆمونیستیەکانی دەوڵەت قەدەغەکرا بوون، جگە لە کوردەکان نەورۆز لای هەموو گەلە مسوڵمانەکانی ئەوێ، هەر لە نەتەوەکانی دەورووبەری ڤۆلگا و پەشکیری و ئازەری و تورکمانەکانەوە بگرە تا دەگەیتە ئۆزبەك و تاجیك و کازاخەکانی ئاسیای ناوەند، پیرۆز و باوە. هەموو ئەم نەتەوانە بە قووڵی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی کەلتووری ئێرانیەوە. بە هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت، ئیتر هیچ ئاستەنگ و کوسپێك لە بەردەم ئاهەنگگێڕان و جەژنە گرتنی ئاشکرا بەبۆنەی جەژنەکانەوە نەبۆ کورد نەبۆ کەسی تر باوەڕ ناکرێ بمێنێ.

لەم بوارەشدا، لە تورکیا دیسانەوە هەر کوردانن کە بۆنەکانیان لێ دەکرێ بە زەهرە مارگەلێ. جەژنی کوردی وەکو نەورۆز و تولدان، دەبن بە بەردەباز بۆ بەرپاکردنی هەڵاو بگرەی گەورەی سیاسی دژ بە دەوڵەت، ئاهەنگگێڕانی چون نەورۆز و هی تر بە بە توندی لەلایەن دەوڵەتەوە نەك هەر قەدەغەکراون، بەڵکو ئەو خوێن گەرمانەی سەرپێچیان لە فەرمانەکانی دەوڵەت کردوە تەقەشیان لێکراوە، بە هەرحاڵ، لەم دواوایی یانەدا حکوومەتی تورکیا ناچار دانی بە ڕێبازی عەلەوی و هەندێ لە جەژنەکانیاندا ناوە وەکو جەژنی حاجی بەکتاشی دانەری ڕێبازی بەکتاشی عەلەوی (بڕوانە مێژووی تازە). نەك هەر ئەمە، بەڵکو ئەنقەرە هەندێ جار سەراسۆیی کردنی ئەم جەژنانەش دەگرێتە ئەستۆ و باوکایەتیشی بۆ دەکا، جەژنە کوردیەکانی تریش قەدەغە ناکرێن، بەڵام تا بکرێ ئاستەنگیان دەخرێتە بەر.

جێی لاکردنەوەیە کە لە نەورۆزی ساڵی ١٩٩١دا ڕادیۆی گشتیی ئەمەریکا پرسیاری لە دانیشتوانی دیاربەکر کرد کە خەریکی ئاهەنگگێڕان بوون. هیچ کەس تەنانەت لە پیرەکانیش لە بارەی مانای نەورۆزەوە، نەیتوانی وەڵامی دروستی بداتەوە، ئەوەی لێدەرچێ کە گشت دەیانزانی جەژنی ساڵی تازەیە بە گوێرەی حیسابی کوردی، کەچی وەکو دەردەکەوت کەس نەیدەزانی ئەم هەموو فۆلکلۆر و داب و نەریتە میللیەی لە نەورۆز دایە چین، تەنانەت دانیشتوانی دیاربەکریش، کە بە پایتەختی کوردستانی تورکیا دادەنرێ. بێ گومان هەرچی

ئۆباڵ هەبێ لەم بارەیەوە دەكەوێتە ئەستۆی حكوومەتی توركیا كە ساڵەهای ساڵە ئەم گەلەی لە ناسینی كەلتووری میللی خۆی بێبەش كردوە، لەم بارەیەوە هەرچەندە سیاسەتی دەوڵەتی سۆڤیەت لە بواری ڕێگەدان بە گەشانەوەی فولكلۆری میللی گەلانی خۆیدا توند بوو، بەلام نەیتوانی ڕەگوڕیشەی لە بن دەركا و ئەوانەی ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی نەورۆزەوە بەشێك بوو لە كەلتووریان، پاش حەفتا ساڵ حوكمی سۆڤیەت، لە ساڵی ١٩٩١دا كەوتنەوە ئاهەنگگێڕان، ئەم حەفتا ساڵی قەدەغەكردنە لە هی توركیا درێژترە لەسەر كوردەكانی باكوور و ڕۆژاوا، لەناو ئەو نەتەوانەدا كە جاران هاووڵاتی سۆڤیەت بوون، كەم كەسی هەبوو نەزانێ مانا و بۆنەی نەورۆز چییە، نهێنی ئەم جیاوازیە لەوانەیە لەوەدابێ، كەوا نەورۆز هەرگیز لای دانیشتوانی باكوور و ڕۆژاوای كوردستان (واتە ئەو ناوچانەی كە دەكەونە باكووری كەرتی كەلتووریی باكوور- باشوورەوە- بڕوانە دابەشكاریە ناوخۆیی یەكان) شتێكی باو نەبوە وەكو ئەوەی لە بەشەكانی تری كوردستاندا هەیە.

گەلێ دابونەریتی تر كە لای كوردەكانی ئێران و عێراق زۆر باون، لای كوردەكانی قووڵایی و دوور دەستی ڕۆژاوا و باكووری كوردستانی توركیا هەر ئاسەواریشیان نیە لەبەر ئەوەش كە ئەم بەشانەی گەلی كورد پێكەوە گەورەترین بەشی گشت كوردان پێكدێنن، مرۆڤ بە پێویستی دەزانێ پرسیارێك لە خۆی بكا، ئایا كام داب و نەریت لەناو كورداندا خۆ جێێن و كامیان نەتەوەیین. بێ ئەوەی گوێ بدەینە بەربڵاوی یان بەرتەسكی ئەو داب و نەریتانە، ئایا ناكرێ بڵێین تولدان كە لەناو كوردەكانی باكوور و ڕۆژاوادا، واتە لەناو زۆربەی گەلی كورددا باوە، لە نەورۆز زیاتر شایستەی دانانە بە جەژنی نەتەوەیی گەلی كورد؟ ڕاستە نەورۆز زۆرتر دەنگی داوەتەوە، بەلام ئایا ئەوە هی ئەوە نیە كە هەوادارانی واتە كوردەكانی ئێران و عێراق لە ئاكامی ڕاپەڕینی میللی زۆرتردا، لەمان دەسترۆ تر و دەم سپیتر بوونە؟

كاریگەریی ڕابردووی نەورۆز لەسەر كوردانی باكوور و ڕۆژاوا بوو بێ یان نا، ئێستا ئەوان وا دیارە كردوویانە بە جەژنی خۆیان، چونكە بۆتە یەكخەرێكی سیاسی بۆ دەربڕینی ئاواتەكانیان.

بەم جۆرە، ساڵ بەساڵ خەڵکێکی زۆرتر (هەندێ جاریش بە توندوتیژییەوە) بەشداری ئاهەنگگێڕان دەکەن نەک بەم بۆنەیەوە، بەڵکو بە گەلێ بۆنەی تریشەوە کە لە مێژەوە لە تورکیا قەدەغە کرابوون.

هەندێ ئاهەنگگێڕان کە سروشتێکی خێزانییان هەیە، لە ئاهەنگە نەتەوەییەکان بەربڵاوتر و گرنگتریشن، لێرەدا، شایی و پرسەکان زۆر بۆنەی گرنگن، شایی لەوانەیە حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بکێشن ئەگەر خاوەنەکەیان دارا بێ، بەڵام لای گوندنشینە دەسکورتەکان هەر ڕۆژێك دەبا، خێزانی بووك و زاوا، دیاری دەدەن بە یەك، پاش حەفتەیەك، بووك و زاوا پێکەوە سەردانی خزمە نزیکەکانی هەردوو لادەکەن، لەم سەردانەدا وەرگرتنی خەڵات و دیاری و تەنانەت دراویش شتێکی باوە.

کە یەکێك دەمرێ دوای سێ ڕۆژ، هەفتەیەك، (٤٠) ڕۆژ، دوایی ساڵێك بەسەر مردنییدا بیرەوەری بۆ دەکرێن، پرسەی ژنان، لەناو هەندێ خێزاندا کە خۆ بە خاوەن جێ و ڕێ دەزانن دەبێ بەکارەساتێکی لە خۆدان، و سنگ کوتان و دەمو چاو ڕنینەوە، بە جۆرێك گەلێ ڕوومەت و ناو چەوان لە خوێندا سوور دەبێ، گەلێك سەریش لە قوڕ دەنێن و دیمەنێك پێکدێنن کە دڵی تەماشاکەر دەتوێنێتەوە، جاك دی مورگانی گەڕیدە و ئاسەوارناسی فەڕەنسی، باسی دیمەنی پرسەیەك دەکا، کە تێیدا سەری مردوەکە دەدرێتە بەر گەڵاکوتك یان تێڵا "تا ئەو شەیتانانەی لێدەرکەون کە تێیدا گیراون"، ئەم کۆنە نەریتە کە جاران لەناو گەلانی تری دراوسێشدا باو بوو، ئێستا لە بەین چوە.

خەتەنەکردنی منداڵانی نێرینە بە ئاهەنگ گێڕانەوە ئەنجام دەدرێ، وەکو نەریتێك، لە کۆتایی هاوین و لە کاتی "کاڵەك گەیین"دا، و ئەو دەمەی منداڵەکە دەبێتە (٥) ساڵە، دەکرێ. لە تاك و شەرای هەندێ ناوچە و بەشێوەیەکی زۆر سنووردار و لەناو پەیڕەوانی " تیرەی فریشتەکاندا" کچانیش سوننەت (میتکەبڕ) دەکرێن، بەڵام هیچ جۆرە ئاهەنگێك بۆ ئەمە ناگێڕێ و ئەگەر بکرێ لەژێر دارێکی پیرۆزدا و زیاتر لە نزیك نزرگەیەکی حەزرەتی خدرەوە (بڕوانە تیرەی فریشتەکان) بەجێ دەگەیەنرێ، ئەم جۆرە خەتەنەکردنەی مێینە، زۆر بە نهێنی و بە ژمارەیەکی یەکجار کەم دەکرێ، و لەلایەن زۆربەی کوردانەوە بەکارێکی دزێو و ناشیرین دادەنرێ چونکە دەکرێ ببێتە مایەی "نەنگی"یەکی زۆر بۆ بکەری، بە گوێرەی زانیارییەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان سوننەتکردنی ئافرەت لە (٢٦) وڵاتی ئەفریقا و تاك و تەرا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا دەکرێ و ئەمە بە گشتی (١٠٠) بلیۆن مێینەی لە هەموو جیهاندا بەر

دەكەوێ، لە بارەی جێگا و كاتی سەرهەڵدان و سەرچاوەی ئەم كارەوە هیچ بەڵگە و زانیاریەك بە دەستەوە نیە.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** Mohammed Mokri, *Les rites magiques dans les fêtes du "Dernier Mercredi de l'Année" en Iran* (Teheran: Teheran University Press, 1963); Mohammed Mokri, "Le Mariage chez les Kurdes," *Revue de la Société d'Ethnographie* (Paris, 1962); Jacques de Morgan, *Relation sommaire d'un voyage en perse et dans le kurdistan* (Paris, 1895); P. G. Messina, "La celebrazione de Tiragan in Adiabene," *Proceedings of the International Congress of the Orientalists* (Rome, 1938).

# شایی و هەڵپەڕكێ

شایی دێرینەی كوردی بەشێكە لە شایی دەست لەناو دەستی بە كۆمەڵ كە لەناو گەلانی دانیشتووی باڵقان تا لوبنان و قەفقاسیا و ئێراندا باوە، بەم جۆرە شاییە دەوترێ گۆڤەند یان گووەند (یان گۆبەند— وەرگێڕ) و بۆ ڕۆژاواییەك كە زیاتر لەگەڵ (دەبكە)ی لوبنانییدا ئاشنایە، دەكرێ بە دەبكە بشوبهێنرێ، شێوەی هەرە باوتری ئەوەیە كە بە ئەڵقەیەكی كراوە دەكرێ و شاییكەرێك یان دوان بە تەنهایی لە ناوەڕاستی ئەڵقەكەدا جۆرە سەمایەك دەكەن... شاییكەرەكان لە شێوەی ئەڵقەی ڕەشبەڵەكدا، واتە ژنێك پیاوێكی لە دەستدا دەبێ، شاییەكە دەگێڕن، زۆر جار دەسماڵی ڕەنگاو ڕەنگیان لە دەستدا دەبێ و بە دەم شاییەوە ڕایدەوەشێنن.

سەرچۆپی كێش، دەسماڵ یان دەسەسڕ بە دەستەوە شاییەكە بەو ئەڵقەیەدا دەگێڕن كە پێكهێنراوە و بە لەراندنی ڕێكوپێك و لەنگاندی لەش، كە زۆر جار بە تاب و گەرمییەكی ئەوتۆوە دەكرێ كە شاییكەرەكان دەخاتە جۆش و خرۆشێكی بێ سنوور.

شاییە بە كۆمەڵەكان دەكرێنە دوو جۆری جیاوازەوە، جۆری یەكەم، كە لە سەرخۆ شل شل و بە نەزم دەكرێ، شاییكەرەكان شان بەشان بە هەنگاوی ڕێكوپێكو و ترپەی لە سەرخۆ بەلام زۆر ورد، كۆتر ئاسا بۆی دەڕۆن، هەندێ جار رووكار دەگۆڕن و ڕوو دەكەنە دواوە یان پێشەوە، بەلام هیچ كات، ئەو ئەڵقە ناسكە ناگۆڕن كە دروستیانكردوە، لە شاییەكەدا چەند كەڕەت ڕوو دەگۆڕن، لە هەندێ شێوەی نەرمە شاییدا، هەر كەسە دەست لە پشت ئەو

کەسەوە لە دەستییدایە بۆ دەستی کەسی سێیەم درێژ دەکاو دەست تێکەڵ دەکەن و شاییەکە دەڕوا، ئەگەر ڕەشبەڵەك بێ، واتە پیاوێك، ژنێك، پیاوێك ژنێك... شتەکە وا دەکەوێتەوە هەر پیاوە لە پشتی ژنەکەی دەستیەوە دەستی ئەو پیاوەی تر دەگرێ کە لە دەستی ژنەکەدایە.

بەم جۆرە هەموو پیاوەکانی ناو شاییەکە دەستی یەکتردەگرن هەروەها ژنەکان، ئەمە، وەکو دەبینین، زۆر لە چنین دەچێ، ڕاستیەکەی هەر شاییەکە خۆی وەکو کردارێکی چنین دێتە بەرچاو.

هەرچی شاییە خێراو بەتاو و تەوژمەکان، شاییکەرەکان دەستی یەکدی شل شل دەگرن تا لەگەڵ ڕەوتی شاییەکەدا گەرم دەبن و نەشئە دەیانگرێ ئینجا لە ئەڵقەکە دەردەچن و بە هەڵقونینەوەی خێرا و سووك و سرك بەم دیوو ئەو دیوی ئەڵقەکەدا هەڵدەبەزنەوە و جارێك ڕوو دەکەنە ناوەندی ئەڵقەکە و جارێکی تر ڕوو دەکەنە سەرچۆپی کێش.

جاری واش هەیە، جووتێ شاییکەر دەکەونە ناوەڕاستی ئەڵقەی شاییەکە و ڕوو دەکەنە یەکدی و بە دەم دەسەسڕ بادانەوە، سەمایەکی تایبەتی دەکەن، جارێك بە ئەژنۆدادێن، ئینجا بە تەوژم ڕاستدەبنەوە و دوا بەدوای یەك، یای ئاسا، ئەم سەمایە دەکەن، ئەم جۆرە سەمایە زۆرتر لای گەلە قەفقاسیەکان باوە، زۆر جار ئەوانی ناوەڕاستی ئەڵقەکە، دەکەونە ئاڵوگۆرکردنی هەنگاوەکانیان و لاسایی چیرۆکێکی خۆشەویستی دەکەنەوە، لە یەکێك لە چیرۆکەکاندا، کەنیشکەکە پشت لە کوڕەکە دەکاو خۆی دەتۆرێنێ.. خۆشەویستییەکەی ڕەتدەکاتەوە کوڕەکە واز ناهێنێ، زێڕ و زیو و خشڵی پێشکەش دەکا، دوایی شمشێرێکی پێشکەش دەکا، ئەم هەر ڕەتیدەکاتەوە، دوا جار، دەسکە گوڵێکی، بۆ درێژ دەکا ئینجا خۆشەویستییەکەی قبووڵ دەکا.. (بڕوانە کەلتووری میللی).

لە کوردستان شێوەی جیاواز جیاوازی شایی هەن، بە گوێرەی بەش و ناوچەکان لێك جیان، بەڵام شایی باکووری ڕۆژاوای کوردستان، واتە هی دیمیلیەکانی دەرسیم لە هەموویان جیاوازە.

لەناو شاییە خێراکاندا، هەیی نار، یاڵە، نیری، دەرسیم، شێخانی، چۆپی و هەڵپەڕکە لە هەموویان بە تەوژمترن. لە چۆپیدا، ئەوانەی لە ناوەڕاستی ئەڵقەکەدا سەمادەکەن جار جارە

دارێکیش دەگرن بە دەستەوە بۆ دروستکردنی هەندێ دەربڕینی گاڵتەجاڕانەی شەڕی دوو کوڕ لەسەر خۆشەویستی کچێك، یان دەربڕینی شەڕێکی ئاسایی لەو شەڕانەی لەناو کۆمەڵگادا باون.

شاییەکان زۆر لەگەڵ لێدانی تەپڵ و زوڕنادا دەکرێن، جارجارە تەموورەشی دەخرێتە سەر، یان لەجیاتی زوڕناکە بەکاردێ (بڕوانە موسیقا).

لە کوردستانی باشوور، زۆر جار شایی لەلایەن گۆرانی بێژی میللیەوە شان بەشانی تەپڵ و زوڕنا دەگێڕێ گۆرانیەکان لە بارەی بابەتە گشتییەکانی ژیانی خەڵکەوە دەچڕرێن.

شاییەکان وا بەرەبەرە دەبنە بابەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەناو کوردەکاندا، لە تورکیا کە بۆ چەندین پشتی یەك لە دوای یەك کەلتووری میللیان بە توندی تەپەسەر یان هەر لە بنی قەدەغەکراوە، یان لە سوریا کە لە ماوەیەکی دوورەوە بەربەستی بۆ دانراوە، کردنی شایی کوردی، واتای شکاندنی یاسا سەختگیرەکان و دەربڕینی ناسنامەی نەتەوەیی دەگەیەنێ، بۆیە مرۆڤ دەبینێ، پێشمەرگەکان بە جلی پێشمەرگەییەوە، هەروەها سیاسەتمەدار و ئەکادیمی و پیشەوەری کورد بە جلوبەرگی ئەوروپاییانەوە، هەموو پێکەوە دەست لەناو دەست، لە بۆنە و جەژنەکاندا، لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان، شایی دەگێڕن و هەمان پەیام بۆ دنیا دەنێرن، ژەنەراڵ مستەفا بارزانی سەرکردەی ئەفسانەواری کورد، هەمیشە ئەوەی لەسەر زار بوو کە "ئەوەی شایی نەزانێ کوردنیە".

لە بەرامبەر ئەمەدا، سەمای کەس کەسی بە خێرایی خەریکە دەبێ بە باو و ئەم گوندە جیهانیە زیاتر گەورە دەبێ و کوردستانیش دەگرێتەوە، نەوەی نوێ لە شارە گەورەکاندا بڕیاری خۆی داوە و ئاهەنگ و جەژنە دێرینەکانی لێدەرچێ، یان لەکاتی زیندووکردنەوەی بۆنەیەکی میللییدا نەبێ، لە سەما و دانسی مۆدێرنی ئەوروپا هیچ جۆرە شاییەکی تر ناکەن.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** T.F. Aristova, "Poyezdka k Kurdam Zakavka'ya," *Sovetskaya Etnografiya* VI (Moscow, 1958).

# شانۆ و فیلمسازی

لە کوردستاندا ڕابردوویەکی باوی شانۆی لادێ هەیە، بە تایبەتی لە کوردستانی باشوور و هەندێ کەرتی کوردستانی ڕۆژاوادا، سامانی لە ڕادە بەدەرەی یاری شانۆ شێوەی ناوخۆیی و چیرۆك و داستان و داب و نەریتی پشتاوپشت دابەزیو کە تا ئێستاش هەر ماون، بوونەتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ ژمارەیەکی زۆری شانۆگەری نووس و ڕوومان نووس و فیلمساز و ئەکتەری ئەم سەردەمە کە تا ئەندازەیەکی بڵند سەرکەوتوون و ئاوازە و ناوبانگی باشیان داوەتەوە (ناوچەرگەی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور دەکەونە خاکی ئێرانەوە).

ئەگەر بە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی ئەم هونەرە لە مێژووی کوردیدا بچینە خوارەوە، دەبێ هەر نەبێ تا سەردەمی هیللەنیستی (سەدەی ٤ – ٢ ی پێش میلاد) شۆڕ بینەوە، لەو سەردەمەدا ژمارەیەکی بەرچاوی شارە – دەوڵەتی گریکی لە چیاکانی زاگرۆس بنیات نران، زۆربەی ئەم شارانە لە هەرێمی کوردستان بوون ئەم گریکانە و هاو شاریەکانیان کە لەڕووی کەلتوورەوە گریکێنرا بوون، هێندەی پێ نەچوو، کەوتنە بووژاندنەوەی دوو بابەتی باوی ڕابواردن بۆ خۆیان: شانۆ و وەرزشگا (جیمنا زیۆم).

ئەم دوو سەرگەرمییە چۆن هاتوونەتە ناو کوردانەوە، زۆر گرنگ نیە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە پاش ماوەیەك شێوەیەکی شانۆی گوندی هاتەکایەوە (لە سەرەتاوە لە کوردستانی باشوور و ڕۆژاوادا)، لە پاڵ مەیدانی پاڵەوانبازی و زۆرانبازی لە ئاوایی و شارەکاندا (لە هەموو کوردستاندا).

هەرچەندێکو ئەم نومایشە شانۆییانە لەڕووی بیرۆکەوە سادە و ساکارن و بۆ پێشکەشکردن ئاسان، بەڵام لەناو خەڵکدا پلە و پایەیەکی بە هەندیان هەیە، لە یەکێك لەو نومایشانەدا کە لە کوردستانی باشوور باون، کابرایەکی ئاشەوان ڕیشی خۆی لە ئارد دەگرێ و دەبێ بە ڕیش سپی ئاوایی و کوڕێکی گەنجیش لەچکی کچێکی ئاواییەکە لەسەر خۆی دەئاڵێنێ و دەوری ئافرەتێك دەبینێ.

تاشە بەردێك دەكرێ بە كالآیەكی بەنرخ، سەرینێك كە بە پەتێك ڕستكراوە لەجیاتی بزن، و ژنێكی قەڵەو كە بە چوار چنگۆڵە دەڕوا و دەبۆڕێنێ، لەجیاتی مانگا... ژنێكی كەم دار و بار سواری پشتی مانگاكە دەبێ و دەوری خاوەن مانگا دەبینێ، هەر كەس لای خۆیەوە كەرەستەیەك دێنێ كە بۆ جێبەجێكردنی نومایشەكە بەكاریێ، كە یەكێك لە ئەكتەرەكان ماندوو دەبێ، یەكێكی تر دێتە جێی و بەم جۆرە تیپەكە خۆشی و سەرگەرمییەكی باش بۆ خەڵكی ئاواییەكە دروستدەكەن و بەوە گەنجەفەیەی سازی دەكەن یارمەتییان دەدەن هەندێ لە خەمەكانی ڕۆژگاریان بدەن بە بادا.

بابەتێكی كولەكە كالآییان پرسان پرسانە، كە نومایشێكی دووكەسییە، لە یەكێكیاندا، یەكێ لە دوو ئەكتەرەكە خۆی لە پشت ئەوەی ترەوە دەشارێتەوە و دەستی لەژێر دەستی ئەوەوە دەردەكا، لە كاتێكدا ئەكتەری پێشەوە هەردوو دەستی دەخاتە پشتی خۆی، ئینجا ئەكتەری، پێشەوە دەكەوێتە گێڕانەوەی چیرۆكێك، هەرچی دووەمە دەستەكانی دەكەوێتە جۆرە ئیشارەتێك كە بۆ زیاتر دەرخستنی ڕووداوەكانی چیرۆكەكە سوود بەخشن و هەموو دیمەنەكە پێكەوە دەبێتە مایەی شادی بینەران.

لە نومایشێكی تری دوو ئەكتەرەدا، كە نومایشێكی بێدەنگە، هەر دوو ئەكتەرەكە دەكەونە لێدانی یەكتر لێدانێكی یەكجار چاك، دوایی هەموو گوێبەندەكە بە ئەندەرزێكی ئەخلاقی كۆتایی دێت.

هەروەها، هەندێ نومایشی تر هەن، كە گفتوگۆكانیان بەشێوەی شیعری ئەنجام دەدرێن بۆیە ئەكتەرەكان دەبێ پێشەكی لەبەریان كەن.

لە هەندێ نومایشی تردا، ئەكتەرەكان لەگەڵ خۆیاندا بووكە دارینە بەكاردێنن، بەم جۆرە، تێلایەك دێنن یان لە قوڵی بەرگەوە، یان لە دەلینگەوە دەری دەكەن و لە پشتەوە دەیجووڵێننەوە، ئەم جۆرە نومایشانە، هەروەها ئەوانەی كە گفتوگۆكانیان بە شیعر ئەنجام دەدرێن كەمتر ساز دەدرێن چونكە خۆئامادەكردنێكی باشیان لەلایەن ئەكتەرەكانەوە گەرەكە و زیرەكییەكی زۆریشی لەلایەن بینەرانەوە.

ئەم نومایشانە لە پەنای لایەنە سەر گەرمكەرەكەیانەوە، لایەنێكی ئابووریشیان تێدایە بۆ ئەو گوند نشینانەی كە وەرزێرپیشە نین وەكو پاسەوان و سەرتاش و حەمامچی ئەگەر هەبن.

پـایزان لـە کۆتـایی وەرزی درەودا، نومایـشێك دەگێـڕن لـە بـەرایی ئاواییـدا، ئەکتـەرەکان لـە دەرگـای دەرەوەی ماڵێکـەوە دەردەکـەون، ئـەوان ژن و پیـاوێکن و لـەنێوان خۆیانـدا لەسـەر خەرجی ماڵ لێیـان دەبـێ بـە دەمـەقاڵ، کەسانێکی تـر رۆڵی منداڵـەکانیان و ناوبژیکـەری تـر دەبینن... هەر برە پارەیەك لە خەڵکەکەوە دەست کەوێ، لەبری بـار و بـووری زسـتانە دەدرێ بە ئەکتەرەکان.

نومایشنامەی کۆسەکاڵی زۆرتر لە کوردستانی باکوور و رۆژاوای کوردسـتان بـاوترە وەکـو کوردستانی باشوور، لەوێ لە هەموو جۆرەکانی دیکـە بڵاوتـرە. ئـەوی راسـت بـێ لـە سـەدەی شانزەیەمەوە لە ئەناتۆلیا تورك زمانەکان ئەم جۆرە نومایـشانەیان بـە زۆری دەکـرد، بـە نـاوی قەرە گوێز (چاو رەش)ەوە، لە بارەی ئەسڵی ئەم هونەرەوە سەرچاوەیەك بـە دەسـتەوە نیـە، هیچ بەوەش ناچێ میسری بێ، چونکە میـسریەکان خۆشیان جـۆرێکی تـری ئـەم هونـەرەیان هەیـە و هــەر نـاوە تورکیەکەشـی لێـدەنێن، لـە هەنـدێ نووسـینی ئەفلاتوونـدا بەشـێوەی ناراستەوخۆ، باسکراوە، بەڵام ئەمە هیچ پەیوەندی بە رەگو ریشەی ئەو هونەرەوە نیە.

ئەم نومایشنامە خۆولاتییە کوردیانە بـە تـەواوەتی لـە نومایـشنامە ئایینیـەکانی شیعەکان جیان کە لە ئێران و عێراق و لـەناو کۆمـەڵگای بـچووکی کـوردی شـیعەدا ئـەنجام دەدرێـن، بـە هەرحاڵ، لەناو کۆمەڵگای تری کورددا، نومایشنامەی ئایینی نیە.

وێ دەچـێ نومایـشگەریی لادێ، هـاو کـووفێکی سرووشـتی جـۆرە سـەر گەرمییـەکی تـری کوردان بێ، واتە حیکایەتخوانی گەڕۆك و داستانبێژی، (بروانە مووزیك).

زۆر سرووشتیە کە ئەم خەرمانە گەورەیەی سامانی هونـەری دێرینـەی شانۆسـازی کـوردی بووبێتە مایەی دروستبوونی خەرمانێکی گـەورەتری ئـەدەبیاتی نـوێ و کۆڵینـەوە لـەو سـامانە هونەرییە دێرینەیە، بـەڵام ئـەم سـامانە لـە ئـەدەبیاتی رۆژاوادا هێـشتا سـەری لێنـەدراوە و بـە بیروڕای من ماوەیەکی گەرەکە تا لێکۆڵینەوە لە بارەیـەوە بـە زمانـە بێگانـەکانیش بکرێ. بـە هەرحاڵ، کارێکی زۆر لەسەر نومایشسازیی دێرینی کـوردەوە بـە کـوردی و بـە زمـانی گـەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کراوە، هەندێ لەو کارانە کە لـەم دوا دوایییـەدا کەوتۆتـە ناوانـەوە ئەوانـەی عـەلی ئەشـرەف دەروێـشیان کـە خـۆی رۆمـاننووس و شـانۆگەری نـووس و چـیرۆکی منـداڵان نووسە، ئەو سامانێکی باشی لە چیرۆکی نومایشنامەی شانۆیی لادێی کۆکردۆتـەوە، لـە جزمـی

دووەمی كارەكەیدا كە ناوی ناوە "ئەفسانەو بابەتی شانۆگەری و گەمەی كوردان"- ١٩٩٨-، دەروێشیان باسی پلانی نومایشكردنی گەلێ لە شانۆگەریەكان دەكا و لە بارەی ئامادەكردن و دەرهێنان و خستنە سەر شانۆیانەوە دەدوێ.

لەم ڕابردووە خۆماڵییەوە پیاو دەتوانێ باسی ئەو بیرۆكە خۆییە كوردیانە بكا كە بوون بە بنەما بۆ بەرهەمهێنانی دوان لە باشترین و بەناوبانگترین فیلمی سینەمایی لە توركیا و ئێران. "شوەكەی غەزال خانم" كە لەسەر چیرۆكێكی عەلی محەممەدی ئەفغانی (كە چیرۆكنووسێكی كرماشانییە) دانراوە، باسی ژیانی ژنێكی كورد دەكا كە مێردەكەی ژنێكی تری بەسەرهێناوە، كارەكە ساڵی ١٩٦١ هەموو ناوەندە ئەدەبییەكانی ئێرانی هەژاند و گەورەترین تیراژی فرۆشتنی بڕی لە وڵاتەكەدا لایەنی شانۆیی چیرۆكەكە بە ئاسانی كردی بەكاری شانۆیی و تەلەفزیۆنی و سەرەنجام بوو بە كەرەستەی فیلمێكی سینەمایی سەركەوتووش، دووەم، فیلمی سینەمایی "یۆل"ە كە بە كوردی واتە "ڕێگا" و لەلایەن فیلمسازی كوردی ئەناتۆلیا، "یلماز گونەی"یەوە دەرهێنراوە و سازدراوە، ئەم فیلمە باسی دەرەنجامە خراپەكانی ئابوورییەكی شڵەژاو و كۆمەڵگایەكی دواكەوتوو لەسەر پەیوەندی خەڵكانی ئاسایی ناو كۆمەڵگا دەكا، بە ناوەندەكانی ژنانو ڕەوشە كۆمەڵایەتیەكانیشەوە لە كوردستاندا، لە كاتێكدا وڵاتەكە هەنگاو بۆ ناو جیهانی نوێ دەنێ.. ئەم بەرهەمەی گونەی چەندین خەڵاتی نێودەوڵەتی وەرگرت و لەلایەن سەنعاتكارانی فیلمسازی جیهانەوە بە شاكارێك دانرا، لە كاتێكدا گونەی خۆی لە زیندانەكانی توركیادا ماوەی زیندانیی دەبردە سەر.

سەرەڕای توانای بەرزی هەردووكیان، ئەفغانی و گونەی بیرۆكەی زۆر ناسكی كوردی بەكاردێنن لە كارەكانیاندا و لەم ڕووەوە دەتوانرێ ناوی "كوردەواری"یان بدرێتێ. ئەوان مەگەر بە دەگمەن ئەگینا هەرگیز كەسایەتیەكان یان ڕووداوەكانیان لە چوارچێوە و سرووشتە كوردیەكانیان جیا ناكەنەوە و لە ڕەنگوبۆ و بەرامەی كوردانەیان دوور ناخەنەوە. ئەم خەسیەتە لە هەموو كارەكانی تری كورداندا لە شوێنەكانی تری كوردستاندا ئەوها باو نیە.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:-

**Further Readings and Bibliography:** Valuable biographies of some Kurdish playwrights and film directors living overseas are found in Robin Schneider, ed., *Kurden im Exil: Ein Handbuch kurdischer Kultur, Politik und Wissenschaft* (Berlin: Berliner Institut für Vergleichende Sozialforschung, dem Haus der Kulturen der Welt und medico international, 1991), section 2; see also Ali-Ashraf Dervishiân, *Kurdish Fables, Theatrical Plays, and Games* (Teheran: Nashr-i Ruz Publisher, 1988), text in Kurdish and Persian.

# نەخش و نیگار ودیزاین

قۆناغی حەلەف (٦٠٠٠–٥٠٠٠ پێش میلاد) کۆنترین گەی مێژووە کە هەندێ بەڵگەی ئارکیۆلۆجی لێوە بچکێ لەسەر هونەری کوردی و بوونی قوتابخانەیەکی تایبەتی هونەر لە کوردستاندا.. بە چاو خشاندن بەو بەڵگانەدا، مرۆڤ یەکاویەك بە سەر یەکیەتیەکی هونەریی زەق و ئاشکرادا دەکەوێ، ئەویش لەو وێنە و نەخش (نیگارا)نەدا کە لەسەر دەفر و گڵێنەی دەسکردی ئەو گەلانە هەڵکەنراون کە لەو سەرزەمینەدا نیشتەجێ بوون. سەرزەمینێك کە هەر لە زنجیرە چیای ئەمانۆسی سەر دەریای سپی ناوەڕاستەوە دەگرێتەخۆ تا دەگەیتە کەلاوە و کەیلەکانی عەلی کوش لە باشووری کوردستان. سنوورەکانی لای باشووری کەلتووری حەلەف لەگەڵ کۆتایی سنوورەکانی کوردستان لە پێدەشتەکاندا تەواو دەبێ، بەڵام سنوورەکانی باکووری ئەم کەلتوورە، لەبەر کەمی کەندەکاری و تۆژینەوەی ئارکیۆلۆجی، بە باشی نەزانراوە لە کوێ دەوەستنەوە. ئەم کەمی کەندەکاری و تۆژینەوەیەش، لەبەر ئەوەیە ئەو سنوورانە باکوور و باکووری ڕۆژاوای کوردستانی تورکیا دەگرنەوە و خاوەنی هەڵکەوتەیەکی ستراتیژی یەکجار گرنگن لە سیاسەتی تورکیادا (بڕوانە نەخشەی ژمارە ١٢). ئاستی یەکیەتی هونەریی ڕاستەقینە لەناو ئەو خەڵکەدا کە کەلتووری حەلەف دەیانگرێتەوە، بەڵگەی زیندوون لەسەر ئەو ڕاستیەی کەوا ئەو خەڵکە یەکیەتی ئەتنی کۆی کردوونەتەوە.( Roaf 1991، 51)

کەلتووری حەلەف، زۆرتر بە دەوڵەمەندی لە گڵێنە و ئامانی بە نەخشونیگاری ڕەنگاوڕەنگ ڕازاوە ناوبانگی دەرکردووە، کە لەناو کوورەی جووت – تەنووردا سوورکراونەتەوە، هەروەها لە زۆربەیاندا وێنەی گوڵی کێوی دەردەکەوێ، ئەوەی زیاتر مایەی سەرسووڕمانە ئەوەیە کە تا ئەمڕۆ ئەم نموونانەی کەلتووری حەلەف لەناو کورداندا هەر باون و لەسەر بابەتی چنراوی کوردەواری بە زەقی خۆیان دەردەخەن (Mullart 1975).

هەر لەبەر نەخشونیگارە ناسراوەکانی و پەیداکردنی ئاشنایی باش لەگەڵ ئەو وەستاکارییەی تێدا بە خەرج دراوە گڵێنەی سەردەمی حەلەف بە ئاسانی دەناسرێنەوە، هەر لەبەر ئەم هۆیە خۆی، لە گەلێ شوێن و شوێنەواری دەرەوەی سنووری خۆیدا بە سانایی

جیاکراونەتەوە و دەکرێنەوە و ئەمەش ئەو ئاڵوگۆڕە بازرگانییە چالاکە دەردەخا کە لەنێوان کوردستان و دەرەوەیدا لەو سەردەمانەدا هەبووە، ئەم ئاڵوگۆڕە بنەڕەتی هەرە بە هێزی ئابووری کوردستان بوو تا سەرەتای سەدەی (١٦)ی پاش میلادیش (بڕوانە بازرگانی).

دوابەدوای کەلتووری حەلەف، قۆناغی حوری لە مێژووی کەلتووری کورددا دەست پێدەکا، ئەم قۆناغە لە دەوروبەری (٣٠٠٠)ی پێش میلادەوە دەستی پێکردەوە و تا هاتنی کۆچکردووە هیند و ئەوروپییەکان بۆ کوردستان و ئاریائیزە بوونی کۆمەڵگا و کەلتووری کوردەواری لە دەوروبەری ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش میلاددا (بڕوانە کۆچکردنە مێژووییەکان) نەکوژاوەتەوە، قۆناغی کەلتووری حورییەکان، مۆرکی زۆر ئاشکرای ئاڵوگۆڕکردنیان لەگەڵ گەلانی دراوسێدا پێوەیە هەروەها بەڵگەی کڕین و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕکردنێکی چالاکی کاڵا و شمەك و ئەندێشە لەنێوان گەلانی کوردستان و مێزۆپۆتامیا و ئێران و ئەولاتریش (Mellink1966)، دەسکردەکانی دەورەی کۆتایی سەردەمی حۆری کە لە شوێنە ئارکیۆلۆجیەکانی زێویە و حەسەنلو دۆزراونەتەوە مۆرکی قۆناغی ڕاگواستنەوەی ئەم سەردەمە بەرەو سەردەمی کەلتووری ئاریایی یان پێوەیە کە تا ئێستا لە کوردستاندا بەردەوامە.

ئەو دەستکردانەی کە لە ئاوایی زێویەی کوردستانی ڕۆژهەڵات (کۆنە شاری ئیزیدایی سەردەمی مانیەکان) دۆزراونەتەوە، هەندێ لە نەخشونیگاری یەکجار سرنجکێشی دانیشتوانی کوردی زۆر کۆنیان پێوەیە، ئەو شتە بەنرخانەی ئەوێ کە تا ئێستا لای گەلەری شتە ئەنتیکەکانی جیهان بە "گەنجینەی زێویە" بەناوبانگن، هێشتاکەش بەنرخی خەیاڵی دەستا و دەست دەکەن. ئەم شتانە، نەك تەنها ئەڵقەی پێکەوە گریدەری زەمانیی نێوان هونەری نەخشونیگارکێشی نوێی کورد و حەلەف دەردەخەن، بەڵکو ئاوێنەی ساف و بێگەردن بۆ نیشاندانی هونەری نەخشکاریی ئایینی و ئەفسانەواری کوردیش (بڕوانە Godard ١٩٥٠ ).

لە پەنای گەنجینەی زێویەدا، گەنجینەیەکی پڕ بەهای دیکەی شارێکی سەردەمی مانیان هەیە لە حەسەنلوو (لە ڕۆژهەڵاتی شنۆ و باکووری زێویە) ئەم شارەش هەر هی دەوروبەری ئەو سەردەمەیە (سەدەی نۆیەمی پێش میلاد).

ئەو بابەتانەش کە تێیدا دۆزراونەتەوە، بەڵگەی یەکجار بەهێزن لەسەر شێواز و سرووشتی هونەری و کەلتووری ئەو سەرزەمینە (Dyson And Voigt1989).

لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ هەر تەنها پشت بە گلێنەی کۆن ببەستین بۆ ساخکردنەوەی ئەم پەیوەندی و بەردەوامیە، ئەو خاڵبەندی و نەخشونیگارکێشیەی کە لە سەردەمی ئێستاماندا لەسەر لەش دەکرێ لەوانەیە بە تەواوەتی بۆ مەبەستێکی جیاواز بکرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا، بەڵگەی زیندوون بۆ ئەوەی نەخشکاری لەناو کورددا بابەتێکی دێرینەیە. پیاو دەتوانێ بە ئاسانی پەنجە بخاتە سەر ئەو ڕاستیەی کەوایە کەم دەربڕینی خۆ ڕازاندنەوە لەلایەن مرۆڤەوە بە خۆنەخشاندن و خۆ ڕەنگکردن دەستی پێکردووە، ئەم کارە دوایی بابەتی ئەفسانەدار و لە سرووشتیە دەریشی چووتە سەر. هەر لەبەر ئەم هۆیە خۆیەتی کەوا لەش ڕەنگاندن ئێستا باوێکی وای نەماوە و جێگەی بۆ خاڵکێشانی لەش چۆلکردووە کە چوونەوەیان نیە و لای هەموو گەلانی جیهانیش کارێکی گشتکردەیە.

ژن و پیاوی کورد هەمیشە خاڵکوتانیان (کوترایی) لا باو بووە و تا ئێستاش، هەرچەندە بە ئەندازەیەکی کەمتر، هەر لایان باوە، هەندێ پەیکەری پاشماوەی کەلتووری حەلەف تا ئێستاکەش نیشانەی خاڵی کوتراوی سەر ڕوو و سنگیان هەر پێوەیە.

ئەمە دەکرێ وەکو نیشانە بەرزیەکی لەش دابنرێ (Von Opponhein 1931 Field 1958).

زۆربەی خاڵ کوتانەکان، ئەگەر گشتیان نەبێ، ئێستا بە ئامانجی کاریگەریی ئەفسانەوارایان لەسەر پەڕاندنی نەخۆشی دەکرێن، هەندێ کەس باوەڕیان وایە خاڵکوتان نەخۆشی سووك دەکا بۆیە خەڵکێکی کەمتر بە مەبەستی خۆ ڕازاندنەوە و جوانکاری خۆیان دەکوتن (24،Field 1958).

سەرەنجام هەر نەخشێکی کوتراو لە شتێکی پیرۆز پێکدێ و ئەگەر بشێوێنرێ، پیرۆزییەکەی نامێنێ، ئەم خاڵ و نیشانانە بایەخی کەلتووری و کەلەپووری خۆیان هەیە و پاشماوەی "زیندوو"ی نەخشی کۆنن و بەو شێوەیە تا ئەمڕۆکە پارێزراون.

گەلێ شێوەی خاڵکێشان و نەخشونیگاری کوتراو ئەو بۆچوونە دەردەخەن و باسی پەیوەندی نێوان خۆیان و نەخشونیگاری تر دەکەن کە بۆ مەبەستی دیکەی ئایینی یان دنیایی بەکارهێنراون، ئەو نەخشی شانەو ڕۆژ و حەوت ئەستێرەیە کە ژنان دەیکوتن، بۆ نموونە، وان

بە دیوارەکانی ئارامگای شێخ ئادییەوە لە لالشی شوێنەواری پیرۆزی یەزیدیان (بڕوانە یەزیدیایەتی).

وێنەی کیسەڵیش، کە سیمبولی تەمەن درێژیەو ئاماژەیەکە بۆ خدری زیندە (بڕوانە یارسانیەت). بەزۆری و لە شێوەی جۆراوجۆردا لە سەنعەتی "میناخانی"دا دەردەکەوێ کە هونەرێکی دێرینەی کوردییە. هەروەها، ئەو سیمبولبەندیەی وێنەی سەگ و ئەژدەها و خەرمانەی ڕۆژ پێکەوە کە لەلایەن ژنانی یەزیدیەوە بەکاردێ، هەمان سیمبولبەندیە کە لە پەیکەرە ئایینییەکانی میثراییە کۆنەکاندا بەکار دێنرا (میثراسی خواوەندەڕۆژ گای ئاسمان دەکوژێ و لە خوێنی گاکەوە مارێك و سەگێك دروست دەبن کە هەردووك سیمبولی هێزەکانی چاکە و خراپەن).

نەخشونیگاربەندیە کوردیەکان دوو جۆری لێك جیاواز پێکدێنن:

١– جۆرێك کە هیچ شێوە پەیوەندییەکی بە شکلی سرووشت تەبارەوە نیە (واتە شکلی ئەندازیاریەکان).

٢– جۆرێکی دیکە کەشتی سرووشت تەبار بۆ دەربڕینەکانی خۆیان بەکاردێنن و دوایی بەم شێوە و بەو شێوە لێکیان دەدەن تا سەرەنجام لە وێنەیەکی تەبادا دەریان دەخەن، دەست ڕەنگینانی ژن و پیاوی لادێ ئەم دوو شێوەیە جیاجیا، یان پێکەوە بۆ مەبەستەکانی خۆیان وەستایانە بەکاردێنن، هەرچی سەنعەتکارانی شارنشینن زیاتر بەلای جیاکارییدا دەچن لەم دوو شێوەیەدا، بۆیە گەر سەیری مافوور یان بەڕەیەکی دەسکردی شارنشینان بکەین، دەبینین نەخشی زیندەوەرو گوڵی لە شێوەی ڕاستیاندا بەکارهێناوە، کەچی هەمان شت گەر بەرهەمی دەستی گوندنشینێك بێ دەبینین پڕە لە تێکەڵەی نەخشی ئەفسانەوار و سرووشتی زۆرجار بە شێوەیەکی ئاڵۆز.

ئەمڕۆ، دەسکردی کوردی لە هەردوو شێوەدا، دەتوانرێ بە ئاسانی لە دەسکردی گەلانی تر جیا بکرێتەوە، بە تایبەتی لە بواری بەڕەدا، لە کاتێکدا کۆنیی ئەم پارچانە دەکرێ لە ڕەنگ و ڕیشە خۆ جێیەکانیانەوە بزانرێ، بەڵام ئەگەر هەمان بابەت لە دەرەوەی کوردستاندا بێنرێن، ئەوا هەر دەچنەوە سەر دروستکەرە دێرینەکانیان و ئەوە دەستمان دەگرێ و چیرۆکە تاڵ و سوێرەکانی کۆچکردنە مێژووییەکانمان بە گوێدا دەدا. نەك هەر ئەمە، ئاراستەی ڕێگاوبانەکانی سەردەمانی دێرینیشمان بۆ دەردەخا، وەکو ئەوەی لە کەلتووری حەلەفدا هاتووە.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: Robert Dyson and Mary Voigt, eds., "East of Assyria: The Highland Settlement of Hasanlu," *Expedition* 31:2-3 (1989); I.J. Winter, "Perspective on the 'Local Style' of Hasanlu: A Study in Perspective," in L.D. Levine and T.C. Young, eds., *Mountains and Lowlands: Essays in the Archaeology of Greater Mesopotamia*, vol. 7 (Malibu, California: Bibliotheca Mesopotamica, 1977); James Mellaart, *The Neolithic of the Near East* (New York: Scribner, 1975); André Godard, *Le Trésor de Ziwiyè, (Kurdistan)* (Haarlem: Publications du service archéologique de l'Iran, 1950); Edith Porada, "Of Deer, Bells and Pomegranates," *Iranica Antiqua* vii (1967); Edith Porada, "The Hasanlu Bowl," *Expedition* 1.3 (1959); M.J. Mellink, "The Hasanlu Bowl in Anatolian Perspective," *Irancia Antiqua* VI (1966); M.J. Mellink, "Hurriter Kunst," *Realexikon der Assyriologie* 514 (1972-75); Pierre Amiet, "Un vase rituel iranien," *Syria* XLII (1965); R.H. Dyson, "Problems of Protohistoric Iran as seen from Hasanlu," *Journal of Near Eastern Studies* 24 (1965); P. Amandry, "A propos du trésor de Ziwiyé," *Iranica Antiqua* VI (1966); Edith Porada, "A Fragment of a Gold Applique from Ziwiye and some Remarks on the Artistic Traditions of Armenia and Iran during the Early First Millennium BC," *Journal of Near Eastern Studies* 19 (1960); C.K. Wilkinson, "Treasures from the Mannean Land," *Bulletin of the Metropolitan Museum of Art* (New York, April 1963); R.D. Barnett, "Median Art," *Iranica Antiqua* II.1 (1962); A.D.H. Bivar, "A Hoard of Ingot-Currency of the Median Period from Nush-i Jan, near Malayir," *Iran* IX (1971); P.R.S. Moorey, "A Note on Pre-Achaemenid Standard-Tops from Western Iran," *Iran* XV (1977); Henry Field, *Body-Marking in Southwestern Asia* (Cambridge, Massachusetts: Peabody Museum, 1958); Max von Oppenheim, *Der Tell Halaf* (Leipzig, 1931); Michael Roaf, *Cultural Atlas of Mesopotamia and the Ancient Near East* (New York: Equinox-Oxford, 1990); O.W. Muscarella, "Comments on the Urkish Lion Pegs," in G. Buccellati and M. Kelly-Buccellati, eds., *Mozan I: The Soundings of the First Two Seasons*, vol. 20 (Malibu, California: Bibliotheca Mesopotamica, Undena, 1988).

# ڕایەخ و تەون و جۆلاکاری

دەرکەوتنی ڕایەخ لە تۆماریەندیەکانی ڕۆژەلاتی ناوەندی کۆندا، هاوکاتە لەگەلّ گەیشتنی ئاریایی و هۆزە هیند و ئەورووپی زمانەکانی دیکەدا، وەکو میتانی و میدیایی و حیثیەکان. وادیارە ئەم کۆچەرانە کە لە هەردە ساردەکانی یۆراسیای باکوورەوە هاتبوون هونەری تەونیان (بە تایبەتی جۆری کۆلّکن) هێناوەتە کوردستان و ئەو جێ دوورانەی ترەوە کە لێی نیشتنەوە (بڕوانە کۆچکاریە مێژووییەکان).

کۆنترین بەلگەی ڕاست لەسەر بەرەی کولّکن، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەیەمی پێش میلاد و لە ئەلّەچە حویوق کە کۆنە شوێنەوارێکی حیثیە لە ئەناتۆلیای ناوەند دۆزراونەتەوە، هەروەها لە نەخشێکی سەر دیواری سەردەمی ئەمن حۆتەپی چوارەم (ئەخناتوون) و شا ژنەکەی کە ئاری نەژادێکی میتانی بووە و ناوی نەفەرتیتی بووە (دەوروبەری ۱۳٦۹ – ۵۳ پێش میلاد). بە هەرحالّ، بەکاریی بەلگەکان لەسەر بەرەی کولّکن لە "میلەرەش"ەکەی

شەلمان نەسەری پادشای ئاشووریەوە (دەورووبەری ٨٥٨ – ٨٢٤ پێش میلاد) دەست پێ دەكا. بەو میلەوە وێنەی هەندێ دیاری و خەڵاتی بەڕەی كولكن نیشاندراوە كە (دوانیان لەبەر گرانبیداریان دراوەتە ژێر و بە شانی دوو زەلام هەلگیراون) و ڕیشووەكانیان (زۆربەی بەڕە كولكنەكان ڕیشوودارن) بەمسەر و ئەوسەریانەوە شۆڕ بوونەتەوە. ئەو دوو زەلامەی كە دارەكانیان بەسەر شانەوەیە، بە بەرگەكانی بەریان ناسراون كە لە دانیشتوانی باكووری ڕۆژاوای ئاشوورستان واتە كوردستانی ڕۆژاوان، بە وشەیەكی تر ئەو شوێنەی كە بەر لەوە پادشانشینی میتانیەكان بووە (بڕوانە مێژووی هەرە كۆن).

بیرۆكەی نەخشكاری و بنەوانی هونەریی ئەو بەڕانەی كە هێنرابوونە بازاڕەكانی ئاشوورستانەوە دەتوانرێ لەو كار و نەخشسازیانەی بەرد نەخشێنە خۆلاتیەكانەوە بناسرێنەوە كە بۆ نەخشاندنی ئۆدە و كۆتك و سەراكان هەلّیان بژاردوون. زۆربەی ئەو "فەرشە بەردینانە" كە هێشتا ماون نەخشونیگاری ئەوتۆیان لەسەر كراوە و كە زۆر لە نەخشونیگارە سەردەمییە كوردیەكان دەچن وەكو چوارگۆشەی گولزار، گەواهێرات، دوینە كیسەل و قرژاڵ، لەڕووی دیزایینی گشتیەوە میناخانی، چوار سووچ، پیرگوڵ و ڕەقە ئاوێتە، زۆرتر باون (Akasheh١٩٩٢).

لە هەموو دیزاینە سەردەمییەكانی بەڕەی كوردییدا، لەم تۆماربەندیە كۆنینەیەی ئاشووریاندا، تەنیا جۆری "ماسی ئاوێتە" دەرناكەوێ. لە خوارەوە، باسێكی دوور و درێژی ئەم ستێل و وێنانە دەكرێ.

هەرچی بەرهەمی جۆلاییە لە كوردستان، واتە سیپاڵ چنی، ئەوا جیاواز لە بەڕەی كولكن مێژوویەكی تۆمار بەندكراوی هەیە. كۆنترین بەلگە لە بارەی چنینەوە بە مانای سەردەمانەی، واتە كوتاڵی هێڵ هێڵ، لە نەخشی سەر هەندێ خشتی سەردەمی (چەرخی بەردینی نوێ) (Aceramic Neoulithic) (8500 – 7000)ی پێش میلاد كە لە شارە شوێنەواری چەرمووی نزیكی سولەیمانی ئێستا لە كوردستانی ناوەند دۆزراوەتەوە (Roaf 1990:28) ئەمانە، ئەوی ڕاست بێ، مێژینەترین بەلگەی سیپاڵ چنینن بە مانای سەردەمانەی كە لە هەر شوێنێكی تری سەر ڕووی زەمین كەوتبنە دەست، دیمەنی تازە شێوەی ئەو بابەتانە بە هەرحاڵ، وامان پێدەڵێن كە بەر لەمان شێوەی تریش هەبوونە وەلێ هێشتا نەدۆزراونەتەوە..

لە بەرامبەر ئەمەدا، بەم دواییيە بەڵگەيەك كە، لەسەر سەنعەتی چنین لە ئەشكەوتی نەحال حیمار لە ئیسرائیل دۆزرایەوە (كە هاوچاخە لەگەڵ چەرموودا)، بریتییە لە جۆرە loولدانێكی پۆكان بە دەوری تانەكاندا واتە هەمان ئەو تەكنیكەی كە بە گرێچن ناسراوە.

سەنعەتی چنین لە كوردستاندا تا سەدە مێژووییەكان بەردەوام بووە و لە سەدەی دەیەمی پێش میلادەوە بەرهەمەكانی وەكو دیاریی شاهانەی نایاب پێشكەش بە كۆشكی پادشاهانەی ئاشووری كراوە، پیشەی تەنك چنی تا كۆتایی سەدە ناوەندەكان (سەدەی پانزەیەم) هەر بەردەوام بووە.

ماركۆ پۆلۆ لە نووسینەكانیدا لە بارەی ئەو ناوچەیەوە كە دەكەوێتە نێوان مووش و ماردین و مووسڵەوە (كوردستانی ڕۆژاوا)، دەڵێ: "ئەمە ئەو مەڵبەندەیە كە "لۆكەی زۆر بەچڕی تێدا دەكرێ، و لە بەرهەمەكەی جۆرە قوماشێكی نایاب دروست دەكرێ كە پێی دەوترێ "بوكاسینی" لە پاڵ گەلێ جۆری تردا" (Travels I.Vi).

لەو پەڕی كوردستان، لە ڕۆژاوا، ماركۆپۆلۆ دیسانەوە باسی بازاڕەكانی قەیسەری (سیزاریا) و سیواس (سیباستیا) دەكا و دەڵێ "باشترین و جوانترین مافووری جیهان دێنرێتە ئەم بازاڕانەوە، هەروەها پارچەی ئاوریشمینی مەخمەڵ و ڕەنگینی تریش لەم بازاڕانەدا دەستا و دەست دەكەن".

حەوت سەدە لەوەدوا، واتە لە سەدەی نۆزدەیەمدا، نەبیووری ئاسەوارناس، لە باسی هەمان ناوچەی كوردستاندا، باسی پیشەسازی لۆكە و كەتان دەكا و ئاماژە بۆ "جۆرە ئاوریشمێك دەكا كە كەژ یان كێژی پێ دەڵێن و لەسەر داران دەڕزێ" (voyage 11-268) لە بارەی ئەو پارچە چنراوانەوە كە دێنرێتە بازاڕەكانی مووسڵەوە، ماركۆپۆلۆ دەڵێ:

"مووسڵ و مووسڵین جۆرە قوماشێكی لووكەیە و ناوەكەی لەو شوێنەوە وەرگرتووە كە تێیدا دروستكراوە".

ئەو بە وشەی مووسڵین، مەبەستی" هەموو ئەو بەرگە زێڕین و ئاوریشمینانەیە، كە ئێمە پێی دەڵێین موسڵین.."

بەگوێرەی دابێك كە تا ئێستاش هەر بەردەوامە لەنێوان بازرگانە ڕۆژاواییەكاندا، بە تایبەتی ئەوانەی سەوداكاری مافوورات و بەڕەجات دەكەن، ماركۆپۆلۆش هەر بەرهەمێك دەكا

بەهی ئەو شارەی لێی خراوەتە بازاڕەوە، نەك ئەوەی لێی دروستكراوە، بەم پێیە، كاتێك باسی ئەو بابەتە بازرگانیانە دەكا كە لە دوكانەكانی مووسڵی سەردەمەكانی ناوەند دەكا دەڵێ: "هەموو دەسكردی مووسڵن" كە وای وت، دەبێ قسەكانی خۆی و ئەوانەی نەیبووریش، بەسبن بۆ ئەوەی بزانین مەڵبەندی دروستكردنی ئەم ماڵە دەستچنانە نەك تەنها ناوچە كوردنشینەكانی دەوروبەری شاری فرەڕەگەزی مووسڵن، بەڵكو هی كوردستانی باكوور و ڕۆژاوا تەنانەت ناوەندیشن. لەسەردەمە دوا دواییەكانی سەدەكانی ناوەنددا، مووسڵ یەكێك بوو لە مەڵبەندە بازرگانیەكانی ڕۆژهەڵات، و ئەتوانرێ بوترێ گەورەترین سەنتەری ئاڵوگۆڕكردنی كاڵاكانی كوردستانیش و لەمەدا تەورێزیش تۆزی پێی نەدەشكاند، هەر بەهەمان گوێرەی سەردەمی ماركۆپۆلۆ، ئێستاش مافوور و بەڕەی كوردی هێشتا لە بازاڕەكانی مووسڵ و سیواس و قەیسەری، هەر وەكو شارە گەورەكانی تر، بەسەرشانەوە گڕدەدرێن و لە مغازە و دوكانەكاندا، هەڵدراونەتەوە.

هەرچەندە ئێستا ئاورێشم ئەوەندە باوی نەماوە و كەمتر دەست دەكەوێ، بەڵام لۆكە هێشتا بەرهەمی هەرە پارەكەری ئەم هەرێمەی كوردستانە (بڕوانە كشتوكاڵ) و لەمەدا شان دەدا لە شانی خوری وەكو كەرەستەی خاوی سەنعەتی چنین.

دوای سەردانەكەی ماركۆپۆلۆ، ئەوەندەی پێنەچوو ئابووری كورد دای لە كرژی و ئەم پرۆسەیە تا كۆتایی سەدەی ڕابردوو (سەدەی نۆزدەیەم – وەرگێڕ) هەر بەردەوام بوو هۆی هەرەسەرەكیی ئەم كرژیەش ئەوەبوو ڕێوبانی بازرگانی جیهانی بە كوردستاندا لەكار وەستا (بڕوانە بازرگانی).

ئەو داهات و ئەو تاو و تەوژمە دینامیكیەی بازرگانی دابووی بە ئابووری و تەكنۆلۆجیای ناوخۆ، بوو بەمایەی پەیدابوونی ئابووریەكی خۆخۆیی و ئەمەش دەرەنجامێكی نەگەتیڤی لەسەر تەكنۆلۆجیای ناوخۆی لێكەوتەوە.

ئیتر لە كوردستانەكەی سەردەمی ماركۆپۆلۆدا نە كوتاڵە جیهان ئاراكان مانو نە ئەو تەكنیكانەش كە بۆ دروستكردنیان وەكار دەهێنران، پێنج سەدە دوای سەردانەكەی ئەم گەڕیدە ڤینیسیاییە، كۆتاڵی كوردی دابەزیبوە نزمترین پلەی لەڕووی وەستاكارییەوە لەچاو

هـەموو بەرهەمـە ناوخۆییەکانـدا (بـە ئەدەبـەوە بـە ڕەشـۆکیو دڕ نـاو دەبـران) یـان هەنـدێ گەڕیدەی تازە هاتوو بە "کێوی" و "پەلاس"وە سپیان دەکردن (٣٨– ١٩٨٨ Eagleton ).

وەبەرهێنانی جلوبەرگی دەستکرد لە کوردستان بە تەواوی لەناوچووە، هەندێ بابـەتی لـە چەك و دەسماڵ و وردە بابەتی ئەوتۆی لێدەرچێ، کە لەو ئاوریشمە کەمەی ئێستا لـە وڵاتەکـە وەبەردێنرێ دروستکراون ئەگینا بست بەبستی ئـەو کوتاڵـەی کـە کـوردان بـۆ سیپاڵ بـەکاری دێنن یان لـە دەرەوە هێنـراوە یـان لـە نـاوخۆ بەمەکینـە دروسـتکراوە. ڕایـەخی دەسـکرد، بـە هەموو جۆرەکانییەوە، هەروەها کاری گرێچنی، ئێستا سەنعەتێکی یەکجار بەربڵاو و پارەکـەرن لە کوردستاندا.

کاری گرێچنی، لە باری بابەتدا، لەو جۆرەیە کە پارچەکە بە تەواوی بە نەخـشونیگاری فـرە ڕەنگ و شێوە دادەپۆشرێ و ئەمـە بـە تـەواوی تـەکنیکێکی تـازە بابـەت و یەکتایـە، زنجیـرە بەنـدی بـە گـشتی شـێوەی هـەرەباوە لـە سـەنعەتی گرێـچنیی کوردییـدا و لـە شـێوەیەکی دێرینەواری ئێسکە ماسییدا دەڕوا.

بـۆ پارچـەی گـەورە، زۆرتـر خـوری بـەکار دێنـرێ، ئەمـە وایکـردوە کـە بابەتەکـە دڕتـرو دیزاینەکەشی زلتر بنوێنێ، لـە کاتێکـدا گـەر داوی ئاورێـشم یـان لۆکـە بـەکاربهێنرێ، بابەتەکـە لووستر و دیزایینەکەشی وردتربنوێنێ.. ئاوریشم و لۆکە زۆرتر بـۆ وردە بابـەتی وەکـو تەپلـە و خورجینی دەست بەکاردێ ڕەنگی هەرە باو، سووری شۆخ یان جەرگییە، بۆیەکەش، لە ڕەگـی دەوەنـی کێـوی و هەنـدێ پێـشوولەی خـۆڵاتی دەردێنـرێ ڕەنگـەکانی تـر بـە گـشتی ئـاودارو بریسکەدارن. نەخـشەکان جۆراوجـۆرن و یـەك بابـەت نـین، لـە هەنـدێ شـوێن ئەرابیـسکن (لـە کوردستانی باکوور)، گوڵ و ئاژەڵ (کوردستانی ناوەند و ڕۆژاوا) یان گوڵزیندەوەر– ئـادەمیزاد (کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور) لـە کاتێکـدا ئـەو دیزاینانـەی لـە بـەرەی کوردییـدان لـە کـاری گرێچنیـشدا بـەکارهێنراون، کەچـی ئـەوەی مایـەی سەرسـوڕمانە ئەوەیـە، وێنـە و نەخشونیگارەکانی ناو مافووریان بە هیچ جۆرێك تێدا بەدی ناکرێ. ئەوی ڕاسـت بـێ، نـزیکترین شـت لـەو وێنـەی ئـادەمیزاد و زیندەوەرانـەی کـە لـە گرێـچنکاریەکانی کوردسـتانی ڕۆژهەڵات و باشووردا دەردەکەون، کوت ومت، هی چەرخی بەردینی کۆنن کە لەسەر تاشـە بـەرد و دیـواری

ئەشكەوتەكان هەڵكەندراون.. واتە، ئەوەندە لێك نزیكن كەوا هەستی لێك جیانەكردنەوە لای هەر كەسێك كە هەردووكیانی دیتبێ، درووست ناكا.

كاری گرێچنی، لەڕووی ڕووبەرەوە جیاوازە و لەسەرە تەپڵەكی بچووكەوە دەگرێتەوە تا بابەتی وەكو فەرشەی بووكێنی كە خۆیان دەدەن لە ١٤×٦پێ، ئەم كارە زیاتر لە كوردستانی ناوەند و ڕۆژاوا باون، بابەتەكانی بریتین لە پشتێنەوە تا كڵاوی سەر، و لە سەرزەینەوە تا ڕایەخی نەخشین جۆراوجۆرن.

ئەو برەوە باشەی لەمەودوا بازاڕی ئەم بابەتە پەیدای كرد بە تایبەتی لە بواری ناردنە دەرەوەدا بۆ بازاڕەكانی ڕۆژاوا وای لە گەلێ پیشەوەری كورد كرد بگەڕێتەوە سەر شێوازە كۆنەكان و دایانگرنە سەر شێوە و بابەتی نوێ، هەرچەندە ئەم بەرهەمە نوێیانە هیچ پەیوەندیەكان بە گەنجینەی دێرینەواری هونەری كوردیەوە نیە، بۆ نموونە، لە هەموو ئەم كارانە بازاڕ گەرمتر ئەو جانتا دەستیانەن كە بە گرێچنی دروست دەكرێن. ئەم بەرهەمانە فرۆشێكی باشیان هەیە بە تایبەتی بۆ گەڕیدە بێگانەكان كە لە بابەتی دەسكردی خۆڵاتی دەگەڕێن، ئێستا ئەمانە چاكەت و دامەنیشیان چۆتە پاڵ و پیشەوەرەكان، پشتەكێكی ڕەشی لۆكەیی و پێشكەش بە پارچەیەكی لە لۆكە دروستكراو دەگرن كە هەندێ وێنەی مەكینەكردی دەخەنە سەر. بەم جۆرە، ئەو پارچەیەی كە دەردەچێ نە ناوی هەیە نە ناوك، ئەو وێنانەش كە لەسەری دەردەكەون لە زادەی خەیاڵی دروستكەرەكەیان بەولاوە هیچی تر نین و بەو جۆرە كارەكەیان لە چەواشەكردنی چەژی كابرای كڕیاری بێگانە بەولاوە هیچی تری لێ ناكەوێتەوە.

بەڕەی دەسكردی ساكار یان كلیم، زۆر ئاسانتر دروست دەكرێن، كڕیاریانی زۆرترن و لە مافوور كەم تەمەنترن و لە شێوەی چنیندا، ئەوەندە لەگەڵ تەختە تەونی تردا جیاوازی نیە لە ڕووی بنەڕەتی چنینەوە، تەنیا جیاوازی لە ئەستووری ڕستەكاندایە، چونكە هەم تان و هەم پۆكانیان ئەستوورترن، بنەڕەتی دروستكردنی بەڕە لەسەر ئەوە بەندە كە گرێچنیی تێدا نییە، گرێچنی نیشانەی هەرە دیاری مافوورە، مافووری كوردی بەڕەنگاو ڕەنگی و دیزاینی زەق دەناسرێنەوە، بەڕەی كوردی لە هەردوولاوە، هێشتا لەوەش ئەولاتر چووە.

جۆرێك بەڕەی كوردی لە دوولا پێكدێ، هەردوولا كە لەگەڵ یەكدا هەڵدووراون، ئەم بەڕانە بە دەزگایەكی تەونی زۆر بچووكی، دەستی دروست دەكرێن كە پانایی لە "١" پێ تا "١,٥"پێیە، كە هەندێ ژنەكۆچەر بە پشتی وڵاخەوە لەم هۆبەوە بۆ ئەو هۆبە دەیانبەن و لە كاتی دەستبەتاڵییدا دایان دەبەستن و بەكاریان دێنن و بەو دەرامەدەی دەستیان دەكەوێ بەشێك لە مەسرەفیی خێزانەكانیان دابین دەكەن، ئینجا لا درێژ و تەسكەكان لێك دەدەن و لاكێشێكی ستاندەریان لێ دروست دەكەن. بەڕەكەرەكان هەمیشە گرفتێكیان لە بەردەمدایە لە پیشەكەیاندا، ئەویش بەهۆی ئەوەوە كە ڕایەڵەكان، لەبەر بوونی وردە گرێی زۆر تێیاندا، یەكسان كش ناخۆن و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پارچەكان لەهەر چوارلاوە ڕێك دەرنەچن. ئەو بەڕەكەی پارچەكان بە ناچاری بەرامبەر یەكتری جووت دەكرێن و لەم سەرو ئەوسەرەوە لێك دەدرێن و هەڵدەدوورێن ئینجا دەپێچرێنەوە. ئەم بەڕانە جاران نرخێكی وایان نەدەهێنا و زیاتر لەلایەن دروستكەرە كۆچەرەكان خۆیان یان كڕیاری دەسكورتەوە دەكڕران، بەڵام ئێستا مەسەلەكە وا نەماوە، چونكە لە بازاڕی میكانیزە خنكاوی ڕۆژاوای ئەم سەردەمەدا، هەرچەندەی ئەو جۆرە كاڵایانە "سرووشتی"ترو "كێوی" ترو مۆركی "ئەتنیكی" یان زەقتر پێوە دیاربێ و لە كردا زبرتر و ناوەستایانە ترین، ئەوەندە زیاتر، كڕیاری ڕموودە و شەیدایان بە سەردا دەكەوێ.

هەرچی مافووری كوردیە، دوو جۆری لێك جیان، تەنانەت بۆ كەسێكی مافوور نەناسیش دوو جۆرەكە خۆیان هاوار دەكەن: یەكێكیان بەشێوەیەكی وەستایانەی ڕێكو بە نەخشێكی ئەموار و دلگیر و بە خەتی كووڕ كووڕو شاریا بەتیانە دروستكراوە، ئەوی تر، بەنا وەستایانە، بە نەخشی نەزانكردانە، گۆشە گۆشە و دەشتەكیانە دروستكراوە.

كەچی سەرەڕای ئەم دوو بەشییە، دیزاینی گشتی و نەخشكاری هەردوو جۆرەكە كە لە بنەڕەتدا هەر یەكن واتە دوو قوتابخانەی جیاوازی دیزاین، یان پشتەڵەكی كەلتووری لە ئارادا نیە، بەڵكو، سەرچاوەی هەردوو بابەتەكە یەك قوتابخانەی دیزایینە، بەڵام پشتەڵەكە كۆمەڵایەتی – ئابووریەكەیان لێك جیایە.

بەم جۆرە، دەتوانرێ ڕایەخ و چنراوی تری كوردی بكرێ بە پێوەری ڕەوشی ئابووری دارەڕای چینایەتی كۆمەڵگای كورد. لەم بارەیەوە ئەناهید عەكاشە (١٩٨٦) تێڕوانینێكی

سرنجکێشمان دەداتێ، ئەو دەڵێ چنراوی "ئاسایی" لە کوردستاندا نیە: چنراوەکان یان زۆر قایم، زۆر بەرگر، و لە کردا دڕو زبرن، نەخشەکانیان سادە و سرووشتین، یان زۆر ناسك، و لە کردا تەنك و لە نەخشکارییدا زۆر شێوازگیرن، ئەو ئەمە بەرەنگدانەوەی ڕەوشی بازاڕ و سەرەنجام بە ئاوێنەی دارەڕای چینایەتی کۆمەڵگای کوردستان دادەنێ. کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکی دوو چینەبووە کە پێکهاتوون لە: ۱) ئابوورییەکی بژێن کە وەرزێڕ و کۆچەرەکانی لە خۆی گرتووە و ئەو کاری چنینەی دەکرێ لە پلەی یەکەمدا بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەوان تەرخانکراوە ۲) چینێکی ئەریستوکرات کە پێکهاتبوو لە خان و خانزادە و میر و میرزادە و کە لە باشترین بابەت دەگەڕان و دەیانپۆشی. نەبوونی چینێکی ناوەندی شارنشین، یان تەنانەت وەرزێڕی دەوڵەمەندیش، لە چوار پێنج سەدەی ڕابردووی مێژووی کورددا، نەیهێشتووە لەنێوان ئەو دوو دەستەیەدا یەکێکی تر دەرکەوێ، ئەم تێورییەی عەکاشە لەسەر بنەمایەکی قایم داڕێژراوە و لەم کتێبەشدا لە چەند جێ بە شایەد گیراوە، (بڕوانە ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتی و سەرەتای مێژووی هاوچەرخ).

هەندێ نموونەی مافووری ناسکی سەدەکانی (۱۸) و (۱۹)ی بیجاڕو سەنەندەج (سنە) کە تا ئێستا ماون، دەرخەری پیشەسازییەکی شارکردن کە دەیتوانی تەنها چێژی دەستەیەکی زۆر هەڵبژادە ڕازی بکا، ئەم نەریتە، بەهەمان شێوەی ئەو چینەی کە ڕاگرو پشتو پەنای بوو، لە بەین چوو و ئاسەواری ون بوو، لەم دوا دواییانەدا هەندێ تەقەللای بازرگانی سرووشت بۆ گەڕاندنەوەی ئەوەی لەدەست چووە و پاراستنی ئەوکەمەی کە ماوە، لە کارگە تازە بابەتەکانی سەنەندەجدا دران، بەڵام هەوڵەکە لە ڕەنجێکی بێهودە بەولاوە بڕی نەکرد.

مافووری کوردی، بە ئاسانی دەناسرێنەوە (یان دەناسرانەوە) چونکە چ وێنە و نەخشونیگار و ستێلی گشتیان و چ دروستکردەی هونەرمەندە کوردەکان باش دەستنیشان کروان، وێنە سەرەکییەکان بریتین لە هەرشەنگ (قرژاڵ — قرژانگ — وەرگێڕ) ڕەقە (کیسەڵی و شکایی)، کیسەڵی ئاوی، ماسی ئاوێتە (ماسی و نەیلوفەر کە بە هیراتیش ناسراوە)، گوڵ، چوارسووچ (گۆشە یان چوارڕێیان)، شاخیی (کەڵە کێوی) گوڵاڵە (گوڵە باخ) و لاولاو و کاژینە (کە لە ڕۆژاوا بە وێنەی نان و بادەی شەراب بەناوبانگە).

جۆری گوڵ و ماسی ئاوێتە و لاولاو و کاژینە لەلایەن نەتەوەکانی تری دراوسێشەوە بە زۆری بەکاردێن، هەرچەندە گۆڕانیان تێدا کراوە. بۆ نموونە، لە مافووری کوردییدا وێنەی نیلوفەڕ لە لاولاو و کاژینەدا، لە شێوەی پیتی (٧)ڤیدا کراوە، لە کاتێکدا لە مافووری قەفقاسدا، هەمان وێنە لە شێوەی پیتی (u)یو باوە، نەخشی ماسی و نیلوفەڕ ئێستا لە ئازەربایجان زۆر باوە، پەقلاوەی (ئەڵماسی) قولابدا لەلایەن هۆزە دراوسێکانەوە بەکارهێنراون.

دیزایینی گشتی لە مافووری کوردییدا دەبێ بکرێ بە دوو بەشەوە: دیزایینی کنارەکان و دیزایینی تەختەکان، لە دیزایینی تەختەکاندا گرنگترین نەخش جۆری (پۆیلەماسی)ی مەدالیەییە (پۆیلەیەك لە ناوەڕاستی تەختیی مافوورەکەیە چوار چارەکە پۆیلەی بە دەورەوەیە، هەر یەکەیان لە گۆشەیەکی مافوورەکە).

پڕگوڵ، میناخانی (گوڵە ئەستێرە) و چوار سووچ، ئەمانە لە هەر جۆرێکی تر ساغ و باوەڕی ترن لە بواری دیزایینی مافووری کوردییدا، ڕەسەنایەتی و لە مێژینەیی ئەم سێ ستێڵە کوردیەیەوە دەردەکەون کەوا لە هەمان نەخشونیگاری تەختی هۆدە و دیوانە ئاشووریەکاندا دەرکەوتوون کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردوون.

هەرچی جۆری مەدالیە و هەورییە، هەردووك ستێڵی بێگانەن لەلایەن مافوور چنی کوردەوە وەرگیراون، نەخشی خۆماڵی کوردی زۆر جاران لەگەڵ نەخشی بێگانانندا لێك دەدرێن، وەکو ئەوی ماسی ئاوێتە کە لەگەڵ میدالیەدا لێکدەدرێ، یان شاخی لەگەڵ ستێڵی هەوریدا.

پارچەی زۆر بەنرخی دەسکردی مافوور چنەکانی بیجار و سنە (سەنەندەج) زۆرجار ستێڵی مەدالیە بەکاردێنن کە تێیدا نەخشی کیسەڵ و ماسی و نیلۆ فەریش بەکار هێنراون پڕ گوڵ بریتیە لە تێکەڵوپێکەڵێکی پڕ و قەرەباڵغی وردە گوڵ یان وێنەی خڕی تر کە هەموو تەختی فەرشەکە دەگرێتەوە.

هەرچی چوارسووچە، هەموو تەختەکە بە نەخشی چوارگۆشە پڕ دەکا، کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك دابەشکراون و لە شێوەی هێڵی تێکپەڕدا، دامەزراون (هەر بۆیەشە چوارپیانیشی پێ دەڵێن).

لەناو چوار گۆشەکاندا دەکرێ وێنەی جۆراوجۆر دابنرێ، بەڵام میناخانی، جۆرێکی ناوەندە لەنێوان پڕ گوڵی قەرەباڵغ و چوارسووچدا کە نەخشەکانی ڕێکوپێك و لەنێوان هەر نەخشێك و

ئەوی دیبدا بۆشاییبیەك هەیە. نەخشەکانی درشتن و لێك دوور (وەکو چوارچرا) بەڵام کەوانەیی و بێ سەرجەم (وەکو پڕ گوڵ) ئەو وێنانەش کە لە میناخانیدا بەکارهاتوون گشت ڕەنگەکان دەگرنەوە، ئەوانەی کە زۆر باون بریتین لە کیسەڵ و رەقە و پۆیلەی قولاّبدار.

ڕاستە لەناو هەموو نەخشە کوردیەکانی مافووردا، میناخانی لە گشتیان زیاتر بە نموونە دادەنرێ. ئەوەش ڕاستە کە نەخشونیگارێکی زۆری تێدایە، بەڵام لە ڕووی سرووشتی کوردیەوە نە بەئەندازەی دوو جۆرەکەی تر، ڕەسەنایەتی کوردیی تێدا چەسپیووە، و نە مۆرکی ئەو ڕەسەنایەتیەشی پێوەدیارە.

بۆ نەخشی کنارەکان، دەتوانرێ هەر یەکێ لە نەخشەکانی تەختەکان بەکار بهێنرێ، بەڵام لە هەموویان زیاتر کیسەڵ، کوپە، و گوڵە نیلوفەڕ باون.

گەلێ دیزایینی مافووری کوردی، لەلایەن کوردی کۆچکردوو یان دەربەدەر کراوە وە بۆ سەرزەمینی دوور دوور گوێزراونەتەوە، هەر وەکو کارتی سەردان، ئەم وێنە و نەخشانە، دوای توانەوەی ئەو کوردانە لەناو کۆمەڵگا نوێکانیاندا، یان گەڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان بەجێهێڵراون. بۆ نموونە، لە وەرامین کە دەکەوێتە ڕۆژاوای باشووری تارانەوە، مافوور چنەکان، وێنەی هارشەنگ، میناخانی و کیسەڵ بەکاردێنن، هەرچەندە دروستکەرەکان بە نەتەوە فارسن و لە وڵاتەکەدا لەو پەڵەپەڵە بچووکە کوردە رەهەندەیەی سەدەی شانزەیەم بەو لاوە کە بە کێوەکانی پشت وەرامینەوەن ئەشتەبای کوردی لێ نیە و ئەوانەش فریان بە مافوور چنینەوە نەماوە (بڕوانە هۆزەکان).

وێنەی ژمارە (3):-نەخش و نیگاری سەر مافوور و بەڕەی کوردی



گوڵە نیلوفەڕ و قۆزاخەی سنەوبەر (شاری)



گوڵە نیلوفەڕ و قۆزاخەی سنەوبەر (خێڵەکی)



ڕەقەو دووپشک (شاری)



هەرشەنگ (خێڵەکی)

أ- نەخش و نیگاری کنارەکان



ڕەقەی وشکایی (تێکەڵەی نەخشی گوڵە نیلوفەڕ و قۆزاخەی سنەوبەر)



ماسی و نیلوفەڕ



ڕەقەی ئاوی



گوڵ



ڕەقە



هەرشەنگ



ڕەقەی وشکایی (ئەنگەر)



پۆیلەی زۆزان

پۆیلەی قولابدار

ب- نەخش و نیگاری تەختەکان

وەكو دەردەكەوێ، ئەم نەخشە كوردیانە لەلایەن خەڵكی شارەكەوە خراونەتە ناوان، كە دەشێ هەندێكیان، كۆنە كوردی ئێستا فارس بن و لە دێرزەمانەوە تواوبووبێتنەوە. مافووری وەرامین و جۆری دیكەی هاوشێوەی، لەوانەیە بۆ كەسێك كە ئاگاداری ڕابردووی تەتنیكی كوردیی ئەو دەورووبەرە نەبێ مایەی سەرسووڕمان بن و زۆر گران بتوانرێ ڕەسەنیان دەستنیشان بكرێ.

نەخشی كیسەڵ، كە نەخشێكی دلگیر و تەواو كورد ڕەسەنەو لە كناركاریی جوانترین مافووری سنە و بیجاردا بەكاردێ، ئێستا لەلایەن فەرشچنەكانی نەتەوەكانی تری دەورووبەریشەوە بەكاردێنرێ و بەشێوەیەكی بەربڵاو لە فەرشی فارسی و جۆری تردا دەردەكەوێ. هەمان شت لەگەڵ نەخشەكانی ماسی و گوڵە نیلوفەڕدا كراوە و لە مافووری تەورێز و ئەراك و ساڕووكدا، بوونە بە باو.

بۆ سەنعەتی مافوور، خوری سفتی بەرملی مەڕ، واتە بەرەگن، چاكترین كەرەستەی خاوە، لە مافووری كوردییدا، زۆربەی هەرە زۆری بەنی ڕایەڵەكان، دوو داوەن و لە خوری (گورزە s شێوە و ڕیشاڵ z شێوە) چێ دەكرێن، وەرنە بەنی سێ داوە هەرچەندە بەكاریش دێنرێ، بەڵام مافوورەكە لە "كوردی"یەتی دەردەكا، زۆرجاریش دیزایین و نەخشەكانیش دەبنە مایەی ئەم لە "كوردی" كەوتنە (Eagleton1988،59) لە پارچەی زیاتر سفت و نایابدا، لەجیاتی خوری، لۆكە بەكاردێ، بەڵام بەهەمان شێوەی ڕێسین و ژمارەی دلو.

گرێكاریی لە مافووری تووكداری كوردستاندا هەردوو شێوەی باو واتە یەك شێوە (توركی) و جۆراوجۆر (فارسی) بەكاردێن، شێوەی گرێدان لە ڕۆژاوا بە دوو ناوی دێرینەوار بەڵام هەڵەوە ناسرلوە، واتە غیوردس (یەك شێوە) و سەننە (جۆراوجۆر) غیوردس شاریكی بچووك بوو لە ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا و خەڵكەكەی زۆرتر مافورچن بوون، دیارە سەننەش، هەر شاری سەنەندەجی پایتەختی كوردستانی ڕۆژاوایە، تەنها مافووری هەرە تەنك و ناسكی كوردی شێوەی گرێچنی لێكنەچووی فارسی بەكاردێنێ كە بۆ داوی یەكجار باریك و دیزاینی گران دەشێ، مافووری گرێچنی فارسی تەنها لەسەر ئەم ڕێبازە دەڕوا لە سەنعەتەكەدا و ئەگەر بێتو بیخەینە سەر ناوی شارێك، واتە ناوی شارێكی لێ نێین، ئەوا هەر یەكێك لە شارە بەناوبانگەكانی ئێران لە مەیدانی مافوورسازیدا، وەكو ئیسفەهان، كاشان، یان كرمان، لە سەنەندەج زۆرتر شایانی ئەوەن ناویان لە مافوورەكە بنرێ، ئەم تەكنیكی گرێكارییە بێ گومان بۆ دروستكردنی ئەو جۆرە مافوورە سفتەی كە خێڵە كۆچەرەكان دروستی دەكەن و تێیدا قایمی و بەرگری زیاتر ڕەچاو دەكرێ بەكاردێ.

ئەو مافوورە سنەیی و بیجاڕیانەی کە لەژێر سایەی خانەوادەی میرنشینی کوردی ئەردەڵاندا دروست کراون زۆرتر ئەم تەکنیکە یان تێدا بەکاردێنرا پەی دروستکردنی پارچەی بە نرخ بۆ ڕازاندنەوەی کۆشك و دیوەخانی دەوڵەمەندەکان (Cecil-Edwards-1953) بەڵام بە گشتی، مافووری کوردی تەکنیکی گرێکاری تورك شێواز بەکاردێنێ (چونکە زۆربەی زۆری مافوور چنە خێڵەکییەکانی تورك ئەم تەکنیکە بەکاردێنن).

ئەمە لە گرێکاری جۆراوجۆری ئێرانی قایمترە، بەڵام لە سروشتدا، ناگاتە ناسکی و نەرم ونیانیی ئەو، هەرچی جۆری خێڵەکی مافووری کوردییە، بازاڕی گەرمی زیاتر داوە بە جۆری لێکچووی گرێکاری لەوانەیە لەبەر تووکی درێژی زۆربەی ئەم مافوورانە و دڕی ڕووکاریان بێ، کە شارنشینەکان بە تەوسەوە بە مافووری دەستکردی خێڵە کوردەکان دەڵێن "ورچە مافوور" لە بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مافووری کوردی بابەتی پیاوی هەژار و نەدارا بوو لەبەر ئەمە لە بازاڕەکانی ناوخۆدا بەبرەوێکی ئەوتۆ بوون، کە جۆری تر بەتۆزیشیان نەدەگەیشتن "ورچە مافوور"کە خەرجێکی ئەوەندەیان بۆ دروستکردن نەدەویست پارەیەکی زۆریان دەڕشتە ئابووری پێش مۆدێرنزمەوە و بۆیە بەرهەمهێنانیشیان تا ئەمڕۆش هەر زۆرە، ئەم بابەتە هەژارانە کوردییە ئەمڕۆ لەناو خەڵکانی ڕۆژاوادا، کە زادەی پاش شۆڕشی پیشەسازین، برەوی باش هەیە، ساکاری، و ساخی و فرە جۆری ڕەنگەکان و وێنەکان (و کۆمەڵێك هەڵەی درشتیش لە بەجێهێنانی دیراینەکاندا) لەناکاوێکدا بوون بە بابەتی سرنجکێشیان و ئارەزوو ورووژاندن لای ئەم کڕیارانە کە لە فرە جۆریی مافووری مەکینەساز بە تەواوەتی بۆڕە و بێزار بوونە، بەڵێ "ورچە مافوور" ئێستا بازاڕی هەندە گەرمە و هێزی کڕیار و مافووردۆست ئەوەندە عەودالییەتی کە لە دەستی کڕیارە دێرینەکانیان، واتە هەژاران، بە تەواوەتی دەرچوون.

بۆ سەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: The most valuable general work on rugs, including Kurdish rugs, remains that of A. Cecil-Edwards, *The Persian Carpet* (London: Duckworth, 1953). Works of William Eagleton, *An Introduction to Kurdish Rugs and Other Weavings* (New York: Interlink, 1988), Anahid Akasheh, "Woven Skies, Woven Lands: Kurdish Textiles as an Expression of Social Structure," *Kurdish Times*, I.1 (1986) fill the remaining gap. Also, Ora Schwartz, "Jewish Weaving in Kurdistan," *Journal of Jewish Art* 3-4 (1977); Marco Polo, *Travels*, ed. John Masefield (London: Dent, 1975); R. Pfister, "Le rôle de l'Iran dans les textiles d'Antioné," *Ars islamica* XIII-XIV (1948); Anahid Akasheh, *The Archaeology of the Kurdish Rugs* (New York: Kurdish Library, 1992); R.S. Ellis, "Mesopotamian Carpets in Modern and Ancient Times: Ancient Near Eastern Weaving," *American Journal of Archaeology* 80 (1976); Yanni Petsopoulos, *Kilims: The Art of Tapestry Weaving in Anatolia, the Caucasus and Persia* (London: Thames and Hudson, 1979); Anthony Landreau, "Kurdish Kilim Weaving in the Van-Hakkari District of Eastern Turkey," *Textile Museum Journal* 3:4 (1973); Michael Roaf, *Cultural Atlas of Mesopotamia and the Ancient Near East* (New York: Equinox-Oxford, 1990).

# جلوبەرگ و خشڵ

ڕەنگاوڕەنگیی جەنجاڵ لە جلوبەرگی کورداندا، کە نەریتێکی دێرینەواری پیرۆزە و کوردەکانی تا ڕادەیەك کردوە بە بابەتی گاڵتە و تەوسبازی لای خەڵکانی نا کورد، باسی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی ژینگە لەسەر میزاج و چەژی میللی کوردان دەکا، دەتوانین بڵێین هەمان هۆکار، ڕەنگە جوانەکانی سەر گۆزە و گلێنەی سەردەمی کەلتووری حەلەفیش لە کوردستانی پێش (٨٠٠٠) ساڵ دەگرێتەوە (بڕوانە دیزایین و نەخشونیگار).

ڕەنگ و وێنە و نەخشونیگاری ئاڵۆزی سەر جلوبەرگ، لە لادێ و دەشت و دەری ڕەنگاوڕەنگ و جوانی کورددا ئەوەندە سروشتین، کە مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێ، لەو وەرزانەدا کە بەفر لەسەر ڕووی زەوی دەچێتەوە، بە جۆرێکی لە خۆیەکخستنی زەمین لەگەڵ سروشتدا دابنێ، ڤیتا ساکڤیل وێستی گەڕیدە و نووسەر کە ساڵی ١٩٢٦ بە کوردستاندا تێپەڕیوە دەنووسێ دەڵێ: "مرۆڤ هەرچەندە بەتانی ئەم ڕەنگاوڕەنگییەی ناو چیا و چۆڵەکاندا بچێ، هێشتا کەس ناتوانێ بڵێ ئەمە لاف لێدانە. هەرگیز جوانی ئەو هام لە شوێنی تر بەر چاو نەکەوتوە، کە سەیری تاشەبەردەکان دەکەی سەرت سووڕدەمێنێ، دەڵێی دەستێکی ڕەنگین بۆیەی کردوون، لە هەندێ جێ لەوە دەچێ دەسکردبن، لە ناکاوێکدا، تاشەبەردی شینی مەیلە و سەوز دەردەکەون، سەد سوێند بخۆ دەستێك هاتووە بە بۆیەی مسی گوگرد گرتوویان ژەنگ هەڵهێناو بۆیەی کردوون. ئینجا دەمارێکی سەوزی کاڵی مەلەکایت، دواتر ملەیەکی تەواوی سووری ئاڵ، ئینجا تاشە بەردی لەسەر یەك کەڵەکە کردووی ئاڵی مەیلەو سیاو" (Sackville-West ١٩٢٦,٧٢). ئەوی ڕاست بێ، جلوبەرگی ئەستووری سەرتاپا چەرمووی زستانەکە لە زۆر جێگە لە بەرگی پیاواندا باوە، لەوانەیە پاڵ پشتێك بێ بۆ ئەم بۆچوونی خۆ پاڕاستنەکە لەسەرەوە باسمان کرد.

لە پاڵ ئەم ڕەنگاوڕەنگییە بێ سنوورەدا، هیچ شتێکی تر نیە کە بڵێین ئەمە نموونەیە بۆ جیاکردنەوەی جلوبەرگی کوردی. شێوەی پۆشاکی کوردی لە هەرێمەوە بۆ هەرێم جیاوازی هەیە، هەروەها لە شێوەی بڕین و کوتاڵیشدا، بە هەرحاڵ، دەتوانین دوو ناوچەی لێك جیا،

بخەینە ڕوو: ١) کوردستانی ڕۆژاوا و ٢)کوردستانی باشوور و ناوەند و ڕۆژهەلات. لە کوردستانی باکوور، دەتوانی تێکەڵەی هەردوو جۆرەکە بەدی بکەی (بڕوانە دابەشکاریە ناوخۆییەکان).

هەرچی پۆشاکی دانیشتوانی کوردستانی ڕۆژاوایە، تەنگ و تەسکن. پیاوان شەرواڵی دەلنگ لوولە سۆپایی لە پێ دەکەن، لەگەڵ پەستەکی، سفت و کورتەکی تەسکدا، ڕەنگی ڕەشی بە قەیتانی زەرد نەخشێنرا و زیاتر باوە. لە نیمەندا، بێ یەکوو لە جلوبەرگی باشووری ڕۆژهەلاتی ئەورووپا و باڵکانەکان دەچن، پیاوان فێسی سوور یان کڵاوی سوور لەسەر دەنێن و سووکە مێزەرێکی لێ دەئاڵێنن بە جۆرێك توپەڵاکی فێسەکە لەسەرەوە دیارە، لەوانەیە ناوی قزڵباش، کە نراوەتە کوردە عەلەوییەکانی ئەم سەردەمە و ئەو هێزە سوپایی یانەی کە بنەماڵەی سەفەوی وڵاتی فارسیان لە سەدەی (١٦)دا لێکەوتەوە، لەمەوە هاتبێ. سەرۆکەکانی هۆزی بارزانی تا ئیمرۆکەش بە مێزەری سوور لەناو خەڵکدا ناسراون (بڕوانە وێنەی ژمارە ٤).

ژنان لە کوردستانی ڕۆژاوا، مێزەر لەسەر نانێن، بەڵکو لەچەکی چاك شەتەك دراو کە زیاتر ڕەنگیان شۆخە لەسەر دەبەستن. پۆشاکی ژن بریتیە لە چەند پارچە جل کە بەسەر یەکدا لەبەر دەکرێن و هەر پارچە بە توزێکی لەژێر ئەوی سەریەوە دەردەکەوێ. هەر پارچەیە لە ڕەنگێکە، بەلام لە ڕەنگاوڕەنگی گشت پارچەکاندا، لە هی شوێنەکانی تری کوردستان جیانین.

پاشی سێ پشت قەدەغەکاری لەسەر جلوبەرگی نەتەوەیی کوردی لە تورکیا، تەنها لە باکووری خۆراسان پیاو دەتوانێ بە دوای دیزایینی ڕەسەنی کوردەکانی ئەنەدۆڵدا بگەڕێ، نەك لە ئەنەدۆڵ خۆی، ئەو کۆمەڵگا کوردەی کە ئێستا لە خۆراسان دەژی و لە بنەڕەتدا نەمامی باکوور و ڕۆژاوای کوردستانە و لە ڕەتاندنە زۆرەملێکانی سەدەکانی (١٦) و (١٧)دا ڕەهەندەی ئێرە کراون هێشتا لەم ئەفەرۆزگایە دەستووری ڕەسەنی دێرینەی خۆیان لە جلوبەرگدا هەر وەکو خۆی پاراستوە: هەمان جلوبەرگە تەسکەکانی ڕۆژاوا، بەلام بە ئالۆزی ڕازاوە بە وێنە و نەخشونیگاری شوێنەکانی تری کوردستان.

لە کوردستانی باشوور و ناوەند و ڕۆژاوا جلوبەرگ زیاتر مەیلە و دەلب و شلن لە بەردا دەلینگی شەلوارە فشوفۆڵەکانی بەر پیاوان، لە قولەپێدا بە بەنێك (پزوویەك) تەسککراونەتەوە. هەمان شەڵوار لە کوردستانی باکوور ئەو تەسکی دەلینەگەی نیە و هەر بە کراوەیی دەمێننەوە. هەر بە گۆڕانی داو دەلینگی شەڵوار، پیاو کە لەزێی، گەورە پەرپەوە دەزانێ کەوا چۆتە ناو کەلتووری کوردانی باکوورەوە.



وێنەی ژمارە (4): جل و بەرگی كوردستانی ڕۆژاوا و هەندێ ناوچەی پارچەی دابڕاوی خۆراسان و كوردستانی باكوور

پیاوان کراسی بێ ملیوان (یەخە) لەبەر دەکەن کە لە پێشەوە یەخە دادڕە و قۆڵەکانیان بە کلکێکی درێژ (فەقیانە یان لەوەندی– وەرگێڕ) کۆتایی دێت کە بەدەوری مەچەکدا لوول دەدرێ و ئینجا گرێ دەدرێ. سوخمە و یان کورتەکێکی لە قوماشی ئەستوور دروستکرا و (لەگەڵ ساقۆیەکی درێژ لە ڕۆژانی سەرددا) لەسەر کراسەکەوە لەبەر دەکرێ، فەقیانەکەش پاش ئەم هەموو بابەتە، بە سەریاندا بە توندی لە مەچەک دەئاڵێنرێ و شەتەک دەدرێ، ئینجا بەسەر بەنەخوێنی شەڵوارەکەدا پشتێنێکی زۆر درێژ بەناو تەلانگدا دەئاڵێنرێ تا بەشی خوارەوەی کراس و سوخمە و کورتەك و پارچەکانی تر (ساقۆ یان سەرکەوای لێدەرچێ) دادەپۆشێ. بۆ داپۆشینی تەپڵی سەر کلاوێکی کوپەیی بچووك لەسەر دەنرێ و بە دەوریدا مێزەرێك کە لە پارچە قوماشێکی درێژ پێکدێ، لە پێشدا سێ سووچ، دوایی چەند جار بەهەمان ئەندازەی داپۆشینی سەر بە دەوریدا پێچ دەدرێ کە لە پانیدا نزیکەی پێنج گرێ (ئینچ–وەرگێڕ) دەگرێتەوە. لفەکەی مێزەرەکە بە پشت گوێی ڕاستدا شۆڕ دەکرێتەوە (بڕوانە وێنەی ژمارە ٥).

بێگومان ئەم تاخمە بە گوێرەی هەرێم و ناوچە دەگۆڕێ و لە هەندێ شوێن شتی تری دەچێتە سەر، بۆ نموونە، مێزەری سەر لە باکووری کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا گەلێ زلتر بوە لە قەوارەدا و دەوری دەیاردە قوماشی تێچوە و ئەوەندە زلکراوە کە سەر بە ئاسانی یارای هەڵگرتنی نەبوە، هەروەها پشتێنی ناوتەلانگیش، تا هاتووە ئەستوور تر بوە. پیاو کە سەیری وێنەی مێزەری خان و بەگەکانی ئەم سەدەیە دەکا، لە خۆیەوە پێکەنین دەیگرێ. لە کوردستانی باشوور، پیاوان جلی زۆر ڕەنگاوڕەنگ، بە تایبەتی بریقەدار لەبەر دەکەن، لەم میانەدا هێنی خێڵی سەنجابی سرنجکێشن لەبەر سادەیی و بریسکانەوەیان لەبەر تیشکی ڕۆژدا.

جلوبەرگی ژنان، زۆر لە هی پیاوان جیا نەبوو، ئەوەی لێدەرچێ کە سوخمەی پیاوان تەسکترو سووکتر بوون و بە سەر کورتەکێکی نیوان سوخمەکە و کراسێکی هاوداماندا دەکرانە بەر، هەموو شتەکانی تر وەکو هی پیاوان وابوون بە مێزەر و کڵاوی سەرەوە، لە کوردستانی ناوەند و بە تایبەتی لە کوردستانی ڕۆژاوا، ئەو مێزەرەی بەدەوری کڵاوی سەردا دەپێچرا، وەکو لەچکێکی درێژی شل بە دەوری کڵاوەکەدا دەئاڵێنرا و ئەو پارچەیەش کە بەکاردێنرا، لە توولێکی زۆر تەنك و ناسکی ئاوریشمی هەڵدەبژێررا.

وێنەی ژمارە (5): جل و بەرگی كوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات و ناوەند.

جاران، چ پیاو چ ژن لە کوردستان خشڵ و زێڕ و زێوێکی زۆریان بۆ خۆ ڕازاندنـەوە لـە خۆ دەدا، ئەم دەستوورە هێشتا لای ژنان هەر باوە، ژنە خێڵەکیەکانی هەرکییان، هەندێ خشڵ لـە خۆیان دەدەن کە پیاو تووشی سەرسووڕمان دەکەن. ئەم خشڵە پێکدێ لـە چەندین پاوەنـد بەردی بەنرخ و بابەتی زێڕین و زیوینی گرانبەها. ئەگەر ژنەکە لە بنەماڵەیەکی دارا بـێ. گـەر لـە بنەماڵەیەکی دەسڕۆیو نەبێ، ئەوا زێڕ و زیوەکە کەمتر دەبن، ئەم خشڵە، لـە شـێوەی زنجـیر و تەزبێح و پارچەدا لە شولاری ژنەکە هەر لە تەپڵی سەرەوە تا بنی پێ دەڕازێنێتـەوە، وا دیـارە ئەمە لە کوردستان دەستوورێکی دێرینە، لـە گۆڕسـتانە (۱۲) هـەزار سـاڵ کۆنـەکانی شـانیدەر (کە ئاسەواری هەرە کۆنی مرۆڤی نیاندرتاڵیان تێدایە و بەمـە ناوبانگیـان دەرکردوە)، و کـە تـا ئەم دوایییـە مەڵبەنـدی هاوینـە هـەواری هـۆزی هـەرکی بوون، لاشـەی بـە بـەردبووی منـداڵێك دۆزرایەوە کە تەنها بە دەوری کەڵـەی سـەریدا (۱۵۰۰) وردە بـەردی ڕەنگـاوڕەنگ ڕیـز کرابـوو، (Roaf-1990-30).

ئەمڕۆکە، زێڕ و زیوو خشڵجات بـە سـامانێکی خێـزان دادەنـرێ، زۆرتـر بـۆ ڕۆژی تەنگانـە و پێویست بەکاردێن. تەنانەت تا ئێستاش، فرۆشتنیان بە ئاسانی و شێوازی پـارە کێشانەوە لـە بانك دەکرێ و بۆ کڕینی شتی پێویستی وەکو پارچـە زەوی یـان خـەرجی خوێنـدنی منـداڵان بەکاردێن. واتە، خشڵ و زێڕ و زیوی ژنان (یان پیاوان)، بە هی تاکە کـەس دانـانرێ، بـەڵکو بـە هی گشت خێزان و بۆ ڕۆژی خۆی بەکاردێ.

دیارە، لە ڕووی جلوبەرگەوە جیاوازی بە گوێرەی هەرێم و ناوچـە هـەن، بـەڵام هیـچیان لـە چوارچێوەی هەندێ سەریاری خێڵەکی و ناوخۆیی دەرناچن و لە بازنەی ئەو باسەی سـەرەوەدا دەمێننەوە، لەژێر کاریگەریی هەردوو بابەتەکەدا ئەم جۆرە جیاوازیانە و هەندێ وردە جیـاوازی تری ناوچەیی، بەهەمان شێوەی داب و دەستوور و زاراوە خۆجێیـەکان، زۆر خـۆڕاگرنین و زوو لـە بـەین دەچـن، هـەر ئێسـتاکە و لـە مـاوەی ئـەم سـەدەیەی ئێستاماندا، گـەلێ لـەو داب و دەستوورانە ئاسەوار نەبێ هیچی تریان لێ نەماوە.

هەندێ گەڕیدەی وەکو سایکس، تەنها بۆ ئاگـاداری نـەوەکانی دواڕۆژ، لـە نووسـینەکانیاندا باسی گەلێ دابو دەستووری کوردانیان کردوە کە ئێستا نـەماون، بـۆ مەسـەل، لـە باسـی جلـی دانیشتوانی چیای سنجاردا، بەتانی کڵاوێکی لبادی بۆری قووچ دا دەڕوا کە بەم دیوو ئەودیویدا

قەیتانی بە گوێوە بەستنی پیوە بوە، ئینجا دەچێتە سەریاسی كراسێكی سپی لۆكە، كە نەملیوانی هەبوە و نە یەخە لە پێشەوە، كەولێكی لە پێستی ئاسك یان چەرمی بۆر دروستكراو، كاڵە و پێتاوی چەرمین، و پشتینی قایش بە پشتەوە. هۆزی هەرە مەزنی جبرانان، چ پیاو چ ژن تەپڵی سەریان دەتاشی.

سایكس، ساڵی ١٩٠٨ لە بارەی هۆزی هەرە مەزنی جبرانانەوە دەڵێ "پیاوان جلی زۆر سەیر لەبەر دەكەن، هەندێ جار لەسەر دەستووری میوە فرۆشەكانی ئەوپەڕی ڕۆژهەڵات دوگمەی سەدەف، یەخە و سەر دەستی مەخمەڵی ڕەش، شەڵواری فش و فراوان، توول و ئەوانەش كە دەسڕۆن، ملپێچ لە مل دەئاڵێنن، كڵاوێكی لبادی یەك پێ درێژ دەكەنە سەر كە لە قەلپاخ دەچێ و بە دەوریەوە مێزەرێكی سووكی هەریر دەئاڵێنن.

هیچ گومان لەوەدانیە كە كڵاوە قووچە لبادینەكەی یەزیدیەكانی چیای سنجار، هەمان شێوەی كڵاوی سەردەمی سیثۆئالانیەكانە، شێوەیەكی هەرە دێرینی ئەو كڵاوە لەو پەیكەرە زلەی میثراسی خواوەند دەردەكەوێ كە لە كەیلەكانی نیمروت داغ لە كوردستانی ڕۆژاوا هەڵدرایەوە، پەیكەرەكە لەلایەن میثراداتیس كالینیكوسی پادشای كوردی كۆماجینەوە (٦٩– ٣٤ پاش میلاد) دروستكراوە، لەناو هەموو ئەو خوداوەندانەی كە لە نیمروت داغ پەیكەریان بۆ كراوە، تەنها میثراس ئەم جۆرە كڵاوە تایبەتی یەی بەسەرەوەیە. لەبەر ئەو پەیوەندیە تایبەتییەی كە لەنێوان خواوەند میثراس و یەزیدیاندا بینراوە، (بڕوانە ئایین) ئەم بەڵگە سەربارەی جلوبەرگ لەوانەیە شایانی لێكۆڵینەوەی فرەتربێ، مانەوەی ئەو كڵاوە سیثۆئالانیە لەنێوان یەزیدیەكاندا بۆی هەیە ڕێچكەی شێوەی دامەزراندنی دێرینی ئەم هۆزە ئاریاییانە لە كوردستاندا دەربخا، (بڕوانە كۆچكردنە مێژووییەكان).

بابەتی خۆڕازاندنەوە و خشڵبەندی و جلوبەرگ لەناو كورداندا، بەڵگەی پشتەڵەكێكی سفتن لەسەر دیزایین و شێوەی بەكارهێنانیان، ئەو نموونەی خشڵ و زێڕ و زیوەی كە لە كەندەكاری ئاركیۆلۆجیدا دەست كەوتوون، وەكو ئەوانەی زێویە، وێنەی ئەوانەی كە ئێستاش هەر بە پەیكەر و وێنەكانی سەر تاشە بەردەكانەوە ماون (بۆ نموونە ئەوانەی تاقی بوستان لەسەر پولی زەهاو، و هینەكانی نیمروت داغ)، بەڵگەی زیندوون لەسەر ئەوەی كە ئەوانەی ئیمڕۆكەش باون هەر بەشێكن لەوانە و بە پاشماوەی ئەوانە دادەنرێن (Peck١٩٦٩)، ئەكەرمان (١٩٣٨)

لەو باوەڕەدایە کە ئێستاکەش ئاسەواری بەرچاوی دەوری ساسانیان بەسەر خشڵ و بابەتی خۆ ڕازاندنەوەی کوردیەوە هەر ماوە. عەلافەیرۆزو هەندێ کەسی تر (١٩٧٧) کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی جلوبەرگی دەرباری ساسانیانی لەسەر هی کوردان، بە تایبەتی لە پشت بەستن و سەر پێچاندا کە زۆرتر لە پەیکەرکاری و وێنەی سەر تاشەبەرد و کێوەکانی کوردستان وەری گرتوون، بەڵگەبەندی کردوە. ئەوەی کە ساخ نەکراوەتەوە تەنها ئەوەیە ئەم کاریگەریە لەکام لایانەوە چۆتە سەر ئەوی تر. ئەوان لەوەدا سەرنەکەوتوون کە باش چاو ژیرکەنەوە، هونەرمەندە خۆولاتیەکان (وەکو فەرهادی کێوکەنی ئەفسانەیی– بڕوانە ئەدەبیات) کە ئەم بەرد تاشیە مێژووییانە یان ئەنجامداوە سروشتیان لە شێوە و جۆری جلوبەرگ و خشڵ و زێڕ و زیوی خۆولاتی وەرگرتوە، هیچ بیرکردنەوەیەکی وردیش ئەم بۆچوونە سروشتیە ناتوانێ ڕەش بکاتەوە لێرەدا، باسەکانی ئەکەرمان و پێك و عەلافەیروزکەقە لە نزیکایەتی نێوان جلوبەرگ و خشڵی ئەم سەردەمەی کوردان لەگەڵ ئەوانی سەردەمانی کۆندا دەکەن زۆر ئەقلگر و بەجێ دێنە بەرچاو... هیچ پێویست ناکات بەدوای کاریگەریی بابەتی بێگانەدا بگەڕێین، چونکە بەڵگەکانی سەردەمی ساسانیان کە هێشتا بەسەر تاشەبەرد و کێوەکانی کوردستانەوە ماون، بۆ خۆیان پڕ بە دەم هاوار دەکەن.

بۆ سەرچاوە و خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:–

**Further Readings and Bibliography:** E.H. Peck, "The Representation of Costumes in the Reliefs of Taq-i Bustan," *Artibus Asiae* 31 (1969); Iran Ala-Firouz, *A Survey of Persian Handcraft*, ed. Jay Glick and Sumi Hiramoto-Gluck (Teheran and Tokyo, 1977); Vita Sackville-West, *Passenger to Teheran* (London: Hogarth, 1926); R. Berliner and P. Borchart, *Silberschmiedearbeiten aus Kurdistan* (Berlin, 1922); A.S.M. Chirvani, *Islamic Metalwork from the Iranian world, 8th–18th century* (London: Victoria and Albert Museum, 1982); H.E. Wulff, *Traditional Crafts of Persia* (Cambridge: M.I.T. Press, 1966); Ora Schwartz-Be'eri, "Kurdish Jewish Silvercraft," *Kurdish Times* IV.1-2 (1991); Edith Porada, *Ancient Iran* (New York, 1965); Géza Fehérvari, *Islamic Metalwork of the Eighth to the Fifteenth Century* (London/Boston 1976); Phyllis Ackerman, "Jewelry in the Islamic Period," in Arthur U. Pope, *A Survey of Persian Art* (London/New York, 1938); Mark Sykes, "The Kurdish Tribes of the Ottoman Empire," *The Journal of the Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland* XXXVIII (London, 1908); Michael Roaf, *Cultural Atlas of Mesopotamia and the Ancient Near East* (New York: Equinox-Oxford, 1990).

# كاری پەیكەرسازی و وێنەكێشی

لە كاتێكدا هەندێ هونەرمەندی ئەم سەردەمەی كورد پەیكەرسازییان كردووە بە دەروازەیەك بۆ دەربڕینی هەست و خەونەكانیان، بەلام ئەوان زیاتر لە مەیدانی وێنەكێشاندا سەریان دەركردوە، و وێنەكێشان سرنجی زیاتر شایستەیە، هەرچەند لەمەدا نەختێ پاشكەوتووین.

بۆ هەر كەسێك كە لەگەڵ "جەژنی كوردی"دا ناسیاریێ، زۆر ئاسانە لەوە بگا كە بۆچی ڕەنگ ئەوەندە لە وێنەكێشیی كورددا گرنگە (بڕوانە جلوبەرگ و خشڵ و زێڕ و زیو). ژمارەیەك لە وێنەكێشانی لاوی كورد، ئێستا سامانێكی بەرچاوی كاری وێنەكێشی بەرهەمدێنن بە تایبەتی لە تاراوگەی ئەوروپا، و تەنها لەم دوادواییەدا توانیویانە ناسینی گەلەكەیان و هونەردۆستان وەدەست بێنن، جگە لە هەڵسەنگاندن و ڕێزی نێودەوڵەتی.

ستێلەكانی وێنەكێشان لە دوو بابەتی گشتیدا خۆیان دەنوێنن: تەجریدیەتێكی هاوچاخ كە بەرەو شێوەی تەكعیبیەت نزیك دەبێتەوە، ئینجا شێوەیەكی دێرینەواری ڕۆژهەلاتی كە زیندووكردنەوەی مینیاتۆریەتی تێدا ئاشكرایە. ئەگەر لە ڕووی جۆرەكییەوە سەیری بەرهەمەكان بكەین، وا دەردەكەوێ كە بابەتی یەكەم زۆرتر سرنجكێشە و پەیڕەوكەری هەیە، چونكە بابەتی دووەم كەمتر مۆركی كوردانەی پێوە دیارە.

بیرۆكەی ئەم كارانەش بە ئاشكرایی خۆی لە دوو نموونەی گشتیدا دەنوێنێ: بیرۆكەیەكی نیشتمانیی "لە ڕووی كۆمەلایەتییەوە پابەند" و جۆرێكی تر كە لە هونەرمەندێكەوە بۆ هونەرمەندێكی تر جیاوازە، هەر لە دیمەنی باخ و گوڵزارەوە بگرە تا دەگەیتە ژیانی بێدەنگ كە من ناوی "ستێلی ئازاد"ی لێ دەنێم. ستێلی "لە ڕووی كۆمەلایەتییەوە پابەند" كوردستان وەكو سەرچاوەی بیرۆكە دادەنێ بۆ خۆی، بەوە هەوڵدەدا خزمەت بە گەل و نیشتمان بگەیەنێ لە گوتەی دەرخستنی گیروگرفتەكانیان و دەربڕینی دەسكەوت و وڵات و ژیانی ڕۆژانەیانەوە. تەنانەت چیاكان هەروا بە ڕووتی، بێ ئەوەی سیمایەكی نیشتمانییان بەسەردا

بکێشرێ، دەرنــاخرێن، دیمەنــەکانی بــە زەقــی پێــشمەرگەکان دەردەخــەن، ژیــانی لادێ دەردەبڕن، گیروگرفتەکانی ڕۆژانەی خەڵك و شتی ئەوها دەخەنە ڕوو.

سنووریەندی بۆ بابەتەکان و هەمیشە هەوڵدان بۆ ناردنی پەیامێکی سیاسی، نەك هونەریی، لە ڕێگای کاری هونەریەوە، بە خراپی بەسەر هونەردا لە ڕووی چۆنایەتییەوە، شکاوەتەوە، هەرچەندە ئەو کارە هونەرییانە بۆ مەبەستی پیشاندان لە کۆنفرانسەکانی مافیی مرۆڤ و کۆبوونەوە نەتەوەییەکانـدا زۆر بـە سـوود و لـەبارن، بـەڵام لـە ڕووی هونەریـەوە یـارای پێشبڕکەکردنیان لەگەڵ کارەکانی "وێنەکێشە ئازادەکان"دا نیە، کە جگە لە سنووری خـەیاڵی خۆیان هیچ شتێکی تر ناتوانێ بەر لە دەستیان بگرێ و لێکدانەوەی سیاسی هیچ جێگایەکی لـە پرۆژەکانیاندا نیە. هەر پارچە چادرێك کە بەکاری بێنن بۆ ئامـانجێکی هونـەری بـەکار دێ نـەك شتی تر. وەکو دەردەکەوێ ئەم هونەرمەندانە ئەوەندە بە تەنگی چێژی بینـەر و ڕەخنـەگرانی ڕۆژاواوە نین، ئەوان ئەوەندەیان بەسە کە کوردەکان خۆشیان دەوێن، مەسەلەکە هەر واشە.

لەناو کارەکانی ئـەو وێنەکێشانەدا کـە لـە ڕووی کۆمەڵایەتیـەوە پابەنـدن، هینـەکانی گـارا ڕەسـوول (لـە دایکبـووی ١٩٥٥ی کـەرکووك و ئێستا دانیـشتووی ئـەڵمانیا)، جێـی ئـەوەن کـە هەڵوێستەیان لە لادا بکرێ.

زیندوویی، ڕەنگاوڕەنگیی و هەنـدێ جـار شـێتگیری ئـەو ستێڵە ئـازادەی کـە ڕەمـزی (لـە دایکبووی ١٩٣٢ و ئێستا دانیشتووی فەرەنسا) بەکاری هێناوە لە کارەکانیـدا، وات لێدەکـەن وا بیرکەیتەوە کە هاکاناکا لە چوارچێوەکەی دەوریان دەرپەڕن و دەکەونە هەلەکەسەما پشتی لـە کاغزی دیوار دروستکراوی کارێکی ڕەمزی، کە یەکێکە لە کارە "بێدەنگ"ەکان وێنەی سـەبەتە مێوەیەك نیشان دەدا کە ئەوەندە بە چڕیی و جوانی و زیندوویی گوڵپـۆش کـراوە کـە پیـاو زۆر بە پارێزەوە دەتوانێ نـاوی "بێـدەنگ"ی لـێ بنـێ. تەنانـەت سـێبەری سێبەرئاسـاش لەلایـەن ڕەمزییەوە بەگوێرەی "جەژنی کوردانە"ی خودی خۆی ڕاهێنراوە وێنەی کورسییەکی سـووری جوان سێبەری لاجـوەردی و شـین و زەردی خـستۆتە سـەر تەختاییـیەکی ڕەش بەرامبـەر بـە دیوارێکی پرتەقاڵی.

لەناو وێنەکێشە ئازادەکانی تردا، کارەکانی مەنسوور ئەحمەد (لە دایکبـووی سـاڵی ١٩٥٥ی کەرکووك و ئێستا دانیشتووی ئەڵمانیا)، جێی سرنجی تایبەتیین.

تەنانەت وێنەكێشە زیاتر لەسەرخۆ و ئارام و لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە پابەندەكانیش، لەم شێتی ڕەنگسازییە بەدەرنین. ڕووخساری پیرەمێردێكی لادێیی لە پۆرترێتێكی زوودی سەرداردا[17] (لە دایكبووی ١٩٥٣ی عێراق و ئێستا دانیشتووی وڵاتە یەكگرتیوەكانی ئەمەریكا) كە بە بۆیەی شۆخ و ڕەنگ شەقاركراوە، مەبەستیكی تایبەتی لە دواوەیە.

بەلای منەوە، ئەم هونەرمەندە لەم شێوە دەربڕینەدا لە دەرخستنی ڕەگوریشەی ئەتنی خۆی بەولاوە چ ئامانجێكی تری نەبوە.

هەرچەندە كاری وێنەكێشەكانی ئەم سەردەمەی كورد، خەریكە بەرەبەرە سەرەتای سرنجی سرك و بە پارێزی ناوەندەكانی هونەر لە ئەورووپا بۆلای خۆی دەكێشێ، و سەرەڕای چەندین سەردانی هونەرمەندانی كورد بۆ وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، كەچی هیچ كارێكی هونەری كورد هێشتا لەوێ نەچۆتە بەر دیدەی بینەران. لەم بوارەدا، ڕۆڵی نەتەوە جۆراوجۆرەكانی ئەمەریكای لاتین زۆر لە كورد دەست لە پێشترن و ئەوان بازاڕەكانی ئەمەریكایان بە كاری هونەریی خۆیان پڕ كردوە. ئەمە لە كاتێكدا، كاری هونەرمەندە كوردەكان، بە قەی دووری نێوان وڵاتەكانیان لە كاری هونەرمەندە ئەمریكی لاتینیەكان جیان.

ئەوی ڕاست بێ، گەلێ هونەرمەندی كورد هەوڵیانداوە مۆركی ئەتنیكی نەخەنە سەر كارەكانیان و بە پشت ئەستوورییەوە هەوڵیانداوە كە كارەكانیان لەسەر بنەڕەتی نرخی هونەرییان هەڵسەنگێنرێن. گەر لە كارەكانی ڕەمزی و وردبینەوە، كەم مۆركی نەتەوەییان تێیدا بەدی دەكرێ. مەبەستم ئەو كارانەیەتی كە لەسەر ئاستی جیهان پیشان دراون، هەرچەندە ئەم مۆركە چ لەسەر ئەو چ لەسەر هونەرمەندەكانی تری كورد، بوە بە نیشان و بەسەریاندا داچەسپیوە.

---

[17] مەبەستی سەردار زوهدییە. سەردار كوڕی خوالێخۆشبوو شێخ عەبدوڵڵای زوهدی تێكۆشەری دێرینی ڕێبازی كوردایەتییە و برازای مامۆستا خوالێخۆشبوو رونووی زوهدییە كە ئەویش نیشتیمانپەروەرێكی دێرینە. هەروەها برای تێكۆشەری دێرین و پێشكەوتنخوازی شاری سلێمانی بەڕێز ئەنجوومی زوهدییە. خانمی زوهدی پوریان یەكێك بوو لە تێكۆشەرانی چەپ. دوكتۆر كەمال مەزهەر دەڵێ (ئەنجووم یەكێك بوو لە كچە شۆخەكانی سلێمانی پێم وایە لە بزووتنەوەی ئافرەتاندا كاری دەكرد. دوای شۆڕشی (١٤) گەلاوێژ دوو گەڕیدەی چیكی هاتنە كوردستان و دوایی كتێبێكی وێنەداری نازداریان دەربارەی كورد بڵاو كردەوە. لەو كتێبەدا كە كراوەتە ڕووسیش – لاپەڕەیەكی گەورە بۆ وێنەیەكی ئەنجووم تەرخان كراوە لەژێرییەوە: ئەنجووم واتا ئەستێرەكان ناوی خۆی وا بە خۆیەوە).

ماڵی ئەنجووم خان لە شەستەكاندا مەكۆی تێكۆشەرانی ڕێبازی كوردایەتی بوو. من خۆم دەیەها جار هاتووچۆی ئەو خانەوادە بەڕێزەم كردووە ئێستاش ئەو پێوەندییە گەرمەم لەگەڵیاندا هەر ماوە – وەرگێڕ.

کارەکـانی هەسـەن شـونج (لـە دایکبـووی ١٩٧٠/دەرسـیم و ئێـستا دانیـشتووی سـوید)، دەکەونە بازنەی کارێکی فرە رووخساری رۆژهەڵاتییەوە. ئەو وێنەکێشیکی پلە یەکە لە ستێلی ئازاددا، پەیکەرتاشێکی کارامە و دەست ڕەنگینـە، و خشڵـسازێکی یـەکجار زەبەر دەستیشە. ئەم بەهرەیەی دوایی، لەوەدایە کە لە هێڵی دێرینـەی خشڵـسازی وڵاتەکـەی، دەرسیم، دەرناچێ.

هەرچـەندە هونەرمەنـدێکی زۆری کـورد ئێـستا سـەرقاڵی وێنەکێـشین و لـەم بـوارەدا بەرهەمێکی زۆریان خستۆتە ناوان کەچی کارێکی ئەوتۆ نەکراوە لە بواری ئاسەوار ناسییدا کـە پەردە لە رووی بابەتی وەکو فریسکوو وێنەکێشیی سـەر دیوار هـەڵمالێ، تـا لـەوێوە بتـوانین لەگەڵ ڕەنگ و ریشەو قۆناغی گۆرانی هونەری وێنەکێشی کوردییدا بەدرێژایی مێژوو ئاشـنابین، کەچی کە دێینە سەر پەیکەرتاشی، مەسەلەکە بە تەواوی بە پێچەوانەی ئەمەوەیە.

کوردستان لە کاری کۆکەنی کۆنە کـار و وێنەکێشیی سـەر تاشـە بـەرد و پەیکەرتاشـی بـە پاوە وەستاوی خەڵك و خوادا زۆر دەوڵەمەندە. ڕەگ و ریـشەی ئـەم پیـشەیە دەگەڕێنـەوە بـۆ سەردەمانی پێش مێژووش، لێرەدا جێی خۆیەتی کە بڵێین کۆنترین پاڵەوانی میللی کوردسـتان، فەرهادی کێوکەن، پەیکەرتاشێك بوە کە بە وێنـەکانی خـۆی لەسـەر تاشـەبەردەکانی چیاکان پێشکەوتەیی هونەرەکەی بە کارەکانی تا ئێستا بـە زینـدوویی هێشتۆتەوە (بروانـە کەسـایەتی نەتەوەیی و فۆلکلۆر و چیرۆکە فۆلکلۆریەکان).

مێژووی پەیکەرتاشیی، بە تایبەتی کۆکـەنی سـەر تاشـەبەرد لـە کوردسـتاندا گـەلێ کۆنـە، پەیکەرە زەلامەکانی دێرەکانی چیای نەمروود داغ لە کوردسـتانی رۆژاوا (بـاکووری ئادەیـەمان) بەڵگەی نەگـەڕەوەن لەسـەر مێژینـەیی گرنگـی پەیکەرسـازی لـە هونـەری کوردسـتانی کۆنـدا. هەندێ لە کۆنترین شوێنەوارە بیناسازیەکانی کوردستان بەقەد چیاکانەوە بوونە بە ئەشـکەوتی دەستکرد، باشترین نموونەی ئەم جۆرە ئەشـکەوتانە، ئەشـکەوتەکانی دەڤ دوختـەر، دووکـانی داود، تاقی گیرا و تاقی بۆستانن کە تا ئێستا دۆزراونەتەوە، لە مانەوە ئـەوە دەردەکـەوێ کـە پەیکەرسازی و کێوکەنی لە چیاکاندا باوترین شـێوەی کۆکـەنکاری بـوویێ. تەنانـەت پەیکـەرە فیلناسـاکانی نـەمروود داغ لـە دامێنی چیاکان دامـەزراون و هـەر ئەمـە خـۆی ئـەو پەیوەندیـە

گیروتونـدە دەردەخـا كـە لـەنێوان كـورد و چیادا هەیـە، بـەو جـۆرەی كـە لـە "كەسـایەتی نەتەوایەتی"دا دەرخراوە.

سـەرەڕای ئـەم سـامانە گەورەیـەی كـورد لـە بـواری ئەسـەواردا هەیـەتی، هونەرمەنـدە كوردەكانی ئەم سەردەمە كارێكی ئەوتۆیان لەم بوارەدا نـەكردووە، بۆ نموونـە، هەرچـەندێكو سەردار زوهدی لە پەنای وێنەكێشیدا كاری پەیكەرتاشیشی هەیە، بەڵام كـاری دووەمـی لەگـەڵ یەكەمییدا هەر بەراوردیش ناكرێ، هەرچی كارەكانی حەسەن تونچن لـە بـواری پەیكەرتاشیدا، هەرچەندێكو تا بڵێی دلگیرو پڕ هونەرن، بەڵام لە تەوازووی نرخی هونەرییـدا، هـەر تـۆزی كـارە خشڵسازیەكانیشی ناشكێنن.

بۆسەرچاوەو زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography**: W. Kleiss, "Zur Topographie des 'Partherhanges' in Bisutun," *Archäologische Mitteilungen aus Iran, Neue Folge* 3 (1970); H. Luschey, "Zur Datierung der sasanidischen Kapitelle aus Bisutun und des Monuments von Taq-i Bostan," *Archäologische Mitteilungen aus Iran, Neue Folge* 1 (1968); S. Fukai and K. Horiuchi, "Taq-i Bustan I-II," *The Tokyo University Iran-Iraq Archaeological Expedition Reports* 10-11 (Tokyo, 1969, 1972); W. Hinz, "Das sassanidische Felsrelief von Salmas," *Iranica Antiqua* V (1965); W. Hinz, "Das sassanidische Felsrelief von Tag-e Qandil," *Archäologische Mitteilungen aus Iran, Neue Folge* 6 (1973); E.H. Peck, "The Representation of Costumes in the Reliefs of Taq-i Bustan," *Artibus Asiae* 31 (1969); L. Vanden Berghe, "De ikonografische Betekenis van het sassanidisch Roksrelief van Sarab-i Qandil (Iran)," *Mededelingen van het Kon. Akad. van Wetenshappen van Belgie* XXXV.1 (1973); B. Hrouda et al., "Die Felsreliefs (Sarpoli Zohab) I-IV," *Iran. Denkmäler* (Iran, Felsreliefs C, 1976), Lief. 7; H. von Gall, "Neue Beobachtungen zu den sog. medischen Felsgräbern," *Proceedings of Second Annual Symposium of Archaeological Research in Iran* (1974); W. Hinz, "Das sassanidische Felsrelief von Salmas," *Iranica Antiqua* V (1965); Robin Schneider, ed., *Kurden im Exil: Ein Handbuch kurdischer Kultur, Politik und Wissenschaft* (Berlin: Berliner Institut für Vergleichende Sozialforschung, dem Haus der Kulturen der Welt und medico international, 1991), section 2.

# خانووسازی و نەخشەكێشانی شار

تا كشتوكاڵ دانـەهێنرا، دروسـتكردنی خانوویـەرە بـۆ حەوانـەوەی بـەردەوام نـەبوو بـەباو. چونكە كۆمـەڵگا ڕاوپیـشەكان پێویـستیان بـەم جـۆرە نیـشتگانە نـەبوو لەبـەر ئـەوەی جـۆری ژیانەكەیان وای پێویست دەكرد ئەوان بە دوای نێچیرو بەرووبوومی شینایی خۆڕسـكدا بگـەڕێن، بـۆ حەوانـەوە ئەشـكەوت ڕێكترین ئاسایـشگە بـوو. كـە كـشتوكاڵ داهێنـراو ئـاژەڵ و مـاڵات ماڵیكران، ئینجا دروستكردنی خانوویەرە لە نزیك كێڵگەكان بۆ حەوانەوەی بـەردەوام نـەبوو بـە

شتێکی پێویست، هەر لەبەر ئەمە، ئەگەر بتەوێ بەڵگەی هەرە کۆن لەسەر کەلوپەلی دەسکردی ناوماڵ پەیداکەی، دەبێ لەو دەورووبەرە مەنبکەی کە کشتوکاڵی لێ داهێنراوە. کۆنترین تۆماریەندی خانووسازی، ئەوانەن کە هی سەرەتای چەرخی بەردینی نوێن (۹۲۰۰–۸۵۰۰ پێش میلاد) کە لە قرمزدەرە و کەریم شار لە کوردستانی ناوەند دۆزراونەتەوە و لەگەڵ هەرە کۆنترین شێواز و نیشانەی Jericho هاوچەرخن، ئەو بەڵگانە بریتین لە کۆختەی قورین کە تەمەڵیان تا ناوقەد لە زەویدان لەو سەردەمەدا کە قالبی خشت بڕین لە کوردستاندا باوبوون، لە Jericho هەر باسیشی لە ئارادا نەبوو.

لە قۆناغی حەڵەفدا (۶۰۰۰–۵٤۰۰ پێش میلاد)، دروستکردنی خانوو جارێکی تر چووەوە سەر شێوەی کۆن، واتە شێوەی چڕ (پێی دەوترا شۆلۆی) و بەمە ئیتر خانووی چوارسووچی فرە ژووری ۲۰۰۰ ساڵەی رابردوو باوی نەما. ئەم خانوانە، بریتین بوون لە ژووری یەکجار بچووکی ۱۵–۲۵ پێی، و وا دادەنرێ کە بۆ تاکە خێزانێک دروستکرابن، لەناویاندا ژووری سێ سووچیش دروست دەکرا کە وێ دەچێ بۆ پشتیر و هۆڵی ماڵات بەکارهاتبن، ئەو کەرەستەیەی بۆ دروستکردن بەکار دەهات جۆراوجۆر بوون و زیاتر پەیوەندییان بە کەموزۆریی بارانەوە هەبوو خشتی قوڕ، بەرد و دار کەرەستەی هەرە سەرەکیی کاربوون.

لە کاتێکدا وێ دەچێ، خانووە قوڕەکان، بە گومەزی قوڕ سەریان گیرابێ، بەڵگەی زۆری دیکەش هەن کە دەریدەخەن کە داریش بۆ دارە ڕاکردن بەکارهاتووە، کەلاوەکانی یارم تەپە بەڵگەی بە هێزی ئەم بڕینەوەیەن. شێوەی خانووسازی ئەم سەردەمەی دێهاتی کورد، ئەوەندە لەم بابەتەوە دوورنین، چونکە خشتی قوڕ و بانی گومەز لە وشکە وڵاتەکان و دیواری بەرد و بانی دارەڕا کرا و لە بڵندایی و شوێنە پڕ بارانترەکاندا بەکارهێنراون. شێوەی تر کە بریتی بێ لە لێکدانی هەردوو شێوە، ئێستا لەو وڵاتانە هەن کە دەکەونە هەردوو بابەتە کەشەوە و لە قۆناغی حەلەفیشدا نموونەیان دۆزراوەتەوە.

میدیاییەکان و هیندۆئەورووپی زمانەکان کە پاشان هاتن، بێ هیچ گومانێک، لە کوردە کۆنەکان گەلێ بابەتی هونەر و کەلتووریان خواستەوە. لەم بوارەدا، بابەتی شارسازی و خانووسازی بە ئاسانی دەتوانرێ دەستنیشان بکرێن و بەڵگەبەندییش بکرێن.. بەڵگەیەکی زۆری وێنەسازی سەر تاشەبەرد و دیواری سەردەمی ئاشوورییەکان هەن، کە دەریدەخەن چۆن

سوپای ئاشوورییەکان شارە کوردنشینەکانیان ئابڵووقە داوە. هەر لەو وێنە و نەخشانەوە دیمەنی شارە ئابڵووقە دراوەکان دیزایینی شارەکانیش دەردەخەن، کە لەسەر بڵندایی دروست کراون و بە دیواری یەك سەرجەم (حەوت دیوار)کە تا سەر بڵندایییەکان دەکشێن دابەش کراون و کۆشکیان پەرستشگەی شاریش لە بڵندترین جێگە دروست کراوە. هیرۆدوتز باسی هەمان شێوەی خانووسازی کردوە لەو باسانەیدا کە چۆتە سەر کۆشك و باخاتەکانی میدییەکان لە هەمەدان (ئەکباتانی دێرین) ئەو دەڵێ: هەر یەك لەو دیوارە یەك سەرجەمانە بە ڕەنگێکی جیا بۆیە کراوە (زێڕین، زیوین، شین، سپی، ئەرخەوانی، سوور، ڕەش، لە سەرەوە تا خوار). خانووی دانیشتوانی شار، باغ و گوڵزارەکان، لەوانەشە هاچەی مەڕ و ماڵاتیش، دەکەوتنە نێوان دیوارەکانەوە.

ئەم جۆرە دیزایینە، کە بە ئێرانی کۆن (زۆریش وێ دەچێ میدیایی بێ) "پەیری دیزا"ی پێ دەوترا، واتە "لە چوارلاوە شوورەدار"، وشەی هاوچەرخی (paradise)ی لێکەوتۆتەوە لە زمانە ئەورووپایییەکاندا کە لە گریکییەوە تێیان خزاوە، هەروەها فیردەوسیش (بەهەشت) کە لە قورئاندا هاتووە و (جالین)[18] یش لە فارسی نوێدا کە بە واتەی گوڵزار دێ و پەرێز (باخی سەوزە)ی کرمانجی و پەردێزی گۆرانی (گوڵزار) هەموو لەم وشەیەوە کەوتوونەتەوە. دوا کەیلی بە پاوە ماوی دوو دیواری دیوی دەرەوە (واتە دیواری ڕەش و دیواری سوور)ی ئەم پایتەختە میدیایییە، واتە "پەرەدایس"ی ڕاستەقینە، لە هەمەدان تا ساڵی ١٩٦٧ هەر مابوو.

بەکارهێنانی ڕەنگەکان بە بەرلاوی لە هونەری کوردییدا، لە گەلێ شوێنی تری ئەم فەسڵە و فەسڵەکانی تری ئەم کتێبەدا باس کراوە و بەکارهێنانی بەرلاو و بێباکانەی ڕەنگ لە شارسازیی کوردییشدا هەر ڕەنگدانەوەی ئەم دیاردەیەیە.

دواترین شێوەی هەیکەل (زەقوورە) لە وڵاتی مێزۆپۆتامیا، بە تایبەتی ئەوانەی ئیلام و ئاشوورستان و بابلییەکان، کتومت وێنەیەکی بچووککراوەی دیزایینی یەکێك لە شارەکانی ناوچیاکانی کوردستانن.

ئەم دەشتایی نشینانە شێوە "چیای" دەسکردی هاوشێوەی هی کوردەکانیان بۆ خواوەندەکانیان دروست دەکرد و لەسەری سەرەوە کۆمەڵە بینایەکیان بڵند دەکردەوە کە

[18] جالیز لە فارسی نوێدا بەوقەی (بێستان)ی کاڵەك و ترۆزی و تەرەی تر دێ‌بڕوانە فەرهەنگی عمید- وەرگێڕ.

هەموو لەسەر یەك ناوەند کۆدەبوونەوە و لەسەروو هەموو ئەو بینایانەدا، پەرستشگەکەیان دادەمەزراند. دیوارەکان فرە ڕەنگ دەکران، لەم ناوەدا، زەقوورە ئاشووریەکەی دورشاروکین (گوندی کوردنشینی ئێستای خۆرساباد لە باکووری ڕۆژاوای مووسڵ) هەموو ڕەنگە کوردیەکانی لەسەرەوە باسمان کردوون بەرجەستە کردوە.

گەر بەریدەیتە جێگەی پایتەختی پادشایەتی کۆماجین، لە نەمروود داغ (چیای نەمروودی باکووری ئادیەمان لە کوردستانی ڕۆژاوا) کەوا بە تۆپەڵاکی چیاکەوە، بە تەواوەتی سیمای کوردانەی بیناسازیش لەسەر سەر و پۆپەی چیا و گردە بڵندەکان بۆ بەرجەستە دەبێ، لەوانەیە گەر کاری کەندەکاری و کۆڵینەوە لە پاشماوە و کەیلەکانییدا بکرێ، دیوارە هاوسەرجەمەکانیش لەناکاوێکدا مل قوت بکەنەوە لەژێر زرمەی بێڵ و باڵتەدا، تا بەو جۆرە سیمای تەواوی دیزایینەکە خۆی دەربخا.

دیمەنی شار و شارۆچکە کوردیە هاوچەرخەکان بەقەی شوێنەکانیان، سیمای کوردی بوونیان دەرناخەن، هەر چۆن لە نەخشو نیگاری سەر تاشەبەرد و بناری کێوەکاندا شار و شارۆچکە کۆنەکان بە بڵندایییەکانەوە نیشتوونەتەوە. بازارە کوردیەکانی سەردەمی نوێش هەر بە سەر تۆپەڵاکی باسکە بەرزەکان و بناری چیاکان و تەنانەت سەر هەڵدێرەکانیشەوە قووتەوە بوونە، ئەمە بە تەواوەتی دژبە ڕێبازی شارسازی دەشتەکانی دەوروویەرە.

لە کوردستانی باکوور، نزیکی شاری بایەزید (یەزدانە فریشتە)، کە شارێکی سەدەکانی ناوەندە و ئێستا بە "دۆغوبایەزید" بەناوبانگە، کۆشك و سەرایەکی بە دیمەن لەگەڵ مزگەوتێکدا کە کاتی خۆی ساڵی ۱۷۸٤ ئیسحاق پاشای میری کورد لەسەر بڵندایییەکی ڕووبەڕووی چیای ئەرارات دروستی کردوە، هێشتا هەر بە پاوەیە، کۆشك و سەراکە بریتییە لە تەلارێکی زەلامی چەند نهۆمی وەستایانە دروستکراوی قایم و بە گومەز سەردراو، لەگەڵ چەند منارە و دەرگای نەخشبەند کراو و چەندین حەوشەوبان و تەویلەی وڵاخ، ستێلی هونەریی بیناسازی بەکارهێنرا و لە کۆشك و سەراکەدا، بریتیە لە لێکدانی چەند شێوازی تەفقاسی فارسی. سووری و ئەنەدۆڵی و پێکهێنانیان لە بارەگایەکی کێوئاسای قەشەنگ و دیمەن ڕێکدا. ئەویش، وەکو کۆشك و سەرای حوکمڕانە کوردەکانی بەر لە هاتنی ئاری نەژادەکان، یاخۆ ئەوانی میدیەکان، لەسەر دوندی باسکێکی بڵندی بەردین دروست کراوە. هەرچەندە

شوێندەستی هونەری بێگانە بە سیمایەوە هاوار دەكا، نەخشەكاری و دیزایینی گشتی كۆشك و سەراكە كتومت دەستە خوشكی كۆشك و سەرایەكی كلاسیكی بە بڵندایییەوە قووتەوەبووی كوردستانی باشووره واتە قەڵای یەزدگرد (شاری فریشتان)، دیارە ئاسەوارێكی ئەوتۆ زەلامی قەڵای یەزنگرد بە پاوە نەماوە، بەڵام ئەوی بەسەر بارستی بناغەكان و شێوەی بیناسازی و دیمەنی گشتی ئەم كێوەكۆشكە (كە پاشماوەیەكی ساسانیی بەناوبانگە)، دەڵێی وێنەیەكی پڕا و پڕی كۆشك و سەرا عوسمانلی ڕووخسارەكەی ئیسحاق پاشایە لە كوردستانی باكوور كە (٢٠٠٠) ساڵ دوای ئەو ئاوا كراوە.

كۆشك و سەراكەی ئیسحاق پاشا تا دەهەكانی سەرەتای ئەم سەدەیە بە باشی ڕاگیرابوو. لەگەڵ هەرەسهێنانی ڕاپەڕینەكەی خۆیبووندا، كەوتە بەر شاڵاوی تاڵان و نیوە وێرانكردنەوە لەلایەن سوپای كۆماریی توركیاوە، ئیتر لەوساوە كەوتۆتە بەر زەبری ڕۆژگار و چەپۆكی باوبۆران.

لە سلێمانی، پاش شۆڕشی ساڵی ١٩٨٥ی عێراق، كە كۆشكە هەرە مەزنەكەی حامید بەگی دوا میری بابان[19] وێران كرا، كۆشكەكەی عادیلە خانم لە هەڵەبجە، وەكو دوا نیشانەی بیناسازی دێرینەی میرەكان لە كوردستانی ناوەند مایەوە (بڕوانە مێژووی هاوچەرخی نوێ). كەچی ئەمیش لە چەپۆكی وێرانكردن ڕزگاری نەبوو، ئەوەبوو لە شەڕ و شۆڕەكانی بەهاری ١٩٨٨دا سەروین خاپوور كرا.

خانوویەرەكانی میرە ئەردەڵانییەكان، بە تایبەتی كۆشكە سەرەكیەكەی سنەیان، نیوە مانێك بە پێوە ماوە، هەرچەندە دیمەنی زۆر شێواوە. ئەم كۆشكانە پاش لابردنی ئەردەڵانییەكان لە ساڵی ١٨٦٧دا، بۆ كاروباری دەوڵەت بەكارهێنران، زۆربەی بەشەكانی

[19] بەداخەوە وا دیارە دوكتۆر د. میهرداد لەم بارەیەوە بە هەڵەدا چووە. دوكتۆر كەمال مەزهەر نووسیوە دەڵێ. شتی وا نەبووە، دوو ماڵی ئاوەدانی بابانەكان ئەو ساڵە لە سلێمانی هەبوون یەكەمیان ماڵی عەزمی بەگی بابان بوو كە لە كۆنەوە دروست كرابوو خانوویەكی گەورە و ئاوەدان بوو ئەوتریان ماڵی نووری بەگی بابان بوو كە كاتی خۆی ئەفسەرو پێم وایە ئامێر حامییەی سلێمانیش بوو. ماڵەكەی نووری بەگ نوێ بوو لەسەر شێوازی ڕۆژئاوا دروست كرابوو خێزانی نووری بەگ ڕووناك خانی ناوبوو ئەویش بابان بوو ئافرەتێكی شۆخ و عەسری بوو. هەموو ئەوەكانیان قژ زەردو چاو سەوز و سپی پێستن كەچی لەگەڵ ئەوەشدا باپیرە گەورەیان دەیفەرموو بابانەكان نەوەی خالیدی كوڕی وەلیدن هەرچەندە خالید پێی نەناوەتە ناو خاكی كوردستانەوە و ئیبنولئەثیر دەڵێ سەراپای نەوەی خالید بە تاعوون مردوون....

ناوەوەیان بۆ مەبەستی بیرۆکراتی کارمەندان شێوێنران، یەکێك لە کۆشکە هەرە نایابەکانیان، زۆر بە وەستایانە تازە کراوەتەوە و ئێستا کراوە بە مۆزەخانەی سەنەندەج.

لە ڕووی دەورو دیوارەوە، ئەم پاشماوانەی دەورانی میرایەتی هەموو بریتین لە ساختمانی چەند نهۆمی و بۆ زۆربەی جەستەیان بەرد وەکو کەرەستەی هەرە سەرەکیی بەکارهێنراوە

تەنانەت لە کوردستانی باشوور و ڕۆژهەلاتیشدا، کە وەکو دەستووریکی باوی بیناسازی فارس، خشت زۆر بەکاردێ، کەچی لەم بینایانەدا بەردی تاشراو و ڕێك بڕا و لە شێوەی خشتدا، زۆربەی بڕبڕەکان پێکدێنێ. لە کوردستانی باکوور و ڕۆژاوا کە خشتی گەورەگەورە بە زۆری بەکاردێنرێن، ئەوەندە پێویستی بەرد برین و سەریەشەی لەو جۆرە لە ئارادانیە. خانووی بچووکی یەك دەستە لە گوندەکان لە بەرد دروست دەکرێن، گابەردی زلزل و ڕەش، کە لە شورەی شاری دیاربەکر (ئامەد) بەکارهێنراون، لە چەند جێگاو بۆنە لەلایەن نووسەرە گریکەکانەوە باسی لێکراوە. ئەوانیش ئێستا هەر ماون و چاوەڕێی دەست و چاوی توێژینەوە دەکەن، تا پەردە لەسەر جۆرێکی تری شارسازی و شێوەی بیناسازی کورد، کە هێشتا بوخچەی نەکراوەیە، هەلماڵن.

بۆسەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Further Readings and Bibliography:** E.J. Keall, "Qal'eh-i Yazdigird. A Sasanian Palace Stronghold in Persian Kurdistan," *Iran* V (1967); E.J. Keall, "Qal'eh-i Yazdigird: The Question of its Date," *Iran* XV (1977); R.H. Dyson, "Architecture of the Iron I Period at Hasanlu in Western Iran and its Implications for Theories of Migration on the Iranian Plateau," in *Le plateau iranien et l'asi centrale des origines à la conquête islamique* (Paris: Colloques internationaux du centre national de la recherche scientifique, No. 567, 1976); T. Cuyler Young, "Thoughts on the Architecture of Hasanlu IV," *Iranica Antiqua* VI (1966); C.L. Goff, "Excavations at Baba Jan, the Architecture of the East Mound," *Iran* XV (1977); Glenn M. Fleming, "The Ecology and Economy of Kurdish Villages," *Kurdish Times* IV.1-2 (1991).

## مۆسیقا

زۆر شتێکی سروشتیە بۆ کەسێك کە بگەڕێ و بتوێژێتەوە، شوێن پێ هەلگری و وردبێتەوە، سەرەنجام دەست بنێتە سەر ڕەگو ڕیشەی مۆسیقای کوردی... ئەوە زۆر ڕوونە و ئاشکرایە، کەوا تا دەم سەدەکانی ناوەند، دەتوانرێ بست بە بست ئاسەوارەکانی ئەم مۆسیقایە دەستنیشان بکرێ، چونکە لەم کاتەوە بە دواوە گەلێ مۆسیقا ناسی شارەزای گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە بارەی سیستەمی مۆزیکی ولات و گەلەکانیانەوە نووسینیان

بەجێ هێشتووە. دوان لەم مۆسیقا ناسانە، ناویانگیان داوەتەوە لەم بوارەدا: "صفي الدين اورموی"دانەری كتێبی "كتاب الادوار" و "الرسالة الشرقية" و "محمد الخطيب الأربيلي" دانەری كتێبی "جواهر النظام في معرفة الأغاني". لەم دوانە ئورمەوی (كە ساڵی ١٢٩٤ مردووە) بەدانەری قوتابخانەی "سیستەماتیك" دادەنرێ لە بواری مۆسیقادا (wright ١٩٧٨)، ئەم قوتابخانەیە تیشك دەخاتە سەر شیكردنەوەی قۆناغە جیاجیاكانی سەرهەڵدان و نەشونمان كردنی مۆسیقا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جگە لە چەند بابەتی تر. بە یەكدەنگی گشت شارەزایان كتێبەكەی ئورمەوی یەكێكە لە هەرە شارەزایانە ترین بابەت لە بارەی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، لە كاتێكدا ئەربیلی ڕووناكی دەخاتە سەر بارودۆخ و شێوە و شێوازی مۆسیقای كوردی، ئورمەوی هیچی بە تایبەت بۆ ئەم بابەتە نەنووسیوە، ئەو زیاتر خۆی بۆ باسكردنی قوتابخانەی مۆسیقای دەستەی باڵای ناو كۆمەڵگای بەغدا خەریككردوە لە دوادواییيەكانی حوكمی عەباسیەكاندا لەوێ.. ئەو تەنها دوای داگیركردنی بەغدا و دەزگیركردنی خۆی لەلایەن كاربەدەستە مەغۆلەكانەوە، "الرسالة الشرقية"ی بە ڕاسپاردەی "نصيرالدين الطوسي"[1] سەرۆوەزیری ڕۆشنبیر و زانای مەغۆلان نووسیوە. لەم كارەیدا، ئورمەوی كەلتووری مۆزیكی گەلە ئێرانیەكان (بە كوردەكانیشەوە) و عەرەبەكانیش دەخاتە بەر باس و تاوتوێكردن.

لەسەر چاوەیەكی تردا، باسی زۆرتر لە بارەی مۆسیقای كوردەوە كراوە، لە "رسائل اخوان الصفا"دا كە یەكێكە لەو كتێبانەی ئەندێشەی تیرەی ئیسماعیلیە دەردەبڕن، بە باشی و جیا لەیەكتر، كەلەپووری مۆسیقای كوردی دەرخراوە، بە زمانی پلە و ئاهەنگ و هەوا و ئامێرەكان. جگە لەوە باسی مۆسیقای گەلانی تری وەكو فارس و عەرەب و هی تریش كراوە و لێكیش جیا كراونەتەوە.

گەلێ مۆسیقازانی تریش لەسەردەمانی ناوەندا ناویانگیان دەركردوە. لەوانە زەریاب كە گوایە ئەو ئاهەنگی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی هێناوە بۆ وڵاتی ئیسپانیا و لەوێ مۆسیقازانەكانی بە شێوەكانی خۆی ڕاهێناوە، هەردوو موسڵییان ئیبراهیم و ئیسحاق، دوو كۆنە جووی ئوموسوڵمان، موسیقاژەن و مۆسیقاناسیش بوون، ئەوان زۆر لە هونەرەكەیاندا شارەزابوون و

چەند کاری پلەیەکیان لەم بوارە و لە بواری ستێلەکانی مۆسیقای مێسوپۆتامیا و سەرزەمینی ئێراندا داناوە.

مۆسیقای ئەم سەردەمەی ئێستای کورد، هاوکانیاوی کەلەپووری مۆسیقای سەدەکانی ناوەندەکە ئەم هونەرمەندانەی گۆش کردوە و گەورەی کردوون تا گەیشتوونەتە ئەم ئاستانە لە زانستی مۆسیقادا. هەرچەندە تا ئێستا کەم لە بارەی کورد و هونەری مۆسیقای کوردەوە نووسراوە، هەروەها ئەوەش کە کوردەکان لە سەردەمانی زووەوە لەو بارەیەوە نووسیویانە هەر کەم و لاوازە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مۆسیقای کوردی توانیویەتی پێش بکەوێ و دەوڵەمەندییەك بۆخۆی بپارێزێ، ئەم ڕەوشە جارووبار، تەنانەت بیستەری کوردیش دەورووژێنێ، کابرایەکی کوردی ئەمسەری سەرزەمینی کوردستان کە گوێی لە بەرهەمی یەکێکی ئەو سەری کوردستان، یان قولاییی دوور دەستەکانی ناو چیاکان دەبێ، تووشی جۆرێك سەرشێوان دەبێ.

هەروەها، لە کاتێکدا هیچ تۆمارێکمان بە دەستەوەنیە لە بارەی گرنگیی گۆرانییەوە لە ڕەوشی مۆسیقای سەدەکانی ناوەندی کوردستاندا، تەنها ئەو ڕاستییەی کە مووسڵیەکان (ئیبراهیم و ئیسحاق–وەرگێڕ) و زریابیش، هەم دەنگبێژبوون و هەم مۆسیقاژەن، لەوانەیە پەردە لەسەر پێوەندی نێوان هەردوو بابەتەکە هەڵماڵێ. سا هەر چۆنێك بێ، لە مۆسیقای تازە بابەتی کوردییدا وتن لە پاڵ ژەنیندا، بە ئەندازەی لەراندنەوەی ژێی تەموورە و لێدانی تەپڵ یان فووکردن بە نەیدا پێویست و بنەڕەتییە. بەم پێیە، گۆرانی وتن بێ مۆسیقا، هیچ نرخێکی نیە.

شیعری گۆرانییش، دەبێ ئامانجێکی هەبێ، چیرۆکێ بگێڕێتەوە، شتێکی تازە بابەت بڵێ، بەهەمان شێوەی کە ئاواز و هەواکان پێشەکی و ئەوجگیری و کۆتایی یان هەیە. هەر وەکو زۆر ئاواز لە تەورێکی تایبەتیدا، بە مۆسیقا دەڕازێنرێنەوە، وشەکانیش دەبێ ئامانجێکیان هەبێ و دارەڕایەکی چیرۆکبێژیش. بە کورتی، گۆرانییە میللییە کوردیەکان، بریتین لە چیرۆکی لە تەك مۆسیقادا وتراو، ئەوەی ڕاست بێ، تەنانەت ئەو کاتەی کە زمانیش نابزوێ، ئەو مۆسیقایەی کە لەسەر ئاوازی گۆرانیەکان لێدەدەرێ، دەبێ بە جۆرە گۆرانیەکی "بێدەنگ" بۆ هەر گوێگرێکی کورد، لە کاتێکدا مۆسیقا کە خۆی بە تەنها هەموو چیرۆکەکەی بە گوێدا دەدا و دەیبزوێنێ.

لە بەرامبەر ئەمەدا، دەتوانرێ گۆرانی بێ بەشداریكردنی مۆسیقا بوترێ، لەم حاڵەدا، گۆرانیبێژ هەندێ وشەی بێ مانا، بەڵام مۆسیقادار، دووپات دەكاتەوە، وەكو لۆ، لۆ، لۆ یان لێ، لێ، لێ، و بەوە مەزەیەكی مۆسیقا دەخاتە پاڵ گۆرانیەكەی، لە كوردستانی باشوور و رۆژهەلات ئەم مەزەیە بەو جۆرە دانانرێ. تەنها لە شێوەیەكی كوردستانی باشووردا، "تورە خوانی" واتە گۆرانی خەم-كە وەكو لە ناوەكەیەوە دیارە بۆ بۆنە خەماوی و ناخۆشەكان دەوترێن، وەكو برگە ناوترێن و دەبن بە نوزەی نەرمییەك لە دوای یەك و بە هەوا و ئاوازێكی خەماوی تایبەت و بە وتەی گەرمی ئەفسووس پڕێن دەبێژرێن، لێرەدا هەرا و ئاواز جێگای مۆسیقا دەگرنەوە.

بەیتی كوردی چوار بیرۆكەی لێك جیا بەكاردێنێ: ئازایەتی و رەشیدی، دڵداری، ئایینی، و سیاسی كە لەم دوادواییەدا چوە پاڵی ئەو سیانەكەی تر، لە بابەتی ئازایەتی و رەشیدییدا بەیتی كوردی بەشێوەیەكی دێرینەوار باسی ئازایەتی و نەبەردی پاڵەوانەكانی سەردەمانی كۆن و ناو داستانەكانی كردوە و بە پاڵەوان داینـاون (بڕوانە كەسایەتی نەتەوایەتی). پاش دابەشكردنی كوردستان لەم سەدەیەدا ئەم شێوە گۆرانیە بابەتی سیاسی و نیشتیمانیشی چۆتە سەر و بۆ وروژاندنی هەستی نیشتیمانی و نەتەوەیی گوێگران بەكارهێنراوە، شیعری شاعیرە كلاسیكیە كوردەكان كە لە رووی بابەتەوە نیشتیمانیانە بوون و مەگەر بەدەگمەن ئەگینا لە رابردوودا نەكراون بە گۆرانی، ئەوا ئێستا زیندوو دەكرێنەوە و دەكرێن بە گۆرانی و دەخرێنە ناو زنجیرەی ئەو گۆرانیانەوە كە بۆ پێداهەڵدانی نیشتیمان دەوترێن. لە یەكێتی سۆڤیەتی جاراندا، كوردەكان ئەو جۆرە بیروڕا نیشتیمانیەیان بۆ پروپاگەندەی سیاسی بەكاردەهێنا.

لەمانەدا، "گۆرانیەكانی كۆمسۆمۆڵ" و "گۆرانی ئایار" جێگەی تایبەتییان هەیە " Aristova 1958". ئەم بابەتە بازاڕیە تازە داهاتانە، نەگەیشتوونەتە گۆرانی بێژە میللییە رەسەنەكان و ئەوان كەلەپووری پشت بەپشتی، زار بەزار هاتووی گەلەكەیان پاراستوە لەم قۆژبن و لەو قوژبنی سەرزەمینی كوردستاندا.

لە سەردەمی پارثیەكاندا (٢٤٧ی پێش میلاد-٢٢٧ی پاش میلاد)، ژمارەیەكی زۆر شایەر و حیكایەتخوان لەناو كۆمەڵدا هەبوون و پێیان دەوترا (گۆسان)، لەناو ئەمانەدا داب و

دەستووری (میترەکان) یاخۆ ئەفسانەی دروستبوونی دنیا لە ئایینی میترایيدا، رۆڵێکی گرنگی دەبینی، بەڵام نەریتی بوونی گۆرانی بێژی گەڕۆك و شایەر و حیکاتخوان باوە لەناو کەلتووری هەموو گەلانی هیندۆئەورووپی و ئەو گەلانەشدا کە کەوتوونەتە بەر کاریگەریی قووڵی ئەو گەلانە، وەکو کەلتووری گەلە تورك زمانەکان ئەگەر بمانەوێ سەرەتای دەستپێکردنی ئەم هونەرە لە کوردستاندا دەستنیشان کەین، ئەوا دەبێ زۆر بە وریاییەوە بڵێین سەرەتای هاتنی ئارياییەکان بۆ کوردستان باشترین سەرەداوە بۆ ئەم مەبەستە.

گۆرانیبێژە گەڕۆکە کوردەکان، یان چەرگەر، بە ئازایی و دلێری ئەو دلدارانەیاندا هەڵدەدا کە لە مەیدانی نەبەرد بۆ خۆشەویستەکانیان، وەکو مەیدانی نەبەردی دژ بە دوژمنانی وڵاتەکەیان خۆیان بەخت دەکرد. ئەوان داستانەکان، یان (چەریگا)کانیان دەوت و لەگەڵیدا تەمبوور یان (کەمانچە)شیان لێدەدا. ژمارەی ئەو چەریگەیانەی چەرگەرێك دەتوانێ بیانبێژێ مایەی شانازیە بۆی، هەتا زۆرترین باشتر وەستایی و باڵادەستی ئەو دەردەخەن هەر بۆیەشە چەرگەرەکان، هەر داستانە، بە چەند شێوە دەڵێن، بۆ ئەمە داستانی مەم و زین باشترین بەڵگە و نموونەیە (بڕوانە ئەدەب). چیرۆکە هەرە باوەکانی تر بریتین لە بابەتی وەکو شیرین و فەرهاد و داستانی قەڵای دمدم.

ئەگەر پێویست کات، گۆرانیبێژەکە بەبێ یارمەتی مۆسیقا دەیڵێ بەڵام هەر لەناکاوێکدا هەڵوێستەیەکی بۆ دەکا و بە دەنگ چەند بەیتێك دەخوێنێتەوە، لەم بوارەدا، چیرۆکەکانی بەر ئاگردانی زستان، باشترین نموونەن (بڕوانە کەلتووری میللی و فۆلکلۆر و چیرۆکە میللییەکان).

زۆربەی (نەك هەموو) گۆرانیبێژە کوردەکان، گۆرانی بە دەم لێدانی ئامێرێکەوە دەڵێن، ئەمە شێوازی دێرینەواری وتنە، بەڵام خەریکە بەرەبەرە لە کزی دەدا و جێ بۆ شێوازی ئۆرکسترا چۆڵ دەکا، بە جۆرێك کە نزیك، یان بە تەواوی، لە شێوازی رۆژاوا دەدا. لە هەڵبژاردنی زمانی گۆرانی وتندا، گۆرانیبێژە نوێخوازەکان، بە دوو جۆری جیاوازدا دابەش دەبن: ئەوانەی کە لەبەر هۆکارە و هەستی نەتەوایەتی هەر بە کوردی ستران دەڵێن، و لە بەرامبەردا، ئەوانەی کە بە زمانی تر دەیڵێن، لە پەناشیدا، دەست لە گۆرانی کوردی هەڵناگرن، ئەم دوو بابەتییە، لە بواری وێنەکێشانیشدا هەیە، وەکو نموونەی دەستەی یەکەمی گۆرانی بێژەکان، تەمۆ عیزەدین، عارف و حەسەنی جەزراوی، ئارامی تیگران، شوان، ئینجا شوان

پەروەر لە هەموان ناسراوترن. زۆربەی، نەك هەموو، ئەم گۆرانیبێژ و گۆرانی هەڵبەستانە، لە رووی كۆمەڵایەتیشەوە چالاكن و لە گۆرانیەكانیاندا خەون و ئارەزووە نەتەوەییەكانی كوردان دەردەبڕن.

لەناو دەستەی دووەمدا، پەری زەنگنە، فەقێ تەیران، شەهرامی نازیری، حوسەینی ئەڵبورزی و برایانی كامكار، لە هەموان بەناوترن. لەناویاندا، بۆ نموونە، پەری زەنگنە گۆرانیبێژێكی هەڵكەوتووی ئۆپرایە و هەندێ سترانی میللی كوردیشی بۆ ئامێری تازە بابەت ڕاهێناوە، ئەو بەردەوام گوێگرەكانی زیاتر بەوە دەوروژێنێ كە كارەكانی بە گۆرانیەكی كوردی تەواو دەكا جا لەسەر هەوایەكی كوردی بێ یان بە غەزەلێكی فارسی، هونەرە لە رادەبەدەرەكەی فەقێ تەیرا و بەكارهێنانی زۆربەی ئاوازە باو و سەرزاریەكانی گۆرانی كوردی، بە لایلایەكانیشەوە، كە شێوەیەكی شانۆكارانەشی دەخاتە پاڵ، هەست و هۆشی هەموو گوێگر و بینەرەكانی زەوت دەكا، چ توركبن، چ كورد چ رۆژاوایی.

ناوەرۆك و سروشتی هەر سترانێك بەو ناوە دەزانرێ كە مۆسیقاژەنبێژەرەكەی پێش وتنی پێشكەشی دەكەن، بۆ نموونە سترانی (گۆرانی) (كە لە كوردە گۆرانەكانەوە داهاتووە)، زۆرتر لە شێوەی چوار تاكدا دەوترێ و بۆ مەبەستی درێژی خۆشەویستی و ئەویندارى بەكاردێ و لە رووی ئاوازەوە زۆر لە گۆرانی رۆژاواییەوە دوور نیە، كەڵۆڕی (كە لە هۆزی كۆچەری مێژینەی كەڵۆڕی كوردیەوە هاتووە)، بە شێوە و هەوایەك دەوترێ كە بیرۆكەكانی، هی كۆچەرایەتی و راوچیەتی و خەڵكی پڕ كار و رەنجدەرە و لە دەورووبەری بابەتەكانی ژیانی ئەوان دوور ناكەوێتەوە، هەرچی بەیتە، یەك تاكەن و بەشێوەی دوو تێكەڵكێشی قافیەدار و بۆ دەربڕینی هەستی دڵداری و خۆشەویستی دەوترێ، شێوەی بەیت زۆرجار لە كاری باشترین شاعیرە كلاسیكیەكانەوە وەردەگیرێ. دیلۆك كلاّفەی دێڕی یەكجار كورتە بۆ گۆرانی شایی دەوترێن، لە كاتێكدا حەیران شێوەیەكە لە گۆرانی بۆ لاواندنەوەی مەرگی خۆشەویستێك یان لەدەستچوونی دڵدارێك دەچڕی.

قەتار جۆرە گۆرانیەكی تایبەتیە و هەوایەكی چەسپاوی هەیە و هەموو چینەكانی نەگۆڕن (Schneider۱۹۹۱ )، بەریتی لە شێوەی كۆرسدا دەوترێ و هەواكەی دەشێ بۆ هەڵپەركێ و بۆ سرودی نیشتیمانی و پروپاگەندەی سیاسییش بە كاربێ، سۆزی و دەروێشەكان بۆ سۆز و نزا

گەرمەکانیان لایە بەکاردێنن، هەرچی لاوکە، ئەوە بۆ باسی ئازایەتی و چیرۆکی نەبەردی و مەردایەتی تەرخانکراوە.

ئەو ئامێرانەی لە زووەوە بەکارهاتوون و هەر بەکاردێن، بە گوێرەی شار و دێهات دەگۆڕێن. ئێستاش تا ڕادەیەك هەر باون و ماون، ئەو ئامێرانەی لە دەرەوەی شارەکان و لە ناوەندە میللییەکاندا بەکاردێن، بریتی بوون لە زوڕنا و دووزەلە (یان جوزەلە) و تەموورە و پیك و دەهۆڵ و دومبەڵەك، لە هەندێ شوێنی تایبەتی شمشاڵیش بەکاردێ.

ساز، ناوێکە بۆ کۆمەڵێك ئامێری ژێداری لێك جیا، بەڵام باو، کە لەم سەری ڕووی زەمینەوە بۆ ئەوسەری بەکاردێن، بۆیە تا شوێنی بەکارهێنانی نەزانرێ ناتوانرێ ڕێ و شوێن و مەبەستی بەکارهێنانی بوترێ. بۆ دەرخستنی ئاڵۆزیی ئەم بابەتە، ساز، لە مەڵبەندە شارییەکانی کوردستان، بە ئامێرێك دەوترێ کە لە (سیتار)ی ئێرانی دەچێ و پێی دەڵێن (تار). تار ناوێکی گشتییە بۆ کۆمەڵێك ئامێری مۆسیقا. ئەگەر هەموو ئەم ناوانە وەلا بنێین، سیرەی زوڕنا، لەگەڵ دەهۆڵ یان دومبەڵەك، خۆشترین دەنگە کە لە کوردستانەوە پیاو چاوەڕوان بێ بیبیستێ.

دەنگبێژە گەڕۆکەکان، تەنها شەمووره یان کەمانچە (ئامێرێك کە لە ڤیۆلین دەچێ و وەکو سیلۆ دەژەنرێ) بەکاردێنن، گەلێ ئامێری تریش، چ ناوخۆیی چ هی دەرەوە، لە کاری مۆسیقای کوردیدا بەکاردێن.

مۆسیقای کوردی، هەر وەکو مۆسیقای هیندی لەسەر ریتمی هەشتانە دەڕوا، لە ڕووی دەسکاری بەزمەوە لە مۆسیقای گەلانی فارسی و زۆربەی گەلانی ئاسیای ناوەند و ئەفغانەکان دەچێ، ئەو وشەیەی بۆ بەزم بەکاردێ پێی دەوترێ دەسگا (دەستگای فارسی) یان مەقامە (مەقامی عەرەبی). بەزمی هەرە باو و دێرینەی کوردی بەیاشی کوردە، واتە پەیژەی کوردی، ئەم پەیژەیە بە ئەندازەیەکی فراوان و بەهەمان ناو لەلایەن گەلە دراوسێکانی کوردیشەوە بەکاردێ، هەندێك دەڵێن ئەمە تاقە ئاوازە کە مۆسیقای کورد بەکاری دێنێ (یان دەبێ بەکاری بێنێ). ئەگەر مرۆڤ ئەوە بسەلمێنێ کەوا مۆسیقای دێرینەواری کورد تەنها یەك ئاوازی بەکارهێناوە، دەبێ ئەوەش بسەلمێنێ کەوا ئەم مۆسیقایە زۆر ڕەسەن و ڕیشەدارە، ئەگینا لەگەڵ ئەو سادەیییە گەوهەر پاکەیدا، تا ئەمڕۆ نەیدەتوانێ بێ خەوش خۆی ڕاگرێ، بەڵام ئەم مۆسیقایە یەك نەوا نییە، تەنانەت هەر لایلایەیەك کە دایکێکی کورد بۆ منداڵەکەی دەیکا، بۆ نموونە، جۆرێکە لە بەزمی

هومایون و هەر ئەمە خۆی ڕەتكەرەوەیەكە بۆ ئەو كەسەی دەڵێ مۆسیقای كوردی یەكنەوایە، نەوای بەیاتی كورد، بەهەرحاڵ، بابەتێكە وەكو (فلامینگۆ)ی ئیسپانیەكان، یان (دوریان)ی گریكە كۆنەكان. كەسیش ناتوانێ بڵێ كامیان كاری كردۆتە سەر ئەوی تر، ئەگەر مەسەلەی كارتێكردن لە ئارادابێ، لە چوارچێوەی نەوا، یان نەولكاندا، ژمارەیەكی زۆری مێلۆدی كوردی لەلایەن مۆسیقاژەنە كوردەكانەوە، ئەنجام دراون و بە گوێرەی چەش و ئارەزووی گوێگرەكانیان لە مەیدانی بەزمەكەدا وەستاكاری شارەزایانەیان نواندووە، لەگەڵ ئەوەشدا، هەرگیز لە چوارچێوەی یاسابەندی بەزم و مێلۆدیەكان دەرنەچوون، ئەمە باوەجودی ئەوەی كە هەندێ كەس دەڵێن مۆسیقاژەنی كورد سەرپێیەتی و دەستنێوەردان بە كارێكی ڕەوا دادەنێن. خەڵكی سادە، لەوانەیە نەزانن ئامێری مۆسیقا بەكاربێنن و بەزمی پێ دەركەن، بەڵام زۆر باش دەزانن و دەنگ بڵند دەكەن گەر یەكێكی نەشارەزا لەبەر چاویان چوارچێوە و سنوورەكان ببەزێنێ و ئاوازەكە بەهەڵە دەركا و بكەوێتە گاگۆزهارین.

ئەوەی مایەی سەرسووڕمانە ئەوەیە، مێژووی مۆسیقای كوردی سەدە ناوەندەكان، باشتر لە هەر كاتێكی پێش ئەو سەدانە، بگرە دواشیان، بەڵگەبەندی سفت كراوە، بۆ نموونە، "رسالات اخوان الصفا" كە كتێبی ئایینیی ئیسماعیلیەكانە، لە چوارچێوەی باسی مۆسیقای گەلانی ناوچەكەدا، واتە عەرەب و فارس و تورك، بەتانی مۆسیقای كوردیشدا دەڕوا (Wright١٩٧٨) ئەو زانیاریەی ئەم كتێبەدەیدا، یەكجار بەنرخە لە بواری كاری شۆژینەوەی مێژووی نەشونمای مۆسیقای كورد و ئەو گەنجینە پڕەی كە لەسەری دامەزراوە و لێیەوە پەرەی سەندوە.

ئەمڕۆكە، مۆسیقای كوردی، چ لە ستایلێ چ لە مووددا، گیرۆدەی جیاوازیەكی فراوانە، ئەمە هەرگیز جێی سەرسووڕمان نیە گەر بەربڵاوی و لێكدابرانی وڵاتەكەی و گرانیی باری ڕێگاوبان و پەیوەندی و سەختیی سەرزەمینی كوردان ڕەچاو بكەین. مۆسیقای كوردستانی باكوور و ڕۆژئاوا خاوەنی تام و چەژێكی ئەنەدۆڵیە و بە ئاسانی هەوایەكی مۆسیقای تورك و یۆنان و بالقان دەدا بە گوێرەی گوێگردا، هەرچی مۆسیقای باكووری ڕۆژهەڵاتە، وشەكانی لێدەرچێ، پیاو بەگرانی دەتوانێ دوور لە مۆسیقای دێرینەواری ئەرمەنی و گەلە قەفقاسیەكان باسی لێ بكا.

مۆسیقای ئەو بەشانەی کوردستان کە هاوسێی پێدەشتە عەرەب نشینەکانن، بە تایبەتی سوریا و عێراق، بە ئاشکرا لە سروشتی مۆسیقای دێرینەواری عەرەب شێی سەندوە، لە کوردستانی باشوور ڕۆژهەلات، گەردی ستێلی بانەزەمینی ئێران، ئەوەندە بە هێزە، کە مۆسیقای کوردی ئەم ناوچەیەی بە تەواوەتی لە هی پارچەکانی تر جیاواز کردوە، کەس لەمە سەری سووڕنەمێنێ، چونکە ناوچەکە ئەوە چەند سەدەی ڕەبەقە، واتە هەر نەبێ لە سەدەی (١٦)ەوە بەشێکە لە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی فارس و ئێران، ئەم ستێلە لە هەموو ستێلەکانی تری مۆسیقای کوردی خەماوی تر و کزە دارترە باسکردنی هەستی تاکێکی کورد لە کاتی گوێ شلکردن بۆ مۆسیقای نەتەوەیی خۆی کارێکی ئاسان نیە ئەو دەبێ ئەوە قووتدا کە "هەموو ئەوەی گوێی لێیە مۆسیقای کوردی" یە، هەرچەندە جیاوازی نێوان شێوەکانی هاوار دەکەن و ڕەنگی چەندین شوێن و بابەتی تریان پێوە دیارە و بە چەندین قۆناغی جۆراوجۆردا گوزەریان کردوە، بەم جۆرە ئەو بە گومانەوە لە بارەی پێناسەی مۆسیقاکەیەوە دێتە دەر، بەلام ئەمە هەرگیز جێی ئاڵۆزبوون و لچ هەڵقورتان نیە، هەر میللەتێکی تر کە گیرۆدەی ئەو بارودۆخە گرانەبێ کە کورد تێی کەوتوە، وڵاتێکی بە سەر سەرزەمینێکی فراواندا پانەوە بوو، دەر و دراوسێیەکی زۆر و جۆراوجۆر، کەلتووری جیاواز، ستێلی مۆسیقای جیاواز، ئیتر مۆسیقاکەی چۆن لە کارتێکردن و مۆرك سەپاندنی ئەم هەموەدا دەرباز دەبێ؟؟ گەر بهاتایە و کوردستان ئەوها لەتلەت نەبوایە و خاوەنی دەوڵەتی خۆی و میدیای ئەلەکترونیی خۆی و قوتابخانە و وانەگای مۆسیقای خۆی بوایە لەم (٧٥) ساڵەدا کە ڕابورد، دەیتوانی ئەم جیاوازیە ڕیشەکێش و مۆسیقاکەی یەك ڕەنگ بکا و دەستی ئۆخەی بخاتە سەر دڵ.

ئێستا کە لە وڵاتانی تاراوگە و غەریبایەتی، کوردانی پارچە جیاجیاکانی کوردستان سەریان ناوەتە سەری یەکەوە و لە کاتێکدا شەپۆلی ڕادیۆ و پەخشی تەلەفزیۆن سنوورە قەدەغەکانی نێوان دەوڵەتەکان دەبڕن، وا مۆسیقای کوردیش، هەرچەند گەلێ درەنگ، خەریکە هەنگاو بەرەو یەکڕەنگی و ستاندەرییزەیی دەنێ و هەر پێشی دەگا...

بۆسەرچاوە و زانیاری زیاتر بڕوانە:—

**Bibliography and Audio Records:** The music collection at the Kurdish Library in Brooklyn, New York, is of special value. Also, Ralph Solecki, *Kurdish Folk Songs and Dances* (New York: Ethnic Folkways Library, Album No. FE 4469, 1955); Christian Poche and Jochen Wenzel, *Musical Sources: Kurdish Music* (Berlin: UNESCO Collection, Modal Music and Improvisation VI-4, n.d., a Phillips music record); T.F. Aristova, "Poyezdka k Kurdam Zakavka'ya" ("A Visit to the Kurds of Transcaucasia") *Sovetskaya Etnografiya* VI (Moscow, 1958); Robin Schneider, ed., *Kurden im Exil: Ein Handbuch kurdischer Kultur, Politik und Wissenschaft* (Berlin: Berliner Institut für Vergleichende Sozialforschung, dem Haus der Kulturen der Welt und medico international, 1991), section 2; O. Wright, *The Modal System of Arab and Persian Music: AD 1250-1300* (Oxford: Oxford University Press, 1978).

**General Bibliography**

A very valuable reference book on the Kurdish artists in diaspora is Robin Schneider, ed., *Kurden im Exil: Ein Handbuch kurdischer Kultur, Politik und Wissenschaft* (Berlin: Berliner Institut für Vergleichende Sozialforschung, dem Haus der Kulturen der Welt und medico international, 1991), section 2; L.D. Levine and T.C. Young, Jr., eds., *Mountains and Lowlands: Essays in the Archaeology of Greater Mesopotamia* (Malibu, California: Bibliotheca Mesopotamica, vol. 7, 1977); P.R.S. Moorey, ed., *Excavation in Iran, the British Contribution* (Oxford: Oxford University Press, 1972); R.D. Barnett, "Median Art," *Iranica Antiqua* II.1 (1962); *The Cambridge Ancient History*, 3rd ed. (New York: Cambridge University Press, 1964); R. Ghirshman, *Iran. Protoiranier, Meder, Achämeniden* (Munich: Universum der Kunst, 1964); T.F. Aristova, "Ocherki kul'tury i byta kurdskikh krest'yan Irana" ("A Sketch of the Culture and Way of Life of the Kurdish Peasants in Iran"), *Trudy Etnografii Miklukho-Maklaya* 39 (Moscow, 1958); *Kurdish Times*, semi-annual journal of the Kurdish Library, Brooklyn, New York, 1985-present.

Land and nature of Kurdistan in general:

1. **British Naval Intelligence Division's *Geographical Handbook*** series on Iran, Iraq, Turkey (2 vols.), and Syria (1940-43).

2. *Tiibinger Atlas des Voerderen Orients* (TAVO) (Wiesbaden, Ludwig Reichert Verlag, ongoing)

3. Also see Ali Tanoglu, Sirri Erine and Erol Tiimertekin, *Tiirkiye Atlasi* (Istanbul: Milli Egitim Basimevi, 1961); Sirri Erine, *Dogu Anadolu Cografyasi* ("Geography of Eastern Anatolia") (Istanbul: Istanbul University Press, 1953)

***Map of Eastern Turkey in Asia, Syria, and Western Persia (Ethnographical)*** (London: Royal Geographic Society, 1906, updated in 1914), with fufl-color sheet map at 1:2,000,000 scale;

Captain Bertram Dickinson. "Journeys in Kurdistan," *Geographical journal* 35 (1910), with map of Kurdistan at 1:2,000,000 scale;

Captain F.R. Maunsefl "Kurdistan," ***Geographical Journal*** **3-2** (1894), with map at 1:3,000,000 scale; Captain F.R. Maunsell "Central Kurdistan," *Geographical Journal* 18-2 (1894), with map at 1: 1,000,000 scale;

Lieut. Col. J. Shiel, "Notes on a journey from Tabriz, through Kurdistan via VAn, Bitlis, Se'ert and Erbfl, to Suldmaniyeh, in July and August 1836," ***Journal of the Royal Geographical Societv*** 8 (1838), with map at 1:4,060,000 scale; T.F. Aristova and G.P. Vasfl'yeva, "Kurds of the Turkmen SSR," *Central Asian Review* 13-4 (1965).

# سوپاسێكی تایبەتی...

لە كاتێكدا ئەم كتێبە وا تەواو دەبێ و دەچێتە بەر دەستی خوێنەران بە پێویستی دەزانم سوپاسێكی تایبەتی ئاراستەی برای بەرێز كاك ئیبراهیم چەلكی بكەم، كە كتێبەكەی بەدیاری لە ئەمەریكاوە بۆ هێنابووم و هەر ئەوەش خولیای وەرگێڕانی خستە دڵمەوە، هیوادارم مرازی بە كوردستانی یەكگرتوو و سەربەخۆ حاسڵ و دڵی بە گەلی كوردی سەرفرازو بەختیار پاراوبێ.

# چەند وشەیەك لە بارەی دانەری ئەم کتێبە...

میهردادی ئیزەدی وانەبێژە لە بەشی زمان و شارستانییەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك لە زانکۆی هارڤارد. پلەی زانکۆی لە مێژوو و زانستی سیاسی و جوگرافیادا وەرگرتووە، پاشان چەند پلەی ماستەری لە کاروباری نێودەوڵەتی و جوگرافیا و لێکۆڵینەوە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەدەست هێناوە. پلەی دوکتۆراکەی لەسەر لێکۆڵینەوە لە بارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی کۆلۆمبیاو وەرگرتووە. ئەو لە چەندین بۆنەدا لە بارەی کوردەوە دەرسبێژی کردووە و لەبەردەم دوو لیژنەی کۆنگرێسی ئەمەریکادا لە بارەی هەمان بابەتەوە شایەدیی داوە. بابەتێکی زۆری لە گۆڤاری "کوردیش تایمز" و "میدل ئیست جورنال"دا بڵاوکردۆتەوە. جگە لەمانە ئەو لە "ئینسایکلۆپیدیای مێژووی ئاسیا"دا بەشداری کردووە و چەند نەخشەی لەسەر وڵات و نیشتەجێی کوردان بڵاوکردۆتەوە.

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی ٢٠٠٧

| ناوی کتێب | نووسینی | وەرگێرانی |
|---|---|---|
| ٣٧٥-سروشت لە شیعری گۆراندا | د.فازیل مەجید مەحمود | |
| ٣٧٦-دەسەڵاتی چوارەم و زمانی تەلەفزیۆن | محەمەد فەریق حەسەن | |
| ٣٧٧-ئەو لە نیگاهێکدا | شری شیڤاگورو<br>یۆگی هاوبیر | |
| ٣٧٨-ئێوارەی شار | فەرۆخ نێعمەتپور | |
| ٣٧٩-مێژووی شارستانێتی | ویڵ دیورانت | ئازاد بەرزنجی<br>نەبەز کەمال نوری<br>دانا ئەحمەد مستەفا |
| ٣٨٠-ئاناتۆمیی توندوتیژی | مەسعود سەفیری | بەیان عەزیزی |
| ٣٨١-تیۆدۆر ئادۆرنۆ | سەلاح حەسەن پاڵەوان | |
| ٣٨٢- بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان | عەبدوڵڵا سەراج | |
| ٣٨٣-چەپکێک شیعرەکانی ژاک پریڤێر | ژاک پریڤێر | فەرهاد پیرباڵ |
| ٣٨٤-شانۆیی ئیسپانیی | ئالفۆنسۆ ساستری | عەلی کەریم |
| ٣٨٥-شاری ئاشتی و خاڵخاڵۆکەو شای مشکان | سیمین چایچی | |
| ٣٨٦-فیکری سیاسی خۆرئاوا | د.موسا ئیبراهیم | شوان ئەحمەد |
| ٣٨٧-تینسی ولیامز | شاکر الحاج | کامەران سوبحان<br>عەبدوڵڵا زەنگەنە |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٨٨-شانۆنامەی کەڵەگاکان | ئەنوەر قادر رەشید | |
| ٣٨٩-پلورالیزمی ئایینی | | د.هادی محەمەد |
| ٣٩٠-چۆن دەبیت بەسەرکردە؟ | فیلد مارشاڵ مۆنتگمری | ئەحمەد سەلام |
| ٣٩١-دەروازەی چۆنێتی بەکارهێنانی spssلە توێژینەوەی زانستیدا | ئا: هادی ئەمین محەمەد | |
| ٣٩٢- دەنکە برنج لەئاسمانەوە نابارێ | کۆنراد هێرمان | فوئاد رەسوڵ گوروون |
| ٣٩٣-بریدا | پاولۆ کۆیلۆ | یاسین عومەر |
| ٣٩٤-میسری فیرعەونەکان | بریندا سمیث | یادگار حەمە غەریب |